# واتە

## 21

کۆوارێکی ڕۆشنبیریی گشتییە

نیسان ٢٠١٢

کۆواری واتە
بەهاوبەشی لە نێوان
دەزگای شەفەق لە کەرکووک و
دەزگای ئاراس لە هەولێر
دەردەچێ

هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 00964 (0) 66 224 49 35

# واتە بۆ ئەوانەیە کە
# دەیانەوێ واتەیەک بدەن بەژیان

خاوەنی ئیمتیاز: بەدران ئەحمەد حەبیب
راوێژکار: ئەحمەد تاقانە
سەرنووسیار: یوسف لەتیف
نەخشاندن: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد، ئاریان ئەحمەد

# موبارەک و سەردەمەکەی..
# لە سەکۆوە بۆ گۆڕەپان

محەمەد حەسەنێن هەیکەل

١ لە ٢

---

تێبینی:

بە درێژایی ئەم لاپەڕانە خۆم نەبەستووەتەوە بەو وشانەی وەسفی سەرۆک "حوسنی موبارەک"یان پێ دەکرێ، وەک ئەوەی پاش ئەوەی لە دەسەڵات لادراوە، لە قسە و نووسینەکاندا وەسفی ئەوی پێ دەکرێ، بگرە مادام هێشتا ئەو پیاوە دادگەیی نەکراوە و حوکم نەدراوە، هەر ئاماژەگەلی ئاسایی بۆ بەکار دێنم.

ئەگەرچی "موبارەک" بەڕاکشاوی لەسەر نوێنێکی پزیشکی گەیشتە ناو قەفەسێکی ئاسنینی ناو هۆڵی دادگە، بەڵام ئەو تۆمەتانەی ئاراستەی کراون ئەو تۆمەتانە نەبوون کە پێویست بوو ئاراستەی بکرێن، بگرە رەنگە ئەوە دواین تۆمەت بێ کە بکرێ ئاراستەی سەرۆکی دەوڵەتێک بکرێ کە گەلەکەی لەدژی راپەڕیون و دەسەڵاتەکەیان رووخاندووە و لایان داوە.

لۆجیک لە دادگەییکردنی هەر سەرۆک دەوڵەتێکدا ئەوەیە لەسەر ئەو رەفتارانە دادگەیی بکرێ کە تێیدا سستی لە پابەندبوون بە ئەرکی نیشتمانی و سیاسی و ئەخلاقیی خۆی نواندبێ و خراپەی بەرامبەر گەلەکەی کردبێ، ئەو تۆمەتانە بوونە مایەی تەقینەوەی شۆڕش بە گژیدا.

***

.................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفوور

واتە پێویستە دادگەییکردنی سەرۆکی دەوڵەت هەر سەرۆک و هەر دەوڵەتێک سیاسی بێ و بەرپرسیاریەتیی ئەو لە شکاندنی بەڵێن و پەیمان و شەرعیەتەکەی لەسەری ساغ بکاتەوە یاخۆ بەپاش بداتەوە کە وای کردووە شۆڕشی بە روودا بکرێ، جگە لەمە، کورتکردنەوەی تۆمەتەکان لە بەربەرەکانیکردنی خۆپێشاندەرەکاندا، هەڵگەڕاندنەوەی دۆخەکان و پەلەکردنە لە گەیشتن بە پاشەکی بەر لە پێشەکی و بە ئەنجامەکان بەر لە هۆکان، چونکە ئەگەر نەسەلمێ "موبارەک" لە پەیمان و بەڵێن و شەرعییەت دەرچووە، ئەوکاتە رووبەڕووبوونەوەی بۆ خۆپێشاندانەکان دەکاتە بەکارهێنانی دەسەڵاتی خۆی لە بەکارهێنانی ئامرازە پێویستەکان بۆ پاراستنی ئاسایشی گشتیی خەڵک و سیستمی گشتیی دەوڵەت، خۆ ئەگەر لەو میانەیەدا زێدەڕۆییەکیشی کردبێ لە دەرکردنی فەرمان یاخۆ جێبەجێکردنیدا بەمەبەستی خێرا یەکلاکردنەوەی دۆخەکە ئەوە پێویستیی گەورەتر شەفاعەتی لەوەدا بۆ دەکا، یاخۆ لە خراپترین دۆخدا دەکرێ رەوایی ئامانجەکانی ببێتە تکاکاری لە زێدەڕۆییکردنی لە بەرکارهێنانی هێزدا.

هەروەها پاش دادگەییکردنی سیاسی نەک پێش لەو بوار بۆ دادگەییکردنی تاوانکاری (جینائی) و لەگەڵیشیدا کەلەپچە و قەفەس، واز دەبێ!

***

دادگەییکردنی سیاسی بناغەیەکی پێویستە بۆ دادگەییکردنی جینائیی سەرۆکی دەوڵەت، چونکە رەوایی یاسایی بەو هۆکارانە دەدا کە بوونەتە مایەی روودانی شۆڕشەکە لەدژی، لەو کاتەدا فەرمانکردنی بە تەقەکردن لە خۆپێشاندەرانیش لە رووی یاساییەوە نیشانەی ئەوە دەبێ کە سوورە لەسەر درێژەدانی بە دەستدرێژیکردنە سەر مافی گشتی و شکاندنی ملهوڕانەی بۆ بەڵێنە دەستوورییەکەی لەگەڵ نەتەوە!

لەم روانگەوە من لە ئاماژەکردن بۆ "موبارەک" وەسفەکانی وەک "لێخراو" و "دەرکراو"، یاخۆ تەنانەت "پێشوو"م بەکار نەهێناوە، بگرە بەدرێژایی ئەم لاپەڕانە تەنیا ئاماژە ئاساییەکانم بەکار هێناوە.

بەهەر حاڵ هەرکەس بۆی هەیە ئەگەر بیەوێ لەبری ئەو ئاماژانەی بەگوێرەی ئەو لۆجیکەی باسم کرد بەکارم هێناون، وشەکانی "لێخراو" و "دەرکراو" یاخۆ "پێشوو" دابنێ.

## پێشەکی

بیرۆکەی نووسینی ئەم چەند لاپەڕەیە لەوەوە هات بیکەمە پێشەکی بۆ کتێبێک لە دووتوێیدا باس لە کۆی پێوەندیم بەسەرۆک "حوسنی موبارەک" بکەم، کە پێوەندیەکی سنووردار و ساردوسڕ و زۆرجاریش توند و گرژ بوو، رەنگە درێژترینیان دیدارێکی نێوانمان بێ کە شەش سەعاتی تەواوی خایاند، کە لە سەعات ٨ی بەیانی تا ٢ی پاش نیوەڕی رۆژی ٥ دێسەمبەری ١٩٨١ واتە دوای دوو

مانگ له سەرەتای سەرۆکایەتییەکەی درێژەی کێشا، ئەوانی تر دیداری سەرپێی بوون، هەروەها هەندێ قسەکردن بوون کە زۆربەیان بە تەلەفۆن بوون و هەر هەموویشیان بەدەستپێشخەریی دۆستانەی ئەو بوون. بەڵام لە راستیدا گفتوگۆی نێوانمان نەپچڕا، نەشدەکرا بپچڕێ لەبارێکدا ئەو پیاوە دەستی بەسەر میسردا گرتبوو و منیش لای خۆمەوە بایەخم دەدا بەوەی رووی دەدا، هەر بۆیە لەبارەی سیاسەت و رەفتارەکانیەوە نووسیم و قسەم کرد، ئەویش لای خۆیەوە بە راستەوخۆ یاخۆ بە ئاماژە، بە زمانی خۆی یاخۆ بە زمانی کەسانێک کە ئەو دەستنیشانی دەکردن لەبری ئەو قسە بکەن، وەڵامی دەدایەوە، یان ئەمانەی دوایی لەخۆیانەوە بەبێ راسپاردن وەڵامیان دەدایەوە.

لەو ئەزموونە مادەیەکی زۆری نووسراو و چاپکراو یاخۆ بینراو و بیستراو کەڵەکە بوون و بیرم لەوە کردەوە، بیانکەمە تۆمارێکی تێروتەسەلی دیالۆگەکانی نیشتمانێک و هەروەها پێوەندیی رۆژنامەنووسێک لەگەڵ حوکمڕان و دەسەڵاتی نیشتمانەکەی لە ساتێکی دیاریکراودا.

بەڵام لە خۆمم پرسی ئاخۆ ئامانج لەو تۆمارە چییە و کۆکردنەوەی چ کەڵکێکی هەیە؟

سەرەتا بە بیرمدا هات هەر تۆمارکردنی رووداوەکان بۆ خۆی ئامرازێکە بۆ تێگەیشتن لە قۆناغێکی مێژووی میسر، کە هێشتا لەناوماندا دەژی و ئێمەیش لەناویدا دەژین!

بە بیرمدا هات زۆر لە پرسەکان هێشتا گفتوگۆ لەبارەیانەوە گەرمە، بەو پێیەش تۆمارکردن دەبێتە دەستبارێک بۆ پێکگەیاندن و بەردەوامبوون.

ئەنجا بە بیرمدا هات هەندێ لەو ئادگار و ئاماژانەی لە جێبەند (سیاق)ی ئەو دیالۆگەدا هاتوون، رەنگە بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە لوغزی پیاوێک بۆ ماوەی سی ساڵ حوکمی میسری کرد و لە لوتکە نەبزووت، دنیا گۆڕا، بەڵام ئەو وەک خۆی، بسکەی سمێڵی دەهات، پێویست بێ.

هەر بۆیە پشکنین و لێکۆڵینەوەی پێویستە !

***

خەیاڵم بە هەموو لاکاندا پەلی هاویشت، ئەنجا بۆم دەرکەوت ئاراستەکان لق و پۆپیان لێ دەبێتەوە و درێژ دەبنەوە، بەڵام رێگەکان ناگەنە ئامانجێک کە بکرێ ببێتە خاڵێک وەڵام بێ بۆ پرسیارەکە.

گەڕامەوە بۆ کاغەز و دۆسیەکانم، بۆ یاداشت و بیرەوەرییەکانم، ئەگەرچی شتی زۆرم بینییەوە و زۆر دیمەن بە کەشوهەوا و وردەکارییەکانیانەوە بۆم گەڕانەوە، لە ناوەندی ئەو هۆسەیەدا پرسیارێکی تر بەخەیاڵمدا هات کە ناتوانم خۆی لێ ببوێرم، پوختەکەی ئەوەیە:

ئاخۆ بە راستی و دڵنیایی چ لەبارەی ئەو پیاوەوە دەزانم کە بەکەمی پێی گەیشتووم و بە زۆری لەگەڵ خۆی و رێژیمەکەی رووبەڕوو بووم.

لەوەیش گرینگتر:

خەڵکی تر بە راستی و دڵنیایی چی لەبارەی ئەم پیاوەوە دەزانن، کە من و ئەوانیش لە پێگە و گۆشەی بێشومارەوە وێنەگەلێکی ئەومان دیوە، بەڵام هەر هەموویان بەس نەبوون بۆ ئەوەی بڕوا بەو پیاوە بکەین، یاخۆ تەنانەت هەستێکمان لەبارەیەوە لا گەڵاڵە ببێ کە بەهۆیەوە متمانەی پێ بکەین و بیناسینەوە، یاخۆ متمانە بە بڕیاری بکەین.

بگرە رەنگە زۆریی بێسنووری وێنەکان سەرسوڕمانیی خەڵکی زیاتر کردبێ، یاخۆ لانی کەم شەکەتی کردوون و توانای زۆربەیانی لە هەڵبژاردنی نێزیکترینیان لە راستییەوە بۆ گوزارە لەو پیاوە و هەڵسەنگاندنی کەسایەتیی ئەو و ئەرخەیانبوون لە کردەوەی، لاواز کردووە.

ئەگەر وێنەی یەکەمی ئەو پیاوە وەربگرین وەک لە یەکەم دەرکەوتنیدا بڵاو بوویەوە، ئەوە لە "مانگای پێکەنیو" La vache qui rit دەچێ، ئەی کەوابێ مانگایەکی پێکەنیو دەتوانێ ٣٠ ساڵ حوکمڕانیی میسر بکا؟!

ئەگەر وێنە زۆر بەشکۆکەیش وەربگرین، کە پاش شەڕی ئۆکتۆبەر وەک سەرکردەی ئەوەی ناونرا "زەبری ئاسمانی" پێشکێشی گۆڕەپانی میسری عەرەبی کرا، ئەی چۆن ئەو "ئەفسانە"یە چۆکی دادا و بوو بەو وێنەیەی لە دواینی دیمەنی گۆڕەپانەکەدا دیمان، کە لەسەر قەرەوێڵەیەکی پزیشکی لەپشت دیواری قەفەسێکەوە لە دادگەی تاوانەکانی میسر، بە لاوازی و کەنەفتی، تەخت راکشابوو، کە پێڵووی چاوەکانی بە کزی داخستبوو و جاروبار چاوێکی هەڵدەهێنا و دزە نیگایەکی دەگرتە دەوروبەری تا بزانێ چی روو دەدا، لەبیری چووبوو کە لاوازییش جۆرێکی تایبەت بەخۆی لە شکۆمەندی هەیە، چونکە لە هەموو بارەکاندا مرۆڤایەتیی مرۆڤ موڵکی خۆیەتی و رێزگرتنی لەو مرۆڤایەتییە مافێکە هیچ دەسەڵاتێک ناتوانێ لێی دابڕنێ، مەگەر بە سەرشۆڕکردن دەستبەرداری ببێ، لاوازیش (وەهن) جیایە لە سەرشۆڕی (هوان)!.

ئەگەر وێنەی پیاوەکەیش لەوەوە وەربگرین کە خۆی هەوڵی دەدا وەسفی سەردەمەکەی بکا، بەوەی گوایە سەردەمی مەزنترین دەسکەوتە لە مێژووی میسردا پاش "محەمەد عەلی"، ئەی چۆن بتوانین تەفسیری ئەو بارودۆخە بکەین کە میسری تێدا بەجێ هێشت، کە زێدەڕۆیی و کورتڕۆییکردنە بەرامبەر سەرچاوە و پیاوەکان و رامالینی تەواوی فیکر و رۆشنبیرییە، تەنانەت کاتێ گەڕایەوە و ویستی رای بگەیەنێ بە تەما نییە کوڕەگەی بکاتە میراتگری تەخت دوای خۆی، لە وەڵامی پرسیاری میرێکی سعوودیدا کە لە مێژە پێوەندییان هەبوو، بە تیژی وەڵامی دایەوە "کابرا گوناهت دەگا! چی بە میرات بۆ کوڕەکەم بەجێ بێڵم؟ وێرانەی بۆ بەجێ بێڵم؟!".

گوێگرەکەیشی لێی نەپرسی ئاخۆ کەی و چۆن وەک ئەو باسی کرد میسر بوو بە "وێرانە"!

ئاخۆ ئەو بەو وێرانەییە دەسەڵاتی تێدا وەرگرت، ئەگەر وایە، ئەی لە ماوەی سی ساڵی حوکمڕانیی خۆیدا چی بۆ ئاوەدانکردنەوەی کرد، کە ئەو ماوەیە دوو هێندە زیاترە لەو ماوەیەی لە

وڵاتانی وەک چین و هندستان و مەلایۆ خایاندی بۆ ئەوەی هەستنە سەر پێ و پێش بکەون!

دوای ئەوەیش ئەگەر دەستکەوتەکانی هێندە زۆرن کەسی تر لە سەردەمی "محەمەد عەلی"ەوە پێی نەگەیشتبێ، کەوابێ ئەو دەسکەوتانە بۆ کوێ چوون و چۆن وڵات لە سایەی حوکمڕانیی ئەودا گۆڕا بۆ "وێرانە"؟! ئەنجا ئەو هەموو کۆششە لەپێناو بەمیراتکردنی "وێرانە"یەک بۆ کوڕەکەی بۆ؟، نەخاسمە کە منجرێکردن لەسەر ئەوە شەتڵێکی ئەڵغام بوو کە لە ناوەڕاستیدا سیستمی "باوک" شەقار شەقار بوو و تا ئێستەیش، پاش ساڵێک لە قڵیشبوون و داڕووخانی، هەر داڕووخێ!

چۆن و چۆن و چۆن؟!

لێرەدا پرسیارەکە چی تر لەبارەی وێنەکانەوە نابێ، بەڵکو دەگوێزێتەوە بۆ گەڕان بە دووی پیاوەکە خۆیدا!

***

بەدرێژایی ئەم لاپەڕانە پێش لە سەیرکردنی ئەلبوومی وێنەکانی، هەوڵم داوە بەدوای پیاوەکە خۆیدا دەگەڕام، گەڕامەوە سەر دۆسیە و پەڕە کاغەزەکانم و یاداشت و بیرەوەریەکانم لەبارەی "حوسنی موبارەک"، بەرێکەوت سەرەپارچەی ڕۆژنامەیەکم بەرچاو کەوت کە ئێستە لام روون نییە بەر لە ٣٠ ساڵ بۆچی هەڵمگرتبوو، بەڵام کاتێ لەناو ئەرشیفەکە هێنامە دەرێ، جارێک و دووان بە بیرکردنەوەوە دەستم بەخوێندنەوەی کرد.

پارچە ڕۆژنامەکە وتارێکی ڕۆژنامەی "واشنتۆن پۆست" بوو لە ٢٧ ئۆکتۆبەری ١٩٨١ و لە سەرەتای وتارەکە رستەیەک هەڵوەستەی پێ کردم، بەزۆریش بە هەمان هەستەوە کە ٣٠ ساڵ لەمەوبەر وای لێ کردبووم بیپارێزم!

رستەکە بە هەواڵێک لە قاهیرەوە دەست پێ دەکا پاش کوژرانی سەرۆک "سادات"، ئاماژە بەوە دەکا ئەو پیاوەی لە سەرۆکایەتیی میسردا جێی دەگرێتەوە "حوسنی موبارەک"ی جێگریەتی، دوای ئەوە رستەیەک دێ کە دەڵێ "تەنانەت ئەوانەیش کە دەگوترێ "موبارەک" دەناسن، لە راستیدا هیچی لەبارەوە نازانن!".

ئێستە پاش ٣٠ ساڵ لەبەردەم ئەم رستەیەدا وەستام، شتێک لە ناواخنیدا ئەو ئاماژەیە دەبەخشێ کە "کلیل"ی هەموو وتارەکەیە، لەبەرئەوەی ئێمە لەبەردەم پیاوێکداین هەموو ڕۆژ و سەعاتێک بینیومانە، بەیانی و ئێوارە گوێمان لێی بووە، لە ماوەی ٣٠ ساڵی رابردوودا ملیۆنان لە وێنەکانیمان پێشان داوە، بەڵام نەماندەناسی و هێشتایش هەر نایناسین!

***

دوا ئەوە لە خۆمم پرسی:

ئەگەر ئەو پیاوە وێنەیەکی جێگیری نەبێ بەهۆیەوە وێنایەکی ماقووڵ لەبارەیەوە گەڵاڵە بکرێ، ئەی من چۆن چەند مانگێک خۆم تەرخان بکەم بۆ کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی ئەوەی لە ماوەی ٣٠

ساڵدا، له چەند دیدارێکی کەمدا راستەوخۆ لەوم بیستووه، یاخۆ به ناڕاستەوخۆ لەرێی گفتوگۆ و نووسین و قسەکردنەوه پێم گوتووه.

ڕاڕا بووم، بەڵام بیرکردنەوه لەوەی ئەو ٣٠ ساڵه له تەمەنی نیشتمان، هاوکات بریتییه له ٣٠ ساڵ گۆڕانکاری و هەڵبەز و دابەز له ناوچەکه و هەرێمدا، تێیدا پیاوێک، که نایناسین، بۆ چارەنووسێکی نادیار رابەرایەتی کردین، گەیاندمیه ئەو بڕوایەی هۆکار هەرچی بن، ناکرێ چاوپۆشی له مێژووی ئەو پیاوه بکرێ یاخۆ بازی بەسەردا بدرێ، ئەگەرچی چەندان هۆ هەیه دیارترینیان ئەوەیه مێژوو کۆتای نەهاتووه وەک هەندێ له فەیلەسوفه مۆدێرنه خۆشخەیاڵەکان بۆی چوون!

دوای ئەوه گەیشتمه شتێکی ناوەند لەنێوان ئەو هەسته جیاوازانەدا:

لەلایەکەوه بیرم لەوه کردەوه لەم کتێبەدا له دۆسیه و کاغەز و یاداشت و بیرەوەریەکانم پێشەکییەکی تێروتەسەل لەم کتێبەدا بنووسم که هەندێ هێڵ و رەنگ لەبارەی "حوسنی موبارەک" بگەیەنێ، پێشەکیش دان بەوەدا دەنێم ئەو پێشەکییه چەنده تێروتەسەل بێ ناتوانێ ببێته تابلۆیەک مەرجەکانی هونەری وێنەکێشانی قوتابخانەی کلاسیکی تێدا بێ، بەڵام به خەیاڵمدا هات خۆ دەتوانێ له مەرجەکانی قوتابخانەی وێنەکێشانی دەربڕینکاری (تەعبیری) تێدا نێزیک بێتەوه.

بەو واتایەی دەکرێ وێنەیەک بێ هەوڵی لاساییکردنەوەی قوتابخانەی "لیوناردۆ دافینشی" یاخۆ "مایکڵ ئەنجیلۆ" نەدا که له نیگای سرووشتەوه هاتبێ، بگره هەوڵی لاساییکردنەوەی قوتابخانەی "رینوار" و "مانیه" دەدات به کاریگەریی کەشوهەوا مرۆڤایەتییەکەی پەنجه له بابەتەکەی دەدا و ئەوەندەی هەست درکی بکا و چاو نەیبینێ، ئاماژه به سرووشت و کەسایەتی دەکا.

***

هەندێ جار ئەو هەستەیش ختووکەی دەدام که رەنگه هەموان له وێناکردنی پیاوەکەدا نەیانپێکابێ.

پەنایان بۆ کامێرا برد تا وێنەیەک به رووناکی بگرن، له کاتێکدا دەبوو پەنا بۆ فڵچه و رەنگ ببەن و به زەیت وێنەبکێشن، ئینجا هەڵەکەیان دووبارە کردەوه کاتێ لەبری پەنابردن بۆ قوتابخانەی کاریگەربوون (تەئسیری)، پەنایان بۆ قوتابخانەی کلاسیکیی هونەر برد.

پێم وایه من هەوڵم دا به کێشانی چەند رەنگێک لەسەر رووبەرێک کاغەز ئەوه بکەم، که فڵچەیەکی زەیت لەسەری دەنیشێ، که هێمای سێبەر یاخۆ بۆشایی دەبەخشێ و زیاتر لەوەی پەیامی روون بێ، ئاماژه دەدا و ئەوەندەی بکرێ گوزاره دەکا له سەردەمێکدا که بوار بۆ نیانیی "رینوار" یاخۆ خەیاڵی "مانیه" نەماوەتەوه.

***

لەبارەی ئەو هۆیەی وای له هەمووان کرد نەتوانن بەدوای پیاوەکه خۆیدا بگەڕێن و ئەو نەناسینه سی ساڵ درێژه بکێشێ، پرسیاری زۆرم له خۆ کرد.

راڤەکردنی ئەو بابەتە فرەهۆ بوو، هەمووشیان لۆجیکی بوون، بەڵام لە جەنجاڵیدا بزر بوون:

هەندێ خەڵک هەر کە موبارەکیان دی لە ئامێزیان گرت و لەسەر کەسایەتیەکەی نەوەستان لەو کاتەی لە سەکۆکەوە بازی دایە سەرۆکایەتی. ئەمانە روداوەکەی سەکۆکە تووشی شۆکی کردن و ئامێزیان بۆ ئەو کەسە کردەوە کە پاش رووداوەکە بەزیندوو مایەوە.

هەندێکیش دیوە رواڵەتییەکەی سەرۆکی نوێیان وەرگرت و رووداوەکەیان بە سووکی وەرگرت و بەدۆخێکی کاتییان زانی بۆ تێپەڕاندنی تەنگژەیەک، لێرەشەوە خۆماندووکردن بە شیکردنەوەی، کات بەفیرۆدانە.

هەندێکیشیان ئەو رووداوانەی ئەو پیاوە یەکێک بوو لە کارەکتەرەکانی کاری تێ کردن، هاوکات وێنەی گشتیی ئەو رووداوە مەزنانەی ناوچەکەی گرتەوە رۆڵیان بەویش بەخشی، لەگەڵ بەها و قورسایی میسریشدا ئەو کەسەی لە لوتکەی هەرەمەکەیدایە بەیداخەکەی بە خۆیەوە پێچا و ئەو کەسانەیش چاویان بڕیبووە بەمیراتگرتنی ڕۆڵی میسر، یارمەتییان دا لەوەی ئەو بەیداخە بکاتە شەوقێک و ئادگارە گۆڕاوەکانی سیاسەتی میسری پێ بشارێتەوە.

هەندێکیان بەتایبەت نەوەی لاوان، گەورە و پیر بوون و جگە لەو "موبارەک" سەرۆکێکی تریان نەدی، واتە چەندان نەوە خوویان بەو پیاوەوە گرت و خۆیانیان لەگەڵ بوونی ئەودا راهێنا.

هەندێکیش لە روانگەی "نازانم راحەتی گیانم"ەوە خۆیان لە سەرێشەی پرسیارکردن لەبارەی "موبارەک" بوارد و خۆیان دایە دەست ئەو وەڵامە ئامادەیەی میدیای ملکەچی دەسەڵات و سامان لە میسر بەرهەمیان دەهێنا، کە ناخۆشبەختانە ئەو میدیایە کاریگەری لەدەست دابوو، ئەگەر چی ژاوەژاوەکەی هەر مابوو!

لەوانەیە و لەوانەیە و هەموویان نیشانەی پرسیارن کە گومانەکان تێیدا سەرگەردان دەبن، بەڵام لە راستیدا پێش و پاش هەموو شتەکان ئەو پیاوە بۆ ماوەی ٣٠ ساڵ لە لوتکەی دەسەڵاتی میسردا مایەوە.

لێرەدا مۆڵەت وەردەگرم تا ئەوە دووپات بکەمەوە کە ئەم لاپەڕانە، ئەگەرچی زیاتر لەوەی چاوەڕوانم دەکرد درێژ بوونەوە، چیرۆکی ژیان یاخۆ ژیننامەی پیاوێک نین، بگرە تەنیا چەند نیگایەکن کە خۆم بینیونم یاخۆ زانیونم، هەر ئەوەیش بیانوو و پۆزشمە بۆ ئەوەی لە هەندێ لە بەشەکاندا شێوازی قسەکەرم بەکار هێناوە، هەروەها بۆ وردیی زیاتر لە دەربڕیندا هەندێ وشە و دەستەواژەم بە شێوە عامییەکە، بەو شێوەی بیستوومە، گواستووەتەوە.

دەبێ ئەوەیش بڵێم کە هەوڵم نەداوە کەسێک لەوانەی لەنێزیکەوە لەگەڵ "موبارەک" کاریان کردووە و ژیاون، بدوێنم، چونکە ئەوە ئەرکی خەڵکی ترە کە بیانەوێ ژیاننامەکەی بنووسنەوە و رۆڵی روون بکەنەوە.

بەلای منەوە پێم وایە بەلای کەسانی تریشەوە جێی سەرنجە کە زۆر لەوانەی لەراستەوخۆ لەگەڵیدا کاریان دەکرد، لە پێشی ئەوانەوە بوون کە لێی هەڵگەڕانەوە، واتە ئەو پیاوە پێوەندییەکی

مرۆڤانەی قووڵی لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا نەبووە، هەروەها وابەستەیی دووسەرە یاخۆ دۆستایەتی لەگەڵ کەسە نێزیک و هاوکارەکانی نەبوو، بگرە وا دیارە پێوەندییەکانی بە دەوربەرەکەیەوە تەنیا چەند شوختێکی رواڵەتی بووە کە تەنیا چەند خاڵێک لەسەر پێست بەجێ دێڵێ و دوای چەند رۆژ یاخۆ هەفتەیەک نامێنێ!

ئەوەیش دیسان دیاردەیەکی جێسەرنجە!

ئەوە بەشی یەکەمی کتێبەکەیە.

هەرچی بەشی دووەمە کە گەورەترین بەشی کتێبەکەیە، بریتییە لە کۆی ئەو شتانەی لە لاپەڕەکانی رۆژنامە و کۆوارەکان نووسیومە یاخۆ لە شاشەکانەوە گوتوومە و هەموو پێوەندییان بە پرسەکانی سەردەمەوە هەیە، بە خستنە روو و لێکدانەوە، شیکردنەوە و وردکردنەوەی رووداوەکانی ٣٠ ساڵ و پێم وایە وشەکان قەرەبووی بەشێک لەوە دەکەن کە رەنگەکان نەیانتوانی بیکەن!.

ئومێدم وایە ئەمە خوایە شتێک لەو هەمووە تیشکێک بنێرێ کە هیچ نەبێ سووچێک لەو تونێلە تاریکەی رۆژنامەی "واشنتۆن پۆست" ئاماژەی پێ دا روون بکاتەوە، کە نووسی "تەنانەت ئەوانەیش کە دەگوترێ "موبارەک" دەناسن، لە راستیدا هیچی لەبارەوە نازانن!".

ئەوەیش، بەداخەوە، راست دەرچوو، چونکە هەم سەرەتا و هەم کۆتای "موبارەک" بەلای ئەو بزانانەوە لەناکاو بوو.

***

پرسیارێک ماوە دەبێ بگاتە گوێی هەمووان: ئەو پیاوە چۆن توانی ٣٠ ساڵ لەسەر کورسیی سەرۆکایەتیی میسر بمێنێتەوە و چۆن چۆنی گەلی میسر توانی ٣٠ ساڵ لە سایەیدا ئارام بگرێ؟

وەڵامی "چۆن"ەکەی یەکەم ئەوەیە: ئەوە بەختی خۆی بووە مادام توانیویەتی بمێنێتەوە!

هەرچی "چۆن"ەکەی دووەمە، ئەوە بەرپرسیاریەتییەکەی دەکەوێتە ئەستۆی هەموو گەلی میسر، کە لەرێی دانبەخۆداگرتن و بێدەنگبوون و هەندێ جار دەربڕینی وەڕسی و بێزارییەوە توانی بەرگە بگرێ، تا شۆڕشی ٢٥ یەنایەری ٢٠١١ هات، ئەو کاتەی جامەکە پڕ بوو و ئارامگرتن و بێدەنگبوون لە توانادا نەمان و دەربڕینی بێزاری دادی نەدەدا!

***

چۆن "حوسنی موبارەک" بۆ جێگری سەرۆک هەڵبژێردرا و.. بۆچی؟

بەدواداچوونی لەنێزیکەوەم نێزیک وەک بایەخپێدان، بەڵام دوور لە رووی مەوداوە بۆ سەرۆک "حوسنی موبارەک" لەو کاتەوە دەستی پێ کرد کە بۆ یەکەم جار وەک فەرماندەی چەکی باڵەفڕوانیی میسری لەپاش ئەو دۆخە دژوارەی بەهۆی رووداوەکانی یۆنیۆی ١٩٦٧ەوە سەری هەڵ دا، لە گۆڕەپانە گشتییەکەدا دەرکەوت و لەو کاتەدا بۆ ساتێکیش ئەوە بە خەیاڵمدا نەهات کە ئەو پیاوە لە داهاتوودا بۆ ماوەی ٣٠ ساڵ حوکمڕانیی میسر دەکات و بیر لەوەش دەکاتەوە

دەسەڵاتەکەی بە میرات بۆ کوڕەکەی بەجێ بێڵێ.

کاتێ "موبارەک" پاش تیرۆرکردنی سەرۆک "ئەنوەر سادات" لە ئۆکتۆبەری ١٩٨١دا بوو بە سەرۆک، لەو کاتەدا کە ئێمە هێشتا لە گرتووخانەی "توڕڕە"دا بووین (لە هەڵمەتەی گرتنە بەناوبانگەکەی سێپتەمبەری ١٩٨١دا گیرابووین)، ئەو پەندە فرەنساییە باوەم وەبیر خۆم و ئەوانی تریش دەهێنایەوە، کە نووسەری بەناوبانگی فرەنسایی "ئەندریە موروا" لە یەکێ لە رۆمانەکانیدا بەکاری دێنێ کە دەڵێ "هەمیشە ئەوەی چاوەڕواننەکراوە روو دەدا"!.

***

بۆ ئەمانەت دەڵێم گوێم لە محەمەد فەوزی وەزیری بەرگری بوو لای جەمال عەبدولناسر لەکاتی کاندیدکردنیدا بۆ پۆستی سەرۆکی ئەرکانی چەکی باڵەفڕوانیی لەکاتی شەڕی داچۆڕاندن (استنزاف)دا پەسنی حوسنی موبارەکی دەکرد، پاش ئەوەیش کاتێ سەرۆک سادات کردی بە فەرماندەی چەکی باڵەفڕوانی، بوو بە جێبایەخێکی گشتی و فراوان، چونکە لەو کاتەدا چەکی باڵەفڕوانی بە پرۆسەیەکی زەحمەتی قۆناغی خۆرێکخستنەوەدا تێدەپەڕی کە هاوکات دەبوو رۆڵ خۆی لە شەڕی داچۆڕاندنیشدا ببینێ، لەو ماوەیەدا پێنج فەرماندە سەرکردایەتیی ئەو دەزگایەیان گرتە ئەستۆ، کە بریتی بوون لە سدقی مەحموود، مەدکوور ئەبولعیز، مستەفا ئەلحەناوی و عەلی بەغدادی، کە هیچکامیان نەیانتوانی ماوەی سرووشتیی خۆیان تەواو بکەن، هەر بۆیە وەرگرتنی پۆستی فەرماندەیی باڵەفڕوانی لەلایەن هەرکامیانەوە کەفوکوڵێک بوو دانەدەمرکایەوە، ئەویش لە کەشوهەوایەکی گرژدا لەناو یەکێک لە گرینگترین چەکەکان و لە ساتێکدا کە زۆر پێویستی بە کاری ئەو کەسە هەبوو!

***

یەکەم دیدارم لەگەڵ "موبارەک" دیدارێکی راگوزەر و بەرێکەوت بوو، مەوعیدێکم لەگەڵ فەریق "محەمەد ئەحمەد سادق" وەزیری جەنگ هەبوو، کاتێ بەناو ژووری یاوەرەکەیدا بەرەو ژوورەکەی تێیدەڕیم، هەندێ لە فەرماندەکان، لەناویاندا موبارەک، چاوەڕوانی دیداری وەزیر بوون. ئێستە لە یادمە دانیشتبوو و جانتایەکی پڕ لە کاغەزی بەدەستەوە بوو کاتێ هەستا و سڵاوی کرد و خۆی ناساند جانتاکەی هەر بەدەستەوە بوو، دیارە منیش بە رێزەوە تەوقەم لەگەڵدا کرد و لە موجامەلەیەکدا کە زۆر جار لەو برووسکە دیدارانەدا روو دەدا، ئاماژەم دا بەوەی رۆڵی ئەو لە گرینگترین رۆڵەکانە لە قۆناغی داهاتوودا و هەموو وڵاتیش چاوەڕوانی جێدەستی دەکا.

ئەویش وەڵامی دایەوە "خودا یار بێ جێی گومانباشیی هەموولا دەبین".

بۆ ژوورەکەی فەریق سادق بانگ کرام. هێشتا دیدارەکەی چەند چرکە لەوەوبەری موبارەکم لە زەیندا مابوو، دیارە لەگەڵ بایەخدانی زیاتر بە چەکی باڵەفڕوانی و فەرماندەکەی، دەستم پێ کرد و لەبارەی "موبارەک"ەوە پرسیارم لە فەریق سادق کرد ئاخۆ دەتوانێ؟. ئەویش وەڵامی دامەوە "پاش ئەو هەموو هەڵبەز و دابەزەی بەسەر سەرکردایەتیی چەکی باڵەفڕوانیدا هات، ئێستە ئەو

ئامادەترین ئەفسەرە لە ناو چەکی باڵەفڕوانیدا". نازانم بۆچی لەو کاتەی موبارەک لە گۆڕەپانە گشتیەکەدا دەرکەوت لە بەدواداچوونیدا هەندێ پرسیارم وروژاند و پووختەی قسەکەم پێوەندی بە پرسیارێکەوە هەبوو لە سەربانەوە (وەک دەڵێن): ئەو پیاوە چۆن چۆنی توانی لەگەڵ ئەو هەموو ململانە و گۆڕانکارییانەی لە چەکی باڵەفڕوانیدا روویان دا، لە نێزیک لوتکە لەناو چەکی باڵەفڕوانیدا بمێنێتەوە، چۆن توانی لە ماوەی ٤ فەرماندەی پێش خۆیدا دەست بە پێگەی خۆیەوە بگرێ، لەکاتێکدا هەریەک لەوانە چەندان گۆڕانکاری و گوێزانەوەیان ئەنجام دا؟

شتێکی تریشم بۆ ئەم تێبینییە زیاد کرد و گوتم "من چەندان سەربوردەم بیستووە لەبارەی رۆڵی "موبارەک" لە رووداوەکانی دوو ساڵ لەمەوبەری دورگەی "ئابا" (یاخیبوونی مەهدییەت لە رێژیمی سەرۆکی سودانی جەعفەر نومێری و سەرهەڵدانی ململانەی چەکداری لەنێوان هەردوولا لە ساڵی ١٩٧٠) کە چەند ئاماژەیەکی لەگەڵدایە، لەوانە چوونی "موبارەک" بۆ سودان بەیاوەریی ئەنوەر ساداتی جێگری سەرکۆمار تا بزانن میسر چی پێ دەکرێ بۆ هێورکردنەوەی تەقینەوەی دۆخەکە لە باشووری دۆڵی نیل و بەهێزکردنی هەڵوێتی نومێری لەو بارودۆخە عەرەبییە شلۆقەدا. یەکەم راسپاردەی نێردەکەی "ئەنورە سادات" لەو کاتەدا ئەوە بوو بەدەم داواکەی سەرۆکی سودانەوە بچن و باڵەفڕەکانی میسر کە ئەو کات لە سودان نیشتەجێ بوون، بۆردمانی پێگەکانی مەهدیەت لە دورگەی ئابا بکەن تا رێگە لە دەرچوونی هێزەکانی بۆ دەرچەی نیل و گەیشتن بە پایەتەختە "سێگۆشە"کە بگیرێ. لە قاهیرە گفتوگۆی قووڵ لەبارەی راسپاردەکانی نێردەی سادات لە خەرتووم کرا و بڕیار هاتە سەر ئەوەی هیچ باڵەفڕێکی میسری بەشداری لێدانی هیچ پێگەیەک نەکا و "بارودۆخ هەرچی بێ نابێ خوێنی هاووڵاتیی سودانی بە چەکی میسری بڕژێ".

دوای چەد رۆژێک "هادی ئەلمەهدی" سەرۆکی مەهدیەت کوژرا و دەنگۆی ئەوە بڵاو بوویەوە کە مینێک لەناو سەبەتەیەکی میوەی مانجۆدا کە بۆی نێرداوە تەقیوەتەوە، هەروەها گوترا لیوا حوسنی "موبارەک" (پیاوی دووەم لە نێردەکەی سادات بۆ خەرتووم) دوور نەبووە لە نهێنییەکانی، بگرە هەندێ لە میدیاکانی سودان ئەوکات و دواترش کە "موبارەک" بوو بە سەرکۆمار، راستەوخۆ ئەویان تۆمەتبار کرد بەوەی لەپشت کوشتنی ئیمام هادی مەهدییەوە بووە.

لە بایەخدانمەوە بە چەکی باڵەفڕوانی لەو کاتە و دۆخەکەی، بە خێرایی ئاماژەم بۆ هەموو ئەوانە کرد. وەڵامی فەریق "سادق" ئەوە بوو: ئەوەی من بیستوومە ئەویش بیستوویەتی، بەڵام لەوە زیاتر نازانێ. هەروەها گوتی "ئەگەر موبارەک چووبێتە ناو ئەو بابەتە ئەوا دەبێ بەهۆی پێداگریی نومێرییەوە بووبێ و دەبێ ئەنوەر ساداتیش لەوە ئاگەدار بووبێ".

هەروەها گوتی "یەکەمین سیفەتی باشی "موبارەک" ئەوەیە گوێڕایەڵی سەرۆکەکانیەتی، داواکانیان جێبەجێ دەکا و قسە لە قسەیاندا ناکا". دوای ئەوە گفتوگۆکەمان گۆڕی بۆ ئەو بابەتەی لەپێناویدا هاتبووم.

***

دووەم جار کـە لەو مـاوەیەدا لەکاتی شـەڕی ئۆکتـۆبەری ١٩٧٣ مـوبارەکم بینی دیسـان ئەویش بینینێکی سەرپێیی و راگوزەر بـوو، ئەوە بوو سـەردانی سـەنتـەری ژمارە ١٠م کرد (کە سـەنتـەری سـەرکردایەتیی گشـتیی جـەنگ بوو) و مەوعیدێکم لەگەڵ فـەریق "ئەحـمەد ئیسماعیل" فەرماندەی گشـتیدا هـەبوو، لە رۆژی پێنجەمی جەنگەکەدا بووین (١٢ ئۆکتۆبـەر)، لیوا "موبارەک" (فـەرماندەی چەکی باڵەفـڕوانی)یش لەوێ بـوو، بەبایەخـەوە بەرەو پیرم هـات و لێی پرسـیم "رۆژنـامـەی ئەهرام چۆن وردەکـاریی ئەو شـەڕەی زانی کـە لەسـەر بنکەی ئەلمەنسـووره رووی دا". "مـوبارەک" لەو بنکەیەدا بوو و چاوی بە باڵەفڕوانێکی ئیسـرائیلی کـەوت کـە باڵەفـڕەکـەی خـرابوویە خـوارەوە، باڵەفـڕوانە دیلەکـەیان هێنابوو بۆ لای فـەرمـاندەی باڵەفڕوانیی میـسـری و کـەوتبوونە گـفـتـوگۆ، موبارەک پێی گوتبوو کە لەکاتی شەڕەکەدا چاودێریی کـاروانەکەی کردبوو و تێبینی ئەو هـەڵانەی کـردووە کـە تێـی کـەوتبـوون و لێی پرسـیـبـوو: ئێـمـە پێـمـان وابوو باڵەفـڕوانە ئیـسـرائیلیـیـەکـان لێهاتووترن، ئاخـۆ ئێسـتـە گۆڕاون؟ باڵەفڕە ئیـسـرائیلییـەکەیش وەڵامی دابوویەوە "گـەورەم ئێـمـە نەگۆڕاوین، بەڵام ئێوەن کە گۆڕاون".

موبارەک لەو کاتەی لەو راڕەوەی بەرەو نووسینگەکەی فەریق ئەحـمەد ئیسماعیل لەگەڵم پیاسەی دەکرد بە پێداگرییەوە لێی پرسیم چۆن ئێمە ئەو سەرگوزەشتەیەمان زانیوە لە کاتێکدا شەڕەکە لە ئێـوارەی پێـرێ رووی دابوو، ئـەویش دوێنـێ وردەکـاریـیـەکـەی بە تەلەفـۆن بە سـەرۆک سـادات گەیاندبوو، کەچی تەواوی وردەکارییەکەی لە رۆژنامەی ئەهرامدا خوێندبوویەوە، هەروەها ئەو تەنیا بۆ سەرۆکی گێرابوویەوە، ئەی ئێمە چۆن زانیمان؟

گـوتم "جـەنابی لیـوا، ئایا شـتـەکـە روون نیـیـە؟ لە سـەرۆک خـۆیەوە زانیـمـان". ئەویش بە سەرسـوڕمانێکی زیاترەوە گوتی "لە سەرۆک خۆیەوە؟! هـەروەک ئەوەی من بۆم باس کرد؟" ئینجا گوتی " ئای ئێوە خەڵکێکی چەندە وشکن!".

گەیشـتینە نووسـینگەی "ئەحـمـەد ئیـسمـاعیل"، کە هۆڵی بـەڕێوەبردنی "ئۆپەراسیـۆنەکان"ی بە جێهێشت و هات بۆ نووسینگەکەی خۆی لە نێزیک هۆڵەکە بۆ بینینمان، چووینە ناو نووسینگەکە و فەرماندەی باڵەفڕوانیمان بەجێ هێشت کە هێشتا لەتاو خێرایی پێوەندی نێوان سەرۆک و ئەهرام سەری گێژ بووبوو. رەنگە دەبوو من زیاتر سـەرم سووڕ بمێنێ لەو پێوەندییـە راستەوخۆیەی نێوان فەرمـاندەی باڵەفڕوانی و سەر کۆمـار بەبێ ئەوەی لە رێی فەرماندەی گشتییـەوە بێ، بەڵام ئەو کاتە سـەرم سـوڕ نەمـا و وەک حـەزێکی سـەرۆک بۆ پێوەندیکردنی راسـتـەخۆ بە فـەرمـاندەکانیـەوە بەبێ رەچاوکردنی پلەبەندیی سەرکردایەتیم زانی .

***

چەند سـاڵێک بەسـەر ئەم قسـانەدا تێـپەڕی کـە چەندان رووداویان بـە خـۆوە بینی، لەوانە ئەو پێکدادانە توندەی لە ئایار/ مـایۆی ١٩٧١ لـە نێـوان سـەرۆک سـادات و ئەوەی پێی دەگـوترا سـەنـتـەرەکانی هـێز (مراكز القوي) رووی دا، دوای ئەو ملمـلانەیە سەرۆک سادات کۆمەڵێ کاغەزی

بۆ بەجێ هێشتم کە لە نووسینگەی بەڕێز "سامی شەرەف" بەڕێوەبەری نووسینگەی سەرۆک بوو، کە دکتۆر "ئەشرەف مەروان" ئەو پیاوەی پاش سامی شەرەف بوو بە بەڕێوەبەری نووسینگەی زانیارییەکان، بۆی بردبوو، ئەو رۆژە سەرۆک سادات ئاماژەی بۆ جانتایەک کاغەز لە بەردەمیدا کرد و پێی وتم " بیبە، تۆ کاغەزی کۆنت خۆش دەوێ و تاقەتی خۆندنەوەیت هەیە، بەڵام من تاقەتم لەگەڵیدا نییە".

جانتاکەم برد بەڵام ناوەکەیم نەپشکنی تا ئەو کاتەی رۆژنامەی ئەهرامم بەجێ هێشت و دەرفەتی ئەوەم بۆ هەڵکەوت بگەڕێمەوە سەری و پێیدا بچمەوە، بە تایبەت کە دەستم بە ئامادەکردنی کتێبێکی نوێ کردبوو تا لە لەندەن و نیویۆرک بڵاوی بکەمەوە کە ئەویش کتێبی "رێگە بەرەو رەمەزان The Road to Ramadan، پاش رۆچوون بەناو پەڕە کاغەزەکاندا ئاسەوارە ونبووکان لەوێدا بوون.

بەڕێز سامی شەرەف (سکرتێری سەرۆک بۆ زانیارییەکان، هەروەها وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری سەرۆکایەتیی کۆمار لەگەڵ عەبدولناسر و پاشتر لەگەڵ سادات) کردبووی بە نەریت بەخەتی خۆی هەرچی لەسەر زاری هەر بەرپرسێکی دەوڵەت بە تەلەفۆن ببیستایە تۆماری دەکرد، تا کاتێ دەیخاتە بەردەم سەرۆک هیچ وردەکارییەکی لەبیر نەچێ، هەندێ جاریش شتە گرینگەکانی بە خەتی خۆی دەست بەجێ بۆ سەرۆک نارد، دواتر دەستنووسەکانی بۆ دەهاتەوە، لەگەڵ ئاماژەدان بە بۆچوونێک، یاخۆ ئاماژەیەک بە رەتکردنەوە یاخۆ قبووڵکردن لە پەراوێزیاندا، هەندێ جاریش بە نووسینی نیشانەیەکی پرسیار یان سەرسوڕمان.

لەیەکێک لە فایلە ئاخنراوەکانی ناو جانتاکەی سامی شەرەف یاداشتێکم دۆزییەوە، کە بە خەتی خۆی لە یەکی نیسانی ١٩٧٠ نووسیبووی. یاداشتەکە تۆمارکردنی خاڵە سەرەکییەکانی لێدوانێکی تەلەفۆنیی ئەنوەر سادات (جێگری نوێی سەرۆک لە دێسەمبەری ١٩٦٩) بوو لەگەڵ سامی شەرەف سکرتێری سەرۆک بۆ زانیارییەکان. سادات لە پایەتەختی سودانەوە قسەی دەکرد، لیوا "حوسنی موبارەک"ی سەرۆکی ئەرکانی شەڕی باڵەفڕوانی لەگەڵ بوو بۆ یارمەتیدانی جەعفەر نومێری سەرۆکی سودان لە رووبەڕووبوونەوەی ئەو یاخیبوونەوەی بەسەرکردایەتیی ئیمام هادی ئەلمهدی دژ بە دەسەڵاتەکەی کرابوو و خۆی لە دورگەی "ئابا"دا توند کردبوو و هەڕەشەی شاڵاوبردنی دەکرد لە دورگەکەوە بەمەبەستی هەڵکوتانە سەر رێڕەوی نیل بەرەو خەرتووم.

سەرۆک نومیری داوای کردبوو بە باڵەفڕی میسری کەنداوی ئابا بۆردمان بکرێ، کاتێ داواکەی لە قاهیرە رەت کرایەوە پەنای بۆ سۆڤیەت برد. لەسەر ئەو داوایە، هەندێ لە پسۆڕەکانیان بە سێ باڵەفڕی "میگ ١٧"ەوە بەسەر دورگەی ئابادا تەپوسووڕیان بوو، تا ترس نیشان بدەن و ئەوەیش بەبێ بۆردمان ئامانجی خۆی پێکا، ئەوە بوو مەهدی هەستی بە نیگەرانیی لایەنگرەکانی لە دورگەکەدا کرد لەوەی سووڕانەوەی باڵەفڕەکان بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بێ و دوای ئەوە بۆمباباران بکرێ، هەربۆیە بە هەڵداوان ئابای بەجێ هێشت و رووی کردە کەسلا لە رۆژهەڵات

(باوەڕ وایە ویستبێتی لەوێوە بگاتە ئەسیوبیا)، لەوێدا لەرێی ناردنی سەبەتەیەک بەری میوەی مانجۆی بۆمبڕێژەوە پلانی تیرۆرکردنی جێبەجێ کرا. لەو سەروەختەدا ئەو گومانە بڵاو بوویەوە کە "حوسنی موبارەک" ئەو دەستە شاراوەیە بووە کە ناردنی دیارییە بۆمبڕێژەکەی رێک خستووە، ئەو گومانە لە رۆژنامەکانی سەر بە مەهدی لە خەرتووم رەنگی دایەوە، شاندی میسری کە سادات و موبارەکیان لەناودا بوو لە قاهیرەوە فەرمانیان پێ گەیشت خەرتووم بەجێ بێڵن و دەستبەجێ بگەڕێنەوە قاهیرە.

من لای خۆمەوە چاودێریی نێردەکەی خەرتووم و ئەرکەکەیم دەکرد و نەیاریی خۆم بۆ داواکەی نومێری بۆ بەشداریکردنی باڵەفڕوانیی میسری لە لێدانی دورگەی ئابا دەربڕی، دەربڕینی هەڵوێستەکەیشم بە رەسمی بوو و ئیتر دوای ئەوە بابەتەکە لەناو جەنجاڵی سەرقاڵبوونەکاندا لە مێشکمدا نەما، لەبەرئەوەی لەوکاتەدا وەزیری راگەیاندن بووم و ئەرکی وەزارەتی دەرەوەیشم لەسەر بوو و بەرپرسی راستەوخۆ بووم لە رووماڵکردنی سیاسی و دیبلۆماسی و میدیایی پرۆسەیەکی مەترسیدار و زیندوو لەو کاتەدا، ئەویش جووڵاندنی دیواری بەناوبانگی مووشەکەکان بوو بۆ بەرەی شەڕ، کە کۆشش و ماندووبوونێکی زۆری دەویست، چ لە ناوەندە دیبلۆماسییەکانی سیاسەتی ناودەوڵەتیدا یاخۆ لە بازنەی فراوانی میدیادا، بەتایبەت لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا، کە لەو کاتەدا ویلیام رۆجەر وەزیری دەرەوە بوو (کە پێشتر دەمناسی لەبەرئەوەی ئەندامی ئەنجوومەنی ئیدارەی رۆژنامەی واشنتۆن پۆست بوو) بۆ راگرتنی شەڕ بۆ ماوەی ٩٠ رۆژ تا دەرفەت بۆ باڵوێز جونار یانج نوێنەری ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕەخسێ بەپێی بریاری ژمارە ٢٤٢ چارەسەرێکی دیبلۆماسی بدۆزێتەوە.

کاتێ دواتر دەرفەتم بۆ رەخسا بۆ نووسین و بڵاوکردنەوە و دەستم بە پێداچوونەوەی ناوەرۆکی دۆسیەکانم کرد، وەک پێشتر گوتم، خۆم لەگەڵ تەواوی نهێنییەکەدا رووبەڕوو بینیەوە!

***

لەناو چەندان فایلی پڕ لە کاغەزدا ئەو یاداشتەم بینی کە سامی شەرەف بە دەسخەتی خۆی لەکاتی گفتوگۆیەکی لەگەڵ ئەنوەر ساداتی جێگری سەرۆکەوە لە خەرتووم تۆماری کردبوو.

بە یاداشتەکەوە دیارە کە سادات لەرێی تەلەفۆنەوە قسە دەکا و سامی شەرەفیش گوێ دەگرێ و ئەوەی فریای دەکەوێ بەپەلە تۆماری دەکا.

یاداشتەکە لەسەر کلێشەیەکی رەسمیی سکرتاریەتیی زانیارییەکانە لە سەرۆکایەتیی کۆمار لە مێژووی ١ نیسانی ١٩٧٠، ئەمەیش دەقەکەیەتی:

سەرۆکایەتیی کۆماری عەرەبیی یەکگرتوو

سکرتاریەتی سەرۆک بۆ زانیاریەکان

١٤١٩٧٠

"خالید عەباس"[١] (بیریان دەکردەوە چاکسازیی کشتوکاڵی بکەن)

نومێری بیری دەکردەوە بیکاتە گرتووخانە

نومێری و خالید دەیانەوێ کۆبوونەوەیەکی خێرای هەر سێ سەرۆک (ی ئەرکانی جەنگ) بکەن بۆ دانانی پلانێکی تەواو بۆ خۆماڵیکردن و دەستبەجێ جێبەجێ بکرێ.

٣ ملیۆن ئەنساریی لە سودان هەیە.

"خەرتووم" خەڵک هەموو گۆچانەکەیان لە ناوەڕاستدا گرتبوو، کەس نەیتوانی لەسەر پێی خۆی بوەستێ تا دوای گفتوگۆکەی سەرۆک، نومێری چوو گفتوگۆکەی بۆ باس کردن، حزبی شیوعی هاتە دەر کە پێش لە گفتوگۆکە قایل بوو بەوەی گۆچانەکە لە ناوەڕاستدا بگرێ.

"موبارەک" راپۆرتێک لەبارەی سەبەتەی ئەو بۆمبانە رەوانەمان کردن ئامادە دەکا هۆی سەرکەوتنی پرۆسەکەئەنجامەکانی زۆر بەهێزن[٢].

زۆربەی سوپا سەربازی سەر بە ئەنسارن.

ئیمان دوو رۆژ لەمەوبەر بە ئۆتۆمۆبێل چووە دەریای سوور، ئێمە لای نومێری دانیشتبووین هەواڵی بۆ هات کە ئەفسەرێک ئیمامی بە بریندارى لە ئۆتۆمۆبێلێکدا گرتووە.

گوتی بیر لەوە دەکەینەوە ئێوە لە میسر بیبەنە لای خۆتان، پێم گوت لەلایەن سەرۆکەوە دەسەڵاتم پێ دراوە تۆ چیت بووێ بۆت بکەم، بەڵام تەواو نابێ و ئیتر با لە خت و خۆڕایی خۆمان تووشی دڵەئێشە نەکەین.

هەستا (خالید حەسەن) و قسەی کرد و گوتی بۆی تەواو بکەن و پرۆسەکە تەواو بوو.

***

بەم شێوەیە وەک ئەوەی سادات بە تەلەفۆن بۆ سامی شەریفی باس کرد، نهێنییەکە لەبەرچاوم نمایان بوو، بەڵام هەمیشە هەمو نهێنییەک کۆمەڵێ کلکی هەیە. بەهۆی هەندێ هۆی ناکۆکییەوە دوای تەواوبوونی شەڕی ئۆکتۆبەر و تەنانەت لە کاتی رۆژە کۆتاکانیشیدا پێوەندیم لەگەڵ سەرۆک سادات تێک چوو، رۆژنامەی (ئەلئەهرام)م بەجێ هێشت و بۆ چەند مانگێک پێوەندیم پێوە پچڕاند، بەرهەحاڵ ئەو سەرقاڵ بوو بە پێوەندییە نوێیەکەی لەگەڵ "هنری کیسنجەر"، منیش لای خۆمەوە سەرقاڵ بووم بە دانانی کتێبێکی نوێ لەبارەی "پێوەندییەکانی عەرەبسۆڤیەت" بەناونیشانی "The Sphinx & The Commissar" و دامەزراوەی "ئەندریە دویچ" لە لەندەن و نیویۆرک بڵاوی کردەوە و ماوەی نۆ مانگم بۆ دیاری کرابوو تا دەقەکەیان بدەمە دەست، هیچ پێوەندییەکمان لەنێواندا نەما تا ٨ ئۆکتۆبەری ١٩٧٤، کە سەرۆک سادات خۆی بانگهێشتنی کردم و داوای کرد "هەر ئێستە" لە

ماڵەکەی ببینم (کە زۆر لە نووسینگەکەمەوە لە جیزە نێزیک بوو) و پێشنیازی کرد لەرێی خۆمدا سەرێکی لێ بدەم و دواتر لەکاتی شوێنی حەوانەی سەرۆکایەتی لە "هەرەم" راشکاوانە باسی ناکۆکییەکانمان بکەین.

لە هەموو بارەکاندان لەو ماوەیەدا لە بایەخپێدانی سیاسیمدا حوسنی "موبارەک" لەسەر شاشەی رادارەکەدا نەبوو.

***

ئێرە بواری باسکردنی وردەکارییەکانی ئەو دیدارە لەگەڵ سەرۆک سادات و ئەوەی دواتر رووی دا نییە، بە درێژایی زستانی ١٩٧٤ تا بەهاری ١٩٧٥ دیدار و پێوەندی لەنێوانمان دووبارە دەبوویەوە، تا ڕۆژێک لە مانگی ئاداری ئەو ساڵە لە سەعات ١٠ی بەیانییەوە تا٣ی پاش نیوەڕۆ لە حەوانگەی (قەناتیر) بەیەکەوە بووین و موبارەکیش لە گفتوگۆکەدا ئامادەبوو، نەک تەنیا لە سەر شاشەی رادار!.

سەرۆک سادات لەناو گفتوگۆیەکی درێژدا لەژێر درەختی دێرینی فیکس لە ناوەڕاستی باخچەی حەوانەوەکەدا لەپڕ پرسیارێکی لێکردم کە پوختەکەی ئەوە بوو " ئەو لەبارەی پۆستی جێگری سەرۆک لە سەردەمی نوێی دوای ئۆکتۆبەر دۆش داماوە و نازانێ چۆن بڕیار بدا ".

بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی وەڵامی من بکا گوتی "حاجی حوسێن مەبەستی حوسێن شافیعی جێگری  سەرۆک بوو چی تر بەکەڵکم نایەت".

ئەنجا گوتی" راشکاوانە بڵێم نەوەی یۆلێو بەکەڵک نەماوە، ئێستە نۆرەی نەوەی ئۆکتۆبەرە، پێویستە لەوانە و لە سەرکردەکانی، جێگری نوێی سەرکۆمار هەڵبژێرم!".

سەرۆک بێ ئەوەی چاوەڕوانی وەڵامێک بکا درێژەی دایە "نەوەی ئۆکتۆبەر پێنج سەرکردەی تێدایە، یەکەمیان ئەحمەد ئیسماعیل بوو مردووە، "جەمسی"ش ئێستە لەبەردەممدایە (لەکاتی شەڕەکەدا بەڕێوەبەری ئۆپەراسیۆنەکان بوو و دوای ئەحمەد ئیسماعیل بوو بە وەزیری بەرگری)، ئەنجا "محەمەد عەلی فەهمی" (فەرماندەی بەرگریی ئاسمانی)، ئەنجا "حوسنی موبارەک" (فەرماندەی باڵەفڕوانی)، ئەنجا فەرماندەی هێزی دەریایی (هەر بەو شێوەیە بەبێ ناوبردن ئاماژەی پێ دا) و مەبەستی فەریق "فوئاد زیکرا" بوو.

سادات گوتی دەبێ یەکێک لەوانە هەڵبژێرم.

لەخۆوە لێم پرسی کە بۆچی خۆی لەو بازنە بچووکەدا قەتیس دەکا؟ واتە بۆچی پێی وایە نەوەی ئۆکتۆبەر تەنیا ئەو پێنج فەرماندە سەربازییەی شەڕەکەن؟

بە شێوازەکەی خۆی کاتێ بیەوێ لێبڕان پێشان بدا گوتی "تۆ دەزانێ دەبێ بۆ پەنجا ساڵی داهاتوویش سەرۆکی ئەم وڵاتە پیاوێکی سەربازی بێ، مادام وایش بێ فەرماندە سەربازییەکان لەوانی تر لەپێشترن".

بازنەی گفتوگۆکە فراوان دەبوو و گوتم "ئۆکتۆبەر شەڕی هەموو گەل بوو، ئەنجا تۆ ئێستە پێت گوتم بەنیازیت لیوا "مەمدووح سالم" وەزیری ناوەخۆ بکەیتە سەرۆک وەزیران و دەترسم بەو کارە ئەنجوومەنی وەزیران بپۆلیسینێت، بە دانانی موبارەکیش بە جێگری خۆت سەرۆکایەتیی دەسەربازێنێ، رەنگە دژوار بێ خەڵک لە یەک کاتدا هەردووکیان قبووڵ بکەن".

وەڵامی دایەوە کە پێی سەیرە من راڕام لە دەرککردن بە گرینگیی ئەوەی سەرۆکی داهاتووی میسر دەبێ پیاوێکی سەربازی بێ، ئەنجا لێی پرسیم: تۆ نازانی بۆچوونی مامۆستایش (مەبەستی جەمال عەبدولناسر بوو) هەر وا بوو؟".

گوتم "رەنگە بارودۆخ گۆڕابێ، لایەنگیریم لەدژی سەرۆکێکی سەربازی نییە، بەڵام بە دانانی ئەفسەرێکی پۆلیس لە سەرۆکایەتیی وەزیران و ئەفسەرێکی باڵەفڕوان لە سەرۆکایەتیی کۆمار، ئەوە وێنەی پاش شەڕ وا دەردەکەوێ کە جەختکردن دەبێ لەسەر (زەبت و رەبت)ێک کە دۆخەکە پاساوی پێ نادا. لەبارەی بۆچوونی جەمال عەبدولناسریش، ئەوە بەرپرسیاریەتیی شەڕ و دەسکەوتەکانیشی گۆڕانی زۆری بەسەردا هات کاتێ لاوانی لێوەشاوە پێوەندییان بە سوپای ملیۆنییەوە کرد لە بەرەی شەڕ".

هەستم کرد سوورە لەسەر بۆچوونەکەی، بەپێی لۆجیکی بەڵگەکەی خۆی پێشنیازم بۆ کرد، با وابێ بەڵام لەبەرچی بۆ نموونەبیرت لە جەمسی نەکردووەتەوە؟

بەخێرایی وەڵامی دایەوە "نا، جەمسی بۆ سەرۆکایەتی دەست نادا جەمسی جووتیارە و ئەو کەسە نییە ئێمە ئێستە بۆ پۆستی جێگری سەرۆک پێویستمانە".

هەستم کرد کاندیدێکی هەیە، لێم پرسی بیر لە کێ دەکاتەوە، ئەوەیش وەک خووی هەمیشەیی خۆی بە پرسیارێک وەڵامی دایەوە:

رات چۆنە لەبارەی "حوسنی موبارەک"؟

گوتم "ناوی بەخەیاڵمدا نەهاتووە، بگرە لەگەڵ پێداگیریکردنی لەسەر پیاوێکی سەربازی سەر بە نەوەی ئۆکتۆبەر، پێم وا بوو جێگرە نوێیەکەی یەک لەو دوو کەسە بن، جەمسی (وەزیری بەرگریی ئێستە کە بەڕێوەبەری ئۆپەراسیۆنەکان بوو)، یاخۆ "محەمەد عەلی فەهمی (فەرماندەی هێزی ئاسمانی، ئەو چەکەی گەورەترین کاریگەری هەبوو لە شەڕەکەدا لەرێی دیواری مووشەکەکانەوە)، ئەگەر ئەو دوانە نەبن، ئەوە رەنگە بیر لە یەکێک لە فەرماندەکانی سوپا بکاتەوە".

وەڵامی دایەوە "نا، هیچکام لەوانە بەکەڵک نایە، "موبارەک" لەوان باشترە، بەتایبەت لەم بارودۆخەدا!".

لێم پرسی: مەبەست چ بارودۆخێکە؟!

دەستی بە شیکردنەوە و درێژدادڕی کرد و قسەی بە خۆی دەبڕی، ئەنجا دەگەڕایەوە ناو بابەتی قسەکەی، ئەنجا لێی دور دەکەوتەوە، هەستم پێ دەکرد کە راڕایە لە درکاندنی تەواوی

بیرۆکەکانی، ئەگەرچی هەندێ دەستەواژە سەرنجیان راکێشام:

وەک ئەوەی بۆ نموونە گوتی هەندێ فەرماندەی سوپا هێشتا لە سیاسەتی ئەو لە "پرۆسەی ئاشتی" و هۆکانی پشتەوەی تێ ناگەن. هەروەها گوتی "هێشتا هەندێ لە ئەندامانی سوپا هێشتا لایەنگری "سەنتەرەکانی هێز"ن یاخۆ لەگەڵ سەعدەدین شازلیدا هاوسۆزن".

هەروەها وەک ئامـاژەدانی بە ئەزمـوونی شـای ئێـران "محـەمـەد رەزا پەهلەوی" کـە بە "سیاسەتوانێکی بلیمەت"ی وەسف کرد و بەلای ئەوەوە بە حوکمی ئەزموونە دوور و درێژەکەی هۆشیارترین سیاسەتوانی ناوچەکەیە و کەڵکی زۆری لەو ئەزموونە وەرگرتووە.

لێرەدا سەرۆک سادات لێی پرسیم: "ئایا بەلاتەوە جێی سەرنج نییە کە شای ئێران مێردی خوشکەکەی "جەنەراڵ محەمەد فاتمی" کردە فەرماندەی هێزی باڵەفڕوانی؟ ئەو بڕیارە دانایی تێدایە، چونکە باڵەفڕوانی دەتوانێ بە دەستوبرد دەست لە هەر یاخیبوون یاخۆ هەر هەوڵێکی کودەتا بکاتەوە".

لێم پرسی ئاخۆ ئەوە ئامۆژگاریی شای ئێرانە؟!

بەدەنگی بەرز بە نارەزاییەوە گوتی ئاخۆ ئەو پێویستی بە ئامۆژگارییەکی شا هەیە، ئاخۆ بەس نییە ئەوەی بەچاوی خۆمان دەیبینین و بەپێی توانا لێی تێدەگەین، ئەنجا وەک کەسێک بیەوێ هاوگفتوگۆکەی بێدەنگ بکا لێی پرسیم: محەمەد چیت لێ قەوماوە؟

قسەیەکی سەرنجی راکێشام کە گوتی "موبارەک وەک من جا لەو بەینەدا پێکەنی لە باڵەفڕوانیدا چەند کۆمەڵێکی لەناو ئەفسەراندا هەیە کە بەسەر چەکی ئاسمانیدا باڵادەستن" ئەنجا گوتی "خۆماڵیکردن، لە قۆناغی داهاتوودا بە هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی تێی دەکەون پرسێکی گرینگە، رەنگە هەموو خەڵک بەو خێراییەی پێویستە لێی حاڵی نەبن".

لێم پرسی: بەڵام شا زاواکەی کردووەتە فەرماندەی باڵەفڕوانی نەک بە جێگری سەرۆکی دەوڵەت!، "موبارەک" بە بڕوای من شارەزایی لە کاروباری حوکمڕانی لە سیاسەتی ئەمڕۆدا نییە، نەخاسمە ئەوەی پێوەندی بە داواکاری و کێشەکانی خەڵکەوە هەبێ".

لێم پرسی "بۆچی دەرفەتی ئەوەی نادەیتێ لە یەکێک لە وەزارەتەکانی بەرهەمهێنان یاخۆ خزمەتگوزاریدا کار بکا، تا لە دۆخی بەڕێوەبردنی مەدەنی تێ بگا و لەنێزیکەوە لە داواکاری و خواستەکانی خەڵک ئاگەدار بێ".

وەڵامەکەی ئەوە بوو "نا، ئەگەر ئەوەی تۆ پێشنیازی دەکەی بیکەم، ئەوە لە داهاتوودا دەیسووتێنم، دەسکەوتی خێرا لە وەزارەتە جێبەجێکارەکاندا زۆر سەختە".

***

تیشکێک بە زەینمدا گوزەری کرد، ئەو راپۆرتەم بیر کەوتەوە کە سامی شەرەف بە دەسخەتی خۆی لەبارەی پێوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ ساداتی جێگری سەرۆکدا کە لە ساڵی ١٩٧٠ لە

خـەرتووم بوو، نووسـیـبووی، لەناو قسـەکـاندا ئاماژەی بە هەوڵی کوشـتنی ئیـمام هـادی لەرێی سەبەتەیەکی بۆمبڕێژی مانجۆوە تێدایە!

بە سـەرۆک سـاداتم گـوت لەبارێکدا نەمـدەزانی لەبارەی یاداشـتەکـەی سـامی شـەرەفـەوە چی ئاشکرا دەکەم و چی دەشارمەوە "بـەڵام موبارەک لە کێشەی تیرۆرکردنی ئیمام هادیدا مقۆمقۆی زۆری لەسەر هەیە و لەگەڵ راگەیاندنی بوونی بە جێگری سەرۆک، ئەو بابەتە هەمووی لە خەرتووم دێتەوە ناو باسان". سادات بە شێوازەکەی خۆی بۆ قایلکردنی ئەو کەسەی گومانی لە شتێک هەیە وەڵامی دایەوە "محەمەد کێشەی تۆ ئەوەیە باوەڕ بە مقۆمقۆ دەکەیت و پێدەچێ ئەو چەند مانگەی لە من دابڕاویت (واتە لەو کـاتەوە ئەهـرامم لە فـێـبـرایەری ١٩٧٤ بەجێ هێـشت) لە سـەرچاوەی هەواڵە راستەکان دووری خستوویتەوە".

بەڕێزەوە گوتم "هەواڵی راست لە هەموو جێیەک هەیە بۆ کەسێک بەدوایدا بگەڕێ".

سەرۆک وەک هەستی کردبێ بەو تێبینییەی دوایی نیگەرانی کردم، بەجارێ خەندەیەکی فراوانی پڕ بە لێوەکانی کرد وەک بیەوێ لێبوردەیی خۆی پیشان بدا، ئەنجا بە زمانێکی پڕ دۆستانەی خۆی ئاسـا گـوتی "بابەتەکە ئـەوەیە تۆ بە غـەریزەی رۆشنامـەنـووسـیـانەت هـەمـوو هەواڵێکی وروژێنەر سەرنجت رادەکێشێ"!.

گوتم: "هەر هەواڵێکی وروژێنەر؟! تۆ خـۆت هەمـوو چیـرۆکـەکـەت بە تەلەفۆن گـێـڕایەوە و سـامی شەرەف بە خەتی خۆی تۆماری کرد تا بیخاتە بەردەم جەمال عەبدولناسر، ئەوەیش سامی شەرەف نووسیویەتی لەناو ئەو کاغەزانەمدایە کە جەنابت خۆت بە منت دا"!

وا هەسـتم کـرد ئەوەی پێ سـەیر بوو، یەکـەم شـتـیش بۆ دەربڕینـی ئەو حـاڵەتە دەری بڕی وەک جۆرێ لە سەرسوڕمان کە لە دەمی دەرچووبێ گوتی "ئاه"!

جا بە هەڵەداوان پرسـی ئاخـۆ ئەو کاغـەزەم لایە کـە سـامـی شـەرەف نووسـیـویەتی و داوای کرد پیشانی بدەم!

گوتم کاغەزەکە هەیە بەڵام لێرە نییە و ئەوەم بیر خستەوە کە من پێشـتر مۆڵەتم لێ وەرگرتبوو تا هەندێ لە ئەرشیفی بەڵگەنامـەکانم ببەمـە دەرەوەی میسر، نەوەک لە کێشـمـەکێشی ئەو ململانەی دەسەڵاتەی پاش مردنی جەمال عەبدولناسر سەری هەڵدا ببنە سووتەمەنی.

پێم گوت لە یەکەم گەشتمدا بۆ ئەوروپا کاغـەزەکەی بۆ دێنم، بەڵام هاوکات ئەوەم بیر خسـتـەوە دەبێ بـەدووری نەزانێ ئـەمـەریکاییـەکـان و رەنگە سـۆڤـیـەت و تـەنانەت ئیـسـرائیلیش تەواوی گفتوگۆکەیان لەگەڵ سامی تۆمار کردبێ، کەواتە کەسانێک هەن چیرۆکەکە دەزانن و دوور نییە، بەبێ هیچ کاغەزێکی نووسراو، تۆماری تەواوی گفتوگۆکەیان لەلابێ!

پاش ئەوە کـەوتینـە ناو گێـژاوی پەرەسـەندنەکانی رووداوەکـان، نە سـەرۆک جارێکی تر داوای کاغەزەکەی کردەوە و نە منیش لە گەشتەکەمەوە لە ئەوروپا هێنامەوە!

***

بەڵام گرینگترین شت پاش هەستان لە پشووەکەی "قەناتیر" ئەوە بوو کە چەند راستیەکم بۆ دەرکەوت:

١- هەڵبژاردنی "موبارەک" بۆ جێگری سەرکۆمار هەڵبژاردنێکی سادە نەبوو بگرە ئاڵۆز بوو و زۆر شت تێیدا لەبەرچاو گیراون، ئەوە تەنیا هەڵبژاردنی یەکێک نەبوو لەو پیاوانەی لە جەنگی ئۆکتۆبەردا دەرکەوتن لەسەر بنەمای رۆڵی زیاتری یەکێکیان لەچاو ئەوانی تر، بگرە جگە لە ئۆکتۆبەر شتێکی تر هەبوو کە لەو هەڵبژاردنەدا موبارەکی هێنابوویە پێش و کاندیدی کردبوو.

٢- سەرۆک سادات پیاوێکی هەڵبژاردبوو کە پێشتر دەیناسی و توانای کارکردنی تاقی کردبووەوە و لێی دڵنیا بوو.

٣- لەو کاتەی بڕیاری هەڵبژاردنی ئەو پیاوەی داوە شتێکی گرینگ بەلای ئەو و سیاسەتەکانیەوە لە مێشکیدا بووە، ئەویش مەسەلەی پاراستنی رژێمە لە بارودۆخی گۆڕانکارییە هەستیارەکاندا!

٤- موبارەک پێش لە هەڵبژاردنی، ئاماژەیەکی وای لەخۆی نیشان داوە کە ئامادەیە ئەرکەکانی زیاد لە سنووری پێویستیش جێبەجێ بکا وەک ئەو گوتەزا بەناوبانگەی لە سیستەمی سەربازیی بەریتانیادا هەیە و دەڵێ Going beyond the call of duty واتە جێبەجێکردنی ئەرک بە زیادیشەوە ئەگەر پێویستی کردا!.

***

## پرسیارێک و چەندان وەڵام

ئاوێکی زۆر لەنێوان کەنارەکان (چفاف)ی رووبارەکانەوە فوارەیان بەست تا "پایزی تووڕەیی" لە ساڵی ١٩٨١دا هات و سەرۆک سادات تیرۆر کرا و حوسنی موبارەکی جێگری بوو بە کاندید بۆ جێگرتنەوەی، بڕیار درا راپرسی لەبارەوە بکرێ، هەڵمەتە بەناوبانگەکانی دەستگیرکردن لە سێپتەمبەری ١٩٨١ ژمارەیەکی زۆر لە سیاسەتوان و سەندیکاکاران و نووسەرانی لە زیندان توند کران و گیراوەکان منیش لەناویاندا بووم لە زیندانی "پاشکۆی کێڵگەی توڕە"وە چاودێریی رووداوەکانی دەرەوەی شوورەی زندانیان دەکرد، بەڵام سەرچاوەکانی زانیاری لەناو ئەو شوورانەدا زۆر کەم و پچڕپچڕ بوون.

***

رۆژێکیان یەکێک لە پارێزەرە بەناوبانگەکان سەردانی زیندانی "تورڕە"ی کرد و داوای بینینی سێ لە گیراوەکانی کرد، هەریەک بە جیا، کە بریتی بوون لە: "فوئاد سیراجەدین" (پاشا)، فەتحی رەزوان و من.

لە ژووری عەقید (مەحموود ئەلغەنام) بەرپرسی ئەوکاتی زیندانەکەدا پارێزەرەکە بەجیا لەگەڵ

هەریەکەمان کۆ بوویەوە، داواکەی ئەوە بوو گیراوانی سیاسی ناو زیندانەکە بەیاننامەیەک دەربکەن و تێیدا پشتگیری لە هەڵبژاردنی "موبارەک" بە سەرۆک بکەن، ئاماژەیەکی وایشی دەدا کە ئەو کارە ڕێگەی ئازادبوونیان ئاسان دەکا وەک نیشاندانی نیازپاکی. جێی سەرسوڕمان بوو هەرسێک، کە بەجیا لەگەڵ پارێزەرەکە کۆ بووبوونەوە، هەمان رایان هەبوو، ئەویش ئەوە بوو بۆ کەسێک لەسەر جیاوازیی بۆچوون گیرابێ دروست نییە پشتگیری لە کاندیدێک بکا لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیدا، نەخاسمە ئەگەر کاندیدەکە ئێستە جێگری سەرۆک بێ، ئەوە نە بۆ ئەو گیراوانە و نە بۆ کاندیدەکە شەرەفمەندانە نییە، چونکە لەودیو تووڵەکانی زیندانەوە ئازادیی بڕیاردان بوونی نییە، هەروەک مومارەسەکردنی ئازادی لەناو زینداندا نە سوود بە خاوەنەکەی دەگەیەنێ، نە ئامانجی خۆیشی دەپێکێ، چونکە مایەی خانەگومانی و دڕدۆنگییە!

راپرسییەکە کرا و "موبارەک" هاتە هەڵبژاردن، پاش چەند رۆژێک لەرێی تەلەفۆنی نووسینگەی بەرپرسی زیندانەوە نامەیەکم لە دکتۆر ئوسامە ئەلباز (راوێژکاری یەکەمی سەرۆکی نوێ)ەوە پێ گەیشت، کورتەی ناوەڕۆکەکەی ئەوە بوو بڕیار دراوە گیراوانی سیاسی بەچەند کاروانێک ئازاد بکرێن و پاش تێپەڕینی ٤٠ رۆژ بەسەر مردنی سەرۆک ساداتدا دەست بە جێبەجێکردنی بڕیارەکە دەکرێ و سەرۆکی نوێ تکا دەکا، لەو جێیەی خۆمان لە زیندانی تورە ئارام بگرین تا ئەو چل رۆژە تێدەپەڕێ!

ئوسامە داوای لێکردم پەیامەکە بە هەموو ئەو هاوەڵانەی زیندان بگەیەنم کە دەیانبینم، کاتێ لە پشوویەکدا پەیامەکەی شەوم بە برادەرانی زیندان راگەیاند، کاردانەوەی جۆراوجۆریان هەبوو.

مامۆستا فەتحی رەزوان بەتووڕەیی گوتی "ئەوە خورافەی دابونەریتی گوندە" و "لۆجیکی گەورەی خێزان"ـە و "سەرۆکی نوێ رێک بە عەقڵیەتی ئەوەی پێش خۆی بیر دەکاتەوە!".

رای "فوئاد سیراجەدین" واقیعیانەتر بوو و گوتی "رەنگە سەرۆکی نوێ لەوە بترسێ بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی سەرۆکی پێشوو تۆمەتبار بکرێ و ناردنی ئەو پەیامی دڵنیاکردنەوەیە بۆ ئێمە و خەڵکی تریش ئامانجی خۆی هەیە".

"فوئاد سیراجەدین" روو بە فەتحی رەزوان گوتی "بەهەر حاڵ، سەیرکە هەموویان لە حاڵەتی سەراسیمەدان و هەموو لە هەڵوێستێکی دژواردان، ئێستە ئەوە بەسە کە بڕیاری ئازادکردنیان داوین و ئەوەیان پێ راگەیاندووین، ئەمە ئاماژەیەکی روونە".

"فوئاد سیراجەدین" لە قسەکانی روو بە فەتحی رەزوان بەردەوام بوو "وا دابنێ دەستبەجێ ئازادیان کردین، چی دەکەین، دەبێ چاوەڕوان بین بزانین دۆخەکە بەرەو کوێ دەچێ، مادام بڕیار بێ چاوەڕوان بین باشتر نییە لێرە چاوەڕوان بین تا بچینە دەرەوە و لەناو دۆخێکی شلۆقدا کە ئێمە لێی دابڕاوین سەرمان لێ بشێوێ و نەزانین چی بکەین، بەتایبەت کە من پێشبینی دەکەم پاش ئەم نامەیە جۆری مامەڵەکردن باشتر ببێ و هەلی پێوەندیکردنمان بە دەرەوە بۆ بڕەخسێ، رۆژنامەکانمان بۆ دێنن، رێگە بە سەردان دەدەن و وەک ئێستەیش (کە تەنیا نیو سەعات بواری

وچانێکمـان پێ دەدەن) بە ڕۆژ و شـەو دەرگـای زیندانەکـانمان لـەسـەر قـەپات ناکرێ، لـەبەرئەوە کەشوهەوای ناو زیندانیش دەگۆڕێ".

مستەفا شۆرباچی (پارێزەری بەناوبانگ) هـەڵی دایە و بە نارەزاییەوە بە "فـوئاد سیـراجەدین"ی گوت "نەخێر پاشا، هیچ سازشێک لەسەر مافی ئازادی ناکرێ".

ئەویش وەڵامی دایەوە "زۆر باشە سازش مەکە، بەڵام بڵێ بزانە دەتوانیت چی بکەی؟!".

ئەو مشتومڕە شتێکی نەزۆک بوو، لەبەرئەوەی قسـەی کۆتا لەبارەی ئەوانەی لە زینداندا بوون، بۆ دەستڕۆیشتووانی دەرەوەی زیندان بوو.

کـاتێ ٤٠ ڕۆژەکـە تێپـەڕی دەست بە ئازادکـردنمان کـرا و "مـوبارەک" وای بە باش زانی بەردانەکـەمـان پاش کـۆبوونەوەمـان بێ لەگـەڵی لە کـۆشکی "عـرووبە" و لە ڕێگەدا پێشنیـازم بۆ هاوڕێیـانی گـرووپی یەکـەمی بەردراوەکـان کـرد کـە یەکێکمـان لەبری هەمـووان قـسـە بکا، تا لە دیدارەکـەدا پارێزگـاری لە چوارچێـوەی ڕێزگـرتنی پێـویست بۆ بـۆنەکـە و بۆ خـۆیشـمـان بکەین. پێشنیازم کرد "فوئاد سیراجەدین" (پاشا) بەناوی هەموومانەوە قسە بکا لەبەرئەوەی لە هەموومان بەتەمەنتر و خاوەن ئەزموونێکی زیاتریش بوو لە سیاسەتدا، هەمووان بەوە قایل بوون.

ژمـارەمـان (یەکـەم کـاروانی گـیـراوانی سـیـاسـیـی ئازادکـراو) نێـزیکەی ٢٥ کـەس بووین، ئۆتۆمۆبێلێکی گەورە لە زیندانی توڕەوە بردینی بۆ نەخۆشخـانەی عەنبەری تایبەت بە گیراوان لە کۆشکی عـەینی کە هێشـتـا هەندێ لەوانەی بڕیاری ئازادکرانیـان درابوو لەوێ لەژێر چارەسـەردا بوون، لەوێشەوە بۆ کۆشکی عرووبە!.

سـەرۆکی نوێ کە دکتۆر فوئاد محیەدینی سەرۆک وەزیرانی بەتەنیشتـەوە بوو، یەک بەیەک تەوقە و چاکوچۆنی لەگـەڵ کـردین، کـاتێ لە دەوری کـۆ بووینەوە بۆ گفـتـوگۆ هـەستم کرد سـەرۆکی نوێ بایەخ بـە زانینی بۆچوونی من دەدا و ڕووی کـردە مـن و گـوتی "مـحـەمـەد بەگ" فـەرمـوو!، منیش ئاماژەم دا کە ئێمە "فوئاد سیراجەدین"مان سـەرپشک کردووە بەناومانەوە قسە بکا. ئەو سیاسییە دەبڵەوە (مخـضـرم)ە لە قسـە و شیکردنەوەکـەیدا نایاب و لە ئەرکەکەیدا سـەرکەوتوو بوو. بەڵام "موبارەک" ئاوڕی لە من دایەوە ئاخـۆ شـتێکم هـەیە بیڵـێم، منیش سـوپاسم کرد و گوتم کە فـوئاد (پاشـا) قـسـەی دڵی هـەمـوومـانی کـرد (ئەگـەرچی ئەوە بەری بە حـەزی ئەوانـی تر بۆ قـسـەکـردن نەگرت، ئەوە بوو هـەندێکیان قسەیان کرد و شـتێک ڕووی دا کە حەزم نەدەکرد ڕوو بدا، لەو جۆرەی هـەندێ لە سیاسـەتوانان لەکاتی دیدار لەگەڵ کاربەدەسـتان دەیکەن بەتایبەت ئەگەر کـەوتنە خـەیاڵی ئەوەی بۆ خـۆبردنە پێش خـۆیان بناسـێنن، یاخـۆ ئامـادەسازی بۆ شـتێک بکەن)، من بێـدەنگبـووم و گوێگرتنم بەچاک زانی!

پێـنج ڕۆژی تێ پـەڕین، تەلـەفـۆنێکم لـە نووسـینگـەی سـەرۆکـەوە بـۆ هات، تێـیـدا سکرتێـرە تایبـەتەکـەی ئـەوکاتەی (وابزانم جـەمـال عەبدولعـەزیز بوو) گـوتی "جـەنابی سـەرۆک داوەتی کـردووی

سبەی سەعات هەشتی بەیانی بۆ نانی بەیانی لەلای میوان بیت، کاتێکی زوویشی هەڵبژاردووە، چونکە دەزانێ تۆ زوو هەڵدەستی، ئەویش وەک تۆ وایە و حەز دەکا لەسەرەتای ڕۆژەوە دەست پێ بکا".

هەروەها گوتی "جەنابی سەرۆک فەرمانی پێ کردووم پێت ڕابگەیەنم کە بەتەنیا بۆ نانی بەیانی داوەت کراوی" (واتە کەسی تر ئامادە نابێ).

ئەوەیشی لێ پرسیم ئاخۆ دەکرێ بۆ وەرگرتنی ژمارەی ئۆتۆمۆبێلەکەم پێوەندی بە نووسینگەکەمەوە بکا، تا هێزەکانی ئاسایش ڕێگە بە هاتنە ژوورەوەی بۆ ناو ماڵی سەرۆک بدەن.

کاتێ داوەتنامەکەی سەرۆکی نوێم پێ گەیشت بە ڕێکەوتێکی سەیر دوو هاوڕێی کۆنم میوانم بوون، ئەوانیش دکتۆر ئوسامە ئەلباز و مامۆستا مەنسوور حەسەن کە هەردووکیان "موبارەک" باش دەناسن، "ئوسامە ئەلباز" نێزیکترین ڕاوێژکاری بوو، مەنسوور حەسەن هاوڕێ و وەزیری دەوڵەت بوو بۆ کاروباری سەرۆکایەتی لە دوایین ساڵی حکومڕانی سادات کە موبارەک ئەوکات جێگری سەرۆک بوو، پێوەندیەکی تەمومژاوی لەنێوان "موبارەک" و مەنسوور حەسەندا هەیە کە قسە و قسەڵۆک و چیرۆکی زۆری تێدا باس دەکرێ.

بەهەردووکیانم گوت "پێ دەچێ من سبەی سەرۆکی نوێ ببینم، کە بە پێچەوانەی ئێوە تەنیا لەچەند ڕێکەوتێکدا بینیومە، ئێوە لەنێزیکەوە کارتان لەگەڵ کردووە و لە کەسایەتی ئەو شارەزان "، هەروەها گوتم "من نامەوێ پێوەندیێکی پتەوم لەگەڵ سەرۆکێکی تری میسردا هەبێ، چونکە بەشی خۆم لەو پێوەندییانە لەگەڵ جەمال عەبدول ناسر لە یەکەم ڕۆژ تا دوایین ڕۆژی ڕۆڵی سیاسی ئەو بردووە، هەروەها بەهەمان شێوە بەدرێژایی چوار ساڵی یەکەمی سەرۆکایەتیی ئەنوەر سادات، تا ئەو کاتەی لە ئیدارەی سیاسیی شەڕی ئۆکتۆبەردا ناکۆکی کەوتە نێوانمان، چیتر نامەوێ دۆستایەتی یا خۆ دوژمنایەتیم لە گەڵ سەرۆکێکی نوێی میسر هەبێ، تەنیا دەمەوێ وەک ڕۆژنامەنووس و نووسەرێک مافی ڕادەربڕینم هەبێ و هیچی تر.

واتە نامەوێ پێوەندییەکی تایبەتم هەبێ، هەوڵی پێکدادانیش نادەم، تەنیا دەمەوێ دوور بە دوور پێوەندیەکی ئاساییم لەگەڵی هەبێ، ئێستە ئەمە دەرفەتێکە، لێتان بپرسم " چۆن بتوانم لەو سنوورەدا لەگەڵ ئەم "هاوڕێیەتان" مامەڵە بکەم، بەتایبەت وەک گوتم پاڵنەرەکانی پابەندبوونی بەسیاسەتێکەوە کە بە دروستی نازانم دەزانم، لەلایەکی ترەوە من وەک کەسایەتییەکی زۆر ئاڵۆزتر لەوەی لای خەڵک باوە دەیبینم کە نوکتەی "ئەو مانگایەی پێ دەکەنێ"ی لەبارەوە بڵاو کردووەتەوە، من بەکەسایەتیەکی زۆر ئاڵۆزتری دەبینم".

ئوسامە ئەلباز دەستبەجێ وەڵامی دایەوە کە من لەسەر هەقم لەوەی چیرۆکی "ئەو مانگایەی پێدەکەنێ"م خستووەتە لاوە، چونکە لە ڕاستیدا ئەو جۆرە تێگەیشتنە لە کەسایەتیی موبارەک سادەکردنی کەسایەتییەکی ئاڵۆزە.

پێم نەگووتن کە من پێشتر هەندێ لایەنی شاراوەم لە تۆماری سەرۆکی نوێدا بینیوە( واتە رووداوەکەی خەرتوم).

ئوسامە درێژەی دایە و گوتی کە من باش دەناسێ، ئەو لە ستافی نووسینگەکەم بوو کاتێ وەزیری راگەیاندن و دەرەوە بووم، ئینجا پاش تەواوبوونی ئەرکێکی وەزاری (سنووردار لە ماوە و ئامانجدا) لەگەڵم گواستییەوە بۆ رۆژنامەی (الاهرام)، لەگەڵم مایەوە تا پاش ناکۆکی لەگەڵ سەرۆک سادات من ئەهرامم بە جێ هێشت، ئەویش گەڕایەوە بۆ وەزارەتی دەرەوە و بوو بە راوێژکار لە نووسینگەی وەزیرکەی "ئیسماعیل فەهمی".

ئوسامە ئەلبازیش گوتی " من لەگەڵ تۆ و هەروەها لەگەڵ سەرۆک موبارەکیش کارم کردووە، ئەویش لەو کاتەی ئەو جێگری سەرۆک بوو و وەزیر ئیسماعیل فەهمی منی هەڵبژارد تا وەک راوێژکاری وەزارەتی دەرەوە لەگەڵی بم، بە تایبەت کە سادات هەندێ کاری لە ناوچەکە و هەروەها لە پێوندییەکانی دەرەوەدا پێ دەسپارد، هەر بۆیە ئەزموونی زیاتر لە ١٢ ساڵ کارکردنم لەگەڵی هەیە، کەواتە من تۆ دەناسم ئەویش دەناسم".

هەروەها گوتی باشت کردووە کە چیرۆکی "مانگا پێکەنیوەکە"ت بەتەواوی دوور خستووەتەوە، ئەگەر بۆچوونی منیشت دەوێ ئەوا دوو تێبینیم هەیە:

یەکەم: لە قسەکردن لەگەڵیدا بە هیچ شێوەیەک باس لە هیچ کێشەیەکی فیکری یاخۆ تیۆری مەکە، ئەو بەردەوامبوون لەو بابەتەدا بەلایەوە ئاستەمە، چونکە زیاتر حەزی لە شتی کردارییە تا شتی فیکری یاخۆ تیۆری، ئەگەر بویستریێ بە شیکردنەوە شتەکانی بۆ ئاسان بکرێ ئەوا لە قسەی بەرامبەرەکەی غافڵ دەبێ و گوێی بۆ ناگرێ!.

دووەم: من شێوازی تۆ لە قسەکردندا دەزانم، درێژە بە قسە دەدەی، ئینجا بیرۆکەیەک باس دەکەی کە بە خەیاڵتدا دێ، ئینجا دەگەڕێیتەوە بۆ بابەتە ئەسڵییەکەی خۆت، بەڵام "موبارەک" لەوەدا شوێن پێت ناکەوێ، لە هەر جارێکدا باسی یەک بابەتی لەگەڵدا بکە و رێگە مەدە بابەتەکان بەدەستتەوە پەرش و بڵاو ببن، ئەگینا هەر بەخۆت زانی وا دوور لەو قسە دەکەیت و ئەو لەگەڵت نەماوە!".

ئوسامە گوتی "ئەوەت لەبیر بێ کە لە سەرۆک ساداتەوە زۆرتر لەوەی بەخەیاڵتدا دێ لەبارەی تۆوە شتی بیستووە، زۆر جار لێی دەپرسیم: چۆن وا ئەو هاوڕێیەتییە نێزیکەت لەگەڵ سەرۆک سادات بۆ دروست بووە و چۆن چۆنی ئا بەو شێوەیە ناکۆکی کەوتە نێوانتان؟ ئەمە بووبووە مەراق لەلای، بەتایبەت کە ئاگای لە قووڵیی دۆستایەتییەکەت لەگەڵ سەرۆک عەبدولناسریش هەبوو و سەرسام بوو بە گەورەیی ئەو هاوڕێیەتییە، هەروەها بۆی گێڕامەوە کە چاودێریی کردوویت لەکاتی جووڵاندنی دیواری مووشەکەکان بۆ بەرەی شەڕ لەو کاتەی وەزیر بوویت و لەو بەدواداچوونەدا ئەوەی بۆ دەرکەوتووە بەبێ ئاوڕدانەوە بۆ دواوە رەفتار دەکەیت، ئەوەیش واتای ئەوەیە تۆ لەسەر زەوینەیەکی "زۆر رەق" وەستاوی (بیرم کەوتەوە ئەوە دووەمین جار بوو هەمان وەسفی لێ بیستم،

جـارێکیـان لـە "مـوبارەک" خـۆی لەکـاتی جـەنگی ئۆکـتـۆبەردا لەو کـاتـەی بەڕێوە بووین بەرەو نووسینگەی "ئەحمەد ئیسماعیل"، هەروەها ئەم جارەیش کە لە زاری ئەوەوە پێم گەیشتەوە و لە دۆخێکدا بووە خۆم ئاگام لێ نەبووە".

ئوسامە دوو تێبینیشی لەبارەی شێوازەوە گوت، ئەو پیاوێکە لە "هێزی دەسەڵات" لە هەر کوێیەک بێ تێ دەگا، ئەوەیش کلیلێکی سێیەمە بۆ تێگەیشتن لە کەسایەتیی ئەو، کلیلێکی تریش توانای ئەوە بۆ شاردنەوەی نیاز و مەرامەکانی لای خۆی، بۆیە تکات لێدەکەم هەوڵ مەدە فیکری ئاشکرا بکەیت، چونکە وای لێ دەکەیت لێت بسڵەمێتەوە، سڵەمینەوەیش لای ئەو پێوەستە بە تێگەیشتنی لە هێزی دەسەڵات".

ئاوڕم دایەوە بۆ لای مەنسوور حەسەن کە بە بەبایەخ و زەردەخەنەوە گوێقوڵاخ بوو بۆ گفتوگۆکە، زەردەخەنەکەی زیاتر بوو کاتێ رووی پرسیارم کردە ئەو ئاخۆ چ بۆچوونێکی هەیە؟

وەڵامی دایەوە کە ئەو هیچ ناڵێ و پێی باشە خۆم شتەکان بدۆزمەوە.

هەروەها گوتی "هەرچی ببیستیت ناتوانێ ئامادەت بکا بۆ ئەوەی کە دەیبینیت، وا چاکترە خۆت ببینیت، دوای ئەوە من گوێ لە تۆ دەگرم"!

## دیدارە شەش سەعاتییەکە!

دیدارەکەم لەگەڵ "موبارەک" دۆستانە بوو، بەڵام ناتوانم بڵێم خۆشەویستانە بوو، چاوەڕوانی خۆشەویستی (حەمیمیەت) لەنێوانماندا نەدەکرا پاش ئەوەی لەو کاتەی لە خەرتووم کەوتە بەر چاوم لە دوورەوە چاودێریم دەکرد، دواتریش وەک جێگری سەرۆک لە قۆناغێکدا کە پێوەندییەکانم لەگەڵ سەرۆک سادات بە دۆخێکی ئاڵۆزدا تێدەپەڕی، ئەویش لەنێوان ساڵی ١٩٧٤ و ١٩٧٥، هەر لەو ماوەیەشدا پێوەندییەکە پچڕا کە ئەو وەک جێگری سەرۆک بەرپرس بوو لە ئاسایش و دەستەبەری، دواتریش لە بارودۆخێکی نائارامدا بوو بە سەرۆکی دەوڵەت!

بەرەبەیانی رۆژی شەممە ٥ی دیسەمبەر لە کاتی دیاریکراودا گەیشتمە ماڵەکەی بە یاوەریی ئەفسەرێک بە پلەی عەمید لە قاوشێکەوە چوومە ناو ساڵۆنێک، لە ساڵۆنەکەدا کەمتر لە خولەکێک چاوەڕوانم کرد و "موبارەک" گەیشت، بە زەردەخەنە و بە سیمایەکی لاوانەی بەجۆش و خرۆشەوە دەستی تەوقەی بۆ درێژ کردم.

دەستودەم و پێش لەوەی دابنیشێ گوتی "دەبێ ئێستە برسیت بێ، من دەزانم تۆ زوو لەخەو هەڵدەستی".

گوتم "راستییەکەی جەنابی سەرۆک من نانی بەیانیم خواردووە، بەڵام کاتێ نان دەخۆیت لەگەڵت دادەنیشم"، بەدەم پێکەنینەوە گوتی "لەڕاستیدا منیش شتێکی سووکم خواردووە".

منیش گوتم "کەواتە پێویست ناکا کات لەسەر مێزی نانخواردن بەفیرۆ بدەین، زۆر شتم هەیە لە

تۆی ببیستم".

دوای ئەوەی چەند جارێک دووپاتی کردەوە ئاخۆ نامەوێ لەو خواردنەی بۆیان ئامادە کردبووین شتێک بخۆم و منیش سوپاسم کرد، ڕەزامەندی پێشان دا و گوتی "کەواتە دوو کووپ قاوە داوا دەکەین و دادەنیشین".

"حوسنی موبارەک" بەبێ ئەوەی مەبەستی بێ، یان من مەبەستم بێ، کلیلێک لە کلیلەکانی کەسایەتیی خۆی دایە دەستم. ناخۆشبەختانە ئەوەی پێشکێشی کردم لەکاتی خۆیدا لە کیسم چوو، ئەگەرچی هەڵوەستەی پێ کردم و قسەم لەسەر کرد!.

هەر کە لەگەڵ سەرۆک "موبارەک" دانیشتین گوتم دوێنێ بیرم لەوە کردەوە داوا لە نووسینگەکەی بکەم کاتی دیدارەکە دوا بخا، لەبەرئەوەی لە ڕۆژنامەکاندا خوێندوومەتەوە کە سەرقاڵی پرس و ڕاوێژە بۆ ئەنجامدانی هەندێ گۆڕانکاریی وەزاری کە رای گەیاندبوو. وام بە خەیاڵدا هات ڕەنگە دیدارەکەی ئەمڕۆم تێکەڵییەکی ناپێویست لەنێوان دیدارەکانی سەرۆک تایبەت بە گۆڕانکارییە وەزارییەکە و دیدارە ئاساییەکانی وەک ئەو دیدارەی لەگەڵ من دروست بکا، یەکەمین قوربانیش لە تێکەڵوپێکەڵییەدا تیمی ڕۆژنامەنوسان دەبن، کە هەواڵەکانی سەرۆکایەتیی کۆمار ڕووماڵ دەکەن.

موبارەک بە دەم زەردەخەنەوە و بریسکانەوەیەک لە چاویدا گوتی "بۆچی بەوە تەنگاو دەبی؟ با تێکەڵی بکەن"!

تێنەگەیشتم مەبەستی چییە، لێم پرسییەوە، وەڵامێکی دامەوە کە سەرەتا لێی حاڵی نەبووم کاتێ گوتی ئەوانە (ڕۆژنامەنووسان) خەڵکێکی "لبط"ن. وام نیشان دا کە لە واتاکە تێنەگەیشتم، درەنگ تێگەیشتنەکەمی بەلاوە ناخۆش و گوتی "نازانی (لبط) یانی چی؟ خۆ خواجە نیت؟"، دڵنیام کردەوە کە نەخێر، جا دەستی بە شیکردنەوەی وشەی (لبط) کرد و گوتی "لێیانگەڕێ با شتەکان تێکەڵ بکەن، تا خەڵک دڵنیا بن هیچ نازانن".

دیسان لە مەبەستەکەی نەگەیشتم و لێم پرسییەوە، جا بە زەردەخەنەیەکی مانادارەوە وەڵامی دامەوە "ڕۆژنامەنووسان پێیان وایە هەموو شتێک دەزانن و زۆر سەرکەوتوون، باشتر وایە ڕاستییەکەیان بۆ خەڵک ئاشکرا ببێ، ئەوان گەمژەن و هیچ نازانن".

گوتم: بەڵام جەنابی سەرۆک ئەمە ڕۆژنامەوانیی تۆیە "واتە ڕۆژنامەوانیی وڵاتەکە"، بۆیە دەبێ متمانەکەی بپارێزی، با هەوڵێک بدرێ ڕۆژنامەنوسان دەستیان بگاتە هەواڵ و سەرچاوەکانی.

وەڵامی دایەوە "دکتۆر فوئاد (مەبەستی فوئاد محیەدین سەرۆک وەزیرانی حکوومەتەکەیەتی) بەردەوام ڕۆژنامەنووسان دەبینێ و لە ڕاستییەکان ئاگەداریان دەکاتەوە، بەڵام بێسوودە، ئەوان بەپێی میزاجی خۆیان تێکەڵ و پێکەڵ دەکەن و پرسیار لە کەس ناکەن!".

گوتم "هیچ ڕۆژنامەنووسێک نییە ڕێزی خۆی لابێ و هەواڵی ڕاست و دروستی پێ بگا و بڵاوی نەکاتەوە".

سوور بوو لەسەر بۆچوونەکەی و گوتی "ئەوان بڵاوی ناکەنەوە، جا یان لەبەرئەوەی بەرژەوەندیی تایبەتیان لەوەدا هەیە، یاخۆ تێناگەن".

هەستی کرد قەناعەتم بە قسەکان نییە و وەک دڵڕاگرییەک پێی گوتم "محەمەد بەگ، تۆ رۆژنامەنووسانی ئێستە بە ئەزموونی ئەوانەی پێشوو بەراورد دەکەی، ئێستە هیچ رۆژنامەنووسێک نییە پێوەندیی تایبەتی لەگەڵ سەرۆک هەبێ" (ئاماژەکە راستەوخۆ بوو).

گوتم "جەمال عەبدولناسر پێوەندی لەگەڵ زۆر لە رۆژنامەنووسان هەبوو، ئەوەیش رێگر نەبوو لەوەی هاوڕێیەتی لەگەڵ یەکێک لەوانە بەتایبەت هەبووبێ، بەڵام گرینگ ئەوەیە پەنجەکانی سەرۆکی دەوڵەت هەمیشە لەسەر ترپەی (دڵی) رای گشتی بێ".

موبارەک بابەتەکەی گۆڕی و زیاتر سەرم سوڕما کاتێ گوتی "بە راست بیرۆکەیەکم هەیە، ئێمە پێمان وابوو تۆ لەسەر کۆشی جەمال دادەنیشی، بەڵام دەرکەوت جەمال لەسەر کۆشی تۆ بووە".

درێژەی دایە "نەمدەزانی پێوەندییەکەتان تا ئەو رادەیەیە، تا مامۆستا ئەنیس مەنسوور بۆی باس کردم".

ئەو قسانەم بەلاوە قورس بوو و ئەوەیش بە روخسارمەوە دەرکەوت، رەنگە بە ئاوازی دەنگیشمەوە دیار بووبێ کاتێ پێم گوت "جەنابی سەرۆک تکایە ئەم قسانە لای کەسی تر و تەنانەت لەبەردەم خۆیشتدا دووبارە مەکەوە، لەبەرئەوەی یەکەم: راست نییە، دووەم: لەبەرئەوەی زیان بە ناوبانگی پیاوێک دەگەیەنێ کە بە بڕوای من و زۆر کەس لە میسر و ناوچەکە و جیهانیش، سەرکردە و سیمبولّی قۆناغێکی گرینگە لە مێژووی عەرەبیدا و هەرواش دەمێنێتەوە".

هەروەها گوتم "لەبارەی منیشەوە رەنگە من بەو وەهمە خۆشنوود بم کە من لەکاتی جەمال عەبدولناسردا (هەموو شت) بووم، بەڵام ئەوە راست نییە، لەبەرئەوەی جەمال عەبدولناسر، جەمال عەبدولناسر بوو، خۆشحاڵ بووم هێشتایش کە هاوڕێ و نێزیک و چاودێری رۆڵی بووم لەوکاتەی مێژوویەکی بۆ نەتەوە دروست دەکرد کە لانی کەم ساتێک لە هێز و شکۆی لە سەردەم و جیهانی خۆیدا بەرجەستە دەکرد، من ئەوە بە چاوێکی کراوەوە دەکەم و ئەوە دەزانم کە ئەزموونی عەبدولناسر ئەموونێکی مرۆیی بوو و قابیل بەوەیە وەک راستی، هەندێ جار هەڵەیش بکا، ئەزموونێکی ئەفسانەیی و مەعسووم و پیرۆز نەبوو، چونکە ئەوە شتێکی مرۆڤانە نەبوو، ئەوە راستییەکەیە"!

پێی بڕیم:

"من دەزانم سەرۆک جەمال کەسایەتییەکی چەندە مەزن بوو، ئەوەی پێم گوتی قسەی ئەنیس مەنسوور بوو، ئەوەیشی تەنیا بە من نەگوت، بگرە بڵاویشی کردەوە، من تەنیا ئەوەم گوتووە کە تۆ خۆت لەبارەی پێوەندییەکەت پێیەوە باست کرد، کە تۆ هاوڕێ و نێزیکی بوویت، منیش مەبەستم ئەوە بوو، مەبەستم ئەوە بوو تۆ هەموو شتێکت دەزانی، بەڵام ئێستە رۆژنامەنووسان نازانن".

گوتم جۆری پێوەندیی ئەو "موبارەک" لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان بەدەستی خۆیەتی و دەتوانێ چۆنی بوێ باسی بکا، بەڵام هیوادارم ئاسانکاری بۆ میدیا بکا تا زانیاریی زیاتری دەست بکەوێ، چونکە ئەوە لە بەرژەوەندیی هەموواندایە، لەپێشیانەوە ئەو خۆی.

لەسەر رای خۆی سوور بوو و نەیگۆڕی، بگرە زیاد لەوەیش وەڵامی دامەوە کە "ئەگەر ڕۆژنامەنووسان زیاتر بزانن، زیاتر گەمەم پێ دەکەن".

بە نیوچە نارەزاییەک گوتم "جەنابی سەرۆک تۆ بەرامبەر میدیایەک بەدگومانیت، من هەندێ لە پیر و لاوەکانی پیشەکە دەناسم و متمانەم هەیە کە گەمە بە هەواڵەکان ناکەن، چ جای نهێنییەکان" و چەند دیمەنێکم لەبارەی پیشەی ڕۆژنامەنووسی لە میسر و مێژوو و پیاوەکانی باس کرد، ئەگەرچی لە باسکردنی مێژووی ڕۆژنامەنووسیی میسردا "زۆربلێیی"م کرد، بەڵام هەستم دەکرد گوێی شل کردووە و هەندێ پرسیار و وردەخوازی (استفسار)ی لەبارەی هەندێ کەس و ڕووداوەکان هەبوو.

دوای ئەوە بە باشم زانی ئەو بابەتە بگۆڕم بۆ بابەتێکی تری جێبایەخ لە یەکەمین دیدارمدا لەگەڵ سەرۆکی نوێی دەوڵەت لە میسر لە دۆخێکی بەگێژاوی کەموێنەدا، کە ئاگر و خوێنی بەسەر میسردا پژاند!

***

گفتوگۆکەم بۆ دەروازە سرووشتییەکەی خۆی گێڕایەوە و بەسەرۆکم گوت: بەپەرۆشم بۆ بیستنی ئەو.

وەڵامی دایەوە: بەڵام ئەم جارە من دەمەوێ گوێ لە تۆ بگرم و پرسیارت لێ بکەم، جاری داهاتوو تۆ پرسیار لە من دەکەی، ئەوەی بە لەخۆبوردەییەکەوە گوت وەک ئەوەی لەم جارەدا ئەو "ئەرکی دۆزینەوە" بێ و بیەوێ ئەو "کەش"ە بناسێ کە پێویستە کاری تێدا بکا و گوتی "ئەو ڕۆژەی پاش ئازادکردنتان هاتی بۆ کۆشکی عرووبە، من داوام لێ کردی قسە بکەیت، بەڵام نەتکرد". گوتم من داوای بەخشینم کرد لەبەرئەوەی پێش هاتنمان ڕێک کەوتبووین یەکێکمان لەباتیی هەموومان قسە بکا، بۆ ئەوەیش "فوئاد سیراجەدین"مان هەڵبژارد لەبەرئەوەی لە هەمووومان بەتەمەنتر و بەئەزموونتر بوو لە کاری سیاسیدا.

قسەی پێ بڕیم و پرسی ئاخۆ لە زیندانی توڕڕە سیراجەدینم ناسیوە؟ گوتم من لەپێش شۆڕشی ١٩٥٢ەوە دەیناسم کاتێ سکرتێری گشتیی حزبی وەفد و وەزیری ناوخۆ بوو، ئەوکاتە (کە لە کۆتاکانی بیستەکانی تەمەنمدا بووم) سەرنووسەری "اخر ساعە" و بەڕێوەبەری نووسینی "اخبار الیوم" بووم و پێوەندیم لەگەڵ زۆر لە سیاسەتوانەکانی میسر هەبوو، کە "فوئاد سیراجەدین" لە دیارترینیان بوو، پێوەندیشم لەگەڵی و لەگەڵیان گۆڕانی بەسەردا نەهات، بگرە لەگەڵ ڕۆژدا پتەوتر بوو، تەنانەت پاش شۆڕشی یۆلیۆیش.

موبارەک پێی بڕیم و پرسی: ئایا سەرۆک عەبدولناسر ئەوەی دەزانی و قبووڵی دەکرد؟! گوتم:

جەمال عەبدولناسر، بۆ نموونە مستەفا نەحاسی خۆش دەویست و رێزی دەگرت، زۆر سیفەتی باشی لە "فوئاد سیراجەدین"دا دەبینی و بە ساسەتوانێکی زیرەک و بە ئەزموونی دادەنا، تەنانەت ئەگەر لەگەڵیشی جیاواز بووبێ.

موبارەک ساتێک داما و پرسی "بەڵام ئەی هەر سەرۆک جەمال عەبدوولناسر نەبوو "نەحاس"ی گرت؟".

گوتم "بە واتا راستەقینەکەی نەیگرتبوو، تەنیا فەرمانی دەرکرد لە ماڵەکەیدا بمێنێتەوە، ئەوەشی لەساڵی ١٩٥٥ لە بارودۆخێکی دژواردا کە بەرەو شەڕی سویس دەچوو. لەو کاتەدا زانیارییەکان باسیان لەوە دەکرد ئینگلیز بەدوای حکوومەتێکی جێگرەوەدا دەگەڕێن بۆ رێژیمی ٢٣ی یۆلیۆ، جەمال عەبدولناسر دەترسا لەوەی کەسێک نەحاس پاشا لە خشتە ببا و لە باسکردنی حکوومەتێکی جێگرەوەی بگلێنێ، بەتایبەت کە لەو کاتەدا زانیارییەکان وا بوون هەواڵگریی بەریتانیا نەحاس پاشا یاخۆ لیوا "محەمەد نەجیب" پێشنیاز دەکا بۆ سەرۆکایەتیی حکوومەتێک بتوانن لەگەڵی رێک بکەون.

بە بڕوای من عەبدولناسر دەیویست نەحاس پاشا بپارێزێ زیاتر لەوەی ویستبێتی خراپەی بەرامبەر بکا، من دەزانم شێوازەکە نامۆیە، چونکە کەس بۆ پاراستنی کەسێک کە بۆی بەپەرۆش بێ، ناچێ لە ماڵەکەیدا بەندی بکا، بەڵام جەمال عەبدولناسر لە قسەکردنیدا لەگەڵ من ئاماژەی بۆ ئەوانە کرد نەحاسیان لە رووداوەکەی ٤ فێبرایەری ١٩٤٢ەوە گلاند، بیرمە من لەو کاتەدا روخسەتم خواست تا پێش لە جێبەجێکردنی بڕیاری ماڵبەندکردنەکەی نەحاس بچمە لای و هۆکانی بڕیارەکەی بۆ روون بکەمەوە، عەبدولناسریش قایل بوو و چووشم بۆ بینینی نەحاس پاشا.

ئەوکاتە و ئێستەیش نەیاری ئەو شێوازەم، ئەگەرچی لە پاڵنەرەکانیشی دەگەم.

***

موبارەک پێی بڕیم "دەتەوێ بڵێیت سەرۆک جەمال عەبدولناسر نەحاسی خۆش دەویست؟".

ئەنجا درێژەی دایە "ببوورە سەرۆکی ئەنوەر سادات پێی گوتم عەبدولناسر کەسی خۆش نەدەویست".

بزەیەکم کرد و گوتم "وای دەبینم ئەوە بۆچوونی پاشوەختی سەرۆک ئەنوەر سادات بێ، چونکە هەر ئەو لە کتێبێکی تەواودا وەسفی دەکا بەوەی "دڵێکی گەورەیە کە جێی خۆشەویستیی هەموو خەڵک و سەرجەم مرۆڤایەتی تێدا دەبێتەوە".

پێی بڕیم "محەمەد بەگ من سەرۆک جەمالم خۆش ویستووە، بیرت نەچێ یەکێک لە کوڕەکانم بەناوی ئەوەوە ناو ناوە".

گوتم "سەرۆک ساداتیش هەر وای کرد".

پرسی: "ئەی تۆ هیچ لە کوڕەکانت بەناوی سەرۆک جەماڵەوە ناوناوە؟"

وەڵامم دایەوە، نەرێ، ناوی کلاسیکی و ئاسانی عەرەبیم لێناون: عەلی و ئەحمەد و حەسەن.

موبارەک گوتی "پێوەندیی هەردوو سەرۆک ئەنوەر و جەمال تووشی سەرسوڕمانی کردووم، بۆچی ناکۆکی کەوتە نێوانیان، تۆ ئاگات لە پێوەندیی نێوانیان بوو و لە هەردووکیان نێزیک بوویت تا ئەو کاتەی لەگەڵ سەرۆک ئەنوەر نێوانتان تێک چوو".

گوتم "لە پێوەندیم بە هەردووکیان هیچ ناکۆکییەکم لەنێوانیاندا هەست پێ نەکردووە، نە بابەتێکی جێناکۆکی هەبووە و نە بواری ڕوودانیشی هەبووە، ئەنوەر سادات هەمیشە لەپشت جەمال عەبدولناسر و پشتیوانێکی دڵگەرمی بووە، پاش مردنیشی ١٩٧٠ و تەنانەت پاش شەڕی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣ کە لەگەڵی ناکۆک بووم و لێی دوور کەوتمەوە، پێوەندی لەگەڵ عەبدولناسر هەر وەک خۆی بوو، دوای ساڵی ١٩٧٤ لێرە و لەوێ هەندێ جار بە ئاماژە و هەندێ جاریش بە راشکاوی دەمبیست کە ناکۆکییەک لەنێوانیان هەبووە و ناکۆکییەکەیش لەبارەی هەندێ هەڵوێستەوە بووە و کێشەکە تیراوێی کردووە، سەرەتا ئەوەم بە شتێکی بێمانا و نالۆجیکی هاتەبەرچاو!

***

لێرەدا قسەلەبارەی پێوەندیی نێوان هەردوو سەرۆکی پێشوو کۆتای هات و سەرۆک "موبارەک" چووە سەر باسکردنی ناکۆکیی شەخسیی من لەگەڵ سەرۆک ئەنوەر و گوتی "زۆر جار سەرم سوڕماوە، من دەزانم تۆ لە سەرەتای سەرۆکایەتییەکەیدا قیت لەگەڵی بوویت، لە شەڕی (سەنتەرەکانی هێز)یشدا لە مایۆ شێلگیرانەتر لەگەڵیدا بوویت و هەموومان دەمانزانی تۆ جێمتمانەی ئەویت و خۆم لە فەرماندەیی، ئەوەم لەکاتی شەڕەکەدا بینی.

هەروەها گوتی ئەو دەیزانی من نووسەری (التوجه الاستراتيجي)م کە لەلایەن موشیر ئەحمەد ئیسماعیلەوە دەرچوو بۆ دیاریکردنی ئامانجەکانی شەڕی ئۆکتۆبەر، ئەوەیش بە بڕوای ئەو "لوتکەی متمانە"یە، هەر بۆیە ناکۆکبوونم لەگەڵ سەرۆک لەبارەی (پساندنی پێوەندی) بەلاوە سەیر بوو، بەڵام ئەو شتانەی نەخوێندبووەوە کە لەو بارەوە نووسیبونم، ئەو دەیزانی ناکۆکی رووی داوە، بەڵام نەیدەزانی بۆچی؟ ئەنجا بە پێکەنینەوە گوتی "زوویر مەبە محەمەد بەگ ئەگەر گوتم من وتارەکانی تۆم نەدەخوێندەوە ئەگەرچی دەمبیست زۆر کەس دەیانخوێننەوە، لێشت ناشارمەوە من لە ئەفسەرانی باڵەفڕوانیشم قەدەغە کردبوو بیانخوێننەوە".

منیش بەسەرپێییەکەوە گوتم "یاهـ.. رەنگە هۆیەکە خێر بێ".

گوتی "هەر کە وتارەکەت (بصراحة) رۆژی هەینی لە (الاهرام) بڵاو دەبوویەوە، رۆژی شەممە ئەفسەرەکان کە دەهاتن هەموو خوێندبوویانەوە و دڵگەرم بوون بۆ گفتوگۆکردن لەبارەیەوە، زۆرجار دەبووە مرخێش مرخێشیان، منیش مرخێش و مرخێش و سیاسەتم لەناو هێزی باڵەفڕوانیدا ناوێ!

هەروەها گوتی "لەبارەی خۆیشمەوە، وتارەکانتم نەدەخوێندەوە، چونکە دەمخوێندنەوە تێنەدەگەیشتم دەتەوێ لە کۆتای وتارەکەدا چی بڵێیت".

بە زەرەخەنەیەکەوە درێژەی دایە "راستیت دەوێ وتارەکەت هەمیشە تەواو دەبێ، بەبێ ئەوەی لەسەر وشکانی دابەزین و پاش وتارەکە نازانین بەرەنجام conclusion چی بوو، بە ئینگلیزی گوتی".

گوتم "جەنابی سەرۆک قوتابخانەیەک هەیە لە نووسیندا پێی وایە بەرەنجام ئەرکی نووسەر نییە، ئەرکی نووسەر ئەوەیە زانیاریی راست و دروست، لە شیکردنەوەدا بیروبۆچوونی فراوان و هەروەها بژارە کراوەکانی بەردەم چارەسەر بخاتە روو، ئیتر لەوەبەدوا خوێنەر ئەوە هەڵدەبژێرێ کە قەناعەتی پێیەتی، واتە من نامەوێ ئەوەی دەینووسم بە بەرەنجامێکی ئامادەوە قفڵ درابێ، بگرە وام پێ باشە ئازادی بدەمە خوێنەر، واتە پاش تەواوکردنی وتارەکە پێوەندیی خۆی لەگەڵ وتارەکە دەست پێ بکا نەک ئەوکاتەی دەست بە خوێندنەوەی دەکا، چونکە ئامانجی من هاندانیەتی بۆ بیرکردنەوە لەوکاتەی دەخوێنێتەوە و خوازیارم بە بیرکردنەوەی خۆی بگاتە ئەو شتەی قەناعەتی پێیەتی".

گوتی "مامە، کەواتە چ کەڵکی هەیە خەڵک بابەتی نووسەرێکی گەورە بخوێننەوە؟! ئەو دەبێ لەسەر وشکانی دایانبەزێنێ!".

گوتم: من دەمەوێ خوێنەر لەسەر وشکانیی خۆی لەنگەر بگرێ نەک وشکانیی من.

بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی "کاکە یانی دەتەوێ خەڵک وڕ بکەی، دە پێیان بڵێ و ئاسوودەیانکە".

کورتم کردەوە "بەهەرحاڵ چەندان قوتابخانە هەیە بۆ نووسین".

موبارەک گەڕایەوە سەر پرسیارەکەی لەبارەی پێوەندیی نێوان سادات و من و گوتی "ئەوەی زۆر سەیرە ئەوەیە پێوەندییەکەی لەگەڵ تۆ Complex, Hate, Love بوو دیسان بە ئینگلیزی گوتی، واتە "لە هەمان کاتدا گرێ، رق، خۆشەویستی".

هەروەها گوتی، راستییەکەی ئەو بەڕێزەوە باسی تۆی دەکرد، بەڵام تێبینیی ئەوەی لەسەرت هەبوو کە تۆ دەتەوێ رای خۆتی بەسەردا بسەپێنێ.

بە سەرسوڕمانەوە گوتم "جەنابی سەرۆک چۆن رۆژنامەنووسێک دەتوانێ رای خۆی بەسەر سەرۆکی دەوڵەتدا بسەپێنێ؟!. سەرۆکی دەوڵەت هەموو دەسەڵاتەکان و ئامرازەکانی دەسەڵاتی لەدەستدایە، جا چۆن چۆنی من و جگە لە من لە

نووسەر و رۆژنامەنووسان دەتوانین شتێکی بەسەردا بسەپێنین؟! رەنگە فەرماندەی سوپا لەبەرئەوەی چەکی هەیە، یان سەرۆکی حزبێک لەبەرئەوەی رێکخستنێکی جەماوەری هەیە، یاخۆ وەزیری ناوخۆ کە پۆلیسی لەبەردەستە بتوانن ئەوە بکەن، بەڵام رۆژنامەنووس تەنیا بیروڕاکەی هەیە و دەیخاتە بەردەم رای گشتی جا ئاخۆ یەکێک شوێنی دەکەوێ یان پشتی تێ دەکا، ئەوەیان

شتێکه له دەرەوەی دەسەڵاتی ڕۆژنامەنووس!".

ئەنجا گوتم: به بڕوای من پێچەوانەکەی ڕاستە، ئەوە سەرۆکی دەوڵەته وا باوە دەیەوێ خۆی بەسەر ڕۆژنامەنووسدا بسەپێنێ، ئەمەیش کێشەکەیە!

هەوڵم دا به ڕوونی هەڵوێستی خۆمی بۆ ڕوون بکەومەوە و گوتم "لەبارەی پێوەندیی من به سەرۆک ساداتەوە، من قەناعەتم بەو سیاسەتانەی نەبوو که لەکاتی شەڕی ئۆکتۆبەر و دواتردا گرتنیه بەر کاتێ "هنری کیسنجەر" هات و ساداتی قایل کرد و سەرۆک وا ڕەفتاری کرد وەک ئەوەی ویلایەته یەکگرتووەکان ۹۹٪ی کارتەکانی چارەسەری تەنگژەی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستی لەدەستدایه و جڵەوی بڕیاری سیاسیی ئەمەریکایش له دەستی کیسنجەردایه. من بۆچوونێکی جیاوازم هەبوو و لەسەر مکوڕ بووم و ئەوە له زەینمدا بوو که سەرۆکی ئەمەریکا و وەزیری دەرەوەکەیشی، تەنانەت ئەگەر بشیانەوێ، ناتوانن هیچ بکەن، ئەویش لەبەر زۆر هۆ. لەو بارودۆخەدا بەهۆی تێوەگلانی سەرۆک له ئابڕووچوونەکەی "وۆتەر گێت"ەوە ئیدارەی ئەمەریکا تووشی شلەپەتی (شلل) بووبوو".

درێژەم دایە: لای خۆمەوە نەمتوانی نەیاری ئەو سیاسەته نوێیه نەبم و له زیاتر له ده وتاریشدا بۆچوونی خۆمم دەربڕی که سەرۆک ساداتیان تەنگاو کردبوو و پێی وابوو من به نووسینیان دەمەوێ کۆسپ بخەمه بەردەم ڕەوتەکانی، لێرەوە تەنگاو بوو.

لێرەدا به سەرۆکم گوت که بابەتی ئەو ناکۆکییە، چیرۆکێکی درێژە و نامەوێ کاتی ئەوی تێدا زایه بکەم، بەڵام ئەو داوای کرد گوێی بۆ بگرێ، یەکێک له دوو سکرتێرەکەی بانگ کرد و فەرمانی پێ کرد مەوعیدێکی له سەعات ۱۰:۳۰ هەبوو دوای بخا.

## گفتوگۆکه درێژەی هەیه!

هەستم دەکرد پاش ئەوەش دانیشتنەکەمان زیاتر له دوو سەعاتی خایاند، سەرۆک "موبارەک" تامەزرۆیە بۆ بیستنی زیاتر. کاتێ دوای دواخستنی مەوعیدەکەی ۱۰:۳۰ی کرد زانیم دیدارەکەمان درێژە دەکێشێ، تەنانەت کاتێ ڕوخسەتم خواست تا کار و پێوەندییەکانی پەک نەخەم و دواتر یەکتر ببینینەوە و درێژە به گفتوگۆکانمان بدەین، سوور بوو لەسەر ئەوەی بەردەوام بین مەگەر من ماندوو بووبم، جەختم کرد که ماندوو نەبووم بەڵام خەمی کاتەکانی ئەومە.

ڕەنگە ویستبێتی دڵنیام بکاتەوە یاخۆ بیەوێ ئیغرام بکا پرسی "ناتەوێ جگەرەیەک بکێشی، دەزانم تۆ جگەرەکێشی، منیش وەک تۆم".

سەرسوڕمانم پیشان دا، گوتی ئەو به جگەرەوە لەوێنەدا دەرناکەوێ تا خۆی له بایەوایی بپارێزێ، بەڵام ڕۆژی جگەرەیەک دەکێشێ.

ئینجا زەنگێکی لێ دا و داوای پاکەتێک جگەرەی کرد.

ئەفسەرێک پاکەتەکەی هێنا و "موبارەک" ئاماژەی دایە کە پێشکێشی منی بکا، من جگەرەیەکم وەرگرت و ئەویش جگەرەیەک.

ئینجا لە کاتی داگیرساندنی شقارتەکەدا لێی پرسیم: جگەرەیەکی باشە؟!

هیچم نەگوت، وەک بڵێی هەستی کرد لەگەڵی هاوڕا نیم.

گوتم " بە هەموو ڕێزێکەوە، لەراستیدا جۆرێکی گونجاوە"

بە نارەزاییەکەوە گوتی چی؟! "ئەمە رۆمیۆ و جولێت"ە؟

گوتم "ئەو کۆمپانیایەی جگەرەی "رۆمیۆ و جولێت" دروست دەکا بە مارکەکەی خۆی ٧٥ جۆر جگەرە بەرهەم دێنێ کە هەر جۆرێک لەوانی تر جیاوازە".

موبارەک بەبایەخەوە پرسی: "ئێ کەوابێ جگەرەی باش چییە؟!

گوتم "بە روخسەتی خۆت پاکەتێکی بچووک لەناو ئۆتۆمبێلەکەمدایە جگەرەی تێدایە نەمهێنایە ژوورەوە لەبەرئەوەی نەمدەزانی جگەرە دەکێشی، ئەگەر ڕازی بیت داوای دەکەین".

پاکەتە جگەرەکەیان هێنا و فەرمووم لە سەرۆک موبارەک کرد، جگەرەیەکی دەرهێنا و دایگرساند و گوتی "وەڵا وایە باشترە، زۆر سەیرە!".

بەدەم بیرکردنەوە لە یاداوەرییەکانی گوتی "لە رۆژانی مەشقکردن لە یەکتیی سۆڤیەت لە بنکەیەکی ئاسمانی بووین لە نێزیک "خارکۆف"، لە مۆڵەتدا دەچووینە مۆسکۆ، وەرەقە (سەت دۆلاری) پاش پێچانەوەی بە کلێنسی توالێت لەژێر شەرابەکەدا دەمانشاردەوە (دەیگوت کلێنسی توالێت لە رووسیا ئەستوور و زبرە)، ئەنجا لەرێی فەرمانبەرێکی نووسینگەی پاشکۆی سەربازییەوە لە بازاڕی رەش بە بڕێکی زۆر پارەی رۆبل دەمانگۆڕییەوە، بەو پارەیە چەند پاکەتێکمان لەم جگەرەیە دەکڕی و دەماننارد بۆ فەرماندەکانی هێزی باڵەفڕوانی لە میسر.

زیاتر گوتی "رۆبل بە نرخی رەسمی زیاتر لە دۆلارێک بوو، بەڵام لە بازاڕی رەشدا نرخی دۆلارێک ٢١ رۆبڵ بوو، جیاوازییەکی زۆرە". ئەنجا گوتی "بەڵام ئەو کوڕەی نووسینگە سەربازییەکە هار بووبوو".

موبارەک مژێکی لەو جگەرەیە دا کە پێم دابوو و گوتی "تۆ راست دەکەی، ئەمە زۆر باشترە، بەڵام ئەوان (مەبەستی ئەو فەرماندانە بوو کە جگەرەکەی بۆ دەناردن) پێیان وابوو یەکەتیی سۆڤیەت لەبەرامبەر پێدانی چەک جگەرەی کوبا دەبەن".

گوتم ئەوە تا رادەیەک راستە، بەڵام باشترین جۆری جگەرەی کوبا بە دراوی قورس رەوانەی رۆئاوا دەکرا، ئەوەی دەمایەوە لە جۆری پلە دوو و سێ و چوارەکە دەچوو بۆ یەکەتیی سۆڤیەت و سەردانیکاران بە نیازپاکی دەیانکڕی.

سەرۆک "موبارەک" پلی بە زەنگێکدا نا و بانگی ئەفسەرێکی کرد، ئەنجا سەیری منی کرد و گوتی "محەمەد بەگ ناوی هەموو جۆرەکانی جگەرەی باشی پێ بڵێ".

گوتم هەر جگەرەیەک تامێکی هەیە، هەر تامێکیش پێوەندی بە هەڵبژاردنی کەسەکەوە هەیە، هەر بۆیە زەحمەتە جگەرەکێشێک جۆرێکی تایبەت لە جگەرە بۆ کەسێکی تر دەستنیشان بکا".

گوتی "قەیناکا جۆرە نایابەکانی پێ بڵێ".

ئەفسەرەکە دەستوبرد قەڵەم و کاغەزێکی هێنا و چاوەڕوانی من بوو تا پێی بڵێم.

گەڕایەوە سەر ئەزموونی ئەو جگەرەیەی من پێشکێشم کرد و گوتی "بەراستی زۆر باشە".

ئەنجا بەدەم کەنینەوە گوتی "کاکە دەمانەوێ فێری پۆز بین"!.

وشەی "پۆز" سەرنجی راکێشام و گوتم "ئەوە مەسەلەی پۆزلێدان نییە، بگرە بارودۆخە، من ناخۆشبەختانە بە لاوێتی لە دوو کەسەوە فێری کێشان بووم، کە نەجیب هیلالی (پاشا) و "فوئاد سیراجەدین" (پاشا) بوون، هەردووکیان لەکاتی داگیرساندنی جگەرەدا دانەیەکیشیان پێشکێشی میوانەکانیان دەکرد، من وەک ئەزموون لێم وەرگرتن، بەڵام دواتر کەوتمە داوی "خووپێوەگرتن"ەوە.

موبارەک گوتی ئەو تێبینی کردووە هەموو سەرۆکەکانی ئەمەریکا جگەرە دەکێشن و یاریی گۆڵف دەکەن، تۆیش یاریی گۆڵف دەکەیت؟.

بەپەلە گوتم راستە، بەڵام بەبێ سەرۆکایەتی.

گوتی "وەڵا برا وا باشترە، خەڵک وادەزانن سەرۆکایەتی شتێکی گەورەیە، بەڵام لەراستیدا بەڵایە!".

هەندێ باسی یاریی گۆڵفم کرد کە چۆن باشترین فێرکەری سیاسەتە. پرسی: چۆن؟ بەپێی توانا باسی گۆڵف و پێوەندیی پتەوی بە زانستە ستراتیجییەکانم بۆ شی کردەوە.

بە بایەخەوە گوێی بۆ شل کردم، ئەنجا گوتی بەڵام یارییەکە کات دەبا، منیش حەزم لە خێرایییە، هەربۆیە یاری ئەسکواش دەکەم کە یارییەکە بۆ باڵەفڕوانان دانراوە بۆ بەهێزکردنی توانایان لەسەر Agility واتە کاردانەوەی خێرا.

موبارەک بە پەژارەوە سەری راوەشاند و گوتی "ئێستە کاتم بۆ ئیسکوایش نییە، چونکە بارەکە گرانە و داواکاریی خەڵک سنوور ناناسێ".

ئەنجا هەڵوەستەیەکی کرد و گوتی "خەڵک بۆ وان؟ هیچیان نییە داواکاری نەوێ، دەست بە مافەکانەکانەوە دەگرن و ئەرکەکان لەبیر دەکەن، نەگبەتیش لەوەدایە هەموو ناکۆکن، داواکانیان دژبەیەکە، نازانم سەرۆک جەمال و سەرۆک ئەنوەر چۆن چۆنی بەرگەیان گرتووە، من کە تەنیا چەند مانگێکە سەرۆکم گیانم دەرچوو!"

ئاماژەی بۆ بێسەروبەریی هێزە سیاسییەکان و ژاوەژاوی میدیا و میدیاکاران کرد.

موبارەک لەوکاتەی دەستی پێش لە زارکردنەوەی قسەی دەکرد، گوتی "وەڵا ئەگەر لە زۆریی داواکاری و ناکۆکییەکان ماندوو بم بۆیان بەجێ دێڵم و هەموو شت بە هێزە چەکدارەکان دەسپێرم، وازیان لێ دێنم یەکتر بخۆن و خۆم قوتار دەکەم!"

(هەموو ئەوانە دڵخەبەردانێکی پێشوەخت بوون)!

تکام لێ کرد بەو شێوەیە بیر نەکاتەوە.

***

موبارەک جارێکی تر گەڕایەوە سەر باسی ناکۆکییەکەی من لەگەڵ سادات و لە راستیدا بۆچوونەکانی خۆی دەردەبڕی و گوتی "سادات لەسەر هەق بوو، نازانم بۆچی سەرۆک جەمال دۆستایەتیی سۆڤیەتی هەڵبژارد کە خەڵکی هەژارن، سادات ئەمەریکای هەڵبژارد کە دەوڵەمەندن. گەورەترین هەڵە سەرۆک عەبدولناسر تێی کەوت ناکۆکبوون بوو لەگەڵ ئەمەریکا".

هەروەها گوتی "دوای ئەوە سەرۆک سادات بڕیاری ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل دا، دەبوو سەرۆک جەمالیش بیزانیایە شەڕکردن لەگەڵ ئیسرائیل کەڵکی نییە".

درێژەی دایە "جولەکە دەستیان بەسەر هەموو دنیادا گرتووە، تۆ لەم بارەوە زیاتر دەزانی! لە منی وەرگرە، کەس ناتوانێ لەگەڵ ئەمەریکا ناکۆک بێ، من دەمزانی تۆ لە لایەنگرانی بوونی پێوەندیی باش بوویت لەگەڵ ئەمەریکا، بۆچی رات گۆڕی؟".

خۆی وەڵامی دایەوە "مامە، ئەوەی نازانێ ئەمەریکا بەهێزترین هێزی دنیایە.. (دەکۆکێ)".

کۆمێنتم لەسەر قسەکە نەدا، چونکە لەکاتی قسەکردندا ئەو جۆرە وشانەم زۆر بیستووە.

دەستم بە روونکردنەوەی بۆچوونی خۆم کرد "من هیچ لاریم لەوە نییە ئەمەریکا بەهێزترین هێزی دنیایە، پرسیارەکە ئەوەیە لە چ پێگەیەکەوە لایەنەکان لەگەڵ هێزە ئەمەریکاییەکەدا مامەڵە دەکەن (درێژەم دایە و بەجۆرێک ویستم مەبەستەکەمی پێ بگەیەنم)، ئەگەر لە روانگەی ئەوەوە مامەڵە لەگەڵ ئەمەریکادا بکەی کە تۆ ئاتاجی ئەوی، ئەوە ناگەیتە هیچ، بەڵام ئەگەر بەو خەیاڵە مامەڵەت لەگەڵ کرد ئەو پێویستی بەتۆیە، رەنگە سەرکەوتوو بی".

پێی بڕیم "دەتەوێ بڵێیت ئەمەریکا پێویستی بە ئێمەیە، بێگومان نەخێر، ئێمە پێویستمان بەو هەیە!".

گوتم "جەنابی سەرۆک لە سیاسەتی ناودەوڵەتیدا دەبێ پێویستی هاوسەنگ بێ، ئەگەر هەر لایەک ئاتاج بێ کەواتە بارە بەسەر ئەوانی ترەوە، ئەگەر ئەو خۆیشی قبووڵ بکا لایەنەکەی تر قبووڵی ناکا، چونکە بە سادەیی بڵێین سیاسەتی ناودەوڵەتی کۆمەڵەی خێرخوازی نییە".

هەروەها گوتم "بایەخی سەرچاوە ستراتجییەکانی میسر و چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی ئەو سەرچاوانە لێرەدا دیارە، لێرەدا ئینتیمای عەرەبیبوونی میسر بایەخی هەیە، واتە ئەگەر میسر بە سرووشت بەشێک نەبێ لە نەتەوەی عەرەبی، ئەوە بە زەرورەت دەبێ بەشێک بێ لێی. راشکاوانە دەڵێم من بەقەناعەت کەسێکی ناسیونالیستی عەرەبیم، سرووشتی شتەکانیش وایە کەس باوەڕ بەشتێ ناهێنێ تا باوەڕی وا نەبێ لە بەرژەوەندیی نیشتمانەکەیدایە، وێڕای باوەڕم بە بنەمای عەرەبایەتیی میسر، باوەڕم بە زەرورەتی ئەو عەرەبایەتییە هەیە بۆ میسر و بۆ هەمو وڵاتێکی عەرەبیش".

ئەنجا گوتم:

جەنابی سەرۆک جیاوازی هەیە لەنیوان ئەوەی تۆ تەنیا وەک میسر بەو قەبارە قورسەی دانیشتوان و سەرچاوە سنووردارەکەیەوە لەگەڵ ئەمەریکادا مامەڵە بکەیت، لەگەڵ ئەوەی وەک بەشێک لە نیشتمانی عەرەبی بەهەموو هێز و توانا و سەرچاوەکانیەوە مامەڵە بکەیت.

***

هەروەها گوتم جەنابی سەرۆک ئەمەیش دەکرێ کاریگەریت لە تەواوی دنیای سێ و جیهانی بەرفراواندا زیاتر بکا، ئەگەر بەتەنیا بیت، کاریگەرییەکە سنووردار دەبێ، ئەگەر لەناو بارستەیەکی گەورەشدا بی، حسێبێکی تر بۆ کاریگەرییەکەت دەکرێ.

دیمانەیەکم وەبیر سەرۆک هێنایەوە کە لە دوای شەڕی ئۆکتۆبەر لە ٧ نۆڤەمبەر ١٩٧٣ لەگەڵ هنری کیسنجەر ئەنجامم دا، کە "موبارەک" ئەوکات پێشنیازی کرد لە دیمانەکەدا تەنیا باسی میسری لەگەڵ بوروژێنم نەک جیهانی عەرەبی، منیش وەڵامم دایەوە کە بەو پێشنیازەی دەیەوێ لەیەکەم ساتەوە گرینگترین کارتەکانی دانوستانەکەم لێ بسەنێ.

بیرم خستەوە کە چۆن بە کیسنجەرم گوت ئەوەیش لە وتارێکمدا لە (الاهرام)ی ئەوکاتدا بڵاو کراوەتەوە، "دکتۆر کیسنجەر تۆ مامۆستای زانستە سیاسییەکانیت، بۆیە گونجاو نییە گەمەی چاوشارکێت لەگەڵدا بکەم، بۆیە راشکاوانە قسەت لەگەڵ دەکەم: ئەگەر میسر تەنیا بایەخ بە کێشەکانی خۆی بدا، ئەوە ئەو پێویستی بە ئێوە دەبێ، بەڵام ئەگەر میسر لە ناوەندی نەتەوە عەرەبەکەیدا بێ، ئێوە پێویستتان بەو دەبێ. هەربۆیە با لە یەکەم ساتەوە لەسەر ئەوە کۆک بین کە بایەخدانەکانی میسر تەنانەت بە چاوپۆشین لە ناسنامە عەرەبییەکەیشی، دەیەوێ پێوەندییەکی باشی لەگەڵ ئێوە هەبێ، بەڵام دەبێ ئێوەیش خۆتان دۆخەکە هەڵبسەنگێنن و بزانن ئێوەیش پێویستتان بە پێوەندییەکی باش هەیە لەگەڵ میسر".

راستییەکەی ویستم زیاتر لەبارەی ئەوەی بە کیسنجەرم گوت بۆ "موبارەک" بدوێم، تا بۆچوونەکەم بەتەواوی بگا، بەبێ ئەوەی راستەوخۆ و لەشێوەی ئامۆژگاریدا بێ.

***

موبارەک قسەکەی پێ بریم و گوتی "ئەوە سەرچاوەی کێشەکانمانە، لە راستیدا من هاوڕات نیم و لەگەڵ سەرۆک سادات هاوڕام، کێشە ئەوەیە ئێمە هەر باری میسرمان نەکەوتە سەر شان، کە تەنیا بۆ ئەو کار بکەین و بەشێوەیەکی کرداری ئەو کێشانە چارەسەر بکەین، بگرە باری خەڵکی تریشمان بەسەردا کەوت".

گوتم پێم وانییە بە دابڕان لە جیهانی عەرەبی چارەسەرێک بۆ کێشەی میسر بە تەنیا هەبێ، نە چارەسەری خەیاڵی و نە کرداری!

***

سەرۆک "موبارەک" گەڕایەوە سەر باسی ئەمەریکا و گوتی "تۆ لەبیرت نەچووە جگە لە ئەمەریکا کەس نییە لەدژی ئیسرائیل یارمەتیمان بدا، عەرەب ساڵی ١٩٦٧ دەستیان بۆ بەسنگدا هێناین لەکاتێکدا ئەوان ئێمەیان لە شەڕەکەوە گلاند".

هەروەها گوتی من لە رۆژانی بەرپرسیی باڵەفڕوانییەوە ئەسەد دەناسم (مەبەستی حافز ئەسەد بوو) ئەو پێی گوتم حزبی بەعس مەبەستی بووە عەبدولناسر لە شەڕی ساڵی ١٩٦٧ەوە بگلێنێ.

ئەنجا دەستی کرد بە باسکردنی پێوەندییەکەی لەگەڵ حافز ئەسەد.

گوتم من لەگەڵیدام کە هەندێ رێژیم لێرە و لەوێ چەند جارێک هەوڵیان داوە عەبدولناسر تێوە بگلێنن، ئەنجا باسێکی بارودۆخی دەرکردنی ئەو بڕیارە سیاسییەی ساڵی ١٩٦٧م بۆ کرد، تێیدا ئەوەشم گوت کە جگە لە لایەنی دەرەکی، بڕیارە میسرییەکەش کەوتە هەندێ هەڵەوە کە هیچ پاساوێکیان نەبوو، مەترسیدارترینیان بڕیاری کشانەوەی هێزەکان بوو لە سینا لە شەوێکدا (٧ حوزەیرانی ١٩٦٧). ئەو قسانە پەلکێشی کردین بەرەو قسەکردن لە زۆر وردەکاریی بارودۆخی ساڵی ١٩٦٧ و بۆی گێڕامەوە کە ئەو لەگەڵ کاروانی باڵەفڕە بهاوێژەکان بووە کە لە باڵەفرگەی "بەنی سویف" جێگیر بووبوون و ئەو لێکۆڵینەوانەی خوێندووەتەوە کە لەبارەی ئەو شەڕەوە کران، لەبەرئەوەی لەوکاتەی جێگری سەرۆک بوو، سەرۆک سادات کردبوویە سەرۆکی لێژنەی نووسینی مێژوو، هەروەها لێژنەکە توانی زیاتر لە دوو ملیۆن لاپەڕە بەڵگەنامە کۆ بکاتەوە و خۆی هەندێکیانی بینیوە، بەڵام بەهۆی کەمیی کاتەوە نەیتوانیوە زۆربەی بەڵگەنامەکان بخوێنێتەوە.

هەروەها ئاماژەی بەوە دا لەگەڵ ئەوەیشدا لەو بڕوایەدایە پێوەندییەکانمان لەگەڵ ئەمەریکا لە گرینگترین پێویستییەکانە، نەخاسمە لەوەی پێوەندی بە ئیسرائیلەوە هەیە.

ئەنجا لەوکاتەی سەری رادەوەشاند درێژەی بە قسان دا "هەندێ خەڵک دەیانەوێ پێوەندیی تەواو لەگەڵ ئیسرائیلدا ببەستم و هەر ئێستەیش، بەڵام دەبێ چاوەڕێ بکەم، من زۆر بەپەرۆشەوە چاوەڕوانی هاتنی نیسان/ئەپریل دەکەم تا بەتەواوی لە خاکی میسر بچنە دەرەوە".

هەروەها گوتی ئایا خەڵک پێیان وایە من بە مامەڵەکردن لەگەڵ ئیسرائیل خۆشحاڵم؟ جیاوازی هەیە لەنێوان ئەوەی دان بەهێزی ئیسرائیلدا بنێم و لەگەڵ ئەوەی خۆشم بوێ!

ئەنجا گوتی "محەمەد بەگ سوێندت بۆ دەخۆم هەر جارێک یەکێکیان دەبینم جەستەم ژاراوی دەکەن، لێیان بێزارم و بەدەم جوێن پێدانیانەوە خەوم دەزڕێ و کاتی خەوتنەکەم بەسەر دەچێ".

گوتم من لێی تێدەگەم، بەڵام خۆشبەختانە من ناچار نیم بیانبینم، هەر بۆیە من وەک بنەما کەسیانم نەدیوە.

بەپەلە گوتی "بەڵام چۆن دەتوانی وا بکەی ئەگەر بەرپرس بیت؟"!

گوتم "سوپاس بۆ خوا کە بەرپرس نیم".

***

سەرۆک "موبارەک" گوتی "ئەمە بابەتێکە دەمویست لەبارەیەوە قسەت لەگەڵدا بکەم".

ئەنجا بە نەرمی دەستی بەهەندێ قسەی ناسک کرد، کە بۆنی سەرزەنشتیشی لێوە دەهات "سەرۆک ئەنوەر لەگەڵت ماندوو بوو تا هاوکاری بکەیت".

پرسیم: چۆن مرۆڤ دەتوانێ هاوکاری لە سیاسەتێکدا بکا کە باوەڕی پێی نییە؟!

گوتی "دەتوانی هاوکاری بکەیت بەبێ ئەوەی مامەڵە لەگەڵ ئیسرائیلدا بکەی".

گوتم "پۆستی وەزارەت لە ساڵی ١٩٥٦دا خرایە بەردەمم کە هێشتا لاو بووم و ڕەنگە پۆست فریوی بدا، سەرۆک سادات دواتر گەڕایەوە و پۆستی جێگری سەرۆک وەزیران یاخۆ سەرۆکی دیوانی سیاسی خستە بەردەمم".

گوتی "ئەوە دەزانم و مەبەستم نەبوو لەبارەی پۆستەوە قسەت لەگەڵ بکەم"

بە تیژی سەیری کردم و گوتی پرسیارێکی راشکاو و دیاریکراوت لێدەکەم "رات چییە بێیتە ریزی حزبی نیشتمانی؟"!

وەک ئەوەی تووشی شۆک بووبم گوتم "وێڕای قووڵیی هاوڕێیەتییەکەمان لەگەڵ جەمال عەبدولناسر و چەندان جار پێداگریکردنی لەو بارەوە، نەچوومە ریزی حزبەکەی حزبی یەکەتیی ئیشتراکی، لەبەرئەوەی باوەڕم بەو جۆرە ڕێکخستنە سیاسییانە نییە کە لە کۆشی دەسەڵاتدا دروست دەبن، جگە لەوەیش ڕۆژنامەنووس نابێ ببێتە کەسێکی حزبی".

***

کەمێک مات بوو ئینجا لێی پرسیم: "ئەگەر بیر لە هاتنە ناو حزب ناکەیتەوە، ئەی دەتەوێ چی بکەی؟!، خۆ ماقووڵ نییە بچی لە ماڵ کشومات پاڵی لێ بدەیتەوە"!

بەپێکەنینەوە گوتم پێویست ناکا نیگەران بێ، چونکە من نامەوێ بچمە لیستی بێکاران کە بەدوای کاردا دەگەڕێن.

گوتم " گرێبەستم لەگەڵ ناوەندەکانی بڵاوکردنەوە لە لەندەن و نیویۆرک هەیە بۆ نووسینی چەند کتێبێکی نوێ، ئەویش پاش شەش کتێبی پێشتر، کە هەر هەموویان لە ئینگلیزییەوە بۆ زۆر زمانی تر وەرگێڕدراون، دواینیان کتێبی "گەڕانەوەی ئایەتوڵا" The Return of The Ayatollahیە لەبارەی شۆڕشی ئێرانەوە و لەو کاتەی من گیرابووم لە ئەورووپا و ئەمەریکا بڵاو کرانەوە و تا ئێستە بۆ حەڤدە زمان تەرجەمە کراون، هەر لەگەڵ دەرچوونم لە گرتووخانە "ئەندریە دویچ" کە گەورەترین بڵاوکەرەوەیە و لێی پرسیم ئاخۆ دەتوانم بەخێرایی کتێبێکیان لەبارەی هۆی تیرۆرکردنی "سادات"ەوە بۆ بنووسم، کە بەلای ئەوانەوە قارەمانی ئاشتییە، منیش ئۆفەرەکەم قبووڵ کرد و لە گەشتێکی نێزیکدا بۆ لەندەن تاوتوێی دەکەن".

قسەکەی بڕیم "کتێبێک لەبارەی سەرۆک ئەنوەر"؟!

گوتم لەبارەی ئەوەوە نا، بە دیاریکراوی لەبارەی تیرۆرکردنەکەیەوە، لە گرتووخانەدا

ناونیشانەکەیم بۆ هات، بیرم لە شتێکی لەو جۆرە دەکردەوە تەنانەت پێش لەوەیش کەس لە لەندەنەوە پێوەندیم پێوە بکا، لەکاتی بیرکردنەوە لە بابەتەکە ڕێم لە ناونیشانی "پاییزی تووڕەیی" کەوت.

سەرۆک ناونیشانە پێشنیازکراوەکەی کتێبەکەی دووبارە کردەوە وەک بڵێی لە مەبەستەکەم نەگەیشتبێ، بەڵام بازی بەسەر ئەوەدا دا.

گوتی "بەڵام ئەوە زۆر کێشەت بۆ دروست دەکا، چونکە سەرۆک سادات گرووپی زۆری هەیە"!

گوتم "لەبارەی کێشەوە، لەگەڵ کێشە ڕاهاتووم، دوای ئەوەیش تکات لێ دەکەم بزانی کە سەرۆک سادات هاوڕێمان بوو، هیچ کێشە نییە بۆچوونمان جیاواز بێ و ڕێگەمان لێک دوور بێ، بەڵام ئەوە هیچ ئاسەوارێکی لای من بەجێ نەهێشتووە".

هەروەها گوتم "کاتێ سەرۆک سادات کوژرا و لە گرتووخانە هەواڵەکەم بیست، لەدڵەوە بۆی گریام، لەو ساتەوە هەموو ئاسەوارێکی ناکۆکی و دەرهاویشتەکانی لام نەمان، چونکە خوێن و فرمێسک هەموو شتێکیان شۆردەوە".

***

لەپڕ گوتی نەمدەزانی کتێب "کارێکی باشە"!

گوتم من نازانم مەبەستی لە "کاری باش" چییە، بەڵام نووسین بۆ من هەموو ژیانمە"!

هەروەها پرسی "ئەی بیرت لەوە نەکردووەتەوە بگەڕێیتەوە ناو ڕۆژنامەگەریی میسری؟"!

گوتم ئەوە زۆر لە بیرکردنەوەی منەوە دوورە، چونکە وام داناوە ڕۆڵی من لە ڕۆژنامەگەریی میسری چوومەتە دەر پاش ئەوەی ئەهرامم بەجێ هێشت، پێم باشە بوار بە کەسانی تر و نەوەکانی تر بدەم".

جا بە دەرفەتی زانی بۆ گەڕانەوە بۆ سەر پێشنیازەکەی و گوتی "حەیفە وڵاتەکە سوودت لێ وەرنەگرێ" لێم پرسی "ئەی بوونی ڕۆژنامەنووس و نووسەرێکی میسری لە بواری وەشانی ناودەوڵەتیدا بەسوود نازانێ بۆ وڵات!

هەندێ وردەکاریم لەبارەی قەبارەی وەشانی ناودەوڵەتی، چ لە کتێب یاخۆ لە ڕۆژنامەکاندا، بۆ باس کرد بەتایبەت ئەگەر هەردووک یەکانگیر بن، بەوەی کتێبێک دەربچێ، ئەنجا هەندێ لە بەشەکانی لە هەزاران ڕۆژنامە لە سەرتاسەری دنیادا بڵاو ببێتەوە.

وەڵامی دایەوە کە هێشتا پێی باشە بچمە ڕیزی حزبی نیشتمانی و لەوێ بواری کارکردن بێسنوورە!

گوتم "تۆ دەتەوێ من ببەیتە ناو حزبی نیشتمانی، من و هیتریش دەمانەوێ تۆ لە حزب بێیتە دەرەوە"!

لەبارەی هۆی ئەوەوە پرسی، ئاخۆ حزبەکان دێوەزمەن، یاخۆ ئامرازی کاری سیاسین؟

گوتم "رۆژنامەنوس بەگشتی مامەڵە لەگەڵ هەواڵدا دەکا، هەواڵیش سەربەخۆیی خۆی هەیە و رەنگکردنی بە سێبەری حزبایەتی پێچەوانەی بەهاو جێمتمانەییەتی".

هەروەها گوتم رەنگە لە بیری مابێ ئەو رۆژەی پێش چەند رۆژێک لە گرتووخانەوە چووینە لای، گوێی لە هەندێکمان بوو راستەوخۆ داوایان لێ کرد واز لە سەرۆکایەتی حزبی نیشتمانی بێنێ. گوتم واباوە بەتایبەت لەسستمی سەرۆکایەتیدا، سەرۆک ئەگەر ئەندامی حزبێکیش بێ لە ماوەی سەرۆکایەتیەکەیدا ئەندامیەتی لە حزبەکەیدا رادەگرێ.

بە دەنگێکی یەکلاکەرەوە گوتی "ئەگەر حزب بەجێ بێڵم، دەکەوێ".

گوتم: کەواتە حزب خۆی لە خۆیدا هیچ کێشەیکی نییە و بوونی خۆی لە دەسەڵاتەوە وەردەگرێ نەک لە خەڵکەوە، مەترسیەکەیش لێرەدایە.

گوتی "ترسەکەت لە حزبی نشتمانی زیادەڕۆیی تێدایە، بوونی منیش لەناویدا هیچ کێشە نییە، کێشە لەکاری جێبەجێکردندایە، واتە لە حکوومەتدا کە تۆ خۆت قەبارەی کێشەکان دەزانی، مەترسیی تیرۆریشمان بۆ زیاد بوو، خەڵک داوای" شیری چۆلەکە" دەکەن، پێویستە سەقامگیری هەبێ پێش ئەوەی بتوانیت هەر شتێک بکەی، گرووپە تیرۆریستیەکان خۆیان حەشار داوە و بەنهێنی بڵاو دەبنەوە.

قسەکەم لەدەم وەرگرت و گوتم "رێژیمیش یارمەتی دەدا".

قسەکەمی پێ سەیر بوو پرسی "رێژیم چۆن یارمەتی دەدا؟".

گوتم دیارە کۆمەڵیک کێشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەیە کە کێشەی گەورەن، بەڵام هەندێ شتی تر هەیە بۆ نموونە وەک زۆریی ئەو بەرنامە ئاینییانەی کە دوورن لە بەهاکانی ئاین، هەروەها زۆریی فتوادان کە هیچ پێوەندی بە رۆحی ئاینەوە نییە، هەموو ئەمانە زیانیان هەیە بەڵام هەمووی دنە دەدا!

هەروەها گوتم داوام لە هاوڕێیەکی دێرینم لە سەنتەری لێکۆڵینەوەی سیاسی و ستراتیجی لە ئەهرام کرد لێکۆڵینەوە لە رووبەری بەرنامە ئاینییەکان لە رادیۆ و تەلەڤزیۆندا بکا، سەرم سوڕما کاتێ ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی دەری خست ٢٧٪ پرۆگرامەکان ئاینی یاخۆ خاوەن مۆرکی ئاینین.

من خۆم لە خێزانێکی ئاینپەروەرم و نرخی ئاین وەک سەرچاوەی رێرۆشنی و پاکی دەزانم، هەروەها لە خێزانێکم یەکەم نەریتیان ئەوە بوو منداڵەکانیان قورئان لەبەر بکەن، خۆیشم هەموویم ئەزبەر کرد، بەڵام ناتوانم باوەڕ بەو شتانە بکەم لە هەندێ بەرنامەی ئاینیدا دەگوترێن.

بە دەربڕینی داخەوە گوتم "خۆم گوێم لە بەرنامەیەکی لەگەڵ گوێگران لە "رادیۆی قورئانی پیرۆز" لە قاهیرە بوو، کەسێک پرسیاری دەکرد لە حوکمی "چۆنیەتیی وسڵکردن پاش سێکسکردن لەگەڵ مانگا"، چەندە پرسیارەکە وڕی کردم، وەڵامی ئەو مەلایەش زیاتر تۆقاندمی کە وەڵامی دایەوە و بە وردی چۆنیەتیی خۆشۆردنی پاش ئەو کارەی بۆ پرسیارکەرەکە روون دەکردەوە.

موبارەک قاقا پێکەنی و گوتی "پێویستە بەرنامە ئاینییەکان فراوان بکەین، چونکە پێویستە لەسەر زەوینەی خۆیان رووبەڕووی تیرۆریستان ببینەوە و خەڵکیان لەدەست بسەنینەوە".

گوتم "کێشە ئەوەیە تۆ ئەگەر بەو شێوازە لەسەر زەوینەی ئەوان رووبەڕووی تیرۆریستان ببیتەوە، ئەوە بەو کارە رازی دەبی بەوەی ملکەچی یاسایەک بیت سەرچاوەکەی نازانی، دەقەکەی و دادوەرەکەی ناناسی".

موبارەک لەسەر ئەم دەربڕینە وەستا و سەرسامی پێوە دیار بوو و گوتی "دەتوانی ئەم قسەیەم بۆ شی بکەیتەوە؟".

ویستم بەشێوازێکی تر بۆچوونەکەم بخەمە روو!

بەدەم پێکەنینەوە گوتی "ئاخۆ دەبێ منیش بایەخ بەو پیاوە بدەم کە ئاشقی مانگایەکە؟! (وشەیەکی تری جگە لە ئەشقی بەکار هێنا).

بەخێرایی گوتم "کەس داوای ئەوەت لێ ناکا، بەڵام خەڵک تێڕوانینێکی قایلکاری لەبارەی داهاتووەوە دەوێ".

***

قسەمان گەیشتە سەر باسکردن لە شێوازی کارکردنی سەرۆکایەتیی دەوڵەت و پێشنیازم کرد "مادام سەرۆکایەتی ئەم رۆڵە ناوەندبەندی (مرکزي)یەی هەیە، پێویستە بەو شێوەی لەگەڵ سەردەمدا بگونجێ رێک بخرێتەوە".

پرسی مەبەستم چییە لەوە؟

گوتم لەوەتەی پێش هەفتەیەک لە گرتووخانە ئازاد کراوین، تێبینیم کردووە سەرۆکایەتی بەشێوەیەک بەڕێوە دەبرێ کە پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە".

بە بایەخەوە گوێی بۆ رادێرابووم، گوتم "من لە هەندێ هاوڕێم لەوانە "فوئاد سیراجەدین" و مومتاز نەسار بیست، کە تۆ نامە یاخۆ تێبینیت لەگەڵ ئوسامە ئەلبازدا بۆ ناردوون، ئەوە لەگەڵ خۆیشمدا رووی دا، ئوسامەیش وەک دەزانی هاوڕێی منە و چەندان ساڵ کاری لەگەڵ کردووم، تۆیش متمانەت پێی هەیە و لەوە تێناگەم بۆچی وا دەکەی بەشێوەی "عارەبانچیی دەسگێڕ" نامەی پێدا بنێریت بۆ من یان بۆ غەیری من؟ بۆچی ئوسامە ئەلباز ناکەیتە وەزیری کاروباری سەرۆکایەتیی کۆمار و شوێنێکی لە کۆشکی سەرۆکایەتیدا بۆ بکەیتەوە کە خەڵک بیناسن و داوای لێ بکەی نووسینگەیەک بکاتەوە و پسپۆڕانی بواری یاسا و ئابووری تێدا دابمەزرێنێ.

هەروەها سەرۆکایەتی گۆتیارێکی هەبێ کە تێڕوانین و هەڵوێستەکانی لە ناوەوە و دەرەوە روون بکاتەوە، بەو شێوەیەش سەرچاوەیەکی ناسراو دەبێ کە نامە و رێنوێنییەکانی لێوە دەرچن و بارەگایەک هەبێ خەڵک بۆ پێوەندی و پرسوڕا رووی تێ بکەن.

بە ئاوازێکی راڕاوە گوتی "نامەوێ جارێکی تر رێگە بە دەرکەوتنی سەنتەرێکی هێز لە

سەرۆکایەتی بدەم، خۆشت ئەزموونی سامی شەرەف لەگەڵ سەرۆک جەمال دەزانی، کێشە ئەوەیە بوونی پیاوێک لەو جۆرە دۆخەدا رەنگە سەرۆکایەتی لە خەڵک داببڕێ و بتوانێ رێگە بە هەر کەس بدا یاخۆ نەدا، ئەوەیش کێشەیەکە پێی ئاشناین".

گوتم "شتەکە پێوەندی بە کەسایەتیی سەرۆک و شێوازی کارکردنیەوە هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا رێم بدە پێت بڵێم کە "سامی" لە هەندێ لەو شتانەی لەبارەیەوە گوتران "ستەمبار" بوو، لەگەڵ ئەوەیشدا ئەوە پێوەندی بە تۆ و شێوازی کارکردنتەوە هەیە".

هەروەها گوتم "من وای بە باش دەانم کەسێک بنێریت بۆ کۆشکی سپی لە واشنتۆن، یاخۆ بۆ "١٠ داونِنگ ستریت" لە لەندەن، تا لێکۆڵینەوە بکا لەوەی نووسینگەکانی سەرۆک دەوڵەتەکان لە سەردەمی نوێدا چۆن چۆنی بەڕێوە دەبرێن، ئەنجا لەسەر ئەو بناغەیە بڕیار بدەیت کە کامە سیستم بە باشترین شێوە ئەوەی دەتەوێ بۆت بەدی دێنێ"!

بەپێی شارەزایی خۆیشم، هەندێ باسی رێکخستنی کۆشکی سپی، ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی، سیستمی پێوەندییەکان لەگەڵ کۆنگرێس و لەگەڵ حزب و لەگەڵ میدیا و لەبارەی دامەزراوەکانی دەسەڵات لە ناوەوە و دەرەوەم بۆ کرد.

هەروەها بەپێی زانیارییەکانم، لەبارەی رێکخستنی "١٠ داونِنگ ستریت"، لەبارەی کوڵگە (مگبخ)ی بڕیاری سیاسی، لەبارەی نووسینگەی پێوەندی لەگەڵ حزب چ لە ئۆپۆزسیۆن یاخۆ لە دەسەڵاتدا و هەروەها لەبارەی پۆستی سکرتێری گشتیی ئەنجوومەنی وەزیران کە سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی جێبەجێکاری بریکارە هەمیشەییەکانی وەزارەتەکان دەکا، روونکردنەوەم بۆ دا".

گوتم "ئێمە پێویستمان بە لێکۆڵینەوە لە ئەزموونی ئەوانی تر هەیە".

گوتی "هێشتا وای بە باش دەزانم راستەوخۆ لە هەموو ئەنجوومەنی وەزیراندا کار بکەم.. ئەنجوومەن نووسینگەی منە و هەر ئەویش سکرتارییەتی سەرۆکە"!

گوتم "ئەوە بە کردەوە مەحاڵە، دەبێ سەرۆک نووسینگەیەکی هەبێ پسپۆڕانی کاروباری سیاسی و یاسایی و ئابووری تێدا بن، لەو بوارە بکۆڵنەوە و راسپاردە بەرز بکەنەوە، ئەگینا سەرۆک هیچ چاری نییە دەبێ پرۆژەیاساکان بەو شێوەیەی لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پێی دەگا ئیمزا بکا، لەو بارەیشدا سەرۆکایەتی نابێتە ناوەندی ئاراستەکردنی کاری نیشتمانی، بگرە کاری تەنیا ئیمزا و مۆرکردنی مەرسوومەکان و بەیاساکردنیانە"!

نیشانەی سەرسوڕمانی پێوە دەرکەوت و گوتی "قسەکەت لۆژیکی تێدایە، ئوسامە ئەلبازیش لەگەڵ من ئەزموونێکی دوور و درێژی هەیە"!

گوتم "ئەو جێمتمانەتە، ئەوەیش گرینگە، من دەزانم ئوسامە هەندێ جار هەڵەوپەڵەی بوهیمی هەیە، بەڵام رەنگە هەندێ لەوانە پێوەندی بەوەوە هەبێ کە ئەو نووسینگەی نییە و دەزگایەکی لەگەڵ نییە، بگرە خۆی بەتاقی تەنیایە، مەبەستم ئەمە بوو کاتێ پێم گوتی سەرۆکایەتی بە لۆژیکی

"فرۆشیاری دەسگێڕ" کار دەکا".

وەک ئەوەی ئامادەیی تێدا دروست بووبێ بۆ دەسبەجێ بڕیاردان لەو بابەتەدا گوتی "تۆ ڕاست دەکەی، دەبێ ئوسامە هەست بکا پێویستە بەشێوەیەکی سیستماتیک کار بکا".

گووشی تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و داوای کرد "ئوسامە ئەلباز"ی بۆ وەربگرن، دوای پێنج خولەک زەنگی تەلەفۆن لێیدا و سەرۆک هەڵی گرت، جا ئاوڕی لێ دامەوە و گوتی "بینیت، ئەوەتا ئوسامە لەبەردەست نییە، هەموو شوێنێک بەدوایدا گەڕاون سۆراخی نییە".

بەرگرییەکم لە ئوسامە کرد و گوتم "دیارە تۆ ئەرکێکت پێ سپاردووە و بەدەمیەوە چووە".

موبارەک گوتی "دەینێرم بۆ لات بۆ نووسینگەکەت، هەرچیت لایە پێی بڵێ تا لەگەڵی تاوتوێی بکەم و بڕیار بدەم".

***

دیدارەکە لە کۆتایی نێزیک دەکەوتەوە، ئەزنەکم دا هەستم، سەرۆک یەکێک لە پیاوانی سکرتارییەتەکەی بانگ کرد و داوای کرد لەسەر کاغەزێک ژمارەی هەموو تەلەفۆنەکانی نووسینگەکەی بە تەلەفۆنەکەی خۆیشیەوە تێدا بنووسێ و داوای کرد "هەرکات ویستم" پێوەندی پێوە بکەم.

بە سەرۆکم گوت "ئەمە بۆ من مۆڵەتێکە شانازی پێوە دەکەم، بەڵام بەتەما نیم بەکاری بێنم و پێم باشە هەرکات پێوەندیکردن بدەمە دەست ئەو، چونکە ئەو پیاوێکە بە کاروباری خەڵکەوە سەرقاڵە و دەبێ خشتەی کارەکانی لەدەستی خۆیدا بێ و کەس لەو ڕووەوە گوشاری نەخاتە سەر".

هەروەها گوتم "ئەگەر من ئەو مۆڵەتە بەکار بێنم کە جەنابی پێی کەرەم کردم، ئەوا لە دەربڕینی تێبینی کۆڵ نادەم، ئەویش لەبەرئەوەی لەگەڵ کۆی ئەو سیاسەتەی کاری پێ دەکرێ نیم، جا ئەگەر بۆ هەر شتێک سەردڵی گرتم پێوەندی بکەم، ئەوا دەبمە ڕۆڵی ئەو کەسە ئێسکگرانە دەبینم کە هیچ پەسەندێکی لاپەسەند نییە، منیش حەزم لەو جۆرە ڕۆڵە نییە!.

دووبەدوو بەرەو دەرگاکە چووین، "موبارەک" وێنەگری بەناوبانگی سەرۆکایەتی، مامۆستا "فاروق ئیبراهیم"ی بینی لەدوورەوە دەجووڵا، سەیری کردم و گوتی "با وێنەیەک بەیەکەوە بگرین"، ڕاشکاوانە بە سەرۆکم گوت "دەتوانین دەستبەرداری وێنەگرتن بین، ڕەنگە ئەوە باشتر بێ".

لەجێی خۆی چەقی و مڕێکی لێ کردم و گوتی "سەیرە، خەڵک دێن بۆ دیدەنیی من و هیچ ئامانجێکیان نییە جگە لە گرتنی ئەم وێنەیە". گوتم "من هەفتانە دوو یاخۆ سێ جار جەمال عەبدولناسرم دەدی، هەروەها ساداتیش، ڕۆژانە بە تەلەفۆنیش چەند جارێک قسەمان دەکرد، لەگەڵ هەموو ئەوانەدا وێنەیەکی دیدارەکە بڵاو نەکراوەتەوە و هیچ باسێک لەبارەی پێوەندیی تەلەفۆنی نییە، من تێناگەم لە "بیدعە"ی بڵاوکردنەوەی هەواڵ یاخۆ وێنەی دیداری ڕۆژنامەنووسان لەگەڵ سەرۆک، چونکە ئەوە "سرووشتی شتەکان"ە، سرووشتی شتەکانیش هەواڵ نییە".

ئەنجا هەڵی دایە "وەڵا ڕاست دەکەی، من هەموو خەڵک دەبینم بەڵام هیچ ڕوو نادا، بەڵام کاتێ زانییان چاوپێکەوتم لەگەڵ تۆ هەیە، لە ڕۆژنامەوانی و لە حکوومەت و لە حزبدا بوو بە هەرا".

خۆمم پێ نەگیرا و گوتم "جەنابی سەرۆک.. ئایا بە ڕاستی حزب هەیە؟!".

سەری ڕاوەشاند و گوتی: تۆ لەسەر بۆچوونەکەی خۆت لەبارەی حزبەوە سووریت، حزب گرینگە بۆ پێوەندیکردن بە خەڵک و "تێپەڕاندنی بڕیارەکان".

دوایین وشەی سەرنجی ڕاکێشام!

***

ئێوارەی هەمان ڕۆژی دیدارەکە، ئوسامە ئەلباز پێوەندی پێوە کردم و لە نووسینگەکەمدا سەری لێ دام و دەفتەرێکی Yellow Padی بەدەستەوە بوو کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان یاساناسەکان بەکاری دێنن، پێش لەوەی لەبەردەممدا دابنیشێ، لێی پرسیم "چیت بۆ سەرۆک پێشنیاز کردووە".

چەردەیەکم لەوەی پێوەندی بەوەوە هەبوو لە گفتوگۆکەم لەگەڵ "موبارەک" بۆ باس کرد، وەڵامی دایەوە:

"تۆ کاتی خۆت بەفیڕۆ دەدەیت، ئەو شێوازی کارکردنی جیاوازی خۆی هەیە، ئەو حەز دەکا گوێ لەم و لەو بگرێ، بەڵام هەر ئەوە دەکا کە خۆی دەیەوێ (ئەم قسە بۆ تۆیە)، دەشبینیت، ئەو نە وەزارەتی کاروباری سەرۆکایەتی و نە منیش بە وەزیر دادەمەزرێنێ".

قسەی زۆرمان کرد، لەکاتی دەرچوونم ئوسامە ئەلباز لەکاتی تێپەڕینی بەلای شوێنی دانیشتنەکەم لە نووسینگەکەمدا تێبینی کرد کاغەزێکی زۆر بە دەسخەتی من پڕ کراونەتەوە، لە ڕووی ناسراویی پێشترمانەوە پێی گوتم "گرەو دەکەم ئەو کاغەزانە خاڵەکانی قسەکانتی لەگەڵ ئەو (موبارەک) تێدایە".

گوتم "ئەوەی بۆی چوویت ڕاستە".

***

## چیرۆکی نوێ لە پاریس!

ڕەنگە هەڵبژاردنی "موبارەک" لەناو کاندیدەکانی تر بۆ جێگری سەرکۆمار بەلای منەوە سەیر بێ (وێڕای هەموو ئەوەی لەبارەی پێوەندیی ئەو دوو پیاوە دەمزانی، بەتایبەت لە ئەزموونی هاوبەشیاندا لە خەرتووم)، بەڵام پێدەچێ هەڵبژاردنەکە بەلای کەسانی ترەوە سەیر نەبووبێ.

لە ڕاستیدا "شیمانەی هەڵبژاردنی" چەند ئاماژەیەکی تێپەڕ و هەندێ جار تەماوی لەبارەیەوە بە زەیندا هێنا، کە تێکڕا چەند ترووسکاییەک دەگەیەنن کە ئاستەمە فەرامۆش بکرێن. بەرکوڵی ئاماژەکانیش ئەوە بوو لە بەرەبەیانێکی یەنایەری ١٩٨٢ لە کۆشکی "ئیلیزێ" لە پاریس ڕووی دا، لەوکاتەی وادەم لەگەڵ میتێران هەبوو، ئەوە یەکەمین دیمانەم بوو لەگەڵی پاش ئەوەی بوو بە

سەرۆکی فرەنسا.

من پێشتر و لەوکاتەی سەرۆکی حزبی سۆشیالیستی بوو فرانسۆ میتێرانم دەناسی و بانگهێشتم کرد بۆ سەردانی قاهیرە، ئەویش بانگهێشتەکەی قبووڵ کرد. لە ٢٥ یەنایەری ١٩٧٤ بۆ ماوەی دە رۆژ میوانی ئەهرام و من بوو لە میسر، دیارە بەنێزیکەیی رۆژانە دەمبینی، هەروەها هەلی بەشداربوونیم لە چەندان دانیشتنی شارەزایانی سەنتەرەی لێکۆڵینەوەی سیاسی و ستراتیجی و ژمارەیەک لە بیرمەندانی ئەوکاتی ئەهرام بۆ رێک خست. لەو دانیشتنانەدا چەندان پرس گفتوگۆیان لەبارەوە دەکرا، چ لە سیاسەتی ناودەوڵەتی یاخۆ لە گۆڕانکارییە گەورەکان کە لە کۆتا قۆناغی شەڕی سارددا بەرەتاکانی لە ئاسۆوە دەرکەوتبوون.

دواتر میتێران لە کتێبێکیدا بەناونیشانی "دەنکێک لە گوڵەگەنمێکدا" بەشێکی تایبەتی تەرخان کرد بۆ باسکردن لەو کۆبوونەوانە و ئەو گفتوگۆیانەی لەگەڵ هەندێ لە هاورێیانم بەشداری تێدا کردن، لە کتێبەکەدا بەدرێژی باسی لەو پێوەندییە کردووە کە لەنێوان سەرۆک سادات و مندا بینیویەتی.

لەکاتی سەردانەکەیدا جارێک یاوەریی ئەو سەرکردە ئیشتراکییەم کرد بۆ بینینی سادات لە ماڵەکەی خۆی لە جیزە.

پاش ئەو سەردانەی میسر لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٧٤، پێوەندیم لەگەڵ فرانسوا میتێران پتەوتر بوو، چەند جارێک لە پاریس یەکترمان بینی کە زۆربەیان لە ماڵەکەی خۆیدا بوو لە گەڕەکی "سان چیرمان"، کە سەعاتەکانی بەیانی لە قاتی سەرەوەی نووسینگەکەیدا دادەنیشتین، دواتر بەپیاسە دەچووین بۆ نانی نیوەڕۆ لە چێشتخانەیەک لەو نێزیکانە و دادەنیشتین بەبێ پچڕان و دوودڵی درێژەمان بە قسەکردن دەدا.

لە ئایاری ١٩٨١ میتێران وەک سەرۆکی فرەنسا هاتە هەڵبژاردن. چەند هەفتەیەک دوای ئەوە من لەگەڵ زۆر کەسی تر خۆمان لەناو زیندانی "تورڕە"دا بینیەوە. لەپشت شوورەکانی زیندانەوە هەواڵی ئەوە دزەی کردە ناومان کە سەرۆک میتێران بەئاشکرا نەیاریی خۆی بۆ هەڵمەتەکانی گرتنی سێپتەمبەر لە میسر دەربڕیوە و داوای لە مەکتەبی سیاسیی حزبی ئیشتراکی کردووە کۆبوونەوەیەکی تایبەت گرێ بدا و سەرکۆنەی گرتنەکانی کرد. میتێران نەیدەتوانی وەک سەرۆکی دەوڵەتی فرەنسا سەرکۆنەکە رابگەیەنێ بۆیە چارە ئەوە بوو وەک سەرۆکی حزبی ئیشتراکی رای بگەیەنێ. هەروەها بیستمان کە سەرۆک سادات تووڕە بووە و هەڕەشەی بڕینی پێوەندییەکانی میسری لەگەڵ فرەنسا کردووە، لەبەرئەوەی دەستی خستووەتە کاروباری میسرەوە ئەگەرچی سەرۆکی فرەنسا وەک سەرۆکی حزبی ئیشتراکیش بۆچوونی خۆی دەربڕیبوو.

***

لە یەکەم گەشتمدا بۆ ئەوروپا پاش ئازادکرانمان، لە یەنایەری ١٩٨٢ نامەیەکم بۆ سەرۆک میتێران نارد و لە کاتی گەیشتنم بە پاریس و ماوەی مانەوەم ئاگەدارم کرد و بوارم بۆ ئەو بەجێ

هێشت کاتێک بۆ یەکتربینین دەستنیشان بکا، زۆری نەبرد نووسینگەکەی پێوەندی پێوە کردم و داوەتی ئامادەبوون لەسەر نانی بەیانی لەگەڵ سەرۆک لە سەعات هەشت و نیوی ڕۆژی دووشەمی داهاتوو پێ ڕاگەیاندم.

لەسەر نانخواردن و لە گفتوگۆیەکدا کە زیاتر لە سەعات و نیوێکی خایاند میتێران لەبارەی پێوەندیم بە سەرۆکی نوێوە "موبارەک" پرسیاری لێ کردم، ئاخۆ پێوەندییەکی سرووشتییە یاخۆ گەردەلوولییە وەک لەگەڵ سەرۆک سادات لە ساڵە کۆتاکانیدا؟

گوتم "لەم دواییەدا بۆ ماوەی چەند سەعاتێک چاوم بە سەرۆکی نوێ کەوت، وا دەبینم پاوێکی ماقووڵ بێ، دەتوانێ لە پۆستەکەی فێر بێ و تێیدا گەورە ببێ".

تێبینیم کرد میتێران بە بایەخەوە گوێی شل کردووە بەبێ ئەوەی هیچ کاردانەوەیەکی هەبێ، تەنیا ئاماژەیەکی خێرا نەبێ کە گوتی "بەهەر حاڵ هەندێ کەس لای ئێمە باش دەیناسن".

لێم پرسی مەبەستی لەو ئاماژەیە چییە، بە نیوە زەردەخەنەیەک ئاماژەی بە دەستەواژەی: هۆگەلی دەوڵەت "Raison d etat" کرد، کە دەستەواژەیەکی بەناوبانگی کاردیناڵ ریشیلیو سیاسەتوانی مەزنە لە سەرەتای مێژووی فرەنسادا.

قسەمان لەسەر زۆر بابەت کرد، بەڵام تێبینیم کرد میتێران زیاد لە جارێک ناوی "ئەلیکسەندەر دی میرانش"ی برد کە بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگریی دەرەکیی فرەنسا SDECE بوو. بە ئەزموونی ڕۆژنامەنووسی ئەو هەستەم لا بزووت کە لە پاریس خەڵکانێک هەبن زیاتر لەبارەی سەرۆکی نوێی میسرەوە دەزانن، کە "دی میرانش" یەکێکیانە.

***

پێشتر "ئەلیکسەندەر دی میرانش"م دەناسی لە ئەزموونێکدا، کە چیسکار دیستان سەرۆکێکی پێشووی فەرەنسا ڕێکی خستبوو کەپێش ٥ ساڵ لە هەمان ئەو هۆڵەی ئێستە میتێرانی تێدادەبینم، چاوم پێی کەوت.

لەو دیدارەدا لەگەڵ چەسکار دیستان لە هۆڵێکی پاشکۆی نووسینگەی سەرۆکایەتی لە دوو کورسی بەرامبەر دانیشتبووین و مێزێکی چای لە جۆری "لویسی پازدەیەم" لەنێوانمان دابوو، ئەنتیجۆنی سەگەکەی دیستانیش لەژێر کورسیەکەیدا ڕاکشابوو، ویستی پاساو بۆ بوونی سەگەکەی لەگەڵیدا بێنێتەوە بەوەی سەگەکە ناتوانێ لێی دوور بکەوێتەوە، بگرە هەمیشە بەدوایەوە لە ژووری نووستنەکەیەوە بۆ هۆڵی کتێبخانەکەی، کاتێ پارچەیەکی بچووک گۆشتی بۆ فڕێدایە ناو قاپەکەی، بە گونجاوی زانی پاساوێکی تر بۆ بوونی سەگەکەی باس بکات و گوتی "سەگەکە قسە ناکا، بەڵام وەفاداری بێ ئەندازەیە و لە نهێنیپارێزیشدا جێمتمانەیە".

ئەنجا گوتی "ئەو دڵسۆزییە پاکە لە پەیوەندی نێوان مرۆڤەکاندا دەگمەنە"!

قسە زۆر کرا و پەلوپۆی لێبوویەوە و هەستم کرد سەرۆک دیستان بە ئەفریقیاوە سەرقاڵە و

قسەکانی زیاتر لەبارەی ئەوێوە بوو، پێی وابوو شیوعیەت وردە وردە تێیدا ڕۆ دەچێ، هەروەها پێداگری کرد "پێویستە عەرەب دەرک بەمەترسیی دۆخی ئەفریقیا بکەن، لەبەر ئەوەی ئەو هەڕەشەی ڕووبەڕووی عەرەب و ڕۆئاواش لەگەڵیان دەبێتەوە مەترسیدارە"!

سەرۆک دیستان لە ڕوونکردنەوە بەردەوام بوو:

"١- کەناڵی سوێس هێشتا داخراوە، ئەمە وێڕای کۆتا هاتنی شەڕی "یوم الغفران" (سەرۆکی فەرەنسا بەم شێوەیە وەسفی شەڕی ئۆکتۆبەری کرد).

٢- نەوتی کەنداو بۆ ئەوەی بگاتە ئەوروپا و ئەمەریکا ناچارە لەڕێی "سەر لوتکەی هیوا"وە بەدەوری ئەفریقیادا بسووڕێتەوە. ئەمەریکا دەتوانێ بەشێوەیەکی کاتی دەستبەرداری نەوتی عەرەبی ببێ، بەڵام ئەوە بۆ ئەوروپا مەحاڵە.

سووڕانەوەی نەوتگوێزەکان (ناقلات البترول) بەدەوری ئەفریقیادا لەڕێی ئەو ڕاڕەوە دەریاییانەی چوار دەوری کیشوەرەکەیان داوە، لەبەردەم چالاکیی سۆڤیەتیدا، کە کۆششێکی زۆر بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی لەو ناوچەیە دەکا، ئاشکرایە، بەتایبەتی لە ئەفریقیا و بەدیاری کراوی لە ئەسیوبیا (ڕژێمی مەنگستۆ هیلا مەریەم حوکمی دەکرد) کە ناسنامە کۆمۆنیستییەکەی نەدەشاردەوە.

٣- ئەوروپایش ناتوانێ ئاشکرابوونی ئەو ڕێڕەوە دەریاییانەی نەوتگوێزە ڕۆئاواییەکانیان پێدا تێدەپەڕێ قبووڵ بکا.

لەبارێکیشدا کردنەوەی کەناڵی سوێس لەبەردەم نەوتگوێزەکاندا هێشتا بە هەڵواسراوی ماوەتەوە، لەبەرئەوەی ڕاستەوخۆ ڕەهنە بە ڕێکەوتنەکانی ئاشتیی نێوان میسر و ئیسرائیل و ناڕاستەوخۆیش بە ئاشتیی عەرەب-ئیسرائیلەوە، کەواتە دەبێ بە هەموو شێوەیەک سنوور بۆ هەژموونی سۆڤیەت لەناو کیشوەرەکەدا دابنرێ.

٤- فەرەنسا لە سەردەمی دیگۆلەوە بایەخ بە بوونێکی سیاسیی کاریگەری فەرەنسا لەو کیشوەرەدا دەدا، کە پارێزگاری لە زۆر بەرژەوەندی دەکا، هەروەها پێوەندیگەلی شارستانیش دەپارێزێ کە بایەخی خۆی هەیە، هەر بۆ ئەوەیش دیگۆل ڕێکخروای "فرانکۆفۆنی"ی دامەزراند، بەڵام ئەم ڕێکخراوە بەپێچەوانەی ڕێکخراوی "کۆمۆنوێڵس" لە جموجوڵی سیاسیدا لاوازە، لەبەرئەوەی هەرێمە ئینگلیزییەکانی فرەنسا (مەبەستی ئەو دەوڵەتە ئەفریقییانە بوو کە لەژێر دەسەڵاتی بەریتانیادا بوون و زمانی ئینگلیزییان بەکار دەهێنا) چوونە پاڵ کۆمۆنوێڵسی بەریتانیایی (کە ڕێکخراوێکی ئابوورییە) لەکاتێکدا فرەنسا لەڕێی ڕێکخراوی فرانکۆفۆنییەوە کولتووری وەک پێوەند بەکارهێنا لەو ڕوانگەوە کە زمانی فرەنسایی بناغەیەکی هاوبەشە، بەڵام فرانکۆفۆنی لە ئەدەب و کولتووردا نوقم بوو و ستراتیجییەت و سیاسەتی لەبیر کرد، ڕەنگە ئەوەیش لەژێر کاریگەریی سەنگور (سەرکردەی سەنیگال)دا بووبێ، جا گوتی لەبیرت نەچێ

سەنگور شاعیر بوو، ئەگەر وایش بێ ڕێکخراوی یۆنیسکۆمان بەس بوو (ڕێکخراوی رۆشنبیری و زانست) و پێویست بە فرانکۆفۆنیەت نەبوو.

جیسکار دیستان لێی پرسیم ئاخۆ هیچ لارییەکم هەیە لە بینینی "ئەلیکسەندەر دی میرانش) کە بەڕێوەبەری هەواڵگریی دەرەکیی فرەنسایە، لەبەرئەوەی ئەو لە هەر کەس زیاتر لە رادەی مەترسیی سۆڤیەت و ڕێگەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی لە ئەفەریقیا تێ دەگا (ئەوە یەکەم جار بوو ناوی ئەو پیاوە ببیستم و شتێکی لەبارەوە بزانم).

گوتم من دەتوانم هەر کەسێک ببینم کە شتێکی نوێی لێوە بزانم.

***

بەهەرحاڵ دیدارەکەی ئەو رۆژەمان کۆتای پێ هات، سەرۆک دیستان گوتی داوا لە ئەلیکسەندەر دی میرانش دەکا لەو هۆتێلەی لێی نیشتەجێم پێوەندیم پێوە بکا.

دی میرانشیشم بۆ یەکەم جار بینی، بە ڕێکەوتیش زانیم خزم (ئامۆزا)ی ژنەهاوڕێیەکی دێرینم بوو (تیریز دی سان فال) کە ئەوکات بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوە بوو لە "فلاماریۆن"، کە گەورەترین خانەی چاپ و بڵاوکردنەوە بوو لە فرەنسا و مافی بڵاوکردنەوەی کتێبەکانی منی بە زمانی فرەنسایی هەبوو.

کاتێ دی میرانش هات بۆ بینینم لە هۆتێلی "کریۆن"، بانگهێشتی کردم بۆ ساڵۆنێک کە لە هەمان هۆتێل گرتبووی تا دوور لە کەسانی تر (لە ساڵۆنی ئیمپراتۆریەت کە تێیدا چاوەڕوانم دەکرد) دابنیشین و قسە بکەین. دیار بوو یەکێک لە یاریدەدەرەکانی شاشەیەکی لە هۆڵەکەدا ئامادە کردبوو کە نەخشەی ئەفریقیا و هێڵەکانی کەشتیەوانیی دەریایی لە چواردەوریدا کێشرابوون، لەگەڵ تۆماری ژمارەی ئەو بارە نەوتانەی رۆژانە بە ڕێڕەوەکانیدا گوزەر دەکەن.

لەبەردەم شاشە گەورەکەدا دانیشتین، میرانش دەستی بە شەرح کرد و لەگەڵیدا نەخشەی سەر شاشەکان دەگۆڕان، لەگەڵ هەندێ لە نەخشەکاندا ژمارەیەک بەڵگەنامە و خشتە و ژمارە دەردەکەوتن کە لەگەڵ جێبەندی پێشاندانەکەدا دەگونجان!

دی میرانش ناوبەناو سەرنجی دەخستە روو کە تێیدا سوور بوو لەسەر ئەوەی فرەنسا هێشتا زلهێزێکە ئەگەرچی قایلیش بووە بە سەربەخۆیی وڵاتە بندەست (کۆلۆنی)ەکانی!

هەروەها ئەفریقیا هێشتا بەلایەوە بەبایەخە (ناشتوانێ لێی بکشێتەوە وەک کە پاش سەربەخۆیی ڤێتنام لە ئاسیا کردی).

هەروەها فرەنسا دەوڵەتێکی (دەریای) ناوەڕاستە و قبووڵ ناکا هیچ مەترسییەک هەڕەشە لەو ناوچەیە بکا. ناوەڕاستیش سەقفی ئەفریقیایە!

***

پێشاندانەکە تەواو بوو و دی میرانش درێژەی دا بە باسکردنی ئەوەی فرەنسا گەورەترین

بەکاربەری وزەیە لە کیشوەری ئەوروپا، هەژمورونی راستەوخۆیشی بەسەر سەرچاوەکانی وزەدا لە کەنداو نییە، هەر بۆیە ژیانی خۆی و ژیانی کۆمەڵگەی ئەوروپایی بە نەوتەکەی ئەوەوە بەندە و خۆیشی بە هاوبەشێکی سەرەکی دادەنێ لە دەستبەرکردنیدا، هەر بۆیە هاوکاری لەگەڵ ژمارەیەک لە دەوڵەتانی ناوچەکەدا دەکا و پێکەوە "هاوکاری لە کارکردن" Cooperation D action یان دامەراند.

هەروەها گوتی خۆشبەختانە هەندێ لە هێزە پێوەندارەکانی رۆهەڵاتی ناوەڕاست لەگەڵ فرەنسا چوونەتە ناو ئەو "هاوکاری لە کارکردن"ـە، هەروەها فرەنسا بوو ئەمەریکا و ئیسرائیلی قایل کرد نەیەنە ناو گرووپەکە تا عەرەبەکان گومان لە نیازپاکیی "هاوکاری لە کارکردن" نەکەن، لەبری ئەوە لەسەر ئەوە رێک کەوتن هەردووک ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل دوور بەدوور ئاگایان لە کارەکانی گرووپەکە بێ، ئەمەیش شتێکی پێویستە تا لە تاریکاییدا بەریەککەوتن لەناو پلانەکاندا روو نەدا.

دی میرانش گوتی ناونیشانی "سەفاری" (گەشت بە دارستانەکاندا)یان بۆ گرووپەکە هەڵبژارد، لەبەرئەوەی چالاکیی سەرەکیی گرووپەکە لە ئەفریقیایە، ناوێکی رۆمانسشیان بە "کۆد" بۆ هەڵبژارد، کە کەس ناتوانێ واتاکەی دیاری بکا مەگەر لایەنێک بێ لە گرووپەکەدا.

هەروەها گوتی خۆشبەختانە پیاوانێکی وەک شا حەسەن (لە مەغریب) و شا فەیسەڵ (لە سعوودیە) و محەمەد رەزا شای پەهلەوی (لە ئێران) و سەرۆک سادات (لە میسر) دووربینی و جەسارەتی ئەوەیان هەیە لەو ئەرکەدا، کە پێوەندی بەوانیشەوە هەیە و کار لە زیندە بەرژەوەندییەکانیان دەکا، هاوکاریی فرەنسا بکەن.

دی میرانش درێژەی دایە و باسی لەو مەترسییانە کرد کە هەڕەشە لە وڵات بە وڵاتی شاخی ئەفریقیایی دەکەن، بایەخێکی ئاشکرای بە ئەفریقیا دەدا و بەتایبەت بە کۆنگۆ و ئەنگۆلا.

دی میرانش گوتی "ئەمە لە راستیدا (هاوکاری لە کارکردن)ێکی ستراتیجییە، کە بەرژەوەندیگەلێکی هاوبەش بەدی دێنێ، هەر بۆیە جێبەجێکردنی لەرێی پەیماننامەیەکی تایبەت و داخراوی نێوان هەر پێنج دەوڵەتەکە کراوە".

بەبێ ئەوەی قسە لەسەر قسەکانی بکەم تا لە روونکردنەوەکان راینەگرم، لێم پرسی "ئاخۆ ئەو دەوڵەتە عەرەبییانەی رێکەوتنەکە (راستتر بڵێین: پەیماننامەکە)یان ئیمزا کردووە ئاگایان لەوە هەیە هاوئاهەنگی لەگەڵ ئەمەریکا و ئیسرائیل کراوە؟ بەبێ دوودڵی وەڵامی دایەوە "ئەوان بەدڵنیاییەوە دەزانن، بەڵام بۆ ئەوەی تووشی رووزەردی (حرج) نەبن، لەوەدا هەموویانمان

بەخشیوە و ئەرکی هاوئاهەنگیکردن لەگەڵ ئەمەریکامان بە ئێران سپاردووە، ئەمەریکایش لە چوارچێوەی پێوەندییە تایبەتەکانی خۆیدا لەگەڵ ئیسرائیل، ئەمەی دوایی لەو شتانە ئاگەداری دەکاتەوە کە گرینگە بیانزانێ"!

***

دی میرانش بایەخێکی تایبەتی بە سعوودیە دەدا، ئەویش لەو باوەڕەیەوە کە بە درێژی باسی کرد کە دەبێ ئیسلام ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە پاراستنی نەوتدا ببینێ و گوتی "خۆشبەختانە گەورەترین بەرهەمهێنی نەوت لەهەمان کاتدا خانەی شوێنە پیرۆزەکانی موسڵمانانە و فرەنسا قەت باوەڕی بە بەریەککەوتنی ئیسلام و ئەوروپا نییە، بەپێچەوانەوە لە لایەنگرانی گفتوگۆی ئاینەکانە لەنێوان ئیسلام و ئەوروپادا و بە کردەوەیش لەگەڵ زانایانی سعوودی هەوڵێکی هاوبەشیان دەست پێ کردووە، ئەو هەوڵەیش لەلایەن میسرەوە هان دەدرێ (ئەوە ڕاست بوو، ئەگەرچی زانایانی سعوودیە هەستیان بە ڕووزەردی کرد لەو گفتوگۆیە و شێخێکی پێشووی ئەزهەر بۆ درێژەپێدانی لە میسر دڵگەرم بوو و لەو زانکۆ ئیسلامییە دێرینە (ئەزهەر) سەنتەرێکی تایبەتی بۆ کردەوە).

دی میرانش لە کۆتای پێشاندانەکەیدا پێی وابوو "دەبێ بیرمەندانی عەرەب لە لێکتێگەیشتنی شارستانی لەنێوان ڕۆحی ئیسلام و ڕۆحی ئەوروپادا یارمەتیدەر بن".

هەروەها ئاماژەی بەوە دا لە ڕابردوودا و لەوکاتەوە "ناپلیۆن پۆناپارت" چووە میسر، میسر هەندێ کۆششی لەو ڕووەوە کردووە، ڕاستە ئەو هەوڵانەی میسر لە ڕوانگەی خواستنی ڕۆشنگەریەوە بووە، بەڵام میراتی کولتووری دەبێ ببێتە مایەی پاراستنی زیندە بەرژەوەندییەکانی خاوەنەکەی"!

با بایەخەوە خووم دابوویە قسەکانی و بیرم لەو توانای دەوڵەتە زلهێزەکان دەکردەوە بۆ خستنەڕووی بەرژەوەندییەکانیان لە بارودۆخە گۆڕاوەکاندا و چۆن چۆنی شەڕێکی پەنامەکی، بە ڕووپۆشی کولتوور و شارستانیەت و تەنانەت ئاینەکانیش دادەپۆشن!.

دواتریش جارێکی تر دی میرانشم لە ئۆفیسەکەی بینییەوە، ئەم جارەیان جگە لە ئەفریقیا، بایەخێکی تازەی بە ئەمەریکای ناوەڕاست و کوبایش دەدا.

***

چەند ساڵێک تێپەڕین و دیستان لە کۆشکی ئەیلیزێ دەرچوو و میتێران چووە ژوورەوە و ئەو دیدارەمان بوو کە کەمێک پێشتر ئاماژەم پێ دا و تێیدا بە لێڵی باسی لەو کەسانەی "موبارەک دەناسن" و بەرژەوەندیی دەوڵەت کرد و پتر لە جارێک ناوی "دی میرانش"ی هێنا. بەخەیاڵمدا هات جارێکی تر بیبینمەوە، بەڵام بارودۆخ وا هاتە پێش میرانش خۆی هەوڵ بدا من ببینێ، ئەم جارەیان لە ڕێی "ئامۆزا"کەیەوە، خاتوو "تیریز دی سان فال" (بەڕێوەبەری بڵاوکردنەوە لە دامەزراوەی فلاماریۆن)، کە پێوەندی پێوە کردم و پێی گوتم ئامۆزاکەی دەیەوێ بمبینێ، چونکە دەیەوێ هەندێ لەو شتانەم بۆ ڕاست بکاتەوە کە لە کتێبەکەم لەبارەی شۆڕشی ئێرانییەوە "گەڕانەوەی ئایەتوڵڵا"دا باسم کردبوون.

دەست بە بڵاوکردنەوەی هەندێ لە بەشەکانی کتێبەکە کرابوو لە ڕۆژنامەی "فیگارۆ" وەک سەرەتایەک بۆ بڵاوکردنەوەی لە خانەی "فلاماریۆن"، لەو کتێبەدا بەشێکی تەواوم تەرخان کردبوو، تێیدا بۆ یەکەمین جار باسم لە نهێنیی گرووپی "سەفاری" کردبوو، دەقی پەیماننامەی دامەزراندنی

گرووپەکەم دیبوو، ئەویش لە کۆشکی نیاڤاران کە بارەگای رەسمیی کار و ژیانی شای ئێران بوو، ئایەتوڵا خومەینی فەرمانی دابوو ئاسانکاریم بۆ بکرێ بۆ بینینی هەر بەڵگەنامەیەکی ئەو سەردەمەی شۆڕشی ئێرانی بۆ رووخاندنی هەڵگیرسا!

بەڵگەنامەی پێکهێنانی پەیماننامەکە و ئیمزاکردنی لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتدا بوو کە لە جدە گرێ درا، گرینگترین دەقەکانی لە کتێبەکەدا بڵاو کرایەوە، لەگەڵ دەقەکاندا ناوی ئەوانەیش نووسراوە کە لەبری سەرۆکەکانیان ئیمزایان کردبوو، بڵاوکردنەوەی ناوەکان لەو کاتەدا هەرایەکی گەورەی نایەوە، ئەوانەی لەبریدا ئیمزایان کردبوو پێنج کەس بوون:

کۆنت "دی میرانش" خۆی (بەڕێوەبەری هەواڵگریی دەرەکیی فرەنسایی) لەبری سەرۆک دیستان.

کەمال ئەدهەم (بەڕێوەبەری هەواڵگریی گشتیی سعوودیە) لەبری شافەیسەڵ.

جەنەراڵ ئەحمەد دلیمی (بەڕێوەبەری هەواڵگریی مەغریبی) لەبری شاحەسەن.

جەنەراڵ نیعمەتوڵا ناسری (بەڕێوەبەری ساواکهەواڵگریی ئێرانی) لەبری شا محەمەد رەزای پەهلەوی.

دکتۆر ئەشرەف مەروان (بەڕێوەبەری نووسنگەی سەرۆک بۆ زانیارییەکان لە میسر) لەبری سەرۆک سادات.

***

ئەو بابەتەی "ئەلیکسەندەر دی میرانش"ی تەنگاو کردبوو هاتبوو داوای راستکردنەوەی دەکرد، ئەوە بوو کە لەبارەی رووداوێک لە یەکێک لە جێگرەکانی قەومابوو باسم کردبوو، کە چۆن پاش کۆبوونەوەیەکی نهێنی لە مەغریب و لەکاتی تێپەڕینی بە باڵەفڕگەی "دارولبەیزا"دا جانتای کاغەزەکانی لێ دزرابوو، ئەنجا ئەو جەنەراڵە سەرکۆنە کرابوو کە بەکرێگیراوەکانی سۆڤیەت (دیارە هی تریش) توانیویانە جانتای بەڵگەنامەکانی بدزن کە نهێنیی گرینگی تیایە. من لە کتێبەکەدا ئەوەیشم نووسیبوو کە ئەو جەنەراڵە فرەنساییە بەرپرسە دواتر کوژراوە و گوتراوە لە سزای ئەو کارەدا بووە!

ئەوەی دی میرانشی تەنگاو کردبوو ئەوە بوو قسەکەی من ئەوەی لێ دەخوێنرێتەوە کە "دی میرانش" سەرۆکی راستەوخۆی ئەو جەنەراڵە فەرمانی لەناوبردنی دەرکردووە و دەیویست من روونکردنەوەیەکی بۆ زیاد بکەم (لانی کەم بۆ چاپە فرەنسییەکەی، کە لە ئامۆژاکەیەوە بیستبووی لە دەرچووندایە)، ئەگینا، بەداخەوە، ناچارە سکاڵا لەسەر خانەی "فلاماریۆن" وەک بڵاوکەرەوەی کتێبەکە و من وەک نووسەری کتێبەکە تۆمار دەکا!

"دی میرانش" لەو کاتەدا و پێش لەوەی میتێران بچێتە کۆشکی ئەلیزێ، وازی لە پۆستەکەی هێنابوو!

ئێستە ئازاد بوو و تا رادەیەک گرێی زمانی کرابوویەوە و قسەکان خۆشتر و زیندووتر لە زاری هەڵدەقولان.

***

یەکترمان بینی و لە سەرەتادا ژنە ئامۆزاکەیشی "تیریز دی سان فال"مان لەگەڵ بوو، ئەم جارەیان لە گۆشەیەکی ئەستێرکێکی مەلەکردن لە باخچەی هۆتێلی "ریتز" لە گۆڕەپانی بەناوبانگی "فاندۆم" دانیشتبووین، لە نێزیک ستوونێکی پۆڵا کە ناپلیۆن پۆناپارت لەو تۆپانەی لە شەڕی "ئەسترلینز" بە تالانی گرتبوونی، دروستی کردبوو!

ئەگەرچی مەوعیدمان سەعات ١٠ی بەیانی بوو، سەرم سوڕما کاتێ لە دی میرانشم پرسی ئاخۆ کووپێک قاوەی دەوێ، ئەو وەلامی دایەوە بەوەی پرسی ئاخۆ بێتاقەت نابم ئەگەر داوای پێکێک "ویسکی" بکا.

رەنگە لەژێر کاریگەریی لێڵیی ئاماژەکەی چەند رۆژ پێشتری سەرۆک میتێراندا بێ کە گوتی "لای ئێمە هەندێ کەس سەرۆکی نوێی میسر دەناسن" و دوو جاریش ناوی "دی میرانش"ی بەسەر زاردا هات کە راستەوخۆ لێم پرسی: "پێدەچێ تۆ سەرۆکی نوێمان بناسی، لە ئاماژەیەکی سەرۆک میتێران کە سەرەتای ئەم هەفتەیە یەکترمان دی، هەستم بەوە کرد".

دی میرانش سەیری کردم و چاوەکانی دەبریسکانەوە و گوتی "بەڵێ.. بەڵێ دەیناسم، لە چوارچێوەی گرووپی "سەفاری"دا بینیم کە بیرم دێ پێش چەند ساڵێک لەبارەیەوە قسەم بۆ کردی.

سەرەتا "ئەشرەف مەروان" نوێنەرایەتیی سەرۆک ساداتی دەکرد لە گرووپەکەدا، پاش دوو ساڵ ئەشرەف مەروان بزر بوو و "موبارەک" جێی گرتەوە!

***

ئەنجا دی میرانش سنگی دایە بەر قسەکردن، رەنگە ئەوە دڵنیای کردبێتەوە کە من ئێستە پێوەندیم بە دوو سەرۆکی فرەنساییەوە هەیە: "چیسکار دیستیان" و ئێستەیش و "فرانسوا میتێران".

دی میرانش باسی لە سەرهەڵدانی گرووپەکە کرد کە لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا دەستی پێ کرد. پاش کەوتنی سەرۆک "ریچارد نیکسۆن" بەهۆی رسواییەکەی "ووتەر گێت"ی ساڵی ١٩٧٤ و هەر بەو هۆیەوە ئاژانسی هەواڵگریی ناوەندیی ئەمەریکایی A.I.C کە گەورەترین زەبەلاحی دنیای هەواڵگرییە پەکی کەوت، لەبەرئەوەی لەلایەن کۆنگرێسەوە لێکۆڵینەوەی فراوانی لەگەڵدا کرا پاش ئەوەی دەرکەوت، بەپێچەوانەی یاساکەی، لە کارکردن لەناو خودی ئەمەریکاوە تێوەگلاوە.

هەروەها گوتی سەرۆکی نوێی ئەمەریکا پاش دەرچوونی نیکسۆن لە کۆشکی سپی، کە سەرۆک جیراڵد فۆردە، ئەویش بڕیاری داوە لێژنەیەکی تایبەت بەسەرۆکایەتیی نیلسۆن روکفلەری جێگر پێک بێنێ بۆ لێکۆڵینەوە لە زێدەڕۆییەکانی ئاژانسی هەواڵگریی ناوەندی کە بەو هۆیانەوە

لەکارکەوتنی دەزگاکە درێژەی کێشا، بەتایبەت پاش ئەوەی کۆنگرێس سەرمایە داراییەکەی بلۆک کرد.

دی میرانش گوتی "لەو کاتەدا هەستمان کرد دەبێ لەسەر بەرپرسیاریەتیی خۆمان بجوولێین، داوامان لە دۆستانمان و دۆستانی ویلایەتە یەکگرتووەکانیش کرد هاوکاریمان بکەن، شانشینی سعوودی ئامادە بوو بە پارە بەشداری بکا، ئێوە لە میسر بە سەربازگەی مەشق ئامادە بوون، مەغریب بە رەگەزی مرۆیی ئامادە بوو، شای ئێران بە هەموو شێوەیەک ئامادە بوو At large.

ئەشرەف مەروان نوێنەری میسر بوو، دواتر وەک عەرزم کردی بزر بوو و موبارەکی جێگری سەرۆک سەری هەڵدا.

دی میرانش ئیستێکی کرد بۆ ئەوەی داوای پێکێکی تر ویسکی بکا و ئەنجا درێژەی پێ دایەوە: "لەبارەی موبارەکەوە لێم دەپرسی، دەیناسم، دیارە دەیناسم هاوڕێکەم، لە دانیشتنەکانی سەفاری لەگەڵمان بوو، کە چەند جارێک لە جیددە، چەند جارێک لە تاران و چەند جارێکیش لە مەغریب کۆ بووینەوە، بەڵام کۆبوونەوەی زۆرمان لە فەرەنسا نەکرد تا واشنتۆن وا هەست نەکا ئێمە دەمانەوێ بالأ بەسەر گرووپەکەدا بکێشین.

A .I.C زۆر هەستیار بوون لەگەڵ ئەوەی لە هەموو شتێکیش ئاگادارمان دەکردنەوە، ئەوانیش ئیسرائیلیان ئاگەدار دەکردەوە. ئیسرائیل داوای کرد بەشداریی چالاکییەکەمان بکا، لەبەرئەوەی زانیاریی هەواڵگریی بەنرخی لە ئەفریقیا هەیە، بەڵام بۆ ئەوەی سعوودیە هەست بە رووزەردی نەکا داوای لێبوردنمان کرد، بەڵام هیچ هەستکردن بە رووزەردییەک لای میسری و مەغریبییەکان نەبوو، ئەوان پێوەندیی راستەوخۆیان لەگەڵ ئیسرائیلدا هەیە"!

دی میرانش گەڕایەوە سەر باسی "موبارەک" و گوتی "بەڵێ بەڵێ دەیناسم، چەندساڵێک لەگەڵمان بوو".

رەنگە هەڵەیەکم کردبێ کاتێ لەبارەی بواری کارکردنی "موبارەک" پرسیارم کرد، پێدەچێ پرسیارەکە دەماری هەواڵگیریی لا وروژاندبێ، هەر بۆیە ئیستێکی کرد و گوتی ناتوانێ بچێتە ناو وردەکاریی "هەندێ پرۆسەی تایبەتەوە"!

لەوکاتەی دیدارەکەمان لە کۆتایی نێزیک دەبوویەوە، دی میرانش وردەیەکی تری لەبارەی موبارەکەوە درکاند و گوتی "ئەو لەوکاتەی لە کەشوهەوای ئیمزاکردنی دەستەوارەی کڕینی باڵەفڕەکانی "میراج" کە لیبیا لەگەڵ فرەنسا لە ساڵی ١٩٧١ کە گرێبەستێکی گەورە بوو بۆ کڕینی ١٠٨ باڵەفڕ، بۆ یەکەم جار بیچمی موبارەکی بینیوە چاودێری کردووە".

دی میرانش گوتی "ئێمە دەمانزانی لیبیا ئەو دەستەوارە بۆ میسر ئیمزا دەکا بۆ یارمەتیدانی لە شەڕی ١٩٧٣، هەر بۆیە بەوردی چاودێریمان دەکرد، لە راستیدا لە شاندی دانوستانکار وردبووینەوە کە لەگەڵ کۆمپانیای "تۆمسۆن" دانوستاندنی دەست پێ کرد، هەر هەموویان لە هێزی

باڵەفڕوانی میسری بوون، پاسپۆرتی لیبیاییان دابوونێ تا بڕوا بە ئێمە بێن کە لیبیایین، بەڵام ئێمە ڕاستییەکەیمان زانی".

هەروەها گوتی "ئێستە ئەوە چی تر نهێنی نییە".

دی میرانش گوتی "لەم کاتەدا بۆ یەکەم جار موبارەک کەوتە بەر نیگام، ناکۆکییەک لەنێوان هەندێ لەوانەی بەشداریی دانوستاندنەکانی ئیمزاکردنی دەستەوارەکەیان کرد دروست بوو و گرووپی چەکی باڵەفڕوانی میسرییان بەجێ هێشت و لەناو خۆیاندا دەستەیەکیان دروست کرد، دوای ئەوە لەبەر چەندان هۆ جیاوازی و ناکۆکییەکەیان قووڵتر بوویەوە، جا "موبارەک" کەوتبووە نێوانیان تا پێکیان بێنێتەوە و هانیان بدا پەرۆشی پێوەندییەکانیان بن، کە لە بنەڕەتدا لە ئەفسەرانی خۆی بوون. دەبوو چاودێریی هەموو شت بکەین، لەبەرئەوەی بارودخێکی نائاسایی دەوری تەواوی دەستەوارەکەی دابوو!

هەستم کرد دی میرانش حەزەرە کۆنەکەی پیاوی هەواڵگری سەری لێ دایەوە، منیش نەمویست هیچی لەسەر بڵێم!

***

زیاتری نەگوت و منیش هەستم کرد لەوە زیاتر ناڵێ کە گوتی، لەگەڵ ئەوەیشدا دی میرانش چەند جارێک ناوی موبارەکی هێنایەوە و بە ئاوازی سەرسامییەوە کە نەیدەتوانی بیشارێتەوە گوتی "ببینە قەدەر! من وا خانەنشینم و هاوڕێکەی پێشووم لە سەفاری لە لوتکەی سەرۆکایەتیی دەوڵەتی میسریدایە"!

بە سەرسوڕمانەوە گوتی "ئازیزم ئەوە قەدەرە.. قەدەر"!

***

جێی سەرسوڕمانە ئەمەیش شتێکی نوێیە دواتر وردەکارییەکان لەو ڕووەوە بەپێی خۆیان هاتنە لام. ئەوە بوو لە سێپتەمبەری ٢٠٠٨ لە پاریس بووم، بە ڕێکەوت لە هۆڵی هۆتێلی "بریستۆڵ" چاوم بە عەبدولسەلام جەلوود کەوت کە پاش شۆڕشی سێپتەمبەری ١٩٦٩ سەرۆک وەزیرانی لیبیا بوو (جەلوود لە سەردەمی خۆیدا پیاوی دووەم بوو لە سەرکردایەتیی شۆڕش دوای موعەمەر قەزافی). لەو هۆڵەدا چاوەڕوانی کەسێک بووم کە پاش نیو سەعات دەهات، بانگهێشتی جەلوودم کرد بۆ دانیشتن لە باخچەی ناوەوەی هۆتێلەکەدا، جەلوود دەستی بە گێڕانەوە کرد و باسی لە دەستەوارەکەی "میراج" لەگەڵ فەرەنسا کرد و جەختی کرد کە بەهای دەستەوارەکە ٤ ملیار دۆلار بوو، ئەنجا چووە ناو وردەکارییەکان، خۆشبەختانە ئەو بەشەی قسەکانی بەئامادەبوونی شایەتحاڵێک کرد کە ئەو میوانە بوو چاوەڕوانم دەکرد ئەویش دکتۆر غەسان سەلامە (بیرمەندی هەڵکەوتوو و وەزیری ڕۆشنبیریی پێشتری لبنان، کە ئێستە مامۆستایە لە زانکۆی پاریس) بوو، بانگهێشتم کرد بۆ دانیشتن لەگەڵ عەبدولسەلام جەلوود، پاش ئەوەی میوانەکەم پێ ناساند

جەلوود لێی پرسیم "ئایا متمانەت پێی هەیە؟"! منیش متمانەی خۆمم بە غەسان سەلامە بۆ دووپات کردەوە.

جەلوود دەستی بەقسە کرد و درێژەی دایە، بەڵام ناتوانم زۆر لەوانەی بیستم بگوێزمەوە، چونکە سەرچاوەیەکی دووەمم نییە ئەو شتانەی گێڕانیەوە دووپات بکاتەوە. لە بنەماکانی پیشەکەیش وەک من دەیزانم ئەوەیە ئەگەر خۆم لەناو رووداوێکدا نەبم، ئەوا پێویستە پێش لە بڵاوکردنەوەی لە سەرچاوەیەکی دووەمیشەوە ساغی بکرێتەوە. بەڵام سەرچاوەیەکی دووەمم بۆ ئەو شتانە نەبیست کە لە هۆڵی هۆتێلی بریستۆڵدا بیستنم. بەهەرحاڵ عەبدولسەلام جەلوود ئەگەر ویستی دەتوانێ وردەکاریی گێڕانەوەکانی باس بکا!

## ببوورە!

لەو دیدارە یەکەم و درێژەمدا لەگەڵ سەرۆک "موبارەک" ئەوەی زۆر سەرنجی راکێشام، بەکارهێنانی هەندێ دەستەواژە بوو کە بە ئاستەم لە گفتوگۆی سیاسەتوانەکاندا بەکار دێن و زۆربەیان دور لە عورفن و هەندێکیان نایاساییشن!

لەو یەکەم دیدارەدا ئەو سەرسوڕمانێکی لە روومەتی مندا خوێندووەتەوە کە رەنگە بەهۆی ئەو دەستەواژانەوە لام رەنگی دابێتەوە کە ناوبەناو بەکاری دەهێنان و دەستی کرد بە شیکردنەوەی هەندێ شت کە شیکردنەوەیان پێویست نەبوو و گوتی "ببوورە محەمەد بەگ، ئەو دەربڕینانەی هەستم کرد نیگەرانیان کردوویت، ئەو زمانەیە ئێمە لە سەربازگە و بنکە دوورەدەستەکاندا بەکارمان دەهێنا".

دڵنیام کردەوە من لەڕووی ئەزموونی کارکردنم وەک پەیامنێرێکی جەنگ چ لەو شەڕانەی میسر کردنی و چ لە شەڕگەلێکی تر کە رووماڵم کردوون، گوێم لە چەندان فەرماندەی گەورە هەبووە هاوشێوەی ئەو "زمانی سەربازگە و بنکە سەربازییەکان"یان بەکار هێناوە، هەروەها دڵنیام کردەوە کە گوێم لە بەناوبانگترین سەرۆکی ئەمەریکا جەنەراڵ "دوایت ئایزنهاور" بووە چەندان جار ئەو دەستەواژانەی بەکار هێناوە!

بە سەرنجەوە گوتی "ئایزنهاوەریش؟!"

ئەنجا گوتی لەو کاتەیش لە کۆلێجی "فرونز" لە رووسیا خوێندوویەتی گوێی لەو زمانە بووە، هەروەها لەو سەربازە ئەمەریکاییانەی بیستووە کە لە ئەزموونی خۆیدا بینیونی، تەنانەت وەک جێگری سەرۆکیش، بەڵام بەخەیاڵیدا نەهاتبوو ئایزنهاوەریش بەکاری هێنابێ!

بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی "خەڵک ئەم ناوە بەناوبانگانە لە جیهاندا دەبیستن و پێیان سەرسام دەبن، بەڵام کاتێ وەک پێویست لێیان نێزیک دەبنەوە دەبینن ئەوانیش هەر وەک ئێمەن و رەنگە خراپتریش"!"

موبارەک هەروەها گوتی "خاتوو سۆزی (هاوسەرەکەی) لەکاتی هاوسەرگیرییەکەماندا هەوڵی دا سەرلەنوێ پەروەردەم بکاتەوە، سەرکەوتنیشی بەدەست هێنا، بەڵام "تا رادەیەک"، هەروەها ئاماژەی بەوە دا کە دەرک بەو کێشەیە دەکا و پەرۆشە بۆ ئەوەی لەکاتی وتارێکی گشتیدا هیچ وشەیەکی لەو جۆرەی لە زار دەرنەچێ".

***

دواتریش هەستم نەکرد موبارەک، وێڕای هەوڵەکانی ئەو و هەوڵەکانی خەڵکی تریش، سەرکەوتنێکی گەورەی لەو رووەوە بەدەست هێنابێ. ئەوە بوو جارێکیان مامۆستا "فوئاد سیراجەدین" داوای لێ کردم پێکەوە گوێ لە کاسێتێک بگرین کە بەدەستی گەیشتبوو و وتارێکی لیوا ""زەکی بەدر"" وەزیری ناوخۆی ئەوکاتی تێدا تۆمار کرابوو، کە لە کۆنگرەیەکی میللیی لە "قلیوب" دابووی. گوێم لە کاسێتەکە گرت کە تییدا وەزیری ناوخۆ چەند پەرەگرافێکی دوور و درێژی وتارەکەی تەرخان کردبوو بۆ هێرشکردنە سەر سەرۆکی حزبی وەفد ""فوئاد سیراجەدین""، ئەنجا دەست بە جوێن و قسەی سووک دەکا، تا دەگاتە بن و بنچینەی خێزانەکەی.

""فوئاد سیراجەدین"" زۆر تووڕە بوو لەوکاتەی وردەکاریی رووداوەکەی دەگێڕایەوە!

"فوئاد سیراجەدین" لەبەردەممدا بوو پێوەندیم بە "ئوسامە ئەلباز" لە نووسینگەکەی لە بارەگانی کۆنی وەزارەتی دەرەوە کرد و لێم پرسی ئاخۆ دەتوانێ سەرێکمان لێ بدا کە بە ئۆتۆمۆبێل تەنیا پێنج خولەک لە نووسینگەکەمەوە دوور بوو، ئوسامە هات و بە گوێی خۆی چیرۆکەکەی سیراجەدینی بیست و بەڵێنی دا کاسێتەکە بگەیەنێتە سەرۆک و دڵنیایی پێشان دا کە سەرۆک "بە سووکایەتیکردن بە هیچ کەسێک رازی نابێ، نەخاسمە بە پیاوێک لە پایەی فوئاد پاشادا".

دوو رۆژ دواتر سەرۆک "موبارەک" خۆی بە تەلەفۆن پێوەندی پێوە کردم و پێی گوتم کە زانیویەتی چی رووی داوە و لێکۆڵینەوەی تێدا کردووە و داوای لە "زەکی بەدر" کردووە پۆزش بۆ "فوئاد سیراجەدین" بێنێتەوە، وەزیری ناوخۆیش فەرمانەکەی جێبەجێ کردووە و ئیتر وا دادەنێ بابەتەکە کۆتای هاتووە.

موبارەک گوتی ""زەکی بەدر"" هەوڵی دا سەرپەتی تێ بدا و بڵێ کاسێتەکە ساختەیە، بەڵام دەرفەتی نەداوەتێ و باسی کرد کە دوای ئەوە چی رووی داوە.

بەپێی گێڕانەوەکەی، "زەکی بەدر" پێوەندی پێوە کردووە و پێی راگەیاندووە کەبە فەرمانی سەرۆک عوزرخوایی بۆ سیراجەدین هێناوەتەوە، ئەگەرچی هێشتا سوورە لەسەر ئەوەی کاسێتەکە ساختەیە.

موبارەک لێی پرسیبوو ئاخۆ "فوئاد سیراجەدین" پۆزشەکەی قبووڵ کردوە؟ سەرۆک موبارەک پێدەکەنی لەو کاتەی قسەکانی ""زەکی بەدر"" وەزیری ناوخۆی دەگێڕایەوە کە گوتبووی جەنابی سەرۆک خۆت "فوئاد سیراجەدین" دەناسی، لەو جۆرە کەسانەیە قەناعەتیان پێ ناکرێ، ئەوانە

(....)، کە هەموویان جوێن و قسەی ناشیرینتر بوون لەوانەی لە کاسێتەکەدا گوتبوونی.

موبارەک گوتی "سەیرکە ئەو لەو کاتەی لە قسەکانیدا نکولی لە قسەکانی ناو کاسێتەکە دەکرد، کەچی جوێن و قسە ناشیرینەکانی خراپتر لەجاران دووبارە کردەوە!" خۆم پێنەگیرا و پرسیم ئایا ئەوە مەعقوولە؟!.

سەیر لەوەدا بوو سەرۆک "موبارەک" وەڵامی دایەوە "تۆ "زەکی بەدر" ناناسی، زمانی بەرەڵا و (......)یە". وشەکانی سەرۆک لە وەسفی وەزیری ناوەخۆکەیدا سەختتر بوو لەوەی "زەکی بەدر" لەبارەی سیراجەدینەوە گوتبووی.

"موبارەک" بەبێدەنگ بوونەکەمدا هەستی کرد قسەکانی ئەویشم بەلاوە سەیرە بۆیە گوتی "ببوورە محەمەد بەگ پێدەچێ نووسین شیعرتان فێر بکا، نەک دنیا و ئەوەی تێیدایە"!

پێوەندیم بەمامۆستا "فوئاد سیراجەدین"ەوە کرد و لەسەر زاری سەرۆک تکام لێکرد بابەتەکە دابخا چونکە پێدەچێ زەکی بەدر داوای لێبوردنی لێ کردبێت.

"فوئاد سیراجەدین" پێی گوتم "سەرۆک موبارەک دەستبەجێ قسەی لەگەڵ کردم و لێی پرسیم ئاخۆ "زەکی بەدر" داوای لێبوردنی لێکردووە و ئاخۆ داواکەیم قبووڵ کردوە"!

سیراجەدین پێشنیازی کرد رۆژی دواتر لەسەر خوانی نیوەڕۆ یەکتر ببینین و باس لەو بابەتە و خەمە هەنووکەییەکانی تر بکەین، لە سەر خوانی نیوەڕۆ لە ماڵی خۆی لە "گاردن سیتی" لەکاتی دیاریکراودا یەکترمان بینی، پێنج کەس لە خوانەکەدا ئامادە بووین: "فوئاد سیراجەدین" خۆی، خاتوو لەیلا مەغازی، کە هاوڕێیەکی دێرینی خێزانیی بوو و هەستی بە باردودۆخی شپرزی ژیانی ئەو سیاسییە دەبڵنەوە (مخضرم)ەدا بینی پاش مردنی خاتوو زەکیە ئەلبەدراوی هاوسەری، بەتایبەت کە دەیزانی تەندروستیی نائیلەی کچە گەورەی باش نییە و "نادیە"ی کچی دووەمیشی شووی کردووە و لە کوێت دەژی.

خاتوو مەغازی لە ژیانی سیراجەدین نێزیک بووبوویەوە و کاروباری ماڵی بۆ جەموجۆر دەکرد.

سێیەمی مەجلیسەکە دۆست و هاوڕێی زیندان و گەورە سەرکردەی پێشووی حزبی وەفد "عەبدولفەتاح حەسەن" (پاشا) بوو کە وەزیری دەوڵەتیش بوو لەگەڵ "فوئاد سیراجەدین" لە وەزارەتی ناوەخۆ، "فوئاد سیراجەدین" لە کابینەکەی مستەفا نەحاس پاشادا بەرپرسی دوو وەزارەت بوو، کە هەردوو وەزارەتی دارایی و ناوەخۆ. هەروەها هاوسەرەکەم و من.

"فوئاد سیراجەدین" دەستی بە گێڕانەوە لە نووکەوە کرد.

باسی کرد چۆن کاسێتەکەی بەدەست گەیشتووە (لەرێی ئەفسەرێکی پۆلسی گەورەوە کە هەر لەو کاتەی پێش لە شۆڕش خۆی وەزیری ناوەخۆ بوو دەیناسی".

هەروەها چۆن ""زەکی بەدر"" دەیویست خۆی لە پۆزشهێنانەوە بدزێتەوە بەناوی ئەوەی کاسێتەکە ساختەیە و پێی گوتووە ئەو وەک وەزیرێکی پێشووی ناوەخۆ، قایل نابێ وەزیرێکی دواتر

وەک ئەو تۆمەتبارەی لەبەردەم بەرپرسی ئەو بەشەی تێیدا بەند کراوە سرتە سرت بکا.

ئەنجا گەیشتە ئەوەی "موبارەک" پێوەندی پێوە کردووە و هەمان ئەو قسانەی لەبارەی "زەکی بەدر"ەوە لێ بیستووە کە من پێشتر لەبارەیەوە لێم بیست.

"فوئاد سیراجەدین" گوتی لە موبارەکی پرسیوە "ئەگەر ئەوە بۆچوونتە لەبارەی ناوبراوەوە، بۆچی نایگۆڕی؟".

موبارەکیش وەڵامی داوەتەوە "هەمووان وەک ئەفسەرێکی پۆلیس کاندیدیان کرد چونکە توانای هەیە رووبەڕووی ئەو ئیرهابەی لە وڵاتدا هەیە ببێتەوە، بەڵام ئێستە بەجدی لە هەوڵی گۆڕینیدایە".

"فوئاد سیراجەدین" گوتی سەرۆک لێی پرسیوە ئاخۆ کاندیدێک شک دەبا بەکەڵک بێ؟!

ئەویش وەڵامی داوەتەوە "سەرۆک هەر پۆلیسێک لە پاسەوانانی هەر بەندەرێک بکاتە وەزیری ناوەخۆ، هەڵبژاردنەکەی لە هەڵبژاردنی ""زەکی بەدر"" خراپتر نابێ".

عەبدولفەتاح حەسەن پاشا لای خۆیەوە روو بە "فوئاد سیراجەدین" گوتی "پاشا ئەی بۆچی کەسێکت کاندید نەکرد کە باش بیناسیت؟!"

"فوئاد سیراجەدین" لە روانگەی ئەزموونی سیاسییەکی دەبڵنەوەوە، بە ئاوازێکی یەکلاکەرەوە وەڵامی دایەوە "ئاخۆ دەگونجێ سەرۆکی دەوڵەتێک داوا لە نەیارێکی خۆی بکا کەسێک بۆ بەرپرسی ئاسایشەکەی دیاری بکا، لەکاتێکدا ئەو بڕوای تەواوی هەیە کە ئەو نەیارە مەترسییەکی سیاسییە لەسەری؟".

"فوئاد سیراجەدین" هەروەها گوتی "پێی سەیرە سەرۆکێک بەو شێوەیە دەست لە بنۆک (مرۆوس)ەکەی هەڵبگرێ تەنانەت ئەگەر هەڵەیش بکا، بگرە کاری دروست ئەوەیە مەحرەمانە راستی بکاتەوە، شتێکی ئاساییە داوای لێ بکا پۆزش بۆ کەسێک بێنێتەوە کە خراپەی لەگەڵی کردووە، بەڵام نابێ لەبەردەم نەیاراندا ئاشکرای بکا و داوایان لێ بکا جێگرەوەیەکی بۆ دەستنیشان بکەن"!

هەروەها گوتی "موبارەک یان ئەوەتا لەو قسەیەدا بەڕاستی نەبووە و ئەو داوای لە من کردووە بۆ چاوبەستەکی بووە، کە ئەوە رووی سیاسییەوە دروست نییە، یاخۆ ئەوەیە ئامادەیە هەر یەکێک لە پیاوەکانی تووڕ بداتە ناو دەریا تا باری کەشتییەکەی سووک بکا، ئەوەیش نیشانەی ئەوەیە کەسێکی جێمتمانە نییە"!

***

گومانی من وا بوو و ئەو رۆژەیش لەسەر خوانەکە لە ماڵی "فوئاد سیراجەدین" گوتم چی دەبێ با ببێ، من لەگەڵی ناکۆک نیم لەوەی گوتی، بەڵام وڵات لەبەردەم کێشەیەکی راستەقینەدایە.

بەڵێ ئەو پیاوە هۆگەلێکی هەن بۆ کورتهێنان کە هەموومان دەیانبینین.

بەڵام لە بەرامبەردا ئەو پیاوە سەرۆکایەتیی دەوڵەتی میسر دەکا بە کردەوە و کەسی تر لەئارادا نییە.

لەلایەکی ترەوە لەم ساتەدا هیچ جێگرەوەیەک نییە، بگرە هیچ ڕێگەیەکیش نییە بۆ گەیشتن بەو جێگرەوانە.

بارودۆخی وڵاتیش ناسک و سەختە، چونکە کەس بە وردی ڕاستیی پێویست نازانێ لەبارەی ئەو شتانەی لەپشت ئەو ڕواڵەتەوەیە کە دەیبینێ.

"فوئاد سیراجەدین" لە هەندێ شتدا لەگەڵم کۆک و لە هەندێکیشدا ناکۆک بوو، ناکۆکییەکەی زیاتر لەگەڵ ئەو قسەیەمدا بوو کە "جێگرەوەیەک نییە"، ئەو پێی وابوو حزبی وەفد نەک تەنیا جێگرەوەیە، بگرە حزبی ڕەسەنی شەرعی و ئامادەیە.

ئەوە بابەتێکی جێ مشتومڕ بوو لەنێوان من و "فوئاد سیراجەدین"دا، من پێم وابوو ئامادەکردنی ڕابردوو وەک ئامادەکردنی گیان وایە، کە لە سادەترین باردا قایلکەر نییە!

ڕەنگە حزبی وەفد بانگەشە بێ بۆ جۆرێک لە دیموکراسیەت، بەڵام بەلای منەوە زەحمەتە وەک جۆرێک لە بانگەشە بۆ وێنەی ئایندەی ببینم.

ڕاستیی هەنووکەیی ئەوەیە "موبارەک" سەرۆکە، کەسمان ناتوانین یارمەتی بدەین، لەبەرئەوەی هەردوولامان لایەنگرییەکی پێشوەختمان بۆ قۆناغێکی دیاریکراوی مێژووی میسر هەیە، لەگەڵ باوەڕم بە زنجیرەیی قۆناغەکان، بەڵام هەر قۆناغێکیش تایبەتمەندیی خۆی و هەروەها بەرپرسیارییەتیی خۆیشی هەیە!

پێشنیازی من بۆ "فوئاد سیراجەدین" ئەوە بوو هەر کەس دەتوانێ با یارمەتیی ئەو پیاوە بدا تا ئەزموونە تایبەتەکەی گەشە پێ بدا، بۆ ئەوەیش باسی ئەزموونی سەرۆکی ئەمەریکایی "هاری ترومان"م بیر خستەوە کە جێگری سەرۆک و دوای پاش مردنی بەناوبانگترین سەرۆکی ئەمەریکاش بوو بە سەرۆک لەوکاتەی هێشتا جەنگی جیهانیی دووەم دژ بە هیتلەر بەردەوام بوو، ڕۆزفەڵت سەرکردەی هاوپەیمانییە گەورەکە بوو کە شەڕی لەدژی هیتلەر دەکرد و چەندان بڕیاری گەورە و گران چاوەڕوانی فەرمانی ئەو بوون، لەپێشیانەوە بڕیاری بۆ یەکەم جار بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی بوو دژ بە ژاپۆن".

هەروەها گوتم "ترومان بەلای هەموو ئەوانەی بایەخیان بە داهاتووی جیهان دەدا، دواین پیاو بوو کە بکرێ لە سەکردایەتیکردنی شەڕی داهاتووی جیهاندا پشتی پێ ببەسترێ، چ بۆ کۆتاهێنانی جەنگەکە یاخۆ دوای ئەوە تەنانەت ئەگەر ئاشتیش بێ، بەڵام دەستەبژێرەکەی ویلایەتە یەکگرتووەکان پشتی سەرۆکی نوێیان گرت و دەرفەتیان دایە، بەو هۆیەوە ترومان گەورە بوو و ئەزموونی بەرپرسیاریەتیی خۆی گەشە پێ دا و بوو بە یەکێک لە دیارترین سەرۆکەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە سەدەی بیستەمدا".

پێنەدەچوو "فوئاد سیراجەدین" گەیشتبێتە قەناعەت کە "حوسنی موبارەک" دەکرێ ببێتە "هاری ترومان"ێکی میسری.

عەبدولفەتاح حەسەن (پاشا) جارێکی تر هاتەوە ناو دیالۆگەکە و روو بە "فوئاد سیراجەدین" گوتی "پاشا رات چۆنە هەیکەل بێتە ناو حزبی وەفد و بەوەیش هەردوو شۆڕشەکە (مەبەستی شۆڕشی ساڵی ١٩١٩ و ١٩٥٢ بوو) بە یەک بگەن". "فوئاد سیراجەدین" بە جۆشەوە ئاوڕی دایەوە بۆ لای خاتوو لەیلا مەغازی و داوای لێ کرد بەپەلە بچێتە ژووی نووسینگەکەی و ئەنکێتی بەئەندامبوون لە حزبی وەفدی بۆ بێنێ.

لای خۆمەوە گوتم، "عەبدولفەتاح حەسەن (پاشا) نایەوێ قەناعەت بکا بەوەی من تەنیا رۆژنامەنووسێکم و کارم بە رێکخستنە سیاسییەکانەوە نییە، ئەمە جگە لەوەی من لە لایەنگرانی شۆڕشی ١٩٥٢م بەڵام من نوێنەرایەتیی ئەو شۆڕشە ناکەم، لەسەروو ئەوەیشەوە بڕوام وایە هەردوو شۆڕشەکەی ١٩١٩ و ١٩٥٢ چوونەتە قووڵایی مێژووی میسر و هەرسی کردوون و شیلەکەیان چووەتە ناو دەمارەکانی، ئێستەش سەردەمێکی نوێیە!.

وەک هەمیشە لەم جۆرە موناقەشانەدا نەگەیشتینە هیچ، ئەوپەڕی ئەوەی دوای ئەوە لەسەری رێک کەوتین کووپێک قاوە و دووکەڵی جگەرەیەک بوو!

***

دوای چەند رۆژێکی کەم "موبارەک" پێوەندی پێوە کردمەوە، سوپاسی کردم کە من داوای مەوعیدێکم کردووە بۆ هاوڕێیەکی ئازیز کە سەردانی میسر دەکا، ئەویش شازادە "سەدرەدین ئاغاجان"ە، من لەڕێی "ئوسامە ئەلباز"ەوە داوای مەوعیدەکەم کرد، کاتەکەی دیاری کرا و "موبارەک" ناوبراوی بینی، ئێستە "موبارەک" پێوەندی پێوە کردم تا سوپاسم بکا دەرفەتم بۆ رەخساندووە پیاوێکی وەک "سەدرەدین ئاغاجان" ببینێ، کە بە "پیاوێکی مەزن"ی بینیبوو!

سەرۆک "موبارەک" لە تەلەفۆندا گوتی "ئەو پیاوە زۆر شت دەزانێ، کەسایەتییەکی سەرنجڕاکێشە، لەگەڵ ئەوەی شازادەیە کەسێکی خاکییە".

گوتم "بە چاوپۆشین لە بابەتی شازادەیی "سەدرەدین ئاغاجان" پیاوێکی رۆشنبیرە و ئەزموونێکی مرۆیی گەورەی لە ژیاندا بینیوە کاتێ ئەرکی کۆمسیاری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەرانی گرتە ئەستۆ، ئەوە دەرفەتی بۆ رەخسان بە تانوپۆی کیشوەرەکاندا بجووڵێ".

هەروەها گوتم "سەدرەدین ئاغاجان بەبێ هیچ بەرامبەرێک ئەو ئەرکەی گرتە ئەستۆ، کاتێ پێی گوترا هەموو پۆستێک گرێبەستێکی هەیە و هەموو گرێبەستێکیش مووچەیەکی هەیە، داوای کرد لە گرێبەستەکەدا مووچەکەی بۆ هەر ساڵێک یەک دۆلار دابنرێ".

موبارەک گوتی وەک لە ئوسامەم بیست ئەو زۆر دەوڵەمەندە. "ئوسامە ئەلباز" پێی گوتم "شوێنکەوتووانی مەزهەبەکەیان هەموو ساڵێک بە زێڕ دەیانکێشن".

هەروەها گوتی ئەو سوود و چێژی لە دیدارەکە بینیوە. هەروەها گوتی "کەم کەس ماون بەم شێوەیە بن"!

گوتم "خەڵک هەن، میسر پڕە لە پیاو و ژنی گەورە، بەڵام ئەو نایانبینێ".

پرسی "چۆن بیاندۆزینەوە؟"!

ئەوەم بە دەرفەت زانی تا پێشنیازێکی بۆ بکەم کە بەکەڵکم زانی.

پرسیم بۆچی مانگی جارێک لەسەر خوانی نیوەڕۆ یاخۆ ئێوارە یان تەنانەت داوەتی کووپێک چا، دە دوازدە کەسایەتیی پیاو و ئافرەتی میسر، لە بیرمەندان، مامۆستایانی زانکۆ، پیاوانی کار، سیاسەتوانان با نەیاریش بن، بانگهێشت ناکەیت، تا بیانناسی و گوێیان لێ بگری و لەگەڵیان دەمەتەقێ بکەی؟!.

پێم گوت "ئەو لەرێی کەناڵە رەسمییەکانەوە، یاخۆ وردتر لەڕێی تاکە کەناڵێکی نووسینگەکەیەوە مامەڵە لەگەڵ هەموو خەڵک دەکا، لەگەڵ رێزم بۆ چالاکیی پیاوێکی وەک "ئوسامە ئەلباز"، بەڵام زیاد لە ئەرک، سەرۆک مافی خۆیەتی بازنەی ناسیاوانی فراوانتر بکا".

پێم گوت سەرۆک جۆن کنێدی بەو شێوەیەی دەکرد.

رێکخستنی خوانێکی نیوەڕۆ یاخۆ ئێوارە یان تەنانەت کووپێک چا، مانگی جارێک لەگەڵ کۆمەڵێ خەڵکی جۆراوجۆر لە پیاوانی بیر و کاری وڵات و لە دەرەوەی بوارە رەسمییەکە.

پاش کەمێک وەڵامی دایەوە "هەموو ئەوانە دەچنە دەرێ و دنیا پڕ دەکەن لە قسەیەک کە زۆربەی وتیوتییە.

گوتم دەبێ ببوورێ کە ستەم لە خەڵک دەکا، لەگەڵ ئەوەیشدا چی دەبێ ئەگەر ئەوانە، یاخۆ هەندێکیان قسە بکەن، ئەنجا رەنگە ئەوە لە سەرەتای ئەزموونەکەدا وا بێ، بەڵام کاتێ دەستەبژێر لەگەڵ بینینی سەرۆکی دەوڵەت رادێ و گوێی لێ دەگرێ و گوێی بۆ دەگیرێ، ئەزموونەکە رێڕەوی سرووشتیی خۆی وەردەگرێ و بە شتێکی سەرسوڕهێنەر نامێنێتەوە کە پێویست بکا خەڵک زۆربڵێیی لەبارەوە بکەن!

هەروەها گوتم "ئەگەر ئەو سوودی لە بینینی سەدرەدین ئاغاجان دیبێ، ئەوا زۆر کەس هەیە لە دنیای دەرەوە لە کەسایەتیی جۆراوجۆر و هەڵبژێردراو، کە دەکرێ بانگهێشتیان بکا بۆ میسر و گفتوگۆی کراوەیان لەگەڵدا بکا".

هەروەها گوتم "من ئەوەم لەگەڵ جەمال عەبدولناسر کرد و دەرفەتم بۆ زۆر لە ئەستێرەکانی ئەو سەردەمە رەخساند تا بێنە میسر و لامان میوان بن و لەگەڵمان کۆ ببنەوە، فیکر لە فیکر بخشێ و عەقڵەکان بەیەک بگەن، من بیرمە جەمال عەبدولناسر سوودی لەو پیاو و ئافرەتانە دەبینی کە بانگهێشتم دەکردن بۆ میسر، لەوانە بۆ نموونە "مۆنتگۆمری"، جەنەراڵ "بۆفەر"، "جان پۆل سارتەر" و "سیمۆن دی بۆفوار" و چەندان رۆژنامەنووسی جیهانیی وەک "والتەر لیبمان"، "سای

سالز بۆرگەر"، دەنیس هاملتۆن"، ساتح ئەلحەسری و قوستەنتین زەریق کە ئەم دوانەی دوایی هەردووکیان لە نەوەی گەورە بیرمەندە نەتەوەییەکان بوون. ئەمانە و زۆری تر.

موبارەک کەمێک ماتی کرد ئەنجا پرسی "ئەی بۆچی ئێستەیش هەمان شت ناکەیت" هەروەها گوتی "من پێشنیازم بۆ تۆ کرد بێیتە ناو حزب و دوای ئەوە لەناو حزبدا دەتوانیت دەستبەکار بی".

گوتم "جەنابی سەرۆک.. یەکەم من بە درێژایی تەمەنم قەت نەبوومەتە حزبی، دووەم ناتوانم ئەوەی لەگەڵ عەبدولناسر کردم لەگەڵ تۆ دووبارەی بکەمەوە، چونکە وەک کارل مارکس دەڵێ مێژوو خۆی دووبارە ناکاتەوە، ئەگەر دووبارەش بوویەوە، ئەوا لە یەکەم جاردا درامایەکی کاریگەرە، بەڵام لە جاری دووەمدا گاڵتەجاڕییەکی مایەی پێکەنینە"!

سەرنجەکەی تووشی سەرسوڕمانی کردم کە گوتی "ئەڵلا. قسەی کارل مارکس بەنموونە دێنیتەوە"!

ئەنجا، وەک جاری پێشوو، پێشنیازی کرد "ئوسامە ئەلباز" بنێرێ بۆ لام تا لەبارەی چۆنیەتیی جێبەجێکردنی پێشنیازەکەمەوە قسەی لەگەڵدا بکەم.

***

"ئوسامە ئەلباز" هاتەوە لام و هەمان دەفتەرە زەردەکەی پێ بوو کە یاساناسان بەکاری دێنن، بەڵام قەڵەمی دەرنەهێنا، بگرە لەبەردەمم دانیشت و دەستی بە قسە کرد و بەشێوازەکەی خۆی "لەو کاتەی رووبەڕووی کێشەیەک ببوایەتەوە" سەری رادەوەشاند و دەیگوت "تۆ بەناهەق خۆت و خەڵکی تریش ماندوو دەکەی، ئەو (موبارەک) کەس نابینێ، رەنگە لە دیدارەکەی سەدرەدین ئاغاجان کەمێ دڵی کرابێتەوە، بەڵام ئەوانە لەو خەڵکە نین کە ئەو لە گەڵیان ئاسوودە بێ".

قسەکەم پێ بڕی و گوتم بۆچی وادادەنێیت؟، لێگەڕێ با پیاوەکە ببینێ و ببیستێ و بزانێ وڵاتەکە و دنیا پڕن لە پیاوان و ئافرەتانێک کە دەتوانێ لێیانەوە فێر ببێ!

ئەنجاگوتم "ئوسامە دەرفەتی شیاندنی سەرۆکت لەبەردەمدایە..!".

ئوسامە پێی بڕیم و گوتی "من لە تۆ زیاتر دەیناسم، بڕوا بکە ئەو لەگەڵ کەس ناحەوێتەوە ئەوانە نەبێ کە دەیانناسێ، جگە لەوانە هەست بە دڵنیایی لەگەڵ کەس ناکا".

پێم وابێ ئوسامە زیاتری دەزانی، چونکە پاش ئەوە باسی بیرۆکەکەم نەبیستەوە، نە لە "موبارەک" و نە لە کەسی تر!

## دڵەخورپەی کۆن و نوێ!

لە ماوەی یەکەمی سەرۆکایەتیی موبارەکدا، هەڵوێست و بۆچوونەکان لەبارەیەوە لای جەماوەری گەلی میسری جۆراوجۆر و جیاواز بوو:

هەندێ کەس هێشتا لەگەڵ پاشماوەی "چیرۆکی مانگا پێکەنیو"ەکەن و دەست لە نوکتەکردن

لەبارەیەوە هەڵناگرن.

کۆمەڵێکی تر زیاتر لەوەی بارودۆخەکە بەرگەی دەگرێ داوا لە سەرۆکی نوێ دەکەن، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو سەختی و کۆتانەی ڕێگەی لێ دەگرن، تا ئەو رادەیەی هەندێ داوایان لە "موبارەک" دەکرد "پەیماننامەی ئاشتی" لەگەڵ ئیسرائیل هەڵبوەشێنێتەوە، تا بتوانێ بێتەوە ناو ریزی عەرەبی.

کۆمەڵێکی سێیەم پێیان وابوو دوای تیرۆرکردنی سەرۆک سادات و ئەو شەپۆلی نیگەرانییەی بەهۆی زەبری تیرۆرکردنەکەوە هاتە کایە، بارودۆخ ڕێگە بە کەس نادا بە کاوەخۆ دەست بە هەستگەلی پێشوەختەوە بگرێ یاخۆ پێداگری لەسەر داواکاریی بەپەلە بکا، چونکە پیاوەکە موبارەک هەر بە راستی پێویستی بە دەرفەتێکی کراوە هەیە.

کۆمەڵێکی تر وڕ بوون و دەستیان بە بەرەنجامەکانەوە گرت و دەستبەرداری نەبوون و بە زمانی حاڵ دەیانگوت "پیاوەکە بە خۆی بسپێرن، چی دەزانێ و کێ دەناسێ با وا بکا و چاوەڕوان بن"!

بۆ راستی بڵێم زۆربەی خەڵک ئامادەیی تێدا بوو پیاوەکە قبووڵ بکا، چاوەڕوان بکا و ئەو دەرفەتە کراوەی پێ ببەخشێ، ئەگەرچی ئەمە ڕێگەی لەوە نەدەگرت هەندێکی تر چاوەڕوان بن سەرۆک بەو شێوەیە رەفتار بکا کە ئەوان پێیان خۆشە.

***

لە راستیدا من لەوانە بووم کە پێم وابوو جێی خۆیەتی دەرفەتێک بەو پیاوە بدرێ، بەتایبەت کە راستیی شتەکان لۆژیکی خۆیان هەیە، لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو پیاوە بەلای منەوە سەرسوڕهێن بوو، یەکێک لە هۆکانی ئەو سەرسوڕمانەیشم ئەو شتانە بوو کە لەبارەیەوە دەمزانی، ئەگەرچی لای رای گشتی شاراوە بوو.

شتێکم لەبارەی کێشەکەی "خەرتووم" و ئەو سەبەتە مانجۆ بۆمبڕێژەی بەشێوەک لە شێوەکان رۆڵی لە تیرۆرکردنی ئیمان "هادی ئەلمەهدی"دا هەبوو دەزانی.

ئەوەیشم لەبیر بوو کە لە پاریس لەبارەی چالاکییەکانی "موبارەک"ەوە بیستبووم، چ لە چوارچێوەی گرووپی "سەفاری"دا لە ئەفریقیا، یاخۆ ئەو شتانەی تر کە بیستنم.

بەڵام رەنگە بۆ هێورکردنەوەی دڵەڕاوکەیەک بێ کە لە رەوتی ئیشکردنەکەی لام دروست بووبوو، بەتایبەت پاش ئەوەی خۆم تێڕوانینیم بۆ پێوەندی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل لە خۆی بیست، هەوڵم دا وا بکەم گومانەکانم بە ئاراستەی وەک دەڵێن ئەستۆپاکیدا بڕۆن.

بەو واتایەی من لە پرسە سیاسییەکاندا بەرپرسیاریەتیی بڕیارێکم نەخستووەتە گەردنی ئەو پیاوەوە کە لەپێش سەرۆکایەتییەکەی ئەودا درابێ، چونکە بڕیارەکە هی ئەو نەبوو هی خەڵکی تر بوو، ئاستەمیشە داوا لە هەموو بەرپرسێکی دەوڵەت تەنانەت لەسەر ئاستی جێگری سەرۆکیش کە بەرامبەر هەر بڕیارێک بوەستێ کە لەگەڵی نەبێ و تەنگژەیەک بنێتەوە، نەخاسمە ئەگەر ئەو پیاوە

خۆی لە بنەڕەتدا لە دەرەوەی بازنە سیاسییەکە بێ، بگرە لە بازنەیەکدا بێ کە فەرمان وەردەگرێ و جێبەجێی دەکا، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی هەندێ پرسی سیاسی کۆمەڵێ ڕێسای تێڕوانین و بیرکردنەوەی تێدایە کە لەگەڵ مادەکانی یاسادا جیاوازە، ئەویش چونکە سیاسەت خەملاندن لەکاتێکدا یاسا دەقە، ئەگەرچی دەبێ هەمیشە جۆرێک لە پێوەندی لەنێوان خەملاندن و دەقەکاندا هەبێ، بەڵام ئەم پێوەندییە لە دنیای سیاسەتدا مروونەتێکی فراوانتری هەیە لە ڕاڤەکردن و تەئویلی دەقەکاندا!.

جگە لەمە، بە سەیرکردنی ڕەفتاری لە شێوەی ئەوەی لە خەرتووم ، یاخۆ ئەوەی لەچوارچێوەی گرووپی "سەفاری"دا ڕووی دا، کێشەکان ئاڵۆزن، هەندێ شتیان تێدایە کە بە گوتەکەی کاردیناڵ "ریشیلۆ" پێوەندی بە بەرژەوەندیی دەوڵەتەوە هەیە، لەبەرئەوەی ئەو کەسەی بەرپرسە لە بڕیاردان لە حسێبکردندا پێوەرێکی خۆی هەیە، لەکاتێکدا ئەوەی لە جێبەجێکردنی بڕیارەکە بەرپرسە، پێوەرێکی تری هەیە، بەرپرسەکەی جێبەجێکردن هەموو کات شتێکی بەدەستەوەیە بەهۆیەوە تۆمەت لە خۆی دوور بخاتەوە بەو واتایەی فەرمانی دەسەڵاتێکی باڵای سەروو خۆی جێبەجێ کردووە. ئەوە پیاوە بەرپرسەکەیە نەک ئەوەی جێبەجێی دەکا کە پێویستە لە بڕیارەکەدا خواستەکانی بەرژەوەندیی باڵا ڕەچاو بکا.

سادەترین نموونە لەسەر ئەوە، ئەوەیە پۆلیس تەنیا گوێڕایەڵیکردنی لەسەرە ئەگەر هاتوو بۆ پاراستنی ئاسایش داوای گرتنەبەری ڕێوشوێنێکی لێ بکرێ. هەروەها سوپایش کاتێ لەپێناو سەرکەوتندا شەڕ دەکا.

هەموو ئەم پرسانە بە بەرفراوانترین شێوە هاتنە وروژاندن بەتایبەت پاش جەنگی جیهانیی دووەم، بۆچوونەکان لەبارەی هەندێ ڕەفتاری زێدەڕۆیانە (یاخۆ هەندێ کەس وایان دەبینن) جیاواز بوون، بەڵام ئەوانەی ئەو کارانەیان کردبوو بە فەرمانی سەردارەکانیان کردبوویان، واتە لەژێر دۆخگەلێکی ناچاریدا کە بەرژەوەندییەکی گشتی و خواستی دەوڵەت بەو پێیەی بەرپرسێکی سیاسی مەزەندەی کردووە، خواستوویەتی و فەرمانبەردارەکە جگە لە جێبەجێکردنی فەرمان چارەیەکی تری نەبووە. بەهەرحاڵ ئەم بابەتە ئاوکێشە و مشتومڕ و بەڵگەکان تێیدا کۆتایان نایە.

ئەمە بۆ موبارەکیش ڕاستە و باوەڕم وا بوو لاپەڕەی حسێبی ئەو لەو کاتەوە دەست پێ دەکا کە لە ئۆکتۆبەری ١٩٨١دا وەک سەرۆکی وڵ- هاتە هەڵبژاردن، لەبەرئەوەی پێشتر فەرمانبەر بوو و فەرمانی جێبەجێ دەکرد، تەنانەت ئەگەر لە پلەی جێگری سەرکۆماریشدا بووبێ، کە پۆستێکی سیاسییە.

***

وێڕای ئەم پێوەرانە کە بەلای "گومان"دا دەشکێنەوە، بەو واتایەی ناکرێ بەپێی گومان و خانەگومانی بڕیار بدرێ و توندگیری بکرێ لە تایبەتمەندیی دەسەڵات لەنێوان سیاسی و جێبەجێکردندا، ئەوا "موبارەک" سەرسوڕهێن (محیر) بوو!

له هەندێ ساتدا هەندێ رەفتاری هەبووە کە جێی پەسەندکردن بوون، لە هەندێ ساتیشدا رەفتارەکانی جێی رەتکردنەوە بوون، رەفتارەکانی لە هەندێ ساتیشدا مایەی سەرسوڕمان بوون!

بۆ نموونە خۆم لە شاشەی تەلەڤزیۆنی میسرییەوە سەردانێکی سەرۆک موبارەکم بۆ کارگەیەک بینی، تێیدا بە کاوەخۆ لەگەڵ یەکێک لە کرێکارەکانی کارگەکەدا دەوەستا و قسەی لەگەڵ دەکرد و پرسیاری مووچەکەی لێ دەکرد، پیاوەکەیش هەر ئەملاولای دەکرد و نەیدەگوت، سەرۆکیش لێی نەدەبووەوە و پێداگری لەسەر دەکرد، کامێرا و مایکرۆفۆنیش لەسەر ئەو و پیاوەکە بوون، تا پیاوەکە زۆر شەرم گرتی و بە سەرۆکی نوێی گوت "ئەفەندم، من لێرە پیاوی ئاسایشم و کرێکار نیم". واتە ئەو ئەفسەری پۆلیسە و بۆ توندکردنی بەئەنقەستی باری ئاسایش، خزێنراوەتە ناو کرێکارەکانەوە.

موبارەک سەری راوەشاند و تەنیا گوتی"ئاه"!. هیچی تری نەگوت و پیاوەکەی بەجێ هێشت.

ئەگەرچی هەموو ئەوانەی دیمەنەکەیان بینی قسەیان لەسەر کرد، بەڵام وەڵامی من بۆ هەموو ئەوانەی پرسیاریان کرد ئەوە بوو کە "لەبیریان نەچێ ئەو بە عەفەوی و بە نیازپاکی رەفتاری کردووە". لەراستیدا لەو کاتەدا ئەوە بۆ من بەس بوو کە بیبینم ناوبەناو بە رێکوپێکی سەردانی یەکەکانی بەرهەم دەکا و پەرۆشە بۆیان و لە هەوڵی ئەوەدایە لە دەستی خراپەکارانیان بپارێزێ!

لە نموونەیەکی تردا شا حوسێنی شای ئوردنم لە قاهیرە بینی، پاش ئەو ئارامییەی دوای گەردەلوولی تیرۆرکردنەکە هاتە کایە سەردانی کردبوو، زۆرم پێم سەیر نەبوو کاتێ شاحوسێن بە دەست ئاماژەی بۆ سەقفی ساڵۆنی ئەو کۆشکەی لێی دابەزی کرد و پێشنیازی کرد "با بچینە باخچەکە و پیاسە بکەین، چونکە ئەو بەیانییە وەرزشم نەکردووە". چووینە دەرەوە، شا دەیویست شتێکم پێ بڵێ کە نەیویست لەناو چوار دیواری کۆشکەکەدا پێم بڵێ، کاتێ گەیشتینە هەوای کراوە زۆر چاوەڕوانی نەکرد و دەستی کرد بە باسکردنی "موبارەک" و مەترسی خۆی پێشان دا لەوەی "زانیاریی پێویستی لەبارەی پێوەندییە عەرەبییەکانی میسر و مێژووی کۆن یاخۆ نوێی میسرەوە نییە، فایلەکانی نەخوێندووەتەوە، ئەگەر خوێندبێشێتیەوە لێیان نەگەیشتووە". شاحوسێن هەروەها گوتی "ئەو پیاوە لەوکاتەی بۆ یەکەم جار وەک جێگری سەرۆک بینیویەتی و نامەیەکی لە ساداتەوە بۆ هێنابوو، نەگۆڕاوە".

لەوکاتەی بەناو درەختەکاندا پیاسەمان دەکرد، شاحوسێن لاسایی سەرۆک موبارەکی دەکردەوە لەوکاتەی وەک جێگری سەرۆک سەردانی کردووە و نامەیەکی بۆ هێناوە. لاسایی دەکردەوە لەو کاتەی جانتاکەی دەکاتەوە و فایلێکی لێ دەردێنێ. بەگوتەی شا، "موبارەک" لە هەندێ خاڵدا نەیتوانیوە مەبەست لە نامەکە روون بکاتەوە، شا داوای روونکردنەوەی لێ کردووە، ئەویش بە وردی ئەوراقەکانی پشکنیوە و شپرزی پێوە دیار بووە، ئەنجا گوتوویەتی "نازانم، بەڵام لەبەردەممدا هەر ئەمە نووسراوە، کە گەڕامەوە قاهیرە پرسیار لە سەرۆک سادات دەکەم مەبەستی چییە و تکای لێ دەکەم بۆتان بنووسێ"!

شاحوسێن گوتی، ئەو نەیتوانیوە تێ بگا ئاخۆ ئەوەی قسەی لەگەڵ دەکا جێگری سەرکۆمارە، یاخۆ جانتا هەڵگرێکە کە پابەندە بەو کاغەزانەی بە دەسخەتی خۆی نووسیونی، کەچی ناتوانێ روونیان بکاتەوە؟!

وەڵامی من بۆ شاحوسێن ئەوە بوو ئەو پیاوە مەبەست موبارەکە دۆخێکی ئاڵۆزی بە میرات بۆ بەجێ ماوە کە زۆربەیان کێشەی ئاڵۆز و مەترسیدارن، بۆیە جێی خۆیەتی دەرفەتێکی بدرێتێ.

بۆ نموونە هەر لەو ماوەیەدا باڵوێز "جەمال مەنسوور" هاتە لام، کە بریکاری وەزارتی دەرەوە بوو، لە بنەڕەتیشدا یەکێک بوو لە ئەفسەرانی ئازادیخواز (ضباط الاحرار)، هەروەها خاڵی دکتۆر عیسام شەرەفی سەرۆک وەزیرانی پێشووە. جەمال مەنسووریش قسەی هەبوو لەبارەی سەرۆکی نوێوە بیکا لەبەرئەوەی تێبینی کرد لەوکاتەی هەموومان میوانی خوانی ئێوارە بووین نەبرەیەکی نیازپاکی هەیە داوا دەکا دەرفەتێک بدرێتە "موبارەک" بۆ جێگیرکردنی دۆخی خۆی، رای جەمال مەنسوور ئەوە بوو "هیچ سوودی نییە"، ئەنجا گێڕایەوە کە یەکەم جار موبارەکی لەو کاتە دیوە کە جێگری سەرۆک بووە، لەلایەن ساداتەوە داوای لێ کراوە نامەیەک بگەیەنێتە مارشاڵ "جۆزێف بروز تیتۆ" (سەرۆکی یۆگۆسلاڤیا) کە دۆستێکی دێرینی میسرە، لەوکاتەدا جەمال مەنسوور باڵوێزی میسر بوو لە بەلیگراد و دیارە یاوەری جێگری سەرۆک بووە لەوکاتەی چووە بۆ دیدەنیی تیتۆ.

جێگری سەرۆک و باڵوێز ماوەی سەعاتێک لەگەڵ سەرۆکی یۆگۆسلاڤیا مانەوە و پێکەوە چوونە دەر، یەکەم شت کە جێگر لەکاتی سواربوونی ئۆتۆمۆبێلەکەدا بە باڵوێزی گوت پرسیاری ئەوە بوو ئاخۆ تیتۆ پێڵاوەکانی لە کوێوە دێنێ، ئەو بەدرێژایی دیدارەکە چاوی لەسەر قۆنەرەکانی تیتۆ کلا نەکردبوو و بە "قەشەنگ"ی دەبینین، دەیویست بزانێ ئاخۆ سەرۆکی یۆگۆسلاڤیا قۆنەرەکانی بە حازری دەکڕێ، یاخۆ بۆی دروست دەکرێ؟. هەروەها داوای لە باڵوێز کردبوو لەو بارەوە پرسیار لە دەستوپێوەندەکەی تیتۆ بکا. هەروەها گوتبووی "مەراقی قۆنەرەی جوانە و هیوایەتی سەرەکییەتی".

وەڵامی من بۆ باڵوێز جەمال مەنسوور ئەوە بوو دەرفەتێک بدەنە ئەو پیاوە، خەمەکانی سەرۆکایەتی کاتی ئەوەی بۆناهێڵنەوە لە کاتی بینینی سەرۆکەکاندا سەیری قۆنەرەکانیان بکا. هەروەها پێم گوت "موبارەک" نموونەی پیاوێکی ئاساییە، ئەو ڕابەرێکی مێژوویی یاخۆ ئەستێرەی پەنجەرە نییە، ڕەنگە میسر لەو ماوەی ئارامیەی پاش گەردەلوولی رووداوی سەکۆکە (تیرۆکردنی سادات) پێویستی بەوە بێ!

هەروەها مامۆستا "فەتحی رەزوان"یش کە سەرکردەیەکی نیشتمانیی بەهێزە چیرۆکێکی تری هاوشێوەی گێڕایەوە کە ئەویش دیسان پێوەندی بە پێڵاوەوە هەبوو!

لە سەرۆکایەتیی کۆمارەوە پێوەندییان پێوە کردووە و پێیان راگەیاندووە کە سەرۆک "موبارەک" دەیەوێ ببینێ و بیناسێ، بۆ ئەوەیش مەوعیدێکیان لە حەوانگەی "ئەلدەخیلە" بۆ دیاری کرد کە لە رۆژانی فەرماندەییکردنی چەکی باڵەفڕوانییەوە لەوێ لایدەدا، ئۆتۆمۆبێلێک لە سەرۆکایەتییەوە

دێته ماڵەکەی لە میسری نوێ و سەعات حەوتی بەیانی دەیبا بۆ باڵەفڕگەی "ئەلمازە"، تا بیگەیەنێتە "ئەلدەخیلە"، بۆ ئەوەی لە وادەی دیاریکراودا لە سەعات ١٠ی بەیانی لای سەرۆک بێ.

فەتحی رەزوان پەرۆش و دڵگەرم بووە بۆ بینینەکە، زۆر شتی پێ بووە بیڵێ، بە خەتی خۆی پڕی پێنج لاپەڕە خاڵی سەرەکی دەنووسێ.

ئۆتۆمۆبێلەکە هات و باڵەفڕەکە فڕی، مامۆستا "فەتحی رەزوان" گەیشتە باڵەفڕگەی "ئەلدەخیلە"، لەوێ پێیان راگەیاند کە مەوعیدەکەی لەگەڵ سەرۆک دوو سەعات دوا کەوتووە، لەبەرئەوەی میوانێکی ئەفریقیایی کە سەردانی میسری کردبوو دێتە لای. پێی وترابوو کە ژوورێکی بۆ حەوانە بۆ تەرخان کراوە تا وادەکەی دێ، فەتحی رەزوان نێزیکەی ٥ سەعاتی لەو ژوورەدا تەواو کرد، داوای لێبوردنی کردبوو لە نانی نیوەڕۆ کە بۆیان هێنابوو، پاش نیوەڕۆ یەکێک لە سکرتێرەکان هاتبووە لای و پێی گوتبوو ئێستە سەرۆک راستەوخۆ لە باڵەفڕگەوە دەگەڕێتەوە قاهیرە و لە باڵەفڕەکەدا چاوەڕوانی مامۆستا "فەتحی رەزوان" دەکا و لانی کەم سەعاتێک لەگەڵی دەبێ.

فەتحی رەزوان سەرکەوتە سەر باڵەفڕە سەرۆکایەتییەکە، بە تەنیایی دانیشت، لەبەرئەوەی سەرۆک لەگەڵ میوانەکەدا لە بەشی پێشەوەی باڵەفڕەکەدا بوو، بەڵام پاش چارەکە سەعاتێک سەرۆک هەستا و هاتە دواوە و لە کورسییەکەی تەنیشت فەتحی رەزوانەوە دانیشت و عوزرخوایی هێنایەوە لەوە رووی دا، لەبەرئەوەی مەوعیدەکەی لەگەڵ سەرۆکە ئەفریقاییەکە لەبیر نەبوو و نووسینگەکەیشی نەیزانیبوو چۆن هاوئاهەنگی لەنێوان دوو مەوعیدەکەدا بکا، بە رەواندنەوەی گومانی پشتگوێ خستن ویستبووی بە فەتحی رەزوان بڵێ کە ئەو هێشتا هەمان پیاوە و پۆستی سەرۆکایەتی نەیگۆڕیوە و قسەکەی بڕیوە تا بڵێ "باوەڕ بکە فەتحی بەگ ئێستەیش کە سەرکۆمارم خۆم هەموو بەیانیەک پێڵاوەکانم دەسڕم، لەسەر زەوی دادەنیشم و پێلاوەکانم بە فڵچە سبووغ دەکەم و دواتر بە پارچە پەڕۆیەک بریسکەی دەدەمێ".

فەتحی رەزوانیش باسی ئەوەی کردووە کە نابێ سەرۆکی دەوڵەت کاتی خۆی بە سڕینی قۆنەرەوە بکوژێ. موبارەکیش گوتی "هەموو رۆژ ئەمە خوومە، تەنانەت لەو کاتەیش قوتابیی سەرەتایی بووم و تا بووم بە فەرماندەی باڵەفڕوانی و جێگری سەرکۆمار و ئێستەیش سەرۆکی میسر".

پێش ئەوەی فەتحی رەوان هیچ بڵێ کەسێک هات بە سەرۆکی گوت کە باڵەفڕەکە خەریکە لە باڵەفڕگەی قاهیرە دەنیشێتەوە، "موبارەک" میوانە ئەفریقاییەکەی بیر کەوتەوە کە دەبێ لەکاتی دابەزیندا لەگەڵی بێ، هەستا و بە فەتحی رەزوانی گوت داوا دەکا کە دابەزین بە ئۆتۆمۆبێلی سەرۆکایەتی بیگەیەننە ماڵی سەرۆک و لەوێ کۆبوونەوەکەی نێوان هەردوو پیاوەکە بەڕێوە دەچێ، باڵەفڕەکە نیشتەوە و سەرنشینەکان دابەزین، لەوێ ئۆتۆمۆبێلێک چاوەڕوانی فەتحی رەزوانی دەکرد، بەڵام نەیبرد بۆ ماڵی سەرۆک بگرە بردیەوە بۆ ماڵەکەی خۆی!

فەتحی رەزوان خۆی پیاوێکی رژدە لە کاردا و لەکاتی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەدا بە تووڕەیی

گوتی "ئاخۆ ڕەوایە ڕۆژێکی تەواو لە گەشتدا بە چوون و هاتنەوە لە هەمان ڕۆژدا بکوژم، پاش ئەوەیش دیدارەکەم لەگەڵی تەنیا ٥ خولەک بێ کە هیچ سوودێکم لێ نەبینی ئەوە نەبێ کە زانیم ئەو "بەدەستی خۆی جزمەکانی دەسڕێ"!

تکام لێ کرد بەرپرسیاریەتییەکە بخاتە گەردنی نووسینگەکە نەک خودی سەرۆک، بەڵام قەناعەتی نەکرد، ئەو لەم دنیایەش کۆچی کرد و هەر بانگهێشت نەکرا بۆ بینینی سەرۆک، لانی کەم بۆ ئەوەی داوای لێبوردنی لێ بکرێ!

هەروەها بۆ نموونە هەر لەو ماوەیەدا نووسەری گەورە و تەنزچیی مەزن مامۆستا "مەحموود ئەلسەعدەنی" بەبێ مەوعید لە نووسینگەکەمدا سەرێکی لێ دام و گوتی "تەنیا پێنج خولەکی دەوێ و دەڕوا"، هاتە ژوورەوە، دەستی گرتم و بردمیە لای پەنجەرەی نووسینگەکەم بە ئەسپایی پێی گوتم:

"نەگبەتی.. لای سەرۆک موبارەک بووم ئێستە.

منیش ئاماژەیەکی پرسیاراویم کرد کە، لەوەدا نەگبەتی لەچیدایە؟!

مەحموود سەعدەنی دەستی بە گێڕانەوە کرد:

ماوەی یەک سەعات لەگەڵ سەرۆک دانیشتم هەمووی پێکەنین و نوکتە بوو، کە کاتی چوونم هات ئاماژەم بە کورسییەکەی ژێری کرد و پرسیم:

جەنابی سەرۆک هەست بە چی دەکەیت کاتێ تۆ لەسەر ئەو کورسییە دانیشتوویت کە "ڕەمسیسی دووەم" و "سەلاحەدین" و "محەمەد عەلی" و "جەمال عەبدولناسر" لەسەری دانیشتوون؟

تۆ بڵێی چ وەڵامێکی دابمەوە؟!

مەحموود سەعدەنی چاوەڕوانی نەکرد و درێژەی بە گێڕانەوە دا:

"سەیری ئەو کورسییەی کرد کە لەسەری دانیشتبوو و جا سەیری منی کرد و پرسی: کورسییەکەت بەدڵە؟!، ئەگەر بەدڵتە بیبە بۆ خۆت".

مەحموود سەعدەنی لەپەکانی دەستی لەیەک دەسووی و دەیگوت "چوومە دەرەوە و بە درێژایی ڕێگەکە زەبرەکە بەری نەدابووم، ئەو پیاوە هیچی لەو کورسییەدا نەدەبینی ئەوە نەبێ کە تەنیا کورسییەکە و تێنەگەیشت کە مەبەستی من لە پرسیارەکە چییە".

هەوڵم دا مەحموود سەعدەنی هێور بکەمەوە، کە خۆیشم هێور نەبووم و گوتم:

کاکە خەتای تۆیە نەک ئەو، بۆچی بە ڕەمز قسەی لەگەڵدا دەکەیت؟! بۆچی وا دادەنێیت سەرۆکی دەوڵەت پێویستە شارەزایی لە خوازە (مجاز) لە ئەدەبی زماندا هەبێ ؟!

سەرنجی سەعدەنیش دەستەواژەیەک بوو ناکرێ بڵاو بکرێتەوە!

***

ساڵی ١٩٨٤ تێپەڕی و سەرۆک "موبارەک" پێی دەنایە ساڵی سێیەمی لە سەرۆکایەتیی دەوڵەتدا، وێڕای هەموو شتێک وا هاتە پێش چاو کە پیاوێکە دەتوانێ یاخۆ بەشێوەیەک لە شێوەکان خۆی وا بگونجێنێ زۆر گومان بڕەوێنێتەوە کە پێیان وا بوو ماوەی دەسەڵاتەکەی تەنیا نەخشەیەکی کاتییە. ئێستە دەرکەوت پیاوەکە هەنگاوێکی هاویشت، لە پیاوێکەوە کە نەخشەیەکی خێرا هێنایە سەر تەخت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دۆخێکی لەناکاو، بۆ پیاوێک کە بەرجەستەی قۆناغێکی گواستنەوە لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر بکا.

لەوکاتەدا لێدوانم بۆ کۆوراێکی لبنانی دا و تێیدا گوتم "دەسەڵاتی "موبارەک" پێدەچێ قۆناغێکی گواستنەوە بێ، بەڵام ئەزموونەکانی مێژوو فێرمان دەکەن هیچ شتێک نییە هێندە توانای مانەوەی درێژخایەنی هەبێ لە ڕژێمێک کە خەڵک پێیان وایە ڕاگوزەر و کاتییە".

"موبارەک" نامەیەکی سەرزەنشتی بۆ ناردم لەسەر بەکارهێنانی وشەی "کاتی"، بەڵام سەیر لەوەدا بوو سەرنجی لەو بەشەی قسەکە نەدابوو کە باسم لە تەمەندرێژیی ئەو "کاتی"یە کردبوو!

ڕای زاڵ لە میسر و دەرەوەیدا بەو شێوەیە بوو کە تاقیکردنەوەی هێز و جێگیریی ڕژێمی نوێ ڕەهنە بە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنێکی پەرلەمانی کە کاتی هاتبوو، زۆر کەس پێیان وا بوو ئەو هەڵبژاردنە دەبێتە "جۆرێک" لە گژبەر (تحدی)ی سیاسی بۆ سەرۆکی نوێ و چاودێریی هەڵبژاردنەکە زۆر لە توانا سیاسیەکانی دەردەخا.

لەبەر سەرقاڵبوونم بە ئامادەکردنی کۆبەرهەمی "شەڕی سی ساڵە" کە یەکەمیان "فایلەکانی سویس" بوو، نەمتوانی لەنێزیکەوە چاودێریی شەڕی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٨٤ بکەم، چونکە گەڕان بەدوای بەڵگەنامەکان و ڕیزبەندکردن و دانانیان لە جێبەندی خۆیاندا کارێکی قورس بوو، بەڵام کاتێ لەو کارەی سەرقاڵی کردبووم سەرم بەرز کردەوە، لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە بۆم دەرکەوت موبارەکبە چاوپۆشین لە هەر حوکمێکی بەهایی بە شێوەیەکی داهێنەرانە ڕووبەڕووی گژبەرە چاوەڕوانکراوەکەی بووەتەوە، سەیرەکە لەوەدا بوو کە شێوازەکە زۆر سادە و لەهەمان ساتیشدا زۆر ئاڵۆز بوو.

***

لە ڕاستیدا ئەو شێوازە دامەزراندنی قوتابخانەیەکی جیاواز بوو کە دزەی کردە ناو سیاسەتی میسرییەوە، خۆشبەختانە دوو سەرچاوەم لەبەردەستدا بوو بۆ ناسینی قوتابخانەکەی "موبارەک" لەو کاتەی سیاسەتەکانی دەچێتە واری جێبەجێکردنی کرداری!

سەرچاوەی یەکەم: دیدارێکی دوورودرێژ بە دوو دانیشتن لەگەڵ لیوا "حەسەن ئەبو پاشا" (وەزیری ناوەخۆ)، ئەو بەرپرسەی سەرپەرشتیی یەکەم شەڕی هەڵبژاردنی لە سەردەمی موبارەکدا کرد.

حەسەن ئەبو پاشا ئەفسەرێکی پۆلیسی میسری بوو و زۆربەی ئەزموونی پراکتیکیی خۆی لە ئەمنی سیاسیدا بەسەر بردووە، کەسێکی دامەزراو و پابەندە، بەڵام لە ساتێک لە ساتەکاندا

توانای دانبەخۆگرتن لەدەست دەدا و دەنگی نارەزیی هەڵدەبڕێ، جا چ بە لۆژیکی مومکین بێ یاخۆ مەحاڵ!

سەرچاوەی دووەم: چەند پەڕاوێک کە لیوا "محەمەد تەعلەب" (یاریدەدەری وەزیری ناوەخۆ لەپاڵ حەسەن ئەبوپاشادا) دەینووسین، کە ئەفسەرێک بوو لە جۆرێکی جیاواز و خاوەن هەستێکی مرۆڤانەی گشتی و هۆشیارییەکی مێژوویی نائاسایی بوو، تەعلەب وای بە باش زانیبوو بە ئاگەداریی وەزیرەکەی جۆرێک لە رۆژانەی شەڕی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٨٤ تۆمار بکا، دوو پەڕاو (کراسە)ی تەواوی بە خەتی خۆی لەبارەی رووداوەکانی ئەو شەڕە پڕ کردبوویەوە.

کاتێ ئەو زانیارییانەی شەڕی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٨٤م لە لیوا حەسەن ئەبوپاشا بیست کورسیی وەزارەتی ناوەخۆی بەجێ هێشتبوو، ئەو هەستی دەکرد ستەمی لێ کراوە و لەبری خەڵکی تر بەرگەی هەندێ دەنگۆی گرتووە پێش لەوەی راستییەکەی ئاشکرا بکرێ، لەگەڵ بەردەوامیی گفتوگۆکەدا بەتایبەت لە دیداری دووەمدا، وردە وردە نەرم دەبوو و لەگەڵیشیدا شێوازەکەی "موبارەک" بۆ دەستگرتن بەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکاندا روون دەبوویەوە و دەردەکەوت سەرۆکی نوێ زۆر زیاتر لەوەی هەیە کە خەڵکی تر بە رووکەش دەیبینن.

***

بە گوێرەی گێڕانەوەکەی لیوا "حەسەن ئەبو پاشا" (ئەو زانیارییانەیش کە لیوا تەعلەب لە رۆژانەی شەڕی هەڵبژاردنەکەدا تۆماری کردوون، پشتگیری لە قسەکانی دەکا) "موبارەک" دانیشتنێکی بەرایی لەگەڵ وەزیری ناوەخۆکەیدا گرێ دراوە و تێڕوانینی خۆی لەبارەی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی گەلی نوێ بۆ روون کردووەتەوە:

١- سەرۆک پێی وایە لە هەڵبژاردنەکەدا کە یەکەم هەڵبژاردن بوو لە سەردەمی ئەودا هەموو کەس مافی هەبێ "ئازادانە" خۆی کاندید بکا.

٢- سەرۆک بە لەبەرچاوگرتنی پێویستیی سەلامەتیی نیشتمانی رێژەیەکی سەتی دیاری دەکا بۆ ئەو کورسییانەی ئۆپۆزسیۆن بۆی هەیە بەدەستیان بێنێ، ئەو بابەتەیش دواتر و کاتێ "وێنەکە" روون دەبێتەوە لەگەڵ وەزیری ناوەخۆ لەسەری رێک دەکەون، لەبەرئەوەی دۆخی وڵات بەرگەی "گەمە" یاخۆ "سەرکێشی" ناگرێ!.

٣- سەرۆک لیستێک ناوی لایە کا نایەوێ خاوەنەکانیان بە هیچ شێوەیەک بچنە ناو ئەنجوومەنە نوێیەکەو دواتر و کاتێ بەتەواوی دەرکەوت کێ خۆی بۆ پەرلەمانی نوێ کاندید کردووە و کێ نەیکردووە، ناوەکان دەداتە وەزیری ناوەخۆ!

شێوازەکە زۆر سادە بوو، "بلیمەتی"یەکەیشی لەوەدا بوو!

دەرگا کراوەیە بۆ هەر کەس رێژەیەکی سەتی بۆ حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن و دەشیەوێ وەزیری ناوەخۆ لە بازنەکانی هەڵبژاردن و ناوەکاندا دەستکراوەییەکی لە رەفتارکردندا هەبێ، بەڵام لە

چوارچێوەی ڕێژە سەتییە دیاریکراوەکەدا! هەروەها لیستی ئەو کەسانە دەداتە وەزیری ناوەخۆ کە دەسەڵات حەزی لە چارەیان نییە و ڕێگەیان پێ نادرێ بچنە ناو کێبەرکێی هەڵبژاردنەکە و دیارە چوونە ناو ئەنجوومەنیش!، ئەو کەسایەتییانە جیاواز و جۆراوجۆرن، کە چەند ئەندامێکی حزبی نیشتمانی و چەند کەسێکی حزبەکانی ئۆپۆزسیۆنیشی تێدایە ئەمە هەموو شتێکە! (ئەمە بە بڕوای وەزیری ناوەخۆ).

***

بە گوێرەی گێڕانەوەکەی لیوا حەسەن پاشا و بە لەبەرچاوگرتنی "دۆخەکە"، وەک لە موبارەکی بیستووە، ڕێساکانی گەمەکە دەکرا بەشێوەیەکی گشتی پاساوی هەبێ بەو مەرجەی، وەک ئەبو پاشا لەناو قسەکانیدا باسی کرد، "پلەیەک لە مەعقوولیەت"ی تێدا بێ کە ئەنجامەکان "پارسەنگ" بکا نەک ساختەی بکا.

بە بڕوای ئەو ئەوەیش ڕەهەن بوو بەو ڕێژەیەی ڕێگە بە ئۆپۆزسیۆن دراوە هەدەستی بێنێ و هەروەها سنووردارییی لیستی کەسە چارە نەویستراوەکان کە بەشداری و چوونە ناو ئەنجوومەنی گەلی نوێیان لێ قەدەغەیە.

بەڵام هەژانەکە کاتێ ڕووی دا کە بابەتەکە لە کۆبوونەوەی نێوان وەزیری ناوەخۆ و سەرکۆماردا یەکلا کرایەوە.

لە کۆبوونەوەکەیان لە پێش و پاش هەڵبژاردنەکەدا، حەسەن ئەبو پاشا شتێکی لە "موبارەک" بیست، کە بە گوتەی خۆی سڕی کردووە، ئەویش ئەوە بووە کە:

١- سەرۆک ئامادەیە ٥٪ی کورسییەکان بداتە ئۆپۆسیۆن، واتە نێزیکەی ٢٠ کورسی بۆ هەموو حزب و هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن پێکەوە.

٢- لیستی کەسە ئێسک گرانەکان لای دەسەڵات زۆر گەورەتر بوو لەوەی چاوەڕوانی دەکرد، واقی وڕما کاتێ بینی یەکەم کەسیان "سامی موبارەک"ی برای سەرۆک موبارەک خۆیەتی.

توندگیریی "سەرۆک" بەرامبەر کاندیدکردنی براکەی شتێکی سەیر بوو، "موبارەک" گەیشتە ئەو رادەیەی بڵێ فەرمانی کردووە ناوی براکەی لە لیستی کاندیدەکانی حزبی نیشتمانی بسڕێتەوە، بەڵام بیستی دوای ئەوە چووە بۆ حزبی وەفد تا داوا لە مامۆستا "فوئاد سیراجەدین" بکا لەسەر لیستی حزبی وەفد کاندیدی بکا، "فوئاد سیراجەدین"یش پێشنیازەکەی سامی قبووڵ کردبوو.

شتە کتوپڕەکان لای وەزیری ناوەخۆ تا دەهات زیاتر دەبوون، لەبەرئەوەی "موبارەک" "ئوسامە ئەلباز"ی ناردبووە لای "فوئاد سیراجەدین" تا براکەی نەخاتە ناو لیستی وەفدەوە، بەڵام شکستی هێنا، ئەنجا "موبارەک" داوای لە وەزیری ناوەخۆکەی کرد خۆی پێوەندی بە "فوئاد سیراجەدین"ەوە بکا و بەناوی سەرۆکەوە پێی رابگەیەنێ کە نایەوێ براکەی لەسەر لیستی وەفد بچێتە ناو هەڵبژاردنەکەوە!

ئەبو پاشا بەڵێنی دا پێوەندی بە "فوئاد سیراجەدین"ەوە بکا، ئەنجا (لەگەڵ سەرۆک) چووە سەر بابەتە سەرەکییەکە، چونکە پێی وابوو "شێوازە موبارەکییەکەی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکە"، هەروەها پێشنیازکردنی هەندێ هەموارکردن کە بە گونجاوی زانیبوون، قابیلی گفتوگۆ و قسەلەسەرکردنن.

یەکەمیان: جەنابی سەرۆک بفەرموێ و چاو بەو رێژەیەدا بخشێنێتەوە کە بۆ ئۆپۆزسیۆنی تەرخان کردبوو و لە ٥٪ەوە بۆ ٢٠٪ واتە نێزیکەی ١٠٠ کورسی زیادی بکا، ، پێی وا بوو ئەوە کار لە زۆرینەی سێدووی ئەنجومەنی گەل ناکا، کە ئەو رێژەیە رێگە بە هەموارکردنی دەستوور دەدا (ئەگەر شتێک هاتە پێش ئەوە بخوازێ).

دووەم: سەرۆک لیستی بلۆککراوان بۆ چوونە ناو پەرلەمان کورت بکاتەوە، کە یەکەمیان سامی موبارەکی برایەتی.

ئەبوپاشا وەک لە شاخ بەری بدەیتەوە واقی وڕ ما کاتێ بینی سەرۆک "موبارەک" بە قسەکانی گڕی گرت و نەڕاندی "سامی ناچێتە ژوورەوە یانی ناچێتە ژوورەوە"!

ئەبوپاشا گوتی "بەڵام جەنابی سەرۆک وەزارەتی ناوەخۆ بەدواداچوونێکی بۆ هەڵوێستی مامۆستا سامی کردووە و دەرکەوتووە دەتوانێ لەو بازنەیەی خۆی تێیدا کاندید کردووە بەئاسانی دەربچێ".

موبارەک وەڵامی دایەوە "مەحاڵە"!

ئەنجا سەرۆک بە وەزیری ناوەخۆکەی گوت:

"حەسەن" تۆ زیاد لە پێویست پاڵپەستۆ دەخەیتە سەر مێشکم، ئێستە میزاج وشەی Moodی ئینگلیزی بەکار هێنابووی ئەوەم نییە درێژە بەقسەکردن لەگەڵت بدەم".

ئەنجا هەستا و وەستا و کۆتای بە دیدارەکە هێنا و لە ژوورەکە چووە دەرێ و وەزیری ناوەخۆکەی بەتەنیا بەجێ هێشت تا ئەویش بۆ دەرگاکە بگەڕێ تا لێیەوە بچێتە دەرێ!

***

لە دەفتەری رۆژانەی شەڕی راگەیاندنەکەدا (وەک لیوا تەعلەب یاریدەدەری وەزیر بەخەتی خۆی تۆماری کردبوو) هەندێ ئاماژەی بۆ ئەو دیدارە تێدایە، بەو دەستەواژەیەشەوە کە "سەرۆک میزاج Moodی ئەوەی نییە بتوانێ زیاتر لەوەی گوتوویەتی و دیاری کردووە، لەبارەی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە گفتوگۆ بکا!

شەڕەکەی سەرۆک "حوسنی موبارەک" لەگەڵ سامی موبارەکی برای، لە زۆر وردەکاریدا ئاماژە بە سرووشتگەلێک دەکا راڤەکردنی دژوارە.

سەرۆک تەنیا بەوە نەوەستا بە وەزیری ناوەخۆکەی رابگەیەنێ کە بەهەر نرخێک بووە نابێ براکەی لە هەڵبژاردنەکەدا دەربچێ، بگرە هەندێ زێدە رێوشوێنی تریشی بۆ ئەو مەبەستە گرتەبەر

که بەلای وەزیری ناوەخۆوە نامۆ بوون، لەوانە پێوەندی بە وەزیری حوکمی خۆجێیشەوە کردبوو و داواکەی لەویش دووپات کردبووەوە، بگرە نووسینگەکەی پێوەندی بە هەندێ لە بەڕێوەبەرانی ئاسایشیشەوە کردبوو.

لیوا محەمەد تەعلەب لە دەفتەری تێبینییەکانیدا چەند تێبینیەکی تۆمار کردووە کا مایەی سەرسوڕمانن:

تێبینیی یەکەم: لە زاری لیوا حەسەن ئەبوپاشای وەزیری ناوەخۆی گواستووەتەوە کە زۆریی پاڵەپەستۆکان لەسەری وای لێ کردووە بە دەقی قسەکانی بڵێ "تەعلەب دەزانی، تەنیا چارە بۆ ئەم دۆخە ئەوەیە من بمرم"!

تێبینیی دووەم: یاریدەدەری وەزیری ناوەخۆ بە دەق دەنووسێ "نازانم نهێنی چییە لە پێداگریی ئەو (مەبەستی سەرۆکە) لەسەر دەرنەچوونی براکەی تا ئەو رادەیە، تا گەیشتوومەتە ئەو وێنایەی کە ئەوە ئەوە رقی لە براکەیەتی نەک بەپێچەوانەوە"!

تێبینیی سێیەم: چەند رۆژێک بەر لە هەڵبژاردنەکە وەزیری ناوەخۆ داوای دیمانەی موبارەکی کردووە، ئامانجیشی ئەوە بووە باسی براکەی لەگەڵ بکا (دیارە لەناو هەندێ بابەتی تریشدا)، بەڵام "موبارەک" رەتی کردەوە و گوتی میزاج Moodی ئەوەی نییە وەزیری ناوەخۆکەی ببینێ. ئەوەیش یەکەم جار نەبوو "موبارەک" ئەو دەستەواژەیە لەگەڵ حەسەن پاشا بەکار بێنێ. پاش تکا و رجا، "موبارەک" وەڵامی دایەوە "حەسەن پاش هەڵبژاردن یەکتر دەبینین"!

(پاش هەڵبژاردنەکەیش مەوعیدەکەمان دەرچوون بوو لە وەزارەتەکە)!

***

بەڵام دەفتەرەکانی لیوا تەعلەب شتی لەمە سەیرتریان تێدا تۆمار کراوە، چونکە لە کۆتای رۆژی هەڵبژاردنەکاندا دەرکەوت وێڕای گشت هەوڵەکان سامی "موبارەک" زیاتر لە ٧٠٪ی دەنگەکانی ئەو بازنەیەی هەڵبژاردنی بەدەست هێناوە کە خۆی تێدا کاندید کردبوو!

فەرمان لە سەرۆکەوە هات کە "هەرگیز!" (شتی وا نابێ) و دەبێ لێژنەی بالای جیاکردنەوەی دەنگەکان کارەکانی رابگرێ تا نێردەیەکی تایبەتی سەرۆک دەگاتە ئەو جێیە، هەر وایش بوو، ئەوە بوو ئوسامە ئەلبازی راوێژکاری سەرۆک گەیشتە بارەگای سەرەکیی لێژنەکە و داوای سەرلەنوێ جیاکردنەوەی دەنگەکان و رەفتارکردنی "ژیرانە"ی کرد تا سەرۆک تووڕە نەبێ، دیمەنەکە بۆ هەمووان بێزارکەر بوو، کارتەکانی دەنگدان بە ئامادەبوونی چەند ئەندامێکی لێژنە گشتییەکە جیا کرانەوە، ئەم جارەیش ئەنجامەکان لە بەرژەوەندیی سامی یەکلاکەرەوە بوون بە رادەیەک ئیتر هیچ "ژیری"یەک دادی نەدەدا، چونکە دیمەنەکە لەبەرچاوی هەمووان نمایان بوو و پێچلێدانی، دەبێتە رسواییەک کە دەبێ لەبەر سەرۆک خۆی خۆی لێ بەدوور بگرن!.

ئوسامە ئەلباز گەڕایەوە لای سەرۆک و هەوڵی هێورکردنەوەی دەدا کە ئەوان لەبەردەم شتێکی

دەستەویەخە (ئەمر واقیع) Fait accompli دان، بە گوێرەی گێڕانەوەکەی وەزیری ناوەخۆ سەرۆک "موبارەک" هیچ چارەیەکی نەماوە، تەنیا گوتوویەتی "ئەبو پاشا باجی هەڵەکەی دەدا"!

بەو شێوەیە "حەسەن ئەبوپاشا" لە وەزارەتی ناوەخۆ دەرچوو!

***

پاش چەند مانگێک بەڕێز سامی "موبارەک" داوای بینینمی کرد، وادەیەکم بۆ دیاری کرد و لەکاتی خۆیدا هات، لەبەردەمم لە نووسینگەکەمدا دانیشت و دەستی بە قسە کرد، ویستم سەرنجی بۆ ئەوە رابکێشم کە رەنگە نووسینگەکەم جێمتمانە نەبێ بۆ ئەو شتانەی دەیانڵێ، وەڵامی دایەوە "هیچ باکی نییە ئەگەر حوسنی خۆی گوێی لەو قسانەی بێ، چونکە پاش ئەوە وڵات "بۆ ئەو" بەجێ دێڵێ و دەچێتە ئەڵمانیا".

سامی موبارەک دەستی بە گێڕانەوەی سەرگوزەشتەیەکی دوور و درێژ کرد لەبارەی پێوەندیگەلێکی خێزانیی سیخناخ بە گرێی قووڵ و ئاڵۆزکاریی ئاشکرا کە هەمووی بە تفت و تاڵی قانگ درابوو، بە بڕوای من هیچی بۆ ئەوە ناشێ قسەی تێدا بکرێ.

بەڵام ناتوانم نکولی لەوە بکەم بەو هۆیەوە کۆمەڵێ دڵەخورپەی تر بۆ دڵەخورپەکانی تری رابردووم کە دەمویست خەفەی بکەم، زیادی کرد!.

***

## چەماوەیەک لەسەر رووبار!

لە کەشوهەوای ئامادەکاری بۆ "سێیەمین خولی سەرۆکایەتیی موبارەک"دا وام بە باش زانی بەپێی توانا لە دوورییەکەی زیاترەوە چاودێری بکەم، بەبێ ئەوەی بەتەواوی لە رووداوەکان داببڕێم و هیچ پێوەندییەکم بەوەی دەگوزەرێ نەمێنێ.

لام روون بوو تەنیا من نیم کە لە حیرەتدام، بگرە زۆر کەس وەک لە حیرەتدان، رەنگە ئەوە حیرەتی مێژوو خۆی بێ لەبارەی پیاوێک کە هەندێ خەڵک پێیان وایە باش دەیناسن، جا دەردەکەوێ ئەوانە هیچ شتێک نازانن!

***

لەو کاتەدا وا دەهاتە پێش چاو کە رێڕەوی رووداوەکان لە رواڵەتدا بەس نین بۆ بینینی ئەوەی لەژێر رووبان (سطح)ەکەوە روو دەدا، بە رواڵەت کرچ و کاڵی و سستی و شپرزی سیمای زاڵ بوون بەسەر بڕیاردا لە میسر.

بەڵام لە هەمان کاتدا دەرکەوت کە میسر لە قووڵایی خۆیدا بەدەم چەندان کارلێکەوە شەپۆل دەدا کە بزاوتەکەی تا دێ خێرا دەبێ و هۆکارەکانی تێک دەڕژێن، کەس نایانبینێ، بەڵام زۆر نابا ئاسەوارەکانی دەکەونەسەر رووبانەکە.

بە شێوەیەک لە شێوەکان ئەو باوەڕە سەری هەڵدا کە ئاستێک لە بێئومێدیی چاوەڕوانی لە ناوەخۆدا تەشەنە دەکا و لەڕێی دەرکەوتنی دەرەکییەوە هەوڵی قەرەبووکردنەوەی ئەو دۆخەی ناوەخۆ دەدرێ، شتەکان لەدەست دەچوون و ئەو گومانە زاڵ بووە کە "دەرەکیی ناودەوڵەتی" وەک پەردەیەک بۆ شاردنەوەی کەموکورتیی ناوەخۆیی بەکار دەهێنرێ.

جارێکی تر راشکاوانە بابەتەکەم لەگەڵ "ئوسامە ئەلباز"دا تاوتوێ کرد، رای وا بوو کە "بواری کارکردن لەناوەخۆدا سنووردارە و رەنگە کاری دەرەکی شتێکی پێ زیاد بکرێ"، ئوسامە لێی پرسیم "ئاخۆ ئەوە لە سەردەمی جەمال عەبدولناسریشدا رووی نەدەدا؟" گوتم "کاری دەرەکی لە کاتی جەمال عەبدولناسردا لە خزمەتی ناوەخۆدا بوو، وەک نموونە ئاماژەم بە شەڕی دروستکردنی "بەنداوی عالی" کرد کە بەبێ ئەوەی پێویست بکا بچینە ناو وردەکاری مەغزاکەی ئەوە بوو کۆتائامانجی بایەخدان بە سیاسەتی دەرەوە لەو کاتەدا (سوودی) ناوەخۆ بوو".

هەروەها گوتم "واتە بەشی سەرەکیی ئەو کۆششە بۆ تەواوکردنی پرۆسەی ئازادکردنی دنیای عەرەبی بوو، بەتایبەت لە کەنداو و یەمەن، ئەنجا جەختکردن لەسەر سەربەخۆیی ئەفریقیا بە تەرکیزکردن لەسەر دەوڵەتانی حەوزی نیل و دەوروبەری، لە کۆتاشدا پێکهێنانی بەرەیەکی فراوان لە دەوڵەتانی دنیای سێیەم، کە خواستی بەرگری لە ئازادی و دادپەروەرییە لە کۆمەڵگەی دەوڵەتاندا".

بەڵام ئێستەبە ئوسامە ئەلبازم گوت وا دەبینم چالاکیی دەرەکی ئاراستەی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکرێ، تا وای لێهاتووە سەردانکردنی بووەتە حەجێکی ساڵانەی دەوری بۆ واشنتۆن، وادەکەیشی وەرزی بەهارە لەگەڵ هەر سەرۆکێکی ئەمەریکادا!

کەژاوەی گەشتکاران بۆ واشنتۆن، بەمەبەستی پشوودان ماوەیەک لە پاریس و لەندەن لادەدەن، ئەنجا لەڕێی ئۆقیانووسەوە بەرەو کەناری ئەمەریکا دەکەنەوە رێ.

ئەو رۆژە بە ئوسامەم گوت "هەندێ لە سیاسەتوانانی ئەوروپا چی تر ئاسوودە نین بەو جۆرە سەردانانە بۆ پایەتەختەکانیان و تکام لێ کرد بە سەرۆک "موبارەک" بڵێ کە من خۆم لە سەرۆکی فرنسا میتێرانم بیستووە کە "پاریس لەوە گرینگترە ببێتە وێستگەیەک لەڕێی گەیشتن بە واشنتۆن". بەو واتایەی میتێران دەیەوێ هەست بکا کە سەردانەکەی سەرۆکی میسر بۆ فرەنسا بۆ سەردانی فرەنسا بێ، نەک وێستگەیەکی حەوانەوە لەڕێی چوون بۆ ئەمەریکا!

جیا لەوەیش سەرۆک میتێران وەک لێیم بیست دەیەوێ ئەو دیدارانە کارنامەیەکیان هەبێ کە سوودیان بۆ هەردوو وڵات هەبێ، بەشێوەیەک پێش هەر دیدارێک لەڕێی لێکۆڵینەوەی پسپۆڕان و گفتوگۆی وەزیرانی دەرەوەوە ئامادەسازییان بۆ بکرێ.

بەڵام ئەوەم بە ئوسامە نەگوت کە میتێران لای خۆم سکاڵای دەکرد لەوەی زۆربەی دیدارەکانی لەگەڵ موبارەک، دانیشتنی سیاسی نەبوون، بگرە بۆنەگەلی کۆمەڵایەتی بوون بۆ گێڕانەوەی راز و

سەربردەی کۆمەڵایەتی، کە زۆربەشیان دەچنە خانەی "دووزمانی" لەبارەی سیاسەتوانانی تری عەرەب کە سەرۆکی موبارەک وەک گاڵتە و پێکەنین دەیانگێڕیتەوە.

***

ئەو رووکردنە دەرەوەیە لە بنەڕەتدا شتێکی بێ خێر بوو، چونکە ئامانجی کۆتا تێیاندا سوودی ناوەخۆ نەبوو، نە لە روانگەی سوودای ناوەخۆوە دەستیان پێ دەکرا و نە بەویش کۆتایان هات، کە کۆتا ئامانج بیناکردن بێ لەسەر بنچینەکان و خزمەتکردنی لە رووی نیشتمانی یاخۆ نەتەوەییەوە. هەرچی گەشتەکانی سەرۆک و لەشکری شانەکانیەتی بۆ لای ئەو زلهێزانە، کە ئەنجامەکەی لافاوێک لە وێنەیە لەسەر لاپەڕەی رۆژنامە و شاشەی تەلەفزیۆنەکان، کۆششگەلێکی نەزۆکن، نە ئەنجام و نە داهاتێکیان نییە، بگرە تەنیا بەکارهێنانی شتی نەبووە لە داواکردنی مەحاڵدا، ئەویش لەبەرئەوەی ئەو زلهێزانە بە حیساباتی "هێز و توانا" مامەڵە لەگەڵ ئەوانی تر دەکەن و تەنیا لۆژیکی سوود و قازانج دەیانبزوێنێ، بەڵام کاتێ ئامانج وەک دەیبینین پەردەپۆشکردنی کەموکوڕیی ناوەخۆ بێ بە سایەی دەرەوە، ئەوا بە چاوپۆشین لە قەبارەی شاندەکان و زۆریی وێنەکان و خەرجەکانی گەشتەکە! بەرەنجامەکە سفر و خوارتریش دەبێ!

لەپڕ لە کەشوهەوای ماوەی سێیەم سەرۆکایەتیدا لە میسر رووداوێک رووی دا، ئەوە بوو لە ٢٥ شوباتی ١٩٨٦ یاخیبوونی ئەمنی ناوەندی تەقییەوە و ئاسایش تێکچوو و ئەوەی "بن بەڕە هاتە سەر بەڕە" و سەرۆک "موبارەک" ناچار بوو بۆ گێڕانەوەی جڵەوی دەسەڵات پەنا بۆ هێزە چەکدارەکان ببا.

راستە لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا دەسەڵات گەڕایەوە، بەڵام ئەو ئەنجام و دەرهاویشتانەی لە رووداوی یاخیبوونی ئاسایشی ناوەندی کەوتنەوە، قڵیشانێکی گەورەتری دروست کرد لەوەی تەنیا یاخیوونی هێزێکی نیزامی بێ لە دەسەڵاتی دەوڵەت، هەروەها ئاسەوارەکانی تەنیا بەوە تەواو نابێ هێزە چەکدارەکان دابەزنە شەقام.

رەنگە من ئەو رووداوە بە نیشانەیەکی دیار لەبارەی رێژیمی "موبارەک" بزانم کە شایانی ئەوەیە زۆر لە ئاستیدا بوەستین، لەبەرئەوەی تێکچوونی پێوەرەکان بەشێوەیەک زیادی کرد کە لەبری دابەزینێکی رێژەیی وەک پێشتر، بەرەو داخزان بڕوا!.

هۆی گۆڕانی دابەزین بۆ داخزانیش ئاشکرایە، لەبەرئەوەی یاخیبوونی ئاسایشی ناوەندی سەختگیرانە موبارەکی لەبەردەم دوو بەرەدا ئاشکرا کرد:

بەرەی دەرەوە، لەبەر ئەوەی رووونی کردەوە چ بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان یاخۆ هێزەکانی تر کە پێگەی "موبارەک" لە دەسەڵاتدا بەو شێوەیە پتەو نییە کە وێنایان دەکرد پاش سەرکەوتنەوەی لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی لە خولی دووەمی سەرۆکایەتیدا.

ئەنجا بەرەی ناوەخۆ، لەبەرئەوەی ئەو تەنگژەیە موبارەکی لەبەردەم هێزە چەکدارەکاندا کە

دواین پەناگەیەتی بۆ مانەوە ئاشکرای کرد، ئەم تەنگژەیە وای لێکرد پەنا بۆ دوا پاڵپشتەکەی ببا و بیکاتە پارێزەری یەکەمی خۆی، ئەوەیش حوکمڕانی لەژێر چەتری دەستوورەوە دەبا بۆ لای کوتەکی ئەمری واقع دەبا، جیاوازییەکی گەورەیش لەنێوان ئەو دووانەدا هەیە!

***

بۆ نیشاندانی هەستیاریی هەڵوێستەکە لەو قۆناغەدا، رەنگە ئاماژەدان بە پێوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ سەرۆک "موبارەک" و دواتریش دیدارێک لەگەڵ موشیر "عەبدولحەلیم ئەبوغەزالە" (وەزیری بەرگری و فەرماندەی هێزە چەکدارەکان) بەس بێ.

پێوەندییە تەلەفۆنییەکەی سەرۆک "موبارەک" لەبارەی ئەوەوە بوو کە من لە وتارێکدا لە "اخبار الیوم"دا باسم لەوە کردبوو کە یاخیبوونی ئاسایشی ناوەندی "رەنگدانەوەی دۆخگەلێکە کە دروست نییە تەنیا وەک پرسی ئاسایش سەیر بکرێ، بگرە پێویستە وەک کێشەی بارودۆخێکی کۆمەڵایەتیی دوورتر و قووڵتر سەیر بکرێ".

بە قسەکانی سەرۆک موبارەکدا دیار بوو کە لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نییە، ئەو گوتی کە من زۆر زیاتر لە قەبارەی خۆی لەسەر ئەو رووداوە قسەم کردووە. هەروەها گوتی "من خۆم نیگەران نەبووم، لە یەکەم ساتەوە دەمزانی دەتوانم بە هێزە چەکدارەکان یاخیبوونی ئاسایشی ناوەندی تەخت بکەم".

کاتێ لێم پرسی ئەی چی دەڵێ لەبارێکدا هاوتەریب بەوە "ئەگەر هێزە چەکدارەکان یاخی بوون، چۆن یاخیبوونەکەیان تەخت دەکا؟!

سەرۆک "موبارەک" ساتێک داما و ئەنجا گوتی "سەردەمی کودەتا سەربازییەکان بەسەر چوو"!

***

دیدارەکە لەگەڵ "ئەبوغەزالە"یش لە ماڵەکەی خۆیدا بوو لە خانوویەک لەسەر رێی باڵەفڕگەی قاهیرە لەبەرامبەر تەلاری کۆلێجی حەربی، لەبەر هەر هۆیەک بێ لەو ساڵۆنەی تێیدا دانیشتبوون قورئان لێ دەدرا بە دەنگی شێخ "عەبدولباست عەبدولەسەمەد"، بە چاوی خۆم سەرچاوەی دەنگەکەم نەدی، بەڵام قورئان خوێندنەکە بەدرێژایی دوو سەعات قسەکردنی ئێمە هەر بەردەوام بوو.

ئەبوغەزالە قسەی زۆری کرد، لەوانە گوتی "کەسانێک هەن لای سەرۆک چاڵی بۆ هەڵدەکەنن، وای بەگوێدا دەچرپێنن کە ئەو "موشیر ئەبو غەزالە" خۆی لە موبارەک بە شیاوتر دەزانێ بۆ سەرۆکایەتی".

ئەبوغەزالە بە متمانەبەخۆبوونێکی ئاشکراوە گوتی "سەرۆکایەتی بە بای خەیاڵمدا نەهاتووە، چونکە من ئەوەندە لە دۆخی وڵات ئاگەدارم کە قەناعەتم پێ بکا هەر لەجێی خۆم بمێنمەوە".

ئەنجا گوتی "ئەمە ئەگەر سەرۆکایەتیی لە خواستەکانم بێ، کە وا نییە، ئاخر خۆ لەکاتی

رووداوەکاندا (یاخیبوونی ئاسایشی ناوەندی) تانکەکانم لە هەموو جێیەکی پایەتەخت ئامادە بوون، ئەگەر لە بەرنامەدا بوایە دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرم، تەنیا ئەوەندەی دەویست ئەفسەرێک (تەنانەت بە پلەی مولازمیش) بچێتە ستۆدیۆکانی ئێزگە و تەلەڤزیۆن و بەیاننامەیەک بەناوی منەوە بخوێنێتەوە و چیرۆکەکە لە ٥ خولەکدا تەواو دەبێ، ئەوکاتە گەل ئامادە بوو پێشوازی لێ بکا و هەروەها هەموو دنیاش ئامادە بوو دۆخەکە قبووڵ بکا"!

لەو بارودۆخەدا و پاش رووداوەکانی ئاسایشی ناوەندی، لەنێوان داواکاریی خەڵکە نیگەران و بەگومانەکان لە میسر لەلایەک و چەندان رەگەزی ئیقلیمی و ناودەوڵەتیدا یەکانگیربوونی زەرورەتەکان هاتبووە کایە، ئەویش لە ململانەیەکی گەورەتردا کە بە فراوانیی رۆهەڵاتی ناوەڕاست و بەبەشداریی زۆربەی هێزەکانی جیهانیش، پەل دەهاوێژێ.

ویلایەتە یەککگرتووەکان یەکەم لایەنی دەرەکیی بایەخدەر بوو بە رۆهەڵاتی ناوەڕاست (پاش ئەو تا رادەیەک بەریتانیا و رەنگە هی تریش)، هەموو ئەو هێزانە شوێنی ناوچەکەیان بەلاوە گرینگە و سەرچاوەکانی بەلایانەوە بایەخدارن، هەمووشیان ناتوانن لەرێی شەڕێکی رووهەڵماڵراوەوە کار بۆ مەرامەکانیان بکەن، بەتایبەت ویلایەتە یەککگرتووەکان کە پاش ئەزموونی "ڤێتنام" هێشتا سڵ دەکاتەوە لەوەی پێ بنێتەوە سەر خاکی وڵاتێکی ئاسیایی، هەرچی بەریتانیایە ناتوانێ شتی وا بکا.

یەکێتیی سۆڤیەتیش (دووەم زلهێزی دنیا) سەرقاڵی دواین جەنگی بوو لە دەرەوەی سنوورەکانی لە ئەفغانستان. دەزگاکانی ئاشکرایان کرد کە هەواڵگریی ئەمەریکایی خەریکی دزەکردنە بۆ ناو ئیپراتۆریەتەکەی و ئامانجی وروژاندن و هەڵنانی گەلانی ئیسلامییە لە کۆمارەکانی باشووری ئیمپراتۆریەتەکە، ئەو شوێنەی بۆ وروژاندن بەکار دێ "ئەفغانستان"ە، ئەو چەکەیش بۆ وروژاندنی هەستی خەڵک بەکار دێ "ئاین"ە، بەو شێوەیە یەکێتیی سۆڤیەت لە داگیرکردنی ئەفغانستانەوە گلا (بەڵگەنامە ئەمەریکاییەکان پێش لە هی تر ئاشکرای دەکەن "کرملین" بە ناچاری ملی بەرەو داگیرکردنی ئەفغانستان ناوە یاخۆ وای دەبینێ و ئەوە پلانێک بووە بۆ راوکردن و داچۆڕاندنی لە شاخە سەختەکان و دۆڵە ترسناکەکاندا، ئەویش لەرێی جەنگێکی پارتیزانییەوە کە چاوەڕوانی دەکا و خوێن و چەک و ناوبانگی! دادەچۆڕێنێ).

بەو تێوەگلانە دەرفەتی دایە گەشەی بانگەشەیەکی بەهێز بەناوی "جیهادی ئیسلامی دژ بە ئیلحاد".

لەوکاتەدا ناوجەرگەی رۆهەڵاتی ناوەڕاست لە کەشوهەوای بلەرزەکەی شۆڕشی ئیسلامیدا دەژیا کە رێژیمی شای ئێرانی سەرنگون کرد و حوکمڕانی و دەسەڵاتی خۆی لە گرینگترین وڵاتی کەنداو دامەزراند، کە گەورەترین زێدی نەوت و دراوسێی نێزیکی ئەفغانستانە بە هەموو رووداوەکانی ناویەوە. هەروەها بانگەشەی شۆڕشی ئیسلامی، بەتایبەت لە سەرەتاکانیدا، دڵەخورپەی زۆری دروست کرد کە ریشەیەکی مێژوویی قووڵیان هەیە، چونکە ئێران نەتەوەیەکی ریشەدارە و مەزهەبە شیعییەکەی لە شانەخشێ(احتکاک)ی هەندێ جار زبر و هەندێ جاری تر

نەرمدایە لەگەڵ مەزهەبە ئیسلامییەکانی تر، بە دیاریکراوی لەگەڵ مەزهەبی ئەهلی سوننە.

فیتنەی مەزهەبی سووتەمەنییەکی ئامادەیە بۆ هەر کەس بیەوێ ئاگر لە تەواوی خانەی ئیسلام بەربدا، هەروەها بڵێسەی ئاگر بەرز بوویەوە!

واتە ئەوە یەکەم جار شەڕی جیهاد دژ بە ئیلحاد و دووەم جاریش شەڕی نێوان مەزهەبە ئیسلامییەکانە!

لەپاڵ ئەمەدا، هۆکارەکانی گرژی و ترس و نیگەرانی لە کەنداو روویان لە زیادی کرد و دەوڵەت و مەشێخە و میرنشینییەکانی کەنداوی تووشی دڵەڕاوکە کرد، کە خۆیانیان لەنێوان دوو ئاگردا بینییەوە، ئاگری دراوسێکەی رۆهەڵاتیان لە پاکستان کە بوو بە بنکەی سەرەکیی شەڕی جیهاد دژ بە ئیلحاد لە ئەفغانستان، هەروەها ئاگرێکی تر کە بەهۆی رووداوەکانی ناو ئێرانەوە لە باکووریەوە بڵێسەی دەدا. بەکورتی کەنداو لە دوو بەرەدا خۆی لە ناوجەرگەی جەنگدا بینییەوە: لە رۆهەڵاتەوە لە ئەفغانستان لەرێی پاکستانەوە (ئەمەیان جەنگی جیهاد دژ بە ئیلحاد بوو)، لە باکوریشەوە لەرێی عێراقەوە (ئەمەیان شەڕی مەزهەبە ئیسلامییەکان بوو)!

لەو ساتە لە ژیانی رۆهەڵاتی ناوەڕاستدا زەروراتی لایەنە جیاوازەکان بوونی هاوپەیمانییەکی لەنێوانیان دەسەپاند کە تێیدا چەند لایەنێکی دوورلەیەک بەیەک گەیشتن و رێڕەوێکی جیاوازی بۆ رووداوەکان دروست دەکرد. شتی وا لە سرووشتدا روو دەدا، بەو واتایەی لەوانەیە بلەرزەیەک لە ناوچەکەدا روو بدا، لە خاکێک دەدا کە رەنگە چ پێش و چ پا بلەرزەکە خاکێکی فش بووبێ، لە تەنیشتیشیدا رووبارێک هەیە لێوانلێوە لە ئاو و خەریکە ئاوەکەی لە کەنارەکانییەوە فوارە بکاتە دەرەوە. لەپڕ ناوچەکە دەلەرێتەوە و قڵیشێک لە خاکەکەدا دروست دەبێ و ئاوەکە شەپۆل دەدا و دەبێ بە چەماوەیەک لەسەر رووبارەکە و بەدەوری رێڕەوە بنەڕەتییەکەیدا دەسووڕێتەوە، یاخۆ لقێکی تر بۆ خۆی بە ئاراستەیەکی نوێ دروست دەکا.

لە سیاسەتیشدا لەو ساتە مێژووییەدا شتێکی هاوشێوە لە ناوچەی رۆهەڵاتی ناوەڕاستدا رووی دا، چەندان زەرورات لەسەر گۆڕەپانی نائارامی ناوچەکە هەرێمەکە بەیەک گەیشتن و هێڵێکی خوار و خێچیان لە رەوتی رووداوەکاندا دروست کرد، کە لەسەر نەخشە وەک چەماوەی سەر رووبار دەردەکەوێ!

لەو ساتە پڕ لە زەروراتەدا، بارودۆخی میسر بەهۆی کارلێکی رووداوە ناوەخۆییەکانی و و یاخیبوونی ئاسایشی ناوەخۆی لە ناوەڕاستیدا بەدوای یەکدا دەهات و کاریگەرییەکانی کەڵەکە دەبوون، لەنێویدا ئاشکرابوونی دەسەڵاتی حوکمڕانی و دەرکەوتنی دوو چەقی هێز لە قاهیرە، لەگەڵ بوونی پێوەندیگەلێکی نائارام لەنێوان "موبارەک" و "ئەبوغەزالە"دا، کە هەریەکەیان دەیەوێ پاڵپشتی و پشتیوان بۆ خۆی پەیدا بکا.

***

زۆر کەس پێیان وا بوو میسر چارەسەرە بەتایبەت لەگەڵ چەند ئیعتیباراتێکی لەناکاودا:

میسر دەوڵەتێکی گەورە و بنەڕەتییە لە ناوچەکەدا، هەروەها بارودۆخی وڵاتەکە پاش پەیماننامەی ئاشتی (لەگەڵ ئیسرائیل) کایەی جووڵەی سنووردار کرد و ئێستە پەرۆشە بۆ بینینی رۆڵێک کە بیگێڕێتەوە ناو ناوچەکە.

ئەم وزەیە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندیشە بە لاوانێک ئامادەن بۆ جیهادکردن لەدژی ئیلحاد.

لەناو ئەم وڵاتەدا هەندێ رووییان کردە توندوتیژی و هەندێکیش لارییان نییە لەوەی ئەو توندوتیژییە بۆ دەرەوەی میسر هەناردە بکەن تا لە کۆڵی خۆیانی بکەنەوە و بە شتێکی ترەوە سەرقاڵی بکەن کە ئاگایان لە ناوەخۆی میسر نەمێنێ.

لەوەیش گرینگتر میسر لە هەمان کاتدا ئەمبارێکی گەورەی چەکی سۆڤیەتی لەلایە کە پێویستی پێی نەماوە، لەبەرئەوەی سیستمی خۆچەکدارکردنی گۆڕیوە بۆ سیستمی رۆئاوایی (بەدیاریکراوی ئەمەریکایی)، سیاسەتی میسر کار لەسەر ئەوە دەکا ئەو چەکانەی ماون و کاری پێیان نییە بفرۆشێ، لەچەند دەستەوارەیەکدا زۆر لەو چەکانەی بە عێراق فرۆشت، لەبەرئەوەی پێویستیی "سەدام حوسێن" لە جەنگەکەی دژ بە ئێران هەموو سنوورەکانی تێ پەڕاندبوو، پێویستییش وا لە بخوازی چەک دەکا هەر مەرجێک قبووڵ بکا.

لەوکاتەدا زۆر کەس لەوانەی دەکۆڵینەوە، بۆیان دەرکەوت رەنگە فۆرمی ئەفسووناوی بۆ جێبەجێکردنی هەموو زەروراتەکان لە قاهیرە بێ، بەتایبەت لە دوو پیاودا: "موبارەک" و ئەبوغەزالە، یەکەمیان سەرۆکایەتیی دەوڵەتی میسری لەدەستدایە بە هەموو قورسایی و تواناکانی لە دیاریکردنی سیاسەتەکاندا، دووەمیشیان زێدەچەکی هەیە و توانای مرۆیی مەشقدراوی بۆ شەڕ هەیە.

لەنێوان ئەو دوانەیشدا، چینێک لە میسر هەیە ئامادەیە هەر شتێک بکا لێی داوا بکرێ، بەتایبەت ئەگەر سامانی نەوت ئەو داوایەیان لێ بکا و هەژموونی ناودەوڵەتیشی لەپشتەوە بێ!

***

ویژدان دەخوازێ ئەوەیش بگوترێ کە هەریەک لەو دوو پیاوە پاڵنەری "رەوا"ی هەبوو بۆ چوونە ناو گۆڕەپانە فراوان و نیگەرانەکەی ئەودیو سنوور.

موبارەک تێڕوانینی وایە ئەڵبەت بە گریمانەکردنی نیازپاکی ئەم ساتە و هێزی سەرنجکێشانی سیاسی و گەورەیی سەرچاوە مرۆییە بەردەستەکان لە میسر، لە گەرمەی روداوەکاندا توانای ئەوەی دەداتێ یارمەتیەکی دارایی گەورە بەدەست بێنێ و بۆ سووککردنی تەنگژەی ئابووری میسر کەڵکی لێوەربگرێ، هەروەها خزمەتی ئەو خواستانەش دەکا کە شەهیەیان بۆ دەڵەمەندبوون لەو وڵاتە کرایەوە، بەڵام رووداوەکانی ئاسایشی ناوەندی زروای بردن.

ئەبو غەزالەیش لای خۆیەوە پێی وایە ئەمیش بەگریمانەکردنی نیازپاکی دەتوانێ لە هەمان

جەنجاڵدا دەسکەوتی بەنرخ بەدەست بێنێ، وەک ئەوەی بازاڕێک بۆ ئەو چەکە سۆڤیەتیانەی میسر بدۆزێتەوە کە پاش گۆڕینی سیستمی چەکدارکردنی میسر بۆ سیستمی ئەمەریکایی، کاری پێیان نەماوە. پێی وایە بەو پارەیەی لەو فرۆشتنە دەستی دەکەوێ، دەتوانێ چەکی زیاتر لە رۆئاوا بکڕێ، هەروەهادەتوانێ ئامرازی فراوانتر دابین بکا بۆ چوونە ناو بواری دروستکردنی موشەک، هەروەها هاوتەریب دەتوانێ لەوانەی خزمەتی سەربازییان تەواو کردووە لە میسر و خەریکە ئازاد دەکرێن و هیچ دەرفەتێکی کار چاوەروانیان ناکا و مەترسی هەیە گرووپە توندڕەوەکان بیانبەن، کەسانی خۆبەخش بۆ جیهاد دەستەبەر بکا. دوور نییە ئەوانە پارەی چەور بخرێتە بەردەمیان ئەگەر بێتو قایل بن بە شاندانە بەر مەترسیەکانی "خۆبەخشین" لە ریزەکانی جیهاد دژی ئیلحاد، لێرەدا پاداشت دووقات دەبێ، پاداشتێکی جیهاد و دەسکەوتی شەڕەکەیش!

رەنگە بەلای هەردوو پیاوەکەوە ئەو کارە بۆ سیاسەتی ناوەخۆی میسر کوشتنی چەند چۆلەکەیەک بێ بە یەک بەرد.

یەکەم چۆلەکە دەسکەوتنی سەرچاوەیەکی دارایی گەورەیە .

دووەم چۆلەکە ئەو گەنجانەن ئامادەن بۆ جیهادکردن، کە ناردنەدەرەوەیان باشترە.

ئەنجا، کە ئەمەیان جوانترین و رەنگاڵەترین چۆلەکەیە، هەردووکیان دەتوانن لەرێی ئەو رۆڵەی دەیبینن، لەدەرەوە شتێک حاسڵ بکەن کە بتوانن بەهۆیەوە رەسیدی خۆیان لە ناوەخۆ بەرز بکەنەوە.

(بۆ ئەمانەتیش دەڵێم دەتوانرێ بگوترێ ئەو ماوە پڕاوپڕ لە رووداوە، پارەیەکی زۆری بۆ میسر دەستەبەر کرد کە باری هەندێ لە تەنگژەکانی سووک کرد)!

***

سیاسەتی میسری لە سالانی سەرەتای نەوەتەکانی سەدەی بیستەم گەلێک رۆڵی هەستیاری بەخۆوە دی کە هەردوو پیاوەکە پێی هەڵدەستان، رۆڵەکان هەندێ جار یەکانگیر دەبوون و هەندێ جاریش کێبەرکێیان دەکرد، لە زۆربەی حاڵەتەکانیدا، لە میانی هەوڵی دابەشکردنی تایبەتمەندیەکان لەنێوان ئەو دوو پیاوەدا کە لە شەراکەتێکی شلۆقدا بوون لە ناوەندی جەنجاڵییەکدا کە دۆ و دۆشاو لەناوچەکەدا تێکەڵ بووبوون، یەکتریان دەبڕی، ئەویش لە ململانەیەکدا لەسەر بالادەستی، هەژموون، پارە و داهاتوو!

پەراوێزەکان:

(١) خالید عەباس، یەکێک لە ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش و جێگری سەرۆک وەزیران بوو

(٢) واتە "سادات" داوای لە موبارەک کردبوو راپۆرتێکی تەسەل لەبارەی دانانی بۆمبەکان لەناو سەبەتەی مانجۆکە ئامادە بکا.

٢٠١٢/٣/٢٥

# ڕۆهەڵاتناسی
# بەتێڕوانینێکی ڕۆهەڵاتییانە

د. موحسین محەمەد حوسێن

بەشی سێیەم

## ڕۆهەڵاتناسی کەی دەستی پێ کردووە؟

ڕاست نییە ئەگەر پێمان وابێ ئەوەی پێش نێزیکەی سێزدە سەدە خەڵکی تر لەبارەمانەوە نووسیویانە، ئەوە سەرەتای ڕۆهەڵاتناسییە. وا چاکە، بەکورتی باس لە ڕووداوەکانی ناوچەکەمان، یان ڕۆهەڵاتی ئیسلامی بکەین[1]. ئەوەبوو مسوڵمانان دەستیان بەفتووحات کرد لە دەرەوەی دوورگەی عەرەبی، فتووحاتەکان، بەعێراق دەستیان پێ کرد و ناوچەیەکی فرەوانی دنیای کۆنی گرتەوە، تا لە دەستێکەوە گەیشتە چین، لە دەستەکەی ترەوە، گەیشتە تخووبی فرەنسا. ئەو هەموو خاکە بەرفرەوانە، تەژی بوو لە شارستانی، ئاین، کولتوور، ئەدەب، زمان، هزر، زانست و ڕێساگەلێکی زۆر، ڕێسای ئیدارە و سووپا و باج و سیستەمی نەختینە و بازرگانی و ڕێگەوبان، کشتوکاڵ، پێگیری، دەستبەسەراگرتنی زەویگەل، واتە؛ فیوداڵی ڕۆهەڵاتی و ڕێسای دابەشکردن و... هتد.

فتووحاتی ئیسلامی، سەرەتا، دەوڵەتی ساسانی لە عێراق ڕووخاند، دواتر لە وڵاتی فارس بۆ تاهەتایە، دەوڵەتی بێزەنتی تەواو لاواز کرد و دەستی بەسەر ڕووبەرێکی زۆر فرەوانی بندەستی بێزەنتییەکاندا گرت، هەر لە شامەوە تا میسر و سەرلەبەری باکوری ئەفریقیا، فتووحات، لە ڕێی ئەو دەربەندەوە کە دواتر بەناوی سەرکردەی ئەمازیغیی مسوڵمان "تاریق بن زیاد"ەوە ناونرا دەربەندی "جەبەل تاریق"، گەیشتە ئەوروپا. سەرەتا مسوڵمانان لە ناوچەی ونداڵی باشووری ئیسپانیا گیرسانەوە، ناوی ئیسپانیایان گۆڕی بۆ "وڵاتی ئەندەلووس"، پاشان دەستیان بەسەر

.......................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عەبدوڕەزاق عەلی

هەموو وڵاتدا گرت[٢].

عەرەب و موسوڵمانان ئەو وڵاتە پانوبەرینەیان کەوتە بەردەست و لەوێ مانەوە، خەڵکە ڕەسەنەکەی، فرەئاین و بیرباوەڕ بوون، جوو، مەسیحی، زەردەشتی، مەزدەکی، مانەوی و بودایی. نەدەبوو، لۆجیکیش نەبوو ئەو خەڵکە هەروا بەئاسانی و بێ کوشتار و خۆڕاپسکاندن، واز لە عیبادەت و سرووتەکانی خۆیان بێنن. ئەوەبوو لەنێو خەڵکەکەدا، نەخاسمە لەنێو فارساندا، بزاڤگەلێکی بەرهەڵستکاری بیروباوەڕی دەوڵەتی نوێ پەیدا بوون، تا دەوڵەت لەگەڵ ڕۆژگاردا توانی بەڕێگەی جیاجیا لە بەینیان بەرێ، دوای ئەوەی بوونە مەترسی لەسەر پایەکانی دەوڵەت و بیروباوەڕی فەرمی دەوڵەت، بەتایبەتی لە سەردەمی دەوڵەتی عەباسیدا، ئەوەش سەرنجی خەلیفە مەهدی کوڕی ئەبوجەعفەری مەنسووری ڕاکێشا، بۆیە فەرمانی دامەزراندنی دیوانێکی تایبەت بەسزادانی بەرهەڵستکارانی بیروباوەڕی دەوڵەت دا، پێیان دەگوت دیوانی زەندەقە، هاوکات مەترسی بزاڤگەلە بەرهەڵستکارەکانیش گەیشتە چڵەپۆپە.

ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە، ئیسلام، ڕووبەڕووی مەسیحییەت بووەوە. محەمەد(د.خ)، سەرکەوت بەسەر وەسەنییەت و جوولەکەدا، لە دوورگەی عەرەبی بنبڕی کردن، خەلیفەی یەکەم، ئەبوبەکری سدیق (خ.ڕ)، هەڵگەڕاوانی ڕیشەکێش کرد، عومەری کوڕی خەتاب(خ.ڕ)، بەپشت بەستن بەو حەدیسەی پێغەمبەر: لە دوورگەی عەرەبدا، دوو دین کۆ نابنەوە، ئەو مەسیحییەی مابوو نەی هێشتن. لە سەردەمی عومەردا، ئاینێکی تر نەهێڵدرا. وەلێ ئیسلام، بیروباوەڕی مەسیحییەتی لە ڕەگەوە هەڵنەکەن، نەخاسمە لە کەنارەکانی شام و شوێنەیلی پیرۆز لە فەلەستین، هەروەها لە میسر و باکوری ئەفریقیا، ئیسپانیا، چەند ناوچەیەک لە وڵاتی ڕۆم (ئاسیای چکۆلە)، بەڵام تا بڵێی باری مەسیحییەتی شڕ کرد، مسوڵمانان، دەستیان بەسەر شوێنەیلە پیرۆزەکانی مەسیحیگەلدا گرت، نەخاسمە لە بەیتەلەحم و ناسیرە و بەیتئەلمەقدیس.

هەڵوێستی ئیسلام بەرانبەر مەسیحییەت لە هەڵوێستی بەرانبەر ئاینەکانی تر ناچێ، ئاخر مەسیحییەت، بیروباوەڕێکی ئاسمانی و ئەهلی کتێبێکی خواین. قورئان و پێغەمبەری ئیسلام ڕێزیان لێ گرتووە. ئەو فتووحاتەی عەرەبی جەزیرە و یەمەن لە ماوەیەکی زۆر کەمدا کردیان، بەلای شارەزایانی مێژووی ئاینگەلەوە جێی سەرسوڕمان بوو. ئامبازبوونی مسوڵمانان و مەسیحیگەل بەردەوام بوو، بەشیر و تیریشەوە نەوەستا، مشتومڕ و شەڕەقسەشی گرتەوە، هەر لایەک ڕێگەی گونجاوی دەدییەوە بۆ داکۆکی لە خۆکردن، یان بۆ لاوازکردنی ئەوی تر.

هەرگیز ئیسلام خوانەخواستە بەخراپە باسی سەید ئەلمەسیحی نەکردووە، ئایەتگەل زۆرن کە بەجوانی باسی دەکەن "وبرا بوالدتي، ولم يجعلني جباراً شقيا، والسلام علي يوم ولدت ويوم أموت ويوم أبعث حيا"[٣]. وەلێ مەسیحییەکان کە لە مەیدانەکانی شەڕدا شکستیان خواردبوو، هەستیان بەئازار و سوکایەتی دەکرد، دەستیان کرد بەنووسینی ناشیرین لەبارەی ئیسلامەوە، پەلاماری ژیانی پێغەمبەریان دا، وشەی وایان بەکار هێنا، مسوڵمانانی بێزار و تووڕە کرد.

پیاوێکی مەسیحی پەیدا بوو، خەڵکی لە بڵاوبوونەوەی ئیسلام دەتۆقاند، ئەویش قدیس یۆحنا دیمەشقی (٦٧٦ –٧٤٩)(٤)، نەوەی مەنسووری کوڕی سەرجوون، یەک لە میرزاکانی دیوانی معاویەی کوڕی ئەبوسوفیان (٤١ – ٦٠ک/٦٦١ –٦٣٠ز)، یۆحنا، کە لە سەردەمی خەلیفە هیشامی کوڕی عەبدولەلیکدا، شوێنی باوکی گرتەوە وەک خەزنەداری بەیتولمال، یەکەمین کەس دەستی بەنووسینی کتێبگەلێک کرد بۆ داکۆکیکردن لە بیروباوەڕە ئاینییەکەی، لەوانە، "دواندنی مسوڵمانێک"، "ڕێنوێنی نەسرانییەکان بۆ مشتومڕ لە تەک مسوڵماناندا"، کتێبی "سەرچاوەی زانست"[5]، توێژینەوەیەکە لەبارەی فیرقە و مەزەبە ئاینییەکانەوە، کتێبی "ژیانی محەمەد"، ڕەنگە یۆحنا یەکەمین کەس بێ بە تێڕوانینێکی نەسرانییانە لەم بارەیەوە بنووسێ. دیسان بەیەکەمین کەس دادەنرێ کە "زانستی کەلام _ Theology"ی بەکار هێناوە لە وەڵامی ئەو پرسیارانەی دەی ورووژاندن، ئەوەبوو هونەری گفتوگۆی هێنایە ئارا، ئەم پیاوە، کەوتە مشومڕێکی زۆر لە تەک مسوڵماناندا لەبارەی یەکتایی خوا و سرووشتی وشەوە[7]. ئەم دیمەشقییە، مەبەستی ئەوەبوو پێشانی هاودینانی خۆی بدا چۆن چۆنی مسوڵمانان دەدوێن و داکۆکی لە بیروباوەڕیان دەکەن و خراپەکانی وان دەردەخەن و لێیان دەبەنەوە.

بەو پێیەی بنەماڵەکەی یۆحنا لە خزمەتی بەنی ئوممەیە و دیوانی دەوڵەتدا بوون، بۆیە بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکانی لەبارەی ئیسلام و مێژوو و هزری ئیسلامییەوە، دەستی دەگەیشتە زۆربەی هزروانانی ئیسلام و پیاوە ناسراوەکانیان. هەر لەوێوە، خاڵەکانی ناکۆکی و جیاوازییەکانی دەزانی و بەو پێیە ڕێنوێنیی لایەنگرانی دەکرد، نووسینەکانی یۆحنا لەبارەی قورئان و ئیسلامەوە، بوونە سەرچاوەی هێندێک لە نووسەران و توێژەرانی ڕۆئاوا.

ئەبوڕیدە دەڵێ: تێکەڵبوونی عەرەب لەگەڵ خەڵکانی غەوارەدا لە شام، کاریگەریی هەبووە لە بزواندنی عەقڵەکاندا، وەلێ کاریگەریی گەورە:

یەکەم: هاتنی ئەهلی دین و مەزەبەکانی تر بۆ ناو ئیسلام.

دووەم: ڕووبەڕووبوونەوەی قورئانی پیرۆز لەگەڵ زۆر کێشەی هزریدا، بەشێوازێک کە پێویستی بەتێفکرین و توێژینەوە دەکرد. یۆحنا دیمەشقی، فەرمانبەرێکی باڵای دەوڵەتی ئەمەویی ئیسلامی بوو، بۆیە نەی دەتوانی بەئاشکرا هێرش بکاتە سەر دینی دەوڵەت، سەرباری ئەوەی لە نووسینەکانیدا، میتۆدی دیالۆگی پێڕەو دەکرد وەک: ئەگەر مسوڵمانێک وای پێ گوتی، تۆش وا بڵێ. یان فیسارە پرسیاری لێ بکە.

وەلێ ئەو کتێبانەی بە یۆنانی دایناوبوون، تانەیان لە ئیسلام تێدا بوون، ئیسلامی بۆ هەرتووقییەت دەگێڕایەوە، دەیگوت گوایە پێغەمبەر(د.خ)، (ڕێنوێنی لە کەسێکی ئەهلی کیتاب وەرگرتووە،) یان لە (یەکێک لە هەرتووقییە ئێرۆسییەکان کە باوەڕیان وایە مەسیح لە جەوهەربی باب نییە)، واتە؛ خوا. ئەم قسەیە، قسەی قوڕەیشییەکان بوو بەر لە یۆحنا، گوایە پێغەمبەر (بڕێک

شتی قورئانی له تەورات و ئینجیل وەرگرتووە و لێیانەوە فێر بووە، ئیسلامیش بەنووکە شمشێر بڵاو بووەتەوە، نەک بەحیجە و قەناعەت پێ هێنان)[٨].

لەو شتانەی یۆحنا دەیگوت: مسوڵمان، نەسرانییەکان بەپەرستنی ئەیکۆنگەلێکی بەردین یان دارین تۆمەتبار دەکەن، کەچی ئەوە خۆیانن بەردە ڕەشەکە ماچ دەکەن و لێی دەپاڕێنەوە، لەمەدا، مسوڵمانان چییان لەو نەسرانییانە جیاوازە کە پەیکەر و خاچ ماچ دەکەن[٩].

ڕاستییەکەی وەک جەواد عەلی دەڵێ ئەم لەخۆ ڕابینینە"یان تەجاوزە" بەپەلەیەی یۆحنا دیمەشقی بەرانبەر ئیسلام، لە کاتێکدا کەسێکی نێزیک بوو لە خەلیفەکانی ئەمەوی و لە دەوڵەتەکەیاندا کاری دەکرد، با بێتامیشی کردبێ، جەرائەتەکەی بۆ ئەوێ ڕۆژێ[١٠]، بەڵگەی لێبووردەیی مسوڵمانان بوو بەدەوڵەت و خەڵکەکەوە. وا دیارە، ئەمەوییەکان، لەم جۆرە پرسانەدا لێبووردە بوون، هەرچەندە دەرهەق مسوڵمانانی موخالیفیان لە خەواریج و شیعە، لێبووردە نەبوون.

لەسەر ڕێچکەی دیمەشقی، نەسرانییەکی تر، یۆحنای کوڕی پنکایە، پەلاماری بیروباوەڕی مسوڵمانانی دا لە پاژی ١٤ _ ١٥ی کتێبەکەیدا لەبارەی مێژووی گشتییەوە، باسی ئەو گۆڕانکارییانە دەکات کە لەگەڵ دەرکەوتنی نەوەکانی هاجەر(*)دا، بەسەر دنیادا هاتووە، واتە؛ عەرەب، هەروەها تێکشکانی ساسانییەکان و نەمانی دەسەڵاتیان، پاش ئەوەی بەوپەڕی لوتبەرزی و لە خۆڕازیبوونەوە حوکمی ئەم ناوچەیان دەکرد. پنکایە، سەرکەوتنی مسوڵمانانی بۆ ئیرادە و قەزا و قەدەری خوا دەگێڕایەوە. دەیگوت، خوا ویستی لوتی ئەو دەسەڵاتە خوانەناسە زاڵمە بشکێنێ، بۆیە قەومێکی پێپەتی نیوچە ڕووتی بەسەردا زاڵ کرد کە نە چەکێکی ئەوتۆیان هەیە نە هێندە بەهێزن، کەچی ئیمپراتۆرییەتیان گرت و لە بەهێزترین شەڕوانانی دنیایان بردەوە، ئەگەر ئیرادە و قەدەری خوا نەبووایە، نەوەکانی هاجەر سەرنەدەکەوتن[١١].

لەو ڕۆژگار و زەمانەیەدا، لە ژینگەیەکی وەک ئەوێ ڕۆژێدا، نەدەکرا کەسێک کتێبێکی زانستییانە لەبارەی ئیسلامەوە بنووسێ و وەڵامی نووسەرە نەسرانییەکان و بوختان و هەڵبەستنەکانیان بداتەوە، ئاخر ئەوە داکۆکیکردن لە ئیسلام و ڕووبەڕووبوونەوەی کڵێسا بوو .. بەلای نووسەرگەلێکی نەسرانییەوە، نابووتکردنی بیروباوەڕی ئیسلام و بوختانپێکردنی... خێر بوو و جەزای خاوەنەکەی دەدرایەوە، لە خوای نێزیک دەرکردەوە، بەرز دەکرایەوە بۆ ئاسمان، کڵێسا و مەسیحیگەلیش ڕێزێکی زۆریان لێ دەنا[١٢].

ئەو پیاوانەی کڵێسا، نەخاسمە دیمەشقی، زانیاریگەلێکی زۆر چەواشەیان لەبارەی محەمەد پێغەمبەر(د.خ)ەوە بڵاو کردەوە، ئاخر دەیگوت، (محەمەد، لەلایەن کۆمەڵە لادەرێکی هەرتووقی بەگومانەوە، لە خشتە براوە، دواتر ئەویش عەرەبانی لە خشتە بردوون). ئەم بیرۆکەیە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، پەڕییەوە بۆ ئەوروپا، لەو سەردەمەدا، کە بەدەمارگیری و بێ عەقڵی و نالۆجیکی دەناسرێ، ئەوەبوو هزروان و مێژوونووس و پسپۆرگەلێکی کتێبی پیرۆز "ئینجیل"،

کەوتنە گوتنەوەی، لەوانە "بیدی پیرۆز" کە مێژوونووس و زانایەکی بەریتانیایی هاوسەردەمی یۆحنا دیمەشقی بوو، بەدەمارگیرییەکی زۆرەوە لەبارەی پێغەمبەرەوە دەینووسی، باسی لە ڕەچەڵەک و شوێنکەوتووانی دەکرد و ناوی لێ نابوون (سەراسین)[١٣].

بید" لە باسی پێغەمبەردا(د.خ)، دەڵێ (پیاوێکی سارانشین بوو، وەک چۆن ئیبراهیم و دواتر ئیسحاق و یەعقووب، باسیان دەکرد. کە باسی سەراسینەکان دەکات، بەنەزان و کێوی و شەڕفرۆش ناویان دێنێ. دەڵێ نەخوێندەوار بووە و باری کۆمەڵایەتی زۆر بێدەرەتان بوو و هیچی لەبارەی بیروباوەڕی مەسیحییەتەوە نەزانیووە، حەزی لە دەسەڵاتی ڕەها بوو، ئەمەش وای کرد ببێتە فەرمانڕەوا و بانگەشەی پێغەمبەرایەتی بکات)[١٤].

بید، پێش مردنی ساڵی ٧٣٥ز، بەهەموو مێژووی کڵێسای ئینگلیزیدا چووەوە، ڕووداوە دواییەکانی ئەودەم بەم وشانە دەگێڕێتەوە: لەو کاتەدا، پەتای بەئێشی سەراسینە (مسوڵمانان)، هەموو وڵاتی غال (فرەنسا)یان وێران کرد پاش کۆمەڵکوژیگەلێکی زۆر و بێهوودە، تا هێندەی پێ نەچوو سەبارەت بەو غەدرەیان بەسزای خۆیان گەیشتن[١٥].

لەوانەی هەر زوو لەبارەی ئاینی ئیسلامەوە نووسیان، قەشەیەکی میسری بوو بەناوی یۆحنا نیقی، کە سەروەختی فەتحکردنی میسر لەدایک بووە، ساڵی ٦٩٦ فەرمانبەرێکی باڵای دەوڵەت بوو. تا بڵێی پەست بوو لە ئیسلامبوونی خەڵکەکە و بگرە هاوکارییکردنی مسوڵمانان بەدژی هاودینەکانی خۆیان، واتە دژی ڕۆم، ئەوەبوو کتێبێکی بەیۆنانی لەبارەی ئیسلامەوە دانا، بەسۆزێکی زۆر و بێزاری و تووڕەیییەکی زۆرترەوە[١٦]، ناو و ناتۆرەی زۆری بەباڵای ئیسلامدا بڕی، باسی چۆنیەتی بڵاو بوونەوەی ئەم ئاینە و فەتحی میسر دەکات: لەم ڕۆژگارەی ئێمەدا، میسرییەکی زۆر هەر بۆ ڕیایی و مەرایی لە مەسیحییەت هەڵگەڕاونەتەوە، وازیان لە ئاینەکەیان هێناوە، تەعمید ناکەن، چوونەتە ناو ئاینی دوژمنانی خواوە، دین هوڤیانیان قەبووڵ کردووە، دینی محەمەد، هاوکاریی بتپەرستان دەکەن، چەکیان لە پاڵدا هەڵگرتووە، لەوانە یۆحنا خەلقەدۆنیی ڕاهیبی سینا کە بووەتە ئیسلام و لە ڕەهبانییەت لای داوە، چەکی هەڵگرتووە و کەوتووەتە شوێن مەسیحییە دڵسۆزەکانی یەسووعی مەسیح[١٧].

ئەم ڕاهیبە، سەرکەوتنی مسوڵمانان و شکستی نەسرانی و بێزەنتییەکان بەسزای خوایی لێک داوەتەوە، چونکە لە ئاینە ڕاستوڕەوانەکەیان لایان داوە و گوێ بەفەرمانەکانی خوا نادەن. ئەوەی ئەو پیاوە ئاینییە دیمەشقییە کردوویەتی، یان هەر هەوڵێکی هاوشێوەی پێش یا پاش ئەو لەو ڕۆژگارەدا، ڕۆژگاری دەمارگیریی و سووکسەرنجدانی ئەوی تر بوو، بەبۆچوونی ئێمە، بەسەرەتای ڕۆهەڵاتناسیی ناژمێردرێ، ئایە هەر کەسێک بۆی نییە، ئایندار بێ یان نا، - یۆحنا پێی دەگووترا قدیس- کتێب لەبارەی ئاینێکی ترەوە دابنێ؟ ئاینێک، کە زۆر زوو لەسەر شانی ئاینەکەی ئەو بڵاو بووەوە و دەیەوێ کارێک بکات لایەنگرانی ئاینەکەی لە ئاینە تازەکە بپارێزێ؟ دەچێتە عەقڵەوە بەڕۆهەڵاتناس ناو ببرێ کاتێک خۆی ڕۆهەڵاتییەکی دیمەشقییە و لە ئامێزی دەوڵەتێکی ڕۆهەڵاتی

– ئیسلامیدا ژیاوە، خزمەتی حاكمەكانی كردووە، سەرباریش، ئاخر خۆ نەسرانییەت، ئاینێكی ڕۆهەڵاتییە؟

كە یۆحنا ڕێنوێنی لایەنگرانی دەكرد، فەرمانڕەوایانی دیمەشق هەرگیز دەستیان نەخستە ڕێگەی، شوێنەوارەكانیشیان لەناو نەبرد، ڕەنگە دواتر نووسینەكانی بزر بووبن، وەلێ بۆچوونەكانی لێرە و لەوێ لەناو كتێباندا هەر مانەوە، بۆیە ناتوانین وەك ڕۆهەڵاتناس چاوی لێ بكەین، یان نووسینەكانی بەسەرەتای ڕۆهەڵاتناسیی بناسین.

لەگەڵ ئەوەشدا، خەڵكێك هەیە پێی وایە نووسینەكانی یۆحنا دیمەشقی بەشدار بوو لە بڵاوكردنەوەی بیرۆكەی بەدگومانی بەرانبەر ئیسلام، چونكە یۆحنا دیمەشقی، یەكەمین مەسیحی بوو ئیسلام بخاتە خانەی هەرتەقەوە، یان وەك (بیدعەیەكی نەسرانی)[18]، ناوی ئیسلام بێنێ، گوایە (دینێكی دروستكراوە)، خوا – بەگوێرەی بیروباوەڕیی مسوڵمان – ڕەب نییە، وەك مەسیحییان پێیان وایە، بەقسەی یۆحنا، گوایە ئیسلام، ئاینێكە محەمەد(د.خ) بۆ بەرژەوەندیی خۆی دایهێناوە و دەڵێ: (ئیسلام باوەڕی بەخوا هەیە، بەڵام نكوڵی لە هەندێك ڕاستینەی مەسیحییەت دەكات[19]. دیسان دەڵێ: (ئیسلام بەبانگەواز و قەناعەتپێهێنان بڵاو نەبووەتەوە، بگرە بەزەبری شمشێر. هەرچۆنێك بێ، كارێكی قورسە بتوانرێ پێكەوە باس لەوە بكرێ گوایە یۆحنا داكۆكی لە بیروباوەڕی خۆی كردووە و هاوكات پێوەندیی بەبرێك هزروانانی ئیسلامیشەوە هەبووە، ئاخر ئەو عەرەبیشی دەزانی[20].

سەرچاوە و ژێدەر و پەراوێزەكان:

(١) اذا كان الاستشراق يشمل دراسة كل ما يخص مجمل ثقافات بلدان الشرق، من بلاد المغرب الي اليابان، و ثم من يوسع نطاقه ليشمل العالم القديم كله خارج أوروبا بحدودها الجغرافية المتعارف عليها.

(٢) بدأ الوجود الاسلامي في اسبانيا من سنة ٩٢ه، الي ٨٩٧ه/٧١١ – ١٤٩٢م، حين استعاد أهل السبان غرناطة(غرانادا) آخر معاقل المسلمين في بلاد الأندلس، بقيادة فرديناند ملك أراغون، بعد أن ضعف حكم المسلمين، وصارت البلاد يحكمها ملوك وأمراء الطوائف.

(٣) سورة مريم، الآيتان ٣٢ – ٣٣.

(٤) لمزيد من التفاصيل عن يوحنا الدمشقي أنظر: ١– د. محمود حمدي زقزوق، مذكور، ص١٩. ٢– د. علي سامي النشار، نشأة الفكر الفلسفي في الاسلام، دار المعارف، القاهرة، ط٨/١٩٨١، ج١، ص٩٣. ٣– د. محمد عبدالله الشرقاوي، الاستشراق، دراسة تحليلية تقويمية، دار الفكر العربي – القاهرة – ١٩٩٣، ص٢٥. ٤– نجيب العقيقي، المستشرقون، دار المعارف بمصر – القاهرة – ١٩٦٤.

(٥) نجيب العقيقى، ص . ن.

(٦) البرغوثي، موقعه علي الأنترنيت.

(٧) د. علي النشار، مذكور، ج١، ص٩٣.

(٨) د. جواد علي: تأريخ العرب في الاسلام، دار الحداثة، بيروت، ١٩٨٣، ص٢٥.

(٩) غرونباوم، غوستاف، حضارة الاسلام، ترجمة: عبدالعزيز توفيق جاويد، القاهرة، ص٦٥.

(١٠) د. جواد علي، مذكور، ص٢٠٢.

(*) هاجر: أمة ابراهيم المصرية، وأم اسماعيل اختلفت مع سارة بعد مولد اسحاق.

(١١) د. جواد علي، مذكور، ص٢٧.

(١٢) المصدر نفسه، ص٣٥.

(١٣) سراسين Saracenus، نقلاً عن اليونانية Sarakenos وتعني ساكن الخيام، وقد ظهر اللفظ في كتابات القرن الأول الميلادي، وقصدوا به البدو الذين يعيشون علي أطراف المناطق الزراعية في بلاد بين النهرين، وكانوا يهددون طرق التجارة، أو يحمونها بتكليف من القوتين الكبيرتين المتنافستين يومئذ"الفرس والرومان"، بعد زيارة قام بها الي جزيرة العرب، يقول: (أن ثم فرقا من سكان اليمن والسراسنة"سكنة الخيام"، وهناك رأي قوي يرفض العلاقة بين اللفظة وبين أسم "سارا" زوجة ابراهيم، لأن العرب لا علاقة لهم بها، وهي أم اسحاق وليس اسماعيل الذي كانت "هاجر" أمه (وهي الخادمة المطرودة)، وقد أطلق الأوروبيون في العصور الوسطي علي من كان يعيش وراء البحر المتوسط تسمية "الاسماعليين" بينما أطلقوا تسمية (السراسين) علي فاتحي اسبانيا وجنوبي فرنسا وصقلية، فكأن هذلاء الأوروبيين هم ورثة الحضارة الرومانية، وأرادوا أن يضفوا معني السلب والتدمير علي هؤلاء الغزاة، وكانوا خليطا من البربر والعرب. أنظر: د. محمد علي الفرا، السلام والغرب، (أنظر الهامش التالي – ٢)، وكان هؤلاء السراسين يحصلون بالقوس والسلب علي كل ما يحتاجونه للحياة، مكسيم رودنسون، جاذبية الاسلام، ترجمة: الياس مرقص، دار التنوير، بيروت، ١٩٨٢، ص١٦.

(١٤) د. محمد علي الفرا، الاسلام والغرب _ مواجهة أم حوار، دار مجدلاوي، عمان، الأردن، ٢٠٠٢، ص٥٥.

(١٥) المصدر نفسه، ص٥٩.

(١٦) ترجمت كتاباته من اليونانية الي الحبشية(الأثيوبية – الأمهرية) ومنها الي الانكليزية، وطبع عام ١٩١٦ بعنوان: تأريخ يوحنا أسقف نيقيا – The Chrinicle Bishop of Nikiu.Translated from Zotenberg Ethiopic tex by: R.H.Charles, 1916.

(٧١) د. جواد علي، مذكور، ص٢٣ _ ٢٤.

(١٨) د. ألبرت حوراني، الاسلام في الفكر، مذكور، ص٢٠ وتستمر هذه النظرة لدي بعض كتاب الغرب، أو تأثر بهم، ولعل كتاب (الياس المر) الذي ألفه تحت عنوان (الاسلام بدعة نصرانية) ليس الكتاب الأخير في هذا الصدد .

(١٩) د. أكرم حوراني، ص . ن.

(٢٠) J.Sahas: John of Damascus and Islam, Leiden, 1972, pp: 132 _141. نقلاً عن د. محمد عبدالله الشرقاوي، مذكور، ص٣٧، وأنظر: د. ألبرت حوراني، مذكور، ص٢٠.

# له عه‌ممانه‌وه بۆ ئامێدی
# یان
# گه‌شتێک له کوردستانی باشووردا

عه‌لی سیدۆ گه‌ورانی*

به‌شی دووه‌م

---

به‌شی سێیه‌م

به‌غدا ١٩ی ته‌مووز:

دوای ئه‌وه‌ی هه‌ندێک له کاره پێویسته‌کان و ڕاسپارده‌یه‌کم له ساڵح زه‌کی به‌گ بۆ سه‌رکرده‌کانی کوردستانی باشوورم وه‌رگرت، ئه‌مڕۆ سه‌فه‌رم کرد بۆ که‌رکووک و بۆ به‌دبه‌ختی ڕاگوزارییه‌که‌م که‌وته ئێواره‌ ناچار تا توانیم به ئاگا بووم، دا دیمه‌نانی ئه‌و شوێنانه‌م له ده‌ست نه‌چێ که پێیاندا ده‌ڕۆیشتم.

ده‌مه‌و خۆراوا قه‌تار که‌وته جووڵه و کۆمه‌ڵێکم له تورکمانی که‌رکووک و کفری و بڕێک ئاشووریم له‌گه‌ڵدا بوون، سه‌ره‌تا ڕێکردنه‌که‌ی له نێوان ڕووباری دیاله، یان سیروان وه‌ک کورده‌کان پێی ده‌ڵێن و دیجله‌دا بوو، که له سێزده‌مین میلدا هاتینه وێستگه‌ی کاسلی پۆست ئینجا له وێستگه‌ی به‌عقووبه‌دا به‌سه‌ر پردی هێڵی ئاسنینه‌وه دیاله‌مان له میلی بیست و شه‌شه‌میندا بڕی، دوای ئه‌وه قه‌تار چووه‌وه به‌ری ده‌سته‌چه‌پی دیاله و به شاره‌باندا ڕه‌ت بوو که یه‌کێکه له ناحیه‌کانی لیوای دیاله و له‌وێشه‌وه ئێمه‌ی برده چیای حه‌مرین که له کۆمه‌ڵه گردێکی لم پێکهاتووه عێراقی عه‌ره‌ب و کوردستانی باشوور لێک جودا ده‌کاته‌وه، که له خۆرهه‌ڵاتی مه‌نده‌لییه‌وه ده‌ست پێ ده‌کا و به باشووری قزڵ ڕیبات " قزله‌ربات " و باکوری ده‌لی عه‌باس و به‌ره‌و باکوری خۆراوا ده‌کشێ و ڕووباری دیجله ده‌بڕێ و ئینجا ده‌گاته چیای مه‌کحوول که دۆڵی دیجله له دۆڵی سه‌رسار له‌یه‌ک

.............................................................

وه‌رگێڕانی له عه‌ره‌بییه‌وه: ئه‌حمه‌د تاقانه

جودا دەکاتەوە.

لە هەشتا و شەشەمین میلیشدا گەیشتینە قزلەربات کە وێستگەی نۆیەمە و یەکێکە لە ناحیەکانی قەزای خانەقین-ی سەر بە لیوای دیالە. لێرەشەوە ڕێی خانەقین کرماشان لێک دەبنەوە، لە کاتێکدا ڕێیەکەمان دەگەڕێتەوە و ڕوو لە دیالە دەکات و لە ئێستگەی قەرەغاندا پێیدا ڕەت دەبێ و دوای ئەوە دەڕوا و بە وێستگەی کنگربان و چەند ناوەندێکی تردا ڕەت دەبێ کە بە خوێ و نەوتیانەوە بەناوبانگن بەبایەخترینیان کفری و دووزخورماتوو و داقووق و تازەیە، بۆیە پێویست بووە پرد و پردۆکەیان لەسەردا دروست بکرێ، بۆ ئاسانکردنی ڕێکردنی قەتارە ئاسنینەکان و درێژیی ڕێی لە بەغداوە تا کەرکووک ٢٢٠ میلە، قەتاری ١١٠ میلی لێ دەبڕێ لە ڕێی بەرەو باکوری خۆرهەڵاتدا بۆ پردی قەرەغان، ئینجا ڕووکاری بەرەو باکوری خۆراوا دەگۆڕێ تا دەگاتە کەرکووک.

بەشی باشووری ئەم ڕێیە لە هەندێک لە قەزاکانی لیوای دیالە پێک دێ و ئەم لیوایەش لە بەناوبانگترینی لیواکانی عێراقە، چوار قەزا و چەند ناحیەیەکی بەسەرەوەیە بەم سەرەیە باسیان لێوە دەکەین:

| | قەزا | ناحیە |
|---|---|---|
| لیوای دیالە | شارەبان | شارەبان - مەهرووت -بەلدرووز |
| | دەلتاوە | دەلی عەباس - خان بەنی سەعد |
| | خانەقین | قزلەربات - هۆرین - شێخان - قەرەتوو |
| | مەندەلی | قەزانییە |

## ئاودێری و کشتوکاڵ لە دیالە

عێراق چەندین پرۆژەی ئاوەدانیی لێیە، ئاودێری یەکێکە لەمانە و ئەمەش ئەگەر لە ناوچەی دیالە جێبەجێ بکرێ زەوییەکی ئەوتۆ دەخاتە بواری بەرهەمهێنانەوە، کە ڕووپێویان دەگاتە دوو ملیۆن فەددانی ئینگلیزی لەو زەوییانەی لە نێوانی چیای حەمرین و لیوای کوتدا ڕاکشاوە، پێنجسەد هەزار فەددانی ئەمانە بۆ لۆکە و ئەوەندەش بۆ گەنم و ئەوەندەی تریش بۆ جۆ و ئەوی تر بۆ سەوزە و شینایی. ئەم پرۆژەیەش پێویستی بە هیچ نییە بەنداوی ڕووباری دیالە نەبێ لە بەیەکگەیشتنیدا بە ڕووباری نارین کە بە شارۆکەی کفریدا ڕەت دەبێ. لە قەزاکانی خانەقین و شارەباندا برنجی نایاب بەرهەم دەهێنرێ بە تایبەتی لەلای خانەقین و مەندەلیدا.

ناوچەی دیالە بە بیستان و میوە، بە یەکێک لە بەناوبانگترینی ناوچەکانی عێراق دادەنرێ، کە پرتەقاڵ و ترێ و هەنار و لیمۆی ترش و شیرین و زستانان گەنم و جۆ و هاوینان لۆکە و برنج و

تووتنی لێ دەچێنرێ. دانیشتوانی دیاله له چاندنی لۆکەدا له خەڵکی تر شارەزاترن. سەرباری سامانی کشتوکاڵیی ئەم ناوچەیە، هەروەها نەوتیشی تێدایە کە لە شوێنێکی سەرسنووری نزیکی "نەفت دەرە"دایە، نەفتخانەی پێ دەڵێن له نێوانی خانەقین و مەندەلیدا.

ساڵی ۱۹۱۳ی زایین، کە سنووری نێو هەردوو دەوڵەتەکەیان دەستنیشان کردووە، ئەم ناوچەیە لە ئێرانەوە چووەتە سەر سامانە عوسمانییەکان، ڕێپێدانی سوود لە نەوت وەرگرتنیشی تێدا داوەتە کۆمپانیای نەوتی خانەقین-ی سەر بە کۆمپانیای نەوتی ئینگلیزی _ فارسی. کۆمپانیای ناوبراو پاڵاوگەیەکی نەوتی لەسەر ڕۆخی باشووری ڕووباری ئەڵوەندا لە دووریی چوار میلی لە خانەقینەوە دامەزراندووە. سێ بۆڕی له پاڵاوگەکەوه تا سەرەتای هێڵی ئاسنین گەیەنراوە بۆ هەناردەکردنی نەوتی دەرکراو و فرۆشتنەوەی لە بازاڕەکانی عێراقدا. ئینجا بۆڕییە نەوتەکان بە بیاواندا درێژ دەبنەوە تا بەندەری حەیفای سەر ڕۆخی دەریای سپی.

## کورد له لیوای دیاله

لیوای دیاله بە یەکێک لەو لیوا کوردییانە دادەنرێ کە سەر بە ویلایەتی بەغدایە و کوردەکانی تێدا لە سێ قەزادا زۆرینەیەکی زۆرن کە ئەمانەن: خانەقین و شارەبان و مەندەلی. بیست و یەک عەشیرەت بە گەورە و گچکەیانەوە لە خانەقین دادەنیشن، ژمارەیان بە مەزەندە دەگاتە نزیکەی ١٦ هەزار کەس، هەروەک لە کتێبی "کورد و کوردستان"ی ناوبراودا باس کراوە، لەمانە دوو عەشیرەتی (زەرگووش Zergush و دەلۆ Deloo) لە ناحیەی قزلەربات (جەلەولای کۆن) و ئەوانی تر لە ناحیەکانی (هۆرین) و (شێخان) و قەرەتوو)دان.

لە قەزای مەندەلیشدا عەشیرەتی (قەرە ئوڵوس) و هەندێ لە عەشیرەتەکانی (لوڕ) لە ناحیەی قەزانییەدا و کوردی لوڕیش لە لیوای کوتی باشووری لیوای دیالە، لە قەزای بەدرە و ناحیە بەناوبانگەکانی وەک زەرباتییە و بەکسایا. ژمارەی کورد لە لیواکانی دیالە و کوتدا بەلای کەمەوە ٤٠ هەزار کەسە و لە لیوای بەغدایشدا ١٣ هەزار کە زۆربەیان لەناو شاری بەغدادا دەژین.

هەموو ئەم قەزایانە لە بەشی باشووری ڕێی بەغدا -کەرکووک-دان. بەڵام باکور لە قەزای کفریی سەر بە لیوای کەرکووک و بەسەر سێ ناحیەی پێنج ناحیەدا ڕەت دەبێ، کە: قەرەتەپە - کفری- تووزخورماتوون. دەشتی کفریش بە گەنم بەناوبانگە کە بە دێمی دەچێنرێ، هەروەها بەو پیترۆلەی لە "نەفت داغ"ی باشووری خۆرهەڵاتی خورماتوو و باشووری خۆراوای کفری و حەمریندایە، لەگەڵ خوێی دووزخورماتوو و گڵی قەزای گل کە دیسان سەر بە لیوای کەرکووکە و هەروەها خەڵووزی بەردینی لای کفری کە تورکەکان لە جەنگی گشتیدا سوودیان لێ وەرگرتووە.

ناودارترینی عەشیرەتەکانی قەزای کفری و گل سێیانن: داودە و بەیات و زەنگنە. یەکەمیان عەشیرەتێکی کوردیی نیشتەنییە، لە نێوانی کفری و گل دادەنیشن و لەسەر کشتوکاڵ و

لەوەرِدەچین و بەنایابیی گەنمی بەناوبانگە و چەکدارەکانی، وەک لە کتێبی تێکرِاییی جوگرافیای عێراقی تەها هاشمی-دا هەیە، دەگەنە سێ هەزار کەس و ماڵەکانی دەگەنە هەزار ماڵ. دووەمیان، واتە بەیات کە لە بنەچەدا دەگەنە باپیری تورکمانیان کە لە خۆراسانەوە کۆچیان کردووە، کە هاتوونەتە عێراق لەگەڵ عەرەبدا ژن و ژنخوازییان بووە و لەو برِوایەدان کە ٦٥ ٪ی خوێنیان تورکە و ئەوی تر عەرەبە و ئێستاش تێکەڵییان بە عەرەبەوە تا ئەمرِۆ بەزۆری لەناویاندا بەردەوامە. ئەمەش نزیکە لەوەی دەمارگرژیی نەتەوەیی لەناو ببا (١٢). عەشیرەتەکە بەهەردوو زمانی تورکی و عەرەبی قسە دەکەن، بەڵام زۆریان هەن تەنیا لە زمانێک پتر نازانن، یان تورکی یان عەرەبی. ساڵی ١٩٢٥ لیژنەی سنووری نێوان عێراق و تورکیا بە تورکی داناون، لە کاتێکدا تەها هاشمی بە عەرەبیان دادەنێ، ئەم عەشیرەتە لە قەزای کفریشدا دادەنیشن. سێیەمیشیان مەبەستم زەنگنەیە، عەشیرەتێکی کوردە لە دەڤەری گل-ی سەر بە قەزای گل دادەنیشن و ژمارەی ماڵەکانیان خۆیان لە (٣٠٠) ماڵێک دەدەن و ئەم قەزایەش بە گشتی تەنیا کوردی لێ دادەنیشێ.

## کەرکووک ٢٠ ی تەمووز

ئەمرِۆ سەعات دەی سەر لە بەیانی گەیشتمە ئێستگەی بەغدا، ئۆتۆمۆبێلێکم بەکرێ گرت منی بردە ناو شار کە نیو سەعات لە ئێستگەوە دوورە و رِاستەوخۆ چوومە ئوتێلێکی سەر شەقامی گشتی، وەک بەغدا گەرمایییەکە زۆر نەبوو و ئێوارە بۆ گەشتی ناو باخچەیەکی گشتیی بەرامبەر ئوتێلەکە دەرچووم کە بەشێکی بۆ پیاوان و بەشەکەی تری بۆ ئافرەتانە. لەوێ لەگەڵ برادەرێکی کورددا یەکمان گرتەوە لە بەیرووت یەکتریمان ناسی بوو و لەگەڵیدا بە پێیان چووینە یانەی سەربازی کە بە دوو کەسی لە برا کوردەکانمانی ناساندم، یەکیان لە سوپادا لەگەڵیدا بوو و ئەوەی تر کارمەندی دارایی بوو لە بەغدا، لێیانەوە تێگەیشتم کە ئەمرِۆ بزاوی بازرگانی وەک ئیفلیج بووبێ وەهایە، کە چەند ساڵێک لەمەوبەر لە گەرمیدا بووە، کە وای لە گەلێک لە هیندییان و هی تری بیانی کرد بۆ کار و کاسبی بێنە ئەوێ.

کەرکووک، شارێکی دێرینە لە ناوەرِاستی دەشتێکدایە بە نایابیی گەنمەکەی بەناوبانگە و خرِێکی بە تەکدا دەرِوا نیوەی هەر ساڵێک ئاوەکەی وشک دەبێتەوە. لە سێ لایەوە بە گرد دەورە دراوە و لەلای خۆرهەڵاتییەوە کراوەیە. لەبەرئەوەی کەوتووەتە سەر هێڵێکی بازرگانی کە نێوانی کوردستان و بەغدا و ئێران بەیەکەوە دەبەستێتەوە، هەروەها هێڵی ئاسنین کردوویەتییە یەکێک لە شارە بازرگانییە گەورەکانی خۆرهەڵات، کە بە بەندەرەکانی دەریای سپیی ناوەرِاستدا دەبەسترێتەوە بایەخی پتر دەبێ کە پیترۆڵەکەی بۆ تەرابولسی شام لە سووریا و حەیفا لە فەلەستین دەگوێزێتەوە.

ئەگەر کەرکووک یەک لە شارەکانی باشووری کوردستان بێ، خەڵکەکەی تێکەڵەیەکە لە پێکهاتەکانی خۆرهەڵاتی نزیک و ناوەرِاست، هەروەک شارە بازرگانییە گەورەکان کە خەڵکی دێنە

ئەویَ بۆ کـار و بژێوی پەیداکـردن، کـورد و تورک و عـەرەب و ئەرمـەنی و سـریانی و جـوولەکـەی تێدایە. ئەو زمانەی دانیشتوانی بە گشتی پێی دەدوێن کوردی و تورکی و عەرەبییە.

تورک یان تورکمانی تێدا پاشماوەی لەشکری موعتەسیم-ن و لە شارەکەدا زۆرن و شێوەزارە تورکییەکەیان نزیکترە لە تورکیی ئازەری وەک لە تورکیی عوسمانی. عەرەبەکانیش لە لایەکانی باشـوور و خۆراوادا نیـشـتـەجـێن، واتە ئەو لایانـەی نزیکی ڕەوەندسـتـانی سـەر زێی لای ڕاسـتی دیجلە، لە نێوانی سامەڕا و کەرکووکدا و زۆربەیان لە عەشیرەتی عوبێدن - کە یەک لە لکەکانی زبێدن _ و کوردەکانیش لەناو شار و زەوییە خۆرهەڵاتییەکانیدان.

دانیـشـتـوانی کـەرکـووک نزیکەی ١٥ هەزار کـەسن و جـوولەکـەکـانی تێدا دەسـتـیـان بەسـەر بازرگانیدا گرتووە و لێرەدا بـەشێکن لەو جـوانەی لە کوردسـتـانی باشـوور و خـۆرهـەڵاتدا دەژین و نەوەکانی ئەو جـووانەن نەبـووخـودنوسـسـەر لە سـەدەی شـەشـەمی بەر لە زاییندا بە دیلی بۆ بابلی هـاوردن و لە گشت لایەکانـی کوردسـتـاندا بـە عیبرانیی کۆن دەدوێن و پیشـەیان بازرگانیی کاڵای خـوری و ئاوریشـمن و هۆیەک بـوون و هۆیەکی گـوازتنـەوەی خـورییـەکـانن لە کـوردسـتـانەوە بۆ مـانشـسـتـەر کە زۆر داوا دەکـرێ. هـەروەها کـەرکـووک بـازاڕی ئەسـپی کـوردییـە کـە دەنێـررێنە هیندسـتـان. کۆمـپـانیـای نەوتیش کـارگـەی گـەورە گەورەی لە باباگـوڕگـوڕدا داناوە بۆ دەرهێنان و پاڵاوتنی نـەوت و خـەریکە بۆریشـی لێ دەکـێـشـرێ، بۆ ئـەوەی بیـرپـێژێتـە بـەندەرەکـانـی تەرابولس و حەیفا. (ساڵی ١٩٣٤ ڕاکێشانیان کۆتاییان هات).

لە شارەکە و لێواری باشووریدا مەلاریا زۆرە، لە زانیارییەکانمدا پشتم بەوە بەستووە کە تەهای هـاشـمـی لە ڕاپۆرتی دوکـتـۆر ولیـەم کـۆرنـەری وەرگـرتووە کـە سـاڵی ١٩٢٣ی ز. لە ئەنجـامی پشکنینێکی ورددا، لەبارەی بـڵاوبوونەوەی مەلاریاوە لە لیوای کەرکووکدا لە ئەنجامی پشکنینێکی ورددا دایناوە، سـەرنجی ئەوەی داوە کـە ئەوانەی تووشـی ئەم نەخـۆشـیـیـە هـاتوون نـزیکەی ٥٣٪ کـەسی لیواکە و ٢/١ ٥٥ ٪ ی شـارەکـەن. ئەو شـوێـنانەی وا تووشـبـوونـیـان لێ زۆرە ئەو شـوێنانـەن کە کێڵگەکان و گۆلاویان لێ زۆرە، بۆ نموونە لە ناحیـەی قـەرەتەپە ژمارەی تووشـبـووان دەگـاتە ٩،٢٣ ٪ و لە ناحیـەی کفری-شـدا دەگاتە ٥،٧٦٪، وەرزی مەلاریاش لە مـانگی حوزەیراندا دەست پێ دەکات و لە ناوەڕاستی مانگی ئابدا بەکۆتا دێ.

## سلێمانی ٢٢ی تەمووز:

ئەمڕۆ کەرکووکم بە ئۆتۆمبێلێک بەرەو سلێمـانی جێ هێشت، ئێمەی لە زەوییەکی کەمێک هـەورازدا چەند مـیلێکی برد و ئینجـا دەسـتی بە بەرزبوونەوە و نزمـبوونـەوە کـرد و چون مـار لەنـێو گـرد و شـاخی ڕووتەندا پێـچی دەخـواردەوە و هێندەی نەبرد بە گـوندەیلێکی کـورددا ڕەت بـوو درەخت سێبەری بۆ کـردبوونەوە و سێلاو و جۆگەیان بە تەکدا دەڕۆی، لە دیارترین شـوێنی هـەریەکەیاندا (چایخـانە)یەک دەرکەوت و دوای ئەوە هـاتینە چەمچەمـاڵ، کە دوا نـاحیـەیەکی کـەرکووکە و زۆربەی

لەسـەر گـردێکدایە بەسـەر دەشـت و گـردەکـانی دەوروبەریـدا دەڕوانێ و باسـی بوونی نەوتـی لێ دەکەن. لە مـاوەی حەسانەوەدا کەسێکم دی لە بەردەمی دوکانەکەیدا بانگی دەکرد: (خـۆش کەباب) چوومە لای و لە کەبابە بەپێزەکەیم خوارد و لە ماسـتاوە ساردەکەیم خواردەوە. کەباب لێرە پانە لە کەبابی لوولەکیی شام جیاوازە. دوای حەسـانەوە لەسـەر ڕێمـاندا بەردەوام بووین و بە (دەربەندی بازیان)دا ڕەت بووین کە دۆڵێکی بەرتەسکە، لە ناوەڕاسـتی عەشیرەتی هەمەوەندda، ئاوێکی فرە و مـانگا و مـەڕەکانی لەوەڕەکانیشی قەڵەو و تێرن. مـانگاکان لە مـانگا ئینگلیزییەکان دەچن کە بە گـورنیـشی دەناسـرێن. بەرینیی ئـەم دەربەندە لە نێـوان دوو مـیل و سـێدایـە و لە نێـو دوو چیـای (زەرغانە و جورجە)دایە و لە دەشـتەوە هـەزار پێ-یەک بـەرزە. کە ڕێیەکـەش بەرەو سلێمـانی دەچێ زنجیرە چیایەکی درێژی دێتە پێش لە خۆرهـەڵاتەوە بۆ خۆراوا دەکشێ، ئەگەر ئەم ڕێیەی بازیان کە ئۆتۆمـۆبێلەکەمـان پێدا دەڕوا و ڕێیـەکی تریش لە (سـەگـرمـە) هەیە، وەک بەربەسـتێکی سـەختی سـروشـتی بەپێـوە بوو. لەم دەربەندەدا شـەڕێکی توند لەنێـو سـەربازە عـێراقـییـەکان و فـڕۆکە بەریتانییەکان لەلایەک و کوردەکانی ژێر فەرماندەی شێخ مەحموودی بەرزنجی-دا لەلایەکەی ترەوە ڕووی داوە، ئەنجام بەدیلگرتنی شێخ مەحـموود بوو. عـەشیـرەتی هـەمـەوەند لە دەوروبەری بازیاندا دەژین (١٣). کـە بە ئازایی و بـەجـەرگی و خـاوێنیی پۆشـاکـیـان بەناوبـانگن. کـۆن لە خـۆرهـەڵاتی کـوردسـتـانەوە هـاتوون کـە نیـشـتـمـانیـان لـەوێ لە نزیک (قـەسری شـیـرین)ەوە بووە. هۆیەکـانی کۆچیشیان دەدرێتە پاڵ ئەوەی کە نەیانهێشتووە دەسـەڵاتە ئێرانییەکان بحـەسێنەوە، دوای ئەوەی دەسـتیـان لە سـەرکوتکردن و خـسـتنە ژێر باریان شـۆرد، پاسـەوانیی سـەرسنووریان دایە دەست (جـوامێر خـان)ی سـەرۆکیـان، ئـەویش ئەم ئەرکەی پەسند کرد و هێرشـەکانی دووبەرابەر کرد و نیگەرانیی حەسانەوەی حکوومەتی پتر خستە نیگەرانییەوە کە نەکرا بەرگەی ئازارەکانیان بگرێ، بە هـەمـوو شـێوەیەک بۆ دەسـتگیـرکردنی دەسـتبـەکار بوو، لە کـۆتاییدا تـوانییـان بیگرن و دووری بخـەنەوە، ئینجـا (مـحـەمـەد بەگ)ی کـوڕی چووە جێ و لەو سـەروبەندانەدا عـوسـمـانیـیـەکـان ئەم عەشیـرەتەیان بە عوسـمـانی دانا، ئێرانیش بە خـۆشییەوە دەستی لێیـان هـەڵگرت، بۆ ئەوەی خۆیان لە ئازارەکـانیـان ڕزگار بکەن و داوای یەکسـەر ڕاگواسـتنیـانی کـردن بۆ زەوییـەکانی خـۆیان و جـێبـەجێ کـرا و حکوومـەتی عـوسـمـانی زەوییـەکـانی (قـەرەداغ)ی دانێ کـە ئـەمڕۆ لێی دەژین و گەڕانەوە دۆخی جارانیان لە هێرش و پەلاماردانی کاروانەکان و شارەکان. ساڵی ١٨٧٤ هێرشیان بردووەتە سـەر ناوچـەکـانی باشـووری خـۆیان و دەسـتـیـان بەسـەر چەندین شـوێن گـرت تا گەیشـتوونـەتە مـەندەلی و گـەماروویان داوە، کە سـەربـازانی عـوسـمـانی بە هـاوکـاریی عـەشـیـرەتە کوردەکانی ئەو دەڤەرانە لە تاکە تاکەیان بدەن و ناچاری جێهێشتنی ئەو ناوەیان کردن و کشانەوە و تیـپـێکیـان لێ جـودا بووەوە و ڕووبەرەو باکور بۆ کـوردسـتـانی باکـور چوون و لەسـەر سنووری (بایەزید)دا گەیشتنە گوندێکی ئەرمەنی و بە تاڵانییەکی زۆرەوە گەڕانەوە.

دوای پێنج سـاڵان هێرشیان کردە سەر سلێمـانی و تا کتیبەیەک سەرباز (٢٠٠ سـەرباز) سـەرباز

نەهات لێی نەکشانەوە. دوای ئەوە بە کەمێک دەوڵەتی تورک توانیویەتی بە فرۆفێڵ چەند کەسێک لە سەرکردە بە بایەخەکانیان دەستگیر بکا و بۆ تەرابولسی خۆراوایان دوور بخاتەوە، لەوێشدا زۆر بەند نەبوون و هەڵاتن و گەڕانەوە نیشتمانی خۆیان، دوای ئەوەی شەش مانگ بەڕێوە بوون و بەرەنگاری هەر زەحمەتی و تەگەرەیەک بوونەوە کە حکوومەتی عوسمانی لە بەردەمیانی دانابوون. هەمەوەندەکان تا ئیمڕۆش شانازی بە گەڕانەوەیانەوە دەکەن بۆ نیشتمان، سەرباری دوژمنایەتیی عەشیرەتە عەرەبەکان و بەدووداکەوتنی سەرازانی تورک بۆ دەستگیرکردنەوەیان. لە دەوروبەریساڵی ١٩٠٠یشدا هەمەوەندەکان بە هاندانی شێخانی سلێمانی و قەرەداغ لە نزیک کەرکووکەوە پەلاماری کاروانێکی گەورەی حاجییە ئێرانییەکانیان کرد و ٢٠٠ کەسیان لێ کوشتن و بەمجۆرە داهاتێکی گەورەیان لەناوبرد کە شارەکانی ڕەواندز و سلێمانی و کۆیە لە حاجییانی ئێران دەستیان دەکەوت کە دەچوونە بەغدا و لە ڕێی ساوج بەلاق (مەهاباد)ی یەک لە شارەکانی کوردستانی خۆرهەڵات.

ساڵی ١٩٠٨یش هەمەوەند ڕاپەڕین و شۆڕشیان دوو ساڵی خایاند و لە نێوانی پایزی ئەو ساڵە و هاوینی ساڵی ١٩٠٩ی زاییندا هێرشیان کردە سەر حوکمداری سلێمانی و ڕووتیان کردەوە و ڕێی هاتوچۆیان گرت و پەلاماری تابوورە سەربازێکی تورکیان دا و ١٢ کەسیان لێیان کوشت، کە سەرکردەیەک و چەند ئەفسەرێکیان لەناودا بوو و نزیکەی ٤٥ کەسیشیان بریندار کرد و دەستیان بەسەر هەموو کەلوپەلێکیاندا گرت، لە تەقەمەنی و چەک و ئاژەڵ و ئەوانی تریان لە دووریی ٣٦ میل لە سلێمانییەوە جێ هێشت تا بە پیادەیی بگەڕێنەوە. هەر لەوساکەوە هەمەوەند هەر هەموو تفەنگی ماوزەریان چنگ کەوت و چەندین جار هەڕەشەیان لە سلێمانی کرد.

هاوینی ساڵی ١٩٠٩ لەشکرەکانی عوسمانی لە چەمچەماڵ کۆ بووبوونەوە، هەواڵ گەییە هەمەوەند و زانییان هێشتا سەرکردەکەیان نەگەیشتووە، هەلی ئامادەنەبوونیان قۆزتەوە و هەر بە شەو پێشڕەوییان بەرەو خێوەتگەی سوپا کرد، کە دەیانزانی سوپا بەر لە گەیشتنی سەرکردە ناجووڵێنەوە، سەرچاوەکانی ئاویان لێ بڕین و خێوەتەکانی پاسەوانانیان برد و بەر لەوەی کەس شوێنیان بکەوێ گەڕانەوە شوێنەکانی خۆیان. دوا بەدوای ئەوە، حاکمەکانی سلێمانی و کەرکووک بانگ کران بۆ چەمچەماڵ، بۆ پێکهێنانی دادگەیەک، لەدادگەدانی هەمەوەندەکان بکا، بەڵام شێخەکانی سلێمانی بەرتیلیان بەوان و هەندێک لە ئەفسەرانی چەمچەماڵ دا، ئامادە نەبوون. بیانووشیان لەوەدا نەبوونی ئەسپ و هێستر بۆ گواستنەوەیان بۆ چەمچەماڵ و بەوەش هەمەوەندەکان لە ناوەندەکانیاندا مانەوە، کاروانەکانیان تاڵان دەکرد و هێرشیان دەبردە سەر سەرباز و ستوونی برووسکە و تەلەفۆنیان دەشکاند و دەسووتاند. حاکمی سلێمانی بە پارێزگاریی ٣٠٠ سەرباز لە ئازایانی تورک نەبێ نەیتوانی بگاتە چەمچەماڵ و بەر لە گەیشتنیان لەگەڵ هەمەوەند لەیەکیان دا و چەند کوژراوێکیان لەپاش خۆیانەوە جێ هێشت. لە کاتێکدا هێزی هەمەوەند لە ٢٥٠ سوارچاک پتر نەبوو، ئەمەی وای پێویست کرد ببنە کۆمەڵەی بچووک بچووکی

شەڕوان. ئەو هێزەش کە بەرەنگاری سوارچاکە ئازاکانی تورکان بووەوە لە سی کەس پتر نەبووە. کاتێک شۆڕشی هەمەوەند درێژەی خایاند بازرگانانی بەغدا و مووسڵ ورووژان و سکاڵایان لای حکوومەتی ناوەندی کرد، ئەمیش فەرمانی بۆ سەرکردەی بەغدا نارد کاری تەمێکردنی هەمەوەندان ئەنجام بدا و لێدانێکی لەناوبەریان لێ بوەشێنێ. چاوساغانی عەشیرەت هەواڵەکەیان گەیاندە سەرکردە هەمەوەندەکان و ئەمانیش کۆچیان بەرەو سنووری ئێران کرد و لەسەر ڕۆخی سیروان، لە پەنای عەشیرەتی شەرەفبەیانیدا مانەوە. کە سەرکردە گەیشتە چەمچەماڵ و کەسی دەدۆزییەوە، فەرمانی توندی بۆ دەرچوو بە دووی هەمەوەندانددا بچێ و پەلاماری ئێرانییانیش بدا ئەگەر تەنانەت منداڵێکیشیان لێ بپارێزن.

سوپاکانی تورک پێشڕەوییان کرد، سەرەتا بۆ ناوچەی هەمەوەند، لە گژوگیا بەولاوە هیچیان دەست نەکەوت و سووتانیان و ئاگریان لە هەندێک خانوو بەردا و دوو مانگ لە ناوچەکەیاندا مانەوە بۆ دڵنیابوون لە نەبوونیان. لەم ماوەیەدا هەندێک کوردی بێدەسەڵاتیان بەو بیانووەوە دەستگیر کرد کە گوایە هەمەوەندن. دوای شەش مانگ پەلاماری هەمەوەندیان دا بەڵام هیچ دەستکەوتێکیان نەبوو و گەڕانەوە و بواریان بۆ چۆڵ کردن، کەی و چۆن دەیانەوێ دەست لە ئاسایش وەربدەن. بزووتنەوە دوژمنانەکەی هەمەوەند بەرامبەر دەوڵەتی تورک تاکە بزووتنەوە نەبوو لە کوردستاندا، بگرە عەشیرەتە کوردەکان بۆ سادەترین هۆ دژ بە دەسەڵات ڕادەپەڕین و هەراسانیان دەکرد تا وای لێ هات بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەکان و گیانی یاخیبوون لەنێو عەشیرەتەکاندا بوو بە نەریت. ئەمەش بەڵگەی ناڕەزایی کوردە لە دەسەڵاتی تورک و قبووڵکردنی هیچ دەسەڵاتێک جگە لە دەسەڵاتی میرانی خۆیان.

ئێستا هەمەوەند لە قەزای چەمچەماڵدا لە چیاکانی (تۆکمە و تاسلووجە و قەرەحەسەن)، لەلاڕۆخی (داقووق سو)دا نیشتەجێن و عەشیرەتەکەیان نیمچە کۆچەرن و بەسەر نۆ تیپ دابەش دەبن، پێنجی یەکەمیان هەمەوەندی ڕەسەنن و ژمارەی ماڵەکانیان نزیکەی (١٢٠٠٠) ماڵە و ئەمەش ناوەکانیانە لەگەڵ ناوی سەرۆکەکانیان و وەک لە "ساڵح زەکی بەگ"م وەرگرتووە.

| | |
|---|---|
| بەگزادە | محەمەدی ئەمین ئاغا |
| سەفرەوەند | فەتاحی حاجی ڕەزا |
| ڕەمەوەند | ئەمینی ڕەشید ئاغا |
| ڕەشەوەند | کاک عەبدوڵڵا ئەفەندی |
| سیتە بەسەر | ...................... (١٤) |

ماوەیەک لە مەخفەر "پاسگە"ی بازیاندا مانەوە، بەبۆنەی ناوهێنانی پاسگەوە دەڵێم، حکوومەتی عێراق بە درێژاییی ڕێی کەرکووک – سلێمانی دەستی بەدروستکردنی چەندین پاسگە کرد لە

شێوەی قەڵادا لە شوێنە سەختەکاندا، بۆ ئەوەی بتوانێ بەرگری لە بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەکانی کوردان بگرن کە لە دوای ئەوەی کوردستانی باشوور خرایە سەر عێراقی عەرەبییەوە. زیادیان کرد. ئەم شۆڕشانەش لە ڕێکخستن و ئامانجەکانیاندا لە شۆڕشەکانی هەمەوەند جودان، کە چەندین عەشیرەت بە خۆیانەوە دەگرن و لەژێر یەک ئاڵادا دەجەنگن، یەکەتیی نیشتمان، نەک عەشیرەت کۆیان دەکاتەوە و بۆ ڕزگاریی وڵاتەکەی تێ دەکۆشێ.

ئۆتۆمۆبێل بە دەشتی بازیانی بە گەنم بەناوبانگدا بردینی و ئینجا هاتینە دەربەندی تاسلووجە و ڕەتمان کرد و چووینە سەر دۆڵێک ڕووبارۆکەی (قلیاسان)ی پێدا دەڕوا کە یەکێکە لە لکەکانی تانجەڕۆ و بەسەر پردێکەوە ڕەتمان کرد و چووینە دەشتی سەرچنار و لەوێوە شاری سلێمانیمان لێوە دیار بوو کە ڕۆژی بیست و دووەمی مانگی تەمووز چووینە ناویەوە.

## سلێمانی

شارێکە لە پاڵ زنجیرە چیای مارمیر و ٧٢ میل لە کەرکووک و ٦٠ میل لە سنووری ئێرانی "کوردستانی خۆرهەڵات"ەوە دوورە، ساڵی ١٧٧١ی ز. لە سەردەمی سلێمان پاشای والیی بەغدادا بنیات نراوە و بە ناویەوە ناونراوە. کورد پێی دەڵێن (سلێمانی) نەک (سولەیمانییە)، دواتر لە باسی مێژووی بابان و شارەزووردا بە دوور و درێژی دێمەوە سەری، بەڵام ئێستا تەنیا پەسنی دەکەم وەک بینیم. سلێمانی شارێکی گەورە نییە، ئەگەر ئەو سەرای حکوومەتەی لێ دەرکەین کە لە شوێنی سەرای کۆنی باباندا دروست کراوە، لەگەڵ هەندێک لە خانووی دەوڵەمەندان، بینای گەورەی تێدا نییە. بەڵام دانیشتوانی چالاکییەکی زۆر دەنوێنن بۆ ئەوەی خانووەکانیان لە شێوەی نوێ بنیات بنێن و ئەمڕۆ ماڵەکانیان یەک نهۆمییە و لە خشتی سوورەوەکراو دروست کراون و ئەندازەیان هونەری فارسیی بەسەریاندا زاڵە و میوان زۆربەی ماڵەکان لەناو گۆڕەپانێکی گەورەی شوورەدراودا دەبینێ کە یەکەو چەند دارێکیان تێدا چێنراوە، ئافرەتانیان بۆ قسەکردن و کات بەسەربردن لە سایەیاندا دادەنیشن.

سلێمانی بە ناوەندێکی ڕۆشنبیری دادەنرێ لە کوردستانی باشووردا. قوتابخانەی ئامادەیی و ناوەندیی هەشت پۆلیی تێدایە، هەروەها سەرەتایی بۆ نێرینە و سەرەتاییی تری شەش پۆلیی بۆ مێیینە تێدایە، خوێندنیان تێدا وەک شارەکانی تری کوردستانی باشوور بە زمانی کوردییە و عەرەبی و ئینگلیزییان تێدا تەنیا وەک زمان دەخوێنرێ. هەروەها جگە لەم قوتابخانانە، پەیمانگەی زانستیی لێیە کە لاوانی کورد دایانمەزراندووە بۆ ئەوەی نەخوێندەوارانی تێدا بخوێنن و بایەخ بە زمانی کوردی دەدەن ناوی (زانستی)یە. ئەم قوتابخانانە هۆیەکی بەهێزبوون لە وەئاگاهێنانی بزووتنەوەی بیر و گیانی نەتەوەییدا. لەگەڵ هەندێک مامۆستا شوومە زانستی و بە کۆمەڵە لاوێکی ڕۆشنبیردا کۆ بوومەوە و باسی ئەو پیتانەم لەگەڵیاندا کرد کە دەبێ کورد بە یەکجاری لە تۆمارکردنی زمانیاندا بەکاری بهێنن هەر هەموو وەڵامیان ئەوە بوو کە لاتینی بەکار بهێنرێ و

دوای چارەکە سەعاتێک زەنگ لێی دا و بە منداڵ و لاوانەوە چوونە پۆلەکانیان.

سلێمانییەکان زۆریان شاری خۆیان بە دڵە و لە نۆژەنکردنەوە و چاککردنەوەیدا زۆر پەلەن بە تایبەتی ئەگەر تێکدانەکە بەدەستی دوژمنێکی تێکدەر بێ. فڕۆکە بەریتانییەکان لە کاتی ئەو شۆڕشە کوردییانەدا کە شێخ مەحموود دژی حکوومەتی عێراق ئەنجامی دەدان، بۆمبەکانیان بەسەر شاردا فڕێ دەدا و دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٣٠ هەندێک لە ماڵەکان هێشتا بە ڕووخاوی مابوونەوە. لە زانستی گەڕانەوەمدا بە شەقامێکدا ڕەت بووم پیاوێکم دی خانووەکەی چاک دەکردەوە کە فڕۆکە بەریتانییەکان بەشێکیان لێ تێک دابوو، لەگەڵ هەندێک هاوڕێدا وەستام و سەیری چالاکیی لە چاککرنەوەکەدا دەنواند و یەکێکمان لێی پرسی بۆچی لە چاککردنەوەیدا پەلە دەکا لە وەڵامدا گوتی: "دەترسم فڕۆکەکان بێنەوە و ببینن ماڵم ڕووخاوە و ئینجا بچن بۆمبایان لە خانووێکی تر بدا و زیانەکە پتر بێ، ئەگەر فڕۆکەکان ویستیان چەندیان دەوێ با ئەم خانووە بڕووخێنن تا ماوم هەر بینای دەکەمەوە، دوای منیش کوڕەکەم چاکی دەکاتەوە. دەبا ئەم خانووی سەرشۆڕییە بڕووخێنێ و فێرمان بکا چۆن خانووێک بنیات بنێین بە سەربەرزی تێیدا بژین. "

هەروەها سلێمانی ناوەندێکی گەورەی تووتنیشە، لیواکەی پێنج لە شەشی بەرهەمی تووتن بۆ عێراقی عەرەبی دەنێرێ لە حکوومەتی عێراق، هەروەها بە گەزۆی بەتامیش ناوبانگی هەیە و بە پیشەسازیی مس و چەکی بڕندەی وەک خەنجەر و تفەنگ، کە هەندێک لە دانیشتوان لە دروستکردنی ئەم تفەنگانە مەعلانن، تەنانەت وای لێ هاتووە زۆر لە تفەنگی (مارتین) و لە تفەنگی (بردان)ی ڕووسی بچن، هەروەها لە دروستکردنی زین و پیشەکانی پێستدا دەستڕەنگینن.

ئەگەر بازرگانیی سووکی لەگەڵ کوردی ئێرانی لێ دەرکەین، بازرگانیی شار تەنیا لەگەڵ بەغدادا هەیە. کە خۆی و کفری و کەرکووک بە سێ ناوەندی بازرگانیی لیواکانی بەشی باشووری کوردستانی باشوورن، کە بازرگانییان ڕاستەوخۆ بە بەغداوە بەستراوە.

دوای وردبوونەوە لە بارودۆخی بازرگانی لە بازاڕ گەڕاینەوە و یەکسەر چووینە قوتابخانەی ئامادەیی و لەگەڵ بەڕێوەبەرەکەیدا کۆ بووینەوە و ئێمەی بردە پۆلەکان، کە بەبۆنەی پشووی هاوینەوە چۆڵ بوون لە قوتابی و پێی ڕاگەیاندم کە زمانی عەرەبی لە پۆلی یەکەوە و زمانی ئینگلیزی لە پۆلی پێنجەوە دەخوێنرێن، هەروەک قوتابخانەکانی تری عێراق.

دوای قوتابخانە سەرمان لە ماڵی شێخ مەحموود دا کە هێشتا لە بەغدا بەهۆی شۆڕشی ساڵی ١٩٣٠ەوە لە بەغدا لە بەندیخانە بوو، چاومان بە (بابا عەلی)ی کوڕی کەوت کە لاوێکە لە تەمەنی هەژدە ساڵیدایە، سپیپێست، لەبەرئەوەی ئەوسا زمانی کوردیم نەدەزانی، بە زمانی ئینگلیزی قسەم لەگەڵیدا کرد و تێی گەیاندم کە لە کۆلێجی فیکتۆریای شاری ئەسکەندەرییە دەخوێنێ. باباعەلی خۆشەویستیی خەڵکی سلێمانیی بەدەست هێناوە و دەستەی لاوان پشتی پێوە دەبەستن و وەک ڕزگارکار تەماشای دەکەن.

سەعات شەش چوومە سەردانی ئەحمەد تۆفیق بەگی موتەسەڕیفی (ئەوسا بە پارێزگاریان دەگوت)ی شارم لەماڵەکەیدا کرد و نانم لەسەر مێزیدا خوارد لەگەڵ هەندێک لە سەرەک عەشیرەتەکانی پشدەردا و توانیم هەندێک زانیاریی مێژوویی لەبارەی عەشیرەتی پشدەر و مێژووی ژیانی بەرێزییەوەی لێ وەدەست بخەم. ئەمەش دەقی ئەوەیە کە باسی بۆ کردم. - ساڵی ١٣١٣ی ڕۆمی لەدایک بووم و لە قوتابخانەی ڕوشدییەی سەربازی و ئامادەییی شاهانەم لە سلێمانی خوێندووە و ساڵی ١٣٣٠ی ڕۆمی لە ئامادەیی دەرچووم و بڕیاری تەواوکردنی خوێندنم دا لە ئەستەمبوڵ، بەڵام دوای دوو مانگ جەنگی گشتی ڕێی لە جێبەجێکردنی ئارەزووەکەی لێ گرتم. سەرەڕای ئەوە باوکم لەگەڵ عەشیرەتەکانی پشدەر و بەگزادەکانی بانە و سەقزدا (دوو شاری کوردستانی خۆرهەڵاتن) چووەتە ئازەربایجان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕووس، باوکم لەگەڵ ڕووسدا لە دوو شاری خووی و سەلماس-دا جەنگیوە، ئینجا لەسەر داوای عومەر ناجی بەگی سەرکردەی گشتیی تورکدا لەگەڵ ئەوانەی لەگەڵیدا بوون گەڕاونەتەوە، ئینجا داوای لێ کراوە لەشکرێک لە (موجاهیدان)ی کورد پێک بهێنێ و چووەتە لای عەشیرەتەکانی پشدەر و بانە و مەنگوڕ و سێ مانگ لەنێویاندا ماوەتەوە، لەو ماوەیەدا توانیویەتی ڕاسپاردەکە جێبەجێ بکا و جارێکی تر چووەتە ئازەربایجان و سەربەخۆ لە سوپای نیزامی تورک، لە ناچیت و ئۆجتەیە ی سەر بە ساوجەبەلاق "مەهاباد" لەگەڵ ڕووسەکاندا جەنگیوە و لە تەمەنی چل و چوار ساڵیدا لە سەرەتای ساڵی ١٣٣٢ی ڕۆمیدا لەگەڵ هەندێک لە سەرانی پشدەردا شەهید بووە و بەتەواوی جێی ناشتنیان نازانم، لە ناچیت-ە یان لە ئۆجتەپە. باوکم ئامۆزای سەعید پاشای کور-ی وەزیری دەرەوەی دەوڵەتی عوسمانی و دواتریش سەرۆکی شوورای حکوومەتەکە بووە.

کاتێک ئینگلیز شاری کەرکووکیان بۆ یەکەم جار گرتووە حکوومەتی تورک بەڕێوەبردنی سلێمانیی لە جێی موتەسەڕیفی تورک (بەمەرجی بەرپرسیار نەبوون) بە من سپارد، بەمجۆرە بە جێگری پۆستەکەم وەرگرت تا تورک کەرکووکیان گرتەوە و موتەسەڕیفی تورک گەڕایەوە بارەگای فەرمانگەکەی، بەر لەوەی جێگرێتیی موتەسەڕیفێتی بگرمە دەست لەگەڵ شێخ مەحموودی بەرزنجیدا ڕێک کەوتم، پێوەندی بە سەرکردەی بەریتانییەوە بکرێ بۆ ئەوەی بەڕێوەبردنی وڵاتی کوردان لە ژێر چاودێریی ئینگلیز بەدەست نیشتمانییانەوە بێ و کارەکە لە ماوەی جێگرییەتییەکەمدا جێبەجێ کرا. ئەم هەواڵانە دزەیان کردە لای حکوومەتی تورک و شێخ مەحموودیان گرت و بەندیان کرد و دوای دە ڕۆژ منیشیان گرت و سەرانی ئەو عەشیرەتانەی بە پشت و خزمایەتی سەر بە من بوون وەک پشدەر و سنجابی و قوبادی و باواجانی، هاتنە لام و برووسکەیان بۆ حکوومەتی تورک نارد و ڕایان گەیاند کە لەسەر داوای من هاتوون بۆ خزمەتی دەوڵەت و حکوومەت یەکسەر منی سەربەست کرد.

کە ئینگلیز سلێمانیی گرت بەڕێوەبەرێتیی وڵاتیان بە شێخ مەحموود سپارد کە دواتر مەرجەکانی جێبەجێ نەکرد کە لەسەری ڕێک کەوتبووین و دەستم لە کاری سیاسی هەڵگرت.

ساڵی ١٩٢٥ _ ١٩٢٦ و سەرەتاکانی ساڵی ١٩٢٧ موتەسەڕیفی سلێمانی بووم، لەسەر داوای حکوومەتی عێراق، کە گومانی لە دڵسۆزیم دەکرد، دەستم لەکار کێشایەوە، بەڵام ساڵی ١٩٣٠ دیسان دایان مەزراندمەوە. لە ٦ ی ئەیلوولی ئەو ساڵەدا گەل خۆپێشاندانیان ساز دا بۆ بایکۆتکردنی هەڵبژاردنی عێراق و برووسکەیان بۆ "عوسبەتولئومەم" هەڵفڕاند و پێکدادان لە نێوانی سەرباز و خەڵکی ڕووی دا و هەوڵی زۆرم دا بۆ هێورکردنی بارودۆخی سیاسی و سووککردنی و گیراوەکانی خۆپێشاندانەکانی (١٩٣٠)م لەسەر بەرپرسیاریەتیی خۆم بەردان. ئەوەی دەمویست لەبارەی مێژووی ژیانمەوەت بۆ بڵێم، ئێستا ئەوەت بۆ دەگێڕمەوە کە لەبارەی مێژووی پشدەرەوە دەیزانم. ئەم عەشیرەتە دەبێتە دوو بەشی کۆمەڵایەتی، سەران و ڕەشۆکان، سەرەکەکان بە خۆیان دەڵێن (میراوداڵ) بەناوی ئەو پیاوەی خۆیان دەبەنە سەر ئەو و دەسەڵاتێکی ئەرستۆکراتیی فراوانیان هەیە. ئەوەی زانراوە ئەوەیە کە (فەقێ ئەحمەد)ی باپیرە گەورەیان سێ کوڕی دوای خۆی جێهێشتووە، میراوداڵ و بەبە سلێمان کە بابان-ەکانی دەچنە سەر، سێیەمیان کە ئاغاکانی دیبوکری و سەردار بۆکان-ی دەچنە سەر، پێش شەش ساڵ دەسەڵاتی ئاغایانی پشدەر بەسەر بیست هەزار کەسەوە بووە، دواتر بەهۆی بڵاوبوونی دەسەڵاتی دوو دەوڵەتی ئێران و عێراق-ەوە هاتە سەر تەنیا عەشیرەتە بنچینەییەکە، کە ژمارەی ماڵەکانیان وەک لە - جوگرافیای عێراق بە تێکڕایی - (مفصل جغرافية العراق)دا باس کراوە ٢٠٠٠ ماڵ دەبێ.

ئەمڕۆ ناوچەکەیان کراوەتە سێ ناحیە:

١) مەرگە.

٢) پشدەر.

٣) ماوەت.

دوو ناحیەی یەکەمیان دوو بەڕێوەبەری پشدەری بەڕێوەیان دەبەن و سێیەمیان بەڕێوەبەرەکەی خەڵکی سلێمانییە و سەر بە قەزای شارباژێڕن. عەشیرەتەکە زستان لە گوندەکانی خۆیاندا و هاوینان لە باجار-ی ناو قەزای سەردەشت بەسەر دەبەن. دەسەڵاتیان لەم قەزایەدا گشتگیر و تا شاری بانەوە بووە و فراوان بوون و کشانەوەی ئەم دەسەڵاتەش بەپێی هێز و لاوازیی دەسەڵاتی ئێرانی بووە، کە دەسەڵاتەکە تا شەش ساڵ لەمەوبەریشەوە کەم نەبووبووەوە و هەڵبژاردنەوەی حاکمی بانە بە زۆری بەپێی خواست و بۆچوونی ئەمانەوە بووە.

## قەزای شارباژێڕ

ئەم قەزایە کراوەتە سێ ناحیە:

١) ماوەت.

٢) پشدەر.

٣) چوارتا.

ناحـیـەی دواییـنـیـان ناوەنـدی قـەزاکـەیـە کـە دوو لـەسـەر سـێی ناوچەی پشـدەر بەخـۆوە دەگـرێ. چوارتا لە لاپاڵی چیای سـەرسیر-دا هەڵکەوتووە لەسـەر ڕێی بانە - سلێمانی. شـەش سـەعاتەڕێ بەرەو باکوری خۆرهەلات لەم شارەی دواییانەوە دوورە. ماڵەکانی لە ماڵە کوردەکانی دەوروبەریان کەمتر ڕێکوپێکییان پێوە دیارە و دەمارگرژیی خەڵکەکەشی بەرامبەر ئاین لە دەشتەکییانی تری لیـوای سلێمـانی هێـورترە و هەژارتریشـن لەوان. چونکە بەشـدارییـان لە شـۆڕشـە دواییـنەکـانی کورددا کردووە کە لە هەمووان زووتر بەدەم بانگهێشتنی شێخ مەحمودەوە چوون و ئافرەتانیان وەک ئافرەتانی هەڵەبجە (سفوورن) بەلام جوانییان لەوان کەمترە. خەڵکەکەشی پێوەندیی ئابوورییان بە خەڵکی سلێمانییەوە هەیە و حکوومەت قوتابخانەیەکی سەرەتاییی دوو پۆلیی لەوێ هەیە تاکە یەک مامۆستا بەڕێوەی دەبا و ژمارەی قوتابییەکانی لە سی کەس تێ ناپەڕێ و لە ناوچەکەیاندا دارستانی بەڕوو زۆرە.

بەر لەوەی شار بەجێ بهێلم چوومە سەر کانییەکانی سەرچنار بۆ خواردنی نانی نیوەڕۆ لە دیوەخانێکی کوردیی کوردێکی عەشیرەتی ئیسماعیل عوزێری، نەریتیش وەهایە دوای حەسانەوەی بەر لە نانخواردن، دۆیەکی ترشیان پێشکێش بکا کە هاوینان لە جیاتیی شەربەتە و ئینجا نان دەهێنرێ و ئەوە چاهی یان قاوە دەهێنرێ. کە لە نانخواردن بووینەوە، دەرچووین و لە تەنیشتدا چووینە کێڵگەی تووتن و لەژێر دارتوویەک دانیشتین و قسەمان دەکرد، لەم دەمانەدا مارمێلکەیەک بە لامانەوە ڕەت بوو بەردێکم بە نیازی کوشتنی تێ گرت. پیرەمێردێک سەیری کردم و ڕووی لە مامۆستایەک کرد و پێی گوت: "ئەم گیانەوەرە تاوانی چییە برادەرەکەت لێی دەدا؟ ". پرسیارەکەی بە کوردی کرد من تێی نەگەیشتم، کە گەڕاینەوە سلێمانی، برادەرەکەم پێی ڕاگەیاندم، پێم سەیر بوو، نەک لەبەرئەوەی ئەو کوردە بەزەیی بە گیانلەبەر دەهاتەوە، بگرە لە بەراوردکردنی ئەم بەزەییە بەوەی کە بیانییەکان دەیدەنە پاڵ کوردان، لە دەستدرێژی و سنوور بەزاندن بەرامبەر گەل و دەوڵەتە دراوسێکان، کە بە نیازی ناوزڕاندن و ناڕەحەتکردن. ئاخۆ ئەو کوردەی بەزەییی بە گیانلەبەردا دێتەوە شایەنتر نییە ژیانی لە گیانلەبەر بەرزتر بپارێزێ؟ ئەوەی دۆسێکانی دادگە سزاییەکان بکا لە عێراق، دەبینێ کورد لە هەموو ئەو گەلانەی لە عێراقدان تاوان کەمترن. ڕاپەڕینی دژ بەدەوڵەتانی خۆرهەلات کە دەستیان بەسەر ولاتەکەیدا گرتووە. جگە لە بەرگری لە ئازادی و لەناوبردنی ڕەگەزەکەی بەولاوە چیی تر نییە. ئاخۆ ئەمە بە تاوان دەژمێردرێ؟ نیوەی ئەو شەوەی ئەو شەوەم لەگەڵ هەڵبژاردەیەک لە مامۆستایانی قوتابخانەی ئامادەیی لە چایخانەیەکی جواندا بەسەر برد، گوێمان لە گۆرانیی کوردی دەگرت و یاریی بلیاردمان دەکرد، کە لەم شارەدا هەشتی وەهای لێیە. بۆ بەیانییەکەی پێش بەڕێ کەوتن سەرم لە سەرای حکوومەت دا بۆ بینینی سستمی کارەکانیان و هەموو فەرمانگەکانم بەسەرکردنەوە چونکە هەر هەمووی لە یەک بینادا بوون، سەرنجم دا هەموو کاروبارەکان بە زمانی کوردی بەڕێوە دەچن لەگەڵ لیوا کوردییەکانی تردا. بەلام لەگەڵ بەغدا وەردەگێڕرێنە سەر زمانی عەرەبی و هەروەها ئەوەی لە بەغداوە دێن دەکرێنە کوردی. لە کاتی گەڕانی ناو فەرمانگەکانمدا ژووری پشکنیاری بەڕێوەبەرێتیی

ئینگلیزیشم بینی. ئەودەمە بوونی پشکنیارە ئینگلیزەکانیش لە هەموو لیوایەکی عیراقدا پێویست بوو.

## بەشی چوارەم

## جاف – هەورامان

وای بەباش دەبینم بەر لەوەی باسی عەشیرەتی جاف بکەم، بۆ ئاسانکردنی بابەتەکە، بەپێی ئەم لیستەی خوارەوە باسی قەزا و ناحیەکانی لیوای سلێمانی بکەم:

| قەزا | ناحیە |
|---|---|
| (١) سلێمانی | سەرچنار – تانجەڕۆ – قەرەداغ – سیراجیک – سوورداش – بازیان. |
| (٢) خەڵەبجە " ئەڵەبجە " | خورماڵ – وارماوا – پێنجوین. |
| (٣) شەهربازار " شارباژێڕ " | چوارتا – ماوەت – پشدەر. |

قەزای هەڵەبجە بە نیشتمانی جاف دادەنرێ و شاری هەڵەبجەش ناوەندیی عەشیرەتەکەیە. ئەوەی بچێتە ئەوێ، لە سلێمانی سواری ئۆتۆمۆبێل دەبێ و بەرەو باشوور و باشووری خۆرهەڵات و بەخاکێکی شەپۆلاویدا لە ڕۆخی ڕووباری تانجەڕۆدا و بەسەر پردێکدا ڕەت دەبێ، ئینجا بە دوو گوندی ئۆربات و میوان ـدا ڕەت دەبێ و کە دەگاتە لای (سەراو) ڕێیەکەی بەڕێی پێنجوین دەگا و بەجێی دەهێڵێ و بەرەو لاپاڵەکانی چیاکانی هەورامانی خۆراوادا دەڕوا تا دەگاتە خورماڵ (گوڵعەنبەر) و بەمەش، بەزۆربەی دەشتی گەرمی شارەزووردا ڕەت بووە. ئەم دەشتە هەندێک لە تیرەکانی عەشیرەتی جافی لێ نیشتەجێن و گردی شوێنەواریی زۆر لێیە کە ئاماژە بەو شارە کوردییانە دەکا کە لە کاتی داگیرکاریی عەرەبی سەرەتای ئیسلامەتی و هێرشی تەتەر کە بەسەر دەوڵەتی عەباسییانیاندا کردووە. خورماڵ بەر لە سەدەیەک ناوەندێکی شوێنەواریی ئاشووری و ساسانی بووە و هەروەک مستەر هەبارد باسی دەکا "بەهەشتێ بووە لە بەهەشتەکانی جیهان، ئاو و میوەی زۆری بووە و بایە بووژێنەوەکانی کوردستان بەسەریدا هەڵدەکا و گەرمایی شارەزوور خۆش دەکا ". ڕێیەکە لەم دێیەوە بەرەو باشوور بادەداتەوە و ئینجا دەچێتە ناو هەڵەبجە و ماوەی ٦٥ میل لە سلێمانییەوە دوورە.

### هەڵەبجە

شارۆکەیەکە زۆر لە سنووری ئێرانەوە نزیکە و لەناو دەشتێکدایە بەباخچە دەورە دراوە و دوو شەقامی یەکدیبڕی پێدا دەڕوا شارەوانی هەوڵی تەواوکردنیان دەدا . ناوەندیی قەزای خورماڵ بووە و کە کارگێڕیی عوسمانی گۆڕا و کوردستانی باشوور خرایە سەر عێراق کرایە ناوەندیی قەزای

هەڵەبجە یان شارەزوور و میرانی جاف بۆ خۆیان کردە ناوەند. دانیشتوانی پێوەندیی بازرگانی و ئەدەبییان بە خەڵکی سلێمانییەوە هەیە و ئافرەتیان بە کراوەیی و ئازادیی تەواو لە ئافرەتانی سلێمانی جودان. مێجەرسۆن لە کتێبێکیدا لەبارەی کوردستانەوە دەڵێ: "ژنانی هەڵەبجە بە جوانیی دڵکێش تایبەتمەندن، بە ڕەوشت لە ئافرەتانی ئینگلیز جودا نین، ڕێبوار دەیانبینێ لە بەردەرگای ماڵانیاندا دانیشتوون تەشی دەڕێسن و قسە دەکەن و پیاوانیش هاتوچۆ دەکەن. کچە کوردەکان قسە لەڕوو و زۆر باوەڕ پێکراون و جوانییان پرشنگدار و بەژنیان ڕێک و ڕەوانە، ئەمەش بە پێچەوانەی ئافرەت " حەرەم "ی ناو تەلارەکانی ئەستەمبۆڵ کە بە زەردی و چاوڕەشی تایبەتمەندن ".

ئەمڕۆ حکوومەت لە هەڵەبجە قوتابخانەیەکی سەرەتاییی شەش پۆلی و شەش مامۆستا و سەت قوتابیی هەیە. قەزای هەڵەبجە بە برنج و تووتن و گەنمەشامی بەناوبانگە و لە ڕێی خانەقینەوە بۆ بەغدا دەنێررێن.

## عەشیرەتی جاف

لە زانیارییەکانمدا لەبارەی ئەم عەشیرەتەوە پشتم بە مێجەرسۆن بەستووە کە لە محەمەد عەلی بەگی پشتماڵای یەک لە سەرکردەکانی جاف لە قزلەربات وەرگرتووە:

جاف عەشیرەتێکی ئازا و سەربەرزە، ژمارەیان زۆرە، لە دێرزەمانەوە بە یەکڕیزیی سەرکردەکانیان ناسراون ئەم یەکگرتنەش هێز و سامانی پێ بەخشیون. سەرانیان ئەمڕۆ شارەیلێکی بایەخداریان هەیە وەک هەڵەبجە و پێنجوین و قزلەربات جگە لە زەویوزار و گوندێکی زۆر کە بە پارەی تایبەتیی خۆیان کڕیویانە، کە ئەمە پێوەندیی بەزەوییەکانی عەشیرەتەوە نییە، واتە ئەو زەوییانەی عەشیرەت بۆی هەیە بیچێنن و بیکەنە لەوەڕگە و کۆچ و باری گەرمیان و کوێستانەکانیان پێدا دەڕوا کە ئەم زەوییانە هی عەشیرەتن و بە دەست بەسەرداگرتن و و پێ بەخشین دەستیان کەوتووە. کۆن، نیشتمانی جاف لە کەرتە خاکی بەپیتی (جوانڕۆ)دا بووە لە کوردستانی خۆرهەڵاتدا کە سەر بە دەسەڵاتی میرانی ئەردەڵانی کورددا دەژیان. هۆی هاتنیان بۆ نیشتمانە تازەکەیان شکستهێنانیان بووە لە بەردەم ئەردەڵانییاندا، کە لەگەڵیاندا لە جەنگێکی بێ ئاماندا بوون لەگەڵیان لەسەر دەسەڵات و حوکم کە نەیانتوانیوە لەگەڵیاندا و (محەمەد)ی گەورەیان و کوڕەکەی و براکەیان بەدەستی ئەردەڵانییەکان لەناو چوون.

لەسەدەی حەڤدەی زایینیشدا کە عوسمانییەکان دەستیان بەسەر بەغداوە گرت و پەیمانی ساڵی ١٦٣٩ی زایینیان لەگەڵ ئێرانییاندا بەست بۆ دەستنیشانکردنی سنوورەکان بەپێی ئەم سنوورە عەشیرەتی جاف بوون بە دوو کەرتەوە، کەرتێکیان لە ئێراندا مایەوە و کەرتەکەی تر زەوییەکانیان کەوتە ناو سامانە عوسمانییەکان، کە لای بابانەکانی سلێمانیی گرت و پارێزگاریی لێ کردن و مافی گەڕان و لەوەڕیان لەو ناوچانە پێ بەخشین کە بەدەستیانەوە بوو کە ئەمڕۆ هی خۆیانە و لە

باکورەوە دەگاتە پێنجوین و لە باشووریشدا دەگاتە خانەقین و قزلەربات و ئەمانیش دانیان بە خەلیفە (جێنشین)ی عوسمانیدا نا بە مەرجێک ئەم دان پێدانانە دەست لە سەربەخۆیی بەڕێوەبردنی ناوخۆیان نەدرێ. ئەم بەشە کۆچەرەی جاف بەشی ڕەوەندیانە و بە (مرادی) دەناسرێن و ژمارەیان (٥٠) هەزار دەبن و بەناوبانگترین تیرەشیان (پشتەمالا)یە، کە ئەو تیرەیە وا سەرانی عەشیرەتەکەی لێ هەڵکەوتوون. دوا سەرکردەی ناسراویان محەمەد پاشا بووە، کە کۆچی دوایی کردووە سێ کوڕی لە دوای خۆیەوە جێ هێشتووە کە: عوسمان و مەحموود و محەمەد عەلی -ن، کارگێڕیی عەشیرەتیان دابەش کرد، مەحموود بووە تاکە بەرپرسی عەشیرەت لە نیشتن و کۆچەریدا و عوسمان-یش بە قایمقامی گوڵعەنبەر و هەڵەبجە و شارەزوور دامەزرا و محەمەد عەلی _ش لە قزڵرییات (قزلەربات) مایەوە ژیانێکی دەستڕۆ و خۆش بەسەر دەبا. ئەو تیرانەش کە سەر بە (پشتەمالا)ن ئەمانەن: ئاناڵا () جافی سارتک () جافی تیلان () میکایەڵی، ئاغا سووری () چنگنی () ڕوغزایی () تەرخانی () باشکی () کیلالی () شاتری ( ١٥)، هاڕوونی، نوروالی، کووکوویی، زارداوی، یەزدان بەخشی، شێخ ئیسماعیلی، سادانی، باداخی، مووسی، تیلەکۆ.

ئەو بەشەیان وا لە ئێران مانەوە، بوونە دوو بەش، بەشێکیان لە سەدەی هەژدەمدا بەرەو باشوور چوو و چووە پاڵ عەشیرەتی گۆران کە لەسەر سنوور لە ئیپالەتی کرماشان و لوڕستان و ناویان لە خۆیان نا (جافی گۆران)، ئەم بەشەش لەم تیرانە پێکهاتوون:

قادر میر وەیسی، تیشی، قالجانی، یوسف یار ئیحمەدی، کویک، نیرژی، گورگگێش، بەشەکانی تریش لە (جوانڕۆ)ی نیشتمانە ڕەسەنەکەی خۆیان لە: قوبادی، باجانی وەڵەدبەگی، ئیناحی، ئیمامی، دپرشی، دەلالتژی، میرابەگی، نامدار بەگی. سەرەڕای ئەم دابەشبوونە، جاف هێشتا سەربەرز و دەوڵەمەندن و ژمارەی گشتیان وەک مێجەرسۆن دەڵێ چەند سەد هەزارێکن.

## جاف و سیاسەتی تورک

عوسمان پاشای جاف قایمقامی سەر شارەزوور بوو، ناوەندیی قایمقامێتییەکەی لە خورماڵەوە گواست بۆ هەڵەبجە، ئینجا ساڵی ١٨٩٥ی زایین، عادیلە خانمی یەک لە میربانووەکانی ئەردەڵانی خواست. حکوومەتی تورک ئەم ژن و ژنخوازییەی پێ باش نەبوو چونکە باوکی خانم پۆستێکی بەرزی لە تاران هەبوو، حکوومەتی ئێران ئەوەی پێ باش بوو و شا، شمشێرێک و نازناوێکی بە پاشا بەخشی. هەروەها هۆیەکی تریش هەبوو کە تورکەکان بەم ژن و ژنخوازییە ڕازی نەبن، ئەویش ئەوەیە کە پێوەندیی جاف بە ئەردەڵانییان ڕێ لە فراوانییان بەرەو ئێران لێ دەگرێ، چونکە تورک ناکۆکیی عەشیرەتە کوردەکانیان بە هەل دەزانی بۆ وروژاندنی سەر سنووری ئێرانی و بواریان دەبێ بەرەو خاکی ئێران فراوان ببنەوە بێ ئەوەی تێچووی سەربازییان هەبێ یان یەک سەرباز لە دەست بدەن. کە پاشا خانمی هێنایە هەڵەبجە جڵەوی کاروباری دایە دەست، لەنێو

عەشیرەتاندا دەستی بە یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانی نێو عەشایەر و حکومەتی تورک لە سلێمانی و کەرکووک و مووسڵدا کرد و بەباشترین شێوە هەڵەبجەی بەڕێوە برد و دوو تەلاری جوانی لە شێوەی تەلارەکانی (سنە)ی پایەتەختی ئەردەڵانییانی لێ دروست کرد و دەست و پێوەندەکانی لە کوردی وڵاتی خۆی دانا و ئاواییەکی بچووکی لێ پێکەوە نان و بەندیخانەیەکی نوێی دروست کرد و دادگەیەکی دانا خۆی سەرۆکایەتیی دەکرد و دۆز و گرفتەکانی پیاوانە یەکلا دەکردەوە و فەرمانی دا بازاڕێکی چوارگۆشە بنیات بنرێ و هەر خۆشی هەوڵی بەڕێوەبردنی شارەکە دەدا بۆ تەواوکردنی کارەکانی، هەروەها پشتگیریی بازرگانیی کرد و بازرگانان لە شارە دراوسێکانەوە هاتن و بەمجۆرە هەڵەبجە لە گوندێکی پەرپووتەوە بووە شارۆکەیەکی بچووک.

کە تورک بە ڕاکێشانی برووسکە و (تەلەفۆن) ویستیان دەسەڵات بەسەر هەڵەبجەدا بگەیەنن، عەشایەر بە بڕینی تەلەکان ڕێیان لە بەدیهێنانی ئارەزووەکانی دەوڵەت گرت، یەکسەر خانم ئاگەدارییەکی نارد، تێیدا چاککردنەوەی تەلە پچڕاوەکانی ڕەت کردەوە چونکە نەیدەویست دەسەڵاتی تورک بە میرنشینییەکەیدا بڵاو ببێتەوە. بەوەش تا کۆتایی جەنگی گشتی هەموو ناوچەی شارەزووری پاراست. کە بارودۆخی سیاسی گۆڕا و کوردستانی باشوور خرایە سەر عێراق شارەزوور یەک لەو پارچانە بوو. مێجەرسۆن ئەو کاتەی لە هەڵەبجە بە شێوەگۆڕین وەک بازرگانێکی شیرازی سەری لە خانم داوە، دەڵێ: دوازدە کەسی تەواو چەکدارم دی پاسی تەلارەکەیان دەکرد، لە یەکەم بینینیدا بە هەڵەدا نەچووم و زانیم کوردە، کە هەموو تایبەتمەندییە دیارەکانی ڕووی کورد بەڕوویەوە دیاربوو، دەموچاوێکی هێلکەیی، دەمێکی مەیلەو گەورە و لووتی هەندێک گێڕ و چاوەکانی ڕەش و تیژ. بەژنیش نە قەڵەو و نە لاواز (بڕوانە وێنە بڵاوکراوەکەی لە کتێبی ناوبراودا) بێگومان کەسایەتیشی لە سەرووی گەلێک لە کەسایەتییە ئافرەتەکانی جیهانی ئیسلامیدایە، بەخانەدانی و بەرزیی ڕەوشت و ئازادیی مێیینەیی و ئەم ئازادییە تایبەتمەندیی ئافرەتانی کوردە لە ئافرەتە موسڵمانەکانی وڵاتە دراوسێکانی کوردستان.

## هەورامان (ئەورامان)

لە هەڵەبجەوە زنجیرە چیایەکی سەخت دەردەکەوێ و لە ڕووباری سیروانەوە بەرەو باکور لە دووریی پەنجا میل درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە سنووری تورکیا و بەرزییەکەی دەگاتە ٨٣٠٠ پێ و هێڵی سنووری نێوانی ئێران و عێراق بەسەر لووتکەکانیدا دەڕوا و بەم زنجیرەیە دەگوترێ (هەورامان) و ئەو عەشیرەتانەی لێی دەژین هەر بەم ناوە دەناسرێن. (هەورامان)یش لە سای دەسەڵاتی سەرانیدا دەڤەرێکی سەربەخۆ بووە، ئەردەڵانییەکان هەوڵی بەسەردا ڕاگەیاندنی دەسەڵاتیان داوە بەڵام تا ڕادەیەکی کەم نەبێ سەرنەکەوت. ئەم دەڤەرە ئەمڕۆ لەنێو دوو دەوڵەتی عیراق و ئێراندا دوو کەرت بووە و سەرانیان بە ناوە نەبێ دان بە دەسەڵاتی ئەو دوو دەوڵەتەدا نانێن. بەناوبانگترینی ئەو گوندانەی لە عیراقدان (تەوێڵە وبیارە)ن و لە هەڵەبجە دوو ڕێ هەیە بۆ

تەوێڵـە، یەکێکیـان بە دێی (خـەرپانی)دا دەچێ کە نـزیکترینیـانە و ئەسـپسوار دەتوانێ بە چوار سەعات بیبڕێ، دووەمیان بـە جۆگەی (چەمی خـواجایی)دا ڕەت دەبێ و شـەش سەعـات دەخایەنێ. ڕێبـــوار بە درێژاییی ڕێ چەند گـوندێک دەبینێ ئـاوێکی زۆریان هـەیە کـە لـەبەرئـەوەی بە دار و درەختی باخچـەکان دەورە دراوە، بەناوبانگەکـەیان (هـانە گـەرمـەڵە)یە واتە دێی کـانیی گـەرم و لە لاپاڵی چیایەکە ئەوەندە ئاوی لێ هەڵدەقووڵێ بەشی باخچە چڕەکانیان بکا و زۆربەی دارەکانیان گوێز و توو و قـەیسین و ژمارەی دانیشـتوانی بـە ٤٥٠ کـەس دادەنرێ و خـانمەکانیـان بە جوانیی دڵکێش ناسـراون و (ئەفراسـیاو بـەگ)ی برازای جەعفـەر سـوڵتـان (جـافر سـان)ی شـۆڕشگێڕی کوردی بەنـاوبانگی سـەرسنووری ئێران _ عیـراق ئەم گوندەی کـردووەتە بنکەی خۆی. ئـەم بەگە گوندێکی دیکەشی هـەیە کە (هـانە نەوتە) یە، واتە گـوندی کـانە نەوت، دوای هـانە گـەرمـەڵە بە دوو سـەعـات گـوندی (بیـارە) لە لووتکەی چیـایەکدا دیار دەبـێ، شێوەی لە هـەیکەلێکی بتـپـەرسـتـانی هیندسـتان دەچـێ و بینەر لە دۆڵەکـەیەوە وەک پلیکانەدارە ڕۆمـانییـەکان دەچێ. عـادیلە خـانم لەبەر خۆشیی کەشوهـەوا و ئاوزۆری و فراوانیی باخچەکانی تووی سپی.

دوای جێـهـێشـتنی بیارە ڕێبـوار لە لاپالی هـەورامـاندا (تـەوێڵـە) دەبینێ کە دێیـەکی گـەورەیە و مـاڵەکانی لەگەڵ نشێویی ئەو چیایەی لە سەریەتی پلەدارن و لە کۆتاییەکەیدا بازاڕێک بە ناویدا دەڕوا و بەرامـبـەرەکـەی لە لاپاڵی چیـادا باخی گـوێز و تووی سـپـیی لێـیـە. باخـەکـانی ناو دۆڵ لە کۆتاییی ئەم چیایەوە دەست پێ دەکا و تا ماوەی حەوت سەعات و نیو درێژ بووەتەوە.

ئەم گوندە بەناوەندێکی بازرگانیی نێو عێراق و ئێران دادەنرێ، بۆیە خەڵکەکەی لە دروستکردن و چنینەوەی جلوبەرگە کوردییـەکاندا بەهـرەوەرییان بەدەسـتەوە هێناوە. خـەڵکەکەشی زۆر حـەزیان لە فێربـوون و خوێندەوارین، کە حکوومـەتی بۆ کردنەوەی قوتـابخانەیەکی تێدا هـان داوە. گـەورەی گوندیش (قـادر بەگی کـوڕی جافر سـوڵتـان)ە و شـان لە شـانی دەسـەڵاتی نادرێ، بەتایبـەتی کە ڕێکخـراوە کـارگێـڕییـەکانی تێدا نییـە. ئـەم قـادر بەگـەش بیست و پێنج بـرا و دوازدە خـوشکی لە دایکی جودا جوداوە هـەیە.

هـەروەها تەوێڵە ناوەندێکی گەورەی نەقشبەندییانە، تەکیەیەکی جوانیان تێدا هـەیە ئەوانەی سـەر بە ڕێبـازی نەقشـبـەندییـەکانن لە هیندسـتـان و لە شـوێنانی تری وڵاتە ئیسلامـییـەکانەوە بۆی دێن. مـیوان دەتوانێ ئـەگـەر بـەسـەر چیـای تەوێڵـەدا سـەربکەوێ بەسـەر دۆڵی بەرینی سیـروانی جـواندا دەڕوانێ. سیـروان کە ناوە کوردییەکەی ڕووباری دیالەیە، لە چیاکانی ئەردەڵانەوە هـەڵدەقووڵێ و لە نزیکی باشـووری خۆرهـەڵاتی بەغدادا دەڕژێتـە دیجلە. بەر لەوەی بێتـە ناو سنووری عێراق دەگـاتە لکە ڕووباری (مـەریوان) کـە ئاوەکـەی لە دەریاچەی (گـۆلی زرێبـار) وەردەگـرێ، ئینجـا لە باشـووری خۆرهـەڵاتی هـەڵەبجە دەچێتە ناو عێراق و ڕێڕەوەکەی بەرین دەبێ تا دەگاتە ئاوی (تانجەرۆ)کە لکی خۆراوایەتی، لە کێوەکانی (سـەرچنار)ەوە هـەڵدەقووڵێ. کە دەگاتە ئەوپەڕی زەوییەکانی کوردستـانی باشـوور و خـۆرهـەڵات چەند لقـێکی تێ دەڕژێ بەنـاوبانگـترینیـان (عـەباسـیـیـان)ە و لە چیـاکـانی

(زەهاو)ەوە هەڵدەقوولێ و (خۆراتوو) کە لە چیای بانیگازەوە هەڵدەقوولێ و ئەڵوەند لە لاپاڵی چیای کرندی خۆراوا و بە تەک کۆشکی قەسری شیرین و ئینجا بە خانەقیندا دەڕوا و دوای ئەوەی ئەم لقانە دەڕژێنە ڕووباری سیروان و لە بەشی خوارەوەیدا ناوەکەی بە دیالە گۆڕاوە.

## بەشی پێنجەم

## شارەزوور

### شارەزوور و دانیشتوانی

شارەزوور یەکێکە لە ناوچە بەناوبانگەکانی کورد، لە باکور و خۆراواوە زێی بچووک و لە باشوورەوە دیالە و چیاکانی حەمرین و لە خۆرهەڵاتەوە چیاکانی هەورامان کە لە ئەردەڵانی جودا دەکردەوە. ئەمڕۆ بەناوبانگترینی عەشیرەتەکانی جاف و هەمەوەند و زەنگنە کە لە سەدەی هەژدەمدا هێشتا لە کوردستانی خۆرهەڵاتدا بوون لە ئێران، عەشیرەتەکانی شێخان و تاڵەبانی و جەباری هێشتا کۆمەڵانێک بوون پێوەندیی ڕێبازە ئاینییەکان کۆیانی دەکردەوە. ئەوسا لادێییە کوردەکانی کەرکووک بەپێوەندییەکانی یەکگرتنەوە توانییان قەوارەکانی خۆیان بپارێزن، ئەو قەڵا ڕووخاوانە و نووسراوە شوێنەوارییانەکان کە ئەمڕۆ دەبینرێن دەگەڕێتەوە بۆ شارستانیی کوردستان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا.

### کێشەی فارس و تورک

فارس و تورک کە ویستیان لە داگیرکارییاندا بەرەو خۆراوا و خۆرهەڵات بۆ ناو زەوییەکانی کورددا پەل بهاون، میرە کوردە سەربەخۆکان لە شارەزوور و سوڵتانەکانی ئەردەڵان کە پێش سەفەوییان و عوسمانییان کەوتن لە فراوانکردنی دەسەڵاتیان و دەست بەسەر شارەزووردا گرتندا بەرەنگاریان بوونەوە. کە ئەفسەری ئێران بۆ شا ئیسماعیلی سەفەوی مایەوە، سوڵتانی ئەردەڵان دڵسۆزیی بۆ نواند و لەوساکەوە ئەوانەی دوای ئەو هاتن لەگەڵ حکوومەتی ئێران تەواوێک بە تەبایی مانەوە، ئەگەر ئەو دانپێدانە کاتییەی دوای جەنگی (چاڵدیران)یان بە سوڵتان سەلیمی یەکەمی لێ دەرکەین.

کاتێک مەئموون-ی دووەمی ئەردەڵانی دوای ئەم جەنگە دەرکەوت و دەسەڵاتی بەرەو باشوور و خۆراوا بڵاو کردەوە و دەستی بەسەر شارەزووردا گرت و میرنشینییە گچکەکانی زێ و هەورامان و شارباژێڕ و قەرەباغ (١٦) بە شێوەیەکی فەرمی دانیان پێدا نا و ئەم فراوانبوونەشبە دڵی سوڵتان سولەیمانی قانوونی نەبوو کە چاوی بڕیبووە ئەوەی دەست بەسەر ڕێیە خۆرهەڵاتییەکانەوە بگرێ، کە ساڵی ١٥٣٨ ی زایین سوپایەکی گەورەی ناردە سەر. بەسەرکردایەتیی (١٧) حوسێن

پاشا و هەندێک لە میرەکانی کوردستانی باکور، کە میرانی بەهدینانیشیان تێدا بوون بۆ ئەوەی بە پلەی یەکەم ئەگەر لە توانستدا هەبوو دەست بەسەر شارەزوور و مەریوان و سنەدا بگرن.

ئەم لەشکرە بەرامبەر سوپای مەئموون بووەوە کە بەرگرییەکی سەربەرزانەی کرد و ئینجا بە ناچاری کشایەوە قەڵا سەختەکەی لە (زەڵم)دا و لەشکری عوسمانی دوای کەوت و تێیدا گەمارۆی دا، کە زانی بەرگرییەکەی سوودی نییە، خۆی بەدەستەوە دا و مەرجەکانی عوسمانییانی پەسند کرد و بە دیلی چووە ئەستەمبۆڵ و سوپای عوسمانیش دوای ئەوەی چەندی لەدەست هات تێک دا و هەروەک تەتەر و مەگۆل لە هەموو جەنگەکانیاندا دەیانکرد.

دوای مەئموون (سورخاب)ی مامی یاخی بوو و داننانی بە شا، نوێ کردەوە و ئەندامانی تری بنەماڵە کەوتنە زەوییەکانی عوسمانی، کە سوڵتانی وا لێ کرد مەئموون ئازاد بکا و ناوچەی (حیللە)ی عێراقی عەرەبی پێ ببەخشێ ئەمەش ئەوەیە کە شەرەفنامەی (مێژووی کوردان) دەیڵێ و لەم خاڵانەی خوارەوەدا پێچەوانەی خاوەنی گوڵشەنی خولەفا (گلشن خلفا) (١٨)یە:

١) سوڵتان سولەیمان ساڵی ١٥٣٥ی زایین، بۆ دابینکردنی گوێڕایەڵیی شارەزوور، مەئموونی بەبارمتە گرت نەک بە دیل. بە والیی حیللە دامەزراندنیشی پاداشتی ئەو دڵسۆزییەی بوو کە نواندبووی و لەبەر پەسندکردنی سیاسەتی تورک.

٢) ڕووداوەکانی مەئموون لە نێوانی ساڵانی ١٥٥٢ - ١٥٥٤ی زاین بووە. هێزی بەغداش ئەوە بووە کە لەگەڵ شارەزوور جەنگی بوو و باسی ئەردەڵانی تێدا نەکراوە.

٣) دوای ساڵی ١٥٥٤ی زایین شارەزوور خراوەتە سەر ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی.

## سورخاب و عوسمان پاشا

داننانی سورخاب بە شا، سوڵتانی ناچار کرد لەشکرکێشییەک بە سەرکردایەتیی عوسمان پاشای والیی حەڵەب ئامادە بکا و ساڵی ١٥٤٩ی زایین لە جیاتیی ئەو والییەی یاخیبوونی سورخابی بە سوڵتان ڕاگەیاند محەمەد بەلتەچی -ی جێگریی گشتیشی بە والیی سەر بەغدا دانا. (گلشن خلفا)

لەشکرکێشییەکەی عوسمان پاشا لە سەربازی پیادەی فەرمی (نیزامی) و هێزەکانی میرە کوردە دەرەبەگەکان پێک هاتبوو و ئینجا تیپێکی سەربازی بەتەواوی پێویستییە جەنگییەکانییەوە لە بەغداوە چووە پاڵیان. کە لەشکرکێشییەکە ڕێک و تەواو بوو، عوسمان پاشا پێشڕەویی بەرەو ئەردەڵان کرد و لەگەڵ هێزەکانی سورخاب بەیەک گەیشتن و دەستی بە گەمارۆکەدا گرت و تۆپەکانی گوللەکانیان ڕشتە سەر قەڵای سورخاب، کە، کاری تێ نەکرد و هێزەکانی نەیانتوانی دەوری پیاوانی ئەردەڵان بدەن و نوشوستیی هێنا و ئەم نوشوستییەش خراپترین کاریگەریی لە ناخیدا هەبوو و بە بەزیوی و شکاوی مرد.

شەرەفنامە لەگەڵ خاوەنی " گوڵشەنی خولەفا "دا لەوەدا ڕێکە، کە عوسمان پاشا سەرکردەی ئەم لەشکرکێشییە بووە کە لە هێرشەکەیدا سەرنەکەوتووە و لەوەش پتر دەڵێ قەڵای سورخاب هەر قەڵای (زەڵم)ە و ئەو گەمارۆیەی دوو ساڵی خایاندووە دوای شەڕێکی سەختدا بووە دوای ئەوە هێزەکانی شا تەهماسب هاتووە و قەڵای ڕزگار کردووە و محەمەد بەگی یەک لە میرەکانی ئەردەڵان دوای ئەوەی لە بەردەمی هێزەکانی سورخابی برایدا بەزیبوو لەو کاتەدا مردووە کە عوسمان پاشای تێدا مرد.

نووسەری تورکی خاوەنی " گوڵشەنی خولەفا " باسی شکستی لەشکرکێشیی عوسمان پاشای پشتگوێ خستووە و شارەزوور بە درێژاییی نیوەی دووەمی ئەم سەدەیە بە بەشێک لە موڵکە عوسمانییەکان دادەنێ، محەمەد بەڵتەجی لە تۆماری ڕووداوەکانیدا گوتوویەتی بۆ وەرگرتنەوەی شارەزوور نێرراوە، لە بەغداوە کەوتووەتە ڕێ، لەپاش خۆیەوە سوهەیل بەگی حاکمی (ڕەمماحییە)ی لە شوێنی خۆی داناوە و بۆ گفتوگۆکردنێکی دیپلۆماسییانە لەگەڵ سورخاب، کە لە کارەکەیدا سەرکەوتووە و پەیماننامەیەکی لەگەڵ سورخاب بەستووە بڕیاری کردنەوەی قەڵا و گەڕاندنەوەی شارەزوور داوە بۆ ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی. هەروەها دەڵێ کە (وەلی بەگ)ی دوای ئەوە بە حاکمی شارەزوور داناوە و کۆمەڵە پاسەوانێکی لەگەڵدا ناردووە کە بەش بکەن و بەوەش ئەم ویلایەتە کوردییە بۆ یەکەم جار ساڵی ١٥٥٤ی زایین لە موڵکەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا ڕێک خراوە.

بەڵام تۆمارەکانی ئەردەڵان بەپێچەوانەی ئەوە لەگەڵ شەرەفنامەدا ڕێکن لە هاتنی هێزەکانی شادا کە پشتگیریی سورخابی کردووە و ئەوەش ورەی ئەردەڵانییان بەهێز بووە و بەرەنگاری هێرشەکانی تورک بۆ سەر شارەزوور بوونەوە و ماوەیەکی دوور بەدەستیانەوە مایەوە. هەروەها دەڵێ سورخاب بارام (بەهرام)ی کوڕی نارد و وەک حاکمی ڕەواندز کە بەچاکی بەڕێوەی بردووە و بنەماڵەیەکی حوکمداری لە نەوەی خۆی تێدا جێ هێشت سێ سەدە فەرمانڕەواییان کرد. سەردانەواندنی دوای ئەوەی شارەزوور بە ئارەزوو و ویستی (تەیموور) بووە کە میری ئەردەڵانە هەستی بە لاوازیی شایەکانی ئێران کردووە و ڕووی لە ئاستانە (سەستەمبۆڵ ٩ کردووە و پێوەندیی بە (سوڵتان موورادی سێیەم) وە کردووە کە ئەم پێوەندییەی بە فەرمانەکانی و بەخششەکانی بەهێز کردووە و هەموو ئەردەڵان بەناوە بە خەلیفەوە بەستراوە و ئەردەڵانییەکان دەستیان لە شارەزوور هەڵگرتووە و لەوساوە بەڕێوەبەرێتی و بەڕێوەبەرێتیی دۆڵەکانی حەریر و بازیان ڕاستەوخۆ بە کەرکووکەوە بەستراوە و لە ساڵی ١٥٨٠ی زایینەوە بووەتە بەشێک لە موڵکەکانی عوسمانی. ئەم کەرکووکەش لە سەردەمی سوڵتان سولەیمانی قانوونیدا بووەتە ئییالەتێکی تورک و پێشتر بە دەست میرە کوردەکەیەوە بووە و نازناوی بەگی سنجەق (سنجەق بەگی)ی بووە. ساڵی ١٦٠٠ی زایینیش بارودۆخی سیاسی گۆڕا و میری نوێی ئەردەڵان واز لە هەردوو دەسەڵاتی تورک و ئێران هێنانی ڕاگەیاند، بەڵام ئەوەندەی نەبرد خۆی دا بەدەستی فریوی

شا عەباس و ورەی سارد بووەوە. ساڵی ١٦٠٥ی زایینیش خان ئەحمەد خانی بە دواوە هاتە سەر تەختی (سنە) و دوژمنی سەرسەختی تورک بووە و هەرکە دەستی دایە بەڕێوەبردنی ئەردەڵان دەستی بە دوژمنایەتییان کرد و هێرشی بردە سەر ئەو عەشیرەتە کوردانەی سەر بە تورک بوون (موکری و بڵباس) ئینجا دوای چەند ساڵێک دەستی بەسەر ڕەواندز و ئامێدیدا گرت و حاکمی لەسەر ئەمانە و کۆیە و حەریریشدا لەلایەنی خۆیەوە دانا. میرە ناوچەییەکان نارەزاییان دەربڕی بەڵام بۆیان نەچووە سەر و خۆیان بەدەستەوە دا.

فەرمانڕەوایی خان ئەحمەد خان لەسەر تەختی سنەدا بیست ساڵ درێژەی هەبوو کە پرشنگدارترینی سەردەمانی ئەردەڵان بوو، کە هەموو موڵکەکانی ئەردەڵانی دێرینی گەڕاندەوە و شا عەباس ئاگربەسی لەگەڵدا کرد و پاشاکانی مووسڵ لێی دەترسان. مێژوونووسە تورکەکان و عێراق دان بە هێرشبردنە سەر وڵاتی عوسمانی و دەست بەسەرداگرتنی هەندێ لە ناوچە عوسمانییەکاندا نانێن. ئەوەش کە بێدەنگییان لێ کردووە و هیچیان لە تۆمارە مێژووییەکانیاندا لەبارەیەوە نەگوتووە. هەروەها خان ئەحمەد خان دەستی لە کاروباری زەوییە بۆ بڕاوەکانی میرە کوردە ڕاڕا و بە ناوە سەربەخۆکاندا وەرداوە و ئەو فرمانانەی سوڵتانیش کە پێیان بەخشراوە، بە دیارییەکانی گۆڕییەوە کە لەلای خۆیەوە پێیان درابوو.

## شارەزوور

## لە سەدەی حەڤدەمدا - بابان

### پەیدابوونی بابان و پێوەندییان بە عەشیرەتش پشدەر و بنەماڵەی سۆران

لۆنگریک دەڵێ: هەموو ئەو شتەی لەبارەی پەیدابوونی بابانەوە دەیزانین ئەوەیە کە لە سەدەی حەڤدەمدا دەرکەوتووە دەچنەوە سەر فەقێ ئەحمەد کە لە سەرەتای سەدەی حەڤدەمدا هەڵکەوتووە و بە نازناوی بابان _ەوە ناسراوە. ئەم فەقێیە، کۆمەڵە خەڵکێکی لە دەوری خۆیدا کۆ کردووەتەوە و لە شێوەی یەک لە سەرکردە بەهێزەکان دەرکەوتووە، کە سەرەک عەشیرەتەکان سڵیان لێ کردووەتەوە. کاتێک کۆچی دوایی کرد " ماوەند "ی کوڕی جێی گرتەوە و دەستی بەسەر شارباژێڕ و دەوروبەریدا گرت و بەمەش بناغەی میرنشینیی بابانی داڕشت و سلێمان بەگی کوڕی بە دامەزرێنەری ڕاستەقینەی ئەم میرنشینییە دادەنرێ، کە گەورەترین کەسایەتییەکی شارەزوور بووە و توانیویەتی سنووری ئەم میرنشینییە لە خاکی شارەزووردا فراوانتر بکا کە بە دەست ئەردەڵانییەکاندا بووە. هەلی بێهێزیی میری ئەردەڵان و بڵاوبوونەوەی ئاژاوە و زۆرداریی لە (سنە) قۆزتەوە و ساڵی ١٦٩٤ی زایین هێرشی بردووەتە سەر وڵاتەکەی. یەک لەو هۆیانەش کە هانی داوە ئەوە بکا دووریی هەردوو دەسەڵاتی تورک و فارس بووە لە ناوەندی بزووتنەوەکانییەوە و بەمجۆرە سەرەتا دەستی بەسەر چەند ناوچەیەکدا گرت و دوو حاکمیشی لە حاکمەکانی ئیعدام کرد و

ئینجا لەگەڵ لەشکرەکانی ئەردەڵاندا پێکیان دادا کە هەندێکیان چل هەزار کەس بوون لە ئازاکانی فارس و جەنگ لە نێوانی دوولادا ساڵێکی ڕێک درێژەی بووە و لە کۆتاییدا سلێمان بەگ بەزیوە و هەزاران کوژراو و دیلی لە دوای خۆیەوە جێ هێشتووە. هەندێک لە مێژوونووسان هۆی شکستەکەی بۆ ڕێککەوتنی لەشکرەکانی فارس و تورک بووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی و هەندێکیش دەڵێن تورکەکان نێرراوێکیان ناردووەتە لا داوایان لێ کردووە ئاشتەواییان لەگەڵ فارسدا ببەستێ بەر لەوەی هەوڵی چوونە ناو خاکی عوسمانی بدەن.

ساڵی ١٦٩٨ و ١٦٩٩ی زایین تورک لەشکرێکیان کردووەتە سەر لە بیمی هێزو پەرەسەندووەکەیان و ڕێزنەگرتنی دەسەڵاتیان. سەرکردەی ئەم لەشکرە والیی بەغدا بووە بە هاوەڵیی پاشایانی حەڵەب و دیاربەکر. هەموو ئەو شتانەی لەبارەی دوای ئەوەوە دەزانرێ ئەوەیە سلێمان بەگ چووەتە ئاستانە "ئەستەمبۆڵ " و لەوێ بە ڕێزێکی زۆرەوە پێشوازیی لێ کراوە و سوڵتان (سنجەقی بابان)ی پێ بەخشیوە و لە ئاستانەوە چووەتە (ئەدرنە)ی پایەتەختی دووەمی عوسمانییان لە ئەوروپا کە لەوێ مردووە " خوا لێی خۆش بێ". مردنەکەی بۆ عەشیرەتی زەنگنە هەلێک بووە کە هێرشیان بردووەتە سەر وڵاتەکەی و بەشێکیان لێ داگیر کردووە. " جەودەت پاشا "ی مێژوونووسی تورک دەڵێ: ئەو زەوییانەی ئەم عەشیرەتانە وەریان گرتووە هی خۆیان بووە و بابان داگیریان کردووە و ئەمان گەڕاندوویانەتەوە. کە کوڕەکانی سلێمان بەگ لەسەر ئەوە ڕێک نەکەوتن کێ جێی بگرێتەوە، حکومەتی تورک دەستی لە کاروباری بابان وەردا و چەند ساڵێک ڕاستەوخۆ میرنشینییەکەیان حوکم کرد، تا بەکر بەگ میرنشینییەکەی کەوتەوە دەست و دەستیان لێ هەڵگرت.

## بەکر بەگ و فراوانبوونی میرنشینیی بابان

دوای ئەوەی بەکر بەگ فەرمانڕەوایی گرتە دەست دەسەڵاتی تورکی لە وڵاتەکەی لابرد و دەسەڵاتی خۆی بە خۆرهەڵات و خۆراوادا بڵاو کردەوە فراوانیی وڵاتەکەی لە سیروانەوە تا زێی گچکەی خۆرهەڵاتی ڕێی (کفری _ پردێ) بەرین بووە. لەگەڵ ئەردەڵاندا پەیمانێکی بەست کە ئەوە دەگەیەنێ کە دەسەڵاتی هێندەی ئەو بووە و توانستی ئەوەی بووە پارێزگاری لەو (جاف)انە بکا کە لە جوانڕۆ تووشی شکست هاتبوون. هەروەها لە ڕۆژگاری ئەمدا ئەدەبیاتی کوردی پەرەی سەندووە و کوڕەکان و نەوەکانیشی بە لەخۆبووردەییی نەتەوەیی ناسراون و پایەتەختی بابانەکان لە سەردەمی سلێمان بەگدا دێی (قەڵاچوالان) بووە.

## دووباره عێراق دەکەوێتەوە بەردەستی فارس
هەڵوێستی بەکر سوباشیی والیی بەغدا بەرامبەر حکوومەتی عوسمان
هەڵوێستی کورد لەم ڕووداوەدا ١٦٠٠ – ١٦٣٩ی زایین

### هۆیەکانی کەوتنی عێراق بەردەستی فارسەکان

هۆیەکانی کەوتنی عێراق بەردەستی فارس دوای ئەوەی سوڵتان سولەیمانی قانوونی (٨٧) ساڵ بەر لەوە دەدرێتە پاڵ:

١) داگیرکردنی بەغدا لەلایەن بەکر سوباشی _یەوە.

٢) لاوازیی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لە کاروباری ناوەخۆییدا هۆیەکانیشی ئەمانە بوون:

ا _ شۆڕشی حەسەن پاشای ئەبازەی چەرکەس لە ئەنادۆڵ.

ب _ شۆڕشی چیای لبنان.

ج _ تەسکبوونی دەسەڵاتی سوڵتان بەسەر والییانی میسردا.

د _ بە ڕادەی سەربەخۆیی گەیشتنی دەسەڵاتی ئەو وڵاتانەی زۆربەی دانیشتوانیان عەشایەر بوون.

هـ _ هەڕەش لە ڕۆخەکانی دەریای ڕەشکردنی قورسانە قۆزاقەکان " قەفقاسییەکان " و چوونە ناو بوسفۆریان.

ز _ بە منداڵی چوونە سەر تەختی سوڵتان موراد‌ی چوارەم.

بەبایەخترینی ئەم هۆیانەش دەست بەسەر بەغدادا گرتنی بەکر سوباشی و دانەدەست فارسی کلیلەکانی شار.

### ژیننامەی بەکر سوباشی

بەکر سوباشی لە بەغدا بۆ پلەی سوباشی بەرز بووبووەوە، ئینجا بۆ سەرۆکی تیپی یەنیچەری "ئینکیشاری " و بەو سامانەی کە هەیبووە و بە پشتگیریی هەندێک لە سەرکردەکان توانیویەتی دەسەڵاتێکی گەورە بەدەست بهێنێ. کە لە دەسەڵاتی یوسف پاشای حاکمی بەغدا پتر بوو. ساڵی ١٦٢١ی زایین بە سەرکردایەتیی لەشکرێکی تەمێکارانەوە کە لە عەرەب و یەنیچەری پێکهاتبوو ڕووی لە باشووری عیراق کرد، (محەمەد قەنبەر)ی کۆنە دوژمنی هەلی لەوێ نەبوونی قۆزتەوە و هێرشی بردە سەر پیاوانی و بەهۆی قایمیی شوێنەکەی و کەمە دەگمەنێک لە پیاوانییەوە قەنبەر بەسەریاندا سەرکەوت، بەڵام هەندێک لە پیاوانی قەنبەر و عومەری کوێخای و مەحموودی کوڕی لایەنگیریی هێرشبردنە سەر هێزەکانی بەکریان نەکرد. دوای ئەم سەرکەوتنە نوویراوی بۆ

کوڕەکەی نارد کە لەگەڵ لەشکرە تەمێکارەکەدا بوو کە بەکر بکوژێ، نامەکەی بەردەستی بەکر کەوت. ئەمەی دواییان کە سەرکەوتنی بەسەر شۆڕشگێڕانی باشوور بەدەست هێنا، گەڕایەوە بەغدا و بەجەنگ گرتییەوە و قەنبەر و دوو کوڕەکەی دەستگیر کرد و تۆڵەیەکی زۆر دڵڕەقانەی لێ کردنەوە، کە خستیانییە ناو کەشتییەکەوە و ئاگری تێ بەردا و بەوانەشەوە کە لەناویدا بوون سووتا. دوای ئەم ڕووداوە فەرمانێکی ساختەی دەرهێنا کە بووەتە حاکمی بەغدا و شاندی ناردە ئاستانە و بۆ حافز پاشای والیی دیاربەکر و ڕای گەیاند کە یوسف پاشا ناپاکیی لەگەڵ دەوڵەت کردووە و لەبەر دڵسۆزیی بۆ ناوبانگی حوکمی بەغدای لێ وەرگرتەوە و بەوەش بە فەرمی داوای پێ بەخشینی حاکمێتیی کرد لە پاداشتی ئەو کارە چاکەی کردوویەتی.

## دامەزراندنی سولەیمان پاشا بەسەر بەغداوە

ئەم بارودۆخە لە وەزیری هەرەمەزن شاراوە نەبووە، بۆیە یەکسەر فەرمانی دامەزراندنی سولەیمان پاشای دەرهێنا بۆ والیێتیی بەغدا و عەلی ئاغای بۆ هەڵسووڕاندنی کاروباری تا گەیشتنی پاشا. کە ئاغا گەییبە بەغدا بەکر گرتی و کوشتی. سولەیمان پاشاش چووە دیاربەکر و لەگەڵ ئەحمەد پاشای والیدا کۆ بووەوە، کە پاشایانی مووسڵ و شارەزوور و مەراش " مەعەش " و سیواس و هێزێکی گەورەی لە کوردەکانی باکووری لەژێر فەرماندەیی میرانیان لە خۆی کۆ کردەوە و خستییە پاڵ هێزی خۆیەوە کە بیست هەزار کەس بوو. دوای کۆبوونەوەی ئەم هێزە ئەنجوومەنێکی جەنگیی بەست لە دیاربەکر، سەرکردەکانی تێیدا لەسەر مەترسیدارێتیی کارەکە کۆک بوون و ڕایان سپارد ئەم لەشکرکێشییە بەم شێوەیە بەڕێ نەکەوێ. حافز پاشا لەگەڵ ئەم بۆ چوونەیاندا نەبوو و لەسەر ڕۆیشتنی سوور بوو و بەرەو مووسڵ بەڕێ کەوت، کە گەیشتێ، فریادگوزاریی نوێی لە میرە کوردەکانی ئامێدییەوە بۆ هات و هەروەها لە سیواسیشەوە هات و هێزەکانی ئورفە و مەرعەش دواکەوتن.

پاشا ڕای وا بوو لە مووسڵدا بن تا فریاگوزارییەکان تەواو دەبن، بەڵام ترسی ئەوەی هەبوو حکوومەت ترسنۆکی و بەرتیلخۆریی بداتە پاڵ، بەمجۆرە بەرەو کەرکووک بەڕێ کەوت و لەوێشەوە پێشەنگەکانی بە سەرکردایەتیی سولەیمان پاشا و بوستان پاشا (١٩) و میرە کوردەکانی سۆرانی ناردە بەغدا کە گەیشتنە (بوهرز) (٢٠) حەسانەوە و ئینجا بەڕێ کەوتن، تا گەیشتنە لای شوورەکانی بەغدا و لە ئەعزەمییەی باکوری شاردا خێوەتەکانیان هەڵدایەوە.

دەرکەوت و گەمارۆیانی دا و لێیانی دا کە بە بەزیوی بەرەو دیالە پاشەکشەیان کرد. ڕۆژی دووەم لەشکر بەرەو بەغدا پێشڕەویی کرد لە جەنگێکدا کە ڕۆژێک و شەوێکی خایاند لەگەڵ هێزە شۆڕشگێڕەکەدا بەیەکداچوون و لە ئەنجامدا تووشی شکست هات و هەڵات و چووە ناو شوورە و زیانەکانی لە کوژراو و زامدار و دیل بە چوار هەزار کەس دانرا. دوا بەدوای ئەم سەرکەوتنە میرانی کورد حافز پاشایان هان دا، بەر لەوەی هەواڵی کوژراوان بگاتە خەڵک و ژنان دەست بە

شین و شەپۆڕ بکەن و کار لە گیانی لەشکر بکات و لە گەرمییان کەم بکاتەوە دوای بەزیوەکان بکەوێ. بەڵام پاشا گوێی لە قسەی نەگرتن و لەگەڵ بریندار و دیلەکاندا دەستی بە هەڵسوکەوتی خراپ کرد و لە ئەنجامدا ئاژاوە لەناو لەشکری نافەرمی " غەیرە نیزامی "یدا دەرکەوت.

لەم ماوەیەدا هەریەک لە بەکر و حافزی ئەحمەد پاشا گفتوگۆیان لەبارەی بەدەستەوەدانی بەغدا دەکرد، کە ڕێک نەکەوتن، بەکر کلیلەکانی شاری بۆ شا عەباس نارد کە یەکسەر فەرمانی بەپەلەی بۆ میرانی کورد و ئەوشار " ئەفشار " لە ئەردەڵان و لوڕستان نارد کە بچنە پاڵ " سەفی قولی خان "ی حاکمی هەمەدان. دوای چەند ڕۆژێک سوپای ئێرانی گەیشتە سەر سنوور وەستا، لە چاوەڕوانیی هەلی گەنجاودا بۆ گەڕاندنەوەی عێراق و شوێنە پیرۆزەکانی بۆ باوەشی ئێران. پەلێک لەم سوپایە بە سەرکردایەتیی (قارقچی خان) بەرەو شارەبان پێشڕەویی کرد، ئەوسا بەکر بۆ حافزی ئەحمەد پاشای نووسی و لە مەترسیی ئێرانی چاو تێبڕیو کردەوە. بەمجۆرە مانەوەی لە حاکمێتیی بەغدای پەسند کرد و سەرکردەی ئێرانییش هەر لەو کاتەدا بۆ حافزی ئەحمەد پاشای نووسی داوای بەدەستەوەدانی بەغدا و ڕاگرتنی خوێنڕژانی لێ کرد، ئەمیش وەڵامی دایەوە کە بەغدا ویلایەتێکی تورکە و بەکر دژی حکوومەتەکەی شۆڕشی کردووە و هاتووین بۆ تەمێکردنی کە فارس بۆی نییە دەست لەوە وەربدا، قارقچییش بە نووسین سەفی قولی خانی لەوە ئاگەدار کردەوە و ئەمیش لەلای خۆیەوە بۆ شای نووسی کە فەرمانی کۆکردنەوەی لەشکر و بەرەو سنوور ناردنی دا، کە لەشکری ئێرانی ئامادەبوو بەرەو بەغدا بووەوە کە لە بەکر سوباشی بەولاوە کەسی لێ نەمابوو، کە حافز ئەحمەد دوای ئەوەی ئەو کاروبارەی باس کرا لەگەڵ بەکر ڕێک خست گەڕایەوە مووسڵ. سەرکردەی ئێرانیش بۆ بەکری نووسی داوای بەدەستەوەدانی بەغدای لێ کرد ئەو ڕەتی کردەوە و شاری قایم کرد و سێ مانگی تێدا گەمارۆ درا. دواتر کوڕەکەی هەڵات و لەگەڵ فارس ڕێککەوت ئەگەر بیکەنە والی بەسەریەوە شارەکەیان بداتە دەس، داواکەیان پەسند کرد و گەڕایەوە ناو شار و سەرلەبەیانی دەرگەکانی کردەوە و لەشکرەکانی ئێران چوونە ژوورەوە و باوکیان گرت و کوشتیان و بەوەش حوکمیان بەسەر بەغداوە بۆ دابین بوو و قاسم خان و قارقچی خان _یان بۆ داگیرکردنی شارەزوور و مووسڵ نارد، بوستان پاشا (٢١) لە کەرکووکەوە کشایەوە مووسڵ و شارەزوور و مووسڵ-یش نەیانتوانی زۆر بەرگری بکەن و خۆیان بەدەستەوە دا. ئەم لەشکرە سەرکەوتووە کە لاوازیی هێزە تورکییەکەیان بینی بڕیاری بەرەو دیاربەکر چوونیان دا، قاسم خان پێشڕەویی کرد و ژیریی سیاسی و بەهرەی جەنگیی خۆی بەکار هێنا بۆ گرتنی شارەکە، بەڵام نەیتوانی و ناچار بوو بەپەلە پاشەکشێ بەرەو مووسڵ بکا لە ترسی ئەوەی بکەوێتە بەردەستی کوچوک ئەحمەدی ئەڵبانی _ی یەک لە سەرکردەکانی حافزی ئەحمەد کە ناردبووی مووسڵ بگرێتەوە و بڕینەوەی هێڵی گەڕانەوەی فارسەکان، هەرکە گەیشتە مووسڵ ڕوانیی دیسان کەوتووەتەوە بەردەستی تورک و سولەیمانی برازای کوچەک ئەحمەد خراوەتە حاکمێتییەکەی. کەچی کەرکووک چەند مانگێک هەر بەدەست فورسی حوکم بێزراوەوە (!) مایەوە.

ساڵی ١٦٢٥ی زایین، حافز ئەحمەد پاشا لە دیاربەکرەوە چووە بەغدا و وەک پێشەنگی سوپا حەسەن چەرکەس-ی بە هێزێکی بچووکەوە نارد، ئەمیش هاتە کەرکووک و هێرشی کردە سەر دە هەزار سەربازی ئێرانی و بەسەریاندا سەرکەوت و شارەکەی داگیر کرد ئینجا شارەزووری لە هێزەکانی شا خاوێن کردەوە و گەڕاندییەوە ناو شوورەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و بوستان پاشای وەک حاکم بۆ نارد. لە ساڵی ١٦٢٩ی زایینیشدا خوسرەو پاشا لە جێی حافزی ئەحمەد پاشا بە وەزیری هەرەمەزن دامەزرا و گەڕاندنەوەی عێراقی بۆ باوەشی دەوڵەتی عوسمانی پێ سپێررا. ڕووی لە عێراق کرد و لە ڕێیدا سەری لە دیاربەکر دا و میرە کوردەکان بە هێزەکانیانەوە لەگەڵیدا کۆ بوونەوە، لەگەڵیاندا چوو بۆ هەولێر و لەوێ ئەنجوومەنێکی جەنگیی لە میرە کوردەکان و سەرکردەکانی لەشکر و شێخەکانی هەندێک لە عەشیرەتە عەرەبییەکان و بڕیاریان دا لەبەر ئەم هۆیانە هێرش نەبەنە سەر باشوور:

١- زۆری زۆنگاو و زەوییە شۆرەکاتەکان.

٢- لە ترسی هێرشی ناکاوی لەشکرەکانی ئەردەڵان.

بۆیە بڕیاریان دا لە شارەزوور هێرش بکەنە سەر هێزەکانی ئەردەڵان، ئەوسا خان ئەحمەد خان میری ئەردەڵان بووە کە بە دڵسۆزی بۆ شا عەباس ناسرابوو و لەمەشدا لەگەڵ ئەندامانی تری بنەماڵەدا ناکۆک بووە، کە ئارەزووی پشتگیریی تورکە سونییەکانیان هەبووە، هەرکە وەزیری هەرەمەزن گەیشت و نەگەیشتە شارەزوور گەلێک لە بەگزادەکانی ئەردەڵان و بیست خان لە خانەکانیان بە پەلە بۆ پێشوازی و گوێڕایەڵی هاتن.

کە لەشکری تورک گەیشتە (خورماڵ) لەسەر سنووردا، وەزیر هێزێکی نارد بە نیازی داگیرکردنی ئەردەڵان و قەڵای (میهرەبان _ مەریوان) و قەڵا کەوتە دەست هێرشبەران. هەر لەو کاتانەدا فورسیش زەینەڵ خانی سەرکردەی گشتیی لەشکرەکانیانی ئێران و خان ئەحمەدیشیان نارد بۆ بڕینەوەی ڕێی پێوەندییەکانی نێو دوو هێزی لە خورماڵ و میهرەباندا، کە ئەوەی نەکرد و ڕاستەوخۆ چووە میهرەبان و لەگەڵ هێزەکانی تورکدا بەیەکدا هات کە بەو هێزانەی بۆ فریاکەوتنیان هات بەهێزبوون و سەرکەوتن و هێزەکەی زەینەڵ خان کشایەوە و هەزاران سەربازی کوژراو و بریندار و دیلی بە دوای خۆیەوە جێ هێشت، کە هەواڵی بەزینەوەکە بە شا گەیی ڕۆستەم خانی بە سەرکردەی گشتی لە جیاتیی زەینەڵ خان دانا و بە خۆشی لە ئەسفەهانەوە پێشڕەویی کرد. دوای ئەو سەرکەوتنەش کە خوسرەو پاشا لە میهرەباندا بەدەستی هێنا بە ئەردەڵاندا چووە ژووری و گەییە قەڵای خان ئەحمەد لە (حەسەن ئاباد) و ڕووخاندی و تاڵانی کرد و لەسەر ڕێی بەرەو (قەزوین)یدا چووە (دەرگەزێن) کە ئەویشی ڕووخاند و لە جیاتیی ئەوەی بچێتە (ئەردەبیل) و (قەزوین)ی باکور وەک پێشتر بڕیاری دابوو، بە هۆی خۆشبوونی کەش گەڕایەوە بەغدا.

لە ڕێی گەڕانەوەیدا شتێکی نائاسایی ڕووی نەدا شایەنی باس بێ جگە لە هەندێک گوللە بە یەکەوەنانەوەی نێوانی هێزەکانی و میرەکانی لورستان. لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٦٣٠ی زاییندا

تورک دەستیان بە پەلاماردانی بەغدا کرد و لە تشرینی دووەمدا زۆری نەمابوو ئازووقەیان تەواو بێ خوسرەو پاشا فەرمانی بە باشترینی تیپەکانی دا هێرش ببەنە سەر شوورەکانی شار و ئەوەیان کرد بەڵام بە بەزیوی پاشەوپاش گێڕرانەوە دواوە و چاکترینی پیاوانیان کوژران، پاشا دوای ئەوە ئەنجوومەنێکی جەنگیی بەست و بڕیاری دا بکشێنەوە مووسڵ. بەوەش خان ئەحمەد خان هەلی دەست کەوت و هێرشی بردە سەر هێزەکانی تورک لە شارەزوور و بەزاندنی و پێنج پاشای لە بەردەمدا هەڵاتن بۆ مووسڵ، خوسرەو پاشاش بە قینەوە بۆ ژوورەکەی خۆی بانگهێشتنی کردن و هەموویانی کوشت.

دوای ئەم شکستە بەغدا بەدەست فارسەکاندا مایەوە تا لە ١٧ی شوباتی ساڵی ١٦٣٩دا سوڵتان مورادی چوارەم گەڕاندییەوە و هەر لەو ساڵەدا پەیمانێکی لەگەڵیاندا بەست وڵاتی کوردانی سەر سنووری کردە دوو کەرتەوە، کەرتێکی لە ئێراندا مایەوە کە ئەردەڵان و ناوچەی کەڵهوڕە و کەرتێکیشی لەناو خاکی عوسمانیدا مایەوە کە شارەزوور و هەندێک لە عەشیرەتەکانی موکرییە. هەروەها بڕیاری مانەوەی شارانی (سەقز و زەهاو و دەرنە) بوون لەژێر چاودێریدا بمێننەوە. ئەم پەیماننامەیە ئارامیی بۆ سنوور نەگەڕاندەوە لەبەر زەحمەتیی دابینکردنی ئەو عەشیرەتە کوردانەی نە دان بە سنووری جیاکەرەوەدا دەنێن و نە بە دەسەڵاتی هیچ یەک لەو دوو دەوڵەتانە. لەگەڵ ئەوەشدا لە سەدەی حەڤدەمەوە دوای ئەوەی عێراقیان بۆ گەڕایەوە دەسەڵاتی تورک دەستی بەچوونە ناو وڵاتی کوردان کرد. جگە لە دوو میرنشینیی ئامێدی و جزیرەی بۆتان (جزيرە ابن عمر) کە بە نیمچە سەربەخۆ مانەوە.

## حەسەن پاشای والیی بەغدا لە ساڵی ١٧١٥وە تا ١٧١٧ی زایین

حەسەن پاشا ساڵی ١٦٥٧ لە ئەورووپا لەدایک بووە و مافی کارگێڕی (الحقوق الادارية)ی لێ خوێندووە، کە گەڕاوەتەوە ئاستانە لە ئازایی و بە جەرگی ڕووی لە وەزیری هەرەمەزن بینی. لە ساڵی ١٦٧٣شدا لە یەکێک لە فەرمانبەرییەکانی تەلاری شاهانە دامەزرا. لە ساڵی ١٦٩٧یشدا بۆ پۆستی وەزیر بەرز کرایەوە و بە سەرە لە ویلایەتەکانی قۆنیە و حەڵەب و ئورفە دامەزرا و لە ساڵی ١٧٠٢دا بەسەر دیاربەکرەوە دامەزرا، ئینجا ساڵی ١٧٠٤ بەسەر بەغداوە لە جیاتیی (عەلی پاشا). ساڵی ١٧١٥ و ساڵی دوای ئەو بە سەرکردایەتیی هێزێکی تەمێکارانەوە کرایە سەر عەشیرەتەکانی بڵباس-ی کورد و لەگەڵ بەکر بەگی باباندا پێکیان دادا و بە دیل گرتی و کوشتی و بەوەش سامانەکانی بابان لەژێر دەسەڵاتی تورکدا ڕووخا تا لە ساڵی ١٧٢٠دا خانە پاشا هەڵکەوت. لە ساڵی ١٧١٧شدا بۆ بەرەنگاربوونەوەی عەشیرەتەکانی باجەڵانی کورد پێشڕەویی کرد کە هێرشی بردبووە سەر خاکەکانی عوسمانی، بەڵام لەبەر بەپەلە گەڕانەوەیانەوە بۆ خاکی خۆیان لەناو سنووری ئێران نەیتوانی زیانیان لێ بدا.

***

پەڕاوێزەکان:

(١٢) ڕاپۆرتی لێژنەی " عوسبەتولئومەم " لە دۆزی مووسڵدا ساڵی ١٩٢٥ی زایین، هەروەها لە کورد و کوردستان _ی بەشی (٢)ی بەرگی (١)دا ناوی عەشیرەتی تریش باس کراوە کە لیوای کەرکووک دادەنیشن پێمان باشە بەپێی ئەم خشتەیە باسیان بکەین:

پ.. ل/ ٣٠

(١٣) ڕاپۆرتی لێژنەی " عوسبەتولئومەم " لەبارەی دۆزی مووسڵەوە بۆ ساڵی ١٩٢٥ی ز. لە بەشی (٢)ی بەرگی (١)ی " کورد و کوردستان "دا ناوی عەشیرەتی تر باس کراوە کە لە لیوای کەرکووکدا نیشتەجێن، چاک وایە باسیان بکەین ئەمەش خشتەکەیەتی:

| ناوی عەشیرەت | ژمارەی ماڵەکانی | نیشتمانەکەیان |
|---|---|---|
| لەیلان | ٥٠٠ | لە دەوروبەری لەیلاندان |
| تاڵەبانی | ١٠٠٠ | بەشێکیان لە قەزای کفری، لە نێوانی شێروان و کفری. بەشێکیشیان لە خانەقین دادەنیشن. |
| ساڵەیی (صالحی) | ٢٠٠ | لە نێوانی کەرکوک و قەرەحەسەن و گل _دان. |
| شێخ بزێنی | ٦٠٠ | لەسەر ڕۆخی باشووری زێی بچووکدان. |
| کاکەیی | ١٥٠٠ | لە نێوانی حەویجە و زێی گچکەدان. |
| بیبانی | ٤٠٠ | لە باکووری کەرکووکدا، لە گوندی (خۆیانا !!)دا. |

بڕوانە ئەو پاشکۆیەی لە کتێبی سیر مارک سایکس _دایە لەبارەی ئەو عەشیرەتە کوردییانەی لە تورکیای کۆندا بوون. ل / ٥٥٣ _ ٥٨٨.

(١٤) عەشیرەتی شوان –یش لەم ناوچەیەدا دەژی، هەروەها عەشیرەتی جەباری لە نێوان چەمچەماڵ و کەرکووکدا دەژی. سەرژمێری یەکەمیان وەک مێجەرسۆن دەڵێ (١٥٠٠٠) ماڵ و دووەمیان (٥٠٠) ماڵ دەبن.

(١٥) چوارەکەی تر، ئەو لادێیە ڕەسەنانەن کە دوای ئەوەی هەمەوەندەکان لە ناوچەکەیاندا نیشتەجێ بوون ئەمانیش چوونەتە پاڵیان و شوێنیان کەوتن و ژمارەی ماڵەکانیان نزیکەی ٥٠٠٠ ماڵێکە و ئەمەش ناوەکانیانە: (١) کافرۆشی. (٢) چنگنی. (٣) بێیانی. (٤) سۆنیەوەند.

(١٦) دیارە دەبێ " قەرەداغ " بێ.

(١٧) ڕاستییەکە (سوڵتان حوسێن)ی میری ئامێدییە. بڕوانە: شەرەفنامە.

(١٨) گلشن خلفا – ناوی کتێبێکی مێژووییە.

(١٩) لە دەقەکەدا بە هەڵە نووسراوە (بوستان باشی)، ڕاستییەکەی (بوستان پاشا)ی والیی کەرکووک– ە کە ئێمە ڕاستمان کردەوە (وەرگێڕ).

(٢٠) لە دەقەکەدا بە (بەهریز) نووسراوە ڕاستەکە (بوهرز)ە کە ئێمە ڕاستمان کردەوە. (وەرگێڕ)

(٢١) بڕوانە پەڕاوێزی ژمارە (١٩).

# شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران

# ١٩٢٥

## لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی هەردوو وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا و فرەنسادا

### ئەڵقەی شەشەم

لەم ڕاپۆرتە کە، ئەتاشەی سەربازی باڵوێزخانەی فرەنسا لە تورکیا بۆ وەزیری جەنگ و سەرکردایەتیی ئەرکانی سوپای فرانسای بەرز کردووەتەوە، کۆمەڵێک شیکردنەوە و بۆچوونی وردی بەخۆوە گرتووە و لە نیگای کەسێکی شارەزا بە ناوچەکە بۆچوونەکان خراونەتە ڕوو. ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە ئەوەیە ئەم پیاوە دیپلۆمات و ئەفسەرە سەربازییە چۆن ئاوا بە قووڵی خوێندنەوەی بۆ پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردی کردووە و چۆنیش لە ڕوانگەی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە ڕا و پێشبینییەکانی خۆی خستووەتە ڕوو. ئەم خوێندنەوە و شیکردنەوانەی لەم ڕاپۆرتە درێژەدا خراونەتە ڕوو گەلێک شایانی دووبارە خوێندەوە و پێداچوونەوەن.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٣٧**

کۆنستانتینۆپل، ٣ی ئاداری ١٩٢٥

ژمارە A.M/٧٧

لیوتینان کۆلۆنێل کاترۆ*، ئەتاشەی سەربازی لە تورکیا

بۆ بەڕێز وەزیری جەنگ–سەرکردایەتیی ئەرکانی

سوپا –بیرۆی دووەم– پاریس(١)

کەوتنی کابینەی حکوومەت

بە پێوەند لەگەڵ ڕاپەڕینی چەکداریی گەنجەدا

ڕاپەڕینی چەکداریی گەنجە کە، لە ڕاپۆرتی ژمارە ٧١/ A.M –مدا لە ٢١ی شوبات بۆ

........................................................................

وەرگێڕانی لە فرەنسییەوە: د. نەجاتی عەبدوڵڵا

بەڕێزتانم باس کـردبوو، کـاریگەری ئەوەی بووە بووەتـە سـۆنگەی دەست لـەکـارکـێـشـانەوەی کابینەکەی فـەتحی بەگ[٢]. بەڵام ئەوە بەهیچ شێوەیەک بەو مانایە نییە وەک ئەوەی ئەوە بە بیردا دێت کە، یاخیبووەکان سەرکەوتنی گرینگیان بەدەست هێناوە و لەم ڕووەوە ئەمەیان ناتەواوی ئەو هەنگاوهەڵگرتنانە بسەلمێنێ کە، لەلایەن حکوومەتەوە هەڵگیراون. بگرە بەپێچەوانەوە ڕاپەڕینی چەکداریی شێخ سەعید لە پاشەکشەدایە و کەم تا زۆر تەنیا بەشێکی زۆر بچووکی کوردستانی گرتووەتەوە و مەترسییەکانی بەرفراوانبوونی وا دیارە بەلاوە نراون. هەتا بۆ هەموو چاوەدێرێکی بێلایەن دیارە کە، کابینەکەی فەتحی بەگ، دوور بوو لەوەی دیاردەی ناشێلگیریی پێوە دیاربووبێ و، لەم ڕەوشەدا پەنای بردووەتە بەر ڕستێک هەنگاوهەڵگرتنی دەگمەن (ئیستژنایی) ناجۆر لەگەڵ گرینگیی ئەو شەڕەی کە دەبێ بکرێ. بەڵام ئەمە بیروڕای پارتی میللی نەبوو. ڕاگەیاندنی حوکمی عورفی لە دوازدە ویلایەت و تەعبیئەکردنی پێنج دەستەی یەدەک (١٩١٠-١٩١٥). هەروەها دەرکردنی قانوونێک کە، بڕیار دەدات بە تاوانبارکردنی بە خیانەتی گەورە بۆ هەر کەسێک بیروباوەڕی ئاینیی بە ئامانجی سیاسی بەکار بهێنێ، بەڵام ئەو ڕایەی کە باو بوو لەلایەن توندڕۆیەکانی پارتی ئەوە باو بوو کە، کردەگەلی حکوومەت زۆر میانڕۆیانەن و وەڵامی ترسناکی ڕەوشەکە نادەنەوە. ئەم بەهەڵەدابردنە مانۆڕێکی دەشاردەوە کە نەک هەر تەنیا دژی شێخ سەعید و لایەنگیرەکانی بوو، بگرە دژی هەموو ئەو توخمگەلەی ناو وڵاتیش بوو کە، گومانیان لێ دەکرا کوێرانە بەشوێن پارتی گەل نەکەون، بە تایبەت دژ بە پارتی پێشکەوتووخواز. ئەوە ڕەوشێکی دەروونیی پارتێکی زۆمدار بوو بۆ مومارەسەکردنی دەسەڵات کە ترسی ناسیوە و دەرفەتێکی لەباری بۆ هاتووەتە پێشەوە بۆ ئەوەی بەناوی ڕزگارکردنی ڕێژیم، خەنیمە سیاسییەکانی خۆی لەناو ببات و داوای ئەوە بکات کە، لێ نەگەڕێ ئەم دەرفەتەی لەدەست بچێ. وا دیارە ئەوەندە بەس نەبوو کە، پارتی پێشکەوتووخواز بە گەرمی ڕای گەیاند پێویستە یەکەتییەکی پیرۆز لە بەرامبەر بزووتنەوەی کۆنەپەرستانەی کورد ڕابگەیەنرێ و هاوپشتیوانیی خۆی لە حکوومەت ڕاگەیاند. ویستیان گرەوێکی تری بەسەردا بسەپێنن و ناچاری خۆکوشتنێکی بکەن بەوەی داوایان لێ کرد لقە بڵاوەکانی پارتەکەی لە ناوەوەی وڵات دابخات. جا وەک چۆن فەتحی بەگ ڕەتی کردەوە لقەکان دابخات، وەک ئەوەی لە هەمان کاتدا، سەرۆک وەزیران ڕازی نەبوو لەسەر ئەوەی حوکمی عورفی بگەیەنێتە کۆنستانتینۆپل، قەڵای بەناوبانگی ئۆپۆزسیۆن و شاری گومانلێکراوی هەموو خیانەتکارێک، بەو ئەنجامە گەیشتن کە سەرۆکی ئەنجوومەن هەڵبگێڕنەوە.

ئەنجامەکەی، دوێنێ ٢ی ئادار دەستم کەوت، ئەمە وەک ئەوە نییە کە، بتوانرێ باوەڕ بکرێ، لە دانیشتنی ئەنجوومەندا، بەڵام لە کۆبوونەوەی پێشوەختەی پارتی گەلدا، لە ناوەوەی ئەم کۆمیتەیەدا کە، مافی تەمسیلی نیشتمانی زەوت دەکات، ئەوانەی کە ڕاهاتوون لەسەر گواستنەوەی هەموو پرسەکانی وڵات بۆ ناو دادگاکانیان و هەڵسوکەوتی حکوومەت دیاری بکەن. فەتحی بەگ، کرا بە کەمینە، بە ٩٢ دەنگ بەرامبەر بە ٦٠ دەنگ، لە گفتوگۆی تایبەت بە بەهێزکردنی ئەو هەنگاوانەی کە دەبێ بگیرێنە بەر، فەتحی بەگ، دەست لەکارکێشانەوەی خۆی

پێشکێش بە سەرکۆمار کرد کە، ئەویش لە کۆبوونەوەکە ئامادە بوو و قسەی کرد. دانیشتنێکی زانیاری بوو کە، لەسەر بنەمای دەقی تێکستە ئۆرگانیکەکان، هەوڵ دەدرێ لەناو دامەزراوە کۆمارییەکانی تورک، بەدوای ڕەنگدانەوەی ئەو بنچینانەدا بگەڕێ کە، ڕێکخراوە دیموکراتییەکان لەسەرەیەوە ڕاگیراون. لەژێر پەردەی قانووندا ، ژیانی سیاسی و یاریی دەسەڵاتە جیاوازەکان لەلایەن مستەفا کەمال و لایەنگیرەکانیەوە دەستیان بەسەردا گیراوە کە، دیکتاتۆر لە ڕاستیدا، لە بەرامبەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانانداندا مومارەسەی دەکات.

وادیارە ئەنجامی پەسنی ڕووداوەکان ، ئەوەیە کە، عیسمەت پاشا دەسەڵات دەگرێتەوە دەست، لەگەڵ دەستەیەک پیاو کە بڕیار دراوە ئۆپۆزسیۆن بێدەنگ بکەن کە، لەناویاندا بڕێک جودابووەی کەم لە وەزیرەکانی فەتحی بەگ هەن. ئەرکەکە لە سەرەتادا لەوانەیە تا ڕادەیەک قورس بێت، چونکە بە مشورەت پێکردنی ژمارەی دەنگەکان کە، ئەوەندە بۆ سیاسەتی کابینەی پێشوو و ئەوهێندە بۆ کردەیەکی (ئەکسیۆنێکی) زۆر شێلگیرانەتر ڕاگەیەندراون، ئەوە تێبینی دەکرێ کە، ٦٠ دەنگ، لە کۆی ١٥٢ دەنگ کە پارتی هەیەتی، بۆ حکوومەتی نوێ نوقسانن. لەگەڵ ئەوەشدا، دەسەڵات لەم وڵاتە مومارەسەی سیاسەتی ڕاکێشانی کەمینەکان دەکات کە، بە ئاسانی وەکو بەفری بەهاران تواندیانەوە. جەربەزەیی و سەرسەختی شایانی سەرسوڕمان و قەناعەت پێکردنن.

کەوایە ئەم تەنگژەیە چ بەرهەم دەهێنێ، چۆن دەکرێ ڕاپەڕینی چەکداریی کورد بخەملێنرێ؟ فراوانبوونی هەوەڵینی ڕاپەڕینە چەکدارییەکە بە بڕێک خێرایی و بەسەرکەتوویی و دەستبەسەرداگرتنی باکوری موراد-چای، ناوچەی چیایی گەنجە (گورنەخ) و دێرسیم (کۆزات)، لە باشووری تۆرۆسی ئەرمەنی لە خارپووت بە لیجەوە ( لە ٦٠ کیلۆمەتری باکوری ڕۆژهەڵاتی دیاربەکر)، پاشان ڕاپەڕینەکە وەستا لەوەی چیی تر بچێتە پێشەوە. قۆناغی لە ناکاوی یەکەم کە تێیدا، دەسەڵاتکارانی بەڕێوەبەری هەڵاتن، کە تێیدا ژاندەرمەری و بڕێک وەحداتی لاوازی لەشکری نیزامی جودا بوونەوە یان شکان، کە لەو ناوچانە دانیشتوان بە شێوەیەکی پاسیڤ مانەوە، دوای ئەوە کاردانەوەیەک کە بەشێوەیەکی تایبەتیی لەلایەن دانیشتوانی ئەو ناوەندانە دەستی پێ کرد کە، بە دەست ڕاپەڕیوە چەکدارەکان جەزرەبە و ڕاووڕووتیان چەشتبوو. ئەوە بەم شێوەیە بوو کە، خارپووت بە وەسیلەگەلی تایبەت بەخۆی ئازاد کرا، بە هەمان شێوە هێزی لەشکر بە کۆمەگی خۆبەخشکارە ناوچەییەکان ئەرغەنە، پاولۆی لە ناوچەی موراد-چای وەرگرتەوە. لە هەمان کاتدا، ڕۆحی کێبەرکێ و ئێرەیی کە گروپگەلەکان و سەرۆکە کوردەکانی لەیەک جیا دەکردەوە، دنەی بەشێکی بەرچاوی لەوانە دەدا کە، وەفادارییی خۆیان بۆ ئەنگۆرە ڕابگەیەنن، بەشێوەیەک کە پێش ئەوەی هەنگاوهەڵگرتنی داپڵۆسێنەرانەی سەربازی، لەلایەن حکوومەتەوە بڕیاری بۆ بدرێ، ناوچەی شۆڕشەکە وەتاق دەبوو و خۆنیشاندانی خۆی بەدیار دەخست. لە کاتی ئێستەدا، یاخیبووەکان وا پێ دەچێ لە ناوچەکانی گەنجە (گورنەخ)، چۆباشور و ڕۆئاوای وڵات و لە باشووری مورداد-چای، گرووپێکی چیایی لەلایەن ناوچەکانی پیران-خنس و لیجە (باکوری دیاربەکر) باڵادەست بن.

وادیارە لە دژی ئەم زنجیرە چیایەیە کە، ئۆپەراسیۆنی دادێ دەست پێ دەکات. ئەوە لێرەوەیە کە، ڕاپەڕینە چەکدارییەکە هەڵگیرسا، لەم خاڵانەوە بوو کە، چەند مەفرەزەیەکی تورک هاتنە شکان. پیران سەرباری ئەوە، ناوچەی زادگەی شێخ سەعیدە. داپلۆسینەوەکە کاراکتەری سیاسیی هەیە، کە پێشبینی دەکرێ بێ ڕەحمانە بێت، هەوڵدان بۆ تێکوپێکدانی مومتەڵەکاتەکان و تێکوپێکدانی ناوچەکان، لە نەبوونی دسەڵاتدا دەستگیرکردنی ئەو کەسانەی کە لەو ناوچانەن– کە دەبێ لە بەرچاو بگیرێ– بە وردی بخرێتە بەر ئەمن و ئاسایش. بە کام وەسیلەی مانۆڕ پشت بە جێبەجێکردنی ئۆپەراسیۆنەکە ببەسترێ؟ ئێمە نایزانین، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەوشی وڵات، دابەشکردنی ئێستەی لەشکرەیلی سوپای حەوتەم لە ناوچەکە و، دواجار ڕەوشی کەناڵەکانی بەیەکگەیشتن بەری شیمانەکان ڕووناک دەکەنەوە. ئەو توخمانەی کە لە ئێستەدا لە ناوچەکەن (سوپای حەوتەمی و یەکەم و چواردەمی فیرقەی ئەسپسوار) کە لەسەر کەوانەیەک جێگیر بوون کە، لە ڕۆهەڵات و ڕۆئاوا بە بتلیس، جەزیرەی ئیبن عومەر، میدیەت، ماردین، دیاربەکر، وێرانشەهر، ئورفە، مەلاتیەدا دەڕوات، کەوانەیەک بەناو چەقی ئەو ناوچەیەی کە، بە دوورایییەکی جیاواز لە نێوان ٥٠ و ١٢٠ کیلۆمەتری ئەو ناوچەیە کە دەبێ بیگاتێ. کەوایە دەکرێ تەسەوری هەڵمەتێکی لەیەکەوە نزیک بکرێ لە هەموو ئەم توخمگەلانە لە پەڕاوێزەوە بۆ ناوەند، بەڵام وادیارە لە سۆنگەی ئاسایشەوە لەشکری بتلیس و وان ناتوانن بەشداریی ئەم بزووتنەوەیە بکەن. کەوایە شیمانەی ئەوە زیاترە کە بنکەی دەرچوونی سوپا کەم بکرێتەوە بۆ بواری میدیەت، ماردین، دیاربەکر، ئورفە، مەلاتیە. ئا ئەمەیان ئەو ناوچەیە کە لە هەمووان کراوەترە و دواجار ڕەوشێکی بنەڕەتییە لە وڵاتێکدا کە وەسیلەگەلی هاتوچۆی نییە، ئەو ناوچەیە کەوتووەتە نزیک هێڵی شەمەندەفەری بەغدا. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە، حکوومەتی تورک ئێمەی ئاگەدار کردەوە کە، لەم ڕێگەیەوە لە ٤ ی مانگەوە ٢٥٠٠٠ پیاو دەگوازێتەوە، ئەوە ئەوەمان بۆ دیار دەخات کە ئەو لێکدانەوەی کە ئێمە بۆ ئامانجەکانیان کردبوو دروستە. ئەوە تەنیا، بە پەلاماردانی یاخیبووەکانە لە باشوورەوەیە کە، سەرکردایەتیی ئەرکانی سوپا بتوانێ هیوای ئەوە بخوازێ لە ماوەیەکی تا ڕادەیەک کورتدا دەخالەت بکات. کردەیەکی سەربازی لە باکور یان لە باکوری ڕۆهەڵاتدا لە سۆنگەی دووری و لاوازیی ئۆردووەکانی (سیواس، ئەرزەنجان، هتد) قەدەغەیە، کە ئەگەر بەچەند مەفرەزەیەکی بچووک نەبێ، هەروەها نەبوونی ڕێگەوبان و هێشتا زیاد لەوەش نەبوونی ڕێگەی شەمەندەفەر. ڕەوشی ئامێرکاریی ئابووریی ئەنادۆڵ بۆ چارەسەرکردن لێرە زۆر بە قورسی پێ لەسەر ئەو کێشەیە دادەگرێ. پرسی کوردستان کە پرسێکی نوێ نییە، چارەسەر نابێت تەنیا ئەو کاتە نەبێت، لە باکور و باشوور، هێڵی شەمەندەفەر بگەنە بناری زنجیرە چیایەکان. تورکیا دوورە لەوەی بچێتە ناو ئەم خاڵە و تا ئەو کاتەی پێی دەگات، دەتوانێ دژ بە دانیشتوانە پشێوەکانی ئەم وڵاتە هێرشگەلی تەمێکردن بە کاریگەریی کاتی بەڕێوە ببات. دەتوانی دەستی بەسەردا بگرێ و کەمی بکاتەوە. وادیارە ئەنگۆرە ئەوەی بە بیردا هاتووە، کە ئێمە بیرمان لێ کردووەتەوە کە، ئۆپەراسیۆنی دادێ دەتوانێ تەنیا بە کارەکتەری سنووردارەوە ئەمە بکات.

ئەو کێشـەیەی کـە لە بەردەم تورکیـا قـووت بووەتەوە، هـاوشـێوەی ئەو کـێشـەیـەیە کە ئێـمـە لە جەزائیر و مەغریبدا هەمانبوو لە دەست بەسەرداگرتنی زنجیرە چیایە یاخیبووەکان. بێگومان ئەوە پێویستی بە کردەیەکی سەربازی هەیە، بەڵام هـەروەها پێویستی بە ئامادەسازییەکی سیاسی و بەڕێوەبەرایەتییەکی شیاویش هەیە. هێشتنەوەی کوردستان لەناو ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی و کلۆڵیی ئابووریی خۆیدا، لەناو ئیزدواجیەتی دەسەڵاتی سەرۆکە کوردەکان، کە لە ڕاستیدا دەسەڵاتێکی زۆر پەرت و بڵاوە بەسـەر تەواوی هۆزەکاندا، دەسەڵاتێکی ئاسایی بەبێ وەسیلەگەل، بێ توانا، ترسنۆک و فاسـید، کە، نە سـەرچاوەی ئاوەدانی دروست دەکات و نـە دامەزراوەی فێرکردن، بێ توانا لەوەی ئۆردووگەلی پێویست لەناو وڵاتدا بهێڵێتەوە، تورکەکان، لەوەتای چەند سەدەیەکە، نەیانتوانیوە لە بەرچاوی دانیشتوان ببن بە نموونە، نە مامۆستای ڕێز لێگیراو، نە بەخشندەکارێک کە بەرژەوەندییەکانیان یەک بخات. ئەمە لەبەر ئەو هۆیەیە کە، کردەی شێخ سەعید کە لەوانەیە ئیلهامی لە فـەرمانی کـەسیی وەرگرتبێت، بەڵام پشت ئەستووورە بە بیرۆکەیەکی سادەی وەک بەرگریکردن لە ئاین، ترس لە بێگانە یان هەستی تایبەتیی کە، بەوە ئاسۆبینینێک دێنێتە پێشەوە بە قازانجی سوود وەرگرتن لە غەریزە کە تاڵان و بڕۆی سەرەتایی دەکات، هەمیشە بە ئاسانی لایەنگیری بۆ دەدۆزرێتەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا، ڕۆحی سەرکێشیی ئەسڵی لای کورد، هەوەسیان بۆ تاڵان و بڕۆیی، بەهیچ کلۆجێ هێندە نابات بزووتنەوەکە لە ئامانجی سیاسی وەردەگێڕێ، خۆی خۆی هەڵدەلوشێ. ئەوە لەوانەیە لەسەر ئەم دیاردەیە سایکۆلۆجییە بێت کە، تورکەکان پشتی پێ ببەستن و هێشتا گرەوی لەسەر بکەن.

لەسەر ئەم تێبینییانە، بڵێی شێخ سەعید گوێڕایەڵی لە پێدانی بەخششی هێزێکی بێگانە یان لەلایەن کەسانی خەنیمی شێوەی کۆماری قەبووڵ بکات؟ گریمانەی یەکەم بەدوور نازانرێ، دووەمیان لەلایەن حکومەتی ئەنگۆرە شەرمەزار کرا، کە وای دەبینێ لەناو ڕاپەڕینە چەکدارییەکەدا دەستی شازادەکانی بنەماڵەی سوڵتان و کۆنەپەرستانی ئاوارە لە سووریای تێدایە. لەوانەیە ئەوە تەنیا بیانوویەکی گومڕا بێت بۆ دانانی پیلانگێڕی لەگەڵ دوژمنانی کۆماری لە ناوەوە، پیاوانی ئاینی و پێشکەوتووخوازەکان و پاساوهێنانەوە بێت بۆ ئەو ئاستەنگانەی کە دژیان ئامادە دەکرێ. تۆمەتبارکردنەکە بنەوانی هەبێت یان نا، پێویستە چاوەڕوانی ئەوە بکەین کە ڕووداوەکانی گەنجەکە، لە بنەواندا هاوسۆزییەکی زیندووی هەبوو، ئەمڕۆکە شوێنەوارەکانی دەردەکەون، بە قازانجی سەقامگیربوونی دیکتاتۆریەتی پارتی گەل بەکار دەهێنرێن.

بەتەماشاکردنی ئەم دەسکەوتە سیاسییە، حکوومەت حیساب بۆ خەرجی نوێ و چوونە ناو بودجەی، قەرزداری خۆی بکات، کە خەرجی زیادەی ئەم تەعبیئەکردنە و ئۆپەراسیۆنانەی دەکەوێتە سەر حکوومەت داوای لە ئەنجوومەن کردووە، بۆ ئەم ئامانجەی، یەکەمین پشتیوانەی ٢٧٥٠٠٠٠٠ لیرە داوا بکات. ئەمە دوورە لەوەی بەش بکات. بەڵام ساڵی بودجە تەنیا لە سەرەتاکەیدایە و، تورکەکان عادەتیانە تەنیا بیر لە ساتەوەختی ئێستە بکەنەوە. سەرباری ئەوەش، وا دەبێ مۆڵدانی سەربازیی گران وەستاو بە وەسیلەگەلی سەربازی کە تورکەکان لەودیو فوراتەوە مۆڵیان داوە،

دەرکەوتنیان وەک کارتێکی سوودگەیێن بێت لە باری سیاسییان لەسەر مووسڵ. تا ئەمڕۆ، تورکەکان لەسەر سنووری ئەم ویلایەتە (واتە ویلایەتی مووسڵ، وەرگێڕ) تەنیا نزیکەی ١٠٠٠٠ سەربازیان هەیە. هێزی پشتیوانی گەیشت و گواستنەوەکان کران، واتە لە دەوروبەری ١٥ی ئادار، دەتوانن ببنە نزیکەی ٤٠٠٠٠ سەرباز. بەبێ دنەدانی حکوومەتی ئەنگۆرە، مەعقوول نییە کە بشێت بە وەسیلەگەلی سەربازی پشتیوانی لە بانگەشەکانی بکات لە سەرووی میزۆپۆتامیا، دەتوانرێ بەلای کەمییەوە ئەوە بەهەند وەربگیرێ کە هاوسێ ئینگلیزەکەیان، بەهیچ کلۆجێ نابینین بەهێزکردنی وەک ئەوەی سوپای تورکیان کردبێت. ئەمە خالێکە شایانی ئەوەیە ئاماژەی پێ بکرێ چونکە پرسیارێک دەورووژێنێ کە بۆ ئێمە گرینگە، پرسی گواستنەوە بەڕێگەی ئاسنین، بەناو خاکی منداتی ئێمە لە سووریادا، لەشکرێک کە گومانی ئەوەی لێ دەکرێ لەوانەیە دژی عێراقیش شەڕ بکات و، ئەوە بە ئاماژە پێکردن بەو کاریگەرییەی کە، دەشێ کێشەی گەنجە بەسەر بابەتێکەوە بیبێ کە پێوەندیی بە ئێمەوە هەبێ، ڕاپۆرتەکەی خۆم بە کۆتا دەهێنم کە، تێیدا هەڵم داوە کاراکتەرەکەی دیاری بکەم و پەرچەکردارەکانی (تەداعیاتەکانی) بەسەر ژیانی سیاسیی تورکی دەستنیشان بکەم.




مۆر و ئیمزای ئەتاشەی سەربازی
باڵوێزخانەی فرەنسا لە تورکیا

پەراوێزەکان:

* Catroux

(١) وێنەیەک بۆ:
- سەرکردایەتیی ئەرکانی سوپا ( بیرۆی دووەم)
- سەرکردایەتیی ئەرکانی سوپا( بیرۆی دووەم/ دەزگای زانیاری)
- سەرکردایەتیی ئەرکانی سوپا ( بەشی ئەفریقیا)
- کۆمیسێری باڵا/ بەیرووت
- کۆمیسێری باڵا/ کۆنستانتینۆپل
- ئەتاشەی سەربازی، ئەسینا

(٢) عەلی فەتحی ئۆکیار (ناسراو بە فەتحی بەگ) (٢٩ ی نیسانی ١٨٨٠-٧ی ئایاری ١٩٤٣). دیپلۆمات و پیاوی دەوڵەتداری تورکیا. ئەفسەری دوایین دە ساڵی ئیمپراتۆریای عوسمانی. ساڵی ١٩١٣ بووەتە باڵوێزی ئیمپراتۆریای عوسمانی لە بولگارستان و هەر هەمان ساڵ پێوەندیی بە جەمعیەتی ئیتتیحاد و تەرەققی دەکات. فەتحی بەگ کابینەی حکوومەتەکەی لە ساڵی ١٩٢٤ پێکەوەنا و هێندەی نەبرد لە ساڵی ١٩٢٥ ئیستیقالەی دا. ساڵی ١٩٣٠ بووەتە باڵوێزی تورکیا لە پاریس و ساڵی ١٩٣٤ باڵوێزی تورکیا لە لەندەن.

Constantinople, le 3 Mars 1925

N° 77 / A.M.

Le Lieutenant Colonel CATROUX

Attaché Militaire en Turquie

à

M. LE MINISTRE DE LA GUERRE - Etat-Major de l'Armée - 2° BUREAU

PARIS

La chute du Cabinet en connexion avec le soulèvement de GHENDJ

L'insurrection Kurde de GHENDJ, dont mon rapport N° 71/AM. du 21 Février vous a entretenu, vient d'avoir pour effet de provoquer la retraite du Cabinet FETHI BEY. Ce n'est point, comme on pourrait le penser, que les rebelles aient remporté des succès importants et demontré de ce fait l'insuffisance des mesures adoptées par le Gouvernement. Bien au contraire, le soulèvement du CHEIKH SAÏD est en régression, il n'affecte qu'une partie relativement réduite du KURDISTAN et ses dangers à

.........

Destinataires
- E.M.A. - 2° BUREAU
" - 2° BUREAU S.R.
" - Section Afrique
- Haut-Commissaire, Beyrouth
- Haut-Commissaire, Cons/ple
- Attaché Militaire, Athènes

extension paraissent conjurés. Il semble même , à tout observateur impartial, que le C abinet FETHI BEY , loin de se montrer insuffisamment énergique en l'occurence, a eu recours à des mesures d'exception hors de proportion avec l'importance du mal à combattre . Mais tel n'a pas été l'avis du Parti Populaire ; la proclamation de l'Etat de siège sur 12 vilayets, la mobilisation de 5 classes de la réserve ( 1910 - 1915 ) ,la promulgation d'une loi décretant de haute trahison l'exploitation de l'idée religieuse pour des fins politiques, ont été considérées par les Extrêmistes du Parti , dont l'opinion a prévalu, comme des actes de Gouvernement trop modérés et ne répondant pas à la gravité des temps . Ce sophisme dissimule une manoeuvre dirigée non point tant contre le CHEIKH SAID et ses partisans, que contre tous les éléments du pays suspects de ne point suivre aveuglement le Parti du Peuple et notamment contre le Parti Progressiste. C'est la position d'esprit d'un Parti jaloux d'exercer le pouvoir, qui vient de connaître la peur, et qui rencontrant une occasion favorable pour anéantir , au nom du salut du régime, ses adversaires politiques , prétend ne pas la laisser échapper. Il n' a pas paru suffisant que le Parti Progressiste ait chaleureusement proclamé la nécessité de l'union sacrée devant le mouvement réactionn

..........

naire Kurde et soutenu le Gouvernement . On a voulu lui imposer d'autres gages et le contraindre à un suicide en lui demandant de fermer ses filiales répandues à l'intérieur du pays. Et comme FETHI BEY s'est refusé à l'y forcer , comme en même temps, le Premier Ministre n'a pas consenti à étendre l'Etat de siège à CONSTANTINOPLE , citadelle réputée de l'opposition et ville soupçonnée de toutes les traîtrises, on a résolu de renverser le Président du Conseil.

Le résultat a été acquis hier 2 Mars, non point comme on pourrait le croire , en séance de l'Assemblée, mais à la réunion préparatoire du Parti du Peuple, au sein de ce Comité qui, usurpant les prérogatives de la représentation Nationale, a pour accoutumé de évoquer toutes les affaires du pays à son tribunal ,et de dicter les gestes du Gouvernement. FETHI BEY mis en minorité,par 92 voix contre 60, dans le débat relatif au renforcement des mesures à prendre, remit sa démission au Président de la République, présent lui-même à la réunion et où il a pris la parole. Séance instructive pour qui, sur la foi des textes organiques, serait tenté de rechercher,dans les institutions républicaines Turques,le reflet des principes sur lesquels repose l'organisation des démocraties. Sous des apparences constitutionnelles , la vie politique et le jeu des différents pouvoirs sont confisqués par MUSTAPHA KEMAL et ses partisans dont la dictature s'exerce en fait, à l'égard de l'exécutif et du legislatif.

........

La conséquence vraisemblable de l'événement, sera qu'ISMET PACHA reprendra le pouvoir, avec une équipe d'hommes décidés à bâillonner l'opposition et dans laquelle entreront quelques transfuges du Ministère FETHI BEY . La tâche sera peut- être au début, assez malaisée , car à consulter les chiffres des voix qui se sont prononcées tant pour la politique de l'ancien Cabinet , que pour une action plus ferme, on remarque que 60 suffrages, sur 162 que compte le Parti, manqueraient au nouveau Gouvernement. Cependant , le Pouvoir exerce dans ce pays une attraction sur les minorités qui les fait facilement fondre comme neige au Soleil. L'audace et la rigueur impressionnent et persuadent.

Cependant que se produisait cette crise , comment évoluait le soulèvement Kurde? Développé tout d'abord avec une certaine rapidité et avec succès, et gagnant au Nord du MOURAD - TCHAI, la région montagneuse de GHENDJ ( GUERNIK ) et du DERSIM ( KHOZAT ) , au Sud le TAURUS arménien de KHARPOUT inclus à LIDJE ( 60 km. N.E. de DIARBEKIR ) , il cessait ensuite de progresser. La phase de surprise première où l'autorité administrative avait pris la fuite, où la gendarmerie et les faibles contingents de troupes régulières avaient fait défection ou avaient été battues, où la population était demeurée passive, était suivie d'une

..........

réaction due surtout aux habitants des centres que les insurgés avaient molestés et dépouillés. C'est ainsi que KHARPOUT se libérait par ses propres moyens , de même ARGHANA, et qu'avec l'aide des volontaires locaux la troupe reprenait PALOU sur le MOURAD - TCHAI. En même temps, l'esprit de rivalité et de jalousie qui divise entre eux fractions et Chefs Kurdes , incitait une notable partie d'entre eux à déclarer leur loyalisme à ANGORA , de telle sorte que le foyer se circonscrivait , dès avant que les mesures de répression militaires, ordonnées par le Gouvernement, se fussent manifestées. A l'heure présente, les rebelles paraissent être maîtres de GHENDJ (GUHERNIK ) , TCHABATCHOUR et du pays à l' Ouest et au Sud de MOURAD - TCHAI , du groupe montagneux marqué par les localités de PIRAN - KHANI et LIDJE -(N. de DIARBEKIR)

C'est vraisemblablement contre ce massif que seront entreprises les opérations prochaines . C'est là que l'insurrection a éclaté , en ces points que les détachements Turcs ont reçu des échecs. PIRAN est en outre , le lieu d'origine du CHEIKH SAID. La répression à caractère politique , que l'on prévoit sans merci, s'efforcera de ruiner les biens , et de détruire les localités , à défaut de pouvoir s'emparer des personnes qui se seront - il faut le prévoir - prudemment mises en sû-

.........

reté. Au moyen de quelle manoeuvre compte-t-on exécuter l'opération ? Nous ne le savons pas , cependant l'état du pays, la répartition actuelle des troupes du 7ème Corps sur le territoire, et enfin la condition des voies de communication, éclairent les possibilités. Les éléments déjà en place ,( 7ème Corps et Ière et I4ème D.C. ) sont stationnés sur un arc de cercle marqué d'Est et Ouest par BITLIS, DJEZIREH-IBN- OMAR, MIDIAT, MARDINE, DIARBEKIR , VIRANCHEIR, OURFA , MALATIA, arc de cercle au centre duquel, et à une distance variant entre 50 et I20 kilomètres , se trouve située la région à atteindre. On pourrait donc concevoir une marche convergente de tous ces éléments de la périphérie vers le centre, mais il semble bien que des raisons de sécutité interdisent aux troupes de BITLIS et VAN de participer à ce mouvement. Le région aux abords du lac de VAN doit être en effet surveillée. Il est donc plus probable que la base de départ sera réduite au secteur MIDIAT, MARDINE DIARBEKIR, OURFA, MALATIA. C'est d'ailleurs la zône où le pays est le plus ouvert, et enfin condition essentielle dans un pays sans communications, elle est située à proximité de la voie ferrée du BAGDAD. Le fait d'ailleurs que le Gouvernement Turc nous ait avisés qu'il transporterait, par cette voie ferrée , 25 000 hommes à partir du 4 Mars, nous montre que le calcul que nous prêtons à ses intentions est justifié. C'est seulement en attaquant les

.......

insurgés par le Sud , que l'Etat-Major peut espérer intervenir dans un délai relativement court. Une action par le Nord ou le Nord Est, lui est interdite, si ce n'est avec de petits détachements, en raison de l'éloignement et de la faiblesse des garnisons ( SIVAS , ERZINDJAN etc..) ainsi que de l'absence de routes et plus encore de voies ferrées. Les conditions de l'outillage économique de l' ANATOLIE pèsent ici lourdement sur le problème à résoudre. La question du KURDISTAN qui n'est pas nouvelle, ne sera résolue que lorsque, au Nord et au Sud, des voies ferrées aboutiront au pied du massif montagneux. La Turquie est loin d'en être à ce point et jusqu'à ce qu'elle y soit parvenue, elle ne pourra diriger contre la turbulente population de ce pays, des expéditions de punition à effet temporaire ; elle ne pourra le maîtriser et le réduire. ANGORA s'en rend vraisemblablement compte, et c'est ce qui nous fait penser que l'opération prochaine ne pourra affecter que ce caractère limité.

Le problème qui est posé devant la TURQUIE, est analogue à ceux que nous avons eu à résoudre en ALGERIE et au MAROC, quand nous avons eu à faire tomber des massifs montagneux insoumis. Il réclame une action militaire, certes, mais aussi une préparation politique et un effort administratif approprié. En laissant le KURDISTAN dans son inorganisation sociale et

.......

dans sa misère économique , en juxtaposant à l'autorité des Chefs Kurdes, autorité très émiettée d'ailleurs sur l'ensemble des tribus, une autorité régulière dépourvue de moyens , incompétente , pusillanime et vénale ; en ne fondant ni sources de prospérité, ni établissements d' instruction, en étant impuissants à maintenir des garnisons suffisantes dans le pays, les Turcs n'ont, depuis des siècles, su prendre figure aux yeux des habitants, ni de maîtres respectés, ni de bienfaiteurs auxquels l'intérêt unit. C'est pour cette raison que l'action d'un CHEIKH SAID, inspirée vraisemblablement par des préoccupations d'ordre personnel, mais appuyée sur une idée simple comme celle de la défense de la réligion , de la xenophobie ou du sentiment particulariste, et ouvrant des perspectives de profit à l'instinct qui jette ces primitifs au pillage, rencontrera toujours facilement des adhérents. Mais en même temps, l'esprit d'insubordination natif chez les Kurdes, leur goût de la rapine, ne tarderont point à détourner le mouvement de son but politique; il se dévorera lui-même. Et c'est peut-être aussi sur ce phénomène psychologique, que les Turcs ont compté et comptent encore.

Ces remarques faites, le CHEIKH SAID obéit-il à une impulsion donnée par une Puissance étrangère ou par des personnalités hostiles à la forme républicaine ? La première hypothèse n'est pas exclue ; La deuxième a été dénoncée par le Gouvernement d' ANGORA, qui voit sous la rebellion la main des princes de

..........

la famille Sultanienne et de réactionnaires réfugiés en SYRIE. Il n'y a peut-être là qu'un argument tendancieux destiné à établir une connivence avec les ennemis de la République à l'intérieur, les cléricaux et les Progessistes et à justifier les rigueurs que l'on prépare contre eux. Que l'imputation soit fondée ou non, on doit s'attendre à ce que les événements de GHENDJ qui créèrent à l'origine une vive émotion, mais qui se démontrent aujourd'hui localisés dans leurs effets, seront exploités au profit du renforcement de la dictature du Parti du Peuple.

En regard de cet avantage politique, le Gouvernement aura à compter avec la charge nouvelle et pesante pour son budget déficitaire, que lui apporteront les frais supplémentaires de cette mobilisation et de ces opérations. Il a été demandé à la Chambre, dans ce but, un premier crédit de 2 750 000 ~~fr~~ : il sera loin de pouvoir suffire. Mais l'année budgétaire n'est qu'à ses débuts, et il est dans les habitudes turques de n'envisager que le moment présent. Au demeurant, il se peut que l'énorme concentration de moyens militaires à laquelle les Turcs procèdent au delà de l'EUPHRATE, leur apparaisse comme une carte favorable dans leur jeu de politique étrangère en ce qui regarde leur revendication sur MOSSOUL. Jusqu'à ce jour, ils ne disposaient sur le front de ce vilayet, que d'environ 10 000 hommes. Les renforcements effectués, et

.......

les transports exécutés, c'est à dire vers le 15 Mars, ils pourrent en avoir 40 000 . Sans prêter au Gouvernement d'ANGORA, la pensée déraisonnable de soutenir éventuellement par des moyens militaires, ses prétentions sur le Nord de la Mésopotamie, on peut du moins envisager que leurs voisins Anglais, ne verront point sans objection pareil renforcement des troupes Turques. C'est un point qu'il convient de noter car il soulève une question où nous sommes intéressés; celle du transport par voie ferrée, sur notre territoire Syrien de mandat , de troupes susceptibles d'opérer éventuellement contre l' IRAK. Et c'est en mentionnant cet effet éventuel de l'affaire de CHENDJ sur un objet qui nous touche, que je terminerai ce rapport où j'ai essayé d'en préciser le caractère et d'en marquer les repercussions sur la vie politique Turque ./.

AMBASSADE DE FRANCE - ATTACHE MILITAIRE - EN TURQUIE

# پەیڤێک لەبارەی چەمکی لێبووردنەوە

ئەردەڵان عەبدوڵڵا

ساڵی ١٩٩٥ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان UN بە ڕازیبوونی ١٨٥ ئەندامی ئەو ڕێکخراوە، ١٦ی نۆڤێمبەر بە ڕۆژی لێبووردن (تۆلیرانس Toleranz جیهانی) دانا. لێرەدا UN دەیویست، بە دانانی ڕۆژێکی تایبەت بۆ ئەم چەمکە، گرینگی و بایەخی ئەم چەمکە بە مرۆڤایەتی بناسێت. دوو ساڵ پاش ئەوەش ئەنستیتوویAkademie der Wissenschaften und Künste in Salzburg نەمساویی خەڵاتێکی دانا، بۆ ئەو کەسانەی کە لە بواری لێبووردن کار دەکەن.

بەڵام ئاخۆ ئەم چەمکە چ گرینگییەکی هەبێت، هەتا ئاوا جیهان هێندە بە بایەخەوە سەیری دەکەن؟. ئاخۆ چ مانا و واتایەکی گرینگ، خۆی لە پەنا ئەم چەمکەدا شاردبێتەوە؟. لێرەدا هەوڵ دەدەم بە کورتی باسێکی ئەم چەمکە بکەم.

چەمکی لێبووردن یەکێکە لە چەمکە گرینگ و پڕ بایەخەکانی دنیای فەلسەفە و سیاسەتی جیهان. ئەم چەمکە بە یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی سیستەمی دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنی دادەنرێت. لە هەمان کاتیشدا، بە بەردی بناغەی هەموو پرۆسەیەکی ئاشتی لە نێوان گەلان و خودی گەلان دادەنرێت.

هیچ کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و سیستەمێکی دیموکراسی، بەبێ پشتبەستن بە چەمکی لێبووردن مەحاڵە سەرکەوتن بەخۆیەوە ببینێت. هیچ پرۆسەیەکی ئاشتیانە، گەر پشت بەچەمکی لێبووردن نەبەستێت، ناتوانێت بچووکترین هەنگاو بەرەوپێشەوە بنێت.

لە بەرامبەردا، ئەو کۆمەڵگەیانەی کە تیشکی لێبووردنیان تێدا کز و لاوازە، کۆمەڵگەیەکن کە بە دەستی (دیکتاتۆری، شەڕ و ئاژاوە، زاڵبوونی نەریتی عەشایەری و تۆڵەسەندنەوە، نەبوونی ئارامی، دواکەوتن) دەناڵێنن. ئەو کۆمەڵگەیانەی کە ڕێز لە چەمکی لێبووردن نەگرن، یان بەواتایەکی تر، ئەوانەی کە لەم چەمکە تێ ناگەن و بێ ئاگان لێی، هەر لەناو جیهانی دواکەوتوویی و نائارامیی خۆیان دەمێننەوە و ناشتوانن بچووکترین هەنگاو بۆ پێشەوە بنێن.

چەمکی لێبووردن نەخشە ڕێگەیەکی سەرکەوتووە بۆ داهاتوو، ئەوا چرایەیە کە ئاسۆی گەلان ڕووناک دەکاتەوە. بەڵام با پێش ئەوەی بە قووڵی بچینە ناو باسەکەوە، بزانین چەمکی لێبووردن چییە؟. ئاخۆ ئەم چەمکە بۆ هێندە گرینگیی هەیە و بووەتە بەردی بناغەی کۆمەڵگەی مەدەنی و دیموکراسی؟. لە هەمان کاتیشدا با بپرسین ئاخۆ ئەم چەمکە، تەنیا چەمکێکی ئەوروپاییە و هیچ گرینگیی بۆ ئێمەی ڕۆهەڵاتی نییە؟

## چەمکی لێبووردن چییە؟

وشەی تۆلێرانس Toleranz لە وشەیەکی لاتینیی کۆنەوە، Tolerare کە بە مانای تەحەمولکردنی شتێک یان هەڵوێستێک دێت. ئەم دەستەواژەیە لە سەدەی ١٦ وە بەتایبەت پاش شۆڕشی ڕینسیانس ئەوروپایی پەیدا بوو. لە سەدەی ١٨یشدا بە شێوەیەکی فراوان، بەناو جیهانی فەلسەفە و سیاسەتدا بڵاو بووەوە و، بوو بەمادەیەکی گرینگی بیری ڕووناکبیران و فەیلەسووفانی جیهان، بەتایبەت لە ئوروپادا.[١]

دیارە چەندین پێناسەی جۆرەوجۆر بۆ چەمکی لێبوورد کراوە. لێرەدا دەتوانین هەندێکیان باس بکەین، بەتایبەت ئەوانەی کە ماناکەیان پڕاوپڕ پێکاوە.

"لێبووردن برێتییە لە وازهێنان لە ئەمر و نەهیکردن لە حاڵەتێکدا کە توانای ئەنجامدانی هەبێت. لێبووردن ئەو ئازادییەیە کە لەم وازهێنانە بە دەستدێت."

"لێبووردن تەحەمولکردنی شتێک، شکات نەکردن لێی، سزا نەدانێتی: دەبێت لێبووردە بین لەبەرامبەر هەڵەی ئەو کەسانەی کە لەگەڵیاندا دەژین. لە شاری ڕۆما لەگەڵ عەرەقخۆرەکاندا لێبووردەن، بەڵام کارەکانیان ناسەلمێنن. کاتێک ناتوانین تەعەدا یان دەستدرێژییەک لە ڕەگەوە دەربهێنین، دەبێت لەگەڵیدا لێبووردوو بین. دەبێت لەگەڵ تاوانێکدا کە ناتوانین سزای بدەین، لێبووردوو بین[٢]."

بەڵام بەهێزترین پێناسە کەبۆ ئەم چەمکە گرینگە کرابێت، ئەو پێناسەیە کە ڤۆڵتێر کردی.

ساڵی ١٧٦٣ کتێبێک بەناوی " وتارێک لەبارەی لێبووردنەوە " دەنووسێت. دیارە ئەم ووتارەش پاش کۆمەڵێک ڕووداوی دڵتەزێن و ناخۆش دێت، (بەتایبەت ڕووداوەکانی کالاس و سیرڤێن و شوالیە دولابار*) کە ناخی ڤۆڵتێریان هەژاند و، بوو بە وزەیەکی باش بۆی، تا ئەم کتێبە بنووسێت و هەتا دوا ساتەکانی ژیانیشی، خەبات لە پێناوی ئەم چەمکە گرینگەی مرۆڤایەتیدا بکات.

ڤۆڵتێر دەڵێت:

"لێبووردن چییە؟ لێبووردن بەرەنجامێکی لکاوە بەبوونی مرۆڤایەتیمانەوە. ئێمە هەموومان بەرهەمی لاوازین. هەموومان لەرزیوین و هەڵە دەکەین، لەبەر ئەوە لێ گەڕێ با لە یەکتری ببوورین و لە شێتیی یەکتری بەرامبەر بەیەک بە شێوەیەکی دوولایەنە

ببوورین. ئەمەیە بنەمای یەکەمی یاسای سروشت و بنەمای یەکەمی سەرجەم مافەکانی مرۆڤ[٣]"

بەگشتی دەتوانین پێناسەی لێبووردن بەو شێوەیە بکەین:

(تەحەمولکردن و قبوولکردنی قسەیەک، بیر و بۆچوونێک، هەڵویستێک، کارێک، کەلەلایەن کەسێکەوە یان گرووپێکەوە دەکرێت، بەدڵی ئێمە نییە یان لەگەڵ بیر و بۆچوونمان نایەتەوە. لە هەمان کاتیشدا، پێویستە ڕێز لەو جیاوازییە بگرین و ڕێگە بە وانیش بدەین، کە ئەو بیر و بۆچوونە جیاوازەیان پراکتیزە بکەن[٤].)

## مێژووی ئەم چەمکە

دیارە مێژووی ئەم چەمکە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەکانی ١٥و سەرەتاکانی سەدەی ١٦. لەو کاتانەدا لە ئەوروپادا، شەڕ و ئاژاوەیەکی گەورە لە نێوان مەزهەبە جیاوازەکانی ئاینی مەسیحیدا هەبوو بەتایبەت لە نێوان پرۆتستانت و کاسۆلیکەکان.

هەروەها لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی فەرەنسی و بڵاوبوونەوەی چەمکی (جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت)، ئەم چەمکە ڕوو لە گەشەسەندن بوو. جگە لەمەش پەیدابوونی کۆمەڵگەی پلورالیزمیش، هێندەی تر برەوی بەم چەمکە دا، بەتایبەت لە کیشوەری ئەوروپادا[٥].

دەتوانین بڵێین ڕێککەوتننامەی ئاشتیی پاساو ساڵی ١٥٥٢ کە پاش جەنگی شمالکالدیش چێ بوو، هەروەها ڕێککەوتننامەی ئاوگسبورک ساڵی ١٥٥٥ کە بۆ ئازادیی بۆ ئاینەکان مۆر کرا. هەروەها ڕێککەوتننامەی کۆنفیدراسیۆنی وارشۆی ساڵی ١٥٧٣، کە تێیدا ئازادیی ئاینی لە وڵاتی پۆڵۆنیا بەرەسمی ناساند. ئەم سێ ڕێککەوتننامەیە، بە بەردی بناغەی چەمکی لێبووردن لە جیهاندا دادەنرێن[٦].

## باوکە مەزنەکانی چەمکی لێبووردن

وەکو هەموو چەمکێکی تر، بۆ وروژاندن و بڵاوکردنەوەی ئەم چەمکە، کۆمەڵێک فەیلەسووف و ڕووناکبیری مەزنی جیهان، خۆیان پێوە خەریک کردووە. بە دڵنیاییەوە ئەو کارەی ئەو ڕووناکبیرە مەزنانەی جیهان، ڕۆڵێکی ئێجگار مەزنی هەبووە، لە گەشەسەندن و بڵاوکردنەوەی ئەم چەمکە بەناو جیهاندا. لێ مێژووی ئەم چەمکە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیحی. هەر بۆیە حەزرەتی مەسیح، یەکەمین کەس بووە کە داکۆکیی لەم چەمکە کردووە.





## حەزرەتی مەسیح یەکەمین بانگهێشتنکەری چەمکی لێبووردن

حەزرەتی مەسیح یەکێکە لە پێغەمبەرە گەورەکانی خوا، دامەزرێنەری ئاینی مەسیحییە. لە هەمان کاتدا، یەکەمین کەس بووە، کە بانگهێشتنی ئاشتی و گیانی لێبووردەیی بۆ مرۆڤایەتی پێ بووە. حەزرەتی مەسیح لە پەیامەکەیدا، پانتاییەکی گەورەی بۆ ئاشتیخوازی و بڵاوبوونەوەی گیانی لێبووردەیی لەئاینەکەیدا داناوە. چەندین وتە و پەیامی گرینگی لەم بوارەدا هەبووە.

" گەر یەکێک زلەیەکی لێ دایت، لاکەی تری بۆ ئازاد بکە، تا زلەیەکیش لەولایەت بدات "

" دوژمنەکانتان خۆش بوێت."

مەسیح لێبووردەیی کردبووە بەردی بناغەی ئاینە نوێکەی. ئەو ڕاستی و هەقیقەت و نزیکبوونەوە لە یەزدان، لە ڕێگەی گیانی لێبووردەیی و ئاشتیخوازی و برایەتیدا دەبینی.

لێ بەداخەوە پاش ئەوەی پەیامە پیرۆزەکەی مەسیح لەلایەن دەسەڵاتداران و دەزگا ئاینییەکان، بە خراپترین شێوە شێوێنرا و، ئەم پەیامە پیرۆز و مرۆڤانەییە، بوو بە پەیامێک بۆ هەڵگیرساندنی شەڕی ئاینی و تاڵانی و کوشتارێکی زۆر لە تەواوی جیهاندا، بەتایبەت لە ئەوروپادا. جێگەی داخە پەیامی پیرۆزی مەسیح، پاش تێکەڵبوونی ئاین بە سیاسەت و، دەسەڵاتی پاوانخوازیی پاپا، وای کرد کە لەژێر ناوی ئاینی مەسیحی و حەزرەتی مەسیحەوە، چەندین تاوانی گەورە ئەنجام بدرێت.

ئەمە لە کاتێکدا کە حەزرەتی مەسیح، بە پێچەوانەی پێغەمبەرەکانی ترەوە، هیچ کاتێک پەیامەکەی لە ڕێگەی شەڕ و پەلاماردانەدا بڵاو نەکردووەتەوە. بگرە ئەو لە ڕێگەی ئەم پەیامە پیرۆزەیدا، لە خاچ دەدرێت.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئێمە ناتوانین نکوڵی لە پەیامی مەزنی حەزرەتی مەسیح بکەین، کە یەکەم کەس بوو هانی مرۆڤی داوە، بۆ دوورکەوتنەوە لە گیانی شەڕەنگێز و تۆڵەسەندنەوە، لە بەرامبەردا هانی مرۆڤی داوە، تا یەکتریان خۆش بوێت و کار لە پێناوی جیهانێکی ئاشتیدا بکەن.

## فەیلەسووف و رووناکبیرانی چەمکی لێبووردن

دەتوانین رووناکبیری مەزنی ئینگلیزی (ژان لۆک)، بەباوکی دێرینی ئەم چەمکەی دابنێین. ژان لۆک. ساڵی ١٦٦٧ وتارێک لەبارەی چەمکی لێبووردنەوە دەنووسێت. جێگەی گوتنە ئەم کتێبە بە زمانی ئینگلیزی دەینووسێت، لەو کاتانەدا هەموو نووسەران و رووناکبیرانی ئەوروپا، تەنیا بە زمانی لاتینی دەیاننووسی و بە زمانی نەتەوەیی نەیاندەنووسی، چونکە لەو کاتانەدا زمانی لاتینی زمانی نووسین و زانست و فەلسەفە بوو، زمانی نەتەوەیی ئەو رەونەقەی نەبوو. ساڵی ١٦٨٩ کتێبە مەزنەکەی بەناوی (نامەیەک لەبارەی لێبووردنەوە) بە زمانی لاتینی دەنووسێت. جێگەی گوتنە ئەم کتێبە دەبێتە بەردی بناغەی چەمکی لێبووردن لە جیهاندا.

دیارە ژان لۆک لەم کتێبەیدا بە ڕاشکاوانە و بەوپەڕی ئازایەتییەوە، بەرگری لە چەمکی لێبووردن و گرینگی و بایەخی ئەم چەمکە دەخاتە ڕوو. هۆکاری سەرەکیی نووسینی ئەم کتێبە، ئەو شەڕە ئاینییە خوێناوییە بوو، کە هەموو ئینگلتەرا و ئەوروپای گرتبووەوە. شەڕی نێوان کلێسای کاسۆلیکی و پرۆتستانتی، هەموو ئوروپای وێران و ماڵوێران کرد. بە ملیۆنان کەس بوونە قوربانیی ئەم شەڕە نەگریسە.

ژان لۆک دەڵێت:

"هەر کلێسایەک بە بڕوای خۆی مەسیحیی پەتییە و بە بڕوای ئەوانی تریش هەڵە و مورتەدە. هەموو کەسێک بڕوای وایە ئەوەی خۆی باوەڕی پێیەتی هەقیقەتە و هەر چییەکیش کە جیاوازە لەو، وەک هەڵە مەحکوم دەکات. گەر مافی سەرکوتکردن بە کلێسایەک بدرێت، ئەوا ناچارین هەمان ماف بە کلێساکانی تریش بدەین."

جێگەی گوتنە لۆک یەکێک بوو لە داکۆکیکەرانی ئازادیی فرە ئاینی و مەزهەبی. بەڵام ئەو دژی ئازادیی ئاتیزیم (بێ دینی) بوو. لە هەمان کاتدا ئەو داوای جیاکردنەوە دین لە دەوڵەتی دەکرد و، دژی تێکەڵکردنی هەردوو دەزگا بوو[٧].

دیارە لۆک جگە لەوەی بە باوکی بیری چەمکی لێبووردن دادەنرێت، هەروەها بە باوکی چەمکی جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەتیش دادەنرێت. بەڵام لۆک بیرەکەی نەیتوانی لە چوارچێوەی ئازادیی مەزهەبەوە دەربچێت و هەنگاو بۆ کۆمەڵگەی پلورالیزم دابنێت. ئەم کارەش کۆمەڵێک فەیلەسووفی تر، پاش لۆک بە سەرکەوتوویی کردیان.

یەکێکی تر کە دەتوانین بەباوکی چەمکی لێبووردنی دابنێین، ئەویش فەیلەسووفی ناوداری فەرەنسی ڤۆڵتێرە. دیارە خەباتی ڤۆڵتێر لە پێناوی لێبووردن و دژایەتیکردنی بیری دەمارگیری، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە، لە بڵاوکردنەوەی ئەم چەمکە و نەهێشتنی توندوتیژیی ئاینی و مەزهەبی لە فرەنسا و ئەوروپادا.

ساڵی ١٧٦٣ پاش چەندین ڕووداوی دڵتەزێن، کە ناخی ڤۆڵتێر دەهەژێنێت، کتێبێکی مەزن بەناوی (وتارێک لەبارەی لێبووردنەوە دەنووسێت). ئەم کتێبە دەبێتە بەرنامەیەکی درێژخایەن بۆ وروژاندنی رای گشتیی فرەنسی، بە قازانجی دژایەتیکردنی دەمارگیری و هاندانی خەڵکی بۆ لێبووردەیی و قبووڵکردنی مەزهەب و دیدی جیاواز.

هەروەها لەم کتێبەیدا، بەتوندی هێرش دەکاتە سەر کڵێسای مەسیحی بەگشتی و کاسۆلیکی بەتایبەتی. ڤۆڵتێر دەڵێت:

"مەسیحییەت مێژووی شازدە سەدە بەربەریەتە. سەردەمێکی درێژ بەسەر فەرمانڕەوایی مەزهەبی مەسیحیەتدا بەهۆی قووستەنتەنیەوە نەڕۆیشتبوو کە ئاتانازییەکان و ئۆسبییەکان**، کەوتنە گیانی یەکتری و لەوساوە تا ئەمڕۆ هەمیشە کڵێسای مەسیحی لە خوێندا غەرق بووە."

ڤۆڵتێر دەیەوێت سوود لە وانە تاڵەکانی مێژوو وەربگرێت دەڵێت:

"ئەم جیاوازییە ترسناکانە کە چەند سەدەیەکی خایاندووە، وانەیەکی گرینگە سەبارەت بەوەی ئێمە دەبێت هەڵەکانی یەکتری ببەخشین. جیاوازبوون، بەدبەختیی گەورەی مرۆڤە و " لێبووردن"یش تەنیا ڕێگەچارەیەتی".

ڤۆڵتێر پەنا بۆ بازرگانی دەبات و دەیەوێت لەم ڕێگەیەوە، بۆچوونەکانی بسەلمێنێت.

"لە بۆرسەی ئەمستەردام یان لەندەن یان بەسرەدا، کە زەردەشتی، یەهودی، موسڵمان، کاسۆلیک، پرۆتستانت، ئەرتەدۆکسی، هەر هەموویان مامەڵە پێکەوە دەکەن، خەنجەر بە ڕووی یەکتردا هەڵناکێشن بۆ ئەوەی یەکێکیان ئەوی تر بهێنێتە سەر دینەکەی خۆی. کەوابوو بۆچی ئێمە " مەسیحییەکان" پاش ئەنجوومەنی نیقیە*** بەردەوام کوشتار لەگەڵ یەکتردا دەکەین؟[٧]"

دیارە ڤۆڵتێر لەو باوەڕەدا بوو، کە بازرگانی دەتوانێت ڕێگە لە توندوتیژی و دەمارگیریی ئاینی بگرێت. کار و خەباتی ڤۆڵتێر لە پێناوی لێبووردندا، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو، لە گەشەسەندنی بیری لێبووردن و دامەزراندنی کۆمەڵگای مەدەنی و فەراهەمکردنی ئازادیی بیروڕا.

دیارە پاش شۆڕشی فرەنسی و گەشەسەندنی بیری ئازادی و کۆمەڵگەی مەدەنی، لێبووردن هەنگاو دەنێتە قۆناغی سیاسییەوە. لۆک زیاتر بەرگری لە ئازادیی مەزهەبی دەکرد، بەڵام پاشان کۆمەڵێک بیرمەندی تر، بوونە داکۆکیکەری مەزنی لێبووردن و ئازادیی بیروڕا. لە سەروو هەموویانەوە (ڤۆڵتێر و جان جاک ڕۆسۆ، ژۆن ستیوارت میل).

لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەوە، بیری لێبووردن بواری سیاسەت و دەوڵەتیشی گرتەوە و، لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا، بەشێوەیەکی ڕیشەیی لە ئەوروپا و ئەمەریکادا، ئازادی بیروڕا دەربڕین چەسپا و، بوو بەبەردی بناغەی کۆمەڵگەی مۆدێرنی ئەوروپایی.

لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا بەهەوڵ و کۆششی فەیلەسووفی ناوداری فرەنسی لیڤی

شتراوس، لێبووردن بواری کولتووری جیاوازیشی گرتەوە.

لیڤی شتراوس دەڵێت:

"فۆرمووڵەبوونی مرۆڤایەتی و هەروەها شیمانەی پێشکەوتنی بەستراوە بە پشتگیری لە کولتوورە جیاوازەکان، ڕۆڵی مەرجەعە نێودەوڵەتییەکان ڕێک ئەوەیە، کە کولتوورە جیاوازەکان لە یەکتری نزیک بکەنەوە، بێ ئەوەی هیچ شێوە کولتوورێکی تایبەتی بەلاوە لە شێوە کولتوورێکی تر، پێ باشتر بێت[٨]"

شتراوس زۆر زیرەکانە درکی بەو کێشە ئاڵۆزەی کولتوورە جیاکانی جیهان کردبوو. ئەو دەیزانی کە بوونی ئەم هەموو کولتوورە جیاوازەی جیهان. لەوانە بێت لە داهاتوودا کێشەی گەورە بۆ مرۆڤایەتی بخوڵقێنێت. هەر بۆیە بەلای ئەوەوە باشترین ڕێگەچارە ئەوەیە، کە ڕێگە بۆ هەموو کولتوورە جیاکان فەراهەم بکرێت و ڕێزیان لێ بگیرێت.

دیارە ئەم بۆچوونەی شتراوس، بەتەواوەتی پێچەوانەی ئەو بۆچوونەیە، کە فەیلەسووفی ناوداری ئەمەریکایی (سامویل هینگتۆن)، لە کتێبە ناودارەکەیدا (شەڕی شارستانییەکان) باسی کردووە. هینگتۆن بەپێچەوانەی شتراوسەوە، باسی لە شەڕی نێوان شارستانییەکان دەکات. بوونی ئەم هەموو کولتوورە جیاوازەی مرۆڤایەتی، بە ترسێکی گەورە بۆ ڕۆئاوا بەتایبەتی و مرۆڤایەتی بەگشتی دادەنێت.

## بۆچی چەمکی لێبووردن لە ئەورووپادا سەری هەڵدا؟

چەمکی لێبووردنیش، وەکو بەشێکی زۆری چەمکە نوێکان، لە کیشوەری ئەورووپاوە سەری هەڵدا و بە جیهاندا بڵاو بووەوە. دیارە ئەوەش پێوەندی بە کۆمەڵێک فاکتەری گرینگەوە هەیە، کە من لێرەدا بە کورتی باسیان لێوە دەکەم.

١- شەڕی مەزهەبی لە ئەورووپا بەتایبەتی (کاسۆلیک و پرۆتستانت)

هەروەک پێشتریش ئاماژەم پێ کرد، کە ئەورووپا خۆی لەناو شەڕێکی خوێناویی گەورەدا دەبینییەوە و شەڕی مەزهەبی، هەموو ئەورووپای وێران و خاپوور کردبوو. لەپاش جیابوونەوەی کڵێسای پرۆتستانتی و پەیدابوونی باڵی ڕیفۆرمی لەناو کڵێسای کاسۆلیکی و جیابوونەوەی چەندین ڕێچکە لەم مەزهەبە گەورەیە، کە بۆ ماوەی چەندین سەدە حوکمی ئەورووپای دەکرد، شەڕێکی خوێناوی لە نێوان ئەم دوو مەزهەبەدا بەرپابوو.

لە هەر شوێنێکدا کڵێسایەک حوکمی کردبێت، بە دڕندەترین شێوە کەوتووەتە گیانی هەوادارانی کڵێساکەی تر. جێگەی گوتنە سەرەتا مارتین لۆتەر، داوای ئازادیی مەزهەبیی دەکرد، بەڵام پاشان کە پرۆتستانەکان دەسەڵاتیان لە چەند ناوچەیەکی ئەورووپا پەیدا کرد، لە کاسۆلیکەکان خراپتر بوون.

لەلایەکی ترەوە پاش بڵاوبوونەوەی پرۆتستانت و درێژخایەنی شەڕی مەزهەبی، بوونی قوربانییەکی زۆر، وای کرد کە بە دوای ڕێگەچارەیەکدا بگەڕێن. بەتایبەت نووسەران و رووناکبیرانی ئەوروپا، لەو کاتانەدا ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو، لە دژایەتیکردنی ئەم شەڕە نەگریسە و، هاندانی خەڵکی بۆ دوورکەوتنەوە لە بیری دەمارگیری ئاینی و مەزهەبی. لە هەمان کاتیشدا بڵاوکردنەوەی بیری لێبووردن و ئازادیی مەزهەبی..

٢- شۆڕشی ڕێنانسازی ئەوروپایی

یەکێک لە کارە مەزنەکانی سەردەمی ڕێنانسازی ئەوروپا، لەناوبردنی بیری دەمارگیری ئاینی بوو. لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕێنانسازی ئەوروپا، چەمکی لێبووردن پەلی هاویشتە قۆناغێکی نوێوە. ڕێنانساز توانی، کۆتا بەبیری تاریکی سەدەکانی ناوەڕاست بهێنێت، بە بیر و بۆچوونی مۆدێرن، چرای ڕووناکی بۆ نەوەکانی داهاتوو دابگیرسێنێت.

٣- گەشەسەندنی بازرگانی و پەیدابوونی چینی بۆرجوازی

لەو کاتانەدا بەهۆی هەڵمەتی کۆلۆنیالیزم و داگیرکردنی کیشوەرەکانی ئەمەریکا و ئەفریقیا و ئاسیا، بازرگانییەکی گەورە ئەوروپای گرتەوە. کە ئەمەش بوو بەهۆی دروستبوونی چینێکی نوێی کۆمەڵایەتی، کە پاشتر بە چینی بۆرجوازی ناسرا.

دیارە هەموو کاتێک ئاشتی، بە بەردی بناغەی گەشەسەندنی بازرگانی و ئابووری دادەنرێت. هەر بۆیە لەو کاتانەدا، چینە بازرگانەکانی ئەوروپا، هیچ سوودێکیان لەم شەڕی مەزهەبییەی ئەوروپا نەدەبینی. بگرە ئەوان زیاتر قازانجیان لە بوونی ئاشتی هەبوو. دیارە تەنیا لە ئەوروپادا، دەنا لەو کاتانەدا چینی بۆرجوازی ئەوروپایی، قازانجێکی زۆری لە تاڵانکردن و دزینی سامانی گەلانی تردا دەبینی.

لەلایەکی ترەوە چینی بۆرجوازی، دژی بیری دەمارگیری ئاینی بوو. وە هیچ سوودێکی بۆ ئەو نەبوو.

٤- شۆڕشی فرەنسی و گەشەسەندنی بیری دیموکراسی

لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی فرەنسی و بڵاوبوونەوەی بیری ئازادی و یەکسانی و برایەتی، توانرا کۆتا بە بیری دواکەوتوویی و دەرەبەگیی ئەوروپایی بهێنرێت. ئەم شۆڕشە توانی نەک فرەنسا، بگرە تەواوی ئەوروپا، لە دەستی دواکەوتوویی ڕزگار بکات و، مەشخەڵی کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن بگرێتە دەستی.

چەسپاندنی کۆمەڵگەی مەدەنی و دامەزراندنی سیستەمی دیموکراسی، ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو، لە گەشەسەندن و بڵاوبوونەوەی چەمکی لێبووردن.

٥- گەشەسەندنی زانست و پەیدابوونی شۆڕشی زانستی و پیشەسازی

پیتەر بیرکەر دەڵێت:

"جیهان لە ڕێگەی داهێنراوە تەکنەلۆجییەکانەوە ڕووبەڕووی گۆڕانکاری دەبێتەوە[٩]".

هەموو کاتێک زانست توانیویەتی، هێز و تینێکی ئێجگار مەزن، بە گۆڕانکارییە گەورەکانی مێژوو بدات. ئەو شۆڕشە زانستییە گەورەیەی کە ئەوروپای گرتەوە، توانی جێگەی بیرە کۆنەکان لەق پێ بکات و، لەسەر کەلاوەی ئەو بیر و بۆچوونانەوە، سیستەمێکی نوێ دابمەزرێنێت. زانستی گەورەترین ڕۆڵی بینی، لە دامەزراندنی کۆمەڵگەی مەدەنی و سیستەمی دیموکراسی ئەوروپایی.

## پێوەندیی چەمکی لێبووردن لەگەڵ دیموکراسیدا

هەمووومان لەسەر ئەوە کۆکین کە دیموکراسی مانای فرە دەنگی و فرە ڕەنگی دەگەیەنێت. دیموکراسی کولتوورێکە، کە هەموو دەنگە جیاوازەکان پێکەوە دەژین. پێکەوە ژیانی ئاشتییانە و، قبوڵکردنی ڕای جیاواز، بەردی بناغەی دیموکراسییە. گەر ئێمە فێری ئەوە نەبین، کە بیر و بۆچوونی جیاواز لە خۆمان، بەوپەڕی دڵفراوانییە قبووڵ بکەین، ئەوا هیچ کاتێک ناتوانین کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی دابنێین.

هیچ چەمکێکی فەلسەفیی تر، هێندەی چەمکی لێبووردەیی، پێوەندیی بە دیموکراسییەوە نییە. گەر لێبووردەیی نەبێت، ئەوا دەنگ و ڕای جیاوازیش نابێت، گەر رای جیاوازیش نەبێت، ئەوا دیموکراسی مەحاڵە دروست بێت.

دیارە لە سەرەتادا چەمکی لێبووردن تەنیا بواری ئاینیی گرتەوە، بەڵام پاشان بەتایبەتی لە سەدەی نۆزدەدا، هەنگاوی بۆ بوارەکانی سیاسەت و فیکر و کولتوور نا. بەتایبەتی پاش ئەوەی بە شێوەیەکی جیدی ئاین لە دەوڵەت جیا کرایەوە و، کۆمەڵگەی مەدەنی و پلووراليزم دامەزرا.

بیرنارد راسڵ، فەیلەسووفی بەریتانی دەڵێت:

"لیبرالیزم لە سەرەتادا جەختی لەسەر ئازادیی عەقیدە و گیانی لێبووردەییی ئاینی دەکردەوە[١٠]"

لەبەر ئەوە گەر ئێمە نەتوانین لێبووردە بین بەرامبەر بە ڕای جیاواز قبووڵی خەڵکی نەکەین بەو شێوەیەی کە هەیە، نەک بەو شێوەیەی کە ئێمە دەمانەوێت، ئەوا هیچ کاتێک ناتوانین دەم لە دیموکراسی و ئازادیی ڕادەربرینەوە بدەین. مەحاڵە ئازادیی سیاسی و کولتووری و ئاینی، بەبێ چەمکی لێبووردن سەربگرێت.

## چەمکی لێبووردن و کۆمەڵگەی مەدەنی و عەلمانیەت

ژان لۆک تەنیا بە باوکی بیری لێبووردن دانانرێت، بگرە بە باوکی بیری کۆمەڵگەی مەدەنیش دادەنرێت. هەوڵ و کۆششەکانی ئەو، پاشتر بوون بە بەردی بناغەی کۆمەڵگەی مەدەنی و جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت. ئێمە هیچ کاتێک ناتوانین باس لە عەلمانیەت و پلورالیزم بکەین، گەر گیانی لێبووردەییمان تێدا نەبێت.

گەر دەوڵەت بەیەک چاو سەیری هەموو ئاینەکان نەکات، لە هەمان کاتیشدا بەهەمان شێوە ڕێزیان لێ نەگرێت، ئەوا ئەو دەوڵەتە هیچ سیمایەکی مۆدێرن و دیموکراسیی نییە. قبووڵکردنی ئاینی جیاواز، مانای هەنگاونانە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و فرە ڕەنگی.

لەبەر ئەوە چەمکی لێبووردن و چەمکی عەلمانیەت و کۆمەڵگەی مەدەنی، پێوەندییەکی ئێجگار بەتینیان پێکەوە هەیە.

## چەمکی لێبووردن و پرۆسەی ئاشتی

خاڵێکی گرینگی تر کە لێرەدا پێویستە باسی لێوە بکەین ئەوەیە، کە چەمکی لێبووردن پێوەندییەکی ئێجگار بەتینی لەگەڵ پرۆسەی ئاشتیخوازی هەیە. هیچ شەڕێک (گەورە بێت یان بچووک)، بەبێ بوونی گیانی لێبووردن، مەحاڵە سەربکەوێت. هیچ کاتێک ناتوانین شەڕێک (ئاینی یان مەزهەبی یان نەتەوەیی تەنانەت عەشیرەتیش)، بەبێ گیانی لێبووردەیی کۆتاییی پێ بهێنین.

گەر گیانی لێبووردەیی لەناو کۆمەڵگەیەکدا برەو پێ نەدرێت، ئەوا ئەو کۆمەڵگەیە ناتوانێت بە ئاشتییانە لەناو خۆیدا و لەگەڵ دراوسێکانیدا بژی. هەر بۆیە هەروەک چۆن دەوڵەت و دیموکراسی و دادپەروەری بۆ نەتەوەیەک گرینگ و پێویستییە، بەهەمان شێوەش، بوونی گیانێکی لێبووردن لەناو ڕێژەیەکی زۆری هاووڵاتییانی گرینگە.

گەر کۆمەڵگەیەک لێبووردە نەبێت بەرامبەر بە ڕا جیاوازەکانی ناو خودی خۆی، ئامادەنەبێت، ئاین و کولتوور و نەتەوەی جیاواز لە خۆی قبووڵ بکات، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەو کۆمەڵگەیە ناتوانێت ئاشتی بۆ هاووڵاتییانی دابین بکات.

یەکێک لە هۆکارە گرینگەکانی سەرهەڵدانی جەنگی دووەمی جیهانی ئەوە بوو، کە فەرەنسی و ئینگلیزەکان و تەواوی ئەوروپاییەکان، ئامادە نەبوون لە تاوانەکانی ئەڵمانەکان لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا خۆش بن، بگرە لە ڕێککەوتننامەی ڤێرسایدا، بە توندترین شێوە سزای قورسیان بەسەر ئەڵمانیدا سەپاند. گیانی تۆڵەسەندنەوە جێگەی لێبووردەیی گرتەوە. هەر بۆیە پاش ماوەیەکی تر، خۆیان لە شەڕێکی نوێدا بینییەوە.(کە دیسانەوە ئەڵمانەکان هەڵگیرسێنەری ئەم شەڕە بوون).

بەڵام لەپاش جەنگی دووەمی جیهانی، ڕێککەوتننامەی (ئەلیزی ١٩٦٣) لە نێوان ئەڵمانیا و فرەنسا، ڕێگەی خۆش کرد بۆ دامەرزراندنی یەکەتیی ئەوروپا و نەمانی شەڕ.

ئەوروپاییـیـەکـان لەپاش جەنگی دووەمی جیـهانی، وانەیەکی باشیـان لەو شەڕە وەرگرت، ئەویش ئەوە بوو، بەگیانی تۆڵەسـەندنەوە مـامـەڵەیان لەگەڵ ئەڵمـانیـا نەکرد، بگرە لە ڕێگەی لێبووردنەوە، توانییان ئەڵمانیا تێکەڵی ئەوروپا بکەن و، پێکەوە بەردی بناغەی یەکەتیی ئەوروپا دابمەزرێنن و، خۆشگوزەرانی بۆ هاووڵاتییانی کیشوەرەکە فەراهەم بکەن.

بەپێچەوانەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین، یەکێک لە ڕێگرە گەورەکانی پرۆسەی ئاشتیی نێوان عەرەب و ئیسرائیل، نەبوونی گیانی لێبووردنە لەلایەن عەرەبەکانەوە بەرامبەر بە جوولەکەکان. عەرەبەکان هێشتا گیانی تۆڵەسـەندنەوە بەسـەریاندا زاڵەوە، چاوەڕێی سـەڵاحـەدینێکی ترن، تا قودسیـان بۆ ڕزگار بکات.

لەبەر ئەوە بێ چەمکی لێبووردن، پرۆسەی ئاشتیش سەرناکەوێت.

## ئاخۆ لێبووردن مافە یان بەزەیی پێداهاتنەوەیە؟

ئاخـۆ کاتێک ئێـمە لە بەرامـبەر هەڵەی کەسێکی تر لێبـووردە دەبین، ئەمە مانای ئەوەیە بەزەییمان بەو کەسـە دێتـەوە یان ڕێزی لێ دەگرین ؟. ئاخـۆ کاتێک کەسێکی بێ دین لە بەرچاوی کەسێکی ئیمانداردا دەوەستێت، ئەمە مانای بەزەیی پێداهاتنەوەیە لەلایەن کەسی ئیماندار بە کەسی بێ دیندا، یان باوەڕبوونە بە ئازادیی بیرورا و عەقیدە؟.

ژۆلی سادا ژاندرۆن دەڵێت:

" لێبووردن بەر لە هەر شتێک وەک مافێک دەردەکەوێت کە داوا دەکرێت. مافێک لە بەرامبەر توندڕۆیە سیاسی یان مەزهەبییەکاندا، هەروەها لە بەرامبەر دەستتێوەردانی دەوڵەت لە مەسەلە مەزهەبییەکان یان لە بواری تایبەتییەکاندا، کە هەر کاتێک، مافی تاکێک دەستدرێژیی بکرێتە سەر، بۆی دەگەڕێتەوە.

هەموو کەسێک خاوەنی ئازادیی هەڵبژاردنی ڕەهایە، دەوڵەت یان هیچ دەزگەیەکی تر تەنانەت دینیش، مافی دەستتێوەردانی لەمبارەیەوە نییە[١١]"

کەواتە لێبووردن مافی هەموو کەسێکە لەناو کۆمەڵگەی مـەدەنیدا. لێبووردن وەکو ئازادیی ڕادەربڕین، کە پێوەندییەکی ئێجگار بەتینیان پێکەوە هەیە، مافێکی سروشتیی هاووڵاتییانە.

وە هیچ پێوەندیی بە بەزەیی پێداهاتنەوە نییە. هەمووماڵ وتە بەناوبانگەکەی ڕۆسمان لە بیرە کاتێک دەڵێت: "مرۆڤ شایستەی ڕێزە نەک بەزەیی."

## ئاخۆ لێبووردن چەکی دەستی بێهێزەکان لە دژی بەهێزەکان ؟

زۆرجار کە باسی ئاشتی و لێبووردن دەکرێت، یەکسەر دەوترێت کە ئەمە چەکی بێهێزەکانە یان کەمینەکانە لە دژی زۆرینە و بەهێزەکان. لەبەرئەوەی کەمینەکان یان بێهێزەکان ناتوانن لە ڕووی

چەکەوە ڕووبەڕووی زۆرینەیەکی بەهێز ببنەوە، ناچار دەکرێن کە لە تاوانی زۆرینە ببوورن.

بەڵام لە ڕاستیدا هیچ کاتێک زۆرینە ناتوانێت هەتا سەر بەردەوام بێت لە چەوساندنەوەی کەمینەیەک جا ئاینی بێت یان نەتەوەیی یان ڕەگەزی. مێژووی مرۆڤایەتیش پڕیەتی لەم ئەزموونانە.

بەبڕوای من هیچ کاتێک زۆرینەیەک ناتوانێک بەئارامی و ئاسایش بژی، هەتاوەکو مافی تەواوی کەمینەیەک نەدات. کەمینەیەک پێ دەچیت نەتوانێت زۆرینەیەک لەناوبەرێت، لێ دەتوانێت ژیانی لێ تێک بدات و نەهێلێت پێشبکەوێت. خۆی لە خۆیدا بوونی شەڕ، هۆکاری لاوازبوونی کۆمەڵگەیەک یان دەوڵەتێک دەگەیەنێت.

گەر بمانەوێت کۆتا بە شەڕێک بهێنین، ئەوا چەندە کەمینەیەک پێویستی بە گیانی لێبووردنی زۆرینەیە، دووهێندە زۆرینەکەش پێویستی بە گیانی لێبووردەیی کەمینەیەکە.

## چەند نموونەیەکی جوانی چەمکی لێبووردن لە جیهاندا

چەمکی لێبووردن چەند نموونەیەکی جوانی پێشانی جیهان دا، کە لە ڕێگەی ئەم چەمکەوە توانرا کۆتا بە شەڕی خوێناویی گەورە و کارەساتی دڵتەزێن بهێنرێت. هەر لە ڕێگەی ئەم چەمکەشەوە، کۆتا بە چەندین شەڕی خوێناویی نێوان گەلان و ڕەگەزەکان هێنرا، بۆ نموونە شەڕی نێوان سپیپێست و ڕەشپێستەکانی ئەمریکا و ئەفریقیای باشوور.

## ئەفریقیای یەکەمین قوربانیی دەمارگیری

"سپیپێستەکان لە ئەمەریکادا لەبەرئەوەی زۆرینەن، کەمینەی ڕەشپێستەکان دەچەوسێننەوە لە ئەفریقیاش لەبەرئەوەی کەمینەن، زۆرینەی ڕەشپێستەکان دەچەوسێننەوە[١٢]". نەجیب مەحفووز

گەلی قارەمانی ئەفریقیایی، بە درێژاییی مێژوو قوربانیی یەکەمی چەوساندنەوەی مرۆڤ بووە لەلایەن ڕەگەزەکانی ترەوە. ئەفریقیاییەکان چ لە وڵاتی خۆیان و چ لە دەرەوەی کیشوەرەکەیان، هەموو کاتێک بە دڕندەترین شێوە چەوسێنراونەتەوە.

لە ئەمەریکا پاش ئەوەی لە سەدەکانی پێشوودا ئەفریقیاییەکانیان وەکو کۆیلە دەهێنا بۆ ئەم وڵاتەوە، لەژێر بارێکی نالەبار و سەختدا وەکو کۆیلە کاریان پێ دەکرا و دەچەوسێنرانەوە.

خەباتی ئەفریقیاییەکان لە ئەمەریکا، مێژوویەکی دێرینی هەیە. بە هەزاران کەس بوونەتە قوربانیی ئەم خەباتە پیرۆزە. هەتا شەستەکانی سەدەی پێشوودا، بە ڕابەرایەتیی پێشەوای مەزنی ئەفریقیایی (مارتین لۆتەر)، توانرا بە ماف و ئازادیی خۆیان بگەن.

کۆتاییهاتن بە ڕێژیمی ڕەگەزپەرستیی ئەمەریکایی، پاش چەندین ساڵ خەباتی ئەفریقیاییەکان لەو وڵاتەدا دێت.

ئەفریقیاییەکانی ئەمەریکا، لە ڕێگەی لێبووردنەوە، توانییان کۆتا بە ڕێژیمی ڕەگەزپەرستیی ئەمەریکایی بهێنن. ئەوە رۆحی مەزنی ئەوان بوو، کە لەو تاوان و درِندەییەی ئەوروپاییەکان بووران، کە بۆ ماوەی چەندین سەدە دەیانچەوساندنەوە.

ئەفریقیاییەکان تەنیا ڕێگەی ئاشتی و پێکەوە ژیان، لە گەورەترین ولاتی جیهاندا هەڵبژارد. بەدڵنیاییەوە گەر ئەفریقیاییەکان رۆحی لێبووردەییان تێدا نەبوایە، ئەوا هەتاوەکو ئەمڕۆش، شەڕ و ئاژاوە یەخەی بەهێزترین وڵاتی جیهانی بەرنەدەدا.

نموونەیەکی جوانی تریش، ئەفریقیای باشوور. لەم وڵاتەدا بۆ ماوەی چەندین سەدە، ئەوروپاییەکان خەڵکی رەسەنی ئەم وڵاتەیان دەچەوساندەوە. هەتاوەکو کۆتاییی هەشتاکان، پاش شۆڕش و خەباتێکی زۆری ئەم گەلە قارەمانە لە ڕێگەی ئازادی و دیموکراسیدا، توانییان لەژێر چنگی ڕەگەزپەرستیی ئەوروپایی رزگایان بێت.

ئەم خەباتە مەزن و پیرۆزەی ئەفریقیاییە باشوورییەکان، بە ڕابەریی پێشەوای مەزن و ناودار " نیلسۆن ماندێلا " بوو.

ماندێلا لە ڕێگەی ئاشتییەوە، توانی کۆتا بە ڕێژیمی ڕەگەزپەرستیی ئەوروپایی بهێنێت. لە پاشانیشدا لە ڕێگەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانییەوە، توانی کۆتا بە شەڕ و خوێنڕشتن بهێنێت.

ماندێلا لێبووردنی کردە چەمکی سەرەکیی بیرکردنەوەی. ئەو هات هەموو ئەو تاوان و درِندەییەی ئەوروپاییەکانی لە بیرکرد و، لێیان بوورا. بەم شێوەیەش ئاشتی و برایەتی جێگەی ڕق و تۆڵەی گرتەوە. ئەمەش وای کرد کە ئەفریقیای باشوور، پێش بکەوێت و نەکەوێتە زۆنگاوی دەوڵەتی فاشیلەوە، هەروەک چۆن زۆربەی دەوڵەتانی ئەفریقیا تێی کەوتوون.

## چەند نموونەیەکی دزێو و ناشیرین

## کیشوەری هیندستان شەڕێکی خوێناوی

درِندەترین و قێزەونترین شەڕی مەزهەبی و ئاینی کە لە سەدەی بیستەمدا ڕووی دابێت، شەڕی هیندستان و پاکستانە. ئەم شەڕە کە لەپاش رزگاربوونی هیندستان لە چنگی داگیرکەری ئینگلیزی سەری هەڵدا. هەتاوەکو ئەمڕۆش بەردەوامە.

لەپاش رزگاربوونی هیندستان، ئەم وڵاتە کرا بە دوو بەشەوە " هیند و پاکستان". لەپاش ئەم جیاکردنەوەیە، شەڕێکی ئاینی لە نێوان " هیندۆس و موسڵمان"ەکانی ئەم وڵاتە ڕووی دا، کە زیاتر لە ١٠ ملیۆن کەس لە شوێن و ماڵی خۆیان دەرکران و ئاوارە بوون، زیاتر لە ملیۆنێکیش گیانیان لەدەست دا.

دیارە ئینگلیزەکان رۆڵێکی ئێجگار قێزەونیان لەم شەڕەدا بینی، ئەوان تا بۆیان کرا، بەنزینیان بەم ئاگرەدا کرد. بەڵام هۆکاری سەرەکیی دەگەڕێتەوە، بۆ نەبوونیی رۆحی لێبووردن و ئاشتی لە نێوان (هیندۆس و موسڵمانەکان). بەداخەوە هەرچەندە غاندیی مەزن زۆر هەوڵی دا، کە ڕێگە لەم

شـەڕە بگرێت، بەڵام هێندە ڕۆحی تۆڵەسـەندنەوە و دەمـارگـیـریی ئاینیی بەهێـز بـوو، کـە هـیچ مەجالێکی نەدا، هەوڵەکانی غاندی سەربکەوێت.

## ڕۆهەڵات چەمکی لێبووردن

بەداخــەوە ڕۆهەڵات لەبارەی ئـەم پرسـەوە، هەنگاوی ئێـجگار خـاووخلیـچکی ناوە. بگرە لـە چەند هەوڵێکی بچـووک بەولاوە، هیچ پرۆسـەیەکی ئـاوا گـەورە نابینین. دیارە ئەمــەش دەگـەڕێتـەوە بۆ کۆمەڵێک هۆکار، کە من لێرەدا بە کورتی باسیان لێوە دەکەم.

١- هۆکاری ئاینی

ئاینی ئیسـلام یەکێکە لەو ئاینانەی کە زۆر کـەم لە بەرامبـەر ئاینەکانی تردا لێبووردنی هەیە. ڕاستە سـەرەتا کاتێک پێغەمبەر لە مەدینە بوو، پەیامێکی گەورەی لەبارەی لێبووردن و ئاشتیی لە نێوان ئاینەکاندا بەرقەرار کرد. لێ کاتێک مەککەی داگیر کرد و هێز و تینێکی گەورەتری پەیدا کرد، هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئاینەکانی تردا گۆڕا. سـەرەتا مـەسیحی و جوولەکەکان ئازاد بوون لە بیروباوەڕیان، لێ کاتێک مـەککە داگیر کرا و دەسـەڵاتی سـەربازی و ئابووری و سیاسیی بەهێز بوو، مـەسـیـحی و جوولـەکـەکـان پەلامـار دران و لەناو نیـمچـە دوورگـەی عـەرەبیـدا ڕاو نران. لە ناوچەکانی شام و عێراق و میسریش، جزیە "سەرانە" خرایە سەر مەسیحی و جوولەکەکان.

بوونی ئەم مێژووە خوێنـاوییە گەورەیەی ئیسـلام لەگەڵ ئاینەکـانی تردا، وا دەکات کە چەمکی لێبووردن کارێکی زۆر زەحمەت و ئاڵۆز بێت.

٢- دەسەڵاتی سیاسی و بەکارهێنانی شەڕی مەزهەبی

دیارە مێژووی ڕۆهەڵات بۆ مـاوەیەکی زۆر لە نێوان دوو ئیمپراتۆری خوێناوی و دڕندەدا دابەش بوو (تورکی و فـارسی). ئەم دوو دەسـەڵاتە هـەردووکیـان مـەزهـەبیـان بۆ مـەرامی سیاسیی خۆیان بەکار دەهێنا، بەتایبەت لە عێراقدا.

بوونـی ئەم دوو دەســەڵاتە خـوێناوییــە، وای کـرد کـە هـیچ کـاتێک پرۆســەی ئاشــتـیی نێــوان مـەزهەبەکـان (شـیـعـە و سـوننە) سـەرنەکـەوێت، چونکە ئەمـان هـیچ بەرژەوەندییـەکی وایان لەم پرۆسـەیەدا نەدەبینی، بگرە بە پێچەوانەوە ئەم شـەڕە بەردەوامیی بـە حوکمی نەگریسی ئەوان لەم ناوچەیەدا دەدا.

لەپاش ڕووخـانی ئیـمپـراتۆریەتە خوێنـاوییـەکەی تورک، ئینجـا نۆبـەی کۆلۆنیـالیزمی ئینگلیزی هـات، کـە ئەویش زۆر بەباشی ئەم شــەڕی تایەفـەگـەرییـەی بەکـار هـێنا. ئینگلیـزەکـانیش بوونی شـەڕێکی ئاوا، وای دەکرد کە هیچ کـاتێک ڕۆهـەڵات بەگـشـتی و عێـراق بەتایبـەتی، یـەک نەگرن و بەهێز نەبن، وە بەلاوازی و بێهێزی بمێننەوە.

لەپاش ڕزگـاربوونی عـێـراق و نـاوچەکـە لـە دەسـتی کـۆلۆنیـالیـزمی ئەوروپایی، دەسـەڵاتە نەتەوەییـیەکـانیش، بەهەمـان شـێـوە سـوودیان لەم شـەڕی تایەفـەگـەرییـە دەبینی و بۆ مـەرامی سیاسیی خۆیان بەکاریان دەهێنا. بەتایبەت لە عێراقدا، سەدام دەیویست خۆی وەکو نوێنەری عەرەبی سوننە لە دژی ئێرانی فارسی و شیعە دابنێت.

لەبەر ئەوە هیچ کاتێک دەسەڵاتی سیاسی، بەرژەوەندیی خۆی لە پرۆسەیەکی ئاشتی و نەمانی شەڕی تایەفەگەری نەبینیوە.

٣- نەبوونی چینێکی بازرگان و بۆرجوازی

هەروەک پێشـتـر باسـمـان لێ کـرد، کـە بـە دروسـتـبـوونـی چینی بۆرجـوازی ئەوروپایی، ڕۆڵی سـەرەکیی گێڕا لە نەمانی شـەڕی تایەفی و کۆتایی پێهاتن بە عەقڵیەتی ئاینی. خۆی لە خۆیدا چینی بـازرگـان تەنیا پشت بە بەرژەوەندیی ئابووری دەبەسـتێت و هیچ گـوێی لە ئـاین و نەتەوە و ڕەگەز نییە. هەروەک ڤۆڵتێر دەڵێت: "لە بازاری ئەمستەردام و بەسرەدا، مەسیحی و موسڵمان و جوولەکە و بێ دین، پێکەوە کار دەکەن و کەسیان چەقۆ بۆ ئەوی تریان هەڵناگرێت."

ڤۆڵتێر بازاڕ بە باشترین هۆکاری سەرکەوتنی چەمکی لێبووردن دادەنێت و، بازاڕی کردبووە قوتابخانەیەکی باش، تا خەڵکی تر سوودی لێ وەربگرن.

بەڵام بەحوکمی کۆمەڵێک هۆکاری ئابووری و فەرهەنگی و مێژوویی و سیاسی، چینی بۆرجوازی ڕۆژهەڵاتی، بەهەمـان شێوەی ڕۆئاوا لەدایک نەبوو. لە هەمـان کاتیشدا نەیتوانی ببێتە چینێکی بەهێز و کاریگەری ناو کۆمەڵگە، تا بتوانێت گۆڕانکاریی ریشەیی و گرینگ ئەنجام بدات.

٤- نەبوونی ڕۆڵی ڕۆشنبیران و ڕووناکبیران لەم بوارەدا

بەداخەوە ڕۆشنبیرانی ڕۆژهەڵات، وەکو ڕۆشنبیرانی ڕۆئاوا زۆر درەنگ دەرکیان بەم چەمکە کرد. هەروەها هیچ ڕۆڵێکی ئاوا گرینگیان نەبینی، لە بڵاوکردنەوەی چەمکی لێبووردن و دژایەتیکردنی دەمارگیریی ئاینی و نەتەوەیی. دەتوانین ئەو نووسەرانەی کە لەم بوارەدا کاریان کرد بە دەست بیـانژمـێـرین. لە ڕۆژهەڵاتدا کـەسـانی وەکـو (ڤـۆڵتـێـر و ژان لۆک و ڕۆسـۆ، مـیل و شـتـراوس)، دەرنەکەوتن. دەتوانم بڵێم لەم بوارەدا، ڕۆژهەڵات هەر زۆر هەتیوو بوو. ڕاستە لە هەموو ڕوویەکەوە وشکەسـاڵی باڵی بەسـەر فـیکری ڕۆژهـەڵاتدا کـێـشـاوە، بەڵام ئەم بوارە گـرینگ و پڕ بایەخـە، کـە پێوەستە بەژیانی خەڵکییەوە، زۆر زۆر هەژار و لاواز بوو.

## شیرازی و هەوڵێکی بچووک بۆ لێبووردن

میرزا محەمەد حەسەن شیرازی لە ٢٥ نیسانی ١٨١٥ لە شیراز لەدایک دەبێت. لە ٢٠ فێبراوەری ١٨٩٥ لە نەجـەف کـۆچی دوایی دەکـات، شیـرازی یەکێکە لـە ناودارترین و بەناوبـانگـترین زانـای شیعی لە عێراق و ڕۆژهەڵاتدا. ڕووناکبیری گەورەی عێراقی عەلی وەردی دەڵێت:

"شیرازی گەورەترین زانای ئاینیی شیعەیە، کە لە سەردەمی حەمیدی سەری هەڵدا. ئەم پیاوە کاریگەرییەکی زۆری بەسەر ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکانی عێراق و ئێران هەبوو[١٢]"

ڕووناکبیری مەزنی عێراقیش هادی عەلەوی لەبارەی شیرازییەوە دەڵێت:

"گەورەترین کەسایەتیی ئاینی بوو لە عێراق و ڕۆهەڵات، کە توانی لە ڕێگەی ئاینەوە دژایەتیی کۆلۆنیالیزمی جیهانی بکات و ڕابەرایەتیی شۆڕشی بیستی عێراق بکات[١٣]"

دیارە شیرازی مەرجەعی گەورەی شیعی بوو لە ڕۆهەڵات و لە شاری نەجەف دادەنیشت، کە بە سەنتەری مەزهەبی شیعە دادەنرێت، لەوێ دەژیا. ئەم پیاوە لە قۆناغێکی ئێجگار حەساس و گرینگدا، دەسەڵاتی ئاینیی هەبوو. هەر ئەمەش وای لێ دەکات، کە هەتاوەکو ئەمڕۆش، ناوبانگی لەناو گەلانی عێراقدا بمێنێت.

## شیرازی و هەوڵی لێبووردن

یەکێک لەو ڕووداوە گرینگانەی کە بوو بەهۆی بەرزکردنەوەی مەقامەتی ئەم پیاوە، ئەوەبوو کە کەسێک بوو، حەزی بە شەڕی مەزهەبی نێوان شیعە و سوننە نەبوو، بگرە بەپێچەوانەوە، هەوڵی نزیکبوونەوە و ئاشتیی نێوان مەزهەبەکانی دەدا. باشترین نموونەش ڕووداوەکەی شاری سامەڕایە. کە بە (فتنە سامراء) ١٨٩٣ ناسراوە.

لە ساڵی ١٨٩٣ پاش ئەوەی نفوزی شیرازی بەهێز دەبێت، زانایانی ئاینیی توندڕۆی سوننە دژی دەوەستنەوە، لە سامەڕا دەبێتە شەڕێکی خوێناوی لە نێوان شیعە و سوننەدا. لەم شەڕەدا یەکێک لە کوڕەکانی شیرازی دەکوژرێت. لێ شیرازی ڕۆڵێکی ئێجگار پۆزەتیڤی دەبێت، بە حیکمەتی خۆی بە ئاوی ئاین، ئاگرێکی شەیتانی دەکوژێنێتەوە، کە ناخی هەموو توندڕۆکانی گرتبووەوە. ئەو کەسەی کە کوڕەکەی کوشتبوو، لێی دەبووڕێت و تۆڵە لە کەس ناکاتەوە و کۆتایی بەم شەڕە دەهێنێت[١٤].

دیارە شیرازی لەم بوارەدا هەنگاوی باشی بۆ پێکەوە ژیانی نێوان شیعە و سوننە نا، بەڵام چ شای ئێران و چ سوڵتانی عوسمانی، حەزیان بە هەوڵەکانی ئەم پیاوە نەدەکرد.

دیارە جگە لە شیرازی، کۆمەڵێک زانای ئاینی لە ڕۆهەڵاتدا، ڕۆڵی باشیان لە پرۆسەی ئاشتی و جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت هەبووە، لەوانە (جەمالەدین ئەفغانی و محەمەد عەبدە و عەبدوڕەحمان کەواکبی).

## کورد و چەمکی لێبووردن

دیارە ئێمەی کورد زۆر درەنگ لە چەمکی لێبووردن تێگەیشتین. بگرە زۆرجاریش لەناو ئێمەدا هیچ جۆرە گیانێکی لێبووردەیی نییە. ئەمەش بۆ کۆمەڵێک هۆکاری گەورە دەگەڕێتەوە کە لێرەدا بە کورتی باسی هەندێکیان دەکەم.

## هێزە داگیرکەرەکانی کوردستان

هەموو کاتێک هێزە داگیرکەرەکانی کوردستان، هەوڵیان داوە هەتا بتوانن گیانی دووبەرەکی و تۆڵەسەندنەوە لەناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا بچێنن، چونکە ئەمە وایک ردووە، کە هیچ کاتێک کورد یەک نەگرێت و نەبێتە هێزێک دژی ئەوان بوەستێتەوە.

لەبەر ئەوە هیچ کاتێک مۆمی لێبووردن نەیتوانیوە لەناو چنگی داگیرکەرانی کوردستاندا، ڕووناکی بخاتە ناو ماڵی کوردەوە. بگرە هەموو کاتێک تۆڵەسەندنەوە و شەڕەنگێزی، باشترین دەرمان بوون بۆ داگیرکەرانی کورد، بۆ ئەوەی ئیدامە بە حوکمی نەگریسی خۆیان بکەن.

پارادۆکس لەوەدایە، هەموو کاتێک کورد ئامادەگیی ئەوەی تێدا بووە، کە تاوانەکانی داگیرکەرانی ببوورێت و لەگەڵیان بژی، لێ داگیرکەرانی هیچ کاتێک لە بەرامبەر کوژرانی جەندرمە یان سەربازێکی چەتەی خۆیان، ئامادە بوون گوندێک یان شارێک بسووتێنن.

خاڵێکی گرینگی تر ئەوەیە، کە کورد لەناو خۆیدا زۆر کەم گیانی لێبووردەییی هەبووە، دیارە ئەمەش هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە کورد لە بەرامبەر داگیرکەرانیدا بێدەسەڵاتە و، دەیەوێت دەسەڵاتی خۆی لە بەرامبەر خێڵێکی نەیاری، ئاینێکی دژ بەو، پارتێکی جیاواز لەو، پڕ بکاتەوە. ئەمەش وای کردووە کە نوقسانی لە بەرامبەر بە دوژمن، بەخۆی پڕی بکاتەوە.

## بوونی دەسەڵاتی ئاینی "شێخ"

لە کوردستاندا لە زۆر شوێندا شێخە ئاینییەکان دەسەڵاتێکی زۆریان هەبووە، گەر لە هەندێک شوێن دەسەڵاتی رەهایان نەبووبێت، ئەوا ڕۆڵێکی ئێجگار مەزنیان لەناو دەسەڵاتی کوردیدا هەبووە. هەموو کاتێکیش دەسەڵاتی ئاینی، هەتا دەتوانێت خەڵکی لەناو جیهانی ئایندا نقووم دەکات و، وا لە خەڵکی دەکات تەنیا و تەنیا ئەو ڕێگەیە ببینن. چونکە گەر ڕێگەیەک جگە لەو ڕێگەیەی بینی، ئەوا بەزەرەری ئەو دەسەڵاتە ئاینییە دەشکێتەوە.

دەسەڵاتی ئاینییش هەتا توندرۆتر و تۆکمەتر بێت، زیاتر ئیدامە بە حکومی خۆی دەدات. لەبەر ئەوە هیچ کاتێک بزاڤێکی ریفۆرمی یان پێکەوە ژیانی ئاینەکان، ڕۆڵی وایان نەبووە.

بوونی ئەم توندڕۆییە ئاینییە، وای کردووە کە کورد تووشی چەندین نەهامەتیی گەورە ببێت، بۆ نموونە هەتا کۆتاییی ئیمپراتۆریەتی خوێناویی تورکی عوسمانی، کورد هەر پشتگیریی لەم دەوڵەتە دەکرد، ئەویش لەبەرئەوەی ئاینی کردبووە دیوی دەرەوەی خۆی.

هەروەها لە زۆر شوێندا شەڕی ئاینی لە نێوان کورد و ئاشووری و ئەرمەنی ڕووی دا. جگە لەوەش چەندین جار کوردە ئێزیدییەکان، تووشی کارەساتی ناخۆش بوونەوە، کە لەلایەن برا کوردە موسڵمانەکانیانەوە هێرشیان دەکرایە سەریان.

لە هەر شوێنێکی دنیادا، ئاین بوو بە دەسەڵاتی رەها و، هەموو مەیدانی بیرکردنەوەی کۆمەڵگەی داگیر کرد، ئەو کۆمەڵگەیە تووشی داخراوی و پەڕاوێزخراوی دەبێت و، پاشانیش دواکەوتوویی و شەڕی ئاینی و مەزهەبیی گەورە تێیدا ڕوو دەدات.

## بوونی چینێکی دەرەبەگ و بڵاوبوونەوەی کولتووری خێڵەکی

بەحوکمی ئەوەی کوردستان وڵاتێکی پاشکەوتوو بووە، ئابووری پشتی بە کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵ بەستووە. ئەمەش وای کردووە کولتووری خێڵایەتی و عەشیرەتگەری زاڵ بێت بەسەریدا. لە هەمان کاتیشدا دوور بێت لە شارنشینی و کۆمەڵگەی مەدەنی.

هەمووشمان دەزانین کە کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئەنجامی شارنشینییەوە دروست دەبێت. گەر چینێکی بۆرجوازیش نەبێت، ئەوا شاریش دروست نابێت، کە شاریش نەبوو، کۆمەڵگەی مەدەنییش نابێت.

دیارە هەموو کاتێکیش خێڵەکان بەپێچەوانەی بۆرجوازییەوە، دەسەڵات و مانەوەی خۆیان، لە ئاگری شەڕی عەشیرەتگەری و خێڵایەتی دەبینن. شەڕ یەکێکە لە سیما گرینگەکانی خێڵ، هیچ خێڵێک بێ شەڕ، ناتوانێت پارێزگاری لە مانەوەی خۆی بکات.

## ڕۆڵی نێگەتیڤی نووسەر و ڕووناکبیرانی کورد

" ئەوەی شێتانە بەردم تێ بگرێت، بەرقی تێ دەگرم "

مەحوی

بەداخەوە توێژی ڕۆشنبیر و نووسەر و ڕووناکبیری کوردی، زۆر خەمساردانە بە تەنگ ئەم چەمک و پرسە گرینگەوە هاتوون. بەپێچەوانەی ڕۆشنبیر و ڕووناکبیرانی ئەوروپاییەوە، نەک ڕۆڵی باشیان لەم بوارەدا نەبووە، بگرە ڕۆڵی نێگەتیڤیشیان هەبووە.

مەحوی کە یەکێکە لە شاعیرە مەزنەکانی کورد، کەچی ئەو شاعیرە گەورەیە لە جیاتیی ئەوەی خەڵکی فێری لێبووردەیی و گیانی ئاشتیخوازی بکات، بەپێچەوانەوە هانی خەڵکی دەدا بۆ تۆڵەسەندنەوە و شەڕەنگێزی. دیارە نەک تەنیا ئەو، بگرە زۆربەی شاعیران و نووسەرانی تریشمان، ئەم ڕۆحی تۆڵەسەندنەوە و شەڕەنگێزییە تیایاندا هەبووە، بگرە زۆرجار لەوانە بێت لەناو توێژی خوێندەواری کورددا، گیانی شەڕەنگێزی زیاتر بوو‌بێت، تا خەڵکە سادەکە.

ڕاستە لەم چەند ساڵەی دواییدا چەند هەوڵێکی بچووک دراوە، بۆ ناساندنی ئەم چەمکە، لێ زۆر کەمە. لە هەمان کاتیشدا چەند نووسەرێکی بەڕێز هەوڵیان داوە، کتێب و نووسینەکانی (لۆک و ڤۆڵتێر و ڕۆسۆ،، هتد) بۆ کوردی وەربگێرن. کە بە بڕوای من وەرگێڕانی ئەم جۆرە کتێبانە، سوودێکی ئێجگار باش بەم چەمکە دەگەیەنێت.

## چەند نموونەیەکی پۆزەتیڤی گیانی لێبووردەیی لە کوردستاندا

### هەورامان و ئازادیی ئاینی

ناوچەی هەورامان یەکێکە لە شوێنە سەخت و جوانەکانی کوردستان. لە هەمان کاتیشدا مەڵبەندی گەورەترین ڕێگەی ئاینی بووە (نەخشەبەندی). شێخەکانی ڕێگەی نەخشەبەندی، هەموویان لەم ناوچەیەدا ژیاون، مەرقەد و مەدرەسەیان لە هەورامان بووە.

بەڵام لە هەمان کاتیشدا هەورامان مەڵبەند و سەرچاوەی ئاینی ئەهلی هەق و کاکەییەکان بووە. زۆر شوێنی پیرۆزیان لەم ناوچەیەدا هەبووە. لێ خۆشبەختانە هیچ کاتێک شەڕ و پێکدادان لە نێوان موسڵمان و کاکەییەکان ڕووی نەداوە، بگرە جۆرە پێکەوە ژیانێکی ئازادانە هەبووە. هەریەکە و ئازاد بووە، لە بڵاوکردنەوە و چێکردنی تقوساتی ئاینی تایبەت بە خۆی.

هەر بۆیە نابێت هێندە ڕەشبین بین و بڵێین هیچ گیانێکی لێبووردەییمان تێدا نەبووە، یان خاوەنی هیچ ئەزموونێکی باش نەبووین.

### یارمەتیدانی مەسیحییەکانی عێراق

لەپاش داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمەریکا و بەریتانیاوە، دۆزەخێکی گەورەی بۆ هەموو عێراقییەکان چێ کرد و، مەسیحییەکان بەتایبەتی ڕووبەڕووی مەرگ بوونەوە. لە هەموو شوێنە عەرەبنشینەکانی عێراق، مەسیحییەکان بوونە نێچیری گرووپە توندڕۆیە ئیسلامییەکان. ئەمەش وای کرد، کە بە لێشاو مەسیحییەکان وڵات و شوێن وماڵی خۆیان بەجێ بهێڵن و ئاوارە بن.

لەم کاتانەدا کورد ڕۆڵێکی جوامێرانەی بینی، لە داڵدەدانی ئەم ئاوارە مەسیحیانە. جێگەکردنەوەیان لە کوردستاندا، خاڵێکی پۆزەتیڤە بۆ گەلی کورد. هیوادارم ئەم پێکەوە ژیان و ئازادیی ئاینییە لە کوردستان بەردەوام بێت.

بەبڕوای من یارمەتیدانی ئەو هاووڵاتییە مەسیحییانە، بەکارێکی مرۆییی مەزن دێتە ژماردن.

### ڕاپەڕین و چەمکی لێبووردن

لەپاش ڕاپەڕین و ڕزگارکردنی کوردستان، گیانێکی تۆڵەسەندنەوە لە پیاوانی ڕێژیم هەبوو. دیارە لە هەموو جیهاندا، کاتێک هێزێکی داگیرکەر وڵاتێکی تر داگیر دەکات، کۆمەڵێکی زۆر دەبنە جاش و بەکرێگیراوی ئەو هێزە داگیرکەرە. لەپاش نەمانی ئەم هێزە داگیرکەرە، ئەم لەشکری بەکرێگیراوانە، ڕووبەڕووی سزای گەل دەبنەوە.

دیارە ئەمە پەیوەندیی بە وڵاتێکی پێشکەوتوو یان دواکەوتوو نییە. لێرەدا من دوو نموونە دەهێنمەوە.

فرەنسا کە بە دایکی ئەم چەمکە دادەنرێت، لە هەمان کاتیشدا خۆی بە دایکی مافی مرۆڤ و ئازادی دادەنێت، لەپاش رزگاربوونی لە چنگی داگیرکەری ئەڵمانی، لە جەنگی دووەمی جیهانی. هەڵسان بە گرتن و ڕاونان و سزادانی ئەو کەسانەی کە لەگەڵ ئەڵمانیای داگیرکەردا کاریان دەکرد.

بە قێزەونترین شێوە سزای ئەو کەسانەیان دا، بەتایبەتی ئەو ژنانەی کە لەگەڵ ئەڵمانەکان بوون، یان لەشی خۆیان بۆ بژێویی ژیانیان فرۆشتبوو. لەو کاتەدا دەهاتن لەناو مەیدان و شوێنە گشتییەکان پاریس و شارەکانی تری فرەنسادا، ئەو ژنانەیان بەردباران دەکرد و قژیان دەتاشین و لەناو ئاپۆرەی جەماوەردا، سزایان دەدان و قسەی ناشیرین و جنێوی خراپیان پێ دەگوتن.

جێگەی گوتنە بەشێکی زۆری ئەم سزادانانە، بەڤیدیۆ لەناو تۆڕی یو تویەدا هەیە. کاتێک کە سەیری ئەو دیمەنانە دەکەیت، هەر دەڵێیت ئەم گەلە خاوەنی " ڤۆڵتێر و رۆسۆ " نەبووە. دەڵێیت چەندین ساڵە، رووناکبیرانی فرەنسی خەریکی پیاز پاککردن بوون. ئەو شەڕەنگێزی و گیانی تۆڵەسەندنەوەیە لەو دیمەنانە دەیبینیت، لە هیچ شوێنێکی تر نایبینیت. کاتێک ئەو ژنە داماوانە دەبینیت، دەڵێیت کۆمەڵێک بەرخن و تووشی گەلەگورکێک بوون.

نموونەی دووەم، جەزائیرە. ئەم وڵاتە بۆ ماوەی زیاتر لە ١٨٠ ساڵ لەلایەن فرەنساوە بە دڕندەترین شێوە داگیر کرابوو. کاتێک ساڵی ١٩٦٣ لە چنگی فرەنسا رزگاری بوو، دەست کرا بەهەڵمەتێکی گەورە لە دژی ئەو کەسانەی کە کاریان بۆ هێزی داگیرکەری فرەنسی کردووە. بەهەزاران کەس کوژران و یان ئاوارە بوون و جەزائیریان بەجێ هێشت. ئەمان تەنیا سزای ئەو کەسانەیان نەدا، بگرە سزای ژن و منداڵەکانیشیان دان.

ئەوەی جێگەی گاڵتەجاڕی بوو، فرەنسییەکان رەخنەی توندیان لە جەزائیرییەکان دەگرت، کەچی لە بیریان چووبووەوە، خۆیان چییان بەوە فرەنسییانە کرد، کە هاوکاریی لەشکری ئەڵمانیا کردبوو.

لە کوردستانیش لەشکرێکی گەورەی جاش و خۆفرۆش و بەکرێگیراو هەبوون. وا مەزندە دەکرێت، نزیکەی ٤٠٠ هەزار جاش لە کوردستاندا هەبوو. کە ئەمەش ژمارەیەکی ئێجگار زۆر بوو لەو کاتەدا، کە دەگەیشتە نزیکەی چارەکی خەڵکی کوردستان.

بەرەی کوردستانی لەو کاتەدا بڕیاری لێبووردنیان بەو ئەو هەموو جاشانە دەرکرد، ئەم بڕیارەش بەدڵی زۆربەی خەڵکی کوردستان نەبوو. دیارە راستە مەرامی سیاسی لەپشت ئەم کارەوە بوو، لێ نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت، کە ئێمە هیچ کاتێک فێری ئەوە نەبووین، کە لە هەڵەی یەکتری ببورین و چاوپۆشی لە مافی خۆمان بکەین. بگرە زیاتر بیرمان لە تۆڵەسەندنەوەیە زیاتر.

ڕاستە ئەوانەی تاوانی زۆر قورسیان کردبوو، دەبوایە سزا بدرێن بەڵام نەک سزای جەماوەری

بگره له ڕێگەی دادگـەوه ئـەم کـاره بکرێت. بەڵام ئـەم کـاره نەکـرا و، خـەڵکیش نـارەزایی خـۆی بەجۆرێکی تر دەربڕی.

## شەڕی ناوەخۆ و چەمکی لێبووردن

بەداخـەوه بە حـوکمـی ئەوەی نەتوانرا مـەسـەلەی دەسـەڵات لـه ڕێگەی دیموکراسـییەوه چارەسـەر بکرێت، تووشی شـەڕێکی ناوەخۆیی گەوره بووینەوه. دیاره هەمـوو کاتێکیش کـه کۆتا بەم شـەڕه هاتبێت و، زەوینەیەکی لەبار بۆ ئاشتی و پێکەوه ژیان ڕەخسابێت، کۆمەڵێک که پێشتر سوودمەند بوون لەم شەڕه، دژی ئەم پرۆسەی ئاشتییه بوون.

هەموو کاتێکیش بۆ ئەوەی کۆتا به شەڕێکی ناوەخۆیی بهێنیت، پێویسته سەرەتا کەشێکی لەبار بۆ لێـبووردەیی و گیـانی پێکەوه ژیان و برایەتی برەخسـێنێت. لە ئیسـپانیا پاش ئەوەی تووشی شەڕێکی ناوەخـۆیی ماڵوێرانی بوونـەوه، کە بە سـەرکەوتنی فرانکۆی فـاشیست کۆتایی پێ هـات، هەتاوەکو ئەمـڕۆش، زۆر مـەلەفی گـەوره و زۆر گـۆڕی بەکـۆمەڵ هـەن، هـەڵنادرێنەوه و باسـیـان لێوه ناکەن. دیاره هۆکاری سەرەکییش ئەوەیه، نایانەوێت جارێکی تر برینی یەکتر بکوڵێننەوه و، برینه کـۆنەکـان دەمـه زەرد بکەنەوه. ئـەوان بیر له داهـاتوو دەکـەنەوه، نـایانەوێت لەناو گـۆڕسـتـانەکـانی شەڕی ناوەخۆدا بمێننەوه[١٦].

لێ بەداخەوه ئێمەی کورد، هیچ کاتێک نەمانتوانیوه قۆناغی شەڕی ناوەخـۆ له بیر بکەین. بگره زۆرجـار خـۆمـان له بەردەمی دۆزەخی شـەری نـاوەخـۆدا دەبینینەوه. دیاره هـۆکـاری سـەرەکی دەگەڕێتەوه بـۆ ئەوەی، کە نەمانتوانیوه، گیانی لێبووردەیی لەناو کۆمەڵگەکەماندا بچێنین. بگره بەپێچەوانەوه، هەموو کاتێک حەزێکی تایبەتمان بۆ چیرۆکه تراجیدیاکانی شەڕی ناوەخۆ هەیه.

هەموو کاتێک له هەر شـوێنێکدا پرۆسـەیەکی ئاشـتی بێتـه پێشەوه، خـەڵکانێک ناتوانن بەرگەی ئەم ئاشـتییـه بگرن، ناشـتوانن له دوژمنەکـانی دوێنێـان ببوورن و ببنه دۆسـتیـان. بگره گیـانی تۆڵەسـەندنەوه، هەموو گیـانی داگیر کردوون. زۆرجـار خۆیـان بە مەغدوور دەزانن و ناتوانن واز له بچووکترین مافی خۆیان، بۆ لایەنی بەرامبەر بهێنن.

بەبڕوای مـن یەکێک له هۆکـارەکـانی جیـابوونەوەی بزاڤی گـۆڕان له یەکـێـتـیی نیـشـتـمـانیی کوردسـتـان، نەبـوونی گیـانی لێبـووردەیی بوو لەلایەن ئەو کەسـانەی، کە ئامـاده نەبوون دان بەو ئاشتییەی نێوان یەکێتی و پارتیدا بنێن. زۆریان خۆیان به مەغدوور دەزانن و، بەرگەی بچووکترین تەنازول له مـافی خۆیان و حزبەکەیان ناکـەن. بەداخـەوه هەتاوەکو ئەمـڕۆش، لای بەشـێکی زۆری ئەندامانی هەردوو حزب، هێشتا گیانی تۆڵەسەندنەوه بەسەریاندا زاڵه.

بە بڕوای من بۆ ئـەوەی نەهێڵین جارێکی تر ڕووبەڕووی شـەڕێکی ناوەخـۆی تر نەبینەوه، دەبێت هەوڵێکی جیـدیانه بدەین، بۆ ئـەوەی گـیـانی لێبـووردەیی لەناو کـۆمـەڵگەی کـوردیدا بچەسـپێت.

لەلایەکی تریشەوە، گەر بمانەوێت کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و سیستەمێکی سیاسیی دیموکراسیمان هەبێت، ئەوا دەبێت پێش هەموو شتێک گیانی لێبووردەیی لەناو خەڵکیدا بچێنین، چونکە گەر ئەم رۆحە نەبێت، ئەوا نە دەتوانین کۆمەڵگەی مەدەنی دروست بکەین، وە نە سیستەمی دیموکراسیش سەقامگیر دەبێت.

گەر ئێمە لە بەرامبەر را جیاوازەکان، ئاینە جیاوازەکان، بێ دینەکان، لێبووردە نەبین، ئەوا ناتوانین باس لە سیستەمی دیموکراسی بکەین. چونکە دیموکراسی مانای فرە دەنگی و فرە رەنگی دەگەیەنێت.

## پێش کۆتایی

دیارە قسەکردن لەبارەی چەمکی لێبووردەییەوە زۆری دەوێت، لە هەمان کاتیشدا چەندی لەسەر بنووسرێت هێشتا کەمە. مێژووی ئەم چەمکە زۆر کۆنە لە جیهاندا، لێ بەداخەوە لای ئێمە هێشتا ساوایە و پێ نەگەیشتووە.

بەداخەوە ئێمەی کورد کە تازە هەنگاو بەرەو دامەزراندنی دەوڵەت دەنێین، زۆر دوورین لەم چەمکە گرینگەی کۆمەڵگەی مەدەنی و سیستەمی دیموکراسی. بگرە ئێمە لەم بوارەدا زۆر هەژار و داماوین.

هیوادارم بەم چەند دێرەی من، توانیبێتم زانیارییەکی باش بە خوێنەرانی کورد بگەیەنم.


سەرچاوەکان:

1-Toleranz.www.Wikipedia.orge.Deutsch

٢- چەند تێکستێکی وەرگێڕاو. نووسینی: چەند نووسەرێک. وەرگێڕانی، ڕێبین هەردی. چاپی دووەم، خانەی وەرگێڕان. سلێمانی. ٢٠١١، لاپەڕە ٣٤، ٣٥.

٣- هەمان سەرچاوە. لاپەڕە ١٠.

4- Joachim Losehand.Was ist Toleranz.www.Tolerantia.net

5-Toleranz.www.Wikipedia.orge.Deutsch

٦- جان لۆک. نامەیەک دەربارەی لێبووردن. وەرگێڕانی لە فارسییەوە: شۆڕش جوانرۆیی، فەرشید شەریفی. چاپی یەکەم. خانەی وەرگێڕان. سلێمانی. ساڵی ٢٠٠٤.

٧- چەند تێکستێکی وەرگێڕاو. نووسینی: چەند نووسەرێک. وەرگێڕانی، ڕێبین هەردی. چاپی دووەم، خانەی وەرگێران. سلێمانی. ٢٠١١، لاپەرە ٦٩.

٨- هەمان سەرچاوە. لاپەرە ٦٤.

٩- دیفید کلۆفێر، سیلاخ ستروبێرگ. سۆسیۆلۆجیای مەعریفە. وەرگێرانی: بەختیار عەبدول ڕەحمان.

چاپی یەکەم. دەزگای وەرگێڕان. هەولێر. ساڵی ٢٠٠٦، لاپەڕە ٥٥.
10- Bertrand Russell.Philosophie des Abendlandes dieübertragung aus dem Englischen von : Elisabeth Fischer _Wernecke und Ruth Gillischewski.Europa Verlag10. Auflage.2001.605
١١- چەند تێکستێکی وەرگێڕاو. نووسینی: چەند نووسەرێک. وەرگێڕانی، ڕێبین هەردی. چاپی دووەم، خانەی وەرگێڕان. سلێمانی. ٢٠١١، لاپەڕە ٣٤.
١٢- نجيب محفوظ. شهر العسل. الطبعة الاولى. دار القلم. بيروت، لبنان. شباط١٩٧٢، ص ٨٨.
١٣- الدكتور علي الوردي. لمحات اجتماعية من تاريخ العراق الحديث. الجزء الثالث. مطبعة الشعب. بغداد ١٩٧٢، ص ٧٧.
١٤- هادي العلوي، حوار الحاضر والمستقبل. اعداد، خاليد سليمان، حيدر جواد. دار الطليعة الجديدة. الطبعة الاولى. ديمشق. سوريا. ١٩٩٩، ص١٢٥.
١٥- الدكتور علي الوردي. لمحات اجتماعية من تاريخ العراق الحديث. الجزء الثالث. مطبعة الشعب. بغداد ١٩٧٢، ص٧٩.
١٦- ئەردەڵان عەبدوڵڵا. جەنگی ناوخۆی ئیسپانیا. چاپی یەکەم. چاپخانەی بزاڤی رۆشنبیریی کوردی. سلێمانی ٢٠٠٦.

.............................................

* Calas ڕووداوێکی دادوەری بەناوبانگە. ساڵی ١٧٦٢ کەسێک بەناوی ژان کالاس بووە قوربانی. ئەو کەسێکی پرۆتستانت بوو، بەناهەق تاوانبار کرا، کە کوڕەکەی خۆی لەبەرئەوەی دەیەوێت ببێتە کاسۆلیک، کوشتووە. لێرەدا ڤۆڵتێر بەرگریی لێ دەکات و تا دواجار پاش مردنی ساڵی ١٧٩٥، ڕەدی ئیعتیباری بۆ دەکەوە.

Pierre Paul Sirven پرۆتستانێکی فەرەنسی بوو، کە بە هۆی "نا لێبووردەیی"ی کاسۆلیکەکان، تاوانبار کرا، کە کچەکەی خۆی بۆ ئەوەی نەبێتە کاسۆلیک کوشتووە. بەهەوڵ و خەباتی ڤۆڵتێر، ڕەدی ئیعتیباری بۆ کرایەوە

Chevalier de la Barre نەجیبزادەیەک بوو کە بەبێ دینی تاوانبار کرا و سەریان لە لەشی جیا کردەوە. بەهۆی خەباتی ڤۆڵتێرەوە، ئەنجوومەنی نیشتمانی (شۆڕشی فرەنسا)، ڕەدی ئیعتیباری بۆ کردەوە.

** Saint Athanase (373/265 ) ڕابەری کڵێسای مەسیحییەتی یۆنانی بوو.

Euseb de Cesaree (340/265) نووسەر و یەکێک لە گەورەکانی مەسیحییەتی یۆنانی بوو.

*** Dicee (نیکییە یان نیقییە) شارێکی کۆنی یۆنانی بوو " ئێستا تورکیایە"، یەکەمین ئەنجوومەنی بڕیاردانی مەسیحییەت لە ساڵی ٣٢٥، تێیدا دروست کرا.

# جیهانی ئیسلامی و دادگەکانی پشکنین

## هاشم ساڵح

ئەوەی پێی وایە دادگەکانی پشکنین تایبەتە بە پاپاکانی پێشووی ڕۆما و ڤاتیکان و سەدە تاریکەکانی ناوەڕاست، بە هەڵەدا چووە! لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بیریاران دووچاری ڕاوەدوونان دەبوون، گەر بهاتبایە باسیان لە ئاین بکردایە، هەروەها کتێبەکانیان دەخرایە لیستی ڕەشەوە و ڤاتیکان خوێندنەوە و دەستاودەست پێکردنی یاساغ دەکردن. بەمجۆرە کتێبەکانی "گالیلۆ و دیکارت و سپینۆزا" و سەرجەم فەیلەسووفانی ڕۆشنگەرییان قەدەغە کرد کە شکۆی شارستانییەتی مۆدێرنیان دروست کرد،[1] بەڵام خۆشبەختانە ئەو سەردەمانە بەنیسبەت ئەوروپاوە بە سەرچوون و کۆتاییان هات. کەچی زۆر بەداخەوە سەردەمی دادگەکانی پشکنین لە جیهانی ئیسلامیدا تا ئەمڕۆ بەردەوامە! بەر لە هەزار ساڵ موعتەزیلەکان بۆچوونی خۆیان سەبارەت بە قورئان خستە ڕوو، بەڵام دوای ئەوەی خەلیفە "مـتەوەکیل" دەسەڵاتی گرتە دەست، ئەم پڕۆژەیە لەبارچوو.

لەو ڕۆژەوە تا ساتەوەختی بڵاوبوونەوەی (مێژووی قورئان) کە لە نووسینی "تیودۆر نۆڵدکە"یە و "جۆرج تامر" وەری گێڕاوە و پێشەکی بۆ نووسیوە، سانسۆرکردن و گەمارۆدانی فیکر لە جیهانی ئیسلامیدا بەردەوامە و کۆتایی نەهاتووە.

گەر بهاتبایە و تێزەی موعتەزیلەکان لەبارەی دەقی قورئانەوە بەسەر بۆچوونی حەنبەلییەکاندا سەرکەوتایە، ئەوا نەدەگەیشتینە ئەو بنبەستە فیکری و دۆگما عەقائیدییەی ئەمڕۆ و کتێبەکەی "نۆڵدکە"ش لەبارەی مێژووی قورئان، لە بەیرووتی پایەتەختی ڕۆشنگەریی عەرەبیدا قەدەغە نەدەکرا. "مالک شبل" لە کتێبە نایابەکەیدا کە بەم دواییانە لە پاریس چاپ کرا، بەمجۆرە باس لە تراجیدیای ئەقڵ لە ئیسلامدا دەکات.

..............................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: شوان ئەحمەد

کەواتە کێشەکە کۆنە و تازە نییە. لەبەر ئەوە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مەسەلەیە، ئێجگار قورسە و تەنانەت لە ساتەوەختی ئێستاشدا بەمەحاڵ دەچێت.

بابزانین بۆچی کتێبەکەی "نۆڵدکە"، لەبارەی مێژووی قورئانەوە قەدەغە کرا؟ لەبەرئەوەی یەکەمین کتێبە لە مێژوودا کە میتۆدی مێژوویی ڕەخنەیی، بەسەر دەقی قورئاندا پراکتیزە دەکات.[٢] ئەم کتێبە بە نیسبەت لێکۆڵینەوەی قورئانەوە بریتییە لە شۆڕشێکی کۆپەرنیکی، گرینگیی کتێبەکەش لەوەدایە. تەواوی ئەو کتێبە ڕۆهەڵاتناسییانەی لە دوای ئەمەوە نووسران، هەموویان کردوویانەتە سەرچاوە و خاڵی دەسپێکی خۆیان.

وەک ئاشکرایە گەورە ڕۆهەڵاتناسی فرەنسا "ڕێجیس بلاشێر" ساڵی ١٩٤٩ دوای پێداچوونەوە و زیادکردنی هەندێ شت بۆی[٣] پوختەی ئەم کتێبەی بە زمانی فرەنسی چاپ کرد. بەڵام خوێنەری ئێمە دوای ئەوە بۆ ماوەی نیو سەدە چاوەڕوان بوو، تا بتوانێت لە تێزەکانی ئەم کتێبە مێژووییيە دانسقەیە ئاگەدار بێت. کەچی دوای ئەم هەموو دواکەوتنە شەرم ئاوەرە، دەیانەوێت ڕێگە بە خوێنەران نەدەن، چاویان بە کتێبەکە بکەوێت و لێی بە ئاگا بن!

ئاخۆ "نۆڵدکە" کە ئەم کتێبەی نووسی، بۆ ئەوەی بوو ئیسلام تێکوپێک بدات؟ ئاخۆ دەیویست ئاگری شەڕی مەزهەبی لە لبنان و وڵاتانی تردا خۆش بکات؟ کردنی پرسیارێکی لەم جۆرە مایەی گاڵتەجاڕی و ئابڕووچوونە.

ئەی بۆ ناڵێن ڕۆهەڵاتناسی کلاسیکی دەیویست مەسیحییەت تێکوپێک بدات، کاتێک هەمان میتۆدی مێژوویی ڕەخنەیی بەسەر مەسیحییەتدا پراکتیزە کرد؟ لێرەدا دەبێت دان بەوەدا بنێین کە مەسیحییە موحافزکارەکان، پەرچەکردارێکی توندیان بەرامبەر ئەم لێکۆڵینەوە مێژووییيە ڕەخنەییيانە نیشان دا، کاتێک بۆ یەکەم جار هاتە ئارا. پەرچەکرداری موسڵمانە هاوچەرخەکانیش، جیاوازییەکی نییە لەگەڵ پەرچەکرداری هاوتا مەسیحییەکانیان.

مەسیحییەکان پراکتیزەکردنی میتۆدی فیلۆلۆگیان بەسەر دەقە پیرۆزەکاندا، بەلاوە پەسند نەبوو. بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە "ریچارد سیمۆن" (١٦٣٨-١٧١٢)[٤] یەکەمین کەس بوو، ئەو میتۆدەی بەسەر تێکستە پیرۆزەکانی مەسیحیەتدا پراکتیزە کرد. تایبەت بەم بابەتە دوو کتێبی بەناوبانگی بە چاپ گەیاند، یەکەمیان بە ناونیشانی مێژووی ڕەخنەیی تەورات بوو (١٦٨٠). تیایدا شتگەلێکی لەبارەی تەوراتەوە کەشف کردبوو کە زۆر مەترسیدار بوو، بگرە هیچی لە دۆزینەوەکانی "نۆڵدکە" و قوتابییەکانی لەبارەی قورئانەوە کەمتر نەبوو. کتێبی دووەمیشی بە ناوی مێژووی ڕەخنەیی دەقی ئینجیلەوە بوو، لە ساڵی ١٦٨٩دا چاپ کراوە.

لەم کتێبەشدا شتی زۆر گرینگ و پێچەوانەی قەناعەتی باوی خەڵکی کەشف کردبوو. فێندەمێنتالیزمی مەسیحی دەستبەجێ کەوتنە سانسۆرکردن و قەدەغەکردنی هەردوو کتێبەکە و کەوتنە هەڕەشەکردن لە خاوەنەکەی. هەموو ئەمانەش وایان کرد "ریچارد سیمۆن" پاشگەز بێتەوە

و بەشێک لە دەسنووسی کتێبەکانی، لە شەوێکدا بەرێتە دەشتە چۆڵ و دوورەکانی ناوچەی نۆرماندی و ئاگریان تێبەر بدات. بەر لە "ریچارد سیمۆن" فەیلەسووفی هۆڵەندایی "سپینۆزا"، ناچار بوو کتێبە بەناوبانگەکەی (وتارگەلێک لەبارەی تیۆلۆجیا و سیاسەت)ەوە، بەبێ ناوی خۆی بڵاو بکاتەوە. کڵێسای مەسیحی دوای تێپەڕبوونی سێ سەدە بەسەر مردنی "ریچارد سیمۆن"دا، دانی بە رەوایەتیی رەخنەی مێژوویی و پراکتیزەکردنی ئەو میتۆدەی بەسەر کتێبی پیرۆز دانا. ئەمەش لە سەروەختی بەستنی کۆڕی بەناوبانگی کڵێسادا بوو بەناوی (ڤاتیکان٢) لە ساڵی (١٩٦٢– ١٩٦٥).

کەواتە دەبێت ئێمە چەندی تر چاوەڕێ بین تا پیاوانی ئاینی رێگەمان پێ بدەن، هەمان میتۆد بەسەر قورئاندا پراکتیزە بکەین؟ دووسەد یاخۆ سێسەد ساڵی تر؟ نەخێر پێم وانییە چاوەڕوانیمان ئەوەندە درێژە بکێشێت، چونکە تا بێت مۆدێرنەی جیهانی پاڵەپەستۆمان بۆ دێنێت و داوای چارەسەرمان لێدەکات. کۆنسێرڤاتیڤو فێندە مێنتالستە ئیسلامییەکان، لەمڕۆ بەدواوە ناتوانن تێکستەکانیان بە هیچ شتێک تەلبەند بکەن و تەوقیان بدەن و بە توێژەرانی هەموو دنیاش بڵێن: وریابن قەرەی ئێرە نەکەون، چونکە ئەمە هێڵی سوورە!!

رەنگە بەر لە تەقینەوەکانی نیویۆرک و واشنتۆن و مەدرید و لەندەن و بالی و شەرم شێخ و عەمان، ئەم قسەیە بیخواردایە، بەڵام ئێستا ئەوە ناکرێت و ئەستەمە بتوانین تاهەتایە بەر بەرەوتی مێژوو بگرین. هەنووکە هەموو شت ئاشکرا دەبێت و هەقیقەتی خۆی بەیان دەکات. مەبەستم ئەوەیە رۆژێک دێت مێژووییەتیی دەقی قورئانی ئاشکرا دەبێت، بەڵام ئەم پرۆسەیە لەسەرخۆ و بەشێوەیەکی شێلگیرانە دەبێت، چونکە ئەگەر لە پڕێکدا بێت، ئەوا جیهانی ئیسلامی دەهەژێت و زەمینلەرزەیەکی گەورە روو دەدات.

لەبەر ئەمەیە "محەمەد ئەرکۆن" مۆجیاریمان دەکات کە پێویستە لە سەردەمانێکی ترسناک و پڕ لە مینی وادا، وریا بین و بەشێنەیی هەنگاو بنێین.

ئەو هەقیقەتانەی هەزار ساڵە پەردەپۆشمان کردوون، رەنگە وەک بۆمبێک بە رووماندا بتەقێتەوە و تەڕ و وشک پێکەوە بسووتێنێت! بێگومان هەر شتێک ماوەیەکی زۆر بچەپێنرێت کە تەقییەوە زۆر دژوار دەتەقێتەوە.

کەواتە تەواوی ئەم کێشەیە لەپێش دەممماندایە، نەک لە دوامانەوە بێت. هاوکات "ئەرکۆن" سەرکۆنەی هەڵوێستی دواکەوتووانەی زانا ئاینییە هاوچەرخەکان دەکات و دەڵێت: "تەنانەت رەخنەی کۆنی فیلۆلۆگیش بە شێوازەکەی نۆڵدکە، لای ئێمە یاساغە و بە بۆچوونی پیاوانی ئاینی ئیسلام دەچێتە خانەی بیر لێنەکراوە، یاخۆ ئەوەی ئەستەمە بیری لێ بکرێتەوە".[٥]

"ئەرکۆن" پازدە ساڵ بەر لە دەرچوونی چاپی عەرەبیی کتێبەکەی "نۆڵدکە"، ئەم بۆچوونەی لە پێشەکیی دووەمی کتێبەکەیدا (قرات في القران)دا نووسیوە. کەواتە " ئەرکۆن" پێشبینیی شتێکی

وای کردووە، بەر لەوەی روو بدات. مێژووش پێشبینییەکانی بەدرۆ نەخستەوە، بگرە- بەداخێکی زۆرەوە- تەواو سەلماندی. لە راستیدا موسڵمانە موحافیزکارەکان ئەوانەی دووچاری دۆگمای ئەقڵی بوون، هەموو میتۆدێکی نوێ بە تایبەتیش میتۆدی مێژوویی، لە توێژینەوەدا رەت دەکەنەوە. ئەوان پراکتیزەکردنی میتۆدێکی وا بەسەر کەلەپووری ئاینیدا بەرپەچ دەدەنەوە، بەبیانووی ئەوەی کە میتۆدێکی پۆزەتڤستییە و رەهەندی رۆحی و ئاینی ئەو کەلەپوورە بە هێند وەرناگرێت و حیسابی بۆ ناکات.

ئەوەی راستی بێت ئەم میتۆدە رەهەندی ترانسیندنتاڵیانەی قورئان فەرامۆش ناکات، بەڵام بە شێوازێکی تر شرۆڤەی دەکات، ئەویش لە رێگەی بەستنەوەی وەحی بە مێژووەوە. رۆئاواییەکان ئەم شتەیان لەگەڵ کەلەپووری ئاینی مەسیحیدا کرد و نەشبووە مایەی پووکانەوەی مەسیحییەت لە رۆئاوادا! بە پێچەوانەوە وای کرد ئەو کەلەپوورە نوێ بێتەوە و سەرلەنوێ بژێتەوە و تیۆلۆجیایەکی تازەش دروست بێت، تیۆلۆجیایەک بتوانێت لەگەڵ ئەقڵ و زانست و مۆدێرنەدا هەڵبکات. بێگومان لە ئیسلامیشدا هەمان شت روو دەدات، گەر رێگە بدرێت میتۆدی مێژوویی بەسەردا پراکتیزە بکرێت. ئەم پرۆسەیە ئەگەر روو بدات، خێر و چاکەی زۆری بۆ جیهانی ئیسلامی دەبێت. "جۆرج تامر" بەوەرگێڕانی ئەم کتێبە خزمەتێکی گەورە و ناوازەی بەو باس و لێکۆڵینەوەنە کردووە کە لەبارەی قورئانەوە دەکرێت.

بەر لەوەی کۆتا بەم باسە بێنم، دەمەوێت بڵێم: "ئاخۆ جۆرج تامر مەبەستی لە وەرگێڕانی ئەم کتێبە ئەوە بوو، ئاگری شەڕێکی مەزهەبی خۆش بکات؟". من بۆ خۆم زۆر بەوردی پێشەکییەکەیم خوێندەوە و شتێکی وام تێدا بەدی نەکرد، بۆنی ئەوەی لێ بێت. بەپێچەوانەوە ستایشێکی زۆری قورئانی پیرۆز و ئیسلام و پێغەمبەرم تێدا بینی. هەروەها نموونە بە "یۆهان گوتە"ی گەورە ئەدیبی ئەڵمانی دێنێتەوە، کەچ رێز و خۆشەویستییەکی زۆری بۆ ئیسلامو رۆهەڵات هەبووە.

کەسێک لە دەسپێکی کتێبەکەیدا ئەم قسانە بکات، ناکرێت کەسێکی ناحەز بێت بە قورئان و کەلەپووری ئیسلام. بەپێچەوانەوە، ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە ئەو قورئان و کەلەپوور ئیسلامی خۆش دەوێت و شانازییان پێوە دەکات و بە کەلەپووری خۆیان دەزانێت، لەبەرئەوەی بەزمانی خۆی و باب و باپیرانی نووسراوە.

کەواتە "جۆرج تامر" وەک مەسیحییەکی عەرەب، بەدڵ و گیان سەر بەو کەلەپوورەیە و کەسیش بۆی نییە لەم رووەوە موزایەدەی بەسەرەوە بکات. هاوکات ئەوەی جیاوازیی نێوان ئاین و ئاینزاکان لە لبنان و شوێنەکانی تردا قووڵتر دەکاتەوە، ئەو باس و لێکۆڵینەوە سەنگینانە نییە کە ئەقڵ و بیرکردنەوەی مرۆڤەکان ئازاد دەکات، بگرە بەردەوامێتیی ئەو هەلومەرجە نەگۆڕەیە، واتە بەردەوامێتیی خوێندنەوەی سەدەکانی ناوەڕاست و مەزهەبگەراییی دواکەوتووە بۆ کەلەپووری ئیسلامی.

بەردەوامبوونی شرۆڤە و لێکدانەوەی نامێژوویی یاخۆ تەقلیدی بۆ قورئان و سەرجەم کەلەپووری ئیسلامی، ئەوە دەگەیەنێت هزری زانستی لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە تا ئەمڕۆ، هەنگاوێک نەچووەتە پێشەوە هەروەک "ئەرکۆن" دەڵێت. ئەمەش بەواتای ڕەتکردنەوە و ئافەرۆزکردنی تەواوی ئەو دەسکەوت و داهێنانە زانستی و فەلسەفییانە دێت کە مرۆڤایەتی لە ماوەی چوار سەدەی رابردوودا بەدەستی هێناوە.

ئەو ئیماندارە تەقلیدییەی مێشکی پڕیەتی لە قەناعەتی دۆگماتیستی، ئەم جۆرە میتۆدە مۆدێرنانە ڕەت دەکاتەوە و بەهەڕەشە و مەترسیی دەزانێت بۆ سەر ئیسلام و کەلەپوورەکەی! نازانێت بەم کارەی چۆن دەبێتە کۆسپو ڕێگر لە بەردەم پێشکەوتن و کرانەوەدا. ئەمەش بۆ خۆی دەستدرێژییەکی ئاشکرایە بۆ سەر ئەقڵ و زانست و لۆجیک.

لێرەوە گرینگ و پێویستیی گۆڕینی بەرنامەی خوێندنی ئاینی، لە سەرجەم خوێندنگە و زانکۆکانی وڵاتانی ئیسلامدا ئاشکرا دەبێت. ئەمەش بانگەوازکردن نییە بۆ (ئیسلامێکی ئەمەریکایی)، وەکی ئەوەی کۆنسێرڤاتیڤە دەمارگیر و توندڕۆکانی عەرەب باسی دەکەن، بگرە داخوازییەکە بۆ ئیسلامێکی ڕۆشنگەر، ئیسلامێک کە بتوانێت پێ بنێتە سەردەمی ئێستامان و لەگەڵ مۆدێرنەدا هەڵبکات.

پەراوێزەکان:

١- هەندێکیان دەڵێن: "دادگەکانی پشکنین لە ئیسلامدا نییە، لەبەرئەوەی نە پاپا هەیە لە ئیسلامدا و نە ڤاتیکان"، بەڵام ئاخۆ لە سەردەمانی پێشوودا دیوانی زەندیقەکان کاری چی بوو، کاتێک "ئیبن موقەفەع و بەشار بن بورد" و کەسانێکی تر کوژران؟ ئەی موعتەزیلەکان چییان بەسەر هات، کاتێک "القادر بالله" لە ساڵی ١٠١٨ خوێنی حەڵاڵ کردن. لە ئیسلامدا نەک دادگایەکی پشکنین، بگرە سەتان دادگەی پشکنین هەیە. لای ئێمە هەر شێخ و مەلایەکی عەمامە بەسەر، بۆ خۆی دادگەیەکی پشکنینە. لەوێ یەک پاپا هەیە، بەڵام لای ئێمە بەهەزارانن. هەر لە پیاوانی ئاینییەوە، بۆ لێژنەی گەورە زانایان و بۆ ئەزهەر و نەجەف و قوم و.. هتد.

هەر موفتی و پیاوێکی ئاینی کەی ویستی و چۆن ئارەزووی کرد، دەتوانێت دادگەی پشکنین دابنێت.. بەپێی فتوای ئەوان "مەحموود محەمەد تەها" لە سودان و "فەرەج فۆدە" لە میسر و هەزاران ڕۆشنبیر لە جەزائیر و ئێران و ئەفغانستان و پاکستان و... هتد، تیرۆر کران و کران بەسێدارەدا.. تەنانەت هێندەی نەمابوو "نەجیب مەحفووز"ی خاوەن خەڵاتی نۆبڵیش بکوژن. کەچی دەڵێن: "لە ئیسلامدا نە دادگاکانی پشکنین هەیە و نە سەرکوتکردنی بیرکردنەوە، بگرە ئەمانە هەمووی تایبەتن بە مەسیحییەکان و بە پاپا و کڵێساکانی ئەوان!". خۆزگە ئێمەش یەک کڵێسا و یەک موفتیمان دەبوو، بۆ ئەوەی جارێک سزا بدراینایە نەک دەیا نجار. بڕوانە لێژنەی گەورە زانایان لە عەرەبستانی سعوودی یان موفتییەکی گەورەی وەک "بن باز" یان ئەوەی دوای ئەو هات یاخۆ شێخ "بن عثیمین". هەریەک لەمانە دەسەڵاتی پاپاکانی ڕۆمایان هەیە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا. لێژنە و دەستەی گەورە زانایانی

تریش له وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی، هەمان دەسەڵاتیان هەیە..

ئاخۆ شێخ "یوسف قەرزاوی" له ئێستادا پاپای ئیسلام نییە، لانی کەم لای ئیسلامی سونە مەزهەب؟ دەبێت چی لەبارەی بانگخوازی ئسوڵی سعودی "عوض القرنی"یەوە بڵێین کە لە ساڵی ١٩٨٨دا کتێبی (مۆدێرنە لە تەرازووی ئیسلام)دا دەرکرد، لەو کتێبەدا تەکفیری زیاد لە دووسەد نووسەر و شاعیر و توێژەر و فەیلەسووف و رەخنەگر و رۆژنامەنووسی عەرەبی کرد و بگرە خوێنیشی حەڵاڵ کردن. جیاوازیی ئەم لەگەڵ "القادر بالله"دا چییە کە خوێنی موعتەزیلە و شیعە و فەیلەسووفانی حەڵاڵ کرد؟ ئەڵبەتە لەو کاتەوەی "غەزالی" لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (تهافت الفلاسفە)دا سەرکۆنەی کردوون، خوێنی فەیلەسووفان حەڵاڵ کراوە. ئاخۆ ئەمانە دادگەی پشکنین نین، لە کۆتاییەکانی سەدەی بیست و بەراییەکانی سەدەی بیست و یەکدا؟ ئەمە لە کاتێکدا دادگەکانی پشکنین لە فەرەنسا، دووسەد بۆسێسەد ساڵ دەچێت بەکۆتا هاتووە.. پێمان نەوتن کە جیاوازییەکی مێژوویی زۆرگەورە و ترسناک، لە نێوان ئەوروپا و جیهانی ئیسلامیدا هەیە.

٢-ئەم کتێبە بۆ یەکەم جار بەزمانی عەرەبی ساڵی ٢٠٠٤ لە بەیرووت چاپ کرا، بەقەوارەی هەشتسەد و پەنجا لاپەڕەی گەورە، بەناونیشانی (مێژووی قورئان).

٣- کتێبەکەی "بلاشێر" ئەمە ناونیشانەکەیەتی: (دەروازەیەک بۆ قورئان). لە بڵاوکراوەکانی (میزۆن نیف ئەی لاررۆ). چاپی سێیەم، ١٩٩١، پاریس.

-Regis Blacnere: tntroduction an cornmai sonsne uve et larose paris,1991.

شایەنی باسە کتێبەکەی "بلاشێر"، هەر بەتەنیا کورتکراوەی تیۆریاکانی "نۆڵدکە" و قوتابییەکانی نییە، بگرە هەوڵ و تەقەللای خۆشی تێدایە.

٤- زانا و پیاوێکی ئاینیی فرەنسییە، لە نێوان ساڵانی (١٦٣٨-١٧١٢) لە سەدەی حەڤدەمدا ژیاوە. بەهۆی ئاشنایەتیی لەگەڵ زمانی عیبری و یۆنانیدا، توانیویەتی بەشێوەیەکی مێژوویی تاوتوێی کتێبی پیرۆز بکات و شتگەلێکی تێدا ئاشکرا بکات کە بووە مایەی ئەوقبوون و سەرسوڕمانیی هاوسەردەمەکانی، تەنانەت "بوسوێ"ی سەرکردەی کاتۆلیکە فێندەمێنتالستەکان کەوتە هەڕەشە لێکردنی و دەسەڵاتدارانی وڵاتیشی لێ هان دا. "ریچارد سیمۆن" دوو کتێبی بەناوبانگی هەیە کە ئەمانەن:

-richard simon, l,histoire critique du vieux testament, paris, 1980.

-histoire critique du texte du nouveau testament,ou 1,on etablit 1a verite des actes sur 1esque1s 1a re1igion chretienne est fondee, Rotterdam, 1689.

٥- بڕوانە کتێبەکەی "محەمەد ئەرکۆن"( قراءات فی القران)، چاپی دووەم، تونس، ل ٢.

- m.arkoun: lectures du coran,a1if, 1es editions de 1a mediterranee, tunis,1991. p.ii

# ئێمە بۆ سەردەمی بەربەرییەت دەگەڕێینەوە

دکتۆر ئەحمەد سەیف

لەو دەلاقەیەی کە من لێیەوە بۆ دنیا دەڕوانم، ئێمە تووشی چەندان کێشە و کارەساتی گەورە هاتووین کە ئەگەر بێتو چارەسەرێکی گونجاویان بۆ نەدۆزینەوە، تووشاری ماڵوێرانییەکی وەها دەبین کە چیی تر شوێنێک بۆ بابەتگەلە ئیمانی و ئایدیۆلۆجییەکان نامێنێ. بە هەر شێوەیەک کە لێک بدرێتەوە ئێمە بۆ چاخی بەربەرییەت دەگەڕێینەوە. گەیشتووینەتە خاڵێک کە هیچ شتێک لە شوێنی خۆیدا نییە و ئێمە لە ئاستی جیهانیدا تووشاری ٥ تەنگژەی پێکەوە بەستراو و تێکچڕژاو هاتووین کە بە بۆچوونی من دەبێ ئەو تەنگژانە لە دەرەوەی بابەتی چینایەتییەوە لێیان بکۆڵرێتەوە و ئەگەر ڕێگەیەک بۆ دەربازبوون لەو تەنگژەگەلە نەدۆزرێتەوە، تەڕ و وشک بە یەکەوە دەسووتێن.

## تەنگژەی دارایی

هەرچەندە تەنگژە، دیاردەیەکە کە لەناو هەناو و ناخی سیستەمی سەرمایەداریدایە، وەلێ ئەو تەنگژەیەی کە لە پایزی ساڵی ٢٠٠٨دا ڕووی دا و هێندەی نەمابوو کۆی سیستەمی دارایی و دراویی دنیا لەناو ببات، تەنگژەیەکی سەرتاپاگیر و ڕووخێنەری گەورەیە کە توانای وێرانکردنی بێجگە لەوەی دەرهاوێشتەی جێبەجێکردنی سیاسەتە ئابوورییە یۆتۆپیاییە نیولیبراڵەکانە، بگرە بە هەمان ئەندازەیش لە بەرەنجامی دروستبوونی تازەگەریی سەیروسەمەرە و داهێنانی ئامرازە داراییە تازەکانەوە هاتووەتە ئاراوە کە بە هۆی لادان لە ڕێساکانەوە هێزی ڕووخاندن و لەناوبردنی تا دێ زیاتر دەبێ.

هەرچەندە وەها نیشان دەدرێ کە "تەنگژە"کەیان کۆنترۆڵ کردووە، بەڵام لە ناوچەی یۆرۆ، هێشتا سەرەتای زستانە. یۆنان و ئیسپانیا و ئیتاڵیا و پورتوگال و بەم دواییانەیش هەنگاریا و

.........................................................................

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ئەمیر مەحموود

تەنانەت بەلجیکاش لە بارودۆخێکی باشدا نین. لەو چەند ڕۆژەی ڕابردوودا فرەنسا و ٨ ئەندامی تری یەکەتیی ئەوروپا بە مەترسیدار هەژمار کراون. لە ئەمەریکا، هەرچەند دامەزراوە داراییەکانی "وال ستریت" گەیشتوونەتە ئاستی قازانجکردن، بەڵام لە ڕاستیدا قەبارەی بازاڕی لێکەوتە داراییەکان کە کەم کەس زانیاریی لەسەر هەیە، لە ٦٠٠ تریلیار دۆلار ڕەتی داوە،[١] ئەمەو لە کاتێکدا کە قەبارەی تێکڕای بەرهەمی ناوەخۆیی دنیا ناگاتە ٦٥ تریلیار دۆلار. بە واتایەکی تر ئەگەر تەنیا ١٠٪ی ئەو لێکەوتە داراییانە تووشی گرفت بن، لەو کاتەدا ئابووریی گشت جیهان تووشی نوشستی دەبێت. کێشەیەکی تر ئەوەیە ئەگەر لە ساڵی ٢٠٠٩دا، ٨٠٪ی ئەو لێکەوتە داراییانە لە بەردەستی ٥ بەنکی گەورەدا بوو. ئەمڕۆکە ٤ بەنکی ئەمەریکایی "جی پی مۆرگان" و "سیتی گرووپ" و "بەنکی ئەمەریکا" و "گرووپی گۆڵدمەن ساکس"، ٩٦ ٪ی ئەو لێکەوتە داراییانەیان لە بەردەستدایە و گومانی تێدا نییە کە ئەگەر شنەبایەک لە دژی بەرژەوەندی و هەڵسەنگاندنەکانیان هەڵبکا، تووشاری مایەپووچبوون دەبن. لە بارودۆخێکی لەو چەشنەدا حکوومەتی ئەمەریکا کە بە ڕادەیەکی زۆر قەرزدارە، دەتوانێ لە ڕێی وەرگرتنی قەرزی زیاتر ڕزگاریان بکات؟ من گومانم هەیە کە بتوانێ ئەم کارە بکات. لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر ئەو حاڵەتە ڕوو بدا چارەنووسی سیستەمی دارایی و دراویی دنیا بە کوێ دەگات؟

ئەم داهێنان و تازەگەرییانە لە بواری داراییی جیهانی وایان کردووە کە ئابووریی دنیا ببێ بە قومارخانەیەکی زەبەلاح. هەروەها بێجگە لەوەی وەبەرهێنان بۆ زیادکردنی بەرهەم و زێدە بایی (فائض قیمە) ئەنجام نادرێ، بگرە گرەو لەسەر هەموو شتێکیش دەکرێ. لە قۆناخێکدا گرەو لەسەر نرخی نەوت دەکرا و لە قۆناغی دواتردا گرەو لەسەر نرخی گەنم و.... هتد.

## تەنگژەی وزە

لە سەت ساڵی ڕابردوودا، گەشەسەندنی ئابووریی دنیا بە ڕادەیەکی یەکجار زۆر بەند بوو بە وزەیەکی هەرزان و بەخۆڕایی. ئەم وزە هەرزانبایییە، وای کردبوو کە زیادکردنی بەرهەمهێنانی کەلوپەلی خۆراک بۆ ئەو ژمارە زۆرەی دانیشتوانی دنیا کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیادبوون دابوو، کارێکی مومکین بێ، بەڵام سەردەمی وزەی هەرزان لە تەواوبووندایە. نەک تەنیا تێچووی وزە بگرە تەنانەت خستنە بازاڕیشی کەوتووەتە ژێر پرسیارەوە. ئێستا کە سەردەمی وزەی هەرزان گەیشتووەتە کۆتاییەکەی، چ ئاسەوار و کاریگەرییەکی بۆ سەر گەشەی ئابووریی دنیا دەبێت؟ ئەمەریکا کە ژمارەی دانیشتوانەکەی تەنیا ٥٪ ی کۆی دانیشتوانی دنیا پێک دەهێنێ، زیاتر لە ٢٥٪ی ئەم نەوتە بەکار دەهێنێ. لە دە ساڵی ڕابردوودا بە لانی کەم ٢ شەڕ و لەشکرکێشی دنیایی لەسەر پرسی نەوت ڕوویان داوە.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا کەم کەس گومان لەوە دەکات کە یەکێک لە هۆکاری سەرەکی و بنەڕەتییەکانی لەشکرکێشی ئەمەریکا بۆ سەر عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣دا پێوەندیی بە مەسەلەی

نەوتەوە هەبووە. هەر بەهەمان شێوە لەم چەند مانگەی ڕابردوودا کە حکوومەتە خاوەن شکۆکانی ئینگلتەرا و فەرەنسا لە پرێکدا گەیشتوونەتە ئەو دۆزینەوە گەورەیەی کە موعەممەر قەزافی دیکتاتۆری لیبیا کوڕێکی باش نییە و بەمەیش بە پەلە کەوتنە خۆیان کە لەژێر پەردەی مرۆڤدۆستییەوە لەگەڵ ئەو وڵاتەدا بکەونە شەڕ، هەڵبەت ئەم سیاسەتە مرۆڤدۆستانەیەشیان بۆنی نیگەرانیی لەمەڕ بابەتی نەوتی لێ دەهات.

## تەنگژەی ژمارەی دانیشتوان

ژمارەی دانیشتوانی دنیا لە حەوت ملیار کەس ڕەتی داوە، بەڵام ئەمە تاکە گرفتی ئێمە لەو بوارەدا نییە. لە وڵاتە پیشەسازییەکانی دنیادا، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەشێکی زیاتر لە دانیشتوانەکانیان پیرتر دەبن و دابینکردنی سەرچاوەی دارایی بۆ ژیانی ڕۆژانی خانەنشینییان لەناو گەرمەی تەنگژەی داراییدا زیاتر ڕووبەڕووی گرفت دەبێتەوە. لە سووچێکی تری دنیادا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەی دانیشتوان گەنجتر دەبن و ئەم ژمارە گەنجە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پێویستیان بە قوتابخانە و خزمەتگوزاریی تەندروستی و زانکۆ و دەرفەتی کاری زیاتر دەبێ کە ئەمەش بە شێوەیەکی گونجاو بۆیان دەستەبەر نەکراوە. مەزەندە دەکرێ تاوەکو ساڵی ٢٠٥٠ ژمارەی دانیشتوانی سەرووی تەمەنی ٦٠ ساڵ لە دنیادا زیاتر ببێ و ڕێژەیەکی زیاتر لە هەژارییلە او خانەنشیناندا بڵاو ببێتەوە. لە وڵاتە هەژارەکانیشدا بەشێکی زیاتر لە دانیشتوان تووشی بێکاری و نەخوێندەواری و هەژاری دەبن.

لە وڵاتە پیشەسازییەکاندا تاکە ڕێگەی دابینکردنی سەرچاوەی دارایی بۆ خانەنشینان بەرزکردنەوەی بڕی باجە، ئەمەیش لە ئابووریی ئەو وڵاتانەی کە کەرتی بەرهەمهێنانیان تووشی بێبازاڕیی هاتووە، دەتوانێ هێندەی تر تەنگژە و بێبازاڕییەکە قووڵتر بکاتەوە. ئەگەریش دابینکردنی سەرچاوەی داراییی پێویست ئەنجام نەدرێت دیار نییە ئەو پارەیەی کە دەبێ بە خانەنشینان بدرێ دەبێ لە چ سەرچاوەیەکەوە دەستەبەر بکرێ؟

بەوتەی "دابیسا مۆیۆ" پلانەکانی خانەنشینی لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا گەورەترین پلانی داراییی "پۆنزی"یە کە حکوومەتەکان دایانڕشتووە. "چارلز پۆنزی" فێڵبازێکی ئیتاڵیاییی ئەمەریکاییە کە لە ساڵی ١٩٢٠دا بە شێوازێکی نوێ پارە و سامانی خەڵکی لووش دەدا. واتە کۆمەڵە بەڵێنێکی دارایی کە نە چ گەرەنتییەک بۆ جێبەجێکردنیان هەیە و نەیش لە واقیعدا توانی جێبەجێکردنی هەیە.

لە ساڵی ٢٠٠٨دا سیستەمی خانەنشینی لە ئەمەریکا پێویستی بە ٢,١ تریلیار دۆلار هەبوو کە بارتەقای نزیکەی ١٥٪ی تێکڕای بەرهەمی ناوەخۆییی ئەمەریکا بوو. ئەم ڕێژەیە لە ئینگلتەرا نزیکەی ١,٣ تریلیار دۆلار بوو کە لە ڕاستیدا بارتەقای ٦٤٪ی تێکڕای بەرهەمی ناوەخۆییی ئەو وڵاتە بوو. لە بەرەنجامدا ئەو کەسانەی کە لەو جۆرە وڵاتانەدا کار دەکەن دەبێ لە دوو لاوە پارە

پاشـەکەوت بکەن و باج بدەن. ئەو باجەی کە مـانگانە دەیدەن بـۆ دابینکردنی دارایی سـەردەمی خـانەنشـینییـەکـانیـان پێویسـتـە و لە هەمـان کـاتیـشـدا ئەو پارەیەی کـە پاشـەکەوت دەکـەن بۆ دابینکردنی دارایی ڕۆژانی خانەنشینیان گرینگ و چارەنووسسـازە. ئەمەیش لە بەرەنجامـدا وا دەکات کە ئاستی بەکاربردن لە ئێستادا نزم ببێتەوە و ئەمـەیش بێبازاڕی و حـاڵەتی تەنگژەکە هێندەی تر قووڵتر دەکاتەوە.[٢]

## تەنگژەی سیاسی

سەرباری دەستێوەردانی دەزگا و فاکتەرەکانی سـەر بەدەسەڵات بۆ کۆنترۆڵی سیاسەت و مەکینەی سیاسیی وڵاتەکان، هەلومەرجی دنیا بەشێوەیەک گۆڕاوە کە تەنانەت لەو وڵاتانەیشدا کە ئەو جۆرە دەستێوەردانە نایاساییانە بوونیان نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشـدا هێزی دەوڵەت لەژێر هەیمەنەی ١ ٪ی کۆی دانیشتواندایە کە پارە و سامانەکانیان لە بەردەستدایە و دەتوانن لە پرۆسەی زۆر قورس (لە ڕووی داراییـیـەوە)ی هـەڵبـژاردنەکـانـدا بەشـداری بکەن. سـەرکـەوتن لە هەڵبـژاردنەکـانـدا پێوەندییەکی ڕاسـتەوخـۆی لەگەڵ ئەو بڕە پارەیە هەیە کە خـەرج دەکرێت، ئەمـەیش وا دەکات کە ژمـارەی دەنگدەران ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کـەمـتـر ببێ (شـیـمـانەیەکی زۆر هـەیە کـە یەکێک لـە هۆکـارە سـەرەکییـەکـانی خـاوبوونەوەی سـیاسـی لـە دنیـای ڕۆئـاوا، بۆ ئەو حـاڵەتە دەگـەڕێتـەوە). لە دوایین هـەڵبـژاردنەکـانی ئـەمـەریکادا تـەنیـا ٤٢٪ی دەنگدەران بەشـدارییـان لە پرۆسـەی دەنگدان کـرد. ئەمـەیان چ لـە ئەمـەریکا بـێ یاخـۆ لە هەر شـوێنێکی تری دنیـا، ئەگـەر بێـتـو زۆرینـەی خـەڵک لە پرۆسـەی هـەڵبـژاردندا بەشـداری نـەکـەن، دیموکـراسـی لـەو جـۆرە کـۆمـەڵگەیانـەدا دەکـەوێتـە مـەترسییەوە. ئەم حـاڵەتە لە پرۆسـەی هەڵبژاردنـی سـەرکۆماریشـدا بەدی کـرا. لە هەڵبژاردنەکـانی ١٩٩٦ لە ئەمەریکا تەنیا ٤٩٪ی خەڵک بەشدارییان لەو هەڵبژاردنەدا کرد.

## تەنگژەی ئەخلاقی

مـەبەسـتم لە تەنگژەی ئەخـلاقی ئەوەیە کە لە کـایەی ئابووری و سـیاسـەتدا بڕوابوون بـە پرەنسیپـە ئەخـلاقییـەکـان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کـاڵتـر دەبێت. لە سیاسـەتدا تەنیـا ئامـانجـە بەرتەسکە گرووپی و تایفییـەکـان گـەورەتر و تۆختـر دەبن. لە مـەیدانی ئـابووری و بازرگـانیـشـدا بێجگـە لە هەوڵدان بۆ دەستـەبەرکردنی زۆرترین قازانج بە هـەر نرخێک بێ، هیچ شتێکی تر دانی پێدا نانرێت. بۆ نموونە هـەر لەو تەنگژە داراییـەی ئێسـتـادا بەدەر لە هۆکـارە سـتراکچـەرییـەکان، گومـانی تێدا نییـە کـە بڕیاربـەدەسـتـانی بازاڕە دارایی و دراوییـەکـان لـە دروسـتـکردنی ئەو دۆخـە نالەبارەی ئابووریدا ڕۆڵێکی بەرچاویان هـەبووە. بەبێ لە بەرچاوگـرتنـی ئاسـەوارەکـان تەنیـا بیـریان لە زیادکـردنی قازانجی خـۆیان کردووەتەوە. خـاڵی سـەرنج ڕاکێش لێرەدا ئەوەیە کە لـە کاتێکدا کە ئابووریی دنیا کـەوتووەتە دۆخـی لێژی و نوشـسـتـییـەوە و حکوومـەتە ڕۆئـاواییـەکانیش زۆربـەی هـەرە زۆریان بۆ ڕزگارکـردنی ئەو دامـەزراوە داراییـانە بەشێوەیەکی بەرفراوان ڕوویان لە وەرگرتنی قـەرز کردووە،

کێشەکانی دروستبوو لە بەرەنجامی ئەو قەرز وەرگرتنە بەرفراوانەیش دەکەوێتە ئەستۆی ئەو زۆرینەیەی کە هیچ ڕۆڵ و کاریگەرییەکیان لە دروستبوونی ئەو تەنگژە سەرەتاییەدا نەبووە و لە قۆناغەکانی ڕەواج و خۆشبژێویدا هیچ شتێکیان لەو قازانجە خەیاڵییەدا بەرنەکەوتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا ڕزگاربوون لەو تەنگژەیە تەنیا ئاستی بێکاریی زیاتر و مووچەی کەمتر و و باجی زیاتر و مووچەی خانەنشینی نزمتر و بەشێوەیەکی گشتی نائەمنیی زیاتر بۆ زۆرینەی دانیشتوان بەدوای خۆیدا دەهێنێ.

گومانی تێدا نییە کە ئەم ڕێکارە چارەسەری گرفتەکە ناکات. ئەو سیاسەتانەی کە وەکو چارەسەر دەگیرێنە بەر، تایبەتمەندیی خولقاندنی کەشی بێبازاڕییان تێدایە و ئەو بێکارییەشی کە لە ئەنجامی بێبازاڕی دێتە ئاراوە، نەک تەنیا ئاستی بێبازاڕی زیاتر دەکات، بگرە بەهۆی نزمبوونی داهاتەکانی باج و هەروەها بەرزکردنەوەی تێچوونی بەرنامەکانی خۆشبژێویی حکوومەت، هێندەی تر پێویستیی قەرز وەرگرتن زیاتر دەکات. لێرەدا دەمەوێ دووپات لەوە بکەمەوە کە ئەو بێبازاڕییەی ئێستا لە ڕێی ئەو پلانانەی کە خۆیان خولقێنەری بێبازاڕین، چارەسەر ناکرێ. هەندێک کەس لەو باوەڕەدان کە خواستی ناوەخۆیی لەسەر کاڵاکان هۆکارێکی یەکلاکەرەوە نییە. واتە دەڵێن ئەگەر وڵاتێک لە بازاڕەکانی هەناردەکاریی خۆیدا سەرکەوتوو بێت، کەموکورتی لە بازاڕە ناوەخۆییەکاندا کاریگەرییەکی ئەوتۆی نابێ. هەرچەندە بۆ سەلماندنی ئەو حاڵەتە چەندان نموونە لە بەردەستدان وەکو ژاپۆن و کۆریای باشوور و چین، بەڵام دەبێ بڵێین ئەو مۆدێلە بۆ ئەو ئابوورییە جیهانییەی کە لە ئێستادا لە تەنگژەیەکی قووڵدا گیری خواردووە، ڕێکارێکی کردەوەیی نییە. لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا، دەبێ جەخت لەوە بکەمەوە کە ئەو مۆدێلە کاتێک دەتوانێ سەرکەوتوو و یارمەتیدەر بێ کە تەنیا لەلایەن ژمارەیەکی کەم لە وڵاتەکانەوە پەیڕەو بکرێت. واتە بۆ ئەوەی کە وڵاتێک بتوانێت کورتهێنانی ئاستی خواستی ناوەخۆیی خۆی لە ڕێی خواستی نێودەوڵەتییەوە قەرەبوو بکاتەوە یاخۆ وەکو دەڵێن مۆدێلێکی هەناردە میحوەر بگرێتە بەر، پێویستی بەوە هەیە کە لە بەرامبەردا وڵاتانێک خوازیاری ئەوە بن کە مۆدێلی هاوردە میحوەر بۆ کڕینی کاڵا و خزمەتگوزارییەکانی وڵاتانی هاوردە میحوەر پێڕۆ بکەن.

هەروەکو پێشتریش باس کرا لە ئاستی جیهانیدا ئەم جۆرە مۆدێلە ناتوانرێ جێبەجێ بکرێ. لە تەک ئەمانەیشدا دەکرێ ئاماژە بە چەندان هۆکاری تریش بدەین.

– زۆربەی وڵاتەکان سیاسەتی تەقەشوف و دروستکردنی بێبازاڕییان گرتووەتە بەر و ئەمەیش لە بەرەنجامدا خواستی گشتی لە ئاستی جیهانیدا ڕووە و نزمبوونەوە دەبات.

– لە هەلومەرجێکدا کە خواستی گشتی لە ئابووریی جیهانیدا ڕوو لە نزمبوون دەکات، دەبێ ژمارەیەکی زیاتر لە وڵاتەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بێبازاڕیی ناوەخۆیی بازاڕەکانی هاوردنیان بەرفراوانتر بکەن و ئەو شیمانەیەش بەگوێرەی بارودۆخی ئێستای ئابووریی جیهانی بە کارێکی مەحاڵ دێتە بەرچاو.

## کەوابوو دەبێ چی بکرێت؟

بەر لە هەموو شتێک ئەوەی کە زۆر گرینگە ئەوەیە کە دەبێ ئەو ڕێکارانەی کە بۆ دەربازبوون لەو تەنگژەیەی ئێستا دەخرێنە ڕوو، دەبێ تایبەتمەندیی هاندانی گەشەی ئابوورییان تێدا بێت. گەشەی ئابووریش لەگەڵ بەرنامە بەرفراوانەکانی تەقەشوفی ئابووریدا ناگونجێت. بەواتەیەکی تر ئەو ڕێکارانەی دەخرێنە ڕوو، چ ئەوانەی بەناوی سیاسەتی حکوومەتی "ئۆباما" لە ئەمەریکا یاخۆ هی "ئەنجێلا مێرکێل" لە ئەڵمانیا یاخۆ پلانەکانی "دەیڤید کامیرۆن" لە ئینگلتەرا، من گومانم نییە کە ئەو تەنگژەیەی ئێستا لە چوارچێوەی بۆچوونی زاڵی ئەو سەردەمەدا هیچ ڕێگەچارەیەکی نییە. لە بەرەنجامی ئەو وەرچەرخانانەی کە لە ڕەوتی بەرێوەبردنی ئابووریی دنیا لەم سی ساڵەی ڕابردوودا هاتوونەتە ئاراوە، مۆدێلی ئابووریی کینزیش وەک چۆن خودی کینز چووەتە ناو مێژووەوە. لادان لە ڕێساکان بەشێوەیەکی بەرفراوان و جووڵاندنی سەرمایە و لابردنی هەموو جۆرە ئاستەنگ و سنوورێک لە بەردەم گواستنەوەی سەرمایەی دارایی لە ئاستی جیهانیدا، توانای حکوومەتەکان بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتە ئابوورییەکانی کینزی تووشی شکست کردووە. بۆ ڕاکێشانی سەرمایە، کێبەرکێی نێوان حکوومەتە ڕۆئاوایی و نارۆئاواییەکان بۆ کەمکردنەوەی باجی کۆمپانیاکان زۆر جیدیتر و توندتر بووە. سەرمایەی ئەو حکوومەتانەیش سوود لە میکانیزمی جووڵاندن و گواستنەوە و پەکخستنی دەستێوەردانی حکوومەت لە وەرگرتنی باج وەردەگرێ بەواتەیەکی تر لە پێدانی باج ڕا دەکا و تەنانەت لە هەندێک حاڵەتدا ڕێگە لە گواستنەوەی بەرهەم و سەرمایە بۆ کۆمەڵگەکانی تر (حکوومەتە سەرپێچیکارەکان واتە ئەو حکوومەتانەی کە ڕێژەی باجیان لەسەر کۆمپانیاکانی ئەوان بەرز کردووەتەوە) دەگرێت.

لەلایەکی تریشەوە دەبێ دان بەو ڕاستییەش دابنێین کە مۆدێلی سۆشیالیستیش بەهۆی چەندان هۆکارەوە، هیچ ڕێکارێکی کردەوەیی و مومکینی بۆ دەربازبوون لەو حاڵەتە لە هەگبەدا نییە.

– دەبێ بڵێین بێجگە لە هەرەسهێنانی یەکەتیی سۆڤیەت و ئەورووپای ڕۆهەڵات حزبە کۆمۆنیستەکان لە وڵاتە سەرمایەدارییەکانیشدا بە بەراورد لەگەڵ سی ساڵی ڕابردوودا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لاوازتر و بێهێزتر و پەرتەوازەتر بوونەتەوە. سەندیکا کرێکارییەکانیش لە هەموو وڵاتەکاندا کەوتوونەتە ژێر پاڵەپەستۆوە و لاوازتر بوونەتەوە. بەدرێژاییی حوکمڕانی بێ ڕکابەرانەی نیولیبراڵیزمدا، لە ئەنجامی ڕەنگدانەوەی هێرشی چینایەتی بۆ سەرمایە بێجگە لە کایە یاساییەکان لە بوارە ئابوورییەکانیشدا کرێکارەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لاوازتر و بێ کاریگەرتر بوونەتەوە.

– پارتە سۆشیالیستییەکانیش لە ڕێگەی خۆیانەوە لایان داوە و لە ژمارەیەک لە وڵاتەکاندا وەکو فەرەنسا لە قۆناغی "میتران" و "ئینگلتەرا" لە سەردەمی "تۆنی بلێر"دا، بوونەتەوە بەهێزترین بەرگریکار و پارێزەری سیاسەت و بەرنامەکانی سیستەمی نیولیبراڵی.

دەبێ ئەو ئاسەوارە نێگەتیڤانە بە وردی و سەبر و تەحەمولێکی زۆرەوە چارەسەر بکرێن. ئەو نۆژەنکردنەوەیش بەبێ خستنە ڕووی ئەلتەرناتیڤێکی داهێنەرانە بۆ کەمکردنەوە و دواجار بۆ وەلانانی کێشە و گرفتەکانی ئێستا مومکین نییە. دەبێ ئەو زۆرینەیەی کە سالانێکە لە هەموو لایەکەوە کەوتوونەتە ژێر پالەپەستۆوە قەناعەتیان پێ بهێنرێ کە بنیاتنانی دنیایەکی باشتر مومکینە.

هەرچەندە پێم وایە لە ماوەیەکی مامناوەندی یاخۆ لە ماوەیەکی درێژخایەندا دەکرێ بەسەر ستراکچەری سەرمایەداریدا باز بدەین، بەلام پێم وا نییە ئەم کارە لە ماوەیەکی کورتخایەندا کردەوەیی و مومکین بێت. بۆ ئەوەی بتوانین لە ماوەیەکی مامناوەندی و هەروەها لە ماوەیەکی درێژخایەندا ژمارەیەکی زیاتر لە خەلک بۆ ئەو وەرچەرخانە مێژووییە کۆ بکەینەوە، دەبێ بتوانین لە ماوەیەکی کورتخایەنیشدا چارەسەرێک بۆ کەمکردنەوەی ئێش و ئازارەکانی خەلک بخەینە ڕوو. من گەرەکمە لەو بابەتەدا ئاماژە بە چەندان بوار و کایەی گرینگ بدەم.

١- دەبێ بۆ هەتاهەتایە کۆتا بە هەژموونی ئابووریی نموونەیی (یۆتۆپیایی) سیستەمی نیولیبرالی و حوکمڕانی (دەستە شاراوەکانی ئادام سمیس) کە لە ڕاستیدا بوونیان نییە، بهێنرێ. لە بریی ئەوەی مرۆڤ کۆیلەی سیستەمی ئابووری بێت وەکو ئەو حالەتەی کە لە سی سالی ڕابردوودا بینیمان، پێویستە سیستەمی ئابووری خزمەتکاری مرۆڤ بێت. دەبێ سیستەمی بازاڕ لە ڕێی ڕێکخستنی ڕێسا و یاساگەلی پێویست بۆ گەیشتن بەم ئامانجە ئاراستە بکرێت.

٢- دەبێ دان بەوە دابنێین کە هەرچەندە چالاکوانە ئابوورییەکان خاوەن عەقلانییەتن، بەلام عەقلانییەتێکی سنوورداریان هەیە. بۆ باشتر سوود وەرگرتن و بەرهەمدارترکردنی ئەو عەقلانییەتە سنووردارە، دەبێ چەندان ڕێسا و ڕێکخستنی پێشوەختە ئامادە بکرێن. هەندێک لایەن پێیان وایە کە تاکە چارەسەر، شەفافیەت (دیوەدەری)ە. بەواتەیەکی تر ئەگەر بێتو زانیاریی پێویست لە بەردەستدا بن، کێشەکە چارەسەر دەکرێ.

هەرچەندە لە ژمارەیەک لە کۆمەلگەکان و لە هەندێک قۆناغی مێژوویدا کۆنترۆلکردنی سەرچاوەکانی زانیاری گیروگرفتی لێ کەوتووەتەوە و ئەمەیش خالێکە پێویستی بە چارەسەرکردن هەیە، بەلام بەتایبەتی لەو سالانەی کە تەنگژەی گەورەی ٢٠٠٨ی لێ کەوتەوە، لە ئەمەریکا و ئینگلتەرا کە بە مەلبەندی سەرەکیی تەنگژەی جیهانی ناسراون، لە ڕاستیدا کێشەکە نەبوونی شەفافیەت و کەموکورتی لە سەرچاوەکانی زانیاری نەبوو، بگرە ڕێک کێشەکە لەوەدا بوو کە هۆکارە ئابوورییەکان نەیانتوانی سوود لەو زانیارییانەی کە لەسەر بازاڕە دراوی و داراییەکان هەیانبوو، وەربگرن. داهێنانە بەرچاوەکانی بازاڕە داراییەکان گەیشتبووە ئاستێک کە نەدەکرا هەلسەنگاندنێکی ڕاست و دروست لەبارەی ڕێژەی مەترسیی (ڕیسک و موجازەفە) بەدەستەوە بدرێت و هەروەها لە ڕاستیدا ژمارەیەکی بەرچاو لە چالاکوانە ئابوورییەکان نەیاندەزانی چ دەکەن و دەبێ چی بکەن یاخۆ ئەو کارانەی کە دەیکەن بە چ شێوەیەک دەبێ و چ ئاسەوارێک بەدوای

خۆیدا دەهێنێ.

٣- لە سی ساڵی ڕابردوودا هەردەم جاڕی ئەوەمان داوە کە مەبەستی سەرەکیی چالاکییە ئابوورییەکان زیادکردنی بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکانە. واتە ئەو کاتەی کە هەموو تاک و گرووپەکان بەرژەوەندییەکانی خۆیان زیاد بکەن، بەهەمان شێوە بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگەی مرۆییش دەگاتە لووتکە. لە ڕاستیدا ئەگەر بێتو ئەو بانگەشە وانەئامێزە بەتەواوەتی جێبەجێ بکرێت گشت کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکان لێک هەڵدەوەشێنێتەوە و گەندەڵی و دووفاقی و خەوش و ناڕاستی باڵ بەسەر هەموو دنیادا دەکێشێت. بەڵام بێجگە لەوە، زیانە سەرەکییەکەی ئەو شیمانەیە ئەوەیە کە ئەگەر بەو شێوەیە بڕوات، تاکەکان و ڕێکخراوەکان دەکەونە ناو بارودۆخێک کە بەهاسانی خۆیان لە بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی دەدزنەوە. کاتێک کە تاکە ئامانج زیادکردنی بەرژەوەندییە کەسییەکان بێت، بێکاربوونی کرێکارەکان و مایەپووچبوونی کارگەکان و زیانگەیاندن بە ژینگە و لەناوچوونی سیستەمی دارایی و دراویی نێودەوڵەتی بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجە کەسییەکان، بە شتێکی گوتەنی (مەنتیقی) دێتە بەرچاو.

تەنیا بۆ بەبیرهێنانەوە دەبێ جەخت لەوە بکەمەوە کە ئەگەر سەیری هەموو ئەو تەفسیر و خوێندنەوانە بکەین کە بۆ شیکردنەوەی تەنگژەکەی ئێستا دەکرێن دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە زیادکردنی بەرژەوەندییە کەسییەکان ناکرێ و نابێ تاکە ئامانجی چالاکییە ئابوورییەکان بێت. دەبێ خۆمان و گشت خەڵکەکەی بۆ ڕێزگرتن لە ئامانجە کۆمەڵایەتی و گشتییەکان کە لە ناخماندایە و هەروەها بۆ یەککگرتوویی و ڕاستوێژی و هاوکاریکردن پەروەردە بکەین و ئەمەش ڕێکخستن و کارێکی هەمەلایەنەی گەرەکە.

لە شێوازی بەڕێوەبردنی دامەزراوە ئابوورییەکان مەیلێکی زۆر بۆ زیادکردنی بەرژەوەندییە کورتخایەنەکان زاڵە کە دەبێ ڕووبەڕووی ببینەوە. من لەو باوەڕەدام کە ئەو شێوازە کارگێڕییە تەنانەت لە بەرژەوەندیی خودی خاوەن بنکە ئابوورییەکانیشدا نییە. بۆیەشە کە دەبێ حکوومەتەکان لە ڕێی بەکارهێنانی ئامرازەکانی باجوەرگرتن هانی ئەو جۆرە پرۆژانە بدەن کە لە تەک بەرژەوەندییە کەسییەکان، قازانج و بەرژەوەندیی کۆمەڵایەتیشیان تێدا بەدی بکرێت. لێرەدا مەبەستم تەنیا شەرعییەتی ئەخلاقییانەی پرۆژەکان نییە بگرە بەبۆچوونی من ئەو مەنتیقە ئابوورییەشی کە لە پشتەوەی پرۆژەکانی خاوەن کرۆکی بەرژەوەندییە کورتخایەنەکانیشدایە، مەنتیقێکی هەڵە و ناتەواوە و دەتوانێ کۆی سیستەمی ئابووری ئیفلیج بکات.

بڕواننە بازاڕی پشکەکان. خاوەن پشکەکانی کۆمپانیا سەرمایەدارییەکان ناجێگیترین کەسانی خاوەن بەرژەوەندیی ناو بنکە ئابوورییەکانن. ئەگەر لەو شیمانەیەوە دەست پێ بکەین دەبێ بڵێین خاوەن پشکەکان تەنیا لەو کاتەی نەبێ کە بەشێوەی گرووپ بەشداری دەکەن و فرۆشتنی چاوەڕواننەکراوەی پشکەکانیان دەتوانێ لە پڕێکدا ببێتە هۆی داتەپینی نرخەکان، بەپێچەوانەی ئەو بانگەشانەی کە دەکرێ هیچ جۆرە مەیلێکیان بۆ هێنانەدیی بەرژەوەندییە درێژخایەنەکان نییە

و هەموو کاتێک مەترسیی ئەوەیان لێ دەکرێ کە بەبێ ئەوەی کە چالاکیی بنکە ئابوورییەکان بوەستێنن، پشکەکانی خۆیان بفرۆشن. لەلایەکی تریشەوە ئەگەر بڕیار وا بێ کە بنکە ئابوورییەکان تەنیا بەپێی بەرژەوەندییەکانی ئەو گرووپ و تاقمانە بەڕێوە بچێت، دەبێ ستراتیجیی ئەو بنکە ئابوورییانە تەنیا دەستەبەرکردنی زۆرترین قازانج لە ماوەیەکی کورت لەگەڵ وەبەرهێنان بۆ قازانجی زیاتر لە ماوەیەکی درێژخایەندا یەک ناگرێتەوە. بێجگە لەمە لەو حاڵەتەدا خاوەن پشکەکان زیاتر خوازیاری ئەوەن کە لە کۆتاییی ساڵی داراییدا، زۆرترین قازانجی پشکەکانیان وەربگرن کە ئەمەیش بەپێچەوانەی بەکارهێنانی قازانجی زیادە بۆ وەبەرهێنان و فراوانترکردنی چالاکییەکان لە ماوەیەکی درێژخایەندایە. بەواتەیەکی تر دەستەبەرکردنی زۆرترین ئاستی بەرژەوەندییە کەسییەکان نەک تەنیا لەگەڵ بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا یەک ناگرێتەوە، بگرە ئەگەر بمانەوێ بەشێوەیەکی دینامیک سەیری پرس و بابەتەکان بکەین، بگرە لەگەڵ دەستەبەرکردنی زۆرترین بەرژەوەندیی کەسی لە ماوەیەکی درێژخایەنیشدا ناگونجێت. واتە ئەگەر بنکەیەکی ئابووری مەبەستی بێ بۆ بڕیاردان تەنیا پشت بەو پرەنسیپە ببەستێت، دەبێ بڵێین لە ماوەیەکی درێژخایەندا ئاسۆیەکی ڕوونی و گەشاوەی لە بەردەمدا نابێ. بێجگە لەمانە هەرەسهێنانی ئەخلاقیی و ئایدیۆلۆجیی لایەنگرانی سیستەمی بازاڕ لێرەوە بەدیار دەکەوێ کە لەو قۆناغەی کە تەنگژە لە ئارادا نەبوو، شتێک بەناوی "کۆمەڵگە"یش بوونی نەدەبوو و دەبوایە دنیا بەپێی فەلسەفەی "هەر کەسە و بەپێی ئارەزووی خۆی" بەڕێوە بچێت و ئێستاکەیش کە ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە لە بانێژەی ئابووریی سەرمایەداریدا کەوتووەتە خوارەوە، نەک تەنیا دەبێ لە گیرفانی "هەمووان" زیانەکانی بەنک و دامەزراوە داراییە تایبەتییەکان بە کۆمەڵایەتی بکرێن، بگرە دەبێ بۆ دەربازبوون لەو بارودۆخە نالەبارە، سیاسەتە تەقەشوفییە ئابوورییەکانیش دەبێ لەسەر حیسابی گیرفانی "هەمووان" جێبەجێ بکرێن.

هەرچەندە ناتوانم بڵێم سیاسەتی دەستێوەردانی حکوومەت بۆ ڕزگارکردنی بنکە سەرمایەدارییەکان لەلای هەموو لایەنگرانی سیستەمی بازاڕ پەسند و جێگەی قبووڵ بێت، بەڵام تاوەکو ئێستاش نەمبینیوە بۆ دەربازبوون لەو هەلومەرجە هیچ یەکێک لەو جەماعەتە دژی قەرەبووکردنەوە و چارەسەرکردنی تەنگژەکە لەسەر حیسابی "هەمووان" وەستابن یاخۆ ئەم کارەیان بە کارێکی "نادادپەروەرانە" ناوزەد کردبێت.

ئاخۆ هەمووان لە قازانجە ملیارییەکانی ئەم بنکە ئابوورییانە سوودمەند بوونەتەوە؟ ئەگەر بمەوێ نموونەیەک لەو هەرەسهێنانە ئەخلاقییە بهێنمەوە، دەبێ ئاماژە بە هەڵوێستی حکوومەتی ئینگلتەرا بکەم کە لە ماوەی چەند هەفتەی ڕابردوودا لە ڕێی بەکارهێنانی مافی ڤیتۆی خۆی لە یەکەتیی ئەورووپا دژی پەسندکردنی پرۆژە بڕیاری وەرگرتنی باج لە کارە قوماربازی و سەوداکارییەکان وەستا. ئەمە ئەگەر بەشێک بێ لەم کارەساتە ئەخلاقییە، بەشێکی گرینگتری ئەوەیە کە تەنانەت ئەگەر باج پەسندیش کرابوایە، ڕێژەکەی زۆر لە ١٪ کەمتر بوو. لێرەدا

پرسیارەکە ئەوەیە لە کاتێکدا کە ئەو باجەی کە لەسەر کرێ و مووچەکان دانراوە، زۆر قورسترە لەو باجەی کە بۆ سەر چالاکییەکانی قومارخانەکان پێشنیاز کراوە و دەبوایە ئەوان مشتومڕ لەسەر باجی یەکەم بکەن. هەمان ئەو سیستەمەی کە بە وتەی "هایک" بڕیار وایە وەکو سیستەمی "گەیاندن" کار بکات و هێما بدات، دەبێ چ پەیامێک بە چالاکوانە ئابوورییەکان بگەیەنێت؟ و هەروەها ئاخۆ ئەو پەیامە ئەوە نییە کە گرینگیدان بە چالاکییە قوماربازی و سەوداکارییەکان لە بەرامبەر بایەخدان بە بەرهەمهێنان و دروستکردنی زێدەبایی لە بەرژەوەندیی خەڵک و ئابووریدایە؟

ئاخۆ هەموو ئەو عەقڵانییەتە کە ئەو بەڕێزانە باسی لێوە دەکەن ئەمەیە؟

دووبارەی دەکەمەوە کە من باس لە تەنگژەی ئەخلاقی دەکەم، مەبەستم ئەوەیە کە سەرنج بدرێتە ئەو شتانەی کە ڕووی داوە: واتە پرۆژە پۆنزییەکان و هەروەها ئاڵوگۆڕ و مامەڵەکردن بەپێی زانیارییە دەروونییەکان و هەموو ئەو بۆشاییە ئەخلاقییەی کە هاتووەتە ئاراوە.

لە بواری ژمێریاری و چاودێریی داراییش چەندان وردبینیی داهێنەرانە و تەنانەت فێڵبازانەیشمان بەچاوی خۆمان بینیوە. دروستکردنی تۆڕە تراویلییەکان بوونەتە هۆی ئەوەی کە تۆمارە ژمێرییارییە فەرمییەکانی بنکە و دامەزراوە دارایی و ناداراییەکان لە ڕاستیدا دەرخەری پێگەی ڕاستەقینەی دارایی ئەو جۆرە دامەزراوانە نەبن، بگرە دەرخەری پێگەی دارایی ئەوان بەکەمێک دەستکارییەوە بن. ئەو دەستکاریکردنانەیش هەڵەیەکی بەریئانە نەبووە کە لەوانەیە هەموو مرۆڤێک بیکات، بگرە ئاماژەیەکە بۆ پلان و ئەندازیارییەکی شارەزایانە و بەئەنقەست بۆ چەواشەکردنی خەڵک.

ئاخۆ ئەو دەستکاریکردنانە چ پێوەندییەکی بە تەنگژە ئەخلاقییەکەوە هەیە. لەوەیش گرینگتر ئەم خوێندنەوانە چ پێوەندییەکیان لەگەڵ تەنگژەی دارایی سەرمایەدارییەوە هەیە؟

ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە پێویستی بەم پێشەکییەی خوارەوە هەیە. هەروەکو پێشتریش ئاماژەم پێ داوە، لە کاتێکدا کە پشکی مووچە یاخۆ هەقدەست بە بەراورد لەگەڵ تێکڕای بەرهەمی ناوخۆیی نزم دەبێتەوە، پشکی بەکاربردن بە بەراورد لەگەڵ تێکڕای بەرهەمی ناوخۆیی بەرزتر دەبێتەوە. دەزانین کە ئەو بەرزبوونەوەیە لە ئاستی بەکاربردن لە ڕێی وەرگرتنی قەرزە واتە لە ڕێی خەرجکردنی ئەو داهاتەی کە هێشتا وەدەست نەهاتووە، ئەنجام دراوە. بۆ نموونە ڕێژەی قەرز بە بەراورد لەگەڵ داهاتی بەکاربردن کە لە ساڵی ١٩٧٥ لە ئەمەریکا ٦٢ ٪ بوو لە ساڵی ٢٠٠٥ گەیشتووەتە زیاتر لە ١٢٧٪.[٣] بۆ ئەوەی بتوانین وێنەیەکی ڕوونتر و کامڵتر لەو بارودۆخە بەدەستەوە بدەین، چاکتر وایە ئاماژە بە ڕێژەی کۆی قەرزەکان لە ئابووریی ئەمەریکادا بکەم کە لە ٣١,٨٤ تریلیار دینار لە ساڵی ٢٠٠٢ بەڕێژەی ٤٢,٣٪ بەرز بووەتەوە واتە گەیشتووەتە بڕی ٤٥,٣٢ ترلیار دۆلار لە ساڵی ٢٠٠٦.[٤] بەواتەیەکی تر ڕێژەی قەرز بە بەراورد لەگەڵ تێکڕای بەرهەمی ناوخۆیی بۆ ڕێژەی ٣٥٠٪ بەرز بووەتەوە. بەهۆی ئەو بەرزبوونەوەیەش لە ماوەی ٥

ساڵدا، ناوەندی قەرزی هەموو هاووڵاتییەکی ئەمەریکایی ٤٣ هەزار دۆلار زیاتر بوو. ئەمە لە حاڵەتێکدایە کە ئەو ڕێژەیە بۆ سەر ژمارەی دانیشتوانی ئەمەریکا دابەش بکەین.

بڕی بەرزبوونەوەی قەرز لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٢-٢٠٠٦

| | |
|---|---|
| خێزانەکان | ٤,٤ تریلیار دۆلار |
| حکوومەتی فیدراڵی ئەمەریکا | ٤٢ تریلیار دۆلار |
| بنکە داراییەکان | ٤,٢ تریلیار دۆلار |
| بنکە غەیرە داراییەکان | ٢,٩ تریلیار دۆلار |

بەڵام ئەو بەرزبوونەوەیە لە ڕادەی قەرزەکان تەنیا بۆ هۆکارە پێکهاتەییەکان ناگەڕێتەوە، بگرە چەندان هۆکاری تر زەوینەیان بۆ ئەم حاڵەتە خۆش کردووە. ئەم زەوینەسازییەش بە پلان و بەرنامەوە ئەنجام دراوە. لە ساڵی ٢٠٠٠دا نرخی سوودی بەنکی ٦,٥٪ بوو، بەڵام تاوەکو مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠٢ ئەم نرخە بۆ ڕێژەی ١,٢٥٪ نزم بووەتەوە. بۆ ماوەی ٨ مانگ ئەو ڕێژەیە بە نەگۆڕی مایەوە و لەو کۆبوونەوەیەشی کە لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠ دا ساز کرا، ئەنجوومەنی دراویی فیدراڵ ڕیزێرف بڕیاری دا کە ئەو نرخە بۆ ڕێژەی ١٪ نزم بکاتەوە. بەمەش، شتێکی سەیر نییە ئەگەر ئەو ڕێژە بەرچاوە لە دابەزین لە نرخی سوودی بەنکی، بەو شێوەیە بڕی قەرزەکان بەرز بکاتەوە. هەرچەندە لە ئابووریی سەرمایەداریی پێشکەوتوودا چەندان نرخی بەنکی بوونی هەیە کە هیچ کامیان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەلایەن بەنکی ناوەندییەوە دەستنیشان ناکرێن، بەڵام گومانی تێدا نییە کە ئەو نرخە بنەڕەتییە کە لەلایەن بەنکی ناوەندییەوە دەستنیشان دەکرێ، ڕۆڵێکی سەرەکی لە دیاریکردنی نرخەکان دەگێڕێت. واتە کاتێک بەنکی ناوەندی بەو شێوەیە نرخی سوودی بەنکی کەم بکاتەوە، بە ناچاری نرخەکانی تریش ڕوو لە کەمبوونەوە دەکەن هەروەک چۆن ئەو حاڵەتەیشمان بینیوە بەڵام کێشەکە لە چیدایە. بۆ نموونە یەکێک کە خاوەن ١٠٠ ملیۆن دۆلار سەرمایەیە و ١٠٠ ملیۆن دۆلاریش سپاردەی خەڵکی لەلایە و بۆ ئەو سپاردانەیش بڕی سوودی بەنکی ٣٪ بە خاوەن سپاردەکان دەدات. لەو حاڵەتەدا ئەگەر ١٠٪ وەکو یەدەکی سەرمایە لە بەنکدا بمێنێتەوە، بەنکەکە دەتوانێ ئەوەی کە ماوەتەوە بە نرخی سوودی ٨٪ وەکو قەرز بە خەڵکی تر بدات. لەو حاڵەتەدا ئەو بەنکە ساڵانە ١١,١ ملیۆن دۆلار قازانج دەکات. ئەگەر بێتو لە بڕیی ١٠٠ ملیۆن دۆلار، ٤٠٠ ملیۆن دۆلار سپاردەی خەڵک وەربگرێت و سەرمایە سەرەتاییەکەی بەنکیش، نەگۆڕدرێ. لەو حاڵەتەدا ئەو بەنکە ساڵانە ٢٤ ملیۆن دۆلار قازانج دەکات. هەر بەهەمان شێوە ئەگەر بێتو ئەو بەنکە ٥٠٠ ملیۆن دۆلار بە نرخی سوودی ٤٪ بە قەرز وەربگرێت و بەرەچاوکردنی هەموو ڕێساکان بە هەمان مەرجەکانی نرخی سوودی پێشووتر پارە بە قەرز بە خەڵک بدات، ساڵی ٤٠ ملیۆن دۆلار قازانج بۆ خۆی کۆ دەکاتەوە. ئەگەر ئەو نموونە ساکارە بهێنینە بەرچاومان دەبینین کە چۆن چۆنی وەرگرتنی قەرز و قەرزپێدان قازانجێکی زیاتر بۆ

چالاکوانە ئابوورییەکان دەستەبەر دەکات. هەڵبەت لێرەدا هەرچەندە ڕێژەی قازانجکردن بەرز بووەتەوە، بەڵام ڕێژەی مەترسی (ڕیسک)یش بەرز بووەتەوە. ئەگەر ١٠٪ قەرزەکان تووشی پاشگەزبوونەوە لە دانەوەی قەرزەکان (نکول) ببن، لەو حاڵەتەدا بەنک تەنیا ٢٠٪ی سەرمایەکەی لە کیس دەچێت و لە حاڵەتی دووەمیشدا ٥٠٪ و لە حاڵەتی کۆتاییدا ٩٠٪ی سەرمایەکەی لە دەست دەدات. لە ڕاستیدا ئەمە حاڵەتێکە کە بە کردەوەیی لە بازاڕە داراییەکاندا ڕوو دەدات. کەرتی داراییش کە دەرفەتێکی باشی بۆ وەرگرتنی قەرز بەهۆی لابردنی کۆتوبەندەکان و کەمبوونەوەی نرخی سوودی بۆ ڕەخسابوو، قەرزێکی زیاتری وەرگرت و ڕێژەیەکی زیاتریشی پارە بە قەرز بە خەڵک دا. لە بەرەنجامی ئەوەیش وەرگرتنی قەرز لە کەرتی دارایی ئەمەریکا کە لەساڵی ٢٠٠٢ تەنیا ١٠,١ تریلیار دۆلار بوو لە ساڵی ٢٠٠٣ گەیشتە ١٤,٣ تریلیار دۆلار و لە ساڵی ٢٠٠٦ بوو بە ١٦ تریلیار دۆلار. بەواتایەکی تر بڕی کۆی قەرزەکانی کەرتی دارایی بەتەنیا لە تێکڕای بەرهەمی ناوەخۆیی ئەمەریکا زیاتر بوو و گەیشتە ڕێژەی ١١٧٪ی تێکڕای بەرهەمی ناوەخۆیی ئەمەریکا. هەرچەندە لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٥ ٢٠٠٦دا ڕێژەی ڕاستەقینەی داهات گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نەهات. بەڵام بەکاربەرە ئەمەریکاییەکان ١,١ تریلیار دۆلاریان زیاتر لە داهاتی خۆیان خەرج کرد. ئەنجامی ئەمەیش ڕێژەی نێگەتیڤی پاشەکەوتکردن بوو بەشێوەیەک کە تاوەکو کۆتایی مانگی ئاداری ساڵی ٢٠٠٦ خێزانەکان ١١,٨ تریلیار دۆلار قەرزدار بوون.[٥] بۆیەش جێگەی سەرسوڕمان نییە کە ئەو دامەزراوە داراییانەی کە لە ساڵانی ١٩٦٠ تەنیا ١٥٪ی قازانجی وەدەستهاتووی ئابووریی ئەمەریکایان بۆ خۆیان دەستەبەر کردبوو لە ساڵی ٢٠٠٥ ئەو ڕێژەیە گەیشتە ٤٠٪.

بەپێچەوانەشەوە، قازانجی پیشەسازییەکانیان کە ٥٠٪ بوو بۆ ڕێژەی ١٥٪ نزم بووەوە.[٦] ئەم وەرچەرخانە ستراکچەرییە گەیشتە ئاستێک کە تەنانەت خودی خاوەن پیشەسازییەکانیش ڕوویان لە دەلالە داراییەکان کرد. "جێنراڵ مۆتۆرز" کە لە کەرتی بەرهەمهێنان زیانی دەکرد لە کەرتی قەرزپێدان ٢,٩ ملیار دۆلار قازانجی کۆ کردەوە. تەنانەت تاکفرۆشە ناسراوەکانی وەکو "ڤالمارت"یش ڕوویان لە دەلالیی دارایی کرد. لە کەرتی دامەزراوە داراییەکان، چەندان وەرچەرخانی گرینگ هاتوونەتە ئاراوە. زیاتر لە ٤٠٪ی دەرامەتەکانیان نەک لە ڕێی بنەمای جیاوازیی نرخی سوودی بەنکی، بگرە لە ڕێی قازانجی گواستنەوەی چالاکییەکان بۆ خەڵکانی تر وەدەستیان کەوتووە. دەبێ ئەوەش بڵێین کە هەرچەندە ڕێژەی قەرزپێدان زیادی کرد، بەڵام ڕەوشی هەڵسەنگاندنی مەترسی (ڕیسک)یش ڕووی لە سستی و خراپی کرد. چونکە بەهۆی گواستنەوەی ریسکی ئەو قەرزانە لە ڕێی چەندان شێوازی جیاجیاوە بۆ خەڵکانی تر، قەرزدەری سەرەتایی هیچ مەترسییەک نەدەکەوتە ئەستۆی. هەر بۆیەشە کە زۆر لە ئاستی متمانە و باوەڕپێکراوەیی قەرزوەرگرەکان ورد نەدەبوونەوە. بەپێچەوانەی ئەو بانگەشانەی کە ستایشکارەکانی سیستەمی بازاڕ دەیکەن ئەم سیستەمە داتاشراوە نەک تەنیا کێشەی زانیارییە شاراوەکانی چارەسەر نەکردووە، بگرە چاودێری و هەڵسەنگاندنی مەترسیشی بە تەواوەتی پشتگوێ خستووە. ئەمەش

خۆی لە خۆیدا وا دەکا کە لە بەرەنجامی ئەم ڕاکردنە لە بەرپرسیاریەتی لەو جۆرە بارودۆخەدا، ڕوودانی تەنگژەی دارایی شتێکی حەتمی بێت.

بە کورتی دەبێ بڵێم:

دەبێ دان بەوە دابنێین و لە هەموو شوێنێکیش جاڕی ئەوە لێ بدەین کە ئەو بەربەرییەتەی کە بەرۆکمانی گرتووە شتێکی حەتمییە و ناتوانین نکوولّیی لێ بکەین. ئەو بنبەستەی کە تێی کەوتووین چەندان هۆکاری جیاجیای هەیە کە لە ئەنجامی سیستەمی سەرمایەدارییەوە سەریان هەڵداوە. هەرچەندە ئەو ١٪ی کە باسمان کرد خوازیاری ئەو جۆرە بارودۆخە نین، بەڵام ئەو بارودۆخەی کە ئێستا بەسەر دنیادا زاڵە لە ئەنجامی پێڕۆکردنی سیاسەتەکانی ئەوانەوە هاتووەتە ئاراوە. دەبێ ڕێگە لەوە بگیرێت کە تێچوونی دەربازبوون لەو بارودۆخە بخرێتە ئەستۆی "هەمووان"ەوە و دەبێ پێشی پێ بگیرێت. لە کاتی ڕوودانی هەموو گۆڕانکارییەکان و هەموو ئەو سیاسەتانەی کە دەگیرێنە بەر دەبێ دان بەو دابنرێت کە دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییە گشتییەکانی وەکو خواردن و دەرفەتی کار و شوێنی نیشتەجێبوون و خزمەتگوزاریی تەندروستی و پەروەردە و ژینگە شتگەلێک نین کە دانووستاندن هەڵبگرن و جێگەی مشتومڕ نین.

تاکە ڕێگەی گەیشتن بەو لانی کەمە لە پێداویستییەکان، پەروەردەی خۆمان و خەڵکانی ترە و هەروەها ڕێکخستنی خۆمان و ئەوانی ترە. ئەو ڕێکخستنە تەنیا و تەنیا دەبێ لە خوارووترین توێژەکانی کۆمەڵگەوە دەست پێ بکات. بەمەش هەنگاو بەهەنگاو لە تەک ئەو چاکسازییانەی کە ئەنجام دەدرێن، ژمارەیەکی زیاتر لە ٩٩٪ دێنە ناو گۆڕەپانەکەوە و بەمەش ڕۆژێک دێت کە بەلابردن و وەلانانی ئەو بەربەرییەتە هەنگاو بنێینە سەتەی بیست و یەکەمەوە.


ژێدەر و سەرچاوەکان:

(1) Keith Fitz Gerald: Four US banks hold a staffering 95.9% of US derivatives: The $600 Trillion Time Bomb thats set to explode, in http://www.globalresearch.ca// PrintArticle.php?articleId=27106

(2) Dambisa Moyo: How the West was lost, Penguin books, 2011, pp 78-79

(3) John Bellamy Foster & Fred Magdoff: The Great Financial Crisis, MR press, 2009, p.29

(4) John Cassidy: How Markets Fail, Penguin Books 2009, p.223

(5) Bellamy & Magdoff, ibid, p.50

(٦) هەمان لاپەڕەی

(٧) هەمان لاپەڕەی


سەرچاوە: مجله هەفتە

www. haften. de

# ژن بە ژنە، قێزەونترین کاری پیاو

ئەحمەد میراودەلی

چیرۆکی شارستانەتی، چیرۆکی نێر و مێی مرۆڤە، چیرۆکی ململانێیەکە بەرەو سەرووتر و رزگاربوون لە پشتبەستن بە بەخشندەیی سروشت، ململانێیە بۆ ئازادی و هەتا ئاستێکیش زاڵبوون بەسەر سروشتدا. وەک دەبینین لە ئەنجامی ئەو ململانێیەدا ئێمەی مرۆڤ ''نێر و مێ'' ملکەچی بایۆلۆجیا و داخوازییە سەرەکییە سروشتییەکان بووین و خۆمان لەگەڵیاندا راهێناوە. وەلێ بەداخەوە داوونەریت و کولتوورێکیشمان دارشتووە کە تێیدا ئافرەت سەرکز کراوە.

مرۆڤ: لەگەڵ کارە جوانەکانیدا، کار و داهێنانی ناجوانیشی زۆرە، وەلێ بەبڕوای من، ژن بە ژنە کە ئێستا لە زۆر وڵاتانی دواکەوتوودا و بەزۆریش لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا باوە، قێزەونترین کردارە. بەڵام پرسیار ئەوەیە بۆ ژن بە ژنە؟ بۆ پیاو بە پیاو نا؟ بۆ گۆڕینەوەی منداڵ لە هەردووک جنسەکە نا؟ بۆ گەورە بە بچووکەش هەر بە مێیینە دەکرێت؟

ماوەیەکی زۆرە لێکۆڵینەوە لەسەر جیاوازیی ئاستی سۆشیالی و هۆکاری دابەشبوونی کار بەسەر ''نێر و مێ''دا، جێگەی مشتومڕی زانایانە، لە دوا نیوە سەتەی ڕابردوودا، هێندێک بەڵگەی نوێی ئارکیۆلۆجی لە رۆهەڵاتی ئەفریقیادا بەدەرکەوتن کە لێکۆڵینەوەی فیزیۆلۆجی، بایۆلۆجی و ئەنسرۆپۆلۆجی/ مرۆڤناسی بەپشتبەستن بە زانستی بایۆکیمیستری و تێکنۆلۆجیای سەردەم، گەرمتر کرد بەواتای ئەوەی رۆشناییەکی زۆرتر خرایە سەر بیریاریی گۆڕانکاریی چەشنەکان/ ئیڤۆلوشن. بەپشتبەستن بە بەڵگە ئارکیۆلۆجییەکان و پێشکەوتنی زانستی فیزیۆلۆجی و بایۆلۆجییەوە، ئێستا هیچ گومانێک لەوەدا نەماوەتەوە کە ئێمەی مرۆڤ وەچەی جۆرە مەیموونێکی وەک چیمپانزین، ئەوەش سەلمێندراوە کە'' دی ئێن ئەی'' مرۆڤ و چیمپانزی ٩٩٪ وەک یەکە، بەڵام دەبێت لەوە بە ئاگا بین کە زانستی بایۆلۆجی و فیزیۆلۆجی چەندی وێکچوون و گۆڕانکارییە فیزیکی و بایۆلۆجییەکان بسەلمێنن، هێشتان دەستەوەستانن لە بواری گۆڕانکارییە کولتوورییەکاندا، چونکە ئەگەر نووسین لە ئارادا نەبێت کولتوور ناتوانێت وەک ئارکیۆلۆجی

بەڵگەی بەرچاو و دیار بەچێ بهێڵێت. ئەوجا لەبەرئەوەی زۆر پێش نووسین دەست دراوەتە گۆڕینەوەی ئافرەت، دەبێت بگەڕێنەوە بۆ لێکۆڵینەوە و گریمانەکانی مرۆڤناسی لەبارەی گۆڕینەوەی ئافرەت و سەرهەڵدانی ژن بە ژنەوە.

ئەو بیردۆزییەی کە هەتا ناوەڕاستی سەتەی پێشوو باو بوو و ئێستاش لای خۆمان هەر باوە و روانگەیەکی فێمینیستانەشی هەیە، بیردۆزییەکەی "باخۆفن"ە و شایانی باسیشە. بیردۆزییەکەی باخۆفن چوارچێوەیەکی داروینی هەیە. ئەو باسی پلەی جیاوازی پێشکەوتنی مرۆڤ دەکات کە هەمیشە لە هەڵکشاندا بووە، لە دڕندەییەوە بۆ بەربەریزم هەتا پیاوسالاری ئەمڕۆ. باخۆفن لەو بڕوایەدا بووە کە ئافرەتان لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا پەرەیان بە کولتوور داوە و سەردەمێکی "دایکسالاری"ی هەبووە کە کۆمەڵگەی لە بەربەریێتی دەرکردووە. لەو بارەیەوە دەڵێت (لە خوارەوەترین و تاریکترین پلەی مرۆڤدا "خۆشەویستی دایک بۆ منداڵ" تەنیا رووناکی بووە لە تاریکستانی مۆڕاڵدا. لە بەخێوکردنی زارۆکەکانیدا، ئافرەت، پێش پیاو، فێر بووە خۆشەویستی و دەستی ئاگەداریکردن بۆ گیانلەبەرێکی تر درێژ بکاتە ئەودیوی سنووری خۆویستییەوە ............ ئافرەتان لەو پلەیەدا سەرچاوەی هەموو کولتووری باشە، دڵسۆزی، بەتەنگەوەبوونی ژیان و خەمخۆری مردووان بوون.)[1]

پشتبەست بە چاودێریکردن و لێکۆڵینەوەی ژیانی چیمپانزی لە دەوروبەری خۆیاندا، شارەزا و مرۆڤناسانی سەردەم پێمان دەڵێن کە (منداڵ لێبوون؛ کردەیەکی ئافرەتە بەهۆی جنسەکەیەوە، وەلێ ئامۆژگاریکردنی منداڵ بەهۆی کولتوورێکی دروستکراوەوەیە. ئەوە چێندەرە بەشێوەیەکی سەرەکی بەرپرسە لە دەستنیشانکردنی ئاستی ئافرەت لە کۆمەڵگەدا. .......... ) گێیل رۆبن.[2] بەبڕوای ئەو مرۆڤناسە – گێیڵ رۆبن، گۆڕینەوەی ئافرەت ئاماژەیەکە بۆ دەربڕینێک لە پێوەندیی سۆشیالی سیستێمی خزم و خوێیاتیدا کە تێیدا، پیاو، مافێکی تایبەتیی بەسەر خزمە مێیینەکانیدا هەیە و مێیینەکان؛ ئەو مافەیان بەسەر خزمە نێرینەکانیاندا نییە. .......... ئەوە سیستێمێکە کە ئافرەت تێیدا مافی تەواوی بەسەر خۆیشیدا نییە.[3]

بە بڕوای زانای مرۆڤناس/ ئەنسرۆپۆلۆجیست، لێڤی ستراوس، گۆڕینەوەی ئافرەت یەکەمین شێوەی ئاڵوگۆڕی بووە کە ئافرەتی تێدا بووەتە کاڵا و وەک شتێک سەیر کراوە نەک وەک مرۆڤ، گۆڕینەوەی ئافرەت بەلای لێڤی ستراوسەوە سەرەتای ملکەچپێکردنی ئافرەت بووە لە مێژوودا و ئەویش بە دەوری خۆی بووەتە هۆی دابەشکردنی کار لەسەر بنەمای جنس "نێر و مێ" و، دروستبوونی باوکسالاری.

بەپێی بیرپارییەکەی ستراوس، پیاوان؛ پێکهاتە و شێوەی پێوەندی لەگەڵ ئافرەتاندا دادەڕێژن و بەسەریاندا دەسەپێنن. بەڵام بەبڕوای هێندێک شارەزای تر لەو بوارەدا، تیۆری و شیکارییەکەی ستراوس، زۆر تەواو نییە و پرسیارگەلێکی زۆری لەسەرە. لەوانەش ئەوە چۆن رووی داوە؟ بۆ تەنیا

ئافرەت گۆڕراوەتەوە؟ بۆ پیاوان، یان منداڵان لە هەردووک سێکسەکە نەگۆڕراونەوە؟ خۆ ئەگەر گۆڕینەوەکەش سوودمەند و کاراش بووبێت بۆ پیاو، بۆ ئافرەتان پێی رازی بوون؟

بەڵگەی ئیسنۆگرافیی "زانستی نەتەوە"ش کە ئینجلس و باخۆفن کردوویانەتە بنەمای مشتومڕەکەیان، بەشێوەیەکی بەرفراوان لەلایەن زانا مرۆڤناسەکانی سەردەمەوە رەت کراوەتەوە، بەبڕوای زاناکانی سەردەم، ئەوەی ئینجلس و باخۆفن خستوویانەتە بەردەم، نابنە بەڵگەی بوونی دایکسالاری، بگرە دەشێ ببنە بەڵگەی بوونی ماتریلۆکاڵی و ماتریلینی. لەبەر ئەوە بەپێچەوانەی ئەوەی پێشتر بڕوای پێ کرابوو، ناتوانێت پێوەندیی کلێشەی خزمایێتی و ئاستی سۆشیالی ئافرەت دەربخات. جگە لەوەش لە زۆرینەی کۆمەڵگەی ماتریلینیشدا، خزمە نێرینەکەیە، بەتایبەتیش برا، مام، یان خاڵی ئافرەت، دەستی بەسەر ئابووریی خێزاندا گرتووە و بڕیاری بە ناوەوە داوە. ...... گێردا لێرنەر، ل ٢٩

ئەمڕۆ زۆر بەڵگەی زانستیی نوێ بەدەستەوەن کە بوونی کۆمەڵگەیەکی هاوسان دەسەلمێنن، بەتایبەتیش لە سەردەمی کۆمەڵگە تێکەڵەکانی کە لەسەر چنینەوەی میوە و سەوزە و بڕێک راوکردن ژیاون. لەو کۆمەڵگەیانەدا ئافرەت پێویستی راوچییەکەی دابین کردووە بۆ ئەوەی راوچییەکەش گۆشت بۆ وی و منداڵەکانی پەیدا بکات، راوچی دەبوو دڵنیا بێت لەوەی کە ئافرەت خواردنێک ئامادە دەکات ئەگەر ئەو لە راوەکەیدا هیچی بەدەست نەکەوێت. هەرچەندە لەو سەردەمەدا ئافرەت زۆرینەی خۆراکی دابین کردووە وەلێ گۆشت لە هەموویان بەهادارتر بووە. لەو جۆرە کۆمەڵگەیانەدا خەڵکی هاوکاریی یەکترییان کردووە و بە ئاشتی پێکەوە ژیاون، کاری نێر و مێ هەتا ئاستێک جیاواز بووە وەلێ هاوتا بوون – بەواتای ئەوەی هیچ لایەکیان زاڵ نەبووە بەسەر لایەنەکەی تردا . بەڵام دەبێ لەوە بە ئاگا بین کە لەو سەردەمەشدا، ئاستی ئابووری و سۆشیالی ئافرەت هەر چۆنێک بووبێت، هێشتان لە هێندێک رووەوە هەر ژێردەستەی پیاو بووە.

هەتا ئێستا بەڵگەیەک بەدەستەوە نییە بیسەلمێنێ کۆمەڵگەیەک هەبووبێت تێیدا ئافرەتان "وەک کۆمەڵ" دەسەڵاتی بڕیاردانیان بەسەر پیاواندا هەبووبێت، یان پێناسەی هەڵسوکەوتی جنسییان دارشتبێت، یان دەستیان گرتبێت بەسەر گۆڕینەوە و ژنهێناندا – کە لەو کاتەدا دەبوو گۆڕینەوەی پیاوان بووایە.

کۆمەڵگەی هۆرتیکولتووری/ بێستانەوانی، کە "ماتریلینی"یە – بەواتای ئەوەی، بەلای دایکدا داشکاوە، لەوە دەچێت لە کەشێکی تایبەتی سروشتیدا بووبێت، وەک شوێنی نزیک دارستان کە پێویستی بە ماڵیکردنی ئاژەڵ نەبووە، وەلێ لەبەرئەوەی ئەو شوێنانە بەرەو نەمان چوون، ماتریلینیش بەرەو نەمان ملی ناوە. ئەوجا ئەگەر کۆمەڵگەی دایکسالاری هەبووبێت، دەبێ هاوشێوەی کۆمەڵگەی پیاوسالاری، دەسەڵات لە دەستی ئافرەتدا بووبێت و پیاو تێیدا هاوبەش نەبووبێت، دەبێ ئافرەت دەسەڵاتی بەسەر هەموو کۆمەڵگەکەدا هەبووبێت نەک هەر خزمەکانی

خۆی، دەبێ دەسەڵاتی هەبووبێت پێناسە بۆ بەهاکانی کۆمەڵگەکە داڕێژێت و سنووریش بۆ سێکسوالێتی/ جموجۆڵی جنسی، پیاو دابنێت. ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە، ئاخۆ کۆمەڵگەیەکی وەها لە ئارادا بووە؟ هەتا ئێستا هیچ بەڵگەیەک بەدەستەوە نییە. لەبەر ئەوەش ئەگەر بەدوای دایکسالاریدا بگەڕێین بۆ دۆزینەوەی هۆکاری ژن گۆڕینەوە، ناگەینە هیچ ئەنجامێک. کەواتە دەبێ هەوڵ بدەین لە مێژووی پیاوسالاریدا هۆکارەکانی بدۆزینەوە. بەتایبەتیش لەبەرئەوەی هەتا ئێستاش پیاوسالاری سیستێمی زۆرینەی کۆمەڵگەکانە و ژن بە ژنەش لەو کۆمەڵگەیانەدا، نەریتە.

بەبڕوای لیڤی ستراوس گۆڕینەوەی ژن لەناو خێڵەکاندا بووەتە هۆی ژێردەستەیی ئافرەت، لیڤی دەڵێت (سەرجەمی گۆڕینەوەکان کە لە ئەنجامدا بوونەتە مارەبڕین، لە نێوان ژنێک و ژنێکی تردا ئەنجام نەدراوە ...... بگرە لەلایەن دوو کۆمەڵ پیاوەوە بووە و ئافرەت تێیدا تەنیا کالایەک بووە نەک هاوبەشی گۆڕینەوەکە .....،..... ئەمە راستییەکە ئەگەر هەستی ئافرەتەکەش بەرچاو گیرابێت. لە رێککەوتنێکی وەهادا کچەکە هەستی خۆی وەلا دەنێت و بە مارەبڕینەکە رازی دەبێت، چونکە ناتوانێت بیگۆڕێ.)[٤]

ستراوس ئەم کرداری گۆڕینەوەیە بە هۆکاری نزمکردنەوەی ئافرەت دەزانێ هەتا ئەو ئاستەی وەک کالایەک بیریان لێ بکرێتەوە نەک وەک مرۆڤ. هێندێک مرۆڤناسی فێمینیست، بۆچوونەکەی ستراوسیان پەسند کردووە و لەو بارەیەوە بڕوایان وایە کە (لە سیستێمی خزمایێتیی خۆجێیی ئافرەت/ ماتریلۆکالیدا، پیاو ماڵە باوانی بەجێ هێشتووە و لەگەڵ هاوسەرەکەی یان باوانی هاوسەرەکەیدا نیشتەجێ بووە.

"ئێستا لە کوردەواریدا پێی دەڵێن، زاوابووک ....... نووسەر." وەلێ لە سیستێمی خزمایێتیی خۆجێیی باوکدا، دەبێ ئافرەت ماڵە باوانی بەجێ هێڵێت و لەگەڵ مێردەکەی یان باوانی مێردەکەیدا بژی، ئەم گۆڕانکارییەش وەرچەرخانێکی گەورەیە لە پێوەندیی نێوان هەردووک جنسەکەدا و دەبێ هاوتەریب بووبێت لەگەڵ ملپێکەچکردنی ئافرەتدا.)[٥]

گواستنەوەی ئافرەت بۆ ماڵی زاوا یان ماڵە باوانی زاوا، راستییەکە ئێستاش لە ئارادایە و لە کوردستانەکەی خۆشماندا وا باوە. بەڵام پرسیار ئەوەیە چۆن و بۆچی ئەو گۆڕانکارییە رووی داوە؟ بۆ ئافرەت گۆڕدراوەتەوە نەک پیاو؟

لەو بارەیەوە، داڕلنگتن، Darlington .D.C، روونکردنەوەیەکی داوە. ئەو هاوسەرگیریی دەرەوەی خزمان/ ئێکسۆگەمی، بەداهێنانێکی کولتووری دەبینێت و لەبەر ئەوەش پەسند کراوە، سوودبەخشیی بەرەوپێشچوونی تێدایە.

بەبڕوای وی، مرۆڤ ئارەزووی دابینکردنی دانیشتوانی هەیە، لە هەموو دەوروبەرێکدا. خێڵەکانیش ئەمە – دابینکردنی سەرژمێر، بە دەستبەسەرداگرتنی جنسدا جێبەجێ دەکەن؛ بەواتای ئەوەی – بە نەریتی ئاراستەکردنی نێر و مێ بۆ رۆڵی سێکسیی گونجاو، بەپەنابردن بۆ

لەناوبردن، ساوا کوشتن، لەباربردن، هۆمۆسێکسوالێتیش ئەگەر پێویست بوو. لەبەر ئەوە بۆ دابینکردنی سەرژمێریی کۆمەڵگە، سیکسوالێتی/ جموجۆڵی جنسی، ئافرەت سنووردار کراوە.[٦]

گریمانەی پیاو گۆڕینەوەش خراوەتە بەرچاو، وەلێ پرسیار ئەوەیە کە، چ شتێک دڵسۆزیی پیاو بۆ خێڵە تازەکەی دەسەلمێنێت؟ خۆ ئەو کاتە سەردەمی دەستپێکردنی گۆڕینەوە؛ پیاو پێوەندیی توندی لەگەڵ وەچەکانیدا نەبووە هەتا بیکاتە ملکەچی خێڵەکەی بۆی چووە. تواناشی هەبووە توندوتیژی و سەرکێشیش دژی خێڵەکە بکات، جگە لەوەش بەهۆی فێربوونی راو و دوور رۆیشتنەوە هەموو کات توانای هەبووە ئەو خێڵە بەجێ هێڵێت و بگەڕێتەوە ناو خێڵەکەی خۆی. بەڵام زۆر بە ئاسانیتر زۆرداری لە ئافرەت کراوە، بەتایبەتیش بەهۆی زۆرەملێی جنسییەوە "رێیپ rape".

ئافرەتان ئەو کاتەی مارە دەکرێن یان دەبنە دایکی منداڵ، دڵسۆزی دەدەنە منداڵ و خزمی منداڵەکانیان، بەمەش پێوەندییەکی بەهێز لەگەڵ خێڵە تازەکەدا پەیدا دەکەن. لە راستیدا شێوە مێژووییەکەی سەرهەڵدانی کۆیلایەتیش هەر لەسەر ئەو شێوازەیە. ئا لێرەدا دەردەکەوێت کە هەڵکەوتەی بایۆلۆجیی ئافرەت جارێکی تر کردوویێتییە بارمتە و دەستکەلای کولتوورێکی دروستکراو.

ئەگەر کچ و کوڕ لەناو خێڵەکاندا گۆڕدرابنەوە و وەچەکانیان لەناو ئەو خێڵەدا کە بۆی چوون دامرکابن ئەوە بێگومان ئەو خێڵەی زیاتر کچی وەرگرتووە، زووتر سەرژمێریی زیادی کردووە، ئەوجا ئەگەر زۆریی منداڵ بارگرانییەک بوویێت لەسەر خێڵ لێرەدا گرینگ نییە، بەڵام ئەگەر بەهۆی گۆڕانکاریی دەوروبەرەوە یان ئابووریی خێڵەوە منداڵ بووبنە سەرمایەیەک وەک توانای دەستی کار، ئەوە دەمانخاتە ئەو بڕوایەوە کە گۆڕینەوەی منداڵ لە هەردووک سێکسەکە، بووەتە رێگە خۆشکەری گۆڕینەوەی ئافرەت. بەبڕوای مرۆڤناس گێرڕدا لێرنەر، مرۆڤناسە مارکسییەکان روونکردنەوەیەکی باشیان هەیە بۆ هۆکاری گۆڕانکارییەکان.

ئەوەی باسی لێوە دەکەین کردارێکە لە سەردەم و شوێنی جیاوازی ئەم زەوینەدا هاتووەتە ئاراوە، وەلێ هۆکار و بەرەنجامەکانی هاوشێوەن. زۆر کۆمەڵناس لەو بڕوایەدان کە لە سەروبەندی گواستنەوە لە قۆناخی بێستانەوانی و راوەوە بۆ قۆناخی کشتوکاڵی، پێوەندیی خزمایێتیش لە ماتریلینییەوە بەلای پاتریلینیدا وەرچەرخاوە (بەواتای خزمایێتی لە داشکاندنەوەی بەلای بەرەی دایکەوە، وەرچەرخاوە بەلای بەرەی باوکدا.) و خاوەنییێتیی تایبەت هاتووەتە ئاراوە. بەڵام ناکۆکی لەسەر پاشوپێشکەوتنی رووداوەکە هەیە.

ئینجلس و ئەوانەی دوای کەوتوون لەو بڕوایەدان کە لەپێشدا خاوەنییێتیی تایبەت هاتووەتە ئاراوە و هەر ئەوەشە بووەتە هۆکاری وەلانانە مێژووییەکەی جنسی ئافرەت. وەلێ لێڤی ستراوس و کلاود مێیلاسۆکس لەو بڕوایەدان کە لە ئەنجامی گۆڕینەوەی ئافرەتدا خاوەنداریێتیی تایبەت

دروست بووە. مێیلاسۆکس بەدرێژی هەنگاوی گۆڕانکارییەکانی خستووەتە پێش چاو.

بەبڕوای مێیلاسۆکس؛ لە کۆمەڵگەی چنینەوە و راودا؛ ژن و منداڵ و پیاو بەشداریی بەرهەمهێنان دەکەن و ئەوەی دەستیان دەکەوێت، دەیخۆن. پێوەندیی سۆشیالی لەنێویاندا جێگیر نییە، بێ کلێشەیە و خۆبەخشانەیە. پێویستی بە کلێشەیەکی تایبەتی خزمایێتی و گۆڕینەوەی نێوان خێڵەکان نییە. ئەم هەڵکەوتەیە – "مەبەستی هەڵکەوتەی خێڵە... نووسەر" کە زۆر دژوارە لەم سەردەمەدا بەرچاو بکەوێت، زەوینەی بۆ سەردەمێکی تر، – سەردەمێکی نێوەندی کە "کۆمەڵگەی بێستانەوان"ە خۆش کردووە. وەلێ بەرهەمی بێستانەوانی بریتییە لە پەلوپۆی گژوگیا و سەلکی رووەک، ئەویش بەرهەمێکی وەرزییە و لەژێر کاریگەری کەشوهەوادایە، لەلایەکی تریشەوە ناتوانایی کۆمەڵگەی بێستانەوان لە پاشەکەوتکردنی بەرهەم و هەڵگرتنی بۆ ماوەیەکی درێژخایەن، ناچار بوون لە پاڵ چنینەوەی میوە و رووەکدا، روو بکەنە راویش.. لەم سەردەمەدا کە ماتریلینی و ماتریلۆکالی بەربڵاوە، مانەوەی گرووپ/ کۆمەڵ، پێویستی بە هاوتایی دیمۆگرافی "هاوتایی ژمارەی نێر و مێ" هەیە.

مێیلاسۆکس، لاوازیی بایۆلۆجیی ئافرەت و بەژمارەی زۆر بەسەر منداڵچوونەوە دەکاتە هۆکاری پەیداکردنی ئافرەت لە دەرەوی خێڵ. ئەم ئارەزووی دزینی ئافرەتە بووەتە هۆی شەڕ و پێکدادانی بێ برانەوەی نێوان خێڵەکان. لە ئەنجامدا کولتووری جەنگاوەری هاتووەتە ئاراوە. بەرەنجامێکی تری دزینی ئافرەتان، ئەوەیە کە ئافرەتە دزراوەکان لەلایەن دزەکانیانەوە یان لەلایەن خێڵی دزەکەوە پارێزراون. لەم کەینوبەینەدا، ئافرەت وەک کالایەکی هەبوو، وەک شتێک بیری لێ کراوەتەوە رووت کراونەوە و ئاستیان دابەزێندراوە. پیاوانیش رووتکەرەوەکە بوون و بەرز بوونەوە، چونکە زاڵ و پارێزەریش بوون.

لە سەرەتاوە توانای ئافرەت لە وەبەرهێنانەوەدا/ منداڵ لێبوون، سەرمایەی خێڵ بووە، دواتر کە ئیلیتی حوکمڕان سەری هەڵدا، بوو بە مڵکی خزمایێتییەکی تایبەت. ئەم گۆڕانکارییە لەگەڵ پێشکەوتنی کشتوکاڵدا رووی داوە، بارودۆخی کێڵان و چاندنی زەوی، داخوازیی لێکدی نزیکبوونەوە و پێکەوەلکان دەکات، ئەویش بەپێی کات پێوەندیی نێوان تاکەکانی خێزانی پتەو کردووە. وەک ئاگەدارین بەرهەمی وەرزێک لە وەرزەکان قەرزداری بەرهەم و کاری وەرزی پێشترە، ئەوجا لەبەرئەوەی کەم و زۆری خۆراک لەسەر هەبوونی دەستی کار وەستاوە، بەرهەمهێنان بووەتە خەمی سەرەکی. ئەوەش دوو بەرەنجامی هەبووە، یەکەمیان؛ بەهێزکردنی دەسەڵاتی پیاوە بەتەمەنەکان بووە و دووەمیش؛ پاڵنەرێک بووە بۆ ئەوەی خێڵ ئافرەتی زیاتر پەیدا بکات.

لە کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵکارەدا کە بەتەواوی پشتی بە کێڵان و چاندنەوە بەستبێت، منداڵ و ژن جێگرەوەیان نییە لە کاری بەرهەمهێناندا، لەبەرئەوەی کارێکی زۆری دەوێت و وەرزیشە. ئا لێرەوە منداڵ بوونەتە سەرمایەیەکی ئابووری. لەم پلەیەدا، خێڵەکان هەوڵی دەستبەسەرداگرتنی

توانای منداڵبوونی ئافرەتیان داوە نەک خودی ئافرەتەکە بەواتای ئەوەی هەوڵیان داوە وەچەکانی لێ زەوت بکەن. ئەمجا لەبەرئەوەی پیاو ناتوانێت راستەوخۆ منداڵی ببێت، ئافرەتان گۆڕدراونەوە، لە ئەنجامیشدا گۆڕینەوەی ئافرەت لە دامودەزگای مارەبڕیی باوکسالاریدا بووەتە نەریتێکی پیرۆز.

پیاوە بەتەمەنەکان کە سەرچاوەی زانیاریی کشتوکاڵ و پەرەپێدانی بوون، زانیارییەکانی خۆیان لە نەوە لاوەکان کردووەتە شتێکی نهێنی و ئەفسانە، لە رێگەی دەستبەسەرداگرتنی خۆراک و ئافرەتەوە، دەسەڵاتی خۆیان بەسەر نەوەی نوێدا سەپاندووە. بەتەمەنەکان دەستیان بەسەر گۆڕینەوەی ئافرەتدا گرتووە، جموجۆڵی جنسییان سنووردار کردوون و بوونە خاوەنی تایبەتی ئافرەتان. لە کاتی ئاواشدا لاوەکان بۆ هاوسەرگیری دەبێ لە خزمەتی پیرەکاندا بن. لەو بارودۆخەدا ئافرەتان دەستکەوتی شەڕکەرانی خێڵیش بوون کە هاندەر و پشتگیریی مانەوەی دەسەڵاتی پیرەکانیان بوون بەسەر کۆمەڵگەکەدا. لە کۆتاییدا "بەزاندنە مێژووییەکەی ئافرەتان" لە رێگەی شکاندنی ماتریلینی و ماتریلۆکالییەوە، روویداوە، ئەوەش لە قازانجی ئەو خێڵانەدا بووە کە پێی گەیشتوون.

لێرەدا دەبێ ئاماژە بە ئەوە بدەین کە لە تیۆرییەکەی مێیلاسۆکسدا، دەستبەسەرداگرتنی منداڵ و سنووردارکردنی سێکسوالیێتی ئافرەت، پێش خاوەندارێتیی تایبەت رووی داوە، ئەمەش بۆچوونەکەی ئینجلس لینگاوقووچ دەکات و، هەروەک ئەوەیە کە مارکس بە هیگڵی کرد.. گێڕدا – ل ٥٠.

تیۆرییەکەی مێیلاسۆکس مشتومڕێکی زۆری لەسەر باسی بنەچە ناوەتەوە، بەڵام لەم کورتە باسەدا جێگەی نابێتەوە. لە هەمان کاتیشدا پرسیاری زۆر هەڵدەگرێت، پرسیاری وەک ئەوەی، چۆن پیاوە بە تەمەنەکان توانیویانە دەست بەسەر بەرهەمی کشتوکاڵدا بگرن؟

ئەگەر گریمانەکانی پێشوو لەبارەی داهێنانی بێستانەوانی و پێوەندییەکانی نێوان هەردووک سێکسەوە راست بن، دەکەوینە ئەو بڕوایەوە کە دەبوو ئافرەت دەستی بەسەر بەرهەمی کشتوکاڵدا بگرتایە. بەڵام دەبێ هێندێک کاریگەری تر بەرچاو بگرین. یەک لەوانە ئەوەیە کە هەموو کۆمەڵگەیەک بە سەردەمی بێستانەوانیدا تێنەپەڕیوە، لە زۆر کۆمەڵگەدا بەخێوکردنی مەڕومالات بەتەنیا، یان لەگەڵ هێندێک چنینەوەی رووەک و میوە، پێش دابینبوون و سەردەمی کشتوکاڵ بووە. بەخێوکردنی ئاژەڵ زیاتر لە کاری پیاوان دەچێت، کارێکیش بووە کە بووەتە زیادبوونی سەرمایە – ژمارەی ئاژەڵ، گۆشت. پێستە. خوری و موو.

ئەوە لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە کێڵانی زەوی پێویستی بە هێزی پیاو هەیە و بێگومان کارێک نییە ئافرەتێکی سکپڕ یان منداڵەبەر هەڵی بژێرێت، دەستبەکاریی پیاو لەو بوارەدا توانای داوەتێ دەست بەسەر زیادە بەرهەمدا بگرێت، لە هەمان کاتیشدا پیاو توانیویەتی لە شەڕی نێوان

خێڵەکاندا تالانی بکات و ئەویش سەرچاوەیەکی تری کەڵەکەکردنی سامانە. هۆکارێکی تریش بۆ کۆمەککردنی سامان، کاتی دەستبەتاڵییە، بێستانەوانی، بەرهەمی لە چنینەوە و راو زیاترە، بەڵام لەم سەردەمەشدا پیاو کاتی بەتاڵی زیاتر بووە لە ئافرەت، لەبەرئەوەی ئافرەت خەریکی ئامادەکردنی خۆراک و بەخێوکردنی منداڵ بووە. ئەو کاتە زیادەیەی پیاو هەیبووە رەنگە رێگەی دابێت بیر لە داهێنان و کاری دەستیی تر بکاتەوە.

هەڵبەت لێرەدا نامانەوێت فاڵ بگرینەوە بەڵام زۆر شت لە هێندێک رێگاوە هاتوون کە بەرەنجام بوون، نە مەبەستی ئافرەت بووە نە هی پیاو نە بەئاگەش بوون لێی. هەر بۆ نموونە ئەو هەموو زیانەی مرۆڤ بە دەوروبەری خۆی گەیاندووە لە ئەنجامی پێشخستنی پیشەسازیدا. ئێستا لێی بەئاگا هاتووین و زۆر لێی ژێوانین.

مرۆڤناسی دانیمارکی، پیتەر ئابی Peter Aaby، دەڵێ؛ بیریارییەکەی مێیلاسۆکس بەزۆری لەسەر شێوەی ژیانی ئەوروپایی و هێندێک لە هیندییەکانی دانیشتووی شوێنە نزمەکانی ئەمەریکایە. ئابی باسی خێڵە راوچییەکانی ئاوسترالیا دێنێتە پێش کە تێیدا ئافرەت زەوت/ کۆنترۆڵ کراوە بێ ئەوەی بێستانەوانی لەنێویاندا باو بووبێت، دواتر باسی خێڵی ئێرۆکوا دەکات کە لە باکوری ئەمەریکا "کەنەدا" دەژین و کۆمەڵگەیەکی بێستانەوان بوون، وەلێ لە نێویاندا ئافرەت نە کراوەتە ژێردەستە نە پشتگوێش خراوە، پیاوسالاریش لەنێویاندا سەری هەڵنەداوە. ئابی دەڵێت؛ لە دەوروبەرێکی گونجاودا، خێڵ دەتوانێ هاوتاییی دیمۆگرافی "هاوتاییی ژمارەی نێر و مێ"ی خۆی رابگرێت، بێ ئەوەی پەنا بۆ دەرەوە بەرێت بۆ ژنهێنان. پێوەندیی بەرهەمهێنان بە تەنیا بڕیاردەر نییە، ئیکۆلۆجی "سروشتی دەوروبەر" و "سۆشیۆبایۆلۆجی وەبەرهەمهێنانەوە"ش بەواتای پێوەندیی بایۆلوجیی کۆمەڵایەتیش بڕیاردەر و کاریگەرێکی زۆر گرینگن... بەڵام لەبەرئەوەی هەموو کۆمەڵگە کشتوکاڵکارەکان دەستیان بەسەر وەچە خستنەوەی ئافرەتدا گرتووە نەک هی پیاو، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەو سیستێمە/ دەزگایە سوودبەخشتر بووە بۆ کۆکردنەوەی زیادەی بەرهەم، لەو سیستێمانەی کە هاوتاییی هەردووک جنسیان ڕاگرتووە. لە دواییدا ئابی دەڵێت؛ پێوەندیی نێوان نیگاکێشی ئافرەت لەلایەک و دەوڵەت و خاوەندارێتیی تایبەت لەلایەکی ترەوە، بە تەواوی پێچەوانەی ئەوەیە کە ئینجلس و ئەوانەی دوای کەوتوون خستوویانەتە بەرچاو. بەبێ تێڕوانین لە ئافرەت وەک شێوە پێکهاتەیەکی سۆشیالی مێژوویی کۆمەڵایەتی، بنەچەی خاوەندارێتیی تایبەت و دەوڵەت بەبێ روونکردنەوە دەمێنێتەوە.[٧]

ئەگەر بۆچوونەکەی " ئابی"مان بەلاوە راست بێت، کە بەلای منەوە زۆر پەسندە، ئاراستەی بەرەوپێشچوونی کشتوکاڵ بێ سوود وەرگرتن لە کاری مرۆڤ و چەوساندنەوەی سێکسیی ئافرەتان نەبووە.

فرۆید دەڵێت؛ پێکهاتەی جەستەی ئافرەت، داهاتووەکەی نەخشاندووە. وەلێ، ئەوە زۆر هەڵەیە و

مێژوویی نییە، لەبەرئەوەی سەردەمی کۆن و نوێ تێکەڵ دەکات، گۆڕانکارییەکان ناخوێنێتەوە، لەوەش خراپتر ئەوەیە کە کراوەتە فیلۆسۆفیایەک بۆ ئەمڕۆ و داهاتووش. ئەگەر فرۆید بیگوتایە "لە سەردەمێکدا پێکهاتەی جەستەی ئافرەت داهاتووەکەی دیار دەکرد" زۆر راست و مێژوویش دەبوو. ئەوڕۆکە بە هۆی پێشکەوتنی تێکنۆلۆجیاوە کارێک نەماوە، پیاو بیکات و ئافرەت نەتوانێت بیکات. ئەگەر هەتا ئەمڕۆش لە رۆژهەلاتدا تابوو لەسەر ئافرەتان هەبێت لەسەر هێندێک کار و کردار و کاسبی، ئەو تابووە لە رۆئاوادا بەسەرچووە و ئافرەتانیش بەکەم یان زۆر وەک پیاو لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، کارا و بەشدارن و تابووی زەوی کێڵانیشیان لەسەر نەماوە.

ئەو ژن بە ژنەی بەزۆری هەتا ئێستاش لە کوردستاندا باوە گۆڕینەوەی ئافرەتە لەناو خێڵدا و بەتایبەتیش خزمی نزیک، وەک ئامۆزا و پوورزا و خاڵۆزا، کە هەر دەکاتەوە گۆڕینەوەی خۆجێیی. ئەو جۆرە ژن بە ژنەیە دوو هۆکاری هەیە. یەکەمیان، هۆکاری ئابوورییە؛ خێڵ دەیەوێت سامانەکەی کە بریتییە لە خاک، لەناو خێڵەکەدا بەتایبەتیش لەناو خێزانەکەدا بهێڵێتەوە. دووەم هۆکاریش لووتبەرزییە.

ئەندامانی خێڵ خۆیان لە خەڵکی تر بە زلتر دەزانن، بەلایانەوە سووکایەتییە کچیان بدەن بە کەسێک هاوشانی خۆیان نەبێت. لەبەر ئەوە دەبینین ژن بە ژنە لە دەرەوەی خێڵ لە نێوان شێخ و ئاغا و بەگدا هەیە و ئاساییە. بەڵام ئەو چینە" بەگ، ئاغا، شێخ" کە خۆیان بە خانزادە دەزانن، ئامادە نین کچیان بە خەڵکی سادە بدەن. کەچی ئامادەن ژن لە خەڵکە سادەکە بهێنن – وەک دەڵێن، بانێکە و دوو هەوا. ژن بە ژنەی دەرەوەی خێڵ لە ئەنجامی نەداریدایە، لەم جۆرەیاندا دوو خێزانی گوندێک یان گوندی نزیک، کچەکانیان دەدەن بە کوڕی یەکتری، ئەم جۆرە ژن بە ژنەیە تێچووی ژنهێنان بۆ کوڕ کەم دەکاتەوە، دیارە لەو جۆرە ژن بە ژنەدا کیژەکە ورد کراوەتەوە بە دراو، چونکە ئەگەر کوڕ خوشکێکی نەبێت بیگۆڕێتەوە بە ژنێک بۆ خۆی، لە زۆر حاڵدا دەبێ شیربایی بدات.

ئێستا وەک زۆر نەتەوەی تر لەناو ئێمەی کورددا، جۆرێکی تری وردکردنەوەی ئافرەت هەیە، ئەویش وردکردنەوەیەتی بە خوێن. زۆرجاران لە جیاتیی خوێنی پیاوێک، لە سوڵحی عەشایەریدا، خێڵی بکوژەکە ئافرەتێک لە جیاتیی پیاوە کوژراوەکە دەدات. هەرچەندە لەو رێککەوتنەدا، بەرواڵەت بەهایەکی گەورە دراوە بە ئافرەت و هاوتای خوێنی پیاو کراوە. وەلێ دیسانەوە هەروەک کاڵایەک سەیر کراوە نەک وەک مرۆڤ.

گۆڕینەوەی ئافرەت، چ ژن بە ژنە بێت بۆ هێشتنەوەی سامان لەناو خێزان و خێڵدا، یان ئەنجامی نەداری بێت، یان بۆ گیرساندنەوەی خوێنی نێوان دوو خێڵ بێت، کارێکی قێزەونترە لە خەتەنەکردنی ئافرەت، ئەگەر لە خەتەنەکردندا ئافرەت بەشە ئەندامێکی لێ زەوت بکرێت، ئەوا لە ژن بە ژنەدا ئافرەت سەرتاپا زەوت کراوە و لەمرۆڤایەتی شۆردراوەتەوە، کراوەتە کاڵایەک کە

نێرینەکانی خێزانەکەی مافێکی تایبەتییان بەسەریەوە هەیە هەتا دەگاتە ئەوپەڕی سووکایەتی پێکردن و لە مرۆڤ شتنەوە. لە کوردستاندا، ژن بە ژنە، بەو هەموو نارەواییانەشەوە نەوەستاوە، تۆڵەشی خستووەتە سەر. ئەگەر پیاوێک بۆ هەر هۆیەک لەگەڵ هاوسەرەکەیدا خراپ بێت، بەرامبەرەکەشی بێ چەندوچوون بە هەمان شێوە مامەڵە لەگەڵ هاوسەرە ژن بە ژنە پێکراوەکەیدا دەکات. ئەگەر یەکێکیان لە ژنەکەی بدات و دەستێکی بشکێنێت، ئەوی تریشیان وەک ئەو دەکات، ئەگەر تەڵاقی بدات، ئەویش تەڵاقی دەدات.

لە گەڕانەوەیەکمدا بۆ کوردستان. دڵتەزێنترین بەرەنجامی ژن بە ژنەم بینی، ئافرەتێکی لاوی پاشماوەی ئەنفالەکان، کە چوار برای ئەنفال کراوە و ئەمیش ژن بە ژنەی بۆ یەکێک لە براکانی پێ کراوە، تەڵاق درابوو و نێردرابووەوە سەر ماڵی باوانی. باشە تاوانی ئەم ژنە چییە؟ دەشێ تاوانی ئەنفالی براکانی بخرێتە ئەستۆ و ئاوا تۆڵەی لێ بکرێتەوە، کە بۆ خۆیشی رزگاربووی ئەنفالە؟

هەرچەندە دەزانم ئەو کارە قێزەوە نە " ژن بە ژنە" بە دەرکردنی یاسایەک کۆتایی نایەت، وەلێ لە پەرلەمانی کوردستان، ئەو پەرلەمانەی کە بە یاسا خەتەنەکردنی ئافرەتی یاساخ کرد، بۆ ئەم کارە کە زۆر قێزەوەنترە نابینێ؟

کەنەدا ٢٠١٢/٢/٢٨

پەراوێزەکان:

1- Gerda Lerner, The creation of patriarchy, Oxford University Press 1986 p 27

2- Gayle Rubin The traffic in women: Notes on the ‘political economy’ of sex, in Reiter, Anthropology of Women. P 159

٣- سەرچاوەی پێشوول ١٧٧

* ماتریلۆکالی؛ ئەو سیستێمەیە کە تیایدا پیاو دەگوێزێتەوە بۆ ماڵی خەزووری. ماتریلینیش بەواتای داشکاندن بەلای دایکدا، بەواتای ئەو سەردەمەی منداڵ، منداڵی دایک بووە نەک باوک،

4- Claude Levi- Strauss, The elementary structure of kinship, Boston 1969 p 115

5- Gerda Lerner. The creation of patriarchy p 47

6- C.D. Darlington, The evolution of man and Society 1969 p 59

** لە سەروبەندی ئەم نووسینەدا، وێنەی خێڵی زۆر سەرەتایی لە باشووری ئەمەریکا لەسەر ئینتەرنێت خرانە بەرچاو.

7- Aaby, Peter “Engels and Women” Critique of Anthropology, vol, 3, 1977, p 47

*** لە وەرگێڕانەکەدا وشەی نیگاکێشیم بەکار هێناوە بۆ وشە ئینگلیزییەکەی reification ، لە زۆر فەرهەنگی ئینگلیزیدا بەدوای مانای وشەکەدا گەڕام بەداخەوە لێکدانەوەیەکی ئەوتۆم بەرچاو نەکەوت. لە وشەی نیگاکێشیدا مەبەستم لە ئەو چواچێوەیە کە ئینجلس لە بنەچەی خێزان و سەرهەڵدانی سەرمایەداری و دەوڵەتدا بۆ ئاست و شێوەی ژیان و ئەرک و مافی ئافرەتی داڕشتووە.

# بۆ یادی دە ساڵەی کۆچی دواییی ئاسترید لیندگرێن مەلیکەی منداڵانی جیهان

مایکە مای



پیپی گوێرەوی درێژ، میشایلی لۆننبێرگ و رۆنژا کچی چەتەکە*: هەموو ئەم ڤیگۆرانە بەشێکن لە ژیانی منداڵی هەمووماـن، رێک وەکو یاری و نانی ناو قوتابخانە وان و لە بیرمان ناچنەوە. ١٤٠ ملیۆن خوێنەر لە جیهاندا، کتێبەکانی ئاسترید لیندگرێنیان لە کتێبخانەکانیاندا هەیە. لەبەر ئەوە نووسەر هیچ تووشی نارەحەتی نەبوو، کاتێک نزیکی مەرگ بووەوە، ئەمەش لەبەرئەوەی کە نووسەر باش لە مانای ئازار و بەدبەختی تێ دەگەیشت.

لێرەدا پێم خۆش، بەبۆنەی دە ساڵەی کۆچی دواییەوە، یادێکی کورتی بکەمەوە.

..................................................................

وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا

ئەمانە هەموویان ناوی ئەو کتێبانەن کە ئاسترید لیندگرێن نووسیونی. پیپی گوێرەوی درێژ، بەناوبنانگترین بەرهەمی ئاستریدە. ئەم چیرۆکە پاشان کرایە فیلمی کارتۆن و هەموو جیهان بینی. جێگەی گوتنە ئەم چیرۆکە لەلایەن کچە ئەکتەری سوێدییەوە ئینجەر نیلسۆن لە ساڵانی حەفتاکاندا نمایش کرا و، پاشتر ئەم کچە بوو بە پاڵەوان و ئەستێرەیەکی گەشی هەموو منداڵانی جیهان.

ناوی ئاسترید لیندگرێن، مانایەکی گەورە دەبەخشێت، گوزارشت لە خەونێکی سەردەمی منداڵی دەکات. یەکسەر یادی منداڵێکی پێنج ساڵەی رووخۆش و خۆشبەختمان دێتەوە یاد، کە لەناو گژوگیا و دەشتدا دەژی و خۆشبەختە وەکو لە چیرۆکی میشایلی لۆننبێرگ، ڤیگۆرێکی لە تەختە دروستکراو، منداڵێک کە هەر بەمنداڵی دەمێنێتەوە و گەورە نابێت.

" ئاگەداری ئەم چەقۆ تیژە بە، دەنا دەستت دەبڕێت." هەروەک لەم چیرۆکەدا منداڵان فێر دەکات.

## جیهانی ئاسترید لیندگرێن

ئەمڕۆ ناوەکەی گوزارشت لە مێرمنداڵێک دەکات، کە توورە و هاروهاج نییە. کە هیچ وەختێک: " پیپی، هیچ کاتێک خۆی لە شوێنی بەرز فڕێ نادات، چونکە گەر وابکات ئەوا جارێکی تر شیمیت لە قاتی یەکەمەوە، نارەزایی دەردەبڕێت و لای باوک و دایکی شکاتی دەکات. ". (وەکو لە چیرۆکی پیپی گوێرەوی درێژ باس دەکات ).

ئەو ژنەی کە ئەم دیمانەی بۆ دەکێشاین، هەروەکو لە چیرۆکەکانی (Bullerbü, Pippi Lang-strumpf) فێری دەکردین. ئەمڕۆ دە ساڵ بەسەر مردنیدا تێ دەپەڕێت. ئەم ژنە مەزنەش ناوی ئاسترید لیندگرێن بوو.

"خەڵکی تەنیا بە ئاسترید بانگی دەکرد"، هەروەک کچەکەی گوتی، کە ئەویش هەر بەو ناوە بانگی دایکی خۆی دەکرد. پاشان گوتی:

" دایکم زۆر حەزی بە پەروەردەیەکی ئۆتۆریتێت Autorität (ملهوڕی، دیکتاتۆری ) نەبوو."

پێ دەچێت Astrid Anna Emilia Ericsson، کە لە ١٤ نۆڤێمبەری ١٩٠٧ لەدایک بووە، بەشێوەیەکی دوور لە ملهوڕی و دیکتاتۆری گەورە بووبێت و پەروەردەیەکی تەندروست و مۆدێرنی هەبووبێت. ئاسترید لە بیرەوەرییەکانیدا باسی منداڵیی خۆی بەم شێوەیە دەکات:

"ئێمە تەنیا یاریمان دەکرد و یاری و یاری، هەتا بمانتوانیبایە وەکو شێت یاریمان دەکرد. ئێمە وەکو مەیموونەکان، خۆمان بە دار و دیوارەکاندا هەڵدەواسی. لەم پەلی دار بۆ ئەو پەلی دار، لە نێوان گژوگیا و لەوەڕگاکاندا خۆمان حەشار دەدا و یاریمان

دەکرد. یاریکردن تەنیا شتێک بوو کە لە ژیاندا بیرمان لێ دەکردەوە."

ئا بەم شێوەیە ئەم ژنە نووسەرە مەزنە باسی منداڵیی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە.

ئەو هەموو کاتێک ئیلهامی منداڵیی بە بەردەوامی هەبوو. لەبەر ئەوە زۆر کەس پێیان وابوو کە ئاسترید لیندگرێن، لە دڵیدا هێشتا منداڵە. بەڵام ئەم بۆچوونە زۆر هەڵەیە. ئاسترید پاش ئەوەی باوک و دایکی کوخە جوانەکەی گوندەکەی خۆیان بەجێدەهێڵن ئیتر پاش ئەوە، ئاسترید خۆشبەختیی خۆی لەدەست داوە. (واتە ژیانی خۆشی منداڵیی نەما). جێگەی گوتنە، گوندەکەیان ناوی Näs کە دەکەوێتە نزیک شارۆکەیەکی بچووکەوە بەناوی Vimmerby لە ناوچەی Småland وڵاتی سوێد.



پاش ئەوەی خوێندنی ئامادەیی تەواو دەکات، پێوەندی دەکات بە رۆژنامەی شارەکەیانەوە و لەوێندەر کار دەکات. لە کاتی خوێندنی پیشەییدا "پەیمانگەدا" لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا سکی پڕ دەبێت و منداڵێکی دەبێت. ئەمەش لەو کاتەدا دەبێتە سکانداڵ " ئابڕووچوون"ێکی گەورە. ئەمەش بۆ خێزانەکەی شتێکی ناخۆش بوو. باوکی لە تەمەنی ٣٠ ساڵیدا ئینجا ژنی هێنابوو، کەچی کچەکەی لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا منداڵێکی ناشەرعیی دەبێت.

لەبەر ئەوە ئاسترید واز لە خوێندنی پەیمانگە دەهێنێت و شارەکەیان بەجێ دەهێڵێت و دەچێت بۆ ستۆکهۆڵم و کوڕێکی بێناوی لارس "Lars" ئاتیکوس ئیتر ژیانی ئەو دەگۆڕێت. ناچار دەبێت کە منداڵە چکۆلەکەی بداتە داینگەیەک و کار بکات بۆ ئەوەی منداڵەکەی بەخێو بکات. بەم شێوە ژیانی ناخۆش دەبێت و لە ژیانێکی تەنیاییدا دەژی و تەنیایی و نامۆیی باڵی بەسەر ژیانیدا دەکێشت.

## قسەوباسێکی گەرم لەبارەی خۆکوشتنەوە

ئەم ژیانە ناخۆشەی دەبێتە ئەزموونێکی باش بۆی و، پاشتر دەبنە مادەیەکی خاو بۆ ئەو کتێبانەی کە بۆ منداڵانی دەنووسی. ئەو هیچ کاتێک ڕقی لە منداڵان نەبوو، بگرە ئەو هەست و سۆزێکی گەورەی بە منداڵان دەبەخشی. ئەو منداڵانی فێری هەست و سۆزێکی گەورە دەکرد تەنانەت باسی هەستی مەرگ و ناخۆشیشی بۆ دەکردن، هەروەکو لە کتێبەکانی

Sammelaugust und andere Kinder باسی مەرگ و خۆکوشتن دەکات.

دیارە ئەم قسەوباسە بەکۆتا نەهات بەم کتێبە، بگرە لە کتێبەکانی تریشیدا باسی دیاردەی

خۆکوشتنی بۆ دەکردن، بۆ نموونە لە کتێبی Die Brüder Löwenherz.

ئاسترید لیندگرێن دەڵێت:

"من دەمەوێت هەستی منداڵان بجووڵێنم، من دەمەوێت کاتێک کتێبەکانم دەخوێننەوە دەست بەگریان بکەن. دڵنیاتان دەکەمەوە، کە ئەمەش پاش ماوەیەکی کەم، منداڵان گریانیان لە بیر دەچێتەوە."

ئا بەم شێوەیە ئەو قەناعەتی تەواوی بەو میتۆدەی خۆی هەبوو، ئەو دەڵێت: ئەمە منداڵان فێری سەبر و تەحەمول دەکات و گیانی بەرەنگارییان تێدا بەهێز دەکات.

## رۆحێکی ئازاد و سازشنەکردن لەسەر بیر و بۆچوونەکان

پاش ماوەیەکی تر، کوڕەکەی گەورە دەبێت و پێ دەگات. ئاستریدی بێوەژنیش شوویەکی تر دەکات و کچێکی لە مێردە نوێکەی دەبێت و ناوی لێ دەنێت " کارین Karin". بەڵام ئاسترید خێزانێکی ناتەواو و پڕ ئاشووبی هەبوو، کە هیچ کاتێک پێرڤێکت و ئاسوودە نەبوو. کوڕ و باوک، هەردووکیان ئەلکهولیستن. پیاوەکەی لە ئەنجامی ئالوودەبوونی بە کحول، ساڵی ١٩٥٢ دەمرێت. کوڕەکەشی هەر لە ئەنجامی ئالوودەبوونی بە کحولەوە ساڵی ١٩٨٦ دەمرێت.

بەڵام ئەمە نابێتە رێگر لە بەردەم ئاستریدا، بگرە ئەم ژنە نووسەرە لە وڵاتەکەی خۆی و جیهاندا ناوبانگێکی گەورەی پەیدا دەکات. تەنیا لە ئەڵمانیادا نزیکەی ٣٠ ملیۆن لە کتێبەکانی فرۆشراوە، بەتایبەت کتێبی .Pippi Langstrumpf ئەم کتێبە لە ئەڵمانیادا، ناوبانگێکی گەورەی بۆ ئاسترید پەیدا کرد. کچەکەی هانا بۆ بەهێزترین ڤیگۆری ئاسترید دەبات. کاتێک کارین تەمەنی حەفت ساڵان دەبێت و نەخۆش دەبێت و لە جێگەدا دەکەوێت، داوا لە دایکی دەکات، کە چیرۆکی ( پیپی گوێرەوی درێژ)ی بۆ بخوێنێتەوە. ئاستریدیش تەنیا ئەم چیرۆکەی بۆ ناخوێنێتەوە، بگرە لەو کاتەدا رۆمانێکی گەڕۆکی و موجازیف دەنووسێت. لەم رۆمانەیدا باسی ورچی کێوی و جەنگەڵەکان دەکات، کە پاشان ساڵی ١٩٤٥، تەواوی کرد.

لەو کاتەوەی رۆمانی (پیپی گوێرەوی درێژ) چاپ بووە، پیپی تەنیا ڤیگۆرێکی ئاسایی ناو رۆمانێک نییە، بگرە ئەو بووەتە ئەستێرە و پاڵەوانی هەموو منداڵان. بووەتە پاڵەوانی رۆحێکی ئازاد و سازشنەکار لە ژیان. هەتاوەکو ئەمڕۆش، ئەم رۆحە زیندووە و لەلای منداڵانی ماوەتەوە و نامرێت.

جێگەی گوتنە ئاسترید بوو بە پێشەنگی فێمینیستەکان، هەروەها بوو بە مامۆستا و قوتابخانەیەک، بۆ پەروەردەکردنی منداڵان. هەر بۆیە چەندین داینگە و قوتابخانە بەناوی کتێبەکانی ئەوەوە نراوە، وەکو -Villa “Kunterbunt، تەنانەت هەندێک سابوون و تایتیش بەناوی (پیپی گۆرەوی درێژ) ناو دەنرێت.

جێگەی گوتنە ئاستردید لەپاش خۆی، میراتییەکی زۆری بەجێ هێشت. ئەمڕۆ منداڵ و نەوەکانیان، لەوە دەترسن، کە کار و بەرهەمەکانی ئاسترید لەلایەن کۆمپانیاکانەوە بازرگانیی پێ بکرێت، هەر بۆیە لەم چەند ساڵەی دوایی، نەوەکانی لەگەڵ کۆمەڵێک کۆمپانیا، تووشی کێشەی دادوەری بوون و، نەوەکانیان شکاتیان لە چەند کۆمپانیایەک کرد، کە بازرگانی بە کتێب و ڤیگۆرەکانی ناو رۆمانەکانی دایکییانەوە دەکەن.

یەکێک لەو کێشە دادوەرییانەی کە بنەماڵەکەی ئاسترید تووشی بوون، کێشەی پارکێک بوو لە شاری Vimmerby. بنەماڵەی ئاسترید تووشی شەڕێکی سەخت بوون لەگەڵ خاوەنی ئەم پارکە و، بەشێوازێکی زۆر ناشیرینیش بەشێکی زۆری پارکەکەیان لە خاوەنی زەوییەکە کڕییەوە.

کارینی کچی ئاسترید لەبارەی ئەم شەڕەوە گوتی:

"ئامانجی سەرەکیی ئێمە ئەوەیە، کە ئەم پارکە بەو شێوەیە بێت کە دایکم پێی خۆش بووە، هەروەها بەو شێوەیەش کە ئێمە پێمان وایە دایکم حەزی لەو شێوەیە بووە. زۆر کەس دەیانەوێت پیپی وەکو ڤیگۆرێکی بازرگانی بەکار بهێنن، بۆ ئەوەی پارەیان دەست بکەوێت و قازانج بکەن. ئێمەش دژی ئەمەین. تەنانەت ڕازی نابین پیپی وەکو ئامرازێک بۆ پرۆژەی خێرخوازی و کاری هاوکاریی کۆمەڵایەتی و یارمەتیی منداڵان بەکار بهێنرێت. پیپی ناونیشانی کتێبێک بووە، وە دەبێت بەو شێوەیەش بمێنێتەوە."

## یادکردنەوە لە نامەی خنجیلانەدا

بنەماڵەکەی ئاسترید بۆ ماوەی چەندین ساڵە، دژی ئەو هەوڵانەن، کە لە شارەوانیی شارۆکەی Vimmerby دەیدات، بۆ ئەوەی پەیکەرێک بۆ ئاسترید لیندگرێن لەناو شارەکەدا دروست بکەن. بەڵام پاش ساڵانێکی زۆر، ئەمڕۆ لە ناوەڕاستی شارۆکەی Vimmerby پەیکەرێکی ئاسترید لیندگرێن کراوە، کە لەسەر مێزی شت نووسینەکەیدا دانیشتووە. هەتاوەکو ئەمڕۆش، رۆژانە خەڵکی دەچنە لای پەیکەرەکەی و چەپێک گوڵی جوان، لەسەر ئەم پەیکەرە دادەنێن و لە نامەیەکی بچووکدا، هەست و نەستی خۆیان، بۆ مەلیکەی منداڵانی جیهان دەنووسن.

بە دڵنیاییەوە، لە ٢٨ یانوەری ئەمساڵیشدا هەمان شت دەکرێتەوە. دیارە ڕاستە ئاسترید لیندگرێن پێش دە ساڵ، لە ئەنجامی نەخۆشیدا لە تەمەنی ٩٤ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و بەجێی هێشتین، بەڵام هەتاوەکو ئەمڕۆش فیکر و کارەکانی لە ناخماندا ماوە. بە دڵنیاییەوە ئێستاش گوێ بۆ قسە نایابەکانی دەگرین.

سەرچاوە:

Meike Mai.Zum 10. Todestag von Astrid Lindgren Königin der Kinder

www.Süddeutsche zeitung.de

# مارتن هایدگەر
# لە نێوان (فەلسەفەی ئۆنتۆلۆجی) و
# (فەلسەفەی وجوودی)دا

زەکەریا ئیبراهیم



"مارتن هایدگەر" بیرمەندێک نییە بەخوێنەرانی ئێمە نامۆ بێت، بە تایبەت دوای ئەوەی فەلسەفەکەی بووە جێ گرینگی پێدانی زۆر لە توێژەرانی عەرەب و هاوکات لەم ماوەی دواییشدا هەندێک لە توێژینەوە فەلسەفییە گرینگەکانی، وەک: (فەلسەفەی چییە؟)، (میتافیزیکا چییە؟)، (هۆڵدەرلین و چییەتیی شیعر)، وەرگێڕدرانە سەر زمانی عەرەبی. ئەگەرچی تا ئێستاش کتێبی (بوون و کات) بەگەورەترین کاری فەلسەفیی ئەو دەژمێردرێت، بەڵام بێگومان زۆر لەو کورتە وتار و لێکۆڵینەوانەی دواتر بڵاوی کردنەوە، توانیان ئەو بەدحاڵیبوونە بڕەوێننەوە کە تەوقی فەلسەفەی ئەویان دابوو. دەکرێت بڵێین لەناو سەرجەم فەیلەسووفانی هاوچەرخدا، "هایدگەر" لە هەموویان

................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: شوان ئەحمەد

قووڵتر و ڕەسەنترە. لەگەڵ ئەوەشدا فەلسەفەی ئەو ڕووبەڕووی هێرش و ڕەخنەی توند بووەتەوە، هاوکات دووچاری زۆر لە شێواندن و بەدحاڵیبوون هاتووە. "هایدگەر" تاوانبار کراوە بەوەی پێغەمبەری سۆزدارییە و بانگەشە بۆ (عەدەمیەت) دەکات و دوژمنی لۆجیک و زانستە، ئەمە لە کاتێکدا ئەوەی بەردەوام بیرکردنەوەی ئەوی داگیر کردبوو (کێشەی هەقیقەت) بوو.

هەرچەندە زۆربەی بەرهەمەکانی "هایدگەر" لە ڕووی فیکریەوە تۆکمەیی و لە ڕووی تەعبیرەوە وردەکاریی پێوە دیارە و زیادەڕۆییی تێدا نییە، بەڵام هەندێک پێیان وایە فەلسەفەکەی لە ڕووی لۆجیکییەوە لاوازە و شێوەی خستنەڕووی ئاڵۆز و تەلیسماوییە و شێوازی دەربڕینیشی بەگرێ و گواڵە. ئێمە نایشارینەوە کە لە نووسینەکانی "هایدگەر"دا زاراوەی فەلسەفیی زۆر ورد هەیە و هەندێ جاریش چەمکی تازە دادەتاشێت کە لە سەرچاوەی زمانی ئەڵمانییەوە وەریان دەگرێت، بەڵام ئەو تەلیسم و ئاڵۆزییەی نەیارانی باسی لێ دەکەن بەر لە هەر شتێک دەگەڕێتەوە بۆ خراپیی وەرگێڕانی دەقە فەلسەفییەکانی. خوێندنەوەی دەقە ئەڵمانییەکەی بەسە بۆ ئەوەی ئەم بەهانە بێ بناغەیە سەبارەت بە ئاڵۆزی و قورسیی فەلسەفەکەی ئەو هەڵبوەشێنێتەوە.

گەر بێتو "هایدگەر" بە دوو فەیلەسووفی تری ئەڵمانیایی وەک "کانت" و "هیگڵ" بەراورد بکرێت، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە فەلسەفەی ئەو زۆر ڕوونتر و ئاسانترە. لەم ڕووەوە یەکێک لە لێکۆڵیارە هاوچەرخەکان دەنووسێت و دەڵێت: "کاتێک هیگڵ دەخوێنینەوە، زۆرجار وا هەست دەکەین لە بەردەم دەهلیزەیەک وتەزای بێ کۆتاداین. تەنانەت وامان لێ دێت هەست بکەین ئەم فەیلەسووفە دەیەوێت بە ئەنقەست خۆی ئاڵۆز بکات. بەڵام کاتێک هایدگەر دەخوێنینەوە، هەرگیز هەستی وا دامان ناگرێت: لەبەرئەوەی دەبینین چۆن دەکۆشێت تا بیر و بۆچوونی خۆیمان پێ بگەیەنێت. بە کورتییەکەی دەتوانین بڵێین ماندووبوونی خوێنەر بە دەست هایدگەرەوە، دەگەڕێتەوە بۆ قورسی و ئاڵۆزیی ئەو بابەتانەی ئەو دەیەوێت دەستی پێیان بگات"(١).

بەڵام هەندێک لە پۆزەتڤستە لۆجیکخوازەکان بەر لە هەمووشیان ڕۆدۆڵف کارناب هەوڵیان داوە لە ئاستی "هایدگەر" کەم کەنەوە، بە بیانووی ئەوەی هەرچی ئەوەی ئەو نووسیویەتی سەفسەتەیەکی پووچ و بێ مانایە. پۆزەتڤستیە لۆجیکییەکان کتێبی (بوون و کات) و بۆچوونی "هایدگەر"یان لەمەڕ (عەدەم) بەو جۆرەی لە (میتافیزیکا چییە؟) خستبوویە ڕوو، بە کەرەستەیەکی لەبار دەزانی بۆ پاڵپشتیکردنی هێرش و پەلامارەکانیان لە دژی میتافیزیکا و تاوانبارکردنی میتافیزیکییەکان بەوەی، زاراوەگەلێک بەکار دێنن خاڵییە لە هەر مانا و ناوەڕۆکێک. "کارناب" لە کورتە وتارێکیدا بۆ ڕەخنەگرتن لە فەلسەفەی "هایدگەر" سەبارەت بە چەمکی (عەدەم)، هەوڵی دا ئەمە بسەلمێنێت و نیشانمانی بدات ئەوانە بۆچوون گەلێکی نەزۆک و بێ مانان.. فەیلەسووفانی پۆزەتڤستی لۆجیکی بێ ئەوەی ڕەنجێکی زۆر بە خەرج بدەن، دەتوانن (بەتاڵی) فەلسەفەی میتافیزیکی بەو جۆرەی "هایدگەر" بەردەستی خستووین بسەلمێنن.

پۆزەتڤستە لۆجیکییەکان پێیان وایە هەر شتێک نەتوانرێت بە ڕوونی و ڕەوانی گوزارشتی

لێبکرێت، هەرزەگۆییەکی بەتاڵە و شایەنی ئەوە نییە دای بڕێژین! بەڵام گومان لەوەدا نییە کە لە ئەزمـوونی ژیانی رۆژانەمـاندا (جێ و شـوێنی شـاراوە و نادیاری) وەها هـەیە، شـایسـتـەی ئەوەیە فەیلەسووف لەسەری ڕاوەستێ و لێکۆڵیار کاتی خۆی بۆ بەخـەرج بدات. "هایدگەر" سـۆراخکردنی ئەم هەرێمە شاردراوە و نادیارانەی ژیانی ئینسانی، خستە ئەستۆی خۆی. هەر بۆیە هەندێک جار ناچار دەبێت زاراوەی نوێ دابتـاشـێت (جـیـاواز لـەو تێـرمـانەی لە ژیانی رۆژانەمـاندا پێـیـان ڕاهاتووین)، ئەمـەش لە پێناو تەعبیرکردن لەو جیهانە تازانەی فەلسەفەکەی سـەرکێشانە پێی تێ ناون!.

هەرچەندە ڕای گشتی بێ پەروا لە هەوڵی ئەوەدا بووە ناوی "هایدگەر" لە لیستی فەیلەسووفانی بوونخوازیدا ناونووس بکات، بەڵام ئەو زیاد لە جارێک ڕای گەیاندووە کە فەیلەسووفێکی وجوودی نییە. سـەرەڕای کاریگەری "سـۆرین کیرکێگۆرد"ی (ڕابەری فـەلسـەفەی نوێی بوونـخوازی) لەسـەر "هایدگـەر"، بەڵام گـومـان نـیـیـە لەوەی کـە تـەواوی هـەوڵ و کـۆشـشـی "هـایدگـەر" تەرخـان بوو بۆ (ئۆنتۆلۆجیا)، ئەم کارەش پێچەوانەی هەوڵەکانی "کیرکیگۆرد" بوو.

هەر ئـەمــەش وای لـە توێژەرێکی بە توانای فـرەنســایی وەک "کــواری" Koyre کــرد، چەند توێژینەوەیەک بۆ ئەم مەسەلەیە تەرخان بکات و لە کۆواری (ڕەخنە) Critique–ی فرەنسیدا بڵاویان بکاتەوە. توێژینەوەکانیشی تەرخان بوون بۆ قسەکردن لەسـەر (ئاراسـتـەی فەلسـەفـەی هایدگەر دژ بە بونخوازی (Lanti existentialisme. گومـان لەوەدا نییە کە جیاوازیی بنەڕەتی لە نێوان "مـارتن هـایدگـەر" و "ژان پۆڵ سارتەر"دا هەیە. هەر ئەمەش وا دەکات "هایدگـەر" خۆی لەو (بوونـخوازی)یە بێبـەری بکات کە خـاوەنی کـتێبی (بوون و عەدەم) باسـی لـێ کردبوو. بەڵام گـەر بێـتو ئەو (مـیـتـۆدە فـینـۆمـینـۆلۆجـییـەمـان) لە بەرچاو گـرت کـە هـەریەک لـە "هایدگـەر" و "سـارتـەر" پەیڕەویان دەکرد، هەروەها گەر ئەوەشمان ڕەچاو کرد کە خودی "سارتەر" خۆشی مەبەستی دامـەزراندنی ئاقارێکی ئۆنتۆلۆجی بووە، ئەوا دەتوانین بڵێین مێژوونووسـانی فەلسەفە کەم تا زۆر بەهانەی خۆیان هەبووە لەوەی "هایدگەر"یان لە لیستی فەیلەسووفانی بوونخوازیدا ناونووس کردووە. ئەگەرچی "هایدگەر" لە زۆر بۆنەدا باسـی لەوە کردووە کە فـەلسـەفـەی ئەو تایبەت نییە بە (مـرۆڤ)، بگرە ئەوەی خولیای فەلسـەفەی ئەوە (کەینونە) یاخۆ (بوونی گشتی)یە.

بەڵام بێگومـان بەشی زۆری کتێبی (بوون و کات)، تایبەتە بە هـێڵە گشتییـەکانی بوونـی مرۆڤ. سـەرباری هەمـوو ئەمانەش گەر بێـتو کاریگەری گەورە و گرانی "هایدگەر" لەسـەر فەیلەسـووفانی بوونخوازی (لەپێش هـەمووشیانەوە سـارتـەر) لە بەرچاو بگرین، دەتوانین لە نهێنیی ئەوە حاڵی بین کە بۆچی مـێژوونـووسـانی فـەلسـەفـە سـوورن لەسـەر ئـەوەی "هایدگەر" لە لیسـتی فـەیلەسـووفانی بوونخـوازیدا تۆمـار بکەن. دەکرێت لەبەر ڕۆشـنایی ئەو شیکردنەوەی بۆ فـەلسـەفـەی "هایدگەر"ی دەکەین لە (بوون و کات)دا، بە درێژی باس لەم کێشە و ناکۆکییانە بکەین.

## ژیانی "مارتن هایدگەر"

"مارتن هـایدگەر" سـاڵی ١٨٨٩ لە گوندی مـەسکریش Messkirch لە (دارسـتـانی ڕەش) هاتووەتە دنیـاوە. لە بنەمـاڵەیەکی مـەسـیـحـیی کـاتۆلیک مـەزهەب بووە. دایک و باوکی دەیانویست بە تیۆلۆجیاوە خەریک بێت، بەڵام ئەو ڕێگایەکی تری هـەڵبژارد. سەرەتاکانی ژیانی بەخوێندنەوەیەکی چڕوپڕی "تۆمای ئەکوینی" دەست پێ کرد، هاوکات لە قۆناغی لاویەتیشدا گرینگیی بە فەلسـەفەی سکولائی دا و یەکەم وانەی فـەلسـەفی لەسـەر دەسـتی بەناوبانگترین دوو بیرمـەندی قـوتابخـانەی (نیوکانتیزم) وەردەگرێت، کە برێتین لە: "وندڵباند" و windelband "ڕیگرت" Rickert.

"هایدگـەر" لەم قـوتابخـانەیە دوو مـەسـەلەی گرینگ فێـر بوو: یەکـەم/ جیـاوازیکردن لە نێـوان (زانسـتـە سروشـتـییـەکان) کە لەسـەر لێکدانەوە دامـەزراوە، لەگەڵ (زانسـتـەکانی ڕۆح) کە لەسـەر تێگەیشتن دروست بووە. دووەم/ گرینگیی تاوتوێکردنـی مێژووی فـەلسـەفـەی ڕۆژئاوا لە سـەردەمی حـەکیمـەکانی پێش "سوکرات"ەوە تا ساتەوەختی ئەمڕۆ، لەگەڵ گرینگیدان بە کێشـە سـەرەکییە مەزنەکانی فەلسـەفە، بەو پێیەی ئەوانە کێشەی جەوهەری و سـەرمەدین. دواتر "هـایدگەر" پێوەندیی بە زانکۆی فـرایبـۆرگەوە Freiburg دەکـات و لەوێ لەسـەر دەسـتی "ئەدمۆند هـۆسـێـرل"ی ڕابەری ئاقاری فینۆمینۆلۆژی، دەخوێنێت و لەژێر سەرپەرشتیی ئەودا ساڵی ١٩١٦ کارنامەی دوکتۆراکەی لەبارەی تیـۆری وتەزا و مـانـا لای "دۆنس سکۆت"ەوە Duns scot ئامـادە دەکـات. لەو کـاتەوە "هایدگەر" بە قووڵی سـەرگەرمی کەلەپووری فەلسـەفیی کۆن و تاوتوێکردنی تێکستی فەیلەسووفە کلاسـیکییـەکان دەبێت. لێرەوە دەتوانێت دیالۆگێکی سـەرنج ڕاکێش لەگەڵ فەیلەسووفانی کۆندا دروست بکات، کـەم تا زۆریش توانی کـێشـەکانی فـەیلەسووفـانی سـەردەمی ئێسـتـا و کـێشـەی فەیلەسووفانی کۆن پێکەوە گرێ بدات.

لێکچەرەکانی "هـایدگەر" لە شاری فرایبۆرگ سـەرکەوتنێکی بێ وێنەیان بەدەست هێنا و، خەڵکی تامـەزرۆی گـوێبیسـتی بۆچوونە فـەلسـەفییە قووڵەکانی بوون و لە ناوەندە فـەلسـەفییـەکاندا، وەک بیریارێکی ڕەسـەن نێوبانگی پەیدا کرد. هێندەی نەبرد سـاڵی ١٩٢٣ لە زانکۆی ماربۆرگ Marburg وەک مامۆستـای وانەی فەلسـەفە دەستبەکار بوو. ئیتر لەو ساتەوە خۆی بۆ قووڵبوونەوە لە کێشەی بوون و گرینگیدان بە زۆر مـەسەلەی میتافیزیکیی تر تەرخانکرد، تا لە سـاڵی ١٩٢٧ توانی بەشی یەکەم لە کتێبێکی گەورە بەناوی (بوون و کات) Sein und zeit بڵاو بکاتەوە. ئەم کتێبە تا ئێستا هیچ بەشێکی تری لێ بڵاو نەکراوەتەوە! گرینگی ئەم کتێبە تەنیا لە ڕەسـەنی ئەو شێوازەدا نییە کە "هایدگەر" لە چارەسەرکردنی کێشە فـەلسـەفییە سەرەکییەکاندا گرتوویەتییە بەر، بگرە هاوکات گرینگی لە هێنانی ئەو چەمکە نوێیانەشدایە کە لێکۆڵینەوە ئەنتۆلۆجییەکەی "هـایدگەر" ڕێوشوێنی بوونی مرۆڤی پێ ئاشکرا کردووە و پەردەی لەسەر لاداوە.

ئەم شـاکارەی "هـایدگەر" هەر بـەتەنیـا لە ناوەندە فـەلسـەفـیـیـەکـاندا دەنگدانەوەی نـەبوو، بگرە

بەشێوەیەکی گشتی ناوەندیی ڕۆشنبیران و خوێندەوارانیشی گرتەوە. بەمجۆرە دەرچوونی کتێبی (بوون و کات) بووە ڕووداوێکی گرینگ لە مێژووی فیکریی فەلسەفیی هاوچەرخدا. نەک تەنیا لەناو ئەڵمانیادا، بگرە لە سەرتاسەری دنیادا.

کاتێک "هۆسێرل" خانەنشین کرا، ساڵی ١٩٢٩ "هایدگەر" لە جێی ئەو لە زانکۆی فرایبۆرگ بوو بە مامۆستای وانەی فەلسەفە. هەر لەو ساڵەدا سێ لێکۆڵینەوەی گرینگی بڵاو کردەوە. یەکەمیان کتێبە گرینگەکەی بوو (کانت و کێشەی میتافیزیک). لەم کتێبەدا "هایدگەر" لێکدانەوەیەکی نوێ بۆ کتێبە بەناوبانگەکەی "کانت" (ڕەخنەی ئەقڵی پەتی) دەکات. لێرەدا هێزی خەیاڵ دەکاتە بڕبڕەی پشتی مەعریفە و پێش هەریەک لە زەین ڕوونی و تێگەیشتنی دەخات. ئەم کتێبە هەڵلایەکی گەورەی لە ناوەندە فەلسەفییەکاندا نایەوە، ئەگەرچی هەندێک گازندەی ئەوەیان کرد کە دەیەوێت لە چوارچێوەی خولیا ئەنتۆلۆجییەکانی خۆیدا، فەلسەفەی "کانت" لێک بداتەوە.

دووەمین لێکۆڵینەوەی لە هەمان ساڵدا بەناوی (ما تعیه العله) بوو، "هایدگەر" ئەم کارەی لەگەڵ خوێندکارەکانی تری "هۆسێرل"دا پێشکێش بە مامۆستاکەیان کرد بەبۆنەی خانەنشینکردنیەوە، (هۆسێرل لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا خانەنشین کرا). لەم لێکۆڵینەوەدا "هایدگەر" بە تاوتوێکردنی کێشەی (بڵندەگی)یەوە transcendence خەریک بوو، هەروەها گرینگیشی دا بە باسوخواسی سروشتی (العله) و، شیکردنەوەی چەمکی (جیهان) و دەستنیشانکردنی ئەو کۆڵەکانەی بوونەوەری لەسەر ڕاوەستاوە و... هتد.

هەمان ساڵ "هایدگەر" باسێکی لەژێر ناوی: (میتافیزیکا چییە؟) بڵاو کردەوە، ئەم باسەشی بریتی بوو لە یەکەمین لێکچەری کە لە ٢٤ی تەمووزی ١٩٢٩ وەرزی خوێندنی زانکۆی فرایبۆرگی پێ کردبووەوە، بەبۆنەی دامەزراندنی وەک مامۆستایەک لەو زانکۆیەدا لە جێی "ئەدمۆند هۆسێرل". لەم باسەدا "هایدگەر" پرسیاری لەبارەی (عەدەم) و هەروەها باسی لە چەمکی (دڵەڕاوکە)وە کردبوو. هاوکات پێوەندی (عەدەم)ی بە نایاندنەوە ئاشکرا کردبوو، هەر لەوێشدا بەرگرییەکی ناڕاستەوخۆی لە میتافیزیکا کردبوو. کاتێک نازییەکان بوونە حوکمڕانی ئەڵمانیا، ساڵی ١٩٣٣ "هایدگەر" کرایە بەڕێوەبەری زانکۆی فرایبۆرگ و بەم بۆنەیەوە، وتارێکی لەبارەی (هەلومەرجی زانکۆکانی ئەڵمانیا)وە پێشکێش کرد. بەڵام هێندەی نەبرد لە ساڵی ١٩٣٤ دەستی لە کار کێشایەوە و وازی لە پۆستەکەی هێنا، واتە کەمتر لە ساڵێک لەو جێگەیەدا مایەوە.

وڵاتانی هاوپەیمان "هایدگەر"یان بە یەکێک لە لایەنگرانی نازیزم لە قەڵەم دا و دوای کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانی ڕێگەیان پێ نەدا، لە زانکۆکانی ئەڵمانیادا وانە بڵێتەوە. بەڵام سەرباری ئەوەش، نووسینەکانی بەگەرمی لەلایەن ئەوانەوە کە لە ئەڵمانیادا بە فەلسەفەوە خەریک بوون پێشوازیی لێ دەکرا و تەنانەت دوای جەنگ وەک سەردەمانی "هیتلەر"، کاریگەری خۆی لەسەر خوێندکارانی فەلسەفە لە ئەڵمانیادا هەبوو.

له ساڵی ١٩٣٦ بەدواوە ئاقارێکی نوێ لە بیرکردنەوەی "هایدگەر"دا بەدیارکەوت، ئەویش لەو نووسینەیدا ئاشکرا بوو کە لەژێر ناوی (هۆڵدەرلین و چییەتیی شیعردا) بڵاوی کردەوە. لەم باسەیدا "هایدگەر" هەر بەوەندەوە نەوەستاوە چییەتیی شیعرمان بۆ شی بکاتەوە و بیەوێت لە ڕێی چییەتیی شیعرەوە لە چییەتیی زمان بگات، بگرە هاوکات هەوڵی داوە ئەو جیهانبینییە فەلسەفییە قووڵەشمان بەرچاو بخات کە لەناو تێڕامان و وردبوونەوەی شاعیراندایە. سەرسامیی "هایدگەر" بە شاعیری ڕۆمانتیکی ئەڵمانیایی "هۆڵدەرلین"، گەیشتە ئاستێک دەست بەتاوتوێکردنی هەندێک لە چامە شیعرییەکانی بکات. لەم ڕووەوە لەسەر سێ چامەی "هۆڵدەرلین" دەنووسێت، ئەو نووسینانەش دوا بەدوای یەک لە ساڵانی ١٩٤١ و ١٩٤٢ و ١٩٤٤دا دەکەونە بەردەستی خوێنەران. لەو قۆناغەدا "هایدگەر" چەند کتێبێکی فەلسەفی دەنووسێت، گرینگترینیان لێکۆڵینەوەیەکە لە ساڵی ١٩٤٢، لەبارەی (تیۆری ئەفلاتۆن لەمەڕ حەقیقەت)ەوە. لەگەڵ (چییەتیی حەقیقەت) ساڵی ١٩٤٣.

توێژەران بەشێوەیەکی تایبەت گرینگیان بە تیۆری هەقیقەت لای "هایدگەر" داوە، لەبەرئەوەی پێیان وابووە هەقیقەت پنتی سەرەکیی سەرجەم تێڕامانە فەلسەفییەکانی ئەوە. سەرەڕای ئەوەش تێبینیی ئەوەشیان کردووە کە "هایدگەر" بەشێوەیەکی وجوودیانەی ڕەسەن تەفسیری هەقیقەتی کردووە، بەو پێیەی هەقیقەت ئارایيبوونە.

ساڵی ١٩٤٧ (پەیامێک دەربارەی هیومانیزم) بڵاو دەکاتەوە و تیایدا وەڵامی هەندێک لەو پرسیارانە دەداتەوە کە "جان بۆفرێ"ی Jean Beaufret توێژەری فەرەنسایی ئاراستەی کردبوو. ئەم کتێبە ڕووکردنەوەی گرینگ لەسەر هەندێک لەو چەمک و زاراوانە دەدات کە "هایدگەر" بەکاری هێناون، بە تایبەت لە شاکارە بەناوبانگەکەیدا (بوون و کات).

هەروەها "هایدگەر" کتێبێکی تری هەیە بەناوی (دەروازەیەک بۆ میتافیزیکا)، ئەم کتێبە تەواوی ئەو لێکچەرانە لەخۆ دەگرێت کە لە کۆرسی دووەمی ساڵی خوێندنی ١٩٣٥ لە زانکۆی فرایبۆرگ پێشکێشی کردوون. هاوکات کورتە لێکۆڵینەوەیەکیشی هەیە بەناوی (فەلسەفە چییە؟)، ئەمە دەقی لێکچەرێکە ساڵی ١٩٥٥ "هایدگەر" لە باکوری فەرەنسا پێشکێشی کردووە و ساڵی ١٩٥٦ بڵاو کراوەتەوە، هەروەها ساڵی ١٩٥٧ لەلایەن "جان بۆفرێ"وە کراوەتە فەرەنسی.

دوا بەرهەمەکانی "هایدگەر" بریتین لە: (Holzwege) کە بۆ یەکەم جار ساڵی ١٩٥٠ بە زمانی ئەڵمانی بڵاو بووەوە و پاشان ساڵی ١٩٦٢ وەرگێڕدرایە سەر زمانی فەرەنسی. ئەم کتێبە گرینگییەکی تایبەتی هەیە، لەبەرئەوەی تاکە لێکۆڵینەوەیەکی "هایدگەر"ە سەبارەت بە (ڕەچەڵەکی کاری هونەری). هەر لە دووتوێی ئەم کتێبەدا چاومان بە چەند باسێکی تر دەکەوێت، لەبارەی (سەردەمی دید و بۆچوونی گەردونگەرایی)ەوە و چەمکی ئەزموون لای "هیگڵ" و دەستەواژە بەناوبانگەکەی "فردریش نیچە" لەبارەی مردنی یەزدانەوە. هەروەها وتارگەلێکی تر لەبارەی پاساو و بەهای بوونی شاعیران و وتارەکەی "ئەنیکسیمندەرس"ەوە و.. هتد.

له پاڵ ئەم کتێبانەدا "هایدگەر" وتارگەلێکی لەژێر سەردێری: (مەبەستمان چییە لە بیرکردنەوە؟) بڵاو کردووەتەوە، ئەمەش برێتییە لەو لێکچەرانەی لە زانکۆی فرایبۆرگ و لە دوو ساڵی خوێندنی ١٩٥١ و ١٩٥٢ پێشکێشی کردوون کە ساڵی ١٩٥٩ لەلایەن هەریەک لە "بیکەر" Becker و "گرانڵ" Granel کراون بە فرەنسی و لە چاپخانەی زانکۆی فرەنسا لە چاپ دراوە. ئەگەرچی "هایدگەر" ئەمڕۆ تەمەنی خۆی لە ٧٩ ساڵێک دەدات(٢)، بەڵام بەردەوام بە رۆحێکی گەنجانەوە درێژە بە کار و چالاکیی فەلسەفیی خۆی دەدات کە جێگەی سەرسامییە. هەروەها تا ئێستاش فەلسەفەکەی بابەتی لێکۆڵینەوەی زۆرێک لە توێژەرانە لە سەرجەم وڵاتانی دنیادا. ئەوەی دەستی باڵای لە ناساندنی فەلسەفەی "هایدگەر"دا هەیە و ڕۆڵی کارای لە ناوبانگ پەیداکردنیدا بینیوە، ئەو چەند توێژەرە فرەنساییەن کە سەروەختێکە بە گواستنەوەی بیر و بۆچوونەکانیەوە بۆ سەر زمانی فرەنسی و لێکدانەوەیی و پەڕاوێز بۆ نووسین و لێدوان لەسەری خەریکن.

"هنری کۆربان" H.Corbin لە ڕیزی پێشەوەی ئەو توێژەرانەیە کە وەرگێڕانێکی بێ غەل و غەشیان لە بەرهەمەکانی "هایدگەر" خستووەتە بەردەست خوێنەرانی فرەنسایی، لەوانە: (میتافیزیکا چییە؟) و چەند بەشێک لە کتێبی (بوون و کات) و چەند بەشێکی کتێبی (کانت و کێشەی میتافیزیک) و (هۆڵدەرلین و چییەتیی شیعر) ساڵی ١٩٣٧، دوای ئەوە وەرگێڕانی بەرهەمەکانی بۆ سەر زمانی فرەنسی بەردەوام بوون، تا وای لێ هات زۆربەی بەرهەمەکانی بگرێتەوە. هەروەها لە هەریەک لە ئینگلتەرا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش چەند لێکۆڵینەوە و کتێبێکی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی ئینگلیزی لەوانە: لێکچەری (فەلسەفە چییە؟) لەلایەن "ولیام کلۆباک" و "جین رایڵد" و (پەیامێک دەربارەی هیومانیزم) لەلایەن Edger Lehnetوە. تا ئێستاش بە بەردەوامی لێرە و لەوێ، هەوڵی وەرگێڕانی لێکچەر و کتێبەکانی تری "هایدگەر" دەدرێت.

-ماویەتی-

پەراوێزەکان:

1- w.Barrett: "Philosophy in the Twenti eth Century." N-Y.,Random House, vol.III, 1962, Introduction, pp,152-153.

٢- لێرەدا نووسەر باس لە تەمەنی "هایدگەر" لەو ساڵەدا دەکات کە ئەم باسەی تێدا نووسیوە، ئەو ساڵەش مێژووی ١٩٦٨. "هایدگەر" هەموو ژیانی ٨٧ ساڵ ژیاوە (١٨٨٩-١٩٧٦). (وەرگێڕی کوردی).

سەرچاوە:

د. زكريا ابراهيم: دراسات في الفلسفة المعاصرة (الجزء الأول) دار مصر للطباعة، القاهرة.

# بنەواکانی رۆژنامەوانی

## ئەو شتەی دەبێ هەواڵکاران بیزانن و جەماوەر چاوەڕوانی بکات

بیڵ کۆڤاچ و تۆم رۆزێنستیڵ

بەشی پێنجەم

---

بەشی شەشەم

## چاودێریی دەسەڵات بکە و ببە دەنگی بێدەنگان

لە ١٩٦٤دا خەڵاتی پوڵیتزری هەرە بێزووپێبراوەی کاری رۆژنامەنووسی بووە هی فیلادێلفیا بوڵێتین بەبۆنەی جۆرێکی نوێی گوزارشکردنەوە. خەڵاتەکە بەبۆنەی ئاشکراکردنی کاربەدەستانی پۆلیس ئەو شارە کە لە بەڕێوەبردنی یانسیبێک، جۆرێکی نایاسایی یاریی لۆتۆ لە دەرەوەی بنکەی خۆیان بوون، گلابوون درا بە بوڵێتین. هەواڵەکە ئاماژەیەک بوو بۆ شتێک کە گۆڕا بۆ شەپۆلێکی نوێی چاودێری لەسەر گەندەڵیی پۆلیس لە شارەکانی ئەمەریکادا. خەڵاتەکە گرینگییەکی تریشی هەبوو. ئاماژەی بە داننانی فەرمیی دامەزراوەکانی چاپەمەنی دەدا بەسەردەمێکی نوێ لە رۆژنامەوانیی ئەمەریکایی.

بابەتە نوێیەکەی خەڵاتی پوڵیتزر بە "گوزارشی لێکۆڵەوانی" ناودەبرا. کارگێڕانی رۆژنامەکانی سەرانسەری وڵات کە خەڵاتی پوڵیتزریان لەژێر چاودێریی زانکۆی کۆڵۆمبیادا بەڕێوە دەبرد، ئەو بابەتەیان لە جیاتیی بابەتێکی کۆنتر دانا کە پێیان وابوو چیی تر پێویستی بە ناسینەوەیەکی تایبەت نییە، " گوزارشی ناوخۆیی". ئەوان جەختێکی نوێیان دەکردەوە لەسەر رۆڵی چاپەمەنی وەک چالاکوان، ریفۆرمکار و ئاشکراکەر.

........................................................................

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: لەیلا حەمید

لە کاتی ئەنجامدانی ئەوەشدا دامەزراوەی ڕۆژنامەوانی دانی بەجۆرێکی نوێی کارێک دەدا کە بەردەوام پتر لە سالانی دواییدا لەلایەن نەوەیەکی نوێی ڕۆژنامەنووسانەوە ئەنجام دەدرا. هەواڵنێری وەک والاس تێرنر و ویلیام لەمبێرت لە پۆرتلەند و جۆرج بلێس لە شیکاگۆ خەریکی زیندووکردنەوەی نەریتێکی بەدواداچوون و ئاشکراکردنی گەندەڵی بوون کە بەشێوەیەکی سەرەکی لە ماوەی شەڕی دووەمی جیهانی و سالانی ڕاستەوخۆ و دواتریدا لە گوزارشکردندا بوونی نەبوو. سالانی شەڕ چیرۆکبێژی وەک ئێرنی پایلی سەر بە ئاژانسی سکریپسز هاواردی تایبەت کردبوو چونکە ڕۆحی قارەمانانەی هاوپەیمانانی ناو شەڕ، خەڵکی بەهێزی بەریتانی یان تەنیا سەربازانی سادە بەلام زریانیی ئەمەریکاییان زیندوو دەکردەوە. پاش ١٩٦٤ ئەوە ڕووی لە گۆڕان کرد. هەشت ساڵ دواتر کاتێک بۆب ودوارد و کارڵ بێرنستاینی واشینگتۆن پۆست بوونە هۆی ئاشکرابوونی ڕیسوایییەکەی واترگێیت لەناو کۆشکی سپیی نیکسۆندا، لە ناکاو گوزارشی لێکۆڵەوانی بووە جێی ناوبانگ و سەرنج و وێنەی پیشەکەی دووبارە پێناسە کردەوە.

هەر هەموو ڕۆژنامەوانی گۆڕا بەتایبەتیش ڕۆژنامەوانیی واشینتۆن. ئێی ئێم ڕۆزێنتاڵی نووسیاری جێبەجێکاری ئەو کاتی نیویۆرک تایمز ئەوەندە بەشێوازی سەرکەوتنی واشینتۆن پۆست بەسەر هەواڵی واترگێیتدا قەڵس بوو کە فەرمانی دا بە ڕێکخستنەوەی نووسینگەی واشینتۆنی ڕۆژنامەکە لە پێناو پێکهێنانی تیمێکی فەرمیی ڕۆژنامەنووسانی لێکۆڵەوان. تا ئەو کاتەی ڕۆزێنتاڵ نووسیاری جێبەجێکار بوایە، کاری بەرپرسی نووسینگەی واشینتۆن تەنیا بەگوێرەی هێزی گوزارشکردنی لێکۆڵەوانیی نووسینگەکەوە گەرەنتی دەکرا. سی بی ئێس نیوز شۆی هەواڵی لێکۆڵەوانیی تایبەت بەخۆی بەناوی ٦٠ مینیتس دەست پێ کرد کە بووە سەرکەوتووترین پرۆگرامی تۆڕی تەلەڤزیۆنی کە تا ئێستا بەرهەم هاتبێت. هەواڵی تەلەڤزیۆنی ناوخۆییش، بۆ ئەوەی دوا نەکەوێت، هەر زوو لێوانلێو بوو لە تیمەکانی لێکۆڵەوانی یان "ئای تیمز"ی تایبەت بەخۆی.

کۆمەڵێک ئەندامانی کۆن دەستیان بەبۆڵەبۆڵ کرد. ئەوان بەبۆڵەبۆڵەوە دەیانگوت گوزارشی لێکۆڵەوانی شتێکی زیاترە لە قسەیەکی دوو دۆلاری بەبەراورد لەگەڵ گوزارشێکی باش. بەهەرحاڵ هەموو گوزارشکردنێکش لێکۆڵەوانییە. هەرچەندە ئەوە شتێکی یەکجار سادەکراوەیە گوزارشی لێکۆڵەوانی لە ڕووی جۆرییەوە جیاوازە لە جۆرەکانی تری کارەکە بەجۆران شێوە ڕەخنەگران لە یەک ڕووەوە ڕاست بوون. ئەو شتەی دەستەی خەڵاتی پولیتزر لە ١٩٦٤ دانی پێدا نا لە ڕاستیدا لەناو پتر لە ٢٠٠ ساڵی پێشکەوتندا بووە.

گوزارشکردنی لێکۆڵەوانی هەر لە یەکەم سووڕاوەکاندا لە سەرەتاییترین چمکەکانی مانای چاپەمەنیی سەربەخۆ و هەموارکردنی یەکەم و لە پاڵنەری ڕۆژنامەنووسان بەدرێژاییی مێژووی پیشەکە ڕەگی پتەوی داکوتا. ئەم ڕیشانە ئەوەندە بەهێزن کە بنەمایەکی سەرەکی دادەڕێژن:

پێویستە رۆژنامەنووسان وەک چاودێرێکی سەربەخۆی دەسەڵات کار بکەن.

ئەم بنەمایە زۆربەی کات تەنانەت لەلایەن رۆژنامەنووسانیشەوە بەهەڵە بەمانای "سەرئێشەبوون بۆ ئاسوودەکان" لێک دراوەتەوە. جگە لەوە بنەمای چاودێری لە رۆژنامەنووسیی سەردەمدا بەهۆی زێدەرۆیی و چاودێرییەکی ناڕاستەقینە کە زیاتر بەمەبەستی مەراییکردن بۆ جەماوەر نەک ئەنجامدانی خزمەتی گشتی، مەترسیی لەسەرە. رەنگە تەنانەت لەوەش خراپتر ئەوە بێت کە رۆڵی چاودێرییەکە بە جۆرێکی نوێی ئاوێتەسازیی کۆمپانیاکانی هاوبەشییەوە هەڕەشەی لەسەر بێت کە رەنگە بەشێوەیەکی کاریگەر سەربەخۆیی پێویست بۆ چاپەمەنی لە پێناو بەجێگەیاندنی رۆڵی چاودێریکردنی لەناو ببات.

کاتێک سووراوەکانی چاپەمەنی یەکەم جار لە ئەورووپا لە سەرەتای سەدەی حەڤدەمەوە دەرکەوتن، رۆڵی خۆیان وەک لێکۆڵەوانی دەدیت. لەماوەی شەڕی ناوخۆیی بەریتانیادا، کاتێک سەربەخۆیی چاپەمەنی لە وڵاتدا وێ دەچوو بە هێزەوە بدرەوشێتەوە، دەستبەجێ سووڕواوەکان بەڵێنیان دەدا لەو شتەی رووی دەدا بکۆڵنەوە و بە خوێنەرانیان رای بگەیەنن. پارڵێمن سکاوت کە لە ١٦٤٣دا دەستی بە چاپ کرد "پێشنیازی شتێکی نوێی کرد لە رۆژنامەوانیدا پێویستی بۆ هەوڵدان لە پێناو گەڕان و دۆزینەوەی هەواڵ". ساڵی دواتر چاپەمەنییەک کە خۆی بە زێ سپای ناو نا، بەڵێنی بە خوێنەران دا پلانی داناوە بۆ "ئاشکراکردنی فێڵە هەمیشەییەکانی گەمەی گەورەی شانشینی. بۆ ئەوەش پێویستە ئێمە بەنهێنییەوە بچین".

ئەم هەوڵە سەرەتاییانە بۆ کاری لێکۆڵەوانی بوونە بەشێک لەو هۆکارەی سەربەخۆیی چاپەمەنی بەپێی دەستوور مسۆگەر کرا. سووڕاوی وەک سکاوت و سپای بۆ یەکەم جار کاروباری حکوومەتیان دیوەدەرانەتر دەکرد. ئەوانە ئاماژەیان بە ئاواتی چاپەمەنی دەدا بۆ ئەوەی ببێت بە شتێک کە دواتر بە دەسەڵاتی چوارەم ناسرا و بەئاشکرا رایان گەیاند کاروباری حکوومەت پێویستە بۆ هەمووان ئاشکرا بێت نەک تەنیا بۆ چینی خوشگوزەران. تا ئەو کاتەی ئەو رۆژنامانە دەرکەوتن، کاروباری ناوخۆی حکوومەت بەشێوەیەکی سەرەکی لەلایەن خوشگوزەرانانەوە زانراو بوو ئەوانەی کارەکانیان لە بەردەم حکوومەت بوو و ئەوانەی راستەوخۆ لە کاری بەڕێوەبردنی حکوومەتدا بوون. زانیاریی جەماوەر لەبارەی فەرمانڕەواکانیانەوە بەشێوەیەکی سەرەکی لە گوتەگوتی ناتەواو یان لە پەیامە فەرمییەکانی حکوومەتەوە سەرچاوەی دەگرت. بەڵام بەپێچەوانەی جاڕنامەکان و جاڕچییەکان کە ئەو زانیارییانەیان دابین دەکرد کە دەسەڵاتداران دەیانویست بڵاوی بکەنەوە، سووڕاوە هەواڵییەکان ئاواتەخواز بوون کرداری راستەقینەی حکوومەت بە هەموو خەڵکی رابگەیەنن. هەرچەندە حکوومەت زۆربەی جار ئەم چاپەمەنییە سەرەتاییانەی سەرکوت دەکرد، وەک چۆن لە سەرانسەری جیهاندا رووی دا، بەڵام ئەوانە گوزارشی لێکۆڵەوانییان وەک یەکێک لەو سەرەتاییترین بنەمایانە ناساند کە رۆژنامەنووسی لە ئامرازەکانی تری پێوەندیکردن

بە جەماوەر جیا دەکاتەوە. ئەوە ڕۆڵی چاودێری بوو کە ڕۆژنامەوانی، بەگوتەی جێیمز مەدیسن، کردە "پاڵپشتێک بۆ ئازادی"، بە هەمان شێوە کە هەقیقەت لە حاڵەتی جۆن پیتێر زێنگر بووە سەنگەری سەرەکیی چاپەمەنی.

ئەم هەوڵە سەرەتاییانە زۆربەی کات بێ ئەنجام بوون. حکوومەتی بەریتانی ڕێگەی بە تێبینیی نووسین لە کاتی مشتومڕیی پەرلەمانی نەدەدا. خەڵکەکە دەبوایە ئەو شتەی دەگوترا لە بیری بمێنێتەوە و پاشان رایبکاتە دەرەوە بۆ گێڕانەوە یان دارشتنەوەی ڕووداوەکە بەر لەوەی ڕۆژنامەکە چاپ بکرێت. ئەم ڕۆژنامەنووسە کۆنانە وەک "هەواڵخواز" ڕەت دەکرانەوە و مێژوونووسان زۆربەی جار ئەو چاپەمەنییە کۆنەی تایبەت بە پەرلەمان بە ناڕاستگۆ و گەندەڵ دادەنێن. بەڵام خۆڕسکی بۆ دیودەری و خزمەتکردن وەک چاودێر کە ئەو چاپەمەنییە نوێنەرایەتیی دەکردن، چەندی دڵڕەقانەش بوایە، بەردەوام بوو و لە دواییدا سەر دەکەوت.

لە ساڵانی دواتردا کاتێک ناکۆکیی نێوان چاپەمەنییەکی پارێزراو و داوودەزگەکانی حکوومەت تەشەنەی سەند، ئەم ڕۆڵە چاودێرانەیە بوو کە دادگەی باڵای لە کاتی خۆیدا و دووبارە گەڕاندییەوە بۆ جەختکردنەوەی لەسەر ڕۆڵی سەرەکیی چاپەمەنی لە کۆمەڵگەی ئەمەریکاییدا. لەگەڵ حاڵەتی نیێر ڤی مینێسۆتا کە ڕێگەی بە حکوومەت نەدا چاپی هیچ ڕۆژنامەیەک سنووردار بکات، تەنیا لەو کاتەدا نەبێت کە هەواڵەکە هەڕەشەی "مەترسییەی سەخت و ڕاستەوخۆی لەسەر ئاسایشی وڵاتە یەکگرتووەکاندا" هەبووایە، دادگە میتۆدیانە شوێنێکی مسۆگەری لەناو یاسادا دامەزراندووە کە تێدا ڕۆژنامەنووسان پارێزراون بۆ ئەوەی سەرسەختانە لە خزمەت پێویستیی جەماوەر بۆ زانیاریی گرینگ لەبارەی بابەتی پێوەست بە کاروباری گشتیدا بن. دووسەد ساڵی تەواو پاش شۆڕش هوگۆ بلەکی دادگەی باڵا کاتێک نووسی "چاپەمەنی پارێزرا بۆ ئەوەی نهێنییەکانی حکوومەت ڕووت بکاتەوە و خەڵک ئاگەدار بکاتەوە. تەنیا چاپەمەنییەکی سەربەخۆ و سنوورنەکراو بەشێوەیەکی کاریگەر دەتوانێت فڕوفێڵی حکوومەت ئاشکرا بکات"، بەردەوامیی دا بە پڕژانە سەر ئەرکگەلی چاودێریکارانەی چاپەمەنی. بەپاڵپشتیی یاسادانەرانی دەوڵەتی و فیدراڵ لە ١٩٦٠ و ١٩٧٠کاندا، دەستڕۆیشتنی چاپەمەنی زیاتر بوو بەهۆی یاسای ئازادیی زانیاری و یاساکانی بەناو سامالّی کە ڕێگەی بە دەستڕەسی بە زۆر بەڵگەنامە و چالاکییەکانی حکوومەت دەدا. سەرەتا لە سەدەی بیست و یەکەم و بەتایبەتیش لە ماوەی ئیدارەی جۆرج دەبلیو بوشدا هەوڵی بێوێنە دەست پێ کران بۆ شاردنەوەی زانیاریی حکوومەت لە جەماوەر و تەنانەت بۆ بەتاوانبارکردنی هەوڵەکانی چاپەمەنی بۆ بەچاپگەیاندن. پرسیارێک ئەوەیە ئاخۆ چۆن دادگەکان کاردانەوە بەرامبەر بەم هەوڵانە دەنوێنن.

بنەمای چاودێری مانای زیاترە لەوەی تەنیا چاودێریی حکوومەت بکرێت و بۆ هەر هەموو دامەزراوە بەدەسەڵاتەکانی ناو کۆمەڵگە فراوان دەکرێت و، ئەوە لە سەرەتادا ڕاست بوو. وەک چۆن

سپای "بەنهێنی" کاری کرد بۆ هەڵماڵینی "فڕوفێڵەکانی گەمەی گەورە شانشینی"، ڕۆژنامەنووسی سەدەی نۆزدەم هێنری مێیهیوویش بەئاشکرا مەترسییەکانی نهێنییەکانی هەمان ئەو شانشینییەی بەڵگەنووس کرد. مێیهیوو شەقامەکانی لەندەنی سەردەمی ڤیکتۆریی پێوا و گوزارشی لەبارەی ژیانی خەڵکی شەقامەوە دەدا بە مۆرنینگ کرۆنیکڵی لەندەن. بەم کارە دەنگ و ئاواتی دەدایە تاکی وەک کچی تەرەتۆڵەفرۆش و پاککرەوەی دووکەڵکێش. ئەو مرۆڤایەتیی ئەو کەسانەی بۆ جەماوەرێک کە بەردەوام تێبینیی ئەوانی نەدەکرد، ئاشکرا کرد.

بە لێکبەستنەوەی گەڕان بۆ ئەو دەنگانەی پشتگوێ خراون و ئەو فڕوفێڵانەی ئاشکرا نەکراون، ڕۆژنامەنووسە هەرە کۆنەکان لێکۆڵینەوە لە سووچەکانی نەبینراوی کۆمەڵگەیان بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە بە بنەمای سەرەکیی ئەرکی خۆیان دانا. ئەو جیهانەی ئەوان تۆماریان دەکرد پەنجەی خستە سەر ڕامانی کۆمەڵگەیەکی بەگشتی ئاگەدارنەکراو کە جەماوەرکێشییەکی دەستبەجێ و بەجۆشی بەداوە هات.

ئەمڕۆ ڕۆژنامەنووسان بەردەوام ڕۆڵی چاودێرییەکە وەک چەقی کاری خۆیان دەبینن. بەنزیکەیی لە هەر دە ڕۆژنامەنووس نۆیان پێیان وایە چاپەمەنیی "سەرکردە سیاسییەکان لەو شتانەی پێویستە نەیانکەن دەپارێزێت" و لەناو وەڵامی هەڵبژێردراوی ڕۆژنامەنووسان لەبارەی ئەوەی چ شتێک پیشەی ئەوان لە جۆرەکانی تری پێوەندیکردنەوە جیا دەکاتەوە، ڕۆڵی چاودێریکردن بەپلەی دووەم هات.

وەک چۆن ڕۆژنامەنووسان بەدڵنیاییەوە وا بیر دەکەنەوە، بنەمای چاودێریکردن زۆربەی جار بەهەڵە لێک دراوەتەوە. لە سەدەی نوێدا فینلی پیتەر دانی ڕۆژنامەنووس و گەپکاری شیکاگۆ بنەمای چاودێری بەمانای "ئاسوودەکردنی سەرئێشەدارن و سەرئێشاندنی ئاسوودەکان" لێک دایەوە. دان تا ڕادەیەک گاڵتەی دەکرد، بەڵام قسە نەستەقەکە داچەقیوە. ئەو ڕۆژەی سێینت پۆڵ پایۆنیر پرێس خەڵاتی پۆلیتزری لە ٢٠٠٠دا بەبۆنەی ئاشکراکردنی ریسواییەکی فڕوفێڵکردن لەبارەی تیمی باسکەی زانکۆی مینێسۆتا، نووسیاری وەرزشیی ڕۆژنامەکە لە گوتەیەکدا ئاماژەی کرد بە شەیداییی بەرپرسەکەی بۆ دووبارکردنەوەی گوتەکە.

بەداخەوە چمکی ئەوەی چاپەمەنی بۆ سەرئێشاندنی ئاسوودەکان و حەساندنەوەی سەرئێشاوانە مانای چاودێری دەشێوێنێت و شێوەیەکی لیبراڵ یان پێشکەوتخوازانەی پێ دەبەخشێت. چمکەکە یەکجار قووڵتر و وردترە لەو مانا دەقاودەقانەی سەرئێشاندن یان حەساندنەوە ئاماژەی پێ دەدەن. وەک مێژوو پیشانی ئێمەی دا، بەشێوەیەکی گونجاوتر چمکەکە بەمانای ئەوەیە بەنوێنەرایەتیی زۆرینە چاودێریکردنی دەسەڵاتدارانی کەمینەی ناو کۆمەڵگە بکرێت وەک پارێزگارییەک لە دژی دیکتاتۆرییەت.

ئامانجی ڕۆڵی چاودێری هەروەها زیاترە لەوەی بەتەنیا دیودەرکردنی بەڕێوەرایەتی و

جێبەجێکاریی دەسەڵات و ڕاگەیاندنی و تێگەیاندنی هەوڵەکانی دەسەڵات بێت. ئەمە بەشێوەیەکی لۆجیکی بەو مانایەیە پێویستە چاپەمەنی بزانێت لە کوێدا دامەزراوە دەسەڵاتدارەکان بەشێوەیەکی کاریگەر کار دەکەن و لە کوێشدا وا کار ناکەن. چاپەمەنی چۆن دەتوانێت ئیدیعای ئەوە بکات چاودێریی دەسەڵات دەکات کاتێک سەرکەوتن و هەروەها شکستەکانیش ڕوون نەکاتەوە؟ ڕەخنەی بێ کۆتا مانای نامێنێت و جەماوەر هیچ بنەمایەکی نابێت بۆ جیاکردنەوەی باشە لە خراپە.

وەک بابەتێک لە فیووگی باخدا، گوزارشکردن لێکۆڵەوانی لە مێژووی ڕۆژنامەوانیدا هەڵکشاوە و داکشاوە بەڵام هەرگیز ون نەبووە. کۆمەڵێک لە هەرە بەناوبانگترین و گرینگترین سەردەمەکانی مێژووی ئەمەریکای پێناسە کردووە.

* چاپەمەنی لە ئەمەریکای کۆڵۆنیاڵدا ئامانجی خۆی وەک سەکۆیەک بۆ خەڵکێک دەدیت کە بەهۆی حکوومەتێکی دوورەوە کە دەستی لە وزەی پێشکەوتنەکەی وەردەدا، گاڵتەیان پێ کرابوو. نیوو ئینگڵەند کۆرانتی جێیمز فرانکلین ڕۆڵێکی چاودێرانەی هەم بەسەر دامەزراوە حکوومەتی و هەم بەسەر ئاینییەکاندا گێڕا و کۆڵۆنییەکانیش سپای تایبەت بەخۆیان هەبوو ماساچۆسێت سپای ئیزایا تۆماس ئەو کەسانەی هاموشۆیان لەگەڵ دوژمندا هەبوو، ئاشکرا کرد.

* چاپەمەنیی شۆڕشگێڕانە جێگەی چۆڵ کرد بۆ چاپەمەنییەک لە پێناو دامەزراندنی نەتەوە کە تێیدا بابەتی شێوە و ناوەڕۆکی حکوومەتی نوێ گوزارش دەکران. فیدراڵی و دژە فیدراڵییەکان هەریەکەیان و ڕۆژنامەی خۆی دامەزراند بۆ ئاگەدارکردنەوە و هاندانی بەرهەڤدانی سیاسی لەسەر ئەو بنەما سەرەکییانەی وڵاتی نوێ لەسەریان دادەمەزرا. یەکێک لە ڕۆڵە هەرە گرینگەکانی ئەم چاپەمەنییە پارتیزانە ئەوە بوو ڕۆڵێکی چاودێرانەی لەسەر پارتی پێچەوانەدا بگێڕێت، پرۆسەیەکی دۆزینەوە و ئاشکراکردن کە هەندێک جار ئەوەندە وێرانکەر بوو کە حکوومەت بەسەرکەوتنێکی سنووردارەوە هەوڵی دەدا یاسا لە دژی نەریتەکە دەربکات.

* لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا نەوەیەکی نوێی ڕۆژنامەنووسان بەناوی "ریسواییدەرخەر"ەکان بوونە دەنگی ریفۆرم لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەوڵەتی و فیدراڵدا. لێکۆڵینەوە پڕ وردەکارییەکەیان و ئاشکراکردنی دەسەڵاتی گەندەڵ، لە پێشێلکارییەکان لە کارکردن بە منداڵەوە بگرە تا ئامێرەکانی سیاسیی شارستانی و کۆمپانیاکانی هێڵی شەمەندەفەر و نەوت، ڕێخۆشکەر بوون بۆ بزووتنەوەیەکی پێشڕەوانە لە سیاسەتی نەتەوەییدا.

لەگەڵ پێگەیشتنی ڕۆژنامەوانیی لێکۆڵەوانیدا، کۆمەڵێک شێوازیش دەرکەوتوون. ئەمڕۆکە سێ جۆری سەرەکی پێناسە دەکرێن: گوزارشکردنی لێکۆڵەوانیی ڕەسەن، گوزارشکردنی لێکۆڵەوانیی شرۆڤەیی و گوزارشکردن لەبارەی لێکۆڵینەوەکانەوە. هەریەکەیان هەندێک لێکۆڵینەوە هەڵدەگرێت.

گوزارشکردنی لێکۆڵەوانیی ڕەسەن

له گوزارشکردنی لێکۆڵەوانیی ڕەسەن هەواڵنێران خۆیان دۆزینەوە و بەڵگەکردن ئەو چالاکییانەی پێشتر جەماوەر پێیان ئاشنا نەبوو، ئەنجام دەدەن. ئەمە ئەو جۆرە گوزارشکردنە لێکۆڵەوانییەیە کە زۆربەی جار لێکۆڵینەوەی گشتیی فەرمی سەبارەت بە بابەت و چالاکییە ئاشکرابووەکەی بەدوادا دێت، نموونەیەکی کلاسیکیی چاپەمەنی کە بەنوێنەرایەتیی جەماوەرەوە پاڵپەستۆ دەخاتە سەر دامەزراوە گشتییەکان. ڕەنگە تاکتیکی وەک کاری پۆلیسی تێدا بەکار بێت وەک گوزارشکردنی کۆڵنەدەرانە و گەڕان بەدوای تۆمارە گشتییەکان، بەکارهێنانی کەسانی ئاگادار و، تەنانەت لە هەلومەرجی تایبەتدا کارکردنی نهێنی یان چاودێریکردنی چالاکییەکان بەنهێنی.

گوزارشکردنی لێکۆڵەوانیی ڕەسەن کاری ریسوابیدەرخەرەکانی وەک لینکۆڵن ستێفنز لەخۆ دەگرێت کە زنجیرەکەی بەناوی شێیم ئۆڤ زێ سیتیز لە ١٩٠٤دا بووە هۆی ریفۆرمی فرەلایەن لە حکوومەتی ناوچەییدا، یان ریچارد کێرسن کە پەردە هەڵمانییەکانی لەسەر کاریگەرییەکانی قڕکەرە ژەهراوییەکان لەناو کتێبەکەی بەناوی سایلێنت سپرینگ لە ١٠٦٢دا بزووتنەوەیەکی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی ژینگە خستە جووڵەوە.

هەروەها گوزارشکردنی مارکۆس ستێرن و جێری کەمریش دەگرێتەوە کە لێکۆڵینەوەکانی براوەی خەڵاتی پۆلیتزریان لە ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦دا بۆ سان دیێگۆ یۆنیەن تریبیوون بووە هۆی دەست لەکارکێشانەوەی ڕەندی (دووک) کانینگهامی ئەندامی کۆنگرێس و لە دواییدا دادگاییکردنی تاوانی بەتۆمەتی گەندەڵی. ستێرن بە بەکارهێنانی سیستەمی بێ هاوتای خۆی کە بە "چاودێریکردنی شێوە ژیان" ناوی دەبرد گومانی لە پێوەندییەکانی نێوان کۆمەڵێک لە گەشتەکانی ئەندام کۆنگرێسەکە و شێوە ژیانی پەیدا کرد. لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە بەخششەکانی بەڵێندەرانی وەزارەتی بەرگریی ستێرن ئاڵوگۆڕی داراییی گوماناویی تریشی ئاشکرا کرد. ئەو داوای یارمەتیی کەمی کرد و هەردووکیان لە دواییدا ئەم ژێیانەیان راکێشا بۆ ئاشکراکردنی ئەو شتەی دواتر لەلایەن نووسینگەی داواکاری گشتیی ئەمەریکا لە سان دیێگۆ بە "بێباکترین پلانی بەرتیل وەرگرتن" لە مێژووی کۆنگرێسدا وەسف کرا.

لە گوزارشکردنی لێکۆڵەوانیی ڕەسەنی سەردەمییانەدا هێزی شرۆڤەکاری کۆمپیوتەر زۆربەی جار جێگەی تێبینیی کەسێنیی هەواڵنێر دەگرێتەوە. زنجیرەی بیڵ دێدمەن بەناوی زێ کالًر ئۆڤ مانی کە لە ئاتلانتا جۆرناڵ کۆنستیتیووشن بڵاو بووەوە و لە ١٩٨٦دا براوەی خەڵاتی پولیتزر بوو، نموونەیەکی سەرەتاییە. زنجیرەکە جیاکاریی نەژادپەرستانەی لە دامەزراوەکانی قەردپێدەر لە ئاتلانتادا ئاشکرا کرد کە بووە هۆی چاکسازیی گرینگ لە سیاسەتەکانی قەرددانەوە لە بانکەکانی سەرانسەری وڵاتدا. کتێبێک لەسەر گوزارشکردنی لێکۆڵەوانی لەبارەی زنجیرەکەوە گوتی " حاشاهەڵنەگرترین بەڵگە بۆ قەرددانەوەی رەگەزپەرستانە لە ئاتلانتا لێکدانەوەی کۆمپیوتەریی ئەو

بەڵگەنامانە بوو کە قەرددەرەوەکان داوایان لێ دەکرا لەگەڵ ڕێکخەراندا پڕیان بکەنەوە. ئەگەر کۆمپیوتەر بەگونجاوی بەکار بێت ڕەنگە ڕۆژنامەوانیی لێکۆڵەوانی لە ناخەوە بگۆڕێت، چونکە گوزارشتەکە سنووری دیمانەی نەریتی و بەسەرهات و کۆمی بەڵگەی دۆکیومێنتیی زۆر دەبەزێنێت".

## گوزارشکردنی لێکۆڵەوانی لێکدانەوەیی

جۆری دووەمی گوزارشکردنی لێکۆڵەوانی گوزارشکردنی لێکدانەوەییە کە زۆربەی کات هەمان کارامەییەکانی گوزارشی ڕەسەنی تێدایە، بەڵام لێکدانەوەکە بۆ ئاستێکی جیاواز دەگوازێتەوە. جیاوازیی بنەڕەتیی نێوان هەردووکیان ئەوەیە گوزارشکردنی ڕەسەن ئەو زانیاریانەی پێشتر کەسانی تر کۆیان نەکردووەتەوە، بۆ ئەوەی جەماوەر لەو ڕووداوە و هەلومەرجانەی ڕەنگە کاریگەرییان لەسەر ژیانیان هەبێت، ئاگادار بکاتەوە. گوزارشکردنی لێکدانەوەیی لە ئەنجامی رامان و شرۆڤەیەکی وردە بۆ بیرۆکەیەک و هەروەها بەدواداچوونی سەرسەختانە بۆ ڕاستییەکان پەرە دەسەنێت، ئەمەش لە پێناو ئاوێتەکردنی زانیاری لە دەقێکی نوێ و تەواوتردا کە تێگەیشتنێکی جەماوەریی قووڵتر دابین دەکات. زۆربەی جار بابەتگەلی ئاڵۆزتر یان کۆمەڵێک ڕاستی لەخۆ دەگرێت نەک پەردەهەڵماڵینێکی کلاسیکی. ڕێگەیەکی نوێ بۆ ڕوانین لە شتێک و هەروەها زانیاریی نوێ لەبارەیەوە ئاشکرا دەکات.

نموونەیەکی سەرەتاییی بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامەکانی پێنتاگۆنە لەلایەن نیویۆرک تایمز لە ۱۹۷۱دا. بەڵگەنامەکان خۆیان لێکۆڵینەوەیەکی نهێنیی حکوومەت بوون لەبارەی تێوەگلانی ئەمەریکا لە ڤێتنام. نیل شیهامی هەواڵنێر ڕێگەیەکی درێژی بڕی تا کۆپییەکی لێ دەست کەوت. پاشان تیمێکی هەواڵنێران و نووسیارانی نیویۆرک تایمزی کە لە سیاسەتی دەرەوە و شەڕی ڤێتنام شارەزا بوون بەڵگەنامەکانیان لێک دایەوە و وەک هەواڵێکی زەق لەبارەی هەڵخەڵەتاندنەوە جەماوەر ڕێکیان خستن. بەبێ ئەم ئاوێتەکاری و لێکدانەوەیە بەڵگەنامەکانی پێنتاگۆن ڕەنگە بۆ زۆربەی جەماوەر هەڵگری مانایەکی کەم بوونایە.

نموونەیەکی زۆر نوێتر زنجیرەیەکی ۱۰ بەشیی تایبەت بە چینی کۆمەڵایەتییە کە نیویۆرک تایمز لە ۲۰۰۵دا بڵاوی کردەوە. بە سوود وەرگرتن لە داتای دیموگرافی و سۆسیۆئیکۆنۆمیک تیمێکی هەواڵنێران لەو ڕێگەیانەیان کۆڵییەوە چۆن "چین کە وەک ئاوێتەیەک لە داهات و خوێندەواری و سامان و پیشە پێناسە کراوە کاریگەریی لەسەر چارەنووس دەبێت لە کۆمەڵگەیەکدا کە حەز دەکات خۆی بە وڵاتی دەرفەتی بێ سنوور هەژمار بکات".

هەندێک گوزارش ئێستا سنوورەکانی کاری لێکۆڵەوانیی لێکدانەوەییی دەبەزێنن. دۆناڵد بارلێت و جێیمز ستیل لە فیلادێلفیا ئینکوایرر و دواتر لە کۆواری تایمزدا ناوبانگیان دەرکرد، چونکە

بەگـرِ و تینـەوە لە بابەتـی ئاڵۆزیـان دەكـۆڵیــیــەوە لە پرۆژەی وەک "ئەمـێـریکا: وات وێنت رۆنگ" و "ئەمـێریکا: هوو سـتۆڵ زێ دریم". هەردووکـیـان لەوەیان کۆڵییـەوە چۆن سـیسـتـەمی ئابووری-سیاسیی ئەمەریکا هـاووڵاتییانی کەمدەرامەتتری نائومێد کردبوو. هەردووکیان بەرهەمی ساڵانێک گــوزارشـکردن و هـەڵســەنگاندنێکی چڕوپڕی داتـای ئابـووری و ســەدان دیمانـە بوون. هـەردوو زنجیرەکە لەسەر ئەو بنەمایەی وڵات وازی لە هەژارانی خۆی هێناوە کاریان دەکرد.

ئەو پرۆگـرامـانە ئـەوەندە شـرۆڤـەیی بوون کـە هەندێک رۆژنامـەنووس وەک رەخنە ئەوانـەیان بە مشـتـومـڕی نەک رۆژنامـەگـەری هـەژمـار دەکرد، چونکە نووسـیـارانیان وازیان لـە رۆڵی چاودێری سـەربەخۆی بەشدار هێنابوو بۆئەوەی ببنە چالاکوان. بۆب سـەمـیوڵسنی نیوزویک "ئەمێریکا هوو ستۆڵ زێ دریم"ی بە "رۆژنامەوانیی بێ کەڵک ناوبرد "چونکە هەوڵی نەدەدا بۆ وێنەیەکی هاوسەنگ لە خاڵە بەهێز و کەموکووڕییەکانی ئابووری". رەخنەگران لەوەدا راستن کە ئەم پرۆگرامـانەی لەو ڕووەوە هاوسـەنگ نەبوون کە مەودای یەکسـان بۆ هەردوولا دابین بکەن. هـەواڵنێران هـەوڵیـان دەدا لایەنێکی نەریتـە ئابوورییـەکـان دەربخـەن کە یـەکـجـار پشـتگوێ خـرابوو و لەلایەن ئـەوانی ترەوە رووماڵ نەکرابوو. ئەوانی تر خەریکی تۆمارکردنی کاریگەرییەکە لەسەر کەسانی کۆتاییی پەیژەی ئابـووری بوون، ئەوانـەی لە گـەشــەی ئابووریدا رۆڵی چالاکـیــان دەگـێـڕا. تـەنانەت کـۆمــەڵێک رۆژنامـەنووسـی پەسنی کـارەکـەیان داوە، پێیـان وایە یەکـەم ونجـێـرە "وات وێنت رۆنگ" بـەڵگەی تۆمـارکراوی پـتری لەوەی دووەمـیـان هـەبوو. بەڵگەش لەسـەر ئەوەی زۆر خـەڵک درکاندنەکانی ناو زنجـیـرەی یەکـەمی بە پەردەهـەڵمـاڵین داناوە، ئەو هێـڵانەی نـاو ئینکوایرر بوون کـە ئامـاژەیان بە داواکاریی خـەڵکی چاوەڕێ بۆ لەچاپدانەوەی زنجـیـرەکە بوو، وێڕای وەرگرتنی ٩٠٠٠٠ پێوەندیی تەلەفۆنی لە هـەفتـەی یەکـەمدا. کارگێڕی ئەوکاتی ئینکوایرر ئارڵین مۆرگان گوتی "ئێمـە هـەرگیز شـتی وامـان نەدیوە". خـەڵک لە زنجیرەی دووەم بەگومـانـتر بوون و مـەکسـویڵ کینگی نووسـیاری ئینکوایرر لاپەڕەکــانی بۆچوونی نـووسـیــاریی بۆ کــۆڕبەندێکی جــەمــاوەری بۆ رەخنـەگـرتـنی هەمــەلایەنەوە گـۆڕی. هەرچـەندە زنجـیــرەی یەکـەم لە هی دووەم باشـتـر بوو بـەبۆنەی ئاسـتی بەڵگەهێنانەوە، لە دواییدا هەردووکیان لە ورووژاندنی گفتوگۆی جەماوەری لەبارەی بابەتی یەکجار گرینگەوە سـەرکـەوتوو بوون. بەڵام رەخنەکـانی لێـیـان گـیـرا ئامـاژە بەوە دەدەن چەند گـرینگە هەواڵنێرانی کار لەم ئاستەی لێکدانەوەدا دەکەن مەودای پێویست بۆ بۆچوونی جیاوازیش دابین بکەن.

## گوزارشکردن لە لێکۆڵینەوەکان

سێیەم جۆری لێکۆڵەوانی گوزارشکردنە لە لێکۆڵینەوەکان. ئەمە پێشکەوتنێکی نوێترە و تا دێت پتر بڵاو دەبێتـەوە. لەم حـاڵەتەدا گـوزارشـەکـە لە دۆزینـەوە یان درکـاندنی ئەو زانیـارییـەوە پەرە دەسـەنێت کـە لە لێکۆڵینەوەیەکی فـەرمـیـیـەوە دابین دەکرێت کـە لەلایەن خـەڵکانی تر و بەزۆریش

لەلایەن دامەزراوەکانی حکوومەتییەوە لە گەڕدایە یان ئامادەکاریی بۆ دەکرێت. ئەمە بنەمایەکی ڕۆژنامەوانییە لە واشینتۆندا، شارێک کە تێیدا حکوومەت زۆربەی کات لە ڕێگەی چاپەمەنییەوە لەگەڵ خۆی دەدوێت. بەڵام گوزارشکردن لە لێکۆڵینەوە لە هەموو شوێنێکە کە لێکۆڵینەوەی فەرمی لە گەڕدا بێت. لێکۆڵەوانانی حکوومەتی لەم بارانەدا چالاکانە لەگەڵ هەواڵنێران هاوئاهەنگی دەکەن لەبەر زۆر هۆکار: بۆ هاوسەنگییەک لە بودجەدا، بۆ کاریگەریی دروستکردن لەسەر شایەتەکانی ڕێتێچوو یان بۆ دروستکردنی رای گشتی. زۆربەی گوزارشەکە لەبارەی پێوەندیی نێوان کلینتۆن و مۆنیکا لوینسکی لە راستیدا گوزارشکردنی لێکۆڵینەوەی نووسینگەی داواکاری سەربەخۆ کێنێس ستار بوو، کە بەو زانیارییە پێچەوانەوە بەهێز کرابوو کە لەلایەن کۆشکی سپی یان پارێزگارانەوە بۆ ئەو کەسانەی دەچوونە بەردەم دادوەری باڵا ئاشکرا کرابوو. نموونەیەکی تری هەواڵی بۆمبنانەوەی ریچارد جووڵ بوو لەناو ئاتلانتا ئۆلمپیکس لە ١٩٩٦دا کە پشتئەستوور بوو بەسەرچاوەی ناوپارێزراو لە پۆلیس و ئێف بی ئای و هەواڵەکە دەرچوو ناڕاستە. بەپێچەوانەوە، زۆربەی کارەکە لەبارەی واترگێیتەوە بەتایبەتی لە مانگە هەستیارەکانی سەرەتادا لێکۆڵینەوەی رەسەن بوو کە تێیدا رۆژنامەنووسان راستەوخۆ لەگەڵ سەرچاوە سەرەکییەکانەوە لەبارەی ئەو شتەی رووی دابوو دەدوان نەک لەگەڵ لێکۆڵەوانان لەبارەی ئەو شتەی بە گریمانەی ئەوانەوە رووی دابوو.

گوزارشکردن لە لێکۆڵینەوەکان لەوەتەی ١٩٧٠کانەوە گەشەی کردووە. تا ڕادەیەک ئەمە بەهۆی بەرزبوونەوەی ژمارەی لێکۆڵینەوەکانەوە بووە و تا ڕادەیەکیش لەبەرئەوەی پاش واترگێیت حکوومەتی فیدراڵ و دەوڵەت یاسای ئەخلاقیی نوێیان دەرچوواند و نووسینگەی تایبەتییان بۆ چاودێریی کاری حکوومەت دامەزراند. بەڵام باوبوونی هەروەها بەو هۆیەوە بوو کە رۆژنامەنووسان ناچار بوون پشت بەسەرچاوەی ناوپارێزراو ببەستن بۆ ئەوەی پەنجە بخەنە سەر ئەو شوێنانەی کارەکە بووبووە جێی نیگەرانیی هەم رۆژنامەنووسان و هەم جەماوەری بەگومان.

لە وتارێکدا لەبارەی ئاژانسی پاراستنی نەتەوەییی نهێنییەوە، هەواڵنێرسێمۆر هێرش، سەرەکیترین کۆکرەوەی هەواڵگریی ئەلیکترۆنی بۆ حکوومەتی ئەمەریکایی کە بۆ نیویۆرک تایمزیشی دەنووسی، لە زاری کاربەدەستێکی هەواڵگرییەوە گواستییەوە کە چۆن لاوازبوونی جۆرێتیی کاری ناسا وای کردووە ئاژانسەکە نەتوانێت هەڕەشەکانی گرووپە تیرۆریستییە پێشکەوتووەکان و دەوڵەتانی هەڕەشەکار دەستنیشان بکات.

وایتفیڵد دیفی، شارەزایەکی بواری کۆددانان لە سان مایکرۆسیستێمز خێرا بێدەسەڵاتیی هێرشی لە سەرچاوەی ناوپارێزراوەوە قۆستەوە: "ئەوەی بێزارم دەکات ئەوەیە تۆ ئەو شتە دەڵێیت کە ئاژانسەکە دەیەوێت ئێمە باوەڕی پێ بکەین (کە) ئەوان پێشتر بەهێز بوونە، بەڵام ئەو رۆژانە کێشەیان هەیە بۆ خوێندنەوەی رۆژنامە و ئینتەرنێت بۆیان زۆر ئاڵۆزە و قەرەباڵغی زۆرە و ناتوانن

ئەو شتەی دەیانەوێت بدۆزنەوە. رەنگە ئەوە راست بێت، بەڵام ئاخۆ ئەو ئەم شتەیە کە ئەوان بۆ ماوەی ساڵانێک "گوتوویانە". ئاسابیە ناسا ویستبێتی ئامانجەکانی وا تێ بگەن کە تووشی کێشە بووەتەوە. ئەوە مانای ئەوە نییە لە کێشەدا بێت، بەڵام هۆیەکە بۆ بیرکردنەوە لەو شتەی سەرچاوەی ناوەخۆییەکانی تارماییئاسا بەگومانەوە دەیڵێن".

مەترسییەکانی ئەم گوزارشکردنە وەک دیفی ئاماژەیان پێ دەدات ئەوەیە هێزەکەی بەشێوەیەکی سەرەکی بەندە بە هێز و گومانی هەواڵنێرەکەی کاری تێدا دەکات. هەواڵنێرەکە بابەتی دیمانەکە دەکاتە کۆڕبەندێکی بەهێز کە تێیدا بەبێ بەرپرسیارێتیی گشتی تۆمەتێک بڵاو دەکاتەوە یان پێشنیازێک دەخاتە روو. ئەمەش مانای ئەوە نییە گوزارشکردن لە لێکۆڵینەوەکان لە بنەڕەتدا هەڵە بێت. بەڵام زۆربەی کات پڕاوپڕە لە مەترسیی نەزانرەوە. هەواڵنێران لێرەدا زۆربەی کات تەنیا بەشێکی لێکۆڵینەوەکانیان هەیە نەک ئەوەی خۆیان ئەرکی لێکۆڵەوانییان لەدەست د بێت.

نیویۆرک تایمز دەرسەکەی کاتێک وەرگرت کە هەواڵێکی لەبارەی سیخوڕیکردنی لەبارەی وزەی ناوەکی کە لە راپۆرتێکی نهێنیی کۆنگرێسەوە وەرگیرابوو، بڵاو کردەوە. تایمز هەمان زمانی گەڤپێدەری ڕاپۆرتەکەی بەکار هێنا و رای گەیاند چین لە تەکنەلۆجیای ناوەکیدا خەریکە دەگاتە ئەمەریکا، چونکە داتای پێویستی بۆ دروستکردنی سەرەمووشەک لە زانای چینی–ئەمەریکایی وێن هۆڵی وەرگرتووە. تایمز ناوی لیی نەهێنابوو، بەڵام رێگەی بە کاربەدەستان دا ریسواییەکە بە گەورەترین ریسوایی لە مێژووی نوێدا وەسف بکەن. هەواڵەکە بووە هۆی ئەوەی لێکۆڵەوانان خێرا لی تاوانبار بکەن و ئەویش لە کۆتاییدا بۆ ساڵێک زیندانی کرا. لەو ٥٩ سکاڵایەی لە دژی کرا، بە یەکێکیانەوە تاوانبار کرا: کۆکردنەوە و هەڵگرتنی نایاساییانەی زانیاریی ئاسایشی نەتەوەیی. ئەو لەلایەن دادوەرێکەوە بەو ماوەیە حوکم درا کە لەپشت سەکۆیەکەوە بەقووڵییەوە داوای لێبووردنی کرد. تایمزیش هەروەها بابەتێکی راستکردنەوەی دوور و درێژی نووسی بۆ داوای لێبووردن بەهۆی ئەوەی ڕاپۆرتەکەی ئەوەندە بەدڵنیاییەوە وەرگرتبوو و رێگەی بەگومان نەخستنە سەر لی نەدابوو.

هەلی ئیستیغلالکران لەلایەن سەرچاوەگەلی لێکۆڵەوانی زۆرە. چاپەمەنی لە جیاتیی ئەوەی چاودێرێکی دامەزراوەکانی بەدەسەڵات بێت، رەنگە ببێتە ئامرازی ئەو دامەزراوانە. گوزارشکردن لە لێکۆڵینەوەکان پێویستی بە هەڵمەتێکی تەواو و زۆرەوە هەیە. بەڵام، دەزگاکانی هەواڵی تەواو پێچەوانە بیر دەکەنەوە پێیان وایە ئەوان دەتوانن بە ئازادییەکی پتر گوزارش لە گومان و تۆمەتەکان بکەن چونکە ئەوانە لە سەرچاوە فەرمییەکانەوە دەیانگوازنەوە نەوەک خۆیان لێکۆڵینەوەکەیان کردبێت.

تۆم پەترسن پرۆفیسۆر لە بێنجامین سی برادلی لە قوتابخانەی حکوومەتیی جۆن ئێف کەنێدی لە هارڤارد ئەو ستانداردە گۆڕاوانەی تۆمار کرد کە پەرەیان بەمجۆرە نوێیەی رۆژنامەوانیی

لێکۆڵەوانی داوە. لە کۆڕبەندێکی لیژنەی ڕۆژنامەنووسانی پەرۆشەوە ئەو بەئێمەی گوت "ئەوەی ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیدا دەبینین ئەوەیە لە درەنگانی ١٩٧٠کاندا ئێمە جێگرەوەیەک دەدۆزینەوە: ئەو تۆمەتانەی ناو هەواڵ کە لەسەر بنەمای لێدوانی سەرچاوەکانەوە دەردەکەون، ئەو تۆمەتانەی بێبەشن لە لێکۆڵینەوەی هەواڵنێر لە ڕاستییەکان. ئەو ڕەوتە لە ١٩٨٠کاندا پەرەی سەند و لە ١٩٩٠کاندا دووبارە بەرز بووەوە و تێکەڵەکە دەستی بە گۆڕان کرد. بەکارهێنانی سەرچاوەی نانەبراوە یان ناوپارێزراو بووەتە بەشێکی زۆر لە سەرجەم کارەکەدا و هەڵبەتە ئەو ڕەوتە لە هەواڵی تایبەت بە لوینسیکا گەیشتە ترۆپکی خۆی".

جیم رایزن هەواڵنێری لێکۆڵەوان و نووسەر گوتوویەتی بەشی زۆری گوزارشی لێکۆڵەوانی زۆربەی کات بنەماکانی هەرسێ شێوازەکەی تێدایە. وودوارد و بێرنستاین بۆ نموونە بەبەردەوامی لە کاتی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی خۆیان لەگەڵ لێکۆڵەوانانی حکوومەتی لە خۆیان دڵنیا دەبوونەوە. بەڵام جیاوازیی هەیە لە نێوان ئەوەی ئاخۆ کاری هەواڵنێرێک لە بنەڕەتدا ڕەسەنە، لێکدانەوەیی، یان لەبارەی لێکۆڵینەوەی کەسێکی ترەوە. هەر جۆرە گوزارشێک هەڵگری بەرپرسیارێتی و مەترسییەکانی تایبەت بە خۆیەتی. هەرچەندە زۆربەی جار ڕۆژنامەنووسان بەرادەی پێویست ئاگەدار یان وریای ئەم جیاوازییانە نەبوونە.

## ڕۆڵی چاودێری لاواز کراوە

لە هەڵکشان و داکشانی ڕۆڵی چاودێری لە ماوەی دوو سەدەی ڕابردوودا ئێمە دەگەینە ساتێکی لاوازبوونەوە بەهۆی فریوخواردنەوە. ناوبانگی وودوارد و بێرنستاین سەرکەوتنی بەدواوە هات کە تێیدا هەواڵنێرانی وەک مایک والاس و مۆرلی سێیفر و هەری ریزنر و ئێد برادلی بوونە ئەستێرەی هەواڵەکانی خۆیان. خەڵک دەهات تا بزانێت ئەم هەفتەیە مایک و مۆرلی و هەری و ئێد کێ تووش دەکەن. ڕۆژنامەوانیی لێکۆڵەوانی بەتایبەتی لەسەر تەلەڤزیۆن بەم شێوەیە بووە ئامرازێک بۆ بەرژەوەندیی گشتی و زانیاریی هاوڕێ بوو لەگەڵ لافاوێک گوزارشی لێکۆڵەوانی. ئێستا کە زۆربەی وێزگەکانی ناوخۆیی هەواڵ لە ئەمەریکادا تیمی لێکۆڵەوانانیان هەیە و کۆوارە هەواڵییە پڕ جەماوەرەکانیش بەڵێنی پرۆگرامە شەوانەی تایبەت بە ئاشکراکردنی نهێنی دەدەن، ئێمە ژێرخانێکی هەمیشەییمان بۆ هەواڵی تایبەت بەئاشکراکردنی نهێنی دامەزراندووە. زۆربەی ئەم گوزارشکردنە تایبەتمەندییەکانی گوزارشی چاودێرانەی هەیە، بەڵام لەگەڵ جیاوازییەک. زۆربەی ئەم پرۆگرامانە چاودێریی دەستەبژێری دەسەڵاتدار ناکەن و لە دژی هەر ڕێتێچوونێک بۆ خراپەیەکی دیکتاتۆرییانە پاسەوانی ناکەن. لە جیاتیی ئەوە، هەوڵ دەدەن لە مەترسییەکان بۆ سەر سەلامەتیی کەسێنی یان کتێبی گیرفانیی کەسێک ئاگەداری بدەن. هەندێک لە بابەتە گشتییەکانی کۆواری هەواڵیی پڕ جەماوەر ئەوانەن: میکانیکەکانی ساختەچیی ئۆتۆمۆبێل، فریادڕەسانی بێ توانای مەلەوانگە. بازنەکانی کۆیلەداریی سێکسی، ماڵپاککەرەوەکانی قۆڵبڕ و شۆفێرانی

هەرزەکاری مەترسیدار.

لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی پڕ جەماوەرترین کۆوارە هەواڵییەکانەوە لە ١٩٩٧دا، بۆ نموونە، شێوازێکی گوزارشکردنی لێکۆڵەوانی بەدیار دەخات کە زۆربەی ئەو بابەتانەی پێوەندییان بەرۆڵی چاودێرانەی میدیاوە هەیە، پشتگوێ دەخات. کەمتر لە یەک هەواڵ لەناو هەر دە هەواڵێک لەسەر ئەم پرۆگرامانە پێوەندییان بە بابەتی تێکەڵکراوی پەروەردە و ئابووری و کاروباری دەرەوە و سوپا و ئاسایشی نەتەوەیی و سیاسەت یان خوشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی- یان هەر بوارێکە کە بەشی زۆری پارەی گشتیی لێ خەرج دەکرێت. لە جیاتیی پتر لە نیوەی هەواڵەکان پڕژاونەتە سەر شێوەژیان و هەڵسوکەوت و پاراستنی مافی بەکاربەران و تەندروستی و سەرگەرمی لەبارەی ناودارانەوە. ڤیکتۆر نۆیفێڵد، بەرهەمهێنی ئەو کاتی ئی بی سی ٢٠/٢٠ بە لێژنەکەی گوت "کاری ئێمە پێشکەشکردنی هەواڵ نییە. کاری ئێمە دروستکردنی پرۆگرامی باشە".

سەلامەتی دەتوانێت زۆربەی جار ئامانجێکی گرینگ بێت بۆ گوزارشکردنی چڕوپڕ و رەخنەئامێز. لەگەڵ ئەوەشدا بەشی زۆری گوزارشکردنی "لێکۆڵەوانی" بەرجەستەکردنێکی وروژێنەرانەی هەلومەرجی رۆژانەیە. هەواڵی تەلەڤزیۆنە ناوەخۆییەکان زۆربەی جار تیمەکانی لێکۆڵەوانی بەکار دێنێت بۆ هەواڵی وەک "دەرگە مەترسیدارەکان"- گوزارشکردن لە مەترسییەکانی کردنەوە و داخستنی دەرگەکان، یان "ناو ئامێری جلشۆرەکەتان"- روانینێک لەوەی چۆن چڵک و بەکتریا لەسەر ئەو جلانەی بەکاربەران لەناو جلشۆرەکانیان دایان دەنێن، دەگوازرێنەوە بۆ سەر جلەکانی تر. بیر لە تەلەڤزیۆنی لۆسانجلێس بکەوە کە بۆ دوو مانگ خانوویێکی بەکرێ گرت و کۆمەڵێک کامێرای شاراوەی تێدا بەستەوە تاوەکو ئاشکرای بکات تۆ لە راستیدا ناتوانیت هەموو فەرشەکانی ماڵەوەت بە ٩٥,٧ دۆلار خاوێن بکەیتەوە. یان زنجیرەیەک گوزارشی پڕ جەماوەر لە ناوەڕاستی ١٩٩٠ەکاندا لەبارەی سوخمەیەکەوە کە تەلە کانزاییەکانی رەنگە لە خاوەنی سوخمەکە بچەقن.

هەرچەندە ئەم گوزارشکردنە وێ دەچێت کاری لێکۆڵەوانیی رەسەن بێت، زۆربەی کات بەم شێوەیە نییە. یەکەم شت، زۆربەی کارەکە وەک لیز لیمی هەواڵنێری تەلەڤزیۆنی گوتوویەتی گوزارشکردنی لێکۆڵەوانی "تەنیا ئاو زیادکردن"ە. ئەمانە لەلایەن راوێژکارانی هەواڵی تەلەڤزیۆنییەوە دابین دەکرێن کە دەقاودەق نووسراو و وێنە و ئەو شارەزاییانەی پێویستن بۆ دیمانە یان ئەو دیمانانەی کە خۆیان لەسەر کاسێتن و بەتایبەتی بۆ هەڵسەنگاندنی جەماوەرکێشی دانراون، دەدەن بە وێستگەکان. هەندێک بەرهەمهێنی هەواڵی تەلەڤزیۆنی ئەم ئاشکراکاریانە بە "حەپەسێن" ناو دەبەن، داننان بەوەی ئەوان لە بایەخی کاری لێکۆڵەوانی بۆ بینەران فێڵ دەکەن لە جیاتیی ئەوەی لە راستیدا کارەکە پێشکێش بکەن. کێشەی دووەم ئەوەیە ئاشکراکردنی ئەو شتەی بەئاسانی زانراوەیە یان تەنیا شتێکی گشتییە لە نرخی رۆژنامەوانیی لێکۆڵەوانی کەم دەکاتەوە.

چاپەمەنی دەبێتە چیرۆکی شوانی درۆزن. ئەوە توانستی رۆژنامەوانیی لێکۆڵەوانی بۆ راکێشانی سەرنجی جەماوەر گەمژانە بەفیڕۆ دەدات، چونکە ئەمەی چەندین جار لەبارەی بابەتی بێ بایەخەوە ئەنجام داوە. چاودێرایەتی دەگۆڕێت بۆ جۆرێک لە سەرگەرمی.

گرینگیی ئەم گۆڕانە نابێت بەکەم بزانرێت. لە تەلەڤزیۆن، سەرەکیترین دەزگا بۆ هەواڵ، کۆواری قەرەباڵغ و بەشی تیمەکانی لێکۆڵەوانی بەشێوەیەکی کاریگەر شوێنی دۆکیۆمێنتاری یان هەر جۆرێکی تری گوزارشکردنێکی لێکۆڵەوانیی درێژیان گرتووەتەوە. لە ئەنجامدا هەندێک رۆژنامەنووس خەریکە گومان لە رۆڵی فراوانکراوی رۆژنامەوانیی لێکۆڵەوانی پەیدا دەکەن. پەتی کەڵهوونی نووسیاری وێستوێرد، رۆژنامەیەکی نوێ لە دێنڤری کۆلۆرادۆدا لێی بووە پرسیار ئاخۆ ئەوە چ کاریگەرییەکی لەسەر جەماوەرێکدا هەیە کە هیچ رێگەیەکی بۆ جیاکردنەوەی گوتەگوت و راستی نەبوو، کاتێک تێبینیی کرد "پرۆگرامی رادیۆییی گفتوگۆئامێز... دەنگۆ بڵاو دەکاتەوە و ئێستا وا بیر دەکاتەوە گوزارشی لێکۆڵەوانیی کردووە کە نوێیە، بەڵام گوێگرانیشی باشتر لە دی جێیەکانی رادیۆ تێ ناگەن کە ئەو پرۆگرامانە بەو شێوەیە نین".

تەنانەت پشتیوانیی جەماوەر بەگشتی بۆ گوزارشکردنی چاودێرانە خەریکە تووش دەبێت، هەرچەندە سەختیشە نهێنی ئاشکراکردنە بێ بایەخەکانیش بەهۆیەکەی دابنرێت. نیگەرانیی جەماوەر وێ دەچێت لەسەر ستاندارد و تەکنیکەکانی بەکارهاتوو لەلایەن هەواڵنێرانی لێکۆڵەوانەوە وەستابێت. ماوەی سالانێک کاری لێکۆڵەوانیی ئەندروو کۆهات بۆ سەنتەری لێکۆڵینەوەی پیوو بۆ خەڵک و چاپەمەنی، گەیشتبووە ئەو ئەنجامەی پاڵپشتیی جەماوەر بۆ رۆڵی چاودێرانە بە نەگۆڕی مایەوە لە کاتێکدا چاپەمەنی بەگشتی لە ١٩٩٠ەکاندا جەماوەرکێشیی دەستی بەدابەزین کردبوو. لە ١٩٩٧دا کۆهات ئەوەی دۆزییەوە جەماوەر رەخنە لە تەکنیکەکانی وەک خۆنەناساندنی هەواڵنێران و پارەدان بەسەرچاوەکان یان بەکارهێنانی کامێرا یان مایکرۆفۆنی شاراوە دەگرێت.

لە ماوەی دوو دەیەی رابردوودا جەماوەر هەروەها گومانێکی پتری هەبوو سەبارەت بە رەخنەی چاپەمەنی لە سوپا. ژمارەی ئەو کەسانەی پێیان وابوو ئەو گوزارشانە هێزی بەرگریی نەتەوەیی لاواز دەکات لە ٢٨٪ لە ١٩٨٥ بۆ ٤٧٪ لە ٢٠٠٥دا بەرز بووەوە. بەڵام بۆچوونی جەماوەر سەبارەت بە رۆڵی چاودێرانە جیاوازییەکی ئەوتۆی نەدیوە. لەگەڵ گومانبوون لە مامەڵەکردنی حکوومەت لە شەڕی عێراقدا، پاڵپشتیی جەماوەر بۆ رۆژنامەوانیی چاودێرانە بەسەر سەرکردە سیاسییەکانەوە بەرە بەرە بەرز بووەوە. لە ٢٠٠٥دا ٦٠٪ی ئەمەریکاییەکان پێیان وابوو دامەزراوەکانی هەواڵی سەرکردە سیاسییەکانیان لەو شتانەی نەدەبووایە ئەنجامیان بدەن دوور کردووەتەوە، بەرزبوونەوەیەک لە چاو ٥٤٪ی ٢٠٠٣.

## گوزارشکردنی لێکۆڵەوانی وەک لەدادگەدان

هەرچەندە هەموو گوزارشکردنێک کاری لێکۆڵینەوەی تێدایە، ئێمە وا تێ گەیشتووین ڕۆژنامەوانیی لێکۆڵەوانی ڕەهەندێکی ئەخلاقی دەخاتە سەر کارەکە. جەماوەر تێکەڵ بەکارەکە دەکات بۆ ئەوەی حوکم لەسەر نهێنیی هەڵماڵراو بدات و بەو مانایەیە دامەزراوەکانی هەواڵی بە شتێکی گرینگی لە قەڵەم دەدەن شتێکە شایەنی هەوڵێکی تایبەت بێت. لەم ڕوانگەیەدا گوزارشکردنی لێکۆڵەوانی نەک تەنیا تیشکخستنە سەر بابەتێکە، بگرە هەروەها زۆربەی جار دروستکردنی حاڵەتێکی دادگەییانەترە بۆ سەلماندنی چەوتیی شتێک. لێرەدا ڕۆژنامەنووسان پێویستە ئاگەدار بن لەوەی بەڵگەی پێویستیان بۆ کارەکە هەبێت، بەتایبەتیش لەبەرئەوەی بابەتەکان زۆربەی جار دەکرێت وەک نهێنیی ئاشکراکردن یان ڕاپۆرتە هەواڵ بنووسرێن. کاتێک گومان لەوە کرا پزیشکێکی توێکاریی دەوڵەتی نەیتوانیوە بەتەواوەتی لە ڕۆڵی دایکی سەرۆک کلینتۆن (کە پەرستار بوو) لەناو مەرگێکی نائەنقەستدا بکۆڵێتەوە، هەواڵەکەی وەک پەردەهەڵماڵینێک دابەزاند. هەواڵەکە ئاماژەی بەو دەکرد کلینتۆن وەک پارێزگار "ماوەی چەندین ساڵ ڕەتی کردبووەوە پزیشکێکی توێکاریی دەوڵەتی لە کار لابدات کە یەکێک لە حوکمە دژیەکەکانی ڕێخۆشکەر بوو بۆ پاراستنی دایکی کلینتۆنی لە لێکۆڵینەوە لە مەرگی نەخۆشێکدا". کێشەکە لەوەدا بوو کە هەواڵەکە لە بنەڕەتدا سەرشێوێنەر و تەکنیکی بوو و بۆ بڕیاردانی یەکلاکەرەوە سەخت بوو. بۆ نموونە کلینتۆن کە لە هەڵبژاردنەوەی وەک پارێزگار شکستی خواردبوو ئەو کاتەی ڕووداوەکە دایکی تێوە گلابوو، سەری هەڵدابوو لە دەرەوەی ئەو پۆستە بوو. ژمارەیەکی زۆری هەواڵنێرانی تایمز تەنانەت ئەوانەیش کە لە دروستکردنی هەواڵەکەدا بەشدار بوون، ناکۆکییەکی بەهێزیان لەبارەی ڕەوابوونی هەواڵەکەوە هەبوو و پێیان وابوو دەبێت وەک هەواڵی بژاردە بنووسرێت نەک پەردەهەڵماڵین. تەنیا ئەگەر ڕۆژنامەکە هەواڵەکەی بە شێوازێکی تر نووسیبایەوە، هیچ ناکۆکییەک ڕووی نەدەدا. تایمز نەیتوانی لەوە تێ بگات هەواڵی پەردەهەڵماڵین لە ڕاستیدا کورتەیەکی کاری لێکۆڵەوانە و ئەو کەیسەی ڕۆژنامەکە پێشکێشی دەکرد دەبوایە ڕوون و ئاشکرا بێت، ئەگەر هەواڵەکە لەم تاقیکردنەوەیەدا دەرنەچوو، پێویستە وەک شتێکی تر بنووسرێت.

ڕووداوەکە پەنجە دەخاتە سەر کێشەیەکی گرینگ کە لەگەڵ مۆدێلی لێکۆڵەوانیدا دەردەکەوێت. دەزگای هەواڵی بەرامبەر بەو بابەتەی کە شتێکی هەڵە ڕووی داوە، هەڵوێستێک وەردەگرێت. لەبەر ئەوەشە کە ڕۆژنامەوانیی لێکۆڵەوانی بە هەواڵنێریی لایەنگرانە ناوبراوە یان وەک لێس وایتن ناوی دەبات "هەواڵنێرییەکی هاوڕێ لەگەڵ هەستێکی تووڕەیی" و هەر بۆیەش کورتکراوەی کۆمەڵگەی پیشەییانەی Investigative Reporters and Editors (هەواڵنێر و نووسیارانی لێکۆڵەوان) وەک وشەی ire دەنووسرێت. لەبەرئەوەی ئەو شتەی ڕۆژنامەنووسی لێکۆڵەوان ئاشکرای دەکات ڕەنگە

ببێتە مایەی ئابڕووچوون و گۆڕانی ڕەوتی ڕووداوەکانی گشتی، ڕۆژنامەنووسەکە ئەرکێکی قورستری لە ئەستۆدایە نەک تەنیا بۆ سەلماندنی ڕاستییەکە بگرە بۆ بەشینەوەی زانیاری لەبارەی سروشتی سەرچاوەکانی ئەو زانیارییەوە.

بۆب وودوارد دەڵێت ئەو بۆ بەئەنجام گەیاندنی بنەمای چاودێری بەشێوەیەکی بەرپرسیارانە هەوڵ دەدات مێشک کراوە بێت. "ڕەنگە تۆ هەواڵێک بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتیی هەڵمەتی کوتان لەلایەن بەشی تەندرووستیی شارەکەوە دەست پێ بکەیت بەڵام... تێ دەگەیت هەواڵەکە لە ڕاستیدا لەبارەی خراپ بەڕێوەبردنی پرۆسەکەیەوە بەگشتی... تا دەتوانیت لە هەموو ئاراستەیەکەوە بڕوانە". بۆ ئەنجامدانی ئەوەش "دانانی تۆمارێک بۆ ڕووداوەکان و هەوڵدان بۆ ئاخاوتن لەگەڵ هەمووان و بەردەوام دیمانەکردنەوەیان هەندێک لەو کارانەن کە دەیانکەم".

لۆرێتا تۆفانیی براوەی خەڵاتی پولێتزر پشت دەبەستێت بە هێزی ئاخافتن لەگەڵ سەرچاوەگەلی ڕێتێچوو بەشێوەیەکی ڕووبەڕوو و هەروەها بەسەربردنی کاتێکی زۆر لەگەڵیان. ئەو لە هەواڵێکدا لەبارەی شێوازێکی بەربڵاوی زۆرەگێکردنەوە لەناو زیندانی مێریلەنددا، کە ئەو کاتەی ئەو لە واشینتۆن پۆست بوو نووسیبووی، تاوانی وای ئاشکرا کرد کە بەمانای وشەوە لە بەرچاوی کاربەدەستانی یاساییەوە روویان دەدا- تاوانگەلێک کە بەشێوەیەکی گشتی بۆ پۆلیس و دادوەرانەوە ئاشکران. بۆ گەیشتن بەوە، ئەو چەندین مانگ ئێواران پاش کارکردن سەرسەختانە لە دەرگەکانی دەکوتا بۆئەوەی کۆمەڵێک لە شایەتحاڵە ڕێتێچووە هەرە بێ مەیلەکان قسەی بۆ بکەن و ئەو توانی زنجیرەیەک هەواڵ بنووسێت کە بەڵگە بوون لەسەر بەربڵاوبوونی زۆرەگێکردن لەناو سەنتەری دەستبەسەرگرتنی پرینس جۆرج لە مێریلەنددا. لە دواییدا تۆفانی ئەو شتەی بەرهەم هێنا کە نووسیارانی بە نەکردنیان دادەنا: هەواڵێکی بەڵگەدار لەسەر تاوانەکان لە ڕێگەی گواستنەوەی لێدوانی تۆمارکراو و ناوبراوی خەتاباران و قوربانیان و کاربەدەستانی بەرپرسیار کە دەبوایە ڕۆڵیان هەبووایە بۆ ئەوەی تاوانەکان هەر روویان نەدابایە.

وەک تۆفانی گوتی کاتێک بابەتەکان بڵاو بوونەوە هەر هەموو بەڵگەی پێویست "بەئاسانی درا بە حکوومەت... هەموو شتێکی تێدا بوو. تۆمارە پزیشکییەکانی تێدا بوو. ناوی قوربانییانی تێدا بوو. ناوی زۆرەگێکارانی تێدا بوو". ئاشکراکردنی زانیارییەکە بۆ جەماوەر حکوومەتی ناچار کرد ئەو سیستەمە بگۆڕێت کە ڕێگەی بە زۆرەگێکردنەکان دەدا. لە کۆتاییدا، حکوومەت هەموو زۆرەگێکارانی حوکم دا.

هەروەها هەواڵنێرێکی لێکۆڵەوانی تر سوزان کێلێهر کە ئەو کات لەگەڵ ئۆرێنج کۆنتی ڕیجیستر لە کالیفۆرنیادا بوو، گوتوویەتی ئەو بەر لە هەر شتێکی پێوەندیدار بەهەواڵێکی لێکۆڵەوانی لەگەڵ سەرچاوەکانەوە بەدرێژی دەدوێت. بەم شێوەیە ئەوان تێ دەگەن ئەو ڕاستگۆیە و هەروەها تێ دەگەن تووشی چ شتێک دەبن. ئەو گوتی "پێش ئەوەی هەر کەسێک بەناوی سەرچاوەیەکەوە لە

هەواڵێکدا لەگەڵم بەشدار بێت، من پێی دەڵێم چۆن کار دەکەم. پێیان دەڵێم پێویستە دەنگیان تۆمار بکرێت. پێیان دەڵێم بەنیازم لەبارەیانەوە لە خەڵکی تر پرسیار بکەم، ئەوەش کە هەرچەندە من ئەوان بە کەسانێکی باش دەبینم، بەڵام بەنیازم لێیان بکۆڵمەوە... من پێیان دەڵێم (کاتێک رازی بوون قسەم بۆ بکەن، ئیتر تەواو. لە ڕاستیدا ئێوە دەسەڵاتتان نامێنێت، بەڵام دەسەڵاتی ئەوەتان هەیە تا چ ئاستێک حەز دەکەن بەشدار بن و کاتێک دەنگتان تۆمار دەکرێت، ئەگەر شتێک هەیە ئێوە ناتانەوێت من بیزانم، ئیتر پێم مەڵێن لەبەرئەوەیە کە شتەکە تۆمار دەکرێت)".

ئەم ئاستەی راشکاوبوون لەگەڵ سەرچاوەکان ڕێگەی بە کێلێهر داوە پەردە لەسەر هەواڵی سەرسڕمێنەوە هەڵماڵێت. یەکێکیان پێشێلکارییەکانی کلینیکێکی نەزۆکیی دەرخست کە تێیدا هەندێک لە پزیشکەکان بەنهێنی و نایاساییانە هێلکەی زیادەیان لە نەخۆشەکانیان دەبرد و بە نەخۆشەکانی تریان دەفرۆشتەوە. وەک هەواڵی تۆفانی لەبارەی زۆرەگێکردنی ناو زیندانەکەوە، هەواڵی کێلێهر بەهۆی تۆمارە پزیشکییەکان و زانیاریی دەنگیی تۆمارکراو لەلایەن ئەو خەڵکانەی لە پرۆسەکەدا گلا بوون، بەوردی دۆکیومێنت کرابوو. هەروەها وەک هەواڵەکەی تۆفانی ئەوەش خەڵاتی پولێتزری بردەوە.

مایکڵ هیلتزیکی هەواڵنێری لێکۆڵەوان لە بواری بازرگانی لە لۆسانجلێس تایمزدا کە براوەی خەڵاتی پولێتزر بوو گوتوویەتی تاکە گرینگترین تەکنیکی لە پیشەکەیدا "وەدەستهێنانی بەڵگەکانە". ئەو دەڵێت پاشماوەی کارەکە ئاسانە، سەرچاوەی نهێنی و چاوپێکەوتنی نهێنی "هەر هەموو دیکۆری گوزارشکردنی لێکۆڵەوانی کە تۆ لە هۆلیوودا دەیبینیت. بەڵام ئامانجە گشتییەکە ئەوەیە پێویستە هەموو شتەکان بەڵگەدار بکەن. خاڵی گشتی لە سەروو کارکردن لەگەڵ سەرچاوەکان ئەوەیە وایان لێ بکەیت بەرەو ئەو شتانە ڕێنوێنیت بکەن کە تۆ بە دژیەکییەکی ئاشکرایان دادەنێیت". هیلتزیک و هاوکارەکەی چاک فیلیپس بەهاوبەشی خەڵاتی پولێتزریان بردەوە بەبۆنەی هەواڵێک کە ئاشکرای کرد خەڵاتەکانی گرەمی کە وا زانراوە بۆ خێرخوازی بێت، دەرامەتێکی گەورە و قازانجێکی خێرخوازانەی کەمیان هەیە. دامەزرێنەرانی گرەمی بە گرتنەبەری کاری یاسایی و شتی تر هەڕەشەیان لە هەواڵنێران کرد. "ئەوان نەیاندەتوانی دەستمان لەسەر بەرز بکەنەوە، چونکە هەموو شتێک نووسرابوو. کاتێک شتەکە دۆکیومێنت کراوە، هەموو قسە بۆشەکان و هەڕەشەکان بێ مانان. جێی پێت پتەوە".

لەگەڵ پێشکەوتنی سەدەی بیست و یەکەم، شۆڕشی تەکنەلۆجیا و ئەو دامەزراوە ئابوورییەی لێیەوە سەرچاوەی گرتووە، هەلی نوێ دەرەخسێنن و هەروەها هەڕەشە لە چاپەمەنییەکی چاودێریی سەربەخۆش دەکەن. پێوەندیی دیجیتاڵی ڕێگە بە زانیاری دەدات زۆر بەئاسانتری و خێراتری بگوازرێتەوە، بەڵام پێوەندییەکە هەروەها ڕێخۆشکەرە بۆ داهێنانی کۆمپانیای هاوبەشیی نێودەوڵەتی لە بواری پێوەندییەکاندا کە بەرهەڵستی خودی چمکی دەوڵەتی نەتەوەیی دەکەن. وەک

پێشتر باسمان لێوە کردووە، لە زۆر باردا ئەم کۆمپانیا هاوبەشییە ئاوێتە نێودەوڵەتییانە وەک جەنەراڵ ئێلێکتریک و واڵت دیزنی یان کۆمپانیای هاوبەشیی ئێی ئۆ ئێڵ تایم وارنر ڕۆژنامەنووسیان تێهەڵکێش بە کولتووری هاوبەشییە بەرفراوانترەکانیان کردووە. هاوبەندییەکانی ناو کۆمپانیایەکی وەک ئێی ئۆ ئێڵ تایم وارنر بێ ژمارن، بۆیە هەر ئیدیعایەکی ڕۆژنامەنووسانی بۆ سەربەخۆبوون زۆری پێ ناچێت ناواقیعی دەبێت. بۆ هەواڵنێرێکی تایم زۆر سەختتر دەبێت نەک تەنیا ئێی ئۆ ئێڵ، بگرە هەر هەموو تۆڕەکە، بازرگانیی ئینتەرنێتی، سەرگەرمی و تەلەڤزیۆن و پێوەندییەکانی تیلیکۆمی ڕووماڵ بکات. ئەزموون پێشانی دەدات بەتێپەڕینی کات و کاتێک کاربەدەستانی هەواڵی پەروەردەکراو لەم ژینگەیە دەگەنە پۆستی سەرکردایەتی، ئیدی ڕەنگە گێڕانی ڕۆڵی چاودێرانە لەسەر هاوپشکی کۆمپانیای هاوبەشیی خۆت نرخێکی نەبێت.

تیۆری چاپەمەنییەی ئازادی سەرچاوەگرتووە لە ڕۆشنبیری- واتە ئەوەی دەنگێکی سەربەخۆ هەیە بۆ چاودێریکردنی کاریگەرییەکانی دامەزراوە بەهێزەکانی ناو کۆمەڵگە- بووەتە جێگەی گومان. ریفکا ڕۆزنواین لە گوتارێک بۆ هەڵسەنگاندنی کۆمپانیاکانی ئاوێتەکاری میدیاوە لە بریلز کۆنتێنتدا نووسی "ئەم کۆمپانیا ئاوێتەکارانە لە کاری میدیادا گرینگن بەشێوازگەلێک کە کڕیارانی تر گرینگ نین. هەبوونی پێنج یان شەش کۆمپانیای میکانیکی سەرەکی ڕەنگە بەس بێت بۆ پارێزگاریکردن لە کێبەرکێی نرخ و بەرهەم کە تیۆری ئابووریی کۆن و یاسای دژە قۆرخکاری بازرگانی پڕژاونەتە سەری. بەڵام چڕکردنەوەی زۆربەی هێزەکە لە دامەزراندن و دابەشکردنی هەواڵ و بیرۆکە لە پێنج یان شەش کۆمپانیای هاوبەشی ئاوێتەی تایبەت بە میدیای کە کۆمەڵێکی گەورەی بەرژەوەندییەکانە هەیە، هەموو جۆرە کێشەیەکی تر دێنێتە ئاراوە. هیچ نەبێت لەوەی پێوەندیی بەدەربڕینەوە هەبێت تایبەتمەندییەکی جۆرەوجۆرێتیی هەیە کە بەهێزیشە و سنووری تیۆری ئابووریی میکانیکی دەبەزێنێت.

مێژوو ئاماژە بەوە دەدات ئابوورییەکی بازاڕی لە کۆمەڵگەیەکی کراوەدا توانای ئەوەی هەیە خۆی لە ڕەگوڕیشەوە نوێ بکاتەوە و. ئاماژە هەن لەبارەی کاردانەوەی بازاڕ بەرامبەر بە نیگەرانی بۆ لەدەستدانی سەربەخۆیی ڕۆژنامەوانیی ئەمەریکاییەوە. دەیەی ١٩٩٠ەکان پەرەسەندنێکی هەستپێکراوی لە ناوەڕۆک و قووڵایی و سروشتی ڕەخنەئامێزی بەرهەمەکانی بڵاوکراوەکانی سوودوەرنەگرەوە دیت کە چاودێریی چاپەمەنییان دەکرد. ئەوانەش نیمن ریپۆرتز و کۆڵۆمبیا جۆرناڵیزم ریڤیوو و ئەمێریکەن جۆرناڵیزم ریڤیووی دەگرتەوە. لە ١٩٩٨دا ستیڤن بریڵی دامەزرێنەری کۆمپانیای ڕۆژنامەوانی بازاڕێکی بڵاوکراوەی تێبینی کرد کە چاودێریی میدیای دەکرد، بەلەخۆگرتنی چاپەمەنیش و لە پێناو قازانجێکدا کاری دەکرد.

هەرچەندە هەڵمەتەکەی بریڵ وەک پڕۆژەیەکی بازرگانی شکست هێنا، بەڵام وەک مۆژدەی ڕۆڵێکی نوێی سەرەتایی بوو بۆ هاووڵاتییانی لێکۆڵەوان. لە کاتێکدا تاکەکانی بڵۆگەرکاری سەر

ئینتەرنێت لە زیادبووندان، زۆرێکیان دەپرژێنە سەر چاودێریکردنی خودی چاپەمەنی بەلەخۆگرتنی هەوڵەکانی گوزارشی لێکۆڵەوانیش. کۆمەڵگەی بەرژەوەندیخوازی خێرا لەسەر ئینتەرنێت لە درەنگانی ١٩٩٠ەکاندا گەشەیان سەند تاوەکو بەشێوەیەکی کاریگەر پرسیار لەبارەی پەردەهەڵماڵینەکانی چاپەمەنیی ئاراستە بکەن. لە یەکێک لە هەرە بەناوبانگترین حاڵەتەکاندا بلۆگەرێک کە خۆی بە بوکهێد وەسف کرد (بەناوی کۆمەڵگەی ناو ئاتلانتا کە ئەو لێی دەژیا) لە دژی ژمارەی چوارشەمەی سی بی ئێس لە ٢٠٠٤دا لەبارەی پرۆگرامی ٦٠ مینیتسەوە وەستاوە و پێی وابوو لە سالآنی شەڕی ڤێتنامدا گاردی نیشتمانیی تێگزاسی لایەنگریی سیاسیی بۆ جۆرج دەبلیوو بووش هەبووە.

بەرهەڵستیی بوکهێد گومانی خستە سەر راست و دروستیی ئەو بەڵگانەی دان رازر بۆ پشتیوانیکردن لە بۆچوونەکانی بەکاری هێنابوون. هەرچەندە بوکهێد هیچ بەڵگەیەکی راستەقینەی بۆ پشتیوانیکردن لە بۆچوونی خۆی دابین نەکردبوو، لە ماوەی چەند سەعاتێکدا جەماوەرەکەی لەسەر ئینتەرنێت دەنگیان هەڵبڕی و گومان و بڕە داتای سەلمێنەر کە زوو بەدوایەوە هاتن سی بی ئێسی ناچار کرد لە راست و دروستبوونی بۆچوونەکان بکۆڵێتەوە. لە دواییدا، رازر بەئاشکرا هەواڵەکەی بە " هەڵەیەک" ناو برد و داوای لێبووردنی کرد. چوار ئەندامی ستافی سی بی ئێس لە کار لادران، لەوانەش بەرهەمهێنی پایە بەرزی هەواڵەکەی بووش. رازر خۆیشی دواتر لە بێژەرایەتیی هەواڵی ئێوارانی سی بی ئێس نیووز وازی هێنا و زۆری نەبرد یەکێکی تر جێگەی سەرۆکی هەواڵکاریی سی بی ئێس ئەندروو هێیواردیشی گرتەوە.

رەنگە گرینگتر لە شەونخوونیی ئەم میدیا چاودێرانەی ئەو راستییە بێت کە ئامرازەکانی دابینکراو لەلایەن ئەم تەکنەلۆجیایەی پێوەندییە نوێیەکانەوە هەلی ئەوەیان رەخساندووە بۆ ئەوەی لە راستیدا هەر کەسێک چاودێری و تەنانەت ڕکابەرێتیی چاپەمەنی فەرمانڕەوا بکات. هەرچەندە ژمارەیەکی کەم بلۆگەر وێ دەچێت بەم ئاراستەیەدا بڕۆن- واتە بەرهەمهێنانی هەواڵی هاولآتیانە لە ڕێگەی کۆکردنەوەی زانیاری بەشێوەی ریپۆرتاج یان لێکۆڵەوانی- هەندێک رۆژنامەنووسی پێشەوەر گرەوی کارکردن لە دەرەوەی داوودەزگە و ڕێکخراوی دامەزراویان کردووە.

نموونەیەک بۆ ئەم ڕێتێچوونە سەنتەری دەستپاکیی گشتییە لە واشینتۆن کە لە ١٩٩٠ لەلایەن چارڵز لویس، بەرهەمهێنێکی ٣٤ سالآنی پرۆگرامی ٦٠ مینیسی سی بی ئێس نیووز دامەزرا. لویس کە لەژێر پاڵەپەستۆ بۆ بەرهەمهێنانی هەواڵی "سەرنج ڕاکێشتر" و وازهێنان لەو هەوالآنەی داوای کات و هەوڵێکی پتر دەکەن، نائومێد بووبوو، وازی لە کارەکەی هێنا لە پێناو دامەزراندنی جۆرێکی نوێی دامەزراوەی هەواڵی کە "پێویست نەبوو نیگەرانیی جەماوەری شەوانەی نێڵسن یان لانی کەم دوایین ژمارەی ئابوونەدەرانەوە بێت".

بە پاڵپشتیی دارایی دامەزراوەی مرۆڤدۆستانەوە، لویس وۆرکشۆپێکی بۆ رۆژنامەنووسانی

هاوبیری خۆی دامەزراند بۆ هەوسارکردنی هێزی کۆمپیوتەر و دەسەڵاتی وێب. لە ١٩٩٩دا چل دانە لە هەواڵە سەرەکییەکانی سەنتەرەکە بەئاسانی وەرگیران و لەلایەن ئەو دامەزراوە هەواڵییە کۆنەکانەوە کە ئیتر پشتیوانییان لە ستاف نەدەکرد بۆ ئەنجامدانی کاری هاوشێوە، بڵاو کرانەوە.

هەرچەندە ئەو سەنتەرەی لویس دایمەزراند بەباشترین دەستپێشخەرییەکان لە بواری رۆژنامەوانیی سەربەخۆ ناسراوە، دەستپێشخەریی تریش هەن. کۆمپانیای هاوبەشیی سندووقی رۆژنامەوانیی لێکۆڵەوانی یارمەتیی دارایی دەبەخشێت بەو هەواڵنێرانی سەربەخۆیانەی "لە دەرەوە و بێ پاڵپشتیی دامەزراوەی هەواڵیی سەرەکییەوە" کار دەکەن. دەزگای ئالیسیا پەترسن کۆمەکی دارایی بۆ پشتیوانیکردن لەو هەواڵنێر و نووسیارانە دەبەخشێت کە لە دامەزراوە هەواڵییە کۆنەکان کار دەکەن.

ئەنیستیتۆی ئۆپن سۆسایتیی سەر بەدەزگای سۆرۆس بەم دواییانە دەست کردووە بە بەخشینی یارمەتیی دارایی هاوشێوە بۆ هەواڵنێری لەبارەی بابەتی لەدادگەدانی تاوانییەوە. رۆژنامەنووس دێیڤید بێرنهام لەرێگەی پارەدان بەبێ سوودوەرگرتن و هەروەها یارمەتیی زانکۆکانەوە، ئەو سۆفوێری داهێناوە کە رێگە بە رۆژنامەنووسان دەدات بە یارمەتیی کۆمپیوتەر گوزارشی لێکۆڵەوانی لەسەر تۆمارەکانی حکوومەت ئەنجام بدەن. لە ماوەی هەڵبژاردنە سەرەتاییەکانی ٢٠٠٠دا مۆرتن مینتزی رۆژنامەنووس، کە هەواڵنێرێکی لێکۆڵەوانیی کۆنەکاری واشینتۆن پۆست بوو بەبەردەوامی بۆ تۆمپێین دۆت کۆم، هەواڵی لەبارەی ئەو بابەتانەوە دەدا کە لە درێژەی هەڵمەتەکەدا ئاراستە نەدەکران ماڵپەرێکی سوودوەرنەگر کە شرۆڤەکانی لەبارەی ئەو بابەتانەی میدیای گشتییەوە زۆربەی جار پشتگوێی دەخست، بڵاو دەکردەوە.

بە هەمان رادەی کە ئەم هەولانە سەرنج ڕاکێشن، پێویستە بە ساوا و نەگەییو هەژمار بکرێن، ئەمەش بەدڵنیاییەوە بەبەراوردکردنیان لەگەڵ رۆژنامەوانیی گشتیدا. پاڵپشتیی دامەزراوەی مرۆڤدۆستانەی تایبەت بەهەمان ئەو خێراییەی کە دەدرێت، رەنگە نەمێنێت و توانای ئەو هەولانە بۆ پەلکێشکردنی جەماوەر پشت بە سەرنجی دەزگا میدیاییەکانی سوودوەرنەگرەوە دەبەستێت بۆ بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوەکانیان.

سەنتەرەکانی رۆژنامەوانیی سەربەخۆ پێشانی دەدەن چۆن تەکنەلۆجیای نوێ دەتوانێت رێگەی بەرهەمهێنان و گەیاندنی هەواڵ هەموار بکات. لانی کەم رێی تێ دەچێت ئەمە گرەوێک بخاتە بەردەم دامەزراوە هەواڵییە کۆنەکان و ئاماژە بەوە دەدات ئەگەر میدیای کۆن بەهەر شێوازێکی رژدەوە واز لە رۆڵی چاودێری بێنێت، ئەوانی تر ئەو رۆڵە وەردەگرن. تەنانەت هاکەرێکی تەنیاش کە ئێستا خەریکی سەروژێرکردنی داتابێیس و ژووری چاتە دەتوانێت شێوە بە رەوتی هەواڵ بدات یان تەنانەت بیشیسەپێنێت، وەک مەت دراج روونی کردووەتەوە.

بەڵام لە سەرووی بۆچوونی ئۆتۆپیانە لەبارەی تەکنەلۆجیاوە پرسیارگەلێکی ئابووریی کارەکی

هەن کە هێشتا وەڵام نەدراونەتەوە. ئاخۆ هیچ کام لەم دەزگا هەواڵییە نوێیانە سەرنجی ژمارەیەکی بەرچاوی جەماوەر بۆ ئەو شتەی ئەوان دەیانەوێت باسی لێوە بکەن، کۆ دەکەنەوە؟ و ئەگەر بتوانن، ئاخۆ دەکڕدرێن یان تێهەڵکێش دەکرێن بە کولتوورێکی کۆمپانیای هاوبەشیی گەورە کە دامەزرێنەرانیان ویستوویانە لێی رزگار بن؟ لەم ساتەدا وەڵامەکە روون نییە. بەڵام هۆکار هەن بۆ ئەوەی گومانی لێ بکەین. بەشەکانی هەواڵیی تۆڕەکانی تەلەڤزیۆنی روونترین مۆدێلمان لە دامەزراوەیەکی هەواڵیی ئابووریی نوێ پێشکێش دەکەن. ئەوانە یەکەمین دامەزراوە رۆژنامەوانییە سەرەکییەکان بوون کە تێهەڵکێش بە کۆمپانیا هاوبەشییە نارۆژنامەوانییەکانەوە کران. بەڵام کاتێک لە بەرامبەر تەکنەلۆجیای نوێدا بەرە بەرە لە بنەڕەتدا جەماوەریان لەدەست دا، لە ئەرکی رژدی چاودێرانەوە بۆ مۆدێلێکی هەواڵ، تەنانەت هەواڵی لێکۆڵەوانیش، لەسەر شێوەی سەرگەرمی لایان دا. ئەو مۆدێلە، تاکە بەڵگەیەک کە ئێمە ئێستا بۆ کاریگەریی کۆمپانیا هاوبەشییە ئاوێتەکارەکانی جیهانی لە بواری هەواڵ هەمانە، گومانێکی زۆر دروست کردووە کە رۆژنامەوانیی لێکۆڵەوانی بەردەوام لەو ئاستەدا بمێنێتەوە کە ئێمە لە نیو سەدەی رابردوودا پێی ئاشنا بووین.

رۆڵی چاودێرانە لە هیچ رۆڵێکی تر ناچێت. تاکە شتێکی کە بە هەموو رۆژنامەوانیی تر دەچێت، ئەوەیە پێویستی بە شارەزاییی تایبەت، مەزاجێکی تایبەت و برسێتییەکی تایبەتە. هەروەها داوای دڵسۆزیی رژدی سەرچاوەکان و مەیلێک بۆ ئاشکراکردنی نیگەرانییە رژدەکان و چاپەمەنییەکی سەربەخۆ لە هەر بەرژەوەندییەک دەکات جگە لە بەرژەوەندیی دوایین کڕیاری هەواڵەکە. سەرەڕای هەر هەموو ئەو پەسنەی درا. بنەمای چاودێرانە وەک ئەوانی تری لێرەدا باسیان لێوە کرا، ئەمرۆکە لە هەر کاتێک زیاتر تووشی گرەوەی پتر بووەتەوە. بەڵام وەک دواتر دەبینین، سروشتی پەرەگری رۆژنامەوانی وەک کۆربەندێکی جەماوەری شەپۆلێکی نوێی رۆژنامەوانی بەشێوەی راگەیاندن لێ کەتووەتەوە، کە پێویستیی بۆ رۆژنامەوانییەکی چاودێرانەی زیندوو و رژد یەکجار هەستیارتر کردووە. لەم سەدە نوێیەدا پێویستە چاپەمەنی نەک تەنیا چاودێریی حکوومەت بکات، بگرە چاودێریی جیهانی پەرەگری دامەزراوە سوودوەرنەگرەکان، جیهانی کۆمپانیا هاوبەشییەکان و مشتومڕیی جەماوەریی پەرەگریش بکات کە تەکنەلۆجیای نوێ بەرهەمی هێناوە.

ئەمە رێتێچوونی رێبازێکی نوێی رۆژنامەوانی بەهێزتر دەکات. وەک نموونەکەی پێشوو لەبارەی گومانەکانی بڵۆگەرێکەوە سەبارەت بە راست و دروستیی هەواڵێکی نەتەوەیی روونی کردەوە، سەرهەڵدانی هاووڵاتییەکی بەشدار و چالاک بۆ چاودێریکردنی چاپەمەنیی رۆژنامەوانیی چاودێرانە بەرەو ئاراستەیەکی نوێ دەبات. گونجاندنی بنەماکانی رۆژنامەوانی لەگەڵ تەکنیکەکانی بڵۆگەری هاووڵاتی نەک تەنیا ئامرازێکی بەهێزی نوێ بۆ هەواڵنێریی چاودێرانەوە بەرهەم دێنێت، بگرە دەبێتە هۆی دانانی بەپێویستی بۆ رۆژنامەوانییەکی دامەزراوە لەسەر هاوکاریی نێوان چاپەمەنی و جەماوەر.

# تێما: چیاپاز
# لە خەباتی چەکدارییەوە بۆ خەباتی سیڤیل و مەدەنی

جێگری فەرماندە مارکۆس

## بەشی یەکەم

### دوو سەرنج

– بزووتنەوەی چەکداریی چیاپاز لە مێکزیکۆ یەکێک لە نوێترین و سەرنج ڕاکێشترین بزووتنەوەکانی جیهانە. یەکێک لە ڕێبەرانی ئەم بزووتنەوەیە مارکۆسی بەنێوبانگە کە وەک ڕووناکبیرێکی گەورە لە ئاستی جیهاندا ناسراوە. هەقی خۆیەتی ئەگەر بۆ یەکەم جاریش بووە نووسینێک لەسەر چیاپاز و بزووتنەوەی زاپاتیستەکان لە میدیای کوردیدا بڵاو بکرێتەوە. ئەمە لەلایەک هەستی دڵسۆزی و هاوخەباتی نووسەری ئەم بابەتە بۆ کێشەی گەلی ئیندیانی مێکزیکۆ بە تایبەتی و بزووتنەوەی سیڤیل و دیمۆکراتیکی دژی بازاڕی گلۆبالیزەیشن بەگشتی نیشان دەدا و لەلایەکی تریشەوە کوردان دەتوانن بە خوێندنەوە لەسەر کێشەی گەلی ئیندیان و خەباتی دیمۆکراتی و هاوچەرخانەی بزووتنەوەکانی ئەمەریکای لاتین ئەزموون وەربگرن و لە تێشووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی خۆیاندا کەڵک لەو ئەزموونانە وەربگرن.

– نووسینی یەکەم، وەرگێڕانی بەشێک لە نووسینێکی ئەکادیمی بە زمانی سوێدییە کە ساڵی ٢٠٠٣ لەلایەن منەوە لە دێپارتمێنتی "لێکۆڵینەوە لە شەڕ و ئاشتی" لە زانکۆی ئوپسالادا بە زمانی سوێدی نووسراوە.

نووسینی دووەم، بەشی یەکەمی نووسینێکی دوور و درێژی مارکۆسە بەناوی حەوت بیر لەسەر جیهان. مارکۆس لەم نووسینەدا باسی حەوت باس وەک تیۆری، دەوڵەتی نەتەوەیی و شار،

..........................................................................

وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: سیاوەش گۆدەرزی




سیاسەت، شەڕ، کولتوور و بەرهەڵستکاری و خۆپێشاندان دەکا. لێرەدا تەنیا بەشی یەکەمی باسەکە "تیۆری" بڵاو دەبێتەوە. ژێردێرەکە بە ناوی "تیۆر، ڕووناکبیر و بزووتنەوە گەلییەکان" لەلایەن وەرگێڕەوە داندراوە.

## کورتەیەک

کێشەی دوور و درێژی چیاپاز لە مێکزیکۆ لە ساڵی ١٩٩٤ گەیشتە چڵەپۆپەی توندوتیژی ئەو کاتەی کە ڕێکخراوی "EZLN Ejército Zapatista de Liberación Nacional" (ئەرتەشی ڕزگاریدەری نەتەوەیی زاپاتیستەکان) دەستی دایە هێرشێکی چەکدارانە بۆ سەر بنکەکانی پۆلیسی مێکزیکۆ. ڕاپەڕینی چەکدارانەی زاپاتیستەکان کە لە ڕۆژی ١ی ژانویەی ١٩٩٤ بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو دەستی پێ کرد، لە ڕاستیدا چەند ساڵ پێش لەو ڕێککەوتە گەڵاڵەڕێژی کرابوو. لەم هێرشە چەکدارییەدا زاپاتیستەکان چوار شارۆکەیان گرت و بە تەواوی خستیانە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان، بەڵام هەر زوو لەلایەن هێزە نیزامییەکانی مێکزیکۆوە پاشەکشەیان پێ کرا. پاش ١٢ ڕۆژ شەڕ و پێکدادان لەلایەن دەوڵەتی مێکزیکۆوە ئاگربەستێکی یەکلایەنە ڕاگەیەندرا و داوا لە زاپاتیستەکان کرا کە ئامادەی خۆیان بۆ وتووێژ لەگەڵ دەوڵەت دەرببڕن.

هەژاری، برسییەتی و نەبوونی دیمۆکراسی لە هۆکارە بنەڕەتییەکانی ئەم کێشەیەیە.

نایەکسانیی دابەشکرانی سامان و داهاتی وڵات ڕەنگە یەکێک لە سەرچاوە گرینگەکانی ئەم کێشەیە بێ، بەڵام لەژێر ستەم مانەوەی ئیتنیکی و زۆر فاکتۆری تری ئابووری و سیاسی دەتوانن وەک هۆکارەکانی تری کێشەی چیاپاز پێناسە بکرێن.

پاش ڕاپەرینی ١٩٩٤ حکوومەت ژمارەیەکی یەکجار زۆری هێزی نیزامیی لە ناوچەکانی چیاپازدا جێگیر کردووە. ڕاپۆرتی ڕێکخراوە خێرخوازەکان نیشان دەدا کە هێزە نیزامییەکان و هەروەها گرووپە چەکدارەکانی سەر بە حکوومەت لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ وەک کوشتن و لەنێوبردنی زاپاتیستەکان و خەڵکی سیڤیلدا دەستێکی باڵایان هەیە. ڕێکخراوی لێبووردنی گشتی لە نوێترین ڕاپۆرتی ساڵانە ٢٠٠٣ی خۆیدا حکوومەتی مێکزیکۆی بەهۆی لەژێرپێنانی پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ تاوانبار کردووە. لەو ڕاپۆرتەدا ئاماژە بە کوشتن، ئەشکەنجەدان و بەندکردنی زاپاتیستەکان و خەڵکی سیڤیل لەلایەن هێزەکانی حکوومەتەوە لە ناوچەی چیاپاز کراوە. سەرەڕای ئەمە هەر لە ساڵی ١٩٩٤وە هەتا ئێستا حکوومەتی مێکزیکۆ و ڕێکخراوی EZLN لە هەوڵی ئەوەدان بگەنە چارەسەرییەک بۆ کێشەکە بەڵام هەتا ئێستا نەگەیونەتە ڕێککەوتنێکی بنەڕەتی.

## مێژوو، کێشە و هۆکارە سەرەکییەکانی کێشەکە

مێکزیکۆ بەپێی نۆرمەکانی ڕۆئاوا وڵاتێکی دیمۆکراتییە و سیستەمی حکوومەتەکەی فیدرالییە کە لە ٣١ حکوومەتی ناوچەیی فیدراڵ پێکهاتووە. سەرکۆمار هەر شەش ساڵ جارێک هەڵدەبژێردرێ، بەڵام بەپێی قانوونی بنگەیی بۆی نییە بۆ جاری دووەم خۆی کاندید بکاتەوە. سەرکۆمار دەستەڵاتێکی یەکجار زۆری هەیە و لە بەرانبەر کۆنگرێس کە سەرجەم لە ٥٠٠ نوێنەر و سێنات کە لە ١٢٨ نوێنەر پێکهاتووە، بەرپرسە. سەرکۆماری ئێستا ناوی ڤیسێنت فۆکس Vicente Fox کە سەر بە حزبی ڕاستڕەوی PAN Partido de Accion Nacionalە، حزبی PAN ساڵی ٢٠٠٠ توانی کۆتا بە دەستەڵاتی حەفتا ساڵەی حزبی سۆسیال دیمۆکراتی PRI Partido Revolucionario Institutucinal بێنی. حزبی سۆسیال دیمۆکراتی PRI هەر لە ساڵی ١٩٢٩ هەتا ٢٠٠٠ بۆ ماوەی حەفتا ساڵ دەستەڵاتی بەدەستەوە بوو. حزبی سۆسیال دیمۆکرات بەهۆی بەستراوەیی قایمی بە سەندیکای کرێکارییەوە، لە ماوەیەکی دوور و درێژدا توانیویەتی دەستەڵات بەدەستەوە بگرێ و وڵات بەشێوەیەکی تاک حزبی بەڕێوە بەرێ. ئەڵبەت نابێ ئەوەش لە بیر بکرێ کە هەتا ساڵی ١٩٥٠ ئەم حزبە تاقە حزبی قانوونی مێکزیکۆ بووە و حزبی تر بۆیان نەبووە لە هەڵبژاردندا بەشداری بکەن. لە دەیەی پەنجاکانەوە بە دواوە وردە وردە ئاڵوگۆڕ و ریفۆرم لە سیستەمی بەڕێوەبەری وڵاتدا کراوە و ڕێکخراوی تر بۆیان هەبووە لە هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا بەشداری بکەن. بەڵام لە هەمان کاتدا حزبی سۆسیال دیمۆکرات بۆ مانەوەی لەسەر دەستەڵات هەموو چەشنە کارێکی دزێویی وەک فێڵ و تەڵەکە و بەرتیل دانی ئەنجام داوە و بەهۆی مانەوەی دوور و درێژی لە

دەستەڵاتدا تووشی گەندەڵی هاتبوو.

کاتێک لە دەیەی ١٩٧٠دا نرخی نەوت لە بازاڕی جیهانیدا بەرز بووەوە، مێکزیکۆ وەک ئەندامی ڕێکخراوی Opec بەهۆی فرۆشتنی نەوتێکی زۆرەوە، خەزانەی حکوومەتی دەوڵەمەند کرد و ئەمەش بووە هۆی پێشوەچوونی ئابووری لەم وڵاتەدا. نرخی بەرزی نەوت و پێشوەچووەنە ئابوورییەکان وایان کرد کە حکوومەتی مێکزیکۆ قەرزێکی زۆر و زەبەن لە سندووقی دراوی جیهانی IMF وەربگرێ بۆ وەگەڕخستنی زیاتری ئابووریی وڵات. بەڵام کاتێک لە ساڵی ١٩٨٢دا نرخی نەوت دابەزی، مێکزیکۆ نەیتوانی قەرزەکانی خۆی لە کاتی خۆیدا بداتەوە و ئەمەش وای کرد کە حکوومەت بکەوێتە ژێر قەرزێکی زۆرەوە و هەر بۆیە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو زەرەر و زیانەی وێی کەوتبوو، لە ریفاه و چاک بژیی خەڵکی داشکاند و خەڵکی فەقیر و هەژار زۆر زەرەرمەند بوون. بۆ ئەوەی جارێکی تر گیان وەبەری باری شڕی ئابووریدا بکرێ، دەست کرا بە هێندێک ریفۆرمی رادیکاڵی ئابووری وەک فرۆشتنی داوودەزگای دەوڵەتی بە تاکەکەس. ئەم پێشنیازە بۆ چارەسەری باری ئاڵۆزی ئابووری لەلایەن سیاسییە نوێ لیبراڵە لە ئەمەریکا دەورەدیتووەکان، ئابووریزانەکانی بانکی جیهانی و سندووقی دراوی نێودەوڵەتی IMF پێشنیاز کرابوو. لەم ئاڵوگۆڕانەدا بە زۆری خەڵکی هەژار کە زۆرایەتیی وڵاتی مێکزیکۆ پێک دێنێ، زەرەرمەند بوون.

مێکزیکۆ وڵاتێکە کە سیاسەتێکی بەهێزی بازرگانی و ئابووری بەڕێوە دەبا و لەگەڵ وڵاتانی تر ڕێککەوتنی ئابووری دەبەستێ. مێکزیکۆ ئەندامی OECD و NAFTA North American Free Trade Trade Agreement یەوە هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٣وە لەگەڵ یەکەتیی ئەوروپا EU پەیماننامەی بازرگانیی هەیە. یەکێک لە مەبەستەکانی مێکزیکۆ بۆ چوون بۆ نێو پەیماننامەی نافتا ئەوە بوو کە باری کشتوکاڵی وڵات بە تەواوی بگۆڕێ و مۆدێرنیزەی بکا. واتە کشتوکاڵی لە شێوەی ترادیسیۆنی خاوەن موڵکی چووکە چووکە بگۆڕێ و دەوڵەمەندەکان بە کڕینی زەویوزاری زۆر بتوانن سەرمایەکەی خۆیان لە کشتوکاڵیدا بخەنە گەڕ (Kumm1994:22). هەر بۆیە پەیماننامەی نافتا بوو بەهۆی ئەوەی وەرزێرە هەژارە کەمداهاتەکان زەرەری زۆر ببین و جوتێرە کەمدەستەکانی گەنمەشامی نەتوانن لە بەرامبەر گەنمەشامیی ئامەریکاییەوە خۆ بگرن و ئەو داهاتە کەمەش کە پێشتر وەدەستیان دەکەوت، نەیەتە دەستیان. پەیماننامەی نافتا بووەتە هۆی ناڕەزایی دەربڕینێکی زۆر لەلایەن جووتێرەکانەوە. هەر بۆ نموونە لە ساڵوەگەڕی بەستنی ئەم پەیماننامەیەدا لە مانگی ژانوییەی ساڵی ٢٠٠٣ زیاتر لە ١٠٠٠٠٠ جووتێر لە دژی حکوومەت لە شاری مێکزیکۆسیتی خۆپێشاندانیان کرد (Gustavsson, 2003). لە هەمان کاتیشدا ئەوە جێگەی سەرەنجە کە ڕاپەڕینی چەکدارانەی زاپاتیستەکان ڕاست هەر لە ساڵوەگەڕی بەستنی پەیماننامەی نافتادا دەستی پێ کرد و ئەمەش ئەوەی نیشاندا کە لە پەیماننامەکەدا بەرژەوەندیی جووتێرە هەژارەکان ڕەچاو نەکراوە (Blome, 2001:17). وەک گوترا هەژاری یەکێک لە هۆکارە گرینگەکانی ڕاپەڕینی چەکدارانەی زاپاتیستەکان بوو. ئەمەش کاتێک دەردەکەوێ کە بزاندرێ کە ڕێژەی پەنجا لە سەدی

تەواوی داهاتی وڵاتی مێکزیکۆ دەچێتە گیرفانی تەنیا ڕێژەی پێنج لە سەدی دەوڵەمەندەکانی ئەو وڵاتە. هەروەها ڕاپۆرتێکی OECD نیشان دەدا کە ڕێژەی دوو لە سێی خەڵکی مێکزیکۆ لە هەژارییەکی تەواودا دەژین. دە ملیۆن خەڵکی ئیندیانی چیاپاز هەرە هەژارترین دانیشتوانی مێکزیکۆ پێک دێنن (Gustavsson,2002,:39). بەپێی ڕاپۆرتێکی UNDPی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێژەی هەژاریی خەڵکی مێکزیکۆ لە ساڵی ١٩٩٤وە لە ٣٠ لە سەدەوە هەتا ساڵی ٢٠٠١ بەرەو ٧٠ لە سەد بەرز بووەتەوە. ئیمڕۆ لە وڵاتی مێکزیکۆدا زیاتر لە ٣٠٠٠٠٠٠٠ مرۆڤی هەژار دەژین (Levin, 2003:11-13).

حکوومەتی ناوچەیی فیدراڵی چیاپاز هاوسنوورە لەگەڵ وڵاتی گواتمالا و بەم شێوەیە دەبێتە یەکێک لە باشوور ڕۆهەڵاتیترین حکوومەتی ناوچەیی مێکزیکۆ. لەو دە ملیۆن ئیندیانانەی کە لە میکزیکۆ دەژین، یەک و نیو ملیۆنی لە چیاپاز دەژین. ناوچەی چیاپاز وەک ناوچەیەکی بە سروشت دەوڵەمەند و بە خەڵک هەژار ناسراوە"a rich land, a poor people". نزیک بە ڕێژەی ٥٤٪ لە ڕێژەی گشتیی کارەبای مێکزیکۆ، ڕێژەی١٣٪ بەرهەمی گشتیی گەنمەشامیی مێکزیکۆ، ڕێژەی ١٣٪ لە ڕێژەی گشتیی گازی سروشتیی مێکزیکۆ و ڕێژەی ٤٪ لە ڕێژەی گشتیی نەوتی مێکزیکۆ لە ناوچەی چیاپازەوە سەرچاوە دەگرێ. سەرەڕای هەموو ئەم دەوڵەمەندییە، چیاپاز بەیەکێک لە هەژارترین حکوومەتە ناوچەکانی مێکزیکۆ ناسراوە. لە گوندە ئیندیاننشینەکاندا زۆرجاران خەبەرێک لە کارەبا و ئاوی لوولە نییە. دامەزراوەی دەرمانی و لەشساخی بەباشی کاری خۆی ناکا. نەخوێندەواری بە ڕێژەی ٥٠٪ لەنێو گەورەساڵاندا هەیە لە کاتێکدا ئەم ڕێژەیە تەنیا بە ڕێژەی ١٢٪ لە ناوچەکانی تری مێکزیکۆدایە. بە هۆی کاری قورس و لە ڕادەبەدەر تەمەنی مامناوەندیی خەڵکی چیاپاز ٤٥ ساڵە. جیاوازیی نێوان هەژارەکان کە بە زۆری لە ئیندیانەکانن و دەوڵەمەندەکان کە لە خەڵکی مێستیسن (دوو ڕەگەی سپانیایی و ئیندیان) پێک دێن یەکجار زۆرە (Gustavsson, 2 002:39).

لەلایەن دەوڵەتی مێکزیکۆوە، ئەنستیتۆی نەتەوەیی ئیندیانەکان INI Nationella indianinstitutet بۆ زیندووکردنەوەی پیشەسازیی خۆماڵی و ڕاکێشانی توریست و هەروەها دابەشکردنی کۆمەکی دەوڵەتی بەسەر جووتیارە ئیندیانەکاندا لە دەیەی شێستەکاندا دامەزرا. دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوەیە لە کاتی خۆیدا بووە هۆی پەرەگرتنی هەستی ئیتنیکی لەنێو ئیندیانەکاندا و دروستبوونی هەویەتێکی هاوبەش لەنێو ئیندیانەکاندا. ڕێکخراوێک کە دەوڵەت بەمەبەستی تایبەتی ئابووری دایمەزراندبوو لە ڕاستیدا ئاکامی بەپێچەوانە و دژ بەدەوڵەتی لێ کەوتەوە. ئەم ڕێکخراوەیە سەرەڕای شوێندانەری لەسەر وشیارکردنەوەی هەستی ئیتنیکی سەرەنجام لەبەر بەستراوەی بە دەوڵەت و پەرەگرتنی دزی و بەرتیلخواردنی ناوخۆییی ڕێکخراوەیی، نەیتوانی سەرنجی ئیندیانەکان بۆ لای خۆی ڕاکێشێ و ئاخرەکەی تەریک و مارجینالیزە بوو. هەر بۆیە ساڵی ١٩٨٠ ئیندیانە جووتێرەکان بۆ خۆیان بۆ یەکەم جار ڕێکخراوێکی سەربەخۆ و نەبەستراوە

بە دەوڵەتی مێکزیکۆیان بە ناوی Union de Union". دادەمەزراند. ڕێکخراوی جووتیاران پێش هەموو شتێک لە حزبی PRI و دەوڵەت دوورەپەرێزی کرد و وەک ستراتیجی داوای مافی دابەشکردنی زەویوزاری بۆ جووتیارە بێ زەوییەکان هێنایەوە ڕۆژەڤی خەباتی ڕێکخراوەییی خۆیەوە. دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوەیە لە خۆیدا نیشان دەدا کە کێشەی نێوان ئینندیانەکان و حکومەتی مێکزیکۆ مێژووییەکی دوور و درێژی هەیە و کێشەی ئینندیانەکان تەنیا ناگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی خەباتی چەکداری لەساڵی ١٩٩٤دا. لەلایەکی ترەوە لە باری ترادیسۆن و ئەزموونی مێژووییەوە ناوچەی شاخاویی چیاپاز لە ڕابردوودا هەمیشە جێگەی شەڕوشۆڕ بووە و بێجگە لە هۆکاری هەژاری، نایەکسانی و پێشێلکردنی مافی ئیتنیکی ئینندیان، هەڵکەوتەی جوگرافیایی چیاپاز دەتوانێ هۆکارێکی تری سەرهەڵدانی چەکدارانەی ١٩٩٤ بێ.

## سەرهەڵدانی چەکدارانەی ١٩٩٤

ڕۆژی یەکی ژانویەی ساڵی ١٩٩٤ لە ساڵوەگەڕی بەستنی پەیماننامەی بازرگانیی نافتا ڕێکخراوی EZLN لە هێرشێکی چەکدارانەدا چوار شارۆکەی لە هێزەکانی پۆلیس پاک کردەوە و بەم شێوەیە شەڕی لە دژی حکومەتی مێکزیکۆ ڕاگەیاند. مەبەستی سەرەکی لە سەرهەڵدانی چەکداری ئەوە بوو کە وێڕای زاپاتیستەکان خەڵکیش ڕاپەڕێ، ڕاپەرین هەموو مێکزیکۆ بتەنێتەوە و دوایەش سەرکۆمار لە مێکزیکۆسیتی لەسەر کار لاببرێ (Blome, 2001:17). لە یەکەم ڕۆژی ڕاپەڕیندا زاپاتیستەکان یازدە داواکارییان وەک کار، زەوی، خانوو، خواردن، لەشساخی، پەروەردە، سەربەخۆیی، ئازادی، دیمۆکراسی، یەکسانی و ئاشتی خستە بەردەم حکوومەت (Gustavsson 2002:10). دەوڵەت لە یەکەم دژکردەوەدا هۆکاری هەڵایساندنی ڕاپەرینی مەشرووع و لیگیتیم زانی و پێی لە هەڵەکانی خۆی لە بەرانبەر ئینندیانەکاندا نا، بەڵام لە هەمان کاتدا پێی لەسەر ئەوە داگرت کە شەڕ و بەکارهێنانی توندوتیژی ناتوانێ هیچ کێشەیەک چارەسەر بکا و داوای لە زاپاتیستەکان کرد کە چەکەکانیان دابنێن. کە زاپاتیستەکان وەڵامی ئەم داوایەی دەوڵەتیان نەدایەوە، هێزە نیزامییەکان دژە هێرشێکی توند و بەربڵاویان کردە سەر زاپاتیستەکان و بەرەو چیاکان پاشەکشەیان پێ کردن. لەم هێرشەی حکوومەتدا لە هەلیکۆپتەر کەڵک وەرگیرا و گوندەکانی سەر بە زاپاتیستەکان بۆمباران کرا.

ڕێکخراوی EZLN بۆ خۆی دەڵێ لە ماوەی دە ساڵی تەواودا ئامادەکاریی ئەو هێرشەیان کردووە. خاڵێکی زۆر بەرچاو لە پێوەندیی ئەم سەرهەڵدانە چەکدارییەدا ئەوە بوو کە لە ماوەی چەند ساعەتێکدا هەواڵی شەڕەکە لە هەموو جیهاندا بڵاو کرایەوە و بە سەدان و هەزاران ڕۆژنامەنووس و هەواڵنێر ڕوویان لە ناوچەی چیاپاز کرد. جێگری فەرماندەی نیزامی گشتیی زاپاتیستەکان مارکوس، زۆر زیرەکانە لەگەڵ میدیا دەپەیڤی و بەجۆرێک سیمپاتی بیروڕای گشتیی بۆ لای کێشەی چیاپاز ڕادەکێشا. سەرنجی میدیا بۆ سەر هەواڵی بۆمباران و کوشتن و

بریندداربوونی خەڵکی ئاسایی، شەپۆلێکی ڕەخنە و بێزاری چ لە ناو و چ لە دەرەوە لە دژی دەوڵەتی مێکزیکۆ وەڕێ خست. بە تایبەتی لە ناوخۆی مێکزیکۆ دەنگی بێزاری زیاتر بەرز کرایەوە و لە ئاکامدا دەوڵەت یەکلایەنە ئاگربەستی ڕاگەیاند. سەرەککۆماری ئەودەم Salians لە ڕۆژی ١٢ی ژانویە واتە تەنیا ١٢ ڕۆژ پاش ڕاپەڕینەکە، ئاگربەسی یەکلایەنەی وێڕای دەرکردنی لێبووردنی گشتی بۆ زاپاتیستانەی کە چەکەکانی خۆیان دادەنا، ڕاگەیاند. وەزیری دەرەوەی مێکزیکۆ Manuel Camacho وەک سەرۆکی وتووێژ و هەروەها قەشەی بەناوبانگ Samuel Ruiz وەک ناوبژیوکەر لەلایەن دەوڵەتەوە دیاری کرا. ڕێکخراوی EZLN بە شێوەی پرەنسیپی داوای وتووێژی پەسند کرد، بەڵام لە هەمان کاتدا ناڕازیبوونی خۆی لە بەرانبەر کار و کردەوەکانی دەوڵەت و بە تایبەت داواکاری چەکدانان و خۆتەحویلدانی ڕەد کردەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا لە دیاریکردنی سامۆئێل ڕۆیس کە بە دۆست و لایەنگری هەژارەکان بە نێوبانگ بوو، ڕەزامەندیی خۆی دەربڕی. لە یەکەم دانیشتنەکاندا حکوومەت داواکاریی مەتریالی زاپاتیستەکانی وەک باشترکردنی باری پەروەردە، لەشساخی، خانووبەرە پەسند کرد، بەڵام حازر نەبوو کێشەی سیاسیی وڵات لەگەڵ زاپاتیستەکان بێنێتە گۆڕێ، چونکە کێشەی زاپاتیستەکانی بە کێشەیەکی ناوچەیی دەزانی و نەیدەویست ئەو کێشەیە بگەیەنێتە ئاستێکی نەتەوەیی (Gustavsson 2002:13-14).

بەپێی هێندێک سەرچاوە، هێرشی زاپاتیستەکان لەلایەکەوە و دژە هێرشی دەوڵەت لەلایەکی ترەوە سەرجەم بوو بەهۆی کوشتنی ٤٠٠ کەس، بەڵام ڕێکخراوی لێبووردنی گشتی Amnesty International لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیدا لە ساڵی ١٩٩٥ تەنیا ئاماژە بە کوژرانی ١٤٥ کەس دەکا. هەر بەپێی ڕێکخراوی لێبووردنی گشتی Amnesty International لە ماوەی ١٢ ڕۆژ شەڕدا بێجگە لە کوژرانی ڕاستەوخۆ لە شەڕدا، هێندێک زاپاتیست لەلایەن حکوومەتەوە گوللەباران کراون.

## لایەنە دژبەرەکانی کێشەکە

### EZLN

ڕێکخراوی EZLN Ejército Zapatista de Liberación Nacional لەسەر پاشماوەی ڕێکخراوی FLN سەری هەڵدا کە لەپاش سەرکوتی بزووتنەوەی خوێندکاری ١٩٦٨ لە مێکزیکۆسیتی کە لەودا ٢٠٠ خوێندکار کوژران، دامەزرابوو. زۆربەی دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی FLN لە خوێندکار و ئەکادیمییە چەپەکان پێکهاتبوون. یەکێک لە دامەزرێنەرەکانی ئەو ڕێکخراوەیە مامۆستای زانستگە مارکۆس بوو کە دواتر بوو بەجێگری فەرماندەی گشتیی زاپاتیستەکان. FLN ڕێکخراوێکی مارکسیست – لینینیست بوو. ئەم ڕێکخراوە لە سەرەتای ساڵەکانی ٨٠دا چەند کەسێک و یەک لەوان مارکۆس بۆ ئامادەکاریی کاری خەباتی چەکداری ناردە چیاکانی چیاپاز. ساڵی ١٩٩٣ مارکۆس پێشنیازی بە سەرکردایەتی کرد کە ئامادەکارییەکانی خەباتی چەکداری کراوە و ئێستا کاتی هاتووە دەست بە شەڕی چەکداری بکرێ. بەڵام ئەم پێشنیازە لەلایەن سەرکردایەتی ڕەد کرایەوە، چونکە پێیان

وابوو کە خەباتی چەکداری بێجگە لە خۆکوژییەکی بە کۆمەڵی سیاسی ئاکامێکی تری لێ وەرناگیردرێ، بە تایبەتی ئەوە یەکەتیی سۆڤیەتی ڕووخاوە و ئاسۆی خەباتی چەکداری ڕوون نییە. بەڵام مارکۆس پێی لەسەر بیروڕاکانی خۆی گرت. بۆچوونەکانی مارکۆس لەلایەن زۆربەی سەرکردایەتییەوە ڕەد کرایەوە، بەڵام لەلایەن ئینديانەکانی چیاپاز کە لەو ماوەیەدا مارکۆس خۆی لێ نزیک کردبوونەوە، پەسند کرا و ئەمەش بوو بەسەرەتای دامەزراندنی ڕێکخراوی EZLN و پاشان سەرهەڵدانی خەباتی چەکداری ساڵی ١٩٩٤ Gustavsson، 2002:35-37, 44-47 و هەروەها لێکدابڕان و پەرش و بڵاوی ڕێکخراوی FLN. ڕێکخراوی EZLN خۆی بە درێژەدەری ڕێگەی ئیمیلیانۆ زاپاتا Emiliano Zapata دەزانێ کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە نێوان ساڵەکانی ١٩١٠ هەتا ١٩١٩ جووڵانەوەیەکی جووتیاری یان وەرزێری لە دژی خاوەن موڵکە گەورەکان ڕێبەری کرد و ئێستا لە مێکزیکۆ وەک قارەمانێکی نەتەوەیی دەناسرێ. هەر بۆیە ئەندامان و لایەنگرانی ڕێکخراوی EZLN بە خۆیان دەڵێن زاپاتیست. EZLN بۆ خۆی لە دوو بەشی سیڤیل و نیزامی پێکهاتووە کە بەشە سیڤیلەکەی FZLN و بەشە نیزامییەکەی EZLN پێ دەگوترێ. ڕێکخراوی EZLN پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەتایبەتی لەنێو ئینديانەکانی چیاپازدا هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی چەپ، فیمینیست و ئینديانەکانی تەواوی مێکزیکۆ پشتگیریی لێ دەکەن (Andersson, 2001:139-142).

سەرەڕای ئەوەی EZLN داخوازی ئاڵوگۆڕیی گەورەی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی لە هەموو مێکزیکۆدا دێنێتە گۆڕێ، بەڵام بەپێی ستراتیجی و پرۆگرامەکەی نایەوێ دەستەڵاتی سیاسی لە وڵاتدا بە دەستەوە بگرێ. لە هەمان کاتدا دوژمنایەتیی توندوتیژ لەگەڵ حزبە سیاسییەکانی مێکزیکۆدا ناکا و هەمیشە خوازیاری دیالۆگ و بە ئاشتی چارەسەریکردنی کێشەکانە.

## دەستە و گرووپی لایەنگری EZLN

یەکێک لەو ڕێکخراوانەی کە خۆی وە پاڵ زاپاتیستەکان داوە و لایەنگرییان لێ دەکا، ڕێکخراوێکە بە ناوی Las Abejas کە لە ساڵی ١٩٩٢ دامەزراوە. ئەم ڕێکخراوەیە، ڕێکخستنێکی پاسیفیستی مەزهەبی کاتۆلیکییە کە لەنێو ئینديانەکاندا تێکۆشانی هەیە. ڕێکخراوی Las Abejas دژی خەباتی چەکداریی زاپاتیستەکانە، بەڵام لە هەمان کاتدا لە داخوازە سیاسییەکانی زاپاتیستەکان و بە تایبەتی لە داخوازیی باشترکردنی هەلومەرجی خراپیی ئینديانەکان پشتیوانی دەکا (Andersson, 2001:168-169).

## دەوڵەتی مێکزیکۆ

لە پەرلەمان یان کۆنگرێسی مێکزیکۆدا سێ حزبی گەورەی سیاسی هەن وەک حزبی ڕاستڕەوی PAN Partido de Accion Nacional کە ئێستا دەوڵەتی بەدەستەوەیە و سەرکۆمار فۆکس هەر

لەلایەن ئەم حزبەوەیە. حزبی سۆسیال دیمۆکراتی (PRI Partido Revolucionario Institutucinal) کە هەتا ساڵی ٢٠٠٠ بۆ ماوەی حەفتا ساڵ دەستەڵاتی بەدەستەوە بوو، هەروەها حزبی چەپی PRD (Partido de la Revoucion Democratica) کە خوازیاری ریفۆرم لە سیتەمی کاپیتالیستی وڵات دایە .The Europe World:2003

## دەستە و تاقمی لایەنگری دەوڵەت

لە ناوچەی چیاپازدا بە دەیان دەستە و گرووپی پارامیلیتار یان کۆنتراگریلا کە ناڕاستەوخۆ پێوەندییان بە دەوڵەتەوە هەیە، لە دژی زاپاتیستەکان تێکۆشانیان هەیە. دەگوترێ کە ئەو دەستە و گرووپانە چەک و پارە لە ئەرتەش وەردەگرن و هەروەها لەلایەن ئەوانەوە پەروەردەی نیزامی دەدرێن. ئەوانەی ڕوو لە کۆنتراگریلا دەکەن، بە زۆری خەڵکی هەژار، بێکار و لە هەمان کاتدا جەوانی گوندەکانە کە بە ناچاری چەک هەڵدەگرن. دوو گرووپی کۆنتراگریلا بەناوەکانی "یەکسانی و ئاشتی" Paz y Justicia و میرا MIRA لە هەمووان بەناوبانگترن. گرووپی "یەکسانی و ئاشتی" گۆیا لەگەڵ پرۆژەی خێرخوازی لە گوندەکاندا کار دەکا، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو پارەی کە بە ناوی ئەنجامدانی کاری ئینسانی لە دەوڵەت وەری دەگرێ، سەرفی چەکدارە بەکرێگیراوانی دەکا. ساڵی ١٩٩٧ لە گوندی Acteal زیاتر لە ٤٥ کەسی سیڤیل وەک ژن و منداڵ بەکۆمەڵ لەلایەن کۆنتراگریلای "یەکسانی و ئاشتی"یەوە کوژران. گرووپی کۆنتراگریلای میرا بە زۆری لە کۆنە زاپاتیستی خۆتەسلیمکردوو پێکهاتووە کە دواتر لە دژی زاپاتیستەکان و خەڵکی سیڤیلی لایەنگری زاپاتیستدا بەکار دەبرێن (Gustavsson, 2001:58).

## مارکۆس



جێگری فەرماندە مارکۆس Marcos ناوی تەواوی Rafael Guillen Vicenteە و وەختی خۆی مامۆستای زانستگە بووە لە مێکزیکۆ سیتی. یەکێک لەو کەسانە بوو کە شەڕی ڕزگاریخوازی زاپاتیستەکانی لە ناوچەی چیاپازی مێکزیکۆ لە بەهاری ساڵی ١٩٩٤ ڕێبەری کرد و ئێستاش هەروەک جێگری فەرماندە لە ئەرتەشی ڕزگاریخوازی زاپاتیستیدا خەبات دەکا. لە حەرەکەتی سیاسیی جیهانی

دژی گلۆبالیزم هەروەها لەنێو ئەدەبیاتی دژی گلۆبالیزمدا مارکۆس ناوێکی گەورەیە و هەر نووسینێکی مارکۆس پاش بڵاوبوونەوە چەند ڕۆژێک ناخایەنێ کە بەسەر زۆربەی زمانەکانی دنیا وەردەگێڕدرێ. مارکۆس باسە گرینگ و پێچەڵپێچەکانی وەک گلۆبالیزم و نوێ لیبرالیزم بە زمانێکی سادە کە تەنانەت گوندییە نەخوێندەوارەکانی چیاکانی مێکزیکۆش تێ بگەن، دەنووسێ. ڕەنگە بۆ کەسانێک سەیر بێ کە مارکۆس جێگری فەرماندە بێ، بەڵام لە حەرەکەتی زاپاتیستیدا ئەمە شتێکی زۆر سروشتییە چونکە فەرماندەکان کە خەڵکی گوندەکان هەڵیان دەبژێرن، بە زۆری هەر لە گوندییەکانیش دەبن و ناوەکانیان ئاشکرا نین. پلەی مارکۆسیش لەنێو هێزی زاپاتیستەکاندا جێگری فەرماندەیە.

## پێناسەکردنی کێشەکە

سەرەڕای ئەوەی ڕێکخراوی EZLN لە چیاپاز سەری هەڵدا و هەر لەوێش بەهێزترین بنکەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی هەیە، وا وێ دەچوو کە ئەم ڕێکخراوەیە ناوچەیی بێ و ستراتیجی سیاسیی خۆی لەسەر چارەسەری کێشەی چیاپاز دارشتبێ. بەڵام بەپێی بەڵگەکانی EZLN، ئەم ڕێکخراوەیە، وەک ڕێکخراوێکی سەرانسەری لە هەموو خاکی مێکزیکۆدا کار دەکا و دەیەوێ ئاڵوگۆڕی قووڵ و بنەڕەتی لە هەموو وڵاتدا پێک بێنێ. کەوابوو بەپێچەوانەی بانگەشەی دەوڵەتی مێکزیکۆ، EZLN ڕێکخراوێکی ناوچەیی نییە، بگرە ڕێکخراوێکی نەتەوەییە. بێجگە لەمانە EZLN لە دژی ئەندامەتی مێکزیکۆ لە نافتا ڕاوەستاوە و ڕادەوەستێ و ئەمەش بەڵگەیەکی ترە بۆ ئەوە بسەلمێنێ کە ستراتیجی سیاسی EZLN، ستراتیجییەکی نەتەوەییە. چونکە نە تەنیا لە کاروباری ناوخۆیی، بگرە لە پێوەندییەکانی دەرەوەی مێکزیکۆشدا خاوەنی هەڵوێستی سیاسیی خۆیەتی.

ئەوەی بگەڕێتەوە سەر ڕوانگەی حکوومەتی مێکزیکۆ لەسەر کێشەکە، ئەوەیە کە گۆیا زاپاتیستەکان کە لە کۆمەڵێک مارکسیست – لینینیست، قەشە و خەڵکی ئاینی و کڵێسایی و هەروەها گریلاکانی وڵاتی دراوسێ وەک گواتمالا پێکهاتوون، خەڵکی ئیندیانیان فریو داوە و ئەوان بۆ مەبەستی سیاسیی خۆیان بەکار دێنن. زاپاتیستەکان ئەم قسە و بوختانانە بەرپەرچ دەدەنەوە و دەڵێن ئەوان لە پێناوی جێگرکردنی دیمۆکراسیی ڕاستەقینە خەبات دەکەن و دەیانەوێ دەستەڵات تەنیا لە پاوانی دەوڵەتدا نەمێنێ، بگرە ڕێکخراوی جۆرەوجۆری وەک کۆمەڵەی جووتیاران، سەندیکای کرێکاران، کۆڕ و کۆمەڵەی ئاینی و هی تر لە سیاسەتدا بەشداری بکەن و ئەوەی پێی دەگوترێ کۆمەڵگەی مەدەنی لە مێکزیکۆدا بەهێز بکەن (Gustavsson 2002: 38). هێندێک جار لەلایەن کاربەدەستانی دەوڵەتییەوە کێشەی چیاپاز وەک کێشە و لێک هەڵبەزینەوەی دوو کولتوور، واتە کولتووری ڕۆژئاوا و کولتووری خۆماڵیی ئیندیانەکان پێناسە دەکرێ (Gustavsson 2002:39). لەوەدا کە ئیندیانەکان دەیانەوێ شێوە ژیانی ترادیسۆنی خۆیان بپارێزن و بە تایبەتیی سەرنجی زۆر دەدەنە سەر پارێزگاری ژینگە، قسەیەک نییە، بەڵام ئەوە کە کێشەی چیاپاز بە کێشە و گرفتی

نێوان دوو کولتووری مۆدێرن و پاشوەڕۆ بناسرێ، بێگومان تەنیا خۆدزینەوە لە باسی بنەڕەتی کێشەکەیە و دەردێک دەرمان ناکا. هەژاری، نەبوونی دیموکراسی، بێکاری، بێ زەویزاری و چەوساندنەوەی ئیتنیکی ئیندیان لە هۆکارە گرینگەکانی کێشەکەن و تەنیا پێ پێناسەکردنی ئەو هۆکارانەیە کە یارمەتیمان دەدا کە لە کێشەکە تێ بگەین.

## هەلومەرجی چیاپاز لە پاش ١٩٩٤ و ئاکامەکانی میلیتاریزەکردن

میلیتاریزەکردنی ناوچەی چیاپاز لەلایەن حکوومەتەوە، بووەتە بەشێک لە گرێپووچکەی کێشەی چیاپاز. لەگەڵ ئەوەی شەڕی نێوان زاپاتیستەکان و دەوڵەت تەنیا ١٢ ڕۆژی خایاند و لەو دەمەوە هەتا ئێستا شەڕێک نەکراوە، بەڵام دەوڵەت بە هەزاران هێزی نیزامی لە ناوچەدا جێگر کردووە. بەم شێوەیە حکوومەت جۆرێک لە شەڕی سایکۆلۆجی لە ناوچەدا بەڕێوە دەبا کە پێش هەموو شتێک خەڵکی سیڤیل لێی زەرەرمەند دەبن. لەم شەڕەدا قسە لەسەر سەرکەوتنی نیزامیی و بردنەوەی شەڕەکە بە شێوەی فیزیکی نییە، بەڵکو حکوومەت دەیەوێ زاپاتیستەکان وردە وردە ماندوو بکا و لە هەمان کاتیشدا بە بیروڕای گشتیی مێکزیکۆ و دەرەوە بڵێ کە شەڕێک لە ئارادا نییە. لە ڕاستیدا ئەوە دەوڵەت و یاسا نییە کە ئیمڕۆکە دەستەڵاتی لە چیاپازدا هەیە، بگرە ئەرتەش و پۆلیس و هێزی نیزامییە. ئەم ستراتیجیی ئەرتەش و هەروەها ترساندن و تۆقاندنی گرووپە کۆنتراگریلاکان وای کردووە کە بە هەزاران لایەنگرانی زاپاتیستەکان ناوچە و گوندەکانی خۆیان بەجێ بێڵن و ئاوارەی ناوچەکانی تری چیاپاز بن. ئەم ئاوارە نێوەخۆییانە لە ناچارییان لە هێندێک لێرەواری قەدەغەکراو لەلایەن ئیدارەی ژینگەوە پارێزەوە نیشتەجێ بوون کە دیسانەکە دەوڵەت بە تۆمەتی خراپکردنی ژینگە تەوژمی خستوونەتە سەر و زۆر ترسی هێرشکردنە سەریانی وەبەر ناون، بەڵام لەلایەن زاپاتیستەکانەوە پارێزگاری دەکرێن (Willanueva, 2002).

شەڕ و میلتاریزەکردن لە خۆیدا هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤەکان تێک دەدا. هەر لە ئاکامی میلیتاریزەکردندا و لە هاتنی سەربازەکاندا دیاردەی لەشفرۆشیی ژنانیش پەرەی گرتووە. دەستدرێژیی زۆرەملێ بۆ سەر ژنان چووەتە سەرێ و فرۆش و خواردنەوەی ئەلکهول و کێشانی نارکۆتیکا زیادی کردووە. واتە لە ئاکامی میلیتاریزەکردندا دەیان نەخۆشیی کۆمەڵایەتی لە ناوچەدا سەری هەڵداوە. گرووپەکانی کۆنتراگریلا هەتا ئێستا چەپەڵترین کردەوەیان وەک دزی، دەستدرێژی بۆ سەر ژنان، بارمتە گرتن، کوشتنی تاکەکەس و هێندێک جاریش بەکۆمەڵ لە خەڵکی سیڤیل ئەنجام داوە و ئەو کردەوانەش لەلایەن ڕێکخراوەکانی پارێزگاری لە مافی مرۆڤ بە ئاگەداریی دەوڵەت و بیروڕای گشتی گەیەندراون(Janerud, 2003).

بۆ ئەوەی لە خۆشەویستیی زاپاتیستەکان لەنێو خەڵکیدا کەم بکرێتەوە، ئەرتەش شێوەی جۆرەوجۆری پڕوپاگەندە و نێوزڕاندن بەکار دەبا. بۆ نموونە ئەندامانی گرووپی میرا MIRA جلی زاپاتیستەکان لەبەر دەکەن و پاشان لە بەرانبەر کامێرای هەواڵنێرییەکاندا خۆیان نیشان دەدەن

کە گۆیا ئەوان تەسلیمی ئەرتەش دەبن و چەکەکانیان دادەنێن (Gustavsson 2002:57).

لە حکوومەتی هەرێمی چیاپازدا میدیا وەک ڕۆژنامەکان، ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن لەژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتدان. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوە کە هەواڵ و زانیارییەکان بە شێوەیەکی بێلایەنانە نەگەنە خەڵکی. تەنیا ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆ کە لەلایەن دەوڵەتەوە بە ڕۆژنامەی لایەنگری زاپاتیستەکان ناسراوە، ڕۆژنامەی"La Jornada"یە کە بەبێ گوێدانە دەوڵەت هەواڵەکان وەک خۆی چۆن هەیە بڵاو دەکاتەوە.

هەوڵ و تێکۆشانی زاپاتیستەکان لە گرتنەبەری ڕێگەی دیالۆگ و ئاشتیخوازانە، جێگە و شوێنی ئەوانی هەم لە ناوەخۆ و هەم لە دەرەوەی وڵات قایم کردووە و سەرنجی بیروڕای گشتییان بۆ لای خۆیان ڕاکێشاوە. ساڵانە سەدان کەسی ئاشتیخواز لە زۆربەی وڵاتانی جیهانەوە بە شێوەیەکی دڵخوازانە ڕوو لە چیاپاز دەکەن و لە چەسپاندنی ئاشتییەک کە هەر لە ساڵی ١٩٩٤وە دەستی پێ کردووە، بەشداری دەکەن. بۆ نموونە لە ساڵی٢٠٠٠دا زیاتر لە ٥٠٠ کەسی لایەنگری مافی مرۆڤ چوونەتە مێکزیکۆ، لە گوندەکاندا جێگیر بوون و نەیانهێشتووە ئەرتەش و هێزەکانی پۆلیس هێرش بکەنە سەر بنکەی زاپاتیستەکان (Andersson, 2001:157). لە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپا و ئەمەریکا کەمپەین و کۆمەڵەی دۆستانی زاپاتیست دروست بووە و هەر ئەوانیش ئەرکی ڕێکخستن و ئۆرگانیزەکردن و بەڕێکردنی ئاشتیخوازەکان بۆ مێکزیکۆ و چیاپاز لە ئەستۆ دەگرن. زاپاتیستەکان توانیویانە بە شێوەیەکی زۆر بەربڵاو لە ئینتەرنێت کەڵک وەربگرن و بە دەیان و سەدان سایت بە زۆربەی زمانەکانی دنیا لەسەر خەباتی زاپاتیستەکان و هەلومەرجی ژیانی ئیندیانەکان بکەنەوە. بۆ نموونە لە وڵاتێکی بچووکی وەک سوێددا، چوار سایتی لایەنگری زاپاتیست بە زمانی سوێدی و هەر لەلایەن سوێدییەکانەوە ڕۆژانە خەڵکی سوێد لە بارودۆخی چیاپاز ئاگەدار دەکەنەوە.

## زاپاتیستەکان و کێشەی ژنان

سەرەڕای ئەوەی کۆمەڵگەی ئیندیان کۆمەڵگەیەکی پیاوسالارییە و ڕۆژانە ژنی تێدا دەچەوسێتەوە، بەڵام زاپاتیستەکان لە پێناوی مافی یەکسانیی ژناندا هەوڵێکی زۆریان داوە و دەدەن. بە تایبەت ژنانی زاپاتیست لە ڕۆشنکردنەوەی ژنانی گوندەکاندا شوێنێکی گەورەیان هەیە. ئەوان بە ژنانی ئیندیان دەڵێن کێتان بە دڵ بوو دەتوانن شووی پێ بکەن و ڕادەی منداڵبوونیش بۆ خۆتان دیاری بکەن نەک پیاوەکانتان. لە ئاستی گشتیی مێکزیکۆدا زاپاتیستەکان خەباتێکی گەورە بۆ ژنان دەکەن و ڕێکخراوی EZLN لە هەمان کاتدا خۆی بە ڕێکخراوێکی فیمینیست دادەنێ. تەنانەت لە مێکزیکۆسیتی پایەتەختدا کۆمەڵەی ژنانی هاوجینسگەرای سەر بە زاپاتیستەکان دامەزراوە (Gustavsson, 2002:51).

## هاوسەنگی هێز و دەسەڵات لە نێوان دەوڵەت و EZLNدا لە باری نیزامییەوە

هێز و توانای نیزامیی زاپاتیستەکان لە بەرانبەر دەوڵەتدا یەکجار لاوازە. ئێستاش تەنیا بەشێکی کەم لە زاپاتیستەکان چەکیان هەیە و زۆربەیان بێ چەکەن و توانای کڕینی چەکیان نییە. ڕێکخراوی EZLN چەندە چەکداری هەیە، کەس نازانێ، بەڵام بەپێی قسەی هێندێک ڕۆژنامەوان گۆیا لە نێوان ٣ هەتا ٨ هەزار چەکداری هەیە. بەڵام ئەوە ڕوونە کە EZLN 1100 بنکەی لە گوندەکاندا هەیە و بەهەمان ڕادەش گوندی لە بەردەستدایە. بەڵام دەوڵەتی مێکزیکۆ تەنیا لە چیاپازدا ٧٠ هەزار سەربازی هەیە (Gustavsson, 2002:51). بێجگە لە هێزە نیزامییەکانی ئەرتەش و پۆلیس بەپێی ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠٠٠ی ڕێکخراوی لێبووردنی گشتی، دوازدە گرووپی کۆنتراگریلا هاوکاریی دەوڵەت دەکەن.

## لە باری سیاسی و ئابوورییەوە

بەپێی سانتاماریا گۆمێز Santamaria Gomez 1994، پرۆفیسۆری زانکۆی Sinaloa لە مێکزیکۆ، زاپاتیستەکان تەنیا لەنێو ئێندیانەکانی چیاپازدا لایەنگریان نییە، بگرە لە تەواوی مێکزیکۆ و بە تایبەتی لەنێو ئێندیانەکانی شوێنەکانی تری مێکزیکۆدا لایەنگریان هەیە. لەبەرئەوەی گوندەکانی ژێردەستی زاپاتیستەکان کۆمەکی وەک خواردن و پارە لە دەوڵەتی مێکزیکۆ وەرناگرن، لەلایەن ڕێکخراوە خێرخوازە جیهانییەکانەوە کۆمەکی ماڵییان پێ دەکرێ. هەر ئێستا خەرج و بژیوی ٢٠ هەزار ئاوارەی نیشتەجێ لە ناوچەی زاپاتیستەکاندا لەلایەن خاچی سووری نێودەوڵەتییەوە دابین دەکرێ. هەروەها هێندێک شیرکەتی چکۆڵەی خێرخوازیی ڕۆئاوا لە باتیی ئەوە لە دەوڵەت و شیرکەتە گەورەکان قاوە بکڕن، دەچن قاوە لە ئێندیانەکان دەکڕن. بەم شێوەیەش داهاتێکی کەم وەدەستی زاپاتیستەکان دەکەوێ. بۆ نموونە لە وڵاتی سوێددا شیرکەتێکی خێرخواز و لە هەمان کاتدا لایەنگری ژینگە بەناوی Mutvitzkaffe هەر ساڵەی ٤ تۆن قاوە لە زاپاتیستەکان دەکڕێ و لە قاوەخەنەکانی ژینگەپارێزدا لە سوێد دەیفرۆشرن.

## هەوڵە ئاشتیخوازانەکانی سامۆئێل ڕۆیتسی Samuel Ruiz قەشە

لە کۆتاییی دەیەی شەستدا، بزووتنەوەیەکی ڕۆشنگەری ئاینی مەسیحی لەژێر شوێنەواری ئیدۆلۆجیی مارکسیستیدا لە هەموو ئەمەریکای لاتین سەری هەڵدا. ئەم بزووتنەوەیە کە دواتر بە "دیننناسە ڕزگاریدەرەکان" ناوبانگی دەرکرد، لەنێو ئێندیانەکاندا هەر بە زوویی پەرەی گرت. هۆکاری پەرەگرتن و خۆشەویستبوونی ئەم بزووتنەوەیە ئەوە بوو کە قەشەکان خۆیان وەپاڵی هەژارەکان دەدا و بەشێوەیەکی چالاک لە بەرانبەر دەوڵەت و شیرکەتە چەوسێنەرەکاندا لە هەژارەکان بەرگرییان دەکرد. ئەم کار و هەڵوێستەی قەشەکان لە خۆیدا شتێکی کەموێنە بوو لە



مێژووی مەسیحییەتدا، چونکە پێشتر قەشەکان خۆیان لە کاروباری سیاسی هەڵنەدەقورتاند و سەرکۆنە و ڕەخنەگرتن لە زۆرداران و چەوسێنەرانیان دەهێشتەوە بۆ دنیای ئاخر و داد و مەحکەمەی خواوەند. یەکێک لە بنەما فیکرییەکانی "دیناسە ڕزگاریدەرەکان" ئەوە بوو: "بەهەشتێک کە خوا قەولی داوە بەهەژارەکانی بدا لەو دنیای تر، دەکرێ لەم دنیایەش پێک بێ، ڕزگاریی ئینسان دەکرێ ئێستاش وەدی بێ نەک تەنیا لەپاش مردن" (Gustavsson 2002: 25). یەکێک لە قەشە بەنێوبانگەکانی نێو ئەم بزووتنەوەیە لە چیاپاز، سامۆئێل ڕۆیتس بوو. ڕۆیتس هیچ کاتێک نەیشاردووەتەوە کە ئەو لایەنگری لە هەژارەکان دەکا و ڕێز بۆ خەباتیان لە پێناوی بەختەوەریدا دادەنێ. هەر بۆیە ئەم قسانەی ڕۆیتس لەلایەن داوودەزگای سەر بە حکوومەتەوە زۆرجاران وەک لایەنگری لە زاپاتیستەکان لێک دەدرێتەوە. زاپاتیستەکان و خەڵکی هەژاری ئیندیانیش بە نۆرەی خۆیان هەمیشە ڕێزیان لە خەباتی ڕۆیتس لە پێناوی هەژارەکاندا گرتووە و دەیگرن. ڕۆیتس بەهۆی هەوڵە ئاشتیخوازەکانی و بەتایبەتی چەسپاندنی ئاشتی لە نێوان زاپاتیستەکان و دەوڵەتدا ئیمڕۆکە کەسایەتییەکی ناسراوە نەک تەنیا لە مێکزیکۆ، بگرە لە زۆر شوێنی تری جیهان. ڕۆیتس چەند ساڵێک پێش هەر لەبەر هەوڵە ئاشتیخوازانەکانی، کاندیدای خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل کراوە. ڕۆیتس هەتا ئێستاش سەرەڕای تەنگوچەڵەمەیەکی زۆر و بە زاپاتیست تاوانبارکردنی لە هەوڵەکانی خۆی بۆ پێکگەیاندنی دەوڵەت و زاپاتیستەکان، بەردەوامە.

## EZLN لە شەڕی چەکدارییەوە بۆ خەباتی ئاشتیخوازانە

لەگەڵ ئەوەی EZLN هێشتا ڕێکخراوێکی چەکدارییە، بەڵام لە ١٢ی ژانوییەی ١٩٩٤ لە چەکەکانی خۆی کەڵکی وەرنەگرتووە. بەڵام هەر لە ساڵی ١٩٩٤ زاپاتیستەکان قورساییان خستووەتە سەر شێوە خەباتێکی تر، ئەویش خەباتی نافەرمانی مەدەنییە. لە کۆتای ساڵی ١٩٩٤دا زاپاتیستە بێ چەکەکان توانییان بە گەمارۆدان و خۆدرێژکردن لەسەر جادەکان پێش بەهێرشی هێزەکانی پۆلیس و ئەرتەش بۆ سەر ٣٨ شارەداری لە هەرێمی چیاپازدا بگرن و نەهێڵن داگیری بکەن بەبێ ئەوەی گوللەیەک بهاوێژن. ئەم حەرەکەتە نافەرمانییە وای کرد دەوڵەت لە هێرش بۆ سەر گوندەکان پەشیمان ببێتەوە و بەرەو دواوە پاشەکشە بکا. بۆ نموونە کاتێک هێزەکانی ئەرتەش لە مانگی ئاڤریلی ١٩٩٥دا نزیکی شارۆکەی San Anders بوونەوە، ٣٠٠٠



زاپاتیستی بێ چەک دەورەی شارۆکەکەیان دا و نەیانهێشت، داگیر بکرێ. لە ڕاستیدا ئەو کاتەی زاپاتیستەکان پێشنیازی ئاگربەست و دەسپێکردنی وتووێژی دەوڵەتیان پەسند کرد، ئیتر وردە وردە لە قورساییی خەباتی چەکدارییان کەم کردەوە و خۆیان بۆ خەباتێکی سیڤیل و سیاسی ئامادە کرد. EZLN لە هەمان کاتدا کە لە وتووێژ و دیالۆگ لەگەڵ حکوومەت بەردەوام بووە، هەوڵی بەردەوامیشی داوە کە قەوارەی ڕێکخستنی خۆی بگۆڕێ و بە گشتی بزووتنەوەی زاپاتیستی بەرەو دیموکراتیزەبوون بەرێ.

## وتووێژ و ڕێککەوتننامەی سان ئاندرێس

لە سێپتەمبەری ساڵی ١٩٩٤ هەردوو لایەنی دژبەر لەلایەک دەوڵەت و لەلایەکەی تر EZLN لەسەر مێزی گفتوگۆ دانیشتن. لە یەکەم دانیشتندا لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە وتووێژەکانیان لەسەر ئەم تەوەرانەی خوارەوە بێ: مافی کولتووری و ئیتنیکی ئیندیانەکان، دیموکراسی، یەکسانی، چاکبژی و پێشوەچوون، ئاشتی و ڕەواندنەوەی دوژمنایەتی و ناکۆکی لە چیاپاز و هەروەها مافی ژنان. وتووێژەکان لەسەر تەوەرەی یەکەم واتە دابینکردنی مافی کولتووری و ئیتنیکی ئیندیانەکان لە مانگی فێڤریەی ١٩٩٥دا کۆتایی هات و ڕێککەوتننامەیەک بە بەشداریی قەشە ڕۆیتس و هەروەها ڕێکخراوی LAS ABEJAS لە گوندی San Andres لە نێوان EZLN و دەوڵەتدا مۆر کرا. ئەم ڕێککەوتننامەیە کە بە سان ئاندرێس بەناوبانگە، لەسەر بنەمای بەڕەسمی ناسین و دانپێدانانی مافی ئیتنیکی ئیندیانەکان دامەزراوە. خاڵە سەرەکییەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە بریتین لە دەستەبەرکردنی مافی کولتووری، حقووقی و قەزایی، سیاسی و ئابووریی خەڵکی بەڕەچەڵەک ئیندیانی هەرێمی چیاپاز لە مێکزیکۆ. ئەم ڕێککەوتننامەیە دەکرێ وەک دانی ئوتۆنۆمی بۆ خەڵکی

ئیندیانی جیاپاز لێک بدرێتەوە، چونکە دەوڵەت بە ئاشکرا دان بە مافی ترادیسیۆنی و کولتووری ئیندیانەکاندا دەنێ و ئەوان لە هەڵسووڕاندنی کاروباری سیاسی و ئابووریی ناوچەییی خۆیاندا بە سەربەت دەزانێ. بۆ ئەوەی ئەم ڕێککەوتننامەیە بهاتبایەتە بواری پراکتیکەوە، دەبوا هێندێک ئاڵوگۆڕ لە یاسای بنگەییی مێکزیکۆدا ئەنجام درابا. هەر بۆیە کۆمیسیۆنێکی لێکۆڵینەوە لەلایەن کۆنگرێسەوە بەناوی COCOPA دامەزرا هەتا پێشنیازی بەجێ لەسەر چۆنیەتیی ئاڵوگۆڕ لە یاسای بنگەییی مێکزیکۆدا بداتەوە بە کۆنگرێس. هەر لەو ماوەیەدا لەملا و لەولا و لەلایەن هێندێک کاربەدەستی حکوومەتییەوە بانگەشەی ئەوە کرا کە دەوڵەت لە مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی سان ئاندرێسدا تووشی هەڵە بووە چونکە دانی ئۆتۆنۆمی بە ئیندیانەکان بە مانای بەربەستکردنی مۆدێرنیزەکردنی کشتوکاڵی و هەروەها تەنگوچەڵەمە خستنە سەر پرۆسەی خسووسیکردنی وڵاتە. واتە کاتێک ئیندیانەکان وەک ئیتینک گرووپێک مافی بڕیاردانیان بەسەر زەویوزار و لێڕەوار و کشتوکاڵیدا هەبێ ئەوە بازاڕ و سەرمایە لەلاوە دادەنرێ و گرفت بۆ پرۆسێسی خسووسیکردن دێتە پێشێ. تەنانەت هێندێک کەس لەوە بەولاوەتر چوون و پێیان وایە ڕێککەوتننامەی سان ئاندرێس لە دژی پەیماننامەی نافتایە و تەنگوچەڵەمە بۆ ئەندامەتیی مێکزیکۆ لەو پەیماننامەیەدا دێنێتە پێشێ.

هەر لەبەر ئەم ڕەخنە و تێبینییانە بوو کە حکوومەت پێشنیازی تایبەت بە خۆی پێشکێش بە کۆمیسیۆنی COCOPA کرد، بەڵام زاپاتیستەکان لە دژی پێشنیارە نوێیەکانی حکوومەت ڕاوەستان و پێیان لەسەر ئەوە داگرت کە ئەو پێشنیازانەی حکوومەت بۆ ئاڵوگۆر لە یاسای بنگەییدا لە خۆیدا لە دژی بنەماکانی ڕێککەوتننامەی سان ئاندرێسە و هەر بۆیە ئەوان نایانەوێ ئاڵوگۆڕەکانی یاسای بنگەیی تەنیا لەسەر پێشنیازەکانی حکوومەت بێتە گۆڕێ و پێویستە مۆڵەت بە کۆمیسیۆنی COCOPA بدرێ کە بە شێنەیی و بەبێ ئەوەی بنەماکانی ڕێککەوتننامەی سان ئاندرێس پێشێل بکرێ، پێشنیازی ئاڵوگۆڕی پێویست بخاتە بەردەم کۆنگرێسی مێکزیکۆ.

هەر لەم ماوەیەدا بوو کە ڕۆیتسی قەشە کۆمیسیۆنی ناوبژیوبکەری CONAI لەبەر کارشکێنی و تەنگوچەڵەمەکانی حکوومەت بەجێ هێشت و کۆمیسیۆنیش لێک هەڵوەشا. ئەم ئاڵوگۆڕانە لە ڕاستیدا بوون بەهۆی تێکچوونی وتووێژەکان و بەرەو گرژی چوونی نێوانی حکوومەت و زاپاتیستەکان. سەرەڕای نێوان ناخۆشی و ئاڵۆزیی پێوەندییەکان بەڵام لایەنەکانی کێشەکە، گرژییەکانیان نەگەیاندە جێگەیەک کە جارێکی تر شەڕ دەست پێ بکاتەوە (Anderson, 2001:126-130, 136, 138).

## قۆناخێکی نوێ لە خەباتی زاپاتیستەکان

لە هەڵبژاردنی سەرکۆماری ساڵی ۲۰۰۰دا، کاندیدای حزبی ڕاستڕەوی فۆکس بەڵێنی دا کە ئەگەر بێتو ئەو ببێتە سەرکۆمار، ئەوە جارێکی تر وتووێژەکان لەگەڵ زاپاتیستەکان دەست پێ دەکاتەوە.

ئەوە بوو فۆکس بوو بە سەرکۆمار و لەسەر قەول و بەڵێنییەکانی خۆی ڕاوەستا. هەر لەو ماوەیەدا جێگری فەرماندەی گشتیی زاپاتیستەکان مارکۆس ڕای گەیاند کە ئەوان جارێکی تر ئامادەی وتووێژن و لەبەرئەوەی نیازپاکیی خۆشیان نیشان بدەن، ئەوە دەیانەوێ چەکەکانی خۆیان دابنێن و لە چیاپازەوە بەرەو مێکزیکۆسیتی پایەتەخت بە پێ وەڕێ بکەون و مارشێکی ئاشتیخوازانە ئەنجام بدەن. هەروەها لە مێکزیکۆسیتی پێشنیازەکانی خۆیان بخەنە بەردەم کۆنگرێس و خەڵکی مێکزیکۆ. مارشی زاپاتیستەکان کە لە مێژووی حەرەکەتی چەکداریی جیهاندا بێوێنە بوو، لە مانگی فێبریەی ۲۰۰۱دا دەستی پێ کرد و هەزاران زاپاتیست وێڕای مارکۆس ڕوویان لە مێکزیکۆسیتی کرد. لە ماوەی مارشی بەرەوە مێکزیکۆسیتیدا هەزاران مرۆڤی ئاشتیخواز و دەیان کەسایەتیی بەناوبانگی جیهانیی وەک خۆسێ ساماراگۆ وەرگری خەڵاتی نۆبێل لە ئەدەبیاتدا بە نیشانەی پشتیوانی و هاوئاهەنگی لەگەڵ زاپاتیستەکان لە مارشەکەدا بەشدارییان کرد. کاتێک زاپاتیستەکان گەیشتنە مێکزیکۆسیتی ۱٥۰۰۰۰ کەس پێشوازییان لە مارکۆس و هاوڕێیانی کرد (Kumm, 2002). مارکۆس داوای لە فۆکسی سەرکۆمار و کۆنگرێس کرد کە بە قەول و بەڵێنییەکانیان وەفادار بن و ڕێککەوتننامەی سان ئاندرێس بخەنە بواری پراکتیکەوە و جێبەجێی بکەن. هاوکات زاپاتیستەکان دوو داوای کۆنکرێتی تریان وەک بەردانی هەموو زاپاتیستە گیراوەکان لە زیندان و کشانەوەی هێزە نیزامییەکان لە چیاپاز لەگەڵ حکوومەتی تازەی مێکزیکۆدا هێنایە گۆڕێ (Blome, 2001:18, 21).

لەپاش ئەوەی مارکۆس و هاوڕێیانی گەڕانەوە بۆ چیاپاز، زۆربەی زاپاتیستە گیراوەکان بەردران و هەروەها هێندێک هێزی نیزامی لە چیاپاز لابردران، بەڵام هەتا ئێستاکە ڕێککەوتننامەی سان ئاندرێس جێبەجێ نەکراوە و چیاپاز هەروا بە میلیتاریزەکراوی ماوەتەوە. بەڵام زۆر کاری پۆزەتیڤ و کارسازانە لەلایەن هەردوو بەرەی دژەوە ئەنجام دراون.

پرۆسێسی چەککردنی گرووپە کۆنتراگریلاکان دەستی پێ کردووە و هەروەها ئەوانەی کە دەستیان لە کوشتنێکدا هەبووبێ، دراون بە مەحکەمە و زۆر کەسی تاوانبار زیندانی کراون.

زاپاتیستەکان دەیانەوێ لە ڕێکخراوێکی چەکدارییەوە بە تەواوی ببن بە سیڤیل، هەر بۆیە ئەرکی پۆلیس وەک چاودێری بەسەر ڕێگەوبان و گرتن و زیندانیکردنی تاوانبارانیان لە ناوچەکانی ژێردەستەڵاتی خۆیاندا، خستووەتە سەر شانی خەڵکی سیڤیلی گوندەکان و بە ئاشکرا ڕایان گەیاندووە کە لەمەوبەدوا ئەوان کاری ڕاستەوخۆی نیزامی ناکەن، بەڵام لەبەر ئەگەری هێرشی دەوڵەت، هێزێکی چەکدار ڕادەگرن کە تەنیا کاری بەرگری لە ناوچە ئازادکراوەکان دەبێ نەک هێرش و شەڕکردن. پاشان لە هەموو بڕیارێکی سیاسیدا کە دەیدەن پرس بە شورای گوندەکان دەکەن و بەبێ ئیزنی ئەوان هەڵوێستێکی سەربەخۆ دەرنابڕن. لە ناوچە ئازادکراوەکاندا بە جۆرێک حکوومەتێکی سیڤیل و خەڵکیان دامەزراندووە کە بۆ خۆیان ناویان لێ ناوە کۆمەڵگەی مەدەنیی چیاپاز.

لەملا و لەولا و بە تایبەتی لەلایەن ڕێکخراوی خاچی سوور و نەتەوە یەکگرتووەکان و هەروەها ڕێکخراوی لێبووردنی گشتییەوە تەوژمێکی زۆر لەسەر فۆکس و حکوومەت هەیە کە ڕێککەوتننامەی سان ئاندرێس جێبەجێ بکەن و هێمنی و هێوری بگەڕێننەوە بۆ چیاپاز.

سەرچاوەکان


کتێب:

Andersson, Caroline (red) (2001), Kampen for en varld med plats for manga varldar, Heidruns, Torsby

Gustavsson Erik (2002), Subcomandante Marcos: Fran sydostra Mexico underjordiska berg, Manifestet; Svenska tryckcentralen, Avesta

Blome Petter (2001), Mexiko i forandring; fran Zapata till Coca-Cola, Utrikespolitiska institutet, Stockholm

Brogan Patrick (1998), World Conflicts, Clays Ltd

ڕۆژنامە:

Kumm Bjorn (1994), Mexico under forandring, Utrikespolitiska institutet, Kalmar

Levin Bo (2003), Flytta bonder mal for Fox: LA Latinamerika, Nr.2,2003, s.10-13.

Weinberg Bill (2002) ، Drugs Guerrillas and Politicos in Mexico: NACLA Report on the Americas ، September 2002. S.18-27

ڕاپۆرتی جورەوجۆر:

Amnesty International (1995), report 1995, the Alden press, UK,

Amnesty International (2003), report 2003, the Alden press, UK, 2003

Amnesty International (2000), arsrapport 2000, svenska sektion, (s.291- 295), Ordfront, Stockholm

The Europa World (2003), Year book 2003, 44th edition, volume 11, Europa Publications, Taylor & France Group

World Report, 2003, events of 2002, Human Rights Watch, USA

سەرچاوەی ئینتەرنێتی:

Ahlfors Katja (2003), Mexicos regering och zapatistern:
http://global.finland.fi/konflikti/zapatisterna.htm [2003-10-20]

Amnesty International http://www2.OpenDocumenet:
amnesty.se/ar98.nsf/0/1dad7ea90245c1ebc125661f00486ef5? [2003-10-15]

Arturo Santamaria Gómez, Jord och frihet:
Ur Crossroads, mars 1994. Oversattning och bearbetning: Eva Sjoblom, kalla:
http://www.kommentar.org/arkiv/Kommentar_1994/

Kommentar_94_1/Zapatister.html[2003-10-20].
Bjorn Kumm, Mexico: Dagens Arbete
http://www.dagensarbete.se/home/da/home.nsf/kkl2/mexiko
Emanuelsson Dick (2003), Publicerad i: Flamman (www.flamman.se)
http://www.mutvitzkaffe.org/ovrigt/heften/caracoles_hefte.pdf [2003-10-20].
Gustavsson Erik (2002), Nyheterarkiv:
http://www.chiapas.nu/nyheter.shtml [2003-10-23]
Gustavsson Erik (2003), Nyheterarkiv:
http://www.chiapas.nu/nyheter.shtml [2003-10-25]
Janerud Ania (2003), Nyheterarkiv
http://www.miljomagasinet.se/dokument/nytt/chiapa.html[2003-10-24]
Larson Martin (2002), Nyheterarkiv
http://www.chiapas.nu/arkiv-nyheter/2002-10-03-a.shtml [2003-10-20]
Willanueva Edoardo (2002), Lagintensivt krig:
http://www.chiapas.nu/fakta/mr.shtml[2

## تیۆری

### "تیۆر، ڕووناکبیر و بزووتنەوە گەلییەکان"

لە کاتێکدا نەزمی دەسەڵات خەریکە تێک بچێ و لە کاتێکدا میدیا زلەکان لە نێوان تراجیدیا و کردەوەی دزێوی چینی دەستەڵاتداریەتیی سیاسیی جیهانی، لە لارەلاردان، ئەوە بزووتنەوەکان هەر لە چاوگەی بورجی بابولەوە هەتا ئێستا ون نەبوون. ئەگەرچی بزووتنەوەکان هێشتا سەقامگیر نین بەڵام وشەکانی خۆیان سەرلەنوێ دیتووەتەوە و توانایی ئەوەیان هەیە خۆیان لە ئاوێنەدا ببیننەوە. لە کاتێکدا سیاسەت لە سەرەوە گەڵاڵە دەکرێ بەڵام بزووتنەوەکان "ئەوانی تر" یان لە چاوگەی جیهانییەوە دیتووەتەوە، هەم خۆیان و هەم ئەوانەش کە جیاوازن و لە چینی هەرە ژێری کۆمەڵگەدان. ئەرتەشی زاپاتیست بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی وەک بەشێک لەم سەرلەنوێ دیتنەوەی وشە و خۆدیتنەوە لە ئاوێنەدا سەرلەنوێ لەگەڵ بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان و ڕێکخراوەکان لە جیهاندا گفتوگۆی دەست پێ کردووە. هەر لە سەرەتاوە ئامانج ئەوە بووە کە لەگەڵ خوشک و برایان لە مێکزیکۆ، ئیتالیا، فەرەنسا، ئاڵمان، سویسرا، دەوڵەتی سپانیا، ئەرجەنتین و ئەمەریکا گەڵاڵەیەک بۆ باس و دیالۆگێکی هاوبەش دابمەزرێ.

### تیۆری

زۆرجار هەڵکەوتەی تیۆری (و ئانالیزی تیۆری) لە بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا ڕوون و ئاشکرایە. سەرەڕای ئەمەش هەموو ڕوون و ئاشکراییەک لە خۆیدا زۆرجار هەڵگری کێشەیەکە. لەم پێوەندییەدا کێشەکە کاریگەری تیۆری لە کردەوەدایە و هەروەها چۆن تیۆری هەنووکەی لەگەڵ



تیۆری پێشووتر لێک گرێ بدرێ. من ڕۆڵی تیۆریزانەکان و تیۆری لێکدەرەوەکان لەگەڵ ڕووناکبیردا وەک یەک دانانێم. هەر تیۆریزانێک بۆ خۆی ڕووناکبیرێکە بەڵام هەموو کاتێک هەڵناکەوێ کە ڕووناکبیران، تیۆریزانیش بن.

هەر ڕووناکبیرێک (یان هەر تیۆریزانێک) پێی وایە مافی خۆیەتی کە بیروڕاکانی لەسەر بزووتنەوەکان باس بکا. ئەمە نە تەنیا مافی ئەوە بگرە وەک ئەرکیش دەکەوێتە سەرشانی. ژمارەیەک ڕووناکبیر لەوەش بۆ پێشەوەتر دەڕۆن و بەبیر و بەکردەوە خۆیان دەکەن بە کومیساریای نوێی سیاسی و نازناوی چاک یان بێزراو وەردەگرن. بیروڕادەربڕینەکانیان پێوەندیی بەو هەڵکەوتەوە هەیە کە ئەوان لە کۆمەڵگەدا هەیانە و ئەو هەڵکەوتەی کە ئەوانی پێوە گرێ داوە. ئێمە پێمان وایە بزووتنەوەیەک نابێ بە هەر نرخێک هەڵسەنگاندنەکانی ئەوان وەربگرێ یان ئەوە ئەوان بە ڕووناکبیرانی چاک یان بێزراو لە سۆنگەی ئەوەوە ئەوان چۆن بزووتنەوەیەک هەڵدەسەنگێنن، دابەش بکا. دژی ـــڕووناکبیری شتێک نییە_ تەنیا بێجگە لە خراپ تێگەیشتن و ئەمەش تەنیا تایبەتمەندیی بزووتنەوەیەکی پێنەگەیشتوویە.

ئێمە پێمان وایە وشە شوێنی خۆی بەجێ دێڵێ و شوێنیش سەرخەتمان پێ نیشان دەدا، سەرخەتەکانیش برێتین لە پێناسە و ئەرک. ئەوانەی کە لە دژ یان لە بەرگری لە بزووتنەوەیەکدا وشەکانی خۆیان بەکار دەبەن دەکەوێتە سەرشانیان کە نە تەنیا باسی بکەن بگرە وشەکانیشیان تیژ بکەن و ئامانج و مەبەستیش لە وشەکانیان باس بکەن. بۆ بەرگری؟ و بۆ لە دژ ڕاوەستان؟ ئەم پرسیارانە دەبێ هاوکات لەگەڵ وشەکاندا وەڵام بدرێنەوە. ئەمە لەبەر ئەوە نییە بێدەنگی یان دەنگی نزم بخوازرێ بگرە لەبەرئەوەیە وشەکان ئامانجی خۆیان بپێکن و باشتر کاریگەر بن. بەواتایەکی تر ئەوەی ئێمە دەیڵێین ئەوانە گوێبیستی بن کە ڕووی قسە و وشەکان لەوانە. بەرهەمهێنانی تیۆری لە ناوەوەی بزووتنەوە جیاوازیی هەیە لەگەڵ تیۆری بەرهەمهێنان لە ناوەوەی زانستگە. من ئەمە لە ڕوانگەیەکی نەزۆکی یان پێبەندنەبوون بە بێلایەنی (ئابجێکتێڤ) زانستی نابینم، بگرە تەنیا دەمهەوێ باسی ڕەخسانی هەل بۆ بیرکردنەوە و بەرهەمهێنانی ڕووناکبیرانە لە دەرەوەی بزووتنەوە بکەم. لە دەرەوەبوونیش بەو مانایە نییە کە ئیتر لایەنگر و دژ، بوونیان نییە بگرە ئەمە بەو مانایەیە کە بەرهەمهێنانی ڕووناکبیرانە لە ناوەوەی بزووتنەوە بگرە لە سەرەوەی بزووتنەوە وەبەرهەم دێ. بەم شێوەیە تیۆریزانەکانی ئەکادیمی هەڵسەنگاندنی خاڵە باش یان

خراپ و لاوازەکان یان دیتنەوەی لایەنە بەهێزەکان و هەڵەکانی بزووتنەوەکانی ئیمڕۆ و دوێنێیان دەکەوێتە ئەستۆ و هەر لەو سۆنگەوە هەوڵی ئەوە دەدەن چارەنووس و خەتنیشانە جیاوازەکان پێشبینی بکەن.

جار بەجار هەڵدەکەوێ کە هێندێک تیۆریزانی ئەکادیمی دەیانەوێ بزووتنەوەیەک ڕێبەری بکەن یان ئەوە بزووتنەوەیەک بکەوێتە شوێن خەت و نیشانەکانی ئەوان. هەر بۆیە یەکێک لە گلەییە ئاساییەکانی ئەو ئەکادیمیانە ئەوەیە کە بۆ نموونە بزووتنەوەیەک بە قسەی ئەوانی نەکردووە. هەموو هەڵە و چەوتییەکانی بزووتنەوەش لە بنەڕەتدا لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەوەی لای ئەکادیمییەکان ئاشکرایە، لای بزووتنەوەکان ڕوون نییە و وەک ئەوان باش نایبین. ئەو جۆرە تیۆریزانە پشتی مێزنشینگەلە ڕەنگە هەمیشە نا بگرە زۆرجار تووشی نەخۆشیی لە بیرچوونەوە و ناڕاستگۆی ببن. ئیمڕۆ شتێک دەڵێن و پێشگۆیی شتێک دەکەن، ڕۆژی دواتر شتەکە بە پێچەوانەی پێشدیتنی ئەوان دێتە گۆڕێ، بەڵام تیۆریزانەکان لەبەر شت لەبیرخۆبردنەوە دەچنەوە بۆ دواوە و بەبێ ئەوەی لە بەرچاوی بگرن کە پێشتر بۆ خۆیان چییان گوتووە ئەوە شتەکە فرەتر تیۆریزەتر دەکەن. هەر لەبەر ئەمە، ئەوانیش بۆ خۆیان ناڕاستن، چوونکە ڕێز بۆ خوێنەر و گوێگرەکانیان دانانێن. ئەوان قەد نایەن و بڵێن من دوێنێ وام گوت، ئیمڕۆ وا دەرنەچوو یان پێچەوانەکەی وەدی هات. من لە هەڵەدا بووم. میدیای ئیمڕۆش بەهەمان شێوە ئەو هەلە بۆ تیۆریزانە مێزنشینگەلەکان دەڕەخسێنێ کە شتەکان لە بیری خۆیان بەرنەوە. بەرهەمی تیۆری ئەم جۆرە ئەکادیمییانە وەک خواردنێکی قەڵب دەچێ، ئەوان لە باتیی چاکە، خراپە دەکەن.

هێندێک جار هەڵدەکەوێ بزووتنەوەیەک بەبێ بیرکردنەوەی قووڵ دەکەوێتە ژێر شوێندانەری تیۆری ئەکادیمییەکان. ئەم چارەسەرییە لە هەبوونی تیۆرییەکی قەڵبی خۆیی ڕووخێنەرترە. ئەگەر هاتوو ئەکادیمییەکە لە هەڵەدا بوو ئەوە لە بیری دەچێ و ئەگەریش بزووتنەوەکە لە هەڵەدا بوو ئەوە بزووتنەوەکە تێک دەشکێ. لە هێندێک هەلومەرجدا ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەیەک بەدوای تیۆریزانێک دەگەڕێ کە تیۆرییەکی بۆ دابتاشێ و لە کردەوەدا تیۆرییەکە پێکەوە ساچانی نێو بزووتنەوەکەی بۆ دابین بکا. هەر بۆیە ئەوان بە شوێن ئەکادیمییەک دەکەون کە بزووتنەوەکەیانی پێ بەرز بکەنەوە. لێرەدایە کە تیۆری بێجگە لە ڕیتۆریکێکی بێ ڕەخنە و لێبووردن ئیتر شتێکی تر نییە.

ئێمە (زاپاتیستەکان) پێمان وایە بزووتنەوەکان بۆ خۆیان دەبێ تێفکرین و ڕامانی تیۆری خۆیان وەبەرهەم بێنن. (لەسەر بنەمای باوەڕ پێ بوون نەک تەنیا بۆ خۆپەڕاندنەوە). لەوێ ئەو شتانەی کە لەلای ئەکادیمییە مێزنشینەکاندا شیانی لێک گرێدان و تێکەڵبوونیان نییە، لای ئەوان ئەو شیانە هەیە، یانێ شیانی لێک گرێدانی کردەوە گۆڕاو و لە جێی خۆنەماوە کۆمەڵگەییەکانی بزووتنەوە. ئێمە گوێگرتن و باسکردنمان لەگەڵ ئەوانەی کە لێکدانەوە و تێڕامانی تیۆریک لە نێوەخۆ یان هاوشان لەگەڵ ڕێکخراوەکان دەکەن پێ باشترە هەتا ئەوانەی کە لە دەرەوەن یان لەوە خراپتر لەسەر حیسابی ئەوان کار دەکەن. سەرەڕای ئەمە، ئێمە هەموو هەوڵێکمان داوە کە

گوێبیستی هەموو چەشنە دەنگێک بین بەبێ لە بەرچاوگرتنی ئەوە کە خاوەن دەنگەکان کێن و لە کوێوە گوێبیستی دەنگەکان دەبین.

لە لێکۆڵینەوە تیۆرییەکانی ئێمەدا شتانەکان وەک تێندێنس دەبینین، وەک شتە بێ ئەملا و ئەولاکانیان نابینین کە حەتمەن وەک چۆنیش ئێمە چاوەڕێمان کردبێ، بقەومن. ئەو تێندێنسانە کە هێشتا نەبوونەتە هێمۆژن و دەکرێ یان دەبێ گۆڕانیان بەسەر بێ و وەربگێردرێن. رامانە تیۆریکییەکانی ئێمە وەک زاپاتیست بەشێوەیەکی گشتی تەنیا لەسەر ئێمە وەک خۆمان نییە بگرە لەسەر ئەو ڕاستییەیە کە پێوەندیی بە ئێمەوە هەیە، ئەو سروشتەی کە ئێمەی تێداین و بەجۆرێک لە شوێن و کاتدا بەرتەسکە و ئەو چەمکە و قەوارەی ئەو چەمکەی کە پێوەندیی بە ئێمەوە هەیە. هەر لەبەر ئەمەشە، ئێمە هەموو هەوڵێک کە پیرۆزی و عالەمیبوون بە ئاخافتن و کردەوەکانمان بدا، تووڕ دەدەین. وەڵامی پرسگەلی سەبارەت بە زاپاتیسم لە ڕامان و لێکۆڵینەوە تیۆرییەکانماندا نییە، بگرە لە کردەوەکانماندا هەیە. کردەوە، لەلای ئێمە هەڵگری ناوەڕۆکێکی قورسی ئەخلاقییە. یانێ هەوڵی ئێمە، پێشاندانی کردەوەیە (کە ڕەنگە هەموو جارێکیش تێدا سەرنەکەوین)، ئێمە تەنیا ئەنجامدان و کردنی لێکۆڵینەوەی تیۆریکی ناخەینە سەر شانمان. بگرە پێش لە هەموو شتێک پێمان وایە کردەوە لە خۆیدا ئەنجامدانی ئەرکێکە کە کەوتووەتە سەر شانمان. ئێمە هەمیشە هەوڵ دەدەین، بە بیرکردنەوە و دووڕوانینەوە کارەکانمان ڕاپەڕێنین. ڕەنگە هەر بۆیەشە خۆمان بە پراگماتیکەر (یان بە شێوەیەکی تر بگوترێ کردەوەی بەبێ تیۆری و بەبێ پرەنسیپ) نازانین.

پێشقەرەوڵەکان هەست بەو ئەرکە دەکەن کە دەکەوێتە سەر شانیان بۆ ئەوە پێشقەرەوڵی شتێک یان کەسێک بکەن، ئا لێرەدا ئەوان وەک ئەکادیمییە تیۆریزانەکان دەچن. پێشقەرەوڵەکان هەوڵی ئەوە دەدەن و کار بۆ ئەوە دەکەن کە ببنە ڕێبەر و جڵەوکێش. تەنانەت ژمارەیەک لەوان حازرن، نرخی هەڵە و هەنگاوە خوارەکانی خۆیان لە کارە سیاسییەکانیاندا بدەن. بەڵام ئەکادیمییەکان ئەوە ناکەن. ئێمە پێمان وایە ئەرکی ئێمەیە کە جڵەوکێش بین، لەگەڵ بین، لەسەر قسەی خۆمان بین، شوێن بدۆزینەوە و دەرگە بخەینە سەرپشت بۆ شتێک و بۆ کەسێک لەو نێوەدا، تەنانەت بۆ خۆشمان.

وەڕێکەوتنی کاروانێک (ئەگەرچی تەنیا ڕوونکردنەوەی شێوازگەلی جۆرەوجۆری بەرهەڵستکارییەکە لە وڵاتێکدا یان لەسەر گۆی زەوی) لە خۆیدا تەنیا لێکۆڵینەوە نییە. بگرە دەکرێ ڕوونکەرەوەی داهاتووش تەنانەت فرەتر لە سەردەمی ئێستاش بێت. ئەوانەی لەم کاروانەدا بەشداری دەکەن هەمان کەسن کە هاوکات لێکۆڵینەوەش دەکەن. ئەوان دەتوانن ئەو شتانە ببیننەوە کە کۆمەڵگەناسەکان بە لایدا ناڕۆن، نایانبینن یان خۆیانی لێ گێل دەکەن. کە کاروانی و ڕێگەکەی بناسی، باشە، بەڵام ئەگەر بێتو لە هەموو ڕێگەکە شارەزا بی، حەوجێ بەوەش دەکا کە خەت و نیشان و تەندێنسەکانیش بناسی. کە لە گفتوگۆکان و لێکهەڵبەزینەوەکان یاداشت هەڵبگری و لێکۆڵینەوە بکەی تەنیا یارمەتیی ئەوەمان ناکا کە لە ڕووداوەکان ئاگەدار بین و تێیان بگەین بگرە پێش لە هەموو شتێک ئەو شیانەمان بۆ دەرەخسێنێ کە بۆ خۆمان بتوانین لە ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکاندا شوێندانەر بین.

# فەلسەفەی "ئەخلاق"
# لەپێش مۆدێرنە و لەپاش مۆدێرنە

هیمداد شاهین

ئەخلاق هەم وەک فەلسەفە و هەم وەکو کایەیەکی مەعنەوی، هەڵگری کۆمەڵێک مانا و ڕەهەندە، پێم وایە تا ئێستا لە دنیای ڕۆشنبیریی ئێمەدا کەمترین قسە لەسەر ئەم چەمکە کراوە، دەمێک بوو دوای ئەم بابەتە کەوتبوم، ئاخۆ بۆ ئێمە قسەمان لەسەر فەلسەفەی ئەخلاق نییە؟ ئاخۆ بۆ ئارکیۆلۆجیای ڕۆشنبیریی ئێمە خاڵییە لە چەمکی"ئەخلاق"؟ وای دەخوێنمەوە کە ئەخلاق لەلای ئێمە تەنیا هێما بۆکراوە و بچووکترین وێنەی نییە، ڕاستی هەر ئەوەیە وا لە من دەکات کار لەسەر ئەم فەلسەفەیە بکەم، هەڵبەت سەرەتا گرینگە ئێمە بزانین فەلسەفەی ئەخلاق واتای چییە، دواتر شۆڕ بینەوە بۆ نێو تێگەیشتن لە مانا قووڵەکانی ئەم چەمکە، هەموومان دەزانین لە جیهانی ڕۆئاوادا فەلسەفەی ئەخلاق بۆ خۆی کایەیەکی گرینگە و دواجار گرینگترین بابەتی فەلسەفەیە لە سەدەی بیستەمدا، کە کۆمەڵێک تیۆرنووسی باشی لێ بەرهەم دێت، لەوانە لە کانتەوە بگرە تا راسل و ڤنگنشتاین، هەڵبەت سەرەڕای ئەوەی ڤنگنشتاین گەورەترین فەیلەسووفی زمانە، بەڵام بە دیاریکراوی کاری لەسەر فەلسەفەی ئەخلاق کردووە، دەیان قوتابخانەی ئەخلاقی هەن، هەر کامیان بگریت بە جۆرێک لێکدانەوە و تێڕوانینی هەیە بۆ ئەخلاق، بۆ نموونە ئەخلاق بە دیوە میتافیزیکییەکەی ئەوە کانت تیایدا کار دەکات، لە بواری ماناناسیی ئەخلاقیدا ڤنگنشتاین هەیە، ئەخلاق هێندە کایەیەکی گرینگە، دەتوانم بڵێم بنەمای کۆمەڵێک کار و فەلسەفەی ترە، هێندێک لەوانەی کە لەم کایەیەدا کار دەکەن پێیان وایە فەلسەفەی ئەخلاق لەپشتی فەلسەفەوەیە، پێشیان وایە ئەگەر مرۆڤ بیەوێت مامەڵەی مرۆییانە لەگەڵ لۆجیکدا بکات، ئەوا دەبێت لەم بابەتانەوە دەست پێ بکات، فەلسەفەی ئەخلاق لە کۆمەڵێک بەشی سەرەکی پێک دێت، بەڵام بە باشم زانی پێش ئەوەی بچینە نێو بەشەکانی ئەم چەمکەوە وا پێویستە سەرەتایەکی کورد لەبارەی مێژووی ئەم فەلسەفەیەوە بخەینە پێش چاو، فەلسەفەی ئەخلاق بریتییە لە شیکردنەوە (تحلیل) لەگەڵ رەخنەکردنی (ئینتقادی) پێشگریمانەکان و چەمکەکانی ئەخلاق.[1]

سەرەتا وا گرنگە ئێمە لە فەلسەفەی ئەخلاقی یۆنانی ورد بینەوە و ببینین کە فەلسەفەی ئەخلاق لە پێنج سەدەیەک پێش زاینی لە سوکراتەوە دەست پێ دەکات، ئەو کارێک دەکات کارەکە بە ئەرکی خۆی دەزانێت، ئەرکی ئەو برێتی بوو لەوەی کە پەیڕەوانی هۆشیار بکاتەوە لەوەی پێویستیان بە ڕەخنەی عەقلانی هەیە، ڕەخنەی عەقلانی لە بیروڕا و کارەکانیان، لەگەڵ گەشەکردنی دەسەڵاتی چینی سەرمایەداریش لەوا کە بازرگانەکان بوو، ئەوان بە چاوێکی کەمتر دەیانڕوانییە چینەکانی تر کە لە خوار ئەمانەوە بوون، بۆیە بەتەواوی کەوتبونە ژێر پرسیار و گومانەوە، بازاڕی بازرگانی کە زیاتر لە ڕەسەنێتیی بنەماڵە، گرنگی بە پارە دەدا و خەڵکی تێیدا وەکو کڕیار و فرۆشیار بە یەکسان دادەنران، بۆیە چینەکانی تر داوای هەندێ ڕێسای نوێیان دەکرد بۆ شێوەی ئاکار و هەڵسوکەوتەکان، وەکو دەڵێن ئەو خەڵکەی بە نیاز بوون بۆ بەڕێوەبەرایەتیی گشتی (public office)، هەڵبژێردرێن بەڵام لە ماڵەوە و خێزاندا وەکو کۆیلەدار و خاوەن کۆیلە پەروەردە نەکرابوون و پێویستیان بە کۆمەڵێک ڕێسا و ڕەفتار هەبوو کە ڕاشکاوانەتر و گشتی تر لەوە بێت کە وەکو گەورەیی و شەرافەت و ڕۆحی بە کۆمەڵی ئەشرافیەتی هەرەسهێناو کەوتبووە ڕوو، هێنری سیجویک (henry sidgweick) پێی وایە ئەم سەرهەڵدانی زانستی ئاکارە وێرای بە مامۆستا پسپۆڕەکانی دەرک ناکرێ، مەگەر وەکو ئەنجامی پڕاوپڕ و خواستێکی گشتی وێنتی بکەین کە لەم قۆناغەی ژیاری یونانیدا بەربەستێک بوو بۆ ڕەوتی سوننەتی بابەتەکان، بەشێوەیەکی لێهاتووی تەکنیکی دروست دەکات، ئەگەر هێزی جەستەیی چیی تر ئەو کەڵکەی پێشووی نەمابوو و کەوتبووە دەستی ڕێکوپێکە پیشەسازییەکان و کارگێڕانی پسپۆڕی ئەم بەشەوە، کەواتە سروشتی بووە بیر لەوە بکەنەوە کە ئەم کارە تەواو پێچەوانەی عەقڵ و نەفسە بۆیە پەنایان بردووەتە بابەتی ئەخلاقی بۆ ئەوەی ئەو دۆزەی پێ چارەسەر بکەن، ئینجا لەو سەردەمانەیشدا لە قوتابییەکانی سوکرات ئاریستیپ (aristippus) هەستا بە دروستکردن و بەرهەمهێنانی لقێکی تر فەلسەفە کە کورنائی(cyrenaeism) بوو ئاریستیپ دەستی کرد بە خوێندنەوەی مانا قووڵەکانی چێژ و کۆکردنەوەی گەشەی ئەخلاقی لە چێژدا، بڕوایەکی عەجیبی ئەم پیاوە کارکردن بوو بۆ سەلماندنی ئەوەی کە گوایە چێژ تاکە خێری مرۆڤە!

ئەو تەسەورە کورنائییە سەرهەڵدانی فەلسەفەی ئەپیکۆری (Epicureanism) لێ کەوتەوە و لەگەڵ ئەوەیشدا لقی کلبی ڕەواقییان پێک هێنا، دواتر لەپاش مردنی ئەرستۆ هێندەی نەبرد، پووری ئیلسی (purrho of elis) بە هۆی کاریگەری سوفیستەکان و ڕەخنەی سوکرات لە بیروڕا سوننەتییەکان، گومانکارییان هێنایە ئاراوە، بە پێی ئەم فەلسەفەیە بێت، ناکرێ چ حوکمێک (چ ئەخلاقییەکان و چ بابەتە واقیعییەکان) بسەلمێندرێ بە چەشنێک کە ئەدەبی لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە لە چاو کار و کردەوەی دیتران، هەڵوێستی بێلایەن بوون و ئاوێتە لەگەڵ هەڵکردن و بۆ کار و کردەوەی خۆش هەڵوێستی پارێزگارانەی (موحافیزکارانەی) توند بگیرێت، سەدەی دووەمی پێش زاین ئەکادیمیای ئەفلاتوون، واتا ئارکزیلا ئوس و کارنێئادس، گۆڕانکارییان پەسند

کرد و کارنێئادس (carneades) چەشنێ تیۆرەی لەسەر شیمانەکان بەدەستەوە دا کە لە حوکمە ئەخلاقییەکانیش کەڵکی لێ وەرگرت، لەم ماوەیەدا لقی مەشائی لە لوکایۆنی ئەرستۆ نەریتی ئەرستۆییی خۆی درێژە پێ دا کە لە کۆتاییدا تێکەڵ بە لقی ڕەواقی بووەوە.

دوای ئەوە و لە ماوەی نێوان مەرگی ئەرستۆ بۆ سەرهەڵدانی مەسیحییەت، ئێپیکۆر بناغەدانەری دوو ڕێبازی فەلسەفیی کاریگەر بوو، لقەکە کاریگەرییەکەی تر هەڵبەت ڕەواقییە، ئەخلاقی لقی ڕەواقی تا هەنووکەیش بە برشترین دەسکەوتی عەقڵانی لە کولتووری یونانی و ڕۆمی پێش مەسیحییەت بووە، کە سیستەمێکی ئەخلاقیی ئاراستە کردووە، لە چوارچێوەیدا ڕامانی میتافیزیکی، زانستی سروشتی، دەروونناسی و بیروڕا کۆمەڵناسییەکان گەشەیان کردووە، قۆناغی گەشەی ئەم لقە بە سێ قۆناغدا تێپەڕیوە:

ڕەواقییە کۆن، یان سەرەتاییەکان: کە پێشەنگە دیارەکانی برێتین لە زێنۆن (ZENO) و کلنانتس(CLEANTHES) و خرۆسیپوس (CHRYSIPPAS).

ڕەواقییەکانی مامناوەند: کە پێشەنگەکانی، پانائسیووس (PANAETIUS) و پۆزیدیۆنیووس(POSIDONIUS) بوون.

ڕەواقییەکانی دوایی: برێتی بوون لە سێنێکا(SENECA)، مارکۆس ئۆلێریووس (EPICTETUS)، تا ڕادەیەکیش سیسرۆ (CICERO).

دوایەمین قۆناغ، کە تەنیا بەشێکیان لە ئامۆژگاریی ڕەواقی پەسند کرد، چەمکی جیهان زێدی یان برایەتیی جیهانی مرۆڤایەتی پەرە پێ دا، لەم چەمکەدا سەرجەم مرۆڤەکان وەکو کەسانی خاوەن ماف و بەرپرسیارێتیی یەکسان ناسێنران، مانایەک کە کولتووری مەسیحییەت بە هۆی کتێبی شاری خواوەندی ئاگۆستینەوە خاوەندارێتیی دەکات و لە سەردەمی نوێشدا (کانت) کردییە ژێرخانی سیستەمی ئەخلاقی خۆی.

وەک دەزانین ئەخلاقی ئەپیکۆری ڕێگەیەکی بۆ ژیان دەستنیشان کردبوو کە تەنیا شیاوی چینی دەوڵەمەند و سەرمایەدارەکان بوو، ئەخلاقی ڕەواقیش پێوەست بوو بە خەڵکانی ئارەزوومەندی هەر چینێکەوە، شایەتیی ئەم بانگەوازەیش دوو سیمای گەورەن لە لقی ڕەواقیدا، ئێپتۆسی کۆیلە و ئۆلیریوسی ئیمپراتۆر، بە هەر چەشنە ئەم دوو لقە فەلسەفییە، بە تەنیا دەیانتوانی لەگەڵ کەسانی خوێندەواری باڵا و خاوەن سروشتی هزرمەند کە بەها عەقڵانییەکانیان بە سەرووتر لە هەر بەهایەکی دی دادەنا کە پێوەدییان هەبێت، هەرکە ئیمپراتۆریای ڕۆم ڕووی لە دارمان و نەمان کرد، عەقڵ چیی تر نەیتوانی کێشە دژوارە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان چارەسەر بکات، ڕەشبینی و بێ سۆزیی بەرامبەر بە خودی (عەقڵ) هەمووانی هەراسان کربوو، ئەمە ئەو دۆخە بوو کە گیلبەرت مووری (GILBERT MURRAY) ناوی (لاوازی ئەعساب)ی کۆمەڵگەی لێ ناوە، ئیدی سۆز و خواستی خەڵکی بەرەو دۆزینەوە ڕێگەی بان سروشتی بۆ ڕزگاری ملی نابوو، دواتر

فەلسەفەی نێو ئەفلاتوونی هاتە کایەوە، هەڵبەتە ئەم فەلسەفەیە لەسەر دەستی ئەفلۆتی (PLTINUS) هاتووەتە ئاراوە کە لە (٤-ز) بوو شێوازێکی عەقلانیی ڕزگاربوون دیاری دەکات، ئەمە لە دۆخێکدا مەسیحییەتی تازە و سەرەتایی هەر ئەم ئامانجە بەهۆی سۆزداری و میهرەبانی و بۆنە ئاینییەکانەوە دەخستە ڕوو، دواتر ئیدی ئەم دوو ڕێبازە یەکیانگرت.

ئەفلۆتین لە ڕۆم وانەی دەوتەوە، پاش مردنیشی فرفۆریۆسی (PORPHTY) قوتابیی نووسینەکانی لەژێر ناوی نۆدانەییەکان (تاسعات) کۆ کردەوە، هەر لەبەرئەوەیش ئەم ناوەی لێ نا، چونکە کتێبەکە لە نۆ وانە پێک هاتبوو، ئەفلۆتین لەو کتێبەوە ڕەهەندێکی بیری ئەفلاتونییانەی گەشە پێ دا، کە بریتییە لە عیرفانی گۆشەنشینانەی بەدەستهێنانی شێوەی چاکە لە کۆمار و میوانیدا و میتافیزیکی یەکەتیبوونی، بەڕای ئەفلۆتین جیهان بریتییە لە زنجیرە دەرکەوتەکان یان هەڵچوونی یەکە"(THE ONE)، کە بریتییە لە ڕاستی دامەزراو و بنەڕەتی و بەهێز کە هەر شتێک بەشێکە لەو، تاک بەرزە و تەنانەت تاک وەسف ناکرێت، ئەو باڵاترە لە عەقڵ و لە مەعریفە، دوای ئەو ماجەرایە لە گۆڕانکاریی ئەخلاقی، ئیدی جۆرێک لە ئەخلاقی تر بەرهەم دێت، ئەم جۆرە لە ئەخلاقەیش، فەلسەفەی ئەخلاقی سەدە ناوەڕاستییەکانە، بۆ خۆی سەرهەڵدانی فەلسەفەی مەسیحی کە ئاوێتەیەکە لە هزری یۆنانی، فەلسەفەی ڕۆمی لەگەڵ ئاینی یەخود و توخمە ئاینییەکانی تر لە ڕۆهەلاتی ناویندا، پانتاییەکی تری لە مێژووی ئەخلاقدا کردەوە، هەرچەند ئەخلاقی ڕەواقی و نیۆ ئەفلاتوونی، وەکی تر کاریگەری خۆیان هەبووە، لە فەلسەفەی مەسیحی سەرەتاییدا دادوەری و سەربەستی فەلسەفەی ڕەواقی و هەوڵی فەلسەفەی نیو ئەفلاتوونی لەمەڕ گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی تێکڕای بونەوەران تێکەڵ بەبۆچوونی یەهودییەکان بووە، ئەخلاق سەرچاوەی شەرعیی هەبووە، واتا عەقڵی مرۆڤ و ئیرادەی خواوەند، لە سیستەمی ئەخلاقییەکەدا کۆ دەبووەوە، ئەگەر ناکۆکی و وێکنەچوون هەبووبێت، ئەوا لە شرۆڤەی لقە کەلامییەکاندا دەردەکەوێت، لە سەدەی دووەمەوە بۆ سەدەی چواری زاینی، مەسیحییەت گەیشتە سەرتاسەری ئیمپراتۆریای ڕۆم و مزگێنیی بەختەوەربوون لە جیهانێکی تری بە هەژار و چەوساوەکان دەدا، لە جیاتیی ئەو ڕۆژە ڕەشی و داماوییانەی لەم جیهانەدا تێی کەوتوون، واتا شێوەیەک لە ژیانی بۆ دەستنیشان دەکردن فەلسەفە عەقڵییەکان و ڕەشبینەکان بۆیان نەبوو بەربەرەکانێی لەگەڵدا بکەن، مەسیحییەت تا سەدەی چوارەم دەسەلاتی خۆی بەسەر ژیاری ئەورووپاوە سەپاندبوو، چەمک و بەهاکانی تایبەت بە ڕامانی دنیایی لە خۆیدا تواندبووەوە و کەوتە بەربەرەکانێی ئاینی وەک مانەوی، مێهرپەرستی و یەهودییەت، لەگەڵ گۆڕانی باوەڕی جەماوەری خەڵک هەنووکە سەرەی بیریاران و زاناکان بوو، بۆ ئەم مەبەستە پێویست بوو لە ڕێگەی ڕسکاندنی سیستەمێکی میتافیزیکی و پرەنسیپی ئەخلاقی ڕاشکاو و قەناعەتهێنەرەوە دەستی خۆی وەشاندبا، ئەم ئەرکەیش لەلایان باوانی کڵێساوە لەوانە کلێمان (CLEMENT) و ئۆرجێن (ORIGEN) و ترتۆلین (TERTULIAN) و ئامرۆز (AMBROSE) و لە هەموویان گرینگتر ئاوگۆستین (AUGUSTINE) هاتە ئەنجامدان.

## ئاوگۆستین (ئۆگستین)

قیدیس ئۆگەستین، ساڵی ٥٤ نزیک قرتاجیە، یان کارتاژ، (دەکەوێتە باکوری ئەفریقیا و هەمان تونسی ئێستا)، لە باوکێکی بێ دین و دایکێکی مەسیحی هاتووەتە ژیان، سەرەتا لەسەر ئاینی مانی بووە و پاشان بووە بە مەسیحی، ئەم ئۆگەستینە چەشنی نیو ئەفلاتوونییەکان، چێژە جەستەییەکان و خۆشگوزەرانیی ئاساییی گشتی ڕەت دەکردەوە و وەک سەن پول (ST.PAUL) بڕوای وابوو بە دەستهێنانی بەختەوەری لە دنیادا مومکین نییە چونکە ئەم دنیایە تەنیا تاقیگەیەکە بۆ بەدەستهێنانی جیهانێکی تر، ئۆگەستین چەمکی نێو ئەفلاتونیی چاکەی وەکو پاکتاوکردنەوەی نەفس لە گرێدراوی و پێدراوە مادییەکان بە مەبەستی یەکگرتن لەگەڵ خواوەند بە میرات بۆ مابووەوە، بەرامبەر بە بڕوا و پشت ئەستووریی ڕەواقی و ئەرستۆییەکان بە عەقڵ وەکو سەرچاوەی چاکە، ئۆگەستین بڕوای وایە ئەو چاکە و خێرە ڕواڵەتییانە بریتین لە وردبینی و ژیری (PRUDENCE) و دادوەری (JUSTICE) و حیکمەت (WISDOM) و سەبر و خۆڕاگری (FORTITUDE)، واتە چاکە کە بۆ خۆی ئەخلاقیترین چەمکە، ئەم چەمکی چاکەیە چوارینە سەرەکییەکانی کە نووسیمان کە ئەفلاتوون پێناسەی کردووە، کە لەلایەن ڕەواقی و مەسیحییەکانەوە جەختی لەسەر کرابووەوە، بەبۆچوونی ئۆگستین هیچ بەها و بایەخێکی عەقڵانییان نییە، مەگەر ئەوەی بەهۆی ئیمان بە خواوە بەدی هاتبێت، لە دۆخێکدا بیروڕای ڕەشبینانەی ئۆگستین بە نیسبەت ژیانەوە وەکو گۆڕەپانی شەڕ و جەنگ، دارمانی سیاسی و ئابووری، لێرەوە ئەخلاق وەزیفەیەکی تر وەردەگرێت، ئەخلاق ئیدی دەبێت بە پێوەر بۆ کۆمەڵێک مەبەستی تر، ئۆگەستین یەکێکە لەو کارەکتەرە مەزنانەی جارێکی تر ئاوڕێکی جیدی دەداتەوە، لەسەر وەستانی ئۆگەستین هێندە گرینگ نییە، گرینگترین شت گەڕانەوەیە بۆ خودی فەلسەفەی ئەخلاق، کە فەلسەفەی ئەخلاقی لە مەعریفەدا حیسابی مەعریفەی پلە دووی بۆ دەکرێت و دەشێت زیاتر لەسەر ئەم بابەتە قووڵە قووڵتر ببینەوە، دەشێت بڵێین ئەخلاق بۆ خۆی پێوەندیی بەمرۆڤبوونی مرۆڤەوە هەیە، ئەگەر ئەخلاق ئەو کردەیە بێت کە بە هۆیەوە ناوچە نەزانراوەکان دەبینرێن بگرە لە نەبوونەوە دێنە بوون بەگوێرەی ئەو گوتەیەی کە شتەکان نەبوون هێندە بوونیان هەیە کە دێنە ئەخلاق ئێمەوە، ئەگەر ئەو قسەیەی باشلار نەهێنین کە ئەخلاق ئیزافەیەک نییە لە ئێمەدا بگرە گۆڕینی ڕووبەرێکە بە ڕووبەرێکی تر، ئەو کاتەی ئەخلاقمان زێتر دەبێت بارستاییەک لە مەعریفەمان زیندوو نەکردووە بگرە بەقەد ئەو بارستاییە نەزانینمان گۆڕیوە بۆ زانین بۆیە دەڵێت: هەموو زانینێکمان لە راستیدا عوزر هێنانەوەیە بۆ نەزانینێکی پێشترمان، ئەخلاقیش بۆ خۆی هەندێک سات پێویستی بەزانینی بەردەوامی هەیە، ئەوەی کە هەیە لە ئەخلاقدا و من لە هەندێک شوێنی تردا باسم لێوە کردووە، بۆ نموونە گەشەی ئەخلاقی و سستیی ئەخلاقی و گۆڕانی ماناکانی ئەخلاق لە زەمەنێکەوە بۆ زەمەنێکی تر لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، چونکە وەکو چۆن هەر سەردەمێکی مێژوویی کێشە و گرفت و خەون و ئاسۆی تایبەت بە خۆی هەیە،

ئاواش بەها و دیدی ئەخلاقی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەوەی لە سەردەمێکی دیاریکراودا بەهای ئەخلاقی باڵادەستیی کۆمەڵگەیەک پێک دەهێنێت، ئەوا ڕەنگە لە زەمەنێکی تردا ئەو دەور نەگێڕێت، واتا مەرج نییە لە سەردەمێکی تردا هەمان ڕۆڵ ببینێت، ئەوەی لە ڕۆژگارێکدا دەستنیشانی ئەوە دەکات، چاکە و خراپە چییە، چ شتێک شوێنی ستایشە و چ شتێک شوێنی نەعلەت و نەفرەتە، مەرج نییە هەمان ئەو شتە بێت لە سەردەمێکی تردا هەمان ئەو کارانە ئەنجام بدات[٢]، واتا هیچ کات بە هەمیشەیی پاڵەوانێک نییە بە ناوی پاڵەوانی ئەخلاقەوە بۆ هەتاهەتا لە ساحەکەدا بمێنێتەوە، واتا ئەخلاق کایەیەکە هەمیشە لە گۆڕاندایە، گۆڕانێکی ستوونی و گۆڕانێکی ئاسۆیی، چونکە ئەخلاق کایەیەکی مەعنەوییە، بۆیە وا پێویستە سەرەتا ئێمە بگەڕێینەوە بۆ پایەکانی ئەخلاق و لەویشەوە لە ڕێگەی مەعنەویەتگەراییەوە شیکاری ئەخلاق بکەین، ئیدی با مێژووی ئەخلاق و فەلسەفەکەی جێ بێڵین و دواتر بگەڕێینەوە سەری، پایەکانی ئەخلاق بە میتۆدی مەعنەویەتگەرایی برێتین:

یەکەم: برێتییە لە ئارامیی ئەو ئارامییەی بەهۆی سازگاریی لەگەڵ بووندا دروست دەبێت.

دووەم: برێتییە لە شادبوون.

سێیەم: ئومێد.

چوارەم: ڕەزامەندبوونی ناوەکی.

پێنجەم: مانای ژیان.

هەوڵ دەدەین کەمێک لەسەر بابەتی ئەخلاق بوەستین و پێوەندیی ئەخلاق و فەلسەفەی ئەخلاق لە ژیانی ئینساندا بخەمە ڕوو، سەرەتاش بەم قسەیەوە دەست پێ دەکەم کە ئەگەر بڕیار بێت مرۆڤ لەم هەسارەیەی زەویدا میوان بێت و، دوای چەشتنی چەند ساتێک لە ئێش و ژان، پێکەنین و خۆشبەختیی بارگە و بنەی خۆی رووەو زێدێکی نەزانراوی تر بەجێ بهێڵێت، ئەوا دەبێت ئەم هەسارەیە و ئەو شوێنگەیەش لە کۆتاییدا ئەمی مرۆڤ رووی تێ دەکات خانەخوێیەکی هەبێت کە میوانداریی ئادەمیان بکات، هەرچەندە لەگەڵ ئەوەی مرۆڤ عاشیقی هەقیقەتە بەچاو بینراو و بەدەست لەمسکراوەکانە، بەڵام هەرگیز لە ڕێی ئەم کەناڵانەی زانیاری و مەعریفەتییەوە نەیتوانیوە پەی بەو خاوەن ماڵە بەرێت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بەئاشکرا بوون و کاریگەری ئەو خاوەن ماڵە دەرک دەکا و هەمیشە و بە ناڕاستەوخۆ هەڤپەیڤینی لەگەڵدا دەسازێنێت، بە ئاشکرا بەستەرە و رایەڵە نەپساوەکانی نێوان خۆی و خاوەن ماڵ هەست پێ دەکات.[٣]

لەلایەکی ترەوە زۆر ئەستەمە مرۆڤەکان بەدەر بن لە کاریگەری ئەو ڕووداوە مێژووییە گەورەیەی بەسەریاندا هاتووە کە ئەویش (ڕووداوی مرۆڤ)بوونە، بەو مانایەی مرۆڤ نامۆترین مەخلوقی نێو هەموو مەخلوقەکانی ترە هەم لە ڕووی دروست بوون و هەم لە رووی بەها و شوناسی شوێنگەییەوە، مرۆڤ هەرچەندە لە ڕووداوە بینراو و دیاردە و هەبووەکانی دەوروبەری

خۆی دەڕوانێت شتێک نابینێتەوە هێندەی خەلق و روودانی مرۆڤ پڕ لوغز و نهێنی بێت، راستە لە چواردەوری مرۆڤ دیاردەگەلێک و شتانگەلێکی زۆر و ناوازە هەن کە شیاوی تێفکرین و لێڕامانن، بەڵام دواجار سەراسیمەکارترینی ئەو هەبووانە هەر مرۆڤە، چونکە لە هەمان کاتدا کە خۆی بەشێکە لەو لوغزانە، هەر لەو کاتەشدا توانای رامان و وردبوونەوەیش لە هەموو یەکێک لەو نهێنی و هەبووە سەراسیمەکارانەی هەیە، بەڵام ئەمەش یەکسان نییە بەوەی کە ئیدی مرۆڤ بتوانێت بێ نیاز بێت لە هەموو ئەو وجوودەی کە رۆژانە کاریگەری مادی و نامادییان لەسەر ئەمی مرۆڤ دروست کردووە، بە دیوێکی تردا دەتوانین بڵێین هەرچەندە مرۆڤ لە مەزنترینی هەبووەکانە، بەڵام ئیتر ئەمە نابێتە دوا وێستگەی بیرکردنەوەکانی مرۆڤ، بگرە جارێکی تر مەزنیی ئەم مەخلوقە و بەرپرسیاریەتییەکەی لەوەدایە کە بەهۆی ئەو توانستی زانا و توانای فێربوونە کە هەیەتی ناتوانێت هەمـــوو ئەو حـــەدەســـانەی کـــە لە چواردەوری روو دەدەن نادیدە و بێ بەها بگرێت، بۆیە بە کەشفکردنی نهێنیی مرۆڤبوون بەشێکی زۆر لە نهێنی و لوغزە هەبووەکانی تر روون دەبێتەوە و بەم شێوەیەش زۆرێک لە پرسیارە وجوودی و بێزارکەرەکانی مرۆڤ بێ وەڵام نامێننەوە.

هەڵبەتە هێندەی لێرەدا مەبەستمانە مرۆڤ بە جوانترین وگرینگترین و گەورەترین هەبوو لەم سەر زەوینەدا وەسف بکەین، هێندە مەبەستمان ئەوە نییە کە مرۆڤ بە سەرچاوەی نهێنییەکان هەژمار بکەین و بیکەینە خوا، هەرچەندە ئەوە تەنیا مرۆڤە کە هەوڵی داوە بۆ ئەوەی هیچ نەبێت بەسنوورەکانی دەسەڵاتی خوا (خالق)ەکەی بگات.

لەم نووسینەدا زیاتر دەمانەوێت لە رێگەی پێکهاتەکانی مرۆڤەوە (ئەخلاق) جارێکی تر بگەینەوە خوا نەوەک ئێمە پێشگریمانەی دەسەڵاتێکی خاوەن توانای گەورەی خوا بکەین و لە کۆتایشدا وەک هەر بەرەنجامێکی ئاسایی و سادەی هێز و سەرچاوە و توانا نوقڵانەی بوونی خەلقی مرۆڤ لێ بدەین. مرۆڤ پێش ئەوەی لە دەرەوەی خۆی هەوڵی ناسینی خۆی و دۆزینەوەی خوا بدات، دەبێت دەست بە ئەنجامدانی گەشتێکی قووڵ بۆ ناخی خۆی بکات، گەورەترین هەڵەی مرۆڤ لە مێژوودا ئەوە بووە کە لەسەر بنەمای نەناسینی خۆی (جەهل) هەوڵی پێناسەکردن و ناساندنی شتەکانی تری داوە لە کاتێکدا خۆی (مرۆڤ) شیاوی برێکی زۆر لە هەوڵدانە بۆ ناسین، کە رەنگە سەرلەبەری ژیانی تاکەکەسێکیش هێشتا بە کەمترین نهێنییەکانی خۆی نەگەیەنێت هەر ئەم ناسینەی خودەشە کە رێگەمان بۆ رۆشن دەکاتەوە پەی بەو دەروازە و کۆد و وێستگانە بەرین کە ئەگەر هەیە ئاکامەکەی خۆی بێت.

مرۆڤ کائینێکە هەر کاتێک لە دەرەوەی خۆی وێڵی دوای خۆی و ئاسوودەیی و مرۆڤەکانی تر بوو ئەوا تووشی شکستییەکی پشتشکێن دەبێت گەر وریای خۆشی نەبێت رەنگە دەستکۆتایی بکات لە دەستخستنی سەرجەم ئەو خوازیاریانەی سەرەوە.

هەر لەسەر بنیاتی ئەو هەقیقەتەی کە مرۆڤ ناوازەترین حەدەسی سەرگۆی زەوییە، حەدەسێک جیاواز لە هەر حەدەسێکی تری سەر زەوی، بۆیە ناکرێت مرۆڤ بە کائینێکی بەرەڵاکراو بێ خاوەن

لەم ژیانەدا وەسف بکەین، مرۆڤ گەر کەمێک دارای دادپەروەری بێت بە ئاشکرا ئیحساسی ئەو دەست و هێزەی پشتی جووڵان و بیرکردنەوە و هەستەکانی دەکات، لە کاتێکدا ئەوی مرۆڤ بۆ ئەنجامدانی کارێک دەجووڵێت، لە یەک کاتدا خاوەنی دوو جۆر لە ئاکامە لە وێناکانی کە ئەوانیش شکست و سەرکەوتنە کە کەسی جووڵاو تا کۆتاییی جووڵەکە نازانێت چ ئەنجامێک هاوڕێیەتی، مەبەستمە بڵێم هەر خودی نادیاری مرۆڤ وە ناڕوونیی داهاتووی مرۆڤ، کە مرۆڤ نازانێت سبەی لە کوێیە و چۆن دەبێت وە یان دەگاتە سبەی؟ لە هەمان کاتدا جۆری ئەو داهاتووانەش بە خوازراو و نەخوازراویانەوە لە دەستی ئەوی مرۆڤدا نین ئەمە ئاماژەیە بۆ بوونی ئەو هێزە بان فیزیکییەی کە لە پێشەوە باسمان کرد، لەو نموونەیەی سەرەوە (بزاوتنی مرۆڤ) سەرنج بۆ راستییەکی تر ڕادەکێشین کە ئەویش چەمکی تەمەننی (التمني) مەبەستمان خواستی هەمیشەییی گەیشتنی مرۆڤە بە شتە باش و ویستراوەکان لە ژیاندا، ئەو چەمکە (تەمەننی) تێکەڵاوییەک یاخۆ نزیکایەتییەکی زۆری لەگەڵ چەمکی خەیاڵ (الخیال)دا هەیە بەڵام دواجار جیاوازییەکی زۆر زەقیش هەیە لە نێوانیاندا، لە کاتێکدا حەز و خواستی گەیشتنە بۆ شتێک لەسەر بنەمایەکی پووچ بەواتای کەسی خەیاڵاوی خاوەنی هیچ میکانیزم و کەرەستەسازییەک نییە کەچی خەیاڵی فڕین دەکات بە ئاسماندا، بەپێچەوانەی چەمکی تەمەننییەوە کە خاوەنی بەشێک لە کەرەستە و هێز و توانا و ئالییەتە بۆ گەیشتن بە شتێک و هەموو هەوڵەکانیش لەو پێناوەدا دەخاتە گەڕ، بەڵام دواجار کۆی کەرەستە و شتە هەبووەکان کەمترن لە شتە خوازراوەکە (ئەخلاقەکە و جۆر ئەخلاقەکە لەگەڵ ئومێد) بۆیە مرۆڤ دوای خستنەگەڕی تواناکان لە دەرەوەی سنوور و دەسەڵاتی خۆی بڕوای بە جۆرێک لە کاریگەری هەیە بۆ یەکسانکردنەوەی میکانیزم و توانای بە گەڕخراو لەگەڵ ئومێدە گەورە و ویستراوەکە، بە دیوێکی تردا تەمەننی خاوەنی چەمکێکی لاوەکیی ترە جیاواز لە خەیاڵ ئەویش ئەخلایات و ئومێدە، ئاخۆ هەستی ئومێد چیی ترە جگە لە قەناعەتکردن و بڕوابوون بە توانا و دەسەڵاتێکی ئیجابیی میتافیزیکیی دەرەوەی مرۆڤ؟ کە بەو ئاراستەیەی خۆی دەیەوێت مێژوو ژیان و هاوکێشەکان دەبزوێنێت و مرۆڤیش لەم نێوەندەدا بە دوای چانس و بەختی خۆیدا دەگەڕێت.

هەڵبەتە ئێمە مەبەستمان لە ئەخلاق، ئەخلاقی مومکینە لەسەر بنەمای کۆمەڵێک ئالییەت و کەرەستە، کە لە دەستڕەسی مرۆڤدا بێت نەک ئەخلاقی نامومکین کە دەچێتە چوارچێوەی خەیاڵەوە، خۆ گەر ستەم لە چەمکی خەیاڵیش نەکەین ئەوا ئەویش لێوانلێوە لە مانا و مەدلوول کە دەکرێت بینای شتی لە خۆی گەورەتری لەسەر بکەین، لە کاتێکدا مرۆڤ دەستکۆتایە لە دەستخستن و گەیشتنە ئومێدێک بۆ گەیشتن بە ئەخلاقی باڵا، هیوایەک، خواستێک، بەڵام دێت و لە ڕێگەی خەیاڵکردنەوە دەگاتە ئەوەی کە دەیەوێت بگرە زۆرجار زیاتر لەوە دەبڕێت، دەی مادام لەنێو ناخی مرۆڤدا ئەگەرێک هەبێت بۆ گەیشتن بەهەموو شتە نامومکینەکان ئەمە بۆ خۆی قەناعەتکردنە بە بوونی هێزێکی بانمادی کە هەموو شتەکان لە بەردەمیدا ئاسان و سادەن بۆیە

مرۆڤ بەبێ گرێ و رتوش تەسلیمی ئەم راستییە دەبێت و توانای نکوولّی لێکردنی دێتە خاڵی سفر. دەمانەوێت پەردە لەسەر ئەو فەزا ئاینییە لابدەین کە لە جەوهەری هەر مرۆڤێکدا ئامادەگییەکی بەردەوامی هەیە، هەروەها هەوڵ دەدەین بۆ نیشاندانی ئەو سروشتە ئاینی و پێوەستبوونە بالا و ئاسمانییەی کە هیچ مرۆڤێک توانای نکوولّی لێکردنی نییە، هێندەی دەمانەوێت لەنێو جۆر و سروشتی تایبەتمەندییەکانی مرۆڤەوە پێویستی مرۆڤ بۆ ئەودیو خۆی دەربخەین هێندە مەبەستمان هێنانەوەی دەلیل و بەڵگەسازی نییە لەسەر بوونی خوا. چونکە مێژووی مرۆڤایەتی پاش تێپەڕاندنی چەندین قۆناغ و ئاست لە مێژووی عەقڵی بەشەری و بەدەستهێنانە لۆجیکی و مەنتیقییەکان بە وێستگە و زەمەنێک گەیشتووە ئیدی مایەی نەنگی و شەرمە مرۆڤێکی ژێر بانگەشەی بێ خاوەنی و بێ ئەخلاقی و بێ خوایی گەردوون و مرۆڤ بکات، هەر هەمان ئەو گریمانانەش کە زەمەنێک هەڵگری تۆوی ئیلحاد و عەبەسییەت بوون و سەردەمانێکی کەم هەوادار و بەرگریکاریان هەبوو ئەمڕۆکە لە لاوازترین و بێ ئیعتبارترینی گریمانە و بیردۆزەکانن، چونکە هەرچەندە تۆ بتوانیت لە زەمکانێکی تایبەت و دیاریکراودا هەست و هۆش وعەقڵیەتی تاکێک یاخۆ کۆمەڵگەیەک مۆنۆپۆڵ بکەیت و شتێکی نامۆ و ناتەندروست بە شوناس وهەویەی مرۆڤبوونی ئەو لە دەرەوەی خۆی بەسەردا بسەپێنیت ئەوا بۆ ماوەیەک کە ئەوی مرۆڤ تیایدا ناهۆشیارە بەخۆی و دەرەوەی خۆی ئەم گریمانەیە ڕەواجی هەیە و لە ئەرزی واقیعدا ئەگەری پراکتیزەبوونی هەیە، بەڵام هەر کات ئەو تاکە توانای تێرامان و بیرکردنەوەی لە خۆیدا خولّقاند ئیدی ئەو وەهمانە وەکو کەفی دەریا هەر زوو دەرەوەنەوە و پایەی زانستی و لۆجیکیی خۆیان لە دەست دەدەن. ئەوەی لێرەدا گرینگە ئەوەیە ئاسمانی بوونی مرۆڤ، بابەتێکی فیکری و ناوەکییە و ناچێتە ژێر باری پێشکەوتنی ژیانی مرۆڤایەتی و یاسا نووسراو نەنووسراوەکانەوە، بگرە هەبوویەکە هێندە ئەسڵ و ڕەگ داکوتاوە لە هەناوی مرۆڤدا کە پاڵەپەستۆی ژیاری و تەکنۆلۆجی و گۆڕانی کۆمەڵایەتی و شێوازی سایکۆلۆجیی هیچ تاک و گرووپێک ناتوانێت پاشەکشە بە هەیمەنەی هەقیقی ئەم راستییە بکات لەگەڵ گۆڕانە ئەخلاقییە تولەیییەکان، بەڵام ئیدی دەرخستن و تەوزیفکردن و تەرجومەکردنی ئەم ئیحساسە بەندە بە رادەی هۆشیاریی تاک و کۆمەڵگە و ئاستی ئیدراکی تاکەکان بۆ ئەو داخوازییە لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ دەوروبەر و تووشهاتن بە کێشە و تەنگژە ژیاری و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکانەوە بۆیە پێویستە لەسەر مرۆڤەکان ئەم باوەڕ و هەست و چەمکانە لە ماوەی لێکۆڵینەوەی بیروباوەڕە ئاینییەکانیانەوە کەشف بکەن بەبێ بەهەندگرتنی زەمکان وژینگەی دەوروبەر (مادی و نامادی)، بۆیە (د. ئیحسان) دەڵێت: ئەو هەستە ئاینییەی کە بۆ مرۆڤی خاوەن باوەڕ دێت، جۆرێکە لە هەستی ئاینی کە هەر تاکێک دەگرێتەوە هەرچەندە شێواز و تەرزی ئاینیی ئەو باوەڕدارە جیاوازیش بێت، ئەم هەستە زاڵ دەبێت بەسەر مرۆڤدا و سیفەتێکی کەسی و خودی هەیە و ئەستەمە بتوانرێت بە شێوەیەکی بابەتییانە شی بکرێتەوە، چونکە وابەستەیە بەخودی کەسێتیی ناوەکیی مرۆڤەکانەوە، ئەو

پەرچەکردار و هەستەوەر و پاڵنەر و میزاجەی کە لەنێو هەستی ئاینیدایە ناچێتە ژێر باری لێکۆڵینەوەی زانستیی وردەوە.[٤]

بە وردبوونەوە لەو پەرەگرافەی پێشەوە روون دەبێتەوە کە کەشوهەوای ئەخلاقیبوون شتێک نییە کە لەمس بکرێت، وەکو نموونە (عینە)ی هەر توێژینەوەیەکی کۆمەلایەتی و دەروونی بتوانرێت توێژینەوەی لەسەر بکرێت، بگرە ئارامێکی ناوەکیی بێ پایانە یاخۆ رامبوون و هاوسەنگبوونی جەوهەری مرۆڤە لەسەر بنەمای دراوە دەرەکی و ناوەکییەکان کە هەمیشە و بەهۆی تێکەلاوبوون لەگەڵ ژیانی کۆمەلایەتیدا هاوسەنگیی خۆی لەدەست دەدات، بە دیوێکی تردا ئەخلاق چەشتنی جۆرە تامێکی نامادییە و گەر مرۆڤێک خۆی بە پراکتیکی ئەزموونی نەکات ئەوا ناتوانرێت لە رێگەی کەسێکی ترەوە ئەم ئەزموونە رۆحییەی بۆ بگوازرێتەوە، هەروەکو چۆن شاعیران و ئەدیبان لە وەسف و ناساندنی چەمکی عاشقبووندا هەمان بۆچوون بەیان دەکەن و پێیان وایە عیشق و عاشقبوون جگە لە ئەزموونی کەسی شتێکی تر نییە، یاخۆ باسێک نییە بۆ شەرح و راڤە و لێکدانەوە بگرە دەبێت مرۆڤەکان بەخودی خۆیان هەستن بە بنیاتنانی ئەم پرۆسە فەردییە، وەعاریف و زاهیدە ئیسلامییەکانیش لە بەرامبەر وشەی (تەقوا)دا هەمان بیروڕایان هەیە و دەڵێن: تەقوا پێش ئەوەی بابەتێکی زاهیری بێت بۆ لێدوان، زیاتر حاڵ و دۆخێکە کە مرۆڤ پاش تێپەڕاندنی چەندین وێستگەی پاکژکردنەوە و نوێبوونەوە و لەدایکبوونەوە مرۆڤ پێی دەگات و ئەم ئەزموونەش بەدڵنیاییەوە ناتوانرێت لە کەسێکەوە پێشکێشی کەسێکی تر بکرێت، هەرچەندە ناکرێت نکوڵی لەوەش بکرێت کە رادەی بالابوونی ئەم باوەڕە لە کات و شوێنێکی جیاوازەوە بۆ شوێنکاتێکی تر دەگۆڕێت و رەنگە لە قۆناغێکی دیاریکراودا بەهۆی چەند هۆکارێکی بابەتی و خودییەوە ئەم هەستە ئاینییەی مرۆڤ چووبێتە خانەی فەرامۆشکاری و لە یادکردنەوە ئەویش بەهۆی پاڵەپەستۆ ئابووری و سیاسی و کۆمەلایەتییەکان لەلایەکەوە، کاتێک کە خەڵکی دەرگیری ژیانێکی ناسازی زۆرەملێ دەبن و شوناسی فیزیکییان دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە لەسەر دەستی سەرکردەی ستەمکار یاخۆ هەر فاکتەرێکی تر وە یان لەلایەکی ترەوە دەکرێت هەندێک لە فەیلەسووف و بیرمەندان لە سەردەمێکدا سەریان هەڵدا بێت و توانیبێتیان نزمیی ئاستی رۆشنبیری و هۆشیاریی کۆمەڵگەیان ئیستغلال کردبێت و لەوێوە کاریان بۆ رماندنی پایەکانی ئەخلاق کردبێت، بەلام دواجار کاتێک مرۆڤەکان دەرگیری دەرهاویشتە نێگەتیڤەکانی ئەو نائاساییبوون و ناسروشتیبوونەی خۆیان وەکو ئاکامێک بوونەتەوە ئەوا راستەوخۆ هانایان بردووەتەوە بەر هێزە میتافیزیکا و سرووتە ئاینی و لاهوتییەکان بۆ هاوسەنگکردنەوەی ئەو تەنگژە ئەخلاقییەی کە تێی کەوتوون.[٥]

پێوەنییەکی گشتگیر لە نێوان دین و ئەخلاقدایە و ناتوانین بەمە قایل نەبین، پاشان گەر ستەم لە ئەخلاق نەکەین لەسەر رۆشنایی ئەو روونکردنەوە پێویست و حەتمییەی ئەخلاق کە لەپێشەوە لێی دواین دەتوانین ئەخلاق بە یەکێک لە غەریزەکان وەسف بکەین لە مرۆڤدا، بێگومان غەریزەش

خاوەنی ئەو سروشتەیە کە هەرگیز شیاوی فەرامۆشکردن نییە و دەنا گەر کەسێک غەریزەیەک پشتگوێ بخات ئەوا لەو رەهەندە غەریزەییەوە تووشی کەمی (نقص) دێت و راستەوخۆ کاریگەری لە سەرجەم جووڵە و پێکهاتەی جەستەی مرۆڤەکە دەبێت و دواتر هەرچەندە مرۆڤەکە لە ڕووی کەماڵی مادییەوە بە بەرزترین ئاستی ژیان بگات بەڵام کاتێک سەرنج لە ناخی خۆی دەدات لە ئاوێنەیەکی شکاو زیاتر هیچی تر بەدی ناکات، چونکە هەموو پێویستییەکان بە یەک ئاراستەی هاوتەریب لە رووی دابینکردنەوە گەشەیان نەکردووە هەروەها (د. سرووش دباغ) ئاماژە بەم غەریزیبوونەی هەستی ئەخلاقی دەدات و بگرە بەپلەی یەکەمیش سەروو هەموو غەریزەکانی ترەوە پۆلێنبەندی دەکات، هەڵبەتە کە دەڵێین غەریزە مەبەستمان ناساندنەکەی (علی عیزەت بیگۆڤیچ) نییە کە پێی وایە غەریزە بکوژی توانای داهێنانکارانەیە لە مرۆڤدا بەوەی غەریزە هێزێکی دوو فەرماندارە کە ئەوانیش: چێژ و ئازارە، بگرە غەریزەی ئەخلاقی ئەوەیە لە چرکەساتی پەیکەڵبوونیدا مرۆڤ راستەوخۆ تەماس لەگەڵ خوا و سەرجەم دروستکراوەکانیدا دەگرێت و نوقمی ئاسوودەییەک دەبێت کە ئیدی ناتوانێت دەرکی حیکمەتی ئەخلاقی میتا و خود و سەرجەم دروستکراوەکانی تری گەردوون نەکات.[٦]

لە وێستگەیەکی تری ئەم بەدواداچوونەماندا هەوڵ دەدەین بە کورتی ئاماژە بەحاڵەتی ئەخلاقی ئەو هۆز و قەبیلانە بدەین کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا لە ناوچە و هەرێمە جیاوازەکاندا ژیاون، کە پێم وایە: هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی مرۆڤایەتییەوە ئارەزوویەکی دیار هەبووە بۆ نەخشاندن و کێشانی سنووری کاریگەرییە بان سروشتییەکان لەسەر مرۆڤ، کە وەکو زریانێک هێرش دێن و زاڵ دەبن بەسەر ژیانی مرۆڤدا، کە ئەم راستییانەیان لەنێو دەستەواژەی کتێبە نووسراوەکانیاندا نووسیوەتەوە، هەروەها لە کۆمەڵگە تەوتەمییە پێشکەوتووەکانی ئەمەریکای باکوردا کە بڕوایان بەچەمکی مەبدەئی تەوتەمی هەیە، کە ئوسترالییەکانیش هەمان باوەڕی ئەخلاقییان هەبووە، لەلای قەبیلە هیندییەکانیش کە ئینتیمایان بۆ کۆمەڵێک لە کائیناتی ئیلاهی کردووە و پەرستوویانە کە لە سەروو هەر هەموویانەوە بڕوایان بە هێزێکی گشتگیری نادیاریکراو هەیە کە سەرجەم بوون و جووڵە و چالاکییەکانی خۆیانی لێوە وەردەگرن کە پێی دەڵێین (واکان waken)، کە (واکان) نهێنی جووڵێنەری گەردوونە و، هەندێک ڕێسای ئەخلاقیی تایبەتیشیان هەبووە و جێبەجێیان کردوون.

لەلایەکی ترەوە هیندییە سوورەکانی ئەمەریکا بەتایبەتی هیندییەکانی ناوچەی میامی و ئەلینۆی و ئۆتاوا بڕوایان بە هێزێکی گشتگیر هەبووە کە دەسەڵاتێکی گشتی (کل) و ئامادەبوونێکی گشتی (کل)ی هەیە و پێی دەڵێن (مانتۆ) لەلای سەرجەم ئاینە تەقلیدییەکانی ئەفریقیاش بڕوایان بە بوونی پێکهاتەیەکی نامادی هەیە کە لەناو شتەکان و هەبووە بینراو و نەبینراوەکاندا جێگیر بووە کە توانای هەر جۆرێک لە جووڵەیان دەداتێ، پاش بڕوابوونمان بە ئەخلاقیبوونی مرۆڤ لە ڕێگەی تایبەتمەندییە سروشتییەکانیەوە، تێبینیکردنمان لە ژیانی خودی تاکەکاندا دەگەینە ئەو راستییەی کە قۆناغێک لە مێژووی بەشەریەت نادۆزینەوە کە بەبێ

ئالوودەبوون لەگەڵ ئەو ئاتاجەدا ژیانیان گوزەراندبێت، بگرە ئاین کۆی پێکهاتە و شێوازی بیرکردنەوەیانی رەنگڕێژ کردووە بۆیە سەرجەم ئەو شارستانییەتانەی کە لە مێژوودا لە ترۆپک و لووتکەدا بوون ئەوا ئەخلاقیبوون و بەپیرۆزکردنی جووڵە و رەفتاریان پێکهێنەری گرینگترین پایە سەرەکییەکانی ئەو هەقیقەتە دەسەلمێنن، لەمەوە ئەخلاق بە قووڵی لە هەناوی ئاینەوە دەردەچێت و بەشێکی گەورەی دینیش داگیر دەکات، ئاین ئیدی لەم سەدەیەدا هەڵگری پەیامێکی عەمیق و جەزری ئەخلاقییە و بۆیە هەمیشەش ئاین دەمێنێتەوە، لە ناویاندا ئاینی پیرۆزی ئیسلام کە زۆرترین جەغت لەسەر بابەتی ئەخلاقی و رێسای ئەخلاقی دەکاتەوە، ئەمە هۆکارێکە بۆ ئەوەی ئەو ئاینە ساتەوەخت دوای ساتەوەخت فراوان بێت، هەر کاتێکیش نەبووە هەڵگری ئەو پەیامە ئەخلاقییە ڕوو لە لاوازبوون دەکات، هەر بۆیە (ئەریک فرۆمی ئەڵمانی) تەسلیمبوونی خۆی بەو راستییە ناشارێتەوە و دەڵێت بەڕاشکاوی دەڵێم هیچ شارستانییەک نییە لە رابردوودا، بگرە لە پاشەڕۆژیشدا هیچ شارستانییەتێک پەیدا نابێت بەبێ ئەوەی ئاینێکی تێدا نەبێت، (ئەریک فرۆم: ئاین و شیکردنەوەی دەروونی ؛ ٣٤) لە کاتێکدا هێندە بە گرینگی و حەتمیبوونی ئاینییەوە بۆ مرۆڤ لە ژیانی مرۆڤدا دەڕوانین دەکرێت لە رێی چەند بیریارێکەوە پێناسەی ئەخلاق بکەین یاخۆ شیکردنەوەیەکی بابەتییانە بۆ خودی فەلسەفەی ئەخلاق بکەین تا بزانین خودی ئەخلاق چ شوناس و تایبەتمەندییەکی هەیە کەوا مرۆڤ ناتوانێت خۆی لێ تەبەڕا بکات؟ (فەلسەفەی ئەخلاق سیستەمێکی ئەقڵانی، لۆجیکی، هاوسەنگە و پێک دێت لە کۆمەڵێک بیروباوەڕ و مەبدەئ و بەها و ئاکاری تایبەت بە پێوەستبوون بەپەیامی خوا و ئینسانەوە کە هەرچەند ئەخلاقیی بوو پەیامەکە هێندە پێوەی پێوەست بێن).[7] ئەوەیە کە شتی نالۆجیکی و خەیاڵی لەنێو فەلسەفەی ئەخلاقدا بوونی نییە هەرچەندە هەر خودی ئاینیش نەیتوانیوە یاخۆ نەیویستوە وەڵامی سەرجەم پرسیارە وجوودییەکانی مرۆڤ بداتەوە، بەڵام خاڵی بەهێز و کاریگەری ئاین لەوێدایە کە دەست وەردەدات لە هەموو بنیاتە مادی و نامادییەکانی ژیانی مرۆڤ وەکو فەلسەفەی ئەخلاق، بیرکردنەوەی ئەخلاقییانە، واتە فەلسەفەی ئەخلاق ئەو راستییەیە کە دەیەوێت لە رێگەی خۆیەوە پەردە لەسەر سەرجەم راستییە هەقیقییەکانی شانۆی ژیانی مرۆڤ لابدات کە هێشتا مرۆڤ نەیتوانیوە بەخودی خۆی پێیان بگات و بەشێوەیەک هەست بە ناڕوونی و گومان دەکات لەسەر ئەو هەقیقەتانەی کە رۆژێک لە رۆژان لە رێگەی توانا عەقلییەکانیەوە درکی کردووە، بەڵام لە هەمان کاتدا ناتوانێت راستەوخۆ و بێ سوود وەرگرتن لە رایەڵ و میکانیزمێک پێیان بگات.

فرۆم لە شوێنێکی تردا پێویستیی مرۆڤ بۆ جۆرێک لە ئاین و لە مەزهەب بۆ ئاراستە و بۆ پەرستن بە هەند دەگرێت و بە بەشێکی جەوهەری لە بوونی مرۆڤ باسی دەکات[8]، هێندەی لەو تێزەی فرۆم بڕوانین لەوە حاڵی دەبین، بۆ ئەوەی مرۆڤ لە ژیانیدا تا دەمرێت خاوەنی جووڵەیەکی ئامانجدار و بە ئەنجام بێت پێویستی بەجۆرێکە لە شوناس (پایە) هەیە بۆ ئەوەی پاڵی پێوە بدات و ببێتە خاڵی جووڵان و دەرچوون لێوەی، بەڵام ئەوەی سیفەتی نەمری بداتە ئەو شوناسە و

بەردەوامی بداتە جوولەی مرۆڤ ئەوا دەبێت ئەو پایەیە شوناسێکی ئاسمانیی هەبێت و سەر بە جیهانی ئەو دنیا بێت نەک زەمینی بێت، هەڵبەتە ئەم باوەڕەشمان لەو راستییەوە سەرچاوە دەگرێت کە مرۆڤ لە بنەڕەتدا کائینێکی ئاسمانییە و دەکرێت بەپێی پێوەر و شوناسە ئاسمانییەکانیش مامەڵەی لە تەکدا بکرێت و لێی بڕوانرێت، د.عەبدولکەریم سروش دەڵێت: هەقیقەتی دین گوزارشە لە خۆشەویستی[٩]، خۆشەویستی بۆ خۆی ئەخلاقیشە ئەگەر بێنایزی بێت، کەواتە پێوەندییەکی پتەو لەم ڕووەوە هەیە لە نێوان ئەو دوو چەمکە گەورەیە.

فەلسەفەی ئەخلاق وەکو سیستەمێک بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی هێزی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە کۆی پێودانگ و پرەنسیپەکانی شیاوی دەست بۆبردن نین هەرچەندە بەپێی مێژوو گۆڕانی کۆمەڵایەتی، خوێندنەوە و وێنەکانی فەلسەفەی ئەخلاق دەگۆڕێت و شیاوی نوێبوونەوەیە، لەو ڕەهەندەوە مژدانەیەکی ئاسمانی خواییە، لەلایەن دەسەڵاتێکەوە نێرراوە کە هێز و دادپەروەری ڕەهای لایە، مرۆڤ دەخاتە سەر ئەو باوەڕەی کە نەتوانێت نکووڵیی لێ بکات، گرینگە ئاماژەش بەوە بدەین مەبەستمان فەلسەفەی ئەخلاق پێوەرە ستانداردییەکەی نەک ئەو پێوەرانەی قابیلی گۆڕانن لە ژیاندا، بە دیوێکی تردا چەمکی فەلسەفەی ئەخلاق و وێنای مرۆڤ بۆ ئەخلاق هەمیشە بەرەنجامێکی ئیجابی و ئەکتیف لای مرۆڤەکان دەخاتەوە، هەڵبەتە ئەمەش لەبەر ئەو تایبەتمەندییەی کە خودی ئەخلاق هەیەتی، بەحوکمی ئەو تایبەتمەندییەی کە سروشتی مرۆڤ هەیەتی بەوەی کە هەردەم ئەگەری شکاندن و تێپەڕاندنی دەستوور و یاسا مرۆییەکان لەبەردەمیدا یەکجار ئاوەڵایە، چونکە ئایدۆلۆجییەت و یاسایەک کە مرۆڤ بۆ مرۆڤی دابڕێژێت زیاتر شیاوی تێپەڕاندنە، بەپێچەوانەی فەلسەفەی ئەخلاقەوە کە داڕێژەری یاسا و دەستوورەکە (ئەخلاق) هێزێکی لە مرۆڤ باڵاتر و زاناتر و دادپەروەرترە بۆیە ئەگەرەکانی تێپەڕاندنی یاسا ئەخلاقییەکان لە بەردەم مرۆڤدا کەم و دەگمەنن.

بەپێویستی دەزانین پاش پێناسەکردنی فەلسەفەی ئەخلاق، گرینگیی ئەخلاق (مهمة) لە دوو خاڵدا (پێوەندی) بخەینە روو کە دواتر فەلسەفەی ئەخلاق دنیایەک جێکار و کاریگەری لەسەر ژیان و کۆی بیرکردنەوەکانی تاک جێ دەهێڵێت، کە لێرەدا ماوە نییە لەوە بدوێین. دوو پێوەندییەکەش ئەمانەن:

* پێوەندیی مرۆڤ بە خودی خۆیەوە، کە دواتر ئەم پێوەندییە سەر دەکێشێت بۆ پێوەندیی خودی مرۆڤ بە فەلسەفەی ئەخلاقەوە کە ئەرکی مرۆڤ لێرەدا بە بیرکردنەوە لە خودی خۆی و گەردوون و دەوروبەری دەست پێ دەکات، دواتر ئەم ئالیەتانە دوور و نزیک پێوەندیی ئەوی مرۆڤ ئەخلاقەوە دەسازێنن و مرۆڤێکی لێ دەردەچێت کە گۆشە نیگاکانی بۆ ژیان و دنیا و بوون ڕوون و شەفاف بێت.

* پێوەندیی مرۆڤ بە ژینگەی کۆمەڵایەتییەوە، بێگومان هەروەکو دیارە مرۆڤ کائینێکی کۆمەڵایەتییە و بێ بوونی کۆمەڵێکی تر لە مرۆڤ لەگەڵیدا ناتوانێت لەگەڵ بووندا بسازێت،

لێرەوەیە کە ئاین کارێکی تر و گرینگییەکی تری داوەتە بوونی مرۆڤ، ئەویش وابەستەکردنێتی بە یاساکانی کۆمەڵەوە (جماعة) بەو پێیەی مرۆڤ مەخلوقێکی پڕ حاجەت و داخوازییە و ئەم پێویستییانەش لە ژیانی کۆمەڵیدا ئیشباع دەبێت، بەڵام هەندێک جار مرۆڤ لە پێناو تەحقیقکردنی خواست و ئارەزووی خۆیدا بە هەڵەدا دەچێت و مافی بەرامبەرەکانی پێشێل دەکات و بۆ مەرامی تایبەتی خۆی بەکاریان دەبات، فەلسەفەی ئەخلاق دیسان رەنگرێژی جۆری ئەو پێوەندییەشمان بۆ دەکات بۆ ئەوەی بتوانرێت دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بەرجەستە ببێت لە کۆمەڵگەدا، ئەرکە ئەخلاقییەکانی مرۆڤ لە بەرامبەر ژینگەی دەوروبەریدا تەنیا بەرجەستەکردنی ئەخلاقی عەدالەتخوازییانە نییە، بگرە کۆمەڵێک چەمک و بەها و ئەرزشی ترن کە بۆ خستنەوەی کۆمەڵگەیەکی ئاسوودە دەبێت مرۆڤەکان هەڵگری بن (دڵسۆزی، راستگۆیی، وەفا، پاکی، ژیانسازی، مرۆڤخوازی، متمانە، ئارامگری... هتد)، هەموو لە رێسا ئەخلاقییەکانن.

## فەلسەفەی ئەخلاق وەک ئالیەت بۆ کۆنترۆڵکردنی ناشیرینی

لە وێستگەیەکی گرینگی تری باسەکەماندا قسە لە کۆنترۆڵی ناشیرینییەکان دەکەین وەکو دیارە هەر کۆمەڵگەیەک کۆمەڵێک بەها و پرەنسیپ و مەبادئی تایبەتیی خۆی هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت ئاکاری تاکەکانی لە چوارچێوەی دەستووری کۆمەڵایەتیدا رێکوپێک بکات، رەنگە هەندێک جار ئەو میکانیزمانە شەقڵی ئاینی لەخۆ بگرن، هەندێک جاری تر لە شێوەی یاسا (قوانین الوضعية) دێنە پێش، هەندێک جاری تر دەستووری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە بەرپرسە لە بەرجەستەکردنی ئەو میکانیزمانە تا بتوانێت کۆنترۆڵی ناشیرینی کۆمەڵایەتیی پێ دەستەبەر بکات، بەڵام لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە کە بەراورد لە نێوان هەر یەکێک لەو سەرچاوانەی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیدا بکەین، کە ئاخۆ کامیان پتەوترینیانە و دەتوانرێت بە درێژاییی تەمەنی مرۆڤێک پایەکانی ئەو مەبادیئانە قورساییی خۆیان لەدەست نەدەن و هەر بەباڵایی بمێننەوە؟

ئێمە دەتوانین بڵێین ئەمڕۆکە لە دنیادا بە گشتی دوو جۆر لە کۆمەڵگە هەیە، کە یەکەمیان: یاساییە و بە زەبری هێزی مادی (سزای مادی) کۆنترۆڵی کۆمەڵگەی کردووە، دووەمیان: کۆمەڵە تەقلیدی و ترادیسیۆنییەکانە کە زیاتر خواستی بەرجەستەبوونی رۆحێکی کۆمەڵایەتییانە دەبێتە سەرچاوەی یەکەم و کۆتاییی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا کە هێشتا خێڵ و عەشیرەت باڵادەستن و ئەمە جۆرێک لە ئەخلاقییات تیایدا کار دەکات کە تا ئەندازەیەک لە خودی نا ئەخلاقییەوە نزیکە، یاسایەکی نەنوسراوە لە کۆمەڵگەدا هەیە کە هەموو ملکەچن بۆی و ناتوانن لێی لابدەن، جا ئەگەر یاسایەکە نائەخلاقیش بێت ئەوا دەبێت ملکەچ بیت بۆی، ئەمە دواجار ئیشکالیات بۆ خودی ئەخلاق بەرهەم دەهێنێت، ئیشکالیەتێک چارەسەرکردنی هێندە ئاسان و سادە نییە، ئەوەی دەمێنێتەوە لەم سەرچاوانەی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتیبوونی کۆمەڵگەیەکی

ئەخلاقیی رووتە کە ئێستا لە جیهاندا بوونی نییە، لە هەردوو کۆمەڵگەی ترادسیۆنی و کۆمەڵگەی مۆدێرنی یاساییدا ڕەفتاری خەڵکی لە بەرامبەر وجوودی دێوەزمەیەکی ئاشکرادا کۆنترۆڵ کراوە، هەرکات ئەو وجوودە (سزا) دیار نەما ئەوا مرۆڤەکان دەگەڕێنەوە سەر جێبەجێکردنی خواستە خودییەکان و پەنا بۆ شکاندنی هەر تابۆ و یاسایەکی کۆمەڵگە دەبەن و مافەکان پێشێل دەکەن، گەر ئەو کۆمەڵگەیانە هێندە مرۆڤدۆستیش بن کە لە کاتی نادیاری سزادا سنووری بەها باڵاکان نەبەزێنن، ئەوا هەر خاڵێکی لاوازی زەق لەو میکانیزمی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە نائاینییانە دەفامرێتەوە ئەویش ئەوەیە کە دەرگەکانی لادانی کۆمەڵایەتی هەمیشە والان لە بەردەم مرۆڤی ئەو کۆمەڵگەیانەدا، چونکە زۆربەی جار ئەو و یاسایانە ناتوانێت ئەو بەها ئەخلاقی وگەردوونیانەی پشتی ئەو وابەستەبوونانە بۆ تاکەکانی ڕوون بکاتەوە، تاک هەمیشە وەکو یاسایەکی جەبریی دنیاکرد لێیان دەڕوانێت و لە ناخیدا ئاوێتەبوونێکی ئیجابیی لەگەڵدا نابێت، بەڵام هەرچی دەستوور و بەها ئاینییەکانە بەبێ گرنتی ژیانی مرۆڤ لە هەردوو دنیادا هیچ ئەرکێک نادات بەسەر ئەخلاقی مرۆڤدا، گرینگترین شتێک و پرسیارێک کە تا ئێستا مرۆڤی جاڕس کردووە دۆخی دوای مەرگ و ژیانەوەی دوای مردنە کە مرۆڤ بە حوکمی ئەوەی عاشقی مەجهولە ناتوانێت خۆی لەم پرسیارەش غافڵ و نائاگا بکات، دەبێت ڕۆژێک وەڵامی ئەم پرسیارانە هێور و ئارامی بکاتەوە، بۆیە دەبێت ڕێسای ئەخلاقیی ئاینی جێبەجێ بکات، بۆ ئەوەی ئازاری گەورە نەچێژێت لە دنیای دوای مەرگ، بۆیە تەنیا ئەوە ئاینە کە وەڵامی ئەم پرسانە بێ گرێ و گۆڵ دەخاتە بەر هەست و دیدە و لۆجیکی مرۆڤەکان، هیچ یاسا و ئاین و مەبادئ و بەهایەکی دنیایی ناتوانێت لە دەرەوەی چوارچێوەی لایەنە مادییە رووتەکەی دنیا چاکییەکی تری بۆ مرۆڤ پێ بێت، هەرچی فەیلەسووف و بیریارانی مێژووشە تەنیا لەگەڵ ئەو شتانەدا دەست و پەنجەیان نەرم کردووە کە لە ئەرزی واقیعیدا و لە بەرچاو و هەست و دەمدا بوونی هەبووە، بەڵام مرۆڤ بە دڵنیاییيەوە جگە لە پێوەندی بەم شتانەوە پێوەندییەکی تری هەیە لەگەڵ زەمانێکی تردا کە هەندێک جار خۆشی نازانێت ئەو پێوەندییە چۆن بنیات بنێت، گەر سروشت ئاساییيانە و بێ پەنابردن بۆ نکووڵیکردن مرۆڤ لە خۆی رابمێنێت ڕۆژانە هەست و نەستی و بیرکردنەوە و خەیاڵی رووەو زەمین و زەمەنێک راپێچی دەکەن کە لە سەداسەد جیاواز و نامۆ و ناجۆرە بەم زەمین و کاتەی کە لە حاڵی حازردا ئەمی تێدایە، هەرچەندە ئەم گەشت و سەفەرە لە ناکاوەکەم سەتحی بێت بەڵام ئاماژەن بۆ بوونی کۆمەڵێک پێوەندیی تری مرۆڤ بە جیهانی نادیارەوە کە هەرگیز مرۆڤ لە دنیادا لێی تەبەڕا نابێت کە ئەم حاڵەتەش پێی دەوترێت (ئەزموونی روحی). کە دەڵێین ئەزموونی روحی تەنیا مەبەستمان ئەو هەستە نییە کە پاش ڕێژنەبارانی پەرستشێکی پاک مرۆڤ نوقمی خۆی دەکات و دەیکات بە کائینێکی ئەخلاقی، بگرە دەکرێت مرۆڤەکان لەڕێگەی تاقیکردنەوە و ئەزموونکردنەوە پەی بەو هەزاران ڕێگەیە ببەن کە سەرەنجامەکەی پاکێتیی روح و عبورکردن و عروجکردنە بۆ ئاسمان.

بەحوکمی ئەوەی روحی خوا بەجۆرێک لە جۆرەکان لە مرۆڤەکاندا بوونی هەیە ناتوانین

بانگەشـەی بـوونی مـرۆڤ و کـۆمـەڵگەی نائەخـلاقی بکەین، چونکە خـوا وەکـو زاتـێکی گـەردوونی پڕاوپڕە لە ئەخـلاق، واتە مـادام بەشـێوەیەک بوونی خـوا لە مـرۆڤدا بوونـی هـەیە ئیدی ئـەم مەخلوقـە (مـرۆڤ) بیـەوێت و نەیەوێت راسـتـەوخـۆ بەسـتـەرەیەکی تۆکـمـە بە جـیـهـانی ئەودیو مـادەوە (مـیتافـیزیک) دەیبـەستێتـەوە کە مـەبەستمـان خـودی خـوایە، بەو مـانایەی هیچ مـرۆڤێک نییـە لە گـەردووندا لـە بچـووکـتـرین جـووڵەیەوە تـا گـەورەترین ئـەرک و کـار و چالاکی هـەست بەبوونی دەستێکی بان مادی لە خۆیدا نەکات کە نایبینێت و ناشتوانێت نکووڵیی لێب کات.[١٠]

هێـشـتـا مـرۆڤ لـەم گـەردوونـەدا دنـیـایـەک پرسـیـاری هـەیە و وەڵامـی چنگ نەکـەوتووە، چـەندین خـواست و حەزی مـادی و نامـادیی هـەیە و زەمـەن درێژە بیانگاتێ، بۆیە ناتوانێت بێ نـیازیی خـۆی لە ئاین بـەیان بکات و عـەقـلانی نییـە مـرۆڤ بەم غـەریبییـە سـەراسـیـمـەکـەرییـەوە و بەکـۆمـەڵێک پرسـیـاری نامـۆ بە ئێـستـا و لە چـەندین شت کە هـەیە حـاڵی نەبێت و هـەر بە نامـۆیش خـۆی و دنیـا بەرەو نامـۆیی بەجـێ بهـێڵێت و کـەسـێکیش ئاشت و ئاشنـای نەکاتەوە بە ئەسـڵەکـەی، مـرۆڤ هـەتا پرسـیـاری مـیـتـافـیـزیکی و بـێ وەڵامـی هـەبێت ناتوانێت بـێ خـوا و ئاین بژێت و دەبێت پێـشـی شـاد بێتەوە، دوای ئاشنابوون بەم وەڵامانە، ئیدی خوا و ئاین مـافیان دەبێت لەسـەر ئەو ئینسـانـە، مافی ئەخلاقییانە مامەڵەکردن.

زۆرجـــار شـــتـــە هـەبووەکـــان ناتـوانن وەســـفـی خـــۆیان بکـەن، چونکە ئەوان خـــودی وەسف و پێناسەکانن، لەبەرئەوەی مرۆڤ خۆی خودی ئەخلاقە و ئەخلاقیش خودی مرۆڤە، کە وابێت زۆربەی جار رەنگە مرۆڤ نەتوانێت وەسـفی ئەو حاجـەتە بۆ فەلسـەفەی ئەخـلاق بکات، چونکە خـودی خۆی حـاجـەتەکـەیە بۆیە زۆرجـار مرۆڤ لە ژیـانیدا و لـە بەرامـبـەر حـەدەسـێکدا، پرسـیـارێکدا، وێنەیەکدا هـەسـتێکی ناوازە سـەرجـەم بوون و گـیـانی دەتەنێت بەڵام دەسـتـبـەسـتـراوە لەوەی کـە بتـوانێت بەو شـێـوەیەی کـە ئـیـحـسـاسـی دەکـات تـەعـبـیـری لـێ بکات بۆ بەرامـبـەرەکـانی بۆیە چەندین تەعـبـیر دەردەبڕێت بۆ یەک جـۆر لە هـەست و ئیحسـاس، چونکە ئەسـتـەمـە هـەبووەکـان بتوانن گوزارشت لە خۆیان بکەن و بەڵکو دەبێت پەنا بۆ شتێک ببرێت لە دەرەوەی ئەوان تا بتوانێت لێیان تێ بگات.

## گەڕانەوەی فەلسەفەی ئەخلاق لە سینەی شارستانییەتی پێشکەوتوودا

ئینسان بۆ ئەوەی بگات بە پلەیەکی ئەخلاقی دروست، بۆ ئەوەی بتوانێت دڵدارێک و مەعشـووقێکی باشی ئەخلاق بێت، لەپێشەوە دەبێت هێندەش وزە بە خەرج بدات لە رووی رۆحییەوە تا پارسـەنگی ئەو هـاوکـێـشـە و پێـوەرە (مـادي + مـعنوي)یەی خـۆی بداتەوە و تەنیـا یەک تەرەف و یـەک لایەنانە ناکرێت لەسـەر بنەمـای ئەوەی کـە کـۆمـەڵگە قـۆناغـێکی لە دوای یەکەکـانی مـێژووی بڕیوە و بە لووتکەی شـارسـتـانییـەت و پێشکەوتن گەیشـتـووە ئیتر بێبـاکبـوونی خـۆی لە فەلسـەفەی ئەخـلاق و سـەرجـەم پیرۆزییـەکـان و بەهـا و نەریتـە رۆحـییـەکـان نیـشـان بدات، چونکە فـەلسـەفـەی ئەخـلاق بەشـدارییـەکی کـاریگەر و بەرفـراوان دەکـات لە بنیـاتنانی پێکهـاتە و دەسـتـووری کـۆمـەڵایـەتیی

کۆمەڵگە و گەشەپێکردنیدا لە سەرجەم بوارەکاندا.

بەو مانایەی کە ئیدی ئەوی مرۆڤ پێویستی بە شتێک نییە لە دەرەوەی خۆی و هەموو ڕێگە و شوێن و کاتەکانی تەی کردووە بگرە بەپێچەوانەوە دەتوانین حوکمێکی ڕەها بدەین بەسەر هەر تاک و کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوودا کە تا لە ڕووی مادییەوە بچێتە هەڵنەکشێت، ئێمە گومانمان لەوە نییە کە مرۆڤ تەنیا ئەوە نییە کە ئێمە دەیبینین و لەمسی دەکەین بگرە لە هەناویدا بوونێکی تر، هەویەکی تر، خواستێکی تر بۆ کەماڵ و گەیشتنە مەجهول (هەقیقەت) هەیە و لە هەمان کاتدا ئەمرۆ مرۆڤایەتی وشارستانییەت و بەرهەمەکانیان سەرشێتانە هەڵدەزنێ بەسەر جەستە و ڕۆحی تاکەکاندا و دەروون و ئەندێشە و خەیاڵیشیانی نوقمی خۆی کردووە.

هەموو ئەو بەڵگانە ئاماژەن بۆ ئەوەی پێشکەوتنی مرۆیی لە دۆزێکی عەقڵی و فیکری زیاتر نەبووە، ئەم پێشکەوتنە تاک ڕەهەندەیە مرۆڤی گەیاندووەتە قۆناغێکی ترسناک و بێزارکەر هەر ئەم دۆخە نائاساییە لە هەناوییدا ڕەگە دژ بەیەکە ڕووکارییەکانی هەڵگرتووە، کۆتاییی هەموو ئەمانە تێکچوونی عەقڵ دەخاتەوە. ئاخۆ مرۆڤەکان بە هەزاران تەن چەکی نەوەوییان کەڵەکە نەکردووە کە بەس بێت یاخۆ زیاتریش بێت بۆ لەناوبردنی گۆی زەوی؟ ئاخۆ مرۆڤەکان کارگەی نەوەوی ترسناکی وایان بەرهەم نەهێناوە کە بە بڕی گەورە پاشەڕۆی تێکشکێنەری هەیە و دەبێتە هۆی خستنەوەی مەترسی و هەڕەشە لەسەر ژیانی مرۆڤایەتی، ئەوەی دەکرێت من لێرەدا لەسەر بوەستم و هەندێک وردەکاری بخەمە ڕوو، ئەوەیە گرنگە قسە لەسەر مادییەتی تەواو بکەم و دواتر مادییەت چ گورزێکی کوشندە لە ئەخلاق دەدات، مادییەت هەموو شتێکە لە فەلسەفەی مۆدێرنەدا، لە دنیای مۆدێرنەدا باشترین پێناسە بۆ ئەخلاق ئەوەیە تۆ براوە بیت، براوەی یارییەکە بیت ئیدی ئەخلاقیت، گرنگ نییە خەڵک هەموو بدۆڕێن، گرینگە تۆ کار بۆ بردنەوەی خۆت بکەیت، گرنگ نییە چەند کەس دەبن بە قوربانی، گرنگ تۆ نەبیت بە قوربانی، ئەمە بەبۆچوونی من گەورەترین بەڵایە کە بەسەر ئەخلاقی دنیای دوای مۆدێرنەدا دێت، ئەگەر بتوانین ئەکادیمییانە باسی لێوە دەکەین و خاڵە نێگەتیف و پۆزەتیڤەکان دەخەینە ڕوو.

دەتوانین بڵێین مرۆڤی چاخی بیست و یەک لەناو هاوکێشەیەکی خۆکردا خۆی دەرگیری گرفتێکی ئێجگار گەورە کردووە لەلایەکەوە لایەنە "مادیی (مجرد)"یەکەی بێ پەروا دەکشێت و مەودای خۆی فراوان دەکات و بستێک ئەرز لەم هەسارەیەدا نەماوە دەستی بنیاتنان و ئاوەدانکردنەوەی نەگاتێ، کە ئەمە دیوێکی پۆزەتیڤی ئەو مێژووەیە کە مرۆڤی ئەم چاخەی تێدا دەگوزەرێت، لە هەمان کاتدا هەر ئەم مەخلوقە (مرۆڤ) لە بەرامبەر ئەو جووڵانەوە زۆر گەورەیەدا لەسەر ئاستی مەسەلە ڕۆحی و مەعنەوییەکان تووشی وەستان (جمود)ێکی پەرتکەر بووەتەوە و نەیتوانیوە شان بەشانی جووڵانەکەی تر (مادی)، دەستێکی بەجووڵاندنی ئەم لایەن و داخوازییەی ترەوە بێت.

بمانەوێت و نەمانەوێت، یاخۆ خۆمانی لێ گێل بکەین، ڕۆژانە هەست بەوە دەکەین کە هێزێکی

نادیار هەیە سات لە دوای سات تەداخولی ژیانمان دەکات و بەرەو ئاراستە جیاوازەکان و خوازراو و نەخوازراوەکان دەیبزوێنێت، کە دەتوانین ئەوە بەهەقیقەتێکی سروشتی ناوزەند بکەین و هەر کاتێک غافڵیی خۆمان لەو راستییە راگەیاند ئیتر ناتوانین چێژ و سوودی هەمیشەیی (تەواو) لەم بوونەمان بەرین، بگرە هەموو چالاکی و کارێکمان تەنیا بۆ چەشتنی لەزەتێکی کاتی کەمە و بەس، دوای چالاکییەکە دەکەوینە دۆخی نائارامی و غەریبیی خۆمانەوە.

دەتوانین مرۆڤی ئەم سەردەمە بە مرۆڤی چێژ و لەزەتی کاتی و نائەخلاقی ناو بنێین لە بەرەنجامی ئەو هاوکێشە ناهاوسەنگەی کە لە پێشەوە لێی دواوین و ئەو وێنە شێواوەی لەزەت و چێژ و ئاسوودەیی کە زیاتر چوارچێوەی تراویلکەی بیابانی وەرگرتووە و نامێنێت، هەموو ئەمانە بە قەلەقییەکی زۆر و بەردەوام سپاردووە کە لێرەدا ئەم مرۆڤانە زۆربەی جار دوو هەڵوێست و ئاکامی ناڕاست وەکو چارەسەر بۆ ئەو دۆخە نائاساییەیان وەردەگرن، یەکەمیان ئەو دەستەیە کە لەژێر پەردەی ئاسوودەییەکی نەزۆک و کەمبڕدا درێژە بەژیانی خۆی دەدات و بە تۆپزی بەعەقڵی باتنی و هەستەکان و لۆجیکی خۆی دەسەلمێنێت کە من ئاسوودەم، راستم، خۆشبەختم، دەبێت ببمە خاوەن و بانگەشەکاری ئاسوودەیی، بەڵام لە هەمان کاتدا پایەکی ئەم ئارامی زۆر لەوە لاوازتر و فشەڵترن کە ئاسوودەیی هەقیقی بۆ مرۆڤ بە دیاری بهێنێت، بگرە هەر خودی ئەم پایانە لە بەردەم بچووکترین پرسیاری بووندا دەکەونە شۆک و لەرزین بەدیوێکی تردا دەتوانین ئەم مرۆڤانە بە نەخۆشە شاراوەکان وەسف بکەین، بەو مانایەی کە ئەم مرۆڤانە کۆمایەکن لە پەشێوی و نائاساییبوون و قەڵەمی و پەرتەوازەیی، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەم رووە ئاساییەی خۆیان پەردەپۆش دەکەن،.

هەڵبەتە ئەم بینا بێ بناغە و بێ ئەساسە زۆر ناخایەنێت و هەر زوو بوومەلەرزەی بیرکردنەوە فەردی و زاتییەکان و رووداو و دیاردەکانی تری دەرەوەی مرۆڤ دەیلەرزێنێت و سەراسیمە دەیهێڵێتەوە، بۆیە ئەم مرۆڤانە زۆربەی جار بەوە دەناسرێتەوە کە خاوەنی بڕیاری خێران دەرهەق بەناخ و خودی خۆیان زۆر زوو بیروباوەڕی لەبارەی دۆزێکی دیاریکراوەوە دەگۆڕێت، ئەم مرۆڤانە خاوەنی زۆرترین بازدان و هەڵگەڕانەوەن لە چەقی ئایدیایەکی تایبەتەوە بۆ لۆجیک و بیرێکی تر، یان زۆربەی جار ئەم مرۆڤانە بە خۆکوشتن و خۆلەناوبردن وەسفی واقیعی هەقیقیی تێکەوتووی خۆیان دەکەن، هەروەها چەندین شێوە و وێنەی تر هەڵبەتە هەموو ئەم حاڵەتانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم مرۆڤانە لە دەرەوەی سروشتە ئاساییە نۆرماڵییەکەی خۆی بە دوای خۆی و دواتر هەقیقەتیشدا دەگەڕێت، ئاخر سەرەتا ئەم جۆرە لە مرۆڤ بۆ ئەوەی بتوانێت هەر بە بەراییەکانی ئاسوودەیی بگات دەبێت خۆی بناسێت و بزانێت کێیە؟ سروشتی چۆنە؟ بەڵام بەداخەوە مرۆڤی ئەم سەردەمە بەبێ دیاریکردنی کێشە دەرمان و چارەسەری گرفتی نادیار و نەزانراو دەنۆشێت، گەورەترین گرفتی مرۆڤ ئەوەیە کەمتر دەوێرێت یاخۆ کەمتر دەتوانێت توانای تێڕامان لە خۆی هەبێت، تاوەکو بزانێت ئەم شتە (مرۆڤ) چییە، بەدیوێکی تردا مرۆڤ ئەو مەخلوقەیە لەسەر

بنەمای ئەو ئاڵۆزی و نادیارییەی خۆی زۆربەی جار لە خۆشی دەترسێت (هەڵبەتە ئەو نادیارییەی مرۆڤ بەشێکە لەو وەهمە پێشوەختە) بۆیە مرۆڤیش بە سروشتی خۆی لە هەر مەخلوق و هەبوویەک بترسێت لێی دوور دەکەوێتەوە یاخۆ پێوەندیی ئاسایی لەگەڵدا نابەستێت بۆ ئەوەی بەشێوەیەک لە شێوەکان لە شەڕی بەدوور بێت.

بۆیە لەم سەردەمەدا بەچەندین شێوە و شکلی دەرەکی و مادیی جیاواز مرۆڤەکانمان دێتە بەرچاو و دەبینرێت کە هەندێک جار مرۆڤێک لە ڕووی زاهیری و دەرەکی و پۆشینەوە ئەمڕۆی زۆر لە دوێنێی جیاوازتر و پێچەوانەتریشە، بەڕای ئێمە هەموو ئەم ڕاستییە بەوە دەبینرێت کە مرۆڤ لە هەوڵێکی بەردەوامدایە بۆ ڕاکردن لە خودی خۆی (سروشتی خۆی)، بەڵام بەداخەوە مرۆڤ هەرچی بکۆشێت ناتوانێت لە پێناو هەڵهاتنی لە ڕاستی و ترس، کەمترین لێدوانەکانی هەرێمی مرۆڤبوونی خۆشی ببەزێنێت ئا ئەمانە گرینگترین هۆکارێکی بنەڕەتی و ئەسڵین بۆ ئەو نائاسوودەیییەی کە مرۆڤ ئێستا تێوەی گلاوە و زۆربەی جار قوتاربوونیشی لێی بەکارێکی ئاسان نابینرێت، ئەمیش هەم بە هۆی نەبوونی پەشۆکاویی ڕێسای ئەخلاقییەوەیە و هەم بە هۆی پچڕانی هەرێمی پیرۆزییەکانەوەیە، هەر کات مەعنەوییەت نەخۆش بوو.

ئەخلاقیش نەخۆشە، ئەم جۆرە هەڵوێستەی کە لێی دواین هەندێک جار بەوە وەسف دەکرێت لەنێو خەڵکدا کە هەڵوێستە و گرفتێکی مەعنەوییانە (ڕۆحی)یە، کە هەندێک جار بەشێک لە خەڵکی موسڵمانیش بە دەرنییە لەم کێشەیە، بەوەی کە توانای عەقڵ گوشین و تێڕامانێکی لۆجیکییانەی نییە لەم ڕووداوە گەورەیە کە (مرۆڤبوونە) لە گەردووندا و ئەمیش وەکو ئەوانی تر بەحەیرانی دەمێنێتەوە و گەرچی وەکو خەڵکێکی بێ بناغە لە ڕووی عەقیدەی و ئایدیالییەوە کەمتر تووشی هەڵگەڕانەوە و دابڕان و ترازان دەبێت، بەڵام بەداخەوە ئەم شکستە ئەخلاقییە لە عەقیدە و باوەڕدا هیچ بەرهەمێکی ئەوتۆی لێ ناکەوێتەوە کە سوودی بۆ هەڵگرەکەی هەبێت، بگرە ئەم قەناعەتە، خۆشبەختی و ڕازیبوونێکە لە زۆربەی حاڵەتدا لەسەر بنەمای خەون و خەیاڵی مرۆڤی ناکامڵ و سادە بنیات نراوە، کە دواجار جگە لە مێژوویەکی تێکشکاو و شارستانییەتێکی ئیفلیج هیچی تری لێ نافامرێتەوە.

تا ئێستا لە جۆری هەڵوێستی یەکەم دواین کە مرۆڤی ڕاڕا و دوودڵی ئەم سەردەمە وەکو فێڵە بەرگرییەک هانای بۆ دەبات بۆ خۆدەربازکردن و خۆمورتاحکردن، دواتر دێینە سەر وەرگرتنی هەڵوێستی دووەم کە هەندێک لە مرۆڤی سەدەی بیست و یەک پەنای بۆ دەبەن ئەویش دەستگرتن و تێکەڵاوبوونی ڕەها و موتڵەقە لەگەڵ چێژ و لەزەتدا، ئیدی لەمەوە لادانی نائەخلاقی دروست دەبێت و ڕۆحیش تیایدا دەبێتە قوربانی و شەهید دەبێت، بەو مانایەی کە ئەم جۆرە لە مرۆڤ ڕۆژانە بەبێ سانسۆر و بەربەست دەست و پەنجە لەگەڵ چێژ و لەزەتە جۆربەجۆرەکاندا نەرم دەکاتەوە و بەهۆکارێکی بنەڕەتی دادەنێت بۆ گەیشتن بە (خۆی حەقیقەت) هەڵبەتە کە باسی چێژ دەکەین زیاتر مەبەستمان چێژە جەستەیی و مادییەکانە کە هەمیشە مەوداکەی زەمەن و کاتێکی کەمی

دیاریکراو بڕ دەکات و پاش چەشتنی میقدارێکی لە چێژ بابای چێژوەرگر نوقمی قەلەقی و نامۆیی و مۆتەکەی دەبێتەوە، بۆیە راستەوخۆ پەنا بۆ جۆرێکی تر لە چێژ وەرگرتن دەباتەوە نموونەی ئەم جۆرە مرۆڤانەش وەکو مەیخۆری بەردەوام و بەدرەوشتی هەمیشەیی و پیشەی (کار)ی دزی و باندی پیاوکوژی کۆکردنەوەی سەروەت و سامان و... هتد، چەندین جۆر لە چێژی مادیی تر کە زۆربەی جار ئەم چێژانە سروشتێکی غەریزەی چوارچێوەیەکی رەمەکی زیاتر بەولاوە هیچی تر نییە، کە ئەم جۆرانە لە مرۆڤ تووشی بەدبینییەکی زۆر ترسناک دەبن و هەموو پێوەندییەکی مرۆڤی و ئینسانییانەیان لەسەر بنەمای سوود وەرگرتنی لەزەت گرێ دەدەن و لە دەرەوەی ئەم سوود و بەرژەوەندگەرایییە هەست بە بوونی وجوودێکی تر بە نێوی قیەم و بەها و مرۆڤسالاری ناکەن، بگرە بۆ ئەوەی کە هەمم و غەمی ئێستای ئەو ئەوەیە کە چۆن بتوانێت بە کەمترین بڕ لە تێچوون زۆرترین بڕ لە قازانج و لەزەت دەست بخات، بە داخەوە ئەم لۆجیکە نزیکترین ئاکامی ئەوەیە کە رایەڵ و بەستەرەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە لە بەریەک هەڵدەوەشێنێت و مرۆڤێکی چێژاویی خودپەرست بەرهەم دەهێنێت کە ئینتیمای نییە بۆ هاوڕەگەزێکی تری وەک خۆی کە مرۆڤە، هەر ئەم خواستە غەریزیبوون و چێژاویبوونە وا دەکات کە مرۆڤەکان هەوڵ بدەن یەکتری مۆنۆپۆل بکەن.

ترسناکترین رەهەندی ئەم جۆرە بیرکردنەوە و هەڵوێست وەرگرتن و تێگەیشتن لە ژیانە ئەوەیە کە تەنیا لە یەک رووەوە مرۆڤ دەبینێت و لە دەرەوەی ئەو رەهەندە (مادی) هیچ مانایەکی تر لە مرۆڤ نابەستێتەوە، گومانی تێدا نییە غەریزەکە لایەنێکی ئیجابی و زەروورەتێکی حەتمیی مانەوەی مرۆڤە لەسەر زەویدا، گەر کۆی رەهەندە جیاواز و وێنە جۆرەوجۆرەکانی مرۆڤ تەنیا بەم لایەنە سواغ بدرێت ئەوا هیچ کام لە خودی مرۆڤ و خودی غەریزەکەشی (چێژەکەی) ئەرزشێکی وایان نامێنێت کە شیاوی لێدوان بێت، هەڵبەتە مەبەستمانە ئەوە بەدەر بخەین مرۆڤ ناتوانێت لەسەر حیسابی بالآکردنی بەشێک لە شوناسی و چەپاندن و فەرامۆشکردنی بەشەکانی تری خۆی ئاسوودەی چنگ بخات، مرۆڤ یەکەیەکی تەواوکارە و فەردانییە، ناکرێت ئێمە بەش بەشی بکەین و بەجیا مامەڵەیەکی جیاواز لەگەڵ هەریەکە لەو بەشاندا بکەین.

بۆ نموونە مرۆڤێکی ئاسایی لە یەک کاتدا خاوەنی "عەقڵ و لۆجیک و رۆح و جەستە و غەریزە و ئەخلاق و فەلسەفەی ئەخلاق و بەها و خەون و خەیاڵە بێ سنوورەکان و... هتد" ئەگەر مرۆڤایەتی بەردەوام بێت لەسەر ئەو هەڵەیەی کە ئێستا تێی کەوتووە و بەجیا رەهەندە جۆرەوجۆرەکانی مرۆڤ وەردەگرێت و هەریەکە بەپێی بۆچوون و ئەرزی واقیع شەقڵی تایبەتییان دەداتێ، نەک وەک ئەوەی کە خۆی هەیە ئەوا ئەستەمە بتوانێت وێنایەکی هەقیقی و راستییانە بداتە کۆی وێنە گەورە و کۆکراوەکە کە مرۆڤە، بۆیە زۆربەی جار لە رێگەی عەقڵی بیرمەند و فەیلەسووفەکانەوە و داوودەزگا و دامەزراوە مرۆییەکانەوە هەوڵ دراوە پێناسەیەکی کۆکراوە کە کۆی سروشت و حەزەکانی و گۆشەنیگا گەردوونی ئەخلاقییەکانی لەخۆ بگرێت، بەڵام زۆر لەوە دەستکورتر بوون

بتوانن ئەو کارە گرینگە بە ئەنجام بگەیەنن، چونکە ئەوان لە تەبەننیکردن و بەرجەستەکردنی بنەما بنەڕەتییەکان بۆ گەیشتن بە هەقیقەتەکان بە هەڵەدا چوون، بۆیە کەمتر دەگەنە ئەو ئاکامەی کە رازیکەر بێت.

گەر باس لە نموونەیەکی رەهەندە هەبووەکانی مرۆڤ بکەین بزانین تا چ ڕاەیەک دەگونجێت بەجیا و سەربەخۆ لە رەهەندەکانی تر لێیان بدوێین لە کاتێکدا کە مرۆڤێک ڕووبەڕووی وێنەی ئافرەتێکی جەستە دیار دەبێتەوە ئەوا راستەوخۆ بورکانی هەست و دەروونی دەتەقێت و لە ناخدا تووشی هەیەجان و شڵەژانێکی وا دەبێت کە زۆر قورسە نەگات بەو جەستە دەرخراوە، چونکە یاساکانی غەریزە قبوڵی بکە و مەکە ناکەن و هەر لە بنەڕەتدا ئەوان (غەریزە) شتانێکن کتومت دژ دەوەستنەوە لەگەڵ سانسۆر و بەند و بەستەکاندا، غەریزە خاوەنی سروشتێکی و هەر دەبێت خۆی ئیفراز بکات، جا رەنگە ئەو رێگەیە دروست یان نادروست بێت، گرینگ ئەوەیە کە بە هەر مانایەک بێت غەریزە خواستی جێبەجێکردنی (اشباع)ی دەوێت، بەڵام لە بەرامبەریدا مەوجوودێکی تر هەیە (لەنێو چوارچێوە مرۆڤییەکە) کە ئەویش عەقڵە و پێی رادەگەیەنێت ئەو کارە هەڵەیە، یاخۆ خیانەتە، یا ئیستغلالە، یان گرفت و کێشەیەکی کۆمەڵایەتیی لێ دەکەوێتەوە، یان ئەگەری هێنانە دنیای منداڵێک هەیە کە کەس خاوەنی نییە، هەموو ئەو ئەگەر و ئاکامانە لە بەردەم شالاوی حەزی غەریزیدا دەوەستێتەوە هەریەک لەوانە ئاکامی تێڕامانی غەریزەکە نییە، بگرە ئەوە عەقڵە کە ئەو تێڕامان و بەراوردکارییە ئەنجام دەدات، خۆ ئەگەر هەمان عەقڵیش چووە ژێر رکێفی پاڵەپەستۆی غەریزەکەوە، نەیتوانی هەقیقەتی ئەو ئاکامانەی کارە غەریزییەکە بسەلمێنێت ئەوا مەوجوودێکی تر تەداخول دەکات و لاوازییەکانی غەریزە و خودی عەقڵیش دەخاتە ژێر پرسیارەوە کە ئەویش رۆحە و بێ پەردە هەستێکی ناوەکیی پێشوەخت و بەر لە ئەنجامدانی هەر کارێک و جووڵانێک دەداتە مرۆڤ و پێی دەڵێت کە تۆ لە چ مەدارێکدا خەریکی جووڵەیت، بەڵام ئەم رۆحەش ناتوانێت مرۆڤ بە کردار بخاتە سەر ئەوەی کە جووڵەیەکی ئاکام لێڵ پاشەکشە بکات، بەڵکو رۆح تەنیا مەوجوودێکی تەحکیمییە و بە یەقینی لە ناختدا تێت دەگەیەنێت کە لە هەڵدایت یاخۆ نا، بەڵام خۆ لە ئاکامدا بۆ ئەوەی مرۆڤێک لە کارێکی ئاکام نادیار و تەمومژاوی دەست هەڵگرێت دەبێت رێککەوتنێک لە نێوان هەرسێ مەوجوودی (رۆح، عەقڵ غەریزە) هەبێت و ئینجا پێکەوە بریاری کردن یان نەفیکردنی شتێک بدەن، ئەمەش یەکسانە جۆری ئەو ئیرادەیەی کە مرۆڤەکە هەڵگریەتی[١١].

گەر کەمێک روونتر باسی توانای دابەشکردنی مرۆڤ بەنموونەیەکی تر بکەین، کە ئەویش عەلی عیزەت لە چوارچێوەی ئەخلاقدا و لە کتێبەکەیدا لێی دواوە کە باسی حاڵەتێکی ئاساییی سووتانی منداڵێک دەکات لەناو خانوویەکی گڕگرتوودا و خەریکە دەسووتێت و دەمرێت، پاشان کابرایەک کە دڵنیا نییە لە سەلامەتی نەک گیانی منداڵەکە بگرە خودی خۆشی لە مەترسیی مردندایە، بەڵام بێ گوێدانە هیچ یەکێک لەو ئەگەرانە راستەوخۆ خۆی دەخاتە نێو ئاگرەکەوە و منداڵەکە بە مردوویی دەردەهێنێت، گەر بەعەقڵێکی رووت و بەرژەوەندگەراییانەوە بڕوانینە بەرەنجامی ئەم کارە، ئەوا

هیچ لۆجیکێکی تێدا نییە کە منداڵەکە مردووە و کابراش ڕەنگە بمرێت، ئەم کارە لە ڕووی مەنتیقییەوە کارێکی کۆتای ناپەسند کەوتەوە بەڵام زۆرێک لە خەڵکیش بە سەروەری و ئازایەتی ناوزەدی دەکەن، چونکە هەستێکی هیومانسیتی و ئەخلاق ویستی ئەو کەسە وای کرد کە گیانی خۆی بخاتە مەترسییەوە کە ئەگەر بەش بەش لە مرۆڤ بڕوانین ئەمە کارێکی هەڵەیە، بەڵام چونکە هەبویەک لە مرۆڤدا بەنێو ئەخلاقەوە بوونی هەیە کۆی ئەم کارە بێ ئاکامە بە پیرۆز و باش وەسف دەکات.

لە کۆتاییدا گەرەکە بڵێین پێویستی ئەخلاقیبوون هێندە شوناسێکی روونی مرۆڤە، ڕەنگە بتوانین ئەوەش بەیان بکەین کە مرۆڤ خودی خۆی ئاینە، یاخۆ کائینێکی تێکڕا ئایینیە هەموو ئەو هەوڵانە بۆ ناساندنی زەروورەتی فەلسەفەی ئەخلاق بوو لە ژیانی مرۆڤدا، نەک شتێکی تر لە دەرەوەی مرۆڤ بۆیە ئەو دێڕ و دەستەواژانە هەوڵدانێک بوو بۆ ناساندن پێشاندان و وێناندنی ئەو هەست و چێژە ئەخلاقییەی کە ئێمە لە ژیانی ڕۆژانەماندا هەستی پێ دەکەین، نەک ئەوەی ئەخلاق شتێک بێت ئێمە لە دەرەوەی خۆمان وەسفی بکەین بگرە ئەخلاق هێندە گەورە و مەزنترە زۆربەی جار هەڵدەسێت بەوەسف و ناونانی ئێمەی مرۆڤ.


* سەرچاوە و پەراوێزەکان:

١. تەحسین حەمە غەریب/ دەرک، عەدالەت، ئەخلاق/ کۆواری هەژان، ژمارە ١٦، ل ٥٩.

٢. مەریوانی وریا قانیع/ ئەخلاق و مێژوو، سایتی ئاوێنە و ڕۆژنامەی ئاوێنە.

٣. توانا خەسرەو/ حەقیقەتی ئایینی، کۆواری هەژان، ٢٠٠٦. ژمارە ١٩ل ٢٨٧

٤. علم الاجتماع الديني: د. احسان محمد الحسن؛ دراسة تحليلية حول العلاقة المتفاعلة بين المؤسسةالدينية والمجتمع، الطبعة الاولي، ٢٠٠٥.

٥. عبدالكريم سروش/ از شريعتى/تهران، موسسه فرهنگى سراگ،ص٨١

٦. د. سروش دبباغ، عامگرايى و خاصگرايى در فرا اخلاق/ همشهرى، ٦.

٧. عبدالكريم سروش/حديث بندگى و دلبردگى، تهران، موسسه فرهنگى سراگ،١٣٨٥/ديالوگ تنسان و خدا،ص ٤٨.

٨. ئەریک فرۆم: ئایین و شیکردنەوەی دەروونی ٣٨.

٩. حديث بندگى و دلبردگى/ عبدالكريم سروش/ تهران، موسسه فرهنگى سراگ،ص ٧٢.

١٠. ما و اقبال/دكتر علي شريعتي/ مجموعة اثار/ص ٢٠٨.

١١. دين و نظم طبيعت/ سيد حسين نصر/ ترجمة/ انشاءالله رحمتي/نشرني/ چاپ سوم/١٣٨٩/ص٣٣٩

لەگەڵ میشێل فۆکۆ سەبارەت بە ڕووداوەکانی مای ١٩٦٨ی فەرەنسا و تونس

# بۆ شرۆڤەکردنی دۆخە تەمومژاوییەکان؛ هیچ چارەیەکی گونجاو بۆ کێشەکان نادۆزرێنەوە

سازدانی: دوکتۆر ترامبادوری

* لە ناوجەرگەی ڕووداوەکانی مای ٦٨ی پاریس و دوا بەدوای ئەوانەیش ڕاستەوخۆ زۆربەی ڕۆشەنفیکرانی فەرەنسایی لە تێکۆشانەکانی گەنجاندا بەشدارییان کردووە، بۆ ئەو ساتانە ئەزموونێک بوو ئاست و پابەندێتی و سنوورەکانی کاری ڕۆشەنگەری و سیاسیی ئەوسای دادەڕێژتەوە، لانی کەم تا ساڵی ١٩٧٠، لە بەسەرهاتەکانی ئەو ماوەیەی کە ناوەندیی فیکری فرەنسایی پێ دەهەژێنرا، تۆ ناوت دیار نەبوو، ئێستا ئەو ڕووداوانە چۆن هەڵدەسەنگێنی، ساڵی ١٩٦٨ بەچییەوە خەریک بوویت؟

- مانگی مای ١٩٦٨ هەروەک قۆناغی جەنگی جەزائیر لە فرەنسا نەبووم؛ واتە بەسەر هەمان شەپۆل و ژێی ڕووداوەکانەوە نەدەڕۆیشتم، بگرە لە پەڕاوێزیاندا خزابووم، دوای هەر چوونەوەیەکم بۆ فرەنسا، ڕوانینەکانم نامۆتر دەبوون، هەرچیم بووتایە بەسانایی لێم وەرنەدەگیران، لە یادمە ڕۆژێکیان بەجۆرێک بەرەخنە و گلەییەوە لە "مارکۆزە"یان پرسیبوو؛ داخۆ بۆچی فۆکۆ لەناو ڕووداوەکاندا ڕۆڵی دیار نییە، لە ڕاستیدا ئەو کاتانە من لە ئەزموونێکی پڕ بایەخی فیکریدا دەژیام، ئەوەش کاتێک بوو کە لە تونس نیشتەجێ بووم، لە ژیانمدا هەندێک جار بەخت یاوەرم بووە؛ بە نموونە: لە سوێددا وڵاتێکی سۆسیال دیموکراتیم چاو پێکەوت کە کاروبارەکانی بە باشی بەڕێوە دەچوون

بەڵام لە پۆڵەندا ڕێڕەوی میللییانەی دیموکراتییەت خراپ بەڕێوە دەچوو، لە سەرەتای شەستەکانیشدا ڕاستەوخۆ پەرەسەندنی ئابوورییانەی ئەڵمانیای فیدراڵیم لە نزیکەوە ناسی، تا دواجار لە (تونس)ی جیهانی سێیەمدا گیرسامەوە بۆ ماوەی دوو ساڵ و نیوێک لەوێ ژیانێکی سەیروسەمەرەم ئەزموون کرد، بەر لە ڕووداوەکانی مای بەچەند مانگێک لە تونسدا زۆر بەتوندی

.............................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ماجید نووری



ڕاپەڕینێکی گەنجان بەرپابوو، لەو نێوەندەدا خۆپێشاندان و لە وانە و موحازەرات دابڕان و هەڵمەتی گرتن دەستی پێ کردبوو، پۆلیس هەڵیان دەکوتایە سەر زانکۆکان و بە توندی دەستدرێژییان دەکردە سەر قوتابیان و جگە لە زامداركردنی هەندێكیان، زۆری تریان لێ خزاندبوونە ناو زیندانە تاریک و نوتەكەكانەوە، هەندێكیان بە هەشت ساڵ و نۆ ساڵ و دە ساڵ و تەنانەت چواردە ساڵ حوكم بەسەردا درابوون، تا ئەمڕۆش "واتە ١٩٨٠" هەیانە هەر لە كونجی زیندانەكاندا خزێنراون.

بە حوكمی ئەوەی من مامۆستای زانكۆ و بە ڕەگەزیش فەرەنسایی بووم، ئەم هۆكارە وای لە دەسەڵاتدارانی ناوخۆیی كردبوو زۆر هەقیان بەسەرمەوە نەبێت، بۆیە لە جووڵە و چالاكیدا ئازاد بووم، لەولاشەوە حكومەتی فەرەنسایی لە بەرانبەر ئەم كارانە هەڵوەستەی هەبوو، دڵنیا بووم لە زانكۆكانی جیهاندا و لە زۆر جێی تریشدا بە چاولێكەری ڕووداوی هاوشێوە ڕوو دەدەن.

* مەبەستتانە بڵێن كە خۆتان ڕاستەوخۆ بە كار و چالاكیی سیاسییەوە هەستابێتن..؟

– بەڵێ؛ هەر لە ساتەوەختەكانی پێوەندیمەوە بە حزبی شیوعیی فەرەنسایی و تا ڕووداونەكانی ساڵانی دواتریش، تەنیا شتێكم لەو تەجرەبە سیاسییە بۆ مابێتەوە تێڕامانكاری ناڕێكخراوییانە بوو، لێتان ناشارمەوە، لە گەرمەی جەنگی جەزائیریشدا نەمتوانی ڕاستەوخۆ لە ڕووداوەكاندا بەشداریم هەبێت، بەڵام لە تونسدا خۆم لە حاڵێكدا دەدیتەوە ناچار بووم لایەنگری قوتابیان بم و

هاوكارييان بكەم، سەرپێچیم لە هەموو ئەو هەرایانە دەكرد كە لەلایەن داوودەزگاكان و خوتبە سیاسییەكانەوە دژ بەقوتابیان دەكران و دەدران.

وەزیفەی ئەو ماركسییەتەی سەرەتای ساڵانی پەنجاكان لەو ماركسیەتەی پۆڵۆنیا نەدەچوو كە بووبووە جێی بێزراوی لای گەنجانی پۆڵۆنیایی، چونكە لە پۆڵۆنیا وەك خوێندنێكی ئاینی ماركسییەتیان بە لایەنگران ئەزبەر دەكرد، لەوێ دیالۆگە ئەكادیمییەكانی ساڵانی شەستەكانی ماركسییەكان زۆر ساردوسڕ و وشك بوون، كەچی لە تونس بەپێچەوانەوە، هەمووان بەدوای ماركسیزمێكی رادیكاڵانەی گەرموگوڕ و پڕ شەوقەوە وێڵ بوون، بەلایانەوە باشترین ڕێگەچارەیەكی واقیعییانە و هاوكات بزووێنەری وزە و چالاكیی بوونگەریی بوو، كاتێ بەراوردی كارەكانی قوتابییە ماركسییە تونسییەكانم بەو موحازەرە و وانانە دەكردەوە كە لەسەر چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی ڕەوتە ماركسییەكانی ئەوروپایی دەمدانەوە؛ هەستم بە ئومێدبڕان دەكرد، لە تونس بە ڕا و بۆچوونەكانمدا هاتمەوە و شەپۆلەكە بەرەو گەنگەشەی سیاسی بردمی، ئەو كاتانە لە مای ٦٨ی فرەنسا نەبووین بگرە لە مارسی ٦٨ی وڵاتێكی ئەفەریقیایی سەر بەجیهانی سێیەم بووین.

* تۆ وەك چالاكییەكی بوونگەرییانە بایەخ بە ئەزموونی سیاسی دەدەیت، ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت كە ئەم ڕێگەیە تەنیا زامنكارێكی ڕاستگۆیی و ڕەسەنایەتیی فیكرییە؟ لەو بڕوایەدایت بە لای قوتابیانی تونسەوە لە نێوان هەڵبژاردنی ئیدیۆلۆجیایەك و عەزمییان بۆ ڕاپەڕین خاڵی هاوبەش هەبووبێت؟

– چ شتێك پێویستە لە جیهانی ئەمڕۆدا بكرێت و مرۆڤ دێنێتە سەر ئەو بڕوا و توانایەی بێ ئەوەی بیر لە قازانج و دەسەڵاتێكی دیاریكراو بكاتەوە ڕەهایانە قوربانیی بەخۆی بدات؟ ئا ئەو شتەم لە تونس بینی، بەبڕوای من ئەو شتەش پێداویستیی بوونی هەقیقەتە بۆ دامەزرانی ئەفسانەكانی میتا، گەڕانە بە شوێن ڕەهەندە ڕۆحییەكان و هەروەها كاردانەوەی ڕەهەندیانەیە لە بەرانبەر سەرجەمی بنەما داچەقیوەكانی كە سەرمایەداری و داگیركاران بەهەردوو شێوازی كۆن و نوێ لە دنیادا چەسپاندوویانە.

لەم جۆرە تێكۆشانەی گەنجاندا وەك زەرووڕەتێك ڕاستەوخۆ مەسەلەی پابەندێتی بە جەستە و وجوودەوە دەلكێت، بەڵام پشتبەستن بە ماركسیەت وەك مەرجەعیەتێك لە تێكۆشانی قوتابییەكاندا، بۆ ئەمیان لەو بڕوایەدام بزوێنەری سەرەكی نەبووبێت، با ڕوونتر بدوێم: پێكهاتەی ماركسیزم لای قوتابیانی تونس نەهێندە پتەو و ڕەگداكوتاو بوو نە ئەوەندە ڕوون و ئاشكرا بوو تا بە ئاراستەی تێكۆشانەكەیان بەڕێوە بچێت، دیالۆگەكانیان لەسەر ستراتیجییەت و تەكتیكیەتی چەند ڕێگەچارەیەك بوون و فرە تەئویلیەتیش لە بۆچوونەكانیاندا هەبوو، كارەكەیان پێوەندیی هەبوو بەشتێكی تەواو جیاواز لە ئیدیۆلۆجیای سیاسییەوە، گەرچی هەستكردنیش بە ڕۆڵی تیۆرییانە و شێوازە زانستییەكەی ئیدیۆلۆجیا بۆ ڕاپەڕین وەك (سەرپۆشێك) زەرووڕەتە بۆ

بەڕێوەبردنی کارەکان، بەڵام نەک وەک ڕێبازێکی ڕاست و دروست.

* ئەو ئاماژانەی لە بەشداریکردنی ڕاستەوخۆ و زیندووی ئەزموونەکەی تونسدا بۆتان دەرکەوتبوو لە فەرەنساشدا هەمان ئاماژە بوون؟ ئەو دوو ئەزموونە چ پێوەندییەک پێکەوەیان دەبەستێتەوە؟ لە دوای مای چۆن بڕیارتان لەسەر پێوەندیکردن دا بە تێکۆشانی گەنجانەوە، ئەو دایەلۆگ و بیر و بۆچوونانە چی بوون کە لە زۆربەی بۆنەکاندا وای لێ کردن هەڵوێستتان لە پاڵ بیریارانی وەک سارتەر و جۆنماری و مۆریس کلاڤال یەک بخەن و لەسەر بزاڤەکانی "گرووپی ڕاگەیاندنی زیندانیان" و بارودۆخی ناو زیندانییەکان بدوێن؟

– کاتێ لە نۆڤەمبەری ١٩٦٨ گەڕامەوە بۆ فەرەنسا، بەجۆرێک لە جۆرەکان تووشی پەشۆکان و داچڵەکان و نائومێدی بووم لەو کاتەدا کە دیمەن و تێکۆشانەکانی تونسم بەوەی فەرەنسا بەراورد دەکرد، جمە و شەپۆلی تێکۆشەرانی گەڕەکە لاتینییەکان و ژیان خستنە سەر لەپی دەست و گوێنەدان بە پازدە ساڵ حوکمدان لە تونس شتێک بوو، بەڵام قەبەکردنەوەی مارکسییەت و داباریني تیۆرو ئاڵوگۆڕینەوەی ڕق و لەعنەت و بڵاوبوونەوەی دیاردەی بێزاربوون لە ژیانی تەنزیماتێتی لە فەرەنسا شتێکی تەواو جیاوازتر بوو لەوەی تونس، ئەم دوو ئەزموونە لەگەڵ یەکتردا هاوبارگە و هاوئاهەنگ نەبوون، لە فەرەنسا مارکسییەت کەوتبووە ناو دیاردەی هەڵئاوسان و بەلەفیرەی ئەو خیتاباتانەوە کە لە ساڵی ١٩٦٩وە بوو بەمۆدەیەکی باو لە زانکۆکانی هاوشێوەی زانکۆی "ڤانسان"دا، ئەو کات دەمویست بە داڕشتنەوەی چەند کەتەگۆریایەکەوە پابەند بم، چونکە دەمزانی بێ شیکارکردنی دۆخە ئاڵۆزکاوەکان ناتوانرێت چارەی گونجاو بۆ کێشەکان بدۆزرێنەوە، هەر بۆیە بەقووڵی لەناو گرووپی ڕاگەیاندنی زیندانییەکاندا کەوتمە کارکردن، ئەمەش دەرفەتێک بوو بۆ چاوخشانەوە بەو بیردۆزانەی پێوەیان سەرقاڵ بووم؛ لەوانەش مێژووی شێتێتی و زایەندی و لەدایکبوونی نۆرینگەی کەم ژیری کە لە کاتی ئەو دیمەن و ڕووداوانەی لە تونسدا بینیبووم بیرۆکەکانمیان دەوڵەمەندتر دەکردن.

* کاتێ باس لە مای ٦٨ دەکەن و بەو شێوەیەی کە لێی دەدوێن لە ڕەهەندی ڕووداوەکەی ڕووی داوە کەمبایەخی دەکەنەوە، واتە ئێوە تەنیا لە لایەنە هەزەلییە ئیدیۆلۆجییەکەیدا کورتی دەکەنەوە. لەو بڕوایەدام بەلایەنی کەمەوە دەبوایە ئاماژە بە سنووری ئەم بزاڤە بدەن و ئاوها کەمبایەخانە ڕێکخراوە پەرت و بڵاوەکانیتان باس نەکردایە، چونکە ئەمانە دواتر بوونە بزووتنەوەیەکی جەماوەری و سەرتاپای ئەورووپای تەنییەوە.

– مای ٦٨ بێگومان بۆ خۆم پڕ بەدنیایەک بایەخی هەبووە، گەر ئەو ڕووداوانە نەبوونایە



نەمدەتوانی ئەو کارە فیکرییانە ئەنجام بدەم کە لەسەر چەمکەکانی زیندانییان و زایەندی و تاوان نووسیومن، لە کەشوهەوای بەر لەو ڕووداوانەدا بەو شێوازە بیرم نەدەکردەوە کە لە دێپاتەکانمدا دواتر هاتوون، تەنیا مەبەستم بووە بڵێم هەندێ لەو دیاردە بینراوانەی ئەو ڕووداوانەی ساڵانی ٦٨ و سەرەتاکانی ٦٩دا فەوزا و سادەگۆییان پێوە دیاربوون، بۆ من نامۆ بوون.. بەڵام ئەو شتانەی هۆکار و ئاراستە راستەقینەکانی ڕووداوەکە بوون چ لە تونس یان لە فەرەنسادا هەندێ گۆڕانکارییان خستە ناو بیرکردنەوەکانمەوە و بوونە جێی بایەخ بۆم، ئەوەی ڕووی دا وای لە فرەنسا کرد بگەڕێتەوە بۆ دواوە و دیاردەی تەنزیماتی بچووک بچووکی تێدا دروست ببێتەوە و مارکسییەتیش پەرت و بڵاو ببنەوە بۆ چەند پارچەیەکی هەرزاڵ هەرزاڵبووی وا کە یەکترییان دەدایە بەر لەعنەت و جنێوی ناشیرین و تەشهیرکردن بە یەکتر و بوختان بۆ یەکتر هەڵبەستن، بەڵام گەر قووڵتر لێکت بدایەتەوە شتەکان زۆریان لە گۆڕانێکی سەیردا بوون بەشێوازێک هەستم بەحەوانەیەکی فیکری دەکرد لە چاو جاراندا، ئەو شتانەی تەوەرەی بایەخی من بوون کەوتنە ناو تەوەرەی بایەخپێدانی گشتیی خەڵکییەوە، بەتایبەت ئەو بابەتانەی کە پێشتر لای کەس دەنگدانەوەیان نەبوو تەنیا لە ئەنتی پزیشکی دەروونیدا نەبێت کەچی ئێستا خیتاباتەکانی ئەو بوارە جێی باسوخواسێکی گەرمە، بەمە توانیم توێکڵەی بەکلسبووی بۆگەناوی و توێژە نەزۆکەکانی تەنزیماتە گچکەکان تێپەڕێنم و لە زەوینەیەکی تردا بگیرسێمەوە، کە بۆ کاری هاوبەشی نێوان ڕۆشنبیران و خەڵکانی ئاسایی لە بیرکردنەوەدا، شێوازێکی نوێی پێوەندی لە نێوانیان دروست بێت.

دواتر دەگەڕام بۆ بناغە و خیتاب و ناوەڕۆکێک کە ئەم جۆرە پێوەندییانەی تێدا قاڵ ببنەوە چونکە خیتاباتە هەمەشێوەکان بۆ تێگەیشتن لە یەکتر، هەمان زمانی هاوبەشیان نییە لە نێوان خۆیاندا، خۆشحاڵم کە ئەمڕۆ کەسانێکی زۆر دەبینم دڵگەرمانە گوێ ڕادەدێرن کاتێ لەسەر خانەی کەمژیران و زیندانەکان و شار و پزیشکی و مەرگ و ژیان دەدوێم و لە ڕووی تیۆرییەوە زۆر پرسیاریان لەلا دەورووژێنم.

* ئەو موحازەرەیەی لە کۆلێجی دی فرانس دابوتانەوە و دواتر بە ناونیشانی سیستمی خیتاب بڵاوتان کردەوە بۆ ساڵی ١٩٧٠ دەگەڕێتەوە. تۆ لەشیکردنەوەت بۆ

میکانیزمەکانی کە تەحەکوم بە خیتابەوە دەکەن، بیرۆکەی پێوەندییەکانی نێوان مەعریفە و خیتابت داڕێژاوەتەوە، بابەتی هەژموونکردنی دەسەڵات بەسەر هەقیقەتتدا هەروەها بابەتی ئیرادەگەری لە گەیشتن بە هەقیقەتدا قۆناغێکی نوێی گرینگی بیرکردنەوەتە، چۆن ئەم گرفتانەت لە رووی فیکرییەوە گەمارۆ دا؟ دەسەڵات چۆن بە تەوژمەکانی بزووتنەوەی گەنجان لە ٦٨دا خۆی دەرخست؟

– لە خۆم دەپرسم بە درێژاییی ژیانم چیم بەسەرهات؟ ئەو دڵەڕاوکێیانەی لە بەرانبەر کۆمەڵگەی سوێدی هەمبوون واتایان چی بوون؟ هەمان دڵەڕاوکێش لە پۆڵۆنیا چۆن بوون؟ دەپرسم واتای چی بوو ئەو ڕاپەڕینە رەگاژۆیەی گەنجان لە تونس پێی هەستان و لە پێناوی چیدا بوو؟ لەم هەموو دیاردەیەدا چ بابەتێک جێی پرسیار بوون؟ هەموویان بەهۆی ئەو ئامراز و رێگەیانەوەن کە دەسەڵات پیادەیان دەکەن، نەتەنیا دەسەڵاتی دەوڵەت و حکوومەت بگرە دەسەڵاتی داوودەزگا هەمەشێوەکانی کە رۆژانە و بەبەردەوامی شێوازەکانی چەوسانەوەی مرۆڤەکان دەسەبەر دەکەن، چی وای لێ دەکردین چاوپۆشی بکەین لەو دەسەڵاتانەی لەناو بنیاتی گشتیی کۆمەڵگە رسکاون و چەندین کەناڵ و دەزگایان لە دەوروبەرمان دامەزراندووە؟

ئەمانە تەنیا لەناو یاساکانی دەوڵەتدا کە بۆ بەڕێوەبردن دایڕشتونەتەوە بوونیان نییە، بگرە زۆربەیان جڵەوی ژیانی رۆژانەیان لێ وەرگرتووینەتەوە و بەڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەڕێوەمان دەبەن لەو دەزگانەش هۆیەکانی راگەیاندن بە نموونە؛ کاتێ کتێبی مێژووی شێتی و لەدایکبوونی پزیشکیی نۆرینگەیی دادەنا بیرم لە مێژووی مەعریفە دەکردەوە تەنیا و تەنیا سەرەدەزووی نێوان هەموو شتەکانم لە مەسەلەی دەسەڵات دەبینییەوە.

لە ڕاستیدا من تەنیا لەو دەزگایانەم دەڕوانی و تاقیبیانم دەکرد کە بەناوی لۆجیک و پەیماننامە و رێککەوتنەوە کار و کردەوە و وتەی خەڵکانیان لە مەنگەنە دەدا و هەموویان خانەبەندی دەکرد بۆ چەند چەمکێک و چەند رێسا و یاسایەک، من تەنیا مێژووی دەسەڵاتم دەخستەوە بەر محەک، بە کورتییەکەی لە مای ٦٨دا ڕاپەڕینێکم بینی دژ بەزنجیرەیەک شێواز و رەفتاری دەسەڵات کە لە هەندێک ناوەندی کۆمەڵایەتیی دیاریکراودا پاڵەپەستۆی توندیان خستبووە سەر چەند توێژیکی گەنجان.

لە کاتی ئەو ئەزموونانە و لە سەرووی هەموویانەوەش ئەزموونەکەی خۆمەوە تەنیا وشەیەکم بۆ دەردەکەوت، هەروەک چۆن وشەیەک بە مەرەکەبی نهێنی لەسەر کاغەزی سپی نووسرابێتەوە و لە رێی بەسەرداڕژانی مادە کەشفکەرەیەکەوە دەربکەوێت، ئەو وشەیەش کە کەشفم کرد بریتییە لە دەسەڵات.

* ساڵی ١٩٧٨ ئەم دیالۆگە لەلایەن دوکتۆر ترامبادوری لەگەڵ میشێل فۆکۆ سازێنراوە، دواتر ساڵی ١٩٨٠ لە یەکەمین ژمارەیدا "کۆواری کۆنتریبوتۆ" بڵاوی کردووەتەوە.

# هزر و دەمارگرژی

زینە عەبدولسەلام نەقشبەندی

دەمارگرژی دێتە پێناسەکردن وەک وەڵامێک و کاردانەوەیەکی نادیاری جەستە بۆ هەر خواستێک. شیمانە هەیە دەمارگرژی لە هۆی دەرەکییەوە دروست بێ، بۆ نموونە لە کاتی ئامادەبوونت لە بانکێکدا، هێرشێکی تیرۆریستی لە شوێنەکە دێتە ئەنجامدان یاخۆ کاتێک کارەکەت لەدەست دەدەی و چەندان نموونەی تر کە شیمانە هەیە ببنە هۆی دروستبوونی گرژی.

ڕێی تێ دەچێ هۆی ناوەکیی وەک هەستکردن لە بەدەستنەهێنانی ڕەزامەندیی مامۆستایان لە قوتابخانە یاخۆ نەگەیشتن بە ڕێزی تەواو لەسەر کاردا ببنە دروستبوونی ئەو دۆخە دەروونییە.

ڕاستییەکی سەرنج ڕاکێشی تر لەبارەی دەمارگرژییەوە ئەوەیە کە لەگەڵ هەمان پاڵەپەستۆی دەرەکی، هەموو مرۆڤێک ڕووبەڕووی هەمان ڕادەی دەمارگرژی نابنەوە یاخۆ هەر هەمان دۆخی دەروونییان بۆ دروست نابێ و هەست بە دەمارگرژی ناکەن.

هۆیەک هەیە کە بۆچی خەڵک جیاوازە لە ڕووی ئەوەی ئاخۆ هەست بەهەمان دەمارگرژی دەکەن یاخۆ زیاتر ئەو کاتەی هەمان پاڵەپەستۆیان دەخرێتە سەر، هەرچەندە ئەوەش پێوەندارە بە چۆنیەتیی بیرکردنەوەیان، ئەو شتە پاڵی بە ژمارەیەک بە دەروونناسان نا وا بیر بکەنەوە کە شیمانە هەیە دەمارگرژی بەهۆی شێوازی بیرکردنەوە یاخۆ هزرەوە دروست بێ. ژمارەیەک هۆ هەیە پاڵپشتی لەو بیرۆکەیە دەکا کە دەمارگرژی بەهۆی هزر و شێوازی بیرکردنەوەی تاکەوە دروست دەبێ ئەگەر کەمێکیش بن.

لە کاتێکدا کە ڕێی تێ ناچێ جەستە لە هیچ بیردۆزێکی دەمارگرژی جیا بکرێتەوە، بیردۆزێک هزر بە میکانیزمی جەستە لە ڕووی بەرهەمهێنانی دەمارگرژی دەبەستێتەوە و ناسراوە بە

.........................................................

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: هێمن هادی

بیـردۆزی چالاککردنی مـەعـریفی. بەگـوێرەی ئەم بیـردۆزە دەمـارگـرژی ئاگـەدارکـەرەوەیـەکی جەستـەییی پێویستـە، بەڵام لـە سیستـەمێکی تێگەیشتن و زانینی ئاڵۆزدا ڕوو دەدا. میکانیزمی دەروونی-جەستـەیی بریتییە لە هەستکردنی خول و پێچـەکانی کۆئەندامی دەمار کە وەستاوە لەسەر سەرنجدان و بزواندنی بەردەوام.

بیردۆزەکە ئاماژە بەوە دەکا کە هەستـراگرتن و بزواندنی بەردەوام لەگەڵ شێوازی بیرکردنەوەی کـەسـەکـان دەگـۆڕدرێ. بەدەربڕینێکی تر، ئەوە بڕیاری کـەسـەکـەیە کـە چۆن بیـر دەکـاتەوە و جەستەکەی لە ئاستێکی بەرزی دەمارگرژی دەهێڵێتەوە.

لە ڕووی هزرەوە، بیـردۆزی چالاککردنی مەعـریفی بە وردی دووپات لەسـەر پێشـبینی و شتـە چاوەڕوانکراوەکان دەکاتەوە، ئاماژە بەوە دەکا کە کاتێک کەسێک پێشبینیی شتێک دەکا یاخۆ حەز لە ڕوودانی شتێک دەکا و نایەتە جێبەجێکردن، دەبێتە هۆی دەمارگرژی و ئەگەر بەردەوامیش بن لە قووڵبوونەوە و بیرکردنەوە لەو دوورییەی لە نێوان ئەوەی ڕووی داوە و ئەوەی پێشبینی کراوە، ئەوە دەمـارگـرژییـەکـەیان زیاتر دەبێ. بۆ نموونە ئەگـەر کـەسێک لە چاوەڕوانـی ڕووداوێک یاخـۆ ئەنجـامـێک بێ بۆ ئەوەی ڕوو بدا و دواتر شـتــەکـە ڕوو بدا، ئەوە کـەسـەکـە دڵی خـۆش دەبێ و ڕەزامـەندی دەردەبڕێ، بەڵام ئەگەر شتەکە ڕوو نەدا، ئەوە کەسەکە هەست بە خراپە، خەمباری و دڵناخۆشی دەکا.

ئەگەر کەسێک پێناسـەی ئەو دوورییـەی نێوان ئەو شتـەی چاوەڕوان دەکرا تا ڕوو بدا و ئەوەی ڕووی داوە وەک هەڕەشـە ببینێ، ئەوە ئـەنجـامـەکەی دەبێتـە دروستـبوونی دڵەڕاوکە کـە بنەوای سەرهەڵدانی دەمارگرژییە.

بەپێی ئـەو بیـردۆزە، چەنـدی دووریی نێـوان ئەوەی خـوازراوە و ئەوەی ڕووی داوە زیـاتر بێ، ئەوە زیاتر وەک هەڕەشە دێتە تەماشاکردن لەلایەن کەسەکەوە و دەمارگرژییەکەی زیاتر دەبێ.

مـیکانیـزمی گـونجـاندن و بەسـەردا زاڵبـوون کـە زۆربەیان دەکـەونە بواری زانین و تێگەیشتن، پێوەندیی بەئەزموونی دەمـارگرژییـەوە هەیە. بەشێوەیەکی تایبـەت ئەو کاتەی میکانیزمی بەرگریی خـەڵک زۆرە کـە پێـوەندیی بە هیـوا و چاوەڕوانییـەوە هەیە و هەروەها ئەو کـاتەی کـەمـیی توانی خـۆگـونجـانـدن لە خـەڵک دەبینرێ، ئـەوە زیاتر دەبنە قـوربانـی و نیـشـانـەی درێژی مـەعـریفی و دەمـارگرژی پێشـان دەدەن. ئەو جـۆرە کـەسـانە نەک تەنیـا دووچاری دەمـارگـرژی دەبنەوە، بگرە ڕووبەڕووی نەخـۆشیـی جەستـەییش دەبنەوە کە نەخـۆشییـەکانی پێوەندار بە دەمـارگـرژییـان پێ دەگوترێ.

بەڵگەیەکی تر بۆ پاڵپشـتیکردنی ئەوەی کە شێـوازی بیرکردنەوە دەبێتـەوە هۆی دەمـارگـرژی، بریتییە لەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر جۆرەکانی کەسایەتی هاتوونەتە ئەنجامدان.

لەم بارەیەوە هەندێک کەسایەتیی دیاریکراو هەیە کە شێوەی بیرکردنەوەیان جیایە و دەبێتە هۆی تووشاربوونیان بە ئاستێکی بەرزتر لە دەمارگرژی لە جۆرەکانی تری کەسایەتی. بۆ نموونە زانراوە کە جۆرێک لە کەسایەتی زوو دەبێتە قوربانیی دەمارگرژی و جۆری کەسایەتیی "أ"ی پێ دەگوترێ کە شێوازێکی ڕەفتاریی چەسپیوی هەیە و دەناسرێتەوە بە هەوڵی زۆر، هیوا، بێ ئۆقرەیی، ڕکابەری، هەست بەپەلەکردن و بوونی مەیلی شەڕخوازی.

جۆری کەسایەتیی "أ" ئەقڵییەتی جیا یاخۆ شێوازی بیرکردنەوە و ڕەفتاری تایبەت بەخۆیان هەیە کە وایان لێ دەکا دووچاری گرژیی زیاتر ببنەوە لە خەڵکانی تر و جۆری جیاوازتر ئەو کاتەی دەکەونە ژێر پاڵەپەستۆوە.

لەگەڵ بەبیرهێنانەوەی ئەوەی کە دڵەڕاوکە بنەوا و بنەچەی گرژییە، زۆر لە چارەسەرکەرانی ڕەفتاری-مەعریفی ئەوە دەڵێن کە چۆنیەتیی بیرکردنەوەی خەڵک، دووچاری دڵەڕاوکەیان دەکا لە زۆربەی دۆخەکاندا.

بۆ نموونە، بیرکردنەوەی نەرێنی لە شێوەی حەز و بڕوای ناڕاست، دڵەڕاوکە دروست دەکا. هەندێک نموونەی حەز و ئارەزوو وەک بەدەستهێنانی خۆشەویستیی کەسی گرینگ و پایە بەرز و پەسندکردنیان لەلایەن ئەو کەسانەوە یاخۆ خەونبینین بەوەی کەسێکی لێهاتوو بیت لە هەموو کاتێک و شوێنێکدا، هەروەها بڕوابوون بەوەی هۆی دەرەکی لە پشت هەموو کێشەکاندایە و چەندانی تر، ئەوە بیرۆکەی ئارەزووی ناڕاستەقینە و دڵەڕاوکە دروست دەکا و بەباشی دەگونجێ لەگەڵ بیردۆزی چالاککردنی مەعریفیی پێوەندار بە دەمارگرژی و بەڵگەیە بۆ بوونی ئەو دوورییەی نێوان ئەوەی ئارەزوو کراوە و ئەوەی ڕوو دەدا کە هۆیەکە دەبێتە دروستکەری دەمارگرژی لە مێشکی مرۆڤدا.

بەکورتی چەند هۆیەک هەیە بۆ ئەوەی بڕوات هەبێ کە هزر یاخۆ شێوازی بیرکردنەوە دەبێتە هۆی دەمارگرژی. یەکەم، ڕاستییەک هەیە دەڵێ پشتبەستن بە شێوازی بیرکردنەوەی خەڵکانی تر دەبێتە هۆی دروستبوونی ئاستی جیا لە دەمارگرژی یاخۆ هیچ ئاستێکی گرژبوون پێشان نادا.

دووەم، لێکۆڵینەوەیەک هەیە پاڵپشتی لەو بیرۆکەیە دەکا کە دەڵی گرژی پێوەندارە بە جیاوازیی نێوان ئەوەی کەسێک ئارەزووی دەکا و ئەوەی لە ڕاستیدا ڕوو دەدا. ئەو جیاوازییە ئەگەر بە هەڕەشە هاتە تەماشاکردن، ئەوە دەبێتە هۆی دەمارگرژی.

سێیەم، لێکۆڵینەوەیەک هەیە بەڵگە دێنێتەوە لەبارەی هەندێک جۆری کەسایەتی کە شێوازی دیاریکراویان لە بیرکردنەوەدا هەیە و زیاتر دەبنە قوربانی لە کەسانی تر ئەو کاتەی دەکەونە ژێر پاڵەپەستۆ.

لە کۆتادا توێژینەوەیەکی بنچینەییی پتەو ئاماژە بەوە دەکا کە هەندێک ئارەزوو و بڕوای

دیاریکراو بەتایبەت ئەگەر نائەقلانی بن، مرۆڤ بەرەو ئاستێکی بەرزتر لە دەمارگرژی دەبەن .

لە کاتێکدا هیچ کامێک لەو بیردۆزانەی پێشوو بە شێوەیەکی پتەو، هزر وەک هۆیەکی دەمارگرژی هەژمار ناکەن، بەڵام بەشێوەیەکی ڕوون ئەوە دەردەخەن کە هزر ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ لە دروستبوونی دەمارگرژی. ئەو هۆیانە ئەوە ناگەیەنن کە هۆی تر نییە وەک میکانیزمی جەستە بەشداری بکا لە دروستبوونی دەمارگرژی، هەروەک دیارە کە مرۆڤ لە هزر و جەستە پێک هاتووە.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەو لێکۆڵینانەوەی سەرەوە پاڵپشتییەکی بەهێز لە بیرۆکەی هزر دەکەن کە بەشداری دەکا لە دروستبوونی دەمارگرژی و لە زۆربەی دۆخەکانیشدا ببێتە هۆیەک لە دۆخە دەروونییەکە.

سەرچاوەکان:


Beck, J.S.(1995).Cognitive therapy: Basics and beyond.New York: Guilford Press.

Davison, R.J., Scherer, K.R.&Goldsmith, H.H.(2002).Handbook of affective sciences. New York: Oxford University Press.

Eddy, W.A.(2003).High conflict personalities: Understanding and resolving their costly disputes.UK: Winthrop.

Ellis, A.&Maclaren, C.(1998).Rational emotive behavior therapy: A therapist's guide. Atascadero, CA: Impact Publishers.

Kalat, J.W.(2001).Introduction to psychology.(6th ed.)Florence, KY: Wadsworth.

Keyse, S.M.(2000).Stress response: Methods and Protocols.Totowa, NJ: Humana Press.

Sternberg, R.J.(2002).Cognitive psychology (3rd ed.) Florence, KY: Wadsworth.

Ursin, H.&Eriksen, H.R.(2004).The cognitive activation theory of stress.Psychoneuroendocrinology, 29(5), 567-592.

# پێوەندییەکان و داهێنەری

## کەڵک وەرگرتن لە ڕاگەیێنەکان چۆن لەسەر ئەوانەی دەقی ڕاگەیێنی دەخوڵقێنن، کاریگەریی دادەنێ

ئێلیزابێت پاتۆن – زانستگای مۆناش

سەرەڕای مێژوویەکی دەوڵەمەندی توێژینەوە لەسەر کاریگەریی ڕاگەیێنە جۆرەوجۆرەکان لەسەر بەکارهێنەرانیان یان کەڵک لێ وەرگران، ژمارەیەکی کەمیان لەو بارەوە توێژینەوەیان کردووە کە هەمان ئەو دەقانە لەسەر ئەوانەیشی کە خۆیان دەقەکان بەرهەم دێنن، کاریگەرییان هەیە. وەکو بەشێکی لێکۆڵینەوەیەکی پڕ لق و پۆپ و مەزنی داهێنەری، ئەم وتارە خوازیاری نیشاندانی ئەوەیە کە چۆن داهێنەرە پێگەیشتووە میدیاییەکان کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی ئەو ڕاگەیێنانەی بەکاریان دەهێنن و، هەروەها نیشاندانی ئەوەی کە چۆن کارناسانی بوارەکانی ڕاگەیێنەکان و پێوەندییەکان لەوانەیە بەبێ سەرنجەدان بە کاریگەریی هۆکارەکانی تر، لەسەر کاریگەریی میدیا توێژینەوە بکەن. ئەم توێژینەوەیە بە تەرکیزکردنە سەر نووسەرە ئوسترالیاییە داستاننووسەکان بەو ئاکامە گەیشتووە کە بەکارهێنانی میدیا بەشێکی گرینگی (بەڵام نەک تەنیا) پەرەپێدانی ئۆگرییان بە نووسین، شارەزابوونیان و بەرهەمهێنان و بیرۆکە تاقیکارییەکانیانە.

### پێشەکی

لەو بەستێنەی لێکۆڵینەوە پێوەندیکارییەکاندا، واتە بوارێک کە ئێستایش بەشێوەیەکی بەرین تەرکیزی کردووەتە سەر دەقە ڕاگەیێنییەکان، سەرسووڕهێنەرە کە ژمارەیەکی کەم توێژینەوە لەسەر کاریگەریی هەمان ئەو دەقانە لەسەر ئەوانەیشی کە خۆیان دەقەکان بەرهەم دێنن، کراوە. چۆن داهێنەرە پێگەیشتووە میدیاییەکان بەهۆی ئەو ڕاگەیێنانەی بەکاریان دەهێنن، دەکەونە ژێر کاریگەرییەوە؟ ئەم پرسیارە لە ڕەوتی لێکۆڵینەوە لە نووسەرە ئوسترالیاییە داستاننووسەکان

........................................................................

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ڕەزا فەتحوڵڵانەژاد

وەڵام دەدرێتــەوە، نووســەرانێک کــە مــۆدێلێک بەکــار دەبەن کــە دەکــرێ وەکــو تێکەڵاوێک لە کاریگەرییەکانی میدیا و داهێنەری بژمێردرێ. ئەم لێکۆڵینەوە نیشانی دەدا کە داهێنەرەکان دەکەونە ژێر کاریگەری ئەو ڕاگەیێنانەی کەڵکیان لێ وەردەگرن، بەڵام بەپێی توێژینەوە میدیاییەکانی ئەم دواییانە، ڕاگەیێنەکان تاقە هۆکاری شوێندانەر نین. هەروەها نیشانی دەدا کە مۆدێلی سیستمەکانی داهێنەری ئەو تواناییە بە توێژەران دەبەخشێ کە خۆیان لەگەڵ کاریگەرییە میدیاییەکانی نێو ئەو سنوورەی دەقە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان کە داهێنەران تێیدا دەژین، بگونجێنن.

باوەڕمەندی بەوەی کە ڕاگەیێنە جۆرەوجۆرەکان لەسەر بەرهەمهێنەرانی داهێنان و لەسەر داهێنەری کاریگەرییان هەیە - سەرەڕای ئەوەی ئەم چەمکانە هیچ کات باس نەکراون - لە ڕەنگدانەوەی مۆدێلەکانی پێوەندییەکاندا بێ ئەملا و ئەولایە، وەک مۆدێلێکی سەرەتایی "دێفلوور" (١٩٩٦) کە لەسەر بنەمای مۆدێلی ڕاگواستنی بنەڕەتی "شانون و ویڤێر" (١٩٤٩) دروستی کرد، یان مۆدێلی ئاڵۆزتری رەوتە پێوەندیکارییە گشتییەکانی "مالێزک" (وەک لە مەک کویل و ویندالدا هێڵە گشتییەکانی کێشراوە، ١٩٨١). لەم مۆدێلانەدا، دەستڕاگەیشتن بە پەیامێک یان دەقێک، ڕەنگدانەوەی بە حیسێبهێنانی پەیامە سەرەکییەکەی لێ دەکەوێتەوە. لە زۆربەی مۆدێلە خولییەکاندا، لە شوێنێکدا کە پێوەندییەکان رەوتێکی روو لەپێشە (سەیری بۆ نموونە "Schramm, 1954" بکە)، پێوەندیکارەکان لە هەر پەیامێکی داواکراو بۆ بەرپەرچدانەوە فێر دەبن یان هەر پەیامێکی لەو چەشنە دروست دەکەن یان پەیامی خۆیان بەرهەم دێنن. سەرەڕای ئەمە، بەستراوەیی ڕاشکاوانەی بەکارهێنانی ڕاگەیێنەکان لەگەڵ بەرهەمهێنانی دەقە ڕاگەیێنییە زێدەترەکان وەک کتێبەکان، فیلمەکان یان مۆسیقا لە گۆڕەپانی پێوەندییەکان و لێکۆڵینەوە میدیاییەکاندا لە بەرچاو ون کراوە. هەروەها ڕێوشوێنەکانی تر لە ڕێگەگەلێکی جیاوازەوە ئەم بیرۆکانەیان بەرتەسک کردووەتەوە.

لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا، بۆ نموونە ئەم تێگەیشتنانە بە شێوەیەکی ڕوونتر بە هۆی بیرۆکەکانی نێوان دەقەکان، ئاماژە، نەریت، لاساییکردنەوەی دەقی و تێکەڵاوکردنی دەقییەوە توێژینەوەیان لەسەر کراوە کە هەموو ئەوانە پێوەندییان بە داڕشتنی دەقە ڕاگەیێنییەکانی تر لە هێندێ ڕێگەوە لە پێناو داواکاری بۆ خوڵقاندنی کارێکی نوێوە هەیە (Orr, 2003; Rivkin & Ryan, 2004). خاتوو کریستێڤا (١٩٨٦) لە تیۆرییە نێوان دەقییەکەیدا بەوجۆرە ئارگۆمێنت دەهێنێتەوە کە هەر دەقێک "وەکو مۆزائیکێکی گێڕانەوەیی دەخوڵقێ: هەر دەقێک بەرەو ئەوانی تر رادەکێشرێ و گۆڕانکاری لەوانی تردا پێک دەهێنێ" (١٩٨٦ ,p .٣٧). لەم گۆشەنیگایانەوە، دەقێک لەوانەیە خاوەنی پاشخانێک بێت کە بە مێژوویەکی دەقەکانەوە دەبەستێتەوە (جا بەهۆی چەمک، شێواز و... هتد)، بیرۆکەکانی بەرهەمهێنەرانی تر دەبزوێنێ یان دەبێتە هۆی پەرچەکرداری بەرهەمهێنەرێک کە ڕەخنە دەگرێ، ڕێزی لێ دەگرێ یان لە کارەکانی تری خۆی وتە دەهێنێتەوە. لە

کاتێکدا ئەم نەریتە باسی هێندێ ڕێگە دەکات کە نووسەران لەوانەیە بکەونە ژێر کاریگەریی ئەو کتێبانەی دەیخوێننەوە، ئەمە بەبێ قبوولکردنی هۆکارەکان یان ئەوەی بۆچی نووسەران لە ڕێگەگەلێکی جیاوازەوە یان لە کاتگەلێکی جیاوازدا دەکەونە ژێر کاریگەری، هەر وەڕاست دەگەڕێ.

لە دەروونناسیدا، ئەم ماکەگەلە لەو ژمارە کەمە لێکۆڵینەوانەی کە تاوتوێی پێوەندیی نێوان ڕاگەیێنەکان و داهێنەرییان کردووە، لە بەرچاو ناگیرێن. لێکۆڵینەوەکانی ئەم بوارە، بەگشتی کەڵکیان لە ڕووبەڕوونەوەی کورتماوەی دەقێکی تەنیا لە فۆرمگەلێکی جیاوازی ڕاگەیێنیدا وەرگرتووە، لە پێناو داواکاری بۆ تاقیکردنەوەی ئەوەی کە ئاخۆ منداڵان دوای خوێندنەوەی کتێب، گوێگرتن بۆ رادیۆ یان چاولێکردنی تەلەڤزیۆن زیاتر بەشێوەیەکی داهێنەرانە بیر دەکەنەوە یان نا .(Greenfield et al., 1981; Runco & Pezdek, 1984)

لە نموونەکانی ئەم دواییانەدا، "هوتۆن" و "ساندر" (٢٠٠٨) کاریگەری بزوێنەری یارییەکی ڤیدیۆیی "دانس بەیسێد" (ئەو ڤیدیۆگەلەی مۆسیقای رەقسیان تێدایە) لەسەر داهێنەریی گەورەساڵیدا تاقی کردەوە (پێوانەیەک بۆ کەڵک وەرگرتن لە تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی داهێنەرانە). هەر چۆنێک بێ، پێوەندییە دووسەرەکان لە هەر لێکۆڵینەوەیەکدا لە نێوان کەڵک وەرگرتن لە ڕاگەیێنەکان و بیرکردنەوەی داهێنەرانەدا دۆزراوەتەوە و هۆکارەکان سەقامگرتوو نەبوون. دەستنیشانکردنە تاقیگەییەکان و ئەندازەگرتنە تاقیکارییەکان، لە یاسای گشتاندنی دۆزینەوە زانستییەکانیان بۆ داهێنەرانی جیهانی ڕاستەقینە کەڵکیان وەرگرتووە. سروشتی چۆنایەتیی ئەم لێکۆڵینەوانە، ناسینی کاریگەریی ڕووبەڕووبوونەوە ڕاگەیێنییە بەردەوامەکانی (لە هێندێ نموونەدا، هەمیشەیی) دەقە میدیاییەکان دژوار دەکەن، هەروەک هەر کام لە فاکتۆرە زۆرە کۆمەڵایەتی یان کولتوورییەکان دژوار دەکەن کە لەوانەیە لە سەرووی تاکەکان لەو ژینگە "سروشتی"یانەدا کە لە کاتی داهێنەریدا تێیدا دەژین، کاریگەرییان هەبێ. هەر لێکۆڵینەوەیەک کە ئەم ماکەگەلەی لە بەرچاو ون بێ، ڕوانگەیەکی بەرتەسک لەمەڕ پێوەندیی نێوان داهێنەران و ئەو راگەیێنانەی کەڵکیان لێ وەردەگرن، دەخەنە ڕوو.

هێندێ لەم ماکەگەلە لە پلەی جۆرەوجۆردا لە لێکۆڵینەوە کولتووری، کۆمەڵناسی و پەروەردەییەکاندا توێژینەوەیان لەسەر کراوە. بۆ نموونە، لە توێژینەوەیەکدا کە تەرکیزی لەسەر بواری ئەدەبییە، "لاندیس" (٢٠٠٣) خوێندنەوە و نووسین وەکو کرداری کولتووری و کۆمەڵایەتی سەیر دەکات. وتارەکە بەدووی ئەوەوەیە کە چۆن ئەم کردارانە لەسەر بنەمای تێگەیشتنە هاوبەشەکانە، هەروەها ئەوە کە چۆن ئەوان بەگشتی کاریگەری لەسەر خوێندنەوە و نووسین دادەنێن و دەکەونە ژێر کاریگەرییانەوە. ئەمە تەرکیزی لەسەر دەستنیشانکردنی پەروەردەییە و هەر لەو کاتەدا ئەو ڕێگەگەلە بەرتەسک دەکاتەوە کە لەوانەیە بەرەو بەرهەمهێنانی بەکارهێنانی گشتیتر کە ڕادەیەکی جیاواز لە پێوانە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانیان هەیە، رابکێشرێ.

بەپێچەوانەوە، "هێسموندالْ" (٢٠٠٧) لەسەر دەقە کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوورییەکانی بەرهەمهێنانی ڕاگەیێنی بە وردەکاریی زۆرەوە توێژینەوەی کردووە، بەڵام ئەو باسەکەی لەمەڕ کاریگەریی ڕاگەیێنەکان لە چوارچێوەی کاریگەری بەکارهێنەران ـ وەرگرەکان و پۆتانسییەلی (هێزی هێزەکی) داهێنەریی تێکنۆلۆجیا نوێکان وەک تەلەڤزیۆنە دیجیتاڵەکان سنووردار کردووەتەوە.

"بێکێر" (٢٠٠٨) لە کتێبی "جیهانی هونەر"دا ڕەوتی بەرهەمهێنانی بیرۆکە لە کاروباری بڵاوکردنەوە و هەڵسەنگاندن تاوتوێ دەکات، ئەمە نەتەنیا بۆ ئاشکراکردنی ئەوەیە کە چۆن بەرهەمهێنەران پشتیان بە ڕایەڵە تێکچڕژاوەکانی هاریکاریکردن بەستووە، بگرە بۆ ئەوەیشە کە بزانرێ چۆن پشتیان بە نەریتەکانی خودی جیهانی هونەر بەستووە. زیاتر لە داهێنانەوەی چەرخی بەرهەمهێنانی هەر کارێکی هونەری، ئەو بەشانەی جیهانی هونەر "پشتیان بەو ڕێککەوتنە پێشترانە بەستووە کە هەنووکە بوونەتە باو، ڕێککەوتنگەلێک کە بوونەتە بەشێکی ڕێگەی نەریتی بەڕێوەبردنی شتەکان لەو جیهانی هونەرەدا" (ibid., p.29). ئەوەی بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە گرینگە، ئەوەیە کە وەها نەریتگەلێک تەنیا بەشێوەی زارەکی یان بەهۆی مامۆستا یان چاودێرەوە جێیان نەگرتووە، ئەوان هەر لەو کاتەدا لە کارە هەنووکەییەکاندا گیانیان گرتووە. لەم گۆڕەپانەدا، بەکارهێنانی ڕاگەیێنەکان بەشێکی گرینگی ڕەوتی بەرهەمهێنانە. "بێکێر" لەسەر ئەم جۆرە تێگەیشتنە توێژینەوە ناکات و بەمەش دەرەتانی سەرنجدان بەوەی کە چۆن بەکارهێنانی ڕاگەیێنەکان لەوانەیە هەر لە سەرەتادا لە هێندێ ڕێگەوە بەرەو شیکردنەوەی هاندەرێکی تاکەکەسی لە پێناو بوون بە ئەندامێکی ئەم جیهانی هونەرە بڕوات، زیاتر لەدەست دەدا.

چی دەکرێ لەم لێکۆڵینەوانەدا وەلا بنرێ، هەروەک چۆن مێژووی دەوڵەمەندی توێژینەوە لە کاریگەرییە گشتیترەکانی ڕاگەیێنەکان (چاو بکەن لە "پاتۆن"، ٢٠١٠، بۆ چاوپێداخشاندنەوەیەک) نیشاندەری ئەوەیە کە تاقیکردنەوەی داهێنەران لەنێو ئەو دەقە کولتووری و کۆمەڵایەتییانەیدا کە ئەوان خولْقاندوویانن و ژیانیان تێدا دەکەن، بەکەڵکە. لە ئەنجامدانی وەها کارێکدا، کەڵک وەرگرتن یان بەکارهێنانی ڕاگەیێنەکان وەکو بەشێکی گرینگ و نەک تاقە بەش دەردەکەوێ کە دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵک دەقە ڕاگەیێنییەکانی خۆیان بخوڵقێنن. ئەم بواری ڕەنگدەرەوەی بیروباوەڕ، لەسەر ئەو توێژینەوە کاریگەری دادەنێ

(See Katz, Blumler,& Gurevitch, 1973; Jenkins, 1999; Bandura, 2009, for example)

کە لەبارەی کاریگەرییەکانی ڕاگەیێنەکانەوە و لەسەر کەڵک وەرگرتن لە میدیا تەرکیز دەکاتەوە بۆ ئەوەی تەنیا یەکێک لەو هۆکارە فرە چەشنانە بێ کە لەوانەیە لەسەر تاکەکان و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان لە هەر باروودۆخێکی گریمانکراودا کاریگەری دابنێن. مۆدێلێک کە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی ئەو لێکۆڵینەوە هەنووکەییانە و ئاوێتەیان دەکات، مۆدێلی سیستمەکانی داهێنەرییە کە لەلایەن "سیکزێنتمیایلیا" (١٩٨٨، ١٩٩٩-) خراوەتە ڕوو و پشتی بە لێکۆڵینەوەیەکی چۆنایەتی

لەسەر ٩١ داهێنەری بەرچاو بەستووە (Csikszentmihalyi, 1997).

مۆدێلی سیستمەکان وا گریمان دەکات کە داهێنەری لە سیستمە ئاڵۆزەکانی لێک کارکردن لە نێوان تاکەکان بە هۆی بیۆلۆجی (ژیناسی) و دەروونناسی بێوێنەی خۆیان، بەستێنی کۆمەڵایەتیی کارناسەکان و گۆڕەپانێکی کولتووری زانیاری ڕوو دەدات. هاوشێوەی بوارە پێچەوانەکەی "بێکێر"، گۆڕەپانی "سیکزێنتمیایلیا"، زانیاری، سیستمە سەمبولیکەکان و نەریتە کولتوورییەکانی بەشێکی ناوچەیەک لەخۆ دەگرێ کە لەودا تاکەکەسێک دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی کارێکی داهێنەرانە. ئەم زانیارییانە دەکرێ لەو ڕێسا و کردارانەدا بدۆزرێنەوە کە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگوازرێنەوە، هەروەک لە زمان و سەمبولگەلێکدا کە ئەوان بۆ پێوەندیکردن و تۆمارکردنی کەڵکی لێ وەردەگرن. ئەم ڕێسا و کردارانە لەو کارە داهێنەرانەدا نوێندراون کە هەر ئێستا پەسند کراون و هەروەها لەوانەدا کە دەچن تا لەو گۆڕەپانەدا پەسند بکرێن. خەڵکی داهێنەر زیاتر شارەزاییان لە فۆرم و توانایییە بەتەواوی دەرکەوتووەکان لە بۆشایییەکی کولتووریدا، دەبێ دەستیان بە سەرچاوە ڕابگا، بکێشرێن، بەدەست بێن، فێر بن و ببنە مامۆستای زانیاری و لێزانینەکانی گۆڕەپانەکە، ئەمەیش پێش لەوەی بتوانن شتێکی ڕەسەن و بەنرخی تێدا بەرهەم بێنن. مۆدێلی سیستمەکان ئەو گۆڕەپانە وەکو بەشێکی گرینگی داهێنەری دەناسێنێ، بەڵام بەشێوەی هاوسان جەخت دەکاتەوە هەم لەسەر تاکەکەسەکان کە هەر کامیان ئاوێتەبوونێکی بێوێنەی ئەزموونە تاکەکەسی و بیۆلۆجیکییەکان بن و، هەم لەسەر سیستمە کۆمەڵایەتییەکان کە خەڵکی تر، گرووپەکان و ئەنجوومەکان بەرەو یاریکردنی ڕۆڵێک لە بەرهەمهێنانە خوڵقێنەرەکانی دەقێکی ڕاگەیێنی پاڵ پێوە دەنێن.

لەنێو تێگەیشتن لە گۆڕەپانەکە، مۆدێلی سیستمەکان، کاریگەریی دەقە میدیایییەکان لە پاڵ ناوەڕۆکە بەرینبووەکان کە لەگەڵ داهێنەریشدا ئاوێتە بوون، دەردەخات، وەک بارهێنان، پەروەردە، سیستمەکانی پشتیوانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی. "مەک ئینتیر" (٢٠٠٨، ٢٠٠٦، ٢٠١٠) بە کەڵک وەرگرتن لە مۆدێلی سیستمەکان، لەسەر داهێنەریی ئاوازنووسە خۆشەویستە ڕۆئاوایییەکانی هاوچەرخ لێکۆڵینەوەی کرد و بەوە گەیشت کە کەڵک وەرگرتن لە ڕاگەیێنە درێژخایەن و کورتخایەنەکان، یەکێک لەو حەوت هۆکارە سەرەکییەیە کە دەبنە هۆی ئەوەی کە چۆن ئاوازەکان بنووسن یان گرفتەکانی کارە لە حاڵی گەشەکانی هەنووکەیان چارەسەر بکەن. "پاتۆن" (٢٠٠٩) بۆ باسکردنی نووسەرە داستاننووسە ئوستراڵیایییەکان وەکو خوێنەرانی ڕەخنەگری کاری خەڵکانی تر و ژانرێکی پێوەندیداری داستانە خەیاڵییە خاوەن لایەنگرەکان، کەڵکی لەم مۆدێلە وەرگرت. نووسەرەکان لەو کتێبانەوە کە دەیانخوێننەوە، تەنیا لێزانینەکانی نووسین وەک شێوازەکان، دەنگەکان و پێناسەکردنەکان فێر نابن، بگرە "لاساییکردنەوە یان چاوچاوڵێکەری زۆرجار بە شێوەیەکی ئاشکرا ورە دەخاتە بەردەم داواکاری بۆ فێربوون و شارەزایی لە بواری نووسینەوە" (2009, P. 132). لە کاتێکدا ئەو خاتوونە نیشانی دەدا کە کتێب، کاریگەرییەکی

شایانی قبووڵ و هێندێ جار دیاری لەسەر داهێنەریی نووسەرێکدا هەیە، "پاتۆن" پێی وایە کە فاکتۆرەکانی تریش وەک وەرگرە ڕاستەقینە و وێناکراوەکان، ڕەنگدانەوە و فرۆشی کتێبەکان دەتوانن لەم پێناوەدا کاریگەر بن. لەم ڕێگەیەوە، مۆدێلی "سیکزێنتمیایلیا" شێوازێکە کە کارناسانی ڕاگەیێنەکان و پێوەندییەکان دەتوانن لە شیکاریی کاریگەریی ڕاگەیێنەکان وەکو بەشێکی سوودمەند (نەک تاقەبەش)ی ڕەوتی داهێنەری کەڵک وەربگرن و هەروەها دەتوانن بۆ بەڕێوەبردنی لە ڕێگەیەکەوە کەڵکی لێ وەربگرن کە توێژینەوە بەنرخ و هەنووکەییەکان لەم بوارەدا پەرە بدا یان تەواویان بکات.

## پرسە شێوازناسییەکان

ئەم باسەی کە دێ، بەشێکی بچووکی لێکۆڵینەوەیەکی دوور و درێژ دەخاتە ڕوو کە لەسەر سیستمی داهێنەری لە کاری نووسینی داستانە ئوسترالیاییەکان توێژینەوە دەکات. ئەم لێکۆڵینەوە لە مۆدێلی "سیکزێنتمیایلیا" بۆ شیکاریی بەشە جۆرەوجۆرەکانی داهێنەری لە کاری نووسینی داستانە خەیاڵییە ئوسترالیاییەکان کەڵکی وەرگرتووە. هاوکات لەگەڵ ئەو زانیارییانەی لە فیستیڤاڵەکانی نووسەران و پتر لە ٣٠ خوێندنەوە و پانێل، ناوەڕۆکی وتووێژە لاوەکییەکان و ماڵپەڕە تاکەکەسییەکان کۆ کراونەتەوە، زانیارییەکان لەو وتووێژە قووڵانەیش بەدەست هاتوون کە لەگەڵ ٤١ نووسەری ئوسترالیایی داستانی خەیاڵی کراون. ئەم ١٦ پیاو و ٢٥ ژنە لەسەر بنەمای ژمارەیەکی سەلماو و تۆمارکراو کە بڵاو کراوەتەوە (لەگەڵ سەرجەم پتر لە ٤٠٠ سەردێر لەوپەڕ حەشیمەتی بە تەواوی ئاساییەوە) وێڕای سەربوردەیەکی (بەسەرهات) پرۆفیشناڵ هەڵبژێردراون. ئەوان هەروەها نوێنەرایەتیی کۆمەڵێک ژانر (جۆر) وەک کارە ئەدەبییەکان، داستانە خەیاڵییە منداڵانە و مێرمنداڵانەکان، داستانی خەیاڵی زانستی و داستانی خەوناوی، داستانگەلی ڕۆمانتیک، جینایی و پڕ لایەنگر لەنێو خەڵکدا دەکەن.

وتووێژەکان بە هۆی ڕێنوێنییەکی پرسیارییەوە نیوەداڕێژراو بوو و لەو جۆرە دەچوو کە لەلایەن "سیکزێنتمیایلیا"وە (١٩٩٧) کەڵکی لێ وەرگیرابوو، ئەو لە ماوەی لێکۆڵینەوەکەی لەسەر تاکەکەسە داهێنەرەکان ئەو شێوازەی بۆ لەخۆگرتنی هەشت بابەتی بەرێنی پێوەندیدار بە نووسەرە داستاننووسە ئوسترالیاییەکان و کارەکانیان داڕشتووە. ئەم بابەتانە بریتی بوون لە: فۆرمە بنەماییەکان و وردەکارییە بڵاوبووەکان، پەرەپێدانی ئۆگرییەک، پەروەردە یان ڕاهێنان، هەوڵدان (سەعی) بۆ نووسین، بیرۆکەسازی یان بڕیارسازی، پشتیوانیی پرۆفیشناڵ، پشتیوانیی هاوسان و مێژووی تاکەکەسی. ئەو وەڵامانەی لەم وتارەدا دەخرێنە بەرباس، لە دوو پرسیاری گشتی هەڵێنجراون، یەکێکیان لەمەڕ ئەزموونی نووسەرە و ئەوی تریان بەتایبەتی ڕووی لە خوێندنەوە یان کەڵک وەرگرتن و بەکارهێنانی دەقە نووسراوەکانە. ئەوانەی وتووێژیان لەگەڵ کرابوو، لەمەڕ کەڵک وەرگرتن لە فۆرمە ڕاگەیێنییەکانی تر پرسیاریان لێ نەکرابوو، بەڵام

هێندێکیان لە وەڵامەکانیاندا قامکیان لەسەر ئەوە دانابوو کە ئەو ڕاگەیێنانەی تری کەڵکیان لێ وەرگرتوون، لە چ شوێنێکدا پێوەندییان بە داهێنەرییان هەیە. نوسخەکانی وتووێژەکان لە پێوەندی لەگەڵ نموونە یان پێوەندییە گشتییەکان شیکاری کران و هەروەها لەبارەی پێوەندییەکانەوە لەگەڵ سێ بەشی بەرینی پێشکێشکراو لە مۆدێلی سیستمەکانی داهێنەریی "سیکزێنتمیایلیا"دا شیکاری کران، واتە: تاکەکەسەکە، گۆڕەپانەکە و بەستێنەکە.

## دۆزراوەکانی توێژینەوەکە

سەیروسەمەرە نییە کە زۆرێک لەو وەڵامانەی لەم وتارەدا باس دەکرێن، وەکو پێوەندیدار لەگەڵ گۆڕەپانەکە پۆلێنبەندی کراون، کە سیستمە سەمبولیکەکان، نەریتە کولتوورییەکان و دەستکردەکانی بیاڤێکی تایبەت لەخۆ دەگرێت کە تاکەکەسێک بۆ بەرهەمهێنانی کارێکی داهێنەرانە بەکاریان دێنێ. لەنێو ئەم پۆلێنبەندییەدا، سێ نموونە یان بابەتی سەرەتایی پێوەندیدار لەگەڵ ڕاگەیێنەکان و کاریگەرییەکانیان دەرکەوتوون: پەرەپێدانی ئۆگرییەک، فێربوونی نووسین و خوڵقاندنی بیرۆکە و توێژینەوە.

## پەرەپێدانی ئۆگرییەک

لەنێو ئەو ژمارە کەمە لێکۆڵینەوانەی لەبارەی ئۆگری و دەستپێڕاگەیشتنی سەرەتایی بەنووسینی داهێنەرانەوە لە بەردەستدان، "کۆهانیا" (٢٠٠٥) و پیرتۆ (٢٠٠٢) وا گریمان دەکەن کە بوونی کۆمەڵێک "هۆکاری پێشبینانە" وەک دڵەڕاوکێی سەردەمی منداڵی، تێکچوونی رۆحی، توانایی زۆری زمانی و خوێندنەوەی تێرنەبوو، بەسە بۆ ئەوەی پێشبینی بکرێ کێ لەوانەیە ببێتە نووسەرێکی داهێنەر. بەبێ ئەوەی هۆکارگەلێکی تر کە لەوانەیە لە هێندێ نووسەردا هەبن، بە ئەژمار نەهێنن، توانایی خوێندنەوە و توانایییە پێوەندیدارەکان بە نووسین، وەکو تەنیا هەلومەرجەکانی پێویست بۆ بوون بە نووسەرێک خۆ دەنوێنن. وەک چاوەڕوان دەکرێ، لێکەوتەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە پێشبینیی ئەو هەڵکەوتە و ئۆگرییە دەکات کە کۆمەڵێک دەقی نووسراو هۆکارێکی زۆر هاوبەش بووە کە بووەتە هۆی ئەوەی ئەو نووسەرانە دەستیان بە گۆڕەپانی نووسینی داستانی ئوسترالیایی بگات. W02 دەڵێ کە ئەو "وەکو زۆربەی نووسەران، تەنیا بەهۆی بوون بەخوێنەرێکی تێرنەبوو" ئۆگریی پەیدا کردووە.[١]

من هەمیشە و لەو کاتەوە لە بیرمە، خوێنەرێک بووم. دەتوانم وەبیر بێنمەوە [...] کە ئەوە هەمیشە ئەوەیە کە ئۆگریم پێیەتی و هەموویشی لە شێوازگەلێکی جیاوازدا. کاتێک ئێوە منداڵن لەگەڵ داستانی گاڵتەجاڕانە دەست پێ دەکەن، یان داستانگەلێکی پڕ ڕووداو و ماجراجویانە دەخوێننەوە، ئێوە ئەم شتە دەزانن. ئێمە بەهۆی شێوازگەلێکی نووسینی جیاوازەوە گەورە دەبین، بەڵام من لە تەمەنی مێرمنداڵیدا وا بیرم کردووەتەوە کە "ئەمە ئەو شتە نییە کە حەزم لە

خوێندنەوەیەتی، من هەروەها دەمەوێت خولقێنەری ئەوە بم. دەمەوێ ببمە کەسێک لە پشت ئەمەوە". لە دەوروبەری نۆ ساڵیدا بیرم دەکردەوە کە دەزانم دەمەوێ ببمە نووسەر. (W02).

وەک W02، زۆربەی نووسەران خۆیان وەکو کەسانێک کە لە منداڵیدا خوێنەرانێکی خولیا و بێ ئۆقرە بوون، تەوسیف دەکەن.

من وەکو کوڕێکی لاو، خوێنەرێکی بێ ئۆقرە بووم و لەوەتای لە بیرمە ئەوە بەشێوەی سروشتییەوە لەو شوێنەوە سەری هەڵدا. من وشەکان و داستانم خۆش دەوێن. نەدەکرا خۆ لەم تاقیکردنەوە نەدەم. (W40)

ئۆگریم بەنووسین بە شێوەیەکی بەهێز بەستراوەتەوە بە خولیام بە خوێندنەوە. کاتێک کتێبێکی مەزن دەخوێنمەوە ـ تەنانەت رستەیەکی بەهێز ـ هەست دەکەم کە نووسینی شتێکی لەو چەشنە بایەخی ئەوەی هەیە کاری لەسەر بکرێ. (W27)

لەوەتای لە بیرمە عاشقی نووسین بووم کە بەهۆی خولیام بە کتێبەوە پەروەردە کراوە. کتێبەکان لەو کاتەوە یەکەم جار فێری خوێندەوە بووم، هەمیشە دۆستی من بوون. نووسین لەو حەزە سەرەتاییەوە سەری هەڵداوە. (W35)

هەرچەند وەڵامەکانیان چاوەڕوانکراو بوو ـ کەوابوو لەوانەیە بەهۆی لێکچوونەکانیان یەک جۆر دەربکەون ـ بەڵام ئەمە لە نرخی ئەوانی کەم نەدەکردەوە. زیاتر لەوە، ڕێگەکانی هەر نووسەرێک بۆ باسکردنی ئەوەی کە چۆن ئەم ئۆگرییە بە خوێندنەوە گۆڕاوە بە حەزێک بۆ نووسین (لە ڕێگەی تاقیکردنەوە، بەهای وەرگیراو یان هەستێکی دۆستایەتییەوە) بەو ئاڵۆزییە زیاد دەبێ کە چۆن ئەم دەقانە لە ڕێگەگەلێکی جۆرەوجۆرەوە لەسەر بەرهەمهێنەرانی داهێنان کاریگەری دادەنێن.

ئەم گرێدراوییە جۆرەوجۆرە لە نێوان خوێندنەوە و حەزێک بۆ نووسن تیشک دەخاتە سەر توێژینەوە سەرەتاییەکانی کاریگەرییەکانی ڕاگەیێنەکان، وەک "لێکۆڵینەوە بنەماییەکانی پەین" (چاو بکە لە Charters, 1933; Shuttleworth & May, 1933) کە بەو ئاکامە گەیشت کە فیلمەکان دەتوانن هاندەری لاساییکردنەوە بن و لەسەر باوەڕەکان و ڕوانگەکان کاریگەری دابنێن، بەڵام ناکرێ وەکو هۆکارێکی تەنیا یان ڕاستەوخۆ بناسرێن و هەموو خەڵکیش لە یەک کات و لە یەک ڕێگەوە ناکەونە ژێر کاریگەرییەوە. ئەم گرێدراوییانە لەگەڵ دوایین لێکۆڵینەوە دەروونناسییەکانی "باندورا" (٢٠٠٩، ١٩٩٧)دا یەک دەگرنەوە و هەروەها لەگەڵ تیۆری کەڵک و ڕەزامەندی (McQuail, Blumler, & Brown, 1972; Katz, Blumler, & Gurevitch, 1973) دەگونجێ، تیۆرییەک کە بەرەنجامگیری دەکات کە هۆکارە ئاڵۆزترە دەروونناسی و کۆمەڵایەتییەکان پێویستیان بەوەیە کە وەکو کاریگەرییەکانی ڕووداو بناسرێن. ئەم خوێنەرانە دەکەونە ژێر کاریگەریی دەقەکانەوە و دەست دەدەنە پێنووس، لە حاڵێکدا خوێنەرانی تر بەهۆی ئاوێتەبوونی بێوێنەی هۆکارە کولتووری، کۆمەڵایەتی و تاکەکەسییەکانیان، ناکەونە ژێر وەها کاریگەرییەکەوە.

بۆ نزیک بەتەواوی هەموو ئەو نووسەرانەی وتووێژیان لەگەڵ کراوە، ئۆگریی سەرەتاییان بە خوێندنەوە (و لە ئاکامدا ئۆگرییان بە نووسین) بەهۆی بنەماڵەکانیان پەرەی پێ دراوە یان هان دراوە. وەها هاندان یان پشتیوانییەک لە زۆربەی نموونەکاندا باس کراوە، ئەمەیش بەدەر لەوەی کە داخوا دایک و باوکی نووسەر یان ئەندامانی تری بنەماڵە ناتوانن بخوێننەوە یان نەیانخوێندووە یان خۆیان خوێنەرانێکی باش بوون. ئاماژە بەو خاڵە گرینگە کە هاندان لەلایەن بنەماڵەوە زۆرجار لەو جارانەدا باس کراوە کە ڕۆڵی دابینکردنی دەستڕاگەیشتن بە کتێبیان گێڕاوە، جا ئەوە کڕینی کتێب، قەرزدانی کتێب یان چوون بۆ کتێبخانە دەگرێتەوە. "W14" کە بەهۆی دایکییەوە فێری خوێندنەوە بووە، قامک دەخاتە سەر دایە گەورە و پوورە گەورەی کە ژنانێکی بەباشی پەروەردەکراو لەگەڵ حەز بۆ کتێب و مێژوون. "ئەوان داستانەکانیان پێ دەوتم و کتێبیان پێ دەدام و ئیزنیان پێ دەدام لەنێو کتێبخانە بەربڵاوەکانیاندا بگەڕێم" (W14).

ئەمە هەر چۆنێک بێ، ناکرێ کاریگەرییە بەنۆرمکراوەکانی کولتووری بنەماڵە بە ئەژمار نەهێنرێ کە بە شێوەیەکی گشتیتر لەوانەیە لە نەریتە تاکەکەسییەکاندا لە خوێندنەوەوە بۆ نووسین هەبووبێ. ئۆگریی " W34" بە نووسین پێوەندیی بە خۆشەویستیی بنەماڵەکەی بۆ کتێبەوە هەبوو. "من بەختەوەر بووم کە لە بنەماڵەیەکی کتێبدۆستدا پەروەردە بووم. کتێب لە هەموو شوێنێکدا بوو، دیارییەک کە لە ڕۆژانی لەدایکبوون و هتددا لەلایەن زۆربەمانەوە بەباش دەزانرا . هەم دایکم و هەم باوکم بە بەرزی بۆیان دەیخوێندینەوە و لەمەڕ کتێبەکان قسەیان لەگەڵ دەکردین. لە تەمەنی حەوت ساڵیدا، بەوەم زانی کە بە تەواوی دەمەوێ کتێب بنووسم" (W34).

بەهەمان شێوە، "W17"یش ئۆگرییەکەی بەهۆی حەزی بنەماڵەکەی بۆ خوێندنەوە و نووسین، کۆمەڵایەتی بوو.

من بەو باوەڕە گەورە بووم کە نووسینی باش و ئەدەبیاتی مەزن بەڕاستی زۆر گرینگ بوون. پێم وایە من لەگەڵ ئەو باوەڕەیش گەورە بووم کە نووسەران و شاعیران کەسانێک بوون کە بەناوبانگ بوون و ستایش دەکران. هەروەها، هەر شتێک کە وەکو منداڵێک کردم هەمیشە ستایش دەکرا. کەوابوو من گومانم وایە کە لە پێکهاتەیەکی دایک و باوکی پشتیوانیکەر و بیرۆکەیەکی پشتیوانیکەری قوتابخانە باڵام کردووە، وەها شتێک. لە تەمەنێکی زۆر کەمی لاویەتیدا، پێم وابوو دەمەوێ بنووسم. (W17)

" W12" هەستی دەکرد کە کولتووری داستانخوێندنەوە لەنێو بنەماڵەکەی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆتر کاریگەری لەسەر ئۆگرییەکەی بە نووسین داناوە تا ئەو نەریتە کولتوورییە بەهێزەی داستانخوێندنەوەی وڵاتەکەی، واتە ئەو شوێنەی لەوێ لەدایک بووە. "من دەستم پێ کرد، پێم وایە لەگەڵ ئەودەمانەی کە دایکم داستانی کاتی نووستنی بۆ دەخوێندینەوە و داستانەکانی بۆ من و خۆشکەکەم دەخوێندەوە. کەوابوو من لە سەرەتادا لەگەڵ کتێبەکان و پرۆسەی داستانخوێندنەوەدا شەیدا بووم. ئەوە شتێکی ئاسایی بوو کە ئێمە دەمانکرد" (W12).

ئەو دەستڕاگەیشتنە سەرەتاییەی نووسەران بە گۆڕەپانی نووسین و سیستمە سەمبولیکەکانی، هەروەک پێکهاتە بنەماڵەیی و کۆمەڵایەتییەکانیان لە پەرەگرتنی ئۆگرییان بەبوون بە نووسەر شوێندانەر بوون و لەگەڵ لێکدانەوەی "بوردیۆ" (١٩٩٣، ١٩٩٧) واتە "ڕاهاتن" (habitus) دێتەوە. "habitus"، ڕێگەگەلێکی بازدانی کولتووری و کۆمەڵایەتیی تاقانە و لە هەمان کاتدا هاوبەشە کە ئەو توانایییە لە ژمارەیەک تاکەکەسدا پێک دەهێنێ کە لەگەڵ گۆڕەپان یان "یاری"ی نووسین خۆیان ڕێک بخەن، "بۆ خولیابوون بە یارییەکە، ئۆگربوون و فێربوون بەهۆی یارییەکەوە" (Bourdieu,1993, p. ١٨). هاوکات لەگەڵ پەرەگرتنی "habitus"ی تاکەکەسێک، دیسانیش ئەوە بۆ نیشاندان و ئۆگربوون بەگۆڕەپانی نووسینی داستانی ئوسترالیایی تا توانایی ئەوەی هەبێ وەکو نووسەرێکی ئەدەبی یان نووسەری کارێکی ژانری کارکردی هەبێ، بەس نییە. ناوەڕۆک، ڕێساکان و شێوازەکانی گۆڕەپانەکە، دەبێ بەدەست بێن و جەوهەری بکرێن.

## فێربوونی نووسین

لەم لێکۆڵینەوەدا، دەستڕاگەیشتن بە گۆڕەپانەکە لە پانتاییی کۆمەڵێک پرۆسەی فەرمی و نافەرمی بەکۆمەڵایەتیبوون و پەروەردەکردنەوە ڕوو دەدا. ئەمەش خوێندنەوە و خوێندن لە قوتابخانە و هەروەها رادەیەک لە خۆفێرکاریی ڕاستەوخۆ، ڕێنوێنی وەرگرتن و فێربوونی دیاریکراو و زێدەبایی لەخۆ دەگرێ. بابەتی دووەم (فێربوونی نووسین) بەشێوەی ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی ئەم تێگەیشتنە لە دەستڕاگەیشتن بە گۆڕەپانەکە دەبێتەوە. بۆ زۆربەی ئەو نووسەرانەی لەم لێکۆڵینەوەدا بوون، خوێندنەوە، موتاڵاکردن یان شیکاریی دەقە داستانییەکان بۆ تواناییەکانیان لە پێناو نووسینی داستانی خەیاڵیدا مەسەلەیەکی بنچینەیی بوو. "ئەمە تا ڕادەیەکی زۆر گەورەترین تاقە هۆکارە و جێی گومان نییە"(W11). ئەمە هەمان ئەو نموونانە نیشان دەدا کە "سیکزێنتمیایلیا" (١٩٩٧) لە لێکۆڵینەوەکەیدا لەمەڕ خولقێنەرە بەرچاوەکان (کە چەندین شاعیر و ڕۆماننووسی لەخۆ دەگرت) پێی گەیشت، واتە خوێندنەوە ڕێگەی سەرەتاییی دەستڕاگەیشتن بە گۆڕەپانەکە بۆ نووسەرانە. "نووسەران دەڵێن کە تۆ دەبێ بخوێنیتەوە، بخوێنیتەوە و زیاتر بخوێنیتەوە و بزانی کە پێوانەی ڕەخنەگران بۆ نووسینی باش ئەوەیە، پێش لەوەی بتوانی بەشێوەیەکی داهێنەرانە بنووسی" (ibid., p.47).

چەندین کەس لە نووسەرەکان پێش لەوەی بچنە بەر خوێندنی فەرمییەوە، فێری خوێندنەوە بوون، بە گشتی خۆیان فێری تێگەیشتن لە سیستمی سەمبولی گۆڕەپانی نووسین کرد و بۆ ئەو کارە کەڵکیان لەو دەقانە وەرگرت کە لە ماڵەوە دەدۆزرانەوە. "لە بیرمە پێش لەوەی بچمە قوتابخانە، لە ڕێگەی خۆفێرکردنەوە، فێری خوێندنەوە بووم و دایک و باوکیشم سەریان سوورمابوو کە دەتوانم ڕۆژنامەیان بۆ بخوێنمەوە" (W02). بۆ زۆربەی ئەو نووسەرانەی لەم لێکۆڵینەوەدان، هەر چۆنێک بێ، لێزانینەکانی خوێندنەوەی سەرەتاییان لە ساڵە سەرەتاییەکانی

پەروەردەی فەرمییەوە بەدەست هێناوە و دواتر ئەوە لە ڕەوتی بەکارهێنانی کۆمەڵێکی جۆرەوجۆری دەقە نووسراوییەکانی قوتابخانە سەرەتایی و مامناوەندییەکاندا زیاتر پەرەی پێ دراوە.(٢) ئەزموونە ئاوێتەبووەکانیان لە بوارەکانی خوێندنەوە، نووسین و ئینگلیزیدا (وەکو خوێندنەوەی دەقی ئاسایی و دەقی شیعری) لەو قوتابخانانەدا بەشێوەیەکی دراماتیک جیاواز بووە کە ئەو جیاوازییەیش لە ماوەی چەندین دەیەدا ڕووی داوە و پەروەردەی جۆرەوجۆر و ئاستی جیاوازی توانایی مامۆستاکان و درک پێکردنی بابەتەکە لەخۆ دەگرێ.

سەرەڕای ئەم جیاوازییانە، تا ڕادەیەک نیوەی ئەو نووسەرانە هەستیان دەکرد کە ئەزموونەکانیان لە وانەکانی ئینگلیزی لە قۆناخی دواناوەندیدا بۆ ئەوان وەکو نووسەر بەسوود بووە، تەنانەت ئەو کاتەیشی کە ئەم سوودانە لە ماوەی چەندین ساڵ و تەنانەت چەندین دەیەدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە. "W16" لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ئەو پەروەردە ئینگلیزییەی کە بۆ ئەو بەڕێوە چووە، بۆ کاری نووسینە پێگەیشتووەکەی ژینەکی بووە. "خوێندنەوە و موتالاکردنی کتێب وەجۆشم دێنێ و پێم وایە بۆ نووسین لە باقیی ژیانم لێزانم دەکات" ((W16. " W11" کە لە دەیەی ١٩٦٠دا قوتابخانەی تەواو کردووە، ناچار بووە ژمارەیەکی بەرچاو لە داستانە کلاسیکەکان بخوێنێتەوە، داستانگەلێک کە ئەو چێژی لێ بردوون، بەڵام لەو کاتەدا لێیان تێنەگەیشتووە، "کەوابوو لە ئاکامی فێربوون یان تواناییەکان، ئەو بنەما پەروەردەییانە کە دەرنەکەوتوون، چەندین و چەند ساڵ دواتر توانیم سوود لەوەی پێیان گوتبووم وەربگرم" (W11).

شیکارییە قووڵەکانی بابەتەکان، شێواز یان هەڵسوکەوتە تەکنیکییەکان لە هێندێ لەو وانانەی ئینگلیزیدا، هەمیشە بۆ ئەو نووسەرانەی وتووێژیان لەگەڵ کراوە، چێژگەیێن نەبووە. "خوێندنەوەی کتێبگەلێک لەو چەشنە بۆ من بێ کەڵک بوو" (W36). هەر چۆنێک بێ، زۆربەیان کاریگەرییە ئەرێنییەکانی وەها خوێندنێک لەسەر خۆیان وەکو نووسەر بینیوە.

من لە قوتابخانە بەخوێندنەوەی زۆر کتێب ناچار دەکرام کە گەر وا نەبوایە، نەمدەویست بیانخوێنمەوە. پێم وایە کە ئەمە لە بواری بەرینترکردنەوەی شێوازەکەم و ڕوانینەکەم باش بوو. (W31)

خوێندنی ئەدەبیاتی ئێمە لە قوتابخانەدا نەریتی بوو و لەو کاتەدا پێم وابوو ویشکە، بەڵام ڕادەیەکی زۆرم لێی وەرگرتووە کە ئێستایش کاریگەری لەسەر نووسینم هەیە. (W28)

ئەو نووسەرانەی کە لە خوێندنی فەرمیی دەقە نووسراوییەکان چێژیان بردووە، لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە تێگەیشتن لەوەی کە چۆن دەقە کلاسیکەکان کار دەکەن، گرینگ بووە نەتەنیا "لەبەرئەوەی جوانی و هێزی زمانی لێزانانە نیشانی من - یان ئێمە - دەدرا" (W05) و درکمان بە گۆڕەپانی نووسینی قووڵتر دەکرد، بگرە لەبەرئەوەی لێزانینی خودی نووسینی فێر دەکردن.

من لە دەستپێکدا لەوە تێگەیشتم کە داستانی خەیاڵی، وتنی ساکاری داستانگەلێکی بەراستی

باوەڕخـولْقێن نەبوو. نووسـەرە گـەورەكان، وەک تومـاس هارد، كەڵكیـان لە هەمـوو شـێوازەكـانی خولْقـاندنی داسـتـانێک وەرگرتـووە كە بەهۆی شـتگەلێكەوە گـیانیـان لەبەر كردووە وەک ڕووداوە سـەرنج ڕاكێشـەكان و ئەو كـاراكـتێرانەی تۆ كـەڵكەكـەیانت هـەیە و ئەو دیالۆگـەی كە لەسـەر كاغـەز دایدەڕێژن و دەتوانێ هـەستی وروژان لە مندا ببزوێنێ. (W30)

خـوێندنەوەی كـارەكانی نووسـەرانـی تر زۆر گرینگە ـ نەک تەنیـا خـوێندنـەوەیان، بگرە بەراسـتی مـوتالاكردنیـان و تێگەیشتن لەوەی كە نووسـەرەكە چۆن هـەوڵی داوە بەوانەی لە كـتێبەدا كـردوونی، بگات ـ بۆ نموونە كـەشـوهـەوا ترسـێنەرەكـەی یان ئەو سـەرەپەتە ورد و زیرەكـانەی لە دەقـەكـەدا هـاتوون و بە ئاسانی دەكێشرێنە دەرەوە. (W14)

بەدەر لـەوەی كـە ئەوان لە ڕەوتـەكـە چێـژ دەبەن یان نا، زۆربەی هـەمـوو ئەو نووسـەرانـەی لەم لێكۆڵینەوەدا هـاتوون، بەوە دەزانن كـە خـوێندنـەوەی ئەو كـتـێـبـانەی پێـوەندییـان بە پەروەردەی سـەرەتایی و دواناوەندییانەوە هەبووە، ڕۆڵێكی گرینگی لە داهـێنەریی دواتریان لە گەورە سـاڵیدا یاری كردووە.

سـەرەڕای باوەڕ بەوەی كـە دەقـە نووسـراوەییـیـە شـوێندارەكـان بەتایبـەتی لەسـەر دەستڕاگەیشتنیان بە زانینی گۆڕەپانەكە و تواناییان بۆ نووسین كاریگەریی داناوە، ژمارەیەک لە نووسـەران ئەم كاریگەرییە لە پێوەندی لەگەڵ پێكهاتە بەرینە كۆمەڵایەتی و كولتوورییەكانی پۆلی خـوێندن یان سـیسـتـمی پەروەردەی ئوسـترالیا ڕوون دەكەنەوە. نووسـەران لەبارەی ئەوەی كە لە كوێدا بە ڕۆڵی سیستمە بەرینەكانیان زانیوە، بەگشتی وەكو خاڵێكی نەرێنی بینیویانە. "قوتابخانە پێویستی بەوەیە هاوڕەنگی ئەوانی تر بیت و زۆربەی ساتە ئازاردەرەكانی من ئەو كاتە بوو كە من بەهۆی نووسـینی جـیاوازەوە ناوم زڕا. هەر بۆیە من خۆم لەپشت ئەو شـێـوازە نووسـینەی ئەوان دەیانوسیت، حـەشـار دا" (W16). لە هـەر كـام لـە نموونەكـانی سـەرەوەدا، هـەر چۆنێک بێ، ئەو كتێبانەی كە ئەوان لە وانەكانی ئینگلیزی خوێندوویانەتەوە یان ئەو كتێبانەی لە كتێبخانەكانی قوتابخانەدا دەستیان پێیان ڕاگەیشتووە، بەرچاو بوون، چونكە بە هۆیانەوە پێوانەكانیان ناسیوە یان توانیویانە بەئامانجەكانی پەرەپێدانی پەروەردە بەهۆی ئەنجوومەنە دەوڵەتییەكانەوە بگەن. نە تەنیـا ئەو قـوتابییـانەی لە سـیسـتـمـە فـەرمییـەكانی پەروەردەدا دانراون، بگرە هەر بەوجـۆرە، كتێبەكانیش ڕۆڵێكی گرینگ لە فێربوونی چۆنیەتیی نووسین كایە دەكەن. كاریگەرییەكەی ئەم دەقە نووسراوییانە لە جەوهەردا بەهۆی فاكتۆرە كۆمەڵایەتی و كولتوورییەكانی وەک سیستمی پەروەردە گۆڕانیان بەسەردا دێت.

ئەو نووسـەرانەی لەم لێكۆڵینـەوەدان، هەروەها خـوێندنەوەی دەقـە خـەیاڵی و ناخـەیاڵیـیـەكـانی دەرەوەی بازنەی قوتابخانەیان بە ئامرازێكی بنچینەیی بۆ فێربوونی چۆنیەتیی نووسین زانیوە. بۆ هێندێكیان، بەڵام بەتایبەت بۆ ئەوانەی كە نووسـینی داهێنەرانەیان لە زانستگەكان و ناوەندەكانی نووسـەراندا خـوێندووە، خـوێنەرە پێگەیشـتـووەكـان باشـتـر لەوانەی نـاخـوێننەوە دەبنە نووسـەر.

"W39" وا هەست دەکات کە ئەو نووسەرانەی کە زۆریان نەخوێندووەتەوە، "ئامرازێکی کەم"یان هەیە (W39). بەپێچەوانەوە، ئەو نووسەرانەی کە بەشێوەیەکی بەردەوام یان تێرنەبوو دەخوێننەوە، پەرە بە زانیارییەکانیان بۆ گۆڕەپانەکە دەدەن و زیاتر فێری ئەو لێزانینانە دەبن کە بۆ نووسینی ئالۆزتر پێویستن.

تۆ دەبینی چۆن کارناسەکان ئەو کارە دەکەن، واتە پێکهاتەی دەقێک دادەڕێژن، چۆن ئەوان وشەکان لە پاڵ یەکتر دادەنێن، چۆن ئەوان ئۆگرییەکەتان دەپارێزن و چۆن بەرز و نزمییەکان و ترۆپکی کتێبەکان دادەڕێژن. (W38)

پێم وایە کە ئەو ڕادەیەی کە دەیخوێنمەوە - بەتایبەت بۆ من، چونکە لە ناخەوە دەنووسم - هێندێ ئۆلگوو لە مێشکی مندا لەمەڕ ئەوەی کە چۆن تایبەتمەندییەکان کار لێک دەکەن و داستانێک چییە، شکڵ دەدات. (W09)

زۆرجار ئەوە دەنگەکەیە، ئەو ڕێگەیە کە خەڵک ئیزنتان پێ دەدەن بچنە نێو داستانەکەوە، ئەو ڕێگەیە کە ئەوان لە وردەکارییەکان بۆ خستنەڕووی شتێکی گەورەتر کەڵک وەردەگرن. چاوێک هەیە کە ژمارەیەک وردەکاری دەردەهاوێ، ئەویش ئەو کاتەی کە لەوانەیە لە ژوورێکدا دوو کەس هەبن کە بڵێن ئەمە ئەو شتەیە کە من پێت دەدەم و بزانە مەبەستم چییە و چی دەکەی. من ئەوەم لە خوێندنەوەوە وەرگرتووە. (W12)

بۆ "w25"، خۆڕێکخستن لەگەڵ دەقە نووسراوەییەکان نەتەنیا بۆ "فێربوونی شارەزایی بگرە بۆ فێربوونی ئەوەی چی بنووسرێ و چی نەنووسرێ" بەکەڵکە (W25). بۆ ئەوانی تر، خوێندنەوە یارمەتیی دەکا بە پەرەپێدانی "مۆدێلەکانی ریتمەکانی دەقی نووسراو یان دەقی شیعری، کەڵکەکانی وێناکردن و ئەنجامدانی شتەکان لە ڕێگەگەلی نوێوە" (W33) یان یارمەتیی دەکا بە "پەرەپێدانی هەستێکی سروشتی شێواز بەهۆی ڕەچاوکردنی ئەوەی کە نووسینی خەڵکی ترتان پێ باشە یان خراپ" (W15).

وەک لێرەدا دەتوانین ببینین، کتێبەکان (و دەقەکانی تر) زۆرجار وەکو مامۆستا یان ڕێنوێنیکەرێک ڕۆڵ دەگێڕن، بەتایبەت لەو شوێنانەی قوتابخانەی فەرمی نەبووە یان ڕێنوێنیکەری نووسین نەبووە. سیمۆنتۆن (١٩٨٤) ئەم پرۆسەی فێربوونە وەکو پێوەندیی ڕێنوێنیکەرانە لەگەڵ "نموونە زەقەکان"ی گۆڕەپانێکی تایبەتی دەناسێنێ. ئەگەرچی ڕێنوێنی ڕوو لە ڕوو قازانجی هەیە، "سیمۆنتۆن" پێی وایە کە ڕێنوێنیکردن لە ڕێگەی ئەوانەی لە شوێنی جیاجیا یان تەنانەت زەمەنی تردا دەژین [و. لێرەدا مەبەست کتێب و دەقەکانە کە لە هەر شوێن و زەمەنێکدا هەن] لەوانەیە بە ڕەوتی شیکردنەوەی دەق یان بەرهەمە زەقەکاندا، بۆ خۆبواردن لە هێندێ گرفت یارمەتیدەر بێ، گرفتگەلێک کە لەگەڵ پێوەندییەکانی ڕێنوێنیکەری نەریتیدا ئاوێتە بوون، وەک کەڵئاژۆ یان لاساییکردنەوەی زێدەڕۆیانە. فرانسیس پرۆس (٢٠٠٦) پێی وایە کە ئەم شێوازانەی فێربوون یان

"ڕێنوێنیکردن" بە درێژاییی سەدەکان کەڵکیان لێ وەرگیراوە:

زۆر پێش لەوەی بیرۆکەی کونفرانسی نووسەرێک لە چاوی هەر کەسێکدا برووسکە بدات، نووسەران لە ڕێگەی خوێندنەوەی کاری نووسەرانی پێش خۆیانەوە فێر بوون . . . و کێ دەتوانێ خوازیاری مامۆستاگەلێکی باشتر لەوە بێ کە وەکو دیاریگەلێکی بەقەدەر مردن بێ کۆتایی، دەستئاوەڵە، نارەخنەگر، پیرۆز و عەقڵانی و زیرەکانە بن؟ (2006. pp.23)

لەم گۆشەنیگایەوە، تاکەکان دەتوانن لە نووسەرانی ترەوە لە ڕەوتی "تاوتوێ"یەکی کارەکانیان، لێپرسینەوە لە بڕیارەکانی هەر نووسەرێک لەبارەی شێواز، تێکنیکەکان، زمان و ناوەڕۆکەوە فێر بن. لێرەدا، ئەو کتێبانەی هەنووکە گونجانیان لەنێو گۆڕەپانی نووسینی داستانی خەیاڵییەکان قبووڵ کردووە، دەرەتانی گەیشتنی نووسەران لە هێندێ ڕێگەوە بەو کەسانەیان دابین کردووە کە هەنووکە بەسەر گۆڕەپانەکەدا زاڵن، بەڵام لەوانەیە قبووڵیان نەکردبێ.

هەرچەند زۆرێک لە نووسەران ئەم جۆرە پێوەندییە ڕێنوێنیکردنە نائینسانییانە (ناتاکەکەسی) قبووڵ دەکەن، بەهۆی لێک کارکردنی ڕاستەوخۆتری کۆمەڵایەتیشەوە فێری چۆنیەتیی نووسین دەبن. بۆ زۆربەی ئەو نووسەرانەی لەم لێکۆڵینەوەدان، دەستڕاگەیشتن بە گۆڕەپانەکە بەهۆی لێک کارکردنی تاکەکەسییان لەگەڵ مامۆستاکان، ڕێنوێنیکەرەکان، نووسەرانی هاوکاریان و سەرنووسیارانەوە درێژەی هەبووە. "W09" بۆ نموونە، ئاماژە بەو نموونەیەی ڕۆڵی نووسەری هاوکاری واتە "W40" دەکات کە پێوەندییەکیان دامەزراندووە کە لە بەراورد لەگەڵ ڕێوشوێنە ڕێنوێنیکەرە نەریتییەکاندا، کەمتر فەرمی بووە، بەڵام لە سەرەتای کارەکەیدا پشتیوانییەکی هاندەرانە بووە بۆی. "کەوابوو من پێم وایە کە هەر شتێک کە لەمەڕ ئەوەی چۆن خۆت وەکو نووسەرێک ڕێک بخەیت، لێی فێر بووم، هاندەرێکی ئەرێنییە و ئەو جۆرە ڕێنوێنیکەرە بەڕاستی بۆ من گرینگ بووە" (W09). "W33" پێوەندییەکی لەگەڵ نووسەرێکی ڕەخنەگر و ستایشکراودا دامەزراند، کاتێک لە خولی نووسینی داهێنەرانەدا ناونووسی کرد. "ئەو زانیاریی کردەکی لەمەڕ شارەزایی و ڕەوتی ڕێکخستنی کارێکی درێژی پێ وتم، لەبارەی ئەوەی کە داڕشتن چۆنە، چۆن دەکرێ پێداچوونەوەی کارەکەت بکەیت" (W33). بۆ نووسەرانی تر، کاری بڵاوکردنەوە بۆ خۆی یارمەتیی داون تا شارەزاییەکانیان لە نووسیندا پەرە پێ بدەن، ئەویش بەهۆی ئەو ڕەنگدانەوەی لەلایەن سەرنووسیاران یان خوێنەرانەوە وەریان گرتووەتەوە کە زۆرجار بووەتە هۆی ئەوەی ئاراستەی نووسینەکانیان بگۆڕن تا کارکردی باشتریان هەبێ، هەر بەو شێوەش دەکرێ لە پرۆژەکانی داهاتوویاندا باشتر بکرێن. "W05" دەڵێ کە پێداچوونەوەکردن "بۆ یارمەتیدانی شارەزاییەکانم سەرسووڕهێنەر بووە و پێم وایە ئێستا باشتر لەو کاتە دەنووسم کە یەکەم جار کارەکەم بڵاو بووەوە. یان لانی کەم زیاتر کەموکووڕییەکانم دەناسم" (W05). هەر بەو شێوەیە، "W11" لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ئەو شارەزاییە گشتییەکانی نووسین "لە ڕێگەی پێداچوونەوەی کارەکەی بە هۆی پێداچوونەوەکەرێکی باشی داستانە خەیاڵییەکان (بەتایبەت پێداچوونەوەی

ڕۆمانی دووەمم) زیاتر فێر بووە تا لە هەر سەرچاوەیەکی تاقانەی ترەوە" (W11).

هەرچەند ئەوە لواوە کە بگوترێ کە کەسێک ناتوانێ کتێبێک بنووسێ بەبێ خوێندنەوەی کتێبێک، ئەمەش بەو مانا نییە کە خوێندنەوە تەنیا شێوازی فێربوونە کە نووسەران بۆ پەرەپێدانی شارەزاییەکانیان و زانیارییەکانیان کەڵکی لێ وەردەگرن. پێوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ مامۆستایان، ڕێنوێنیکەران، هاوئاستەکان و سەرنووسیارانیش بۆ فێربوونی چۆنیەتیی نووسین بەکەڵک بوون. دەستڕاگەیشتن بە گۆڕەپان لەنێو کۆمەڵێک پێکهاتەی کولتووری و کۆمەڵایەتیدا لەوانە ـ بەڵام لە چوارچێوەدا بەرتەسک نابێتەوە ـ لێک کارکردن لەگەڵ دەقە نووسراوییەکان و ڕاگەیێنەکانی تردا ڕوو دەدا.

## خوڵقانی بیرۆکە و توێژینەوە

ئەو بابەتە کۆتاییەی کەڵک وەرگرتن لە ڕاگەیێنەکان و داهێنەری کە لە توێژینەوەی نووسەرە ئوسترالیاییەکانی داستانە خەیاڵییەکاندا دۆزراوەتەوە لە باسەکانی نووسەران لەمەڕ ڕەوتی کارەکانیان دەرهاوێژراوە، کە بەسەر قۆناخەکانی خوڵقاندنی بیرۆکە، توێژینەوە و پەرەپێدان، داڕشتن و پێداچوونەوەکردندا دابەش دەبێت. لێرەدا، نووسەران باسی ئەزموونەکانیان دەکەن، زۆرجار ڕەوتی کارە ڕاستەقینەکانیان لەگەڵ ئەوەدا بەراورد دەکەن کە ئەوان وەکو تێگەیشتنێکی هەڵەی گشتی لەمەڕ داهێنەریدا دەیبینن، بەتایبەت ئەو کاتەی خوڵقاندنی بیرۆکەی بەدواوەیە.

بۆ ئایدیالیستگەلێک وەک "کرۆس" (١٩٠٩) و کۆلینگوود (١٩٣٨)، جیهانی ڕاستەقینەی داهێنەری لە دەستپێکدا لە مێشکی تاکەکەسدا ڕوو دەدا. بەپێی "کۆلینگوود"، "کارێکی هونەری لە شێوەیەکی دروستی دەربڕینیدا، شتێکی دەستکرد نییە، شتێکی شایانی تێگەیشتن یان شتێکی جەستەییی تازەخوڵقاو بە هۆی هونەرمەندەوە نییە، بگرە شتێکە بە تەنیایی لە مێشکی هونەرمەندا بوونی هەیە و مەخلووقێکی وێناکردنی ئەوە" ( ,١٩٣٨ p. ٣٠٥). لەم سۆنگەوە، "کارێکی هونەری" ئاماژە نییە بە بابەتێکی مادی، بگرە ئاماژەیە بەو بیرۆکەی لە پشتییەوەیە. ئەم تێگەیشتنە کە بیرکردنەوەی داهێنەرانە ( و لە ئاکامدا، خوڵقاندنی بیرۆکە ) بنەمای سەرەکی ـ ئەگەر نەڵێین هەمووی ـ دادەڕێژێ و پرۆسەی داهێنەری هاوبەشە و بنەمای زۆرێک لەو کتێبە بازاڕییانەی باسی "چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی کاری جۆرەوجۆر" دەکەن و هەروەها بنەمای بەرنامە فێرکارییەکان دابین دەکەن. (چاو بکەن لە ;de Bono, 1992

Osborn, 1963). لێکترازان، بەرهەمهێنەربوون و بیرکردنەوەی یەکلایەنە، هاندانی زەین و پێکهێنانی بارودۆخی تایبەت بەمەبەستی کەمکردنەوەی بایەخی شتەکان، هەر هەموویان وەکو بەرنامەگەلێک لە پێناو باشترکردنی داهێنەری لە ڕێگەی بردنە سەرەوەی توانای دەربڕین، توانای چەمانەوە لە بەرامبەر فێربوون و بەردەوامیی خوڵقانی بیرۆکە دەفرۆشرێن. ئەم ئۆگرییە بە داهێنەری وەکو بیاڤێکی بیرۆکەیی ڕەنگدانەوەی هەیە، ئەوەش نەتەنیا لە ژمارەی ئەو بەرهەمانەی

له ئاراداندا، بگره له‌و گوتاری نووسینه‌دا ڕه‌نگدانه‌وه‌ی هه‌یه که له‌لایه‌ن ئه‌و خوێنه‌ر و ئه‌ندامانی وه‌رگره‌وه که‌ڵکیان لێ وه‌رده‌گیرێ که به‌رده‌وام له‌و نووسه‌رانه‌ی له‌م لێکۆڵینه‌وه‌دان ده‌پرسن که بیرۆکه‌که‌یان له کوێوه سه‌رچاوه‌ی گرتووه. هه‌ر چۆنێک بێ، وه‌ڵامه‌کانی ئه‌و نووسه‌رانه نه پێڕه‌وی له گۆشه‌نیگای ئایدیالیسته‌کان ده‌کات و نه له‌گه‌ڵ ئه‌و بیرۆکه خه‌یاڵی و گوتارانه‌ی جه‌وهه‌ری ئه‌ده‌بی که به‌شێوه‌یه‌کی داهێنه‌رانه ته‌نیا له مێشکی تاکه‌کاندا ڕوو ده‌ده‌ن، دێنه‌وه. خوڵقانی بیرۆکه زیاتر به‌رهه‌می لێک کارکردنی نێوان نووسه‌ره تاکه‌کان و فاکتۆره ده‌ره‌وه‌ییه کولتووری و کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کانه، له‌وانه کۆمه‌ڵێکی جۆره‌وجۆر له ده‌قه ڕاگه‌یێنییه‌کان.

هه‌رچه‌ند له‌وانه‌یه له زۆربوونی ئه‌و به‌رنامه فێرکارییانه‌دا که له سه‌ره‌وه‌دا ئاماژه‌یان پێ کراوه وا ده‌رکه‌وێ که بیرۆکه "داهێنه‌رانه"کان زوو تێپه‌ڕن، به‌ڵام زۆربه‌ی ئه‌و نووسه‌رانه‌ی وتووێژیان له‌گه‌ڵ کراوه، ژماره‌یه‌کی به‌رفراوان بیرۆکه له جیهانی ده‌وروبه‌ریان ده‌بینن که له قسه‌کان و ئه‌زموونه‌کانی خه‌ڵک، شوێنه‌کان و ڕووداوه‌کان و هه‌روه‌ها له ژماره‌یه‌کی زۆر گۆڕه‌پانی نووسین و خه‌یاڵ و بوارگه‌لێک بۆ بیرۆکه‌ی داستان ده‌ریان ده‌هاوێژن. بۆ "W24"، ڕۆژنامه‌کان سه‌رچاوه‌یه‌کی مه‌زنی بیرۆکه‌ی داستانن. "بیرۆکه‌کان له هه‌ر شوێنێکدا هه‌ن. من بۆ چه‌ند ته‌مه‌نێک به‌سم. هه‌ر کاتێک من ڕۆژنامه ده‌خوێنمه‌وه، یه‌کێکیانم [بیرۆکه] ده‌ست ده‌که‌وێ، به‌ڵام زۆربه‌یان هیچ کات که‌ڵکیان لێ وه‌رناگیرێ" (W24). هه‌روه‌ک "W24"، هێندێ نووسه‌ر بۆ بیرۆکه وه‌رگرتن، ته‌نیا پشت به سه‌رچاوه ده‌ستی دووه‌مه‌کان یان ئه‌و سه‌رچاوانه‌ی گێڕاونه‌ته‌وه، ده‌به‌ستن. ئه‌وان زیاتر داستانه وێنه‌یی و نووسراوییه‌کان له‌گه‌ڵ ئه‌زموون و بینینه‌کانی تاکه‌که‌سه‌کان تێکه‌ڵاو ده‌که‌ن.

بیرۆکه‌کان وێ ده‌چێ له هه‌ر شوێنێکه‌وه و له هه‌موو شوێنێکدا دێن: وتاری ڕۆژنامه‌یه‌ک یان کۆوارێک، شتێک که ده‌یڵێم، بابه‌تێکی هه‌واڵی که ئه‌و پرسیاره له مێشکی مندا ده‌وروووژێنێ که "بۆچی"، بیره‌وه‌رییه‌ک. شتگه‌لێک که ته‌نیا ئۆگریی که‌سێکه که له شه‌قامدا ده‌یبینم. (W08).

ژیانی من، ژیانی خه‌ڵکی تر، جیهانی ده‌وروبه‌رم، کاری خه‌ڵکی تر، فیلمه‌کان، شێوه‌کانی پێشووی کاره‌که‌م و ئه‌و وتووێژانه‌ی که گوێیان بۆ ده‌گرین. (W15)

ئه‌م نووسه‌رانه، ورده‌کارییه‌کانی جیهانی ده‌وروبه‌ری خۆیان وه‌رده‌گرن. ئه‌م کراوه‌ییه له به‌رامبه‌ر کاریگه‌ریی ده‌ره‌وه، وه‌ک ژماره‌یه‌کی جۆره‌وجۆری ده‌قه ڕاگه‌یێنییه‌کان، ڕیزێکی ده‌وڵه‌مه‌ندی زانیاری دابین ده‌که‌ن که بۆ بیرۆکه خوڵقاندن له پێناو کاره‌کانیان به‌کار دێن.

هه‌ر چۆنێک بێ، نووسه‌ران ته‌نیا له ده‌قه ڕاگه‌یێنییه‌کان یان ئه‌زموونه ده‌ستی یه‌که‌مه‌کانیان له جیهاندا به‌دوای بیرۆکه ناگه‌ڕێن، بگره له بواره کولتووری و کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کاندا به شێوه‌ی ڕاسته‌وخۆتر بیرۆکه وه‌رده‌گرن. له‌و نموونانه‌ی که نووسه‌ره‌کان بۆ پڕۆژه‌گه‌لێکی دیاریکراو ڕاده‌سپێردرێن یان له‌سه‌ری ڕێک ده‌که‌ون، ده‌زگاکانی بڵاوکردنه‌وه و ئاژانسه‌کان له‌وانه‌یه بیرۆکه ده‌ست لێنه‌دراوه‌کانی داستانێک بخه‌نه ڕوو. "W40" بۆ نموونه، پێوه‌ندییه‌کی نزیکی له‌گه‌ڵ ئه‌و ئاژانسه‌یدا هه‌یه که ئیزنی ئاڵوگۆڕکردنی ئازادانه‌ی ئه‌و بیرۆکانه ده‌دات که به‌شێوه‌ی ڕاسته‌وخۆ

لەسەر کاری "W40" کاریگەری دادەنێن.

ژمارەیەک ڕووداو لە کارەکەمدا، ئەو خاتوونە هاتە لام و وتی "ئەم دەزگای بڵاوکردنەوەیە بەدوای شتێکی وا دەگەڕێ و پێم وایە ئەمەش ئەوەیە کە تۆ حەزت لێیەتی"، بۆ نموونە زنجیرە داستانێکی منداڵانە لەو کاتەدا بڵاو کرایەوە. هیچ کات بیرم لە نووسینی داستانی خەیاڵیی منداڵانە نەکردبووەوە و ئەو بەو دەزگای بڵاوکردنەوەی زانی کە بەدوای کەسانێک دەگەڕێت کە ئەم کارە ئەنجام بدەن و بۆیە تەلەفۆنی بۆ من کرد و وتی "من بەڕاستی پێم وایە تۆ لەم کارەدا باشیت". کەوابوو من ئەو کارەم کرد و زۆریش خۆشحاڵم کە کردم. ئەوە زۆر خۆشە و هیچ کات بیرم لە نووسین بۆ منداڵان نەکردبووەوە. ئێستا ئەمە ئەو بیاڤە نوێیەی بە تەواوی بەرەوڕووم کردووەتەوە کە بیری لێ بکەمەوە، شوێنێکی بە تەواوی نوێ بۆ من تا وێناکردنەکانمی تێدا بەدی بێنم. (W40)

وەک ئەمە نیشانی دەدا، نووسەران تەنیا ناکەونە ژێر کاریگەریی ڕاگەیێنەکانەوە و، لە فاکتۆرە کۆمەڵایەتییەکانی دەورەی خوڵقانی بیرۆکەیش بەدەر نین. "W01"، نووسەری منداڵان، پێشنیازەکانی بیرۆکەی بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە بەستێنێک لەو شێوە نامە لایەنگرایانەوە وەرگرت کە وەرگرەکانی بۆیان دەنارد.

بیرۆکەکان ماسییەکی غەریبن. ئەوان لە هەموو شوێنێکەوە دێن. لەو وڵاتانەی سەفەرم بۆیان کردووە، ئەو بەرنامە تەلەڤزیۆنییانەی لە منداڵیدا خولیام بوون، چاوخشاندنێکی خێرا لە ئینتەرنێتدا، وتارە هەواڵییەکان، کەشوهەوایەک کە ئاهەنگێک دەمخاتە نێویەوە، نامەی ئەو منداڵانەی کە ئامرازگەلێک یان شتێک پێشنیاز دەکەن، نامەکان بابەتێکیان تێدایە کە لەوەڕا دێ کە منداڵەکان بەڕاستی خوازیاری سەرنجن، بۆ نموونە کەی کەسایەتییەکانی ڕۆڵی یەکەم ماچ دەکەن؟ (W01)

لێرەدا، ئێمە دەتوانین ببینین کە دەقە ڕاگەیێنییەکان هاندەرێکی گرینگن بۆ خوڵقانی بیرۆکە، بەڵام فاکتۆرەکانی تریش وەک وەرگرەکان یان ئەزموونە تاکەکەسییەکانیش هەر بەوجۆرەن.

لە بیرۆکە پەرەپێدەرەکانی ئەوپەڕی قۆناخی خوڵقانی دەروونیدا، پرۆسەی توێژینەوەکە دەتوانێ ببێتە هۆی هەر پاشخانێکی زانیاریی نووسەر ـ نە وەکو پێویست بۆ ئەوەی چۆن بنووسن، بگرە بۆ ئەوەی لە بابەتی ناوەڕۆکەوە چی دەنووسن. وەکو ئەوەی ئەوان لە ماوەی شێوازەکانی تری دەستڕاگەیشتن بە گۆڕەپانەکە ئەنجامی دەدەن، نووسەرەکان لەگەڵ ژمارەیەکی جۆرەوجۆر خەڵک، ژینگە و دەستکردە کولتوورییەکان لە ماوەی ئەم قۆناخە توێژینەوەییەدا کار لێک دەکەن. بە جۆرێک، ئەو نووسەرانەی لەم لێکۆڵینەوەدان بۆ دۆزینەوە و پەرەپێدانی ناوەڕۆک، لە سەرچاوەگەلێکی فرەچەشن کەڵکیان وەرگرتووە، هەم دەستی یەکەم و هەم دەستی دووەم. "W01" توێژینەوەی لەسەر ناوەڕۆک و بابەتە گشتییەکان و وردەکارییە تەکنیکییەکان بۆ دوو زنجیرە داستانی منداڵان کردووە، ئەویش بەهۆی بینینە تاکەکەسییەکان و لە ڕێگەی کتێبە ڕاوێژییەکان، ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت و بەرنامە پێوەندیدارە تەلەڤزیۆنییەکانەوە. "W30" سەفەر و ئەزموونە

دەستی یەکەمەکان لە شوێنەکانی لەگەڵ توێژینەوە بە کەڵک وەرگرتن لە کتێب و ئینتەرنێت ئاوێتە کردووە. "من دووجار لە ساڵێکدا سەفەرێکی سەرانسەری دەکەم. ئەوە هەمیشە بیرۆکەکان، کتێبەکان، وتارەکان، دیمەنەکان و دەنگەکان و شتی تر هەوسار دەکات. ئێستا دەچم بەدوای کتێبگەلێکدا دەگەڕێم کە لەوانەیە یارمەتیم بکەن و بۆ توێژینەوەی دیاریکراویش لە ئینتەرنێت کەڵک وەردەگرم. بۆ نموونە، پێویستم بەوە بووە لەبارەی نەخۆشییەکەوە بزانم و ئینتەرنێتیش بۆ ئەو جۆرە زانیارییە زۆر باش بووە" (W30).

بۆ زۆرێک لە نووسەران، کارکردن لە مادەکانی توێژینەوە، پێوەندیی بەو گۆڕەپانی نووسینە بەتایبەتی خەیاڵییەیانەوە هەیە کە ڕاستەوخۆ لەسەر خوڵقانی بیرۆکە و داڕشتن کاریگەری دادەنێن. بۆ "W26"، توێژینەوەکەی کە تێیدا لە ژمارەیەکی جۆرەوجۆر دەقی ڕاگەیێنی کەڵکی وەرگرتووە، هاوشێوەی پارادۆکسی هێلکە و مریشکە. "من داستانی ڕاستەقینەی زۆرم خوێندووەتەوە و هێندێ جار ئەوە بیرۆکەی لێ دەکەوێتەوە. ئاخۆ بیرۆکەیەک کە لە مندا سەری هەڵداوە، ئەوە بووە کە پێش لەوەی بۆم بێت، بەدوایدا گەڕاوم؟" (W26). ئەم پارادۆکسە جیاجیایە، نیشانی دەدا کە داهێنەری کەمتر هێڵییە (هێڵێکی ڕاست) لەوەی کە لە مۆدێلەکانی پرۆسە پێشنیاز دەکرێ، مۆدێلگەلێک وەک مۆدێلی چوار مەیدانی "والاس" (١٩٧٩) بریتی لە ئۆپەراسیۆن، بارهێنان، ڕوونکردنەوە و سەلماندن. زیاتر لەمە، هێندێ نووسەر لەگەڵ ئەو دەقە توێژینەوەییانە لێککار دەکەن کە دەبنە هۆی سیستمێکی دینامیکتری خولی هۆکار و بەرهۆکار. "ئەم دووانە بەگشتی دەبنە هۆی یەکتر: نووسین پێویستی بە توێژینەوەیە و لە ڕەوتی توێژینەوەیشدا بیرۆکەیەک سەرهەڵدەدا کە بۆ کەناڵیزەکردنی سەرلەنوێی لە نووسیندا پێویستە" (W33). لەم ڕێگەوە، قۆناخی توێژینەوە تیشکی زیاتر دەخاتە سەر ئەو ڕۆڵە ئاڵۆزەی میدیا کە دەتوانێ لە داهێنەریدا بیگێڕێ. ڕاگەیێنەکان لێرەدا، شان بەشانی سەرچاوە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی تر بۆ خوڵقاندنی بیرۆکەی نوێ و سەلماندنی بوونیان کەڵکیان لێ وەردەگیرێ.

## ئاکامگیری

شوێندانەریی دەقە میدیاییەکان لەسەر داهێنان لە ژمارەیەک لەو ڕێگە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیانەی لەم وتارەدا هاتوونەتە بەرباس، بینران. بۆ زۆربەی نووسەران لەم لێکۆڵینەوەدا، ئۆگرییان بە نووسین لە دەستپێڕاگەیشتنی سەرەتاییان بە دەقە نووسراوییەکانڕا سەرچاوەی گرتووە. بۆ چەندین کەسی تریان، خولیایان بەم کاروبارە دواتر لە ژیانیاندا دەستی پێ کردووە، دوای دەستپێڕاگەیشتنیان بە دەستەیەکی دیاریکراو کتێب. کاتێک ئۆگرییان دەبزوێ، ئەوان لە ڕەوتی دەستپێڕاگەیشتنی زیاتریان بە کتێبەکان، هەروەک لە ڕەوتی فێربوونی فەرمی و نافەرمی لەگەڵ سیستمی سەمبولی نووسینی داستانی خەیاڵیی ئوسترالیاییدا، فێری نووسین بوون. بەشێوەیەکی لێبڕاوانە، ئەو نووسەرانەی لەم لێکۆڵینەوەدان، لەسەر ئەو باوەڕەن کە خوێندنەوە

یەکێک لە ئامرازە هەرە گرینگەکانی فێربوونی چۆنیەتیی نووسین بووە. خوێندنەوەی کارەکانی ئەو کەسانەی کە ڕاست لەو کاتەدا مامۆستای بواری نووسین بوون، نەتەنیا ئەوانی لەگەڵ ئەوەی کە چی پێشتر دێ، ئاشنا کردووە، بگرە هەروەها یارمەتیی داون تا بیرۆکەی خۆیان لەمەڕ شێواز، تەکنیک، کاراکتەر، ریتم و نەریتە ژانرییەکان (جۆرەکان) و هەروەها هەستی خۆیان لەمەڕ ئەوەی کە کامە "کارە" و کامە نییە، پەرە پێ بدەن. نووسەرەکان لە پرۆسەی نووسینی خۆیاندا، ئەم زانیارییە کەڵەکەکراوەی گۆڕەپانەکە و دەستپێڕاگەیشتنی زیادیی بەرعۆدەبوون، لەگەڵ ژمارەیەکی جۆرەوجۆری دەقە ڕاگەیێنییەکان بەمەبەستی خوڵقاندنی بیرۆکەگەلی نوێ و تاقیکردنەوەی بوونیان تێکەڵاو دەکەن.

پێویستە وەبیر بێنینەوە کە هەر چۆنێک بێ لە ڕەوتی داهێنانی دەقە نووسراوییەکاندا، نووسەرە تاکەکان لە ڕێگەگەلێکی ئاڵۆزەوە لەگەڵ ژمارەیەک هۆکاری جۆرەوجۆری کولتووری و کۆمەڵایەتیدا لێککار دەکەن، نەک تەنیا لەگەڵ دەقە ڕاگەیێنییەکاندا. ئۆگریی نووسەران بە کاری نووسین، بۆ نموونە، زۆرجار بەهۆی بنەماڵەوە، خزمانەوە یان مامۆستایانەوە دەستی تێوەر دەدرێ یان هان دەدرێ. لە هێندێ نموونەدا، ئەوان تواناییی فێربوونی ماکەکانی نووسینیان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەلایەن ڕێنوێنیکەرانەوە یان هاوئاستەکانی خۆیانەوە بەدەست هێناوە، یان لە خولەکانی نووسینی داهێنەرانە یان کارگەکاندا. بۆ زۆرێک، خودی بڵاوکردنەوەی کارەکانیان و هەر بەوجۆرە پێوەندیی کارەکانیان لەگەڵ خوێنەراندا، ئەوانی کردووەتە نووسەری باشتر، ئەویش بەهۆی ئەو ڕەنگدانەوەی کە ئەوان لەلایەن سەرنووسیاری یان خوێنەرانەوە وەریان گرتووە، کە زۆرجار هەم ڕەهەندەکانی نووسینەکانیان کە بە باشی کاری کردووە، دەگۆڕێ و هەم بەسەر ئەو کارانەیدا گۆڕان دەهێنێ کە دەکرێ لە پرۆژەکانی داهاتوویاندا باشتریان بکەن. دەقە ڕاگەیێنییەکان تەنیا یەکێک لەو هۆکارە زۆرانەن کە لە داهێنەریی نووسینی داستانی خەیاڵیی ئوسترالیاییدا دەستیان هەیە.

ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەسەر بەشە جیاکان لە پەراوێز کەوتن لەلایەن ماکە پێویست و شوێندانەرەکان تەرکیز دەکەن، ناتوانن تێگەیشتنێکی تەواو لە چۆنیەتیی ڕوودانی داهێنەری یان چۆنیەتیی شیمانەی بەردەوامبوون لەسەری یان باشترکردنی، بدەن بەدەستەوە. بۆ تێگەیشتن لە شوێندانەریی دەقە میدیاییەکان لەسەر داهێنەری، پێویستە لێڕوانینی فرە بواری و فرە بەشی مۆدێلی سیستمی "سیکزێنتمیایلیا" ڕەچاو بکرێ. بەپێی توێژینەوەیەک وەک ئەوەی لێرەدا خراوەتە ڕوو، دەکرێ بە کەڵک وەرگرتن لە مۆدێلی سیستەمەکانی داهێنەری، ڕوونکردنەوەیەکی عەقڵگەرایانە بۆ بەرهەمهێنانی کولتووری یان داهێنەرییەک پێشکێش بکرێ کە پاساوی جۆرەوجۆریی کاریگەریدانانی ڕاگەیێنەکان دەداتەوە، ئەویش بەبێ حاشاکردن لەو کارکردەی بەهۆی هۆکارەکانی تری ئەزموونی تاکەکەسییەوە لە ئارادان یان حاشاکردن لە ڕۆڵی ناوەڕۆک و گرووپە کولتووری و کۆمەڵایەتییە بەرینبووەکان.

پەراوێز:

١. شوناسی ئەوانەی لە وتووێژەکاندا بەشدار بوون، لەم لاپەڕانەدا پارێزراوە. ئەوانەی وتووێژیان لەگەڵ کراوە، لە ڕێگەی تەنیا کۆدێکی ئەلفبا و ژمارەوە ناسێنراون. وەڵامەکانی هێندێکیان بۆ پاراستنی زیاتری شوناسیان دەستکاری کراون. ئەم ئاڵوگۆڕانە بەهۆی ڕستەیەکی جێگرەوەی دژەناسین لەنێو کرۆشەیەکدا دانراوە بۆ نموونە [ناوی بڵاوکەرەوە].

٢. زۆربەی ئەو نووسەرانەی لەم لێکۆڵینەوەدا باسیان کراوە، لە ئوسترالیا، جا هەم لە سیستمە دەوڵەتییەکان و هەم لە سیستمە تایبەتییەکاندا خوێندووویانە (نووسەرانی تریش لە وڵاتانی ئینگلیزی زمان خوێندوویانە، لەوانە ئینگلستان و نیوزیلەندا). هێندێکیان زووتر وازیان لە خوێندن هێناوە و ئەوانی تریش چوونەتە زانستگە و ئەنجوومەکانی تری خوێندنی باڵا.

**References**


Bandura, A.(1977).Social learning theory. Englewood Cliffs, NJ: Prentice-Hall.

Bandura, A.(2009).Social cognitive theory of mass communication.In J.Bryant & M. B.Oliver (Eds.), Media effects: Advances in theory and research (3rd edition).New York: Routledge.

Becker, H.(2008).Art worlds (updated & expanded edition).Berkeley: University of California Press.

Bourdieu, P.(1977).Outline of a theory of practice (R.Nice, Trans.).New York: Cambridge University Press.

Bourdieu, P.(1993).Sociology in question (R. Nice, Trans.). London: SAGE.

Charters, W.W.(1933).Motion pictures and youth: A summary.New York: Macmillan.

Collingwood, R.G.(1938). The principles of art.New York: Oxford University Press.

Croce, B.(1909).Aesthetic (D.Ainslie, Trans.). London: Noonday.

Csikszentmihalyi, M. (1997).Creativity: Flow and the psychology of discovery and invention. New York: Harper Collins.

Csikszentmihalyi, M.(1988).Society, culture and person: A systems view of creativity.In R. Sternberg (Ed.), The nature of creativity: Contemporary psychological perspectives (pp.235_338). New York: Cambridge University Press.

Csikszentmihalyi, M.(1999).Implications of a systems perspective for the study of creativity. In R. Sternberg (Ed.), Handbook of creativity (pp.313_335).Cambridge: Cambridge University Press.

De Bono, E.(1992).Serious creativity: Using the power of lateral thinking to create new ideas. New York: Harper Business.

DeFleur, M.L.(1966).Theories of mass communication.New York: David McKay.

Greenfield, P., Geber, B., Beagles_Roos, J., Farrar, D., & Gat, I.(1981.April).Television and radio experimentally compared: Effects of the medium on imagination and transmission of content. Paper presented at the meeting of the Society for Research in Child Development, Boston.

Hesmondhalgh, D.(2007).The cultural industries (2nd edition).London: SAGE.

Hutton, E., & Sundar, S.(2008, May) Can video games enhance creativity? An experimental investigation of emotion generated by Dance Dance Revolution.Paper presented at the annual meeting of the International Communication Association, Montreal, QC.

Jenkins, H. (1999).Congressional testimony on media violence.Retrieved April 15, 2010, from

http://web.mit.edu/comm-forum/papers/jenkins_ct.html
Katz, E., Blumler, J.G., & Gurevitch, M.(1983).Uses and gratification research.Public Opinion Quarterly, 37(4), pp.509_523.
Kohányi, A.(2005).Four factors that may predict the emergence of creative writing: A proposed model. Creativity Research Journal, 17(2&3), pp.195_205.
Kristeva, J.(1986).Word, dialog and novel. In T.Moi (Ed.), The Kristeva reader (pp.34_61). New York: Columbia University Press.
Landis, D.(2003).Reading and writing as social, cultural practices: Implications for literacy education. Reading & Writing Quarterly, 19, pp.281_307.
McIntyre, P.(2001) The domain of songwriters: Towards defining the term _song._ Perfect Beat, 5(3), pp. 100_111.
McIntyre, P.(2006).Paul McCartney and the creation of 'Yesterday': The systems model in operation. Popular Music, 25(2), pp.201_219.
McIntyre, P.(2008).Creativity and cultural production: A study of contemporary Western popular music songwriting.Creativity Research Journal, 20(1), pp.40_52.
McQuail, D., Blumler, J.G., & Brown, J.R.(1972).The television audience: A revised perspective.In D. McQuail (Ed.), Sociology of mass communication.Middlesex, UK: Penguin.
McQuail, D., & Windahl, S.(1981).Communication models for the study of mass communications. London: Longman.
Orr, M.(2003).Intertextuality: Debates and contexts. Cambridge, UK: Polity Press.
Osborn, A.F.(1963).Applied imagination (2nd edition).New York: Scribner.
Paton, E.(2009).The role of readers in the process of creating Australian fiction: A case study for rethinking the way we understand and foster creativity.International Journal of the Book, 7(1), pp.128_136.
Paton, E. (2010).Potential effects of media use on adult creativity.In K.McCallum (Ed.), Media, democracy and change.Refereed Proceedings of the Australian and New Zealand Communications Association Annual Conference, Canberra, July 7_9. Retrieved December 1, 2010, from http://www.proceedings.anzca10.org
Piirto, J.(2002).My teeming brain: Understanding creative writers.Cresskill: Hampton.
Prose, F.(2006).Reading like a writer: A guide for people who love books and for those who want to write them.New York: Harper Collins.
Rivkin, J., & Ryan, M.(Eds.).(2004).Literary theory: An anthology (2nd edition).Malden, MA: Blackwell.
Runco, M., & Pezdek, K.(1984).The effect of television and radio on children_s creativity. Human Communication Research, 11(1), pp.109_120.
Schramm, W.(1954).How communication works.In W.Schramm (Ed.), The process and effects of mass communication.Urbana, IL: University of Illinois Press.
Shannon, C.E., & Weaver, W.(1949).The mathematical theory of communication.Urbana, IL: University of Illinois Press
Shuttleworth, F.K., & May, M.A. (1933).The social conduct and attitudes of movie fans.New York: Macmillan.
Simonton, D.K.(1984).Artistic creativity and interpersonal relationships across and within generations. Journal of Personality and Social Psychology, 46, 1, pp.1273_1286.
Wallas, G.(1976).The art of thought.In P.E.Vernon (Ed.), Creativity.Harmondsworth: Penguin.

# زمانی ئاینی؛ چۆن دەتوانین بەشێوەیەکی مانادار قسە لەسەر خوا بکەین؟

کۆمەڵێ نووسەر

لە چیرۆکێکی زانستی فەنتازیدا هاتووە، پیاوێکی پایە بەرزی ئاینی بودیزم لە بەرزاییەکانی تیبت کۆمپیوتەرێک بۆ پەرستگەکەی دەکڕێ لە جۆری ڤی، ئەو پیاوە ئاینییە داوا دەکات ئەو کۆمپیوتەرە جۆرێکی لێ بکرێت لە جیاتیی چاپکردنی ژمارە، تەنیا وشە چاپ بکات. ئامانجی ئەو پیاوە ئاینییە لەم هەموو کارە سەرسوڕهێنەرە ئەوە بوو دەیویست رەبەنەکانی پەرستگەکە بە زووترین کات، پێڕستی ناوی هەموو ئەو خوایانەی ئامادەیان کردووە لەو کۆمپیوتەرەدا تۆمار بکەن. ئەنجامی ئەم کارە پێ دەچوو لە پازدە سەدەدا تەواو بکرێ، بەڵام بەهۆی ئەو کۆمپیوتەرەوە تەنیا بە ١٠٠ رۆژ ئەو کارە تەواو دەکرا. ئەگەر زنجیرەی پیتەکان بە شێوەیەکی سیستەماتیک و لەسەر بناغەی ئەلفوبێیەکی تایبەت پێکەوە بنووسرێن، ئەوە سەرەنجام هەموو ناوی خوا راستەقینەکان پێڕست دەکرێن. دانانی ئەو کۆمپیوتەرە لەو پەرستگەیەی نێو چیاکانی تیبت ئەوەندە درێژەی نەکێشا، دوو ئەندازیار (جۆرج و چاک) بۆ چاودێریکردنی ئەو کۆمپیوتەرانە گەیشتنە چیاکانی تیبت، بەوپەڕی سەرسوڕمانییەوە بینییان چۆن رەبەنەکان بەبێ ئەوەی هەست بە ماندووبوون بکەن، ئەو شریتە درێژانەی ناوی خواکان بە کتێبەکانەوە دەنووسێنن.

کاتێ (چاک) بە پیاوە ئاینییە پایە بەرزەکەی راگەیاند کە کاری کۆمپیوتەرەکە لە دوا قۆناخیدایە، وەڵامێکی ئەوەندە خرۆشهێنی بیست ناچار بوو زیاتر لەمەڕ گرینگێتیی لایەنە ئاینییەکەی کاری ئەو کۆمپیوتەرە قووڵ بێتەوە. وەڵامی پیاوە ئاینییەکە ئەمە بوو: "زۆر چاکە. رەبەنەکان پێیان وایە کاتێ کاری ئەو کۆمپیوتەرە بە کۆتا دەگات (بەپێی ژماردنی ئەوان ژمارەکە نێزیکەی نۆ ملیار ناوە) مانای وایە مەبەستی خوا هاتووەتە دی. بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە مرۆڤایەتی دروست بووە، ئەوەتا ئەمیش ئەو کارەی بەئەنجام گەیاند، کەواتە کارێکی تر نەماوە

........................................

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: سەلاح حەسەن پاڵەوان

بیکات". پاشان چاک ئەم رووداوە سەیروسەمەرەی بۆ جۆرج-ی هاورێی گێڕایەوە "کاتێ پێڕستەکە تەواو دەبێ، خوا دێتە نێوەند و هەموو شتەکان بە سادەیی کۆتاییان پێ دێت...ئەی خودا". جۆرج مەزەندەی ئەوەی کرد کۆتایی کارەکە مانای کۆتایی جیهانە، پێکەنینێکی تووڕەئامێزی سووکەڵەی بۆ کرد. پاش وردبوونەوە لە رووداوەکە هەردوو ئەندازیارەکە تێگەیشتن لەگەڵ کۆتایی تۆمارکردنی ناوی خواکان جیهانیش بەکۆتا دێت و ئەو کاتەش دووچاری دەردەسەر دەبن، لەبەرئەوەی خۆیان لە نێوەندی سەدان رەبەنی تووڕە دەبینن کە هەموو ژیانیان بەهۆی کۆمپیوتەرێکەوە بەفیڕۆ دەڕوا، بۆیە هەردوو ئەندازیارەکە بڕیاریان دا پێش ئەوەی کۆمپیوتەرەکە هەموو ناوەکان تەواو بکات، واز لە پڕۆژەکە بێنن -کە پڕۆژەی شانگری ناو بوو- ئەوێ بەجێ بێڵن. دواین رۆژ، پاش نیوەڕۆیەک، چاک و جۆرج ماڵئاواییان لە رەبەنەکان کرد، سواری پشتی ئەسپێکی بەهێز بوون و بە رێگەیەکی پڕ پێچ و لوول شۆڕ بوونەوە، ئەو رێگەیە پەرستگەی بوداییەکانی دەبەست بە خاڵێکی دێرین لە شێوەی D3 (ئەو دی سێیە دوا خاڵی شەقامەکە بوو). ئەوان لە شەوێکی سارد و سایەقەی ساماڵی هیمالادا کە ئەستێرەکان دەتریسکانەوە، بە کێوەکەدا شۆڕ بوونەوە:

جۆرج تەماشای کاتژمێرەکەی کرد و گوتی:

"تا یەک سەعاتی تر با لێرە بمێنینەوە". ئەمەی بە چاک گوت کاتێ لە پشتیەوە وەستابوو. پاش وردبوونەوەیەکی زۆر گوتی :"ئاخۆ کۆمپیوتەرەکە کارەکانی خۆی تەواو کردووە؟ ئەگەر وابێ ئیتر ئێستا کاتێتی."

چاک وەڵامی نەدایەوە. هەر لەبەر ئەم هۆیەش جۆرج لەسەر زینی ئەسپەکەی، ئاوڕێکی دایەوە. دەیتوانی رووخساری چاک بە جوانی ببینێ: رووخسارێکی سپیی هێلکەیی، رووی کردبووە ئاسمان.

"تەماشاکە!" چاک سرکەسرکێکی کرد و جۆرجیش چاوی بڕییە ئاسمان (هەمیشە لە دوا چرکەدا، ئەگەری رووداني هەر شتێک هەیە). لە سەرسەری ئەوانەوە ئەستێرەکان وردە وردە دەکوژانەوە.

## زمانی مرۆڤ و ناکۆتایی

چیرۆکی سەرەوە ئەوەمان وەبیر دێنێتەوە کە هەمووان بیر لە خوا دەکەینەوە، هەر لە رەشەخەڵکەوە کە بیر دەکەنەوە و دەڵێن ئەو ناوە ناوێکە هێزێکی سیحراویی لە پشتەوەیە، تا خەڵکە تایبەتییەکە کە دەپرسن و دەڵێن ئاخۆ دەکرێ ناوی مرۆڤانە لە خوا بنرێ. فەیلەسووفانی سەدەی بیستەم بەها و رۆڵی زمانیان بە جیا خستە ژێر لێکۆڵینەوەوە، هەروەها ژمارەیەکی زۆر تیۆری هەمەچەشنیان لەمەڕ زمانی ئاینی خستە روو. فەیلەسووفان لەبەر دوو هۆی سەرەکی گرینگییەکی قووڵیان دایە زمانی ئاینی، یەکەم لەبەرئەوەی فەیلەسووفەکان پێوەندییان بە پرسی ماناوە هەبوو و دەیانویست

بزانن ئەو نوتقانەی لەمەڕ خوا دەگوترێن چۆن دەتوانن مانایەکی راستەقینە بن بۆ ناوی خوا. بۆ نموونە لە داوونەریتی جوو-مەسیحیدا بە زمانێک قسە لەسەر خوا دەکرێ، ئەو زمانە لە دڵی زمانی گشتییەوە هاتووەتە دەرێ. واتە ئەو زمانە گشتییەی ئێمە رۆژانە بۆ هەر کارێکی خۆمان سوودی لێ دەبینین، بۆ نموونە ئەم دەستەواژانە: "خوا پەناگە و مایەی رزگاریمە"،"داڤید ئەو کارەی کە ئەنجامی دا خوا پێی راست بوو" .. ژمارەیەکی زۆر وتەی تر.

فەیلەسووفان بەشێوەیەکی سروشتی لە گەڕاندان بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەی کە دەڵێ، ئاخۆ دەکرێ بەو وشانەی کە بۆ روونکردنەوە و قسەکردن لەسەر بوونەوەرەکان بەکار دێن بۆ خواش بەکار بهێنرێ و بە شێوەیەکی مانادار قسە لەسەر خوا بکرێ. ئاخۆ ئاینی جوو-مەسیحی ئەوەمان فێر ناکات کە دروستکەر، بوونەوەر نییە، واتە (پایە بەرز و مەزنە) و خوا شتێکی بالایە؟ چۆن دەتوانرێ زمانێک کە سنووردارە بەکار بهێنرێ بۆ قسەکردن لەسەر خوا؟ بۆ نموونە کاتێ باس لە دوو وشەی چاو و پەناگەی ئاسایی دەکەین، دەزانین مەبەستمان چییە، بەڵام لەگەڵ تێبینیی ئەوەی کە چاو و پەناگەن، کۆمەڵێ راستی تەواو بوونەوەرین، ئەمە دەکرێ چ مانایەک بگەیەنێ کاتێ کە خوا بکرێ بە پەناگە و وەک خاوەن چاوێک باسی بکرێ. بەڵگەی دووەم پێوەندیی توندوتۆڵ کە فەیلەسووفان لەگەڵ زماندا نیشانی دەدەن، ئەوەیە ئەوان بەدووی لێکۆڵینەوەن لەسەر هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی بڕواکان، ئەڵبەتە دەکرێ شیکردنەوە بۆ بڕواکان لە قاڵبی راگەیاندن و پێشنیازدا ئەنجام بدرێ، تێگەیشتنی زمانەوانی کە هەڵگری راگەیاندنی بڕوای ئاینی جۆرەوجۆرە، بۆ تێگەیشتنی هەمەلایەنەی خودی ئەو بڕواگەلە پێویستە و پێشەکییەکیشە بۆ ئەو لێکۆڵینەوە فەلسەفییانەی کە لە پاشدا دێن.

ئەڵبەتە بەشێکی زۆری زمانی ئاینی راستەوخۆ بۆ راگەیاندنی بڕوا ئاینییەکان بەکار ناهێنرێن، بگرە ئەمانە زیاتر بۆ وریاکردنەوەی ئاینی بەکار دێن، بۆ نموونە وەک ئاگەدارکردنەوە و نوێژ و خواپەرستی. بەڵام فەیلەسووفەکان دەزانن زۆربەی بەکارهێنانە زمانەوانییەکانی ئاینیش لەسەر بڕێک لە بڕوا لە پێشینەکان بنیات نراون. بۆ نموونە پرسی خواپەرستی، ئەم کارە بە داواکراوێکی پێشوەختە فەرز دەکرێ، بەوەی کە خوایەک هەیە شیاوی ئەوەیە ستایش بکرێ و ملکەچی بین، هەروەها نزاکردن لەلای خۆ ئەو بڕوا پێشینە یەقین دەکاتەوە کە خوا دەبیستێ و وەڵامی نزاکان دەداتەوە و .... تاد.

ئەگەر ئەو بڕوایانە ئاشکرا بن، کە پشتیوانیی ئەم کارە و زۆربەی کارە ئاینییەکان دەکەن، ئەوە ئێمە ڕووبەڕووی کۆمەڵێ راگەیاندنی ئاینی دەبینەوە کە راستی و ناڕاستی لەمەڕ خوا و جیهان دەردەخەن. بۆیە دەتوانین بەڵگەی عەقڵانیی قبووڵکردن یان رەتکردنەوەی ئەو دەستەواژانە بخەینە ژێر لێکۆڵینەوەوە، پاش زانینی مانای دەستەواژە ئاینییەکان و گەڕان بەدوای ئەو راگەیاندنە ئاینییانەی کە دروستکەری ئەم دەستەواژانەن.

لە زۆربەی بەشەکانی ئەم کتێبەی بەردەستان، باس و لێکۆڵینەوەمان لەسەر ئەوە کردووە، ئاخۆ

ئێمە دەتوانین کۆمەڵێ ڕاگەیاندنی ئاینی بە ماقووڵ بزانین یان نەخێر، ئەو ڕاگەیاندنانەی وەک "خوا هەیە"،"خوا چاکەی ڕەهایە"، بۆیە لەم بەشەدا لێکۆڵینەوە لەسەر خودی مانای گوتاری ئاینی دەکەین.

## تیۆری کلاسیکیی لێک چواندن Analogy

بیرمەندانی مەزنی سەدەکانی ناوەڕاست بەچاکی ئەوەیان دەزانی، ڕووبەڕووی گرفت دەبنەوە ئەگەر بە زمانی سادەی خەڵکی لەسەر خوای پەروەردگار قسە بکەن. بۆیە لە بنەڕەتەوە خۆیان لە هەندێ پرسیار لادا، پرسیارەکانی وەک "ئاخۆ زمانی ئاینی ماناداره یان بێ مانایە"، بەڵام دەیانزانی ڕوونکردنەوەی ماناکانی ئەم زمانە کارێکی ئاسان نییە. تۆماس ئاکیوناس (١٢٢٤–١٢٧٤ زاینی) بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە تیۆرێکی مۆدێرنی بەکار هێنا ئەو تیۆرەش برێتی بوو لە، تیۆری لێک چواندن analogy (هەرچەندە ئێستە بووە بە تیۆرێکی کلاسیکی) یان لێک چواندنی دانەپاڵی analogical predication ، ئەم تیۆرە بووە جێگەی سەرنجی ژمارەیەکی زۆر لە بیرمەندان.

لە هەر ڕستەیەکدا ئەو مانایەی بۆ دانەپاڵ بەکار دەهێنرێ، سیفەتێ یان خاوەنداری یان چالاکییەک بە بابەتەکە دەدا. بۆیە دانەپاڵەکان بە شێوەیەکی تایبەت، بابەتەکە وەسف یان پێناسە دەکەن. لە نێوان ئەو نموونانەی کە لە خواناسی ئەکادیمی و ئاینی جەماوەریشدا بەکار دەهێنرێن، دەتوانین بە ڕوونی نموونەی دیار لەم شێوە ڕستانە بدۆزیتەوە:

خوا خوڵقێنەری ئاسمان و زەوییە

خوا جووەکانی لە خاکی میسر وەدەرنا

یەهوو قسە لەگەڵ پێغەمبەران دەکات

خوا دادپەروەرە.

ئاکیوناس بڕوای وابوو زاراوەیەکی وەک زاراوەی (دادپەروەر) لە یەک کاتدا بە دروستکەر و دروستکراو دەگوترێ، بە یەک مانایی univocally بەکار ناهێنرێ (ئەو دووە ڕێکوپێک یەک مانایان نییە)، هەروەها وەک دوو مانایش equivocally نایەتە بەکارهێنان، (دوو مانای تەواو جیاوازیان هەبێ)، هەروەک چۆن وشەی "تیژ" لە یەک کاتدا بەکار دەهێنرێ بۆ بیبەر و بۆ ئۆتۆمۆبێلی پێشبڕکێش.

پێوەندییەک لە نێوان دادپەروەری خوایی و دادپەروەری مرۆییدا هەیە، واتە لێکچوونێک لە نێوان یەکێ لە سیفەتەکانی خوا و یەکێ لە سیفەتەکانی مرۆڤدا هەیە. هەروەک ئاکیوناس دەڵێ بەشێوەیەکی لێک چواندنانە سوود لەم وشەیە وەرگیراوە. هەر ئەم لێک چواندنەی کە لە هەمان

کاتدا جیاوازییە و هەر ئەو جیاوازییەش کە لە هەمان کاتدا لێک چواندنە، لە رووی لێکچواندنەوە ڕێگە دەدا تێرمێک بەدوو کۆنتێکست بەکار بهێنرێ.

بەبڕوای جیمس رۆس (١٩٢٧-) تیۆری کلاسیکیی لێک چواندن، چارەسەرێکی نێوەند دەستەبەر دەکات تا پێمان وا نەبێت ئەو وشانەی لە بۆ قسەکردن لەسەر خوا بەکاریان دێنین یەک مانایی و دوو مانایی بن، واتە نەکەوینە نێو داوی ئەنترۆپۆمۆرفیزم و (بەخشینی سیفەتی مرۆڤ بە خوا) یان ئەگنۆستیسیزم (دەستەودامانی)، مەبەست لە ئەنترۆپۆمۆرفیزم ئەو بۆچوونەیە کە پێی وایە جیاوازییەکی زۆر کەم لە نێوان خوا و بوونەوەراندا هەیە، هەر لەبەر ئەمەش پێی وایە قسەکردن لەسەر خوا ئەوەندە پێویستی بە گۆڕینی وشەکان نییە، مەبەست لە ئەگنۆستیسیزم (دەستەودامانی)، ئەوەیە کە پێی وایە جیاوازیی نێوان خوا و ئێمە ئەوەندە مەزنە، کە ئیتر لە ئەنجامدا ناتوانین هیچ شتێک لەبارەی خواوە بڵێین کە قابیلی تێگەیشتن بێ. بەپێی تیۆری لێک چواندن ئێمە بە سوودوەرگرتنمان لە زمانی مرۆیی دەتوانین هەندێ راستی لەمەڕ خوا رابگەیەنین، تەنانەت بێ ئەوەی بڵێین خوا و بوونەوەرەکان لە هیچ شتێکیشدا لە یەک دەچن.

"رۆس" جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە تیۆری لێک چواندن، تیۆرێکی زۆر ئاڵۆزە و راڤەی جۆرەوجۆری بۆ کراوە و ئێستە لەژێر پشکنین و لێکۆڵینەوەی ورددایە. لە ڕێگەی دەستەواژە هەمەچەشنەکانی ئاکویناسەوە دەتوانرێ تیۆرێکی لێک چواندنی ئاڵۆز بخرێتە روو، کە "رۆس" تێ دەکۆشێ بە سوود وەرگرتن لە شیکردنەوەی ماناناسی مۆدێرن و بە شێوەیەکی سیستەماتیک پێناسەی بکات و لێی وردس بێتەوە. "رۆس" وەکو ئاکیوناس ئەم خاڵە بە ئاسایی وەردەگرت کە تیرمە زانراوەکان، لە بناغەوە مانایان هەبووە پێش ئەوەی لەنێو راگەیاندنە ئاینییەکاندا بەکار بهێنرێن، بۆیە دەبێ تیۆری لێک چواندن بە شێوەیەکی ئەرێنی ئەوە پێشان بدات کە چۆن مانا لە کۆنتێکستی ئاساییەوە دەگوێزرێتەوە بۆ ئاینی.

لە زۆر حاڵەتی ئاساییدا ئەم جۆرە گواستنەوەیە بە ئاشکرا روو دەدات و لە ئەنجامدا لێک چواندن دەبێتە بەشێک لە بنیاتی وتاری ئاسایی، هەروەها روونکردنەوەی ئەو وتارانەش بە شێوازی تیۆری گشتیی زمانەوانی دەبێتە شتێکی پێویست. بڕواننە هەندێ بارودۆخی هەمەچەشن کە ئێمە لە گفتوگۆ ئاساییەکانماندا دەستەواژەی لەم شێوانەی خوارەوە بەکار دێنین، وەک: "هەڵچوونەکەی ویلیام هەر دەڵێی بورکانە"،"ڕێوی گەلێ زیرەکە". دەبێ وتاری ئاینی بەشێوەیەکی تایبەت ئەوە روون بکاتەوە کە چۆن مانا لە کاتی ئەو تێرمانەوە کە بۆ وەسفی بوونەوەران دانراون دەگوازرێنەوە بۆ تێرمێ کە لەوێدا واژەکان بۆ قسەکردن لەسەر خوا و راستییە ئاینییەکان بەکار دێن.

چ لە زمانی ئاسایی و چ لە زمانی ئاینیدا ناتوانین هەر لێک چواندنێک کە بمانەوێ بە سادەیی بەکار بهێنین، لە زمانیماندا بنیاتێک دانراوە، چوارچێوەیەکە بۆ ئەو شتانەی کە دەیڵێین، واتە چۆن تێرمێک بکرێ بە شێوەی لێک چواندن بەکار بهێنرێ، ئاکیۆناس و زۆر لە "فەیلەسووفانی

قوتابخانەیی" ئەم بنیاتەیان خستووەتە نێو بنیاتە تێرمێک بەناوی رۆڵی لێک چواندن. ئەم رۆڵە سەرباری ئەوەی پێی دەوترێ "لێک چواندن لەسەر بناغەی رێژەی تەواو"، بە بناغەیەکی مانادار زمانی ئاینی دێتە ژماردن.

گریمانەی پێش وەختی ئەم شێوە لێک چواندنە ئەوەیە، کە لێکچوونێک هەیە لە نێوان سیفەت و کردارەکانی خوا و سیفەت و کردارەکانی مرۆڤ. بۆ نموونە دەتوانین بڵێین "سوقرات حەکیمە"، "خوا حەکیمە"، بەڵام ئەم کارەش بە بەدیهێنانی گۆڕانکاری دەبێ لە چوارچێوەی ماناکانی ئەم دوو دەستەواژەیەدا. ئەم گۆڕانکارییە، گۆڕانکارییەکی رێژەیییە لە نێوان دوو جۆر لە بووندا، ئەو دووانەش لە رووی حەکیمییەوە پاڵپشتێکیان هەیە. لە هەردوو رستەکەدا "سوقرات حەکیمە"، "خوا حەکیمە"، بەو سیفەتەی کە سوقرات بە حەکیم لە قەڵەم دەدرێ پێوەندییەکی تایبەتی هەیە و لێکچوونێک هەیە لە نێوان ئەم تایبەتییە لەگەڵ ئەو تایبەتییەی کە خواکان لەگەڵ زاراوەی حەکیمبووندا هەیانە. ئێمە بەو سیفەتە حەکیمبوون دەدەینە پاڵ خوا کاتێ کە دەبینین لێکچوونێک لە نێوان کاری حەکیمانەی خوا و کاری حەکیمانەی بەندەکانی خۆیدا هەیە. بەڵام لەم دوو رستەیەدا "حەکیمبوون" پێوەندییەک نییە لە نێوان دوو تێرم، کە پێیان دەوترێ تێرمی دراوەپاڵ، لەبەرئەوەی خوا و مرۆڤ، راستیی دوو بوونەوەری جیاوازن. سوقرات بەو سیفەتە حەکیمە کە مرۆڤێک دەتوانێ حەکیم بێت، حیکمەتی ئەو لە پێوەست بەبوونی بوونەوەرەکانیەوە هاورێژەیە، واتە سنووردار و کۆتاییی هەیە، حەکیمبوونی خواش هاورێژەیە لەگەڵ بوونی ئەودا، واتە شتێکی هەتاهەتایی و بێ سنوورە و کۆتاییی نییە. بۆیە سیفەت و کردارەکانی خوا و بەندەکانی هاورێژەیە لەگەڵ شێوەی بوونی ئەواندا.

ئەم شێوە گواستنەوەیەی مانا لە زۆر رووەوە روو دەدات، بۆ نموونە دوو رستەی "فیدۆ بەوەفایە"،"جان بە وەفایە" باس لە جێگۆڕکێی دوو شێوە مانا دەکەن، هەرچەندە لێرەدا رێژە لێکچوونێک هەیە، بەڵام ئەم رێژەیە بە تەواوی یەکسان نییە، لەبەرئەوەی بەوەفاییی فیدۆ جیاوازە لە بەوەفاییی جان. لە هەمان کاتدا لە شێوەی هەڵسوکەوتیاندا جۆرە لێکچوونێکی بەرچاو هەیە، رێگە پێ دراوە لە یەک کاتدا سیفەتێک بۆ مرۆڤ و ئاژەڵ بەکار بهێنرێ. هەمان یاسای رێژە تەواو لە بوارەکانی تریشدا رێگەی تێ دەچێ.

"فریدریک فیرە" وەکو زۆربەی رەخنەگرانی یاسای " لێک چواندن لەسەر بناغەی رێژەی تەواو"، بڕوای وایە بەهیچ جۆرێ ناکرێ لە رێگەی ئەم تیۆرەوە زانیاریی تەواو لەمەڕ خوا پێشکێش بکرێ، لە نموونەکەماندا، ئاشکرایە کە خودی خوا "ناکۆتاییە و یەکێک لە سیفەتەکانی ئەو حیکمەتە"، بەمجۆرە فۆرمی لێک چواندن شتێک ئا لەم شێوەی خوارەوە دەردەچێ:

$$\frac{\text{حیکمەتی سوقرات}}{\text{خودی ناهەتاهەتایی سوقرات}} = \frac{\text{حیکمەتی خوا}}{\text{خودی هەتاهەتایی خوا}}$$

بەبڕوای "فیر" ئەم تیۆرە "ناتوانێ هیچ هەنگاوێ بنێ بۆ ئاشکراکردنی زانیاریی ئاسایی لەمەڕ ئەم فۆرمە، هەروەها توانای نییە زانیاریی بێلایەن و لێکنەچوو (کە ئەم زانیارییانە لەسەر ئەو بنیات نراون) بخاتە روو. یان بەلایەکی تردا ئەم شێوەیە یەک نەزانراوی نییە، بگرە دوو نەزانراوی هەیە: یەکەمیان حیکمەتی خوایە و دووەمیان هەتاهەتاییی خوایە. بە بڕوای "فیرە" ناتوانین هیچ زانیارییەکی نەرێنیمان لەم بارەیەوە هەبێ.

"رۆس" جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە رەخنەکەی "فیرە" ، دەبێتە هۆی بەهەڵەبردنی تیۆری لێک چواندن، لەبەرئەوەی بە یارمەتیی هاوکێشەیەکی سادەی ماتماتیکی ئەم تیۆرە شی دەکاتەوە. ئامانجی بنەڕەتی ئاکیوناس ئەوە بوو تا لێکچوونەکانی زمانی ئاینی و زمانی ئاساییی رۆژانە پیشان بدات، بۆ ئەوەی بەم شێوەیە مانداری زمانی ئاینی ئاشکرا بکات، بۆ ئەم مەبەست و ئامانجە سوودی لە پێوەندییە ماتماتیییەکییەکان بینی.

سەرباری ئەوەش هەروەک "رۆس" روونی کردووەتەوە. ئاشکراکردنی تیۆری لێک چواندن کە "فیرە" بەدی هێنا، بە سوود وەرگرتن لە هاوکێشەیەکی ماتماتیکی بریتییە لە تێکەڵکردنی دوو جۆرە تیۆرییەکەی ئاکیۆناس، واتە دوو لێک چواندنەکەی، کە ئەوانیش بریتی بوون لە تیۆری مانا و تیۆری بەدەستەوەدان، ئەوەی تیۆری لێک چواندن بەکاری دێنێ، ئەو تیۆرە رێنوێنی دەکات تا زانیارییەکی لەمەڕ خوا دەست بکەوێ، هەرگیز لەلایەن ئاکیۆناسەوە ئەم جۆرە بەڵگەیە بەکار نەهێنراوە، گومانی تێدا نییە کە ئاکیۆناس ئەم تیۆری مانایە بەکار ناهێنێت بۆ بەدەستهێنانی هۆشمەندی لەمەڕ خوا.

بۆیە "رۆس" بەرگری لە تیۆری لێک چواندن و کار بۆ روونکردنەوەی دەکات، روونکردنەوەی ئەو قسانەی دەدرێنە پاڵ خوا، ئەو قسانە چۆن دەبنە شتێکی ماندار، نەک وەک تیۆرییەک مەبەستی روونکردنەوەی خەسڵەتی کۆنکرێتی خوا بێ. "رۆس" بڕوای بەوە هەبوو، هەروەها چەکدار بوو بەو تیۆرییە، ئێمەش بە یارمەتیی ئەم تیۆری مانایە دەتوانین ئەو حوکمە مانادارانە لەمەڕ خوا دەستنیشان بکەین و لە کاتی گفتوگۆکانماندا خۆمان دوور خەینەوە لە بەکارهێنانی زاراوەی زیانگەیێن لەبارەی خواوە.

تیۆری لێک چواندن گفتوگۆی زیاتر هەڵدەگرێ. لەم مەیانەدا برێک پرسیار هەن دەبێ زیاتر بەرەو ناخیان شۆڕ بینەوە. بۆ نموونە ئاخۆ دەتوانین پێناسەیەکی روونتر بۆ زاراوەی "لێکچوون" پێشکێش بکەین؟ یان چۆن تیۆری سادەیی خوا" (ئەمەش زاراوەیەکی سەدەکانی ناوەڕاستە) کاریگەری دەبێ لەسەر راڤەکردنی ئێمە بۆ چەمکی "لێک چواندن"؟ بەڵام ئەو راستییە هەر سەقامگیرە کە بەدرێژاییی مێژوو، بەشێوەیەکی ماندار تەماشای زمانی ئاینی کراوە و تیۆری لێک چواندن بۆ ئەوە بەکار هاتووە تا مانای ئەم زمانە روون بکاتەوە. بەڵام لە ئێستەدا کۆمەڵێ ناکۆکیی گرینگ لەبارەی مانای زمانی ئاینییەوە هەیە.

## پرسی ساختەکاری و لێکۆڵینەوە

فەیلەسووفە ئاینییە کلاسیکییەکان هەردەم دڵنیا بوون لەوەی دەتوانن بەشێوەیەکی مانادار قسە لەسەر خوا بکەن. بەڵام سەرەتای ئەم سەدەیە، دەستەیەک لە فەیلەسووفان کە پێیان دەوترا "پۆزەتیفیستە لۆجیکەکان"، زۆر بە جیدی ئەم دڵنیاییەکان خستە خانەی دڵەڕاوکێوە. ئەوان تیۆرێکیان خستە روو، لەو تیۆرەدا مانای زمان هاوتەریب بوو لەگەڵ بینینە ئەزموونکراوەکاندا. پۆزەتیفیستە لۆجیکەکان پێیان وابوو زمانی زانستی نموونەیەکی دیاریکراوی زمانێکی وردە و قابیلی ئەزموونکردنە، بەرامبەر بەمە پێوانە و دیسپلینێکیان دانا بۆ جیاوازیی دانان لە نێوان ئاماژە راستییەکان و ئەو ئاماژانەی کە ساختەن.

ئەی. جەی. ئایەر (١٩١٠-١٩٨٩) بەم شێوەیە ئەم خاڵەی روون کردووەتەوە:

پێوانەی ئێمە بۆ تاقیکردنەوەی بنەچەی راگەیاندنە ئاشکراکانی تایبەت بە واقیع، بریتین لە پێوانەی لێکۆڵینەوە، ئێمە دەڵێین رستەیەک تەنیا لە کاتێکدا بۆ کەسێکی تایبەت مانایەکی واقیعی دەبێ، ئەگەر ئەو کەسە بزانێ چۆن لەو رستەیەدا ئەو مەسەلەی کە باس کراوە، لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکا، واتە بزانێ چ چاودێرییەک و لەژێر چ هەلومەرجێکدا دەبێتە هۆی ئەوەی ئێمە ئەو پێشنیازە وەک پرسێکی راست قبووڵ بکەین، یان وەک پرسێکی ساختە رەتی بکەینەوە.

پۆزەتیفیستەکان و لایەنگرانی ئەم بیرە پێیان وابوو بنەچەی لێکۆڵینەوە، بەهەمان ئەندازە کە بەسەر زۆربەی زمانی ئاساییدا جێبەجێ دەکرێ، دەکرێ بەسەر زمانی زانستیشدا جێبەجێ بکرێ. بەڵام بەبڕوای ئەوان زمانی خواناسی خۆی ناداتە دەست تا لەنێو ئەو شێوە لێکۆڵینەوەیەدا جێگەیەک بۆ خۆی داگیر نەکات، بۆیە ئەو زمانە بەتەواوی زمانێکی بێ مانایە. ئەگەر ئەم بۆچوونەش راست بێ، ئەوە هەوڵدان بۆ بەرگریکردن لە بڕواکانی خوا بەتەواوی کارێکی بێهوودەیە، گەر زمانێک هەڵگری ئەو هەموو بۆچوونە بێ، کەواتە لە بناغەوە زمانێکی بێ مانایە. ئەو هێرشە نەرێنییانەی دژ بە بڕواکانی خوا کراون، سوودیان هەر لە هەمان ئەو زمانە وەرگرتووە، بۆیە ئەو زمانە بەتەواوی بێ مانایە.

هەندێ لە بیرمەندە ئاینییەکان خۆشحاڵیی خۆیان دەربڕی بەلەناوچوونی پرەنسیپی لێکۆڵینەوە لە زمانی ئاینیدا، زۆر لە گرووپە فەلسەفییەکان -وەک پۆزەتیفیستەکان و ئەوانی تریش- تا ئێستەش بڕوایان وایە کە راگەیاندنەکانمان دەبێ پێوەست بکرێ بە لێکۆڵینەوەی ئەزموونگەرییەوە. میتۆدی لێکۆڵینەوە دەبێتە هۆی بەخشینی مانایەکی ئەرێنی بە راگەیاندنەکان، ئەمەش لای خۆیەوە دەبێتە هۆی ئاشکراکردنی ئەو بوارانەی ساختەکارییان تێدا روو دەدات. ئەوان ئەو پێویستییانەیان گەشە پێ دا، بۆ هەر کەسێک کە دەیەوێ دەستبەرداری داوا واقیعییەکان نەبێ، دەبێ توانای ئەوەی هەبێ ئەو مەرجانە دیاری بکات کە بەهۆیانەوە بتوانێ

بزانێ کام ڕاگەیاندن، ڕاگەیاندنی ساختەن. بەم شێوەیە ئەمە سەرسەختییەکی بێوێنەیە، لەمەڕ هەڵهێنجانەکانی بڕوابوون بە خوایەکی تاک و تەنیا.

ئانتۆنی فلو (١٩٢٣-) لە قاڵبی "پرەنسیپی ساختەکاری"دا دژایەتیی خۆی بەرامبەر بە پۆزەتیفیستەکان ڕاگەیاند. ئەم پرەنسیپە بەرەنجامی هەوڵێکی بەردەوامە بۆ ڕاگەیاندنی ورد و تۆمارکراوی کرۆکی بۆچوونی پۆزەتیفیستەکان لەبارەی "مانای مەعریفەتگەیێن"ەوە. فلۆ بە گێڕانەوەی چیرۆکی خواکان-ی جۆن وایسدۆم (١٩٠٤-١٩٩٣) دەستی کرد بە سەرسەختی لەگەڵ پۆزەتیفیستەکان:

(ئەم چیرۆکەی وەک نموونە هێنایەوە ... و.ک)

ڕۆژێ لە ڕۆژان دوو گەڕیدە ڕوویان کردە دارستانێک لەنێو دارستانەکەدا گەیشتنە پارچە زەوییەکی ڕووتەڵەی بێ درەخت، لەوێدا ژمارەیەکی زۆر گوڵ و گوڵزار و چیمەن ڕوابوو. یەکێ لە گەڕیدەکان گوتی: "هەبێ و نەبێ باخەوانێک سەرگەرمی بەخێوکردنی ئەم باخەیە". ئەوی تر گوتی "نەخێر هیچ باخەوانێ خەریکی ئەم باخە نییە". هەردوو گەڕیدەکە هەوارگەیان هەڵدا و لە چاوەڕوانیدا بوون تاوەکو ئەو باخەوانە دەرکەوێ بەڵام باخەوان دەرنەکەوت. یەکێکیان هەڵی دا و گوتی "ڕەنگە ئەو باخەوانە باخەوانێ بێ بەچاو نەبینرێ." هەستان ئەو ناوچەیان بە تەلی دڕکاوی تەلبەند کرد و پاشان کارەبایان خستە سەر تەلەکان و لەگەڵ سەگی بۆنکەر ناوچەکەیان پشکنی (لەبەرئەوەی ئەوەیان وەبیر هاتەوە کە چۆن هـ. ج. وێڵس هەرچەندە کەسایەتییەک بوو نەدەکرا ببینرێ، بەڵام دەکرا بگیرێ و بۆن بکرێ)، دواجار هیچ نیشانەیەک نەبوو تا بیسەلمێنێ کەسێک دەیەوێ بە دزییەوە لە شورای باخەکە نیزێک بێتەوە و کارەبا بیگرێ، لە تە لەدڕکاوییەکانیش جووڵەیەک نەبوو پێشانی بدات کەسێک دەیەوێ بەسەریدا سەرکەوێ، سەگەکانیش هیچ حەپەیەکیان لێوە نەدەهات.

لەگەڵ ئەمەشدا پیاوە ئیماندارەکە، هەر بڕوای بەوە نەهێنا و دەیگوت "باخەوانێک هەیە بە چاو نابینرێ و ناگیردرێ و کارەبا نایگرێ، باخەوانێک جێ‌پێی نییە و بێدەنگە، ئەو باخەوانەی بەدزییەوە دێ تا سەروبەری ئەو باخە بکات کە خۆشی دەوێ"، دواجار پیاوە بەگومانەکە بەنائومێدییەوە گوتی "باشە ئێستە چی لەو هەموو پێداگرتنەت ماوەتەوە؟ بەوەی کە تۆ باس لە باخەوانێک دەکەی نە دەبینرێ و نەبەدەست دەگیرێ و هەمیشە هەڵهاتووە، لە ڕاستیدا چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ باخەوانێکی خەیاڵی، یان نەبوو؟".

بەبڕوای فلو، ئاینپەروەران ڕێگە بەکەس نادەن شتێک بڵێن کە بۆچوونەکانیان ڕەت بکاتەوە، بۆیە بۆ ئەوەی ڕێگە لە بەتاڵکردنەوەی بۆچوونەکانیان بگرن، هەمیشە لە حاڵەتی چاککردن و ڕاستکردنەوەی ئەو بۆچوونانەن.

بەڵگەکانی "فلو" ڕوونن، کاتێ کە ئاینپەروەران دەڵێن "هەروەک چۆن باوکێ کوڕەکەی خۆی

خۆش دەویٚ، ئاوەها خواش ئێمەی خۆش دەویٚ" چاوەڕوانی ئەوەین لە کاتی نەخۆشییە سەختەکان و گرفتەکان خوا یارمەتیمان بدات. کەچی لەم بار و رووداوانەدا جووڵەی لێوە نایەت. هەر لەبەر هەمان بەڵگە، ئاینپەروەران بۆ پاساوی ئەم رەفتارەی خوا (بەپێی گوتنی خۆیان)، مەرجێک دادەنێن، ئەو مەرجەش دەڵێ "خۆشەویستیی خوا، وەک خۆشەویستیی مرۆڤ نییە" یان "خۆشەویستیی خوا جۆرە خۆشەویستییەکی سیمبولییە"، کەواتە بوونی ئازار و رۆژی رەش لەگەڵ ئەو راگەیاندنە تیۆلۆجییە بنەڕەتییەدا گونجاوە. بۆ وەڵامدانەوەی ئەم مانۆڕە، "فلو" پرسیارێکی گرینگ دەخاتە روو: "چی دەبێ روو بدات یاخۆ چی رووی داوە، تا خوا تۆی کەمتر خۆشبوێ یان وەک بوونەوەرێک حیسابت بۆ بکات؟".

خاڵەکە لێرەدایە ئەگەر هیچ شتێک رووی نەدابێ، کە بە دژایەتیکردن بێتە حیساب دژ بەبۆچوونەکانی بنەچە، ئەو کاتە بۆچوونەکانی ناوبراو لە بناغەوە حوکمێکی واقیعی نییە. ئەم شێوە بۆچوونانە دەربڕی هیچ نین و هیچ کارێک بەدرۆ ناخەنەوە و هیچ شتێکیش بەڕاست نازانن. "فلو" دووبارە ئەوەی خستە روو کە ئاینپەروەران لە رێگەی هەزاران قەید و مەرجەوە بوونەتە هۆی کوشتنی داوا تایبەتییەکانی خۆیان.

ئەم رەخنانەی دژ بە پۆزەتیفیستەکان، بووە هۆی نانەوەی گفتوگۆ و شەڕەقسەی زۆر. پلە و پایەی مەعریفی داوا ئاینییەکان بووە جێگەی باس و لێکۆڵینەوە، هەروەها پرسیارێک لە بابەتی ئەم پرسیارەی خوارەوەی ورووژاند: ئاخۆ داوا ئاینییەکان داوایەکی مانادارن. ئەو فەیلەسووفانەی رازی بوون لەسەر ئەوەی پرەنسیپی ساختەکاری لە بناغەوە دەستنیشانی گرفتەکە دەکات، بۆ دوو گرووپ دابەش بوون: یەکەمیان ئەو فەیلەسووفانەی بڕوایان بە زمانی خواناسی ساختەکاری نەبوو، دووەمیان ئەوانەشی بڕوایان وابوو دەکرێ ئەو ساختەکارییە پێشان بدرێ.

ئێر. ئێم. هەر (١٩١٩-) و بازیل میچل (١٩١٧-) لەو فەیلەسووفانە بوون بڕوایان وابوو وتە ئاینییەکان، لای زۆربەی ئاینپەروەران وتەیەکی ساختەئامێز نین، بۆیە راستەوخۆ دەربڕی واقیع نین. لە هەوڵێکدا بۆ جیاکردنەوەی پێداگرتنی ئاینی لە پێداگرتنی واقیعی، "ئێر. ئێم. هەر" زاراوەی بلیکی blik بەکار هێنا، (ئەم زاراوەیە لە داهێنانی "ئێر. ئێم. هەر" بوو). ئەو دەڵێ: بڕوای ئاینی تەنیا خاوەنی ئەو blikیە، ئەویش ئەوەیە کە ژیانی ئاینی رێگەیەکی راستەقینەیە، هیچ شتێک تەنانەت بەڵگەکان ئەوانەی بە دیاردە تەواو نین، ناتوانن ئەم باوەڕە بگۆڕن.

هەر لەسەر ئەمە چیرۆکێکی حیکایەتئامێز لەسەر کابرایەکی شێت بە نموونە دەهێنێتەوە، ئەو کابرایە بەخەیاڵی خۆی وای دانابوو هەموو مامۆستاکانی دانشگای ئۆکسفۆر پلانی کوشتنی ئەویان دارشتووە. سەرباری ئەو رووبەڕووبوونەوەی ئەو پیاوە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لەو مامۆستایانەی کە هیچ ئازارێکیان پێ نەگەیاندبوو، بەڵام شێوە و رەفتار و میهرەبانیی ئەوان هیچ شتێکی لە بیر و بۆچوونی ئەو کابرایە شێتە نەگۆڕی، بەبڕوای "هەر" هەر مرۆڤە و خاوەنی بلیکی خۆیەتی، ئەو بلیکانە لە ئاستی بۆچوونەکانی ئەمری واقیع نین، بۆیە لە رێگەی پێچەوانەی

راستییەکانەوە رەت ناکرێنەوە. بلیکەکان رێگەیەک نین بۆ راڤەکردنی راستییەکان. زاراوەکانی "هەر" کار بۆ ئەوە دەکەن تا لە پلە و پایەی جەختکردنە ئاینییەکان کەم بکەنەوە، قووڵترین خاڵی "هەر" ئەوەیە کە دەربڕی بڕوا جێگیرییە راڤەخوازەکانە، یان ئەو تیۆرییانەی کە لەسەر جیهان هەن ناکرێ هەروا بە ئاسانی رەت کرێتەوە.

بازیل میچڵ (١٩١٧-) ئەمیش لەو فەیلەسووفانەیە بڕوای وایە بۆچوونی ئاینی بەپێی پێوانەی پۆزەتیفیستەکان مانایەکی هەیە کە مەعریفەت پەخش دەکاتەوە. میچڵ بۆچوونی خۆی لە رێگەی چیرۆکێکەوە ئاشکرا دەکات، ئەو چیرۆکە لەبارەی ئەندامی یەکێک لە گرووپە بەرهەڵستکارەکانە، پارتیزانی ئەم چیرۆکە پێوەندی دەکات بە کەسێکی بێگانەوە، لە ئەنجامی پێوەندییەکی ئەرێنیی ئەو کابرایە دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەکی بەهێزی پارتیزانەکەوە: "بێگانەکە خۆی پێ دەناسێنێ وەک یەکێک لە لایەنگرانی بزووتنەوەی بەرگریخوازەکەی و لایەنگری سەرۆکەکەی ئەو، بە دڵنیاییشەوە داوا لە پارتیزانەکە دەکات سەرباری هەموو شتێ کە روو دەدات، ئەو بە وەفاداری دەمێنێتەوە. ئەویش لەو پێوەندییەدا بە تەواوی دڵنیا دەبێ لە راستی و خۆڕاگری و پەیمانەکانی ئەو بێگانەیە، بۆیە دڵنیایی خۆی پێ دەبەخشێ".

دوا بەدوای ئەو پەیمانگۆڕینەوە چیی تر ئەو دوو نەفەرە بەو شێوەیە یەکتریان نەبینی. جارێک کابرای بێگانە دەبینرا وەک کەسێک یارمەتیی ئەندامانی بزووتنەوەکە دەدا و پارتیزانەکەش بە هەڤاڵانی دەگوت ئەوە "لایەنگری ئێمەیە." بەڵام هەندێ جار کابرای بێگانە بەجلی پۆلیسەوە دەبینرا و نیشتمانپەروەرانی رادەستی داگیرکەران دەکرد، لەم حاڵەتانەدا هەڤاڵانی پارتیزان دژ بەو کارانە نارەزاییان دەردەبڕی، بەڵام لەو کاتانەشدا کابرای پارتیزان بە هەڤاڵانی خۆی دەگوت "ئەو کەسە لایەنگری ئێمەیە".

ئەو تا ئێستەش بڕوای وایە کە بێگانە سەرباری ئەو شتانەی بە رووکەشی ئەنجامی دەدات، بەڵام خیانەتی لەو نەکردووە. هەندێ جار هەڤاڵانی بە توورەیییەوە پێیان دەگوت "ئەو بێگانە دەبێ چی بکات تا تۆ بڕوا و متمانەت بەرامبەری لەق بێ؟" میچڵ دەڵێ:

پارتیزانی ئەم چیرۆکە، بەهیچ شێوەیەک رێگە نادات شتێک دژی ئەم پرسە بێ، دژی ئەو بۆچوونەی کە "بێگانەکە لایەنگری ئەوانە". دڵنیابوونی ئەو بەرامبەر بە بێگانەکە پەیمانێکی لای ئەو دروست کردبوو. ئەڵبەتە کابرای پارتیزان ئەوەش رادەگەیەنێ کە رەفتاری دوولایەنەی کابرای بێگانە، بە تەواوی لەگەڵ بڕوای ئەو بەرامبەر بەو کابرایە لە دژدان، واتە دوو بڕوای دژ بەیەکی لا گەڵاڵە بووە. بەڵام بەتەواوی لەو هەلومەرجەدایە کە بڕوای ئەو لەنێو بۆتەی تاقیکردنەوەدایە.

ئیستراتیجی میچل ئەمەیە، دەیەوێ پێشانی بدات، هەندێ راستی وەک ئازاری مرۆڤ دەکرێ وەک شێوەیەک لە دژی ئاینی وەرگیرێت، بۆیە ئەم بۆچوونانە لە راستیدا لەمەڕ راستیی ساختەکاری بەکار دەهێنرێن.

جۆن هیک (١٩٢٢-) هەوڵ دەدا شوێنپێی میچڵ هەڵگرێ و هەلومەرجی تایبەت بۆ سەلماندن بەکار دێنێ تاوەکو پێشانی بدات بۆچوونە ئاینییەکان هەڵگری مانای ساختە نین، "هیک" بۆ توێکڵکاری ئەو شتەی پێی دەڵێ "سەلماندنی بوونی دنیای دووەم"، مەتەڵێک بە نموونە دێنێتەوە، باس لە دوو گەشتەوەر دەکات هەردووکیان بەیەک ڕێگەدا سەفەر دەکەن، یەکێکیان بڕوای وایە ئەم ڕێگەیە دەگاتە لای خوا، ئەوی تر بڕوای وایە ئەم ڕێگەیە ناگاتە هیچ شوێنێک. لەم گەشتەدا هەردووکیان ساتەکانی خۆشی و ناخۆشی تاقی دەکەنەوە. یەکێک لە گەشتەوەرەکان ساتە خۆشەکانی ئەو سەفەرە بە بەشێک لە خۆشیی ئاسمان لە قەڵەم دەدات، ناخۆشییەکانیش وەک ڕێگرێک دەبینێ، لە ئەنجامی ئەو ڕێگرییە ئەو دەبێ بەو کەسەی کە شایانی ئەوەیە هەبێ، ئەوی تریان پێی وایە ئەم سەفەرە سەفەرێکی بێ ئامانجە. بەدرێژای ئەو گەشتە ئەو پرسانەی لە نێوان ئەم دووانە وتووێژی لەسەر کراوە، پرسگەلێکی ئەزموونگەری نین، لەبەرئەوەی ناتوانرێ دادوەری لەمەڕ ئەو سەفەرە بکرێ. "بەهەرحاڵ کاتێک ئەو دووانە دەگەنە دوا قۆناغی سەفەرەکەیان، ئەو کاتە ئەم پرسە ئاشکرا دەبێ، ئەوە ئاشکرا دەبێ یەکێک لەو دووانە بە تەواوی لەسەر هەق بووە و ئەوی تریان هەڵە بووە. ئەگەرچی ئەو پرسەی لە نێوان ئەم دووانە قسەی لەسەر کراوە، پرسی ئەزموونگەری نەبووە، بەڵام لە سەرەتادا پرسەکە برێتی بووە لە ئەمری واقیع.". بیرمەند "هیک" نەهێشتنی گومانی ماقووڵ، بە گەوهەری سەلماندن دادەنێ، هەر لەم ڕووەوە بڕوای وایە لە ژیانی پاش مەرگ (ئەگەر شێوە ژیانێکی لەم شێوەیە هەبێ) کۆمەڵێ ئەزموون ڕوو دەدەن، ئەو ئەزموونانە بەسن بۆ نەهێشتنی گومان. ئەو تەنانەت نموونەگەلێکی لەم جۆرە ئەزموونانەمان دەخاتە ڕوو ئەزموونی "ئامادەبوونی ڕەوە مرۆڤ لە حزووری مەلەکوتی خوادا"، یان ڕەنگە "ئەزموونی وەک هەستکردنێکی قووڵ بە بوونی خوا".

هێزی ڕوانگەی "هیک" لە قبووڵکردنی چەمکی "سەلماندن"ەوە سەری هەڵداوە، بەپێی ئەم قبووڵکردنە، لە کاتێکدا شیکردنەوەکان مانایان دەبێ ئەگەر هاتوو ئەو مانایانە مەعریفەیان تێدا بوو، یان لەگەڵ کۆمەڵێ ئەزموونی بەچاوبینراو (بەکردارکردەنی) و (ئەگەری) پێوەندییان هەبێ. لەو چیرۆکەی ئەو پێشکێشی دەکا، بەڵگەی ساختەکاریی شیکردنەوە ئاینییەکان، برێتی نین لە کۆمەڵێ ئەزموونی (بەکردارکردەنی) لە ژیانی ئەم جیهانەدا، بگرە کۆمەڵێ ئەزموونی (ئەگەری)ی ژیانی پاش مەرگن. ئەڵبەتە ئەگەر پاش مەرگ ژیانێکی تر نەبێ، ئەوە بۆچوونە ئاینییەکانیش ناسەلمێنرێن. ڕەنگە لە ڕووی تەکنیکییەوە "هیک" سەرکەوتوو بووبێ و بە سەرکەوتوویی لە ناکۆکییەکی تەواو لۆجیکی لەبارەی سەلماندن و بەتاڵکردنەوە هاتبێتە دەرەوە. بەڵام وەک هەمیشە ئەم پرسیارە جێگەکەی بەتاڵە: حەواڵەکردنی سەلماندن و بەتاڵکردنەوەی ڕاستەقینە بۆ ژیانی پاش مەرگ، چ سوودێکی بۆ ئێمە دەبێ؟.

ئەمڕۆ، بەپێی هەندێ بەڵگە پرسی سەلماندن و بەتاڵکردنەوە، تەوەری سەرنجی فەیلەسووفە ئاینییەکان نییە و هەندێ پرسی تر سەرنجی ئەوانی بۆ لای خۆی کێش کردووە.

یەکەم زۆربەی ئەو هەوڵانە سەرنەکەوتوو بوون کە دران بۆ فۆرمبەخشینی پرەنسیپێک لەمەڕ "بوونی ئەو راگەیاندنانەی کە مەعریفەت پێشکێش دەکەن" ، لەبەرئەوەی ئەو هەڵسەنگاندنە ئەزموونکارانەی ئەم پرنسیپەیان بەپێی راگەیاندنی خۆیان بەکار دەهێنا، خودی ئەو پرەنسیپانەی دەردەخست کە هیچ مانایەکیان نییە. بەهیچ بینینێکی ئەزموونکاری ناتوانرێ ئەم بۆچوونەی ژێرەوە بەراورد بکرێت لەگەڵ پرەنسیپی لێکۆڵینەوەخوازی: حوکمێک کە لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی ئەمرێکی واقیعەوە دەری دەبڕێ، تەنیا لە حاڵەتێکدا حوکمێکی راست و دروستە، کە بتوانێ بە پاڵپشتیی کۆمەڵێ بارودۆخی ئەزموونکراوی بەچاودیدە راستی و ناڕاستیی ئەو شتە دەربخات. یەکێکی تر لە بەڵگەکانی لەناوچوونی پۆزەتیفیستەکان ئەمە بوو، کە بڕوایان بەچەند پرەنسیپ و پێوانەیەک هەبوو، بەو پێیە زانستیش نەدەکرا وەک شتێکی مانادار تەماشای بکرێ.

راستە کە ئیتر بە گرینگی ناڕوانرێتە هەردوو بۆچوونی سەلماندن و بەتاڵکردنەوە، بەڵام کۆمەڵێ وانەی بەسوودمان فێر دەکەن، یەکەم وانە ئەوەیە فێرمان دەکەن روانینی گشتیمان بۆ واقیع پێویستی بە دووبارە چاوپێخشاندنێکی گرینگە. زۆر لە ئاینپەروەران بەراستی بڕوایان وایە زمانی ئاینی روویەکی واقیعی هەیە کە پۆزەتیفیستەکان توانای ئەوەیان نییە ئەم رووە دەرخەن. لە راستیدا شیکردنەوە گرینگە ئاینییەکان هەڵگری چەند حوکمێکی جیهانناسی تایبەتن، کە ئاڵۆزترە لەو حوکمانەی لەمەڕ پرۆسەیەکی مادی دەدرێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم حوکمانە ئیدیعای ئەوە دەکەن کە کۆمەڵێ راستیی مەزن لەبارەی شێوەی لێکۆڵینەوە ئاشکرا دەکەن. کاتێک ئەم رستەیە راڤە دەکرێ، ئەوە شێوە روونکردنەوەیەکی واقیعی پێشکێش دەکات لەمەڕ ئەوەی کە روحێکی نادیار، هەمیشەیی، ئامادەی رەها و جیهانی رەها هەیە، پێوەندییەکی تایبەتی لەگەڵ ئەو کەسانە هەیە کە پشتیان بەخوا بەستووە و هەروەها ئەویش ئەوان رێنوێنی دەکات". کاتێ دەگەینە ئەو بڕوایەی کە پۆزەتیفیستەکان دەمانخەنە دوودڵییەوە، دەبێ هەوڵ بدەین ئەم شتە باشتر روون بکەینەوە، ئەو شتەی پێوەندیی هەیە بە ماناکانی تایبەت بە جیهانی دەرەوە. سەرباری لایەنە فاکتواڵەکانی زمانی ئاینی، وانەیەکی تر کە ئەم دیدگایە فێری ئێمەی دەکات، ئەوەیە نابێ تەنیا زمانی ئاینی لە پێوەندی لەگەڵ واقیعدا تەماشا بکرێ. بۆ نموونە زۆر لە بەکارهێنانەکانی زمانی ئاینی بەتەواوی لەو زمانە دەچن کە ئێمە بۆ قسەکردن لەسەر کەسانێک و پێوەندیی نێوانیان بەکاریان دێنین وەک ئەوەی بڵێی "من بڕوام بە ویلیام هەیە".

وانەیەکی تر کە دەبێ فێری بین ئەوەیە نابێ وەک پۆزەتیفیستەکان مەسەلەی ساختەیی و راستی تێکەڵ بە یەکتری بکەین. ئێمە ناتوانین ئەم دوو شتە پێکەوە گرێ بدەین، پرسی ئەوەی کە چۆن "شیکردنەوەکان دەبنە شیکردنەوەیەکی ساختە" و چۆن "دەتوانین هەست بە راستیی شیکردنەوەکان بکەین".

## ئەرکەکانی وتاری ئاینی

هەندێ لە بیرمەندان بڕوایان وابوو قسەکردن لەسەر مانای تایبەت بە زمانی ئاینی، باسێکی ئەوەندە گرینگ نییە، یان بابەتێکی بێسەروبنە، بۆیە ئەگەر چوارچێوەی پۆزەتیفیستەکانمان پێ باش بێ لەمەڕ لێکۆڵینەوە لەسەر زمانی ئاینی، ئەوە لەو کاتەدا ئێمە هەڵەیەکی گەورەمان کردووە، بەبڕوای ئەوان قسەکردنێک کە خواش بگرێتەوە، چەند لایەنێکی گرینگتری هەیە. ئەو فەیلەسووفانەی خۆیان لە خۆهەڵتێقورتان لە سەلماندن و بەتاڵکردنەوەی ئەم باسە دوورخستەوە، هەر ئەوان زیاتر ئاوڕیان لەو شتە دایەوە کە فردریک فیرە پێی دەڵێ "شیکردنەوەی کاریگەر". ئەوان ڕەدوی ئاگەدارکردنەوەکەی لۆدڤیگ ڤیتگنشتاین (١٨٨٩-١٩٥١) کەوتن، ئەو ڕاگەیاندنەی کە دەڵێ "تەماشاکە و ببینە"، کۆمەڵێ ئەرکی گرینگی زمانیان دەستنیشان کرد: ئەرکی فرمانی و (ئەو پەرداخە ئاوەم بۆ بێنە)، ئەرکی ئەنجامدان و (من ئێستە هاوسەربوونی هەردووکتان ڕادەگەیەنم) ئەرکی پرسیاری (سەعات چەندە؟). لە ئاڵوگۆڕی زمانەوانیماندا مرۆڤەکان ئەم شێوە ئەرکە زمانەوانییە گرینگانەیان هەیە. گونجاو نییە ئەم شێوە حاڵەتانە بە حاڵەتی پرەنسیپی لێکۆڵینەوە دابنێین.

کۆمەڵێ تیۆری نوێ و نایاب ڕاگەیەندراوە لەمەڕ ئەرکە جۆرەوجۆرەکانی زمانی ئاینی، یان بە شێوەیەکی تر لەبارەی ئەرکە جۆرەوجۆرەکانی زمانی ئاساییەوە لە بواری ئاینیدا. پۆزەتیفیستەکان هەوڵیان دا شیکردنەوەکان پێوەست بکەن بە کۆمەڵێ حاڵەتی بەچاوبینراو. بەڵام ئەو فەیلەسووفانەی بڕوایان بە شیکردنەوەی ئەرکخوازی هەبوو، لە جیاتیی ئەوەی ڕاگەیەنەری ئەو مەرجە ماناداررییە بن کە زمان بە واقیعی دەرەوەی خۆی دەبەستێتەوە، هەوڵیان دا لە ئەرکەکانی زمانی ئاینی تێ بگەن. دەیانویست بزانن ئەم زمانە چ ئەرکێکی هەیە. بۆیان دەرکەوت زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی ئاڵۆزە و بەپێی گۆڕانی مەبەستە هەمیشەییەکانی مرۆڤ خۆشی دەگۆڕێ. زمانی ئاینیش لە خزمەتی دەستەیەک لە مەبەستە تایبەتییەکانی مرۆڤە.

یەکێک لە سەرەتاترین پێشەوایانی ئەم ڕەوتە بریس ویت (١٩٠٠-١٩٩٠) بوو، ناوبراو ڕای گەیاند کە ئەرکی ڕاگەیاندنە ئاینییەکان لە بناغەوە ڕێک لە ئەرکی ڕاگەیاندنە ڕەوشتییەکان دەچێ، یەکێ لە ڕووە دیارەکانی زمانی ئاینی ئەوەیە، کۆمەڵێ حیکایەتی لەخۆ گرتووە یەکێک لە ڕووەکانی ژیانی ڕەوشتی پێشان دەدات و مرۆڤیش بەرەو ئەو شێوە ژیانە هان دەدات، بۆ نموونە حیکایەتی "سامری" چاککار، یان ئەو چیرۆکانەی باس لە هاودەردیی عیسا لەگەڵ خەڵکیدا دەکەن. بەبڕوای بریس ویت بۆ ئەوەی ئەم چیرۆکانە بگەنە دڵی خەڵک پێویستیان بەوە نییە چیرۆکی ڕاستەقینە بن، یان تەنانەت خەڵکیش بەڕاستیان بزانێ، "بریس" پێوەندیی نێوان حیکایەت و ژیانی ڕەوشتخوازی، بە پێوەندییەکی (سایکۆلۆجی و هۆکاری) دادەنێ، چون بڕوای وایە زۆربەی خەڵکی ئەگەر لەژێر کاریگەری بڕێک لە حیکایەتەکانەوە کارەکانیان ئەنجام بدەن، ئەوە بێگومان ئەو کاتە ئاسانتر ئەو

کارانە بەئەنجام دەگەن.

بریس ویت، لە شیکردنەوەکەیدا جەختی کردووەتەوە سەر یەکێک لە گرینگترین ئەرکە گرینگەکانی زمانی ئایینی: ئەویش ئەرکی راگەیاندنی مەبەستە رەوشتییەکان و هاندانە بۆ پێڕەوکردنی رەفتاری رەوشتانە. هەوڵەکانی بریس ویت بۆ شیکردنەوەی ئەرکخوازانەی زمانی ئایینی، بووە هۆی گۆڕینی ئەم زمانە بۆ زمانێکی تەواو رەوشتخوازانە، بەڵام ئەو شێوەیەش بە حیکایەتی هەمەچەشن ئاڵۆوواڵا کراوە. ئەم چەوتییە دەکرێ لەگەڵ هەڵەی پۆزەتیفیستەکان بەراورد بکرێ کە هەوڵیان دا شیکردنەوە ئایینییەکان بۆ کۆمەڵێ واقیعی ئەزموونگەری بگۆڕن. دۆناڵد هادسن (١٩٤٠-) پێی وایە ئەم شێوە هەڵانە، پێشێلکردنی (قووڵاییی رێزمان)ی ئایینییە، لەبەرئەوەی وتاری ئایینی، سیفەت و ئەرکی تایبەت بەخۆی هەیە بۆیە بەبڕوای ئەو، ئەرکی فەیلەسووفەکان روونکردنەوە و نیشاندانی حاڵەتی کارکردنی ئەو زمانەیە و هەروەها وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی کە رۆڵی ئەو شێوە زمانە چییە.

پاوڵ فۆن بەرن (١٩٢٤-) پێی وایە زمانی مەسیحی کەوتووەتە پەراوێزی زمانەوە، فۆن بەرن وەک پێڕەوکەرێکی بۆچوونەکانی ڤیتگنشتاین زمانی مرۆیی وەک دیاردەیەکی ئاڵۆز دەبینێ، پێی وابوو ئەو زمانە لە گەمەی زمانەوانیی هەمەچەشن دروست بووە. خوازەی "گەمە زمانەوانییەکان" ئاماژە بە رەفتارە زمانەوانییە تایبەتییەکان دەکات کە مرۆڤ سوودی لێ دەبینێ بۆ گەیشتن بەبڕێک لە ئامانجەکانی:"فرماندان، وەسفکردنی دەرکەوتنی شتێک، رادەربڕین لەمەڕ رووداوێک، فۆرمبەخشین و تاقیکردنەوەی تیۆرییەک، خستنەرووی بەرەنجامی تاقیکردنەوەیەک لەسەر هێڵی بەیانی و خشتەدا... نووسین و خوێندنەوەی چیرۆکێک.... رۆڵبینینێک... گۆرانی چڕین... هەڵهێنانی نهێنییەک.. نوکتەدروستکردن و گێڕانەوەی.. شیکردنەوەی هاوکێشەی بیرکاری.. داواکردن، سوپاسکردن، نەفرەتلێکردن، پێشوازیکردن و بەخێرهاتن کردن، نوێژکردن.

پەیڕەوانی ڤیتگنشتاین قسەیان لەسەر ئەدەب و زمانی عیشق و رەوشت و ئاین و شتەکانی تر دەکرد، لەنێو چالاکییە زمانەوانییە مرۆییەکاندا شوێنێکی تایبەتیان بەخشی بەمجۆرە زمانە. لە هەر گەمەیەکی زمانەوانیدا لەمەڕ ئەوەی واژەکان لەنێو بنیاتی خۆیاندا چ رۆڵێک دەبینن یاسا و رێککەوتنێکی گشتگیر هەیە. بۆ نموونە بڕوانە وشەی "رەق"، ئەم وشەیە یەک مانای هەیە کاتێ بۆ باسکردنی جەستەیەکی رەق بەکار دەهێنرێ وەک لایەنی فیزیکی، بەڵام ئەگەر هاتوو ئەم وشەیە بۆ کەسێک بەکار هێنرا کە لەلایەن ئاکارەوە کاراکتەرێکی رەقی هەیە ئەو کاتە ماناکەی جیاواز دەبێ. بێگومان لە هیچ کتێبێکدا یاسایەک بۆ گەمە زمانەوانییەکان دانەنراوە، بەڵام ئەندامانی هەر کۆمەڵگەیەکی زمانەوانی تا رادەیەک بەشێوەیەکی ناهۆشمەند پێڕەوی ئەم یاسایە دەکەن. فەیلەسووفان ئاشکراکەری ئەم یاسایەن.

فون بەرن بۆ دەستنیشانکردنی پێگەی زمانی مەسیحی لەنێو نەخشەی زمانەوانیدا، ئاماژە بە بەشگەلێک لە زمانی مرۆیی دەکات، کە زۆر لە سەنتەری "روون و یاساداری" زمانەوە دوورن، (کە

لەوێدا بە دەگمەن تێنەگەیشتنێک روو دەدات)، بەپێی بۆچوونی ئەو، رەگەزدۆزی، شیعر، پارادۆکس، برێتین لە چەند چالاکییەکی زمانەوانی کە لێکچوونێکی زۆر نێزیکیان لەگەڵ زمانی مەسیحیدا هەیە. رووە هاوبەشەکانی ئەم دووانە برێتییە لەوەی هەردووکیان مەبەستیان شتێکە کە ئێمە پێش ئەوەی بتوانین بیڵێین، ئەوان دەیڵێن، هەوڵیش دەدەن وشەکان بەشێوەی پاش مانا بەکار بێنن، ئەوەندەش ئەو وشانە بەرەوپێش بەرن تا دەگاتە سنووری بێمانایی. بڕوانە چۆن رەگەزدۆزییەک، دەبێتە هۆی درێژکردنەوەی زمان (دەرگە دەرگە نییە کاتێ نیوەکراوە بێ)، یان ببین کە زمانی شاعیرانە چۆن دەیەوێ سنووره ئاساییەکانی زمان بەجێ بهێڵێ (چاوانی تۆ پڕ شەوقترن لە ئەستێرەکانی ئاسمان).

فۆن بڕوای وایە کە کولتووری ماتەریالی رۆئاوا پاڵمان پێوە دەنێ لە سەنتەر و شوێنە ئاسایشەکانی زمان بژین، واتە لە بەشەکانی وەک زمانی زانستی، ئابووری، مێژوو، ئیدراک. بەڵام ژیانی مرۆڤ لەنێو سەنتەری زماندا دەبێتە هۆی ئەوەی بێبەش بێت لە بەشێک لە ئەزموونە دەوڵەمەندەکان و لە هەندێ شێوەی بوون لە جیهاندا. بەبڕوای فۆن رۆڵێ زیندووی زمانی ئاینییە کە هەندێک لە رووە مرۆڤایەتییەکەمان رادەگەیەنێ. ئەوەش نیشان دەدات کە مەسیحییەکان نایانەوێ خۆیان لە سەنتەری ماتەریالی زماندا ئابڵووقە بدەن، بگرە ئەوان هەوڵ دەدەن لەبارەی جیهان و مرۆڤەوە شتگەلێ بڵێن کە بە زمانی ئاسایی و زانستی وتنیان مەحاڵە. "خوا مەسیحی لەپاش مردن زیندوو کردەوە"، ئەگەر مەبەست لە رووداوێکی مێژوویی بێت ئەم رستەیە نموونەیەکە لە پەراوێزی وتنی مەسیحی کە بە هەڵە تێگەیشتنی لەبارەوە کراوە. لە راستیدا ئەم رستەیە کە باس لە بڕوا دەکات و هەوڵدانە بۆ قسەکردن لەسەر مەسیح و بەردەوامی لایەنگیری و کاریگەرێتیی ئەو، هەوڵی داوە زمان بەرەو سنووری خۆی ببات، ئەو کاریگەرییەی ئەم رستەیە لای بڕواخوازان دروستی دەکات جیاوازە لەوەی کە لای خوا دروست دەبێ. قسەکردن لەسەر خوا "کە کەسایەتییە بەڵام کەس نییە"، قسەکردنیش لەسەر "جەستەیەکی رۆحانی" کەوتوونەتە پێشەوەی نموونەکانی "پەراوێزی قسەکردن"ی مەسیحییەوە.

ئەوان هەستاون بە شیکردنەوەی ئەرکی زمانی ئاینی، بەئاشکرابوونی کۆمەڵە ئەرکێکی جۆرەوجۆر یارمەتییەکیان پێشکێش بەم زمانە کردووە. ئەم فەیلەسووفانە لە بەردەوامیی کارەکەی ڤینگنشتاین پێرستێکیان ئامادە کردووە، ئەوەمان پێ دەڵێن کە لە بواری ئایندا بە شێوەی جۆرەوجۆر سوود لە زمان وەردەگیرێ وەک: نوێژکردن و پەرستکاری، وتنەوەی وەعز و ستایشی ئاینی، دڵدانەوە، هاندان، پێشاندانی وەفاداری و زۆر شتی تر. بەمجۆرە فۆن و هەموو ئەوانەشی کە بڕوایان بەشیکردنەوەی ئەرکخوازانە هەبووە، لە بەردەم ترسی خزانبوون بەرەو جۆرێک لە بڕواخوازی، بڕواخوازی بۆچوونێکە بڕوا لە رەخنە بەدوور دەگرێ. زمانی ئاینی خاوەن خەسڵەت و کاریگەری خۆیەتی، بۆیە نابێ ئەمەش بکەوێتە نێو هەمان ئەو پرس و لێپرسینەوە زمانەوانییەی کە لە بوارەکانی تردا روو دەدا. بەبڕوای فۆن ئەم پرسیارە پرسیارێکی نابەجێیە کاتێ دەڵێ ئاخۆ

وشەی خوا ناوی کەسێکە یان شتێکە؟، یان بەشێوەیەکی تر ئاخۆ شتێکی مەوزووعی هەیە کە بشێ ئەو ناوەی لێ بنرێ؟، ئاخۆ ئەم وشەیە پێوەندیی بە شتێکی واقیعییەوە هەیە؟. هەموو ئەم پرسیارانە پێوەستن بە شتی فیزیکی یان ئەو شتەی کە پێوەندییان بە واقیعەوە هەیە. بەڵام ئاین ناتوانێ داواکاری ئەوە بێ کە بنیاتترین وشەی خۆی (واتە وشەی خوا کە بەهێزترین و لەسەرترین وشەی ئاینییە) بکاتە پاشکۆی کۆمەڵە یاسای بوارەکانی تری زمان، کە لەوێدا ناولێنان و مەرجەع کلیلێکی تەکنیکییە. لە کۆمەڵگە ئاینییەکاندا تەنیا تەرکیزکردنە سەر پرۆسەی ئەرکی زمانی ئاینی، دەبێتە هۆی پشتگوێخستنی زانیاریی پێوانەیی. وا پێ دەچێ ئەوانەی بڕوایان بە شیکردنەوەی ئەرکخوازی هەیە، لەم بوارەدا خۆیان دابێتە دەست را و بۆچوونی پۆزەتیفیستەکان کە پێیان وابوو زمانی ئاینی مانای مەعریفەتبەخشی نییە، بۆیە هەوڵیان دا مانایەکی تر بۆ زمانی ئاینی بدۆزنەوە: مانای ئەرکخوازی. بەهەرحاڵ "فۆن بەرن" و زۆربەی بیرمەندە ڤینگنشتاینییەکان سەرنجی ئێمەیان بۆ لای پێوەندیی قووڵی نێوان زمان لەگەڵ زۆربەی بوارەکانی تری ژیان راکێشاوە. ئەوان بوونە هۆی ئەوەی پێمان وابێت بەشێکی زۆر گەورەی مرۆڤایەتی لە راستیدا لەوێوە سەرچاوە دەگرێ کە ئێمە کۆمەڵێ بوونەوەری زمانەوانین. بەهەرحال فۆن بەرن ئەو کاتە بەتەواوی و بەشێوەیەکی ئاراستەکراو دەتوانێ زمانی ئاینی بخاتە پەڕاوێزەوە کاتێ کە توانی وەکو پۆزەتیفیستەکان زمانی زانست و زمانی ئاسایی بکاتە سەنتەری چالاکییەکانی خۆی. راڤەیەکی دڵنیاکەر و رەنگیشە قبووڵتر ئەوەیە کە بڵێین زمانی ئاینی وەک زمانی زانستی لە رووی وردی و مانادارییەوە خاوەنی کۆمەڵێ پێوانەی دەروونی تایبەت بەخۆیەتی و پێوانە زانستییەکانیش لە پێوانە ئاینییەکان لەپێشتر نین.

سەرباری ئەوەش وا پێ دەچێ فۆن بەرن بە تەواوی هەستی بە بنیاتی ئاڵۆزی زمانی ئاینی نەکردبێ. زمانی ئاینی هەڵگری راگەیاندنی میتافیزیکی، ئێتیک و مێژووە، ئاینپەروەرانیش ئەم شێوە راگەیاندنانە وەک کۆمەڵێ حوکمی میتافیزیکی و ئێتیکی و مێژوویی وەردەگرن. فۆن بەرن بەگۆڕینی زمانی ئاینی بۆ چالاکییەک کە راگەیەنەری بۆچوونێکی تایبەتە لەمەڕ جیهان، ئەم پرسیارە گرینگ و بنەڕەتییە بەبێ وەڵام بەجێ دەهێڵێ: ئاخۆ دەتوانین بە زمانی ئاسای شتێک بڵێین لەسەر راستیی بێکۆتایی (کە لێرەدا مەبەست لە خوایە)؟؟، لەلایەن ئاینپەروەرانەوە ئەو راستییە خوایە؟

بیرمەندانی تەقلیدی وەک ئاکیۆناس دەڵێن، بۆچوونەکەی بیورنس (وەک بۆچوونەکانی براسوایت و زۆربەی لایەنگرانی کردارخوازی شیکەرەوە) ناکرێ بە جیدی وەرگیرێت، ئەوان هەمیشە لای خۆیانەوە لە دڵی چیرۆک و زانیارییە ئاینییەکانەوە هەندێ راستی دەرەکی رادەگەیەنن، یان هیچ نەبێت خۆیان سەرقاڵ دەکەن بە خواپەرستی و هەڵسوکەوتی ئاینەکانی ترەوە کە لەسەر هەمان ئەو راستییە دەرەکییانە بنیات نراون.

## زمانی ئاینی وەک سیمبول

زۆر لە فەیلەسووفان لە بەرامبەر کاری کردارخوازییە شیکارییەکان تووشی نائومێدی بوون، هەروەک چۆن بەرامبەر بە لێکدانەوە شیکارییەکانیش تووشی هەمان حاڵەت بوون. پرۆسەی لێکدانەوەی شیکاری ئەوەی رەت کردەوە بەشێوەی درک و هەستەکان مامەڵە لەگەڵ زمانی ئاینی بکات، بەڵام ئەرکخوازی شیکاری هەوڵی دا بۆ ئەو تیۆرە کەسانێک بدۆزێتەوە کە لە بناغەوە لەسەر بیری نائیدراکی بۆچوونەکانیان بنیات دەنێن. زۆر لە فەیلەسووفە هاوچەرخەکان دان بەوەدا دەنێن کە زمانی ئاینی مانایەکی درک پێکراوی مەشروعییانەی هەیە، بەڵام ژمارەیەک لە فەیلەسووفەکانی تر بڕوایان وابوو ناکرێ ئەم زمانە بکرێتە زمانێکی راستەقینە. هەروەها سەختیشە بتوانرێ بەشێوەیەکی هاوبەرامبەری بوترێ خوا لای زانایانی ئاینی بووە بە تیۆرێکی بنەڕەتیی هاوچەرخ. فەیلەسووفەکان و پیاوانی ئاینیش هەردوولایان لەوە دەترسن کاتێ کە باسی خوا بکەن، بکەونە نێو هەڵەی تێکەڵکردنەوە، واتە تێکەڵکردنی خوا و مرۆڤ پێکەوە، واتە کاتێ باس لە خوا دەکرێ، وەک مرۆڤێ باسی بکەین. هەروەها تیۆری پێوانەی تەقلیدی بەس نەبوو بۆ ئەوەی لە شیکردنەوەکانیان لە بەمرۆڤکردن دوور کەونەوە، زۆر لە بیرمەندانی پاش ئەوان کۆمەڵێ راڤەیان لەمەڕ لێکدانەوەی هاوبەرامبەری پێشکێش کرد: هەندێکیان قسەیان لەسەر مۆدێلی خواناسی کرد، هەندێکیان باسیان لە "چیرۆک" کرد، هەندێکیشیان قسەیان لەسەر "میتافۆر" کرد، تا ئێستەش هەندێکیان قسە لەسەر "مەتەڵ و چیرۆک" دەکەن وەک مۆدێلێکی بنەڕەتی بۆ وتاری ئاینی.

پسپۆڕی بواری خواناسی پاوڵ تیلیچ بەو هەڵوێستەی ناسرا بوو دەیگوت قسەکانی خوا سیمبولین. تیلیچ وەک زۆربەی لێکۆڵەرەوانی تر هەستی بەوە کردبوو، ئەو راگەیاندنانەی دەڵێن "خوا لەگەڵ پەیامبەرەکانی دەدوا"، یان "خوا چاوەدێریکەری منە" تەنیا برێتی نین لە بۆچوونێک بۆ دەربڕینی راستەقینە، سەرباری ئەوانەش، خوا تەنیا بەجووڵانەوەی ژێدەنگەکانی قوورگ قسە ناکات و خواش بەو شێوەی کە ئێمە لە چەمکی چاوەدێریکەر گەیشتووین چاوەدێری ناکات. بەشێوەیەکی گشتی ژمارەیەکی زۆر بار و حاڵەتی سیمبولی لە قسەکردنی ئاساییدا هەن. بۆ نموونە ئێمە قسە لە "دەمی رووبار " دەکەین و یان دەڵێن کارەکتەری مەسیح کارەکتەرێکی "رەق" بوو. لە وتاری ئاساییدا، ئەم جۆرە سیمبول و قسە میتافۆرییانە دەکرێ لە دەرەوەی راستیدا مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ. بۆ نموونە دەتوانین ئەوە شی بکەینەوە کە رووبار "دەمی" هەیە، بەو شێوەی کراوەیەوە و لەوێوە ئاوی لێ دێتە دەرێ. یان مەسیح کارەکتەرێکی "رەقە" مانای وایە ئەو کەسە سەربەخۆیە و توانای خۆڕاگریی لەژێر پاڵەپەستۆدا هەیە.

هەموو ئەم حوکمانە برێتین لە حوکمی پێشبینی، ئاماژەن بە پێوەندی و سیفەت و چالاکییەکانی سەبجێکت. کەواتە بۆچی تیلیچ رازی بوو بەوەی دەکرێ حوکمە سیمبولییە ئاساییەکان

لێکدانەوەی هاوشێوە بدەن بەدەستەوە، کەچی تیلیچ جەخت لەسەر ئەوە دەکات ئەم حوکمە بۆ زمانی ئاینی نابێ؟ بەپێی بۆچوونی ئەو کاتێ خوا دەبێتە بابەتگەلی وەک جەختکردنەوە، هەرچی مومتەلەکات، پێوەندی، چالاکییەک کە دەردێتە پاڵی، رووبەکی سیمبولی وەردەگرێ، لەبەرئەوەی خوا مەزن و بالایە، بێ کۆتایی و بێ سنوورە، سنووردار نییە لە رێگەی بنیاتیبوونی بوونەوەرێکەوە. تیلیچ "بەتەواوی یەکێکی تر" ئاماژە بۆ خوا دەکات، ئەو ئەم تێرمە بەکار دێنێ تا پێمان بڵێ خوا جیاوازییەکی بنەڕەتی هەیە و لە هیچ شتێک لەو شتانە ناکات کە ئێمە دەیناسین. هەروەها دەڵێ هەر لە بنەڕەتەوە خوا بوونەوەرێک نییە، بەڵام "بناغەی هەموو بوونەوەرەکانە". بەپێی بۆچوونی ئەو خوا بوونەوەرێکی بێ کۆتاییە و بنیاتی بێ کۆتاییبوون، ئەوی سنووردار نەکردووە، ئاشکرایە تیلیچ، قسەکردنی راستی لەسەر خوا بەناڕاستی دەزانێ، لەبەرئەوەی بڕوای وایە ئەم جۆرە قسانە دەبنە هۆی ئەوەی خوا لە بەرامبەر هەموو بوونەوەرەکانی تر وەک بوونەوەرێکی تایبەت و بەش بەش بێتە پێش چاو. ئەمەش ئەو بۆچوونە چەوتەیە کە پێی وایە خوا بوونەوەرێکە لە جۆری دیاریکراو، هەڵدەستێ بەئەنجامدانی هەندێ کار وا دادەنرێ کە ئەو کارانە دەبنە هۆی رەتکردنەوەی ئەوپەڕێتی خوا. لە لای تیلیچ خوا لەپاش هەموو ئەو شتانەیە. بۆیە بەهیچ شێوەیەک ناتوانرێ دەستنیشانی ئەوە بکرێ کە راگەیاندنە سیمبولییەکان لەبارەی خواوە چ حوکمێکی راستەقینە وەدەست دێن. هەرگیز هیچ نییە و ناکرێ پڕ بەپێستی خۆی مانای خوا بگەیەنێ، هەروەها ناشکرێ وێنەیەکی خوا لە رێگەی بەڵگە زمانەوانییەکانمان بخەینە روو. بەمجۆرە هەرگیز هیچ کەسێک ناتوانێ بەڕێزەوە داوای شتومەکێ یان سیفەتێک بکات کە خوا هەیەتی، تەنیا لە حاڵەتێکدا کە خوا ئەو شتەی هەبێ. راستی و جۆرایەتی و ساختەکاری بەتەواوی کۆمەڵێ کاری لابەلایین.

کەچی تیلیچ پێی وانییە لە دەرەوەی هاوشێوەکاری بکرێ سیمبولی ئاینی بەکار بهێنرێ، بەڵام پێی وایە دەکرێ شەقامێک بێ بۆ ئیلهام، مانایەک بێت بۆ وردبوونەوە لەسەر "گرینگیی ناکۆتایی"، هەروەها بۆنەیەک بێ بۆ رووبەڕووبوونەوەی خوا. تیلیچ ئەم دوو وشەیەی "نیشانە" و "سیبمول"ی لە پشتەوەی خۆیان بۆ شتێکی تر روون کردووەتەوە."نیشانە"ی نموونەیی (بۆ نموونە چرای سوور لەسەر چوارڕاکان) ئاماژە بەخۆی ناکات، بگرە پێویستە بۆ راگرتنی ئۆتۆمۆبێلەکان.

سەرچاوەکان:

Reason and Religious Belief
An Introduction to the Philosophy of Religion
Oxford University Press 1993

# خۆشەویستی چییە؟
# دەمەتەقێیەکە لەگەڵ لاش نۆرێن

کاتێک لاش نۆرێن من لەسەر عەرەبانەی کەمئەندامان دەبینێت، بۆ تەنیا ساتێکیش بەو شێوە پڕ لە هەست و سۆز و بەزەییەی کە من لەسەری ڕاهاتووم، سەیرم ناکات، هەروەکو من بەو شێوەیە نەبینێت، یان نەوێرێت ڕووبەڕووی ئەم کەمئەندامییەم ببێتەوە.

لاش نۆرێن دەیەوێت هەموو شتێک بزانێت و بەبێ شەرم پرسیار دەکات. من هاتووم بۆ گۆتلاند[2] تا هەوڵ بدەم و تۆزێک لە ژیانی لاش نۆرێن تێ بگەم، بەڵام ئەو دەست بەسەر بارودۆخەکەدا دەگرێت و دەکەوێتە پرسیارکردن:

- ئەسپەکە چی کرد؟
- بەپشتدا کەوتیتە خوارەوە؟
- دەتەوێت سەرلەنوێ دەست پێ بکەیتەوە[3]؟

دەستبەجێ ئەو وێنەیەی لەلای خۆم سەبارەت بەلاش نۆرێن بۆ خۆمم دروست کردبوو، ئاشکرا دەبێت: کە ئەم نووسەرە، مرۆڤەکان، ئەزموونەکان و تراجیدیاکان کۆ دەکاتەوە، چونکە ژیان و چارەنووسی خەڵکی پێویستە، بۆ ئەوەی شانۆنامەکانی بنووسێت.

دوای ئەوە لاش نۆرێن دان بەوەدا دەنێت، کە زیندەخەونێکی ناخۆش و دێوزمە ئاسای هەیە و هەمیشەش دووبارە دەبێتەوە، کە لە پڕ لە خەو خەبەری دەبێتەوە، هەست دەکات ناتوانێت جەستەی بجووڵێنێت. هەروەکو من دەبێتە کەمئەندام و بەکورسیی عەرەبانە ئاسای کەمئەندامان دەڕوات.

کاتێک دەگەم، لاش نۆرێن بە پایسکیلێکی بچکۆلەوە چاوەڕوانیم دەکات و بەرەو ناو هەرسێ خانووە بەردینە جوان و ڕووناکەکانیم دەبات. تیشکی ڕۆژەکە بڵاو بووەتەوە. ئێمەش لە دەرەوە، لە پاڵ تاشەبەردە وشک و ڕووتەڵەکاندا دادەنیشین و لە کوپی گەورەدا قاوە دەخۆینەوە. تیشکی

وەرگێڕانی لە سوێدییەوە[1]: دانا ڕەئووف

رۆژەکە بەناو لەوەڕگەی مەڕ و مانگا و کێڵگە فراوان و پێدەشتەکاندا بڵاو بووەتەوە. (ئانیکا) کێکی بەدارچینییەوە بۆ کردووین و بەقاوەکەوە دەیخۆین. (ئانیکا) ئەکتەرە. لە پایزدا، لە کاتی نمایشکردنی شانۆنامەی (ئاوی وەستاو)ی لاش نۆرێن خۆیدا، کە بۆ شانۆی جوولەکە لە ستۆکهۆڵم کاریان تێدا کرد، یەکتریان دیوە. کێکە دارچینییەکە زۆر خۆشە، لاش نۆرێن و ژنە تازەکەشی، (ئانیکا)ی ئەکتەر، لەوە دەچێت لەم شوێنەدا پێکەوە بەختیاربن.

دواتر من بواری ئەوەم بۆ دەڕەخسێت پرسیاری لێ بکەم و گفتوگۆکەمان دەست پێ بکەین. سەرەتا لێی دەپرسم ئاخۆ نیازی ئەوەی نییە بەیەکجارەکی بگوێزێتەوە و لەم دوورگەیە بژی؟

– هیوادارم. من زۆر حەز دەکەم، کە لێرە بم.

لە پڕ لایەنێکی تری خۆیم بۆ ئاشکرا دەکات، کە تەواو بە من نامۆیە. ئەم نووسەرە گەورەیەی سوید، کە لە دوای "ئینگمار بیرگمان"ەوە لە هەموو کەسێک زیاتر لەسەری نووسراوە، فرە بەرهەمە و بەردەوام خاوەنی پڕۆژەی تازەیە. ئەم نووسەرە کە بەدیدێکی رەش ناوزەد کراوە و بەرهەمەکانی مۆرکێکی پڕ لە نائومێدی و شەڕی نەوەکان لەخۆ دەگرێت. خەون بەوەوە دەبینێت کە بەتەواوەتی و بۆ یەکجارەکی لە دنیای ئەدەب و شانۆ دوور بکەوێتەوە، لە بریی ئەوە باخێکی گێلاسی ژاپۆنیی تایبەت بەخۆی بڕوێنێت و باخچەکانی بژار و پاک بکاتەوە.

– یەک دووساڵی تر بەکاری دەرهێنانی شانۆییەوە خەریک دەبم و دوای ئەوە دەکشێمەوە و خۆم بڕیار لەسەر کاتی خۆم دەدەم. من هەر زۆر بە پەرۆشی ئەوەوەم بەتەواوەتی لە هەموو شتێک دوور بکەومەوە و تەنیا هەر لێرە، لەم شوێنە بم. پێم خۆشە ئەو قۆناغە ئەکتیڤ و پڕ لە کارەم تەواو بکەم.

_ واز لە نووسین دەهێنیت؟

– نەخێر، بەپێچەوانەوە، ئەو کات دەتوانم بەتەواوەتی خۆم بۆ نووسین تەرخان بکەم.

– دایک و باوکت سەبارەت بە پیشەکەت، وەکو نووسەر دەیانوت چی؟

– هەر زۆر دوودڵ و نائارام بوون. ئەوان دەیانویست نووسین وەکو کارێکی لاوەکی وەربگرم، لە بریی ئەوە پیشەیەکی تەواوەتیم هەبێت. دایکم دەیویست من ببم بە قەشە، خۆی لە بنەماڵەیەکی قەشەدا گەورە بووە.

– چۆن باسی گەورەبوونی خۆت لە هوتێلی خێزانەکەتان، لە ناوچەی گێنارپ دەکەیت[٤]؟

– کاتێکی خۆش بوو. لە زۆر رووەوە کاریگەریی هەبووە لەسەر من، هەموو جۆرە مرۆڤێکی لێ کۆ دەبووەوە. لە ژووری نانخواردن، شوێنی دانیشتن بەپێی ئاستی چینایەتی دیاری کرابوون: باشترین شوێنەکان، مامناوەندی... هتد. ژووری قاوە و چا خواردنەوە و هەروەها شوێنە خراپەکان. تێکەڵەیەکی سەیروسەمەرە بوو. ریتواڵەکانی بەخاکسپاردن، ژن و ژنخوازی و

ئاهەنگگێڕان و کەسانێکی زۆری سەرخۆش و بەدمەستەکان. هەموو لەم هۆتێلەدا کۆ دەبوونەوە. ئەو جووتیارانەی کە کێڵگەکانیان بەهۆی بەدمەستی و مەی خواردنەوەوە لە دەست دەدا و چەندین تراجیدیای تر، بەڵام ژیانێکی ئێجگار قەرەباڵغ بوو، ژیانی رۆژانە زریانێکی گەورە بوو لە هاتوچۆی بونیامەکان.

– شتێکمان لەبارەی منداڵیی خۆتەوە بۆ بگێڕەرەوە؟

– تەمەنم شەش ساڵ بوو کە هاتم بۆ گێنارپ. لە یەکەم رۆژەکانی قوتابخانە کە دەستم پێ کرد، چەند کوڕێک منیان بە عەمودێکی کارەباوە بەستەوە و بەوایەرێک کەوتنە لێدانم، هەر لەبەرئەوەی من بەشێوەیەکی سەیر قسەم دەکرد. ئەمە راچڵەکین و شۆکێکی گەورە بوو بۆ من، کاریگەرییەکی قووڵی تێ کردم. لێرەوە ناچار بووم بەرگری لە خۆم بکەم، زیاتر ببمە کەسێکی بێباک و کەللەڕەق. زۆر گرانە لە پڕ بکەویتە ناو گوندێکی ناوچەی (سکۆنە)وە[5]. خانەوادەکەشم خاوەنی پیشەگەلێکی تایبەتمەند بوون، هۆتێلیان هەبوو، باوکم بەدمەست بوو. ئا ئەمە بەشێوەیەکی بەهێز کاری تێ کردووم و بووەتە بەشێک لە من.

– چۆن؟

– زۆر ئاسانە بۆ من خۆم لەو کەسانەدا ببینمەوە کە لە دەرەوەی سیستمە کۆمەڵایەتییەکاندان، من لەمە دەگەم و دەیانناسمەوە.

– بۆچی لە تەمەنی پازدە ساڵیدا لە گێنارپەوە گەڕایتەوە بۆ ستۆکهۆڵم؟

– لەلایەکەوە لەبەرئەوەی ژیانیماڵەوە زەحمەت و دژوار بوو، لەلایەکی تریشەوە دەمویست بێم بۆ ستۆکهۆڵم تا ببم بە نووسەر.

– بیری ماڵەوەتان نەدەکرد؟

– کچێکم ناسی و بۆ ماوەی سێ ساڵ لە شەقامی ریدەرگاتان[6] لەلای ئەو دەژیام، بۆیە هێندە بیری ماڵەوەم نەدەکرد. ئەو کچە دە ساڵ لە من گەورەتر بوو، من تەنیا تەمەنم شازدە ساڵان بوو، ئەویش بیست و شەش ساڵ بوو.

– برایەکتان لە گێنارپ دەژیا، چ جۆرە پێوەندییەکتان بەیەکەوە هەبوو؟

– زۆر نا. ئەو ئەندازیاری خانووبەرە بوو. ئێستا خانەنشینە و دە ساڵ لە من گەورەترە. ژیانێکی تایبەتمەندیی خۆی هەیە، جیهانێکی تایبەتمەند. شتێکی ناخۆش و گرانیش نییە، کە ئێمە هیچ پێوەندییەکمان نییە. ئەوە واقیعێکە و پێی رازی بە.

– چی وای لە تۆ کردووە کە بەردەوام بیت لە نووسیندا؟

– من وزەیەکی بەهێزم هەیە. چەندین شانۆنامەی نووسراوم هەن، بەلای خۆمەوە لە ئاستێکی

باش و بەرزدان، بەڵام تاکو ئێستا نە بڵاوم کردوونەتەوە، نە ناردوشمن بۆ شانۆکان. من هیچ پێویستییەکم بە کاردانەوە و ستایشێک نییە بەرانبەر ئەم شانۆنامانە. تەنیا لەو کاتانەدا دەریان دەهێنم کە پێویستم بە پارەیە. ئەم شانۆنامانە تا لە چەکمەجە و سەر رەفەکاندا بمێننەوە، من خاوەنیانم و موڵکی خۆمە. ئەوانەشی کە بڵاو دەکرێنەوە یان لەسەر شانۆکان نمایش دەکرێن، زۆر لەمێژە نووسیومن.

– بۆچی لە تەمەنی چل و نۆ ساڵیدا بوویتە ریژیسۆر؟

– (یان مالمشوێی) و (ماریا یۆرانزۆن)[7] بیریان لە شانۆنامەی (سەمای مەرگ)ی ستریندبیری کردبووە و پرسیاریان لە من کرد کە کاری ریژیان بۆ بکەم. من لەوەوبەر بەهیچ شێوەیەک بیرم لە کاری ریژی نەکردبووەوە، بەڵام بیرم کردەوە بونیام دەتوانێت هەوڵێکی لەگەڵدا بدات. بەهەرحاڵ دەتوانین هیچ نەبێت دەست بکەین بە خوێندنەوەی.

– وەکو بەڕێوەبەر چۆنیت؟

– باشم، زۆر باش.

– چۆن؟

– نا، تەنیا گاڵتەم کرد. من حەزم بەوەیە کە سەرپەرشتیار بم و بڕیار بدەم. هەر زۆر حەزم لەوەیە.

– بۆچی رێگە بۆ ئەکتەرەکانت خۆش دەکەیت، سەما بکەن؟

– ئەوە شتێکی لەخۆوە بوو، جارێکیان کارم لەگەڵ گرووپێکی گەورەی ئەکتەرەکاندا دەکرد و بیرم لەوە دەکردەوە چی بکەم. سەما هات بەخەیاڵمدا. رێگەم بۆ کردنەوە سەما بکەن. سەماکردن چەندین، یاخۆ هەموو دژایەتییەکان تێکوپێک دەشکێنێت و رێگەیەکی زۆر باشە بۆ نزیکبوونەوە و لە یەکتر گەیشتن.

– بۆچی تۆ هەرگیز دوای یەکەم رۆژی نمایشەکان ناگەڕێیتەوە بۆ لای ئەکتەرەکان و نمایشەکە[8]؟

– من زۆر بە چڕی کار دەکام و تامەزرۆی ئەوەم بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە تا بنووسم. ئەمە بۆ من ژیان و مەرگە. بەهەمان شێوە کاری ریژی بەلامەوە هێندە گرینگ نییە، بۆ من تەنیا کارێکی خۆشە و هیچی تر. بەڵام لەو بڕوایەدام، کە ئەکتەرەکان ئەمەیان پێ خۆش نییە و پێی دڵگران دەبن.

– دوو شانۆنامەت لە چەکمەجەکانتدا حەشار داوە، بۆچی ئەمانە نمایش ناکرێن؟

– ئەو شانۆنامانە زۆر تایبەتن بەخۆم، باسی خۆم دەکەن، ژیانم، سەردەمی منداڵیم. ئەمانە دەبێت چاوەڕێ بکەن تا من دەمرم.

– بۆچی شانۆنامەی (حەوت/سێ)تان نووسی[٩]؟

– نامـەیەکم لە یەکـێک لـە بەندییـەکـانی بەندیخـانەی (تیـدەهۆڵم)ەوە بـەدەست گـەیشت[١٠]. بەندییـەکانی ئەو بەندیخانـەیە گرووپێکی شـانۆییـیان دروست کردبوو، داوایان لە من کرد، ئەگەر تێکستێکم هەبێت بەکەڵکی ئەوان بێت. منیش لەگەڵیان کەوتمە گفتوگۆکردن. هەر زوو یەکێک گوتی من (ناشوناڵ سۆسیالیستم)، بەمە من بەتەواوەتی تووشی شۆک و ڕاچڵەکین بووم[١١]. ئەمانە لە ناوچەرگەی کۆمەڵگەی سـوێدیدا بوون و منیش دەمـویست بزانم چین. بارودۆخـێکی داخراو و ترسناک بوو. پێوەندی و لێک تێگەیشتن و نزیکبوونەوەش هەر زۆر مەحاڵ بوو.

– لە کاتی ئەو پڕۆژەیەدا، پێوەندییەکانت بە (تۆنی ئۆڵسۆن) و (ماتس نیلسۆن)ەوە چۆن بوو[١٢]؟

– هەمـان پێوەندی، کـە من بە هـەمـوو ئەکـتـەرێکی ترەوە هەمـبـوو. خـۆشـم بوێن، کـار بکەم لەگەڵیاندا، بەڵام ئەوانم وەک (کەس) خۆش نەوێت، ئەوەم خۆش بوێت کە دەیکەن.

– چۆن زانیت کە ئەوان لە هێرشەکەی مالێکساندرادا بەشدار بوون و خەڵکیان کوشتووە[١٣]؟

– بەهۆی وێنەیەکـەوە کـە لە ڕۆژنامـەکـاندا بڵاو کـرابووەوە. من دەسـتی تۆنیم ناسـیـیـەوە کـە بەچەکێکی AK4ەوە، لەبەردەمی دەرگەی (بانک) لە "کیسـە" وەسـتـابوو. تووشی شـۆکـێکی بەهێز هاتم، بووم بە بەرد و نـەمدەتوانی لە جێگەی خۆم بجووڵێمـەوە، لە هـەمـان کـاتدا بەو هیوایە بووم ئەوەی، کە لە ڕۆژنامـەکاندا بڵاو کراونەتەوە ڕاست نەبن و هـەڵـە بن. هـەروەها من زۆر بەو ڕووداوە سـەرم سوڕ نەما. هێندە نەفام و سادە نەبووم، کە لەو بڕوایەدا بم ئەوەی ئێمـە پێکەوە کردوومـانە، کاریگـەرییـەکی بەهـێزی وەها لەوان بکات، کـە گۆڕانکارییـەکی بنەڕەتیـیـان تێـدا دروست بکات و بیانکاتە هاووڵاتییەکی باش و بەسوود.

– ئەی چیت کرد؟

– لە مۆتیڤەکانی خۆم ورد بوومەوە، لە خـۆمم پێچایـەوە. دەبوایە چیمان بکردایە؟ مـن گەیشتمـە ئەو باوەڕەی، کە ئێمە مۆتیڤەکانمان زۆر ڕاست و پاک بوون.

– ئەم مەسەلەیە بە چ شێوەیەک تۆی گۆڕیوە؟

– ئەم کــارەســاتە بەشــێکە لـە ژیانم و شــتــێکە بە بـەردەوامی و ڕۆژانـە کــاری بـۆ دەکــەم. بەخۆشحاڵییەوە دەمەوێت جارێکی تر کار لە بەندیخانەکاندا بکەم، بەڵام هەرگیز لەگەڵ کەسانی نازیدا نا.. هەرگیز. من هەست دەکەم پیس بووم، ئەوە ئایدۆلۆجیایەکی پیسە، ترسناکە، دژی ژیان و پڕ لە هەڕەشەیە.

– چیت بە تۆنی و ماتس گوت، کە لە بەندیخانە سەردانت کردن؟

– من دەمویست بزانم ئەوان چۆن توانییان تاوانێکی وا بکەن و لە هەمان کاتدا لەگەڵ ئێمە کار بکەن. من دەمـویست ئەمـانە واز لە نازیزم بهێنن. سەردانەکە و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەوان، ئێجگار

دژوار و ترسناک بوون. بونیام هەستی بە ئامادەگیی تاوانەکەیان دەکرد. ژیانی چەند کەس بەهۆی ئەوانەوە تێک شکێنرا و لەناوچوون.

– چۆن دەڕوانیتە بنەماکانی خێزانێکی کامڵ و تەواو؟

– شتی وا هەیە؟ لەوانەیە تەنیا لە خەونی پارتی کریستییان دیموکراسەکاندا شتی وا هەبێت. من خودی خۆم هیچ خەونێکم بۆ خێزانی کامڵ و تەواو نییە. لەو بڕوایەدام ئەوە جۆرێکە لە بەندیخانە. من خەون بە مرۆڤی سەربەستەوە دەبینم.

– ئەی تۆ وەکو باوکێک چۆنیت؟

– لەو بڕوایەدام من باوکێکی زۆر باش بم.

– کچەکانت بۆ تۆ چی دەگەیەنن؟

– من بەوانەوە دەژیم و زۆر وابەستەی ئەوانم. بەبەردەوامی بیر لەوان دەکەمەوە. پێوەندییەکی زۆرم پێیانەوە هەیە. بۆ من زۆر گرانە ددان بەوەدا بنێم و لەوە بگەم، کە ئەوان گەورە بوون. ئێستاش دەمەوێت هەر من بڕیار بدەم. یەکێکیان تەمەنی بیست و پێنج ساڵە و ئەوەی تریان سی و سێ ساڵە... ئەمە هەر زۆر منداڵانەیە.

– ژیان لەگەڵ تۆدا چۆنە؟

– لەو بڕوایەدام کە گران بێت، من کەسێکی سەربەخۆم و دەتوانم لە ژێرزەوینێکدا بە تەنیا بژیم. تەنگژە و گرفتی گەورەش لە ژیانمدا ئەوە بووە هەوڵ بدەم هاوسەنگییەک لە نێوان خێزان و کارەکانمدا بکەم.

– خۆشەویستی چییە؟

– شتێکە دەچێتە نێو پێست و ئێسقانەکانمانەوە، شتێکی ئێجگار پڕ لە راز و نهێنی کە دوایی دەردەکەوێت شتێکی حاشاهەڵنەگرە.

– چوونە تەمەن و پیربوون بەلای تۆوە چۆنە؟

– حەز دەکەم بچمە تەمەنەوە، تامەزرۆی ئەوەم. ئەو کاتە بەوپەڕی بەختیارییەوە دەتوانم ئەوەی کە خۆم دەمەوێت، ئەوە بکەم. داواکان گەورەتر دەبن، بەڵام من دەمەوێت زیاتر بەردەوام بم، هەوڵ بدەم سەربکەوم بەسەر داخوازییەکاندا، من دەمەوێت پیر بم، هەشتا ساڵ، تا بزانم ئەو کاتە چ دۆزێکم ماوە و لەسەر چی کار بکەم.

– چ شتێک بەلای تۆوە گرینگە؟

– کە بەشێوەیەکی راست رەفتار بکەم، رەفتارێکی راست لەگەڵ چ شتێکدا بکەم بۆ ئەوەی لەگەڵ خودی خۆم راستگۆ بم و ویژدانی خۆم بە زیندوویی بهێڵمەوە و زۆر توند بم.

* ئەم چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەنووسی سویدی (مارییە ترێدگۆرد) لە ساڵی ٢٠٠٣ لەگەڵ لاش نۆرێن کردوویەتی و لە ڕۆژنامەی (ئاڤتۆنبلادێت) Aftonbladet بڵاو کراوەتەوە.

پەراوێزەکان:

١- چاوپێکەوتنی ئێجگار زۆر لە ڕۆژنامە، ئێزگە، تیڤی و گۆوارەکاندا لەگەڵ لاش نۆرێن کراوە و کەم و زۆر باسی ژیانی خۆی و پرۆژە کۆن و تازەکانی کردووە. بەڵام هیچ چاوپێکەوتنێکم بەچەشنی ئەم چاوپێکەوتنە نەدیوە، کە ڕۆژنامەنووس (مارییا ترێگۆرد) سازی کردووە و لاش نۆرێن ڕاشکاوانە و بەراستگۆیی وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە. ئەم چاوپێکەوتنە کورتە، هەرچەندە ساکارە و پرسیار و وەڵامەکان بەشێوازێکی کورت، فۆرمێکی ڕۆژنامەنووسیی سانای لەخۆ گرتووە، بەڵام لاش نۆرێن چەندین ڕاستیی گرینگ دەدرکێنێت و وەڵامی هەندێک پرسیار دەداتەوە، کە لەوەوبەر بە هیچ شێوەیەک نەیویستووە قسەیان لەسەر بکات.

٢- گۆتلاند: دوورگەیەکە لەنێو دەریای بەلتیکدا و لەگەڵ چەند دوورگەیەکی تردا خاکێک لە یۆتلاند و هەرێمی خۆیدا، گۆتلاندس لێن، پێک دەهێنێت. دوورگەی گۆتلاند بەشێکە لە خاکی وڵاتی سوێد.

٣- لەوە دەچێت ڕۆژنامەنووسەکە بەهۆی کەوتنە خوارەوە لەسەر پشتی ئەسپەوە، کەمئەندام بووبێت.

٤- گێنارپ گوندێکی بچووکی سەر بەشاری لوندە و دەکەوێتە باشووری سوێدەوە. لاش نۆرێن لە تەمەنی شەش ساڵییەوە تاکو پازدە ساڵی، لەم گوندەدا ژیاوە.

٥- سکۆنە هەرێمی هەرە باشووری وڵاتی سوێدە.

٦- ریدەرگاتان یەکێکە لە شەقامە دیارەکانی ستۆکهۆڵم و دەکەوێتە ناوەڕاستی شارەوە.

٧- "یان مالمشۆێی" و "ماریا یۆرانزۆن" دوو ئەکتەری ناسراوی سوێدن و لە شانۆی پادشایەتی کار دەکەن. ئەم دوو ئەکتەرە ژن و مێردن و زۆرجار لە کار و پرۆژەی هاوبەشدا کار دەکەن.

٨- لە شانۆ گەورەکان، کاری ریژیسۆر دوای نمایشەکان تەواو دەبێت و کارەکە دەداتە دەست ئەکتەرەکان و ئەوان بەرپرسیارن لە ڕەوتی پرۆژەکە. بەڵام هەندێک جار ریژیسۆرە دیارەکان بۆ ماوەیەک لەگەڵ ئەکتەرەکانی دەمێننەوە و چاودێریی ڕۆژانی نمایشەکانی دەکەن.

٩- لاش نۆرێن لە ساڵی ١٩٩٨دا، لە یەکێک لە بەندیخانەکانی سوێد لەگەڵ کۆمەڵێک لە بەندییەکان، بەپێی ڕاهێنانی ڕاگوزاری و گفتوگۆیەکی بەردەوامەوە شانۆنامەی حەوت/سێ، لەبارەی ژیانی ئەو بەندییانەوە دەنووسێت. شانۆنامەکە لەسەر شانۆکانی دەوڵەت و دواتریش لە گەشتێکی هونەریدا، لە زۆربەی شار و شارۆکەکانی سوێددا نمایش دەکرێت. ئەم پرۆژەیە لە نێوەندە ڕۆشنبیری و هونەرییەکاندا بووە هۆی گفتوگۆیەکی چڕ و بەردەوام: گرووپێک بەتوندی پشتگیرییان لەم کارە دەکرد و بەپێچەوانەشەوە گرووپێکی تر بەتوندی دژی دەوەستانەوە.

لە کاتی نمایش و گەشتەکانی ئەم گرووپەدا، ئەکتەرە بەندەکان، بەبێ پاسەوان هەموو

سەربەستییەکیان دەبێت و بەوپەڕی ئازادییەوە هەڵسوکەوت دەکەن. تەنانەت لە دەرەوەی دیوارەکانی بەندیخانەکەشیاندا دەژین. لەگەڵ دوا ڕۆژی نمایشەکە، ئەکتەرەکان لە بریی ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ بەندیخانەکەیان، لە هێرشێکی چەکداریدا، بانقێک دەبڕن. بەتوندوتیژی و بە هێزی چەک بەرەنگاریی ئەو پۆلیسانەش دەبنەوە، کە دەیانەوێت ئەم دزانە رابگرن. لە ئەنجامدا بەشێوەیەکی دڕندانە و زۆر لە نزیکەوە پۆلیسەکان دەکوژن و رادەکەن.

١٠- بەندیخانەی "تیدەهۆلم" یەکێکە لە گەورەترین بەندیخانەکانی سوید. لە ساڵی ١٩٥٩دا کراوەتەوە و جێگەی ١٨٩ بەندی تیادا دەبێتەوە. ئەو بەندییانەی لەم بەندیخانەیەدا دەگیرسێنەوە، کەسانی تاوانباری گەورەن. بۆ نموونە پیاوکوژ، یان ئەوانەی کە لەسەر بازرگانیکردن بە مادە هۆشبەرەکانەوە گیراون. ئەمە جگە لە دزە گەورەکان و کەسانی سەر بە مافیا جۆرەوجۆرەکان.

١١- ناشۆناڵ سۆسیالیست: نازییە تازەکانی ئەوروپان و هەمان ئایدۆلۆجیای هیتلەریان هەیە لە دژایەتیکردنی رەگەزی جوولەکە و بێگانەکانی ئەوروپا و پیرۆزکردنی رەگەزی ئاری. هیتلەر نموونەی بالایانە و توندڕۆن. هەروەها دووپاتی ئەوەش دەکەنەوە کە بەهیچ شێوەیەک قەلاچۆکردنی جوولەکەکان و لە کاتی جەنگی جیهانیی دووەمدا لەلایەن هیتلەرەوە، رووی نەداوە و پێیان وایە ئەوە تەنیا درۆیەکی مێژووییە.

١٢- (تۆنی ئۆڵسۆن) و (ماتس نیلسۆن) ئەکتەرە بەندەکانی ئەو بەندیخانەیە بوون، کە لاش نۆرێن کاری لەگەڵیان دەکرد. تۆنی ئۆڵسۆن لەسەر شانۆ بە روونی ئەوەی دووپات دەکردەوە، کە ناشۆناڵ سۆسیالیستە. ئەمەش تووڕەبوون و دڵگرانیی زۆری لەلای بینەران و بەشێکی زۆری ناوەندە هونەری و رۆشنبیرییەکەی سوید دروست کرد. تەنانەت هەندێک لە رەخنەگرەکان و کەسایەتییە کولتوورییەکان باسیان لەوە دەکرد، کە نمایشەکە، لاش نۆرێن و تۆنی ئۆڵسۆن بدەن بەدادگە و ڕووبەڕووی یاسایان بکەنەوە.

١٣- مالێکساندرا: راوەدوونانی پۆلیس و دزەکان بە ماشێن و بەکارهێنانی چەکی قورس و هێلیکۆپتەر لەناوچەی (مالێکساندرا)دا و لە دووریانی رێگە و دۆڵێکدا کۆتاییی پێ دێت. لەم شوێنەدا دزەکان، لەناویاندا (تۆنی ئۆڵسۆن) و بەیارمەتیی (ماتس نیلسۆن) و کەسانی تری نازی و تاوانبار، بۆسەیەک بۆ ماشێنی پۆلیسەکان دەنێنەوە و بەشێوەیەکی توندوتیژ و بێبەزەییانە، پۆلیسەکان لە نزیکەوە بەدەمانچەکانی خۆیان دەکوژن. تۆنی ئۆڵسۆن بەبەشێکی زۆری پارەکەوە رادەکات بۆ وڵاتی (کۆستەریکا)، بەڵام ئەوەندە نابات پۆلیسی سویدی هەر هەموویان دەگرن و ڕووبەڕووی یاسایان دەکەنەوە و تا ئێستاش لە بەندیخانەدان.

# ڤێنیسیا..
# کۆمیدیای دیلارتی و کارلۆ گۆلدۆنی

دانا ڕەئووف

ئیتاڵیا وڵاتێکی گەورەیە، خاوەنی کولتوور و مێژوویەکی دێرین و دەوڵەمەندە، شارستانییەتی رۆما یەکێکە لە زنجیرە هەرە گرینگەکانی مێژووی ئەوروپا و مێژووی هەموو مرۆڤایەتی. هەموو شارێک لە شارە گەورەکانی ئەم وڵاتە، وڵاتێکە بۆ خۆی و تایبەتمەندیی سیما و پێگەی خۆیان هەیە. بۆ نموونە ڤێنیسیا زۆر جیاوازە لە سیسیلیا، سیسیلیاش جیاوازە لە فلۆرەنسا و ناپۆلی.... زۆربەی ئەم شارانەش هەرێمی سەربەخۆ بوون، یاسا و دەستووری تایبەت و شێوازی دەسەڵاتی خۆیان هەبووە. گەر مرۆڤ هەموو تەمەنی خۆی بۆ پشکنین و گەشتی ئەم وڵاتە تەرخان بکات، فریای هەموو شار و شارۆکە و کولتووری ئەم وڵاتە ناکەوێت.

تا ئێستا چەندین جار چوومەتە ئیتاڵیا و هەموو جارێک ڕێک وەک ئەوە وایە کە هەرگیز ئەم وڵاتەم نەبینیبێ، ئیتاڵیا ئەو کیشوەرەیە کە هەتاهەتایە لە دۆزینەوەیەکی بەردەوامدایە.

ئێستا لە پاڵ شانۆی پادشایەتی لە یەکێک لە شانۆ گرینگ و چالاکەکانی وڵاتی سوێد و لە دەرەوەی شاری ستۆکهۆڵم، لە شانۆی (گەل) لە شاری یاڤلێ کار دەکەم[1] لەم کاتەدا سەرقاڵی خۆئامادەکردنین بۆ وەرزی هاوین و بۆ ئەم مەبەستەش شانۆنامەی (نۆکەری دوو ئاغا[2])ی نووسەری ئیتاڵیایی کارلۆ گۆلدنیمان هەڵبژاردووە و شانۆنامەکەش سەر بەنەریتی کۆمیدیای دیلارتییە.

کارلۆ گۆلدۆنی لە شاری ڤێنیسیا و لە هەزار و حەوت سەدەکاندا لەدایک بووە و ڕووداوەکانی شانۆنامەی نۆکەری دوو ئاغاش لەم شارەدا ڕوو دەدات[3] لەبەر ئەوە بە سەردانێکی دوو هەفتەیی خۆم گەیاندە شاری ڤێنیسیا، بە مەبەستی ئاشنابوون و گەڕان بەدوای سێبەر و شوێنپێ و کاریگەرییەکانی کارلۆ گۆلدۆنی و کۆمیدیای دیلارتیدا.



## ڤێنیسیا

بەرەبەیانییەکی زۆر زوو، لە یەکێک لە ئوتێلەکانی شاری ڤێنیسیا لە خەو هەستام، ئارەقەیەکی زۆرم کردووەتەوە و هەست بە قورسیی سەر و سنگم دەکەم، ژوورەکە زۆر تاریکە و بە قەڵەمبازێک پەردە ئەستوورەکان لەسەر رووی پەنجەرەکان لادەدەم. شارەکە لە دەریایەکەوە سەری دەرهێناوە، خەواڵوو لەنێو تەمومژێکی چڕدا باوێشک دەدا، نمە نمە باران دەباریت، بەڵام ئاوی کەناڵەکان رەنگی ئاسمانیان گرتووە، شین دەچێتەوە. خانووەکان، رێگەوبانەکان، هەموو شارەکە لە باوەشی دەریادا لە جووڵە و راژەنینێکی هەتاهەتایدان و شەقامە سەرەکییەکان، کۆڵان و گۆڕەپانەکان هەمیشە تەڕن. خۆر زوو هەڵهات، نمەنمی بارانەکە نامێنێ، ئاسمانێکی بێگەردی شین، لە پشت و لە نێوان هەورێکی سپیی کاڵەوە وەدەرکەوت. خۆرەکەی ئاسمانی ڤێنیسیا خۆرێکی تایبەتە بەم شارە و بە ئاسمانی ئەم شارە و لە خۆری هیچ شار و ئاسمان و وڵاتێکی تر ناچێت. رووناکیی خۆر تیشکێکی ئەفسووناویی هەیە و لەگەڵ سێبەر و تاریکیدا تێکەڵاو دەبێت، رەنگی جۆرەوجۆر لەخۆ دەگرێت و شێوازێکی تەلیسماوی دەبەخشێتە ئاسمان و شارەکە.

تیشکی خۆر، چەپکێ رووناکی و گەمەی سێبەر کە لەسەر دیوار، رووبار، رووکاری خانووبەرە و تەنانەت سیمای مرۆڤەکان دەنەخشێ، تێکەڵێکی سەرسوڕهێنەری رەنگەکانە. لەم شارەدا فانتازیا، خەون، ئەندێشە و واقیع تێکەڵاو دەبن، لەم ئەندێشەیەدا، لەم خەون، فانتازیا و واقیعەدا

خانووبەرەکان ڕۆ چوونەتە خوارەوە بەنێو ئاوەکەدا، یان بە پێچەوانەوە لەنێو ئاوەکەوە سەریان دەرهێناوە و کۆڵانەکان کەناڵی باریکن و مرۆڤەکانیش لە گەشتێکی هەمیشەییی نێو بەلەمەکاندان. دەریاچەیەکی گەورە، باوەشێکی گەرم و تەڕ و ڕۆمانتیکی بۆ ئەم شارە کردووەتەوە و بۆ هەتاهەتایە لە ئامێزی گرتووە. چەندین پردی بچووک بچووک کۆڵان و شەقام و گەڕەک و ناوچەکانی ئەم شارە، یەک دەتداتە دەست ئەوی تر و وەک زنجیرەیەکی بێ کۆتا شارەکەی پێکەوە بەستووەتەوە. زۆربەی پردەکان بووەتە جێگەی ژوانی دڵدارەکان، وێنەکێش و گەشتیارەکان، هەندێ لە پردەکان دێرین و بەهای ئیستاتیکی و مێژوویی تایبەتمەندیی خۆیان هەیە، بۆ نموونە پردی ریاڵتۆ[٤] هەندێ پردی تر بە ئاسمانەوەیە و بووەتە کۆشکێکی ڕازاوە و دوو خانووبەرەی گەورەشی پێکەوە بەستووەتەوە، هەروەکو پردی (هەناسە ساردەکان). ئەم پردە کۆمەڵێ چیرۆکی سەیر و جیاوازی لەبارەوە دەگێڕنەوە[٥] و کۆشکی دۆگەکان[٦] لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە بەندیخانەکانی دەسەڵاتی دۆگەکانی پێکەوە بەستووەتەوە و بەهۆی ڕاڕەوێکی باریک و ئەو پردە شوراپۆشەوە، بەندەکانیان لە بەندیخانەکانەوە گواستۆتەوە بۆ ژووری دادگە و لێپێچانەوە چڕ و توندوتیژەکان. دواتر خەڵکی ئەو پردە بە (پردی هەناسە ساردەکان) ناوزەد دەکەن.

لە کۆشکی دۆگەکان و بەنێو تونێلە تاریکەکاندا، بەرەو بەندیخانەکان تێپەڕیم. چەندین ژووری بچووک بچووک، دەرگەی ئاسنین، زنجیر و پێوەند، شوێنی هەڵواسین، کلاوڕۆژنەی جۆرەوجۆر، شوێنی نوستنی بەندەکان، گۆڕەپانە داخراوەکان و شوێنی نانخواردنەکانیان کە زیاتر لە گەوەر دەچێت، پێکەوە بەستراونەتەوە. کە بەناو ژوورەکانی بەندیخانەکەدا دەسووڕامەوە، هەستم بە ناڵە و ئازارەکانی بەندەکان دەکرد، دوێنێ و ئەمڕۆ لە وێنەیەکی تەڵخی تەڕی بەربارناندا دەردەکەوت. پردی هەناسە ساردەکانیش چیرۆکێکی گونجاویان لەگەڵ ڕووناکییە کزەکەی ژوورەکان، ڕاڕەوە تاریکەکان و دەنگی باو و شەپۆلی دەریاچەکانی دەرەوە دەگێڕایەوە. پردەکە ئامرازێکە لە نێوان دۆزەخی بەندەکان و بەهەشت و ژیانێکی پۆشتە و خۆشگوزەرانیی خەڵکی کۆشکەکە و دۆگەکاندا، سمبولی کۆیلە و دەسەڵات و چەمکەکانی تاوان و سزادان.

زۆربەی پردەکان لە بەردی ساخ دروست کراون، بەڵام لە سەرەتادا ئەم پردانە تەختە بوون، لە دار دروست کرابوون و لەگەڵ ڕۆژگاردا داکەوتوون و هەندێکیان لە ڕۆژی ڕووناکدا ڕووخاون و کارەساتی لێ کەوتووەتەوە[٧].

## شاری سینەما

ڤێنیسیا شاری هونەری سینەمایە، خودی فیلمەکانە و لە جووڵانەوەیەکی بەردەوامدان، ڕووناکی و تاریکی، سێبەر و ڕەنگگرتنی هەموو شتەکان، ڕەنگدانەوەی شارەکە لە دەریاکەدا، وێنەگرتنێکی ئەزەلی، سینەما و وێنەگرتن مانای ڕووناکی و ڕەنگەکان، ڤینیسیاش بۆ خۆی ڕووناکییە. هەروەها تاریکی. ئەم شارە لە کالوسی شانۆ و دیکۆری سینەما دەچێت، کە بە شەقامەکانیدا ڕادەبووریت

وەک ئەوە وایە لە شانۆنامەیەکدا، یان لە فیلمێکی سینەماییدا بجوولێیتەوە و بەشداری بکەیت. هەر لەبەر ئەوەشە کە زۆربەی ریژیسۆرە سینەماییەکان لەم شارە دێرینە، لەم شارە تەڕە، لەم شارە ڕۆمانتیکییە و لەم شارە کولتوورییەدا وێنەی فیلمەکانیان دەگرن.

ڤێنیسیا لە یەک کاتدا ڕووناکییە و تاریکیشە، نە شارە و نە دەریایە، لەم شارەدا، لەم دەریاچە گەورەیەدا و لە ساڵی ٤٢١ ز.دا ڤینیسیا لەدایک بووە و لە ساڵەکانی ١٥٠٠یشەوە ئەم شێوازەی ئێستای وەرگرتووە[٨].

هونەرمەندە گەورەکان، بۆ نموونە تیزیان تابلۆ مەزنەکانیان دروست دەکەن و دەبنە زمانحاڵی ئەم شارە، وێنەکێشەکان رۆحی ئەم شارە، نهێنییەکانی و ئەتمۆسفێرەکەی بەرجەستە دەکەن و مێژوویەکی تر، شکۆدار و قەشەنگ بۆ هەتاهەتایە دەبەخشنە ڤێنیسیا.

هەر لەم شارەدا ڤاگنەر کۆچی دوایی دەکات، لێرەوە کارلۆ گۆلدۆنی و کازەنۆڤا هەڵدێن، تۆنی ئۆپێراکانی ڤێردی و کۆمپۆستیۆرە جیهانییەکان دەبنە چریکەی گۆرانیبێژە گەورەکان و هەر لەم شارەدا ئاوی دوورگەکان بەرز دەبنەوە و هەڕەشە لە مێژوو، کولتوور، هونەر، جوانی و ژیانی خەڵکی دەکەن و هەموو شتێک لە ئەگەری ژێرئاو کەوتندایە[٩]. ڤێنیسیا یەکێکە لەو شارە زۆر کەمانەی کە لە جیهاندا دانسقەن و لە ناوەڕاستی دەریای ئەدریاتیکدا بنیات نراوە و لە ململانێیەکی هەمیشەیی و ئەبەدیدایە لەگەڵ شەپۆلە تووڕەکانی دەریا و دەربازبوون لە لەناوچوون و ژێرئاوکەوتندا. لە ماوەی دووسەد ساڵدا، لە سەردەمی ڕێنیسانس و بگرە پێشتریشەوە، ستركتور و ئەتمۆسفێر و کارەکتەری ئەم شارە هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆیان بەسەردا نەهاتووە[١٠] ڕووکاری خانووەکان، ئێستا وەک ئەوسا لە دەریاکەوە سەریان دەرهێناوە و بەرز بوونەتەوە و گەندۆڵەکانیش هێواش هێواش، لەسەر لا و بە لارولەنجە بەنێو ئەو کەناڵە باریکە یەک لەدوای یەکانەدا دەڕۆن[١١].

## کارلۆ گۆلدۆنی

### ماڵ و شانۆ

ئەو ئوتێلەی کە تیایدا دابەزیبووین، زۆر نزیکە لە شانۆی کارلۆ گۆلدۆنییەوە، شانۆکە پەیمانگەیەکی هونەریی نواندن لەخۆ دەگرێت، هەموو وەرزێکیش یەکێک لە شانۆنامەکانی کارلۆ گۆلدۆنی نمایش دەکەن.

کە چوومە ژوورەوە، قوتابییەکان خەریکی خۆئامادەکردن بوون، بینەرێکی زۆر لە هاوڕێ و کەسوکاری قوتابییەکان و شانۆکاران ئامادەن، هۆڵی شانکە بچووکە، شانۆ و شوێنی بینەران، خانووبەرەی هۆڵەکە شێوەیەکی بازنەیی وەرگرتووە و بەشێوەیەکی ئینتیم بینەر و شانۆ پێکەوە دەبەستێتەوە، ئەم شانۆ دێرینە لە ساڵەکانی هەزار و شەش سەدەکاندا دروست کراوە.

حەڤدە قوتابی بەرەنجامی خوێندنی هونەر و هونەری نواندن پێشکەش دەکەن، هەر حەڤدەیان، بە سێ ڕیز لە قووڵاییی لای چەپی شانۆکەدا دانیشتوون، دوازدە دیمەنیان لە شانۆی جیهانی هەڵبژاردووە، دیمەنەکان بە کەلوپەلی ساکار و بە شێوازێکی سەرنج ڕاکێش نمایش دەکەن، مامۆستاکەیان دیمەنەکان، قوتابییەکان و شێوازی کارکردنەکانیان بۆ بینەران باس دەکات. لە نێوان دیمەنی قوتابییەکاندا، ئەکتەری پرۆفیشناڵی باوەڕپێکراو، هەندێ دیمەن لە شانۆنامەکانی کارلۆ گۆلدۆنی پێشکێش دەکەن، قوتابییەکان، وەک نەوەیەکی نوێ ڕووبەڕووی نەوەیەکی تری ئەکتەری خاوەن ئەزموون و ترادیشونی کۆمیدیای دیلارتی دەبنەوە. کۆن و نوێ، ترادیشون و مۆدێرن، قوتابی و مامۆستا، گەنج و پیر، لە یەکەیەکی هونەری و ئاهەنگێکی نواندندا دووپاتی نەمریی هونەری شانۆ دەکەنەوە. کارلۆ گۆلدۆنی چەندین جار لەم شانۆیەدا کاری کردووە، لە چەند قۆناخێکیشدا بەڕێوەبەری شانۆکە بووە و هەر لەم شانۆیەشدا گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکانی لە فۆرم و شێوازەکانی کۆمیدیای دیلارتیدا دەکات. دوای نمایشەکان، لە شانۆکە هاتمە دەرەوە، دنیا بە تەواوەتی تاریکە و ئەستێرەکانی ئاسمانیش خۆیان لە پشت هەورە ڕەشەکانەوە شاردووەتەوە. گڵۆپی بانیژەی خانووەکان و کۆڵانە تەسکەکان زۆر بە کزی دەسووتێن و ڕووناکیی پەنجەرەی ژوورەکانیش لە بەندەرەکاندا ڕەنگ دەداتەوە. حەزێکی خۆش جەستەی داگیر کردووم، نامەوێت بگەڕێمەوە بۆ ئوتێلەکە، هەر بە پێ لە بریی ئەوەی بچمە ژوورەوە، بەسەر پردە کورتەکانی هەندێ لە کەناڵەکاندا پەڕیمەوە و بەرەو گۆڕەپانی مارکۆس ڕۆیشتم. بەخەیاڵ گەڕامەوە بۆ ساڵەکانی هەزار و پێنجسەدەکان، گرووپی کۆمیدیای دیلارتی گەمە و نمایشەکانیان پێشکێش دەکرد، بە دیاریانەوە وەستابووم، هەوایەکی سارد جەستەی وریا کردبوومەوە، کارلۆ



گۆلدۆنیم بینی، بەپاڵتۆ درێژە ئەرستۆکراتییەکەیەوە، لە یەکێک لە گۆندۆڵەکان هاتە خوارەوە، دەمامکێکی بە دەستەوەیە و بە دەنگێکی بەرز قسە دەکات، کۆمەڵێ کەسی لەگەڵدایە و هەندێ جار قاقا پێ دەکەنێت، دواتر ئەکتەرەکان مەشخەڵەکانیان کە گۆڕەپانەکەی ڕووناک کردبووەوە، کوژاندەوە و کەلوپەلەکانیان کۆ کردەوە و چوونە عەرەبانەکانیانەوە و بەدەم گۆرانی و مۆسیقا و نۆشکردنی شەرابەوە لە گۆڕەپانەکە دوور کەوتنەوە.

کە گەڕامەوە بۆ دنیای ئێستا و سەیرێکی چواردەوری خۆم کرد لە چەند دوکانێکی بچووکی وردەواڵەفرۆش بەولاوە، کە تا ئەو کاتەش لە چاوەڕوانیی ئەوەدا بوون شتێک بە گەشتیارە کامێرا بەدەستەکان بفرۆشن، هەموو دوکانەکانی تر داخرابوون. تاکوتەرا کچی گەنج، سەرخۆش، گەشتیاری جانتا بەدەست و مەیفرۆشەکان لەنێو تاریکیی کۆڵانە تەسکەکاندا ون دەبوون.

## کۆمیدیای دیلارتی

کۆمیدیای دیلارتی، وەک شانۆیەکی هاوشانۆ، ئەلتەرناتیڤێک، لە ناوەڕاستی ساڵەکانی ١٥٠٠دا، لە ئیتاڵیا دەرکەوت. ئەم شانۆیە هەر زۆر خێرا بووە تەرزێکی میللیی بەربڵاو، لە بەرامبەر شانۆ ڕازاوەکانی کۆشکە گەورەکانی ئەو سەردەمەدا: دوو شانۆی جیاواز، یەکێکیان بۆ پادشا و دەسەڵاتدار و گەورەپیاو و دەستوپێوەندەکانیان، ئەوی تریشیان بۆ خەڵکی گشتی و لە هەموو شوێنێکدا. تەختەی شانۆی ئەکتەرەکان، گۆڕەپان، سەرشەقام و کۆڵانەکانی شارەکانی ئیتاڵیا دەبێت، بەهۆی گەشتی بەردەوامی ئەم گرووپانەوە، کۆمیدیای دیلارتی هەر زۆر خێرا لە هەموو شار و شارۆکەکانی ئیتاڵیا و دواتریش هەموو ئەورووپادا بڵاو دەبێتەوە. ئەکتەرەکان بەبێ هیچ دیکۆر، ڕووناکی و پێداویستییەکانی تری نمایشێکی شانۆییەوە شانۆنامەکانیان بە شێوەیەکی ڕاگوزەری، سەبارەت بە هەندێ بابەتی دیاریکراو پێشکێش کردووە. ئەم گرووپانە چەندین کارەکتەر و کەسایەتیی دیاریکراویان هەبووە کە خودی شانۆنامەکانیان لەسەر بنیات نراوە. بۆ نموونە: کارەکەر و بەردەست. دوو گەنجی عاشق، کچی عاشق بەو گەنجانەی کە باوکیان ڕەزامەندیی لەسەر نەبووە، دوکتۆر، بازرگان و باوانی پیر و بەتەمەن .... هتد. کارەکتەری (پانتەلۆنە و ئەرلیکینۆ) دوو کەسایەتیی دیار و هەمیشە ئامادەی شانۆنامەکانی کۆمیدیای دیلارتی بوون و ئەکتەرەکانیش بەدرێژاییی شانۆنامەکە دەمامکیان پۆشیوە، هەر لەبەر ئەوەش بووە کە ئەم چەشنەی شانۆ بە کۆمیدیای دەمامکپۆشیش ئاماژەی بۆ کراوە.[١٢]

کارلۆ گۆلدۆنی لە ساڵی ١٧٠٧دا لە ڤێنیسیا لەدایک بووە و تا ئەودەمەش کۆمیدیای دیلارتی پێشکەش کراوە، نەک هەر ئەوە بگرە ئەو فۆرمە لە ئیتاڵیا و هەموو ئەورووپادا، لە ئاستی ترۆپکی سەرکەوتنەکانیدا دەبێت، بەڵام کارلۆ گۆلدۆنی گۆڕانکارییەکی ڕادیکاڵانە لە کۆمیدیای دیلارتیدا دەکات. کارلۆ گۆلدۆنی ئێجگار فرە بەرهەم بووە و زیاتر لە دووسەد و پەنجا شانۆنامەی کورت و درێژی نووسیوە و شانۆکەشی ئاوێنەیەکی بێگەردی ئەو ڕۆژگارانەی هەزار و حەوسەدەکانی



شاری ڤێنیسیایە و دەکرێت لە ڕوانگەی شانۆنامەکانیەوە وێنەیەکی ڕوونی داوونەریت، شێوازی ژیان، جلوبەرگ و تەنانەت کەشوهەوای ڤێنیسیا لە شانۆنامەکانیدا بدۆزینەوە.

ئەم نووسەرە یەکەم شانۆنامەکانی لە تەمەنی هەشت ساڵیدا نووسیوە، شانۆی زۆر خۆشویستووە و لە تەمەنی پازدە ساڵیدا، لەگەڵ گرووپێکی شانۆ گەڕۆکەکانی کۆمیدیای دیلارتی، لە ماڵەوە هەڵهاتووە. ئەم نووسەرە دید و بۆچوونێکی جیاوازی بۆ ڕۆڵ و پێگەی شانۆ هەبووە، بۆ نموونە کارلۆ گۆلدۆنی دەمامک و ڕاگوزاری، کە دوو توخمی کۆمیدیای دیلارتی دەبێت، بە بەربەستێک داناوە، ئەو بەربەستەش بەڕای ئەو، بەری لە هەموو گۆڕانکاری و بەرەوپێشەوە چوونەکان گرتووە. هەر لەبەر ئەوە ئەم نووسەرە زۆر بە وردی بیر لە گۆڕانکارییەکان دەکاتەوە: سەرەتا لە دەروازەکانی نووسینی کۆمیدیایەکی پڕ خەندە و گەمەئامێزەوە، پشت دەکاتە شانۆیەکی ڕاگوزاری و بەو شێوەیەش کۆمەڵێک شانۆنامەی کلاسیکی کۆمیدیاییی بەرز دەخوڵقێنێ و هەموو داوونەریت و ترادیسۆنی شانۆی ئیتاڵیایی نوێ دەکاتەوە. دوای ئەوە هێدی هێدی دەمامک وەلاوە دەنێت و شانۆنامەکانی بەبێ دەمامک و بە سیمای ئەکتەرەکانەوە پێشکەش دەکات و دەمامک بە بەربەست و ڕووپۆشێکی نابەجێ ناوزەد دەکات و بەو شێوەیەش دەمامکەکان دادەماڵێ، کە تا ئەو کاتەش یەکێک بووە لە توخمە گرینگەکانی کۆمیدیای دیلارتی. کارلۆ گۆلدۆنی لە بیرەوەرییەکانیدا نووسیویەتی: "ڕۆحێک لەژێر دەمامکێکدا وەک ئاگری ژێر خۆڵەمێش وایە." تەقەلا ئەزموونگەری و گۆڕانکارییە ڕادیکالییەکانی کارلۆ گۆلدۆنی، کۆمیدیای دیلارتی فڕێ دەداتە نێو شێوازێک لە شێوازەکانی شانۆیەکی ریالیزم و ئاستە قووڵەکانی سیکۆلۆجییەوە و بەو شێوەیە کارلۆ گۆلدۆنی لەسەر بنەماکانی کۆمیدیای دیلارتییەوە شانۆیەکی تری کۆمیدی، جیاواز و

سەراپاگیر بنیات دەنێت و ئیتاڵیاش لەسەر دەستی ئەم نووسەرەدا پێ دەنێتە قۆناخێکی ترەوە.

## ماڵی کارلۆ گۆلدۆنی

زۆر دەمێکە هێندە باش نەنووستووم وەک ئەم چەند شەوەی ڤێنیسیا، بە ئارامی تا بەیانی خەبەرم نابێتەوە، خەون دەبینم و زۆرجار لەگەڵ کازیوەدا بەخەبەر دێمەوە و لە بانیژەی ژوورەکەمانەوە دەڕوانمە ئاسمان و دەریا. بەهەر چوارلادا دەریایە، دەریایەکی شین، ئاسمان و دەریا شین دەچنەوە و بە شێوەیەک لە شێوەکان بەنێو یەکتردا چوون و لەناو شارەکەشدا ڕەنگیان داوەتەوە.

دوای نانی بەیانی لەگەڵ لیزای هاوڕێ و هاودەمم، کۆڵانە و کۆڵان ڕۆیشتین، هەندێ لە کۆڵانەکان هێندە تەسکە، مرۆ دەبێت یەک یەک و بە ڕیز بڕوات، لە هەندێکیاندا بە تەواوەتی ئاسمان ون دەبێت و لە هەندێکیشیانەوە یەکەوڕاست، دوای چەند خولەکێک دەچێتەوە سەر گۆڕەپانێکی پان و بەرین. زۆربەی کڵێساکانیش لەو گۆڕەپانانەدا بەرز بوونەتەوە و مێژووی دروستکردنیان دەگەڕێتەوە بۆ هەزار و پێنجسەدەکان. لەملاوە دەریا و گۆندۆڵی باریک، لەملاترەوە پردی تەختەیی دێرینی زۆر قەشەنگ کە گۆڕەپانەکە و هەندێ لە کۆڵانە تەسکەکان دەبەستێتەوە بە یەکەوە و تاوەری کڵێساکانیش لە ناوەڕاستیاندا، لە نێوان سێبەر و تیشکی خۆردا سەری بۆ ئاسمان بەرز کردووەتەوە.

لە دوای قەیرێکی باش گەیشتینە کۆڵانێکی ئێجگار تەسکی کورت، ئەمسەر و ئەوسەری گۆڕەپانێکی بچووکە و خودی کۆڵانەکەش کەوتووەتە ناوەڕاستی کەناڵێکی باریکەوە، ئاوی کەناڵەکە هەندێ لە ئاستی ئاساییی خۆی بەرز بووبووەوە و خەڵکی بە گومان و دڵەڕاوکێوە لە یەکتریان دەنۆڕی. لە کۆتاییی بەری ڕۆهەڵاتی ئەو کۆڵانەدا، ماڵی کارلۆ گۆلدۆنی بەرز بووەتەوە[١٣]، لە دەرگەی دەرەوە، یەکەوڕاست دەچیتە دەروازە و باخچەیەکی بچووکەوە. دروستکردنی ئەم خانووبەرەیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی نێوان ١٣٠٠–١٤٠٠ ز، خانەوادەی کارلۆ گۆلدۆنی لە کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەوە هاتوونەتە ئەم خانووەوە و کارلۆ گۆلدۆنیش لە یەکێک لە ژوورەکانی نهۆمی سەرەوەیدا لەدایک بووە و تا تەمەنی دوازدە ساڵی هەر لەم خانووەدا ژیاوە[١٤] باوکی کارلۆ گۆلدۆنی شانۆیەکی بچووکی بووکەڵە بۆ کوڕەکەی لە یەکێک لە ژوورەکانی ماڵەکەیاندا دروست دەکات، ئەو شانۆ بوکەڵەیە لە شوێنی خۆی پارێزراوە و بە چەشنی شانۆیەکی میناتۆر بە دیوارەکەوە بەندیان کردووە و چەندین بووکەڵەی دێرین، ڕەنگاوڕەنگ و جوان لەملا و لای شانۆکەوە سەریان دەرهێناوە و سێ ڕیز کورسیی بچووکی ڕەنگ سوور و کۆنیشیان لە بەردەمی ژوورەکەدا داناوە. لەسەر یەکێک لە کورسییەکانی ڕیزی پێشەوە دانیشتم و بە وردی دەمڕوانییە بووکەڵەکان، بە خەیاڵ گەڕامەوە بۆ سەردەمی منداڵیی کارلۆ گۆلدۆنی و گەمەی شانۆی بووکەڵە و حەزێکی بێ سنووری شانۆ. سەرەتا و دەسپێکی شانۆی ئەو مێرمنداڵە، لە یەکێک لە ژوورەکانی ئەم خانووبەرەیە و لەنێو کۆمەڵێک بووکەڵە و شانۆیەکی ئەندێشەئامێزەوە دەست پێ دەکات[١٥]

دواتر سەردانێکی کتێبخانە و ناوەندە شیکارییەکەشم کرد و ئەو شوێنە زیاتر تایبەتە بەو قوتابییانە، یان بۆ کەسانی ئەکادیمی و لێکۆڵەرەوەکانە کە لە هەموو جیهانەوە دێن و خەریکی لێکۆڵینەوە، ساخکردنەوە، وەرگێڕان، ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا و زیندووکردنەوەی ئەرشیڤ و بیرەوەرییەکانی کارلۆ گۆلدۆنی و کۆمیدیای دیلارتین.

کە لە خانووبەرەکە هاتینە دەرەوە. لە ڕۆهەڵاتی کۆڵانەکەوە بەسەر ئەو پردە بچووکە زۆر دێرینەدا پەڕینەوە بۆ ئەوبەری کۆڵانەکە، ئەو پردەی کە کارلۆ گۆلدۆنی هەزاران جار لەمسەرەوە بۆ ئەوسەر پیایدا پەڕیوەتەوە.

کارلۆ گۆلدۆنی دەمامکی لە کۆمیدیای دیلارتی لابرد، بەڵام ڤێنیسیا لە بریی ئەوە بووە بە شانۆیەکی گەورەی پڕ لە دەمامک. هەموو شارەکە پڕە لە دەمامکی شانۆیی، هەزاران دوکانی دروستکردنی دەمامک و دەمامک فرۆشتن لەسەر شەقام و کۆڵانە باریک و تەریکەکانی ئەم شارەدا بڵاو بوونەتەوە. دەمامکەکان سیمایەکی کەرنەڤاڵئاسا و شانۆیەکی هەمیشەیی و ئاهەنگێکی لە دوانەهاتووی بەخشیوە بە شارەکە و هەروەک گەمەیەکی خۆشاردنەوە، شار لە چاوشارکێیەکی دەمامکپۆشیی قەشەنگی بەردەوامدایە.

## کەرنەڤاڵی دەمامک

ڤێنیسیا و دەمامک، وەک دوو دیوی دراوێک وان و ناکرێت لە یەکتر جیا بکرێنەوە، دەمامک بەشێک بووە لە ژیانی ئەم شارە، نەک تەنیا لە کاتی کەرنەڤاڵەکاندا، بگرە لە هەموو ڕۆژەکانی ساڵدا[١٦].

کەرنەڤاڵی سەما و دەمامک یەکێکە لە سیما هەرە گرینگە ئاهەنگئامێزەکانی ئێستای ئەم شارە و هەموو ساڵێک لە مانگی دوودا، کەرنەڤاڵێکی گەورە هەموو شارەکە دەگرێتەوە. زۆر شتی سەرسوڕهێنەر و جیاواز لە کاتی پۆشینی دەمامکەکاندا ڕوو دەدات، سیمای خەڵکی و دەموچاویان لەپشت دەمامکەکانەوە دەشاردرێتەوە، سنوورەکان وەلاوە دەنرێن و هەموو شتێک شیاوە و هیچ شتێک قەدەغە و تابۆ نییە و مەرزە کۆمەڵایەتی، ئاکار و چینایەتییەکان، بە تایبەتی لە سەردەمە زۆر دێرینەکاندا وەلانراون. هەموو کەسێک ژیانێکی نهێنیی لە پشت دەمامکەکانەوە هەبووە[١٧].

لەم ئاهەنگی دەمامکەدا تردیسۆنە دێرینەکان، بە هەموو شێواز و وردەکارییەکانیەوە، بە هەموو میناتۆر و لایەنە جیاوازەکانیەوە، لە ئێستا و لێرەدا زیندوو دەبێتەوە، دووبارە دەبێتەوە و دەمامکەکانیش ژیانێکی تر، وزەیەکی نوێ، پێناس و ڕەنگەکان دەبەخشێتە خەڵکەکە، شار و ئەو داوونەریتە دێرینەی شانۆش.

زۆربەی کەرنەڤاڵەکان لە گۆڕەپانی مارکۆس، لە بەردەم کڵێسای مارکۆس، کۆشکی دۆگدا و لەسەر پرد و کەنار زەریا و کەناڵەکاندا دەگێڕدرێت.

ئەم شوێنانەش ناوجەرگەی شار و شوێنە گشتی و دێرینەکان و جێگەی سەرنجی خەڵکی و گەشتیارن. شارەکە هەمووی دەبێتە شانۆیەکی گەورە و نمایشێکی دێرینی کۆمیدیای دیلارتی و هەموو سیماکان، هەموو دەموچاو و ڕەنگی پێستەکان ون دەبێت و لە بریی ئەوە دەبێتە دەمامکی هەمەجۆر: بیچمەکانی کۆمیدیای دیلارتی، تۆقێنەر، شیعرئامێز، ئافرەتی قەشەنگ و هەموو گوزارشتەکانی خۆشی، ناخۆشی، دڵگران، حەپەساو، چاو پڕ لە فرمێسک، پەشۆکاو و بەختیار و دەم بە پێکەنین[١٨].

کە لە گۆڕەپانی مارکۆسدا وەستابووم. دەمڕوانییە کڵێسا گەورەکە و کۆشکە دێرینەکەی تەنیشتی، هەزاران دەمامکی ڕەنگاوڕەنگ لەسەر قەراغی شەقامەکە و عەرەبانە گەڕۆکەکان دانرابوون، هەروەک ئەوەی لە چاوەڕوانیی نمایشێک، سیما و دەموچاوێکدا بن. خەڵکەکەش بە ڕیز وەستابوون بۆ ئەوەی بچنە ژوورەوە، جووڵەی جەستە و دیمەنی خەڵکەکە، لە سێبەر و ڕووناکیدا بەر یەک دەکەوتن، دەبوونە وێنەی ڕەش و سپی، ڕەنگاوڕەنگ و دیمەنێکی شانۆیی یاخۆ سینەمایی. ئەتمۆسفێر و خانووبەرە و شوێنەکە لە مۆزەخانەیەکی زیندوو و بزۆز و جیهانێکی ئەندێشەئامێز دەچێت.

## قاوەخانەی فلۆرینا

هەر لەم گۆڕەپانەدا گرینگترین و بەناوبانگترین قاوەخانەکانی دنیا دەرگەکانی بە ڕووی میوانەکانیاندا دەکەنەوە. لە گۆڕەپانی مارکۆسدا قاوەخانەی فلۆرینا هەیە، گەورە نووسەرانی ئەورووپا و کەسە ناودارەکانی جیهان لەم قاوەخانەیەدا دانیشتوون، گفتوگۆیان کردووە، بەرهەمەکانیان نووسیوە، زەماوەندی دەمامک و کۆبوونەوە ڕامیارییەکانیان تێدا ڕێکخستووە: کەزەنۆفا، گۆتە، ڤاگنەر، کارلۆ گۆلدۆنی و هێمنگوای تەنیا چەند نموونەیەکن.

ئەم قاوەخانەیە دێرینترین قاوەخانەکانی ئیتاڵیا و لەوانەیە هەموو جیهانیش بێت، نەریتی قاوەخواردنەوە، کات بەسەربردن، ڕۆژنامە خوێندنەوە، یەکتر بینینی لە شارە گەورەکانی ئەورووپادا بڵاو کردووەتەوە[١٩]. ئەم قاوەخانەیە هەر لەو دەمەدا، لە سەدەی هەژدەدا ناوبانگێکی گەورە بەدەست دەهێنێ و دەبێتە جێگەیەکی میللی و هەموو کەسێک ڕۆژانە ڕوویان تێ کردووە.

کەلوپەل و دیزاینی قاوەخانەکەش ناگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٧٢٠، ئەو ساڵەی کە قاوەخانەکەی تێدا کراوەتەوە، بگرە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٥٨، لەم ساڵەدا خاوەنی ئەم قاوەخانەیە دەستێکی هێناوە بە شوێنەکەدا و کەلوپەلەکانی گۆڕیوە. خەڵکی ڤینیسیا ناڕەزاییەکی زۆر بەرامبەر گۆڕینی شێواز و دیزاینی قاوەخانەکە دەردەبڕن و ئاماژەی ئەوە دەکەن کە خاوەن قاوەخانەکە مۆرکی مێژوویی و کولتووریی شوێنەکەیان شێواندووە، دواتر و تا ئێستا، نەوە دوای نەوە، گوێ لەو ناڕەزاییە جەماوەرییە دەگرن و مۆرک و شێوازی ڕووکارەکانی دەرەوە و ناوەوەی ئەم قاوەخانەیە وەک خۆی ماوەتەوە و هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهاتووە.

کە چوومە ژوورەوە هەستێکی تایبەتمەند دایگرتم، ئامادەییەکی بەهێزی نووسەرە گەورەکان، هونەرمەندە بلیمەتەکان، ئەتمۆسفێری سەردەمە دێرینەکان و وەستانی زەمەن، خەیاڵیان بزواندم. لەو سووچەدا گۆتە دانیستووە، بە سەردان لە ئەڵمانیاوە هاتووەتە ڤێنیسیا و دەیەوێت لەگەڵ قاوەیەکدا تێبینییەکانی خۆی تۆمار بکات، لەسەر ئەم مێزەیان ڤاگنەر، بەدەم مۆسیقایەکەوە کە لە مێشکیدایە، سەر بادەدا و پەنجەکانی دەجووڵێنێ، هێمنگوای بە دەنگی بەرز لەو سووچەی ئەوسەرەوە سیغار دەکێشێ و قسە دەکات، کارلۆ گۆلدۆنی لە ناوەڕاستی قاوەخانەکەدایە، لەنێو کورسی و مێزەکاندا بە پێوە وەستاوە، جار بەجار هاتوچۆ دەکات، پەلەیەتی و قاقای پێکەنینی بەرز بووەتەوە، بەڵام کازەنۆڤا بە دەمامکێکی ئەرستۆکراتییەوە، دەستی خاتوونێکی قەشەنگی گرتووە و بەرەو سووچێکی ناوەوەی دەبات. کۆمەڵێ ئافرەتی تریش بە چاوی ئیرەییەوە دەڕواننە ئەو خاتوونەی کە دەستی لەنێو دەستی کازەنۆڤادایە و قاقا پێ دەکەنن و دەمامکەکانیان دەکەنەوە بە دەموچاویانەوە و بە خێرایی و بە نازەوە دەچنە دەرەوە.

لەسەر مێزەکەی ڤاگنەر دانیشتین، بە دەم خواردنەوەی چایەکی سەوزەوە لە دیوارەکان، بنمیچ، پەنجەرە و تەنانەت ئەرزەکەشم دەڕوانی: دیوارەکانی بە زەردی ئاڵتوونی، ئاوێنەی گەورە و ڕەنگی سوور، دیزاینی ساڵەکانی هەزار و هەشت سەدەکان و مۆرکە بۆرژوازییەکەی ئەو سەردەمە ڕازێنراوەتەوە. سێبەرێکی هەتاهەتایی بەری لایەکی قاوەخانەکەی گرتووەتەوە و چەپکە تیشکێکی گەرمیش ڕاستەوڕاست و لە پەنجەرە گەورەکانی ڕوکاری دەرەوە، بەنێو پانتایی قاوەخانەکەدا بڵاو بووەتەوە. سێبەر و تیشکی ڕۆژ، تاریکی و ڕووناکی، ڕەش و سپی هەروەک وێنە سینەماییە دێرینەکان دێتە پێش چاو.

## ستۆکهۆڵم

بەیانی لەگەڵ کازیوە هەستام، هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا و چوومە بانیژەی سەر ژووری دانیشتنەکەمانەوە، سەیرێکی ئاسمانم کرد، بەیانییەکی ساردە و هیچ خانووبەرەیەکیش لەناو ئاوەکەی تەنیشتمانەوە بەرز نەبووەتەوە. لیزا هێشتا نووستووە و لەبەرئەوەی دووگیانە بە زەحمەت ئەمدیو و ئەودیوی بۆ دەکرێت. خێرا شتەکانم کۆ کردەوە و لە ماڵ چوومە دەرەوە، دوێنێ شەو درەنگانێک لە ڤێنیسیاوە گەیشتینەوە ستۆکهۆڵم و ئەمڕۆش وا زوو بەرەو شاری یاڤلێ و لەوێشەوە بۆ ناوچەی یارفسیۆ کەوتمە ڕێ.

یارفسیۆ ناوچەیەکی دارستاناویی ڕازاوە و قەشەنگە و شانۆیەکی لە تەختە دروستکراوی شێوە ئەلیزابیسی لەخۆ دەگرێت و شانۆکەش بە شانۆی دار ناوزەد کراوە. خودی شانۆکەش وەک ئەوە وایە کە بە قەدی شاخ و دامێنی دارستانێکەوە هەڵواسرابێ، بە بەرزاییەکەوە دەڕوانێتە دۆڵ و گوند و دەریاکەی بەردەمی. ئەم شانۆیە تەنیا لە هاویندا چالاکییە شانۆییەکانی تێدا نمایش دەکرێت، بینەران و شانۆکاران و ڕەخنەگرانی شانۆ، لە هەموو شارەکانی سوێدەوە دێن و بە



درێژاییی هاوین، شانۆنامە، وۆرک شۆپ و سیمینار و چالاکیی جۆرەوجۆری تێدا پیشکێش دەکرێت.

نۆکەری دوو ئاغا لە شەوێکی هاویندا، لە نمایشێکی بەرزی کۆمیدیای دیلارتیدا نمایش کرا، سەعات نۆی شەو دەستی پێ کرد و دوازدەی شەویش، کە هێشتا دنیا تاریک دانەهاتبوو، کۆتا هات.[٢٠]

پەراوێزەکان:

١- شانۆی گەل لە ساڵی ١٩٨٣دا دامەزراوە و نمایشەکانیان لە هەموو هەرێمی یاڤلێیوریدا پێشکێش دەکەن، جگە لە شانۆکانی ناو شاری یاڤلێ خۆیدا، بەردەوام لە هەموو سنووری ناوچەکەدا، لە گەشتی هونەریدان. ئەم شانۆیە تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بەتایبەتی لە بەکارهێنانی جوگرافیای جیاوازیی پانتاییی نمایشە شانۆییەکانیان، بەکارهێنانی مۆسیقا، ئاستی بەرزی نمایشەکانیان و لێکۆڵینەوە لە پرۆسەی کار و بابەتی هەنووکەیی. هەروەها شانۆی گەل چەندین ساڵە لەگەڵ نەریت و فۆرمی شانۆ جیاوازەکانی ئاسیا، بە تایبەتی چین و هیند هاوکاری و ئاڵوگۆڕی شانۆیی و هونەرییان هەیە.

٢- شانۆنامەی نۆکەری دوو ئاغا بەر لە ٢٦٠ ساڵ لەمەوبەر نووسراوە، ڕووداوەکانیش باسی ترۆفاڵدینۆی بێکار دەکات کە لە پڕ هەلی دوو کاری لە یەک کاتدا بۆ دەڕەخسێ و دەبێت لە هەمان کاتدا بەهەردوو کارەکەدا ڕابگات و لە خزمەت هەردوو ئاغاکەیدا بێت، بەبێ ئەوەی کەسیان بەوی تریان بزانێ. ترۆفاڵدینۆ لەم دۆخەدا دەڵێت: بۆچی ناکرێت کە لە یەک کاتدا دوو ئاغام هەبێت، دوو کار لە دوو

جێگەی جیاواز خواردن و هەروەها دوو مووچەش.

٣- کارلۆ گۆلدۆنی لە ٢٥ی فێبریوەری ساڵی ١٧٠٧دا لە ڤێنیسیا لەدایک بووە و لە ٦ی فیبریوەری ساڵی ١٧٩٣دا لە پاریس کۆچی دوایی کردووە. باوکی گۆڵدۆنی پزیشک بووە و خۆیشی لە ساڵی ١٧٢٣دا دەستی کردووە بە خوێندنی یاسا، لە ساڵی ١٧٣١وە، دوای تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ، ماوەیەکی درێژ چ لە ڤێنیسیا و چ لە شارەکانی تری وەک پیزا کاری پارێزەریی کردووە. لە ساڵی ١٧٣٨دا یەکەم کۆمیدیای خۆی بڵاو کردووەتەوە کە زۆر نزیک دەبێت لە فۆرم و شێوازەکانی کۆمیدیای دیلارتی، شانۆنامەی (نۆکەری دوو ئاغا)ش، وەک یەکێک لە بەرهەمە میللی و زۆر دیارەکانی، هەنگاوێکە بۆ تەرزێکی تری کۆمیدیایەکی وێژەیی کە لە سەرەتاوە هەموو دیالۆگەکانی پێشوەخت نووسیون و دوورە لە بنەماکانی شانۆیەکی ڕاگوزەرییەوە. لە ساڵی ١٧٥٠دا و لە شانۆنامەی Pamela nubile واتە (ئەو پامێلایەی کە شووی نەکردووە ) بە تەواوەتی دەمامک لە شانۆنامەکانی و شانۆی کۆمیدیادا وەلاوە دەنێت، بەرەنجامەکانی ئەو گۆڕانکارییانەش دەبێتە کۆمیدیایەکی کارەکتەرئامێزی ڕیالیزمی ڕاستەوخۆ. گۆڕانکارییەکانی کارلۆ گۆڵدۆنی بۆ کۆمیدیای دیلارتی چەندین دوژمنی بۆ پەیدا دەکات و لەگەڵ هەموو سەرکەوتن و چالاکییە بەردەوامەکانی چ لە ڤێنیسیا، پارما و ڕۆما، ناچار دەبێت ئیتاڵیا جێ بهێڵێت و لە ساڵی ١٧٦٢وە بەتەواوەتی لە پاریس جێگیر ببێت. یەکێک لەو ڕەخنانەی کە ئاراستەی کارلۆ گۆڵدۆنی دەکرا، لابردنی دەمامک و شێوازی نووسینی شانۆنامەکانی بوو، ڕەخنەگرەکان و شانۆکارانی ئەو سەردەمە پێیان وابوو کە شانۆنامەکانی کارلۆ گۆڵدۆنی زۆر میللییە و بە تەواوەتی لە کۆمیدیای دیلارتی دوور کەوتووەتەوە. کارلۆ گۆڵدۆنی لە پاریس و تا ئەو ڕۆژەی کۆچی دوایی دەکات وەک سەرۆکی شانۆی کۆمیدیای ئیتاڵیایی کاری کردووە.

کارلۆ گۆڵدۆنی بە داهێنانە نوێیەکانی، بە زمانە تایبەتمەندەکەی، بەتایبەتی زمانی ژیانی ڕۆژانە، یەکەم شانۆ نەتەوایەتییەکانی ئیتاڵیا دەستەبەر دەکات و تا ئێستا زۆربەی شانۆنامەکانی لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا پێشکێش دەکرێن.

٤- پردی ڕیاڵتۆ یەکێکە لە پردە دێرین و بەناوبانگەکانی ئەم شارە، ئەم پردە ژیانێکی تایبەتمەندیی خۆی هەیە، هەمیشە جمەی دێت و بە درێژایی مێژووش هەروا بووە. لە هەموو ساتەکانی شەو و ڕۆژدا، بە هەزاران کەس لەمسەرەوە بۆ ئەوسەر هاتوچۆ دەکەن، گەمەی لێبوکەکان، گۆرانی و مۆسیقا و هەندێ جاریش سەماشی لەسەر دەکرێت. لە سەرەتای ساڵانی سەدەی شازدەدا ئەم پردە زۆر داڕووخاو بووە، مەترسیی داڕمانی لێ کراوە و لەبەر ئەوە دەسەڵاتدارانی شارەوانیی شارەکە پێشبڕکێیەکی ئەرکیۆلۆگییان بۆ دروستکردنی پردێکی تازە ڕاگەیاندووە. مایکل ئەنگلۆ یەکێک بووە لە بەشدارانی ئەو پێشبڕکێیە، بەڵام ئەندازیارێکی تر بەناوی ئەنتۆنیۆ داپۆشێ، بەنەخشەی پردی ڕیاڵتۆ پێشبڕکێیەکە دەباتەوە. ئەم پردە لە ساڵی ١٥٨٨دا بە بەردی ساخ دەستکراوە بە دروستکردنی و لە ساڵی ١٥٩١دا تەواو بووە و تا ساڵی ١٨٥٤یش تاکە پردێک بووە کە خەڵکی توانیویانە بە پێ لە بەندەری گراناداوە بەسەریدا بپەڕنەوە.

٥- ئەم پردە لە سەرەتادا لە ساڵی ١٣٦٠دا دروست کراوە، بەڵام لە ساڵی ١٨٤٧ەوە ئەم شێوازەی ئەمڕۆی وەرگرتووە.

٦- دۆگ و کۆشکی دۆگەکان، دەسەڵاتی باڵای کۆماری ڤێنیسیا بووە و تا ساڵی ١٧٩٧ حوکمڕانییان کردووە. کۆشکی دۆگاش کۆشکی کۆمارییی ئەم دەسەڵاتە بووە و لە نێوان ساڵانی ١٣٠٩ _١٤٣٨دا دروستکراوە و بە ڕووکاری دەریای ئەدریاتیکدا لەسەر چەندین کۆڵەکەی لە بەرد دروست کراوی گەورە بەرز بووەتەوە و دیوارەکانی، شوراکەی نهۆمی سەرەوەی کۆشکەکەی بە خشتی سوور دروستکراوە. ئەم کۆشکە چەندین هۆڵی گەورە و قەشەنگ لەخۆ دەگرێت و وێنەکێشە گەورەکانی ئەو سەردەمە، تینۆرۆتۆ و پاولۆ فێرەنێسێ ڕازاندوویانەتەوە. ئەم کۆشکە بە پردی هەناسەساردەکان بەستراوەتەوە بە بەندیخانە سەرەکییەکەی شارەوە و کڵێسای مارکۆسیش بەشێکی جیانەکراوەی ئەم کۆشکەیە. ئێستا کۆشک و بەندیخانە و کڵێساکە کراونەتە مۆزەخانە.

٧- لە ساڵی ١٤٤٤ز.دا و بەهۆی کۆبوونەوەی خەڵکێکی زۆرەوە، کە تەماشای زەماوەندێکیان کردووە، یەکێک لەو پردە تەختانە ڕووخاوە و فیتۆرەی وێنەکێش لە ساڵی ١٤٩٦دا، لە یەکێک لە تابلۆ دیکۆمێنتارییەکانیدا وێنەی ئەو کارەساتەی کێشاوە.

٨- ڤێنیسیا کۆمارێکی سەربەخۆ بووە و هیچ وڵاتێکیش هێندەی کۆماری ڤێنیسیا، بەر لە ساڵەکانی ١٨٠٠ لە دیموکراسی نزیک نەبووەتەوە. ئەم وڵاتە بەشێوەیەکی بەربڵاو پرەنسیپەکانی وڵاتێکی مۆدێرنی دیموکراسییان پەیڕەو کردووە، لە ڕووی هەڵبژاردن، حوکمی یاسا، سەربەخۆیی دادگە و ئازادیی مرۆڤی تاک و نووسین و بڵاوکردنەوە و نواندنەوە. بەڵام لە ساڵی ١٧٩٧ز. دا کە ناپلیۆن پۆناپارت ئەم وڵاتە داگیر دەکات، کۆمارەکەیان دەڕووخێت و سەربەستی و سیستمە دیموکراسییەکەشیان تێک دەدات.

٩- لە ساڵی ١٩٦٦دا ئاوی دەریاچەکە بە ڕێژەیەکی ئێجگار زۆر بەرز دەبێتەوە و هەموو شارەکە دەکەوێتە مەترسیی ژێرئاوکەوتنێکی هەتاهەتاییەوە. تا ئێستا و بە چەندین شێواز و تەکنیکی جیاواز و یارمەتیی وڵاتانی ئەورووپا و ئەمەریکا، لە هەوڵی ڕێگە گرتنن لە بەرزبوونەوەی ئاو. ئیتاڵیا ساڵانە پارەیەکی خەیاڵی بۆ ئەم مەبەستە خەرج دەکات.

١٠- ساڵی چوار ملیۆن گەشتیار لە هەموو جیهانەوە ڕوو دەکەنە ئەم شارە و بە شەقام و کۆڵانە تەڕەکانی، بە ئەفسوونی ڕووناکی و کاریگەری سێبەر و تاریکی، بە ئەتمۆسفێر و مێژووی ئەم شارە مەست دەبن.

١١- گەندۆڵ بەلەمێکی زۆر تایبەتە بە شاری ڤێنیسیا، باریک و درێژە و لە هەردوو لاوە بەرز بووەتەوە. لە سەدەی پازدەدا زیاتر بۆ گوێزانەوەی کەلوپەل و هاتوچۆ بەکار هێنراوە، بەڵام ئەمڕۆ بووەتە سیمایەکی گرینگ و ئاماژەیەکی کولتووری ئەم شارە و داهاتێکی دارایی گەورەش. گەشتێکی تەنیا نیو سەعاتیی بەم گەندۆڵانە سەد و پەنجا دۆلاری ئەمەریکییە.

١٢, کۆمیدیای دیلارتی مانای پیشەی شانۆ دەگرێتەوە، ئەو کەسانەی کە بەتەواوەتی خۆیان بۆ شانۆ تەرخان کردووە و شانۆ بووەتە پیشەی سەرەکیی ژیان و گوزەرانیان. واتە ئەم ئەکتەرانە دانپیانراو بوون و هەموو کەسێک نەیتوانیوە ئەم ڕۆڵانە، یان لەگەڵ ئەم گرووپانە کار بکات و ئەوانەشی کە ویستوویانە لە ریزەکانی کۆمیدیای دیلارتیدا کار بکەن، دەبوایە لەلای ئەو ئەکتەرانە بڕوانامەیان وەربگرتایە و لەلای ئەوانە شاگردیی گەمەی شانۆیان بکردایە.

١٣- لە ساڵی ١٩٣١ەوە ئەم خانووە لە دەستی شارەوانیی ڤینیسیادایە و کراوەتە مۆزەخانە، ناوەندێکی

لێکۆڵینەوە و لابورێکی نواندن.

١٤- ئەم خانووبەرەیە مۆرکی ئەرکیتێکتور و ئەندازەی ئەو سەردەمە، واتە سەدەی چواردەی ئیتاڵیای بە ڕوونی پێوە دیارە و ئیتاڵییەکانیش هەوڵیان داوە کە ئەو مۆرک و شێوازە دێرینەی خانووبەرەکە بپارێزن.

١٥- لە سەردەمی کارلۆ گۆلدۆنیدا شاری ڤینیسیا پێگەیەکی گەورە و شیاوی لەنێو ڕەوتی شانۆی ئەوروپاییی ئەودەمەدا هەبووە.

١٦- لە ڤینیسیا خەڵکی بەپێی یاسا دەمامکیان پۆشیوە، یەکەم یاساکانی دەمامک پۆشینیش دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی دوازدە، بەڵام نازانرێت یەک ڕاست کەی خەڵکی ڤینیسیا بۆ یەکەم جار دەمامکیان وەک پێداویستییەکی ژیانی ڕۆژانە بەکار هێناوە. زۆر سەرچاوە پۆشین و بەکارهێنانی دەمامک دەگێڕنەوە بۆ بەر لە سەدەی دوازدەیش، یاسا و دەستووری ئەو وڵاتە ڕێگەی داوە کە خەڵکی لە بەشێکی زۆری ساڵدا دەمامک بپۆشن. لە هەندێک شوێن و جێگەی فەرمی و تایبەتیدا، بەپێی یاسا دەمامک پۆشراوە، نەک هەر ئەوە بگرە بە زۆرەملێش بووە و قەدەخە بووە کە بەبێ دەمامک بچیتە ژوورەوە، یان بەشداریی ئاهەنگ و گەمەکان بکەیت. دەمامکی ئەرستۆکراتی و دەوڵەمەندەکان جیاوازتر بووە لە دەمامکی خەڵکی هەژار و ئاسایی، دەمامکی ئیرۆتیکی تایبەت بووە بەئافرەت و هەموو دەموچاویانی نەگرتووەتەوە. بەپێی دەستووری ڤێنیسیای کۆن و سەردەمی کۆماری، هیچ یاسایەک بۆی نەبووە ئەو کەسانە دەسگیر بکات کە دەمامکیان پۆشیوە، بەڵام کەرنەڤاڵ و دەمامک و دەمامک پۆشین لەگەڵ کەوتنی کۆماری ڤێنیسیا لە کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەدا ون بووە و ئەو ڕێگەیەی جارانی پێ نەدراوە.

١٧, سەرەتاکانی ئەم کەرنەڤاڵانە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی یازدە و دوازدە و لە سەدەی هەژدەدا گەیشتووەتە ئاستی ترۆپک و دیاردەیەکی میللیی بەربڵاوی تێکڕای خەڵکی. ئەم کەرنەڤاڵانە هەموو ساڵێک لە بیست و حەوتی مانگی دیسەمبەردا دەستیان پێ کردووە و دوو مانگیان خایاندووە، وەک لەوەوبەر ئاماژەمان بۆ کردووە، لەگەڵ کەوتنی کۆماری ڤینیسیادا، ئەم کەرنەڤاڵەش دەکەوێت. دواجار لە ساڵی ١٩٧٩ەوە سەرلەنوێ سەری هەڵداوەتەوە و تا ئێستا و بۆ ماوەی دە ڕۆژ و هەموو ساڵێک ئەم نەریتە سیمای شارەکە دەپۆشێت.

١٨- لە سەدەی شازدەی ڤێنیسیادا، لە ١٠٪ ئافرەت سۆزانی بوون، ئەو کارە بۆ پیاو لە هەموو ئەوروپادا قەدەخە بووە و سزای سووتاندنی بەدواوە بووە، بەڵام لە ڤێنیسیا ئەو جۆرە پیاوانە توانیویانە بە پۆشینی دەمامکی ئافرەتی سۆزانی، قون بدەن و سزاش نەدرێن.

١٩- قاوەخانەی فلۆرینا لە دیسەمبەری ساڵی ١٧٢٠دا لەلایەن فلۆریانۆ فرانسیسکۆینیەوە کراوەتەوە، لە سەرەتادا ناوی ڤینیسیا بووە و دواتر خەڵکی شار و میوانە بێگانەکانیش بە قاوەخانەی فلۆرینا ناوزەدیان کردووە.

٢٠- هاوینی سوێد تەلیسماوییە، هەندێ جار باران دەبارێت، سارده و جارجاریش هەتاو لە کەندێکی چیا و ئاسمانە پڕ لە هەورەکانەوە سەر دەردێنێ، بەڵام ئەفسوونی شەوەکانی هاوینی سوێد هەر زۆر تایبەتمەندە و هەرگیز تاریک نابێت. شەوە هاوینەکانی سوێد لە هەڵهاتن و کازیوەیەکی بەردەوامدایە.

# بی بی سی و باڵەخانەی بوش هاوس

رانیا ئەکرەم

دەستەی ئێستگەی بەریتانیایی، بی بی سی جانتاکانی دەپێچێتەوە و باڵەخانە کۆنە گەورەکەی جێ دەهێڵێت، ئەوەی دەکەوێتە نێوان ستراند و ئولدویتشی ناوەندی شاری لەندەن، کە ماوەی ٧٠ ساڵ بووبووە بارەگەی سەرەکیی ئەو دەزگایە میدیایە، کە لەگەڵ هەموو مرۆڤایەتی و خەڵکی ئەو سەرزەوینە پێوەندیی پتەوی هەبووە و ئازادانە و بەردەوام قسەی بۆ کردن، رۆژانەش بە چەندین زمان بەرنامەکانی بڵاو کردیتەوە، کە ژمارەی زمانەکان گەیشتووەتە ٤٤ زمان و خەڵکەکە بەردەوام گوێیان بە وشەکانی (ئێرە لەندەنە) زرینگاوەتەوە، بەڵام کەم کەس لە هەوادارانی ئەو ئێستگەیە و ئەوانەی گوێیان لێی راگرتووە سەربردەی بارەگەکەی بوش هاوس دەزانن. کەواتە چیرۆکی بوش هاوس چییە کە بوویتە وێستگەیەکی گرینگی ئەو ئێستگەیە.

باڵەخانەی بوش هاوس سەرەتا وەک بارەگەی بی بی سی دروست نەکراوە، بگرە لە ڕاستیدا وەک بارەگە و ئۆفیسی کۆمپانیایەکی بازرگانیی ئینگلیزی ئەمەریکایی بووە کە سەرۆکەکەی ئیرفینگ بوش بووە و باڵەخانەکەش بە ناوی سەرۆکی ئەو کۆمپانیایەوە بووە. دیزاینی باڵەخانەکە لەلایەن هارقی کوریت بووە و لە ساڵی ١٩٢٣ دروست کراوە، بەڵام لە ساڵانی ١٩٢٨ و ١٩٥٣ چەند بەشێکی نوێی بۆ زیاد کراوە. کە لە ساڵی ١٩٢٥ ئەو باڵەخانەیە کراوەتەوە، وەک گرانترین باڵەخانە لە جیهان ناوی هاتووە، کە نزیکەی دوو ملیۆن پاوەندی تێچووە، بەپێی پێوانەکانی ئەو ساڵانە پارەکە زۆر بووە و بەڕاستی باڵەخانەیەکی مەزن و گەورەش بووە، لە بەردەم دەروازەی باڵەخانەکەش دوو پەیکەر، وەک سومبلی دۆستایەتیی ئینگلیزی ئەمریکی دانراوە، بەڵام پەیکەرە ئەمەریکاییەکە لە ئەنجامی بۆردمانی لەندەن لە رۆژانەی شەڕی دووەمی جیهانیدا، لە ساڵانی چلەکان بە بۆردمانی فڕۆکەکانی نازییە ئەڵمانەکان دەستێکی پەڕیبوو، بەڵام دوایی لە ساڵانی حەفتاکان پەیکەرەکە چاک کراوەتەوە. شەڕی دووەمی جیهانی فاکتەری سەرەکی بووە کەوا

........................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی




دەستەی ئێستگەی بەریتانیایی بگوازرێتەوە ئەو باڵەخانەیە. کە زووتر بەرنامەکانی ئەو ئێستگەیە بە زمانەکانی بێگانە لە ساڵی ١٩٨٣ لە باڵەخانەی برودکاستنگ هاوسی هەڵکەوتوو لە بورتلاند بلیسی نزیک شەقامی ئۆکسفۆردی ناودار بووە، بەڵام باڵەخانەکە لە ساڵی ١٩٤١ دەکەوێتە بەر تەقینەوەیەک، بۆیە بەشە بێگانەکەی پەخش و بەرنامەکان دەگوازرێتەوە بوش هاوس، سەرەتا بەرنامەکانی زمانە ئەوروپاییەکان دەگوازرێتەوە ئەو باڵەخانەیە، ئینجا لە ساڵی ١٩٥٨ پەخشی دەرەوەش دەگوازێتەوە بوش هاوس.

یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەی نوێی بی بی سی لە باڵەخانە نوێیەکەی ڕووماڵکردنی ڕووداوەکانی شەڕی دووەمی جیهانی بووە، ئێستگەکە بووبووە لایەنێک لە شەڕەکە بۆ دژایەتیکردنی نازییەت، بۆیە بەرنامە و سەداکەی بۆ جەنەراڵ دیگۆل دەکاتەوە بۆ ئەوەی پێوەندییەکانی لەگەڵ فرەنسییە ئازادەکان پێوەندی و هەوئاهەنگی بەردەوامی هەبێت و خەڵکەکە دژ بە داگیرکەرەکان هان بدات، تا خاکەکەیان لەبن دەستی داگیرکەران دەربهێنن و وڵاتەکەیان رزگار بکەن. ئەگەرچی ڕۆژانە بی بی سی تەنیا ماوەی پێنج دەقەی بە (فرەنسای ئازاد) دابوو، تا قسە لەگەڵ ئازادیخوازە دابڕاوەکانیان بکات، ئەوانەی لە جیهاندا دابڕابوون، دیارە کەوا ئەو کاتەش زۆر باش بووە و بەوەش دەکرا ئەوانیش بەو ئێستگەیە بەنهێنیی هەواڵەکان و بەرنامەکان بزانن، ئەوەش هەنگاوێکی پڕ بایەخ بوو بۆ شەڕوانەکان، چونکە ئەوان لە دنیای دەرەوە و ڕێکخستنەکانیان دابڕابوون. ئەوان نەک بەو ئێستگەوە تەنیا گوێیان لە وتارەکانی جەنەراڵ دیگۆل دەبوو، دەکرا بە بەرنامەکانی بەو ئێستگەیە هەموو گۆڕان و پێشهاتەکانی ناو بەرەکانی شەڕەکان بزانن. بی بی سی توانی بە ڕاستگۆییەکانی نەک لەناو فرەنسییەکان بگرە لەناو هەموو میللەتانی ئەوروپایی ببێتە ڕوانگە و سەرچاوەیەکی پڕ بایەخ کە دەیوت: ئێمە کە هەواڵی شکستەکانی خۆمان بڵاو دەکەینەوە، بۆیە بڕوا بە بڵاوکردنەوەی سەرکەوتنەکانیشمان دەکەن.

پاش کۆتاییهاتنی شەڕی جیهانیی دووەم بی بی سی بەردەوام دەبێت لە بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانی بە چەندین زمانی زیندووی جیهان، ئێستگەکە هەموو وردەکارییەکانی شەڕە ساردەکەی دژ بە ئۆردوگای خۆرئاواش بڵاو دەکاتەوە، کۆتاییهاتنی کۆلۆنیزمی ئەوروپاییەکان لەسەر ئەفریقیا و سەربەخۆیی وڵاتانی ئەفریقیایی. ئێستگەکە لە سەرەتای هەشتاکان وردەکارییەکانی شۆڕشی ئێران بە جیهان بڵاو دەکاتەوە، بەوردی باس لە سیاسەتی کرانەوەی سۆڤیەت (بریسترویکا) لە ڕۆژانی میخائیل گورباتشوف لە هەشتاکان و ڕۆژانەکانی گۆڕەپانی تیان مین لە پەکین و شەڕەکانی یەکەم و دووەمی کەنداو و ڕووداوەکانی هەزارەی سێیەم پاش هێرشەکەی ئەلقاعیدە لە ساڵی ٢٠٠١ بۆ سەر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بڵاو کردۆتەوە و بایەخی پێ داوە، هەتا بایەخیشی بە شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبییش داوە.

ڕووماڵکردنی ئەو هەموو ڕووداو و کارەساتانە کارێکی ئاسان نەبوو، بەڵام بی بی سی لە ماوەی چەندین دەیەی کارکردنی توانییان ڕاستگۆیییەکانی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان بپارێزێت، کە پەیداکردنی سەرچاوەی هەواڵەکانیش ئاسان و بێ مەترسی نەبوون، بەتایبەتی لە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆهەڵات و وڵاتانی پارزەوینی ئەفریقیا. بی بی سی بە ناوی تۆڕی ئەفریقیایی دوو بەرنامەی بۆ کاروباری ئەفریقیایی هەبوو، ئەوەش لە هەشتاکان لەناو هاووڵاتییانی ئەفریقیایی سەدا و ناوبانگییەکی زۆری پەیدا کردبوو، دەکرا بەرنامەکانی بگاتە هەموو ماڵەکان وەک ئەوەی ببێتە ئێستگەیەکی لۆکالی. بی بی سی بووبووە سەرچاوەی گرینگی هەواڵەکانی شەڕەکانی ناوخۆیی لیبیریا، کە یەکەمین دیمانەی لەگەڵ تشارلز تایلوار وەک سەرکردەی یاخیبوو بڵاو دەکاتەوە، کە زووتر ئەو نەناسرابوو، کە هێزەکانی بە شەڕێکی خوێناوی توانیبوویان دەست بە سەر وڵاتەکەدا بگرن. بی بی سی بەشانازییەوە دان بەوەدا دەنێت کەوا لیبیرییەکان لە کاتی



پێشکێشکردنی هەواڵەکان شەڕیان راگرتووە و گوێیان لە هەواڵەکان گرتووە تا بزانن چەکدارەکان گەیشتوونەتە کام شوێن و شەڕەکان ئەنجامەکانی چییە، کە ماوەی پەخشی هەواڵەکانی بی بی سی تەواو بووە، چەکدارە لیبرییەکان دووبارە دەستیان بە تەقە و شەڕەکانیان کردووەتەوە.

وەک چۆن بی بی سی بووبووە سەرچاوەیەکی گرینگ و بڕواپێکراوی وڵاتانی باشووری ئەفریقیا، هەروەها بێژەری سۆماڵی عەبدوڵڵا حاجی بۆ ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ئەفریقیاش ئاگری دەکردەوە، ئەگەرچی ئەو لەناو لەندەنیش بوو، بەڵام رۆڵی زۆر بوو بۆ سۆماڵییەکان، حاجی ئەوەی لە بیرە کەوا لە هەشتاکاندا بیر لەوە کراوەتەوە بەشە سۆماڵییەکە لە بی بی سی دابخەن، بەڵام بەرێککەوت لەناو ئەنجوومەنی لۆردەکاندا چەند ئەندامێکیان کە لە سوپای بەریتانیایی خزمەتیان لە سۆماڵ کردبوو، لەودەمانەی خاکی سۆماڵیش بەشێک بوو لە قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیایی کە تیشکی خۆری لێ ئاوا نەدەبوو، ئەوان وتبوویان ئێوە ئەگەر لەسەر تەرمەکانمان ئەو ئێستگەیە دابخەن. لەپاش هەڕەشەکەی ئەندامانی ئەنجوومەنەکە وەک چۆن رۆژنامەنووس حاجی عەبدوڵڵا دەگێڕێتەوە کەوا رۆژنامەی تایمزیش رۆڵی زۆر هەبوو لە بەردەوامیی بەرنامەکانی بەشی سۆماڵی لەو ئێستگەیەدا، کە تێدا لە رۆژنامەکەدا نووسرابوو: سۆماڵییەکان حەز بە سێ شت دەکەن: یەکەمیان ئاینی ئیسلام، دووەمیان کەسایەتیی خۆیان، سێیەمیش بەشی سۆماڵی لە بی بی سی.

لەبەرئەوەی ماوەیەکی زۆر ئێستگەکە لە باڵەخانەی بوش هاوسدا بووە، بۆیە باڵەخانەکە بیرەوەریی زۆری هەیە، کە شیاوی باس بێت و فەرمانبەرەکان لە بیری نەکەن، کە ماوەی چەندین دەیە ئیشیان تێدا کردبوو. رۆژنامەنووسە رۆمانییەکە ئامۆژگارییەکەی بەڕێوەبەرەکەی لە بیر ناچێتەوە کە لە کاتی دەستبەکاربوونی لە بەشی رۆمانی لە بی بی سی لە بوش هاوس پێی وتبوو:

لە شوێنی بۆشاییەکان کۆشش بکە خاڵێک دابنێ، چونکە ئێستگەکەمان رستەکانیان کورتە. ئەوە بنچینەی یەکەم کارەکانمانە، بەڵام بنچینەی دووەمیشمان ئەوەیە: بڕوای سیاسیت هەر چی بێت، کە هاتیتە ژووری ستۆدیۆکە بڕوا و هەڵوێستە سیاسییەکەت لەگەڵ پاڵتۆکە لە دەرەوە بەجێ بهێڵە. بنچینەی سێیەمیشمان ئەوەیە: ئەگەر مێزی کانتین (ئێستگەکە) خاوێن بوو لەسەری دامەنیشە، رەنگە بە پارچە پەڕۆیەکی پیس خاوێن کرابێتەوە!

ئێستا بی بی سی بەشی رۆمانییەکەی داخستووە، بەڵام چەندین بەشی بە زمانی بێگانە ماوە وەک عەرەبی، فارسی، پشتو و بەرنامەکانی خۆشی لە بارەگە نوێیەکە بی بی سی لە برودکاستنگ هاوس لە لەندەن بڵاو دەکاتەوە، کە تەلەفزیۆنەکانی دەستەی ئێستگەی بەریتانیاییشی تێدایە، بەڵام یادگاریی زۆریشی لە کۆنە بارەگەکەی هەر دەمێنێتەوە و بوش هاوس وەک سومبلی ئەو دەزگا میدیایە هەر بەشکۆیی دەمێنێتەوە، کە لەلایەن کۆمپانیایەکی ژاپۆنی گوازرایەوە شوێنە نوێیەکەی و ئەوانیش وەک سەرمایەگوزارێک سەرپەرشتیی دەکەن.

لەندەن، رانیا ئەکرەم، رۆژنامەی ئەلحیاتی لەندەنی، ٩ی ینایری ٢٠١٢.

# چۆن دەوڵەتی ئیسرائیل دادەمەزرێ

بیوگرافیای ئامووس ئۆزە

٢ لە ٢

چەندین جار رووداوەکان هەڕەشەیان لە ڕاستی کردووە. من جارێکیان لەسەر هۆکاری دروستیی مردنی داپیرم نووسیبووم:

داپیرەم شلۆمیت راستەوخۆ لە (ڤیلنا)وە لە رۆژێکی گەرمی هاوینی ١٩٣٣ هاتبووە وڵات. ئەو سەیرێکی بازاڕەکەی کردبوو کە تژی بوو لە ئارەقە، ئەو فەرشانەی بە ڕەنگ و روو بە هیچ شێوەیەک لە یەکتریان نەدەکرد، لە کۆڵانەکاندا دەنگی بازرگانەکان و زەڕینی کەر و مشەی وەڵسات و دەنگی ئەو پەلەوەرانەی کە بە قاچەکانیانەوە هەڵواسرابوون بینیبوو، لەگەڵ دیمەنی ئەو مریشکانەی خوێنیان لە ملیان دەچۆڕایەوە تووشی شۆک بووبوو.

داپیرەم دیقەتی دابووە شان و پیلی پیاوە خۆرهەڵاتییەکان، سەیری رەنگی میوە و سەوزە زەقەکانی دەکرد. داپیرەم کە هاتبوو سەیری شاخەکانی چواردەورەمانی کردبوو، نشێوە بەردینەکانی دیبوو، بۆیەش یەکسەر حوکمی دوایی خۆی لەسەر ئەو دەڤەرە دابوو و وتبووی:

(خۆرهەڵاتی ناوەڕاست پڕە لە میکرۆب).

***

داپیرەم بیست و پێنج ساڵ لە یورشەلیم ژیا، رۆژانی تاڵی زۆر و کەمێک شیرینیشی تێدا بەسەر بردبوو، تا مردیش حوکمەکەی لەسەر دەڤەرەکە سووک نەکردبوو، هەتا دوا رۆژەکانی ژیانیشی لەسەر حوکمەکەی هیچ نەگۆڕا.

.................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی

دەگێڕنەوە کەوا داپیرەم ئەو رۆژەی گەیشتبووە یورشەلیم، هەموو بەیانیانی ژیانی، هاوین و زستانەکانی لە یورشەلیم داوای لە باپیرم کردبوو:

هەموو رۆژێک،

بەیانیان سەعات شەش یان شەش و نیو لە خەو بەئاگا بێت،

هەموو گۆشەکانی ماڵەکەیان بە پاککەرەوەیەکی شل، ڕووبەڕووی میکرۆبەکان ببێتەوە و هێرشەکانیان تێک بشکێنێت. ئەو داوای کردبوو بن سیسەمەکە و پشت دۆلابەکە و ناو کەلوپەلەکان و نێوان پێچکەی دۆلابی کەرەستەی خوانەکە، جێ و باڵینگان و لێف و بالیفەکان داتەکێنێت.

***

هەر لە منداڵییەوە هەستی ئەوەم دەکرد کە کتێبخانەکەی مامە یوسف هەیکەلی حیکمەتە، زۆرتر لە بیست و پێنج هەزار بەرگە کتێب، جارێکیان باوکم چرپاندییە گوێم، لەو کتێبخانەی مامە یوسف، گەنجینەیەکی بەهادار هەیە، کتێبی کۆن و دەگمەنی تێدایە، دەستنووسی گەورە نووسەر و شاعیرەکانی ئێمەی تێدایە، چاپکراو و دیاریی نووسەرەکانی تێدایە، لەوانە کتێبی تێدایە کە بە فێڵ و بە دزی لە سنووری ئودیسای سۆڤیەتییەوە دەرهێنراوە و بە هەزار رێگە و بواری نهێنییەوە گەیشتووەتە ئێرە، کتێبی دەگمەنی هەوادارانی کتێب کۆکردنەوە گەیشتوونەتە ئەو کتێبخانەیە، کتێبی سکۆلار و ئایینیی تێدایە، گەنجینەی کەلەپووری جوولەکە و گەنجینەی میللەتانی تری تێدایە، هەندێک لەو کتێبانە کاتی خۆی مامە یوسف لە ئودیسا کڕیویەتی، کتێبی تێدایە ئەو لە هایدلبریگ کڕیویەتی، لە شاری لۆزان کڕیویەتی، کتێبی تێدایە لە بەرلین و لە وارشۆ دۆزراوەتەوە، کتێبی تێدایە لە ئەمەریکاوە داوای کردوون، رەنگە تەنیا لە ڤاتیکان دانەی تری تێدا بێت، عیبری ئارامی سریانی یونانی کۆن و نوێ، بە زمانی سنسکریتی و لاتینی و عەرەبی، کتێبی سەدەکانی ناوەڕاست، رووسی و ئینگلیزی و ئەڵمانی و ئیسپانی و پۆڵۆنی و فرەنسی و ئیتاڵی و زمانەکانی تریش، بە چەندین زاراوە کە ئێمە ناوەکانیشیان نازانین وەک ئوگرایتی و سلۆڤاتی و کەنعانی و مالتی و سلاڤی و کڵێسایی کۆن.

دەیان هێڵی کتێب لەسەر تاقەکان ریز کرابوون، هەتا بنمیچی سەرەوە، تا پێشەوەی دەرگە و پەنجەرەکانیشی گرتبوو، کەشێکی مەند و مات نە بزەیەک هەستی پێ دەکرا و نە خشپەیەک، دەبوایە هەموومان بە چرپە قسەمان بکردبوایە، قسەکردن لەگەڵ ئەویش بە چرپە بوو.

بۆنی کتێبخانەکەی مامە یوسف هەتا لە ژیاندا مابم دەمێنێت، بۆن و سروەی زانستییە غەیبییە کۆن و سەیرەکان، بۆنی ژیانە ئارام و سازکراوە هێمن و بەرنامەڕێژکراوەکە، ژیانێک تژی لە نهێنی، ئارام و رۆحە گرانەکان بەرز دەبێتەوە و لە ناخی قووڵاییی بیرەکان رامان و حیکمەتیان هەڵدەدا، هاژەی لێوی رووناکبیرە مردووەکان، دروشمی نووسەرانی مردووی ژێرخاک، دەست

لەملانێی ساردی ئارەزووەکانی نەوەکانی رابردوو.

***

یوسف کلاوزنر لە ساڵی ١٨٧٤ لە شارۆکەی ئولکینکی لە وڵاتی لیتوانیا لەدایک بووە و لە یورشەلیم لە ساڵی ١٩٥٨ مردووە، ئەو تەمەنی هەشت ساڵ بووە کە بنەماڵەی کلاوزنرییەکان لە لیتوانیاوە بەرەو ئۆدیسا کۆچ دەکەن، بۆیەش لە خوێندنی ماڵان دەچێتە قوتابخانەیەکی ئایینی پێشکەوتوو، لەوێش دەگاتە ناو شانەکانی موحیبەتی سەهیۆن و ناو بازنەکانی تری چالاکیی جوولەکەیی، لە تەمەنی نۆزدە ساڵییەوە یەکەم وتار بەناوی (وشە نوێیەکان و نووسینە نوێیەکان) بڵاو دەکاتەوە، کە تێیدا داواکار بووە زمانی عیبری گەشە بکات و ببێتە زمانێکی زیندوو. ئەو لە هاوینی ساڵی ١٨٩٧ بۆ خوێندن سەفەری هایدلبێرگ دەکات چونکە زانکۆکانی رووسیای قەیسەری بە ڕووی جوولەکەکان داخرابوون، ماوەی پێنج ساڵ لەسەر دەستی پرۆفیسۆر کۆنۆ فیشەر فەلسەفە دەخوێنێت، لەبەر رۆشناییەکانی ئارنست رینان بە مێژووی خۆرهەڵاتەوە دەنووسێت، لە ناخەوە هزرەکانی کارلایل کاریگەریی لێ دەکات، لەو ماوەیەدا مێژووی ئەدەب و مێژوو و فەلسەفە و زمانی سامییەکان دەخوێنێت، ئەو نزیکەی پازدە زمانی زانیوە، لەوانە سنسکریتی، عەرەبی، یونانی، لاتینی، ئارامی، فارسی، ئەمهری، لەوێش توێژینەوە خۆرهەڵاتییەکانیش فێر دەبێت.

چرنیوفسکی هاوڕێی سەردەمی منداڵی لە ئۆدیسا ئەو فێری سەرەتاکانی پزیشکیی دەکات، زۆر بەیەکەوە دەبن، ئەو بەو شاعیرەی وتووە، شاعیرە بلێسەدارەکە و پێی دەڵێت:

"شاعیر، هەڵۆکەی عیبری باڵی یەکەمی خۆی لە تەورات و دیمەنەکانی خاکی کەنعان دەدا و ئەوی تریشی لەسەر ئەوروپای نوێ بەکراوەیی دەخولێتەوە!"

ئەویش هەندێ جار لەسەر پەسنی چرنیوفسکی وتوویەتی:

"رۆحی منداڵێکی بەستەزمان و بێگەردە و لەناو جەستەیەکی بەهێزدایە"

مامە یوسف دەبێتە نوێنەری خوێندکارانی جوولەکە لە کۆنگرەی یەکەمی سەهیۆن لە بازل، ئینجا لە کۆنگرەکانی تریش بەشدار دەبێت، لە یەکێک لەو کۆنگرانەدا بەختیار دەبێت بە دیمانەی هرتزل، ئەو پیاوێکی جوان بوو، لە ئاکاری رووناکی پەخش دەبوو! بە یەکێک لە پاشاکانی ئاشووری کۆن دەچوو، ردێنی رەش، دەموچاوە پانەکەی پڕ بوو لە رۆحانیەت و خەون! چاوەکانی، هەتا ماوم چاوەکانی ئەوم لە بیر ناچنەوە، لە چاوی گەنجێکی عاشق دەچوو، کە خەمگین و گەشاوە بوون و بینەرەکانی دەفڕاند، لە نێوچەوانییەوە سیمای گەورە پاشاکان دیاربوو!

کلاوزنر واز لە سەهیۆنیەتییە رۆحانییەکەی مامۆستاکەی ئاحاد هگام دەهێنێت و هەتاهەتایێ پەیڕەوی سەهیۆنیەتی هرتزلی سیاسی دەبێت، بەبۆچوونی ئەو لەلای نووردا و (ماکس نورداو ناوی راستی مئیر سمحا زیدفیلد ١٨٤٩-١٩٢٣ پێشەوا و نووسەری سەهیۆنیەت کە یەکێک بووە

له یاریدەرەکانی هرتزل، وەرگێڕە عەرەبییەکە) و جابوتنسکی بەردەوام بووە و نەک لەسەر دەستی وایزمن و سۆکۆلۆف و چالاکوانەکانی تاراوگە، لەگەڵ ئەوەشدا لە کاتی دانوستاندنەکان لەسەر ئۆغندا ئەو دژی هەڵوێستی هرتزل بووە و بەردەوام لەگەڵ خەونی گەشەی ڕۆشنبیری و ڕۆحانی بووە تا کۆششە سیاسییەکەیان پێ بگات.

کە گەڕاوەتەوە ئۆدیسا ئەو کاری نووسین و فێرکردن و چالاکیی سەهیۆنی کردووە تا ئەودەمانە و لە تەمەنی بیست و نۆ ساڵیدا سەرنووسیاری کۆواری کولتووری عیبریی نوێی سەرەکی (هشیلواگ) بووە، کە لەلایەن ئاحاد هگامەوە بۆی دەمێنێتەوە کە لەسەر دەستی ئەو یوسفە گەنج دەبێتە مانگنامەی (یرحون – مانگانە) و ئەویش ئەو وشە عیبرییەش دەدۆزێتەوە.

***

ئەو هێشتا چاوەڕوانی لیلاینبلومی دەکرد وەڵامەکەی بداتەوە تا زوو بە پایسکیلەکەی بگەڕێتەوە، کوڕە تەمەن پازدە ساڵییەکە لەو چاوەڕوانییەدا پاکێتە جگەرەکەی لە گیرفانی دەردەهێنێت، وەک پیاوێکی ناو پیاوان شەخاتەکە و ژێرجگەرەکەی سەر مێزەکەی بەردەمی رادەکێشتە بەردەم خۆی، کە لە ساڵۆنەکە دانرابوو. لەودەمانە بەڕێز لیلاینبلوم دەستی دەگەێنێتە سەر پەنجەکانی باپیرم و داگیرساندنی جگەرەکەی پێ ڕادەگرێت، دەچێتە ژوورەوە و کە دەگەڕێتەوە شخاتەکەی دەستی کە لە ژووری نانخوارنەکەوە هێنابووی دەیداتێ و پێی دەڵێت، ئەو شخاتەی لەسەر ئەو مێزە و لەو ساڵۆنە دانراوە بە پارەی لێژنەی (موحیبەتی سەهیۆن) کڕاوە و ناکرێ و قەدەغەش کراوە لە کاری تر بەکار بێت، تەنیا کار و ڕۆژانەی لێژنەکە نەبێت، ناکرێ ئەوەی ئەندامی ئەو لێژنە نەبێت سەرفی بکات، فەرموو جگەرەکەت بەو شخاتە تایبەتییەی ماڵەوەمان داگیرسێنە نەک بە شخاتەی لێژنەی موحیبەتی سەهیۆن.

چ بۆ؟ مولکی گشتی لەودەمانە مولکی گشتی بوو، بەڕاستی وابوو، نەدەکرا هەموو کەس دەستی تێ وەربدات، وەک ئەوەی ئەو ڕۆژانە نییە کە روو دەدات، دەزانی چ لەو وڵاتە روو دەدات، پاش دوو هەزار ساڵ دەوڵەتێکمان دروست کرد، کەسانی وا هەیە دزیی لێ دەکات. لەودەمانە هەموو کوڕێک دەیزانی چ رێگەی پێ دراوە و چ قەدەغەیە، چ هەموو کەس دەتوانێت بیکات و بیبات، کامیان مولکی منە و کامیان مولکی من نییە.

***

داپیرەم شلۆمیت، ژنێکی مەزن بوو، ژنێک بوو حەزی لە کتێب بوو، ئەو لەناو دڵی کتێب تێ دەگەیشت، ماڵەکەی لە ئۆدیسا کردبووە ساڵۆنێکی ئەدەبی، رەنگە ئەوەیان یەکەمین ساڵۆنی ئەدەبی عیبری بووبێت.

بەهەستە ناسکەکانی داپیرەم توانیبووی ئەو ئاوێتە ترشە لەگەڵ تەنیایی و شکۆبوونەکەی بەخودی خۆی، شەرم و لووتبەرزییەکەی، نەبوونی بڕوابوون بە کەسایەتیی خۆی و هەوابەرزەکەی

ئاوێته بکات. لەو ئاوێتەبوونەدا شاعیرەکان، ئەدیبەکان لە ژوورەکانیەوە دەردەچوون تا لە یەکتری بگەڕێن، تا شان لە شانی یەکتری بدەن، تا یەکتری تەنگاو بکەن، بۆڵەبۆڵ بکەن، گەشە بکەن، هەست بە هاوڕێیەکانیان بکەن، دەست لەسەر ڕوومەت لەسەر شان و لە پشدێن بن، دانووستاندنی سادە و ئاسان بکەن، تا کەمێکیش جاسووسی بەسەر یەکتردا بکەن، جنێوبدەن و لە مەنجەڵی ئەوانی ترەوە چێشت ساز بکەن، تا ماستاوچییەتی بکەن، تا یەخەی یەکتر بگرن، تا یەکتری رازی بکەن، دزە لە یەکتری بکەن و یەکێک سێبەری ئەوی تر هەڵمژێت.

باپیریشم لەلایەن خۆیەوە شەرابی لیکەری بەزانایی و شارەزاییەوە تێ دەکرد و مێزی گەورەی شیکۆلاتە و هەویرکاریی بۆ خاتوونەکان دادەنا و جگەرەی حامیەی (کە بۆ پیاوە بەڕێزەکان بوو، پێیان دەوت بیروسات) پێشکێش دەکرد.

سەبارەت بە مامە یوسفیش ئەو لە تەمەنی بیست و نۆ ساڵییەوە میراتی سەرنووسیاری کۆواری (هشیلواح)ی ئاحاد هگامی بۆ دەمێنێتەوە، کە کۆوارێکی سەرەکیی کولتووری عیبریی نوێ بوو، کە تێیدا بیالیک گۆشە ئەدەبییەکەی بەڕێوە دەبرد، ئەو لەسەر سەکۆی قازییەکانی ئەدەبی عیبری لە ئۆدیسا دەوەستا، هەموو شتەکانیش بە ئارەزووی ئەو دادەنرا و هەڵدەگیرا. مامۆژنە تسیبوراش مامە یوسفی بەرەو ئاهەنگەکانی ماڵی براکەی و براژنەکەی دەبرد، زۆریش مێردەکەی بە شاڵی خوری و بە پاڵتۆی باش هەتا گوێیەکانی دەپێچا.

مناحیم ئوسیشکین، پۆشتە و شۆخ و سینگ دەرپەڕیو و دەنگە گەورە وەک پارێزگاری لیوایەکی رووسی، وەک چای گەرم هەڵچوو، بەهاتنەکانی هەموو بێدەنگ دەبوون، هەموو لە ڕێز و شکۆی ئەودا دەنگیان نەدەما، لێرە و لەوێ جێگەیان بۆ چۆڵ دەکرد، ئەو ناو ژوورەکەی بە هەنگاوە جەنەراڵییەکەی دەبڕی، ئینجا بەکراوەیی و بەلینگ فشییەوە دادەنیشت، دووجار گۆپاڵەکەی لە ئەرزەکە دەدا، ئەویش بە مەرحەمەتی خۆیەوە فەرمانی دەستپێکردنەوەی دانیشتنەکەی دەدا. هەروەها راڤی چرنوڤیچی ناسراو بە بەراڤییە گەنجەکەش دەهاتە ئەو ماڵە، کوڕێکی گەنجی پێگەییوی مێژوونووس بوو، ئەو یەکێک بووە لەوانەی ڕۆژانێک جێگەی چاوی داپیرەم بوو "بەڵام ئاسان نەبوو ژنێکی بەهەیبەتی وەک ئەو بگاتە هاوشانی ئەو، ئەو زۆر زۆر زیرەک بوو، بۆیەش بووبووە جێگەی سەرنجی هەموویان، بەڵام؟ بەردەوام چەند پۆرگێک دیمەنی ملی ناشیرین کردبوو، یان رەشاییەک لەسەر دەستەکانی دەبینرا، لەناو لۆچی پانتۆڵەکەشی زۆرجار پاشماوەی خواردەمەنییان دۆزیوەتەوە، ئەو کەسێکی زۆر شپرزە بوو، زۆر بایەخی بە فۆرمی خۆی نەدەدا و پاکوخاوێن نەبووە و ئای کە کەسێکی ناشیرین بووا".

لەوانەی دەهاتن و سەردانی ئەوێندەرێیان دەکرد، حنا رابنیتسکی و بین دینبورگ و شماریاهو لیڤین و دوکتۆر یوسف سبیر. ئەوانە و چەندین خوێندکاری ئامۆژگە ئاینییەکان و خوێندکارەکانی پاش دەوامەکان، ئەوانەی خۆیان پێدەگەیاند و کۆششیان تاکەکەسی بووە، یان ژمارەیەک لەو خوێندکارانەی ئامۆژگە ئاینییەکە بوون، ئەوانەی لە سەرەتای کاروانی شیعردا بوون، کەسانی

بسزنسمانی گچکە و ئەوانە هەموویان بەملپێچ و یاخەی نایاب دەهاتن، ئەوانە هەموویان کەسانی رووناکبیر بوون و بیر و رامانەکانیان چەندین هێمای پرسیاریان دەورووژاند.

***

ماوە ماوە بیالیک ئێواران دەگەیشتە ئەو ماڵە، کە دەگەیشت بە رەنگە زەردەکەیەوە دیاربوو کە زۆر خەمبارە، یان لەرزی لێ بوو، بەوەش دیاربوو یان سەرمایەتی یان تووڕەیە، هەروەها بەوەش دەناسرا کە هەندێ جاریش بە رووێکی بە پێکەنین و شادمانیش دەبینرا بەهەق وابوو! ئەو لە منداڵێکی ساوا دەچوو، لە کوڕێکی سەرشێت، لاسار! هەڵچوو و بێ پەت و پێوەند! ئەو کەسێکی تیژ و بەدکار بوو! هەندێ جار بە زمانی ئایدیشی لەگەڵ ئێمە پێ دەکەنی، هەتا ژنەکانیش لە شەرمان روویان سوور هەڵدەگەڕا. لەودەمانەش حنا ربیتسکیش هاواری دەکردە سەری و دەیوت:

"دەی، بیالیک! چ قەوماوە بەسە!".

بیالیک پیاوێکی نەوسن بوو حەزی لە خواردن و خواردنەوە دەکرد، حەزی دەکرد دڵی خۆش بێت و مورتاح بێت، نانی بە جۆران پەنیر دەخوارد، لە دواییشدا ژمارەیەک کولیچە و گلاسێک چای گەرم یان گلاسێک لیکەری فڕ دەکرد، پاشان بە زمانی ئایدیشی و گۆرانی گوتنەوە باسی جوانییەکانی زمانی عیبریی دەکرد و کە ئەو چەند عاشقی ئەو زمانەیە.

چرنییوفسکیش بەجۆشەوە دەهات بەڵام شەرمن، هەڵچوو بەڵام کەسێکی نەرم، دڵانی دەبرد، بە هەستی ساویلکە منداڵییەوە دەجووڵایەوە، ئەو وەک پەپوولە هەست ناسک بوو، هاوکاتیش کەسێکی بەدکار بوو هەموویانی بەبێ ئاگایی ناڕەحەت دەکرد. راستییەکەش؟ ئەو مەبەستی نەبوو کەس ناڕەحەت و ڕیسوا بکات، بەڵام تا ئەو ڕادەیە ئەو کەسێکی سادە و نەفام بوو! ئەوەندەش دڵی باش بوو! نەفسی وەک نەفسی منداڵێکی سادە و نەفام بوو، کە هیچ تامی گوناحی نەکردبێت! نەک وەک منداڵانی جوولەکە، نەخێر نەک وەک منداڵانی جوولەکەکان نا! ئەوانەی دڵیان تژییە لە گەشاوەیی ژیان و سەرەڕۆیی و هەندێ جاریش چالاکی! ئەو گوڵکێکی راستی بوو! گوڵکێکی ئاوا بەختیار، کە لە خۆشیدا هەڵپەڕێت! لەپێش چاوماندا شادمان، بەڵام ئەوەیان جاروبار بوو. هەندێ جاریش دەهات ئەوەندە خەمبار بوو هەموو ژنێک دەبوایە نازی بکێشێت! هەموویان! پیرەژنەکان و کیژەکان و ژنە بەمێردە جوانەکان و ناشیرینەکانیش، هەموو لەوانە ئارەزووی ئەوەیان دەکرد نازی بکێشن. ئەو لەم جۆرە توانایەی تێدا هەبوو. بەڵام ئەو نەیدەزانی کە تاقەتی لەو جۆرەی تێدایە، ها، ئەگەر خۆی بیزانیبووایە ئەو تاقەتەی هەیە، بەوەش بۆی نەدەکرا بەو شێوەیە وا بەئاسانی و بەشێوەیەک لە شێوەکان کارمان تێ بکات.

چرنییوفسکی بەنیوە پێکێکی ڤۆدگا هار دەبوو، رەنگە بە دوو پێک دەستی دەکرد بە خوێندنەوەی شیعرەکانی کە جۆش و خرۆشیان لێ دەباری و دڵەکانی دەخستە ژانەوە، هەموو مێوانەکانی ئەو ماڵە تامیان لەوە وەردەگرت. ئەوە و هەڵسوکەوتە ئازادەکانی و قژە بەگڵوازەکەی

کە نیمچە ئاڵۆزیش دەبوو. ئەو کە دەهات کیژی زۆر لەگەڵ خۆیدا دەهێنا کە بەشێکیان زۆر رۆشنبیریش نەبوون، یان کیژە جوولەکەش نەبوون، بەڵام بەجوانییەکانیان سەرنجی هەموو لایەکیان رادەکێشا، بۆیەش هەندێکیان قسەی بێ سەروبەریشیان لە دەم دەهاتە دەرەوە و غیرەی نووسەرەکانیان هەڵدەستاند، من وەک ژنێک دەڵێم، ژنان هەڵە ناکەن، یەکجاریش لەو بوارەدا هەڵە ناکەن، بیالیک لەو رەوشەدا سەیری ئەوی دەکرد... سەیری کیژەکانی دەکرد ئەوانەی جوولەکەش نەبوون و لەگەڵ ئەودا دەهاتن... بیالیک ئامادە بوو یەک ساڵی تەمەنی خۆیان پێشکێش بکات، بە مەرجێک ئەوان یەک مانگ ئەو بە چرنییوفسکی تێ بگەن!

ئەوان دانوستاندنیان لەسەر زمانی عیبری و نوێبوونەوەی زمانەکە دەکرد، پێوەندیی نێوان کەلەپووری جوولەکە و میللەتانی تر دەکرد، قسەیان لەسەر حزبی بۆند و ئوردوگای ئایدیشییەکان دەکرد (مامە یوسف کە دەمەقاڵێیەکە گەرم دەبوو ناوی ئایدیشی بە رەقی ناودەبرد، کە ساردیش دەبووە ئەوانی بەجوولەکە ئەشنکازییەکان ناودەبرد)، قسەیان لەسەر نیشتەجێیەکانی جەلیل و یەهودا و کۆنە گوندەکانی هەرێمی حرسون و خرکوف یان باسی هامسون (نووسەرێکی نەرویجی بوو ۱۸۵۹-۱۹۵۲ خەڵاتی نۆبڵی ئادابی لە ساڵی ۱۹۲۰ وەرگرتبوو) و گرفتەکانی چاندنیان لە وڵات دەکرد.

جارێکیان لە وارشۆ ی. ل. بیرتسی سۆسیالیزم بە مامە یوسفی وتبوو، ئەوەی زۆر لە سۆسیالیستە سیاسییەکە دوور بوو:

"تۆ وادەزانی من ئەوەندە سادەم، بڕوا بکەم ئیشتراکییەت هەموو کێشەکانی ئەو جیهانە چارەسەر دەکات؟ بۆ نموونە ئەوان دەتوانن کێشەی قەیرەکیژەکان چارەسەر بکەن، لەوێ ئیشتراکیخوازەکان وادەزانن کێشەکە تەنیا کێشەیەکی ئابوورییە و بەس، ئەگەر نان بۆ هەموو کەسێک پەیدا بوو، ئەوە مێرد بۆ هەموو ئەو کیژە پیرانەش پەیدا دەبێت، ئەوان ئەو کێشەیە نازانن، هیچیان ناتوانن وەڵامەکەشی بدەنەوە".

جارێکیان مامە یوسف بە بیالیکی وتبوو:

"من ئەوەت بۆ راڤە دەکەم جیاوازیی نێوان من و تۆ چییە. ئەگەر ئیمڕۆ ئادریانوسی قەیسەر بێتە سەرمان و فەرمان بدات بە قڕکردن و گومکردنی تەورات یان تەلموود، تۆ ئەی بیالیک لەسەر تەوراتەکە دەگرێیت و تەلموود... هەڵدەبژێریت، بەڵام من لەسەر تەلموود دەگریام و تەوراتم لە فەوتاندن هەڵدەبژارد".

مامە یوسف بەو جۆرە قسەی کردبوو.

"ئەویش پاش ئەوەی لە بیرکردنەوە نقووم دەبێت، پاش چەند ساتێک وتبووی، تۆ لەوەیان لەسەر هەقیت!".

"هەموو چیرۆکەکانی دانووستاندن لەگەڵ مامە یوسف بەبەزینی بەرانبەرەکەی کۆتا دەهات،

هەموو لە رووی مامە یوسف دەیانوت، تۆ لەسەر هەقیت!".

داپیرەم دەیتوانی هەموو ناکۆکییەکان سارد بکاتەوە، بە خۆشی ئەوەی دەکرد، ئەو لە ئۆدیسا و لە یورشەلیمیش توانی ئەوەی هەبوو، بۆ نموونە داپیرەم دەیوت:

"بەڵام، تکایە، هەردووکتان بە یارمەتیتان، ئەو دوو بۆچوونە نا، ئەو دوو بەرەیە نا ، یەکێکیان ئەوی تر ناسڕێتەوە، بگرە هەردووکیان یەکتری قووڵ دەکەن، وایە و لە ترسی مۆتەکەکەی فەرمانەکانی ئادریانوسی نوێ، هەردووکتان وەک دوو برا لەسەر هەردوو ئەزیزەکەتان دەگرێن، لەسەر تەوراتەکە و لەسەر تەلموودەکەش دەگرێن، چونکە هەردووکیان بۆ ئێوە ئەزیزە، هەردووکتان بەو بڕیارە دەتەقنەوە، بەڵام پاش ئەوەی ئەو میوە کوڵاوە بە شەکرەش تام دەکەن، بەڵام ئەو جۆرە میوەیە ناکرێ و نابێ لەگەڵ گریان فیغان بیخۆن".

***

پاش چوار ساڵ رەتبوون بە سەر شۆڕشەکەی ئۆکتۆبەر و لە ساڵی ١٩٢١ شاری ئۆدیسا، لە ئەنجامی شەڕ و ململانێیەکانی نێوان (سپییەکان) و (سوورەکان) لەژێر ئیدارەی لایەنێک دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی وڵاتێکی ترەوە، پاش دوو سێ ساڵ لە گۆڕینی یەکجاری رەگەزی باوکم لە کیژەوە بۆ کوڕ، داپیر و باپیرم لەگەڵ کوڕەکەیان دەگوازنەوە ڤیلنا.

باوکم بێزی زۆری لە شیوعییەکان دەبووە و بۆیەش دەیوت:

"نامەوێ هیچ کەسێک باسی بەلشەفییەکانم لە کن بکات!"،

بەردەوامیش منگەمنگی بوو، دەیوت:

"من زۆر باش بەلشەفییەکان دەناسم، من پێش ئەوەی ئەوان بێنە پێشەوە و باڵا بکەن، پێش ئەوەی ماڵی خەڵکی داگیر بکەن و تێدا بژین، من لەوەدەمانەوە دەیانناسم پێش ئەوەی خەون بەوە ببینن ببنە (ئاباراچیکییەکان) و ییفسکییەکان و بولیترۆکییەکان و قومیسارەکان. من باشم لە بیرە کە هێشتا کەسانی رێگربوون، خەڵکە خوارەوەی گەڕەکی بەدناو بوون لە ئودیسا، جۆران کەسانی دڕەندە و هۆڤی، خاوە وەرگرەکان، کورتەباڵا قەڵەوەکان، قۆڵبڕ و سەرخۆش و گەوادەکان، چی؟ نزیکەی زۆریان جوولەکە بوون، چارە چییە؟ ئەوانە جوولەکەی ناو خێزانە سادەکان بوون، واتە لەناو خێزانەکانی ماسیفرۆشەکانی بازاڕ، ئەوانەی کەوتوونەتە بنەوە، بەوجۆرە ناویان لەناو ئێمەدا هاتووە. لینین و تروتسکی – کێیە تروتسکی؟ کا تروتسکی؟ لیبیلی برونشتاین، ئەو کوڕە شێتەی ناوی داڤیدل بوو، ئەو بازاڕییەی جلی شۆڕشیان لەبەر کرد، دەی، لەگەڵ چەکمەیەکی پێست و دەمانچەیان لە یەخەی بەستا، وەک بەرازێک بوو حەریری لەبەردا بێت.

ئیتر بەوجۆرە لەناو شەقامەکاندا دەسووڕانەوە، خەڵکیان قۆڵبەست دەکرد و موڵکیان زەفت دەکرد، بۆ تێرکردنی مەرامەکانیان، ئەگەر کیژەکەیان بویستبووایە هەموو ئەندامانی خێزانەکەی بیڤ باڤیان دەکوشت، دەی، ئەو چەتە دەستپیسانە چین، کێین، کامنیێڤ بەکرێگیراوی رۆزنفیلد

بوو، مکسیم لیتفینوف بەکرێگیراوی مئیر فالاخ بوو، کارل رادیک بۆ زوبلسون، لایزر کجنوڤیچ پینەدۆزێکی کوڕی قەسابێک، دەی، چیی تر، بێگومان کەسانی تریان لەگەڵدا بوو جوولەکە نەبوون، ئەوانەی کەسانی ژێرەوەی کۆمەڵ بوون، ئەوانە کەسانی بۆگەن بوون، بۆنی گۆڕیەیان دەهات".

***

هەتا پەنجا ساڵیش پاش بەرپابوونی شۆڕشی بەلشەفییەکان ئەو ڕقی لە شیوعییەت و شیوعییەکان هەبوو.

"پاش چەند رۆژێک لە داگیرکردنی سوپای بەرگریی ئیسرائیلی شارە کۆنەکەی یورشەلیم لە شەڕە شەش رۆژییەکەدا، باپیرم پێشنیازی کردبوو، کە میللەتانی جیهان یارمەتیی ئیسرائیل بدەن، لەودەمانەدا، هەتا عەرەبەکان «لەگەڵ ڕێزی شکۆدارەوە، بەبێ ئەوەی یەک داوە موو لە سەریان بکەوێتە خوارەوە، بەبێ ئەوەی یەک مریشک لەسامانەکەیان زەفت بکرێت» بگەڕێنەوە زێدی رەسەنی مێژوویی خۆیان، کە بە ناوی «عەرەبییە سعوودیە» ناوی هاتووە، ئێمەی جوولەکەش بگەڕێینەوە سەرخاکی باب و باپیرانمان".

کە من پرسیم، پێشنیازتان چییە ئەگەر رووسیا بە هێز دژ بەو پێشنیازە وەستا، بە ئارەزووی خۆیەوە پشتیوانیی عەرەبەکانی کرد تا ئەو سەفەرە نەکەن و ئازاری گەڕانەوە نەچێژن...؟ من بەو پرسیارەم ویستم دانوستاندنەکە کورت بکەمەوە و بگەینە دوا بۆچوون لەو بابەتە. بەو پرسیارەی من، باپیرم روومەتەکانی سوور بوون تووڕە بوو، پف درا و یەک بەدەنگی خۆی هاواری لێ هەڵسا و قیژاندی:

"رووسیا!؟ کام رووسیات مەبەستە؟! رووسیا چیی تر بوونی نەما، ئەو زیندەوەرە گچەکەیە! نەمان بوونیان نەماوە! رەنگە تۆ مەبەستت بەلشەفییەکان بێت؟ نەخێر؟ دەی، چی. من بەلشەفییەکان دەناسم لەودەمانە کە گەوا ... بوون، ساختەچیی بەنداوەکە بوون لە ئۆدیسا، ئەوانە دەستەدز و چەتە و ڕێگربوون، بەلشەفییەت تەنیا درۆیەکی گەورەیە و بەس! کە بینیمان فڕۆکەوانە عیبرییەکانمان چەند وەریان، فڕۆکەکانمان، تۆپهاوێژەکانمان، دەی، چیی تر، بۆیەش پێویستمان بەوە نییە گەنجە فڕۆکەوانەکانمان رەوانەی پترسبۆرگ بکەین، ئەوە دوو هەفتەی دەوێت، ئەوان موستەهەقی یەک بۆردمانی ئێمەن، بۆردمانێکی مەزن، لەمێژە ئەوان ئەو رۆژەیان دەوێت، ئەوەش تەنیا یەک رۆژە، هەموو بەلشەفییەکان رەوانەی دۆزەخ دەکرێن وەک پەمۆی پیس هەڵدەوەرێن، هەموویان دەفڕن".

"تۆ پێشنیاز دەکەیت ئیسرائیل لینینگراد بۆردمان بکات، باپیرە مەبەستت ئەوەیە؟ شەڕێکی جیهانی بەرپا بێت؟ گوێت لێ نەبووە کەوا ئەوان چەکی ناوەکییان هەیە؟ نازانیت بۆمبای هایدرۆجینییان هەیە؟".

"هەموو فەرمانەکان لەبن دەستی جوولەکەدایە، دەی، چیی تر، لەلای ئەمەریکاییەکان، هەروەها

لەلای بەلشەفییەکانیش، هەموو ئەو چەکە نوێیانە لەبن دەستی کرێکارە جوولەکەکاندایە، ئەوان دەزانن، هەموو شتەکان دەزانن، دەزانن ئەوان چییان لەبن سەردایە، مەبەستیان چییە".

"ئەدی ئاشتی، بوار و ڕێگەیەک بۆ ئاشتی هەیە؟".

"بەڵێ ڕێگە هەیە":

ڕێگەکەش ئەوەیە دەبێ بەسەر هەموو دوژمنەکانماندا زاڵ بین، سەربکەوین، دەبێ زۆر توند و بە دژواری لێیان بدەین، ئینجا ئەوان دێنە پێشەوە و داوای ئاشتیمان دەکەن، لەودەمانەش دەی، چیی تر، بێگومان ئینجا ئێمە ئاشتییان لەگەڵدا دەکەین. چی نایکەین؟ داواکەیان قبووڵ ناکەین، بۆچی قبووڵی ناکەین؟ ئێمە میللەتێکین حەز بە ئاشتی دەکەین. لەناو ئێمەدا فەرزێکی لەو جۆرەمان هەیە، کە بۆ ئاشتی کۆشش بکەین، دەی، چیی تر، ئێمە لەدوای ئاشتی هەتا بەغداش دەچین، بەرەو ئاشتی دەڕۆین، بۆ ئاشتی دەچینە کایرۆ (قاهیرە)ش، بەدوای ئەودا دەڕۆین، ئەدی بیر لە چ دەکەیتەوە، وایە؟ هەر چۆنێک بێت واز لە ئاشتییەکە ناهێنین".

***

سەرلێشێواوەکان، دەستبەتاڵەکان "ئەوانەی هەموو شتەکانیان لەدەست دابوو"، چاودێرەکان، ترساوەکانی پاش شۆڕشەکەی ئۆکتۆبەر و شەڕە ناوەخۆییەکە و حوکمی سوورەکان، ئەدەبەکانی ئۆدیسا و چالاکوانە سەهیۆنییەکان، مامە یوسف و مامۆژنە تسیبورا و زۆر لە هاوڕێیەکانیان لەپاش کۆتاییەکانی ساڵی ١٩١٩ لەسەر پشتی پاپۆڕی ڕۆسلان کۆچیان کرد و دەریایان بڕی بەرەو بەندەری یافا، ئەوەش سەرەتای کۆچی سێیەم بوو، هەندێکێش بەرەو بەرلین و بەرەو ئەمەریکاش رایان کرد.

باپیرە ئەلکسندر و داپیرە شلۆمیت لەگەڵ دوو کوڕەکەی لە ئۆدیسا مانەوە و بەرەو ئیسرائیل کۆچیان نەکرد، ئەگەرچی باپیرم جۆشی بۆ سەهیۆنیەت گەرم بوو، لە شیعرەکانی کە بە زمانی رووسی دەینووسین بەسۆزەوە باسی ئەو بزاڤەی دەکرد، ئەوان وایان دەزانی هێشتا وڵاتەکەیان بەشێکە لە ئاسیا، دڕەندییە، دواکەوتووە، هۆشیاریی تەندروستیی کەمە؛ پێداویستییەکانی رۆشنبیریی کەمە، بۆیە ئەوان لە جیاتیی ئەوەی بچنەوە وڵات، بەرەو لیتوانیا سەفەریان کرد، کە ئەندامانی خێزانەکەی کلاوزنر باوکی باپیرم و باوکی مامە یوسف و مامۆژنە بتسالئل پێش بیست و پێنج ساڵ لەوێ باریان کردبوو. ڤیلنا لەودەمانە لەژێر دەسەڵاتی پۆڵۆنییەکان بووە، کە تێدا ئەنتی سامییەت و سادییەتی تێدا ساڵ بەساڵ بە دڕەندیی زۆرتر و گەرمتر دەبوو، لە پۆڵۆنیا و لیتونیا دژایەتیی بێگانە و نەتەوەپەرستەکان ئەستوور و زۆر دەبوو، لیتوانییەکان جوولەکەیان بە چاوی بەکرێگیراوی هێزە خۆرئاواییە زۆردارەکان دەزانی. لە دەرەوەی سنوورەکانەوە، لە ئەڵمانیا، دەستەیەکی نوێ، دەستەیەکی سارد و بکوژ و رقکار بۆ جوولەکە پەیدا بوو، ئەویش نازییەکان بوون.

باپیرم له ڤیلناش دەستی دابووە بازرگانیی، بەڵام بازرگانیی گەورەی نەدەکرد، لێرە و لەوێ بازاڕییەکەی دەکرد، سەرەتا هەردوو کوڕەکەی ڕەوانەی قوتابخانەیەکی عیبری دەکات، پاشان منداڵەکان دەچنە ناوەندییەکی کلاسیکیی گشتی، هەردوو براکە داڤید و ئاریە، ئەوان لە ئۆدیساوە سێ زمانیان لەگەڵ خۆیاندا هێنابوو، لە ماڵەوە ڕووسی و ئایدیش، لەناو کۆڵاندا ڕووسی، لە باخچەی ساوایانی سەهیۆنییەکان زمانی عیبری فێر بووبوون. بەڵام لە ڤیلنا و لە قوتابخانە دواناوەندییەکە زمانی لاتینی و یونانی و پۆڵۆنی و ئەڵمانی و فرەنسیشی دێتە سەر. پاشان لە بەشی ئەدەبیاتی ئەوروپایی لە زانکۆ زمانی ئینگلیزی و ئیتاڵیشی بۆ زیاد دەبێت، لە بەشی فیقەی زماندا (فیلولوجیا)ی سامی باوکم فێری زمانی عەرەبی و ئارامی و بزماریش دەبێت. مامە یوسف زوو دەبێتە مامۆستای ئەدەب، بەڵام باوکم یەهودا ئاریە، ئەوەی لە ساڵی ١٩٣٢ زانکۆ لە ڤیلنا تەواو دەکات و بڕوانامەی بەکالۆریۆسی وەردەگرێت، ئەویش زۆری نەمابوو بگاتەوە مامە یوسف بەڵام لەودەمانە ئەنتی سامییەت دژوار دەبێت و بەرگەگرتن زەحمەت دەبێت، بەڵام خوێندکارە جوولەکەکان ناچار دەبن بەرگەی لێدان و سووکایەتییەکان و جیاخوازییەکان بگرن.

***

باپیرم ماوەیەکی دوور و درێژ پەرۆشی خاکی ئیسرائیل بوو، حەزی بەدیمانەی جەلیل و دۆڵەکان و شارون و جلعاد و جەلبواع و چیای سامرا و چیای ئەدومی دەکرد، (دەی، بەرەو ڕووباری ئوردن، دەی، با بڕژێن، تا شەپۆلەکان هاژەیان بێت). ئەو کۆمەکی دەدایە کیرن کمیت، شیگلی سەهیۆنی، هەموو زانیارییەکانی سەر فەلەستین و هەواڵەکانی بەکلۆفەوە وەردەگرت، بە وتارەکانی جابوتنسکی تا ڕادەی مەستبوون سەرسام دەبوو.

لە ناخەوە پشتیوانیی سیاسەتە نەتەوەییەکەی زئیف جابوتنسکی دەکرد، خۆی بە سەهیۆنییەکی شەڕوان دەزانی. هەرچەندە خاکەکەی بن پێی خۆیان و بنەماڵەکەیان دەسووتا، ئەو ڕەنگە لەبەر داپیرەشم بووە کە مەیلی وڵاتێکی دەکرد لە فەلەستین کەمتر ئاسیایی بێت و لە ڤیلناش زۆرتر ئەوروپایی بێت، کە پاشان بەرەو تاریکی ڕوو دەچوو. لە ساڵانی ١٩٣٠ و ١٩٣٢ بنەماڵەی کلاوزنر داوای پسولەی سەفەریان بۆ فرەنسا یان سویسرا یان ئەمەریکا (ئەگەرچی هیندییە سوورەکانیشی تێدا بوو)، یان یەکێک لە وڵاتانی ئەسکەندناڤی یان ئینگلتەرا کردبوو، بەڵام هیچ لەو وڵاتانە وەک کۆچبەر قبووڵیان نەبوو، ئەو وڵاتانە زۆرتر لە بەشی خۆیان جوولەکەیان هەیە، لەودەمانە وەزیرەکانی کەنداو سویسرا و وڵاتانی تریش ئەو قسەیان کردبوو، لەبەر ڕۆشنایی ئەو قسەیەش ڕەفتاریان دەکرد. بەبێ ئەوەی ئەو بۆچوونەش ڕابگەیەنن.

پێش ساڵ و نیوێک لە هاتنە سەر حوکمی نازییەکان لە ئەڵمانیا باپیرەم بە کوێرایی خۆیەوە و لەبەر تاڵیی ژیان و زۆربوونی دژایەتیی سامییەت لە ڤیلنا ڕوو لە ئەڵمانیا دەکات تا وەک هاووڵاتییەک قبووڵی بکەن، خۆشبەختانە ئەڵمانەکان داواکەی قبوول ناکەن و ڕەفزێکی دەدەنێ. ئەوروپاییەکان هەموویان حەزیان دەکرد هەموو ئەو کەسە ئوروفیلییە سەرشێتانەیان لە کۆڵ

بێتەوە، ئەوانەی زۆرترین زمانەکانی ئەوروپایی دەزانن، شیعری زۆری شاعیرەکانیان لەبەرە و بڕوایان بە شکۆیی رەوشتیان هەیە و حەز بە بالیە و ئۆپرای ئەوروپاییەکان دەکەن، ئەوانەی حەز لە کەلەپوور دەکەن، پاش ئەوەی سیما نەتەوەییە توندڕۆیەکەی دەڕەوێتەوە، خەون بە یەکەتییەکەی دەبینن، شەیدای پۆشاک و رەوشت و کولتوورن، ئەوانەی لەگەڵ گەشەسەندنی سەردەمی جوولەکەکان کە هەموو کردەوەکانی بەشەرییەت بەرازیبوونەوە وەربگرن، لەگەڵیان ئاوێتە بن، لە هەموو بوارەکان و لە هەموو شێوەکان هاوکار بن، کار دەکەن تا ساردییە دژوارەکانیان نەمێنێت، دەچنە ناخیان و خۆیان خۆشەویست نیشان داوە، بە هەموو پەرۆشییەوە شەیدای ئەوە بوون کەسانی خۆشەویست بن.

***

ئەگەرچی ئەو دوو کەسە یەکلایەنە حەزیان لە ئەوروپا کردووە، لە ساڵی ١٩٣٣ لەگەڵ کوڕە گچکەکەیان یەهودا ئاریە ئەوەی لە زانکۆ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە ئەدەبی پۆڵۆنی و جیهانی وەرگرتووە، بەبێ رەزامەندی و بەبێ ویستی خۆیان بەرەو ئاسیا رێ دەکەن، دەگەنە یورشەلیم، ئەو شوێنەی شیعرەکانی باپیرم لە تەمەنی گەنجییەوە زۆر بەسۆزەوە یادی دەکردەوە.

لەسەر پشتی پاپۆڕێکی ئیتاڵی لە تریاستەوە بەرەو حەیفا بەڕێ دەکەون، لە رێگەدا وێنە لەگەڵ کاپیتانەکە دەگرن، کە لە بنەوەی وێنەکە تەنیا ئەوەندە نووسراوە ئومبیرتو شتایندلر.

لە بەنداوەکەی حەیفا وەک لە ئەفسانەی بنەماڵەکەدا نووسراوە، لەوێ دوکتۆرێک مریولا سپی لەبەر (رەنگە تەنیا یاریدەری برینپێچێک بووبێت؟) کە لەلایەن حکوومەتی ئینتیدابی بەریتانیاییەوە دانرابوو، هەموو جلی خەڵکەکەی بە مادەیەکی پاککەرەوە دەڕشاند، کە نۆرە گەیشتووەتە باپیرم، ئەوان وایان بۆ گێڕاوینەتەوە، ئەو زۆر تووڕە دەبێت، ئامێری ڕشاندنەکە لە دەستی دوکتۆرەکە دەردەهێنێت و لە تووڕەییەدا دووجار بە مادەکە ئەو دەڕشێنێت:

دەبێ خەڵک بەو شێوە هەڵسوکەوت بکات بە ڕووی ئەوانەی وادەزانن لەسەر خاکەکەی خۆماندا هێشتا لە تاراوگەدا دەژین. ئەوە دوو هەزار ساڵە بەرگەی هەموو شتەکانمان بەبێدەنگی گرتووە، دوو هەزار ساڵە وەک مەڕ بەرەو قەسابخانەکان راپێچمان دەکەن، بەڵام وا ئیمڕۆ لە وڵاتەکەی خۆمانین، بۆیەش لەو رۆژەوە قبووڵمان نییە بە هیچ شێوەیەک لە شێوەکان وامان رەفتار لەگەڵدا بکەن، کە هێشتا ئێمە دەربەدەرین. لەو رۆژەوە کەس حەدی نییە شەرەفمان بخاتە ژێر پێیانەوە.

***

لە ساڵی ١٨٤٥ کونسوڵی بەریتانیایی جیمس ڤین و هاوسەرەکەی (ئیلیزابێت ئان) دەگەنە یورشەلیم، ئەودەمانە شارەکە لەژێر دەسەڵاتی تورکە عوسمانییەکاندا بوو. هەردووکیان زمانی عیبرییان دەزانی، کونسوڵەکە لەسەر مێژووی جوولەکەش نووسینی هەبوو، هەروەها ئەو بەدرێژایی ژیانی لەگەڵ دۆزەکەش هاوسۆز بوو، ئەو ئەندامی کۆمەڵەیەکی لەندەنی بوو بۆ

بڵاوکردنەوەی کریستانیەت لەناو جوولەکان، بەڵام ئەوەی من بیستوومەتەوە ئەو لەو ماوەی لە یورشەلیم بووە هیچ چالاکییەکی راستەوخۆی تەبشیریی بۆ کریستانیەت نەکردووە، ژن و مێردەکە برِوایان وابوو بە دروستبوونی قەوارەیەکی سیاسی بۆ جوولەکە جیهان ئارام دەکاتەوە. کونسوڵەکە زۆرجار جوولەکەکانی لە هەرِەشە و دەستدرێژییەکانی دەسەڵاتدارانی تورک پاراستووە، هەروەها جیمس ڤین برِوای بەوە هەبوو کە ژیانی جوولەکە بکرێتە ژیانێکی بەرهەمدار، ئەو یارمەتیی جوولەکەی داوە بۆ سازکردنی خۆیان تا وڵاتەکەیان بنیات بنێنەوە و خەریک و سەرقاڵی چاندن بن، بۆ ئەو مەبەستەش کونسوڵەکە لەساڵی ١٨٥٣ بە ٢٥٠ جونیەی ئیسترلینی گردۆڵەیەکی چەقێنی چۆڵ لە دووریی چەند کیلۆمەترێکەوە و لەناو شوورەکاندا دەکرِێت، گردەکە دەکەوتە بەشی باکوری خۆرئاوای شارە کۆنەکە، زەوییەکی نەکێڵدراوی وشک بوو، عەرەبەکان بەو زەوییەیان دەوت، کەرەم ئەلخەلیل.

جیمس ڤینی کونسوڵ ناوەکە وەردەگێرِێتە سەر زمانی عیبری و دەیکاتە کیرم ئافراهام (کەرەم ئیبراهیم)، لەسەر ئەو رووبەرەو لەسەر ئەرزەکەی خۆیدا خانووێک بۆ خۆی دروست دەکات، پاشان کۆمەڵەیەکی پیشەسازی بە ناوی موشفات حروشت دادەمەزرێنێت، مەبەستی سەرەکیی لەو ئۆردوگایە پیشەسازییە دامەزراندن و بەکارخستنی جوولەکە هەژارەکان بوو تا فێر بن کاری پیشەسازی و چاندن بکەن، رِووبەری کۆمەڵگەکە نزیکەی چل دۆنمێک دەبوو. لە سەرووی گردەکە، ئەوان ماڵەکەی خۆیان دادەمەزرێنن، لەپشت ماڵەکە و لە رووی گۆرِەپانەکەی شوورەدارەکەیان چەند بیرێکی ئاویان هەڵکۆڵیبوو، لەوێشەوە چەندین دامەزراوەیان بۆ وەڵسات و زەخیرە و کوشینی زەیتوون و کۆگە دروست کردبوو.

نزیکەی دووسەد جوولەکە لەو کۆمەڵگەیە کاریان دەکرد، بەردیان دەردەهێنا، شوورەیان بەرز دەکردەوە، رەز و باخچەیان دەچەقاند، میوە و سەوزەیان دەچاند، کاری سازی بەرد و نەقارییان دەکرد. کە کونسوڵەکە دەمرێت ژنەکەی لەسەر موڵکەکە دەمێنێتەوە و کارگەیەکی سابوونیش دروست دەکات کە تێیدا ژمارەیەکی زۆری کرێکاری جوولەکە ئیش پێ دەکات.

لە تەنیشت کیرم ئافراهام هەر لەو ساڵانە موبەشرێکی ئەڵمانی بەناوی (یوهان لودڤیچ شنلەر)ی لەدایکبووی شاری ئارڤینجن لە ویلایەتی ڤیتمبرگ کۆمەڵگەیەک بۆ بەخێوکردن و خودانکردنی چەند منداڵێکی هەتیمی کریستیانی عەرەب دادەمەزرێنێت، لەوانەی لە کۆمەڵکوژییەکانی دژ بە کریستانییەکان لە لبنان دەربازیان بووبوو. ئەو دروستکراوانە گەورەبوون بە شوورەیەکی پتەو دەوریان گیرابوو.

هەردوو ئەو دامەزراوە مەبەستیان راهێنانی قوتابییەکان بوو، تا کەسانی بەرهەمهێنەریان لێ دەربچێت، ڤین و شنلەر هەریەکێکیان بە ئوسلوبەکەی خۆیان کریستیانی توندرِۆ بوون، سوودیان لە برسییەتی و ژان و نەهامەتییەکانی جوولەکە و عەرەب لەو وڵاتە موقەدەسە وەرگرتبوو، ئەوان وایان دەزانی میللەتەکە بەکاری بەرهەمهێنان و چاندن و پیشەسازییەوە خەریک بن، بەوەیان

(خـۆرهـەڵات) لە تـەمـبـەڵی و نائومـێـدی و برسـیـیـەتی و بێ مـوباڵایەتـی دەربازیان دەبێت، بەو مـەبەسـتـەی ئـەوان دەتوانن ژمـارەیەک بـەو بەرەکـەتی خـۆیان لە جـوولەکـەیی و مـوسـڵـمـانی بەرەو کریستانییەتیان ببەن.

***

لە نشـێـوەکـانـی کـێڵگەی ڤین لە سـاڵی ١٩٢٠ و لەناو رەز و باخـچـەکان گـەڕەکی کـیـرم ئافراهام دامـەزرا، سـەرەتا چەند خـانووی گـچکە و قـەرەباڵـغ بوو، هـێدی هـێدی خـانووەکان زۆرتر دەبوون و گەورە دەبوون. خانووەکەی کونسوڵیش پاش مردنی دەبێتە موڵکی ئیلیزابێت ئان ڤین، بینایەکە بۆ چەند مـەبەست بەکارهـاتووە، سـەرەتا ژنەکە دەیکاتـە دەزگایەکی بەریتـانیایی بۆ داڵدەدانی کـوڕانی گـەنجی لاسـار، پاشـان کـراوە بە بارەگـەی دەسـەڵاتی ئینگلیـزەکـان، پاشـان بووە بە بـارەگـەی سـەرکردایەتیی سـەربازی.

***

پاش خوشکم حـایا فانیاشیـان بۆ خوێندن نـاردە براغ، لە سـاڵی ١٩٣١ ئەو تەمـەنی هـەژدە سـاڵان بوو، لەو سـاڵەش لـە زانکـۆکـانی پۆڵۆنیـا خـوێندکـاری جـوولەکـەیان وەرنەدەگـرت. دایکم لـە زانکۆ مێژوو و فەلسـەفەی خوێندبـوو. باوکی هیرتس و ئایتا وەک هـەموو جوولەکەی روفنو دڵڕەقی و رەقی هـاوسـێیە پـۆڵۆنییەکـان و هـاوسـێیە ئـۆکرانییـەکـان و ئـەڵمـانەکـانیـان بینیبوو، ئەنتی سـامیـەتی کاسۆلیکەکان و ئەنتی سامیەتی پرۆتستانیەتییە رووسەکان، کارە ناڕەواکانی گەنجانی ئۆکرانی و بەدکارییـەکانی دەسـەڵاتدارەکانی پۆڵۆنی کە رۆژ بەرۆژ زۆرتر و دژوارتر دەبوو. کـارە دژایەتیکردنە ژەهراوییـەکان و راونان و سـووکـایەتیکردنی جوولەکـە لـەلایەن هیتلەر لە ئەڵمـانیـا وەک شـریخـەی برووسکەیەکی دوور دەنگی دەدایەوە.

کـارەکـانی باپیرت بەرەو تەنگژە دەچوون، هـاڵاوسـانە ئابوورییـەکـە لە سـەرەتای سـییـەکـان قـەبـە بوون، بۆیە لـە مـاوەی یەک شـەودا هـەمـوو پارە و پاشکەوتەکـانی ئەو لەناوچـوون. سـونیـای پوورت بۆی گـێڕامـەوە، کـەوا ئەو دراوەی قـیـمـەتی ملیـۆن و تریلیـۆن بوو، ئەوانـەی باوکـمـان لە دەسـتی دەنایـن، تەنیا بەکـەڵک ئەوە دەهات دیواری پێ دابپۆشـین. ئەو پارەی ئێمـەی کیژەکان، هـەرسـێکمان بۆ مـاڵدانان و بووکێنیمـان دامـاننابوو، لە مـاوەی دوو مـانگ بەباچوون، لەبەر بێ پارەییـان حـایا و سـونیا ناچار بوو خـوێندنەکەیان لە براغ راگرن، چونکە سـامانـەکەی باوکـمـان، لەسـەر تەواوبوون بوو.

لە تێکەولێکـەیەکی خـێرا و دۆڕاودا ئاشـەکـەمـان فـرۆشـرا، رەزەکـەمـان فـرۆشـرا، خـانووەکـەمـان فـرۆشـرا، عـەرەبانـە و ئـەسپ و خـشـخـشـۆکـەکـەمـان نـەمـا. هـیـرتس و ئـایتـا، بێ ئـەوەی پارەیەکـی باشـیـان هـەبوویێت، لانەواز و لە سـاڵی ١٩٣٣ گـەیشـتـنە خـاکی ئیـسـرائیل. لەوێ کـەپرۆکـەیەکی سـەرگیراو بە زەفتیان لە نزیک کریات موتسکین بەکرێ گرتبوو. بابا کە زۆر حەزی لە کار و ئیشی

ئارد دەکـرد، لـەوێ دەتوانێت وەک کـرێکار لە فـرەنـیــیـەکی نان دامــەزرێت. ئەو لە تەمــەنـی پەنجـا ساڵییـەوە عەرەبانە و ئەسپێک دەکرێت، سەرەتا نانی پێ دابەش دەکات، پاشان لە کەنداوی حەیفا کەرەستەی دروستکردنی پێ دەگوازێتەوە. من پیاوێکی گەنمیی رەشتاڵەی فانیلا لەبەرم لە بیرە کە بەردەوام ئـارەقــەی پێــوە بوو، هەســتم بە بزەیەکی ناسکی ئەو دەکـرد، بەڵام چاوە شـینەکــانی تروسکەی پێکەنینی لێ دەبریسکایەوە، جلە و بەدەست کە لەسـەر تەختـەدارەکەی عـەرەبانـەکەی دادەنیـشت لە بەردەمـیــان هەسـتی بە ئاسـۆیەکی جـوان و شـایسـتــەی پێکەنـین دەکـرد کـە لە کەنداوەکەی حەیفا دەدرەوشایەوە، لە پێشیدا زنجیرەی چیای کەرمل و کارگەکانی پاڵاوتنی پیترۆڵ و بەرزکەرەوەکانی بەنداوە دوورەکان و دووکەڵکێشی کارگەکانی دەبینی.

ئەو لە گـەنجـیـیـەوە هـەسـتـی دەکرد ئەو کـەسـێکی پرۆلیـتـارە. ئێـسـتـا سـامـانـەکەی نەمـاوە و گـەڕاوەتەوە سـەر کـاری دەسـتـی و جـەسـتـەیی، بەوەیـان هـەسـت دەکـات دووبارە گـەنج بوویتـەوە، بەردەوام لە ناخیدا هەستی بە کامەرانییەکی بێ سنوور دەکرد، لەو رەوشـەدا کە تێیدا گەشـەی ژیان دیارە و تێـدا دەرزێکی ئەنارکـیـزمـیش دەبینێت. ئـەویش رێک وەک یەهودا لـیـف کـلاوزنری باپیـرەی دووەمم، ئەلکسندر، ئەو خـەڵکی شـارۆکـەی ئولکینیکی بـووە لە وڵاتی لیـتـوانیـا، باپیـرم ئەویش پیشەی عـەرەبانچییەکەی خۆی لا پیرۆز بوو، حەزی لەو رەوشە تەنیاییە و ئارامییە دەکرد کە باڵی بەسەر سـەفـەرە نەرمە بەردەوامەکە کێشـابوو، حەزی لە ئـاوێتەبوون بە ئەسـپەکە دەکرد، بۆنە بەهێزەکەی خۆشویست، حەزی لە تـەویڵە و کا و پووش و لغاو و قـامچی و زین و کیسـە جۆ و قەراسە و گوریسەکان دەکرد.

سونیـا تەمەنی شازدە سـاڵان بوو، کە باوکی روو لە وڵات دەکات، ئەوەی هـەردوو خـوشکەکەی بۆ خـوێنـدن چووبوونە بـراغ، ئەو پاش ئەوان پێنج سـاڵی تریش لە شـاری روفنـو دەمـێنێـتـەوە، هـەتا دەگاتە نـەخۆشخـانە سەربازییـە پۆڵۆنییـەکە تا ببێتـە پەرستیار. سونیـا دەگاتە بەنداوی تەلئەبیب، لەوێ دایک و بـاوکی و هـەردوو خـوشکەکـەی و تسـفی زاواکـەیان کـە تازە بوو حـایای شـووی بەو کردبوو، دوو رۆژ پێش کۆتایی سالّی ١٩٣٨ چاوەڕوانیان دەکرد. پاش چـەند ساڵێک سونیا لەوێ شـوو بـە کـوڕێک دەکـات کـە لە شـاری روفنـو بەرپرسی بـوو لە بزاڤی لاوانی سـەهیـۆنیـەت، ئەو گەنجێکی بەڕەوشت و ئامادە و زۆر زیرەک بوو، ناوی ئافراهام جندلبرگ بووبوو.

لە ســاڵی ١٩٣٤ واتە ســاڵێک پێش هاتنی دایک و باوک و دوو خـوشکەکـە و چوار سـاڵ پێش هـاتنی سـونیـای کیژە گچکەکەیان، فـانیـاش گەیشـتـە وڵات. هـەندێ لە برادەرەکانی دەیانگێڕایەوە کـەوا ئەو لە براغ دەکـەوێتـە ناو ئەزمـوونێکی سـۆزداری زەحـمـەت: ئەوانیش وردەکارییـەکـانیـان نەدەزانـی، رێک نـەیاندەزانی چۆن بووە، بـەڵام کــە مـن لەنـاو براغ پیـاســەم دەکــرد و لەو چـەند ئێوارەیەی لەوێ بووم لەناو کۆڵانە تەسکە بەردرێژەکەی نزیک زانکۆکە سەرەداوی چیرۆکەکەم لەناو خـەیاڵمدا وێنەیان دەکێشا.

پاش سـاڵێک لە هاتنیـان ئەوان بۆ وڵات، دایکم دەچێـتـە زانکۆ تا لەسـەر خـوێندنی مـێـژوو و

فەلسەفە بەردەوام بێت، لەو زانکۆیەی دەکەوتە سەرچیای مەشارف. پاش چل و هەشت ساڵ و بەبێ ئەوەی ئەو هیچ زانیارییەکی پێشینەی هەبووبێت کەوا زووتر پوورێکی ئەو زانستەی خوێندووە، ئەوا فانیای کیژم لە زانکۆی تەلئەبیب هەمان بابەت دەخوێنێت.

***

نەمزانی بۆچی دایکم لە براغ دەست لە خوێندنی زانکۆ هەڵدەگرێت، لەبەر ئەوە بوو کەوا باوکی پارەی نامێنێت و ناکرێ چیی تر پارەی بۆ رەوانە بکات، یان لەبەر دژواریی رەوشی جوولەکە لەوێ و لە هەموو وڵاتانی تری ئەورووپا، کە لەسەر شەقامەکان و لەناو زانکۆکان و هەموو لایەک هەڕەشە و سووکایەتییەکانیان گەرم و دڕتر دەکەن، دیارە ئەویش لەوێ سەخڵەت بووە و ئارامیی لێ هەڵساوە، یان بۆیە دایکم هاتووەتە وڵات، چونکە لەودەمانەی لە قوتابخانەی تربوت و لەناو بزاڤی لاوانی سەهیۆنیەت بووە زۆر بۆ ئەو مەسەلەیە گەرم و بەجۆش کراوە؟ دایکم هەستی دەکرد چ لەو وڵاتەدا ببینێت؟ چی دۆزییەوە و چی نەبینی؟

ئەو کە لە وڵاتێکی تر و لەناو شاری براغی ناو باوەشی جوانی قوتییەوە هاتبوو، ئەو کە لەناو بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندی شاری روفنو گەورە بووبوو، کە دەگاتە تەلئەبیب و یورشەلیم هەست بە چ دەکات، چ دیمەنێک دەیهەژێنێت؟ دەبێ زمانی عیبریی ناو خەڵکەکەی وڵات چۆن بێت، چونکە ئەو کیژە هەست ناسکەی لە قوتابخانەی تربوت عیبریەکی ناسکی هەستیاری ناو کتێبەکانی بە هەستێکی ورد و دیسلپین فێر بووبوو، دەبێ لەودەمانە هەستی چۆن بووبێت؟ ئەو گرد و قوومەتە قوومانە بۆ ئەو چی دەگەیاند، دەنگی گەورەی مۆزەخەکان، نشێوە بەردینەکان، گەشتە شوێنەوارییەکان، کەلاوەکانی تووراتی و پاشماوەکانی شارۆکەکانی هەیکەلی دووەم، سەروتاری رۆژنامەی دڤار و خواردنی تنوفا و دەرمانەکان و گومبەتی دێرە پەرژینەکراوە بە شوورەکان، ئاوی ساردی ناو جەڕەکان، کوڕە ئێوارەکانی کە مۆزیکای ئۆکۆردیون و هەرمۆنیکای لەگەڵدا بوو، شۆفێرەکانی هەردوو هێڵی پاسی ئەیجدو دان، کە پانتۆڵی خاکیی کورتیان لەبەر بوو، ئاوازی زمانی ئینگلیزی، زمانی حاکمەکان، باخچە تاریکەکان، پاسەوانە جوولەکەکان، پێشەنگە خوێنگەرمەکانی کیبوتس، کرێکارانی دروستکردن بە کاسکێتە شڕەکانیان، ئەوانە بۆ ئەو چییان دەگەیاند؟ ئەوانە چەند ئەویان هەژاند یان شەوە گەرمەکان بە دانوستاندن و ململانێ و سەیرانەکانی رۆژانی شەموان، جۆشی ژیانی حزبەکان، گۆڕینەوەی نهێنییەکان لە نێوان ئەندامانی رێکخراوە نهێنییەکان و هەوادارەکانیان، ناونووسکردنی خەڵکی بۆ کاری میللی چاندن، شەوە شینە تاریکەکان، گومانکردن لە لوورەی تووڕگەکان و دوورەتەقەکردنەکان بۆ دوورکردنەوەیان؟

کە من تەمەنم دەگاتە ئەوەی بتوانم گوێ لە سەربردەکانی منداڵیی ئەو و گەنجێتییان رابگرم، باسی رۆژانەی سەرەتای هاتنی ئەوانم بۆ وڵات بۆ بگێڕێتەوە و باش لەوانە حاڵی بم و قەدری ئەوانە بگرم، ئەو سەرقاڵی بابەتی تر بوو، بە کاری ترەوە زۆر مەشغول بوو، ئەو بووبووە ژنە

وەرزێرێک و کیژی ئاشەوانێک، کەوتبووە ناو کەپرێکی شڕ لەناو دارستانێک. ئەگەر ئەو باسی ڕۆژانی ڕابردووی خۆیانی کردبوایە، باسی ماڵەوەیانی کردبوایە، باسی ئاشەکە و سەگەکەیان کە ناوی بریمابوو، بەوجۆرە قسانە ئەو شتێکی تاڵ و نووزەیەکی نائومێدی دەخزییە ناو دەنگی، شتێکی دوو سەرە و دوو واتە بوو، دەکرێ بڵێم شتێکی تفتی تەماویی لێ دەردەچوو، جۆرێک بوو لە گاڵتەجاڕیی شاراوە و ئاڵۆز و تەماوی دەبوو، بۆیە تێگەیشتنەکەش ئاسان نەدەبوو، کە جۆرێک بێت لە تەنگاوی و ناڕەحەتی.

بۆیەش من حەزم نەدەکرد گوێ لە قسەکانی ئەو ڕابگرم، حەزم لەو جۆرە دانوستاندنی ئەو نەدەکرد، بگرە دەمویست ئەو باسی لایەنێکی روون و نزیک لە خۆم و بەردەست بۆم بکات، باسی ژنە ئاوگێڕەکە و ژنە جادووگەرەکان و سوارە مردووەکە کە هەموو کیشوەر و شارەکانی بە هەیکەلە ئێسکی و بە خودەکەی سەری و شیر و قەڵغانەکەی و نەعلەکەی کە لە ئاگر کرابوو دەبڕی.

من ڕێک شتێکی وا نازانم لەسەر ئەو ڕۆژەی دایکم گەیشتووەتە حەیفا، ڕۆژانەی سەرەتاکانی ئەو لە تەلئەبیب و گەنجییەکەی ئەو لە یورشەلیم. بۆیەش لە جیاتیی ئەوانە، وا سەربردەکانی پوورە سونیاتان بۆ دەگێڕمەوە:

کە چۆن گەیشتووەتە وڵات، بۆچی هاتووە، هیوای بە چ هەبوو کە لەو وڵاتە ببینێت، لە ڕاستیدا ئەو چی دیوە.

***

ئێمە تەنیا لە قوتابخانەی تربوت زمانی عیبری زۆر جوان فێر نەبووین، تەنیا نووسین و خوێندنەوە لەوێ فێر نەبووین، ئەوەی هەموو تاڵییەکانی ژیانی نەیتوانی ڕەشی بکاتەوە. ئێمە لەوێ تەورات، مشناه، شیعری ئیسپانی لە سەدەکانی ناوەڕاست، هەروەها لەوێ فێرە بایولۆژیا و بولانستیکا، واتە ئەدەبی پۆڵۆنی و مێژووی پۆڵۆنیا فێر بووین، لەو قوتابخانەیە مێژووی هونەرمان لە سەردەمی ڕینسانس لە ئەوروپا فێر بووین، لە قوتابخانەکەی تربوت، ئەوەی کەوتبووە پشتەوەی ئاسۆ، پشت ڕووبار و دارستانەکە، لەوێ فێر بووین کەوا وڵاتێک هەیە و ناچار دەکرێن بگەڕێنەوە ئەوێندەرێ، دەبێ بچینە ئەو وڵاتە چونکە ژیانی جوولەکە لە ئەوروپا دویماهی هات، بەهەرحاڵ، لەودەمانەی ئێمە، جوولەکەی ناو وڵاتەکانی ئەورووپای خۆرهەڵات هێدی هێدی کەمی دەکرد و نەدەما.

دایک و باوکمان زۆرتر لە ئێمە هەستیان بەکورتبوونی کاتەکە دەکرد و ئەوانیش بۆیە بەرگەیان نەدەگرت، ئەوان و ئەوانەی وەک باوکیشم دەوڵەمەند بووبوون، ئەو بنەماڵانەی لە شاری ڕوفنو کارگەی نوێیان دامەزراندبوو، یان ئەوانەی بە کاری خۆیانەوە ناو و پێگەیان دیار بوو، پزیشکی، پارێزەری، ئەندازیاری، ئەوانەی لەگەڵ چینە دیارەکانی ناو کۆمەڵگە و لەگەڵ دەسەڵاتدارەکان و

کەسە رۆشنبیرەکانیش پێوەندی و کۆنتاکتی باشیان ساز کردبوو، ئەوانە هەموویان وایان دەزانی لەودەمانە ئەوان لەسەر بورکانێک دەژین، لەوێ دەژین نەک لەو دەڤەرەی کەوتبووە سەر سنوورە گەرم و بەتەوژمەکەی نێوان ستالین و جرایفسکی و بیلسودسکی. سەبارەت بە ستالین ئێمە ئەوەمان باش دەزانی کەوا مەبەستی بوو هەر بەیەکجاری هەموومان قڕ بکات، بەهێز و توندوتیژیبوونی جوولەکە ڕەش بکاتەوە، هەتا هەموویان ببنە ئەندامی ساڵحی یەکەتیی لاوانی شیوعییەت (کومسومول) و لەوێش یەک لەسەریەک سکاڵا و ڕاپۆرت بنووسین. لەلایەکی تریشەوە پۆلۆنیاش بەو شێوەیە لەگەڵ جوولەکەکان دەجووڵایەوە، وەک ئەوەی پارچە ماسییەکی بۆگەنی لەناو دەمی دابێت، نە بۆی قووت بدرێت نە بتوانیش تفی بکاتەوە و بیهێنێتەوە. دیارە لەبەر برگەکانی پەیمانی فرسای ئاسان نەبوو بیهێنەوە و تفی بکەنەوە، لەبەر ڕەوشەکەی مافەکانی نەتەوەکان، لەبەر ویلسۆن، لەبەر کۆمەڵەی گەلان، نەدەکرا بەئاسانی ئەوە بکەن. هەتا ساڵانی بیستەکان پۆلۆنییەکان بەجۆرێک لە شەرمکردن دەژیان، دەیانویست ڕوویان بەرەو ڕووی جیهان جوان نیشان بدەن، ئەو کەسە سەرخۆشەی بیەوێت ڕاست بڕوات و بەرنەبێتەوە و کەس نەیبینێت کەوا مەستە و ناتوانێت بڕوات.

پۆلۆنییەکان دەیانویست خۆیان وا نیشان بدەن ئەوانیش وەک میللەتانی تر دەژین، ئەو مەبەستیان ڕاونان و سووکایەتیکردنەکان لەژێرەوە بکەن، لەبن مێزەکانەوە، هەتا ئێمەش هێدی هێدی و لەسەرخۆ بار بکەین و بڕۆین بەرەو ئیسرائیل کۆچ بکەین، هەتا هەموومان لە بەرچاوەکانیان بزر بین، بۆیەش کەمێک هانی خوێندنی پەروەردەی سەهیۆنیەتیان دەدا، لە قوتابخانەکان جەختیان لەسەر ئەو بەرنامەیە دەکرد تا خەڵکەکە بە سەهیۆنیەت جۆشدار بکرێن. وایان دەکرد هەتا هەموومان بەرەو ئاراستەی نەتەوەیی هەنگاو بنێین، بەڵێ بە هەموو دڵنیاییەکەوە، بۆ وا نییە، گرینگ ئەوە بوو هەمووومان بەرەو ئیسرائیل بڕۆین و بڵێین حەمەد بۆ خوا لە کۆڵمان بوونەوە و ڕۆیشتن.

***

هەموو ماڵە جوولەیەک ترسێکیان لە هەناودا هەبوو، بەڵام ئەو ترسەیان پێوە دیار نەبوو، باسیشیان نەدەکرد، بەڵام ترسەکەیان بەشێوەیەکی تر لەناو دڵماندا چاندبوو، وەک ژەهر، هەموو سەرە سەعاتێک دڵۆپەیەکیان دەداینێ، ترسێکی وامان هەبوو کەوا ڕەنگە ئێمە کەسانی بەستەزمان و بێگەرد نەبین، ڕەنگە بەڕاستی ئێمە کەسانی گێرەشێوێن و ئاژاوەگێڕین، زۆرتر لە پێویست میللەتێکی فێڵباز و چڵێس و بەتەماعین. بەڕاستی نەریت و هەڵسوکەوتەکانمان نەگونجاون، ترسێکی کوشندە هەبوو، ترسی ئەوە هەبوو خوانەخواستە ئێمە لەسەر خەڵکی بێگانە مۆرکێکی نادروست بەجێ بهێڵین، بۆیەش ئەوان تووڕە دەبن و تۆڵەمان بەدژواریش لێ دەکەنەوە، بۆیە ناکرێ ئێمە هەرگیز بیر لەوانە بکەینەوە.

هەزار جاریش ئەوەیان لەسەری منداڵی جوولەکە چاندووە کەوا لەگەڵ ئەوان زۆر بەڕەوشت

بجووڵێینەوە، نەرم بین ئەگەر ئەوان دڕ و بەدکاریش بن، ئێمە لەسەرخۆ بین، ئەگەر ئەوان مەستیش بن، دەبوایە منداڵانی جوولەکە بە هەموو شێوەیەک ئاگەداری ئەوە بێت ئەوان تووڕە نەکات، کۆشش بکات لەگەڵ ئەوان نەکەوێتە دانوستاندن و دەمەقاڵێ، زۆرتر سەریان بۆ نەوی بکات و سازشیان بۆ بکات، هۆشیاریان دەکردینەوە کەوا دەماریان نەگرین، دەبوایە سەرت بەرز نەکەیتەوە، هەموو دەمێک بە نەرمی و لەسەرخۆ و بە روویێکی خۆشەوە قسەیان لەگەڵدا بکەن، وا بکەن تا پێتان نەڵێن ئێوە کەسانی ئاژاوەگێڕن، کە بە زمانی پۆڵۆنی قسەیان لەگەڵ دەکەن بە زمانێکی خاوێن و رێزمانێکی رەوان قسەیان لەگەڵدا بکەن تا نەڵێن زمانەکەی ئێمەتان بۆگەنی کردووە، دیسان کە بە زمانی پۆڵۆنی قسەیان لەگەڵدا دەکەن بە زمانێک قسە مەکەن لەوان جوانتر و پاراوتر بێت تا هەست نەکەن ئێوە لەوان زۆرزانتر و بالاترن و دەتانەوێ بەوەیان بگەنە لووتکە، هەتا پێمان نەڵێن ئێوە کەسانی مشەخۆر و بەتەماعن، خوانەخواستە نەڵێن بە ئێمەیان وتووە پەنتکێک لەسەر تەنوورەکانتانە. بەکورتی، ئێمە ناچارین و دەبێ زۆر زۆر کۆشش بکەین و پابەندی ئەوە بین مۆرکێکی زۆر زۆر باش لەلای ئەوان دروست بکەین، نابێ یەک کوڕیش ئەو رەوشەمان لێ بۆگەن بکات، هەتا ئەگەر کوڕێکی تاقانەش بێت، هەتا ئەگەر کوڕێکی سەر بە ڕشک و بە ئەسپێش بێت و یەک جاریش خۆی نەشووشتبێت. ئەوان بەبێ ئەوانەش ئێمەیان ناوێت و ناکەوینە بەردڵیان، بۆیە خوانەخواستە کارێک نەکەین بیانوویان بۆ ساز بکەین تا نەکەوینە بەردڵیان.

ئێوە ئەی ئەوانەی لەسەر ئەو خاکە لەدایک بوون، ناکرێ لەوە تێ بگەن کەوا چۆن ئەو پالاوتنە لەسەرخۆیە ئەو هەستانە دەچەمێنێتەوە و چۆن ئەو ژەنگە وا دەکات وێنە بەشرییەکان بخورێت و سەبر سەبر هەڵوەرێت. ئەوان سەبر سەبر دەتکەنە کەسێکی دووڕوو، درۆزن، فێڵباز، بەفێڵ وەک پشیلە. من لەلایەن خۆمەوە هەرگیز پشیلەم خۆشنەویستووە، هەروەها مەسەلەکە سەگەکانیش دەگرێتەوە، بەڵام ئەگەر لە نێوان پشیلە و سەگدا سەرپشکم بکەن ئەوە من سەگەکە هەڵدەبژێرم. سەگ وەک بێگانەکانە، یەکسەر دەزانی ئەو بیر لە چی دەکاتەوە و بەرنامە و نیازی چییە، جوولەکە لە ئەوروپا پشیلە بوو بەڵام بە مانا بەدکارییەکەی، هیوادارم تێگەیشتبیت من مەبەستم چ بووە.

خەڵکەکەی ئێمە تەنیا لە ئەڵمانەکان نەدەترسان، لە بیرمە لە ساڵی سی و چوار بوو، یان ساڵی سی و پێنج بوو، من تەنیا لە ماڵەکەمان بۆ تەواوکردنی پەرستیارییەکەم لە شاری روفنو مابوومەوە، لە ساڵی سی و پێنج خەڵکەکە خۆزگەیان بەوە دەخواست هیتلەر بگاتە لای ئێمەش، ئەو هەر هیچ نەبوایە یاسایەکی دادەڕشت و پەیڕەو دەکرا، هەموو شتەکان بۆ خەڵکەکە روون دەکرایەوە و دیسپلین دادەنرا، لەودەمانە گرینگ نەبوو چۆن هیتلەر ناوی دەهات، گرینگ ئەوە بوو ئەو وەک ئەڵمانیا سیستەمێک دادەنێت و خەڵکە ناکەسبەچەکان لە ترسی ئەو دیسپلینە زراویان دەچوو. گرینگ ئەوە بوو لەلای هیتلەر، هەر هیچ نەبێت خۆپێشاندان و ناڕەزایی دەربڕین نامێنێت و شەقامەکان ناگیرێن، خەڵکەکە زۆرتریان لە ئەنارکیزمەکە دەترسان، وایان دەزانی:

کابووسەکە ئەوە بوو کەوا لە کڵێساکان قەشەکان هاواریان لێ هەڵسابوو کەوا دووبارە

کریستیانەکان لەبەر جوولەکە خوێنیان دەڕژێتەوە، بۆیەش زەنگە بە ترسەکانیان لێ دەدا، کە جووتیارەکان ئەوە دەبیستن ورگیان تەژی مەی دەکەن (ئەو مەیەی بە زۆری لە دانەوێڵە دروستیان دەکرد) بۆیەش دەستیان دەگەیاندە تەورداس و کێردەکانیان، ئیتر مەسەلەکە لەوە دەست پێ دەکاتەوە.

ئێمە ئەوەمان زانی، بێگومان، لەناو وڵات چەندین ئەستەنگ بوونی هەیە، دەمانزانی وڵات زۆر گەرمە، بیابانە، گۆم و چڵکاوە، بێکارییە، دەمانزانی لە گوندە عەرەبییەکان هەژاری زۆرە، لەسەر ئەو نەخشەی لەناو هۆبەکەمان هەڵواسرابوو تێدا دیاربوو کەوا ژمارەی عەرەب لەناو وڵاتدا کەمن، رەنگە تەنیا سەرژمێرییەکەیان دەگەیشتە تەنیا نیو ملیۆن کەس و بەس، بێگومان نەدەگەیشتە یەک ملیۆن، ئەوەشمان دەزانی لەناو وڵاتدا هەوار و جێگەی چەند ملیۆن جوولەکە هەبوو، رەنگە عەرەب وەک پۆڵۆنییە سادەکانی ئەوانیش دوژمن بوون، بەڵام دەکرا ئێمە ئەوەیان بۆ شرۆڤە بکەین کەوا بوونی ئێمە بۆ ئەوان دەبێتە خێر و بەرەکەت و گەشەی ئابووریی ئەوانیش، لەگەڵ ئێمە دەتوانن بەچاکە و رۆشنبیرییەوە بژین، ئەوە و زۆری تریش دەکرا ئەوانەیان تێ بگەیەنین، وامان زانی پاش ماوەیەکی کەم، یان پاش چەند ساڵێکی کەم، جوولەکە لەناو وڵاتدا دەبنە زۆرینە، بەوەش دەبینە نموونەی وڵاتێک کەوا رێزی کەمینە دەگرین، لەناو هەموو جیهان ئەوەش دەنگ دەداتەوە، لەگەڵ عەرەب:

ئێمە زۆر لەمێژە کەمینە بووینە و چەوساینەوە، بۆیەش و بێگومان لەگەڵ کەمینە عەرەبەکانی ناومان، بەڕەوشت و بەدادپەروەری و بەبەخشندەیی لەگەڵیان دەژین، لە نیشتمانەکەدا هاوبەش دەبین، هەموو شتەکانیان لەگەڵدا بەش دەکەین، ئەوان هەرگیز ناکەینە پشیلە، خەونەکانمان جوان بوون.

***

بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان پیاوێکی جادووگەر و سەرەنج ڕاکێش بوو، ئەو بەخێوکەرێکی زۆر نازدار بوو، کەسێکی بیرتیژ و دڵێکی شاعیرانەی هەبوو. ئەو ناوی رایس بوو، دوکتۆر رایس، یساخار رایس، ئەو لە جلیتسیاوە هاتبوو، لە ماوەیەکی کورتدا بووە خۆشەویستی ماڵباتی قوتابییە گەنجەکان. کیژەکان هەموویان لە دڵەوە خۆشیان دەویست، هەتا حایای خوشکم ئەوەی وەک کیژێکی چالاک لەناو قوتابخانەکە ناوی هەبوو، کە وەک سەرکردەیەکی جەماوەری دەرکەوتبوو، هەروەها دایکت فانیاش، ئەوەی دوکتۆر رایس کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر دانابوو، ئەو بەلوتفەوە بەرەو ئەدەب و هونەری دەبردین و سۆفیانە پێوەندییان هەبوو، ئەو پیاوێکی زۆر جوان بوو، کەسێکی پیاوانە بوو کەمێک بە رودولف فلینتینو یان بە رامۆن ناڤاروی ناو فیلمەکان دەچوو، پڕ بوو لە فێنکی و سۆزداریی سروشتی، کەم تووڕە دەبوو کە تووڕەش دەبوو، بەبێ دوودڵییەوە دەگەڕایەوە لای قوتابییەکە و لەسەر هەڵچوونەکەی داوای لێبووردنی لەو دەکردەوە.

هەموو دانیشتوانی شارەکە بۆ ئەو شێت بووبوون، بڕوا دەکەم زۆر لە دایکەکان شەوەکان

خەونیان بەو مامۆستایەوە دیوە، کە بە رۆژیش کیژەکان ئەویان دیوە بۆی تواونەتەوە، کوڕەکانیش لە کیژەکان بۆ ئەو کەمتر نەبوون:

ئەوان لاساییان دەکردەوە، وەک ئەو قسەیان دەکرد، وەک ئەویش دەکۆخین، وەک ئەویش لە کاتی قسەکردندا لە ناوەندی رستەدا دەوەستان، ئەوان لاسایی ئەویان دەکردەوە و لە تەنیشت پەنجەرەکەوە خەیالاوی دەوەستان. ئەو سەرکەوتوو بوو لەوەی بووبووە پیاوی مەیلی ژنان. بەلام لە راستیدا ئەو لەو جۆرە پیاوانە نەبوو:

ئەوەی من دەمزانی ئەو هاوسەری هەبوو، بەلام لەو پرۆسەیەدا دیاربوو زۆر بەختیار و دڵشاد نەبوو، ژنەکەی کەمێک لەو نزمتر بوو، بەلام ئەو وەک خاوەن خێزانێک هەڵسوکەوتی دەکرد و کەسێکی نموونەیی بوو. ئەو بەکەڵک ئەوەش دەهات ببێتە سەرکردەیەک، هەموو ڕەوشتەکانی لەلای خەڵک خۆشەویست بوون، خەڵکەکە هەمووی بەخوێن و بەرۆح لەدوای دەرۆیشتن، بەوەیان ئەو وشەی شایستە و ڕێزی ئاراستەی خەڵکەکە دەکردەوە، بیر و هزرەکانی ئەو هەمان بیری ئێمەش بوو، جووڵە و نەستەکانی ئەو لەسەر هەموومان رەنگی دابووە و بووبووە ئوسلوبی هەموومان، ئەو بڕوای وابوو کەوا لەسەر خاکی ئیسرائیل هەموو نەخۆشییە دەروونییەکانی جوولەکە چارەسەر دەبێت، بەوەشیان دەتوانن بۆ خۆیان و بۆ بنەماڵەکانیان بسەلمێنن کەوا هەموویان کەسی چاکسازن و ڕەوشتیان بەرزە.

ئەوە و مامۆستای باشی تریشمان هەبوو، مامۆستا مناحیم جیلیرتر، ئەوە بابەتی تەوراتی پێمان دەوتەوە، وات دەزانی خۆی لەناو (هێیلا) یان لە عنتوتە، یان لەناو هەیکەلەکەی ئەنتوتە، یان لەلای هەیکەلەکەی فەلەستینییەکانە لە غەزە. ئەو ئەدەبی عیبری و ئەدەبی میللەتانی تری پێ دەوتینەوە، ئەو رۆژێکیان ئەوەی بۆ سەلماندین کەوا بەهای بیالیک لە میسکیفیتش کەمتر نییە، ئەوەشی بەوە دەسەلماند کەوا شیعرەکانی هەردووکیانی دێر بەدێر بەراورد کردبوو. مناحیم جیلیرتر سەفەری هەفتانەی دەکرد بۆ ناو ولات، دەچووە ناو نیشتنگەکانی یەهودا، جارێکیان دەچووە غۆر ئەریحا، لەناو شەقامەکانی تەلئەبیبیش پیاسەیەکی دەکرد، کە دەگەڕایەوە لەگەڵ خۆی:

وێنە و نەخشە و پارچە رۆژنامە و بڕگە شیعری نوێ و لاپەڕەکانی تەورات و جوگرافیا و مێژوو و شوێنەواری زۆری بۆمان دەهێنا، لەگەڵ ئەوانەدا وات دەزانی خۆت وا پیاسەیەک دەکەیت و بەزیندوویی لەوێ دەسووڕێیتەوە، بۆیەش ماندوو دەبوویت، تۆ لەودەمانە نەک بەبیر و نیگاکانەوە لەناو بابەتەکانی ئەو بوویت، بە پێیانیش و لەبەر تیشکی گەرمی خۆر و لەناو تۆز و غوبارەکەش دەمایەوە، دەچوویتە ناو لیمۆ و رەزەکانی ترێ و شووره درکاوییەکان و دەچوویتە ناو خێوەتگەکانی پێشەنگەکان لەناو دەشتاییەکان، بەوەش پێش ئەوەی سەفەری ڕاستەقینەی ناو ئیسرائیل بکەیت، لە دوورەوە بۆ خۆت لەگەڵ بابەت و شتەکانی ئەو ماوەیەکی دوور و درێژبوو لە ولاتدا دەژیایت.

# له هیگل و ناپلیۆنەوە
# بۆ هابەرماس و بوش

هاشم ساڵح

له وتارەکەی پێشوومدا گوتم، هیگل چەپڵەی بۆ ناپلیۆن لێ دا، هەرچەندە ئەو وەکو داگیرکەرێک پەلاماری وڵاتەکەی دا و، له شەڕە بەناوبانگەکەی "یینا" ساڵی ١٨٠٦ بەسەر ئەڵمانیادا سەرکەوت. جێگەی گوتنە لەو کاتانەدا هیگل مامۆستایەکی گەنجی زانکۆ بوو، کە تەمەنی نەدەگەیشتە سی و شەش ساڵ.

بەڵام بۆچی چەپڵەی بۆ لێ دا له جیاتیی ئەوەی وەکو داگیرکەرێکی بێگانە بیبینێت، کە خەریکی داگیرکردنی وڵاتەکەیەتی و پەلاماری سنوور و کەرامەتی وڵاتەکەی دەدات؟.

له شەوی ١٣ ئۆکتۆبەری ١٨٠٦، هیگل گەیشتە دوا قۆناغی دەستنووسە بەناوبانگەکەی "فینومینولوجیای رۆح "، ئەو کتێبەی کە باسی دیرۆکی گەشەسەندنی عەقڵی مرۆڤ دەکات له مێژوودا، هەر له سەردەمە کۆنەکانەوە هەتاوەکو کاتی هیگل. ئەم کتێبە کە بە نەفسێکی شاعیری بەرز نووسراوە و قووڵاییەکی فەلسەفیی گەورەی هەیە، کە وا دەکات هیگل بەئاسمانی فەلسەفەدا بفڕێت و یەکەمین فتوحاتی فەلسەفیی خۆی بکات، کە هیچیان له فتوحاتە عەسکەرییەکانی ناپلیۆن کەمتر نین. هەر ئەمەش وای لێ کرد کە زۆر موعجیبی ئەم سەرۆکە فرەنسییە بێت.

هەردووکیان "فاتح، ڕزگارکەر "ن. یەکەمیان له بواری فەلسەفەدا، دووەمیشیان له بواری عەسکەری و سیاسی. لەبەر ئەوە کاتێک ناپلیۆن بەوپەڕی لووتبەرزییەوە بەسەر ئەسپەکەیەوە بەناو شەقامەکانی "یینا"دا دەگەڕا، لێرەدا ساتی فەلسەفی و ساتی عەسکەری دەستیان کردە ملی یەکتری، بەشێوەیەک کە وا دەکات مێژوو دووجار بنووسرێتەوە:

یەکێکیان لەلایەن فەیلەسووفێکە، کە له جووڵەی مێژوو تێ دەگەیشت و پێشوەخت ڕووداوەکانی

............................................................

وەرگێڕانی له عەرەبییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا

دەبینی. دووەمیشیان لەلایەن ناپلیۆنەوە، کە توانی بەم سەرکەوتنەی لەسەر ئەرزی واقیعیدا، مێژوویەکی تر بنووسێتەوە.

جێگەی گوتنە فەلسەفەکەی هیگل بۆ مێژوو بە جۆرێک بوو، کە پێی وابوو کە پیاوە مەزنەکان وەکو نموونەی ناپلیۆن یان خەڵکانی تر وەکو ئەو، ئەمان خاوەنی عەقڵن لە پرۆسەی مێژووییدا، وە هەر ئەوانیشن کە دەتوانن مرۆڤایەتی پێشبخەن و کۆمەڵگەش بۆ چەند هەنگاوێکی گەورەتر باز پێ بدەن بۆ پێشەوە. ئەمانە (واتە پیاوە مەزنەکان،، وەرگێڕ) نمایندە و وەکیلی مێژوون. بەمانایەکی تر، ئەمانە ڕاسپێراون کە کارێک بکەن، کە لە توانا و هێزی شەخسیی ئەواندا نییە. ئەمان تەنیا ئامرازێکن بەدەست مێژووەوە، بۆ ئەوەی ئامانجەکانی بهێننە دی. کاتێک ئەو کارە یان ئەو پەیامەی پێیان سپێردراوە بەکۆتا دێت، ئەمانیش ژیانیان بەکۆتا دێت، جا بە کوشتن بێت یان گیران یان تیرۆرکردن بێت.

چونکە چیی تر مێژوو پێویستی بەوان نەماوە، ئەو "مێژوو" پاش ئەوەی هەموو تواناکانی ئەوانی هەڵمژی، پووکانینەوە. بێگومان ئەوان تموحاتی شەخسیی خۆیان و هەستی مەزنیی ئیمپراتۆریەتی، ڕۆڵی گەورەی هەیە لە هەڵمەتی پەلامارە عەسکەری و فتوحاتە سیاسییەتەکانیاندا.

زۆرجاریش ئەم کەسانە وا بیر دەکەنەوە کە ئەوانن مێژوو دەبەن بەڕێوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە مێژووە ئەوان دەبات بەڕێوە، بەبێ ئەوەی ئەوان هەست بەخۆیان بکەن ئامانجەکانی مێژوو جێبەجێ دەکەن، نەک ئامانجی خۆیان. لێ ئەوەی کە دەمێنێتەوە تەنها لایەنە شەخسییەکەی ئەوان نییە، بگرە لایەنە کەونی و بابەتییەکەیە، کە خۆی لە: پێشکەوتنی بیری ئازادی، لەناو مێژوودا دەبینێتەوە.

مێژوو لەلای هیگل شتێکی جدییە و مانادارە و شتێکی عەبەسی نییە. هیگل فەیلەسووفێکی عەقڵانییە، گوماندار و ئیرتیابی و عەدەمیی نییە. وە بەم شێوەیەش پێشکەوتن تەدریجی دەبێت، کە ڕۆح یان عەقڵ یان فیکرێکی ڕەهایی یان شارستانییەکی کەونی پاڵنەری سەرەکییەتی. شارستانیش هێدی هێدی بەشێوەیەکی دیالیکتیکی گەشەدەکات، ئەویش لە ڕێگەی شەڕ و کەوتنی ملیۆنان لاشەی مرۆڤ و قوربانیبوونی خەڵکانی بێ گوناه، هەتا دەگاتە سەرکەوتن و بەکۆتا دێت.

لەم کاتەشدا مێژوو کۆتاییی پێ دێت، دیارە پاش ئەوەی کە بە ئامانجەکانی خۆی دەگات. واتە : گەیشتن بە سەروەریی یاسا و چاکە و ئازادی و عەدالەت لەسەر تەواوی گۆی زەوی. جێگەی گوتنە فۆکۆیاماش* کەبە فیکری " کۆتاییی مێژوو" ناسراوە، ئەم فیکرەی لە هیگلەوە وەرگرتووە. لێ ڤۆکۆیاما لە فیکرەی "کۆتاییی مێژوو"دا پێی وایە، کە بیری لیبرالی دیموکراسی کۆتاییی مێژووە و، ئەم بیرەش لە هەموو جیهاندا سەردەکەوێت. بەڵام لە کۆتاییدا هەردووکیان یەک مەبەستیان

هەیە. کە برێتییە لە دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی نموونەیی، لەسەر زەوی. لێرەدا هیگل دەستەواژە ناودارەکەی، کە لە نامەیەکدا بۆ هاورێکەی نیتامیر نووسی. ئەمەش تەواوی تێکستەکەیەتی:

(ئیمپراتۆرم بینی، رۆحی جیهان، کە لەناو شاردا بەسەر سوپاکەیدا دەگەڕا. لەو کاتەدا ڕووبەڕووی هەستێکی مەزن دەبێتەوە، کاتێک کەسێکی وا دەبینیت، کە لەسەر ئەسپەکەیەوە تەنیا چاوی بڕیوەتە یەک خاڵ، کە برێتییە لە چۆنێتیی دەستگرتن بەسەر تەواوی جیهاندا و هەژموونی خۆتی تێدا بسەپێنیت.)

دیارە کاتێک هیگل ئەم قسانەی کرد، ئەو باش ئەوەی دەزانی، کە ئەویش بەفەلسەفەکەی هەژموونی خۆی بەسەر جیهاندا سەپاندووە. ئەویش ئیمپراتۆری فیکر و فەلسەفەیە، یان نزیک بووەتەوە لەم ئاستە. بەنیسبەت هیگلەوە، بوونی ئەم فتوحاتە فەلسەفی و فتوحاتە عەسکەرییانە لە یەک کاتدا، تەنیا ڕێککەوتێکی عەبەسی نییە. چونکە گەر ئەو توانی بگاتە رەها لە فەلسەفەدا، ناپلیۆنیش لە ڕێگەی مومارەسەکانیەوە گەیشتووەتە رەها "مطلق".

دیارە لێرەدا مەبەست لە " رەها، مطلق" برێتییە، لە بەرجەستیکردنی ئازادی و عەقڵ لەسەر ئەرزی واقیع، پاش ئەوەی کۆتا بە ڕێژیمی ئوسولّی مەسیحی و دەرەبەگایەتیی کۆن هێنرا. پاشتر هیگل لە قسەکانی بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

"دەتوانم بڵێم سەرکەوتنی ناپلیۆن لە شاری "یینا"دا، ڕووداوێکی مەزنی مێژووییە. بە واتایەکی تر، ئەمە یەکێکە لەو ڕووداوە گەورانەی مێژوو، کە سەد ساڵ یان هەزار ساڵ جارێک ڕوو دەدەن. بۆچی؟ چونکە هۆشیاریی رەها "مطلق" بوو بەشتێکی بابەتی کە دەتوانرێت بێتە دی. چونکە لە ڕێگەی ناپلیۆنەوە، توانرا بەردەوامیی جیدی لە پێشکەوتنی مێژوودا بێتە دی و بگاتە دوا وێستگەکانی خۆی."

لێرەوە ڤۆکۆیاما بیرە وەهمییەکەی خۆی " کۆتاییی مێژوو" لە هیگل وەرگرتووە.

ئینجا ئێستا ئەم پرسیارە دەکەین : ئاخۆ رۆشنبیرە عەرەبەکان چییان لەبارەی داگیرکردنی میسر لەلایەن ناپلیۆنەوە گوت، کە پێش چەند ساڵێک لە داگیرکردنی برووسیا و ئەڵمانیا کردی؟. ئاخۆ مێژووی رۆشنگەریی عەرەبی لەم کاتەوە دەست پێ ناکات، کاتێک میسری داگیر کرد و کۆتاییی بە حوکمی مەمالیک هێنا و رۆهەڵاتیشی لە بیری دۆگمایی درێژ بەخەبەر هێنایەوە؟. ئاخۆ هەر ئەو نەبوو بیری رۆشنگەری و شۆڕشی فرەنسیی بڵاو کردەوە؟.

ئاخۆ هەر ئەو نەبوو، کە ١٥٠ زانای لە هەموو بوارەکاندا لەگەڵ خۆی هێنا؟ دیارە راستە ئەو ئامانجی تایبەتی خۆی هەبوو، هەروەها بەرژەوەندیی فرەنسی لە بەهێزکردنی هەژموونی خۆی لە جیهاندا و کێبەرکێکردنی ئینگلتەرا لەپشت ئەم پەلاماردانەوە بوو.

لێ ئەو شتە بابەتییەی کە لەم پەلامارادانە مایەوە ئەوە بوو، کە هەموو رۆهەڵاتی عەرەبی

ئیسلامیی هەژاند و، لە ناوچەکەشدا بۆ یەکەم جار بیری نوێی بڵاو کردەوە. دیارە راستە هەزاران کەس لەم پەلامارداندا بوونە قوربانی. لێ نابێت ژ بیر بکەین، کە ئەمەش باجی پێشکەوتنی مێژووە. بەبۆچوونی هیگل، مێژوو هیچ کاتێک ناتوانێت یەک هەنگاو بچێتەوە پێشەوە، هەتاوەکو باجی ئەو پێشکەوتنەی نەدات.

ئەی لەم دواییانەدا چی لە عێراق و ئەفغانستان ڕووی دا؟. رووخانی دڕندەترین شێوەی ئوسوڵیی ئیسلامی، کە خۆی لە تاڵیباندا دەبینییەوە، هەروەها رووخانی دڕندەترین دیکتاتۆری عەرەبی، واتە سەدام حوسێن. دیارە راستە ئەو تەنیا دیکتاتۆری عەرەبی نییە، لێ گەورەترینیان و دڕندەترینیان بوو. هەروەها راستە جۆرج بوش ناپلیۆن نییە، خاوەنی ئەو عەبقەریەتە عەسکەری و سیاسییەش نییە. لەهەمانکاتیشدا راستە کە ئەو ١١ سێپتەمبەری بەکار هێنا و کردییە بیانوو بۆ مەرامە تایبەتییەکانی ئەمەریکا، کە بریتی بوو لە سەپاندنی هەژموونی خۆی بەسەر ناوچەیەکی ستراتیجی گرینگی جیهان و دەستگرتن بەسەر سەرچاوە نەوتییە دەوڵەمەندەکانی ناوچەکە.

بەڵام بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ، ئەم هێرشەی ئەمریکا توانی ئوسوڵی ئیسلامی لە ناوچەکەدا بلەرزێنێت و عەرەب و موسڵمانەکانیش بەگشتی، ناچار کرد کە جارێکی تر چاو بە توراثی دینی و بەرنامەکانی خوێندن بخشێننەوە. لەم کاتە بەدواوە، رۆئاوا: ئەمەریکا و ئەوروپا " هەروەها هەموو جیهانیش وازمان لێ ناهێنن، هەتاوەکو چەمکە کۆن و تاریک و کۆنەپەرستانەکانمان نەگۆڕین.

دیارە ئەو کەسانە دەبەنگن کە پێیان وابوو، ئەم مەسەلەیە بە عێراق کۆتاییی پێ دێت. پاش ئەوەی عێراق ئارام بوو، ئینجا بزاڤەکە بەرەو وڵاتانی دراوسێش دەروات، هەتاوەکو بەشێوەیەکی بنەڕەتی کۆتا بە سەلەفیەتی بێ دەماغی دەهێنرێت.

هەروەها مەیدانی شەڕەکەش سنووری دوورگەی عەرەبی هەتا پاکیستان دەگرێتەوە. کە پێم وایە ئامانجی سەرەکیی ئەم شەرەش، ئەم ناوچەیەیە. پێم وایە ئەمە سوودی ١١ سێپتەمبەر بوو، چونکە چاوی جیهانی کردەوە و لە ترسی ئوسوڵی ئیسلامی بەئاگای هێنایەوە، کە چ هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ سەر شارستانی و ژیانی جیهان.

دیارە ئەوەی کە هەڕەشە لە عەرەب و موسڵمانەکان دەکات و بووەتە ڕێگر و ناهێڵێ بچنە ناو مێژووەوە، تەنیا خۆیانن. دوایین هەواڵیش ئەوەیە، کە ئێستا خەریکە عێراق ئارام دەبێتەوە و خۆیان لەسەر گەمەی دیموکراسی و ژیانی پەرلەمانی راهێناوە و، خەریکی دروستکردنی دەوڵەتی موئەسساتن. دیارە من زۆر دڵنیام هەموو ئەم قوربانییە گەورانەش کە لە عێراقدا دران، بە گۆترە ناچێت و بەم زووانەش دەگەنە کەناری ئارام.

 

## هابەرماس و ١١ سێپتەمبەر

ئاخۆ هابەرماس چ خوێندنەوەیەک بۆ ڕووداوێکی مەزنی وەکو ١١ سێپتەمبەر هەبێت؟. وە بۆچوونی لەسەر چۆنێتیی هەڵسوکەوتکردنی دەوڵەتان لەگەڵ ئەم ڕووداوانە چۆنە؟ ئاخۆ پێشوازیی لە پەلاماردانی بوش بۆ ڕۆهەلات و ڕاونانی ئوسوڵی کرد، هەروەک هیگل کاتێک ناپلیۆن پێش ٢٠٠ ساڵ ئەوروپای داگیر کرد و ئەو پێشوازیی لێ کرد؟.

وەڵامی ئەم پرسیارانەمان لەو چاوپێکەوتنە درێژانە دەست دەکەوێت، کە ژنە فەیلەسووفی ئیتاڵیی گەنج "جیوفانا بورادوری " مامۆستای فەلسەفە لە نیویۆرک، لەگەڵ هابەرماس و دریدا، کە بە ماوەیەکی کەم پاش ڕووداوەکەی ١١ سێپتەمبەر، ئەنجامی دا. دیارە ئەم چاوپێکەوتنانەش لە کتێبێکدا بەناوی " فەلسەفە لە کاتی تیرۆردا " بڵاو بووەوە. ئەم کتێبەش ساڵی ٢٠٠٤ کرا بە زمانی فرەنسی، لێ ناونیشانێکی تری هەبوو (چەمکی ١١ سێپتەمبەر)، کە لەوانە بێت پێوەندیی بە حەزە زمانییەکانی دریداوە هەبێت.

وابزانم چاوپێکەوتنەکانی جیوفانا بورادوری، نووسەری سوری "خلدون النبواني" بەشێکی زۆری وەرگێڕاون بۆ زمانی عەرەبی، لەو باوەڕەشدام کە ئێستا بەتەواوەتی هەمووی وەرگێڕاوە. ئەمەش کارێکی زۆر باشی کردووە، چونکە ئەم کتێبە پێویستە بۆ زمانی "ضاد" وەربگێڕێت. ئەم کتێبە باشترین کتێبە لەسەر ڕووداوەکانی ١١ سێپتەمبەر نووسرابێت.

وابزانم هابەرماس زۆر دڵگران نییە لەوەی، کە بۆش گالبانی لە ناوبرد و ڕێژیمەکەی رووخاندو یەکێکی نوێیان لە جێگەی دانا، هەرچەندە حەزی بە سەرۆکی ڕاسترۆی ئەمەریکایی نییە، پێی وایە زیاد لە پێویست سەرمایەدارییە. بەدڵنیاییەوە ئەو بیل کلینتۆنێکی لیبراڵیی مێشککراوەی

بەدڵ بوو. دیارە هۆکاری ئەم پشتگیریکردنەش دەگەڕێتەوە بۆ سەپاندنی یاسایەکی کۆنەپەرست و تاریکی، کە نەک تەنیا ژنانی دەچەوساندەوە، بگرە هەموو گەلی ئەفغانی دەچەوساندەوە، هەروەها بەهۆی رەفزکردنی تەسلیمکردنەوەی بن لادن.

لێ وێنە جەرگبڕەکانی ئەم شەڕە، دڵی هەموو کەسێک دەهەژێنێت، لەمبارەیەوە هابەرماس دەڵێت:

"ئەو وێنە جەرگبڕانە، شەڕی ساڵی ١٦١٨ تا ١٦٤٨م بیر دەهێنێتەوە. کە شەڕێکی مەزهەبی بوو لەنێوان کاتۆلیک و پرۆتستانت. ئەم شەڕە هەموو وڵاتی گرتەوە و، کاولکاری و ماڵوێرانییەکی زۆری تێدا ڕوو دا."

کەواتە هابەرماس پشتگیری شەڕ لە دژی قاعیدە و تالیبان دەکات، هەرچەندە زۆر بۆ قوربانییەکانی جەنگ، هاووڵاتییە سیڤیلە ئەفغانییەکان دڵگران دەبێت. کە ئەمەش بە لای ئەمەریکاییەکانەوە بە (زەرەری لاوەکیی ئیجباری) وەسفی دەکەن. هەمان شتیش لەبارەی عێراقەوە دەڵێن.

بەڵام لە هەمان کاتیشدا هابەرماس دژی گلۆبالیزمی سەرمایەداری ڕۆئاواییی ئەمەریکاییە، بەتایبەتی چونکە ئەم پرۆسەیە قازانجی باشی بۆ رۆئاوا هەیە و بەشێوەیەکی گشتیش هیچ سوودێکی بۆ گێتیی عەرەبی و ئیسلامی نییە. لەلایەکی تریشەوە ئەوان دروشمی مافی مرۆڤیان تەنیا وەکو ئامرازێک بەکاری دەهێنن، بۆ ئەوەی بە ئازادانە شمەک و کاڵاکانی خۆیان لە تەواوی جیهاندا بفرۆشن. ئەوەی ئامادە نییە ملکەچی بڕیارەکانی ئەوان بێت، ئەوا بە پێشێلکاریی مافی مرۆڤ ناوی دەبەن و ئابڕووی دەبەن، هەتاوەکو دەترسێت و پاشگەز دەبێتەوە و ملکەچی داواکارییەکانی ئەوان دەبێت.

هەروەها گلۆبالیزم توانی شێوازی تەقلیدیی ژیان لە گێتیی عەرەبیدا لەناوبەرێت، بەبێ ئەوەی هیچ شتێک جێگەی ئەو شێوازە تەقلیدییە بگرێتەوە. هەر بۆیە تەقینەوەی ئوسوڵی، وەکو کاردانەوەیەکی توند وابوو لە بەرامبەر گلۆبالیزم. لەبەر ئەوە بوونی گلۆبالیزمێکی دڕندانەوە و کە بووەتە هۆی دروستبوونی ناعەدالەتییەکی گەورە لە جیهاندا، کە وای کردووە هێڵێکی جیاوازی گەورە لە نێوان دەوڵەتانی ڕۆئاوایی و دەوڵەتە هەژار و تازەپێگەیشتووەکانی تر دروست بکات. هەر ئەمەش وای کردووە، کە دیاردەی ئوسوڵیی تیرۆریستی دروست بێت.

لەلایەکی ترەوە گێتیی عەرەبی هەست بە ئیهانە و زەلیلی دەکات، لە ئەنجامی ئەو حاڵەتەی کە وای کردووە عەرەب بۆ ماوەی چەندین سەدەیە، خاوەنی هیچ جۆرە دەسپێشخەرییەکی مێژوویی نەبن. هەروەها بەهۆی پێشکەوتنی ڕۆئاوا بەسەر گێتیی عەرەبدا لە بوارەکانی (زانستی، پیشەسازی، کولتووری، تەکنەلۆجی، شارستانییەوە).

لەلایەکی تریشەوە ئەوەی کە بە ڕوونی دیارە، کە رۆئاوا تا سنووریکی ترسناک، زۆر بێ مۆڕاڵن. بە واتایەکی تر، ئەمــان هـیچ گـوێ بە ئازار و مــەینەتەکـانی خــەڵکی تر نادەن و تەنیــا بیــر لە بەرژەوەندیی تایبەتی و ئینتیهازیی خۆیان دەکەنەوە.

لەبەر ئەوە گەر رۆئاوا نەتوانێت سیاسەت و خۆپەرستی و چاوچنۆکیی خۆی بگۆڕێت، ناتوانێت ئیدیعای ئەوە بکات، کە ئەو هێزێکی شارستانیی مەزنی جیهانە، هەڵگری پەیامێکی ئینسانییە بۆ بەشــەرییەت. لێـرەدا دەتوانین خــەوشی گــەورەی شارســتانیی رۆئـاواییمــان بۆ دەربکەوێت. ئەمـە دەڵێین لە کاتێکدا زۆر باش دەزانم کە تا چەندە ئەم شـارسـتـانییە جوانە و خـاوەنی مـاگنێـتێکی گەورەیە، کە دەتوانێت رۆشنبیرێکی زۆر لە جیهاندا بۆ خۆی ڕابکێشێت.

پرسـیارە گـەمژەییـیـەکەی بۆش کە بە مـاوەیەکی کـەم پاش ١١ سـێپـتـەمبـەر کردی: بۆچی ڕقیـان لێمانە؟. کە زۆر بێ مانا بوو.

گەر سنووریک بۆ وەحشیەتی سەرمایەداری دانەنرێت، کە گوێ بەهیچ سنوور و بەهایەک نادات، ناتوانین باسی شارســتـانیی رۆئاوایی بکـەین. دیارە راسـتە ئـەم شـارسـتـانیـیـە زۆر مـەزنە لە رووی تەکنەلۆجییەوە، لێ کورتەباڵایە لە ڕووی ئینسـانی و ئەخلاقییـەوە. دیارە کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی کە لە ئەنجامی گلۆبـالیزمی سـەرمایـەدارییەوە دروست بوون، دەبێتـە هۆی هـەژاربوونی ناوچەیەکی زۆر، بگرە دەتوانم بڵێم دەبێتە هۆی هەژاربوونی چەند کیشوەرێک بەتەواوەتی.

ئا لێرەدا هابەرمـاس و دریدا لەگەڵ رووناکبیری سویسرایـی " ژان زیگلەر " یەک دەگرن، زیگلەر ئەمـەریکای بە " ئیمـپراتۆریەتی شـەرمـەزاری " وەسف کـرد، دیارە پێش ئەوەی ئابڕووچوونەکەی بانکەکان دەربکەوێت، کە بوو بەهۆی ئەوەی جیهان تووشی تەنگژەیەکی گەورە بکات، کەهەتاوەکو ئێستاش پێوەی دەناڵێنێت.

کەواتە ناتوانین تەنیا لۆمەی ئوسوڵیەتی ئیسلامی بکەین.بەدڵنیاییـەوە ئەم ئوسوڵییە تاریکییە دەبەنگە، گـەر شـێـوەی قـاعیـدە و تاڵیبـان لە خۆی بگرێت، ئەوا ئەمـانە بەرگری لە دژی هێـرشی مـۆدێرنە دەکـەن، کە هـەمـوو کۆمـەڵگە ئیسـلامیـیـەکانی لە ڕێگەی گلۆبـالیـزمـەوە گرتووەتەوە. هـەر لێـرەوەش بۆمـان دەردەکـەوێت، کـە بۆچی ئوسـوڵییـەکـان هێندە کـاردانەوەیەکی ئێـجگار توند و شێـتـانەیان بەرامبـەر گلۆبالیـزم هەیە. دیارە ئەوان باش دەزانن کـە مـۆدێرنـە، جیـهـانی کۆنیـان ڕیشـەکێش دەکات، ئەو جیـهـانـەی کە ئولفـەتیـان پێـوە گرتووە، ئێسـتـا لەبنەوە هەڵدەکێشرێت و جیهانێکی نوێ جێگەی دەگرێتەوە. کە ئەمەش تەنیا مانای مەرگی ئەوان دەگەیەنێت.

لە دیدی ئەوانـەوە گلۆبالیـزم مـانای مـەرگی ئیـمـان دێت، مـەرگی جیـهـانی پاکیـزەیی و نەقاء و بڵاوبوونـەوەی کوفـر و بەرەڵاییی ژنان و سـێکس و جـێگرتنـەوەی جیـهـانی رۆئـاوایی لە جـیـاتیی جیــهـانی رۆهـەڵاتی. ئەمــەش مــانای ئەوەیە کــە ئوســوڵییــەت بە پلەیەکی زۆر " دەترسـێت نەک ترسناکە."

ئەمان لەوە دەترسن کە ئیسلامیش وەکو مەسیحیەتی ئەوروپایی بەسەر بێت و پەراوێز بخرێت، کاتێک لاهوتی مەسیحی لە سیاسەت جیا کرایەوە و دین بوو بە تەنیا شتێکی شەخسی و هۆشیارییەکی تایبەتی و نەبوویە ئیلتیزامی شەخسی بۆ هاوولاتییان.

چیی تر دین نەبووە مەرجەعی هەموو سیستەمێکی کۆمەلایەتی و سیاسی لە ولاتە رۆئاواییە پێشکەوتووەکان، لە کاتێکدا لەلای ئێمە هەر ئەو رۆلەی ماوە. کاتێک فرەنسییەک چاوی بە فرەنسییەکی تر دەکەوێت، لەبارەی ئاین و مەزهەب و عەقیدەیەوە پرسیاری لێ ناکات. ئەم شتە (واتە دین و مەزهەب) بووەتە شتێکی لاوەکی بۆی، لە کاتێکدا پێش دوو سەدە یان سەدەیەک، ئەمە پرسێکی گرینگ بوو لای فرەنسییەکان.

هەر لەبەر ئەوەشە، پیاوانی ئاینیی موسلمان نایانەوێت هەژموونی خۆیان بدۆڕێنن، هەروەک چۆن قەشە مەسیحییەکان لە ئەوروپادا، پاش بەرەنگاریبوونەوەیەکی زۆر لە بەرامبەر مۆدێرنیتە و، ناچار هەموو دەسەلاتێکی خۆیان دۆڕاند.

ئەمەش بووەتە ترسێکی گەورە بۆ بن لادن و خومەینی و قەرزاوی و شێخە سووننی و شیعەکان و، هەموو بزاڤە ئوسولییەکان، چونکە لە مەرگی خۆیان دەترسێن. هەر بۆیە ئوسولییەکان کاردانەوەییەکی ئێجگار شێتانەیان بەرامبەر مۆدێرنیتەی رۆئاوایی هەیە و، دەیانەوێت هەموو سیمبۆلەکانی لە ناوەوە و دەرەوە برووخێنن. لێ ئەمە شەڕێکی دۆنکیشۆتانەی دۆڕاوە، چونکە بلدۆزەری مۆدێرنیتە و پێشکەوتن، هەموو شتێک لە بەردەمیدا پان دەکاتەوە.

لێرەدا ساتێک ڕادەوەستم بۆ ئەوەی وەلامی رەخنەکانی (نادر قريط و قبله كرم الحلو) بدەمەوە، کە لەبارەی کتێبەکەمەوە (عن الانسداد التاريخي) لێیان گرتبووم. ئەمان هەردووکیان لەو باوەڕەدان کە من بێ مەرج و بێ سنوور شەیدای رۆئاوام و من تەنیا رەخنە لە ئوسولییەت و بیری تاریکیان دەگرم، وە هیچ ئاگام لە کارەساتەکانی عێراق و فەلەستین و ئیمپریالییەت و ئیسرائیل و کارەساتەکانی تر نییە.

بەلام ئەمە بەهیچ شێوەیەک راست نییە. من چەندین جار ئیدانەی سیاسەتی رۆئاوام لە بەرامبەر فەلەستین کردووە، ئەمەش لە رۆژنامەی (الشرق الاوسط) و سایتی (الاوان) بلاوم کردووەتەوە. هەروەها باسی کتێبەکەی (ژان زیگلەر و رۆجێ دوبرییە) کردووە، کە تێیدا ئیدانەی سیاسەتی رۆئاوا بەگشتی و ئەمەریکا بەتایبەتی کردووە.

لە ڕاستیدا بۆ ئەوەی شرۆڤەیەک تەواو بێت، پێویستە باسی هۆکارە ناوەخۆیی و دەرەکییەکان بکەیت. لێ زۆرجار ناتوانیت لە یەک وتاردا تەرکیز لە هەردوولا بکەیت، چونکە یەکسەر بەوە تۆمەتبار دەکرێیت، کە لایەنگری لایەکیان دەکەیت. هەروەها کەسیش بەیەکجار ناتوانێت هەموو ئەوەی کە دەینووسیت بیخوێنێتەوە، وە بەم شێوەیەش شرۆڤەکەت بۆ دیاردەکە نوقسان دەبێت.

هەروەها من هێندە بێ ئاگا نیم لە تاوانەکانی رۆئاوا و گەمەی قێزەونی گەلان، هەروەک نادر فریگ تۆمەتبارم دەکات. هەروەها ئاگام لە ئیمپراتۆریەتی شەرمەزاری و گلۆبالیزمی نائینسانییە، کە بووەتە هۆی برسیکردنی نیوەی جیهان، هەروەک ژان زیگلەر دەڵێت.

بەڵام بەڕێزان، مێژوو پڕیەتی لە هەجیانی قێزەون و لاشەی مردوو خوێن هەروەک هیگل لەبارەی مێژووەوە دەڵێت. من پشتم بەم فەلسەفەیە بەست، بۆ ئەوەی لە ڕووداوەکانی ئەفغانستان و عێراق و هەموو گێتیی ئیسلامی بگەم. ئەوروپا نەگەیشتە کەناری ئارام، هەتاوەکو باجێکی قورسی نەدا. شەڕەکانی ناپلیۆن هەموو گەنجانی فرەنسای لەناوبرد، بەشێوەیەک کە پیاوی لە فەرەنسا نەهێشت!. بەهەمان شێوە قوربانییەکی زۆر، لەلاکەی تری شەڕەکەی ئەوروپا کەوت.

بەڵام لە سەروو هەموو ئەمانەشەوە، ئەم شەڕە توانی نەمامی ئازادی لە ئەوروپادا بچێنێت. وە ئەم نەمامەش لەناونەچوو، پاش ئەوەی لە شەڕەکەی واترلۆ، سوپاکەی ناپلیۆن لەبەرامبەر سوپای مەلیکە کۆنەپەرستەکانی ئەوروپا شکا. بگرە بیری ئازادی ڕێگەی خۆی ڕووناککردەوە و، لە کۆتاییدا توانی عەرشی هەموو مەلیکەکانی ئەوروپا بڕووخێنێت.

ئەو فەوزایەی کە لە ئەنجامی سەرکێشە عەسکەرییەکانی ناپلیۆن دروست بوو، لە کۆتاییدا توانی سیستەمێکی مۆدێرن و دەوڵەتی یاسا و موئەسەسات دروست بکات. دواتر یاسا مەدەنییەکەی ناپلیۆن، بوو بە یاسای هەموو ئەوروپا و جێگەی شەریعەتی مەسیحی و یاسای ئیلاهی و کهنووتەکانی گرتەوە. دیارە راستە گەلانی ئەوروپایی باجێکی گەورەیان دا، لێ بەرەنجامی کۆتایی، شایستەی ئەم قوربانییانە بوو.

بەرەنجامەکەی ئەو شەڕانە، ئەم شارستانییەیە کە ئەمڕۆ لە وڵاتانی یەکەتیی ئەوروپا دەیبینین: بەهەشتی مۆدێرن لەسەر زەوی، یان دەتوانم بڵێم پۆست مۆدێرن. ئاخۆ ئێمە ئێرەییان پێ نابەین؟. ئاخۆ من ئاواتەخوازی ئەوە نیم، کە چاوم دابخەم، کاتێک کردمەوە، ببینم سووریا لە ڕووی پێشکەوتنی شارستانییەوە بووەتە وڵاتێکی وەکو بەلجیکا یان هۆڵەندا؟. لەبەرئەوە، ئەو کەسەی دەیەوێت بگاتە ئامانجێک، پێویستە نرخی ئەو کارەی بدات.

شارستانییەکان بەبێ بوونی لاشەی زۆر و گریان و کوشتن و بریندار بوون بەهەزاران کەس، هیچ وەختێک دروست نابێت. ئەمەش ئەو فەلەسەفە مێژووییە، کە من پشتی پێ دەبەستم، کە لە ڕێگەیەوە دەتوانم ئەو ڕووداوانە بخوێنمەوە، کە ئەمڕۆ لە گێتیی عەرەبیدا دەگوزەرێت.

ئێوە فەلسەفەیەکی لەمە باشترم بۆ بێنن، با من یەکسەر واز لەم فەلسەفەیە بهێنم. مێژوو بەگشتی لە کرۆکیدا تراجیدییە، یان بەلایەنی کەمەوە، تراجیدیا بەشێکی نەبڕاوە لێی. وە پێویستە لەم ڕاستییەش تێ بگەین.

ئەو قوربانییانانەی کە لە عێراق و فەلەستین و لبنان و جەزائیر، لە ماوەی ئەم دە ساڵەی دواییدا

کەوتن، وە ئەو قوربانییانانەی کە ئەمڕۆش لە گێتیی عەرەبی و ئیسلامی دەکەون، خوێنی ئەوان دەبێتە زەیتێک بۆ ئەو چرایەی، کە هەموو کونجێکمان ڕووناک دەکاتەوە و لەم تاریکییە ڕزگارمان دەکات، کە لەو باوەڕەدام هەر ڕۆژێک دێت و رزگارمان دەبێت لێی.

لەو کتێبەی کە پێشتر باسم کرد " فەلسەفە لە کاتی تیرۆردا "، دەبینین هابەرماس و دریدا، هەردووکیان تەرکیز لەسەر هەموو هۆکارەکان دەکەنەوە، کە دەبێتە هۆی تەقینەوەی تیرۆری ئوسوڵی بەم شێوە بەهێز و تینەوە. کە هۆکاری ناوەخۆیی و دەرەکی دەبنە هۆی دروستبوونی ئەم دیاردەیە. دیارە بەرپرسیارێتی تەنیا ناکەوێتە سەر هۆکارە دەرەکییەکان، هەروەک ئایدۆلۆژیای دیماگۆگی عەرەبی باو، پێی وایە. هەر بۆیە من ئیدانەی بێدەنگیی ڕۆشنبیرە عەرەبەکانم کرد، کە بەشێکی زۆریان باسی هۆکاری ناوەخۆیی ناکەن و تەرکیزیان تەنیا لەسەر هۆکارە دەرەکییەکانە. پێم وایە ئەمەش لادانە لە بێلایەنی و بابەتیبوونی تێفکرین بۆ ڕووداوەکان.

ئاخۆ ئەو هۆکارانە چی بوون، کە وایکرد دیاردەی ئوسوڵی پاش حەفتاکانی سەدەی پێشوو دروست بێت؟.

یەکەم: تێپەڕنەبوون بە قۆناغی ڕۆشنگەری بەنیسبەت گێتیی عەرەبی و ئیسلامییەوە، بە پێچەوانەی ئەوروپاوە. کەس ناتوانێت قەناعەتم پێ بکات، کە قاهیرە یان ریاز یان کراتشی یان ئیسلام ئاباد یان جەزائیر یان دیمەشق،،،، هتد میترۆپۆلێکی مۆدێرنە، وەکو پاریس و ڕۆما و نیویۆرک وبەرلین و لەندەن،،، هتد.

دووەم: قۆناغی کۆڵۆنیالیزم، کە ماوەیەکی زۆری سەدەی داهاتوو داگیری کردبووین.

سێیەم: هەژارییەکی ناشیرین، کە ئیهانەیەکی گەورەیە بۆ ئینسانییەتی ئینسان، کە بەشێکی زۆری دانیشتوانی ئەم ناوچەیە پێوەی دەناڵێنن.

چوارەم: بوونی کێشەی ئیسرائیل و دروستبوونی کابووسێکی ناخۆش کە وای کردووە بۆ ماوەی شەست ساڵە پێوەی دەناڵێنین، کە هیواداریـن کە نەمێنێت یان تۆزێک کەم بکرێتەوە، بۆ ئەوەی ڕۆشنگەری عەرەبی سەرلەنوێ دەست پێ بکاتەوە. من لێرەدا داوا دەکەم، کە شێوازەکە بگۆڕێت، شەڕەکە شێوازێکی شارستانی و سیاسی لەخۆ بگرێت و، چیی تر تەرکیز لە لایەنی عەسکەری نەبێت، هەروەک پێشتر پشتمان پێ دەبەست.

من هیچ باوەڕم بە حەسمی عەسکەری نییە، کە پێشتر چەندین جار ئەم ڕێگەیەمان پیادە کرد و هیچ ئەنجامێکی نەبوو. هەروەها ئێستاش زەمەن رەفزی ئەو شێوازە دەکات. ئەمڕۆ هەموو جیهان لەگەڵ بوونی ئیسرائیلە.

گەر هەموو جیهانیش لەسەر یەک شت ڕێک بکەون، گەر ئەو شتە زوڵم و ناڕەواش بێت، ئەوا هەر دەبێتە شتێکی بەرجەستەکراو و هیچ شتێکت لە دژی پێ ناکرێت. کەواتە داهاتوو بریتییە لە

کێبەرکێی شارستانی نێوان عەرەب و جوولەکە: یان ئەوەتا لە ڕووی زانستی و تەکنەلۆجی و ڕۆشنبیری و دیموکراسی و ئابووری و ڕادەی بژێوی، پێیان دەگەینەوە، یان ئەوەتا لە کێبەرکێی شارستانیدا فەشەل دەهێنین و بۆ ئەبەد کۆتاییمان پێ دێت.

گەر ئێمە بتوانین شارستانییەکی عەرەبی دروست بکەین، کە لە ڕۆهەڵاتەوە "مشرق" تا ڕۆئاوا "مغرب" بگرێتەوە، ئەوا ئیسرائیل خۆی لە خۆیدا دەپووکێتەوە و نامێنێت. وە ئەمەش هەڵوێستی منە، کە لێرەدا بە خێرایی باسم کرد.

بەداخەوە هابەرماس ناتوانێت بەشێوەیەکی ڕاست و دروست و عادیل، باسی کێشەی شەڕی عەرەب و ئیسرائیل بکات، ئەویش بەهۆی کۆمەڵکوژیی ئەڵمانەکان بۆ جوولەکە (هۆلۆکۆس)، وە لەبەرئەوەی ڕۆشنبیرێکی ئەڵمانیاییە. لێ دریدا دەتوانێت ڕەخنە لە ئیسرائیل بگرێت و ئیدانەی شەڕەنگێزی ئیسرائیل بەرانبەر فەلەستینەکان بکات، چونکە بۆ خۆی جوولەکەیە، بەپێچەوانەی هابەرماسەوە.

پێنجەم: فەشەلی دەسەڵاتدارانی نەتەوەیی، کە پاش سەربەخۆبوون لە داگیرکەر، دەسەڵاتیان گرتە دەست، نەیانتوانی پێشکەوتن و گەشەسەندن بکەن. کە ئەمەش بوو بەهۆی گەشەسەندنی ڕەوتی ئوسوڵی و دەرخستنی خۆیان وەکو ئەلتەرناتیڤێک بۆ ئەم دەسەڵاتانە. هەروەها بەهۆی نابووتبوونی ئایدۆلۆجیا نوێکان، کە مسداقیەتی خۆیان دۆڕاند. ئەمەش وای کرد کە ئاین جێگەیان بگرێتەوە و ببێتە عەقیدەیەکی توندوتۆڵ و ڕەگی خۆی لەناو هۆشیاریی خەڵکیدا بسەپێنێت و مسداقیەتی خۆی لەدەست نەدات.

لێرەدا خاڵێکی گرینگی تر هەیە، کە پێویستە باسی لێوە بکەین، ئەویش ئەوەیە:

ئەوەی کە ئەوروپا بۆ ماوەی سێ سەدە بینی و بەشێوەیەکی تەدریجی لەگەڵی ژیا و قۆناغ دوای قۆناغ بڕی، ئێستا گێتیی عەرەبی و ئیسلامی بەشێوەیەکی خێرا تێیدا دەژین و نوقم بوون تێیدا. هەروەها لێی داوا دەکرێت کە لە ماوەی بیست تا سی ساڵدا!، ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ بگرێت و کۆتا بە توندڕۆیی تایەفی و ملهووڕی سیاسی بهێنێت، کە ئەمەش کارێکی نەکردەیە.

پێویستە ڕۆئاوا لەو ڕاستییە تێ بگات و چیی تر مەرجی نابەجێ دانەنێت بەسەرماندا. گێتیی ئیسلامی ناتوانێت لە شەو و ڕۆژێکدا، لە هەڵوێستێکی تەقلیدی و ئوسوڵی و سەلەفی بۆ دین بگۆڕێت و هەڵوێستێکی مۆدێرن و عەقلانی بگرێتە بەر.

بەمانایەکی تر ئەو ناتوانێت واز لەو باوەڕەی بهێنێت، کە پێی وایە خاوەنی ڕاستیی ئیلاهی ڕەهایە و ئاینەکانی تر ڕاست نین. دیارە هەموو ئاینەکان هەروا بیر دەکەنەوە، تەنها ئیسلام نییە کەوا بیر دەکاتەوە. لێ مەسیحییەتی ڕۆئاوا وازی لەم وەهمە گەورەییە هێنا، ئەویش لەژێر پاڵەپەستۆی مۆدێرنیتەی زانستی و فەلسەفیی بەردەوام، کە لە سەدەی ١٦وە بەردەوام بوو

لەسەری. دیارە مەسیحیەتی ئەوروپایی هیچ کاتێک ئیمانی بە عەقیدە و ئاینی جیاواز نەبوو لە کۆمەڵگەدا، هەروەها ئیمانیشی بە عەلمانی و فەلسەفەی رۆشنگەری نەبوو، هەر بۆیە ماوەی چەندین سەدە بەرگرییەکی درِندانەی کرد، کە کتێبەکانی مێژوویان پڕ کرد. ئەو هەروا بەئاسانی و لەبەر پیاوچاکی نەبوو کە رازی بوو، بگرە پاش شەڕێکی ماڵوێرانی و نەزیفێکی ناوەخۆیی گەورە ئینجا قەناعەتیان کرد.

دیارە بەهەمان شێوەش زۆری ویست هەتا باوەڕیان بە تیۆری زانستی کرد. پاش ئەوەی بۆ ماوەی ١٥٠ ساڵ، داروینێکی داماویان، کردە کافر و لە عنەتییان لێ کرد و شڕیان کرد، ئینجا دانیان بە تیۆرییە زانستییەکەی هێنا.

بەڕێزان ئەمەیە مێژوو: هیچ کاتێک مێژوو پێش ناکەوێت، تەنیا لە ڕێگەی نکووڵیکردن و شەڕ و جەدەلێکی ناخۆش و هێنان و بردنەوە نەبێت. بەڵام لە کۆتاییدا هیچ شتێک ناخوات تەنیا ڕاستی نەبێت.

کەواتە برایان کێشەی ئاین مەسەلەیەکی ئاڵۆزە، بگرە ئاڵۆزترین و حەساسترین کێشەیە. ئەوەی پێویستە بیزانین ئەو حاڵەتە نەخۆشییە گەورەیەی کە ئەمڕۆ ئیسلام پێوەی دەناڵێنێت، بەهەمان شێوە مەسیحییەتیش ماوەیەکی زۆر لە سەدەی نۆزدە و نیوەی سەدەی بیستەم بەم نەخۆشییانەوە دەیناڵاند.

بەکورتی:

ئەو بزووتنەوە مێژووییەی کە هیگل خەونی پێوە دەبینی و بوو بەهۆی سەرکەوتن و بەرقەراربوونی حوکمی یاسا و ئازادی و عەقڵ لە ئەوروپادا. دڵنیام رۆژێکیش دێت، درەنگ یان زوو بێت، کە لە گێتیی عەرەبیشدا ئەم سەرکەوتنە دەبینین.

بەبڕوای من، فیکر هیچ مانایەکی نییە، گەر بەرەو ئەم ئاراستەیە نەڕوات و ڕێگەی رووناکی و ڕاستیمان پێشان نەدات.

---

* فرانسیس فۆکۆیاما، لە ٢٧ ئۆکتۆبەری ١٩٥٢ لە شیکاگۆ، لە ئەمەریکا لەدایک بووە. فەیلەسووفێکی ئەمەریکایی بەرەگەز ژاپۆنییە، لە کۆتایی ساڵانی هەشتا، پاش رووخانی دیواری بەرلین. کتێبێکی بەناوی "کۆتاییی مێژوو" نووسی. کە دەنگدانەوەیەکی گەورەی لە جیهاندا هەبوو. فۆکۆیاما پێی وابوو کە چیی تر هیچ سیستەمێکی تر جگە لە سیستەمی لیبراڵی، توانای سەرکەوتنی نییە لە جیهاندا و ئەم سیستەمە دەبێتە سیستەمی هەموو گەلانی جیهان.

سەرچاوە: هاشم صالح. من هیغل ونابلیون إلی هابرماس وبوش. سایتی الاوان.

# دارا حەمە سەعیدی لوتکە

ئاغالە

**لە کوردستان و عێراقدا لە هونەری پەیکەرسازیدا (دارا) لوتکەیە.**



لە ساڵانی حەفتاکانەوە تا ئێستا دارا حەمە سەعید لە گۆڕەپانەکەیە و هەر خۆی باشترین پەیکەر و میدالیای پێشکێش بە کوردستان کردووە لە دوای خۆشی شاگردەگانیەتی لەوانەش شەهید (ڕێبوار سەعید نوری و شوان کەمال)ن.

کاروانی مامۆستا دارا پڕیەتی لە کاری داهێنان و نوێخوازی لەسەر ئاستی عێراق و وڵاتانی دەوروبەر.

ئەو کەسێکی کارزان (پرۆڤیشنال)ە و، شارەزایە لە کاری میدالیا و دیواربەندی، لە ساڵی ١٩٨٠ دا لە نێوان سەدان پیکەرتاشی وڵاتی هونەری پەیکەروەری خەڵاتی میدالیای زێرینی وەرگرت لەو پێشبرکێیەدا. بەبڕوای من ئەگەر مامۆستا دارا لەسەر نەخشەی ژیانی ئەوروپا بمایەتەوە و لە کوردستان نەبوایە ئێستا خاوەنی دەیان خەڵات و کۆدی جیهانی دەبوو.

بەڵام لەو ساتەی ئەو گەڕاوەتەوە کوردستان لەناو کێشە و زەلکاوی مشتومڕی بێهودەیی دەژێت و حکومەتی هەرێمیش و دەسەڵات دەستی ناگرێ ژیان و کەشی بۆ ناسازێنێ. راستە مامۆستا خۆی نادابەدەستەوە سروشتی تایبەتی خۆی هەیە و بیروبۆچونی فەلسەفی خۆی هەیە. خۆ زۆرترین داهێنەر و بلیمەتەکانی دنیا ئایدۆلۆجیان جیاواز بووە لە کەسانی سەر کورسی و

سەرووی کورسی بەڵام تەنەکەیان بۆ هەڵنەدراوە، بەڵام لە دورەپەرێزی دەستێ دەستی گرتوون. هەندێ جار وا بیر دەکەمەوە ئەگەر لە هەرێمی کوردستان ناوچەی سیبریا هەبوایە، یان چیاکانی قەندیل گەریلاکانی پەکەکەی پێوە نەبوایە لە وانەبوو بکرایە شوێنی دورخستنەوەی چەندانی وەک مامۆستا دارا و....

بە بۆچوونی من ناوی کەسایەتی هونەری وەک دارا حەمەسەعید ناوی بەهێزترین کەسایەتی شێوەکارییە. ئەگەر ئەو کاری تەنیا جنێو رەخنەو تانەو گاڵتەجاڕی بێ ئەوا هەر بەسوود و خۆش و پێویستە بۆ ژیانی دیموکراسی و ئازادی و مانەوە لە گەڵ دەسەڵات نەک دورەپەرێزی دانیشتن لە چایخانە و شوێنی دیکە کە دوورە لە ژیانی هونەری، بەڵێ هەندێ جار ئەو شوێنانەش سەرچاوەی بەخشینی بیر و پرۆژەو زیندوبوونەوەیە.

ئەو رۆژەی کە کۆبووینەوە لە بەر خاتری شێوەکاری هاوڕێمان (هادی زیائەدین) لە ئەنجوومەنی وەزیرانی سلێمانی لە سەردەمی بەرهەم ساڵح بوو کە کاک هادی داوای کرد مامۆستاکەی (دارا) خۆی قسە بکات لەسەر بیر و دانانی پەیکەری شێخ مەحموود کە پەیکەرتاشی کورد نەمامەوە خۆی بەو پەیکەرە فێرنەکردبێ، کەچی سەرۆک وەزیران زۆر لە خۆبایانە وەک شارەزا لە هونەر و پەیکەر چووە، ناو بابەتەکە و مامۆستا دارا تازە دەمی کردبووە چوارەم قسەی دارای بڕی وتی (......) بەکورتی ئێمەیان بۆ کۆرس بردبوو، من لەبەر نازی کاک هادی ئامادەبووم مامۆستا داراش لەبەر نازی من هات بە نابەدڵی.

ئا ئەو کێشانە و ئەو ڕێز و ستایشانەیە لە مامۆستا دارا و من ئەو... دوکەڵ خنکێنکراوین.

وابزانم لە ساڵانی دوو هەزارەوە هیچ پرۆژەیەکیان نەداوە پێی تا کاریتێدا بکات. کەچی پرسە گورکەی پێدەکەن بۆ پشتڕاستی بیر و خەونەکانیان.

لە ئێستاشدا تەندروستی لەش و قەلبی باش نییە و، ئەو سینگی نەشتەرگەری بۆ کراوە و ئاسان نییە بگەڕێتەوە بەر هەویری قوڕ و قالبکاری.

مامۆستا دارا زۆر سەرکەوتووانە لە بەغداوە کاری کرد و بە ماندوبوون و شەونخونی خۆی، خۆی دروستکرد لە ئیتاڵیاش وەک کوردێکی عاشق بە هونەر کاری کرد و بە برسیەتی و بێکەسی خۆی دروستکرد.

تاوێک لە ساڵی ١٩٨٣ یەکەم پێشانگای لە هۆلی رواقی ئەوکاتەی بەغدا کردەوە.. ئەو پێشەنگایەی بووە بومەلەرزە و سەدا و دەنگێک کە تەکانێکی جیاواز و داهێنەرانەی دا بە مێژووی هونەری پەیکەرتاشی کە لە دوای جەواد سەلیم پەیکەری مۆنۆمینتی ئازادی عێراق لە پەیکەر سازێکی دیکە نەیکردبوو.. تا ئەوڕۆکە زۆررترین هونەرمەندانی بەغدا باسی شۆڕشی ئەو نمایشەی دارا حەمە سەعید دەکەن.. بە بۆ چوونی من تا ئێستا لە پەیکەر سازانی کورد دارا حەمە سەعید وشەی (مامۆ ستا)ی شایەنە دەبێ لە پێش ناوی خۆی بەکاربێ.

# فیگەر و گوزارشت

ڤیگەرەکانی سەریان دیارە دێشێت و هەندێکیشیان لەش و لاری پاڵەوانانەیان هەیە و برین و ئازاریان بە لەشەوە هەیە، وەکو مەسحین بۆ خاچ لێدان وەستاون و هەندێ جار لە عیسای مایکل ئەنجیلۆش دەچن لە سێدارە کرابنەوە.

فیگەری ژنەکان چەند روت و ئیرۆتیک خۆیان سوڕاندوە بەڵام لە بێوەژنی و بێ ماڵ دەچن و ئازار و ئازادی دایرزاندون. مانگا و شێر و ئەسپەکانیش هەر لە جووڵە و رووبەری زۆری کارەکانی ئەویان گرتووە. ئەسپەکانی ئەو لەسەر سەر دەڕۆن یا چوار پەلیان بەستاون سک و کەمەر و باڵیان لەت و کوت بووە. یەکتر برینی بەش بەشی فیگەرەکانی مامۆستا دارا ئەوەندە بە تەکنیکێکی بەرز دروستکراون وات لێدەکات بزانی بگرێت تا لە شێوازی ئەو کارانە قوڵبیتەوە ئەوە کاری هونەری رۆمای سەردەمی بارۆک و رکۆکۆیە یا کاری یۆنانی سەردەمی سۆفۆکلیسە بە شێری بریندارو مانگای هەڵواسراو زانیاریت پێدەدات تا سۆمەر و بابل کارۆخیەکانیش بناسیتەوە. بە راستی دارای دارا واتە دەوڵەمەند، دەوڵەمەندە بە بیر و خەیاڵ و فەلسەفی مێژوی هونەر.

شێوازی کار و تەکنیکی دارا حەمەسەعید وای کردووە شێوەکارانی کورد لاسیی بکەنەوە جا بەسەرکەوتن یا شکستهێنان.. چونکە کاریگەریەکەی ئەوەندە بەهێزە پەیکەرسازی کورد نییە لێ دەرباز بێ.

جگە لە شێوەکارانی خۆمان کاریگەری لەسەر عەرەبەکانیش هەیە بە تایبەتی لە کاری ریلف و میدالیا

لە کورد و عەرەبەکانیش کەس نەی توانی ئەو تیرە لەو بازنە رەشە بدا کە نیشانەبوو.

مامۆستا دارا ئێستا لە شاری سولێمانی دەژێت و بێناز ترین شێوەکاری کوردە ١٩٤٦لە سلێمانی لە دایک بووە.

١٩٦٩ کۆلیژی هونەرەجوانەکانی بەغدای بە پلەی یەکەم تەواو کردووە.

دبلۆمی باڵای وەرگرتووە لە رۆما و بڕوانامەی ماستەری لە میدالیا لە رۆما وەرگرتووە.

هەروەها خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە هەر لە پەیکەر لە رۆما.

ئێستا خانەنشینە.




ANNO INTERNAZIONALE DEL FANCIULLO 1979
DARA
























DARA





# شانۆی بووکەڵەی ئاو لە ڤێتنام

دانا ڕەئووف

لە ساڵی ١٩٧٥دا جەنگی ڤێتنام – ئەمەریکا و جەنگی ناوەخۆی ڤێتنامییەکان خۆشییان بەکۆتا هات. ڕووداوەکانی ئەو جەنگە خوێناوییە نابەرامبەرە هەموو جیهانی هەژاندبوو، خودی خۆم وەک خەونێکی دوور و کاڵ، هەندێ وێنەی تەمومژاوی و دەنگوباسەکانی ئەو جەنگەم لە یادە. لەو بڕوایەشدام کە لەو ڕۆژگارەدا ڕووداوەکانی ئەو جەنگە ڕووپەڕی ڕۆژنامە و کەناڵەکانی میدیا و دەنگوباسەکانی ئێمەی بە شێوەیەکی تەواوەتی نەگرتبێتەوە، بۆیە ڕووداوە وردەکانی ئەو جەنگە لە بیرەوەریی ئێمەدا نییە.

لە هەشتاکاندا و بەڕێککەوت و لە شاری بەغدا فیلمی ئەپوکالیبس Apokalyps، واتە (دنیا سەرەوژێربوون)م بینی. لە بنەڕەتدا فیلمەکە نزیکەی پێنج سەعاتە و باسی لاپەڕەیەک لە لاپەڕە خوێناوییەکانی جەنگی ڤێتنام دەکات. بێگومان لە سینەماکانی بەغدای پایەتەختی ئەو کاتدا، ئەو فیلمە بە پچڕپچڕی پێشان درا و هەمووی تەنیا سەعات و نیوێکی لێ مابووەوە، بەڵام کۆمەڵێک دیمەن و کارەکتەری فیلمەکە لە مێشک و بیرەوەریمدا مابوو بەتایبەتیش دیمەنەکانی سەرەتا و کۆتاییەکەی، ڕووبار، زەریاچە، دارستان و جەنگەڵێکی گەورە، کۆپتەرەکانیش وەک کوللە بە ئاسماندا دەسووڕێنەوە، لە چرکەساتێکی خێرا و چاوەڕواننەکراودا هێلیکۆپتەرەکان دارستانێکی گەورە بۆردمان دەکەن، هەموو دارستانەکە گڕ دەگرێ و پەردە سپییە گەورەکەی سینەماکەش دەبێتە دۆزەخ و ئاگرێکی گەورە. هەر لە چاوتروووکانێکی تردا، دیمەنەکە دەگوێزرێتەوە بۆ پانکەیەکی گەورەی بنمیچی ژووری میوانخانەیەک، دەنگی کۆپتەرەکان تێکەڵاو و مۆنتاج کرابوو لەگەڵ دەنگ و خولانەوەی پانکەی ژوورەکەدا. یان دیمەنەکانی کۆتاییی فیلمەکە کە هەر لە خەونێکی دێوەزمە و ترسناک دەچوو.

لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا و لە سوێد بۆ چەند جارێک ئەم فیلمەم بەتەواوەتی بینییەوە، بە هەمان شێوە کاری تێ کردم و بیرم لەوە دەکردەوە سەردانێکی ڤێتنام بکەم، بەڵام لە بریی ڤێتنام، بۆ ماوەی مانگێک سەردانی چینم کرد. زۆرم مەبەست بوو لە نزیکەوە لە هونەری ئۆپێرای

پەکین بکۆڵمــەوە، ئۆپێــرای پەکین لقــێکی دەوڵەمــەند و بە بەهای شــانۆی ڕۆهەڵاتە و زۆر لە شانۆکارانی جیهان، بەتایبەتیش شانۆکارانی ئەوروپای رۆئاوا سوودیان لێ وەرگرتووە، بەڵام ڤــێــتنام وەک چین و ژاپۆن و وڵاتانی تری ڕۆهەڵات، وڵاتی شــانۆ نیــیــە و هێندەی مـن بزانم داوونەریتێکی دێرینی شانۆییان نییە، لە بریی ئەوە ڤێتنامییەکان شێوازێکی شانۆییی تریان هەیە کە زۆر تایبەتە بە خۆیان و لە هیچ وڵاتێکی تری دنیادا وێنەی نییە، ئەو شانۆیەش بە شانۆی بووکەڵەی ئاو ئاماژەی بۆ دەکرێت[1]، بەڵام ڤێتنامییەکان لە بریی شانۆ، ئەدەبێکی دێرین و دەوڵەمەندیان هەیە و ڕەگ و ڕیشەی ئەو ئەدەبەش دەگەڕێتەوە بۆ چەندین سەدە لەمەوبەر[2].

## بەرایی گەشتێک

لە مانگی دوازدەی ساڵی ٢٠٠٥دا دەرفەتی سەردانێکی ڤێتنامم بۆ ڕەخسا و بۆ ماوەی مانگێک لەو وڵاتەدا مامەوە[3]. مەبەستیش لەم گەشتە سەردانی شانۆی ئاو و گەڕانێکی ورد بوو بەسەراپای ئەم وڵاتەدا. هەرچەندە ڤێتنام وڵاتێکی ئێجگار گەورەی یەکگرتووە، بەڵام جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان باکور و باشووری ئەو وڵاتەدا هەیە. باکور سەد دەر سەد کۆمۆنیستە و لەژێر سێبەری بیرەوەرییەکانی (هۆشیمین Ho Chi Minh 1969 - 1890)ی سەرکردەیاندا دەژین، باشووریش کۆمۆنیستە، بەڵام کۆمۆنیستێکی ناچارکراو کە زیاتر ئامێزیان بۆ ڕۆئاوا و ئەمەریکا گرتووەتەوە[4]. تارماییەکانی ڕابردووی جەنگیش لەم بەشە و بە تایبەتی لە شاری سایگۆن، پایەتەختی باشوور بە ئاشکرا دیارە[5]. هەر لەم شارەدا مۆزەخانەی تایبەت بە جەنگی ڤێتنام و ئەمەریکا، پاشماوەکانی چەکی ئاسایی و قورس، فڕۆکە، کۆشکی سەرۆکایەتیی باشووری ڤێتنامی جاران، تونێلەکانی ژێر زەوی و پەناگەکانی خۆحەشاردان، بەندیخانەکان و تەنانەت ژووری ئەشکەنجەدان و لەداردان و مل پەڕاندنیش کراونەتە شوێنی گشتی و ڕۆژانە هەزاران گەشتیار لە هەموو جیهانەوە ڕووی تێ دەکەن، بەڵام ئێمە گەشتەکەمان لە سایگۆنەوە دەست پێ نەکرد و بۆ بینینی ئەم شوێنانەش نەهاتووینەتە ڤێتنام، بگرە ئامانجی سەرەکیی ئێمە سەردانی شانۆکان و پێوەندی دروستکردن بوو بەجیهانی هونەری ئەم وڵاتەوە.

## باکوری ڤێتنام و شانۆی بووکەڵەی ئاو

شانۆی بووکەڵەی ئاو، وەک فۆرمێکی هونەری، ترادیشونێکی زۆر دێرینی ڤێتنامییەکانە و زیاتر لە باکوری ڤێتنام سەری هەڵداوە. لە شەستەکانیشەوە بەنێو باشووری ڤێتنام و هەموو جیهاندا بڵاو بووەتەوە. نەژادی ئەم هونەرە دێرینەش دەگەڕێتەوە بۆ گەمەی جووتیارەکانی ناو کێڵگە فراوانەکانی برنج: ئەو جووتیارانە لە کێڵگە ئاوییەکانی برنجدا کاریان کردووە و ئاوەکە بووەتە شانۆیەکی دینامیکی بۆیان، یان لە ڕوانگەی زریان و لافاوە گەورەکانی ئەم ناوچانەوە، شانۆی بووکەڵەی ئاو دروست بووە[6]. مێژووی ئەم شانۆیەش لە هەزار ساڵ زیاترە و خودی ناوەڕۆک، ستایل و فۆرمەکەش گوندنشینان خۆیان ئامادەیان کردووە. بۆ نموونە چیرۆکی میللی، ئاژەڵ و

باڵندە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا، هەندێک جار ئاژەڵ و باڵندەی ئەفسووناوی، یان ئەفسانەی خواستراو و چیرۆکی هەژدیهاکان بابەتی سەرەکیی نمایشە ئاوییەکانیان بووە. هەمیشەش ئەم نمایشانە لە رووبار، دەریاچە، کێڵگە بە ئاو داپۆشراوەکانیاندا نمایش کراوە[7]. بەڵام هونەرمەندەکانی ئەمڕۆ شانۆیەکی چوارگۆشەییی پڕ لە ئاو لە بریی ڕووبار و کێڵگە بەئاو داپۆشراوەکان بەکار دەهێنن. ئاوی شانۆکەش بە مەبەست لێڵە تا ئەو میکانیزمە بشارێتەوە کە بووکەڵەکان هەڵدەسووڕێنێ. ئاژەڵ، باڵندە و کارەکتەرە لە تەختە دروستکراوەکان (بووکەڵەکان) تا نزیکەی بیست سانتیمەتر لە ئاوەکەوە دێنە دەرەوە، یان لە ئاوەکەوە نزیکەی بیست سانتیمەترێک بەرز دەبنەوە و کێشی هەریەکەشیان پازدە تا بیست کیلۆیە. هەموو بووکەڵەکانیش، کە هەریەکەی ڕۆڵ و کارەکتەری تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بە ڕەنگی سەوز و زەردی بریقەدار ڕەنگ کراون، هەر یەکێک لەم بووکەڵانەش تەنیا سێ تا چوار مانگ بەکار دەهێنرێت، دوای ئەوە دەبێت سەرلەنوێ بووکەڵەیەکی تر لە بریی ئەوە دروست بکرێت[8].

یازدە ئەکتەر، یان هونەرمەندی بە سەلیقە کە بۆ ماوەی زیاتر لە سێ ساڵ لە قوتابخانەیەکی تایبەتیدا خوێندوویانە و خۆیان بۆ مەشقی تایبەتی ڕاهێنان و بەکارهێنانی ئەو بووکەڵانە ئامادە کردووە، لە هەموو نمایشێکدا بەشداری دەکەن. ئەکتەرەکان لە پشت چیغێکی لە قامیش دروستکراوی ڕەنگاوڕەنگەوە خۆیان حەشار داوە، هەندێ لە بووکەڵەکان بە داری زۆر درێژەوە قایم کراون، هەندێکی تریان بە بنەمایەکی بزۆزەوە، ئەم بنەمایەش بە دارێکی درێژەوە بەستراوەتەوە.

زۆربەی بووکەڵەکان سەر و جەستەیان بە ئاسانی دەجووڵێتەوە و لە تاریکییەکەشدا بینەران وا هەست دەکەن کە بووکەڵەکان بە ئاوەکەدا دەڕۆن. بێگومان بەکارهێنان و جووڵانەوەی بووکەڵەکانیش زانیاری و لێزانینێکی زۆری گەرەکە، بەپێی داوونەریتە کۆنەکانی ئەم هونەرەش، شانۆی بووکەڵەی ئاو وەک پیشەیەکی گرینگ بە نهێنی پارێزراوە و زیاتر لە باوکەوە بۆ کوڕەکانیان بەجێ ماوە. بە هیچ شێوەیەک ئەم نهێنییە فێری کچەکانیان ناکەن، لە ترسی ئەوەی کچ شوو دەکات و لە خێزانەکانیان دەچێتە دەرەوە، بەم چەشنەش ئەو نهێنییە لەگەڵ خۆیان دەبەنە دەرەوە. مۆسیقاکە لەلایەن ئۆرکێسترایەکی تایبەتمەندەوە پێشکێش دەکرێت، هێندەی خودی نمایشەکە گرینگە. مۆسیقا ڕۆڵێکی گرینگ و ئامادەییەکی هەمیشەیی و بەردەوامی لە ژیانی گەلی ڤێتنامدا هەیە[9].

لە شانۆی بووکەڵەی ئاودا، بە تەنیشت شانۆ ئاوەکەوە لەلای دەستە چەپ و بەرزاییەکەوە خودی ئۆرکێسترا و گۆرانیبێژ و ئەکتەرەکان دانیشتوون. ئامێرە مۆسیقا بەکارهێنراوەکانیش برێتین لە شمشاڵی لەدار دروستکراو، ئامێری تری هەوایی، تەپڵی بازنەیی، جۆرە سەکسیڤۆنێکی لە قامیش دروستکراوی تایبەتمەند و چەنگ (قیسارە)یەکی ڤێتنامی. نمایشەکان کۆمەڵێ کارەکتەر، کەسایەتیی میتۆلۆجی، ئاژەڵ و باڵندە لەخۆ دەگرێت و بەشێوەیەکی گشتی باسی ژیانی گوندنشینەکان دەکات، هەروەها بەرجەستەکردنی هەندێ کارەکتەری پاڵەوانئاساش نمایشەکان پێک دەهێنن. یەکێک لە دیمەنە دیارەکان باسی دەمەقاڵێ و شەڕی نێوان ماسیگرێک و ئەو

ماسییانە دەکات کە ڕاوی کردوون. دیمەنەکە زۆر کۆمیدییە و لە هەمان کاتدا هێندە ڕازاوە و بە سەلیقە ئامادە کراوە، هەروەک ئەوە وایە ماسیی ڕاستەقینەیان بەکار هێنابێ. هەروەها هەژدیهایەک دەردەکەوێت کە ئاگر لە دەمییەوە دێتە دەرەوە، یان کوڕێکی منداڵی شمشاڵژەن بەسواری کەرەکەیەوە غارغارێن بەناو ئاوەکەدا دەکات.

نمایشی بووکەڵەی ئاو چەندە پڕ لە چێژە، هێندەش ڕازاوە و جوانە. ئاوەکەش لە بریی تەختەی شانۆ، ئاستی دراماتیک و گەمە شانۆییەکە بەرز دەکاتەوە، بۆ نموونە بووکەڵەکان لە بنی ئاوەکەوە دێنە دەرەوە، یان کە لە پڕ ون دەبن وەک پرۆسەیەکی تەلیسماوی دێتە پێش چاو[10].

ئەو نمایشەی من لە شاری هەنۆی بینیم حەڤدە تابلۆی لەخۆ دەگرت، تابلۆکانیش وەک زنجیرەیەکی پێکەوە بەستراو یەکتری تەواو دەکەن، تێکڕای نمایشەکەش لەژێر ناوی پرۆژەیەکی مۆسیقیدا پێشکێش دەکرێت. تابلۆی یەکەم، لە دوو توێی گەمەیەکی هەڵپەڕکێ، گۆرانی و مۆسیقاوە ئالای فیستیڤاڵەکە هەڵدەگرێت، لە تابلۆی دووەمیشدا حیکایەتخوان سەرەتای ڕووداوەکان ئاشکرا دەکات. یەکەم ڕووداوەکانی تابلۆی سێیەم کە ناوی (سەمای هەژدیها)یە، چوار هەژدیها پێکەوە لە ئاوەکەدا سەما دەکەن، هەژدیها وەک سومبول و وەک ئەفسانە، بەها و ڕەنگە پیرۆز و جیاوازەکانی کولتووری گەلی ڤێتنامە و لەم نمایشەشدا سەماکەیان سەمای قووتاربوون و گەڕانەوەیە بۆ نەژاد و ڕەگە ڕەسەنەکانی خۆیان. تابلۆکانی تریش یەک لە دوای یەک بەم شێوەیە بوون: چیرۆکی بزنەکێوی و جووتیارەکان، گرتنی بۆقەکان، قاز و مراوی و ئاژەڵی ئاوی و هەروەها جۆرەکانی ماسی. ئاهەنگی دروێنەی دەغڵ و دان، گەڕانەوە بۆ شوێن نزرگە و زێدی لەدایکبوون دوای تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ. سەمای شێر و سەمای باڵندە. گەشتی (لێ لۆ)ی پادشا بە بەلەم: لێرەوە چیرۆکی گەڕانەوەی شمشێر وەک داستانێکی دێرین بەهایەکی گرینگ لە شانۆنامەکەدا لەخۆ دەگرێت، لەم دیمەنەدا چیرۆکی سەرکەوتنە مەزنەکانی (لێ لۆ)ی پادشا بەسەر داگیرکەرانیدا دەگێڕنەوە. لە بەرەنجامەکانی ئەم بەسەرهاتەدا (مینگ)ی پاڵەوان شمشێرە ئەفسووناوییەکە دەبەخشێت بە کیسەڵە گەورە و زەبەلاحەکە، کیسەڵ لێرەدا هێمای ژیری و ژیانێکی ناکۆتا و هەتاهەتا و نەمرییە.

دوای ئەم دیمەنانە، نمایشەکە وەرچەرخانێکی گەورەی بەسەردا دێت و زیاتر ڕووبەڕووی واقیعی ژیانی ڕۆژانە دەبێتەوە، بۆ نموونە منداڵان لە دەریاکاندا گەمە دەکەن، پێشبڕکێی بەلەم، گەمەی تۆپ، سەمای جادووگەرەکان و لە بەرەنجامیشدا ئاهەنگ و سەماکردن بۆ چوار ئاژەڵە پیرۆزەکە.

## ئۆپێرا لە هەنۆی

گۆرانی ڕۆڵێکی گەورە لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ڤێتنامدا دەگێڕێ، زۆرجار گۆرانی دەبێتە کۆدی قسەکردن و ئامرازێکی گرینگی پێوەندی و گوزارشتئامێز. ئەم کولتوورەش زۆر دێرینە و دەگەڕێتەوە بۆ چەندین سەدە. بێگومان شێوازەکانی گۆرانیش ئۆپێرا نییە، بەهەمان شێوە

ئۆپێراش هەموو شێوازەکانی گۆرانی لەخۆ ناگرێت و لەم دە ساڵەی دواییشدا هونەری گۆرانی و ئۆپێرای ئەوروپاییش، وەک کاردانەوەیەکی سیستەمی نوێی جیهان و گلۆبالیزم، لەناو گۆرانی و مۆسیقای ڤێتنامیدا بڵاو بووەتەوە و کاریشی تێکردووە.

له شاری هەنۆی پایەتەخت خانووبەرەیەکی گەورەی کۆشک ئاسا بۆ هونەری ئۆپێرا بنیات نراوە. ئەم کۆشکە لە ساڵی ١٩١١دا دروست کراوە و جێگەی نۆسەد کەسی تێدا دەبێتەوە. ئەوەی جێگەی ئاماژە پێکردنە ئەوەیە کە لە یەکێک لە بانێژە گەورەکانی ئەم خانووبەرەیەدا کە دەڕوانێ بەسەر ناوەند و شەقامە گەورە و سەرەکییەکەی شاری هەنۆیدا و لە ڕۆژی ١٦ی مانگی ئابی ١٩٤٥دا بانگەشەی سەربەخۆیی و گەڕانەوەی شاری هەنۆی بۆ باوەشی ڤێتنام کراوە. ناوی ئەم کۆشکەی ئۆپێرا و بە زمانی ڤێتنامی (نەهات لۆن) Nha Hat Lonە، گەر ماناکەشی دەقاودەق بکەینە کوردی دەبێتە (خانووی گۆرانیی گەورە)[11]. ئێستا لەم خانووی گۆرانییەدا کۆنسێرتی مۆسیقای کلاسیکیی ئەوروپایی، مۆسیقای میللی و کلاسیکیی ڤێتنامی. کۆنسێرتی مۆسیقای ڕۆک، شانۆنامە، شانۆی ئاهەنگئامێز و سەمای تێدا پێشکێش دەکرێت. هەروەها گرووپە میوانەکانی وڵاتی ڤێتنامیش هەر لەم شانۆیەدا بەرهەمەکانیان پێشکێش دەکەن.

## هەوێی شاری سیزەرەکان

هەوێی شارێکی گەشتوگوزارە، شارێکی گەورەیە و ناوچەیەکی کولتووری دەوڵەمەندە. ئەم شارە لە نێوان ساڵانی ١٨٠٢ تا ١٩٤٥ پایەتەختی سیاسیی ڤێتنام بووە، لەم ماوەیەشدا سێزدە سیزەر لە بنەماڵەی Mguyen حوکمڕانییان کردووە. هەروەها ئەم شارە لەمێژە سەنتەرێکی بەبەهای ڤێتنامییەکان بووە بۆ کولتوور، ئاین و خوێندن[12].



ئەمڕۆ گۆڕی سیزەرەکان لەم شارەدا بایەخێکی ئێجگار گەورەی هەیە و ساڵانە لە شارەکانی تری ڤیێتنام و وڵاتانی دنیاوە هەزاران کەس ڕووی تێ دەکەن. لە ساڵی ١٩٩٢ەوە ئەم شارە لەلایەن ئۆرگانی یۆنسکۆوە وەک شارێکی کولتووری جیهانی ناوزەد کراوە. لەم شارەدا ناوچەیەکی گەورە لە بەشی لای چەپی ڕووباری بۆنخۆش بەناوی (سیتا دێلت)ەوە هەیە، ئەم ناوچەیە نزیکەی دە کیلۆمەتر درێژە و لە ساڵی ١٨٠٤دا دروست کراوە. لەم ناوچەیەدا گەلێک پاشماوەی دێرینی بەنرخ لە کۆشک، باخ و باخات، جۆگە و ڕووبار، بازاڕ و شانۆ پارێزراوە و دیوارێکی گەورەی شوورا ئاسا بەچواردەوریدا دروست کراوە، هەروەها چەندین مۆزەخانەی جۆرەوجۆریش لەخۆ دەگرێت. خودی شووراکە جۆرە شوورایەکی بەرگری بووە و تا ئێستاش هەندێ تاوەری سەربازی و چاودێری وەک خۆیان ماونەتەوە. لەم ناوچەیەدا چۆنیەتیی بنیاتنان و ئەندازەی خانووبەرەی ڕۆهەڵات و ڕۆئاوا بەکار هاتووە و زۆر بە شێوەیەکی سەرنج ڕاکێشیش تێکەڵاو کراوە. ئەم شارە زۆر دەوڵەمەندە بە پاشماوە کۆنەکانی، من بەشبەحاڵی خۆم گۆڕی قەیسەرەکان بە تەواوەتی سەرسامی کردم. لە ناوچەی جۆرەوجۆردا پادشا و قەیسەرەکان بەخاک سپێردراون، شوێنی گۆڕەکانیان کۆشکی باڵا و باخچەی ڕازاوە و ڕووباری سازگارە.

## گۆڕی سیزەرەکان

گۆڕە پادشایەتییەکانی خێزانی نیگیوێن Nyguyen لە ناوچەیەکی حەوت کیلۆمەتریدا بڵاو بوونەتەوە و گۆڕی پادشاکان و بنەماڵەی پادشایەتی نیگیوێن لە نێوانی ساڵەکانی ١٨٠٢–١٩٤٥دا لەخۆ دەگرێت. ئەم ناوچە بەرفراوانە لە کاتی جەنگەکانی ناوەخۆ، پەلامارەکانی فەرەنسییەکان و تەنانەت لە کاتی جەنگی ئەمەریکاشدا بەدوور بووە لە هەموو جۆرە تاڵانی و بۆردمان و کاولکارییەوە. گۆری مین مانگ Minh Mang یەکێکە لە بەرزترین هونەرەکانی خانووبەرەی ڤیێتنامی و ئەفسوونێکی گەورە و جادووئامێز لەخۆ دەگرێت، هەروەها گۆڕەکانی تو دێو و کایدین Tu Duc, Khai Dinh ئاماژەیەکی ئاشکرای پووکانەوە و لاوازبوونی دەسەڵاتی پادشایەتیی خێزانی نیگیوێنە. کۆمەڵێ تووڵەڕێی باریک بەنێو کێڵگەی برنج، شەکر، باخ و باخات و هەندێ جار دارستانی چڕ و ڕووباری گەورەدا بەرەو دەروازەی گۆڕەکانت دەبات. (ئێمە بە ڕێنوێنیی ڕێ پێشاندەرەکانمان بە بەلەم، ماتۆڕ و پێی خۆمان دەگەیاندە گۆڕەکان.)

گۆڕەکان وەک کۆشکی گەورە دروست کراون، پەرستگە، شوورای بەرین، نەخش و نیگاری زۆر ورد و جوان و چەندین ژووری پاسەوان و سەرلەشکرەکان لەخۆ دەگرێت. هەروەها دارستانی گەورە لە دۆڵەکانی نزیک ڕێگەکانەوە بەرز بوونەتەوە و شوورا و پەرژینێکی سەوز و سروشتییان بەچواردەوری ئەو ڕووبەرە بەرینەی گۆڕەکاندا دروست کردووە. ڕووباری شینی ئاسمانی لە هەموو لایەکەوە چواردەوری گۆڕەکانی داوە. لە دوورەوە وا مەزندە دەکرێت کە گۆڕەکان لەسەر ڕووبەری ئاو و ترۆپکی دارسنەوبەرەکان و بەرزاییی ئاسمانێکی بەریندا دروست کراون. ئەوەی جێگەی ئاماژە و سەرسوڕمانیشە، هەموو گۆڕەکان و زۆر بەوردی لەلایەن بنەماڵەی ئەو پادشایانە

و لە کاتی ترۆپکی دەسەڵاتدا، کە لە ژیاندا بوون نەخشەیان بۆ کێشراوە و شوێنی تایبەتییان بۆ تەرخان کردووە. لە دەروازەی زۆربەی گۆڕەکانیشدا پەیکەری لەشکر و سەرباز و پاسەوان، بۆ پاراستن و پارێزگاریی گۆڕەکان دروست کراون، ئەم پەیکەرانە هێمای دەسەڵات و گەورەیی و بەردەوامیی ئەو خێزان و پادشایانە بوون و لە هەمان کاتدا ئاماژەیەک بوون بۆ نەمریی هێزی دەسەڵاتی خواوەندی پادشاکان.

## شانۆی شاهانە

ئەم پادشایانە گرینگییەکی زۆریشیان بە هونەر داوە و لە پاڵ دروستکردنی کۆشک و تەلاری گۆڕەکانیاندا، چەندین شانۆشیان دروست کردووە. یەکێک لە گرینگترین و گەورەترین شانۆکانیش شانۆی شاهانەیە و لە هەزار و هەشت سەدەکاندا مەڵبەندێکی گرینگی کات بەسەربردن و چێژوەرگرتنی بنەماڵەی نیگیوێن بووە. ئەم شانۆیە و لە شاری هەوێ دەکەوێتە ناوچەی سیتادێلت و شانۆیەکی زۆر کۆنە و سەرچاوەکان ئاماژەی ئەوە دەکەن کە لە ساڵی ١٨٢٦دا دروست کراوە و زیاتر ئۆپێرای کلاسیکیی تێدا پێشکەش کراوە، بەڵام دواتر شانۆنامەی مۆسیقی و بووکەڵە و سەمائامێزیشی تێدا نمایش کراوە.

ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە هەموو خانووبەرەی شانۆکە لە دار دروست کراوە و هیچ جۆرە بزمارێکی تێدا بەکار نەهاتووە، بۆ پێکەوە بەستنەوە و قایمکردنی ئەم خانووبەرەیە، تەختەکان بە ڕێگەیەکی زۆر تایبەتمەند و سەلیقەیەکی بەرزەوە وەک هونەرێکی باڵا پێکەوە قایم کراون. دواتر لەبەر گرینگیی شانۆکە و بڵاوبوونەوەیەکی زیاتری هونەری مۆسیقا و بە بڕیارێکی شاهانە، شانۆکە کراوەتە کۆنسۆرڤاتور و مەڵبەندی پەیمانگە و ئەکادیمیای مۆسیقی.

ئەم شانۆیە لە نێوان ساڵانی ١٩٩٥ و ٢٠٠١دا نۆژەن کراوەتەوە و دەرگەکانی بۆ بینەران و گەشتیاران کراوەتەوە. زۆربەی ئێوارانیش نمایشی جۆرەوجۆر: قەرەقۆز، خەیاڵی سێبەر، شانۆی بووکەڵە، شانۆی ئاهەنگئامێز، شانۆی ترادیشونی ڤێتنامی و کۆنسێرتی مۆسیقیی تێدا پێشکێش دەکرێت. بەر لەوەی ئەم شارە بەجێ بێڵین نمایشێکی سەمائامێزی ڤێتنامیم لەسەر شانۆی شاهانە بینی، نەمایشەکە تێکەڵاوێک بوو لە گۆرانی، سەمای ئەکرۆبات، سەمای میللی و سیمایەکی کۆمیدی. لەم نمایشەدا هێندەی زمانی جەستە، هێما، بەکارهێنانی تەکنیکی شەڕ و پاڵەوانبازی، ئاماژە و بەکارهێنانی دەمامکی جۆراوجۆر، بایەخ و ڕۆڵی گەورە و دیاریکراوی هەبوو، هێندە وشە و دیالۆژ ئەو ڕۆڵەی نەبوو، بگرە زمان لە پەراوێزی هێما و ئاماژە وێنەییەکاندا بوون. جلوبەرگی میلیی ڤێتنامی بە ڕەنگە سوور و زەرد و سەوزە زەقەکانیەوە توخمێکی گرینگی پێکهاتەی هەموو نمایشە شانۆییەکانی ئەم وڵاتە پێکدەهێنێ.

ڕۆژی دواتر بە شەمەندەفەر بەرەو شارۆکەی (هۆی ئان) ڕۆیشتین، ئەم شارەش یەکێکە لە کۆنترین شارەکانی ئاسیای ناوەڕاست و مەڵبەندێکی گرینگی کولتووری جیاواز و ناوەندێکی دێرینی ئاین و شارستانیەتی کۆنی گەلانی ڤێتنامە[١٣].

## سەما لە کولتووری شامەکاندا

ڤێتنام ناوەندێکی گرینگ و بەناوبانگی شوێنەوارەکانی کولتووری شامەکانە Cham- Kulturen، شاری (می سۆن) My Son یش لە دێرزەمانەوە بووەتە ناوەندێکی رۆشنبیری و ئاینیی خەڵکی شامەکان. هەندێ لە بۆچوون و هەڵکۆڵینە ئەرکۆلۆجییەکانیش ئاماژەی ئەوە دەکەن کە تەنانەت پادشاکانیشیان لە دەوروبەری شاری هۆن ئان، ناوچەکانی می سۆن و چیا بەرزەکانی ئەم ناوچانە نێژراون. دەسەڵات و شارستانییەتی ئەم گەلە زۆر گەورە و بەربڵاو بووە، بۆ نموونە ئەمڕۆ پاشماوەکانیان لە وڵاتانی تریشدا زۆر بە ئاشکرا دەبینرێ، لەوانە کەمبۆدیا، میەمار، تایلاند، بۆرما و ناوچەکانی دەوروبەری جاوە و جاکارتا لە ئەندۆنیسیا[١٤].

پاشماوەکانی ئەم شارستانییەتە لە شارۆکەی هۆی ئانی ڤێتنامی دەکەوێتە نێوان کۆمەڵێ دۆڵ و گردی پشت زنجیرە چیایەکی بەرزەوە، ناوچەکە زۆر باراناوییە و هەر لەبەر ئەوەشە زنجیرە چیاکان، دۆڵ و دارستانە چڕەکانی چواردەوری هەمیشە سەوزن و زەویوزارەکەشی زۆر بەپیتە. پاشماوەی پەرستگەکانی ئەم گەلە لەپشت چیاکان و لەنێو کۆمەڵێ دۆڵی گەورەی یەک بەدوای یەکتردا بەرز بوونەتەوە. ناوچەی می سۆن ناوەندێکی ئاینی و کولتووریی گەورە بووە و لە کۆتاییی ساڵەکانی سێسەدەوە تا ساڵەکانی هەزار و دووسەد مەڵبەندی دەسەڵاتی Bhadravarmanی پادشا بووە و یەکەم پەرستگەکانیشیان هەر بۆ ئەم پادشایە دروست کردووە.

گەلی شام چەندین پەرستگەی گەورە و پیرۆزیان بۆ پادشاکانیان دروست کردووە، پادشاکان دەسەڵاتێکی خواوەندییان هەبووە و هەر بە تەنیا فەرمانڕەوا نەبوون، بگرە زۆر پیرۆز بوون و پلە و پایەیەکی مەزنیان هەبووە. ئەم گەلە لەو بڕوایەدا بوون کە پادشاکانیان پێوەندییەکی خواوەندییان هەبووە، ئەم پێوەندییەش لە کاریگەری (شیڤا) ی خواوەندا وەدەرکەوتووە، شامییەکان لەو بڕوایەدا بوون کە شیڤای خواوەند پاراستوونی. ناوی پادشاکەشیان وەک وشەیەکی لێکدراو ناوی شیڤای هەڵگرتووە: (Bhadr) ناوەکەی خۆی بووە و (esvara)ش مانای شیڤای خواوەند دەگەیەنێت.

پەرستگەکانیان زۆر گەورە، بەرز و بەربڵاو بووە و چەندین ڕیتواڵی ئاینی و کولتوورییان تێدا ئەنجام داوە، دیدەنیی پادشاکانیان تێدا کردووە و میحرابێکی پیرۆزی خواوەندەکانیشیان بووە، زۆربەی ئەم پەرستگەیانە هیچ پەنجەرەیەکی تێدا نییە، بەشێوەی تاوەر بەرز بوونەتەوە و جێگەی تایبەتی ئاگر و قوتیلەیان بۆ دروست کراوە[١٥]. من کە خۆم چوومە ناو یەکێک لەم پەرستگەیانەوە، ترسێکی گەورە دایگرتم، تاریکییەکی ئەنگوستەچاو، بێدەنگییەکی ڕەها و تەنیاییەکی ناکۆتا و تەلیسماوی پەلکێشی کردم بۆ جیهانێکی زۆر دوور و جیاوازتر لەوەی کە لە دەرەوە هەیە.

پەرستگەکان لە خشت، یان لە گڵ دروست کراون، بەڵام لێکۆڵەرەوان تا ئێستا نازانن چۆن و بە چ کەرەستەیەک، گەر خشتە چ خشتێک، گەر لە گڵیش دروست کراون چ گڵێک و لە کوێوە هێنراون. لە هەمووشی گرینگتر ئەوەیە تاکو ئێستا نازانرێ بە چ مادەیەک ئەو گڵ و بەردانەیان پێکەوە قایم کردووە[١٦].

یەکێک لە سیما و توخمە گرینگەکانی ڕیتواڵ و کولتووری ئەم شارستانییەتە دێرینە، سەمایە، سەما بنەما پیرۆز و ئاماژە دینی و دەروازە ڕۆحییەکانی ئەم گەلەی پێک هێناوە[17].

پێش نیوەڕۆیەکی باراناوی بە جێبێکی کۆنی ئەمەریکایی و بە توولەڕێگەکانی چیا و دۆڵەکانی ئەم ناوچە سەختەدا ڕۆیشتین، تا ئەو ئاستەی چیی تر ئۆتۆمۆبێل ڕێگەی دەرنەدەکرد. دوای ئەوە بەناو دارستان و ڕێگە باریکەکاندا بەرز دەبووینەوە، خل دەبووینەوە بۆ خوارەوە و بەبێ وچان و بۆ ماوەیەک ڕۆیشتین، تا گەیشتینە چەقی ناوچەی پەرستگەکانەوە. دوای پشوویەکی کورت سێ سەمازانی شامی، لەسەر شانۆیەکی ساکار سەمایەکی بێوێنەیان پێشکێش کردین.

خودی سەماکە دەگەڕێتەوە بۆ جۆرە جووڵەیەکی نهێنی: سەرەتا لە ڕووبەرێکی نەبینراودا جەستەی سەمازانەکان دەجووڵانەوە، نهێنیی ڕیتواڵێکی دینی، مۆسیقایەکی پڕ لە ڕیتم و ئاوازێکی زیاتر نزیک لە هیندی و ڕۆهەڵاتییەوە و گەمەی لەگەڵ ئەتمۆسفێرە شاراوەکەدا دەکرد. چەند گوێمان لە مۆسیقاکە ڕابگرتایە، هێندە زیاتر پەرۆشی ئاشکراکردنی نهێنییەکان و کردنەوەی کۆدەکان دەبووین. باران بەردەوام دەباری، دەنگی تنۆکە باران و مۆسیقاکە تێکەڵاوی جەستەی سەمازانەکان دەبوون، کە سەمازانەکانیش دەردەکەوتن، جووڵەی دەست و پەنجە هێندەی تر تەلیسمی نهێنییەکانی ئاڵۆزتر دەکرد[18].

سەماکە باسی عەشقی پادشا و بەخشندەیی خواوەند و پیرۆزیی بارانی دەکرد، باران هێمایەکی پیرۆزە و هەر بۆیە سەمازانەکان ئەو دەرفەتەیان قۆستەوە و بۆ تاوێک پەنجە و مەچەکی سەمازانیی خۆشیان خستە بەر بارانەکە و سەمای عەشق و جووتبوونیان لەژێر بارانەکەدا کرد. بەم شێوەیە ئێمەشیان ناچار کرد بچینە بەر بارانەکە و بەشداریی ڕیتواڵی خۆر و پەلکەزێڕینە بکەین، لەگەڵ نمەی باران خۆرێکی برووسکەئاسا لە دامێنی چیاکانەوە دەرکەوت و چێژێکی تایبەتمەندیی پێ بەخشین. سەماکە بە ڕیتواڵێکی نهێنی دەستی پێ کرد، بە ڕیتواڵێکی نهێنیش بەکۆتا هات، لە چاوترووکانێکدا سەمازانەکان بەهەمان شێوەی سەرەتا، لەنێو دەنگی مۆسیقا و ئاوازی باران و سیمای حەپەساوی ئێمەدا ون بوون. بە چەپڵەڕێزانی ئێمەی بینەرانیش نەهاتنە دەرەوە، کۆتایی وەک سەرەتا سەفەرێکی نهێنییە و پێویستە هەر کەسێک بۆ خۆی پەند و فەلسەفەی تایبەتمەندیی خۆی لەو گەشتە نهێنییەدا بدۆزێتەوە.

دوای تەواوبوونی سەماکەش باران بە تەواوەتی خۆشی کردەوە و پەلکەزێڕینەیەکی جوان، کەوانەئاسا و وەک دەمێکی پڕ لە خەندە ئاسمانی گرتەوە.

پەراوێزەکان:

١- هونەری شانۆ لە وڵاتی ڤێتنام، بە چەشنی شانۆی ڕۆهەڵاتی، مۆسیقا، گۆرانی، سەما، هونەری پانتۆمیم و دیالۆگ لەخۆ دەگرێت، ئەم هونەرانەش پێکەوە و وەک فۆرمێکی تایبەتمەند کۆ دەبێتەوە. شانۆی ڤێتنامیش لە بنەڕەتدا لە پێنج فۆرم و شێوازی جیاواز پێکهاتووە:

* شانۆی کلاسیکی: ڕەگ و ڕیشەی شانۆی کلاسیکی دەگەڕێتەوە بۆ چەندین سەدە لەمەوپێش و بەشێوەیەکی گشتی لە دوو لقی جیاواز پێک هاتووە، یەکەمیان پێی دەگوترێت (هات تیونگ) Hat Tu-

ong و زیاتر لە باکوری ڤیتنام بڵاوە، بەڵام (هات بۆی) Hat boi لە باشووری ڤیتنام بڵاوە. شانۆی کلاسیکیی ڤێتنامی لەسەر بنەماکانی ئۆپێرای پەکین بنیات نراوە، هەندێ لە سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەم فۆرمە کلاسیکییەی شانۆ، لەگەڵ پەلامار و داگیرکردنی مەنگۆلییەکانەوە هاتووەتە ڤێتنامەوە. شا (تران هۆنگ داو Tran Hung Dao لە ساڵەکانی ١٢٠٠ەکاندا سوپای مەنگۆلییەکان دەشکێنێ و دەتوانێت لە سنوورەکانی وڵاتی ڤێتنام بیانکاتە دەرەوە.) جووڵانەوە، بەکارهێنانی زمانی جەستە، گۆرانی و مۆسیقای شانۆنامەکانی هات تیونگ زۆر نزیکە لە شێوازەکانی شانۆی چینی بەگشتی و ئۆپێرای پەکین بەتایبەتی. ئەم شانۆیە ئۆرکێسترایەکی شەش کەسی لەخۆ دەگرێت، ئامێری جۆرەوجۆری تەپڵ، لایەنێکی گرینگ و ڕاستەوخۆی ئەم ئۆرکێسترایەیە.

زۆرجار بینەرانیش تەپڵێکیان هەیە و لە کاتی پێویستدا بەشداری ڕووداوەکانی نمایشەکە دەکەن. بەکارهێنانی تەپڵەکانی بینەران ناچێتە دوو توێی گرووپی ئۆرکێستراکەوە، بگرە خۆبەخۆ، یان بە بەشداری و ڕێنوێنیی ئۆرکێسراکە، ڕۆڵە دیاریکراوەکانی خۆیان دەبینن. کارەکتەرەکانی ئەم ئۆپێرا کلاسیکییە لە شانۆی ڤێتنامیدا زۆر دیاری کراوە و بینەران زۆر بەئاسانی ئەو کارەکتەرانە و سیمای ڕۆڵەکانیان دەناسنەوە. بێگومان ئەو کەسایەتییانە دەمامک و جلوبەرگی تایبەت و نەگۆڕی خۆشیان هەیە، ئەم فۆرمەش دەروازەیەکی تری ڕاستەوخۆی ناسینەوەی ئەو کەسایەتییانەیە. بۆ نموونە دەموچاوێکی سوور ڕەنگکراو، یان لە هەندێ هەڵوێستەی جیاوازدا، بەکارهێنانی دەمامکێکی سوور، هێمای ئازایەتی، لایەنگیری و وەفایە، کارەکتەری توندوتیژ و خۆفرۆشەکان زیاتر دەموچاویان دەمامکی سپی لەخۆ دەگرێت، خەڵکی گوندنشین و بیاوانەکان دەمامکی سەوز بەکار دەهێنن، بەپێچەوانەی خەڵکانی چیانشینەوە کە دەمامکی ڕەش دەپۆشن، برۆی ڕەش و ڕێک نیشانەی کەسایەتیی ڕێک و ڕاستە، برۆی بەرز و کەوانەییش هێمای بەزەبروزەنگە و برۆی نزمیش ئاماژەیە بۆ کەسایەتیی ترسنۆک و بێهێز. کارەکتەرێکی پیاو دەتوانێ گوزارشت لە زۆر هەست و سۆزی جۆرەوجۆر بکات، بۆ نموونە بیرکردنەوەیەکی قووڵ، دڵەڕاوکێ، تووڕەیی، شپرزەبوون، بێ ئارامی، تەنیا بەهۆی چۆنیەتیی بەکارهێنانی پەنجە و دەست هێنان بە ڕیش و سمێڵدا.

* شانۆی میللی: ئەم شانۆیەش بە ڤێتنامی پێی دەوترێت (هەت شیو) Hat Cheo و بڵاوترین شێوازە میللییەکانی شانۆیە و فۆرمێکی شانۆی مۆسیقی لەخۆ دەگرێت، ئەم شانۆیە بەشێوەیەکی گشتی لە گوند و هەرێمە چڕ و میللییەکاندا بڵاوە، زۆرجار لە بازاڕە گەورەکاندا نمایشەکانیان پێشکێش دەکرێت. بابەتە سەرەکییەکانی ئەم شانۆیە لە مەسەلە کۆمەڵایەتییەکاندا دەخولێتەوە و بە شێوازێکی ساتیر و گاڵتەئامێز ڕەخنە کۆمەڵایەتییەکان دەخاتە ڕوو. گۆرانی لایەنێکی گرینگی ئەم شانۆیەیە و وەک تەکنیکێکی تایبەتمەند ڕووداوەکان بەرەو پێشەوە دەبات. زمانی خەڵکی سادە و ژیانی ڕۆژانەی مامەڵە و ناو بازاڕ و گوندەکان، گەمە، نوکتە و گاڵتەئامێزی تایبەت بە ناوچە و هەرێمە جۆرەوجۆرەکان فەرهەنگ و دەستەواژە و زمانی ئەم نمایشانە پێک دەهێنن. ئاواز و میلۆدییەکانی ئەم نمایشانە کۆنن و دەگەڕێنەوە بۆ ڕەگ و ڕیشە میللییە دێرینەکانی کولتووری ڤێتنامی و زۆر دەوڵەمەندە بە ڕیتم و تۆنی جۆرەوجۆر.

* شانۆی مۆدێرن: (شای لیونگ) Cai Luong

ڕەگوڕیشەی ئەم شانۆیەش زۆر دێرین نییە و لە ناوچەکانی باشووری ڤێتنامدا بڵاوە و زیاتر لە

ساڵەکانی ١٩٢٠دا سەری هەڵداوە، شانۆی مۆدێرنی ڤێتنامی ڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەرییەکانی شانۆ و ستایلی شانۆی ڕۆئاوادا دروست بووە. لەم شانۆیەدا پیەسەکانی شانۆی ئەوروپایی لەلایەک و شانۆی ڤێتنامی، چینی و هەندێ لە وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست لەلایەکی ترەوە پێشکێش دەکەن. شێوازێکی شانۆیی تریش هەیە و زیاتر بە شانۆی قسە، یان گفتوگۆ ناوزەد کراوە (کیس نۆی)، نەژادی ئەم شانۆیەش دەگەڕێتەوە بۆ شانۆی ڕۆئاوا و شان بەشانی شانۆی مۆدێرنی ڤێتنامی لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا سەری هەڵداوە. ئەم شانۆیە ڕەواجێکی زۆری لەنێو قوتابیان و ڕۆشنبیراندا هەیە.

* شانۆی بووکەڵە و شانۆی بووکەڵەی ئاو

شێوازێکی زۆر تایبەتمەند و دانسقەی ڤێتنامە و ئەم شانۆیە لە هیچ شوێنێکی تری جیهاندا وێنەی نییە. شانۆی بووکەڵە ئاساییەکە بە (ڕۆی کان) Roi Can و شانۆی بووکەڵەی ئاویش بە (ڕۆی نیکۆ) Nuoc Roi ناسراون. ڕەگ و ڕیشەکانی ئەم دوو شانۆیەش دەگەڕێتەوە بۆ مێژوو و فۆرمە ترادیشونییە کۆنەکانی کولتووری ڤێتنامی.

٢- سەرەتاکانی ئەدەبێکی نووسراوی ڤێتنامی، لە هەردوو ڕووی ستایل و ناوەڕۆکەوە، کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی ئەدەبی چینی بە سەرەوەیە، ئەدەب و وێژەی ڤێتنامی بە ئەلفوبێی چینی نووسراوە. ئەدەبی ڤێتنامی سەرچاوە ڕاستەوخۆکانی لە بودیزمەوە وەرگرتووە و لەم ڕووەشەوە یاسا و بنەمایەکی توندوتیژی دینی، فۆرم و شێوازەکانی ئەو ئەدەبەی دروست کردووە. لە ساڵەکانی نۆسەدەکان بەدواوە، هێدی هێدی ئەدەبی ڤێتنامی زیاتر گەشە دەکات، لەژێر ڕکێف و کاریگەری ئەدەبی چینی دێتە دەرەوە و فۆرمێکی جیاوازی خۆی دەستەبەر دەکات، بەڵام لە سەدەی هەژدەدا دەگاتە ئاستە بەرز و دانپیانراوەکانی. گرینگترین شاکارە ئەدەبییەکانی ئەم قۆناخەش بریتین لە هەردوو ڕۆمانە شیعرییەکەی (گڵەیییەکانی ژنی سەربازەکە) و (کیم و کێوی) لە نووسینی (نیگیوان دیو) Nguyen Du . ئەم دوو شاکارەش هەردووکیان وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی سوێدی و چاپ و بڵاو کراونەتەوە. لە پاڵ ئەو ئەدەبە نووسراوە دێرینەدا، داوونەریتێکی دەوڵەمەندی ئەدەبێکی زارەکییش هەیە. ئەدەبە زارەکییەکە زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ فۆرم و شێوازە تایبەتمەندەکانی گێڕانەوە و نەوە لە دوای نەوە پارێزراوە. لەم ئەدەبە زارەکییەشدا هونەرەکانی گێڕانەوە، گۆرانی، مۆسیقا و هەندێک جاریش سەما لەخۆ دەگرێت. هەمیشە ئەدەب و کولتوور بەهایەکی گەورە و ڕۆڵێکی لە بەرچاوی هەبووە لەلای گەلی ڤێتنام بەگشتی و ناسیونالیستەکان بەتایبەتی.

٣- ڤێتنام وڵاتێکی گەورەیە و ڕووبەرەکەی ٥٦٦ ,٢٩٠ ,٣ کیلۆمەتر دووجایە و بە درێژایی ٢٦٠ ,٣ کیلۆمەتریش ڕووبار و دەریاچەی تێدایە و سنوورەکانی ڤێتنام بە وڵاتی لاوسەوە ١٦٥٠ کیلۆمەتر، بە وڵاتی چین ١١٥٠ کیلۆمەتر و بە وڵاتی کەمبۆدیاشەوە ٩٥٠ کیلۆمەتر. سەرژمێری ئەم وڵاتەش هەشتا و چوار ملیۆنە و سێزدەیەمین گەلە لە ڕووی زۆریی ژمارەی دانیشتوانەوە لە جیهاندا.

٤- لە کاتی شەڕی ڤێتنام و شەڕی ناوەخۆیدا، ڤێتنام دوو وڵات بوو، باکور و باشوور، باشووریش بە یارمەتیی هێزەکانی ئەمەریکا دژی باکور شەڕیان دەکرد تا بەر لە ڕەوتی کۆمۆنیستی باکور بگرن.

٥- لە نێوان ساڵانی ١٩٥٤ و ١٩٧٥دا ڤێتنام دابەش کرابوو بەسەر دوو بەشدا، باکوری ڤێتنام و باشووری ڤێتنام، یەکەمیان کۆماری ڤێتنامی دیموکراتی و شاری هەنۆی پایتەخت بووە، دووەمیشیان کۆماری

ڤێتنام و شاری سایگۆن پایەتەخت بووە. مێژووی ڤێتنام مێژوویەکی پڕ لە جەنگ، داگیرکردن، پەلامار و هێرشکردنە سەرە، بۆ نموونە لە ماوەی هەزار ساڵدا، لە ساڵی ١١١ پ. ز تا ساڵی ٩٣٨ی زایینی لەژێر دەسەڵاتی چیندا بووە. دوای ئەوە ڤێتنام بۆ ماوەی ٩٠٠ ساڵ سەربەخۆ بووە، تا لە ساڵی ١٨٥٩دا فرەنسا شاری سایگۆن و باشووری ئەو وڵاتە داگیر دەکات. فرەنسا بۆ ماوەی سەد ساڵ لە ڤێتنام دەمێنێتەوە و بۆ یەکەم جار دوای جەنگی دووەمی جیهانی و لە ساڵی ١٩٤٥دا لەم وڵاتە دەکشێتەوە. دوای ئەوە کارەساتێکی تری سی ساڵی جەنگ و پێکدادان سەرانسەری وڵاتی ڤێتنام دەگرێتەوە، بۆ نموونە تا ساڵی ١٩٥٦ ڤێتنامییەکان دژی فرەنسا دەجەنگن، دژی خۆیان (شەڕی ناوەخۆ) و دژی ئەمەریکاییەکان و بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٧٥ەوە ئاشتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم وڵاتە. لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٦یشەوە هەردوو بەشەکەی ڤێتنام، باکور و باشوور یەک دەگرنەوە.

٦- هەندێ لە سەرچاوە و سەرگوزشتە زۆر دێرینەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە بەرەوپێشەوەچوونی ئەم فۆرمەی شانۆ دەگەڕێتەوە بۆ کەڵەڕەقیی هەندێ لە ئەکتەرە ڤێتنامییەکان، ئەو ئەکتەرانەی تەنانەت لە کاتی لافاوە گەورەکانی ئەم وڵاتە باراناوییەدا شانۆنامەکانیان لەناو ڕووبار و دەریاچەکاندا پێشکێش کردوون. یەکەم تەقەلاکانی ئەم شانۆ بووکەڵەیەی ناو ئاو دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ١١٢١.

٧- لە سەرەتادا لەم شانۆیەدا بووکەڵەی لە دار دروستکراو بەکار دەهێنرێ، بووکەڵەکانیش بە دارێکی تری پێنج مەترییەوە داکوتراوە و لەناو ئاوەکەوە دێنە دەرەوە. لە گوند و هەرێمە جیاوازەکاندا لەنێو دەریاچەکەدا پانتاییەکی دیاریکراو دەکەنە سەکۆی شانۆکە و بینەرانیش لەنێو بەلەمە بچووکەکانیاندا بە چواردەوریدا کۆ دەبنەوە. خودی ئەکتەرەکان لەناو ئاوەکەدا بە ژێرە مەلە کارەکتەرەکان (بووکەڵە لە دار دروستکراوەکان) دەهێننە دەرەوە و گەمەی پێدەکەن.

٨- بووکەڵە دروستکردن لە ڤێتنام بووەتە پیشە و پیشەسازییەکی گەورە و بازرگانییەکی بەربڵاو، چەندین گوند لە دەوروبەری شاری هەنۆی پایەتەخت خەریکی دروستکردن و ئامادەکردنی ئەو بووکەشووشانەن بۆ شانۆی بووکەڵەی ئاو. هەروەها باڵندە، ئاژەڵ و کارەکتەرەکانی تری ئەم نمایشانە بوونەتە هێما و کەسایەتیی ناسراو، خەڵکی و گەشتوگوزارەکان لە خودی شانۆکە و لەناو بازاڕەکانی باکووری ڤێتنامدا دەتوانن بیانکڕن.

٩- هەرچەندە مۆسیقای چینی، هیندی و شامی کاریگەرییەکی زۆریان بەسەر مۆسیقای ڤێتنامییەوە هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مۆسیقای ڤێتنامی مۆرک و شێوازێکی ڕەسەن و تایبەتمەندیی خۆی هەیە. مۆسیقای ڤێتنامی دابەش دەکرێت بەسەر سێ خانەی جیاوازدا: میللی و ئاوازی دڵداری، ئاوازی تایبەت بە کارکردن، ئاهەنگ و زەماوەند، لایلایەی منداڵ، گلەییکردن، پرسەنامە و لاواندنەوە بەدەم خەم و پەژارەوە، ئەم جۆرە گۆرانییانە بەبێ مۆسیقا دەوترێت.

مۆسیقای کلاسیکی، ئەم مۆسیقایەش ڕاهێنانێکی زۆر لەخۆ دەگرێت و تایبەت بووە بە دیوەخانەکانی پادشا و ئاغا و دەرەبەگەکان. ئۆرکێسترای ئەم مۆسیقا ترادیشونییە پێکهاتووە لە چل مۆسیقاژەن.

١٠- لە ساڵی ١٩٦٩ و لە گەرمەی شەڕی ڤێتنامدا، شانۆی بووکەڵەی ئاو لە هەنۆی پایەتەختی ڤێتنام و باکوری ئەو وڵاتەدا دروست دەکەن. شانۆکەش خانووبەرەیەکی زۆر گەورە لەخۆ دەگرێت و بنکەیەکی گرینگی بڵاوکردنەوە و نمایشکردنی شانۆی بووکەڵەی ئاوە. پانتایی شانۆکە حەوزێکی گەورەی پڕ لە ئاوە و لە قووڵایی ئەو شانۆ ئاوییەشدا فۆندێکی ڕەنگاوڕەنگ بەرز بووەتەوە. شێوازەکانی تەکنیک و

بەکارهێنان و نمایشکردنی ئەم شانۆ ئاوییە نهێنییە و بووکەڵە لە دار دروستکراوەکان، یان لەپشتی فۆندەکەوە، یاخود لەنێو خودی شانۆ لە ئاو دروستکراوەکەوە دێنە دەرەوە. ئاوەکەش بەشێکە لە ڕووداوەکان و گیان دەکات بە بەری ئەو بووکەڵە لە دار دروستکراوانەدا. خودی ئەکتەرەکانیش، مرۆڤەکان، لەپشت فۆندەکەوە و لەسەر ئەژنۆ، یاخۆ بە ژێرە مەلە، بەبێ ئەوەی دیار بن لە بینەرانەوە، بووکەڵەکان دەجووڵێنن.

١١- لە شاری (سایگۆن)یش لە باشووری ڤێتنام بە هەمان شێوە خانووبەرەیەکی گەورەی هاوشێوەی شاری هەنۆی هەیە، ئەم شانۆیە لە ساڵی ١٨٩٩دا فرەنسییەکان دروستیان کردووە.

١٢- چوار بیری فەلسەفی و ئاینی، ژیانی ڕۆحی گەلی ڤێتنامی پێک هێناوە: کۆنفویسیانیزم، تاویزم، بودیزم و مەسیحی.

١٣- چەندین کولتوور و کەمایەتیی جۆرەوجۆر لە وڵاتی ڤێتنامدا دەژین، ئەم کەمایەتییانە ڤێتنامی نین و نەژاد و ڕەگ و ڕیشەی جۆرەوجۆریان هەیە و هەموو یەکێکیش لەم کەمایەتییانە زمان، داوونەریت و سەمای میللی و مۆسیقای تایبەتمەندیی خۆیان هەیە. لەم چەند ساڵانەی دواییدا ئۆرگانی یۆنسکۆ و بە یارمەتیی داوودەزگا کولتوورییەکانی ڤێتنام چەندین لێتوێژینەوەی ئەنترۆپۆلۆجی و سۆسیۆلۆژییان لەسەر ڕەگ و ڕیشەی ئەم کولتوور و گەلە جیاوازانە کردووە، ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوانەش ئەوە بووە کە هونەر و ترادیشوونی کەمە نەتەوایەتییەکانی ناو ڤێتنام زیندوو بکەنەوە و بەرەو پێشەوەیان ببەن.

١٤- شمپا پێوەندییەکی چڕ و توندوتۆڵی بە یاڤەوە هەبووە، بۆ نموونە خوێندکاریان ناردووە بۆ یاڤە و پێوەندی بازرگانیی نێوانیان زۆر بەربڵاو بووە. هەروەها شاکاری سیرامیکی شمپا لە یاڤە دۆزراوەتەوە و لە دەوروبەری ساڵەکانی ١١٠٠یشدا، یەکێک لە پادشاکانی شام ئافرەتێکی یاڤەی خواستووە.

١٥- لەژێر ساپیتەکانی ئەم پەرستگەیانەوە و بەهەر چوار لادا تاقی بچووک بچووک دروست کراون، لەم تاقانەدا، یان ئاگریان کردووەتەوە، یان چرای تایبەتمەندیان داناوە.

١٦- پاشماوەکانی ئەم پەرستگایانە بەسەر دە یەکەی جیاوازەوە دابەش کراون، هەر یەکەیەک شوێنی جیاواز و مەڵبەندی هەمەچەشن و جێگەی پادشاکانیان بووە. وەک لە باسەکەدا ئاماژەمان بۆ کردووە، ئەم پەرستگەیانە لە ساڵەکانی سێسەدی زاینیدا دروست کراون و لە شێوەی تاوەردا بەرز بوونەتەوە. پەرستگەکان کاری تایبەت، ناونیشانی جیاواز، بەها و ڕۆڵی هەمەچەشنیان هەبووە: پەرستگەیەکی تایبەت بۆ پاراستنی کتێبە پیرۆزەکان، پەرستگەی کەرەستەی ڕیتواڵە دینییەکان، پەرستگەیەکی تر کە تایبەتە بە نوێژکردن لە میحرابی شێڤای خواوەند، پەرستگەی سەمای شیڤا و سەماکانی تریان.

١٧- سەمای کولتووری شامی و شارستانییەتی یاڤە لە سەمای هاوچەرخی جیهانیدا ڕەنگی داوەتەوە، بۆ نموونە بەشێکی زۆری سەمازان و کۆریۆگرافە جیهانییەکان ڕوویان کردووەتە ئەم ناوچانە و سەمای ئەم گەلەیان خستووەتە ژێر لێکۆڵینەوە و سوود لێوەرگرتن. لە سوێد ڕیژیسۆر و کۆریۆگرافی گەورە ماتس ئێک بۆ چەندین جار هاتووەتە ئەم ناوچانە و لە نزیکەوە سوودی لە جووڵەی دەست و مەچەک، جەستە و زمانی ئاماژەی ئەم سەمازانانە وەرگرتووە.

١٨ تەکنیکی سەماکە نزیک بوو لە تەکنیکەکانی سەمای (کەتاکی) هیندییەوە، من وای بۆ دەچم کە کولتوور و سەمای شارستانییەتی شامەکان کاریگەرییان بەسەر کولتوور و سەمای کۆنی هیندییەوە هەبووبێت.

# ئەدەبیاتی سەر بەئەدەبی
# "شابوی کوێر"

سادق هیدایەت لە ساڵی ١٩٣٦دا واتە هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی یەکەمین شەڕی جیهانی، لە وڵاتی هیندستاندا، ڕۆمانی ‹شابوی کوێر›ی نووسی و بێ ئەوەی لە کەس یان شوێنێک یارمەتی وەربگرێت، لەسەر ئەستۆی خۆی ئەم کتێبەی لە چاپ دا. پاش ماوەیەکی کورت چاپی ئەم ڕۆمانە دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو. خاوەن ڕۆمان واتە هیدایەت بەهۆی ئەم ڕۆمانە تازەوە زۆرتر لە جاران ناوی دەرکرد.


هیدایەت لە منداڵیدا

زۆربەی نووسەرانی ئەودەمەش باش تێگەیشتن کە داهاتووی ئەدەبیاتی چیرۆکی ئێران لەسەر ئەم ڕۆمانەدا دادەمەزرێت و شابوی کوێر ژاندری چیرۆک لە تەنگژەی تایبەت بەو دەمە دەردێنێت و ڕێگەیەکی نوێ بە رووی چیرۆکنووسانی ئێراندا ئاوەڵا دەکات.

گێڕانەوە و بۆچوونی چیرۆکەکانی سادق هیدایەت خاوەن ناوەڕۆکێکی کۆمەڵایەتی، دەروونناسی و فەلسەفین. ئەو لە کامێرای نیگایەکی نێهلیستی و ئگزیستانسیالیستییەوە بۆ ژیانی مرۆڤی ترس لێداوی ئەمڕۆدا، ڕوانیویە و چیرۆکەکانی تژین لە مەرگ و نەمان و پووچەڵی و نائومێدی. هەبوونی شابویەکی کوێر لە چیرۆکی سەر بە ئەم شێوازە ئەدەبییەدا، وامان پێشان دەدا کە شتومەکەکان خاوەنی کارکردێکی تر. سێبەر ئاسا و ڕەش، خۆڵەمێشی و سارد، هەپروون، هەپروون و لوانلۆ، لەگەڵ ڕوانینێکی بێ زەمەن، بێ شوێن و لەتوپەتکراوێکی ئۆستوورەیی.

شابو بەنیگایەکی جیاوازەوە، بە پێچەوانەی ڕوانینی چاوە سادەبینەکانیەوە قووڵ و لە هەمان کات خراپ، سەیری ژیان و دنیای هەستی دەکات.

.........................................................................

ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە فارسییەوە: زەینەب یووسفی

تەنگژەی ئەوروپای پاش شەڕی جیهانی، بووبووە هۆی گۆڕانکاری لە جۆری ڕوانینی مرۆڤەوە بۆ خۆی و دنیای دەرەوەی خۆی. ئەم گۆڕانکارییە هەندێ نووسەر و شاعیری ئەودەمەی وڵاتی ئێرانیشی گرتە خۆی و وایانی لێ کرد کە شێوازی نووسینەکانیان کەوتە بازنەی گۆڕان و بەرهەمە نوێیەکانیان هەنگاویان نایە دنیای ئەدەبەوە.

زۆربەی نووسەرانی ئەودەم لە کامێرایەکی تەنز ئالوودەوە سەیری ڕووداوەکانی کۆمەڵگەی ئێرانیان کردووە و نووسینەکانیان پڕن لە سووکایەتیکردن و بەگاڵتەوگەپ، هەموو شتێکیان هەڵسانگاندووە. بەپێچەوانەی ئەوان هیدایەت لە کامێرایەکی ترەوە سەیری ئەم ڕووداوانەی کردووە و بەهۆی ئەم جۆرە نووسینەوە وامان لێ دەکات کە بەردەوام خۆمان لە بازنەیەکی سامناک، ترسناک، خەمگین و لە هەمان کاتدا قووڵ و لە خنکاندا هەست پێ بکەین.

ئەم شێوازە نوێ و بێ ڕەحمانە هەموو هەقیقەتە تاڵ و شاراوەکانی ژیان و کۆمەڵگە و مرۆڤمان بۆ دەخاتە دنیای واقیعەوە. جوانییەکانی چیرۆکی سەر بەئەدەبی شابوی کوێر لە وشە و دەسەواژە ڕێکوپێک و پڕ لە دنیای عەشق و جوانییەکاندا ناکەونە ڕوو بگرە لەوە کە مرۆڤ بێ ویستانە لەگەڵ دنیایەکی واقیعی و پڕ لە هەقیقەتە نەگوتراوەکاندا ڕووبەڕوو دەکات، دەکەونە ڕوو.

بۆ وێنە پیتی "خ" لە ڕستەیەکی ڕۆمانی "شابوی کوێر" مۆسیقایەکی خوێنین و تاڵ و لە هەمان کاتدا خەمگینمان تێدا دروست دەکات:" در زندگی زخمهایی هستند کەمانند خورەروح را اهستەدر انزوا میخورد و میتراشد"......." لە ژیاندا هەندێ زەخم و زامم هەیە کە لە چەشنی خورە هێدی، هێدی لە تەنیاییدا، ڕوح دەخوات و دەیرووشێنێت"...



هیدایەت و کچە هاوڕێیەکەی و دایکی کچە

پیتی "خ" تابلۆیەک پڕ لە خیانەت و مەرگ و پووچیمان لەپێش چاوان و مۆسیقایەکی مەرگ ئالوودەمان لە گوێدا دەخولقێنن.

تایبەتمەندییەکانی تری ئەدەبی شابوی کوێر بریتین لە ئەمانە: ترس، تاریکی و کەشوهەوایەکی شەیتانی، نائۆمێدی، دەسەڵاتی چارەنووس، عەشق و ڕۆمانتیزمی ڕەش، گوتیک و ترسهێنەر و کوشندە، تێکەڵ بەسوورئالیستێکی سامناک و شێتانە.

هەندێ کەسیش بەپێچەوانە لەبارەی کەشوهەوای چیرۆکی هیدایەتەوە دواون و بیروبڕوایەکی تریان لا دروست بووە و پێیان وایە کەشوهەوای سامناکی شابوی کوێر، هەستێکی شیرین و کەیفێکی خۆش دەبەخشێتە خوێنەرەوە، بەڵام لە ڕووی زانین یا نەزانینەوە، هەندێ کەس لە تێکەڵبوون لەگەڵ ئەم کەشوهەوایە دووچاری هەڵە و لاڕێ بوونە.

هەڵبەت تەوەر باسی چیرۆکی سەر بەئەدەبی شابوی کوێر زۆرتر لە بازنەی عەشق و

خۆشەویستییەوە دەسووڕێنەوە و ئیرۆتیکێکی جیاواز و تەماوی لە درێژەی ئەم چیرۆکانەدا دێنە مەیدانەوە، بەڵام زۆرتری کەسە عاشقەکان خیانەتیان لێ دەکرێت و بەهۆی ئەم خیانەتەوە تووڕ دەدرێنە دنیای هێندە مەرگ ئالوودەوە کە نەک هەر ناتوانن خۆیان دەرباز بکەن، بگرە کەسەکانی تریش لەگەڵ خۆدا دەخەنە ئەو دنیا مەرگهێنەرەوە.

بەرفراوانیی بەرهەمەکانی سادق هیدایەت تەنیا لە چوارچێوەی ئەم ژاندرە ئەدەبییەدا نییە. بەڵام گۆڕەپانی نووسینەکانی ئەو، بەگشتی، لە ئەم بازنە و لە ئەم جۆرە کەشوهەوایەدا دەسووڕێنەوە. تەنانەت لە ئەو بەرهەمانەشە کە سەر بەئەدەبی ‹شابوی کوێر›دا نین، هەندێ جار، دەتوانین هەست بەهەبوونی سێبەرەکانی ئەم بیروبڕوایەدا بکەین.

ئەگەر بەڕوانینێکی بەنرخەوە سەیری بەرهەمەکانی هیدایەت و ئەوانی تر بکەین و بەڕامانەوە لێیان بیر بکەینەوە تاکو تێی بگەین کە نووسینەکانیان چەند لەگەڵ سەردەمی خۆیاندا هارمۆنییان بووە، بەباشی تێی دەگەین کە پێکهاتنی ژاندری ئەدەبی ‹شابوی کوێر›، لەو سەردەمەدا چەند مەزن و چەند موعجیزە ئاسا و چەندیش پێویست بووە.

ئەم بەرهەمە بێ مێژوویییە، بەگشتی، مێژوو، زەمەنی دەروون و دەرەوەی بواری ئەدەبی چیرۆکی ئێرانی ئەودەمەی ڕاپێچ کردووەتە یەکتردا.

هەڵبەت دەبێ ئەمەش لە بەرچاو بگیردرێت کە دابڕانی کاتیی هیدایەت لە کۆمەڵی نووسەرانی ئێرانی و هەروەها ژیانی کاتیی ئەو لە هندستاندا، سەرەکیترین خاڵی خوڵقاندنی ئەم چیرۆکە مەزنانە بوونە. سێبەری بەهێزی ئەم چیرۆکە لە جۆری نووسین و خوڵقاندنی کتێبی نووسەرانی تردا کاردانەویەکی زۆری هەبوو. بەڵام هیچ کتێب و بەرهەمێک نەیتوانی بگاتە ئاستی بەرزی کتێبەکانی ئەو.

هەوڵدانی لە ڕادەبەدەری هەندێ کەسیش، وەکو شاملوو لە کتێبی ‹ دەرگاکان و شووراکانی چین› ١٩٧٣، نەیانتوانی ژیانێکی نوێ ببەخشنە ئەدەبی داستانی ئێراندا.

بەڵام بە کەڵکوەرگرتن لە شێوازەکانی تری نووسینی هیدایەت، بەرهەمی نووسەرانێک وەکو:

گوڵشیری، سادقی، نەجدی،... جیاواز و مۆدێرن، لە دنیای چیرۆکدا، توانییان بارودۆخێکی سەرنج ڕاکێش بۆ خۆیان پێک بێنن و تا ڕادەیەک ئەدەبی داستانی ئێران لە تەنگژەی خۆی ڕزگار کرا. هەڵبەت دەبێ ئەوەش لە بەرچاو بگیردرێت کە سەبەبی ئەم تەنگژە و دواکەوتنە، حزبایەتی و ئیشی ڕامیاریی نووسەرانی ئەودەمە بووە.

هەندێ کەس وا بۆی چوونە کە ڕۆمانی "حاجی ئاغا"ی هیدایەتیش بەهۆی لایەنگەرییە سیاسی و ئایدۆلۆجیکی ئەوەوە خوڵقاوە. بەڵام ئەگەر بارودۆخی ئەودەمەی ئێران لە بەرچاو بگیردرێت و بزانین کە تا چ ڕادەیەک سیاسەت چنگی خستبووە سەر لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵگە، باشمان بۆ دەردەکەوێت کە هیدایەت مەبەستی لە نووسینی ئەم ڕۆمانە ئەوە بووە کە خەڵک لە پیلانە سیاسییەکان ئاگەدار بکاتەوە و نەک هەر توانی ڕۆمانێکی تەواو بنووسێت بگرە لەم ڕێگەیەوە

توانی فەسادیی سیستەمە سیاسییەکانی ئەودەمە کە بەردەوام لە تەفرەدانی خەڵکدا بوون، بە گەلی ئێران و بەتایبەت بە نووسەرانی ئەو کاتدا بناسێنێت و نەهێڵێت بەرهەمی قەڵەم بەدەستان لە ڕێگەی پیلانە سیاسییەکانەوە بچەوسێنەوە و لە بازنەی ئەدەبەوە دەربچن.

سادقی هیدایەت لە ساڵی ۱۹۰۲ لە بنەماڵەیەکی بەگزادە، لە تاراندا، لەدایک بوو. لە سەردەمی لاوێتیدا چوو بۆ فرەنسا و پاش فێربوونی زمانی ئەوان، زاڵ بووبووە سەر ئەدەبیاتی فرنسایی. هیدایەت لە کۆمەڵگەی تەنگژاویی ئەو سەردەمەدا، بیانوویەکی بۆ ژیان و ژین نەدۆزییەوە و ئامانجێکی ئەوتۆی لە خۆدا شک نەبرد و هەستی پێی نەکرد. ئەو هەوڵی دا خۆی بخاتە پەنای ئەڤین و دڵدارییەوە، بەڵام لەوەش شکستی هێنا و پاشان لە ساڵی ۱۹۲۸ هەوڵی دا خۆی بکوژێت و لەوەشدا سەرنەکەوت.



هیدایەت و دکتۆر خانلەری

لە ساڵی ۱۹۳۰ گەڕایەوە بۆ ئێران و لەگەڵ بۆزۆرگ عەلەوی، مەسعوود فەرزاد و موجتەبا مینەوی، بنکەی ئەدەبی، ڕەبعەی دژ بەبنکەی ئەدەبی، سەبعە، کە هەندێ نووسەری کۆنخواز و خاوەن بیروبڕوایەکی دواکەوتووی تێدا ئیشیان دەکرد و بریتی بوون لەم کەسانە: تەقی زادە، حیکمەت، ڕەشی یاسمی، قەزوینی، ئقبال ئاشتیانی، نەفیسی... پێک هێنا. لە بانکی میللیدا دامەزرا، بەڵام چەند جار ئیشەکەی گۆڕا. دەمێک لە دایرەی مۆسیقا و زانکۆی هونەرە جوانەکان کاری کرد.

هیدایەت چیرۆکی، شابوی کوێری نووسی و لە هیندستاندا بڵاوی کردەوە.

هەر لەوێدا فێری زمانی پەهلەوی بوو. لە ساڵی ۱۹۳۷ گەڕایەوە بۆ ئێران و بۆ هەمیشە لە زانکۆی هونەرە جوانەکان دەستی کردە ئیشکردن. لە ساڵی ۱۹۵۰ بۆ پاریس ڕۆیشت و لەوێ، لە ساڵی ۱۹۵۱ بە بەردانی غازی حەمامی ماڵەکەی، خۆی کوشت.

هەندێ لە شانۆنامەکانی بریتین لە: ‹ئەفسانەی خلقەت، پەروین کچی ساسان و مازیار›، هەندێ لە لێکۆڵینەوەکانی ‹گۆرانییەکانی خەیام، فێڵستان،، قازانجەکانی گیاخواردن›، . هەندێ لە وەرگێڕانەکانی ‹مەسخ لە کافکا، شوورا لە سارتر› هەروەها خاوەنی چەندین کتێبی چیرۆکە و هەندێکیان بریتین لە: زیندە لە گۆڕ، ۱۹۳۰، سێ دڵۆپ خوێن، ۱۹۳۲-۱۹۳۳، عەلەویەخان ۱۹۳۳، شابوی کوێر ۱۹۳۶، سەگی وێڵ ۱۹۴۲، خوێڕیگەری ۱۹۴۳، حاجی ئاغا، ۱۹۴۵ و...

بۆ ئەوەی کە بەباشی کەشوهەوای ئەدەبی شابوی کوێر پێشان بدرێت، چاکتر لەوە نییە کە بەشێکی کورت لە ڕۆمانی شابوی کوێر و هەروەها بەشێک لە چیرۆکی سێ دڵۆپ خوێن لە خودی نووسەر بە کوردی پێشکێش بکرێت.

# بەشێک لە کورتە ڕۆمانی "سێ دڵۆپ خوێن"

سادق هیدایەت

سیاوەش باشترین هاوڕێم بوو. نەک هەر جیرانی یەک بووین، بگرە هەموو ڕۆژێک پێکەوە دەڕۆیشتین بۆ "دار ئەلفنوون" و پێکەوەش دەگەڕاینەوە بۆ ماڵ و دەرسەکانیشمان پێکەوە لەبەر دەکرد. ئەو کاتانەش کە دەحەوانەوە من سیاوەشم فێری تارژەنین دەکرد. "ڕووخسارە" ئامۆزاکەی سیاوەشیش کە دەزگیرانی منیش بوو، بەردەوام لەو کاتانە سەردانمانی دەکرد. .

سیاوەش حەزی لە خوشکەکەی ڕووخسارە بوو، دەیویست بیهێنێت، بەڵام ڕێک یەک مانگ پێش لە مارەبڕین و زەماوەند، سیاوەش لە پڕ نەخۆش کەوت. من دوو سێ جارێک ڕۆیشتمە ماڵیان تاکو سەردانی سیاوەش بکەم، بەڵام ڕێگەیان لێم گرت و گوتیان دوکتۆرەکەی قەدەغەی کردووە کەس نەیبینێت و لەگەڵیدا نەدوێت، هەرچەند زۆرتر داخوازی دیتنی سیاوەش دەبووم، جگە لەو وەڵامەشتێکی ترم نەدەبیست. ئیتر منیش لەسەری نەچووم و وازم هێنا.

"جوان بیرم دێ نزیکە و ئیمتیحانەکانمان بوو، ڕۆژێکیان دەمەوئێوارە گەڕامەوە بۆ ماڵ و کتێبەکانم و چەندین دەقی تایبەت بەخوێندنی پۆلم خستە سەر تەختەکەم و هەرکە ویستم پۆشتەکانم بگۆڕم لە پڕ دەنگی گوللەیەکم وەبەرگوێ کەوت. دەنگەکە وا لێم نزیک بوو کە وەختە دڵم بتۆقێنێت، چونکە ماڵمان لە تەنیشتی خەنەقەوە بوو، بیستبووم کە چەند جار دز هاتووەتە ئەوێ. دەمانچە شەشلوولەکەم لە کشا و مێزەکە هەڵگرت و چوومە حەوش و تۆزێک خۆم داگرت و پاشان لە پلیکانەکان سەرکەوتم و ڕۆیشتمە بان ماڵ، بەڵام هیچم بەرچاو نەکەوت. بەدەم گەڕانەوە لە سەربان سەیری حەوشی ماڵ سیاوەشم کرد و بینیم سیاوەش کراس و دەرپێ لەبەر، لە ناوەندی حەوشەکەیانەوە ڕاوەستاوە.

بەسەر سوورمانەوە گوتم: ئەوە تۆی سیاوەش؟

ئەویش منی ناسییەوە و گوتی: "وەرە بۆ ئێرە، کەسمان لە ماڵدا نییە"

– "گوێت لە دەنگی گوللەکە بوو؟"

قامکی خستە سەر لێوی و سەرێکی جووڵاندە و ئاماژەی لێم کرد. واتە "وەرە" منیش خێرا بەرەوخوار چووم و ڕۆیشتمە بەرماڵەکەیان و لە دەرگەم کوتا. خۆی هات و دەرگەی بە ڕوومدا کردەوە. هەر وا کە سەری داخستبوو بەدەم ڕامانییەوە بۆ زەوینی بەرپێی، پرساری لێم کرد: تۆ بۆ نەهاتیت سەردانم بکەیت؟"

" من دوو سێ جار هاتم بەڵام گوتیان دوکتۆرەکەت ناهێڵێت کەس بێتە دیتنتەوە"

"پێیان وایە کە من نەخۆشم، بەڵام وا نییە، بەهەڵەدا چوونە"

دووبارە پرسیارم کرد: "ئەتۆ گوێت لە دەنگی تەقەی گوللەکە بوو؟"

بێ ئەوەی وەڵامم بداتەوە و دەستی گرتم و بەرەو دارکاژەکە بردمی و شتێکی لەبن دارەکە

پێشانم دا. من تۆزێک لێی ورد بوومەوە و، سێ دڵۆپە خوێنی تەڕ و تازە تکابوونە پای دارەکە.

پاشان منی بۆ ژووری خۆی برد و دەرگە و دەلاقەی پێیەوە دا. لەسەر سەندەڵییەکە دانیشتم. ئەو گڵۆپەکەی هەڵکرد و خۆیشی سەندەڵێکی هێنا و بەرانبەر بە من، لە سەری دانیشت. ژوورێکی سادە و شیناوی بوو. لە خوارەوە تاکو ناوەڕاستی شوراکان شینابییەکی تۆخ و تاکو لێوانلێوی میچەکەش، لە ڕەنگی شینێکی کاڵ بوون.. لە سووچێکی ژووردا، " تار"ێک دانرابوو. چەند جلد کتێب و چەندین دەقی دەرسەکانیشی لەسەر مێزکێدا هەڵڕژابوونە یەکدا. پاشان سیاوەش دەستی برد و لە کش و مێزەکە، شەشلوولێکی دەرهێنا و پێشانی منی دا. شەشلوولێکی کۆن و ئەنتیکە کە دەسەیەکی سەدەفی پێی بوو.

شەشلوولی لە گیرفانی پانتۆڵەکەی نا و گوتی:

"من پشیلەیەکی مێم بوو، ناوی نازی بوو، ڕەنگە پێشتر بینیوتە، لەم پشیلە گوڵ باقلەییی ڕەنگانەکە لە هەموو شوێنێکدا دەبینرێت، بە دوو چاوی درشت، دەتگوت کڵەیان لە دوو چاوی ناوە، دەتگوت پێستی پشتیان لە ئەنقەست نەخشاندووە، پێستی پشتی لە چەشنی لاپەڕەیەک بوو کە لەسەری جەوهەریان ڕژاند بێت و لێکیان نابێت و دیسان لێکیان کردبێتەوە و نەخشەکانی وەکو خۆیان یەک لە دوای یەک دەرهاتبێتنەوە، پێستی پشتی ئاوەها نەخێشندرا بوو.

کە لە قوتابخانە دەگەڕامەوە بۆ ماڵ، نازی بەرەو من هەڵدەهات و دەیمیاواند و خۆی لە مندا دەسوا، کە دادەنیشتم بەسەر و کۆڵمدا سەر دەکەوت و پۆزەی لە ڕوومەتم دەسوواند و بەزمانە زبرەکەی تەوێڵمی دەلێستەوە و وای لێم دەکرد کە ماچی بکەم، وا دیارە کە پشیلە مێیەکان فێڵبازتر و میهرەبانتر و هەستیارترن لە پشیلە نێرەکان. نازی، جگە لە من، لەگەڵ ئاشپەزەکەمانیشدا بەینی خۆش بوو، چونکە خواردنی بەلای ئەوەوە زۆرتر دەست دەکەوت. بەڵام لە پۆپ چەرمۆی ماڵ کە حورمەتێکی تایبەتیش هەبوو، خۆی دوور دەخستەوە، چونکە ئەو نوێژی دەکرد و خۆی لە تووکی پشیلەکان دەپاراست.

دیار بوو کە نازی لای خۆی وا بیر کردووەتەوە کە مرۆڤەکان لە پشیلەکان زیرەکترن و هەموو خواردنە خۆش و شوێنە گەرم و نەرمەکانیان بۆ خۆیان تەرخان کردووە و دەبوایە پشیلەکان جەمەلۆسکێی ئەوان بکەن تاکو بتوانن تۆزێک لەو خۆشییانە لە چنگی مرۆڤ دەربێنن.

تەنیا ئەو کاتانە هەستی سروشتی نازی بەخەبەرەوە دەبوو و هەڵدەخرۆشا کە سەرێکی خوێناویی کەڵەبابێکی دەست کەوتبایە. لە ئان و ساتێکدا دەگۆڕدرایە بوونەوەرێکی دڕندەوە. چاوەکانی دەردەپۆقان و بریقەیان تێدا دەکەوت، چنگەکانی لە پەنجەکانیەوە دەردەکەوتن، هەر کەسێکی لێی نزیک بووبوواتایەتەوە، دەیمرِاند و هاشاوڵی دەهێنا، لە چەشنی شتێک کە خۆی فریو بدات و شانۆیەک بەرپا بکات، چونکە لە زەمیری خۆیدا ئەو سەرە خوێناوییەی لە وێنەی جانەوەرێکی زیندوو هەست پێی دەکرد و پەنجەی بۆ دەبرد و هەڵی دەفڕاندە هەواوە و خۆی تووڕە دەکرد و خۆی دادەشارد و خۆی لێ دادەگرت و دیسانەوە هێرشی دەکردە سەری و بەو شێوازە

هەموو فێڵ و فەنی ڕەگەزی خۆی دەردەخست، پاش ئەوە کە خۆی بەو شانۆیەوە ماندوو دەکرد، بە حەزێکی زۆرەوە سەری خوێنینی کەڵەبابی دەخوارد و تا چەند دەقەقەش لە دووی پاشماوە نادیارەکەیدا دەگەڕا و بۆ یەک دوو کاتژمێریش شارستانییەتە دەستکردەکەی خۆی لە بیر دەکردەوە، نە لە کەس نزیکەوە دەبوو، نە غەمزەی دەکرد و نە جەمەڵەوسکێ کەسمانی دەکرد.

کە هەستت بەهاوڕێگەری نازی دەکرد، لە هەمان کاتیشدا هەستت دەکرد کە ئەو وەحشی و دەرووندارە و نایەوێت نهێنییەکانی خۆی بدرکێنێت. ماڵی ئێمەی بەماڵی خۆی دەزانی، کە پشیلەیەکی نامۆ لەوێ تێپەڕیبایە، بەتایبەت ئەگەریش مێ بووبووایە، تا ماوەیەک گوێمان لە مڕەمڕ و ناڵەناڵی بەهێز و دوور و درێژەکانیەوە دەبوو.

مڕەیەک، کە لە باتیی خواردنی نیوەڕۆوە لە خۆی دەری دەخست، جیاوازیی هەبوو لەگەڵ ئەو دەنگە کە لە کاتی غەمزە و نازەوە بۆمانی دەردەهێنا، ئەو مڕاندنە کە بەبۆنەی برسییەتییەوە دەگەیشتە گوێمانەوە لەگەڵ مڕەمڕی کاتی شەڕکردن یان کاتی مەستییەکانی جیاوازیی هەبوو. هەر کامەیان مۆسیقایەکی تایبەت بەخۆی بوو. یەکەمینیان: لە ناخی دڵییەوە بوو، دووەمینیان لە ڕووی ڕق و قینەوە بوو، سێیەمینیان ناڵەیەکی سۆزناک بوو کە لە ڕووی داخوازە سروشتییەکانیەوە دەری دەخست. تاکو بگاتە جووتی خۆی. بەڵام نیگاکانی نازی شتێکی تر بوون، جیاوازییان هەبوو. هەندێ جاریش تەنانەت هەستت دەکرد واتایەکی ئینسانییان هەیە. بەو شێوەیە کە مرۆڤ هەندێ جار بێ ویستانە لە خۆی پرسیاری دەکرد: بەڕاستی لەودیوی ئەم سەرەتووکنە، لەودیوی ئەو چاوە سەوز و تەماوییانە چ بیر و هەستێکێک شەپۆڵ دەدات؟"

پار، لە وەرزی بەهاردا بوو کە ئەو کارەساتە سامناکە ڕووی دا. چاک دەزانی کە لەم وەرزەدایە کە جانەوەرەکان مەست دەبن و لە خۆدا هەڵدەورووژنەوە. هەست دەکەیت کە بای بەهاری مەستییەکی شێتانەیان پێی دەبەخشێنێت. نازییەکەی ئێمەش بۆ یەکەم جار مەستی کرد و دای لە سەری و هەستی عەشقی تێدا دروست بوو، بەبۆنەی ئەم هەستەوە بوو کە بەهەموو هێزییەوە دەهەژا و خەمگینانە دەینالاند، پشیلە نێرەکان کە ناڵەکانی ئەویان وەبەر گوێی دەکەوت، لێی کۆ دەبوونە و پاش شەڕێکی قورس، نازی، بەهێزترینیان و دەنگ نێرترینانی بەجووتی خۆی هەڵبژارد. لە بازنەی عەشق و عەشقبازیی جانەوەرەکاندا، بۆنی لەش، زۆر گرینگە، هەر بەم بۆنەوەیە کە پشیلە نازدار و خاوێن و ماڵییەکان بەرانبەر بە ڕەگەزی مێ، بایەخێکی زۆریان نییە و بەرچاوی نین، بە پێچەوانەی ئەواندا، پشیلەی سەر شووراکان، پشیلە دز و زەردەڵ و خوێڕی و برسییەکانن کە خاوەن بۆنی سروشتیی ڕەگەزی خۆیانن و سەرنجی پشیلەی مێ بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن.

ڕۆژانە و بەتایبەت هەموو شەوێک نازی و جووتەکەی عەشقیان دەکرد و دەتگوت بەرز و خۆش گۆرانی دەڵێنەوە، تا بەرەبەیان بەردەوام بوون، پاشان نازی بەهەڵفلیقاوی و هەڵشێواوییەوە، ماندوو و بێهێز بەڵام مەست و بەختەوەر خۆی دەکردە ژوورەوە.

شەوان لە تاو عەشق و عەشقبازییاندا خەوم لێی نەدەکەوت. لە ئاکامدا وەڕەز بووم، ڕۆژێکیان لەپێش ئەم دەلاقەیە خەریکی کارێک بووم، عاشق و ماشقەم بینی کە لە باخچەکەدا بەلارولەنجەوە

دەڕۆیشتن. من بە ئەم شەشلوولەکە بینیت، لە سێ هەنگاوییانەوە، تەقەم لێیان کرد، جووتەکەی نازی وەبەر گوللەم کەوت، پێم وابوو کە پشتی شکا، بازی برد و بێدەنگ و بێ ناڵە، لە دالانەکەوە خۆی دەرخست و لە پاڵ شوورا نزمەکەی باخچەکەمان، داکەوت و مرد.

لەو شوێنەوە کە لێم دا تاکو ئەوێ کە داکەوت، دڵۆپە خوێنەکانی داتکابوون. نازی تاوێک گەڕا تاکو شوێنی دۆزییەوە، بۆنی بەخوێنییەوە کرد تاکو گەیشتە سەر کوژراوەکەی. دوو شەو دوو ڕۆژ، ئێشکی لاشەکەی کشا، هەندێ جار پەنجەی دەخستە سەری، وا دیار بوو کە دەیگوت: بەخەبەرەوە بێ، بەهارە، بۆ لە کاتی عەشقدا خەوت لێی کەوتووە، بۆ جووڵە ناکەی، هەستە، هەستە" . چونکە نازی نەیدەزانی مردن چییە و سەری لێی دەرنەدەکرد و نەیدەزانی کە عاشقەکەی مردووە.

ڕۆژی دوایی، نازی و لاشەی جووتەکەی نەمان، ون بوون، هەموو شوێنێک گەڕام، لە هەموو کەسێک پرسیارم کرد، نەیاندەزانی، بێ سوود بوو، شوێنی نازیم هەڵنەکردەوە، ئاخۆ نازییەکەی من تۆرا بوو؟ ئاخۆ مردبوو؟ ئاخۆ لە شوێن عەشقێکی تردا وێڵ بووبوو؟ ئەی مردووەکەی ئەوی تر چی لێ هات؟ شەوێکیان مڕەمڕی هەمان پشیلە نێرەکەی نازیم وەبەرگوێ کەوتەوە، تا بەیانی دەیمراند، شەوی دواییش هەروەها، بەڵام کە ڕۆژ وە دەبوو، دەنگەکەی دەبڕییەوە، سێیەمین شەو، شەشلوولم هەڵگرت و لە خۆمەوە، بەرەو ئەم دارکاژەی تەنیشت دەلاقەی ژوورەکەمەوە، تەقاندم، چونکە، بریکەبریکی چاوەکانی لە ناخی تاریکییەکەوە دەهات، ناڵەیەکی دوور و درێژی کرد و پاشان دەنگی بڕایەوە، بەیانی، لە پای دارەکە، سێ دڵۆپ خوێن داتکابوون، لەو شەوەوە تاکو ئێستا هەموو شەوێک دێت و بەهەمان دەنگ دەناڵێنێت، خەڵکی ماڵ، خەویان قورسە نابیستن و بەخەبەرەوە نایەن، بەڵام من دەبیستم، هەرچەند کە لەم بارە دەدوێم و ئەم کارەساتەیان لا دەدرکێنم، بڕوام پێ ناکەن و پێم دەکەنێن، بەڵام من دەزانم، بەدڵنیاییەوە تێگەیشتووم کە ئەم دەنگە، هەمان دەنگە، دەنگی تایبەت بەهەمان پشیلە نێر، کە خۆم کوشتم، لەو شەوەوە تاکو ئێستا خەو نەهاتووەتە خانووی چاوانمەوە، بۆ هەر کوێ دەڕۆم و لە هەر ژوورێکدا دەخەوم، ئەم پشیلە بێڕەحمە، بەگەرووە سامناکەکەیەوە دەناڵێنێت و بانگ لە جووتەکەی خۆی دەکات.

ئەمڕۆش کە ماڵمان چۆڵ بوو، هاتمە هەمان شوێن کە شەوان پشیلەکە دێت و دادەنیشێت و هاوار دەکات، شوێنم گرت و تەقاندم، چوونکە لە بریکەبریکی چاوانیدا لە ناخی تاریکاییەوە، باش دەزانم هەموو شەوێک لە کامە شوێن دادەنیشێت، گوللەم کە تەقاند دەنگی ناڵەکەیم بیستەوە و سێ دڵۆپەخوێن لە سەرەوەدات کایە خوارێ، تۆش کە بەچاوی خۆت بینیت؟ تۆ کە شایەتە حاڵی منی؟......

## کورتەیەک لە ڕۆمانی" شابوی کوێر"

سادق هیدایەت

لە دنیای پڕ لە نەگبەتی و تژی لە بەدبەختی و چەرمەسەریدا، بۆ یەکەم جار، هەستم کرد ورشەیەکی هەتاو کەوتە ژیانمەوە بەڵام مخابن، ئەم ورشەیە ورشەی هەتاو نەبوو، بگرە تەنیا برووسکەیەکی ڕێبوارانە، ئەستێرەیەکی باڵدار بوو کە لە چەشنی ژنێک، یان فریشتەیەک، خۆی

پێشانم دا و تەنیا بۆ چرکە ساتێک، لە شەپۆلی ئەو ڕووناکییەدا، تەنیا بۆ چاوترووکانێک، چاوم کەوتە هەموو ناسوورییەکانی ژیانی خۆم و بەرفراوانی و گەورەیەکەیم چاو پێی کەوت و پاشان ئەو شەپۆلە ڕووناکە، لەو گێژاوە کە دەبوو نوقم بووبووایە، دیسانەوە نوقم بووەوە، نا، نەمتوانی ئەو ورشە ڕێبوارە بۆ خۆم ڕاگرم.

سێ مانگ. نا، دوو مانگ و چوار ڕۆژی لەمەوپێش بوو کە شوێنی ئەوم لێی ون بوو، بەڵام یادگاریی چاوە سیحراوی و ئاگرینەکانی تا هەتاهەتایە لە ژیانمدا ماونەتەوە چۆن دەتوانم لە بیری خۆمی بەرم، تۆ چووزانی چەندە بەژیانمەوە موتوربە کراوە؟

نا، هیچ کات ناوی نادرکێنم، چونکە ئەو بەقەد و باڵا ناسک و تەماوییەکەیەوە، بەو دوو چاوە درشت و ئاگرین و حەپەساوەوە کە لە ئەو دیویانەوە، ژیانی من ئەهوەن و تاڵ لە سووتان و هەڵقرچاندایە، ئیدی فڕی بەسەر ئەم دنیا نەگبەتەوە نییە نا، ناکرێت ناوی ئەو بە شتە زەوینەکانەوە پیس و ئالوودە بکەمەوە.

بەختەوەرانە، ماڵم لە دەرەوەی شاردایە، لە شوێنێکی ئارام و بێدەنگ، دوور لە دەنگ و هەرای خەڵکاندا دەژیم و خانووەکەم لە بازنەی کەلاوەکاندا، بەتاک خراوەتەوە. تەنیا دەتوانی لەوپەڕی خەنەقەوە، خانووەکا گڵێنەکانەبەستزمانەکان ببینیتەوە و پاشانیش شار دەست پێ دەکات و دەردەکەوێت. نازانم کامە مەجنوون یان گەمژەیەک ئەم خانووەی منی خستووەتەوە، هەرکە چاوانم دەنووقێنم، نەک هەر بەهەموو کون و قوژبنییەوە، لە زەمیرمدا دەردەکەوێت، بگرە قورساییەکەیشی لەسەر شانەکانم هەست پێ دەکەم. خانوویەک، کە تەنیا لەوانەیە لەسەر قەڵمدانە کۆنەکاندا نەخشێندرا بێت.

دەبێ هەمووی ئەمانە بنووسم تاکو تێی بگەم ئەم نووسینانەم لە خۆم ناکەن، دەبێ هەمووی ئەمانە لە بۆ سێبەرەکەی خۆم کە کەوتووەتە سەر شووورای ژوورەکەم، ڕوون بکەمەوە، بەڵێ، پێشتر، تەنیا هەستم بەدڵخۆشییەکی بچووک دەکرد، لە نێوان چوار دیواری ئەم ژوورەدا، نەقاشیم دەکشا و بەم گەوجانە بازاڕە، خۆم سەرقاڵ دەکردەوە، بەڵام پاش ئەوە کە چاوم کەوتە ئەو جوتە چاوە، پاش ئەوەی کە ئەوم بینی، هەموو شتێک بایەخ و واتاکانی خۆی بەلامەوە لە دەست دا بەڵام ئەوە کە لە مێشکمدا نەدەگونجا و نەمدەتوانی بڕوای پێ بکەم، ئەوە بوو کە نازانم بۆ بەردەوام و تەنیا یەک دیمەنم نەقاشی دەکرد، هەر لە سەرەتای دەستپێکردنمەوە، وا بوومە، تەنیا دیمەنێکم نەقاشی کردووە.

بەردەوام دارسەرووێکم کشاوە، لەژێریدا پیرە پیاوێکی پشت کۆم کە لە چەشنی جوکییەکانی هیندستانی عەبایەکی بە خۆدا پێچاوە و سەروچاوی لە شاڵێکدا شاردووەتەوە، خۆی داموچاندووەتە و دانیشتووە، لە کاتێکدا لە ڕووی حەپەساوییەوە قامکێکی دەستی چەپی بردووەتە دەمدا بەرانبەر بە ئەو کچێک بەکراسێکی ڕەش و درێژ لەبەردا، تۆزێک مووچاوەتەوە و خەریکە گوڵەنیلوفەرێکی پێشکێش دەکات. لە نێوانیاندا جۆگەلەئاوێک لە تێپەڕیندایە، ئاخۆ ئەم

دیمەنەم پێشتر بینیوە؟ ئاخۆ لە خەودا هاتووەتە دڵ و مێشکمدا؟ نازانم، تەنیا ئەوەی لێ دەزانم کە هەر کات دەستم کردووەتە نەققاشی کێشان باس باسی ئەم دیمەنە بووە، دەستم بێ ویستانە ئەم دیمەنەی کشاوا و سەرسوورهێنەرتر ئەوەیە کە بەردەوام و هەموو کاتێک کڕیار بۆ کرینی ئەم دیمەنانەم هەبووە، تەنانەت لە ڕێگەی مامدا لە ئەمانەم ناردووەتە هیندستان و ئەویش فرۆشتوویە و پارەکەی بۆم ناردووە.

ئاخۆ دەمتوانی چی لەو مردووە بکەم؟ مردوویەک کە لاشەکەی خەریک بوو دابوەشێت، سەرەتا هاتە مێشکمەوە کە لە هەمان ژووری خۆم لە چاڵی بنێم، دوایی وام بیر کردەوە کە باشترە لە ژوور بیبەمە دەرێ و لە چاڵێکی بخەم، چاڵێک کە دوور بێت لە گوڵەشینە نیلوفەرییەکان، بەڵام هەمووی ئەم ئیشانە تەنیا لەبەر ئەوە بوو کە کەس چاوی پێمەوە نەبێت، چەندە بیرکردنەوە، چەنە زەحمەت و چالاکیی پێویست بوو؟ هەڵبەت ئەوەشم دەویست کە حەزم لێی نەبوو بکەوێتە پێش نیگای نامۆ و ناپاکەکانیشەوە، هەمووی ئەم ئیشانەم دەبوا بەتەنێ و بەدەستی خۆمەوە بەڕێوە ببردایێ. . خۆم کێشە نەبووم، خۆم بەجەهەننەم، ئاخر ژیانی من لەپاش ئەو چ سوودێکی هەبوو؟ بەڵام ئەو، قەت، قەت نەدەبوو جگە لە خۆم کەس چاوی لە لاشە مردووەکەی بکەوتبایێ، ئەو خۆی کردبووە ژوورەکەی منەوە و لاشەی سارد و هەروەها سێبەرەکەشی پێشکێشی من کردبوو، لەبەر ئەوە کەسێکی تر سەیری نەکات، بۆیە نەکەوێت بەرنیگای نامویەکەوە

لە ئاکامدا بیرێک هاتە مێشکمەوە: "ئەگەر لاشەکەیم هەپروون، هەپروون بکردبایێ و لە جانتایەک، لە هەمان کۆنە جانتاکەی خۆمم نابایێ، لەگەڵ خۆمدا دەمبردە دەرێ، دوور، زۆر دوورم دەخستەوە لە چاوی خەڵکان، لە چاڵێکم دەنا. "

ئەمجارە بێگومان وام دەکرد و خۆم نەدەخستە بازنەی دووڕدونگییەوە، چەقوە دەسە ئێسقانییەکەم لە هێشخاندا هێنایە دەرێ، هێنام و لەپێشدا زۆر بەڕامانەوە، بەهێواشی و لەسەرخۆ کراسە ڕەشە ناسکەکەیم دادڕی. هەمان کراسی ڕەش کە لە چەشنی داوی جاڵجاڵۆکە، لاشەی ئەوی خستبووە داو، واتە تەنیا شتێک کە لەبەریدا بوو، کراسی ڕەشم دادڕی.

وام هاتە پێش چاوان کە لەو ماوەدا باڵای کردبێت، چونکە باڵا بەرزتر پێشانی دەدا، پاشان سەریم بڕی دڵۆپە خوێنە سارد و هەڵگیرساوەکان لە گەرووی داتکان، دوایی دەستەکان و قاچەکانیم بڕییەوە، ئەندامەکانیم بەگشتی و زۆر ڕێکوپێک، لە چەمەدانەکە جێ کردەوە و بە لیباسەکەی، واتە هەمان کراسی ڕەش، هەموویانم داپۆشی - جانتام قفڵ کرد و کلیلەکەیم لە گیرفانم نا، هەرکە کارەکەم بەئاکام گەیاند، هەناسەیەکی ڕەحەتم هەڵکشا، چەمەدانم هەڵگرت و پێوام: قورس بوو، هیچ کات تا ئەو رادەیە هەستم بەماندوویەتی نەکردبوو، نا، نەدەکرا، هیچ کات خۆم بەتەنێ دەرەقەتی ئەو جانتایە نەدەهاتم.

دیسانەوە هەورەکان ئاسمانیان تەنی و نمەبارانێ دەستی پێی کردەوە، لە ژوور هاتمە دەرێ، بگرە چاوم بەکەسێک بکەوێت تاکو یارمەتیم بداتێ و پێکەوە جانتا هەڵبگرین. لەو دەقەرەدا کەس

دیار نەبوو، دوورتر کەوتمەوە، جوان کە سەیرم کرد، لە نێوان تەمومژەکەدا، پیرە پیاوێکی پشت کۆمم چاو پێی کەوت کە لەژێر دارسەرووێکدا، خۆی ئەمەندەی تر کۆم کردبووەوە و دانیشتبوو. دەموچاوی لە تۆی شالێکی پاندا داشاردبوو، ڕوومەتی دیار نەبوو، بەئەسپایی لێی نزیکەوە بووم، هێشتاکە قسە لە زارم دەرنەهاتبوو کە پیرە پیاوی کۆم، دای لە قاقای پێکەنینێکی ناحەز و ناشیرن، بەو جۆرە کە مووچڕک بەلەشمدا هات، گوتی:

– "ئەگەر پێویستت بەحەمباڵ هەیە، ئەوەتا من ئامادەم عەرەبانەیەکی مردوو بەریشم پێیە من هەموو ڕۆژێک مردووەکان دەبەمە" شابدۆلعەزیم" و لە گۆڕیان دەنێم... ها.... من تابووت دروست دەکەم، لە قەد و بالای هەمووان تابووتم هەیە، ڕێک و بێ کەموکورتی، ئەوەتا من ئامادەم، هەر ئێستاکە....... "

قاقا پێ دەکەنی، بەجۆرێک کە شانەکانی هاتبوونە هەژان، من ئاماژەم کردە خانووەکەی خۆم، بەڵام ئەو دەرفەتی نەدامێ و گوتی:

– "پێویست ناکات، من باش دەزانمماڵت لە کوێدایە، هەر ئێستاکە... سەیر... سەیر...

هەستایە سەر خۆ، من بەرەو ماڵ سووڕامەوە، ڕۆیشتم، خۆم کردە ژوورەکەوە، بەئەستەم و زەحمەت، چەمەدانی مردووەکەم هێنایە بەردەرگە. چاوم کەوتە عەرەبانەیەکی کۆن و پەڕپووت لە بەردەرگەی ماڵدا ڕاوەستاوە، دوو ئەسپی لەڕ و ڕەش و مرداڵ موتوربە کرابوونە عەرەبانەکەوە پیرە پیاوی پشت کۆم لە شوێنی تایبەتدا دانیشتبوو، قایشێکی درێژی بەدەستەوە بوو، تەنانەت ئاوڕێکی لێم نەدایەوە، سەیرێکی منیشی نەکرد من بەزەحمەت جانتام لە شوێنی تابووتەکانی عەرەبانەدا، نا و خۆمیش سەرکەوتم و خۆم خستە شوێنگەی تابووتەوە و لەوێدا ڕاکشام و سەرم خستە سەر لێواری شوێنەکەی تابووتەکەوە، بەڵکو چاوم لە دەوروبەری خۆماندا ببێت، پاشان جانتام خزاندە سەر سینگم و بەهەردوو دەستم سفت و سۆل ڕام گرت.

قایش لە هەوادا سووڕایەوە، ئەسپەکان لێ خوڕین.

شابدۆلعەزیم: ئیمزادەیەکە لە تاراندا.

دارئەلفنوون: یەکەمین زانکۆی تارانی سەردەمی باوکی شای ئێران.

سەرچاوەکان:

١– تەفسیرێک لەسەر ئەدەبیاتی هاوچەرخی ئێران. چیرۆک. دوکتۆر عەلی تەسلیمی.

٢– بووف کور. سادق هیدایەت.

٣– سێ دڵۆپ خوێن، سادق هیدایەت.

٤– هەندێ سایتی ئینتەرنێتی.

# چیرۆکی ژیانی
# نووسەری لە چاوەڕوانی گۆدۆدا*

نووسەری ئەم کتێبە "لۆرنس گرینەر"ی ڕەخنەگر کە پسپۆڕە لە بواری ئەدەبی نوێدا. لەم کتێبەدا باس لە یەکێک لە کارەکتەرە هونەری و ئەدەبییە گرینگەکانی سەدەی بیستەم دەکات، ئەویش "سامویل بیکێت"ە. وەکی دەزانرێت "بیکێت" ساڵی ١٩٠٦ لە بنەماڵەیەکی پرۆتستانت مەزهەب لە دبلنی پایەتەختی ئیرلەندا هاتووەتە دنیاوە. خوێندنی ئامادەیی و زانکۆی لە وڵاتەکەی خۆیدا خوێندووە. ساڵی ١٩٢٨ لە پەیمانگای باڵای مامۆستایان لە پاریس وەک مامۆستای زمانی ئینگلیزی دەستبەکار دەبێت. دوای ئەوەی لە نێوان ساڵانی ١٩٣١-١٩٣٧ چەند جارێک سەردانی ئینگلتەرا و ئەڵمانیا و ئیرلەندا دەکات، ساڵی ١٩٣٨ بە یەکجاری لە پاریس نیشتەجێ دەبێت. سەروەختێکیش جەنگی دووەمی جیهانی دەست پێ دەکات، دەچێتە ریزی پارتیزانە فرەنسییەکان لە دژی نازیستە داگیرکارەکان. هەرچەندە فرەنساییش نەبوو، بەڵام چالاکانە ئەرکی خۆی بەجێ دێنێت. پاشان لە ساڵی ١٩٤٢ ڕوو دەکاتە ناوچە شاخاوییەکان، لە ترسی ئەوەی نەک پۆلیسی نهێنیی ئەڵمانیایی (گستاپۆ) دەسگیری بکەن. لەو ماوەیەدا هەم بۆ خۆشاردنەوە و هەم بۆ نان پەیداکردن، کاری جووتیاریی دەکرد. نووسەری ئەم کتێبە لە بەشێکی تری چیرۆکی ژیانی "سامویل بیکێت"دا دەڵێت: "دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٤٤ پاریس لە چنگی نازییەکان ئازاد کرا، بیکیت دەگەڕێتەوە بۆ شارەکە و لەوێدا دەست بە نووسینی زۆربەی بەرهەمەکانی دەکات و بە شێوازی تایبەتی خۆشی بەشداریی ژیانی ئەدەبی فرەنسایی دەکات. لە ١٩٤٦ بەدواوە بە فرەنسی دەنووسێت، بەڵام دەستبەرداری زمانی ئینگلیزیش نابێت". ساڵی ١٩٦٩ خەڵاتی نۆبڵ لە بواری ئەدەبدا وەردەگرێت، لەو کاتەشدا لە لووتکەی شۆرەت و شکۆمەندیدا بوو.

یەکێک لە شاکارە مەزنەکانی "بیکیت"، شانۆنامەی (لە چاوەڕوانیی گۆدۆ)یە کە باس لە ژیانی دوو کەسایەتی دەکات بە ناوی "ڤلادیمێر" و "ئیستراگۆن" و لە چاوەڕوانیی کەسێکدان بەناوی "گۆدۆ"وە. دیمەنی یەکەمی ئەم بەرهەمە ئەوەیە دوو کەس دەبینین کە لە قەراغ ڕێیەکدا و لە تەنیشت درەختێکی ڕوتەندا و لە بیاوانێکی چۆڵ و هۆڵدا، وەستاون و چاوەڕێن. بەڵام "گۆدۆ" نایەت، ناچار ڕۆژێکی تر چاوەڕێی دەکەن، بەڵام هەر دیار نابێت. لە بریی "گۆدۆ" دوو کارەکتەری لێبوک دێن،

.................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: شوان ئەحمەد

ئەم دووانەش بەوانە دەچن کە لە سێرکدا کار دەکەن و ناویان "بوزۆ" و "لیکی"یە.

یەکەمیان دووەمیانی وەک سەگ پەت کردووە و بە دوای خۆیدا ڕای دەکێشێت، وا دێتە پێش چاو کە کۆیلە و خزمەتکاری بێت. بەمجۆرە ڕۆژ دێت و دەڕوا، بەبێ ئەوەی "گۆدۆ" بێت. دواجار پەردە بەسەر دیمەنی "فلادیمێر" و "ئیستراگۆن"دا دادەدرێتەوە و هەردووکیان پیر و کەنفت بوون، لە چاوەڕوانیی کەسێکی سەیروسەمەرەدا کە هەرگیز نایەت، سەرەڕای چاوەڕوانیی زۆری ئەوانیش بۆی. لە کۆتاییدا هەردووکیان لە ڕێی خۆخنکاندنەوە هەوڵی کوشتنی خۆیان دەدەن.

شانۆگەریی (لە چاوەڕوانیی گۆدۆ)دا، بە پێچەوانەی شانۆی کلاسیکییەوە، هیچ گرێیەکی تێدا نییە. نە ڕووداوی تێدایە و نە هیچ شتێکی لۆجیکی، بگرە تەعبیرە لە پووچێتیی ژیان و بوون. ئێمە هەموو کات چاوەڕێی شتێک دەکەین، بەڵام ئەو شتە هەرگیز نایەت و ڕوو نادات. تەنانەت گەر بێتیش، ئەوا چاوەڕێی شتی تر دەکەین و.. هتد. لێرەوە ژیانمان پڕ دەکەین لە قسە و قسەڵۆکی پووچ و بێ مانا، بەڵام گرینگە بۆ کات بەسەربردن. ئێمە دواجار چاوەڕێی مردن دەکەین کە بە دڵنیاییەوە دێت، بەپێچەوانەی "گۆدۆ"وە کە هەرگیز نایەت. نووسەری ئەم کتێبە " لورنس گرینەر"، پێی وایە شانۆگەریی (لە چاوەڕوانیی گۆدۆ)دا لە ساڵی ١٩٤٨ نووسراوە، بەڵام تا ساڵی ١٩٥٢ نەخراوەتە سەر تەختەی شانۆ. ئێمە بۆ ئەوەی بە باشی لەم دەقە تێ بگەین، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ بارودۆخی ئەو سەردەمە. هەرچەندە "بیکێت" لە سیاسەتەوە دوور بوو، بەڵام وەکی کەسانی تر ئەو شتانەی لە چواردەوریدا ڕوویان دەدا کاریان تێ دەکرد. وەک نووسەرانی تر تێکەڵبوونی شتە تایبەتییەکانی خۆی لەگەڵ شتە گشتییەکاندا، دەستیان لە دروستکردنی تێڕوانینی ئەو بۆ دنیادا هەبوو. وەک باسمان کرد " بیکێت" سەرەتای ژیانی بە وێڵگەردی لە نێوان چەند وڵاتێکی ئەورووپاییدا دەست پێ کرد کە ئەمانە بوون: (ئیرلەندا، ئینگلتەرا، فەرەنسا، ئەڵمانیا)، بەڵام دواجار لە فەرەنسا گیرسایەوە و لەوێدا نیشتەجێ بوو. ساڵی ١٩٣٧ لە پاریس تووشی ڕووداوێکی سەیر و ناخۆش دەبێت، کاتێک زەلامێک بێ هیچ و لەخۆڕا پەلاماری دەدات و بەر چەقۆی دەدات. ڕەنگە ئەمە کاریگەری هەبووبێت لەسەر دروستکردنی ئەو جیهانبینییە پووچگەراییەی ئەو بۆ ژیان. وەکو دەزانین ئەو یەکێکە لە ڕێبەرانی شانۆی ئەبسۆرد.

گومانی تێدا نییە کە ژیانی وێڵگەردانەی، دەستی هەبوو لە دروستکردنی تێڕوانینی بۆ دنیا و تانە گەیشتە تەمەنی پەنجا ساڵی ئارام نەبووەوە و سەقامگیر نەبوو. لەو کاتەدا چاوەڕێی ئەوەی دەکرد دەروویەکی لێ بکرێتەوە، بەڵام بێ ئەنجام، تەواو وەک "گۆدۆ"ی پاڵەوانی شانۆگەرییە بەناوبانگەکەی. سەرباری ئەوەش ڕووداوەکانی دووەم جەنگی جیهانی و کارەساتەکانی و ئەو ملیۆنان مرۆڤەی لەو شەڕەدا تێدا چوون، هەموو ئەوانە بەشدار بوون لە دروستکردنی ئەو دیدگا ڕەشبینەی بۆ جیهان. لەبەر ئەوە "بیکێت" ژیانی بە جیدی نەگرت، چونکە ڕەنگە لە هەر کاتێکدا بێت نائومێدمان بکات و شتگەلێکمان نیشان بدات کە هەرگیز چاوەڕێی نەبووین.

ڕەنگە بە درێژاییی چەندین ساڵ و مانگ ڕەنج بدەین و خۆمان ماندوو کەین، بۆ ئەوەی بگەینە ئاکامێک، بەڵام دەبینین جگە لە نائومێدی دەستمان بە هیچ ناگات، لەوانەشە کەسێکی تر بگاتە

ئەو ئامـانجـە و بەرهـەمـەکەی بـخوات! کـەواتـە ئـەم هـەمـوو ڕەنج و دەردەسـەریە بۆچی؟ ئاخـۆ ژیان پووچ و بێ مـانا نیـیە یاخـۆ کـۆمـیدیایەک نیـیە کـە کـارەکـتـەرێکی گـەمـژە دەیگـێـڕێتـەوە، وەکی "شکسپیر" دەڵێت؟ ئەم هـەستکردنە بەو بۆشاییە ڕۆحییە و بە پووچێتیی ژیان، " بیکێت"یان تەوق دابوو. بەو پێـیەشـی ڕاسـتگۆ بـوو، نەشـیـدەویست درۆ لەگـەڵ کـەسـانی تردا بکات، بۆیە بەوپەڕی سەرڕاستییەوە باسی لە ناخی خۆی و ئەو شتانە دەکرد کە لە دڵیدا بوو.

نووسەر لە بەشێکی تری ئەم کتێبەیدا باس لەوە دەکات کە: "بیکێت لەژێر کاریگەری سوریالیزم و ئەندرێ بریتـۆندا بووە". وەکی ئاشکرایە "بریتـۆن"یش دوای جـەنگی جیـهانیی یەکـەم، باسی لە پووچێتیی ژیان کردووە. "بیکێت"یش بەهەمـان شێوە، بەڵام لە دوای دووەم جەنگی جیهانییەوە. لە هـەردوو حـاڵـەتەکەدا دەبوو جـەنگێکی مـاڵوێرانکەری نێودەوڵەتی ڕووی بدایە و ملیـۆنان مـرۆڤیش بوونایەتە قـوربانی، بۆ ئەوەی ئەدەبێکی پووچ و یاخی و دژ بە هـەمـوو مـانا پێدانێک بە ژیان بێتە ئارا. شـایەنی باسە زۆرێک لەو مەنەلۆجەی لە شـانۆگەرییـەکەی "بیکێت"دا هـاتووە، هیچ مـانایەکی نیـیە و بەو نـووسـینە ئۆتـۆمـاتیکییە دەچێت کە "ئەندرێ بـریتـۆن" باسـی دەکـات و لە مـانیـفـێسـتی سوریالیزمدا تیۆریزەی بۆ دەکات. ئەوەی ڕاستی بێت (لە چاوەڕوانیی گۆدۆ)ی "بیکێت"دا، تەعبیرە لە مرۆڤی دادڕاو لەم جیهانەدا. مرۆڤ کەرت بووە و لە ناخەوە بریندارە و ئەم برینەش بێچارەیە.

ڕەنگە ئێمە لە ناکاو ڕووبەڕووی مەرگی نزیکترین هـاوڕێ و خۆشەویستترین کەسمان ببینەوە، لە بەرامـبـەریشـدا هیـچمـان پێ نەکرێت، بەمـجۆرە وێران دەبین و بەدیار ئەو ئازیزانەی لـە دەستـمـان داون حـەسرەت دەکێشین. ئیتر ئەبێت ئەم ژیانە چ مانـایەکی هـەبێت، تۆ بڵـێیت شـایەنی ئەوە بێت بیگوزەرێنین؟ لەبەرئەوەیە هـەردوو پاڵەوانی شـانۆنامـەکە لە دواجـاردا بڕیـار دەدەن خـۆیان بکوژن، بەو پێیە تاکە چارەسەرێکە لە بەردەستدا بێت.

بەڵام هـەندێ لـە ڕەخنەگران، مـانایەکی تر لە شـانۆگەرییـەکەی "بیکێت"دا دەدۆزنـەوە. "گۆدۆ – godot" بە زمانی ئینگلیزی وشـەی (god) یەزدانمان بە بیر دێنێتەوە. لێرەوە پێ دەچێت دواجار ماناکەی بەمجۆرە بێت: "لە چاوەڕوانیی یەزداندا، یان لە چاوەڕوانی فریادڕەس و ڕزگارکەرێکدا"، بەڵام لە کـۆتاییـدا ئەم فـریادڕەسـە هـەر نایەت. ئەمـەش بەڵگەی ئەوەیە کە ئومـێـد لەم جیـهـانەدا مـەحـاڵـە، نائومـێدیی گەورەش لێرەدایە. لـەو کاتەوەی ئاین لە کۆمـەڵگەکانی ڕۆئاوادا پاشـەکشـەی کـرد، چەمکی یەزدان لە کـاڵـبـوونەوەدایە. ڕەنگە "بیکێت"یش ویسـتـبـێـتی گـوزارشـت لـەوە بکات و دۆخی شارستانییەتێک نیشان بدات کە خاڵییە لە هـەموو ئیمان و ئومێدێک، ئەمەش مانای ئەوەیە کە چاوەڕوانیکردنی "گۆدۆ" بێهودەییە و هـەرگیز نایەت.

لێرەوە دیارە کە شـانۆگەرییـەکە ڕەهـەندی میـتافـیـزیکیی تێدایە و مـانایەکی قـووڵ لەخۆ دەگرێت، ئەو مانایەش گوزارشتـە لە تەنگژەی ژیاری ڕۆئاوا. ئەم شارستانییەتە سـەرکەوتنی بەرچاوی لەسـەر هـەمـوو ئاسـتـە مـادی و تەکنۆلۆجییـەکان بـەدەست هێناوە، بەڵام لەسـەر ئاسـتی ڕۆحی و ئەخـلاقی بەهـەمان سـەرکەوتن نەگـەیشتووە. گەر ئەمە بەدی بهاتبایە، جەنگی جیهانیی یەکەم و دووەم ڕوویان نەدەدا و ئەو ملیـۆنان مـرۆڤـەش تیـا نەدەچوون. لێـرەوە تێ دەگـەیـن مـرۆڤ چەند گـەوجـە و چۆن

دەتوانێت لە چرکەساتێکی تووڕەییدا، هەموو ئەو شتانە وێران بکات کە بە درێژایی چەندین ساڵ دروستی کردووە. مانای پووچی و ناماقووڵی لێرەوە بەرهەم دێت کە شارستانییەت ناتوانێت، ڕێگە لە سەرهەڵدان و ڕوودانی کار و کردەوەی بەربەری و دڕندەیەتی بگرێت. گەر وانەبێت چ مانایەکی هەیە نەتەوە زۆر شارستانی و پێشکەوتووەکانی جیهان، وەک نەتەوەکانی فرەنسا و ئەڵمانیا و ئینگلتەرا، لە دوو جەنگی جیهانیی خوێناوییەوە بگلێن کە لە مێژوودا بێوێنەیە. ئەم شێتی و دێوانەییە چییە باڵی بەسەر ئەم شارستانییەتەدا کێشا و وای لێ کرد بەدەستی خۆی خۆی وێران بکات؟ ئاخۆ ئەڵمانیا یەکێک نەبوو لە نەتەوە هەرە شارستانییەتەکانی دنیا، کاتێک چارەنووسی خۆی دایە دەست پیاوێکی نەخۆشی وەک "ئەدۆڵف هیتلەر"؟ ئەمە چۆن ڕووی دا؟ وەک ئاشکرایە، نازیزم لە هەمان ئەو وڵاتەدا تەشەنەی سەند کە ڕابەرانی ئەقڵانیەتی وەک: "کانت و هیگڵ" و کەسانی تری وەک ئەوانی بەرهەم هێنا. فاشیزم سەروەختێک لە ئەوروپادا تەشەنەی سەند کە پێشتر ئەقڵانیەت و ڕۆشنگەری باڵادەست بوون، لەم ناکۆکییە گەورەشەوە شانۆی ئەپسۆرد و هەروەها ڕۆمانی نوێش لەسەر دەستی "ئالان ڕوب گرێ" و "میشێل بوتۆر" و "ناتالی سارۆت" هاتنە ئارا. تێکڕای ئەدەبی مۆدێرن، ئەو ئەدەبەی لێوانلێوە بە نیگەرانی و نائومێدی، بەرهەمی ئەو ڕوداوە مێژووییانەیە کە ئەوروپا لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا بەخۆیەوە بینی.

هەر لە درێژەی باسەکەیدا نووسەری ئەم کتێبە دەڵێت: "ڕاستە نیگەرانی وجوودی وەکی دیاردەیەک کۆنە و دەتوانین بیگەڕێنینەوە بۆ کێرکیگارد لە سەدەی نۆزدە، هەروەها بیگەڕێنینەوە بۆ کافکا کە سامویل بیکێت زۆر لەژێر کاریگەری ئەودا بوو، بەڵام نەگەیشتبووە ئاستی پووچگەرایی و نامەعقولیەتێکی پڕاوپڕ، وەکی ئەوەی لە دوایدا لەسەر دەستی یۆنسکۆ و ئەدامۆف و خودی بیکێت خۆشی ڕووی دا". ئەوەی تۆقێنەرە لەم جۆرە ئەدەبەدا ئەوەیە کە هەموو دەرگە و پەنجەرەیەکت بە ڕوودا دادەخا و هیچ دەرفەتێکت بۆ دەربازبوون بۆ ناهێڵێتەوە! واتە ئەم جۆرە ئەدەبە گوزارشتە لە نائومێدییەک کە لە هەموو لایەکەوە تەوقی مرۆڤ دەدات، ڕەنگە لەو ساتەوەختە مێژووییەدا ئەم شتە پاساوی خۆی هەبووبێت، بەڵام لە ئێستادا ئەو پاساوانە هیچ ڕەوایەتییەکیان نەماوە، دوای ئەوەی مرۆڤی ئەوروپایی سەرپێی خۆی کەوتەوە و ئومێدی بە ژیان پەیدا کردەوە، سەرباری هەموو ئەو شتانەی ڕوویان دا. بەمجۆرە ئەوروپا توانی نائومێدیی "بیکێت" و جیهانە تاریک و تۆقێنەرەکەی تێپەڕێنێت. وەکی ئاشکرایە "بیکێت" لەو شانۆگەرییە بەناوبانگەیدا دەڵێت: "هەموومان بەشێتی لەدایک دەبین و هەندێک تا دەمردن هەر لەسەر ئەو حاڵە دەمێننەوە"، ئەمەش وەک ئاماژەکردنێک بۆ خۆی و هەندێ لە بلیمەتەکانی تر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا "بیکێت" دەتوانێت هەندێک جار ئیجابیش بێت، بۆ نموونە لە یەکێک لە ڕۆمانەکانیدا دەڵێت: "مادامەکی ژیان هەیە، دەبێت ئومێد و هیواش هەبێت!"، هاوکات دەشڵێت: "تۆ دەژیت و و زیندەگی دەتبات، بەڵام دواجار هەر مەرگ دێت". مەرگ چاوی لەسەرمانە و لە بۆسەدایە بۆمان، دواجار هەرچییەکمان لەم ژیانەدا بنیاتناوە با دەیبات و کۆتایی دێت. کەواتە دوا قسە هەر بۆ نامەعقول و پووچگەراییە و هیچی تر.

* Lawrence graver: Beckett,Cambridge university press, 2004.p.128.

# كوبا....
# سەفەر و سیاسەت و هونەر

دانا ڕەئووف

فیدل کاسترۆی سەرۆکی وڵاتی کوبا نەخۆشە، پیاوێکی ڕیش درێژی بێهێزە و تەمەنی لە هەشتا ساڵ تێپەڕیوە، زیاتر لە پەنجا ساڵیشە بەدەستێکی ئاسنین، وەک دیکتاتۆرێکی توندڕۆ حوکمی کوبا دەکات. هەرچەندە کاسترۆ نەخۆش و بێهێزە، بەڵام کوبا لەژێر زەبری سیستەمێکی تاکڕەوانەی ئەم سیاسەتوانە دیکتاتۆرەدا، بەبێ هیچ گۆڕانکارییەک ماوەتەوە و وەک بەرەنجامێکی ئەو ڕێژیمە و لەلایەن زۆربەی وڵاتانی جیهانەوە سەرکۆنە کراوە، ئەوە بۆ چەندین ساڵە لەژێر ئابڵووقەیەکی ئابووری و دیپلۆماسیدایە.

هەموو جیهان و بەهۆی نەخۆشیی کاسترۆوە چاویان بڕیوەتە ئەم دوورگە سەوزە، ئەم وڵاتە گەرمە و ئەم سیستەمە شۆڕشگێڕە دیکتاتۆرە. پەنجا ساڵە لەم وڵاتەدا هەمان یاسا و پەیڕەو و



پرۆگرامی سەربازی، سەرەتای شۆڕشەکەی فیدل کاسترۆ، وەک خۆی و بەبێ هیچ گۆڕانکارییەک، پشت لە جیهان و دوور لە گۆڕانکارییە گلۆبالیزمەکان پیادە دەکرێت.

بۆ ماوەی ساڵێکە کاسترۆی ڕابەر و سەرکردە نەخۆشە و کوباش لە بەردەم دوورڕییانێکی ئاڵۆزدا چەقی بەستووە: شۆڕش هەروەک کاسترۆ پیر بووە و هەموو جیهانیش پاڵەپەستۆیان خستووەتە سەر ئەم وڵاتە. میدیای جیهانی بە وردی و لە نزیکەوە هەواڵەکانی کوبا و باری تەندروستیی فیدڵ کاسترۆ بڵاو دەکەنەوە، تا ئێستا چەند نەشتەرگەرییەکی بۆ کراوە و لەژێر چاودێرییەکی بەردەوام و وردی پزیشکە تایبەتییەکانیدایە. لە ماوەی ئەم یەک دوو ساڵەی تەمەنیدا، تەنیا یەک دوو جار و زۆر بەکورتی لە کەناڵەکانی میدیا و ڕووپەڕی ڕۆژنامەکانی ئەم وڵاتەدا دەرکەوتووە و بۆ یەکەم جار و دوای پەنجا ساڵ، حوکم و دەسەڵاتی وڵاتەکەی، بەشێوەیەکی کاتی داوەتە دەست وەزیری بەرگری (راوێل کاسترۆ)ی برا بچووکی[1].

گەر کاسترۆ ئەم ساڵ یان لە ماوەی چەند ساڵی داهاتوودا بمرێت، کوبا چی بەسەر دێت؟ کۆمەڵێ پرسیار لە ڕاڕەوەکانی دەسەڵاتدارانی وڵاتە گەورەکاندا تاوتوێ دەکرێت. کێ دوای کاسترۆ دەسەڵات دەگرێتە دەست، هەڵوێستی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا چی دەبێت و کوبا تا چەند دەتوانێت پارێزگاریی یاسا و ڕێژیمە کۆنەکەی خۆی بکات.

لەبەر ئەم هۆکارانە و زۆر هۆکاری تریش، بۆ نموونە باری هونەر و ئاستی شانۆ و ئازادیی ڕادەربڕین، بڕیارم دا سەردانێکی ئەم وڵاتە بکەم، تا لە نزیکەوە بەر لە گۆڕانکارییە بنەڕەتی و چاوەڕوانکراوەکان، یەکێک لە دوا سەربازگە سۆسیالیستییەکان ببینم[2].

## هاڤانا و وێستگەی یەکەم

ئێوارەیەکی درەنگ گەیشتینە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هاڤانا و کە هاتینە دەرەوە، تاریکی ئاسمانی شاری گرتبووەوە و کزەبایەکی گەرم لە پەنجەرەکانی ئەو تەکسییەی کە گەیاندینییە میوانخانەکەمان، ختوکەی دەموچاوی دەداین. هەر دوای کردنەوەی جانتا و دانانی کەلوپەلەکانمان هاتینە دەرەوە و بەڕێککەوت لە شەقام و کۆڵانەکانی بەشە کۆنەکەی شاری هاڤانادا گیرساینەوە. دوای تەماشاکردنێکی خێرای شەقام و گۆڕەپان و کۆڵانەکانی دەوروبەرمان چووینە قاوەخانەیەک، پشوویەکی کورتمان دا، قاوەیەکمان خواردەوە و هاتینە دەرەوە، بەهۆی ئافرەتێکی ڕێبوارەوە چووینە باڕەکەی هێمنگوای[3].

نووسەری گەورەی ئەمەریکایی (ئێرنست هێمنگوای) بۆ ماوەیەکی درێژ لە شاری هاڤانا ژیاوە و کاریگەرییەکی قووڵ و بەرفراوانی بەسەر ئەم شارەدا بەجێ هێشتووە[٤]. ئەم نووسەرە ڕۆمانە گەورە و بەناوبانگەکانی لەم وڵاتە نووسیون، کە لە ساڵی ١٩٥٤دا خەڵاتی نۆبڵ وەردەگرێت، لە هاڤاناوە خەڵاتەکەی پێشکێش بە کوبا دەکات و دەڵێت: "ئەم خەڵاتە خەڵاتی کوبایە، چونکە بەرهەمەکانم لە کوبا و لەگەڵ خەڵکی کوبی و بەتایبەتی ناوچەی کویومەردا نووسیون، منیش خۆم



بەخەڵکی ئەم ناوچەیە دەزانم."

جگە لە ئێرنست هێمنگوای، چی گیڤارا و فیدل کاسترۆ پێناس و جێگەی شانازی و نموونەی باڵا و بەها گەورەکانی خەڵکی هەژاری ئەم وڵاتەن. بەڵام لە سەروو هەموو ئەم ناوانەوە، مۆسیقا و سەما و گۆرانی، ڕیتمی یەکە بەیەکەی تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیەیە. هیچ کەسێک، هەژار یان دەوڵەمەند، خاوەن دەسەڵات یان کەسێکی ئاسایی، خاوەن بڕوانامەی بەرز یان سۆزانی و بێلایەنەکان، بەبێ مۆسیقا و ئاوازی ڕیتم و گۆرانی ناژین. ڕیتم و گۆرانی بە شادەمارەکانی خوێن و جومگەکانی جەستە و گوزارشتەکانی دەموچاویانەوە دیارەە.

## میوانداریی هێمنگوای

لە گۆڕەپانەکانی ناوچەی هاڤانای کۆن و شەقام و کۆڵانەکانی دەوروبەریدا، کەرنەڤاڵێکی سەما، شانۆی پانتۆمایم و ئاوازی مۆسیقا پێکدا چوون، ئارەقەی ناوچەوان، تیشکی خۆر، جموجووڵێکی گەورەی خەڵکی و هاتوهاواری فرۆشیارە گەڕۆکەکان بووبوونە بەشێکی زیندووی کەرنەڤاڵەکە.

دوای وچانێکی کورت لەگەڵ لیزای هاودەمم بە شەقامە سەرەکییەکەدا هاتینە خوارەوە و بەرەو سەنتەری هاڤانا و شانۆ دێرینەکەی گەڕەن. لێرەوە بە ئۆتۆمۆبێلێکی کرێ بەرەو خانووەکەی ئێرنیست هێمنگوای کەوتینە ڕێ.

سەعات و نیوێک بە ڕێگەیەکی قەرەباڵغ و ناخۆشدا بەڕێ کەوتین، پلەی گەرما بەرز بووبووەوە و خەڵکی لەمبەر و ئەوبەری شەقامەکەوە وەستا بوون و گەرەکیان بوو، بەشێوەیەک لە شێوەکان لەگەڵمان سوار بن. کە گەیشتینە ناوچەی سان فرانسیسکۆ دێ پاوڵا San Francisco de Paula کە دەکەوێتە دەرەوەی شاری هاڤانا و ناوچەی خانووبەرە گەورە و قەشەنگەکەی هێمنگوای، چووینە قاوەخانەیەک و لە نەخشە و پلانەکانی سەردانەکەمان ورد بووینەوە. دوای ئەوە بلیتەکانمان کڕی و

بە پێ بەهەورازێکدا سەرکەوتین، چەند لە خانووبەرەکە نزیک دەبووینەوە هێندەش ناوچەکە پاکوخاوێنتر دەبوو، باخچە و دار و درەختێکی گەورە و زۆر چواردەوری خانووبەرەکەی گرتووەتەوە و سێبەر و هەوایەکی فێنک و خۆش لە گەرما بەهێزەکەی ئەو دوا نیوەڕۆیە دەیپاراستین. خانووبەرەکەی هێمنگوای بە Finca La Vigia ناوزەد کراوە و تاکە موڵکێکیشە کە ئەم نووسەرە لە دەرەوەی سنوورەکانی وڵاتی ئەمەریکاوە هەیبووە.



قەڵەمە تیژکراوەکانی لەگەڵ چاویلکەکەی لەسەر مێزەکەی دانراوە، عەرەبانەیەکی بچووکی گوێزانەوەی مەی خواردنەوە بەتەنیشت کورسییەکانی ژووری میوانەکەیەوە، ویسکی، جن، براندی، کامپاری، تۆنیک، سۆدە و شەرابی سوور لەو ڕۆژەوەی کە هێمنگوای ماڵەکەی بەجێ هێشتووە، وەک خۆی ماوەتەوە. ڕۆژنامەکانی ئەو ڕۆژەی کە بۆ دواجار لە ماڵەوە بووە، تا ئێستا بە کراوەیی لەسەر مێزەکانە٦.

تێکڕای ژوورەکان هێمنگوایەکی ڕاوچیمان پێ دەناسێنن، لەسەر دەرگەکان، لە ژووری دانیشتن و میوانداری، شاخ و کەللەسەری ئاژەڵی گەورە، کێوی و جۆرەوجۆر هەڵواسراون، زۆربەی ئەو ئاژەڵانە هێمنگوای لە دارستان و جەنگەڵەکانی وڵاتانی ئەفریقیادا ڕاوی کردوون. یەکێک لە کتێبخانە گەورەکانی ژووری دانیشتنەکەی، تایبەتە بە بەرهەمەکانی خۆی، بە ئینگلیزی و بە هەموو زمانە وەرگێڕدراوەکانی تر. کتێبەکانی ئێرنیست هێمنگوای وەرگێڕدراونەتە سەر فرەنسی، ئەڵمانی، ئیسپانی، سویدی، عەرەبی، گریکی و .... هتد.

لەلای چەپی پشت دەرگەی ژووری نووستنەکەیەوە، ئامێری چاپ و نووسینەکەی لەسەر مێزێکی بەرز بەرچاو دەکەوێت، هێمنگوای لە کاتی نووسیندا بەپێوە بەرهەمەکانی نووسیون، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هێمنگوای لە کارەساتێکی تێکشکان و کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەیەکدا، پشتی زۆر بەسەختی دەشکێت و هەرگیز بە تەواوەتیش چاک نابێتەوە. بەدەمەستییەکی بەردەوام وا لەم نووسەرە دەکات کە چیی تر توانای نووسینی نەمێنێ، بەم هۆیەشەوە هێمنگوای دووچاری نەخۆشییەکی خەمۆکیی قووڵ و دەروونیی گران دەبێت و لە بەرەنجامدا بە کوشتنی خۆی بەکۆتا دێت.

کوباییەکان خانووبەرەکەیان بە شێوەیەکی زیندوو پاراستووە، دەستکاریی نەخشەی ژوورەکان، کەلوپەل و ئەتمۆسفێری گشتیی ماڵەکەیان نەکردووە، لەبەر ئەوە زیاتر هەستێکی ماڵ و ژیان بە تەماشاکەران دەبەخشێ، نەک مۆزەخانە.

لەو سەرەوە بە پاسێكی زۆر گەورە و درێژ، كە لە كوبا خۆیان دروستی دەكەن، بەرەو ناو شاری هاڤانا گەڕاینەوە. ڕۆژەكەمان تەرخان كردبوو بۆ میوانداری و بەسەركردنەوەی نووسەری گەورەی ئەمەریكایی ئێرنیست هێمنگوای، كە گەیشتینەوە شاریش، بە ماتۆڕی كرێ گەڕاینەوە بۆ بەشە كۆنەكەی هاڤانا و میوانخانەی ئەمبۆس مۆندۆس.

سەرەتا لە باڕەكە و شوێنی دانیشتنەكەی هێمنگوای، دوای ئەوە سەركەوتینە سەرەوە بۆ نهۆمی پێنجەم و ژووری ژمارە پێنجسەد و یازدە. بەڕێوەبەرایەتیی ئەم میوانخانەیە ژوورەكەی هێمنگوایان بەچەشنی خانووەكەی، كردووەتە مۆزەخانە.

ئامێری نووسینەكەی، كەرەستەكانی ماسی گرتنەكەی، ڕۆژنامە و هەندێ لە كتێبەكانی لە ژوورەكەدا پارێزراوە. پەنجەرەی ژوورەكە بەسەر دەریایەكی گەورەی شینی ئاسمانیدا دەڕوانێ، لەلای ڕاستییەوە بازاڕە قەرەباڵغەكەی هاڤانا و لەلای چەپیشەوە كۆشكی كڵێسا دێرینەكەی بەرز بووەتەوە.

هێمنگوای مێژووی كوبا و نەژادی دانیشتوانە دێرینەكانی ئەم وڵاتە جێگەی سەرنج و ڕامانی بووە و بە وردی لەو مێژووەی كۆڵیوەتەوە و هەستێكی گەرم و لایەنگیرییەكی بەهێزی بۆ خەڵكی ئەم وڵاتە هەبووە[٧].

## هونەر و شانۆ لە كوبا

لە دوای شۆڕشەكەی فیدل كاسترۆوە زۆربەی نووسەر و هونەرمەند و ڕۆژنامەنووس و كەسایەتییە كولتووری و بیرمەند و ڕۆشنبیرەكانی ئەم وڵاتە، پاڵپشتێكی سەد لە سەدی كاسترۆ و شۆڕشەكەی دەكەن و كوباش دەكەنە ناوەندێكی گرینگی ڕۆشنبیری و كولتووری لە هەموو ناوچەكەدا. بەڵام دواجار كاسترۆ هێدی هێدی هونەر و كولتووری وڵاتەكەی بەڕێچكەیەكی تردا دەبات و كوباش دەكاتە سەربازگەیەكی نادیموكراسی و هەوڵی سەركوتكردنی وشەی ئازاد و نووسەر و هونەرمەندەكانیش دەدات و هەموو شتێك دەخاتە ژێر سانسۆر و ڕكێفی خۆیەوە، ئەو كەسەشی وەك فیدل كاسترۆ بیر نەكاتەوە، لە بەندیخانەكان توند دەكرێت[٨].

بەڵام لەگەڵ هەموو چاودێری و قەدەغەكردنی بێ مۆڵەت و سانسۆر و بەربەستەكانی تردا، كوبا بە پێچەوانەی تێكڕای وڵاتە كۆمۆنیستەكانی ترەوە، سەنتەرێكی گەورەی كولتوورییە بەهەموو شێوە و شێوازەكانییەوە. هەموو هەرێمێك، ناوچە و گەڕەكێك، چەندە بچووكیش بێت، ناوەندی كولتووری و ڕۆشنبیریی خۆی هەیە، ئەم ناوەندانە نمایشی مۆسیقی، سەما، كۆنسێرتی مۆسیقای میللی و كلاسیكی، شانۆنامەی كۆمیدی، میللی و كلاسیكی پێشكێش دەكەن. ئەم چالاكییانە هەمیشە كراوەن و بەخۆڕایی بۆ بینەران پێشكێش دەكرێن، ئاستی ئەم نمایشانە زۆر بەرزن و كوباییەكان زیرەكانە هەموو شتێك دەكەنە هونەرێكی باش.

لە شانۆیەك سەمای فلامینكۆ، لەوی تریان بالێت یان مۆسیقای كلاسیكی، شەكسپیر یان

لۆركا پێشكێش دەكرێت، ڕۆمانەكانی ماركیس بەشێوەیەكی بەربڵاو لەسەر شانۆكان و بە فۆرم و شێوازی جۆرەوجۆر نمایش دەكرێن. ماركیس یەكێكە لەو نووسەرە جیهانییانەی كە پێگە و بەهایەكی زۆر گرینگی هەیە. بێگومان دەوڵەت و خودی كاسترۆ خۆی بەهەموو توانایەكییانەوە لەپشت بڵاوكردنەوەی بەرهەمەكانی ماركیسدایە، ماركیس هاوڕێی كاسترۆیە و یەكێكە لەو نووسەرە دەگمەنانەی كە بە ڕاشكاوی بەرگری لە كوبا، شۆڕشەكەی، سیستێمی وڵاتەكەی و خودی فیدل كاسترۆ دەكات.

## شانۆی نەتەوایەتیی كوبا

شانۆی نەتەوایەتیی كوبا Teatro Nacional de Cuba یەكێكە لە دەزگا هەرە كولتوورییە گرینگ و گەورەكانی كوبا و دەكەوێتە بەرامبەر گۆڕەپانی شۆڕش و ئاهەنگە نەتەوایەتییەكان. ئەم شانۆیە لەساڵی ١٩٥٩دا كراوەتەوە و چەندین هۆڵی شانۆ و ستۆدیۆی تۆماركردن و هۆڵی بچووكی ئەزموونگەری لەخۆ دەگرێت. لەناو ئەو خانووە گەورەیەدا، دوو هۆڵی سەرەكیی تایبەتمەندیی خۆی هەیە و هەموو پێداویستییە هونەرییەكانیشی بۆ دابین كراوە: یەكەمیان ئەڤێلاندا Avelland یە و دوو هەزار و پێنجسەد كەس دەگرێت، دووەمیشیان كۆڤاروبیا Covarrubiaیە و هەشتسەد كەس لەخۆ دەگرێت. لەم شانۆیەدا جگە لە نمایشەكانی خۆیان، سیمینار، كۆرسی هونەری، فیستیڤاڵی شانۆیی، باڵێت، كۆنسێرتی گیتار و مۆسیقای جاز پێشكێش دەكرێت. هەروەها گرووپە میوانەكانی دەرەوەی كوبا، لەم شانۆیەدا نمایشەكانیان پێشكێش دەكرێت[٩]. جگە لە شانۆی نەتەوایەتی چەندین گرووپ و شانۆی گەورە، بچووك، تەقلیدی، ئەزموونگەری، سیاسی، كۆمیدی، شانۆی بووكەڵە، شانۆی منداڵان، نەوجەوان و گەنجان، ئۆپەرێت و سەمائامێز .... هتد لە هەموو



شار و شارۆکەکانی کوبادا بڵاو بوونەتەوە و هەمیشە ڕێپورتوار و پرۆگرامی خۆیان هەیە[١٠].

## هاملێتێکی شۆڕشگێڕ

کە گەیشتینە هاڤانا، ماوەیەک بوو شانۆنامەی هاملێت لە شانۆی نەتەوایەتی پێشکێش دەکرا، دەستبەجێ هەوڵی بەدەستهێنانی بلیتی شانۆنامەکەمان دا، بە ماتۆڕی کرێ خۆیان گەیاندە گۆڕەپانی شۆڕش و شانۆی نەتەوایەتی.

زۆر بەتامەزرۆییەوە چاوەڕوانی بینینی هاملێت بووم، بەهەرچوار لای خۆمدا دەمڕوانی و سەیری کون و کەلەبەری هۆڵی شانۆکە و خودی خانووبەرەی شانۆی نەتەوایەتیم دەکرد.

شانۆی نەتەوایەتی سمبولێکی گرینگی دەوڵەت، شۆڕش و بزووتنەوەی شانۆی کوبییە، هەروەها دەروازەیەکیشە بۆ دەرەوە و گرووپ و شانۆ میوانەکان دێنە ئەم کۆشکە و شانۆکارانی کوبا بە شانازییەوە دەڕواننە شانۆ نەتەوەییەکەیان.

هۆڵەکە جمەی دەهات و بینەرێکی زۆر ئامادە بوون، خەڵکی ئاسایی هاڤانا، دەسەڵاتداران و ژمارەیەکی زۆر گەشتیار کە لە هەموو وڵاتانی جیهانەوە بۆ بینینی هاملێت هاتبوونە شانۆی نەتەوایەتی.

لەگەڵ دەسپێکی نمایشەکە، تیشکێکی بەهێز لە ناوەڕاستی شانۆکە دەدرێت، هاملێت بە جلوبەرگی سەربازییەوە دەردەکەوێت، زیاتر لە کەسایەتیی چێ گیڤارا دەچێت، نەفەسێکی قووڵی لە سیگارەکەی دا و بەتێڕامان و تووڕەییەوە دەڕوانێتە بینەران، سیگارەکەی فڕێ دا و بە پێ دەیکوژێنێتەوە و دەچێتە دەرەوە. هاملێت کەسایەتییەکی شۆڕشگێڕە، هاملێتێکی سۆسیالیست و دژ بە دەسەڵاتی ئیمپریالیزم (ئەمەریکا)، گلوبالیزم و بازاڕی ئازاد تێ دەکۆشێ. کۆشکەکەی پادشا، پادشا و دەستوپێوەندەکەی زۆر بە ئاشکرا بەرجەستەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایان دەکرد، نەک دانیمارک. هاوڕێکانی هاملێت بە ئاڵای سوورەوە دوای ڕابەرە شۆڕشگێڕە هەڵەشە و تووڕەکەیان دەکەون و سروودی شۆڕشگێڕانەی نێونەتەوەیی و مارشی کوبا دەڵێنەوە.

هەرچەندە ئەکتەرەکان زۆر لێهاتوون و نەخشەی ڕێژی و سینۆگرافیا، بەشێوەیەکی ئێستێتیکی و بەرز نەخشێنرابوون، بەڵام زۆر زوو بێزار بووم و شانۆنامەکەم وەک قەوانێکی سواو و کۆنی سەردەمی ڕێژیمی بەعس دەهاتە پێش چاو. دانمان بەخۆماندا گرت و تا کۆتاییی نمایشەکە دانیشتین، هاملێت کوژرا و هۆراشیۆ ئاڵا و پەیامی شۆڕشەکەی گەیاندە کۆمەڵانی خەڵک و ئازادیخوازانی جیهان!.

بێگومان خوێندنەوەی هاملێت و بەم شێوەیە دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵات و قووڵیی شانۆنامەکە و توانای شەکسپیر. هەموو کەسێک، هەموو گەلێک، هەموو پرس و هەموو شیکردنەوەیەکی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەلسەفی ..... هتد دەتوانێ خۆی لە ڕووداوەکانی هاملێت و بابەتی چیرۆک و بەسەرهاتەکەیدا بدۆزێتەوە.

## شانۆی گرەن

بەر لەوەی هاڤانا بەجێ بێڵین و بەرەو شاری ترینیداد بکەوینە ڕێ، بڕیارمان دا نمایشێکی باڵێت لەسەر شانۆی گرەن Gran Teatro de La Habana ببینین. ئەم شانۆیە یەکێکە لە گرینگترین خانووبەرە دێرینەکان و کۆشکێکی ڕازاوەی هونەری. شانۆکەش زیاتر تایبەتە بە نمایشی باڵێت و ئۆپێرا و دادەنرێت بە یەکێک لە گەورەترین هۆڵەکانی شانۆ لە جیهاندا و دەکەوێتە ناوەڕاستی شاری هاڤاناوە.

ئەم شانۆیە ئەندازیارێکی خانووبەرەی بەلجیکی نەخشەکانی کێشاوە و لە ساڵی ١٩١٥دا بە ئۆپێرا بەناوبانگەکەی ڤێردی (ئایدە) کراوەتەوە. ئیسپانییەکان ئەم شانۆیەیان بۆ دەسەڵاتی خۆیان دروست کردووە و پڕۆژە و بەرهەمی هونەری ئیسپانی و کۆبوونەوە تایبەتییەکانی خۆیانیان تیا گێڕاوە، گەورەییی شانۆکە و ڕازاوەیی خانووبەرەکەش، گوزارشتێکی ڕاستەوخۆی دەسەڵات و حوکمی ئیسپانییەکان بووە لەم وڵاتەدا[١١].

شانۆی گرەن ئێستا مەڵبەندی باڵێتی نەتەوایەتیی کوبایە و هەروەها بارەگە و شانۆی تایبەتی کۆریۆگرافی گەورەی کوبی خاتوو ئەلیسیا ئەلۆنسۆیە .Alicia Alonso[١٢].

بەر لە دەستپێکردنی نمایشەکان، بە چەشنی عێراقی سەدام، بەرپرس و هاوڕێ کۆمۆنیستەکان چەند وتارێکیان خوێندەوە، لە وتارەکانیاندا دووپاتی ڕۆڵی شۆڕش و فیدل کاسترۆی سەرکردەیان کردەوە و تەقەلاکانی ئیمپریالیزمی جیهانیشیان بۆ تێکشکانی ئیرادەی خەڵکی کوبا ڕیسوا کرد.

خاتوو ئەلیسا ئەلۆنسۆیە لە ڕیزی یەکەمی بانیژەی شانۆکە دانیشتووە، کە هاتە ژوورەوە، وەک کەسایەتییەکی گەورە لەلایەن بینەرانەوە پێشوازیی لێ کرا و بە چەپڵەڕێزان بەدوایەوە بوون تا لە جێگەکەی خۆی دانیشت.

نمایشەکە خوێندنەوەیەکی سۆسیالیستانە بوو بۆ تراجیدیای (ئۆتیللۆ)ی شەکسپیر و بەشی کۆتاییی شانۆنامەکەیان بە تەواوەتی لابردبوو. لە بریی ئەوەی باڵێتەکە بە کوشتنی دێزدەمۆنە، ئۆتیللۆ و یاگۆ بەکۆتا بێت، بە ئیرەیی و گومانەکانی ئۆتیللۆ و گەمە پڕ لە قینەکەی یاگۆ بەکۆتا دێت. هەرسێ کارەکتەرەکە وەک سینەیەکی دژ و جیاواز ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە.

بێگومان بە پێچەوانەی شانۆنامەکەی هاملێتی شانۆی نەتەوایەتییەوە، ئەم نمایشە زیاتر زمانی جەستە و ئێستاتیکای جووڵەی جەستە و سەما ڕۆڵی خۆی دەگێڕا . سەمازانەکان وەک هەر سەمازانێکی مۆدێرنی ئەوروپایی سەمایان دەکرد و لەسەر ئاستێکی بەرز جەستەیان بەکار دەهێنا و ئاوێزانی مۆسیقا کلاسیکییەکەیان دەکرد[١٣].

## ترینیدا

کازیوەی بەرەبەیانی دووی ئاپریل بە پێپلیکانە زۆر باریک و پێچاوپێچەکانی ئەو خانووە دوو نهۆمییەی کە گرتبوومان، بەخۆمان و کەلوپەل و جانتا قورسەکانمانەوە هاتینە خوارەوە. کە دەرگەکەمان لەدوای خۆمانەوە داخست، هێشتا هەتاو نەکەوتبوو، گڵۆپە زەردەکانی سەر شەقامەکان زۆر بە کزی دەسووتان و لە چەند پشیلەیەکی برسی و لاواز زیاتر هیچ بوونەوەرێکی تر بەدەرەوە نەبوو. چەند هەنگاوێک بەڕێ کەوتین تا چووینە سەر شەقامە سەرەکییەکە و لەوێوە چووین بۆ تەرمیناڵ و بەرەو شاری ترینیدا کەوتینە ڕێ. دوا نیوەڕۆیەکی درەنگ گەیشتین، تیشکی خۆر دابەزیبووە سەر زەوی و هالاوی گەرمی و بۆنی جەستەی مرۆڤ تێکەڵاو بووبوون.

شارەکە زۆر خنجیلە و جوانە و لە ساڵی ١٥١٤دا بنیات نراوە، ئەم شارە پێگە و بەهای تایبەتمەندیی مێژوویی خۆی هەیە و لە ساڵی ١٩٨٨دا ئۆرگانی یۆنسکۆی نەتەوە یەکگرتووەکان خستوویەتییە لیستی ئاسەوارە جیهانییە دێرینەکانەوە. شەقامەکان بەردڕێژن و بەرزی و نزمییەکی زۆریان تێدایە و سیما دێرینەکەی خۆی بەجۆرێک پاراستووە، هەروەک ئەوەی زەمەن لە سەردەمی کۆلۆنیالیزمەوە وەستابێت[١٤].

یەکێک لە شێوازە جوانەکانی ئەم شارە ئەوەیە کە دیواری گەڕەک، ماڵ و بازاڕەکانیان بە ڕەنگی زەق و جۆرەوجۆر ڕازاوەتەوە و هەستێکی خۆشی و ئەتمۆسفێرێکی ئاهەنگئامێز بە گەشتوگوزارەکان دەبەخشێ.

لەم شارەدا چەندین مۆزەخانەی دانسقە هەن، بۆ نموونە مۆزەخانەی مێژوویی، مۆزەخانەی ڕۆمانتیکی، مۆزەخانەی کولتووری، مۆزەخانەی ئیشی دەست و تەنانەت مۆزەخانەیەکی شەپقە و کارگەیەکی دروستکردنی هەموو جۆرە شەپقە کوبییەکانیشی تێدایە.

## سانتا کلارا یان شاری پێشمەرگە پاڵەوان و ئازاکە

دوای دوو ڕۆژ لە ترینیداوە ڕۆیشتین بۆ سانتا کلارا، ئەم شارە بە شاری چێ گیڤارا ئاماژەی بۆ دەکرێت و دانیشتوانەکەی، شارەکەی خۆیان بە (شاری پێشمەرگە پاڵەوان و ئازاکە) ناوزەد کردووە و چێ گیڤاراشیان کردووەتە کوڕی خۆیان. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوێکی مێژوویی و چارەنووسسازانەی گرینگ، لە مانگی دیسەمبەری ساڵی ١٩٥٨دا، دوا شەڕە پارتیزانییەکانی چێ گیڤارا لەم شارەدا کۆتا بە ڕێژیمی دیکتاتۆری بەتیستا دەهێنێ و سەرکەوتنی یەکجارەکی بۆ شۆڕشەکەی فیدل کاسترۆ بەدەست دەهێنێ. کە لە ساڵی ١٩٩٧یشدا ئێسک و پرووسکی گیڤارا و هاوڕێکانی لە یەکێک لە گۆڕستانە بەکۆمەڵ و نهێنییەکانی ناوچە شاخاوی و دوورەدەستەکانی بۆلیفیادا دەدۆزنەوە، بەڕێوڕەسمێکی فەرمیی بەرز و بە ئامادەیی فیدل کاسترۆ و راوێڵی برای لە شاری سانتا کلارادا، سەرلەنوێ بە خاکیان دەسپێرنەوە.

دوا ئارامگەی چێ گیڤارا مێنۆمێنتێکی گەورەیە و ساڵانە هەزاران کەس لە هەموو جیهانەوە سەردانی دەکەن، گۆڕەپانی مێنۆمێنتەکە پەیکەرێکی ئێجگار گەورەی چێ گیڤارای تیا بەرز بووەتەوە، نهۆمی خوارەوە بە دەستە ڕاستدا مۆزەخانەیەکی بچووکە و هەموو کەلوپەلە تایبەتمەندەکانی چێ گیڤارای لێ پارێزراوە، لە هەمان کاتدا پێشانگەیەکی فۆتۆگرافیی ژیانی چێ گیڤارا، لە منداڵییەوە تا دوا ڕۆژەکانی تەمەنی بەرجەستە دەکات. لە ڕاڕەوێکی باریک و دەرگەیەکی گەورەوە لە مۆزەخانەکەوە دەچیتە دوا ئارامگەکەی چێ گیڤارا، ژوورێکی ساکار، ئەتمۆسفێرێکی ڕیتواڵئاسا، بەردەوامییەکی زیندوو بە کەسایەتیی چێ دەبەخشێت. گۆڕەکەی لە دیوارێکدایە و تیشکێکی ڕووناکی، بە کزی لەسەر وێنەکەیەتی و مەشخەڵی ئاگرێکیش بە بەردەوامی لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا دەسووتێ، بێدەنگییەکی ڕەها، ڕێزێکی گەورە و سمبولێکی تاهەتاییی شۆڕش پانتاییەکانی شوێنەکە داگیر دەکات[١٥].

## شۆڕشی ئافرەتە سپیپۆشەکان

لە گەڕانەوەماندا چەند ڕۆژێکی تر لە هاڤانا ماینەوە، شانۆی کارل مارکس، فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی سەما و مۆزەخانەی شۆڕش چەند وێستگەیەکی گرینگی دواڕۆژ و ساتەکانمان بوو لە کوبا[١٦].

من و لیزای هاوڕێم بەر لە گەشتەکەمان و لە سوێد چیرۆکی ئافرەتە سپیپۆشەکانمان بیستبوو، هەندێ ڕیپۆرتاجیشیان لەسەر بلاو کرابوونەوە، لەبەر ئەوە بەلایەوە گرینگ بوو کە ئەم ئافرەتانە ببینین و قسەیان لەگەڵ بکەین.

نزیکەی پەنجا تا شەست ئافرەتێک هەموو ڕۆژانێکی یەکشەم بە جلوبەرگی سپییەوە ڕێپێوان و خۆپێشاندانێکی هێمنانە دەکەن بۆ ئازادبوونی ئەو حەفتا و پێنج پیاوەی کە بەر لە چوار ساڵ گیراون و لەسەر داواکردنی ئازادیی بیرورا بە بیست ساڵ زیندانی حوکم دراون. ئەو بەندکراوانە ڕۆژنامەنووس، نووسەر، هونەرمەند، وێنەگر، کارمەندانی کتێبخانەکان، دیموکراسیخوازان و هەندێ کەسانی تری ڕۆشنبیر و هۆشیاری کوبان و بەبێ ئەوەی داوای کەوتنی ڕێژیم، یان دژی فیدل کاسترۆ و ڕێژیمەکەی جەنگی بن، لە زیندان ئاخنراون[١٧]. داواکارییەکانی ئەو حەفتا و پێنج کەسە ڕۆشنبیرە تەنیا تۆزێ زیاتر ئازادی و ئازادیی ڕادەربڕین و کرانەوە بووە بە رووی جیهاندا.

ئەم ئافرەتانە ژن، کچ، خوشک و دایکی ئەو حەفتا و پێنج بەندکراوەن و لە ساڵی ٢٠٠٤ەوە ئەم ڕێکخراوە، یان بزاڤەیان دروست کردووە و بەرگە سپییەکانیشیان سمبولی بێتاوانیی ڕۆڵە و باوک و پیاوەکانیانە.

بەیانی زوو خۆمان گەیاندە کڵێسای سانت تێ ڕیتە کە ئافرەتە سپیپۆشەکانی لێ کۆ دەبنەوە، کڵێساکە دەکەوێتە یەکێک لە ناوچە مۆدێرن و ڕازاوەکانی هاڤانا و زۆربەی باڵیۆزخانەکانی وڵاتانی ئەوروپا دەکەونە ئەم ناوچەیەوە[١٨].

بەرەنجام و چارەنووسی کوبا بەکویٚ دەگات: هیچ گۆڕانکارییەک، هیچ سەربەستییەک، بەر لە مەرگی فیدل کاسترۆ ڕوونادات، نەک هەر ئەوە بگرە دوای مەرگی کاسترۆیش دەسبەجیٚ هیچ وەرچەرخانیٚک ڕوو نادات.

براکەی کاسترۆ دەسەڵات دەگریٚتە دەست و تا ئاستیٚک ئابووریی وڵات لیبرالیسیٚرە دەکریٚت، هەروەک ئابووریی چین. بەڵام کۆنترۆڵ و سەرسنوور و سەرکۆنەکردن وەک خۆی دەمیٚنیٚتەوە تا ئەو ڕۆژەی نەوەیەکی نویٚی سیاسەتوان و سەرکردەی مۆدیٚرن دەردەکەون، سەرکردەیەک بەبیٚ جلوبەرگی سەربازی و حکوومەتیٚکی مەدەنی، ئەو کات دەتوانین بڵیٚین شۆڕش کۆتاییی پیٚ هاتووە.

پەراویٚزەکان:

١- کوبا لە هەزار و شەشسەد دوورگە پیٚکهاتووە و تەنیا چواردە میل لە شاری فلۆریدای ئەمەریکاوە دوورە. دانیشتوانی ئەم وڵاتە نزیکەی یازدە ملیۆن و نیوە و تەنیا دوو ملیۆن و نیوی لە هاڤانای پایەتەختدا دەژی. لە سەدا پەنجا و یەکی دانیشتوانەکەی تیٚکەڵاوە، بۆ نموونە لە سەدا سی و حەوتی خەڵکی سپی و لە سەدا یازدەی ڕەشپیٚستە و لە سەدا یەکیشی خەڵکی بە نەژاد چینییە.

زمانی ئیسپانی زمانی فەرمیی کوبایە و لە پاڵ دیانەتی مەسیحیدا، هەر لە سەدەی شازدەوە، ئاینی ئەفرۆ-کوبا، بەشیٚوەیەکی قووڵ ڕەگ و ڕیشەی داکوتاوە. بەتایبەتی و لە کیٚڵگەی شەکرەکاندا کۆیلە ڕەشەکانی ئەفریقیا بەشیٚوەیەکی ئاشکرا پەیڕەوی ڕیتواڵ و داوونەریتە ئاینییەکانی خۆیان کردووە و تا ئیٚستاش ماوەتەوە.

٢- فیدل کاسترۆ هەر لە سەرەتاوە لەناو ڕیزی قوتابییە بەرهەڵستکارەکاندا دەردەکەویٚت، یاسا دەخویٚنیٚت و دەبیٚتە پاریٚزەر و هەوڵی ئەوەی داوە کە لە ڕیٚگەی یاسا و دەرگەکانی دادگەوە، شەرعییەت لە ڕیٚژیمی (بەتیستا) بسەنیٚتەوە، بیٚگومان ئەو هەوڵانەی کاسترۆ بیٚ ئاکام دەبیٚت، لەبەر ئەوە پەنا دەباتە بەر شۆڕشی چەکداری. کاسترۆ لەگەڵ سەد و شەست و پیٚنج هاوڕیٚی چەکدار و لە بیست و شەشی تەمووزی ساڵی ١٩٥٣دا هیٚرش دەکەنە سەر ناوچەیەکی گرینگی سەربازی لە شاری سانتیاگۆ. بەڵام هیٚرشەکەیان شکست دیٚنیٚ و کاسترۆش دەسگیر دەکریٚت و دەدریٚت بە دادگەیەکی سەربازی. کاسترۆ لەو دادگەیەدا وەک پاریٚزەریٚک داکۆکی لە خۆی دەکات و لە وتاری بەرگریکردنەکەیدا دەڵیٚت: میٚژوو من ئازاد دەکات، نەک دادگەکەی ئیٚوە.

کاسترۆ پازدە ساڵ زیندانی دەکریٚت و دوای ئەوە دەچیٚتە مەکسیکۆ. لەویٚ بزووتنەوەی بیست و شەشی یولی دروست دەکات، ناوی بزووتنەوەکەش لە خودی ئەو هیٚرشەوە ناوزەد دەکریٚت کە لە ساڵی ١٩٥٣دا شکستی هیٚناوە. ئەم بزووتنەوەیە بەشیٚوەیەکی سیستەماتیک و بەرنامەڕیٚژ، کوباییەکانی تاراوگە لە خۆی کۆ دەکاتەوە و ڕیٚکیان دەخات. هەر لە مەکسیکۆ و لەم قۆناخەدا فیدل کاسترۆ پزیشکیٚکی گەنجی ئەرجەنتینی مارکسی بەناوی (ئەرنیٚستۆ چیٚ گیڤارا)وە دەبینیٚ. دواتر کاسترۆ لەگەڵ کۆمەڵیٚ پیٚشمەرگەی چەکدار و لە مانگی دیسەمبەری ساڵی ١٩٥٦دا بە بەلەمیٚکی ماتۆڕ بە ناوی (گرانمە)وە دەگەڕیٚنەوە بۆ کوبا. سوپای بەتیستا ئامادەی ئەم هیٚرشە دەبن و بەر لە کاسترۆ و پیٚسمەرگەکانی دەگرن، کاسترۆ، ڕاوڵی برای و چیٚ گیڤارا هەڵدیٚن و لە چیا سەختەکانی (سیٚیرە

مالێسترا)دا خۆیان دەشارنەوە.

کاسترۆ و هاوڕێکانی کۆڵ نادەن و سەرلەنوێ لە پایزی ساڵی ١٩٥٨دا دەگەڕێنەوە و لەسەری ساڵی ١٩٥٩دا هاڤانای پایەتەخت دەگرن و سوپا و پیاوەکانی ڕێژیمی بەتیستا ڕاو دەنێن. چەکدارەکان هەر خێرا حکوومەتێکی کاتی دادەمەزرێنن و فیدل کاسترۆش، بۆ هەتاهەتایە دەکەنە سەرەک وەزیری ئەو حکوومەتە.

٣- ئێرنیست هێمنگوای زۆر قاوەخانە، مەیخانە و چێشتخانەی تایبەتی خۆی هەبوون کە بەردەوام سەردانیانی کردوون، بەڵام لەنێو ئەو شوێنانەدا La Bodeguita del Medio و La Floridita مەیخانە دڵپەسند و تایبەتییەکانی بوون. ئەمڕۆ ئەو دوو مەیخانەیە بوونەتە جێگەی گەشتوگوزار و لە هەموو دنیاوە خەڵکی کە دێنە کوبا، ڕوویان تێ دەکەن و ئەو جۆرە شەراب و خواردنەوە قورسانە، بۆ نموونە Mojitos، Daiguiris دەخۆنەوە، کە هێمنگوای خواردوونیەتییەوە.

٤- ئێرنست هێمنگوای بۆ یەکەم جار و لە ساڵی ١٩٣٢دا سەردانی کوبا دەکات، ئەم سەردانە خۆشەویستییەکی گەورەی ئەم وڵاتە لەلای هێمنگوای دروست دەکات. هێمنگوای لە سەرەتادا بەنیازی تەنیا دوو هەفتە دێتە کوبا، بەڵام دوو مانگ دەمێنێتەوە. ئەم نووسەرە عاشقی زەریا و حەزێکی گەورەی ڕاوەماسیی دەیبەستێتەوە بە وڵاتی کوبا و شاری هاڤاناوە، دوای چەند سەردانێکی تر، لە ساڵی ١٩٣٩دا بە تەواوەتی لەم دوورگە ڕازاوەیەدا جێگیر دەبێت. سەرەتا ژوورێک لە میوانخانەی ئامبۆس مێندۆس Ambos Mundos، ژووری ژمارە ٥١١ دەگرێت.

ئێرنیست هێمنگوای زیاتر لە بیست ساڵی تەمەنی لە کوبا بەسەر دەبات، لە سەردەمی باتیستەکانەوە تا دوای شۆڕشەکەی فیدل کاسترۆ، هێمنگوای لە ساڵی ١٩٦٠دا کوبا جێ دێڵێ و دەگەڕێتەوە بۆ ئەمەریکا، بەڵام تەنیا دوای یەک ساڵ بەدەستی خۆی کۆتا بە ژیانی دێنێ.

٥- ڕیتم و مۆسیقا، گۆرانی و سەما پێگە و بەهایەکی مەزنی لەم وڵاتەدا هەیە، ژن و پیاو، منداڵ و پیر، هەمیشە لەسەر شەقام و کۆڵانەکان، لە ماڵ و لە گۆڕەپانە گشتییەکاندا سەما دەکەن، گۆرانی دەڵێن و مۆسیقا دەژەنن. گەلی کوبا، بە هەموو چین و توێژەکانیەوە، خەڵکانێکی هەژارن و لە زۆر پێداویستیی ژیان بێبەشن، بەڵام لە بریی ئەوە گەلێکی دڵخۆشن و دەم بە خەندە و پێکەنین. کچێکی گەنج لە یەکێک لە شەقامە قەرەباڵغەکانی هاڤانای کۆندا، گۆرانیی دەگوت، سەمای دەکرد و بەو شێوەیە گەشتیارەکانی لە خۆی کۆ دەکردەوە تا دەرامەتی ڕۆژانەی دابین بکات. لە پشوویەکی کورتدا بە پێکەنین و گاڵتەوە گوتی: "ئێمە تازەترین جۆرەکانی تەلەفۆنی دەستی یان کۆمپیوتەرمان نییە، بەڵام هەموو ڕۆژێک سەما دەکەین، گۆرانی دەڵێین و مۆسیقا دەژەنین."

ئەم وڵاتە بە بەهەشتی ڕیتم و ئاوازی مۆسیقا ئاماژەی بۆ دەکرێت، زۆربەی ڕیتمە مۆسیقاییەکانیش هەر لەم وڵاتەوە سەرچاوەیان گرتووە. مێژووی ڕیتم و مۆسیقای کوبی زۆر دێرینە، هەمەچەشنە و چەندین کولتوور لە خۆیدا کۆ دەکاتەوە. بۆ نموونە مێژووی ئەم ڕیتمانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کۆیلانەی کە لە ڕۆژئاوای ئەفریقیاوە هاتوون. ئەم کۆیلانە لەدوای ئیشوکارە سەختەکانی ڕۆژانەیانەوە، بەنهێنی و بەهۆی ڕیتمی خێرا و جۆرەوجۆرەوە سەمایان بۆ خواوەندەکانیان کردووە. یەکێک لە هۆکارە گرینگەکانی ئەو ڕیتواڵە ئاینییانە ئەوە بووە کە خواوەندەکانیان یارمەتییان بدەن، وزە و توانایان پێ

ببەخشن تا بتوانن بەسەر ژیانی کۆیلایەتیی خۆیاندا زاڵ بن. دواتر وەچەکانی ئەم کۆیلانە توانیویانە ئازاد بن و ژیانێکی تر بۆ خۆیان دابین بکەن، هێدی هێدی وەچە و فەرزەندەکانی تر ڕیتم، سەما و گۆرانییان بەنێو شارەکانی هاڤانا و ماتانزەدا بڵاو کردووەتەوە. جۆرە پێکداچوون و تێکەڵاوییەک لە نێوان ترادیشونی ئەفریقیایی و ئەوروپایی، کولتووری کوبی پێک دێنێ، ئەم کولتوورە جیاواز و پێکداچووە لە مۆسیقا، شیعر و سەمادا زۆر بە زەقی دیارە. مێژووی یەکەم پێکداچوونی ڕیتمی ئەفریقیایی و مۆسیقای ئەوروپایی دەگەڕێتەوە بۆ شاری ماتانزە و دەوروبەرەکەی، هەر لەم شارە کوبییەشەوە بە هەموو جیهان بەگشتی و ئەمەریکا و شاری نیو ئۆرلێنسی New Orlens بەتایبەتی، بڵاو دەبێتەوە. نیو ئۆرلێنسی ئەمەریکایی دادەنرێت بە شاری مۆسیقای جازی جیهانی، ئەم شارە لە وڵاتی کوبا و شاری ماتانزەوە فێری مۆسیقا دەبن، کاریگەرییەکانی مۆسیقا و ڕیتمی کوبی بەسەر ئەم شارەوە ئێجگار گەورەیە. ئەم دوو شارە زۆر نزیکن لە یەکترەوە و لە نێوان شاری ماتانزەی کوبی و نیو ئۆرلێنسی ئەمەریکیدا تەنیا ڕووبارێک هەیە.

بۆ بەرەوپێش چوون و برەودان بە ڕیتم و مۆسیقای کوبی، بەتایبەتیش ئەو مۆسیقایەی کە ڕەگ و ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ مۆسیقا و ڕیتمی ئەفەریقی، چەندین داوودەزگای تایبەتمەند هەن. بۆ نموونە لە هاڤانا دەزگایەکی گەورە بەناوی Conjunto Folclorico Nacional دامەزراوە بۆ لێکۆڵینەوە و پاراستنی کولتوور و ترادیشونی سەما، گۆرانی و مۆسیقای ئەفەریقی.

٦-خانووبەرەکەی ئێرنست هێمنگوای Finca La Vigia لە ساڵی ١٨٨٧دا ڕۆنراوە و هێمنگوای لە ساڵی ١٩٣٩دا کڕیویەتی. لە ساڵی ١٩٦٢یشەوە کراوەتە مۆزەخانە. هەر لەدوای بڵاوبوونەوەی دەنگوباسی خۆکوشتنی ئەم نووسەرە لە کوبا بەگشتی و شاری هاڤانا بەتایبەتی، داوودەزگا کولتوورییەکان هەموو کەلوپەل و ئەتمۆسفێر و شێوازی ماڵەکە، وەک چۆن هێمنگوای تیا ژیاوە، کۆ دەکەنەوە و دەیپارێزن. بۆ نموونە لەم خانووبەرەیەدا کتێبخانەی هێمنگوای کە هەشت هەزار کتێب لەخۆ دەگرێت. جلوبەرگ و کەرەستە تایبەتەکانی: سەبیلی جگەرەکێشان، ئامێری چاپ، تابلۆ و بەرهەمە هونەرییەکانی وەک خۆیان دانراون.

٧- کوبا لە سەردەمە زۆر دێرینەکانەوە خەڵکی تیا ژیاوە، لە سەرەتادا ئیندیانەکان، هیندە سوورەکانی ئەمەریکا لەم دوورگەیەدا ژیاون. بۆ یەکەم جار لەلایەن کۆلۆمبوس ئەدۆزرێتەوە و دواتر لەلایەن ئیسپانییەکانەوە تا چوارسەد ساڵ داگیر دەکرێت.

لە سەدەی چواردەدا، کە ئیسپانییەکان دێنە کوبا و ئەم دوورگەیە بۆ یەکەم جار ئەدۆزنەوە، لە نێوان هەشتا تا سەد هەزار هیندیی سووری تیا ژیاوە. هەر دوای چەند ساڵێک ژمارەی ئەم هیندییە سوورانە بەهۆی چەوساندنەوە، کاری گران و نەخۆشییەوە، تەنیا چەند هەزارێکیان لێ دەمێنێتەوە و ئێستاش بەتەواوەتی قەڵاچۆ بوون. ئیسپانییەکان دواتر ناچار دەبن کە نزیکەی یەک ملیۆن کۆیلەی ئەفەریقی بهێننە ئەم وڵاتەوە و لە کێڵگەی شەکر و تووتندا کاریان پێ بکەن. لە سەدەی حەڤدەیشدا سەد و بیست هەزار چینی دێنە ئەم وڵاتەوە، لە سەدەی بیستیشەوە جگە لە ئیسپانی و ئەفەریقی، خەڵکی تر لە وڵاتە ئەوروپییەکانەوە، لە هایتی، جامایکا، وڵاتانی ئەمەریکای لاتین و لە ئەمەریکاوە دێنە کوبا و نیشتەجێ دەبن. ئەم دوورگەیە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٨٩٩دا سەربەخۆیی خۆی بەدەست

هێناوە، هەر دوای سەربەخۆیی و بە یارمەتیی دیکتاتۆرە یەک لە دوای یەکەکانی کوباوە، بەتایبەتیش ماکادۆ Machado و بەتیستا Batista دەخرێتە ژێر ڕکێف و دەسەڵاتی ئەمەریکاوە.

لە یەکی یانیوەری ١٩٥٩دا فیدل کاسترۆ و چێ گیڤارا، شۆڕشێکی گەورە بەرپا دەکەن و ئەم وڵاتە لە دەستی ڕێژیمی بەتاتیستەکان و ئەمەریکا ڕزگار دەکەن. شۆڕشەکەی فیدڵ کاسترۆ خاڵێکی وەرچەرخان دەبێت لە مێژووی ئەم وڵاتەدا. ئەم سیستەمە سیاسییە نوێیە هەموو بنەما کۆمەڵایەتی، ئابووری، ڕامیاری و کولتوورییەکانی ئەم وڵاتە و ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی لە بنەڕەتەوە دەگۆڕێت.

ئێستا دانیشتوانی ئەم وڵاتە تێکەڵەیەکی سەیرە، پێکداچوونێکە لە نێوان ئەم هەموو نەژاد و ڕەگەزە جیاوازانەدا: ئەفەریقیا، ئیسپانیا، کاریبین و ئەمەریکا، کۆمەڵگەیەکی فرە کولتوورە کە لە هیچ شوێنێکی ئەم جیهانەدا وێنەی نییە.

٨- بەپێی دەستووری کوبا نابێت هیچ داهێنانێکی ئەدەبی و هونەری ڕەخنە یان دژ بە شۆڕش بێت، هەموو چاپکراوێک سانسۆر دەکرێت و هیچ فیلمێکیش بەبێ چاودێری سانسۆر پێشان نادرێت. بۆ نموونە لەساڵی ١٩٩٠ەوە فیدل کاسترۆ هەموو جۆرە ڕۆژنامەیەکی قەدەغە کردووە و لەو وڵاتە گەورەیەدا تەنیا دوو ڕۆژنامەی چەند لاپەڕەیی دەردەچن. یەکەمیان Granma زمانحاڵی حزبی کۆمۆنیستی کوبایە و سێ ڕۆژ لە هەفتەیەکدا دەردەچێت، دووەمیشیان ڕۆژنامەی Trabajadoresیە و سەر بە ڕێکخراوە پیشەییەکانە، ئەم ڕۆژنامەیە وەک هەموو بڵاوکراوەیەکی تر لەژێر چاودێرییەکی توندی ڕێژیمدا بڵاو دەکرێتەوە. لە ساڵی ١٩٩٥یشەوە تەماشاکردنی هەموو کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن و ڕۆژنامە جیهانییەکان قەدەغە کراون.

٩- هەردوو ساڵ جارێک فێستیڤاڵێکی بەناوبانگی نێونەتەوەیی شانۆ لە شاری هاڤانا ساز دەکرێت Festival Internacional del Teatro. لەم فیستیڤاڵەدا جگە لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتین و ئەفریقیا، ئیسپانیا، ڕووسیا و هەندێ لە وڵاتە ئەورووپی و عەرەبەکانیش بەشداری دەکەن.

١٠- گرینگترین شانۆکانی شاری هاڤانا برێتین لە شانۆی Teatro Hubert de Blank، ئەم شانۆیە زیاتر شانۆنامەی نووسەرە گەورەکانی ئەم سەردەمە بەرهەم دەهێنن. شێوازی نمایشەکانیان هاوچەرخ و تەکنیکێکی بەرز و هەندێک جار تەقلیدی لەخۆ دەگرێت.

شانۆی Julio A Mella هەموو شێواز و فۆرم و تەکنیکەکان تاقی دەکەنەوە و زیاتر لەگەڵ ڕۆژگاردا خۆیان دەگونجێنن.

شانۆی Trianon و El Sotano نەفەسێکی مۆدێرن و ئەزموونگەری لەخۆ دەگرن، ئەم دوو شانۆیە دەکەونە ناوچە دوورەدەستەکانی دەرەوەی هاڤانا و بینەری تایبەتمەندیی خۆیان هەیە. دوا نیوەڕۆیەک و بۆ ماوەی چەند سەعاتێک بەدوای ئەم دوو شانۆیەدا گەڕاین تا دۆزیمانەوە، بەڵام بەداخەوە بەهۆی وەستانی ئامێری فێنککردنەوەکەیان، نەیانتوانی لە گەرمای ئەو ئێوارەیەدا نمایشەکانیان پێشکێش بکەن.

شانۆی Cafe Teatro Brecht مۆرکێکی ڕامیاری، ئەزموونگەری، هەندێک جار ڕاستەوخۆ و مۆسیقائامێز لەخۆ دەگرێت و نمایشەکانیان بۆ بینەرێکی هەڵبژاردە و هۆشمەند پێشکێش دەکەن و زۆرجار گەشتیارانی ئەم وڵاتە، بۆ بینینی کارێکی جیاواز ڕوو دەکەنە بەرهەمەکانی ئەم گرووپە.

شانۆی Guinol تایبەتە بە شانۆی بووکەڵە و لە هەرچوار وەرزی ساڵدا، نمایشەکانیان بۆ منداڵان و هەندێک جار بینەری گەورەش پێشکێش دەکەن.

بەڵام شانۆی Teatro Amadeo Roldan ئۆرکێسترای نەتەوایەتیی کوبا، مۆسیقای کلاسیکی، ئۆپێرا و شانۆی مۆسیقیی گەورەی تێدا پێشکێش دەکرێت.

شانۆی La colmenita یەکێکە لە گرینگترین و بەناوبانگترین گرووپەکانی شانۆی منداڵان و پرۆژەکانیان بۆ منداڵانی تەمەن حەوت تا پازدە ساڵی پێشکێش دەکەن. ئەم گرووپە زۆرجار بە خوێندنەوە تایبەتمەند و جیاوازەکانیان ڕوو دەکەنە شاکارە کلاسیکییەکان (خەونی نیوەشەوێکی هاوین)ی شەکسپیر یەکێکە لە نمایشە بەرزەکانیان و بۆ چەندین ساڵە لە ڕێپورتواری شانۆکەیاندا ماوەتەوە. لەم نمایشەدا شانۆی بووکەڵە، شانۆی خەیاڵی سێبەر، شێوازەکانی تری شانۆی منداڵان و گۆرانی و سەمایان تێکەڵاو کردووە و نمایشێکی خەونئامێز و شاعیرانەی ڕاستەوخۆیان بۆ منداڵان خوڵقاندووە.

١١- ڕووکاری دەرەوەی شانۆی گرەن بەچوار گرووپ پەیکەر ڕازاوەتەوە. پەیکەرەکان بە بەرزاییەوەن و لە هەموو لایەکەوە دەبینرێن. ئەم پەیکەرانە هونەرمەندی ئیتاڵی Giuseppe Moretti بەتایبەتی، لەگەڵ ڕۆنانی خانووبەرەی شانۆکەدا دروستی کردووە. هەر گرووپەش سمبولە بۆ پێوەندییەکانی مرۆڤایەتی، خوێندن و زانیاری، مۆسیقا و شانۆ.

ئەکتەری گەورەی فەرەنسایی سارا بێرنارد لە ساڵی ١٩١٨دا یەکێک لە نمایشەکانی لەسەر ئەم شانۆیە پێشکێش دەکات.

١٢- باڵێتی نەتەوایەتیی کوبا Ballet Nacional de Cuba پابەستە بە ڕەوت و کاریگەری و کارەکانی ئەلۆنسۆیەوە، ئەم هونەرمەندە بە سەما دەست پێ دەکات، دواتر دەبێتە کۆریۆگراف و دامەزرێنەری باڵێتی نەتەوایەتیی کوبا. خاتوو ئەلیسیا ئەلۆنسۆیە کۆمەڵێ شاکاری کلاسیکیی بەرزی پێشکێش کردووە و تا ئێستا لە ڕێپۆرتواری ساڵانەی باڵێتی نەتەوایەتیدا پێشکێش دەکرێتەوە. ئەم هونەرمەندە چووەتە تەمەنەوە و وەک یەکێک لە هونەرمەندە گەورە و سمبولەکانی کوبا ئاماژەی بۆ دەکرێت. ئێستا جگە لە کاری کۆریۆگرافی، مامۆستای سەماشە، کۆمپانیاکەی لە هەمان کاتدا قوتابخانەیە و ساڵانە چەندین سامازانی گەنجی کوڕ و کچ پێ دەگەیەنێت.

١٣- لە هاڤانا لەم شانۆیەدا هەردوو ساڵ جارێک فیستیڤاڵێکی نێونەتەوەیی گەورەی سەمای مۆدێرن و باڵێت ساز دەکرێت. لەم فیستیڤاڵانەدا باڵندەی زەریا و کارمن دوو شاکاری گەورەن کە هەمیشە دووبارە دەکرێنەوە.

١٤- ئەم شارە لە نێوان سەدەی پازدە و حەڤدەدا ناوەندێکی گەورەی بازرگانیی شەکر و کۆیلە بووە و بازرگانە ئیسپانیاییەکان دەسەڵاتدار و سەرمایەدارێکی زۆر گەورە بوون و زیاتر لەم شارەدا کۆ بوونەتەوە.

١٥- هیچ کەسێک هێندەی چێ گیڤارا کاریگەرییەکی قووڵ و ڕاستەوخۆی لە نێوان دۆست و دوژمندا بەجێ نەهێشتووە. ئەم کەسایەتییە وەک سمبولێکی ئازادی و ڕزگاری بۆ وڵاتانی ژێردەستەی جیهانی سێیەم و پاڵەوانێکی مەزنی دۆڵ و چیاکانی وڵاتانی ئەمەریکای لاتین، دەبێتە دوژمنی یەکەمی (سی ئای ئەی).

چێ گیڤارا لە شاری ڕۆساریۆ، لە مانگی یونی ساڵی ١٩٢٨دا لە ئەرجەنتین لەدایک بووە، نەژادی بنەماڵەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەریستۆکراتەکانی ئیسلەندا و ئیسپانیا.

چێ گیڤارا هەر لە منداڵییەوە لاواز بووە و نەخۆشیی هەناسەتوندیشی لەگەڵدا بووە، ئەم بارە نالەبارەی تەندروستی وای لەو منداڵە کردووە کە هەر لە سەرەتای ژیانییەوە لە هەوڵ و تەقەلای ئەوەدا بێت کە بەسەر نەخۆشی و لاوازیی جەستە و بێهێزیدا زاڵ بێت.

لە ساڵی ١٩٥٣دا خوێندنی باڵای پزیشکی لە زانکۆی بۆنیس ئایریس تەواو دەکات، لە بریی ئەوەی ببێتە پزیشک، لە ساڵی ١٩٥٢دا بە ماتۆڕێکی کۆن و لەگەڵ هاوڕێیەکی گیانی بەگیانی ئەو سەردەمەیدا، بۆ ماوەی یەک ساڵ گەشتێک بەنێو هەموو وڵاتانی ئەمەریکای لاتیندا دەکەن.

چێ گیڤارا لەم گەشتە دوور و درێژەیدا ڕۆژانە بیرەوەرییەکانی خۆی تۆمار دەکات و دوای خۆی لەچەند بەرگێکدا بڵاو دەکرێنەوە. ئەم بیرەوەرییانە لە ساڵی ٢٠٠٤یشدا دەبێتە فیلمێکی سینەمایی و بەرجەستەی قۆناخێکی گرینگی ژیان و بیرەوەرییەکانی چێ گیڤارا دەکات. ئەو گەشتە کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر ژیانی چێ گیڤارا دەبێت و بەتەواوەتی بیر و بۆچوونەکانی دەگۆڕێت. چێ گیڤارا هەر لە دوای ئەم گەشتەوە هەست بە پێویستی شۆڕشێکی چەکداری دەکات بۆ لەناوبردنی نایاکسانیی کۆمەڵایەتی و بەدەستهێنانی جیهانێکی تری پڕ لە ئازادی و سەربەستی. هەر لەم سەردەمەدا چێ گیڤارا بەرهەمەکانی کارل مارکس دەخوێنێتەوە، بیروباوەڕی سۆسیالیستی کاری تێ دەکات و هەست بە گرینگیی ئەو تێزە و گۆڕانکارییە چینایەتییەکان دەکات. جگە لە کتێبەکانی مارکس و لینین، کتێبی مێژوویی و ئەدەبییش زۆر سەرنجیان ڕادەکێشێ، لەناو شاعیرەکانیشدا، شیعرەکانی پابلۆنیرۆدا دەبێتە یەکێک لە هاوڕێ نزیکەکانی.

لە ساڵی ١٩٥٥دا چێ گیڤارا ڕەوانەی مەکسیک دەکرێت، لەوێ هامشۆی کۆمەڵێ گرووپی چەپ دەکات، هەر لەنێو ئەم گرووپانەشدا و بۆ یەکەم جار فیدل کاسترۆ و ڕاوڵی برای دەبینێ. چێ و کاسترۆ زۆر بەئاسانی لە یەکتر دەگەن، یەکتری تەواو دەکەن و دەبنە دوو هاوڕێی نزیکی یەکتری: کاسترۆ ڕەق و تووڕە بووە، بەڵام چێ لەسەرخۆ و بە پلان و ستراتیج بووە. هەردووکیان سەر بە بنەماڵەی دیار و دەوڵەمەند بوون، هەردووکیان پشتیان کردووەتە پیشەکانی خۆیان، کاسترۆ پارێزەرێکی دیار بووە و چێ- یش پزیشک.

لە ساڵی ١٩٥٦دا کە هێرش دەکەنە سەر کوبا، چێ وەک پزیشکێک بەشداریی ئەو هێرشە دەکات، بەڵام لەو شەڕەدا چێ لە بریی پزیشکێک، وەک شەڕوانێک زۆر ئازایانە دێتە دەست و دووپاتی دەکاتەوە کە ئەو زیاتر پارتیزانێکی چاونەترسە وەک لە پزیشکێکی سەرکەوتوو. کاسترۆ لە ساڵی ١٩٥٧دا چێ دەکاتە سەرلەشکری (کۆماندۆ) سوپاکەی. دوای شۆڕشیش چێ لە ساڵی ١٩٥٩دا دەبێتە هاووڵاتییەکی کوبی و کەسایەتییەکی گرنگ و سیاسەتوانێکی خۆشەویست و دیار. بۆ نموونە چێ گیڤارا لە حکوومەتەکەی فیدل کاسترۆدا دەبێتە وەزیری پیشەسازی و بەڕێوەبەری بانقی دەوڵەت، بەڵام ئەو بەم ژیانە قایل نابێت و لە ساڵی ١٩٦٥دا واز لە کاری سیاسی و پۆستی وەزاری دەهێنێت و وڵاتی کوباش جێ دێڵێ.

چێ گیڤارا لە ساڵی ١٩٦٦دا دەچێتە بۆلیڤیا و لەگەڵ گرووپێکی بچووکدا شۆڕشێکی تری چەکداری

هەڵدەگیرسێنێ، بە مەبەستی ڕزگارکردنی هەموو وڵاتەکانی ئەمەریکای لاتین، بەڵام دوای کەمتر لە ساڵێک و ڕێک لە هەشتی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٦٧دا لەلایەن سوپای بۆلیڤیاوە دەستگیر دەکرێت و ڕۆژی دوایی و لە بەردەم ئەفسەرێکی بەرزی سوپای ئەمەریکایی و سی ئای ئەیدا، لە قوتابخانەی گوندێکی دوورەدەستدا دەکوژرێت.

١٦- هەموو ساڵێک و لە مانگی ئاپریلدا فیستیڤاڵێکی سەمای مۆدێرن و سەمای میللی لە شاری هاڤانا ساز دەکرێت، ئەم فیستیڤاڵە بەیارمەتی و هاریکاریی ناوەندی نێونەتەوەیی سەما The Encuentro Internecional de Danza ئامادە و ڕێک دەخرێت. ئەم چالاکییە هەفتەیەک دەخایەنێ و لە هەموو گەڕەک، گۆڕەپان، شەقام و پانتاییەکانی بەشە کۆنەکەی هاڤانادا نمایشی سەما پێشکێش دەکرێت.

زۆر گرووپی گرینگ لەم فیستیڤاڵەدا بەشداری دەکەن، بۆ نموونە گرووپی سەمای کۆنتێنمپۆریا -Dan Contemporanea de Cuba za، ئەم گرووپە بالێت و ڕیتمی کوبی و چیرۆکی فۆلکلۆریی کوبی تێکەڵاو دەکەن.

تێڕوانین لەسەر سەمایەکی مۆدێرن لە کوبا زۆر تایبەتە، جۆرە تێکەڵاوییەک و پێکداچوونێکی هونەری و موتوربەکردنە لە نێوان سەمای بالێت، فۆلکلۆر و جۆرە کۆریۆگرافییەکی نوێ و شانۆی سەمائامێز، ئەم گرووپەش نوێنەرێکی گرینگی سەمای مۆدێرنی کوبییە. ئەوەی جێگەی ئاماژەکردنیشە، تەکنیکێکی بەرزی گێڕانەوە، چیرۆکەکان لە جەستە و دیدی نمایشە سەمائامێزەکاندا بەرجەستە دەکات.

گرووپی Lizt Alfonso Company زۆر بەسەلیقەن و لە کارەکانیاندا سەما و ڕیتمی کوبی، ئەفریقایی و ئیسپانیایی تێکەڵاو دەکەن.

گرووپی Conjunto Folklorico Nacional de Cuba یەکێکە لە گرووپە دێرینەکانی ئەم وڵاتە و لە ساڵی ١٩٦٢ەوە دامەزراوە و تا ئێستا بەهەمان وزە و تواناوە کارەکانیان پێشکێش دەکەن. ئەم گرووپە سەماکانیان تێکەڵەیەکە لە ئەفرۆ-کوبا و سەمایەکی ترادیشونی، پرۆژەکانی ئەم گرووپە هەموو مێژووی سەمای کوبی لەخۆ دەگرێت و لەسەر شانۆی Mella نمایشەکانیان پێشکێش دەکەن. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم گرووپە ئەوەیە کە زۆر سەرکەوتووانە دەتوانن بینەران تێکەڵاوی خۆیان بکەن و کۆتاییی هەموو نمایشێکیان بینەر و سەمازانەکان پێکەوە سەما دەکەن.

١٧- لە مانگی مارتی ساڵی ٢٠٠٣دا، لە سەرەتای هێرشەکانی ئەمەریکا بۆ سەر عێراق، هێزەکانی ئاسایش و سەربازیی فیدل کاسترۆ، لە کاتێکدا کە هەموو میدیای جیهانی سەرقاڵی جەنگی ئەمەریکا/ عێراقن، هەڵدەکوتنە سەر هەموو ئەو کەسانەی کە بە شێوەیەکی جیاواز بیر دەکەنەوە. دەست دەگرن بەسەر کامێرا، ئامێری نووسین، کۆمپیوتەر، ئامێری کۆپیکردن و ڕەشنووسی نووسینەکانیاندا، بەتاوانی ڕێگەگرتن لە مەترسییە ترسناکەکان بۆ سەر شۆڕش و کوبا بەندیان دەکەن.

١٨- بەر لە ساڵێک ئەم ئافرەتە سپیپۆشانە خەڵاتی پەرلەمانی ئەوروپا بۆ مافەکانی مرۆڤ وەردەگرن، بەڵام هیچ کامێکیان تا ئێستا نەیانتوانیوە بگەنە شاری ستراسبۆری بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکەیان. هەموو سەفەرکردنێکی دەرەوە بۆ خەڵکی کوبا قەدەغەیە و کوبا وەک بەندیخانەیەکی گەورە وایە بۆ دانیشتوانی ئەم وڵاتە.

# تاسەی پەرۆش لە زانینی هێمای نووسینەکان

## "شوق المستهام في معرفة رموز الاقلام"

ئیبن وەحشییەی نەبەتی

بەشی سێیەم

---

لە باسی شێوە ڕووەکییەکاندا

دەسا تێ بگە!




---

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە


ڕووەکێکی بکوژ / ڕووەکێکی تریاکی / دار زەیتوون / دار نەبق / دار هێرۆ
جۆ / گەنم / گەڵا / گژنیژ - هاڕراوە / بنەچە
گوڵ / تۆم / ئەسل / یەبرووح / سەرو
گوێز / میوە / بەر / بەهێ / ترێ
هەنار / بەهێ / ڕێحانەکان / ڕێحانە / سونبول
گوڵە (گەنم، جۆ)
تاجەگوڵینەی شا / مێخەك / بخوردی هیندی / هیندبا / زیندووی زانا
شیرین / تاڵ / ترش / شی کراو / لەتلەت کراو
ڕوون / هێزبەخش / ڕوونکەرەوە / باش / مامناوەندی
تفت و تیژ / وشککراو / دڵۆپاندن / بەرەوپتر / داگرتن
یەکلاکردن / کەرووکردن / بەبەرد کردن / وردکردن / کوتان
دار خورما / تێکەڵ کردن / چەورکردن / پاڵاوتن / کوڵاندن


بەڵێنی نووسراو
ئلودێری
خوێ
خوێی ڕووەك
ئاوی ڕووەك
ڕۆنی زەیتوون
سرکە
گوشاو
دار گەز
سێو
گژنیژ
کونجی
دەروەنج
هەنگوین
تاڵاو
تاڵ
زەعفەران
سەندەرووس
مامیتا
کەتیرە
توو
هەنجیر
ناردین
هەرمێ
ئیستوروك
بنێشت
غالییە
میسك
عەنبەر
لادەن
زفت
نەفت
گەزۆ
دڕك
موومیا
مەرزەنگووش
غار
فارچك
سیدداب
نفرمر
بیاز
کەتان
لۆکە
ئاوریشم
زەومەران




ئەو شێوە ڕووەکییانەی لە کتێبانی نەتەوەکاندا بینیومانن کۆتاییان هات، کاتی ئەوە هاتووە شێوە کانزاییەکان باس بکەین، ئەگەر خوا یار بێ. ئەم شێوانەش وەک بینیومانن هەموو ڕێک خراون و نووسراون.

## پلەی دووەم

## لە باسی وێنەی ئەو شێوە کانزاییانەی هرمسەکان و ئیشراقییەکان و هاتوچۆکەران لەسەریان ڕێک کەوتوون

ئەمانەش دووشام–ی زێوان لەو کتێبەیدا باسی لێوە کردوون کە لە تایبەتمەندییەکانی ڕووەک و بەردە کانزاییەکان و بەم نووسینەی تایبەت کردبوو، سا ئەوە بزانە و بێدەنگیی لێ بکە، کە لە نهێنییە شاراوەکانە.




ڕەهج
ئاسن
گەوهەری ئاسن
بۆرەك
قوڕ
قوڕی سووتێنراو
قسڵ
خۆڵەمێش
سپیاو
پۆڵا
بەرم ئاهەن
ئاسنی بە گەچ بوو
قلیه


سپیداج
زاخ
نەتروون
زەنگ
بووریتەش
تەڵق
دوردی
قەلایی
بەلخەش
پیرۆزە
زاخ
بۆرەك
تەنكار
جەزع
یاقووت
لاجوەرد
زومڕووت
كەدان
ئاقیق
مەرجان
قسڵ
نۆشادر
غەڵووز
زەرنیق
زەرنیقی سوور
قوڕی سوور
قوڕی سپی
ڕەهجی زەرد
شووشە
بەردی جیپسین
بەردی سەوز
گۆگرد
بەرد
بەردی زەرد
خوم ئاهەن
زەبەرجەد



یەشم
دەهنەج
سونباد
سەووان
شادەنە
بەردی مار
قیر
ئەڵماس
بخوردان
زریزەی ئاسن
بەردی ڕەنگ
ئاوی
بەردبڕین
شی کردنەوەی
بەرد
هەڵکڕاندنی
بەرد
تەقشاندنی
برد
بەردی
سەبەج
شەنج
شەیتانۆکە
بەردی هیندی
بەردی دەستاڕ
بەردی خاو
بەردی ئاو
گۆزە
دەفری لە کانزا
دروست کراو
هەر یەکەو بەناوی
کانزاکەیەوە ناو دەبرێ
بیری لێ دراو
گۆزە چینی
جیوە
بەرد
ورد کردنەوە
بەیەکەوە لکاندنی
چەند بەردێك
بەردی مەڕمەڕ
بە فسڵ بوونی
بەردان
بەردی بادژەهر
موگناتیسی زیو
بەردی خوێن
بەردە پەڕەسێلکە
بەردی باران
خوێی چیایی




ئەو شێوە هرمسیانەی دۆزیمانن و بینیمانن، کۆتاییان هات. باسی ئەوانەمان نەکرد ڕاستییەکانمان نەزانین. دەشێ بۆ یەک شێوە دوو یان سێ واتە و پتریش بەپێی گونجانی بوار، چونکە هەر چینێک لەمانە نیشانەیەکی لە هەموو شتێکدا هەیە لە کەسانی جگە لە ڕەگەزی خۆیان جودا دەکرێنەوە و کەسیان لەگەڵ تێکەڵ نابن، سەرکەوتن بەرەو چاکە لە خواوەیە.

## کۆتاییی تاقانە

لە باسی ئەو نووسینانەی گوایە چینێک لە کلدانییان و سوبییەکان
بەر لە تۆفان بەکاریان هاوردووە.

یەکەمیان نووسینی شیشیم -ە، کە نووسینی داناییی لەسەر قوڕ پێ نووسراوە و ئاگر سووتاندوونی و بوونەتە گۆزە. ئەمەش ئەو نووسینە پیرۆزەیە وەک پەسنەکەی دەبینی:



ئەمەش نووسینێکی دێرینە فیرعەونەکانی میسر دەڵێن گوایە بەر لە تۆفان پێیان نووسیوە و بە پیرۆزیان زانیوە، هەر بەم نووسینەش ئەو نزایانەیان نووسراوە وا لە هەیکەلەکانیاندا لە بەردەمی بتەکانیاندا دەیانخوێننەوە. لە خاکی (سەعید)دا ناووس و باربییان و بەردەیلێکم دیون بەم نووسینانە نووسراونەتەوە. ڕێی تێ دەچێ ئەوە، وەک باسیان کردووە ڕاست بێ. لەمەشدا دوای بۆچوونی نەبەتییان و کلدانییان کەوتووم. ئەمەش پەسنی پیتەکانیانە:




بەڵام ئەو نووسینانەی لەنێو نەتەوە کۆنەکاندا ناوبانگیان هەبووە، کۆن و نوێکان، بەپێی بۆچوونی گشتیان، نووسینەکان سێ نووسین بوون کە ئەمانەن:

(١) نووسینی سریانیی کۆن، کە بەنووسینی یەکەمی خوایی پێی دەردەبڕێ، ئەوەی خوای مەزن فێری باوە ئادەممانی کردووە، درودی لێ بێ.

(٢) ئینجا دوای ئەوە نووسینی ئاسمانی، کە نووسراوەکانی شیت "درودی لێ بێ " پێی داگیراوە.

(٣) ئینجا دوای ئەوە نووسینی ئیدریس، کە جبریل " درودی لێ بێ " بۆی داگرتووە.

ئەمەش بۆچوونی کۆمەڵە کە لەسەری ڕێک کەوتوون لە گشت نەتەوەکان و ئاینەکان، بەڵگەی ڕاستیی ئەوەش ئەوەیە کە خەنووخا لە کتێبەکانیدا باسی کردووە. ئاغادیمۆن – یش لەم قسەیەی توێژیوەتەوە کە لە " کتێبی نهێنییان "دا دەڵێ: ئەوەی لەسەر خاوەنانی ناووسە خواییەکان پێویستە نهێنییەکانیان بەم سێ نووسینانە تۆمار بکەن، بە قسەی ئەم پیاوە باشە، ڕاستیی ئەم قسەیەمان زانی و بەپێی بۆچوونی ئەو و پشت پێ بەستن وێنەی شێوەی نووسینەکانمان کێشا، دەسا تێ بگە ڕێی ڕاستیت پێ نیشان دەدرێ.

## پەسنی نووسینی سریانی بە بۆچوونی پێشینان و دانایان

لەم بار و شێوەیە، وەک دەبینی:




بزانە ئەم بارە لەسەر وێنەی کۆنە، بەڵام لەم سەردەمەماندا خستوویانەتە سەر وێنەیەکی تر، لە شێوەی هەندێک پیتدا لێی جیایە وەک دەبینی، ئەمەش شێوەیەتی:




ئەمە ئەو نووسینەیە کە لە سەردەمی ئادەمدا " درودی لێ بێ " بەڵام ئەوەی دەڵێ لەمە جودایە شێواندن و هەڵبەستە و تێکدانە. خوا هەر خۆی ڕاستییەکە دەزانێ.

## پەسنی نووسینی شیشیم

که به سرووش له خوای گەورەوە فێری بووە

ئەمەش بەپێی چوار گێڕانەوە جیاوازییان هەیە:

(١) یەکەمیان بۆچوونی هرمسەکانە.

(٢) دووەم بەبۆچوونی نەبەتییەکانە.

(٣) سێیەم بەبۆچوونی سوببییانە.

(٤) چوارەمیشیان بەبۆچوونی کلدانییانە.

ئەمانەش ئەو نەتەوە کۆنانەن کە نەتەوەکانی تری دوای ئەوان، تا ئەمرۆمان پەیدا بوون، لێیانیان وەرگرتووە

## (پەسنی نووسینی بەپێی بۆچوونی هرمسەکان)

ئەمەش پەسنیەتی بەپێی بۆچوونی هرمسەکان:




بەپێی بنەمای لەسەر ڕێککەوتنیان خوێنەوەکەیان بەمجۆرەیە:

ئیهووم. یووق. قائا. غیوا. بیدم. گاغەج. ڕوون. جبهووم. شاء. دنز. مایب. تنرس. هی. تاند. ووئاد. سپرم. غیووری. زید. لووغف. عەی. زیووم. سیقام. دلپ. تەقر. حیست. فیست. زەنمز. چل. ڤم. نەپم. بەپ. کال. زەیمەپ. جپلت. چزز. ژاپوغ.

که ئەمانە گشت پیتەکانێتی و ژمارەیان سی و هەشت پیتن. چونکە پیتەیلێکیان تێدایە لە زمانی عەرەب و غەیرە عەرەبدا نین، مەگەر ناوی کەس " عەلەم " بێ و لەسەری ڕێک کەوتبن، ئەمەش بەپێچەوانەی بنەمای ئەبجەد و هی تر، بگرە پلەیان بەپێی گۆکردنیان لە زمانیاندا بەو شێوەیەی دایانناوە، سا تێ بگە ڕێت پێشان دەدرێ.

## پەسنی نووسین بەبۆچوونی نەبەتییەکان

بنەماکانی نەبەتییانیش ئەوەیە کە نەتەوەیەکن زۆرتر لە شێوەی پیتەکاندا پشت بە وێنەی ئاژەڵان دەبەستن و بەپێی بارودۆخی سروشتییان ڕێک دەخەن و دەڵێن دەر شێوەیەک وێنەیەکە ئەو نهێنییانەی لە ناوەوەیاندا شارراوەتەوە دەگەیەنێ. نموونەی ئەمەش، ئەگەر ویستیان پەسنی شایەکی ئازا بدەن بە سام و پیلان و چاوچنۆکە، وێنەی مرۆیەک دەکەن سەری وەک سەری شێرە و لە بەردەستەکانیدا گورگێک بە یەک پەنجە ئاماژەی بۆ دەکا، ئەگەر ویستیان بە ژیر و زیرەک و وریا و دانای پەسن بدەن، وێنەی مرۆڤێکی دەکێشن و سەرێکی چون سەرە فیلی بۆ دەکەن، بە پەنجەیەکی ئاماژە بە مەیموونێکی دانیشتوو دەکا. خۆ ئەگەر ویستیان بە داد و خواردەیی و بەخشندەیی پەسنی بدەن وێنە مرۆڤ دەکەن سەرەکەی چون سەرە مەلێک دەستەکانی کردووەتەوە و لە بەردەستیدا وێنەی کەلووی تەرازوو و وێنەی خۆر و مانگ دروست دەکەن. ئەگەر ویستیشیان بە زۆرداری و نەزانی و ڕامیاری و ئاین نەزانی پەسن بدەن، وێنەی مرۆیەک دەکەن سەری وەک سەری سەگێک یان بەرازێک یان گوێدرێژێک دروست دەکەن و لە بەردەستیدا دەفرێ ئاگری تێدایە و وێنەی شمشێرێک و تەورێک دروست دەکەن. ئەگەر ویستیشیان پەسنی مرۆیەک بە دەردەداری و لاوازی و نەخۆشی پەسن بدەن، وێنەی نیو مرۆ دروست دەکەن و ئەم شێوانەی خوارەوەی لە پشتەوە دروست دەکەن:



ئینجا لە بەردەمیدا وێنەی بتی (زوحەل) یان شێوەکەی لەگەڵ ئەم شێوانە دروست دەکەن:



خۆ ئەگەر ویستیشیان پەسنی مرۆیەک بدەن بە کوشتن مردووە، وێنەی مرۆیەک دەکێشن سەری وەک سەری شەمشەمەکوێرە یان سەری کوندەبووی بۆ دروست دەکەن، لە پشتیەوە وێنەی دووپشکێک لەگەڵ ئەم پیتە دروست دەکەن و لە بەردەمیشیدا وێنەی ئەهریمەن لەگەڵ ئەم شێوانە دروست دەکەن:



ئەگەر ویستیشیان پەسنی مرۆیەک بدەن بە ژەهر مردووە، وێنەی مرۆیەک دروست دەکەن و سەری وەک سەری قرژانگ " قرژاڵ " یان کیسەڵی بۆ دروست دەکەن و لە بەردەستەکانیدا دەفر و جامی شووشە، لەگەڵ ئەم شێوانە دروست دەکەن:



ئەگەر ویستیشیان پەسنی مرۆیەک بکەن بە پەتا مردووە یان بە تای سووتێن، یان بە نەخۆشییەکی خوێن پیسکر یان ئەوانەی ڕژێنەکان تێکەڵ دەکەن، وێنەی مرۆیەکی دانیشتووی سەر کورسی و تیرێکی بەدەستەوە دەکێشن و مارێک لە ژوورسەریەوە بەسەر ملی کورسییەکەدا پەپکەی کردووە و ئەم وێنانەشی لە بەردەمدایە:



ئەگەر پەسنی مرۆیەکی بە پایە و مایە و بە بەرفراوانیی دەسەڵات و خۆشگوزەرانی پەسن بدەن، وێنەی مرۆ دروست دەکەن، گۆ، یان سەوڵەجان، یان بازنەیەکی بەدەستەوە گرتووە و ئەفسەر(تانج)ێکی بەسەرەوەیە و هەڵۆیەکی لە بەردەمدا و سەگێکی لە دوودا دروست دەکەن، ئەم شێوانەشیان بە دەوردا وێنە کێشراوە.



ئەگەر ویستیان مرۆیەکیش بە ژیری و دانایی و ئاین پەسن بدەن کە لە هەموو لایەکەوە ڕێکوپێکە و لە گشت لایەکەوە هیچی نییە پەسند نەبێ، وێنەی مرۆیەکی ڕووخۆش دروست دەکەن، لە شێوەی پەرییان دوو باڵی بۆ دەکەن و کتێبێکی بەدەستەوەیە دەیخوێنێتەوە و شمشێرێک و تەرازوویەک لە بەردەمیدایە و دوو دەفری لە پشتەوەیە و یەکیان پڕ لە ئاو و ئەوی تر ئاگرێکی هەڵگیرساو و لەژێر پێی ڕاستیدا گۆیەک، شێوەی قرژاڵی لەسەردا کێشراوە و لەژێر پێی چەپیدا شێوەی دەفرێکی قووڵ و مار و کاڵاشدوم "دووپشک " و جۆران مووری تێدایە و بە قەپاغێک سەرەکەی وەک سەری هەڵۆ بووە. ڕۆڵە بڕوانە، ئەم نەتەوانە و چ هێمایەل و شێوەگەلێکیان داناوە، لەوانەی لە خۆیان بەولاوە کەس نەیانزانیوە!

لە بەربا " تابووت "ی هرمسێکدا وێنەی کۆڕ " ئەنجوومەن "ێکم بینی، هەیکەلی دوانای -ە، کە خۆر و مانگ دواندوویانە و وێنەی ئەوەش ئەوەیە کە شێوەی تابووتی نهێنییان داناوە کە بە چەندین جۆرە وێنەی سەمەرە و شێوەی سەیر نەقش کراون و لەسەر تابووتەکەدا دارمێوێکیان داناوە، کە ڕواوە و پەلوپۆی لەسەر دەرکردووە و مەزنیش لەسەر تابووتەکەوەیە و دارێکی بەدەستەوەیە لە بنیدا دارهێرۆیەک ڕواوە و پێیدا پێچراوەتەوە و لە پشتیدا وێنەی بیرێک هەیە ئاگری تێدا دەسووتێ و چوار پەرییش مارەکان و دووپشکەکان و جۆرانی موورەکان دەبەن و

دەیانخەنە ناو ئاگری ئەو بیرەوە. ئەفسەرێکی بە " ڕووەکی غار " ڕازاوەشی لەسەردایە و خۆرێک بەلای ڕاستییەوە و مانگێکی لەلای چەپییەوە و ئەموستیلەیەکی لە دەستدایە وێنەی دوازدە کەلووەکانی لەسەردایە و لە بەردەمی تابووتەکەدا وێنەی دارزەیتوونێ ڕواوە و جۆران "....."ی بەسەرەوە و لەژێریدا جۆران ئاژەڵ. لە دوورییەکی کەمدا وێنەی چیایەکی بەرز و حەوت مینبەری لە زێڕی لەسەردایە و لە سەرووشیدا وێنەی ئاسمان و دەستێکی لێوە درێژ بووەتەوە و ڕووناکیی لێ دەردەچێ. بە پەنجەی ئاماژە بۆ دارزەیتوونەکە دەکا و وێنەی مرۆیەک سەری لە ئاسمان و پێی لە زەویدایە، دەست و پێی پێوەند کراون و لە بەردەستی مەزندا حەوت بخووردان و دوو لانە هەڵۆ و دەفرێکی بە شتێک لە ڕووەکی بۆندار پڕ کراوەتەوە و تیانە " مەنجەڵ "ێکی ملدرێژی بە ئوستوروک پڕ. ڕۆژی " بەرامبەر شەو "یش بە شێوەکەی لەژێر پێی ڕاستیدا، لە بەردەمیشیدا لەسەر کورسییەکی بڵندا کتێبی پیرۆزی مەیدوومی هەرە گەورە دانراوە و وێنەی گەردوونەکان و ناوەکانیانی تێدایە و هەسارەکان و کەلووەکان و قۆناخەکان و پلەکان و هەر شتێک کە لە گەردوونی باڵادا هەیە لە گشت شێوەکان و حوققەیەک تا نیوە لە قوڕ و نیوەکەی تری پڕ لە لم و چرایەکی هەمیشە داگیرساو هەڵواسراوە و شتێک لە خورما و نەبگ و زەیتوون لە دەفرێکی زەبەرجەد لەپشت کتێبەکەدا و تەختێک لە بەردەچەگلی ڕەش کە حەوت دێرشی لەسەردایە و پەسنی چوار توخمەکان و مرۆیەکیش تەرمی پیاوێکی هەڵگرتووە و سەرگێکیش لەبان شێرێک.

دەسا براکەم، لەم هێمایانە کە کلیلگەلی کۆگەکانی گەنجینەکانن و ئەو نهێنییانەی زانستەکانی پێشینان و دواینەکانیان تێدایە، کە هەموو زانایەک لە زانینی بەشێکیدا ماندوو دەبێ چ جای هەمووی! بەپێی ئەمەش زانینی گشت کاروباریان لە توانادا نییە، بەڵام ئێمە کاروبارێلێکمان دانا و باس کرد کە دانایانەی بەم شتانە و بە ئامانجەکانیان دەزانن و هۆیەکان و جووڵەکانیان و گواستنەوە و دەورەکانیان هەندێکیان بەهەندێکیانەوە دەزانرێن. بە زانینیشیان دەگاتە شاراوەکانی نهێنیگەلی جیهان. ئەمەندەکەش بەسە؟ بۆ کەسێک کە خاوەن دڵ بێ و گوێی گرت گەواهیی دا؟.

ئەمەش پەسنی ئەو نووسینەیە بەڵێنمان پێ دان، کە بەشێکە لە کۆمەڵە نووسینەکانیان:



## پەسنی نووسین بەپێی بۆچوونی سوببییان

ئەمەش پەسنی نووسینی سوببییانە و ئەمانە خاوەنی ڕوانگە و تەلیسم و نهێنی و نەیرەنگە برندەکانن. ئەگادیمۆن باسی کردووە کە زانستەکانی تەلیسمی لەمەوە گواستووەتەوە و کەسێکیان لەمەدا لە پێشینان و پاشینان پێش نەکەوتووە، سا تێ بگە.

ئەمەش نووسینیانە:




## پەسنی نووسین بەپێی بۆچوونی کلدانییان

کلدانییەکان لە سەردەمی خۆیاندا لە زانست و زانیارییەکان و دانایی و پیشەکاندا لە هەموو کەس زاناتر بوون. کوردە پێشینەکان دەیانویست لاساییان بکەنەوە و وەک ئەوان بن. بەڵام ئاسمان لە کوێ و ڕێسمان لە کوێ! بەڵام بەهرەی کوردە پێشینەکان لە پیشەی جووتکاری و تایبەتمەندییەکانی ڕووەکدا بووە، خۆیان بە نەوەی بینووشاد دەزانن و دەڵێن " کتێبی جووتیاری "ی ئادەم " دروودی لێ بێ " و "کتێبی سفریت " و " سفری قوتامی "یان پێ گەیشتووە، بەهەرحاڵ دەڵێن " حەوت کتێبەکان " و " کتێبی پیرۆزی دواتامیی مەزن " دەزانن و لافی جادوو و تەلیسم لێ دەدەن کە وەهاش نییە، بگرە لە ڕێی کلدانییانەوە نەبێ ئەم زانست و هونەرانەیان پێ نەگەیشتووە و کە لە پێشیانەوەن و لەبەر ئەمە هەمیشە دوژمنایەتییەکی ئاشکرایان لە نێواندایە.

ئەمەش پەسنی نووسینی دێرینی کلدانییانە:




ئەمەش پەسنی نووسینێکی تری کلدانییانە:




## پەسنی نووسینێکی تری نووسینە کۆنەکان

کە پیتی زیادی لە بنەمای پیتەکان تێدایە، کورد دەڵێن و گوایە ئەو نووسینەیە کە " بینووشاد " و "ماسیی سووراتی " هەموو زانست و هونەر و کتێبەکانیان بەک نووسینە نووسیوەتەوە، ئەمەش شێوەکەیەتی:




ئەوانی تری لەم پیتانە ماونەتەوە " گۆ "کردنیانمان دەست نەکەوت و لە هیچ زمانێکی تردا نموونە و نووسینمان نەدۆزییەوە. کە لە نووسینە سەیرەکان و وێنە سەمەرەکانە. لە بەغدا لە ناووس " سندووق یان تابووت "ێکدا نزیکەی سی کتێبم بەم خەتە بینی، دوو کتێبم لەمانە لە شام لەلا بوو، کتێبی " چاندنی دارمێو و دارخورما " و کتێبی " هۆیەکانی ئاو " و چۆنێتیی دەرکردن و هەڵهێنجانی لە زەوییە نەزانراوەکان و لە زمانی کوردییەوە وەرم گێڕایەوە سەر زمانی عەرەبی بۆ ئەوەی نەوەی مرۆ سوودی لێ ببینن، پێشتر تەواوم نەکردبوو، کە خوا بۆمی ڕەخساند بە بیست و یەک ساڵ تەواوم کرد، بە یاریدە و سوپاسی خواوە بەیارمەتیی پەرستراو بەپێی مەبەست هات و کردمە ئازووقەی گەنجینەی بەڕێز عەبدولەلیک _ی کوڕی مەڕوانی میری موسڵمانان، خوا بە کامەرانیی دەوڵەکەی دڵخۆش بکا و کۆڵەکەی ئاین بە توانای موڵک و دەسەڵاتی بەرز ڕابگرێ. ڕۆژی پێنجشەمەی پیرۆزی سێی مانگی ڕەمەزانی ساڵی دووسەد و چل و یەک.

سوپاسیش تەنیا بۆ خوایە

تەواو

*

حەسەنی کوڕی فەرەجی کوڕی عەلیی کوڕی داودی کوڕی سینانی کوڕی سابتی کوڕی قورەی حەڕرانیی بابلیی نووقانی، ڕۆژی سێشەمەی پیرۆزی حەوتی ڕەبیعولئاخیری ساڵی چوارسەت و سێزدە لە نووسینەوەی کتێبەکە بووەوە، ئەم ڕوونووسە لێ گواستراوەشم ڕۆژی یەکشەمەی پیرۆزی دووی موحەڕڕەمی حەرامی ساڵی ١١٦٦ هەزار و سەت و شەست و شەش تەواو کرد. کە ئەم ڕوونووسەم لێ گواستەوە. ڕۆژی هەینیی پیرۆزی مێژووی ١٠ی مانگی جومادیلئلخیری ساڵی ١١٦٦ هەزار و سەت و شەست و شەشدا بوو.

# مامەیارەی قارەمان

داستان – مێژوو

محەمەد تۆفیق وردی

١ لە ٢

## مامەیارە
## قارەمانێکی بەناوی کورد

### پێشەکیی بڵاوکرەوان

ئەمە نامیلکەیەکە، پتر لە نیو سەدە لەمەوبەرەوە بڵاو کراوەتەوە، هەروەک دەبینن و دەیخوێننەوە، نامیلکەیەکە، مێژوو و کەلەپووری دەماودەمی تێدا تێکەڵ کراوە. بۆیە ئێمە وای دەبینین کە، هەر لەبەر جۆرە بۆچوونێکی دڵسۆزانە و ئاستی هزر و ئاوەزی ئەوسا، هەندێکی خراوەتە سەر و بەلای نووسەرەکەیەوە هەندێک لێکدانەوە و باسوخواس کە ئێمە لەگەڵیدا نین و وای بۆ دەچین بەمەبەستی برەودان بە لایەنێکی پیرۆزی خۆڕاگری و دلێری، بێ ئەوەی بارودۆخی ئەودەمە و ڕەوتی مێژوویی و گەلێ شتی تر بە بەرچاوەوە بگرێ، نارەوا هەندێک لایەنی تری پیرۆزی سیمبول و نیشانە پیرۆزەکانی نەتەوەکەمانی بە چاوێکی کەچبینانەوە تەماشا کردووە، ئێمە لە کاتێکدا کە میرنشینی بابان و سلێمانی بەگشتی و سەیوان و ئارامگەکانی بەجێی شانازیی پیرۆزی مێژوومان دەزانین و هەر وەهاشە، نووسەر و ئامادەکاری نامیلکەکە بە خۆشی هەر وەکو ئەو شیعرەی ئەسیری لە کۆتاییی ئەم بەشەی نامیلکەکەدا نووسیوە کە دەستنیشانی سنووری میرنشینیی پڕ لە شانازیی بابانی تێدا کردووە، ئێمەش پێمان باش بوو چەند دێرێکی شیعرێکی تری هەر ئەسیریی شاعیری نیشتمانپەروەری گەورە لێرە دابنێین، کە پێوەندیی بە بابەتەکەوە هەیە، شانازی بە کوردستان و " گردی سەیوان " و شوێنانی ترەوە دەکا، لە سەرەتادا دەڵێ:

........................................................................

ئامادەکردنی: ئەحمەد تاقانە

بێره كـوردسـتـان عـەزیزم گـەر تو سـەیرانت دەوێ
بتبـەمـە قـەندیل، ئەگـەر گـوڵزاری كوێسـتـانت دەوێ

لە دوا دێریشدا دەڵێ:

ئەی "ئەسیری" هێندە عەشقی میللەتی كوردت هەیە
بشـــمـری لام وایە قـەبری گــردی سـەیوانت دەوێ

هەروەها لەبارەی.." مەلای خەتێ " و " ئیدریسی بتلیسی "شەوە ڕای جیاواز هەیە كە لێرەدا بە خراپە باسیان لێوە دەكا، پێمان وایە ئێرە بواری درێژە پێدانی ئەم باسانە نییە.

وامان بەباش زانی نامیلكەكە وەك خۆی بەبێ دەسكاری بڵاو بكەینەوە و بیخەینە بەردەستی خوێندەواری خۆشەویست و نەوەی نوێمان، هیوادارین كارێكی باشمان كردبێ.

"تاقانە"

***

چیرۆكی مامەیارە چیرۆكی قارەمانێكی دلێری كوردە، هەڵنەهات، ڕووبەڕووی چل هەزار بێگانەی خوێنخۆری عوسمانی. مامەیارە لاوێكی نەخوێندەوار بوو، بەڵام چونكە نیشتمانی خۆی خۆشدەویست، مردنی لە هەڵاتن لا خۆشتر بوو.

چیرۆكی مامەیارە دەرسێكە بۆ هەموو وڵاتفرۆشێك، كە بووەتە هۆی بەدبەختیی بیست ملیۆن كوردی دابەشكراو.

*

## سەرەتا

ئەو چیرۆكەی كە لە بەردەستی خوێندەوارانی خۆشەویستە لە نامیلكەیەكی بچووكدا وا پێشكێشمان كردن. چەند مانگێك لەناو زبڵ و كتێبەشڕ لە دوكانێكدا فڕێ درابوو كە لەلایەن كاك (فەرهاد كاكە ڕەشید)ەوە نێررابوو بۆ چاپكردنی، بەڵام كاتێ كە دەستی من كەوت نرخم زانی و وەكو خۆیم بە نارێكی نەهێشتەوە، نەختێ ڕێكم خست و كوردییەكەشم تا ئەندازەیە جوانتر كرد. بەڵام دەستم لە چیرۆكەكە نەدا و هەر وەكو خۆی هێشتمەوە..

بەڵێ ئێستێ هەزاران چیرۆكی مێژوویی وەها لە پەناوپێچ فڕێ دراون و كەس نییە چاپیان بكات چونكە لای گەلێ كەس مێژوو و ئەدەبی كوردی سوودێكی نییە، چونكە پارەیان بۆ ناخاتە باخەڵ و لە ژیانی خۆیاندا بۆ دوارۆژێكی پرشنگدار سوودی لێ نابینن. بەڵام لای ئێمە كە نووسەرانی كوردین، نرخی ئەو شتانەمان لەلا لە قاسەی پڕ و لە تەلاری باخچەدار بەنرخترە.

ئێمە بۆ دوارۆژی میللەتمان دەسووتێین و خەڵك بۆ پارە و پوول و پارووی چەور خۆی ماندوو دەكات، بابزانین كام لامان لە جەرگەی مێژوودا ناومان دەمێنێ!.

بەغدا: وردی

## حکوومەتی بابان و سەرگوزەشتی ئەحمەد پاشا

### بە کورتی

لە مێژووی ئەمین زەکی بەگ " مێژووی سلێمانی و دەوروبەری "دا دەڵێت: "ئەحمەد پاشا دوا شای بابان بووە، زۆر گورج و گۆڵ و ئازا و بیرتیژ بووە، بەڵام مەحمود پاشای برای لەگەڵیدا ڕێک نەکەوتووە، بووەتە پیاوی ئێرانییەکان و لەگەڵ سوپایەک هاتووەتە سەر ئەحمەد پاشا، بەڵام شکاوە."

دیسان دەڵێت: "کە ئەو ئەحمەد پاشایە هێزێکی زۆر زلی هەبووە و تۆپ و تۆپخانەشی بووە. نەجیب پاشا بۆ لەناوبردنی ئەو هێزە و تێکدانی شایەتیی بابان هات و هەولێری گرت و لە پاشا هێرشی هێنایە سەر سلێمانی. لەم کاتەدا ئەحمەد پاشا لە ناوچەی کۆیە دەبێت، نەجیب پاشا سەرنج دەدات کەوا هێزی ئەحمەد پاشا زۆرە و دەرەقەتی نایەت، بۆیە داوای مۆڵەت دەکات، بەڵام قبووڵ ناکات. بەڵام شکانی ئەحمەد پاشا لەوەوە دەبێت کەوا نزیکی جێژن بووە و ئەحمەد پاشا خەریک دەبێت کە مانگانە دابەش بکات بەسەر سوپاکەیدا بەڵام خەزنەدار " ئەحمەد بەگ " ناوێک بە پاشا دەڵێت سوپا ئەگەر برسی بن باشتر شەڕ ئەکەن چونکە وەکو سەگ وان، دەڵێن ئەو قسانە لە بەینی شەڕکەران بڵاو دەبێتەوە و هەموو ڕێک دەکەون کە تەقەیەک بکەن و بڵاوەی لێ بکەن.

کە تەقەکە دەکرێت بڵاوەی لێ دەکەن و تەنیا ئەحمەد پاشا دەمێنێ و مامەیارەش لە مەیدان بە تۆپ دایاندەگرێت. هەندێ دەڵێن ناوی " سۆفی یارە " بووە، ئەحمەد پاشا کاتێ کە هۆشیار دەبێتەوە، سەرنج دەدات کار لە کار ترازاوە، هەندێکیش دەڵێن ئەو تەقەیە بە ڕێککەوت دەبێت. بەڵام ڕاستییەکەی خیانەت وای کردووە کە سوپاکە بڵاوەی لێ بکات و بەم چەشنە بە دیل گیرا و برایە ئەستەمبۆڵ. وا دیارە پاش نەمانی ئەحمەد پاشا دەوڵەتی بابان ڕماوە، ئەوەش لە ساڵی " ١٢٦٧ی کۆچی " بووە، یانی " ١٨١٥ ی زاین "). کە دەکاتە " ١٤٦ " ساڵ لەمەوبەر.

چیرۆکی مامەیارەش وەنەبێ دروست کرابێت، بگرە خۆی ڕووی داوە. بەڵام لە ناوچەی کۆیە بە جۆرێ تر دەیگێڕنەوە و دەڵێن: ناوی ئەو تۆپچییە مامەیارە، یان سۆفی یارە نییە، ناوی " سێوکە "یە و ئیستێ لە ڕۆهەڵاتی شاری کۆیە بەناوی گردی " سێوکە " هەیە و هەر لە نزیک ئەویشەوە " ئەسکی کۆیە – ئەرشی کۆیە – عەرشی کۆیە " ماوە و شەڕەکە لەم ناوچەیەدا بووە، جا ئێمە لەم نامیلکەیەدا باسی "سێوکە "ی قارەمانیشتان بۆ دەنووسین و هەردوو چیرۆک دەخەینە بەرچاوی خوێندەواران، بۆ ئەوە کە ناوداران و نیشتمانپەروەرانی کورد ناویان ون نەبێت و هەمیشە یادیان بکەینەوە و لە بیرمان نەچنەوە و سوود لەو کارە باشانە وەرگرین و کاری خراپی باو و باپیرانمان دووبارە نەکەینەوە کە دووبەرەکی و شەڕی ناوەخۆییە!!.

# چیرۆکی مامەیارەی قارەمان

"یارە " خـەڵکی" کـانی دڕکـە "یـە لە هەرێمی " شـاربـاژێڕ " و لەم ناوەدا گـوندێکی بچـووکـە. یارە ئەگەرچی نەخـوێندەوار بوو، بەڵام زۆر ژیر و بلیمـەت و نیشـتمـانپەروەر بووە. یارە، ئەفسـەرێکی تۆپچیی بابانەکان بـووە. یارە پاڵەوانێکی نەترسی وا بوو کـە کاتێ زرێ و چەکی لە خـۆی دەدا زۆر بە سام بووە.

ئەم قارەمانە، لە کاتی ئەحمەد پاشای بابان ژیاوە، لە سـاڵی "١٢٦٤ی کۆچی"، لەم سـەردەمەشدا سـەرۆکی سوپای عوسمانی ناوی نەجیب پاشا دەبێت.

حکوومـەتـی تورک و فـارس زۆر لەوە دەترسـان کـە حکوومـەتی بابان پەرە بسـێنێ و بەرە بەرە هـەموو کوردستانی مەزن داگیر بکات، بۆیە بە هـەموو هێزیانەوە بەرگرییان دەکرد.

جا، بۆ لەنـاوبردنی بابانەکـان و تێکدانی یەکجـاریی حکوومـەتەکـەیان سـوپایەکی زۆر مـەزنیـان پێکەوە نا و ڕوو بەرەو شـاری "کۆیە " هـاتن.

بابانەکانیش کـە زانییان وا سوپای عوسمـانی دێت بۆ ناوچەی کۆیە کەوتنە خـۆیان و سوپایەکی گـەورەیان کۆ کـردەوە، لەو جێگەیە کـە پێی دەڵێن "ئەسکی کـۆیە"[1] لەم ناوەدا دوو لەشکر، لەشکری تورک بە سـەرکـردەی نەجـیب پاشـا و لەشکری کـورد بە سـەرکردەی " ئەحـمـەد پاشـای بابان "، شـەڕێکی گـەرم دەسـتـی پێ کـرد، پاڵەوانانی نەوەی دوازدە سـوارەی مـەریوانی تەنگـیـان بە تـورکـە فـاشـیسـتـەکـان هـەڵچنی و کـوشـتـارێکـی زۆریان لێ کـردن و زۆر شـەپرزە بوون. جـا کـە تورکـەکـان ئەوەیان زانی کەوتنە فێڵ و تەڵەکەبازی و " هودنە = هدنە _ مۆڵەتی شەڕوێستان "یان داوا کرد لە سـوپای بـابان. چونکـە کـورد سـادەیە و لـە هـەڵکـەوت سـوود وەرنـاگـرێت، بۆیە مـۆڵەتیـان دا بە تورکەکان!.

"یارە"ی قارەمانی لەو ڕۆژەدا بە تۆپە خۆشەویستەکانی تۆپچییەکانی تورکی پەرێشان کردبوو[2].

تورکەکان بەهۆی ئەو مۆڵەتەوە توانییان بیر لە سـاختە و کەڵەک و فێڵێکی باش بکەنەوە بۆ ئەوە سـوپای کـورد لەناو ببـەن. چەند خـاینێکی برای مـەلای خەتێ و ئیدریسی بتلیسـی بە جـاسـووسـی ناردرانە ناو لـەشکری بابانەکـان و لەناویاندا بڵاویان کـردەوە کە هـەر مـوسـڵـمـانێک بەرامبـەر بە سوپای خەلیفەی ئیسلام شەڕ بکات نە دینی هەیە و نە ئیمان و تەڵاقیشی دەکەوێت!!.

جا بەو چەشنـە لەشکرە دڵسافـەکەی بابان قسـەیان کرد بە یەک و بڕیاریان دا کـەوا لە نیـوەی شـەودا "کوێخا تەمۆ ئاغا " بە قەرەبیناکەی تەقەیەک بکات، ئینجا هـەر کەسێک بە چەکیەوە بەرەو پاشەوە بگەڕێتەوە و سوپاکە بڵاوەی لێ بکەن[3] و هـەرچی بەسـەر پاشا و میرەکان دێت با بێ!!

بەڵام " یارە "ی قـارەمـان بە خـۆی و شـەش تۆپەکـەیەوە لە پاڵ چیـای ڕاسـتـدا جێگیـر بووبوو بەرامبـەر بەو شـاخ و گەرووانە کە دوژمن خۆی تێدا مۆڵ کردبوو و ئامادەی جـەنگی سبـەینێ بوو. لەم کاتەدا هەندێ لە نۆکەر و جاسـووسـەکان هاتنە لای یارە و پێیان وت: "نەتزانیوە سوپای بابان بڕیاری داوە شـەڕ لەگـەڵ خـەلیفـەی ئیسلام و جێگیری پێغەمبـەر نەکات؟ کەچی تۆ وادیارە خۆت

ئامادە دەكەیت بۆ شەڕی سبەینێ!

" یارە " وەڵامی جاسووسەكانی بەو چەشنە دایەوە: " من بەشبەحاڵی خۆم تەڵاقم ناكەوێت، چونكە هێشتا لاوم و ژنم نەهێناوە و خۆشم بە بێ ئاین نازانم كە شەڕ بكەم لەگەڵ سوپای عوسمانی، چونكە ئێمە پەلاماری ئەوانمان نەداوە و نەهاتووینە سەریان، بەپێچەوانەی ئەوە، ئەوان هاتوونە سەرمان و دەیانەوێت ولات و نیشتمانە ڕەنگینەكەمان، جێگەی باوك و باپیرمان لێ داگیر بكەن و تۆقی كۆیلەیی و بەندەگیمان بخەنە ملەوە، من خۆم بە دەستەوە نادەم و ئەو تۆپە جوانانەم كە لە خەلیفە و خۆمم خۆشتر دەوێت لام پیرۆزن و نایاندەم بە دەستی دوژمن تا دوا هەناسەی ژیانم، تا یەك دڵۆپ خوێن ببێ لە لەشمدا، جا تا نەكوژرێم ئەو تۆپانە بەجێ ناهێڵم و هەڵیشنایەم گەر بكوژرێم خۆم بە شەهیدێك دەزانم!!"

ئەمەی وت و چووە سەر تۆپەكانی و دەستی كرد بە ماچكردنیان. ئیتر وەختی تەقاندنی قەرەبیناكە هاتبوو، هێزی لەشكری بابان مەیدانیان بەجێ هێشت و ڕۆیشتن، مەیدانی قارەمانی و ئازادییان بەجێ هێشت و ڕێگەی ترسنۆكی و بێ ئابڕووییان گرتە بەر!

بەڵام یارەی قارەمان مایەوە بە تەنیا لەگەڵ هەندێ لە میرە نووستووەكانی بابان. لە پاشا میرەكانیش ئەوەیان زانی كە سوپاكە هەڵاتووە، ئەوانیش بە پەلەپەل بۆی هەڵاتن و دوای سوپاكە كەوتن!!

جاسووسەكان بە خۆشی و بەپەلە چوونە لای نەجیب پاشای بێ فەڕ و موژدەیان دایە و بەو وێنە خەڵاتی خاینانەی خۆیان وەرگرت!

كە یارەی قارەمان سەرنجی دا، دیتی لە خۆی و تۆپەكانی زیاتر لەگەڵ خێوەت و خەرگای سوپای بابان نەبێ چیی تر لەم ناوە نەماوەتەوە، سەیرێكی دیمەنە بەهەشتەكەی كوردستانی كرد و زۆر مخابنی خوارد كە چۆن ڕەوا دەبینن ئەو نیشتمان و خاكە جوانە بكەوێتە دەستی بێگانەی خوێنخۆر و توركی عوسمانی، كە دوژمنی مێژوویی میللەتی كوردن، لەپێش دەمی تۆپەكانی دەهات و دەچوو و دەینەڕاند وەكو شێرێكی بریندار و لەگەڵ خۆیدا دەیوت: " ئەی تۆپە جوانەكانی گەلی كوردم! ئەی خۆشەویستتر لە خەلیفەكانی عوسمانی و عوسمانییەكان، بە ئێوە سوێند دەخۆم كە خاكی ولات بەجێ نەهێڵم بۆ دوژمنی چەپەڵ و داگیركەر، هەتا لە ڕێتاندا نەكوژرێم و لاشەم لەلاتان نەكەوێ واز لە شەڕكردن نەهێنم! ".

ئەو قسانەی دەكرد و لە پشت تۆپەكانیەوە دەهات و دەچوو و چاوی نەترسی دلێرانەی بڕیبووە گەرووی ئەو شاخانەی كە دوژمن خۆی لە پشتدا مەڵاس داوە، خۆی بۆ جەنگ ئامادە كردبوو و تۆپەكانی بۆ تەقاندن ساز دابوو.

لەپاش دەمێك " یارە "ی قارەمان دوژمنی بەدی كرد، جا چووە سەر تۆپەكەی ژمارە یەك، هەر وەكو ئەژدەها بەرامبەر بە دوژمن دەمی كردبێتەوە نەختێك وێستا هەتا دوژمنی بەدفەڕ زۆرتر نزیك بووەوە، ئەوجا تۆپەكەی تەقاند دای لە ناوەڕاستی لەشكری دوژمنی هێرشبەر!

لە پاشا چووە سەر تۆپی ژمارە دوو، ئەویشی پیا کێشان، گەلێ سوارەی لێ خستنە خوارەوە و بۆ دواوە کشاندنیە پاشەوە، لە پاشا تۆپی ژمارە سێشی کێشا بە ناویاندا... سەیرێکی کرد دیتی هەر ئەسپە و بێ سوارە، هەر سوارە و بێ ئەسپە.

کە ئەو باسەیان بۆ نەجیب پاشا گێڕایەوە کەوا سوپای بابانەکان وا هێرشیان هێناوە بە تۆپ و تۆپخانە، هەر چوار جاسووسی گرت و پارەکانی لێ سەندنەوە، لەپاش لێدانێکی زۆر بەدارێکەوە بەستیانەوە بۆ لەداردانیان، بەڵام جاسووسەکان زۆر پاڕانەوە کە نەیانکوژن تاکو ئێوارە، هەتا ئەم نهێنییە دەردەکەوێت بۆ نەجیب پاشا..

جا تۆرانییەکانیش بەناچاری بەرامبەر بە تۆپەکانی " یارە " تۆپیان دابەست و پیادەشیان خستە پێشەوە بۆ هێرشبردن بەرەو مەیدانی جەنگ بڵاوەیان پێ کردن.

"یارە"ی قارەمان بە ژیری و چالاکی تۆپی عوسمانییەکانی ئاگرباران کرد و کونە مشکی لێ کردبوون بە قەیسەری "یان قەیسەریی لێ کردبوون بە کونە مشک! " و دەشینەڕاند بە چەشنی پڵینگی بێشەڵان و پێی دەوتن: "بێ ئابڕووینە نەیێنە پێشەوە یەکتان ناهێڵم دەتانکەم بە قوربانی شای عوسمانیی گۆڕ بەگۆڕەکان! ".

لەم کاتەدا کە " یارە " خەریکی داگرتنەوەی تۆپەکانی بوو پارچە گوللەیەک لە تۆپی دوژمن بەری کەوت، بەڵام هەڵسایەوە و وەکو شێر خۆی دا بەسەر تۆپێکدا و دەستی کرد بە ملیدا و وتی: "یارە لەسەر تۆ و وڵات، خۆی دا بەکوشت، گوفتی خۆمم بەجێ هێنا ئەی تۆپە خۆشەویستەکانم و ئەی وڵاتە شیرینەکەم گەوام بە، با خاکت بە خوێنی سووری لەشی من سوور ڕەنگ ببێ! ".

ئەو قسانەی کرد و لە هۆش خۆی چوو بەسەر تۆپەکەوە. ئەو شەڕەی یارە، چوار سەعاتی خایاند لەگەڵ لەشکری دوژمن کە بریتی بوو لە چل هەزار شەڕکەر و (٥٠) تۆپ. کە تۆرانییەکان دییان تۆپی " یارە " بێدەنگ بوو، لە هەرچوار لاوە بۆی سەرکەوتن، کە سەرنجیان دا، دییان تەنیا یەک تۆپچی و شەش تۆپە و کەسی تر لەم ناوەدا نییە! خێرا چوونە سەری چاویان بە یارەدا خشاند سەرنجیان دا وا لە هۆش خۆی چووە و بریندارە و خوێنی لە لەش دەتکێ و دەکەوێتە سەر گیا و وەکو جۆگەلە دەڕوات. جا دەیبەن بۆ لای سەرکردەی هێزی عوسمانی و تێی دەگەیێنن کەوا تەنیا ئەو تۆپچییە نەبێ کەسی ترمان نەدی لە ناوچەی شەڕەکەدا. یارەی قارەمان بە بریندارى لەناو خێوەتە لە ئاوریشم دروستکراوەکەی " نەجیب پاشا " پاڵ خرا. سەرلەشکر سەیرێکی یارەی کرد هەر وەکو پاڵەوانێکی نەترس و بە سامی شێرئاسای هاتە پێش چاو. جا پێی ناخۆش بوو لەناو بچێت. دەستبەجێ پزیشکی بانگ کرد و هێنایەوە هۆش خۆی و قسەزان " تەرجومان " بانگ کرا، نەجیب پاشا ئەو گفتوگۆیەی لەگەڵ یارە کرد:

– ناوت چییە و چی ئەو تۆپانەیت؟

– ناوم یارەیە و ئەفسەری ئەو تۆپانەم.

– تۆ موسڵمانیت یان گاور؟ و خەڵکی کوێی؟ و ئاخۆ خوێندەواریت، یان نەخوێندەوار؟

– موسڵمانم و خەڵکی گوندی " کانی دڕکە "م لە هەرێمی شارباژێڕ و نەخوێندەوارم!
– بە تۆیان نەوتبوو کە لەگەڵ لەشکری خەلیفەی ئیسلام شەڕکردن بێ ئاینییە و تەلاقت دەکەوێ؟
– بەڵێ ئەوەیان پێ وتم و بۆیەش هەموو هاوڕێکانم هەڵاتن هەر من مامەوە لە مەیدانی شەڕ چونکە ئەو تۆپانە بۆ شەڕکردن سپێردرابوون بە من و منیش بە ئابڕووی خۆم سوێندم خواردبوو کە شەڕ بکەم، جا بۆیە ئەگەر منیش وەکو ئەوان شەڕم نەکردایە و وەکو سوپاکەی و هاوڕێکانم هەڵاتمایە بێ ئابڕوو دەبووم و بێ پەیمان دەردەچووم جا هەرکەسێ بێ شەرەف بێت ئەوە بێ ئاینە و تەلاقی دەکەوێت، بێ ئاین ئەو کەسانەن کە نیشتمانی خۆیان دەفرۆشن و پارێزگاری ناکەن، تەلاقی ئەو کەسانە دەکەوێت کەوا ژێردەستی بێگانەن!!
– ئاخۆ دەزانی کە تۆ سی چل کەست لە ئیسلام و سوپای خەلیفەی ئیسلام کوشتووە؟ و گەلێکیشت بریندار کردووە، جگە لە وڵاخ، جا بۆیە تۆ تاوانبارێکی گەورەی؟!
– من خۆم بە تاوانبار نازانم چونکە ئێمە نەهاتوویتە سەر خاکی ئێوە، ئێوە هاتوون و شەڕمان لەگەڵا دەکەن و کە شەڕیش بێ لە هەردوو لا خەڵک دەکوژرێ و بریندار دەکرێ ئێوەن داگیرکەر و ئێمەین کە خۆمان لە ئێوە دەپارێزین لە پێناوی خاکمان دەجەنگین، من وا دیلم و هەرچی لە دەستان دێت لەگەڵما بیکەن من لە مردن ناترسم، چونکە لە پێناوی نیشتمان و پێویست من ژیانم ناوێت و زوو بمکوژن لەپاش دیلیی کوردستان و فەوتانی تۆپە جوانەکانم ژیانم زلە پووشێ ناهێنێ لەلای من ". ئەو قسانە دەکات و دڵۆپ دڵۆپ فرمێسکیشی بەسەر ڕوومەتدا دێتە خوارەوە!
سەرۆکی سوپای تورک (نەجیب پاشا) کە ئەو قسانەی لەم قارەمانە کوردە بیست و ئەو بڵێسەیەی لە نیشتمانپەروەری لێ دێ، جا خۆشی ویست و دەستێکی لە پشتی دا هیواداری کرد کە نایکوژن!
لە پاشا ڕووی کردە ئەفسەرەکانی دەوروپشتی خۆی و پێی وتن: " لە هەموو لەشکری باباندا هەر ئەم کوردە قارەمانە نیشتمانپەروەری ڕاست بوو، چوار سەعات دوایخستین لە شەڕکردن، دیسان ئەگەر ئەو دلێرە نەبوایە هەموو سوپای بابانمان بە دیل دەگرت، ئەو بوو بەهۆی ڕزگاربوونیان. ئەگەر لەشکری بابان سەد کەسی وەکو ئەو قارەمانەی تێدا بوایە، ئێمە بە خەویش نەماندەتوانی پێ بخەینە ئەو خاک و ئەو نیشتمانەوە و دەبوایە بگەڕێینەوە بۆ بەغدا، ئەوە دەرسێک بێت بۆ ئێوە ئەی ئەفسەرانی تورک، هەریەکەتان دەبێ یارەیەک بن لە قارەمانی و نیشتمانپەروەریدا [٤] بۆ داگیرکردنی هەموو هەرێمی بابان!).
لە پاشا ڕوو دەکاتە یارە و پێی دەڵێت: " ئەی کوردە قارەمانەکە، نە خۆت و نە تۆپەکان و کوردستانت دیل نین، مەراق مەکە، کە چاک بوویتەوە تۆپەکانت پێ دەسپێرمەوە و پاداشت لە ئەفسەری گەورەتر دەکەم و دەبیتە ڕۆڵەیەکی خەلیفەی ئیسلام و لەمەودوا لەگەڵ سوپای عوسمانی لە زدی کوففار شەڕ دەکەیت!!).

یاره لە وەڵامدا دەڵێت: " ئەگەر خەلیفەی ئیسلام و تۆ ڕاست دەکەن وڵاتی بابان بەجێ بهێڵن و بڕۆنەوە خاکی ڕۆم، ئەو حەلە هەموومان دەبین بە کوڕی خەلیفە، جا ئەو حەلە من خۆم بە شانازی و سەرفیرازییەوە دەچمەوە سەر تۆپخانەکەم، ئیستێ وڵاتتان لێ داگیر کردووین و سوپاتان لێ تێکداین، چ موسڵمان بن چ گاور، لای من هەر بێگانە و خوێنخۆر و داگیرکەرن، ئەو مووچەیەش کە دەمدەنێ من بە خۆمی ڕەوا نابینم و خۆشم شەرمەزاری نیشتمان و خوا ناکەم، ئیتر ژیان بۆ من گەلێ لە ژەهری مار تاڵترە تکاتان لێ دەکەم زوو کەن بمکوژن!!).

سەرکردەی سوپای عوسمانی "نەجیب پاشا" ئەو قسانەی یارەی قارەمانی لە وتەکانی پێشوو زیاتر پێ خۆش بوو چونکە ڕاست و ڕەوان و بێ ترس نیشتمانپەروەریی خۆی دەربڕی.

لە پاشا نەجیب پاشا پێی دەڵێت: " تۆ لای من زۆر بەنرخی، من خۆم بەنامەرد نازانم کە مەردێکی وەکو تۆ بکوژم، من ئەمەوێ بتبەم بۆ سلێمانی، لەژێر چاودێریی خۆم برینەکانت چاک بکەمەوە، هەرچی بە دڵیشتدا بێت بە قسەت دەکەم و جێبەجێی دەکەم، هەر شتێ داوا کەیت ئامادەم! "

ئینجا " یارە " هەڵدەگرن و دەیبەن بۆ خێوەتی برینداران لە جێگەی تایبەتی دایئەمەزرێنن..

پاش ئەوەی کە سلێمانیی پایتەختی بابانەکان لەلایەن عوسمانییەکانەوە داگیر کرا و میرانی بابان هەمووی بە دیل گیران، هەر لەو کاتەشدا "یارە" زۆری نەخایاند چاک بووەوە. جا "نەجیب پاشا" بانگی دەکات و پێی دەڵێت: "پێم بڵێ چیت دەوێت کە بۆتی بکەم؟ خۆشت دەیزانی دەور گۆڕاوە و وەک جاران بابانەکان دەستیان ناڕوات".

" یارە " لە وەڵامدا وتی: "ئەگەر دەتوانیت دێی چنارەم پێ ببەخشە، کە شەش حەوت ماڵێکە لە بناری شارباژێڕدا".

سەرۆکی سوپای عوسمانی لێی دەپرسێت: " لەم هەموو دێیە، بۆچی ئەو دێیە بچووکەت هەڵبژارد؟".

" یارە " لە وەڵامدا دەڵێت: " چونکە دەستگیرانەکەم ئەوەتا لەم دێیەیە و خەڵکی ئەوێیە!".

" نەجیب پاشا " ئەوەی زۆر پێ خۆش دەبێت و دێیەکەی پێ دەبەخشێت و لەسەر حیسابی خۆشی دەستگیرانەکەی بۆ دەهێنێ و خانووێکیشی لە گەڕەکی " گۆیژە "ی سلێمانی بۆ دروست دەکات و لەوێ نیشتەجێ دەبێت.

***

یارە ئەو مانگانەیەی کەوا عوسمانییەکان بۆیان بڕیبووەوە خۆی هەمووی خەرج نەدەکرد، هەموو سەری مانگان دەچووە بازاڕی سلێمانی و مانگانەکەی دەدا بە نان و بە گۆشت، نانەکەی دەدا بە سەگی کۆڵانەکانی ناوشاری سلێمانی و گۆشتەکەشی دەدا بە هەژاران!!

یارە بەناوی موختارییەتیی گەڕەک مۆرێکیان بۆ هەڵکەندبوو کە ئەو نووسینەی لەسەر نووسرابوو:

" کانی دڕکەیی و شێری چنارە "
" دوژمنی شێخانی عەبدە یارە! "

لە پاش چەند ساڵێک یارە نەخۆش دەکەوێت، جا خەڵک دەچن بۆ لای و پێی دەڵێن: " لەبەرئەوەی تۆ منداڵت نییە و بەپێی یاسای شەرع دەبێ وەسیەتێک بکەیت پێش مردنت، بە وەسیەت کەس نامرێت!".

" یارە " لە وەڵامدا دەڵێت: " من نامەوێ چاک ببمەوە، بەڵام تکایەکم هەیە لێتان ئەگەر هاتوو مردم، مەمبەنە گردی سەیوان، بمبەن بۆ سەر گردە ڕووتەکەی گوڵان لەوێ بمنێژن! ".

پێی دەڵێن بۆچی نەتبەینە سەر گردی سەیوان بۆ ناشتن؟ بۆ ناو ئەو پیاوچاکانە و مەشایخ و سەید و مەلایانە و ناو ئەو دارئەرخەوانە جوانانە کەوا سێبەر لەسەر گۆڕەکەت بکەن بۆ ئەوە موسڵمانان بێن لە هەموو کاتێکدا لە ڕۆژانی هەینی قورئانت لەسەر بخوێنن و فاتیحات بۆ دابدەن، ئەو شتانە زۆر بەرەکەتی بۆت دەبێت لە ئاگری دۆزەخ دوورت دەکاتەوە و ڕوو بەرەو بەهەشت دەتبات!! ".

یارە پێیان دەڵێت: " من هەتا ئەو ڕۆژە کە ڕۆژی سەرەمەرگمە یادی ئەو هەڵاتووە نامەردانەی شەڕی ئەسکی کۆیەم لە بیر نەچووەتەوە و لە بیرم ناچێتەوە، بە داخیانەوە دەمرم، لەلای من ئەوانە هەمووی خاینی گەل و نیشتمانن و بێ ئاین و بێ ئابروون، تا ئێستێش زۆر لەوانە مردوون و لەسەر ئەو گردە نێژراون، جا منێ کە بە زیندوویی هاوڕێیەتیم نەکردوون و هەڵنەهاتم، نامەوێت بە مردوویش لەگەڵیانا ڕابکشێم، دەمەوێت لێیان دوور بم، چونکە دەترسم لە دەورەم گۆڕی ئەوانە نزیک بێت و خۆڵم تێکەڵاوی خۆڵی ئەو ناپاکانە بێت[٥]، چونکە پیس دەبم! "

ئەو قسانەی وت و گیانی دەرچوو، لەسەر وەسیەتی خۆی بردیان بۆ سەر ئەو گردە ڕووتە و لەوێ ناشتیان، بۆیە تا ئەمڕۆش هەر بەناوی گردی مامەیارەوە هەڵدەدرێت. دیسان پیرەمێردیش بوێژی بەناوبانگ هەر وەکو مامەیارە لەسەر وەسیەتی خۆی لەسەر ئەو گردە لە تەنیشت گۆڕی مامەیارەوە نێژراوە. گردی " یارە " کەوتووەتە ڕۆژهەڵاتی سلێمانییەوە بە هەزار یاردێک دوور. ئێستێ لەسەر گۆڕی ئەو دوو بەناوە گومبەزێک دروست کراوە و لەپێش گومبەزەکەش ئێستێ هەندێ داروبار ڕووێنراوە، کە دیمەنەکەی نەختێ جوان کردووە. جاران ڕووت بوو داری بەسەرەوە نەبوو.

***

لە دوا دوایی نامیلکەکەمان هەڵبەستێکی بوێژی نەمر " ئەسیری " دەنووسین کە لەم هەڵبەستەدا سنووری دەوڵەتی بابانی کردووەتە هەڵبەست!.

سنە و سابڵاخ و کرماشان و کەرکووک و سلێمانی
شنۆ و لاجان و سەردەشت و بناو و شاهی سەیوانی

عەمادییە و دهۆک و عەقرە و سنجار و هەم زاخۆ

ڕەواندز، قەڵعەدز، ڕانیە، زێبار و بارزانی

جوانڕۆ و سەقز و بانە و سەراو و ئابرژمانە
لەگەڵ بێجار و ئەفشار و لەیلاخ و مەریوانی

کرند و ئەسعەداباد و برووجورد و نەهاوەندیش
هەتاکو قەسری شیرین و لوڕ و سەرپیل و گەیلانی

هەرێمیی ئەردەڵانی لوڕ زبان و کوردی جەنگاوەر
ئەمانە یەکدیگیر بوون پاک لەژێر ئالای بابانی

"ئەسیری" وا لە مەیدانی خەما کەوت و ئەناڵێنێ
لە داخی دڵسافیی کوردان و دوونیی ئالی عوسمانی

کۆتاییی بەشی یەکەم

پەراوێزەکان:

١. ئەسکی کۆیە: کۆی کۆنە، تا ئیستێ شوورەی ماوە، دەکەوێتە لای ڕۆهەڵاتی کۆیەی ئێستاکە.

٢. سەیر ئەوەیە، سێسەد ساڵ لەمەوبەر کورد تۆپ و تفەنگ و باروت و دەمانچەی دروست دەکرد، ئیستێ هەتا دەرزییەک نازانێ دروست کات، چونکە برایەتیی خەڵک " یەنی نۆکەری " هەموو شتێکی لە بیر بردەوە!.

٣. ئەمین زەکی بەگ لە مێژووەکەیدا دەڵێت: "بڵاوە لێکردنی لەشکری ئەحمەد پاشا لە کۆیە، هۆیەکەی ئەوە بووە چونکە خەزنەداری ئەحمەد پاشا جوێنی بە سەرکردەکان داوە، چونکە داوای مەعاشیان لە ئەحمەد پاشا کردووە.

٤. لە سەدا چلی سوپای عوسمانی کورد بوون، کورد بۆ بێگانە زۆر دڵسۆزە، بەڵام بۆ خۆی دەست و پاچە و بێ بایەخە، هەموو ئیمپراتۆرییەتەکانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕابردوودا لەسەر شانی میللەتی کورد دروست کراوە!.

٥. لە دەقەکەدا "نەبێت". -تاقانە-.

# پێڕست


موبارەک و سـەردەمەکەی.. لە سـەکۆوە بۆ گۆڕەپان. مـحەمەد حـەسـەنێن هـەیکەل ...... 3

ڕۆهـەڵاتناسی بەتێڕوانینێکی ڕۆهـەڵاتییـانە. د. مـوحسـین مـحـەمـەد حوسـێن ...... 83

لە عەممانەوە بۆ ئامێدی یان گەشتێک لە کوردستانی باشووردا. عەلی سیدۆ گەورانی ...... 90

شۆڕشی شێخ سـەعیدی پیران. بەشی شەشـەم. وەرگێڕانی لە فرەنسییەوە: د. نەجاتی عەبدوڵڵا ...... 119

پەیڤـێک لەبارەی چەمکی لێبووردنەوە. ئەردەڵان عـەبدوڵڵا ...... 135

جیهانی ئیسلامی و دادگەکانی پشکنین. هاشم سالّح. وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: شوان ئەحمەد ...... 158

ئێمە بۆ سەردەمی بەربەرییەت دەگەڕێینەوە. دکتۆر ئەحمەد سەیف. لە فارسییەوە: ئەمیر مەحموود ...... 164

ژن بە ژنە، قێزەونترین کاری پیاو. ئەحمەد میراودەلی ...... 177

بۆ یادی دە ساڵەی کۆچی دوایی ئاسترید لیندگرێن مەلیکەی منداڵانی جیهان. مایکە مای ...... 187

مارتن هایدگەر ..لە نێوان (فەلسەفەی ئۆنتۆلۆجی) و (فەلسەفەی وجوودی)دا. زەکەریا ئیبراهیم ...... 192

بنەواکانی ڕۆژنامەوانی. بیلّ کۆڤاچ و تۆم ڕۆزێنستیلّ. لە ئینگلیزییەوە: لەیلا حەمید ...... 199

تێما: چیاپاز.. لە خەباتی چەکدارییەوە بۆ خەباتی سیڤیل و مەدەنی. جێگری فەرماندە مارکۆس ...... 220

فەلسەفەی "ئەخلاق" لەپێش مۆدێرنە و لەپاش مۆدێرنە. هیمداد شاهین ...... 242

لەگەڵ میشێل فۆکۆ سەبارەت بە ڕووداوەکانی مای ١٩٦٨ی فرەنسا و تونس. سازدانی: ترامبادوری ...... 264

هزر و دەمارگرژی. زینە عەبدولسەلام نەقشبەندی. لە ئینگلیزییەوە: هێمن هادی ...... 270

پێوەندییەکان و داهێنەری. ئێلیزابێت پاتۆن. لە ئینگلیزییەوە: ڕەزا فەتحوڵڵانەژاد ...... 274

زمانی ئاینی؛ چۆن دەتوانین بەشێوەیەکی مانادار قسە لەسەر خوا بکەین؟. کۆمەڵێ نووسەر ...... 295

خۆشەویستی چییە؟ دەمەتەقێیەکە لەگەڵ لاش نۆرێن. لە سوێدییەوە: دانا ڕەئووف ...... 314

ڤێنیسیا.. کۆمیدیای دیلارتی و کارلۆ گۆلدۆنی. دانا ڕەئووف ...... 322

بی بی سی و باڵەخانەی بوش هاوس. رانیا ئەکرەم. لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی ...... 337

چۆن دەوڵەتی ئیسرائیل دادەمەزرێ. بیوگرافیای ئامووس ئۆزە. لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی ...... 341

لە هیگل و ناپلیۆنەوە بۆ هابەرماس و بوش. هاشم ساڵح. لە عەرەبییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا ...... 362

دارا حەمە سەعیدی لوتکە ئاغالە ...... 374

شانۆی بووکەڵەی ئاو لە ڤێتنام دانا ڕەئووف ...... 393

ئەدەبیاتی سەر بەئەدەبی "شابوی کوێر". ئامادەکردن و لە فارسییەوە: زەینەب یووسفی ...... 406

چیرۆکی ژیانی نووسەری لە چاوەڕوانی گۆدۆدا. لە عەرەبییەوە: شوان ئەحمەد ...... 417

کوبا.. سەفەر و سیاسەت و هونەر. دانا ڕەئووف ...... 421

تاسەی پەرۆش لە زانینی هێمای نووسینەکان. ئیبن وەحشییەی نەبەتی ...... 438

مامەیارەی قارەمان. محەمەد تۆفیق وردی. ئامادەکردنی: ئەحمەد تاقانە ...... 454